ورچەکە ئاخێکی هەڵکێشا و دوو حەڵقەی هێنا و لەگەڵ زیلان بە حەڵقەکان دەستیان کرد بە یاری کردن. (ل٣٠)

**٢.٣.٥. هەڵبژاردنی وشە و ڕستەگەلی تایبەت بە ئاستی تێگەیشتنی تەمەنی بەردەنگ:**

هەڵبژاردنی وشە و ڕستەگەلی تایبەت بە ئاستی تێگەیشتنی تەمەنی بەردەنگ، یەکێکە لەو خاڵە گرینگانەی کە پێویستە هەر دەقێکی تایبەت بە منداڵان ڕەچاوی بکات و بە گرینگییەوە بۆی بڕوانێت. بوونی زمانێکی سادە کە لە ئاستی تێگەیشتنی منداڵانەدا بێت، خاڵێکی ئەرێنییە لە ناو دەقێکی منداڵانەدا کە دەتوانێت لە سەرکەوتنی دەقێکدا ڕۆڵ بگێڕێت.

لە کتێبی *کێ نەخەوتووە؟* هەوڵدراوە کە بە زمانێکی سادەی منداڵانە، پاراو بە وشەگەلی منداڵان و هەڵبژاردنێکی یەکدەست، دەقی کتێبەکە ببردرێتە ئاستی تێگەیشتنی منداڵان.

**٢.٣.٦. بایەخدان بە چەمکی ئیلهام لە دەقی کۆنی فۆلکلۆر:**

نووسەرێک کە داڕشتنەوە بۆ دەقێکی فۆلکلۆر ئەنجام دەدات، سەربەستە لەوەی کە بتوانێت بە ئیلهام وەرگرتن لە دەقی فۆلکلۆرەکە، گۆڕانکاری لە کەسایەتییەکان، ناوەڕۆک و ...ئەنجام بدات. لە کتێبی کێ نەخەوتووەدا لەم بوارانەوە گۆڕانکاریی تێدا بەدیهاتووە بۆ نموونە:

- گۆڕانکاری لە ڕەگەزی کەسایەتییەکان
- گۆڕانکاری لە کەسایەتیی دێو و گۆڕینی بۆ کەسایەتیی ورچ
- گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکان و چالاکترکردنەوەیان
- هێنانی کۆمەڵێک چەمکی نوێ، وەک خوێندنی ئینگلیزی، بینینی کارتۆن و وەرزشکردن و...

**٣. ئەنجام:**

لەم توێژینەوەدا هەوڵدرا کە بە هێنانە ئارای چەمکێکی نوێ لە ئەدەبی منداڵان و زەقکردنەوەی لە ئەدەبی کوردیی منداڵاندا، داڕشتنەوە بهێنێتە نێو ڕۆژەڤی باسەکانی تایبەت بەم بوارە ئەدەبییە. چیرۆک وەک یەکێک لەو پێنوێنە گرینگانەی ئەدەبی منداڵان دێتە ئەژمار کە بزوێنەری ئاوەز و خەیاڵی منداڵانە و دەبێتە هۆکارێک بۆ گەشەی زیاتری زەینی لە منداڵاندا. نووسینەوە، یانی هێنانی دەقێکی فۆلکلۆر و ئیمڕۆیی کردنی زمانی ئەو دەقە فۆلکلۆریکە و

دارشتنەوە یانی؛ خولقاندنەوەیەکی دووبارەی بەرهەمێکی فۆلکلۆری کۆن و گۆڕانی بنەما و ناوەڕۆکی ئەو دەقە فۆلکلۆریکە ( شێعر یا پەخشان) بۆ سەر زمانێکی منداڵانە و تایبەت بە ئاوەز و تێگەیشتنی منداڵانە.

چیرۆکی دنکە هەناریٚ یەکێکە لەو ئەفسانە کۆنە فۆلکلۆریانەی کە جێگای لە ناو دەقە ئەفسانە کۆنەکانی کوردستان و جیهاندایە و کۆمەڵێک گێڕانەوەی لێ بە دەست هاتووە. دەقی سەرەکی ئەم ئەفسانە کۆنە داڕشتنەوەی بۆکراوە و وەک کتێبێکی سەربەخۆ بە پاراستنی هەندێک ڕیشەی فۆلکلۆری دەقی سەرەکیی ئەفسانەکە، لە ژێر ناوی کێ نەخەوتووە؟ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

لە کتێبی کێ نەخەوتووە؟ هەوڵدراوە کە بەپێی بنەماکانی داڕشتنەوە وەک گۆڕانی چوارچێوەی شوناسیی بەرهەمی پێشوو، بەکارهێنان ڕیشەگەلێک لە بەرهەمی پێشوودا، بایەخدان بە چەمکی ئیلهام لە دەقی کۆنی داڕێژراودا،لابردنی ئەندێشە زاڵەکان بەسەر دەقی کۆن و هێنانی ئەندێشەی نوێ لە بەرهەمی داڕێژراو لە ئاستی زمان و تێگەیشتنی بەردەنگ، هەڵبژاردنی وشە و ڕستەگەلی تایبەت بە ئاستی تێگەیشتنی تەمەنی بەردەنگ، گۆڕانکاری لە بنەمای بەرهەمی پێشوو و لە ئاکامدا خولقاندنی ناوەڕۆکی نوێ، بەرهەمێکی نوێ تایبەت بە منداڵان بخولقێنێت.

## ٤. سەرچاوەکان:

**فارسی**


بابوئی ملک رودی، فرنگیس (     ) نقد و بررسی داستان‌های بازآفرینی شده از اشعار پروین اعتصامی برای کودکان، پایاننامه کارشناسی ارشد، دانشگاه گیلان

پایور، جعفر (١٣٨٨)بازنويسي و بازآفريني در ادبيات، تهران :کتابدار

ذبیح نیا عمران، یگانه مهر، حسین ( ١٣٩٣) بازآفرینی و بازنویسی در ادبیات کودک و نوجوان، تهران: انتشارات فدک ایساتیس.

رجبی، نرجس (     ) کتابشناسی آثار بازنویسی و بازآفرینی و اقتباس شده از آثار سعدی برای کودکان و نوجوانان، پایاننامه کارشناسی ارشد دانشگاه پیام نور، واحد تهران جنوب

روزبه، روح اله، انوشیروانی، علیرضا(     ) فیلم هزار و یک شب در آیینه بازآفرینی ادبی کاوش نامه ادبیات تطبیقی ( مطالعات تطبیقی عربی- فارسی) دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه رازی کرمانشاه شماره

مشیدی، جلیل، غلامی، سمانه (     ) نقد تطبیقی حکایت " نحوی و کشتیبان" با متن بازآفرینی شده آن، حکایت مرد و دریا، از نظر عناصر داستان مجله علمی پژوهشی مطالعات ادبیات کودک دانشگاه شیراز شماره

مێهرەبان، ئارش (١٤٠٠) کێ نەخەوتووە؟!، سنە: وەشانگەی پەپوولە

نیری، یوسف، مرتضایی، پروین (     ) شخصیت و شخصیت پردازی در آثار اقتباسی از مثنوی مولوی برای کودکان و نوجوانان مجله علمی پژوهشی مطالعات ادبیات کودک دانشگاه شیراز شماره

وهابی دریاکناری، رقیه، حسینی، مریم(     ) انواع بازنویسی و بازآفرینی‌های بهرام بیضایی از داستان‌های کهن دو فصلنامه زبان و ادبیات فارسی شماره

یوسفی، محمدرضا (     ) از گردآوری تا بازآفرینی افسانه‌های ایرانی فصلنامه فرهنگ مردم ایران شماره

Meraklis, Michael: "*Däumling und Menschenfresser*". In: EM 3 (1981), Spalten 360-365.

**پەراویز:**

---

[1]. Recreating

[2]. Rewriting

[٤]. وەک بەرهەمەکانی مەهدی ئازەر یەزدی لە فارسیدا (قصه های خوب برای بچه های خوب) و کۆمەڵە کتێبەکانی ساکار کراوە (Simplified, book worms and stages series) لە ئینگلیزیدا.

[5]. Harris

[6]. Sandres

[٧]. سپاس بۆ دکتۆر سینا ئەمانی ( دکتۆرای بواری فۆلکلۆر و پۆلێنبەندیی چیرۆکە کوردییەکان لە زانکۆی گوتینگێنی ئاڵمان) کە لەم بەشەدا یارمەتیدەرمان بوو.

[8]. Aarne–Thompson–Uther Index (ATU Index)

[٩]. گۆرانیی کاڵەبەی کاڵێ، بەرهەمێکی فۆلکلۆری ناوچەی مەریوانە کە لێرەدا نووسەر بە دەسکارییەوە منداڵانەی کردووە.

## تجربه بازآفرینی داستان کودکان از فولکلور: تحلیلی معیارها

**چکیده:**

ادبیات کودکان بخش مهم و اساسی انتقال ادبیات و فرهنگ هر ملتی است. در بیشتر کشورهای پیشرفته، ادبیات کودکان روی جنبه‌های تئوری و عملی آن کار میشود و در سطوح بالایی قرار دارد. در کردی روی این حوزه کار علمی زیادی صورت نگرفته است و متون پژوهشی بسیار اندک است. برای نمونه در مورد اینکه در رابطه با بازآفرینی یا نمونه‌های آن در کردی چه کارهایی انجام شده و راهکارهای آن کدامند، منابع پژوهشی یافت نشد.

در نتیجه تلاش شد که با استفاده از پژوهشهای صورت گرفته ملتهای دیگر، علیرغم بحث در مورد اساس و نحوه و اهمیت بازآفرینی داستان از موضوع فولکلور و نمونه موردی، ویژگیهای بازآفرینی را مورد بحث قرار دهیم. نتایج این تحقیق ممکن است به عنوان آغازی برای باز آفرینی ادبیات کودکان از فولکلور مورد توجه فعالان حوزه ادبیات کودک در زبان کردی قرار گیرد.

**کلیدواژه:** *فولکلور، بازآفرینی، دەنکە هەناری، ادبیات کودکان.*



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ فەکۆلینێن کوردی

**Experience of recreating children stories from folklore: criteria analysis**

**Abstract:**

Children literature is an important and fundamental for transforming culture, literary text, education and leasure in every nation. In developed countries researchers and practitioners are working on children literature theoretically and practically. In other words this field is scientifically under investigation and is used practically. Unfortunately, there is few resources to guide Kurdish writers for rewriting and recreating children stories from folklore, while Kurdish folks and culture has the potential to create all genres of children literatures.

In this research we reviewed related literature to compile basics of recreation and exemplify those principles as guideline with comparing "Danke Henare" text with compiled basics. As a result, researchers and practitioners may use this work as sample in recreating children stories from folks.

**Keywords:** *Folklore,Recreating,Denke Henare,Children's Literature.*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# گۆرانی کار و جۆرەکانی لە ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ئێران

د. حسێن موحەمەدزادە

بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان- زانکۆی پەیام نوور- تاران/ ئێران

**پوختە:**

گۆرانییەکانی کار لە چوارچیوەی زانستی فۆلکلۆر دابەش دەبێت. ئامانجی ئەم کارە کۆکردنەوە و دابەشکردنی گۆرانیی کار لە ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ئێرانە. تیۆرییەکانی زانستی فۆلکلۆر  لە سەر چوار تیۆری مێژوویی-بەراوردی، نەتەوەخوازی، دەرون شیکاری و مرۆڤ ناسی دەستە بەندی دەکرێن. میتۆدی کۆکردنەوەی ئەم کارە لە سێ جۆری کاری مەیدانی (وت و وێژ)، بەڵگە و کاسێت (نەوار، شریت) پێکهاتووە. بۆ ئەم مەبەستە گۆرانییەکان لە ناوچەی سنە، سەقز، سەرشیو، هەورامان و مووچش و کامیارن کۆکراونەتە-وە. گۆرانییەکان دوای کۆکردنەوە و دابەزاندنیان کراونەتە دەق. دوای هەڵسەنگاندن، دەقی گۆرانییەکانی بە سەر چەن جۆری سەرەکی و لاوەکیدا وەک: گۆرانی راو، گۆرانی وەرزێری(حەوت جۆر)، گۆرانی ئاژەڵداری(هەشت جۆر) و دەیان ناویتر دابەشکراون. جۆر و ناوەرۆکی ئەم گۆرانییانە نیشان دەدەن کە بەشێک لە مێژووی کۆمەڵایەتی، داب و نەریت، پەیوەندی رەگەزی و چینایەتی کۆمەڵگا.. لەم دەقانەدا رەنگیان داوەتەوە. هەر چەن نووسەر و بێژەری سەرەکی  ئەم دەقانە نادیارن، بەڵام گەلێ باسی قووڵی کۆمەڵناسی، مرۆڤناسی و سیاسیان لە ناخدایە کە پێویستە بیانپارێزین و بە چاوی گەنجی فەرهەنگی بۆیان بڕوانین.

**پەیڤێن سەرەکی:** *کار، گۆرانی کار، ناوچەی کوردنشین.*

**سەرەتا:**

گۆرانییەکانی کار لە چوارچیوەی زانستی فۆلکلۆر جێ دەگرن. فۆلکلۆر یان زانستی گشتی رووبەرێکی فراوان لە زانست و تیکنۆلۆژی تا پزشکی و ئەدەبیاتی زارەکی لە خۆ دەگرێ. مۆرکی سەرەکی ئەم زانستە ئەوەیە کە نەنووسراوەو و خاوەنی(وەک تاک و کەس) نادیارە، بەڵام بە هۆی فاکتۆری زمان لە چوارچێوەی جوگرافی و نەتەوە و گەلێک دەردەکەوێت. کوردستان وەک یەکێک لەو شوێنانەی کە مێژوویەکی دوور و درێژی شارستانیەتی هەیە(اویسیان، ١٣٩٩) و خاوەنی فرە بەرهەمی فۆلکلۆری جێگای

سەرسوورِمانە(نیکیتین، ١٣٧٨) گۆرانیی کاری تایبەت بە خۆیشی هەیە کە پێویستە وەک بابەتێک لێی ورد بینەوە.

گەرچی کوردەکان وەک نووسەری گەلێ کتێبی تورکی و عەرەبی و فارسیی دەوری گەورەی مێژووییان لە ناوچەی نێوئاوان(میزۆپۆتامیا)بینیوە، جێگای گۆمانە کە ئەم گەلە هیچی بۆ خۆی نەنووسیبێ و بەرهەمەکانی هەر بە زارەکی هێشتبێتەوە. من بۆ خۆم پێم وایە گەلێک ئاسەواری ئەدەبی و کەلتووری کوردی بە هەر هۆ بردراون، توێژەران باسی ٧٠ بەرگ شانامەی کوردی بە چوار زاری کوردی(کەلهۆڕی، هەورامی، سۆرانی و بادینی) لە ئەورووپا و وڵاتی ئاڵمان دەکەن[١] و هەر وەها ئەڵێن لە شاری قوم و تەنیا لە کتێبخانەی ئایەتوڵڵا مەرعەشی ١٥ دەنووسی دیوانی مەحوی هەیە[٢] وەک زانراوە فۆلکلۆر گەلێ لک و پۆی لێ دەبێتەوە و پێویستە توێژەر جەخت لە سەر یەکێکیان بکات. ئامانجی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوە کۆکردنەوە و دەستەبەندی گۆرانی کار لە کوردستانی ئێرانە. ئەم بەشە وەک پەلێک لە داری فۆلکلۆر سەرنجی کەمتری لە سەر بووە. نەک هەر ئەمە بەڵکوو فۆلکلۆری کوردی بە گشتی دوو دژی گەورەی بووە، یەکەم ئەوەیکە دەوڵەتانی ناوچە مێژوو و ئەدەبی نووسرا و ونەنووسراوی ئەم گەلانەیان پشت گوێ خستووە و خۆیان لێ لاداوە و دووهەم ئەوەی کە بەشێک لە رووناکبیرانی کورد، فۆلکلۆریان وەک شتێکی کۆن و سواو بینیوە و پێیان وابووە ئەمە پێویستە بخرێتە چاڵی مێژووە. هەر چەن دەزانین بەشێک لە ئەدەبی مەزنی دونیا ریشەیان لە ئەدبی فۆلکلۆردایە و نموونەی ئەمانە "شانامەی" فیردەوسی لە زمانی فارسی و "مەم و زین" ی "خانی"لە زمانی کوردیدایە. "مایکل چایت"کە تیزی دوکتۆراکەی لە سەر مەم و زین نووسیوە، دەڵێت پێش لەم دەقە نووسراوە، داستانی مەم و زین دەیان جۆر گێڕانەوەی دەماودەمی لە ناوچەدا بەردەست بووە. جگە لەمە ئێمە پێمان وایە ئەدەبی فۆلکلۆر بە گشتی، ژێرخانی فەرهەنگی ئێمەیە و کاری گرینگ لەسەر فۆلکلۆر، "لە پێشدا کۆکردنەوە و دواتر خوێندنەوەی زانستیی ئەوانە"(بەحری، ١٣٩٩).

**بەیانی مەسەلە:**

گۆرانی کار بەشێک لە فۆلکلۆرە. فۆلکلۆر بە مانای زانستی گشتیە. ئەم وشەیە "بۆ یەکەم جار لە لایەن ویلیام جیمز لە ١٨٤٦ بە کار هاتووە. پێش لەمە عەتیقە ناسانی ئینگلیسی و زمانناسانی ئەڵمانی چەمکی "عەتیقەی گشتی" یان بۆ ئەم کەلیمە بە کار هێناوە"(فاضلی، ١٣٨٧:١١٩).

فلکلۆر باسێکی قووڵ و بێ پەیە کە رەگ و ریشەی لە مێژوودایە. "لە راستیدا مێژووی فۆلکلۆر بە رادەی مێژووی مرۆڤە"(Propp, 1984). فلکلۆری هەر کۆمەڵگایەک تایبەت بە هەمان کۆمەڵگایە. بۆیە فۆلکلۆر رەنگ و بۆی ناسنامە بە خۆوە دەگرێ و لەم روانگەوە،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

گرینگی تایبەت پەیدا دەکات. هەر چەن پێویستە بوترێ کە فۆلکلۆر درگای بە سەر ئاڵ و گۆڕدا دانەخراوە و دەگرێ و دەبەخشێ، لە هەمان کاتدا فۆلکلۆر هەمیشە رەنگدانەوەی دونیای دەرەوە نییە و جاری وایە تێکەڵ بە ئەفسانەو خەیاڵ دەبێت، بە جۆرێک باس دەکرێت ئەم زانستە "خاوەنی دوو بەشی روون و شاراوەیە و دوزینەوەی رووی نەپندی ئەم هۆنەرە کاری زانایانە ئەم بەشەیە"(Bronner ،2017).

"کار" لە باری ماناوە یانی "پیشە"و "کردەوە" و پێی تاریف بە واتای گۆرینی ماددە لە ریگای وزەوە دێت. "کار" لە قوتابخانەی فکری جیاوازدا مانای جیاوازی هەیە، جاری وایە بە مانای فەرهەنگ و جاری وایە بە مانای خولقانی دەسمایە و خزمەت هاتووە(معیدفر، ١٣٧٧: ١٦، توسلي، ١٣٧٥:١٧). مەبەست لە "گۆرانی کار[٣]" ئەو ورتە ورت و سۆسەکردن و ئەو گۆرانیانەیە کە لە کاتی کار و بۆ کار و لە بەر خاتری کار دەوترێن(Gioia, 2006). بە واتایێکی دیکانە مەبەست "ئەو گۆرانیانەی کە وەرزێر و کرێکار و بەننا، مسگەر و ئاشەوان...لە کاتی کار و بە مەبەستی حەسانەوەی لەش و گەشکردنەوی رۆح دەی بێژن"(شارباژیري، ١٩٨٥: ٧١-٧٠).

لە راستیدا ئەم گۆرانیانە گەلێ رەنگاو رەنگ و بەرفراوانن . دەلیلی ئەمە جیاوازی زمان و جوگرافی و جۆری کارە. لە شوێنێک کە دەریا هەیە، گۆرانی ماسیە راو و ماسی فرۆش هەیە، لە جێگایەک کە مەرەزە دەروێ، گۆرانی بۆ برنج هەیە و لە شوێنێک بەرووو دەکوترێ، گۆرانی بۆ بەرووو کوتان(محمدزادە، ١٣٩٦). کە وابوو گۆرانی کار، خەسڵەتی ناوچە و زمان و فەرهەنگ بە خۆوە دەگرێ. هەر چەن توێژەری پیشەکۆنەکانی شاری سنە، کاک فەریدوون حسێنپەنایی(١٣٩٥) دەڵێت ئاسنگەرانی شاری سنە گۆرانی کاریان نەبووە (لە بەر ئەوەی زۆریان سۆفی مەرام بوون) بەڵام سادقی هیدایەت، نووسەرەی بە ناوبانگی ئێران وتوویەتی: "هەموو پیشەکان، گۆرانی و وەهم و باوەری تایبەت بە خۆیان هەیە"(هدایت، ١٣٣٤:٤٩).

لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی گۆرانی کار ئەرکێکی بە پەلە و خێرایە. لە بەر ئەوەی بە هاتنی تیکنۆلۆژی، گەلێک کار و پێشە، چیدی بە هێزی مەچەک و باهۆ بەرهەم نایێن، مەشکە بەرقی جێگەی گاوس و مەشکە تاڵی گرتووتەوە، ئاسیاوی کارەبای، جێگای هارە دەستی، کۆمباین و تراکتۆر جێگای درەو و جووت کردن، هەر بەم مەنتیقە کە کار نەما، گۆرانییەکەیشی نامێنێ.

ئەو شوینە کوردی لێ دەژی هەم لە باری مێژووییەوە کەونارە و هەم زۆریش بەرین و بەر بڵاوە، لە چوار وڵات بڵاوەی پێکراوە، لە بەر ئەمانە نووسەر پێی نەکراوە هەموو گۆرانیەکان کار کۆ بکاتەوە. هەر بۆیە بە پێی هەل و مەرجی تایبەتی، کات و ئابووری،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئامــانجی ئەم لێکــۆڵینەوە تەنیــا کــۆکردنەوەی گــۆرانی کــار لە چەن نــاوچەیێکی کوردستانی ئێران بووە. بۆیە دارماڵی ئەم کارە زۆری بە بەرەوە ماوە و ڕێگای هەیە کەس یان کەسانی دیکە ئیشی لە سەر بکەن.

**رابردووی لێکۆڵینەوە:**

لە ڕاستیدا رابردووی سەرنجدان بە فۆلکلۆر لە دونیادا بۆ هیرۆدۆت دەگەڕێتەوە. ئەم باسە بۆ ماوەیەک پشت گوێخرا و دواتر و بە تایبەت دوای رینیسانس، پەرژان و پڕدانە سەر فۆلکلۆر لە ئەورووپا پەرەی گرت و گەشایەوە. بالارد لە ساڵی ١٧١١ دەستی کرد بە کۆکردنەوەی گۆرانیەکانی خەڵکی لە فەڕانسە، دواتر گۆتفرید هێردر کە ناسیۆنالیستێکی فەرهەنگی ئەڵمانی بوو، سەرنجێکی زۆری دایە فۆلکلۆری ئەڵمانی، لە بەر ئەوەی ئەو زمانی بە کوولەکی رۆحی نەتەوەیی دەزانی و پێی وابوو هەر زمانێک تەنیا دەتوانی رۆحی گەلێ خۆی بگوازێتەوە. لە وڵاتی ئێران لە پێشدا خارجییەکان و دوای شۆڕشی مەشرووتە(١٢٨٥) نووسەرانی ئێرانی بە تایبەت کەسانی وەک سادق هیدایەت سەرنجیاندایە سەر فۆلکلۆر و خەڵک و دەوڵەتیان بۆ کۆکردنەوەی هاندا(جعفری، ١٣٩٩). لە ناوچە کوردییەکان، ئۆسکارمانی نزیکەی ١٠٠ ساڵ پێشتر، (بەحری، ١٣٩٩) گەلی بەیتی ناوچەی موکریانی کۆکردەوە و پێشکەش بە موزەفەردین شای قاجاڕی کرد، دواتر دوکتور قادر فەتاحی قازی و دوکتور عوبەیدوڵلا ئەیوبییان لە زانکۆی تەورێز چەندین کاریان لە سەر بەیت و پەندی پێشنیان کۆکردەوە و بڵاویان کردەوەپرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا(١٩٧٠)کتێبێکی بناغەیی لە سەر فۆلکلۆری کوردی نووسی. لەم ساڵانەدا دوکتور ئیسماعیل شەمس(١٣٩٣) کتێبێکی لە سەر فۆلکلۆر و مێژووی کورد نووسی. هاشم سەلیمی و کەهریزی(١٣٨٧) لایەلایەی دایکانی کورد و لەم ساڵانەی دواییدا لە سنە مامۆستا موحەمەد ئەحمەدی(١٤٠٠) لە مەهاباد مامۆستا ئەحمەد بەحری(١٣٩٩) مامۆستا سەلاح پایانیانی(١٣٨١) مامۆستا حەیدەر لوتفی نیا(١٣٩٤)، مەزهەر و ئەوانیتر(١٣٩١) و مامۆستا خالید عەلیزادە(١٣٩٢) لە سەقز بەشێک لە فۆلکلۆری ناوچەیان کۆکردەوە و لە چاپیان دا.

لە سەر گۆرانی کار، کاری تایبەتی نەکراوە، بەڵام لە سەر گۆرانی کوردی بەگشتی کار کراوە. دوکتور موحەمەد موکری(بێ تا) سەلاح پایانیانی() ئوردیخانی جەلیل(١٩٧٧) مامۆستا حەفید(٢٠٠٢) موسەنن(٢٠٠٥) مامۆستا شارباژێڕی() سەفیزادە(١٣٧٥)کازمی (١٣٩٥) و وندلمنت(٢٠١٦) باسی گۆرانی کوردیان کردووە، موحەمەدزادە (١٣٩٦.١٣٩٧) دوو وتاری زانستی لە سەر گۆرانی کاری کوردی لە دوو گۆڤاری زانکۆی تاران و عەلامە چاپ کردووە. رەنگە زۆر کاری گەورەو ومەزن لە باشوور و باکوور کرا بن و ئەمە روونە کاریترێش کراوە کە من نەمدیون وبەر دەستم نە کەوتوون.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەو نووسەرانە کە لە سەر ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی کاریان کردووە لەدوای خارجیەکان، کۆردەکان بۆ خۆیان بوون، نووسەرانی گەلی بە هێز لووتیان بەم کارەدا نەهێناوە، نووسەرانی کورد زێدەتر کاریان لە سەر پەندی پیشنیان و گۆرانی بە گشتی کردوە. مامۆستا ئەحمەد بەحری کاری کارستانی لە سەر بەیت کردووە و موحەمەد ئەحمەدی(١٤٠٠) لە داستان و ئەفسانەی ناوچەی لەیلاخ، بەلام هێما ژانری وەک دوعا و جوێن و شیوەن، کاری کەمی لە سەر کراوە، هەر وەها کار لە سەر فۆلکلۆری پزشکی و تیکنۆلۆژی نەکراوە.

**چوارچیوەی تیۆری:**

گۆرانی کار لە لایەک لە ڕێگای زمانەوە دەردەکەوێت، بە هۆی فاکتۆری زمان دەبێتە باسێکی کۆمەلایەتی(جعفری حسنکلو، ١٣٨٦) و لە لایێکەوە بەرهەمێکی کۆمەلایەتیە، لە بەر ئەوەی لە ناو کۆمەڵ دەوترێ، بۆ کۆمەڵ دەوترێ و لە ناو کۆمەڵدا مانای خۆی دەبەخشێ. گۆرانی کار هەر وەها هاوئاهەنگی و جوانی تێدایە و لەم لاوە دەکەوێتە بەشی هۆنەر و جوانی ناسییەوە، هەر بۆیە دەکرێت هەم لەو تیۆریانە کەڵک وەرگرین کە گۆرانی کار وەک بەرهەمێکی کۆمەلایەتی چاو لێدەکەن، هەم لەو تیۆریانە سوود وەرگرین کە گۆرانی کار وەک بەرهەمی هۆنەری ئەبینن. ئێمە تیۆرییەکانی ئەم سێ بەشە بە خشکەیی باس دەکەین، هەر چەن کاری ئێمە لێرەدا تەنیا کۆکرنەوە و دەستە بەندی کردنی گۆرانییەکانی کارە و کارمان بە هۆکارو بۆچییەتی بابەتەکە نییە.

١- تیۆرییەکانی فۆلکلۆر کە گۆرانی کاریش دەگرێتەوە

٢- تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی ئەدەبیات

٣- تیۆرییەکانی هۆنەر

لە راستیدا گەلێک تیۆری بۆ خوێندنەوەی فۆلکلۆری هەیە بەڵام چوار قوتابخانە یان تیۆری گرینگ بۆ خوێندنەوەی فۆلکلۆر لە ئارادایە(دورسۆن[٤]، ٢٠٠٧). ئێمە لەم بەشەدا بە کورتی باسی ئەم تیۆریانە دەکەین.

**٠١ تیۆری مێژوویی_بەراوردی:**

کاری بەراورد کاری لە زۆر بواردا دەکرێ و مەنتیقی گشتیان دیتنی تۆفیر و وێکچووی دوو بابەتەکەیە. ئەم تیۆرییە زیاتر باسێکی مێژوویی جوگرافیکی ناوچەیێک لە تەک ناوقەیێکی دیکە بەراوەرد دەکات، ئەم تیۆرییە زیاتر باسی مەسەلە هاوبەشەکان دەکا و گۆڕانکاری و کارتێکری ئەوان لە سەر یەکتری روون دەکاتەوە. ئەم روانگە هەوڵ دەدات کرۆک و سەرچاوەی باسە هاوبەشەکان بدۆزێتەوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**٢. تیۆری نەتەوە خوازانە:**

ئەم روانگەیە، فۆلکلۆر وەک میراتی نەتەوەیی چاو لێدەکات. ئەم بیرە دەڵێت ئەوە راستە کە فۆلکلۆر باسێکی هاوبەشە، بەڵام فۆلکلۆر لە چوار چێوەیێکی جوگرافی جێدەگرێ و باسی جوگرافی باسی خاک و نەتەوەیە. ئەم بۆچوونە دەپەرژێتە سەر فۆلکلۆری وڵاتێکی تایبەت و بە شێوەی تایبەتی بۆی دەروانێت. ئەم روانگە لە هەر وڵاتێک تایبەتمەندی ئەو وڵاتە لە خۆدەگرێ. لەم روانگەیەدا فۆلکلۆر جاری وایە بۆ جیاکردنەوە و جاری وایە بۆ رزگاری بە کاردێت. ئەم روانگە فۆلکلۆر تێکەڵ بە ئایدئۆلۆژی و دەسەڵات دەکات و جاری وایە وەک پرۆپاگەندا کەڵکی لێوەردەگرێت. لە مێژووی فۆلکلۆردا وڵاتی جیاواز کەڵکی جیاوازیان لە فۆلکلۆر وەرگرتووە.

**٣. تیۆری مرۆڤناسی:**

چەمکی سەرەکی زانستی مرۆڤناسی کەلتوورە. گەلێک مرۆڤناسی مەزن وەک بواس، مالینۆفسکی و رۆس بندیکت فۆلکلۆریان وەک بابەتی کەلتووری دیوەو و وەک فەرهەنگ خوێندویانەتەوە. مالینۆفسکی پێی وایە فۆلکلۆر سوودمەندە(یانی کارایی هەیە) و باسکام پیی وایە فۆلکلۆر رەنگدانەوەی نەفسی ژیانە. بە گشتی ئەم روانگە پێی وایە فۆلکلۆر سوودی وەک بەیانی سۆز، تەویری سیاسی، پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ناسنامەی فەرهەنگی هەیە.

**٤. تیۆری دەروون شیکاریك:**

لەم روانگەدا فۆلکلۆر خاوەنی دوو بەشی ئاشکرا و نەپندییە. بە واتاییێکە روونتر فۆلکلۆر لە دوو بەشی هوشیار و ناهوشیار پێکهاتووە. بە بڕوای دورسن فۆلکلۆر پیشاندەری هوشیاری و ناهوشیاری ئێمەیە(Dorson، 1975:7).

ئەم تیۆرییە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا زیاتر بە تیۆری سیمبۆلی جنسی[٥] ناسراوە، ئەم بۆچوونە ریشەی لە تیۆری فرۆیددایە. فرۆید پێی وایە دەروونی مرۆڤ لە سێ بەشی غەریزە، عەقڵ و فەرهەنگ پێکهاتووە. کاری عەقل رێک خستنی داوای غەریزە لە گەڵ فەرهەنگدایە، غەریزە کە داواکەی لە جێی خۆی و لە کاتی خۆی جێبەجێ نابێت، دەخزێتە ناهوشیارەوە، ئەم حەزە لە بەین ناچێت بەلکوو لە ناهۆشیار خۆی ماتەدەدا و تەنیا لە کاتێک کە عەقڵ بە جۆرێک سەرگەرم دەبێ یان سەری لێدەشێوی خۆی دەردەخات، ئەو کاتانە بریتین لە خەو دیتن، قسە لە دەم پەڕین، مەستی و هیپنۆتیزم. ئەم تیۆرییە باسی وا بۆ فۆلکلۆر دەگوازێتەوە کە کاتێ کۆمەڵگا بەری خواستەکانی دەگیرێ دەچیتە ناهوشیاری کۆمەڵگا و لە رێگای فۆلکلۆرە و لە شوێنی خۆی، خۆی وە دەر دەخات. بە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بڕوای داندووس(2005,395) لە ڕێگای فۆلکلۆرەوە کەسێک دەتوانی شتێک بدرکێنێ یان کارێک ئەنجام بدات کە لە ژیانی ئاساییدا تابۆ و قەدەغەیە.

**- تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی ئەدەبیات:**

ئەم تیۆریانە دەپەرژێنە سەر پەیوەندی نێوانی کۆمەڵگا و ئەدەبیات. بە واتایێکی روونتر ئەوان پێیان وایە ئەدەبیات مایە و هەوێنی خۆی لە کۆمەڵ وەر دەگرێ.یانی ئەدەبیات سەر بەخۆ نییە. دیارە ئەدەبیاتیش کار لە سەر کۆمەڵ دەکات. هەر چەن ئەمە قسەی لە سەر نییە و ئەم پەیوەندییە دوو لایەنەیە بەڵام بە روونی ئەوان ئەدەبیات بە شتێکی رووەکی و کاری تاکێک(تاکە کەس) نابینن. ئەمەش بۆ خۆی رابردووی هەیە، مادام دۆستاڵ ساڵی ١٨٠٠ سەرنجی دایە پەیوەندی نێوان دامەزراوەی دین و ئەدەبیات، دواتر هیپۆلیت تین وتی سێ هۆکاری رەگەز، دەور و بەر و زیاترین کاریگەریان لە سەر ئەدەبیات هەیە، مارکسیستەکان بە پەیرەوی لە مارکس ئەدەبیات لە بەشی سەرخان دادەنێن و ژێر خان بۆ بەشی ئابووری تەرخان دەکەن(عسکری حسنکلو، ١٣٨٦).

ئۆسکار پیتی فەرانسەیی ئەدەبیات وەک کاڵای ئابووری دەبینێ و باسی بەرهەم هێنان و دابەشکردن و مەسرەفکردن دەکات(اسکارپیت، ١٣٧١). کۆمەڵناسی ئەدەبیات لە درێژەی رەوتی کاری خۆیدا لک و پۆی زیاتری لێ دەبێتەوە و بەڵام سەرتۆپی ئەوان جۆرج لۆکاچ و لۆسین گۆڵدمن ە.

**- تیۆرییەکانی هۆنەر:**

دوکتور ئەمیر حسێن ئاریانپووە کە کۆمەڵناسێکی مارکسیستی ئێرانی بووە و کتێبێکی لە سەر کۆمەڵناسی هۆنەر نووسیوە و باسی سەرچاوەکانی هۆنەر لە روانگەی تیۆرییەوە دەکا و ئێمەش تەنیا ئەمە لێرەدا باس دەکەین:

١. "تیۆری شلیر[٦] و ئسپنسر[٧]: سەرچاوەی هۆنەر، غەریزەی کایەیە.

٢. تیۆری مارشاڵ[٨]: هۆنەر بۆ زینەت و سەرنجراکێشی سەری هەڵداوە.

٣. تیۆری باڵدووین[٩]: سەر چاوەی هۆنەر جۆشی خۆدەرخستنە.

٤. تیۆری لانگ فیلد[١٠]: هۆنەر لە تێکەڵی جۆشی کایەو خۆدەرخستن پێکهاتووە.

٥. تیۆری ئەلکساندیر[١١]: هۆنەر بەهرەی غەریزەی حەیوانی سازکردنە.

٦. تیۆری فرۆید[١٢]: هۆنەر لە دەغەزی جینسی سەرچاوە دەگرێ.

٧. تیۆری مەکداوێل[١٣]: سەرچاوە هۆنەر هانیی فیتری جۆر بە جۆرە.

٨. تیۆری هیرن[١٤]: هۆنەر لە سەرەتاوە بۆ ئەنجامی نیازی ژیان پێکهاتووە" (آريانپور، 1354: ٢).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئاریان پور جگە لە تیۆری هێرن، ئەوانی تر بە فشە دەزانێ و پێی وایە هۆنەر سەرچاوەی لە ژیاندایەو و سەرچاوەی ژیانیش ئابووریە، بە هەر حاڵ ئەم بۆ چوونە داشکێنەرانەیە و ژیان ئاڵۆزتر لەوەیە کە بە یەک قسە هەمووی لێکبدەیتەوە.

**میتودۆلۆژی(رەوش ناسی):**

ئەم لێکۆڵینەوە لە چوارچیوەی لێکۆڵینەوەی چۆنایەتی جێدەگرێ. لێکۆلینەوەی چۆنایەتی لە بەرانبەر لێکۆڵینەوەی چەندایەتی جێ دەگرێ، لە کاتێکدا لە چەندایەتیدا تویژەر بە دوای رەقەم وعەدەد دا دەگەرێ، لە چۆنایەتی بە دوای مانا و بایەخ و وشەدا دەخولێتەوە(محمدپور، ١٣٩٥، حریری، ١٣٩١). ئەوەی کە ئێمە کام بەش بۆ لێکۆڵینەوە هەڵبژێرێن بەسراوە بە پرسیاری لێکۆڵینەوەیە. کۆمەڵگای لێکۆلینەوە بۆ کاری مەیدانی بۆ کۆکردنەوەی گۆرانییەکانی کار، زیاتر پاریزگای کوردستانی ئێران دەگرێتەوە بەڵام هەندێ سەرچاوە دەپشکێندری بۆ ئەوەی هەندێ کاری پرژ و بڵاو بخرێتەوە سەر گرد و کۆی ئەم خەرمانە. دیارە ئەم سەرچاوانە هەندێکیان لە باشوور کار کراون و بە گۆرانیی ئەوێ رەنگین کراون و هەندێکیان هیی پارێزگاکانی تری کوردستانی ئێرانن. بە گشتی شێوەی کۆکردنەوەی زانیاری ئەم لێکۆڵینەوە سێ جۆر بووە:

١- لە بەشی یەکەمدا وت وێژ لە گەڵ ئەو کەسانە کراوە کە گۆرانی کار دەزانن و ئامادەن بوون بۆ ئەم کارە هاوکاریمان بکەن. جگە لە ئامادەگی بۆ هاوکاری لە باری ئەخلاقی لێکۆڵینەوە پێویست بوو ئیزنیان لی وەرگرین کە ئایا بۆمان هەیە زەبتی کەین یا نا! بۆ ئەم مەبەستە گەلێ ناوچەی کوردستانی ئێران گەراین (کامیاران، مووچش، دیواندەرە، سەقز) و لە گەڵ ئەو ژن و پیاوانە قسەمان کرد کە گۆرانی کاریان دەزانی. هەندێک هاوکاریان کرد و بەشێک نەیانکرد. دەستەیێکیان ئیزنیاندا دەنگیان بگوازینەوە و هەندێ نەیان هێشت. ئەوانە کە نەیان هێشت ئێمە دەقی گۆرانیەکانمان لای خۆیان نووسی.

١- ئەو کتیبانە کە باسی گۆرانی بە گشتی و گۆرانی کاریان بە تایبەتی کرد بوو، گەر شتێکمان گیر کەوت، قۆستمانەوە و کۆمانکردەوە. ئەم کتێبانە زیاتر باسی داب و نەریتی بە گشتی بوون کتێبی تاقانەمان و تایبەتیمان لە سەر گۆرانی کار دەست نەکەوت.

٢- هەندێ گۆرانی کارمان لە شریت(نەوار، کاسێت) دابەزاند، بۆ نموونە دوو گۆرانی "مەشکەژەندن" و "یاڵڵا شۆفیر" لە دوو مامۆستای بلیمەت فۆلکلۆری و گۆرانی "رەسووڵ نادری" و "مامۆستا زیرەک" وەرگرتووە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دوای کۆکردنەوەی ئەو گۆرانییانە کە بە دەنگ تۆمارمان کردبوون، سەرلەبەر هەموومان نووسین، دواتر لە بەر یەکمان دانان و لە سەر ئەساسی رەوتی پێشوەچوونی کۆمەڵگا بە سەر چەند تەوەردا دامان بەشین.

**لێکدانەوەی بابەت:**

دوای ئەوەی گۆرانییەکانمان کۆ کردەوە، ئەوانمان لە چەن دەستەی سەرەکی و لاوەکیدا دابەشکرد، لە بەر ئەوەی هێنانی وردەکارییەکان لەم وتارەدا جێگای بەرتەسکە، لێرەدا ئاکامی کارەکە بە گشتی دەخەینە روو و لە هەر کام لە گۆرانییەکان وێنە دێنینەوە. بۆ وێنە یان نموونەی گۆرانیەکان، جاری وابووە ئێمە تەنیا یەک دەقمان لە بەر دەستدا بووە و جاری وایە چەن دانە، لەو کاتانە کە چەن نموونە کارمان لە بەر دەست بوون ئەم تەویرەمان کرد، گەر دەقەکان لە یەک چوون یەک نوسخەمان دانا و گەر جیاواز بوون چەن نوسخە، جاری وابوو زاراوەو و وەزنی یەک گۆرانی لە دوو ناوچە زۆر لە یەکتری جیاواز بوون، هەر بۆیە لە دوو جۆرمان دانان. بە کورتی گۆرانییەکانی کارمان بە سەر چەن بەشی سەرەکی و لاوەکیدا دابەشکرد و ئەو گۆرانیانە کە لە ژێر چەتری ئەو چەن جۆرە سەرەکییە جێگایان نەبووە لە دەستەی پرژ وبڵاو ریزمان کردن.

**١- گۆرانی راو:**

روونە لە کوردستان وەک هەر شوێنێکی دیکە، ئێمە یەک جۆر راومان نییە و هەر بەم پێیە چەندین جۆر گۆرانی راومان بۆ راوی جیاجیا هەیە، بەڵام دەسکەوتی ئێمە لەم بەشە هێند فرە نەبوون کە ئەوانیش بکەینە چەند دەستەوە، بۆیە هەموومان لەژێر سەر دێرێی گۆرانی راو ریز کردن.

**٢- گۆرانی وەرزێری: کە خۆیان بۆ حەوت جۆری لاوەکی دابەش دەبن:**

- ١-٢گۆرانی گیا چنین

-٢-٢گۆرانی زەوی کێڵان(جووت کردن)

-٣-٢گۆرانی درەو

-٤-٢گۆرنی کچان بۆ پیاوانی دروێنەکار

-٥-٢گۆرانی هارە دەستی

-٦-٢ گۆرانی هۆلە(خەرمان کوتان)

-٧-٢ گۆرانی گیا هەڵوڕین(بە داس)

**٣- گۆرانی ئاژەڵداری و شیرەمەنی کە ئەمەش بە هۆی بەر بڵاوی بۆ هەشت بەش رێکخرا:**

-١-٣گۆرانی شوانی

-٢-٣گۆرانی هەوار



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

-٣-٣ گۆرانی شیردۆشین

-٣-٤ گۆرانی بێری

-٣-٥ گۆرانی ماس فرۆش

-٣-٦ گۆرانی مەشکە

٣-٧ گۆرانی دۆینە

-٣-٨ گۆرانی ئازاڵە(کچانە)

**٤- گۆرانی پێش پیشەسازی(مۆدێرن)**

**٥- گۆرانی پرژ و بلاو**

لە بەر ئەوەی باسکردن و میناک هێنانەوە بۆ هەموو گۆرانییەکان لە وتارێکدا جێگای نابێتەوە هەوڵ ئەدین لە هەر جۆر گۆرانی یەک تا چەن نموونە بهێنینەوە. جاری وایە گۆرانییێکی وەک راو چەند جۆری هەیە و هەندێ لە گۆرانییەکان چەندین بەیتن، بۆیە بە پێی مەنتیقی هەر کامیان نموونەیان دەخەینە بەردەست.

**٥- گۆرانی راو:**

راو لە ناوچە کوردنشینەکان زۆر بەر بڵاوە، ئەم راوە جاری وایە لە بەر سەرچاوەی ژیانە، واتە راو بۆ بژێوی ژیانی رۆژانە دەکەن و جاری وایە راو لە بەر کایەو و راوراوێنە، هەندێکی بۆ خواردنە و هەندێکی بۆ پێست و خوێن نەچیر، راو هەندێ جار تەنیا بۆ کوشتن و لە نێوبردنی ئاژەڵە. یانی ئێمە لە راوە بەرازەوە راومان هەیە تا راوە دووپشک، راوی دەڵەک و رێوی بۆ پێستەکەی، راوی کەڵە کێوی بۆ گۆشت و شاخەکانی، راوی بەراز بۆ خۆشی و جاری وایە لە بەر ئەوەی خەڵکی بەرازیان لە لا مزێرە. ڕاو جاری وایە بە کۆلارە و سەوتەیە و جاری وایە بە داوو و هەندێ جار راو بە تفەنگە و جاری وایە بە ژار، هەندێ جار ئەمە بە سەگ و تانجی دەکرێ و هەموویان پاشگری راویان لە سەرە و ئەم ناوانە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیش بە کار دێت، وەک سەگە راو، خووە راو، لە بەر ئەوەی جۆری راو حەیوان جۆراو جۆرە، جاری وایە ئەم کارە بە بێدەنگی دەکرێ و جاری وایە بە هەرا هوریا، جاری وایە گۆرانی لە گەڵدایە، بۆ وێنە:

| | |
|---|---|
| *ڕاوچییـــــــــان ڕاوە، ئەی چ ڕاوە؟* | *ڕاوە لە دەشـــــــتی «لاجـــــان»ێ* |
| *ئەســـــپان زیـــن کەن ئەی لەغــــاوە* | *تانجییـــــان بەرنە ســــەر لانـــێ* |
| *ڕاوچییـــــــــان ڕاوە، ئەی چ ڕاوە؟* | *ئەی نـــــــۆبە ڕاوی دەشــــــتێیە* |
| *ســـــەر ڕاو زۆر چـــاک بـــــڕوانە* | *ئەی ئەوە دانــــــــی شــــــەوێیە* |
| *ڕاوچییـــــــــان ڕاوە، ئەی چ ڕاوە؟* | *ئەی ڕاو لە دەشـــــتی «بیتـــوێن»ێ* |



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەسپان زین کەن ئەی لەغاوە ... ئەی تانجییان بەرنە سەر شوێنێ
بۆم بانگ کەنە بەراوێ ... ئەی لە لانی هەڵبستێنێ
ڕاوچییان ڕاوە ئەی چ ڕاوێ؟ ... ئەی ڕاو گەیشتە پارزینێ
ئەسپان زین کەن (ئەی) لەغاوە ... ئەی خۆ باوێنە سەر زینێ
ئەی وەرن سەیری تانجییان کەن ... ئەی لەگەڵ کەروێشکە شینێ

ئەم گۆرانییە باسی راوە کەروێشک بە تانجییە، دیارە راوچی یان بە سواری ئەسپ راو دەکەن، ئەم نیشان دەدا کە راو لە زستان نییە. دیسان دەزانین کەروێشک دووی جۆری کەوە و سوورەی هەیە، راو، سەر راو و پاڕاوی هەیە و تەماڵ و تانجی و مەرەز و بەزم و رەزمی خۆی هەیە.

کەروێشک لە لانێدایە ... ئەی کەوتووە بە بێدەنگی
بەر ڕاو هەڵیبستێنە ... ئەی با شەقەی دە ئاوزەنگی
جا با ڕاومان بەتاڵ کەین ... ئەی بەرزین کەوتە دەرەنگی

(حفید، ٢٠٠٢:٥٦)

ئێمە سەرنج دەدین کە بە گۆڕینی جۆری راو، جۆری جوگرافی و ڕەنگە زاراوەش ریتم و کێشی شێعرەکان دەگۆڕێن، لە حاڵێکدا گۆرانی پێشوو باسی زیاتر لە سەر راو و رابواردنە و باسی دوو دەشتی لاجان و بیتوێن دەکات، دەقی خوارەوە باس دێنێتە باسیی ئاشقی، ناوی کچ دێنی، باسی رەشە راو دەکات، دواتر باسی راوە قورینگی لە دەشتی هەوەتوو دەکات و بۆی بە پەژارە دەبێت،

هەی ڕاوە، ڕاوە، ڕاوە ... ڕاو لە بنی پردێیە
هەسپان زین و لەغاو کەن ... تاژی ناوی «سوورمێ»یە
برینانم تیمار کەن ... بە دەستی یار «عەیشێ»یە

هەی ڕاوە، ڕاوە، ڕاوە ... ڕاوکەران ڕەشە ڕاوە
هەسپان زین و لەغاو کەن ... تاژیان بەردەنە کاری
برینانم تیمار کەن ... بە دەست ناسک و نازداری

بۆ لای ماڵی یاری چووم ... لە محاڵی نیوەشەوێ
بە دەستی موبارەکی ... هەڵم ئەستاند لە خەوێ
بە گفتێکی زۆر شیرین ... دەیگوت لاوە چیت دەوێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

له گەردنی به خاڵت / چاوڕەش، دوو ماچم دەوێ

هەی ڕاوە، ڕاوە، ڕاوە / ڕاوە لە چەم و ڕووباری
چاوم به قوڕپنگێکی کەوت / لە دەشتەکەی «هەوتوو»ی
تفەنگەکەم وەگرتێ / دەمدا لە گوێ و گواری
گریانم هات به هەوەست / فرمێسکم هاتە خواری
وەک جۆگەلەی لە بانان / وەک ڕووباری بەهاری

**٥- گۆرانی وەرزێری: کە خۆیان بۆ حەوت جۆری لاوەکی دابەش دەبن**

**-١-٢ گۆرانی گیا چنین:**

کوردستان ناوچەی زۆزان و گەرمێنی بەر فراوانی هەیە، کانی سارد و تافی بەرز و و ڕوباری بە خوڕ و گۆمی مەندێ تێدایە، لێواری چۆم و جۆگەڵە، نواڵەی کویستان و تاقجانەی هەڵمووت، گوڵ و گژ و گیای زۆری لێ دەڕوێن، ئەم ڕووەکانە بۆ عەتر و بۆ دەرمان و بۆ خواردن دەشێن و بۆیە گیاچنین دەبێتە کسمێک و ژنان و کچان بە تایبەت لە وەرزی بەهار و سەوزەلانیدا بە پاچ و بێلەوکان، بۆی دەچن و دەسکەنەی دەکەن. جاری وایە گۆرانی دەڵێن و هەندێ کەڕەت گۆرانی یان پیا هەڵدەدەن.

دیدەم سۆسەنخاڵ، کەوە مەپۆشە / بلمێ سەدەرە، چنمێ وەنەوشە
وەنەوشەی وەشبۆ جە باخانی نۆ / ئاویش وەشبۆیەن، چون زوڵفەکەی تۆ
بۆی حل، بۆی مێخەک، مەیۆ دامانت / پەی کێت دان تەرتیب خاڵ و سامانت؟
خاڵێ جە تۆم دی، یەکێ جە تاران / یەک جە گوڵسۆسەن، جە لا نسارا

(م، ڕوار، ١٣٩٥)

ئێمە گەر سەرەنج بدەی ئەبینین ئەم گۆرانیانە هەندێ نیشانەی تایبەتیان تێدایە، بۆ وێنە لە دەورانی قەدیما خەڵک لە باتی جلی ڕەش، کەوەیان پۆشیوە. کەوە یا شین (وەک گۆرانی وەک قومری سەر باڵم شینە) نیشانەی خەمینی و ماتەمینی بوو و ئیستا باوی نەماوە و ئەمە نەریتێکمان بۆ زیندوو دەکاتەوە. گۆرانی دواتر ناوی هەندێ لە گوڵەکانی بەهاری ڕیز دەکات.

ئەوەڵ بە ڕەزا بەرمەیۆ جە خار / وێش کەردەن جاسووس گوڵانی بەهار
دووهەم وەنەوشە گەردەن چەمیدە / نازاران پێکان وە بانی دیدە
سێهەم گوڵنەورۆز سەر هۆرمەدارۆ / چەنی گرد گوڵێو وەشی مەویارۆ
چوارەم سپیگوڵ بەرمەیۆ جە بووم / جە تێغی تۆفان زایفە و زەبوون



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

گوڵسۆسەن ماچۆ یاگیم نسارا — مەر وەختێ بەربەو ئەوەڵ وەهارا
سوورە لە لای وات نامم مەنشوورا — واردەنیم وەرواو، هامسام چنوورا
دارپەمەیی وات ئەی گوڵە شێتا — دا وەس بدەیدەی تاریفی وێتا
وەهارێ مەیۆ بیدی سوور و زەرد — هامنی مەیۆ بیدی تۆز و گەرد
نەختی جە ڕیحان زمانم لاڵە — باقی گوڵەکان جە لام بەتاڵە

**-٢-٢گۆرانی زەوی کێڵان(جووت کردن):**

زەوی پێش هاتنی تراکتۆر بە پاچ، بە پاوێڵ(پابێڵ)، تەنانەت بە حەیوانی وەک کەر و زیاتر بە گا دەکێڵدرا، گا نیشانەی دارایی و دەوڵەمەندی بوو بۆیە وەک هێمایەکی چیناتی و تا رادیەک زەوین داریی لە بەر چاو بوو، جووت بەندە رێک بە مانی خاوەنداری زەویە و دیارە کەسێک زەوی نەبێت گایشی نییە، بۆیە زەوی کێڵان نیشانەی هیوای ژیانە و ئەمە لە رێگای گاوە دەستەبەر دەبێت، بۆیە زۆر گۆرانی جووت و کێڵان، باسی گای تێدایە و رەنگە ناو و رەنگی گایەکان.

لە هاهای گاجووت تۆزی بن خەرمان — ماچی لەیلەکەم بووە بە دەرمان
هۆ کاکی جووتیار! جووتت کە بەتاڵ — تەرزە ئەبارێ با بچینەو بۆ ماڵ
هۆ کاکی جووتیار! ڕێگا نازانم — ڕێم پێ نیشان دە، قەزات لە گیانم
هۆ کاکی جووتیار! جووتت بە گا بێت — تۆوەکەت ڕازیانە، خەرمانت گوڵ بێت

**-٣-٢گۆرانی درەو:**

درەو خاڵێکی گەورەی ژیانی وەرزیریە، دیارە درەو زیاتر بۆ دروێنەی گەنم و جۆ بە کار دەبرێ، گەنم و جۆ هۆی بژێوی ماڵ و ژیان بوونە، لە بەر ئەوەی جۆ باڵای نزمتر بوو دروێنەی سەخت تر بووە، بە تایبەت گەر ئەو جۆیە کراڵ بووبێت. دروەی جۆ پێش گەنم دەکرا و هۆی ئەمە سروشتی بوو چونکە جۆ زووتر پێدەگەیشت، بەڵام خۆشی درەوان و بنە-ماڵە ئەو رۆژە بوو کە درەوی گەنم تەواو ئە بوو، ئەو رۆژە کە دروی گەنم تەواو ئەبوو، کار تەعتیل دەکرا و جەژن دەگیرا، بە جۆرێک سپاسگوازاری بوو کە خەلەی ئەو ساڵ دابین بووە،

گەنم گەڕەجۆ پشتم ژان ئەکا — ئیزڕاییل هاتگە و داوای گیان ئەکا
گەنم گوڵی کرد، جۆ دوورایەوە — قەوڵی من و تۆ هەر نەبڕایەوە
دوو کەو لە قەفەس گفتوگۆیانە — ئەوانیش مەیلی من و تۆیانە
ئەوا مانگ هەڵات دای لە لێفەکەت — خۆ من هاوسێت نیم بگرم سێفەکەت

**-٢-٤گۆرنی كچان بۆ پیاوانی درویّنەكار:**

ئەمە لە زۆر جێ بینراوە كاتێ پیاو بۆ كار چووە ژنان گۆرانیان بۆ خۆیان و منداڵەكانیان وتووە، ئەمە جارێ وابووە كە ژنانی ماسی گیر بۆ ئەو پیاوانەیان وتووە كە چوونەتە قووڵایی دەریاوە و جگە لە مەترسی ژیان، بۆی بووە كە ماسییان بۆ نەگیرێ، لە كوردستان ژنان بژێویان لە گەنم و ئەویش لە رێگای درەو و پیاوەوە دابین بووە بۆیە گۆرانیان بۆ وتووە.

دەسكی داسەكەت ئەگرم لە ئاویز ‌ ‌ ‌ ‌ درویّنەی پێ بكەی لە دێمی «كاریّز»
دەسكی داسەكەت ئەگرم لە لۆكە ‌ ‌ ‌ ‌ درویّنەی پێ بكە لە جارە جۆكە
رێگەی مووچەكەت ئەگرم لە باوەش ‌ ‌ ‌ ‌ لەبەر جوانییەكەت دەبم بە چاوەش
ئەمبەرم شاخە، ئەوبەرم شاخە ‌ ‌ ‌ ‌ كراسم بۆ بكە لە گوڵی ئەو باخە
تۆ بۆ من چاكی، من بۆ تۆ چاكم ‌ ‌ ‌ ‌ تۆم خۆشتر ئەوێ، زیاتر لە كاكم
رانك و چۆخەكەت بۆری مسقاڵی ‌ ‌ ‌ ‌ بیّنە بۆت بشۆم بێ ژن و منداڵی

(پایانیانی، ١٣٨١)

**-٢-٥گۆرانی هارە دەستی:**

هارە دەستی لە دوو بەردی پێك هاتووە، یەكیان كپ(جێگیر) و وەستاوە و ئەوی تریان بە هێزی دەست دەگەرێ، هارەی بگەر دەسكی داری هەیە و كابان بە دەستێكی دانەوێلە لە چاڵی هارە دەكا و بە دەستەكەی تری هارە دەسوورێنێ، بە سوورانی هارە گەنم و نۆك و كونجی دەهاردرێن و بۆ خواردنی جۆر بر جۆر وەك دانە بریشكە و نەخۆشەر و قاوێت بە كار دێن. هارە دەستی زیاتر كاری ژنان و كچان بوو و هەندێ كەرەت كور و پیاوی ماڵ ئەم كارەیان وەك یاریدەری دەكرد. دیارە ئەمە كارێك بوو تاقەت بەر، بۆیە ژنان و كچان بە بەریەوە گۆرانیان دەوت. ئەم گۆرانیانە ناوەرۆكی بگۆرپیان بوو و لە هەندێكیاندا بۆی رەخنەو گلەیی لە پیاو و برا و كۆمەڵگای دەهات.

هەی ناكەم، ناكەم، براكەم شوو ناكەم ‌ ‌ ‌ ‌ ئەو پیاوە پیرە، مێردی پێ ناكەم
تۆ بۆ من چاكی و من بۆ تۆ چاكم ‌ ‌ ‌ ‌ تۆم خۆشتر ئەوێ لە چاوی كاكم
خۆزگە ئەو هارە بیگەستمایە ‌ ‌ ‌ ‌ بە پیاوی ناحەز شووم نەكردایە
پشتێن بوومایە، قەفقەف لە پشتت ‌ ‌ ‌ ‌ خوێنم حەڵاڵە، هاتوو گەر رشتت
لە خۆت دەرمەچۆ، مەڵێ من جوانم ‌ ‌ ‌ ‌ تۆ كورە شازادەی، من كچە شوانم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

**٢-٦-٢گۆرانی هۆڵە(خەرمان کوتان):**

خەرمان لە دێ بۆ کوتانی نۆک و گەنم و جۆ دەگیرا، گەر بەرهەم کەم بووایێت ئەم کارە بە کوتەک و داردەس و گەر زیاتر بوایە بە گاگێرە و سەرپەڕ و بنە دەکرا و کارێکی توزاوی، ئاڵۆشاوی و ناخۆش بوو، کاری کوتان زۆری دەخایاند، دەبا کڵۆشیان وەرد کردبا تا بە باشی کا و دان لە یەک جیا ببنەوە، ئەمەش گۆرانیێکی خۆی دەخوازی:

| | |
|---|---|
| هەی شیرین و سەوزە هەر خۆت یارمی | هەر خۆت یارەکەی وەی وەی وەی سەوزە |
| شەمامێ خاسە کوڕ بیگرێ وە دەس | های نە وەک گڕکەتاڵ لە کول ماڵێک |
| هەی سەوزە سەوزە، سەوزەکەی ماڵەکەم | چاوم تێ بوڕە با خەفەت نەخوەم |
| کزەکزەتە خۆی نیا بە یاڵەو | خۆی نیا بە کزەی باکەی شەماڵەو |
| با سەر بنمە بان نەرمی ڕانەکەی | با گیانم دەرچێ بەر لە گیانە |

(اسماعیلی، ١٣٩٢)

٢-٧-٢گۆرانی گیا هەڵوڕین(بە داس):

جاری وا بوو گیای وەک لۆ و کەما بە دەس هەڵدەکەنیا و جاری وابوو بە داس هەڵیان دەبڕی، هەندێ جار قنڵاشک لە هەرد کۆ دەکرانەوە و ئەم کارە بە کڕوکاش بە ناو بانگ بوو، کڕوکاش کاری خەڵکی هەژار و بێ جاڕ و مێرگ بوون و بە خۆڕایی لە شوێنێکی گشتی ئەم کارەیان دەکرد.

| | |
|---|---|
| کۆنە هەواران ئاوەکەی جاری | دڵەکەم بۆ دڵەکەت بۆ یادگاری |
| ئەی لەیلی لەیلی، لەیلم بێ ڕێوە | ماڵمان باری کرد لای ماڵی ئێوە |
| قەڵای مەریوان پاڵم دا پێوە | قەڵاکەم ڕمیا پاڵ بەم بە کوێوە؟ |
| ئەچمە ئەو کێوە بۆ هەروێنەی لوو | تەعام هیچ ناکەم بۆ چاییەکەی تۆ |

**٥- گۆرانی ئاژەڵداری و شیرەمەنی کە ئەمەش بە هۆی بەر بڵاوی بۆ هەشت بەش ڕێکخرا:**

**٣-١- گۆرانی شوانی:**

شوان لە دێ دوو سێ جۆری بوو. جارێ بۆ مەڕ و گاوگوێر و جاری وابوو لە بۆ بەرخەل دەگیرا. شوان جگە لە گۆجان وچارۆکە نان، دواشوان و نۆرەییشی لە گەڵ بوو، شوانیی دوو جۆری وەرزی بەهارە و زستانەی بوو و جاری وابوو ئەم دووە پێکەوە دەکرا. شوان زیاتر پیاو و کوڕە جاهێڵ بوو و وەکوو شەرت و بەین جگە لە پووڵ، نان و خوری و هەندێ جار شەغرەیێک گیایی لە گەورە ماڵان دەسەند. شوان جاری وابوو بۆ هەموو دێی دەگیرا و جاری وابوو شوانی ماڵێکی تایبەتی یانی شوانی ماڵە دەوڵەمەندێ بوو، شەرتی شوان لە گەڵ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

ئەم مالانە هەندێ ساڵ حەوت ساڵ بوو، لە بەر ئەوەی ساحێو ماڵ پارەی نەبوو، یان شەڕ و گێچەڵی دەکرد و بە شوانی دەوت کچ یا خوشکی خۆمت دەدەمێ و نەی دەدا.

ئاوەکەی «زەڵم» ئەڕژێتە «سیروان» — نەحلەت لەو باوکە کچ نادا بە شوان
چاو و ڕوومەت جوان! بڕۆ قەیتانی! — من ئەچم بۆ جووت، تۆ بچۆ بۆ کانی
ئەمبەرم شاخە، ئەوبەرم شاخە — کراست بۆ ئەکەم لە گوڵی ئەو باخە
شوانە چکۆلەکەی چاو نە چەرخەوە — چۆن تاقەت ئەگری وە لای بەرخەوە؟
چەن جەفام کێشا، چەن خاکەساری؟ — بوومە شوانەکەی حەقنادیاری
چەن ساڵ شوان بووم بە هەردانەوە — تۆخی پێم ڕۆیی بە بەردانەوە
شوان بە هەی‌هەی، مەڕ بێ شارەزا — سەر ڕێگەیان گرت جووتێ ئامۆزا
جوان دانیشتن وە لای پیرەوە — ئێژی کۆترە وە زنجیرەوە
شوانە، هۆ شوانە، شوانێی ڕەنجەڕۆ — بستێ مندال بووم قەولم دا بە تۆ
شوان بە هەی‌هەی، مەڕ بە کۆڕەوە — لەنجە ها وە لای پەلکەشۆڕەوە

**٢-٣- گۆرانی هەوار**

ئەم گۆرانییە لەو شوێنانە دەخوێندری کە لە بەهارو و هاویندا مەر و بزن دەبەنە هەوار، ئەم بۆ خۆی لە چوار چێوەی کار و باری مەڕداری دروست دەبێ، لە بەر ئەوەی لەم کۆچەڵ کۆچەدا هەموو خەڵک بار ناکەن و شوێنی دیاریکراواین هەیە. بۆیە خەڵک لە یەک دادەبڕێن، چون هەم هەوارەکان وەک دێ لە پەنای یەک نین و هەمتریش بڕێک لە خەڵک لە دێ دەمێننەوە و هەندێ بۆ هەوار دەچن، ئەم هەوارچوون و هاتنە خوارە، داستان و گۆرانی خۆی لێدەکەوێتەوە.

ئای هەوار هەوار، دۆس هەوارنشین — لایێ کەرەوە بە دڵی حەزین
کۆچکەردەی یاران خەیلێ ستەما — نە ئێشی دانەن، نە گلی چەما
دەوار هۆرش دان پا نیو خاڵی — هەر من مەنەنا هەواری هاڵی
وەش نیا هەوار بیەن تۆز و گەرد — بۆری سەردەرە خەزان بیەن زەرد

(م، روار، ١٣٩٥)

**٣-٣- گۆرانی شیردۆشین:**

ئەم گۆرانییە کچان و زیاتر لە کاتی دۆشینی مانگا و مەڕدا دەیانوت، باسی ئەم گۆرانییە لە پەسنی حەیوانەوە دەستی پێ ئەکرد و جاری وابوو بە گلەیی لە ماڵ وپیاو و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ڕۆژگار تەواو دەبوو. ژنان پییان وا بوو هەندێ ئاژەڵ شیر ئەدزن و بە قەوڵێ شیردانادەن و پیویستە بە گۆرانیی شیریان پێ دابەیت، ئەم گۆرانیە بۆ مەر و زیاتر بۆ مانگا دەوترا.

مانگاکەم لە کوێستانی — خواردوویە ئاوی کانی
شیر و دۆی بۆ کابانی — مانگام مانگای نەخشینە
پشت ڕەش و ناوچاو شینە — قوربانی بێ «هەمین»ە
مانگام مانگای هەژاران — شیر دەفرۆشن لە شاران
بەدوور بێ لە ئەغیاران — نەنێ، نەنێ، مانگا کاڵەکەمی
بنەی ماڵ و حاڵەکەمی — ڕۆنی زەنگ بۆ کوڕەکەمی
شیری سەر ئاورگەکەمی — بۆیە پێمخۆشە کەژی بەهاران
مانگا زەرد دەگرێ سەرچڵی داران — مانگا شێتەکەم کەوتە ئێواران
بە خێر بێتەوە ئەورۆ لە گاڕان

(پایانیانی، ١٣٨١)

### ٣-٤- گۆرانی بێری:

ئەو کچانە کە دەچوونە مەڕ دۆشین بە بێری ناو بانگیان دەرکرد بوو، ئەم بێریانە دڵخوازی شوان و کوڕ و کاڵان بوون و زۆریان پیا هەڵکوتوون. یەک لەو شتانەی کە لێرەدا باسکردنی بێ خێر نییە ئەویە کە کاتێک شێری بێریەک کەم بوو دەیبەخشیەوە و ئەم کارە بە نۆبە دەکرا، بەو شیر بەخشینە خێری دەوترا، وەک لە گۆرانیدا بیستووتانە "ئەمڕۆ نۆبە خێریە..."

لەبەر بێری نێو «زەرزا»یە — سینگیان کارگی نێو کەمایە
خەمی خۆم نێ خەمی تۆمە — خەمبارم ڕەنجەڕۆمە
لە دووریت «سیبەڕۆ»مە — کچە جوانێ مەیەرۆ
لەبەر بێری ڕانەمەڕێ — شلشل دەڕۆن بۆ لاپەڕێ
خەمی خۆم نێ خەمی تۆمە — خەمبارم ڕەنجەڕۆمە
ئەڵێ هەتیو خەم مەخۆ — خەوم دیوە و هی تۆمە

(محمدحسن، ١٩٨٣: ١٢٢)

شەنگەبێری لە ناو مەڕی — هەڵدەکا باسک بادار و سپی و تەڕی
دادەنیشێ لەبەر بێری — یەکیەک مەڕی خۆی دەژمێری
غەریب ماوم لەناوتانا — بۆی مێخەک دێ بە کامتانا؟



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

گـــوارەی ئـــاڵتوون بە گـــوێی شـــۆڕە        تـــۆ خـــوا کچـــێ خـــۆت مەگـــۆڕە
فەســـــڵێ دەمـــــبەن و دەمنێـــــژن        قەبـــــــرم بە گـــــــوڵان داڕێـــــــژن

**-٥-٣ گۆرانی ماس فرۆش:**

هەندێ شارو دێ لە کوردستان بوون کە مەیدانی ماست و دۆیان بوو، بۆ وێنە لە شاری سەقز مەیدانی بەو ناوە ئیستاش هەر هەیە. ژنانی دێهاتی دەورو بەر، بەیانی زوو ماستیان دێنا بۆ شار و دەیان فرۆشت، ئەمە بۆ خۆی کارێک بوو، ئەمانە لە بەر ئەوەی ئازا بوون و بەرچاوی، جوان چاک و دڵ پاکیان تێدا هەڵئەکەوت کە خەلکی گۆرانیان بۆ دەوتن.

ئەو دەمەت بێنـــــە، بینـــێ نـــاو دەمـــم
دەبـــا ســـاکن بـــێ ئەو دڵەی پـــڕ غەمـــم

***

ئەو چاوە بازە (ڕاستت) بۆ ئەوەندە جوانە؟
خـــۆزگەم بەو کەســـــەی دراوســـێتانە
لە بـــۆنی عەتـــرت مەســـــت و حەیـــرانە

***

ماستفرۆشـــەکەی ڕێگـــای عەلـــیئاباد
ئەوەنـــدە شـــیرینە بە وێـــنەی نەبـــات
ئەو دڵەم شـــــێتە لە دووری بـــــاڵات

***

ماستفرۆشـــــەکەی ڕێگــــای میـــــراوا
ئەمنـــی شـــێت کـــردووە بەو جـــووتە چـــاوە
تۆ مەرگی کاکەت جارێ بەر کە بەم لاوە
لە تـــاوی بـــاڵات هۆشـــــم نەمـــاوە

***

ســــــەرەڕێ دەگــــــرم بەو دەلــــــیلەوە
ئەحـــــواڵ دەپرســــم بەو زەلـــــیلەوە
ئەگەر تـــــۆراوی ئاشـــــت دەبیـــــنەوە

***

ماستفرۆشـــــەکەی خیابـــانی کـــۆنە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خـــۆی دەلەنگێنـــێ هەروەکـــوو ســـۆنە
مـــن بـــۆی نەخۆشـــم قەت نـــاڵێ چـــۆنە
هەروەک ڕێحانە دایمە بە بۆنە (خۆشبۆنە)

***

ماستفرۆشـــەکەی ڕێگـــاکەی کۆســـتە
ئەمنـــی شـــێت کـــردووە بەو چـــاوە مەســـتە
مەمـــکەکەی خـــڕ کـــرد هەر پـــڕ بە دەســـتە

***

ماستفرۆشـــــەکەی ڕێگـــــای حەســـــارە
ئەو بەژنە جـــوانەی دەڵێـــی خەڵـــفە چنـــارە
ئەو جـــــووتە مەمـــــکەی دەڵێـــــی هەنـــــارە
خۆشـــــە مـــــاچی کەم فێنکـــــی ئێـــــوارە

***

ماستفرۆشـــــەکەی ڕێگـــــای کـــــولتەپە
ئەو جـــــووتە مەمـــــکەی وەکـــــوو زەردە بە
بمـــدەرێ مـــاچی مەردی ئـــەڵڵا بە (خـــودا بە)

***

ماستفرۆشـــــەکەی شـــــارەکەی بۆکـــــان
بەژن و بـــاڵا ڕێـــک جـــووتێ چـــاوی جـــوان
بـــۆچی دەمکـــوژی کـــافرەی بێئیمـــان؟
چەنـــدەم پـــێ خۆشـــە لـــێم بـــێ بە میـــوان

(کاک عابید فیرۆزی لە شاری سەقز(١٣٩٥) بۆی هێنام)

**- ٦-٣ گۆرانی مەشکە ژەندن:**

ئەم گـۆرانییە لە نـاو گـۆرانییەکـانی کـاردا زۆر بە نـاو بـانگە، لە بەر ئەوەی ئەم گـۆرانییە کە راسـتی دا گـۆرانییەکی ژنـانەیە و ژنـان بە یەک کەسـی و دوو کەسـی و لە مـاڵی خۆیـان دەیبێـژن، ئەم گـۆرانی دوای ئەوان کەوتـووتە دەمـی پیـاوان و ئەوانـیش وتـوو یانەتەوە.جـاری وایە کەسـێک وەک هۆنەرمەنـد "عەبە دەرژێ" زۆر ئاسـایی ئەمەی وتـووە و کەچی هۆنەرمەندی بلیمەت "رەسووڵ نادری" وەک ئەوەی رازێکی ژنانە باس بکات، دەڵێتەوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوە کوردی

مێـــری مەشـــکێ دەژێنـــێ
هەی مـــاڵە بـــابم مەشـــکێ
مەشـــــکێم لە دار هەنـــارە
ئەوەڵ مـــــانگی بەهـــارە
مەشـــــکێم زێـــڕی نـــاودارە
ڕۆنـــی مەشـــکێم بەهـــارە
مەشکەم مەشکەی مانگایە
دەیژێنـــــــێ لە بـــــێلایە
شـــــل بـــــۆوە زارەوانـــــێ
بە جوانی خـۆت سـوێند دەدەم
مەبەســـــتی مـــــن بـــــزانە

کــوا ئەســتێ ئـاوێ بێنــێ؟
هەتیـــــوە دەســـــت مەبزێـــوە
مێــــری دەســــرۆکەی لارە
ئەی مەشکێ، مەشکێ، مەشکێ
هەڵـــم ئەواســـی خـــوارە
مەشـــکێم گەلێـــک نێـودارە
مەشـــــکێ زۆری تێـــــدایە
وا کەوتـــــــوومە بەیـــــانێ
مەشـــکێم بـێ و داری گـوێزە
مەشـــکێم بـۆ بڵـێ بە سـۆزە
ئەی هەتیـــــــــوە زۆرزانە

ئەی مەشـــکێ، مەشـــکێ،
بـــازنەی لە دەســـتم دەشـــکێ
دایـــدا ڕێـــژنەی بـــارانێ
هەی مـــاڵە بـــابم مەشـــکێ
شۆڕەســـوارم لـــێ دیـــار بـــێ
زاوە مەکـــم لـــێ دیـــارە
مێـر قۆچـاخەی دە قـۆڵ کـرد
مەشـــــکێم نـــایەتە ژانـــێ
ئەو گەنـــجە زۆر بـــزۆزە
مەشـــکێم مەشـــکێی مەڕانە
دە بـــــــڕۆوە وا بەیـــــانە

(نقل از نوار رسول نادری،١٣٨٧)

مەشکە مەشکە مەشکە سوورەکە هانەهانتە
مەشـــکە ســـوورەکە! خـــۆت نەکە یـــاخی
مەشـــکە ســـوورەکە! خـــۆت نەکە نەخـــوەش
مەشـــکە مەشـــکە مەشـــکە ســـوورەکە خـــۆت
مەشـــکە گەرمەژەن[15] کەفـــتمە نـــیمەڕۆ

ســـــــەد ســـــــوار بە قوربـــــــانتە
ئـــاوت بـــۆ تێـــرم لە ســـای گوڵبـــاخی
ئـــاوت بـــۆ تێـــرم لە ســـای کـــوچکە ڕەش
دۆکەت بۆ شووەکەم، کەرەکەت بۆ وەزیـر
ســـەمپاش قـــاو ئەکـــا ســـاحێوماڵ نەڕۆ

(اسماعیلی، ١٣٩٣)

### ٣-٧- گۆرانی دۆینە:

ئەم گۆرانییە زۆر باو نییە، یانیی کەم بیستراوە، دۆینە غەزایێکی گرینگی ژیانی کوردەواری بووە، لە بەر ئەوەی کەرەسەکانی لە گەنمەوە تا گوڵ و گیای عەتری لە ناوچە کۆکراونەتەوە. دۆینە غەزایێکی فەرهەنگیە لە بەر ئەوەی دروست دەکرێ، دروستکرانی لە بەر ئەوەیە کە وشک دەکرێتەوە و کاتی پاییز و زستاندا دیسان دەی خۆسێینو دەی خۆن، دوینە جگە لە تایبەتمەندی خۆراکی، باشیەتی دەرمانی هەیە، من ئەم گۆرانییەم لە کتێبی موسەنن وەر گرتووە.

(ها) دۆینە، دۆینە، دۆینە
ســـەگەیل ڕشـــیانە بـــانی
بـــازە هەڵســـا بـــۆرە گـــرد

گـــاکۆل وە بـــارە، دۆیـــنە
هەرچـــی چخەچـــخ کـــردن
وە نـــاو دۆینە پـــۆخڵە کـــرد

دۆیـــــنە لە بـــــان باخـــــانی
ســـەگەیل وە قەوڵ نەکـــردن

(موسەنن، ٢٠٠٥:٤٢)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

### ٣-٨- گۆرانی ئازاڵە(کچانە):

لەو ناوچـــانەی کە دار و درەخـــت نیـــیە یـــان کەمە، بەهـــرەی زیـــاتر لە حەیـــوان وەدەگیـرێ، لێرەدا بە روونـی مەبەسـتی مـن لە لاس و پشـکەڵی ئـاژەڵە کە بـۆ سـووتەمەنی کەڵکی لێ وەردەگیرێ، ئەم کەڵك وەرگرتنە جاری وایە دەسکردە وەک رەوتی پاکوت و پێژانـی تەپـاڵەو کردنـی بە قەلاگە و سـووتانی لە کـاتی پێویسـتدا و جـاری وایە سروشـتیە، یانی پشکەڵ، تەرسەقول و لاس بە شێوەی سروشتی و دوای وشک بوونەوەی بۆ دەس ئـاگر و سووتەمەنی کەڵکی لێوەردەگیرێ.ئەم گۆرانییە کچان لە کاتی ئازاڵە چنینەوە وتوویانە.

کچگەل جەم بوونۆ بە دڵ و بە هەوەس
چـوون بـۆ تەپـاڵە وە چەپەی گـوڵ دەس
دەســـــی دانەوان بـــــۆ ئـــــاخر تەپـــــاڵە
ئەوەڵ زیڕانـــــــدی، دووهەم زیڕانـــــــدی
هـــاواری کەســـی کـــرد لە هامڕاکـــانی
هامڕا جەم بوونۆ  وەک حۆری بەهەشت
شەوقیان ئەخستۆ لە ماڵ  و  لە  دەشت
یەکێکیان تیا بوو  کۆرپەی  نەوەخاڵ
نـامەردی نەکـرد هەواڵـی بـرد بـۆ مـاڵ
هـاتە ئەو یـاڵە  هـاواری  کـرد  کـاکە
لەوێ  نەوێـــــــسی  ئەتـــــــۆ  هەڕا کە
وتــی ئەم قــاوە و ئەم بــانگە چیــیە؟
هەرچی گوێ شل کەم خێشي من نییە
وتـــی ئەتـــۆ هەڕا کە، مەوێـــسە لەوێ
جـــا تیـــتە بەرۆ لێـــت حـــاڵی ئەوێ
جفتـێ کەوش ڕەش کارخـانەی زەهـاو
هەر  وێـنەی باڵـدار  نیشـتە ملـی  ئـاو
هـــاتی پـــایینی  ڕمیـــاوە  بـــێ خەم
ڕەنگی زەرد بووگە  وەک چینی بە قەم
ڕووە ســـەرینی هـــیچ دەنگـــی نیـــیە
وتـــی هەی کچـــێ ئـــازارت چیـــیە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

یەکێکیان تیابوو کۆرپەی نەوەخاڵ
تەرمی لێ بوەسین بیوەینۆ بۆ ماڵ
بەستیانەو بۆی هەرزڵ و تەرواڵ
کەڵەشاخی گرت لە شلکەی باڵی
نمنم ئارەق کەفت لە توێڵ و خاڵی
دایکی دەسی برد ئارەقی سڕی
کچ بە نەرمێکۆ چاوی هەڵوڕی

(اسماعیلی، ١٣٩٣)

**٥- گۆرانی پێش پیشەسازی(مۆدێڕن):**

لەو وڵاتانەی کە ڕەوتی کۆمەڵایەتی زیاتر پێش چووە، گۆرانی دەورانی مۆدێڕن هەیە و دیارە گۆرانی دوامۆدێڕنێش بە دوایدا دێت، لە بەر ئەوەی کوردستان لە دونیای سێهەمە و لە دونیای سێهەمەدا، بۆ خۆی لە بەشی لە حاڵی بە ناو گەشەدایە، پیشەسازی نۆژەن لەم ناوچانە شکڵیان نەگرتووە و لە بەر ئەمەش گۆرانی کاری ئەم بوارە پێش نەکەوتووە، ڕەنگە لە کەرکووک یان شوێنی تر شتیوا لای کرێکارانی نەوت بێ.
ئێمە گەر سەیری ئەم گۆرانییەی یەک لە بلیمەتەکانی ئاوازی کوردی، مامۆستا حەسەن زیرەک بکەین، پێمان دەڵێت ئەو زەمانە ئەو ماشینگەلە کە هاتوونەتە کوردستان "لەندرۆڤیر" و "شۆڤیرلێت" بوونە کە لە خۆیدا ئەوە دەردەخات لەو کاتەدا ئێران لە گەڵ دوو وڵاتی ئەمریکا و ئینگلیس نێوانی خۆش بووە.

یاڵڵا شۆفیر زوو بگە یارم — زوو بگە یاری وەفادارم
لە دووری وی بێ قەرارم — بیللا لە گیانم بێزارم
بۆی ڕەنگزەرد و لێوبەبارم — تێ بکۆشە زوو ڕێک بخە کارم
شۆفیر ماشینت «لاندرۆڤێر» — توند لێبخوڕە، مەترسە، بوێرە
دەی بگەرە یارم خێرا — بیللا بێ وی زەینم کوێرە
شۆفیر ماشینت «ئۆدرپۆست»ە — پووڵم داوە، لێخوڕە مەوەستە
بگەرە ئەو چاومەستە — چاو باز و ئەبرۆ پەیوەستە
بمکوژێ حەقی بە دەستە — یاڵڵا شۆفیر زوو بگە یارم
شۆفیر ماشینت «شۆڤەرلێت»ە — گازی بدە دەفڕێ... دەڵێی شێتە
یار وێنەی ماینی کوێتە — توند توند برۆ کارم پێتە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

| | |
|---|---|
| قەتقەت مەڵـــێ ئاشـــق شـــێتە | شـۆفیر ماشـــینت تەختـــی کـــارە |
| تونـــد لـــێ بخـــوڕە لای ئێـــوارە | دڵ بــــــــۆ ئەو زۆر بــــــــێقەرارە |
| جـــووت مەمکـــی وێـــنەی هەنـــارە | (نقل از کاست حسن زیرک، بی‌تـا) |

## ٥- گۆرانی پرژ و بڵاو:

لێرەدا ئێمە هەندێ گۆرانی مان دەست کەوت کە لە چوارچیوەی ئەو دەستەگەلە جێگەیان نەدەبووەوە کە دیاریمان کردبوون، وەک گۆرانی کاروان، گۆرانی سەربازی یان ئیجباری، گۆرانی سەفەرکردن...یەک لەوانی قاڵیکردن.

### ٥- ١-گۆرانیی قاڵیکردن:

کوردستان بە هـۆی ئەزمـوونی مەڕ و مـاڵات داری، دەسـتێکی ڕەنگینـی لە چنینـی بەرگن و خۆری و مەرەز بە گۆرەوی و دۆڵاخ و پلاس و هۆڕ و شۆلەکە تا جاجم و مەوج و قاڵی بووە، ئەم دەس ڕەنگینیە ناوبانگی جیهانی هەیە (لەوانە قاڵی بیجار و هەوشار و گلیم و جاجمی سنە). قاڵیکردن کارێکی سەخت و دژوارە و درێژخایەنە، ئەم کارە زیاتر کچان و ژنان و جاری وایە کوڕان و پیاوانیش دەیکەن، قاڵی زیاتر لە ماڵەوە دەکرێ، زۆر جار شوێنی قاڵیکردن تەنگ و تروسک و تاریک و نماویە، هەندێ جار کچ لە بەر هۆنەر قاڵێکردن خوازبینی تایبەتی بووە و جاری وابووە لە بەر هۆکاری ئابووری (قاڵیکردن) بە شوو نەدەراوە، جاری وا بووە تا تەواو کردنی قاڵی ئیجازەی گواستنەوەیان پێ نەداوە، بۆیە قاڵی دەیتوانی بۆ کچـان ببێـتە گـێچەڵ و لە ژیانیـانەوە بپێچرێـت، هەر بـۆیە کچـان بە دەم قـاڵیکردنەوە، گۆرانیان وتووە و خەم و ئارەزووی خۆیان دەردەبڕیوە.

| | |
|---|---|
| چـــاوێکم دێشـــێ یەکـــێکم تـــانە | عاشـق یەکـێکم مـاڵ لە کوێـستانە |
| کراسەکەت دڕیا بۆ کراسێ ناکەی؟ | لە شووە گولەکەت بۆ حاشا ناکەی؟ |
| خـوای بـانی سـەر کـارێ پێم کەردەن | بێـــزارم لە گیـــان ڕازیـــم وە مەردەن |
| ماڵەکـــەی باوکـــت لەوپـــەڕی دێـــوە | خـوەم کـوڕە کـاروانچی پـاڵم دا پێـوە |
| من ماڵم بۆ چەس؟ ماڵ ئەڕای چەمە؟ | عـالەم ئینتیـزار گـوڵەکەی خـوەمە |
| قـاڵی و قـاڵیچە دوو گـوڵ لە بـانی | نـازدار دانیشـێ و چـاوجوان لە شـانی |
| هێـزی پێم نیـیە بچـمە سـەر یـاڵێ | بــــزانم نـــازدار هـــا لە چ مـــاڵێ |
| هەر سەرسەراوێ، دەنگ تۆی لێ نەیێ | یـاخوا کـوێرەو بـێ ئـاوی لـێ نەیـێ |
| دەسـڕەکەی دەسـتت بـۆ گـوڵی لێتـێ | بینێـــرە بـــۆ لام ســـەبووریم پێتـــێ |



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

### -٢-٥ گۆرانی کانی:

دێ و ئاوەدانی لە دەوری کانی و ئاو دادەمەزران، دێهاتەکانی کوردستان زۆربەیان یەک تا چەن کانیان بوو، رەنگە هەندێکیان لە کەناری چەم و کارێز هەلکەوتبن، پێش هاتنی لوولەکێشی کچان لە کانی ئاویان دەهێنا، نەک ئەوە لە کانی جلیان دەشۆرد، جاری وابوو بۆ چا لێنان بۆ کانی تایبەتی و دوورتر دەرۆیشتن، ئەم کارە ئەوانی پێکەوە گرێدەدا، پەیوەندی کۆمەڵایەتیان پێکەوە دادەمەزراند، باسی دێ و دڵخواز و داوکار و رەقیب و ناحەزیان دێنایە گۆڕێ، پێکەو شۆخی و گلەییان دەکرد و جاری وابوو گۆرانیان دەوت.

| | |
|---|---|
| خۆزگم بەو کوچکە کورسی لای | دایم نازداران دانیشن لە بانی |
| خوا دایکت بگرێ بۆ شەرم و حەیات | من کەی دەستم برد بۆ پامۆرەی پات؟ |
| پامۆرەی پاکەت زەنگیانەی ڕەشە | ژن دار و بێژن بۆ تۆ بێ هۆشە |
| قیبلەی حاجیان ها لە شومالەو | قیبلەی من هەر تۆی لا کەرە لامەو |
| کەم بێ و کەم بچۆ لەم دەور و پشتا | با خواکەی عالەم نەدەم بە گژتا |
| کەم بێ و کەم بچۆ ئەزانم جوانی | خوا کێف ئەوینێ بەفر ئەنێ بانی |
| خۆزگای من بوایەم لەجیای کڵاوەکەت | بقوپیام لە بان زوڵفە خاوەکەت |
| قەزات لە گیانم قاش ئەبرۆ پەیوەس | دڵەکەم دەربێنە با نەکا هەوەس |
| زڕەی تەلەفوون ناو شارەبانی | بۆم دەرهاتووە نۆ ساڵ زیندانی |

### ئاکام:

ئەم لێکۆڵینەوە دەری دەخات کە زۆربەی پیشەکان، گۆرانی کاری خۆیان هەیە، ئەم گۆرانیگەلە جاری وایە لە لایەن ژنان و جاری وایە لە لایەن پیاوانەوە دەوترێ، نەک هەر ئەمە بەڵکوو گۆرانیمان پەیدا کرد کە لە لایەن کچانەوە دەبێژرێ، هەندێ لەم گۆرانیانە بە تاک و هەندێکیان بە کۆ دەوترێن، هەندێک لە هەوای ئازاد و هەندێک لە ناو ماڵی دیوەرژنگدار و برێک لە بن کەپر و ساباتی زوزانان. شتێکی دیکە کە لەم گۆرانیانە دەردەکەوێت ئەوەیە کە هەندێ بەیتی ئەم گۆرانیانە لە شیعری شاعیران وەرگیراون، بەڵام هەندێ بەیت هەیە کە لە چەندین گۆرانی کار چەن پات بوونەتەوە، نەک هەر ئەمە بەڵکوو بەیتی وا هەیە کە گۆرانی ئاشقانەوە بگرە تا وێردی مەولوویی خوێندن و لاواندنەوە بەر گوێ دەکەون. ئەم گۆرانیانە وەزن و ئاهەنگی خۆیان هەیە و لە باری ناوەرۆکەوە گەڵی ناو کێوو و دەرە و لاپاڵ و ناوی ناوداران و ئاداب و رەسمی کۆنیان پاراستووە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

(محمد بیرونی، ١٥/ ٦/ ١٩٩٩)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

هەردیسـان چەنـدین نمـوونێن دیتـر هەنە کـو لسـەر شـەڕان و رویـدانێن دەڤەرێ پەیدابووین دناڤا ژێدەرێن دیرۆکێدا هـاتینە بەحسـکرن و بـووینە سـترا، هندەك سترانێن شـەڕان هەنە کـو گەلەك دناڤـدار ل سەرانسـەری مێژوویـا مللەتـێ کـورد ژئەوانـژی شـەڕێ شابانیێ هەر وەك هاتیە گوتن:

لولو میرو، بەلێ چبکم شادو شویدی ێادقی برو گەلەك هەنە
ب سێ دەنگا گازی دکەت خورتێ گولیا دەست هلینن
بەلێ هوینێ هجریما بکەنە سەر چەپەرێ شارانیێ
گەلی کو بچیکێت سەبابێت فەلا هوین نەرەڤن
های های لو رەڤین شەرمە
هایی لولو میرو، ئاغایێ گران و بێ تەکبیرو.

(کامیران درباس هروری، ٢٠٠٥، ١٨٧)

مللەتێ کورد ئێکە ژوان مللەتان کو گەلەك جاران توشی هیرش و شەڕان بوویە هەرووەك دهێتە گوتن:

شەرە زەینەبێ شەرە
فەرمان رابوو ژ ستەمبولێ ژ ئاغایێ مەرە
عەسکەرێ گران ژدەرگەهێ دیاربەکرێ هاتوو ژئاخا مەرە
روژا مرنێ چ جاران بەرێ خوە ژقوماندارێ دەولەتێ ناگوهەرە
زەینەبێ قەسرا مزیزەخێ دکورێ دا
دسەوگەرا بەرێ سپێدێ دا، سێ تابورێ نەزاما تورکا هاتنە تێدا.

(د. سەلاح هروری، ٢٠٠٤: ١٦٠)

کورد ب هەڤرا دگەل مللەتێن دی و ئایینێن دی ل سەر ئەڤێ ئاخێ دژیان، کانێ چاوان کوردان زورداری ژدەستێن دوژمنێن خوە د دیت، هەر وەسا مللەتێن دیترژی ئەڤ ستەمە ژدەستێ دوژمنـی د دیت و ب هەڤرا ب ئێش و ئازارێن هەڤدوو دزانین، دوژمنـی هەردەم ڤیایە هەڤرکیێ بێخیتە دناڤبەرا ئەواندا، دەڤەرا شنگال ژی د درێژاهییا مێژوویا خوەدا بوویە جهێ سرنجراکێشانا خەلکەکێ بیانی، لەوما بەرپەرێن مێژوویی د دەنە دیارکرن کو گەلەك هێرش و شەڕ و فەرمان ب سەردا هاتینە ب مەرەما داگیرکرنێ، ئەو شوڕ و نەخوشیێن کو بسەرێ شنگالێ هاتین باراپتر بووینە ستران و هاتینە گوتن بو نموونە وەك سترانا شەڕێ (شێخ میرزایێ ئاقوشی، شەڕێ فریق پاشا، گەلیێ کەرسێ، شەڕێ بەدەلێ عەلو. شەڕێ حاجی ابراهیم پاشا...هتد). ل ڤێرە دێ ئاماژێ ب هندەك ئەوان سترانان کەیین ئەوێن ب ئەڤان شەڕانڤە هاتینە گوتن:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

لێ داینێ لێ داینێ ێ ێ..
دیاری منو کۆلانا بەکرا بشەوتێ وا ب بەرا،
من دی ڤێ سبێ عەسکەرێ فریق پاشا رابوو خیڤەتا و
چادرێن خۆە دانینە سەرچەمێ زوقاینێ سەرگرێ عەرەبا
من دچ بەرێ توپان و تڤەنگا دابوونە یەکرا
سەربانێ خەلکێ کرنە مژو مۆران و مشوورا.

(رێسان حەسەن، ٢٠١٩: ٤٨)

ستران وەك تومارەکا مێژوویيە، ستران و نەخاسمە گوتنا ئەوێ کارتێکرنەکا مەزن هەیە ل سەر هەست و دەروونێ شەڕکەران ل دەمێ شەڕاندا هەروەك:

ئاغاۆۆۆ... ئاغاۆۆۆ... ئاغاۆۆۆ...
دیاری منۆ ملکێ فەقیرا و گوندێ کەرسێ ل بەرمەدە
بەلێ خودێ خراب بکە و ئاڤا نەکە
بەلێ خودێ زانێ ئەڤێ سبێ گولەیێن توپێ دەکە تاڤێ
تەیروکێ هاتنە ب سەر مالێت مەدا، .

(شکر خضر مراد، ٢٠٠٠، ١٨)

ل روژا ئێکێ ژ چریا ئێکێ ژسالا (١٩٣٥)، لیوا حسین فەوزی پاشا هێزەکا لەشکەرێ کارکر بۆ سەر چیاینێ شنگالێ کو پێکهاتبوو ژ فورقەکا لەشکەری و توپ و تەیاران بەرێ خودانە سەرێ شنگالێ، د ئەنجامدا شەڕەکێ گران چێبوو، هەروەك دەقێ ئەڤێ سترانێدا دیاردبیت.

لێ داینێ، جارێ ئەز بکەڤنە خەرباتێ گوندێ بەکرا کەتم
شەڕێکێ ل مە چێبوو ل کرانا کور موبارەك
نە ب ڤی کاری ئویی، ئویی، ئویی
رەب ئەلعالمین خەراب بکە و ئاڤا نەکە مالا دەلیل و رێزانا...

(میرزا حسن الدناني، ١٩٩٤، ٢٠)

ستران وەك چەکەکێ بوویيە، ژبۆ بەرگیریکرنێ ژئاخ و بیر و باوەرێن خۆە، دەڤەرا شنگال ژی هەردەم شەڕ و روودان لێ دروست بووینە، بارا پترا ئەڤان شەڕانژی ب رێکا سترانێ هاتینە پاراستن.

گەلی باب و برا دەستێ مەدا ئیرو نەما ژ غەیری قایشا میراتا دارێ تڤەنگێ...
لێ لێ داینێ ێ ێ ێ...



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خەباتەکا میرا بکەن، چاڤێ خۆە ژ عەسکەرێ پاشا نەشکێنن، دەستێ خۆە ژتڤەنگا نەقەتینن.

(میرزا حسن الدناني، ١٩٩٤، ٢٠)

هەلبەت ژیان و سروشتێ جڤاکێ کوردی و دەڤەرێن ئەوێ، کارتێکرنەکا مەزن هەبووییە ل سەر پێشڤەچوون و دەولەمەندییا سترانێ. مللەتێ کورد دکەڤندا دوژمن گەلەك هەبووینە، ئەڤان دوژمنان ژی هەردەم ڤیاینە دوژمنایەتیێ دگەل بنەماییێن ئاغاییێن کوردان بکەن ب تایبەت ژی (شکاکان)، چونکی هەردەم ئەڤان سەرکێشا سەرهلدانێن کوردان دکرن، لەوما هەمی دەمان دوژمنان هەولداینە ژناڤ ببەن و ژێ رزگاربن.

بەگێ منو... سوبەیە گەل بەیانێ
میرێ منو... سوبەیە دگەل بەیانێ
کاغەزەکا هاتی ژ ئیرانێ
ژتەرەفێ تویرانێ
شاهی عەجەم مللوکێت کوردا
خواستبوونە تەویرزی ل دیلەمانێ.

(کامیران درباس هروری و شڤان شوکری هروری، ١٥)

گەلەك ژمێرخاسێن کورد هەبووینە کو رابووینە ب ئەنجامدانا چەندین شەران ژ ئەوانژی (سمکویێ شکاك)، ل سەدێ بیستێ ئەوی سەرکێشیا شورەشێن کوردان کرییە، لەوما ژبوو دوژمنی جهێ مەترسیێ بوویە، گەلەك جاران شەڕ و پێکدادان دناڤبەرا لەشکەرێ ئەوی و هێزێن ئیرانیاندا رویداینە هەر وەکی دەقێ ئەڤێ سترانێدا خۆیا دبیت:

ئاغاوو ئاغاو رابە سەرێ ملیکێ مالا بابێ منو رابە
جلێ ئاغاتیێ دانە، جلکێ قاجاغان و فرار بکە بەرخو
رێکا تەهرانێ دویرە ڤێ سبێ بدە بەرخۆە
ئەو گاڤا تو بچیە دیوانا شاهێ عەجەما سەری نە چەمینە
سەری بدە بەرخۆە.

(د. سەلاح هروری، ٢٠٠٤: ١٣٨)

ژ ئەگەرێ کوشتنا ئەڤی کەسێ خودان شیان و ب هێز کارتێکرن گەلەك ل گەلێ کورد بوو، چونکی کەسایەتیەکا بلیمەت بوویە، هەروەك دسترانانداا ئەڤ چەندە خویا بوویە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

ئێك ژوان شەڕێن كو بووینە ستران و هاتینە گوتن شەڕێ (كەلا دمدم)ە، كو شەڕەكێ ناڤدارە دمێژوویا مللەتێ كوردا، بۆ نموونە:

خورمینە خوش خورمینە
مەسەلاخانێ چەگ زێرینە،
ئەڤا راستە، درەونینە،
خانەک هەبوو ژ هوقریبا
چول و بەستا د گەرییا
ل جی وارا نە هیورییا
خان رابوو ژ كوردستانێ،
چو پاشایێ ئیرانێ

(شوكریا مستەفا، ١٩٨٦، ٢٨).

مللەتێ كورد، كەسێن ناڤدار و خودان شیان تێدا هەنە، ناڤێن ئەوان دناڤا ژێدەراندا هاتینە پاراستن ژ ئەگەرێ زیرەكی و شیانێن ئەوان ل دەمێ شەڕان و نەخوشیاندا، هەروەك (كورحسێن پاشا) سەروكێ هوزا حەیدەرانە كو خۆەدانێ دەستەلاتەكا مەزن بوو ل دەڤەرا (وان و بایەزیدێ). ئێك بوو ژ ئەندامێن كومەلا ئازادیخوازێن كوردستانێ، ئەوی پشكداری دگەلەك شەڕاندا كرییە بۆ نموونە:

لۆلۆلۆ سوبەیە تەرێ من دكێشە یۆیۆیۆ
ئاخ دلێ من دبەر خەمێدا یۆیۆیۆ
بەلێ دبێت كۆر حسێن پاشا بوو یۆیۆیۆ
ئاخ ل دنێدا یۆیۆ
وەلە گەل بچنە نک شێخێ بالیزانێ
چەوا مەزبەتە سەنەدێ خۆە چێكرن

(شوكریا مستەفا، ١٩٨٦: ٢٨)

دناڤا دیرۆكا گەلێ كورداندا ،. كانێ چەوا هەڤركی هەبوویە لگەل دوژمان ب ئاوایەكێ دیتر ژی، هەڤركی هەبوو، ب تایبەت دناڤبەرا میرگەهێن كوردیدا، و هەڤركیا دناڤبەرا بنەمالێن حوكمراندا ژی بۆ نموونە. سترانا (قەشەمێ)، كو گەلەک راستیێن دیرۆكی تێدا دیار دبیت بۆ نموونە:

میرەكێت جزیرا بوتان میرەكێت عەزیزایا
خورتێن مالا بەدرخان بەگ شال و شەبكێن بوتانیان لبەر خوە كرینە

(یاسین حسین گورانی، ١٩٩٨، ٢١٥).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

دناڤبەرا ئیلا هەکارییان و ئیلا بەسرا گەلەک هەڤرکی هەبوون شەڕێن گران دناڤبەرا هەردوکاندا رویدان، هەروەک چەند دێر دهێنە گوتن پشتی چەندین شەڕ و دووبەرەکی دناڤبەرا ئەڤان عەشیرەتان رویداین ئێک ژ ئەوانژی:

میر مال و مقەدەرا مە ژنەقانا ڤێ تێیە،

وەک ئاگرەکێ مەزن ڤێکەتیە، باران ب سەردا ببارە

ئار ژخۆە بمرییْنە

ئەو کێ ژیرا سەرێ بمریە بمریە

(ئوردیخانێ جەلیل، ٩٨)

هەردیسان، بەحسێ بزاڤێن (میر ئێزدین) ژی دهێتە کرن دناڤا سرانا فولکلوریدا، شەڕێ ئەوێ د دوو چەپەراندا دژی میرێن دەڤەرا و دژی ئوسمانیا هەروەک دسترانا ل (تیلانێ هەیا بتیلانێ) دا دیار دبیت:

دەبلا بێتە خوارێ چەپەرێ خۆە چێ بکا

ل گەلیێ زاخۆەیێ برا جڤاس هەنە رۆمیا وپساغا

کورم هما چ جار شەڕێ کۆرێ بوتان و شینکان

سار خۆەش و سارماندێ چاوێ سەرا خۆە نەدی تنە

(عبدالفتاح علی یحیی، ١٩٩٧، ١٥٩-١٦١).

هەروەک مەدایە دیارکرن کو ل سەرانسەری مێژوویێ مللەتێ کورد تووشی هەرەشە و شەڕان بوویە، و گەلەک کەس هەبووینە کو سەرکردە بووینە د ئەڤان شەڕاندا و هەردەم بەرهنگاری ژ ناموس و کەرامەت و ئاخا وەلاتی کرینە، هەروەک بزاڤا (شێخ مەحموودی) ل سالا (١٩١٩)، ئەوی سەرهلدان کرییە ل دژی بەریتانیا شەرەکا قەومی ل چیایێ سورداشێ وا ب بەرا بەلێ سوبا...

عەسکەرێ ڤی نەیاری... قەلەرەشکا وا ب بەرا ڤێرینە هات سەرا

بەلێ شادوشۆخا شێخ مەحموود

شەرێ مە د چەپەرادا نامینیت ئەشهەدو بیلا گەلی برا

دێ خار کەڤیت و بەلاڤەبیت و کەفتە چیا و دولا دەلیلو دەلیلو... (د.سەلاح هرروری، ١٣١).

((زولم و زورداری دوژمن و داگیرکردن و داگیرکاری لە مللەتی کورد کردووە، ئەم شتە لە ئەدەبیاتدا رەنگ بداتەوە، کوردەکان هەمووکان داوای سەربەخوییان دەکرد و هەمیشە شەڕی بۆ ئەم داواکارییە کردووتەوە هەر بۆ نموونە:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

گەلی باب و برا خەباتا میرا بکەن
دەنگ ل خورتێن کوردستانێ بکەن
ب جووتا رەختا گرێدەن، بکەن ب لەزینن

(عەلی تەتەر نێروەیی، ١٩٩٧، ٢٩٩)

سترانێ چەندین رویدانێن دیرۆکی د ناڤەرۆکا خۆەدا پاراستینە، گەلێ کورد دیرۆکا خۆە ووندانەکرییە، بەلکو کرینە ستران و چیرۆک و سەرهاتی ستران بووینە ژێدەرەک ژبۆ پاراستنا دیرۆکێ، ستران ب چەندیێن شەڕ و نەخوشی و ئاریشێن کو ب سەرێ گەلێ کورد و هوزێن کوردی هاتین، چەندین ستران هاتینە ڤەهاندن و گوتن، ل خوارێ بشێوەێ خشتە دێ ئامازێ دەینە ناڤێ ئەوان سترانان ئەوێن کو ب شەڕانڤە گرێدای دێ ئامازێ دەینە ناڤێ هندەک ژ ئەوان یێن کو بەحسی ئەوان هاتیەکرن:

سترانێن ل دور شەڕان

| | | |
|---|---|---|
| شەڕێ پیر بەدەلێ | شەڕێ زوزک و هندرینا | شەڕێ حاجی ئیبراهیم پاشا |
| شەڕی گەلیێ میزارێ | شەڕێ سوارەتوکا | شەڕێ لیوا حسێن فەوزی پاشا |
| شەڕێ شابانیێ | شەڕێ شابانیێ | شەڕێ بەوەلێ عەسۆ |
| شەڕێ عەلیێ ئەحمەد | شەڕێ تەنگا بانێ | شەڕێ گولییا |
| شەڕێ خەمیکێ سەیدا | شەڕێ مالا عەرەبی | شەڕێ گەلیێ مزیریا |
| شەڕێ چیایێ گریداغێ | شەڕێ گا بنیرکێ | شەڕێ بێتە نویرێ |
| شەڕێ تەمەربەگێ ملا | شەڕێ بەسرایێ | شەڕێ ئیبراهیم بەگێ |
| شەرە شەڕە | شەڕێ زمینەلدینی | شەڕێ تیارێ |
| شەڕێ خورت و دەکا | شەڕێ حەسەن قەلی | شەڕێ سەرێ قێرێ |
| شەڕێ کەلا میرێ کورە | شەڕێ مالا عەلیێ ئونس | شەڕێ ئاغبارانێ |
| شەڕێ ئاکرێ | شەڕێ مزیق پاشا | شەڕێ زیلان و حەیدەران دگەل تورکان |

**ئەنجام:**

١. سترانێ گەلەک تایبەتمەندییێن رەسەنێن کوردەواری، و گیان و کاراکتەرێ نەتەوەیی و نشتمانییێن مللەتێ کوردستانێ، دناڤا خۆەدا یێن ڤەژاندین و داینە نەخشاندن.
٢. ستران شیایە چاند و تورە و ژیانا کوردەواری ب هەمی ئالێن خۆڤە خۆەیا بکەت، وەک شەڕ و ململانێ و حەزکرن، تێکەلی و دانوستاندنا جڤاکی، ئابووری...هتد.
٣. ستران وەک ژێدەرەکێ دیرۆکی یێ گرنگ دهێتە هژمارتن.
٤. چەندین رویدان و شەڕ و فەرمان ب رێکا سترانان هاتینە پاراستن.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٥. د شەڕ و فەرماناندا هەر دەم قارەمان و عەگیدان ناڤ ل هەڤدوو دایە ب مەرەما سەرکەفتنێ.
٦. سترانا شەڕی خۆەیاکرنا جورەکێ قارەمانیێ و هاندانێیە ژ بۆ گەلەک کەسان، کو شەڕی ژ بۆ تشتێن پیروز و ئارمانجێن بلند بکەن.
٧. سترانا شەڕی یا فولکلوری گەلەک ژ دیرۆکا بەرزە یا مللەتی ڤەگرتیە، و پاراستیە، لەو ما دبیتە ژێدەرەکێ گرنگێ دیرۆکی.
٨. سترانا شەڕی یا فولکلوری مێژوویا وێ بۆ دەمێن کەڤن دزڤریت

## ژێدەر:


١. هیمداد حوسێن (٢٠٠٧): ئەدەبیاتێ فولکلورێ کوردی دەق و لێکولینەوە، چاپخانا شەهید ئازاد، کەرکوك.
٢. محەمەد موکری (١٩٩٩): گورانی یا ترانەهای کوردی، چاپخانا وەزارەتی رەوشەنبیری، هەولێر.
٣. سەلام ناوخوش (٢٠٠٥): کوردولوجی، چاپا ٦، چاپخانا رۆژهەلات، هەولێر.
٤. ئەحمەد حەیرانی (٢٠٠٥): بنەماکانی سترانی کوردی، گوڤارا کاروان، ژمارە ٢٠٠) هەولێر.
٥. جوتیار اسماعیل نبی (٢٠١٣): ناڤەرۆکا حەیرانۆکا کوردی، ناما ماستەرێ، زانکویا دهوك، کولیژا ئادابێ، دهوك.
٦. مردان رفعت ابوزید (٢٠٢١): ڕەنگڤەدانا کەلتوری درۆرمانێن (محمد سلیم سواری دا)، چاپا ١، پەرتەکخانا گازی، دهوك.
٧. ئەسعەد عەدۆ: لاۆك و حەیران لە فولکلوریدا، گوڤارا رەوشەنبیری نوێ، هەولێر.
٨. هێمن جاسم محمد (٢٠١٥): هونەری گێرانەوە لە چیروکی فولکلوری کوردیدا (چیروکی مندالان)، ناما ماستەرێ، زانکویا سەلاحەدین، هەولێر.
٩. کامەران موکری (١٩٨٤): ئەدەبی فۆلکلوری کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا.
١٠. نبیله ابراهیم (١٩٩٩): اشکال التعبیر فی الادب الشعبی، ط ٢، مطبعة (دار النهظة للطبع والنشر)، بیروت.
١١. باسل نکیتین (١٩٦٧)، الأکراد، ترجمة دار الروایع، بیروت.
١٢. ئوردیخانێ جەلیل (١٩٩٧): سترانا زارگوتنا تاریقی، بەغداد.
١٣. عبدالقادر منظور (١٩٩٥): اغنية شعبية في الجزائر، ط ١، مطبعة شرف الجزائري، جزائر.
١٤. تومابوا (١٩٦٩) : مع الأكراد، بغداد.
١٥. عزەدین مستەفا رسول (١٩٨٢) : دراسة في الأدب الفلكلور الكردي، بغداد.
١٦. (٢٠٢١) : مفا وەرگرتن ژ بابەتێ فولکلوری، قوناغا دووێ، کولیژا پەروەردا بنیات، پشکا زمانێ کوردی، زانکویا دهوك، دهوك.
١٧. تێلی ێالح موسی (١٩٨٦): سترانێن دیلانێن فولکلوری، گوڤارا رەوشەنبیری نوی، ژ ١١١، هەولێر.
١٨. سەلاح هروری (٢٠٠٤): چەند بابەتێن دیرۆکی دسترانا دیرۆکی یا کوردی دا، چاپا ١، سلێمانی.
١٩. رێسان حەسەن (٢٠١٩): ستران وەك هاندەرەك د شەڕان دا، چاپخانا گازی، دهوك.
٢٠. ئیدریس عەبدولا (٢٠١٤): ئەدەبێ میللی و فولکلوری، بگ ٣، چاپخانا حاجی هاشم، هەولێر.
٢١. جەمیل شێلازی (٢٠١٦): چەپەرێن پاشایی ل چیایێ مەتینا، گوڤارا دیرۆك، ژ ١٢، دهوك.
٢٢. صلاح محمد سلیم (٢٠٠٤): رویدانێن سالا ١٩١٩ ل دەڤەرا بادینان دسترانا دیرۆکی یا کوردی دا، چاپخانا زانکویا دهوك، دهوك.
٢٣. کامیران درباس هروری و شڤان شوکری هروری (٢٠٠٥) : سترانێن گەلێرێ، چابخانا سبیرێز، دهوك،
٢٤. شکر خضر مراد (٢٠٠٤): شەڕێ حاجی ابراهیم پاشا، گوڤارا لالش، دهوك.





Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٢٥. ميرزا حسن الدنانى (١٩٩٤): اغاني الفلكلور في شنگال، مجلة لالش، دهوك.
٢٦. شوكريا مستەفا (١٩٨٦): كۆمەلە تێكستێ فولكلورێ كوردي، چاپخانا هاشم، هەولێر.
٢٧. ياسين حسێن گورانى (١٩٩٨): لاوك و سترانێن كوردەوارى، چابخانا وەزارەتى رەوشەنبيرى، هەولێر.
٢٨. عبدالفتاح على يحيى (١٩٩٧): بوتان والبوتانيون، گوڤارا كاروان، ژ٢٩.
٢٩. عەلى تەتەر نێروەى (١٩٩٧): بزاڤى رزگاريخوازى نەتەوەى كورد لە كوردستانى عيراق لە سالەكانى جەنگى عيراق و ئيران، زانكويا سەلاحەدين، هەولێر.

## الأغانى الحربية الفلكلورية منطقة بادينان أنموذجا

**الملخص:**

تعتبر الأغنية اكبر وأقدم جزاء من الأدب الشعبي. كل أمة لها أغانيها وموسيقاها الخاصة التي تعرف بها، مما يعني أن كل أغنية تأخذ في الاعتبار جميع ميزات أمة معينة. بالإضافة إلى ذلك، تعتبر الأغنية عاملا للراحة النفسية للعديد من المواقف النفسية لأي امة أو شخص يمر بها، مثل التعبير عن السعادة والتحفيز والدعم للحرب أو لإنجاز عمل ما. علاوة على ذلك، تعد الأغاني ثروة خاصة بأمة او مجتمع ما، وإذا استمعنا جيدًا للأغاني الشعبية وحصلنا على المعنى الأساسي لها، في ذلك الوقت سوف نفهم المعنى الدقيق لها وسيظهر الهدف الرئيسي للأغنية وواجبها، إلى أي مدى يمكن أن تعبر عن المجتمع.

من خلال حياة الإنسان حدثت الحروب، واثرت الحروب في حياة الناس، ولهذا السبب في كثير من الأحيان لجعل أوضاعهم أفضل، حاولوا غناء الأغاني ومن خلال الغناء كانوا يريحون أنفسهم، لأن أغنية الحرب كانت دعمًا ومساعدة. مساعدة الناس على عدم التفكير في الموت وهي فكرة تحيط بالناس في معظم الأحيان. كما أنها الأغنية التي يمكن أن تحل محل الأسلحة. يتكون البحث الحالي من قسمين: (القسم الأول هو الجزء النظري الذي يحتوي على التعريف والأنواع والمضمون وخصائص الأغنية، والقسم الثاني هو الجانب العملي الذي يتحدث عن الأغاني الحربية).

**الكلمات الدالة:** *الأدب الشعب، الأغنية، التاريخ، أغنية الحرب، البطل.*

## The Folklore War Songs Bahdinan Area as a Case Study

**Abstract:**

Song is considered one of the greatest and ancient part of the Folk literature. Each nation has its own especial songs and music that they are known by it, which means that each song takes into account all the features of a specific nation. In addition, the song considered a psychological relief for many psychological situations of

any people or person going through it, for instance expressing happiness, motivation and supporting for war or to get something done. Furthermore the songs are counted a regional wealth, and if we listen carefully to the folk songs and we get the core meaning of it, at that time we will understand the exact meaning of it and it will show the main goal and duty of the song in which to what extent it can express the society.

During the human life there were wars, and people themselves were affected by these wars, that is why many times for making their situations to a better one they tried to sing songs and through singing they relieved themselves, because war song was a support and an aid for people to not think of death which is an idea that most of the time surrounding people. Also it is the song that can replace the weapons .

The current research consists of two sections: (the first section is the theoretical part which contains the definition, types, content and song features, the second section is the practical side that talks about war songs).

**Keywords:** *Folk literature, song, history, war song, hero.*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# ئیستاتیکای شوێن لە سترانا فۆلکلۆری کوردیدا
# (سترانا تێلی) وەك نموونە

د. سالار عوسمان
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان- هەرێما کوردستانێ/ عێراق.
د. پەیمان محەمەد عومەر
پشکا زمانێ کوردی- فەکۆلتییا زانستێن مرۆڤایەتی-زانکۆیا زاخۆ- هەرێما کوردستانێ/ عێراق.

**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمە لە ژێر ناونیشان (ئیستاتیکای شوێن لە سترانا فۆلکلۆری کوردیدا (سترانا تێلی) وەك نموونە) هەوڵدانێکە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵ و پێگەی شوێن. مرۆڤ لەسەر ڕووی زەویدا بەبێ شوێن بوونی نییە، ئەو شوێنانەی مرۆڤ تیایدا دەژیت، تەنیا شوێنێکی جوگرافی نییە، بەڵکو هەڵگری ئەزموون و بەها و مانای مرۆڤایەتییە، واتە شوێن کاریگەری لەسەر دەروون و دەستنیشانکردنی ناسنامەی کەسایەتی و تایبەتمەندیی مرۆڤ هەیە، جا هەر جۆرە کەسایەتییەك بێت، کەواتە شوێن خاوەن دەسەڵاتە و دەبێتە هۆی جیاوازیی نێوان چینەکانی کۆمەڵگا، بێگومان مرۆڤیش کاریگەریی قووڵی لەسەر شوێن هەیە، ئەمەش پەیوەستە بە پێشکەوتنی هزری مرۆڤ، واتە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و شوێن، پەیوەندییەکی فرەلایەن و کاریگەر قسەهەڵگرە .

شوێن بە پێی جۆرەکانی، پێگە و گرنگیی خۆی لە دەقی ئەدەبیدا هەیە و بە نەبوونی دەبێتە هۆی لەدەستدانی بەهای هونەریی دەق.

ئەم باسەی ئێمە خوێندنەوەیەکی شیکاریی وەسفیی ئامارییە بۆ (ئیستاتیکای شوێن لە سترانا فۆلکلۆری کوردیدا (سترانا تێلی) وەك نموونە)، (سترانی تێلی) سترانێکی فۆلکلۆری کوردیی باکووری کوردستانە، کە باس لە عیشق و ئەڤینداری دەکات و لە ڕێگەی وەسف و پەسنی (تێلی) ی ئافرەت و مەعشوقدا، بە قووڵی لە شوێن دەدوێت، واتە لە ڕێگەی وەسفێکی هونەریی سەرنجراکێش بۆ (سترانی تێلی)، ئیستاتیکای شوێن بەرجەستە دەبێت و وەك تابلۆیەکی هونەری چەند شوێنێکی هەمەجۆر زەلال و بەرجەستە دەبێت.

ئەم باسە هەوڵێکی خاکەڕای زانستییە بۆ قسەکردن سەبارەت شوێن لە دەقێکی فۆلکلۆری کوردیدا، بە ئارمانجی پتر ناساندن و قووڵبوونەوە بە نێو دەقە ڕەسەنە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

فۆلکلۆرییەکانی نەتەوەی کورد، بە ئاراستەی زانینی بەهای شوێن و دەستنیشانکردنی ڕێژەی بەکارهێنانی جۆرەکانی شوێن لەو سترانە فۆلکلۆرییە کوردییەدا.

**پەیڤێن سەرەکی:** شوێن، ستران، فۆلکلۆر، تێلی، باکووری کوردستان، نەتەوەی کورد، ئیستاتیکا، دەق.

---

**پێشەکی:**

بەشێوەیەکی گشتی هەبوونی شوێن پێش مرۆڤ بابەتێکی روون و ئاشکرایە؛ چونکە بێ شوێن مرۆڤ بوونی نییە یاخود پەیوەندیەکی پتەو لە نێوان مرۆڤ و شوێندا هەیە، کە هەموو مرۆڤێك شوێنی خۆی هەیە؛ بەڵام مەرج نییە هەموو شوێنێك مرۆڤ تێدا بژیت، واتە پەیوەندی نێوان شوێن و مرۆڤ پەیوەندییەکی کارلێکراو کارتێکەرە.

بە شێوەیەکی تایبەتیش، شوێن لە بواری ئەدەبدا تایبەتمەندی و بەهای هونەری و ئیستاتیکای خۆی هەیە، یاخود داهێنەر بە پێی ویستی خۆی گۆڕانکاری بەسەردا دەکات. شوێن لە رووی سێ جەمسەرەوە (پێکهاتەیی، پانتایی، نیشتەجێبوون و جێگۆڕکێ) لە نێو دەقدا رۆڵی خۆی لە بەرجستەکردنی تایبەتمەندی و ئیستاتیکای دەقدا دەبینێت. کاری ئێمە تەنها لەسەر دەقی سترانا فۆلکلۆرییە، بە تایبەتی (سترانا تێلی)، سترانێکی فۆلکلۆری کوردیی باکووری کوردستانە، کە باس لە عیشق و ئەڤینداری دەکات و لە ڕێگەی وەسف و پەسنی تێلی-ی ئافرەت و مەعشوق، بە قوولی لە شوێن دەدوێت. واتە لە ڕێگەی ئیستاتیکای شوێن وەسفێکی هونەری سەرنجراکێش بۆ (سترانا تێلی) بەرجەستە دەبێت.

- **ناونیشانی لێکۆڵینەوە:** ((ئیستاتیکای شوێن لە سترانا فۆلکلۆری کوردیدا (سترانا تێلی) وەك نموونە)).

- **رێبازی لێکۆڵینەوە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر بنەمای ڕێبازێکی (وەسفی، شروڤەکاری، ئاماری) ئامادەکراوە.

- **گریمان:** - هۆکاری هەبوونی ونەبوونی ئیستاتیکای شوێن لە (سترانا تێلی) دا چی یە؟
  - دەستنیشاکردنی ڕێژەی هەبوون و نەبوونی جۆرەکانی شوێن لە (سترانا تێلی) دا؟
  - ڕێژەی کام جۆر لە (سترانا تێلی)دا زاڵترە؟
  - ڕێژەی هەبوون و نەبوونی ئاماژەی ناراستەوخۆ بۆ شوێن لە (سترانا تێلی)دا؟
  - ڕێژەی کام ئاماژە زاڵترە لە (سترانا تێلی) دا؟



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- **ئارمانجی لێکۆڵینەوە:** خوێندنەویەك بۆ ئیستاتیکای شوێن لە سترانا فۆلکلۆریدا دەکرێت و جەخت کردن لە (سترانا تێلی)، یاخود ئێمە هەوڵمانداوە بەها و ئیستاتیکای شوێن لە تێکستی فۆلکلۆری( سترانا تێلی) لە ڕەخنەی ئەدەبیدا روون و ئاشکرا بکەین.

- **بەشەکانی لێکۆڵینەوە:**

پێشەکی.

- بەشی یەکەم: شوێن (زاراوە و چەمك و شرۆڤە، جۆر و خەسڵەت و ئەرکەکانی) .
- بەش دووەم: شوێن و پراکتیزەکردنی لە (سترانا تێلی) دا: بەندی یەکەم: تێکستی( سترانا تێلی). بەندی دووەم: شوێن و (سترانا تێلی).
- ئەنجام.
- لیستی سەرچاوەکان
- ملخص البحث
- Abstract

**بەشی یەکەم: شوێن: زاراوە، چەمک و شرۆڤە**

**زاراوەی شوێن**

لە زمانی کوردیدا، هەر بۆ شوێن، جێ و جیگە و جێگا و جێه و جە و شوون_یش بەکاردێت، کە لە زمانی عەرەبیدا (مکان، محل) (نظام الدین: ١٩٨٩: ل ٤٨٦)و لە زمانی فارسیدا هەر (مکان) (پوور: ٢٠٠٨: ل ١٢١٩)_ە عەرەبیەکە بەکاردێت و لە زمانی ئینگلیزییشدا (Place) (علی: ٢٠١٥:ل ٣٠١) بەکاردەبرێت و لە هەندێ فەرهەنگیشدا جۆرێک لە تێکەڵی لەنێوان شوێن و ناونیشان و پەیڤ گەلێک یتر هەن، کە ئیتر کاتی هاتووە و درەنگیشە بە هەڵەی نێو فەرهەنگەکانیشماندا بێینەوە.

**شوێن: چەمک و شرۆڤە**

شوێن و مرۆڤ و سەرجەم ئەو پرس، بابەت و پێوەندییانەی لە نێوانیاندا هەیە، بابەتگەلێکی مێژوویی، فەلسەفیی ئینسانیین و لە هەر گۆشەیەکەوە لێوەی بدوێین دەمانخا تەسەر ئەو ڕاستەڕێیەی، کە شوێن و مرۆڤ دوانەیەکی بنیادیین و قسەکردن لەهەر بابەتێکی ژیان، بێ قسەکردن لە شوێن و مرۆڤ، یا ناکرێت، یان زۆر کاڵ و کرچ و کەم مانا دەردەچێت.

لەبەرچی بابەتێکی مێژووییە؟.. لەبەر ئەوەی لەوەتەی مێژوو هەیە شوێن هەیە و تێکڕای ئەو بو یەر و بزاڤ و چالاکییانەی هەبوون و هەن و ڕوودەدەن لە شوێنێکەوە ڕوویانداوە، بابەتێکی فەلسەفییشە، چونکە دەگەڵ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خۆیدا هەڵگری پرسیار و لێکدانەوە و ڕاڤەی جیاوازە، هەمدیس بابەتێکی ئینسانییشە، لەبەر ئەوەی هەمووو ئەو بویەر وچالاکییە پرسیارهەڵگرانە پەیوەستن بە خودی ئینسانەوە.

هەر لێرەدا و نزیک لەو تێگەیشتنە، کە ئایا بۆچی لە باسکردنی شوێندا چەمکی مێژوومان خستۆتە پێش ئینسانەوە، دەکرێ ئاوا شرۆڤەی بکەین، بەر لە مرۆڤ شوێن هەبووە، واتا خودا سەرەتا گەردوونی دروست کردووە و ئینجا مرۆڤی، چوون جێنشینی خۆی خوڵقاندووە و ناو و زمانەکانیشی فێرکردووە، (هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّاسْتَوَى إِلَى السَّمَاء فَ سَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيم) (القران الكريم: سورة البقرة: ٢٩) (وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلاَئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً) (القران الكريم، سورة البقرة: ٣٠)، (وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا) (القران الكريم، سورة البقرة: ٣١ )، کە واتە شوێن سەرەتایە و دواتر مرۆڤەکان، لەگەڵ ئاوەدانکردنەوەدا، مەبەستیشمان لە ئاوەدانکردنەوە ژیانە، چونکە ئەوە ژیانە مانا بە شوێن دەبەخشێت و بە کورتی: مرۆڤ شوێن مانادار دەکات و ئەگەر مێژووی هەوڵی مرۆڤە کانیش بخوێنینەوە، دەبینین لەهەر سەردەم و قۆناغێکدا مرۆڤەکان ویستوویانە شوێن مانادار بکەن، بە نموونە شوێنگە سەرەتاییەکان، بن بەرد و ئەشکەوتو کوخ و ماڵ و تەنانەت سەرجەم ئەو نەخش ونیگارە هونەرییانەیش، کە مرۆڤ لە قۆناغە جیاجیاکاندا و تا بە ئەمرۆیش دەگات، نەخشاندوونی، کە پڕن لە جیاوازیی و پەرەسەندن، ئەو ڕاستییەمان لا ڕوونتر دەکەنەوە، کەمرۆڤ نەک هەر هەوێنی ئاوەدانی شوێن بووە، بە ڵکو مانایشی بە شوێن بەخشیوە.

مرۆڤ نییە بێ شوێن، لێ شوێنگەلێکی زۆر هەن بێ مرۆڤ، بۆیە شوێن بە مرۆڤ و ژیان و بزاڤەکانەوە پترماناداریی وەردەگرێت و مەبەستی ئێمەیش لەو لێکۆڵینەوەیەداشوێنە بە مانای ژیان.لەبارەی شوێنەوە پێناسەکان زۆرن و ڕوانگای جیاوازییش هەس، پێدەچێت یەکەم کەس، کەپێناسەی شوێنی کردبێت، ئەفلاتون بێت، کە دەڵێت: (شوێن گرتنەخۆ و تێدابوونە ، بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە و لە سێ مەودا پێک دێت) (ابراهیم: بدون سنة الطبع: ص٥٢٠) و دواتریش ئەرستۆ پشتیوانی ڕاکەی کردووە و پێیوایە، شوێن ئەو ڕووە ناوەکییەیە، کە تەنێک لە خۆ دەگرێت) (عبدالمعطي: ١٩٨٤: ص ٢٩٠) و زۆربەی پێناسەکان، وەک ئەفلاتون وئەرستۆ، یا ڕاستتر بڵێین، جەخت لەسەر بوونێکی راستەقینە و گرتنەخۆیی دەکەنە وە،کەواتە دەکرێ بڵێین، زۆربەیان مەتریالییانە پێناسەی شوێنیان کردووە، هەر لەسەر ئەو بنە مایەیش، کە دیکارت وەک هەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگر باس لە بوونی شوێن دەکات ودەڵێ ت: (شوێن لە خودی مەتریال پێک دێت)، ئەم بۆچوونەی دیکارت زۆر گەنگەشە خوڵقێن نییە بە ئاراستەی جیاوازیی، چونکە ئایدیالییەکانیش لەمەڕ چەمکی شوێنکۆک و یەکڕا نین، هەندێ خودییانە و هەندێ بابەتییانە لە مەسەلەکە دەڕوانن، خودییەکان پێیانو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ایە هۆش و بابەتییەکانیش پێیانوایە ڕۆح شوێن دەکات بە بوون، ئەگینا هەردوولا لەسەر ئەوە کۆکن کە شوێن و تەنانەت کاتیش بوونی بابەتییان نییە.

ئێستا ڕوونتر دەکرێ بڵێین: شوێن بوونە، بوونێک کە خەسڵەتی گرتنەخۆیی لە خ ۆی دەگرێت و (شێوەی بوونی کەرەستەیە، کە جێی بوون قەبارە و دووریەکانی تەن دیاردەکا ت)(بودو ستنیک و اخرون:١٩٧٠: ص٤٥).وەک چۆن مرۆڤ بوونەوەرێکی شوێنییە،ئاوا شوێنیش بوونێکی گرتنەخۆییە و هەر قەبارەیەک بچووک یا گەورە، زیندوو یا نازیندوو لە شوێنێکدا خۆی گرتووە، هیچ شوێنێک نییە قەبارەیەکی لەخۆ نەگرتبێت، تەنانەت نا بەرجەستەییش وا لە شوێنێکدایە، بە نموونە ڕۆح، کە نابینرێ و ناگیرێ و نابەرجەستەیە، جەستە و لەش شوێنەکەیەتی.

د. تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح لە تێزی دکتۆراکەیدا: (بینای شوێن لە دوو ڕۆمانی کوردیدا، هێلانە- ئەژدیها) چەمکە جیاوازەکانی شوێنی دابەش کردۆتە سەر (٣) سێ ڕوو: ڕووی فەلسەفی، ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕووی هونەرییەوە (ساڵح :٢٠٠١، ل ١٣- ٢٥)، بەڵام دەکرێ لە هەموو ڕووەکانەوە، یا باشتر بڵێین لە هەموو ڕوانگاکانەوە لە شوێن بدوێین و بە کورتی شوێن پرسێکی هێندە فرەڕەهەندە دەشێین لە سەرجەم ڕوانگاکانەوە پێناسەی تایبەتی بۆ بکەین و بە دڵنیاییەوە پێناسەی هەر ڕوانگایەکیش شرۆڤە و لێکدانەوەیەکی جیاواز دەگەڵ خۆیدا دروست دەکات، هەر بۆ نموونە ڕوانگای ئایینی، شوێن لە ڕوانگای ئایینیدا دروستکراوی خودایە و جۆرێک لە پیرۆزیی دەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، یان شوێن لە ئەفسانەدا، کە سەر دەکێشێت بۆ سەدان شرۆڤە و لێکدانەوەی سەرەتایی بیری مرۆڤە سەرەتاییەکان، یانژی ڕوانگای زانست، کە بابەتییانە لە شوێن دەکۆڵێتەوە و بنەما و پێکهاتە و سروشت و کارلێکە واقیعییەکانی دەخاتەڕوو.

وەک پێشتر گوتمان، بەر لە مرۆڤ، بەر لە تێگەیشتن، شوێن هەبووە، کەواتە گەر ستوونیانە گەنگەشەی شوێن بکەین دەبێ ڕوانگا ئینسانییەکان بکەینە بنەمای گەنگەشەکە و گەر ئاسۆییانەیش گفتوگۆکە بکەین، دەبێ ڕوانگا زانستییەکان بکەینە بنەمای گفتوگۆ.

مەبەستمان لە ڕوانگا ئینسانییەکان، زانستە مرۆڤایەتییەکانە، کە ئەفسانە، ئایین، فەلسەفە، مێژوو، جوگرافیا و ئەدەبیش دەکەونە نێو ئەو زانستەوە و دیارە مەبەسیشمان لە ڕوانگای زانستی، زانستە ڕووتەکانە، کە فیزیا، کیمیا، پزیشکی، ئەندازیاریی و ماتماتیکیش دەکەونە نێو چوارچێوەی ئەو زانستەوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەو پێودانە، دەبێ ئاستی پێناسەکردنمان بۆ شوێن، ئاستی ستوونی و ئاستی ئاسۆیی بێت و لە ڕێگەی ئەو پۆلینکردنە، دەشێین ڕوانگاکانمان دابەش بکەین، بە نموونە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، لە بەر ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبییە، دەبێ پتر پشت بە ئاستە ستوونییەکە ببەستین، چونکە قسەکردنمان لەسەر دەقێکی ئەدەبی فۆلکلۆرە و دەقی ئەدەبییش جا فۆلکلۆر بێت یا نووسراو، بەرخورد لەگەڵ ئینسان و دەروون و هەڵچوون و وێنە خودییەکان دەکات.

هەندێ لە لێکۆڵەران پێیانوایە، هونەریی شوێنیی هەیە، وەک (وێنە و پەیکەر) (بورنوف و اخرون: ١٩٩١: ص ١١٨) و لە بەرامبەریشدا هەندێ پێیانوایە، کە دەقی زەمەنییش هەس، وەک ڕۆمان (ڕۆمان) (الورفلي :٢٠٠٩: ص ٧٧)دیارە هەندێکیش پێیانوایە کە شوێن و کات، ئەوەی کە باختین ناوی ناوە (کرۆنۆتۆپ: واتە شوێنکات) (ئەڵوەنی: ٢٠١٧: ل١١٧) لێکدانەبڕاون و هەموو دەق و هونەرەکان دەچنە نێو شوێنکاتەوە، ئەم تێڕوانینە زۆر ڕاستە، چونکە وێنە ئەگەر پڕیش بێت لە شوێن، لێ خاڵی نییە لە کات و ڕۆمانییش کە پڕە لە گێڕانەوە و گێڕانەوەیش هەڵگری خەسڵەتێکی زەمەنییە، لێ شوێن بە بارتەقای زەمەن لەگەڵیدا ڕێ دەکات و بە کورتی، هەموو دەقێک قاچێکی وا لە نێو شوێن دایە و قاچەکەی تریشی وا لە نێو کاتدایە.

### شوێن: جۆر، خەسڵەت و ئەرکەکانی

لەوانەیە سادەترین و لە هەمان دەمدا گرنگترین پرسیار ئەو پرسیارانە بێت: شوێن، سەرەتا چۆن و لە کوێ دروست بووە و ژیان تیایدا چۆن گوزەراوە و دواتر چۆن پەرەیسەندووە و ئایا شوێن کانی ئێستا هیچ پێوەندییەکیان بە شوێنە کۆن وسەرەتاییەکانەوە هەیە و دەیان دە پرسیاریتر.

شوێن و لێکدانەوەکانی، بە هەموو ئەو جیاوازییانەیەی لە نێوانیاندا هەیە، تایبەت لە هەردوو دیدگا ئایدیالی و مەتریالییەکەی، ڕوانگامان فراوانتر دەکات و ئەم ڕوانگا فراوانیەیش دەستمان دەگرێت بۆ دەستنیشانکردنی جۆرەکانی شوێن و بێگومان هەر جۆرێکیش، بە جیاوازییەکەیەوە خەسڵەت و ئەرکی تایبەت بەخۆی هەیە.

شوێن بوونە، بوونێک ڕێکخرا و ئامانجدار، ئەگەر هەر خودی گەردوون وەربگرین و ناوی لێنێین: مەزنترین شوێن، یان شوێنی شوێنەکان، دەبینین ڕێکخراوە، واتە ئەقڵێک لە پشت ڕێکخستنەکەیدایە، کەچی ئەم ئەقڵەیش دیار نییە، کەواتە ئێمە ئێستا قسە لە ( دیار) ێک دەکەین کە گەردوونە و دروستکراوە و هەیە، لە بەرامبەریشدا قسە لە(نادیار ) ێک دەکەین، کە خودان ئەقڵێکی ڕێکخراو و هەروەها دروستکارە، کەچی نابینرێت، کەواتە گەردونێکی دیار و دروستکارێکی نادیار، یا ئەگەر ڕوونتر بپرسین: دەکرێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دروستکراو دروستکارێکی نەبێ؟.. ئەقڵی مرۆڤ، یان وەک برکلی و ماخ ناویان ناوە ڕامانی مرۆڤ، چونکە ئەوان پێیانوایە (زەمەن و شوێن دوو شێوەی سەرەتایی ڕامانی مرۆڤن) (عەباس: ۱۹۸۱: ص ۲۳٦)، لێ بە پێچەوانەوە (فەیلەسوفە مەتریالیستەکان باوەڕیان بە بابەتیبوونی زەمەن و شوێن هەیە و هەر بوونێک لە دەرەوەی ئەم دووە ڕەتدەکەنەوە، هەروەها پێیان وایە کە زەمەن و شوێن لە مادە جیا نابنەوە مادە تەجەلی هەردوکیانە) (عەباس: ۱۹۸۱:ص ۲۳٦).

شوێن سەرەتا سروشت بووە، هەر بستەئەرد و بنبەرد و ئەشکەوت و دەشت و دۆڵ و یاڵ و پەنا و پەسیو و دواتر کوخ و خانۆچکە و ماڵۆچکە و ماڵ و خانوو و پاشان کێڵگە و مەزرا و دواتریش بازاڕ و شوێنە گشتییەکان، ڕێک وەک سروشت سادە و ساکار و دواتر دەگەڵ پێشکەوتنەکان، ئەو شوێنانەیش پێشکەوتنیان بە خۆیەوە بینیوە، بە واتایەکیتر پەرەسەندنی هەر شوێنێک پەیوەست بووە بە پەرەسەندنی قۆناغەکانی پێشکەوتنی مێژووی مرۆڤایەتی و بە دڵنیاییشەوە ئەگەر قۆناغەکان، زۆر لەیەکتر جیاوازییش بن، لێ پێوەندیی و کارلێکییان بەسەریەکەوە هەیە و بەکورتی هیچ شوێنێک نییە، کاریگەریی، یا پێوەندیی و کارلێکی زەمەنەکانی بەر لەخۆی بەسەرەوە نەبێت، زەمەن بە هەموو بوونییەوە، هەر بە نموونە شوێنی نێو زەمەنە دوورەکان، کە وەک بوونێک ماوەتەوە و بۆتە بەشێک لە زیهنییەتی تێگەیشتن و تەنانەت جۆرێک لە ئیدراکیشی دەگەڵ خۆیدا گواستۆتەوە.

ڕەنگ، ئەگەر هەر تەنێ ڕەنگ وەرگرین لە شوێندا، ئەوا لەو ڕاستییە تێدەگەین، کە لەوەتەی ژیان هەیە ڕەنگ هەیە و لە زووەوەیش، واتە لە نێو شوێنە سەرەتاییەکانیشدا ڕەنگ هەر پرسێکی جەدەلیی بووە و ئەم جەدەلە درێژخایەنەیش، ئەگەر جۆرێک لە تێگەیشتن و لێکدانەوەیشی گۆڕی بێت، لێ جەدەلەکە هەر دەوام دەکات و کەواتە، شوێنێک نییە دوور لە باندۆری دوێنێ!

ژیان هەروەک خۆی نەماوەتەوە، مرۆڤیش هەروەک خۆی نەماوەتەوە و تێگەیشتنی گۆڕاوە، هەموو ئەمانە، واتە هەموو ئەو گۆڕان و تێگەیشتنە جیاوازانە، شوێنیشی دەگەڵ خۆیدا گۆڕیوە، شوێنەکانی ئێستا هی دوێنێ نین، ئەگەر زیهنییەت و تێگەیشتنی دوێنێییشی تیا بێت، لێ شوێنی ئەمڕۆیین، لە نێوان دوێنێیی و ئەمڕۆییدا چەندین جۆری شوێن، بە خەسڵەت و ئەرکی جیاوازەوە بوونەتە جێمژاری سەرچاوە زانستییەکان، کە ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین، نزیک لە ئامانجی باسەکە، بیانخەینەڕوو.

دەربارەی جۆرەکانی شوێن فرە پۆلێن کردن هەیە؛ بەڵام ئێمە لە سێ جەمسەر جۆرەکانی شوێن دەخەینە ڕوو، ئەویش:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**١- له رووی پێکهاتەوە: (واقیعی، خەیالی):**

شوێنی واقیعی، شوێنێکی جوگرافییە و رووبەر و سنوورێکی دەستنیشانکراوی هەیە، شوێنی واقیعی(ئەو شوێنەیە کە وامان لێ دەکات ئەو جێگایانەمان بە بیربێتەوە کە تێیدا ژیاوین و خەونمان دەدیت تێیدا بژین) (سابیر: ٢٠٠١: ل٣٢٦). لە تێکستی ئەدەبیدا شوێن (ئەو شوێنە نییە کە لە جیهانی دەرەوەدا هەیە، هەر چەند ئەگەر تێکست ئاماژەی پێدابێت، یان بە ناوێکی واقیعی ناو نرابێت؛ بەڵام شوێن لە تێکستدا هەر بە ڕەگەزێك لە ڕەگەزە هونەرییەکان دەمێنێت) (صابر: ٢٠١٢: ص٣٣٣) واتە شوێن لە تێکستدا، شوێنێکی هونەرییە واقیعی نییە، هەر چەند ئەگەر نزیکیش هەبێت، هەندێ جار داهێنەر بیرۆکەکەی لە واقیع وەردەگرێت و بە پێی توانای خۆی داهێنانی تێدا دەکات.

**٢- شوێن لە رووی پانتایی( کراوە و داخراو):**

شوێنی(گشتی و کراوە، شوێنی هەموو خەڵکە و سنوورەکانی فراوان و کراوەن، شوێنی تایبەت و داخراوە، ئەو شوێنیە، کە تایبەتە بە کەسێك یان چەند کەسێك) ( البنا:٢٠٠٩: ص٣١) واتە شوێنی کراوە بۆ هەموو کەسێك دەبێت؛ بەڵام شوێنی داخراو تایبەتە بە چەند کەسێك.

**٣- شوێن لە رووی (نیشتەجێبوون، جێگۆڕکێ):**

ئەم جۆرە شوێنە تایبەتمەندکراوە بە شوێنی نیشتەجێبوون، کە دابەشی سەر دوو بەش دەبێت (هەڵبژێردراو، ناچاری-زۆرەکی-) شوێنی هەڵبژێردراو وەکو (ماڵ) کە نیشانەی دۆستایەتی و ژیانێکی ناوخۆیی کە کارکتەران تێدا دەژین، شوێنی ناچاری-زۆرەکی- وەکو (زیندان) کە لە جیهانی ئازادی دادەبرێت و خاوەن تایبەتمەندی سەربەخۆیە. شوێنی جێگۆڕکێ ئەویش دابەشی سەر دوو بەش دەبێت(گشتی، تایبەتی)، شوێنی گشتی وەکو(شەقام، گەڕەکی میللی، گەڕەکی خانەدان) مرۆڤ لە ماڵ یان لە شوێنی کارکردنی دەردەکەوێت و شوێنی خۆی دەگۆڕیت و بەرەو شەقام دەڕوات، جیاوازی نێوان گەڕەکی میللی، گەڕەکی خانەدان هەیە، کە سەر بە دوو کۆمەڵگای جیاوازن و هەریەکە خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی، شوێنی تایبەتی وەکو(قاوەخانە،...) ئەم شوێنانە مرۆڤ بە ویستی خۆی هەڵیاندەبژێرێت (بحراوی: ١٩٩٠: ص٤٣-٥٥). واتە هەر شوێنێك دەربڕین لە خاوەنەکەی دەکات.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## بەشی دووەم: شوێن و پراکتیزەکردنی لە (سترانا تێلی) دا:

### بەندی یەکەم: تێکستی( سترانا  تێلی)

تێلییێ

لێ لێ لێ تێلییێ لێ لێ............

ئەزێ ب سبێ رە دبێژم تێلی ب ئێڤارێ رە دبێژم تێلی

ب گاڤێ ب دەقەیێ د بێژم تەلی

دە وەرە ئاشک و سەودالییێ بەژن و بالا تە مە دە وەرە تێلی تێلی تێلی...........

تێلییا من رەنگینە بهارا مە رەنگینە

ل سەر رییا مە زۆزانەە

د بنیا مە رە بنگۆلە سەرهەدە شەرەفدینە

برەک مالێن باڤێ تێلییا من بارکرنە

ل زۆزانێن مەیێن ژۆرین دانینە

هەسپێ بنێ من رەوانە شۆپ گەرینە

منێ پێدا پێدا خوە گهاند زۆزانێ مەیا ژۆرینە

منێ دین و بالا خوە ددایێ سێ کۆن لێ ڤەگرتینە

منێ نۆمانێ خوە ئاژۆتییە پێشییا کۆنێ پێشینە

منێ بالا خوە ددایێ د بن دە سێ زەری روونشتینە

ب کوم و کۆلۆز و تەمەزی نە

جاڤێ وانە رەش و بەلەکن،

بژانکێن وان درێژن بریێ وان قەیتانینە

بێڤلێ وان چلاکن ،گەردەنێ وان درێژن لەگلەگی نە

هنارکێ روویێ وان سۆرن،مینا گول و چیچەکێن بهارێ نوو ڤەکرینە

لێڤێن وان تەنکن گولپەرینە

درانێ وان هوورن منا برنجا قەرەژداخێ سپینە وەرە تەل...

لێلێلێ تێلییێ

منێ دین و بالا خوە ددایێ تاخمێ سینگ و بەرێ ڤان کاریخەزالان

منا بەخچاکی بەخچێ ئرەمێ هەزار تاهمێ خومدێ لێ دانی نە

سەرێ مەمکێن وان سۆرن قارۆتێ بنێ وان سپی نە

منا سێڤەن خەلاتێ،هنارێن دێرکە خالخالی نە

مینا فنجانێن فەرفوور،ل سەر ماسێ زێر و زیڤی نە

زنجیرا دۆرێ سادە ژ زێرێ رەشادینە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خوەدێیۆ!
ئەزێ ئاشک و سەوداليێ بەژن و بالايا ئۆرتێ مە
زۆردارا قیزا زۆردارا ناڤێ وێ تێلییێ
هەردوییێن دنا ژێرە بوونە کۆلە و خزمەتچی نە
ئا یەکێ
ژێرە کاهوێ د کەلینە
یا دن
دەستمال گرتییە هێدی هەدی یاواش یاواش ژێ رە دکە باوەشینە وەرە تێلی....
مینا قاز و قولنگێن بەرییا ژێرینە
ژ سالێ جارەکێ سەرێ خوە هلتینە
خوە ل زۆزانێ مەیە سەرهەد و بنگۆل و شەرەفدینێ دخینە
تەنێ شەڤ و رۆژەکێ لێ د مینە
سهوود و ئیقبالا گەلەک خۆرتان ل با رەببێ ئالەمێ قەت تونینە
ئەز نزانم چما رەوشا جیهانێ بەختێ فەلەکێ وسانە
تم و دایم ژنێن چێ قسمەتێ مێرێ کۆتینە وەرە تێلی تێلی تێلی......
خخخخخخخخ
لێلێلێلێ تێلیێ.....
تێلییا من لێ هایێ
بەژن زراڤا من لێ هایێ
ئەزێ سالا ئیسال ،ئاشق و سەوداليیە بەژن و بالا تە بوومە
مینا پەپووکا ،ئەڤدالا،دەروێشا دگەرییام ل دنیایێ
چقاس مال و ملکێ مالا باڤێ من هەبە
ئەزێ تەمامی بڤیم سووک و چارچیان بفۆرشم
دیسا ژی قەلەنێ زالمێ باڤێ تە دەرنایێ
ئەزێ پشتی چاڤێ رەش و بەلەک،بەژنا زراڤ
سنگ و بەرێن توشتیری منا بەخچێ بوهشتێ
برییێن قەیتانی بێڤلا چلاکی
لێڤێن تەنک درانێن مرجانی
گەردەنا زراڤ زەند و بەندێن بادایی
چ بکم ژ مالێ دنیایێ
سەبر و داياخا دلێ من ل ڤێدەرێ نایێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

منێ پێدا پێدا خوە بەردا بەرییا مێردینێ
قەزا کزلتەپە قۆسارا رەنگین مەندۆها مێرایێ
ل سەر رەیا من شەوق و شەمالا دیرۆکێ لسەر قەسرا قەنجۆ خویایێ
منێ سلاڤەک دایە هەجی دەمۆ دۆستێکی هێژایە
هەیفا مێرێ چێ ئیرۆ نەخوەشەکی گرانە
منێ ژ ئەشک و کەرەما دلێ خوە ژ بال رەببێ ئالەمێ ژێرە خوەستی شیفایێ...
باژارێ وێرانشارێ وارێ زەرییان و چاڤرەشایە
ئەزێ د گەریام ل دەشتا هارانێ ل پەی شۆپا خبشا خەزالا
ئەزێ داکەتمە ناڤا باژارێ روهایێ،
سەر گۆلا خەلل و رەهمان باخچەیێ ئانزەلیخایێ
ژێ تێ بێهنا پێخەمبەران و ئەولییایێ
منێ ژ خوەرا تەواف کری،کەتم ناڤا وەرد و دوایێ تەلی...
لێلێ تێلییا من...
منێ بەرێ خوە دابوو دەشتا سورووجێ،کۆبانییێ
چییایێ کورمێنج ئەفرینێ ل بنێ دارێن زەیتوونان روونشتم ل جڤاتا دەنگبێژایێ
ئەزێ دکم ناکم تاسور و پەسندانێن دەنگبێژان ل بەژنا تێلییا من نایێ...
ئەزێ چوومە هەلەبێ ،همسێ،هممایێ،کەرکووکێ کەربەلایێ
مەکا موکەرەم مەدینا موننەووەر،
تەوافکری کەڤرێ ئەسوەد جهێ تۆبایێ
وارەکی موقاددەسە ،کەتییە دەستێ توجار و بازرگانان
سەبر و دەیاخا دلێ من لۆما ل ڤر ژی نایێ...
مینێ پێدا پێدا خوە بەردایە وەلاتێ ئراقێ
ژ خوەرا د گەرییام ل ناڤا کۆلان و کوچەیێن بەخدایێ
منێ دن و بالا خوە ددایێ کەچەک ل بنێ دارا چنارێ روونشتییە
د خوینە رووپەلێن کورانێ مانە دکە بمبارەکا ڤێ ئوممایێ
ژمنرە دگۆت لۆلۆ لاوکۆ،رەبەنۆ،فەقرۆ مەخسەد و مرادا دلێ تە چییە
منێ دگۆ مەخسەد و مرادا دلێمن تێلییێ خەزالا کوردایێ
دگۆت:لۆ لۆ لاوکۆ ماهرومۆ ،وە مەخسەد و مرادا دلێ تە ب هەرە ئارشێ ئال،
مرادێ وە نابە ل ڤێ دنیایێ
وەرە ل کێلەکا من روونێ ژ من را دبێژن مەیرەمایێ
ئەزێ ژ تەرا بخوینم قورانێ مانە بکم بمبارەکا ڤێ ئوممایێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەتانی رۆژ و دانەک ژ ئەمرێ تە هەبە،توجار و توجار مرنا مالک وێران ،

مەلەکێ مەوتێ د بیرا تە نایێ وەرە تێلی تێلی..

خخخخخخخ

دە لێێێ ....

لێ لێ تێلییێ.........

ئەزێ رۆژەکـی دانـێ ئێڤـاری ل خـانییێ روونشـتیبووم ب مەلـوولی ب مەخـدووری ب ستوخواری

منێ دیبوو ئەزمانێ خانی ل من قول د بوو

بلبلەک ئەڤیندار خوە ل سەر چۆنگ و بەرێ من داتانی

ب منرە د پەیڤی ب ترکی،ب ئەرەبی،ب فارسی،ب رۆمانی

ب کورمانجی،ب زازاکی، ب سۆرانی نانا وەلە ب چل و چار زمانی

دگۆت:

لۆلۆ لاوکۆ،ئەڤیندارۆ، ماهروومۆ،ڤرەکۆ، دەرەوچینۆ لۆ بێ بەختۆ

هەتانی ئەمرێ مە بوویە چاردە و پازدە و شازدە سال

ئەمێ ب هەڤدووره مانە ل بەر کار و بەرخا ب هۆگری ب هەڤالی

هەگەر دلێ تە د من دا هەبوو تە چما ژ منرە نەگۆت ب دەلالی

هەگەر تە ژمن فەدیدکر،

ئاڤا رەش ب چاڤێ تە دا نە هاتبوو،کولییان زمانێ تە نەخواربوون

تەیێ رۆژەکی ژ هەڤالەکی خوەرا ب گۆ تا دلێ من د تێلییێ دە هەیە،

ئیرۆ ئەز نە د کەتم تۆرا ڤی کالی ڤی یەختییاری

تو نە دما ل بەر وی هێتی وی دیواری

رۆژا ئیرۆ تویێ ژمنرە ببا مالخوو،ئەزێ ژ تەرا بووما کەڤانی ،بەرمالی

وەرە تەلی تێلی تێلی...

گەلەری

خوەندن: برادەر

## بەندی دووەم: شوێن و (سترانا تێلی):

شـوێن کـاریگەری خۆی لە سـەر شـێوەو نـاخی مـرۆڤ هەیە. لەم سـترانەدا، سـترانبێژ دەربڕینی لە ئەزموونی شیعری خۆی کردووە، کە بە هۆی هەبوونی هاندەری دوورکەوتن یان دابڕانی لە خۆشەویستەکەی و بەردەوام بیری دەکرد و چاوەڕوانی دیتی یار بوو.

سـترانا (تێلـی) سـترانێکی فۆلکلـۆری کـوردی بـاکوره، چەنـد کەسـێك ئەم سترانەیان گۆتووە، وەك (شـاکرۆ، حوسـێن قـازی، بـرادەر). (شـاکرۆ) باسـی سـەرهدێ زۆزانا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەکات، کەسانێك ئەم سترانەیان رێك وەکو (شاکرۆ) گۆتیە، وەکو(موشلو ئیحسان)، بەڵام (حوسێن قازی) کاتی باسی جوگرافیایی دەکات  و لە ئەڤینداری (تێلی) بێ هیوا دەبێ و دەست لە دونیا هەڵدەگرێت و دەچیتە(همس، هما،کەرکوك، بەغدا) ئەم شۆێنانەی لەسەر زیاد کردووە. (برادەر) ئەم سترانەی کەمێك وەك(حوسێن قازی) و کەمێك وەك(شاکرۆ) گۆتیە و هەروەها خۆشی چەند جوگرافیاو شۆێنی تری لەسەر زیاد کردووە، بۆیە ئێمە جەخت لەسەر سترانی (تێلی) بە پێی گۆتنی (برادەر) دەکەین.

لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان بە جۆرەکانی ڕەگەزی شوێن کردووە، کە هەر نووسەرێك و ڕەخنەگرێك چەند دابەشکردنیان دەستنیشانکردووە، بەڵام ئێمە بە پێی تێکست جۆرەکانی شوێن بەرجەستە دەکەین، یاخود لە(٣) جەمسەری سەرەکی (پێکهاتەیی،پانتایی، نیشتەجێبوون، جێگۆڕکێ) ڕەگەزی شوێن لە تێکستی سترانی(تێلی) فۆلکلۆری دەستنیشان دەکەین. بۆ نموونە:

((ل سەر رییا مە زۆزانەە
د بنیا مە رە بنگۆلە سەرهەدە شەرەفدینە))

لەم نموونەیەدا بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئاماژە بە(زوزان) و (بنگۆل) کراوە، مەبەست لە (زوزانە) چیایە و (بنگۆل) دەکەوێتە رۆژهەلاتی کوردستانی تورکیا، ئەم شوێنانە واقیعین و شوێنی گشتی و کراوەیە، کە هەموو کەس بۆی هەیە  بچێتە ئەم شوێنانە، واتە بە شوێنێکی جێگۆڕکێ دادەنرێن. هەروەها بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لە رێگەی(شەرەفدین)، کە حاکمی شاری (خربوت)بووە، ئاماژە بە شوێنێکی تری واقیعی کراوە،(خربوت) دەکەوێتە رۆژهەلاتی کوردستانی ترکیا و پایتەختی (ئەلعەزیز)ـە، شوێنێکی جێگۆڕکێ و گشتی و کراوەیە بۆ هەموو خەڵك. لە رێگەی و ێنەی ئەم سێ شوێنە، وێنەی خەریبوون و گەڕان بە دوای (تێلی)  بەرجەستە دەبێت.

((برەک مالێن باڤێ تێلییا من بارکرنە
ل زۆزانێن مەیێن ژۆرین دانینە
هەسپێ بنێ من رەوانە شۆپ گەرینە
منێ پێدا پێدا خوە گهاند زۆزانێ مەیا ژۆرینە
منێ دین و بالا خوە ددایێ سێ کۆن لێ ڤەگرتینە
منێ نۆمانێ خوە ئاژۆتییە پێشیا کۆنێ پێشینە))

لێرەدا  چەند شوێنێکی تر بەرچاودەکەوێت، وەکو(مالێن، زۆزانێن، ژۆرین دانینە،زۆزانێ، ژۆرینە،کۆن، کۆنێ) (مالێن، کۆن) تایبەتمەندی شوێنی راستەقینەیی و داخراو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

و تایبەتی لەخۆدەگرێت؛ چونکە تەنها چەند کەسێك یان خێزانێکی تایبەت لە (مالێن، کۆن) دەژین و هەموو کەس بۆی نییە تێدا بژیت، شوێنی نیشتەجێبوونە و شوێنێکی ئارام و گەرمو گورە. (ژۆرین دانینە، ژۆرینە)، شوینێکی واقیعی و گشتی و کراوەیە، کە هەموو کەس دەتوانێت جێگۆڕکێی بکات. ئیستاتیکای شوێن لەم نموونەیەدا وێنەی پێشنیارکردنی شوێنی ماڵی باوکی (تێل) و دۆزینەوەی (تیلی)یە. (ئێمە باسی ئەو شوێنانە ناکەین، کە دووبارە دەبنەوە وەك(زۆزان، سەرهد، بگۆل،دنیا، مال)).

((لێڤێن وان تەنکن گولپەرینە
درانێ وان هوورن منا برنجا قەرەژداخێ سپینە وەرە تەل...)

(قەرەژداخێ) تایبەتمەندی ئەم شوێنەش ئاشکرایە، کە شوێنێکی واقیعی، کراوە، گشتی، جێگوڕکییە، سترانبێژ لە ڕێگەی ئەم شوێنە وەسفی جوانی و وردی و ڕێکوپێکی و سپێتی ددانەکانی یار (تێلی) دەکات، کە بە تایبەتمەندی برنجی دەڤەری قەرەژداخی پێکچواندووە.

((منێ دین و بالا خوە ددایێ تاخمێ سینگ و بەرێ ڤان کاریخەزالان
منا بەخچاکی بەخچێ ئرەمێ هەزار تاهمێ خوەدێ لێ دانی نە
سەرێ مەمکێن وان سۆرن قارۆتێ بنێ وان سپی نە
منا سێڤەن خەلاتێ، هنارێن دێرکە خالخالی نە))

(بەخچاکی) شوێنێکی واقعییە، کراوەیە، گشتییە، جێگۆڕکییە، کە هەموو کەس مافی سەردانی ئەم شوێنانەی هەیە. (بەخچێ ئرەمێ) مەبەست پێ(بەخچێ بەهەشت)ـە شوێنێکی خەیالییەو لە جیهانی ماتریالی و واقیع دا وینەی نییە، داخراوە و تایبەتە بە چینێك و شوێنی نیشتەجێبوونی ئارامە. (خەلات)(دێرەك) دوو شوێنی واقعییە، دەکەونە تورکیا، (خەلات) شوێنێکی مێژووییە دەکەوێتە پارێزگای (بەدلیسێ)، (دێرك) سەر بە پارێزگای(ماردین)ـە، ئەم دوو شوێنە، گشتییە و کراوەیە، کە هەر کەسێك بە پێی ویستی خۆی سەردانی ئەم شوێنانە دەکات،بۆیە شوێنێکی جێگۆڕکێیە. لێرەدا بەهای هونەری ئەم شوێنانە بریتییە لە وەسفکردنی ورد و جوانی سینگ و بەری( تێلی)ـە یاخود لە ڕێگەی ئیستاتیکای (بەخچێ ئرەمێ) کە شوێنێکی تایبەتە پڕە لە هەموو جۆرە خورادن و خواردنەوەیەك و خۆشی و جوانی و وەسفکردنی تایبەتمەندی میوەی(خەلات و دێرك) کە وێنەی وردی جوانی و سەرنجراکێشی و خۆشی سینگ و بەری یار بەرجەستە دەبێت.

((ئەزێ ئاشک و سەودالیێ بەژن و بالایا ئۆرتێ مە))



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(ئۆرتێ) ناوی شارێکی ترە، ئەمەش شوێنێکی گشتی و کراوەیەو جێگۆڕکێیە و واقعییە، ئەم شوێنە رۆڵی خۆی لە دەستنیشانکردنی بەژن و باڵای یار گێراوە، واتە وێنەی بەژن و باڵا بەرزی کچی شاری ئۆرتێ دیارکردووە.

((مینا قاز و قولنگێن بەرییا ژێرینە
ژ سالێ جارەکێ سەرێ خوە هلتینە
خوە ل زۆزانێ مەیە سەرهەد و بنگۆل و شەرەفدینێ دخینە))

(بەرییا ژێرینە) لێرەدا لە رێگەی ئەم شوێنە، وێنەی ئافرەتی زیرەك و چالاك بەرجەستە دەبێت، بە تایبەت هی (ژێرینە). تایبەتی ئەم شوێنە جێگوڕکێیە، گشتی و کراوەیە، بە شوێنێکی واقیعی ئەژمار دەکرێت.

((ئەز نزانم چما رەوشا جیهانێ بەختێ فەلەکێ وسانە
تم و دایم ژنێن چێ قسمەتێ مێرێ کۆتینە وەرە تێلی تێلی تێلی......
خخخخخخخخ
لێلێلێلێ تێلیێ.....
تێلییا من لێ هایێ
بەژن زراڤا من لێ هایێ
ئەزێ سالا ئیسال ،ئاشق و سەودالییە بەژن و بالا تە بوومە
مینا پەپووکا، ئەڤدالا،دەروێشا دگەرییام ل دنیایێ))

دوو شوێنی هاوواتا لەم نموونیەدا بەدی دەکرێت (جیهان، دونیایێ) هەمو خەڵك لەم جیهان و دونیایەدا دەژین؛ بۆیە بە شوێنێکی گشتی و کراوە ئەژمار دەکرێت، تایبەتمەندی جێگۆڕکێ لەخۆدەگرێت، سەرەڕای ئەوەی شوێنێکی واقعییە. (چێ)مەبەست پێ (چیا)یە، کە لە نموونەکانی پێشتر باسمان کردووە. ئیستاتیکاو بەهای هونەری ئەم شوێنانە، رۆڵی خۆیان هەیە، لە بەرجەستەکردنی وێنەی گەڕانی بەردەوام لە هەموو شوێنێك لە دوای یار وەك باڵندەیەك، کە بەهۆیەوە یاخود لە داخیدا بۆتە کەسێکی هەژار و بێهز .

((ئەزێ پشتی چاڤێ رەش و بەلەک،بەژنا زراڤ
سنگ و بەرێن توشتیری منا بەخچێ بوهشتێ))

(بەخچێ بوهشتێ)ـە شوێنێکی خەیالییەو لە جیهانی ماتریالی و واقیع دا وینەی نییە، داخراوە و تایبەتە بە چینێك وە نیشتەجێبوون لەم شوێنەدا ئارامە.بەهای هونەری ئەم شوێنە، بریتییە لە نیشاندانی وێنەی بەهشت، کە شوێنێکی تایبەتە پڕە لە هەموو جۆرە خواردن و خواردنەوەیەك و خۆشی و جوانی، لە رێگەی ئەم شوینە وینەی وەسفی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سەرنجراكیش  و جوانی سینگ و بەری یار دەكێشێت، كە جوانی و سەرنجراكێشییەكەی بە بەهشت پێكچوێندراوە.

((سەبر و دایاخا دلێ من ل ڤێدەرێ نایێ
منێ پێدا پێدا خوە بەردا بەرییا مێردینێ
قەزا كزلتەپە قۆسارا رەنگین مەندۆها مێرایێ
ل سەر رەیا من شەوق و شەمالا دیرۆكێ لسەر قەسرا قەنجۆ خویایێ))

(مێردینــــێ، قەزا كـــزلتەپە، قۆســـارا) ئەم شـــوێنانە، شـــوێنی واقعـــین، دەكەونە توركیا،شوێنی گشـتی و كـراوەیە، بـۆیە جێگـۆڕكێیە، جەخـت لە شـوێنە كوردیەكـانی توركیـا دەكـات، ئەو شـوێنانەیە، كە یـار(تێلی)لێیە. (قەسـرا قەنجـۆ)ئەم قەسـرە دەكەوێـتە پارێزگـای (مـاردین)، لە گوندی(قەسـرێ) لە باشـووری رۆژئـاوای شـاری (دیـرك)، ئەم قەسـرە مێژوویێكـی كۆنی هەیە بـۆ (١٧٠٥)زایینـی دەگەڕێـتەوە، لە  سـاڵی (١٩٠٥) لەلایەن سـەرۆكی عەشیرەتی (دنا) یەزیدی (حوسێن قەنجۆ) نوژەن كراوە؛ بۆیە هەر بە ناوی ئەو كراوە.(قەسـر) شـوێنێكـی  داخـراوە، تـایبەتییە، شـوێنێكـی ئـارامە بـۆ نیشـتەجێبوون، بە شـوێنێكـی واقعـی ئەژمـار دەكرێت. واتە ئیسـتاتیكای ئەم شـوێنانە بـریتییە لە بەرجسـتەكردنی وێـنەی نەژادی (تێلی)، كە كچە كوردێكـی باكورە  و بەردەوام بە دوایدا  دەگەڕێت.

((باژارێ وێرانشارێ وارێ زەرییان و چاڤرەشایە
ئەزێ د گەریام ل دەشتا هاڕانێ ل پەی شۆپا خبشا خەزالا
ئەزێ داكەتمە ناڤا باژارێ روهایێ،
سەر گۆلا خەلل و رەهمان باخچەیێ ئانزەلیخایێ))

لەم پەرەگرافەدا بە شێوەیەكـی راستەوخۆ ئامـاژە بە چەنـد شـوێنێك دراوە، (بـاژارێ وێرانشـارێ، وار، دەشـتا هـاڕانێ، بـازارێ روهـایێ، بـاخچەیێ ئانزەلیخـایێ) هەموویـان شـوێنی واقعین، (باژارێ وێرانشـارێ، دەشتا هـاڕانێ، بـازارێ روهـا(ئورفە)) دەكەونە باشووری رۆژهەلاتـی توركیـا نزیـك سـنووری سـوریا، شـوێنی گشـتی و كـراوەن، سـەرەڕای ئەوەی بە شـوێنێكـی جێگـۆڕكێ لە قەلەم دەدرێت.(بـاخچەیێ ئەنزەلیخایێ)تایبەتمەنـدی ئەم شـوێنە داخـراوە و تایبەتە و لە هەمان كاتیشدا شوێنی نیشتەجێبوونە، كە تەنها چینێك سەرەدانی ئەم شوێنە دەكەن.  لە رێـگەی ئیسـتاتیكای ئەم شـوێنانە، وێـنەی وەسـفی  جـوانی ئـافرەتی كـورد بەرجەستە بووە.

((منێ بەرێ خوە دابوو دەشتا سورووجێ، كۆبانییێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

چییایێ کورمێنج ئەفرینێ ل بنێ دارێن زەیتوونان روونشتم ل جڤاتا دەنگبێژاییێ ئەزێ دکم ناکم تاسور و پەسندانێن دەنگبێژان ل بەژنا تێلییا من نایێ...

ئەزێ چوومە هەلەبێ ،همسێ،هممایێ،کەرکووکێ کەربەلایێ))

(دەشتا سورووجێ، کۆبانییێ، چیایی کورمێنج، ئەفرینێ، هەلەبێ، همسێ، هممایێ، کەرکووکێ، کەربەلاییێ) ئەم شوێنانە هەمووی دەکەوێتە (سووریا ) بێجگە لە (کەرکووکێ، کەربەلایێ) کە دەکەونە (عێراق). ئەم شوێنانە تایبەتمەندی شوێنی واقیعی، کراوە، گشتی، جێگۆڕکێ لە خۆدەگرێت، کە بە کۆمەڵێك تایبەت نییە. ئیستاتیکای ئەم شوێنانە وێنەی گەڕانی بەردەوام بە دوای یار، کە روو دەکاتە ناوچەکانی سووریا و دوو ناچەی عێراق.

((مەکا موکەڕەم مەدینا موننەوەر،
تەوافکری کەڤرێ ئەسوەد جهێ تۆبایێ
وارەکی موقاددەسە، کەتییە دەستێ توجار و بازرگانان
سەبر و دەیاخا دلێ من لۆما ل ڤر ژی نایێ...
مینێ پێدا پێدا خوە بەردایە وەلاتێ ئراقێ
ژ خوەرا د گەرییام ل ناڤا کۆلان و کوچەیێن بەخدایێ
منێ دن و بالا خوە ددایێ کەچەک ل بنێ دارا چنارێ روونشتییە))

لێرەدا ئاماژە بە شوێنی پیرۆزی ئایینی ئیسلام دراوە(مەکا موکەڕەم، مەدینا موننەوەرە، جهێ تۆبایێ، وارەکێ موقاددەسە) ئەم شوێنانە دەربڕین لە شوێنی پیرۆزی ئاینی ئیسلام دەکەن، کە ئەم شوێنە پیرۆزە واقیعیە، داخراوە، تایبەتە، کە تەنها مرۆڤی موسلمان و ئیماندار روو دەکەنە ئەم شوێنە پیرۆزە، بە شوێنێکی جێگۆڕکێ دادەنرێت؛ چونکە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو مرۆڤی موسلمان تێدا دەمێنەوە و دواتر جێگۆڕکێ دەکات. پاشان ئاماژە بە (وەلاتێ ئراقێ، کۆلان، کوچێین بەخدایێ) هەموو شوێنی واقیعییە، کراوەو گشتییە، جێگۆڕکێیە. بەهای هونەری شوێن بریتییە لە نیشانەی چاوەڕوانی وئارامگرتن لە پێناو دیتنی یار، بۆیە بەردەوام بە دوای دەگەڕێت و تەنانەت لە شوێنە پیرۆزەکانیش.

((ئەزێ رۆژەکی دانێ ئێڤاری ل خانییێ روونشتیبووم ب مەلوولی ب مەخدووری ب ستوخواری))

لەم نموونەیەدا ئاماژە بە (خانییێ) دراوە/ تایبەتمەندی ئەم شوێنە، شوێنێکی واقعییە،داخراوە، تایبەتە و مرۆڤ تێدا نیشتەجێ دەبێ و هەست بە ئارامی دەکات. ئیستاتیکای ئەم شوێنە، وێنەی بێ ئومێدی و بێ هیوایی لە شادبوونی بە (تێلی) بەرجستە دەبێت، بۆیە دەست لە گەڕان بە دوایدا بەردەدات.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەم ستــرانە فۆلکلــۆریەدا، ئیســتاتیکای شــوێن یــاخود ســەرجەمی ئەم هەمــوو شوێنانەی سترانی (تێلی) دەربڕینی لە وەسفی ورد جوانی تێلی و بەردەوام گەڕان بە دوایدا لە هەمــوو شــوێنێك و بەرگە گــرتن، لە پێنــاو عیشــق و خۆشەویســتی تــا لە کۆتــایی هیــوای شــادبوونی بە تێلــی لە دەســت دەدات. هەروەهــا وەهــا جۆرەکــانی شــوێن لە رووی هەر ســێ جەمسـەرەوە پەیـرەو کـراوە؛ بەڵام پێویسـتە ڕێژەی بەرزتـرین جەمسـەر لەم سـترانە دەستنیشـان بکەین. بڕوانە ئەم خشتەی خوارەوە:

| ژمارە | جۆر | | ئەژمار | ڕێژەی سەدیی١٠٠% |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لە رووی پێکهاتە | واقیعی | ٤٣ | %١٩.٣٥ |
| | | خەیالی | ٢ | %٠.٩ |
| ٣ | لە رووی پانتایی | کراوە/گشتی | ٣٤ | %١٥.٣ |
| | | داخراو/تایبەتی | ١١ | %٤.٩٥ |
| ٣ | لەرووی نیشـــــــــــتەجێبوون و جێگۆڕکێ | جێگۆڕکێ | ٣٩ | %١٧.٥٥ |
| | | نیشتەجێبوون | ٦ | %٢.٧ |

خشتەی ژمارە (١)

((ڕێژە ی سەدیی جۆرەکانی شوێن لە سترانا تێلی فۆلکلۆریدا))

بە پێی ئەم ئامــارە بۆمــان ئاشــکرا دەبێت، کە لە سترانی(تێلی) فۆلکلۆری ئامــاژە (٤٥) شــوێن کــراوە، هەر ســێ جەمســەری بە ڕێژەی جیــاواز پەیرەوکــراوە، لە رووی پێکهــاتەوە، ڕێژەی(١٩.٣٥%) شوێنی واقیعیە بەرزترین ڕێژەیە بەرامـبەر ڕێژەی (٠.٩%) شــوێنی خەیــالی.لە رووی پانتایی، شوێنی کراوە / گشتی بە ڕێژەی (١٥.٣%) بەرامبەر شوێنی داخراو/ تایبەتی بە ڕێژەی (٤.٩٥%) پەیرەوکراوە. لە رووی نیشـتەجێبوون و جێگـۆڕکێ، شـوێنی جێگـۆڕکێ بە ڕێژەیەکــی(١٧.٥٥%) زۆر بەرزتــر بەرامــبەر ڕێــژەی(٢.٧%) شــوێنی نیشــتەجێبوون. واتە دەتــوانین بڵــێین شــوێن لە ســترانا تێلــی فۆلکلــۆری، شــوێنی واقیعــین (١٩.٣٥%)، کــراوەیە/ گشــتی یە(١٥.٣%)، جێگــۆڕکێیە(١٧.٥٥%). هەروەهــا لە نێــوان هەرســێ جەمســەردا، شــوێن لە رووی پێکهاتەوە / واقیعین بەرزترین ڕێژەیە بە رامبەر جەمسەرەکانی تر.

هەروەهـا پێویسـتە ئامـاژە بەوەش بکەین، کە لە ڕێگەی چەند وشـەو دەسـتەواژەیەك لە سترانی (تێلی) فۆلکلۆری کوردی دا بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ ئامـاژە بـۆ شـوێن دەکەن، وەك: (شـوێنی جەسـتەیی، وشـەی دەربڕینــی لە شـوین، هەڤاڵکـاری شـوێن) ئەمـانە وەك شـوێن ســـەرەدەریان لەگەڵ دەکرێـــت، یـــاخود ئەم وشـــەو و ئـــامرازە زمانیـــانە هـــاوکـــارن بـــۆ بەرجەستەبوونی شوێن. وشە و ئامرازەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

١- وشەی جەستەیی(چاڤ، برژانگ، برۆ، بێڤلێ، گەردەن، روویێ، لێڤێن، دران، سینگ و بەرێ، سەرێ مەمکێن، زەند و بەند، دل، پەی شۆپا، زمانێ، چۆک، ستۆ).

٢- وشەی دەربڕینی لە شوێن(گهاندن، پێشیا، روونشتینە، کێلەکا، روونی، کەتم ناڤ، داکەتمە ناڤ، نەد کەتم).

٣- هەڤاڵکاری شوێنی(ل سەر رێیا، دبنیامەرە، هەسپێ بنێ من، لێ دانی نە، بنێ وان سپی نە، ل سەر ماسێ، ل ڤێدەرێ، سەر گۆلا، ل بن دارێن زەیتونان، ل ڤر). ( ئێمە ئاماژەمان بە هەڤاڵکاری شوێنی دووبارە نە کردووە). بۆ پتر روونکردنەوەی رێژەی بەکارهێنانیان، بڕوانە ئەم خشتەی خوارەوە:

| ژمارە | ئاماژەی ناراستەوخۆ | ئەژمار | رێژەی سەدیی١٠٠% |
|---|---|---|---|
| ١ | وشەی جەستەیی | ١٦ | %٥.٤٤ |
| ٢ | هەڤاڵکاری شوێنی | ١٠ | %٣.٤ |
| ٣ | وشەی دەربڕینی | ٨ | %٢.٧٢ |
| سەرجەم | | ٣٤ | %١١.٥٦ |

خشتەی ژمارە (٢)

((رێژەی سەدیی ئاماژەی ناراستەوخۆ بۆ شوێن لە سترانا تێلی فۆلکلۆریدا))

بە پێی ئەم ئامارەی سەرەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە لە سەرجەمی (٣٤) ئاماژەی ناراستەخۆ بۆ شوێن لە سترانی تێلی فۆلکلۆری دا بە رێژەی جیاواز لە نێوان ئاماژەکان بەدی دەکرێت، کە رێژەی وشەی جەستەیی (%٥.٤٤) بەرزترین رێژەیە بەرامبەر ئاماژەکانی تر، رێژەی وشەی دەربڕینی(%٢.٧٢) کەمترین رێژەیە، هەڤاڵکاری شوێنی بە رێژەی(%٣.٤) لە سترانا تێلی فۆلکلۆری پەیرەو کراوە.

**ئەنجام:**

١- جۆرەکانی شوێن بە هەرسێ جەمسەرەوە بە رێژی جیاواز لە سترانا (تێلی) فۆلکلۆری کوردی بەدی دەکرێت.

٢- شوێنی سترانا تێلی، شوێنێکی واقیعی، کراوە/گشتی، جێگۆڕکێیە.

٣- بەگشتی شوێنی سترانا (تێلی) واقیعییە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٤- ئاماژەی ناراستەوخۆ(وشەی جەستەیی، وشەی دەربڕینی، هەڤاڵکاری شوێن) بۆ شوێن لە سترانا (تێلی) فۆلکلۆری کوریدا به ڕێژەی جیاواز بەکارهێنراوە .

٥- ئاماژەی نا راستەوخۆ بۆ شوێن لە سترانا (تێلی)، بریتییە لە ئاماژەی وشەی جەستەیی.

٦- ئیستاتیکای شوێن لە سترانا (تێلی)، بریتییە لە دەربڕینی نەژاد وەسفی ورد جوانی تێلی –کچی باکوری کوردستان- و بەردەوام گەڕان بە دوایدا لە هەموو شوێنێك و بەرگە گرتن، لە پێناو عیشق و خۆشەویستی تا لە کۆتایی هیوای شادبوونی بە تێلی لە دەست دەدات.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**بە زمانی کوردی:**


١- ئەڵوەنی، نەجم(٢٠١٧). تیۆری کۆمەڵناسیی ڕۆمان، چاپخا نەی زانکۆی سەلاحەددین.

٢- برادەر، فۆلکلۆر. تێکستی سترانا تێلی.

٣- پوور،هەژیر عەبدوڵلا(٢٠٠٨). فەرهەنگی هەژیر، فارسیکوردی ٢، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی- دهۆک.

٤- سابیر، پەرێز(٢٠٠١). بینای کوردی هونەری چیرۆکی ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٥- ساڵح، تانیا ئەسعەد محەمەد(٢٠٠١). بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، چاپی یەکەم،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٦- علی، هودا عبدالله(٢٠١٥). فەرهەنگی ئۆکسفۆردی بژاردە، چاپخانەی چوارچرا.

٧- عەباس، محەمەد سلێمان(١٩٨١). " مرۆڤ و زەمەن"، لە الموسوعه الفلسفیه،اشراف: روزنتان، ترجمه: سمیر کرم، بیروت.

٨- نظام الدین، فاضل(١٩٨٩). ئەستێرەگەشە،فەرهەنگی کوردی عەرەبی یە ،چاپی دووەم، دار الکتب و الوثائق، بغداد.


**بە زمانی عەرەبی:**


* القران الکریم.

٩- ابراهیم،نعمةمحمد(بدون سنةالطبع)، نظریه المکان في فلسفة الحسن بن الهیثم الطبیعیه، مجلة آداب، عدد( ١٢).

١٠- بحراوي، حسن (١٩٩٠). بنیة الشکل الروائي،الطبعة الاولی،المرکز الثقافیالعربي،بیروت.

١١- البنا، بان(٢٠٠٩). الفواعل السردیة، الطبعة الاولی، عالم الکتب الحدیث،الاردن.

١٢- بودو ستنیك و اخرون (١٩٧٠)، عرض موجز المادیه الدیالکتیکیة، دار التقدم، موسکو.

١٣- بورنوف، رولان و اخرون (١٩٩١). عالم الروایة،ترجمة:نهاد التکریلي، مراجعة:فؤاد التکریلي و محسن الموسوی،الطبعة الاولی، دار الشؤن الثقافیة العامة،بغداد.

١٤- صابر، شاکر(٢٠١٢) ،الفضاء الروائي عند سلیم برکات، الطبعة الاولی، مطبعة رۆژهەلات، اربیل.

١٥- عبدالمعطي، علي(١٩٨٤). تیارات فلسفیه معاصرة، دارالمعرفة الجامعیة، مصر .

١٦- الورفلي، حاتم(٢٠٠٩). پول ریکور... الهویة و السرد ،دار تنویر للطباعة و النشر،بیروت.




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## جمالية المكان في الاغنية الفلكلورية الكوردية
## (اغنية تيلي نموذجا)


**الملخص:**

هذا البحث الموسوم بـ(جمالية المكان في الاغنية الفلكلورية الكوردية(اغنية تيلي نموذجا)، هو محاولة لبيان دور و موقع و مفهومها للمكان. لاوجود لأنسان على وجة الارض بلا مكان،فلاماكن التى يعيش فيها الانسان ليست فقط إماكن جغرافية، وإنما أماكنتحمل قيمة و تجربة و معنى انسانيا، بمعنى ان المكان لة تأثير على الانسان و خصائصة من خلال تأثيرة على سايكواوجيته و هويتة الشخصية،هذا يعنى ان المكان صاحب سلطة و لة القدرة غلى تحديد الاختلاف بين طبقات المجتمع . بدون شك ان الانسان ايضا لة تأثيره على المكان و هذا متعلق بتطور فكر الانسان و معنى ذللك ان هنالك ثمة علاقة بين الانسان و المكان، علاقة تأثرية متعددة الاطراف.

المكان حسب انواعه، له مكانته و اهميته في النص الادبي و غيابه يسبب ضياعا للقيمة الفنية للنص و دراستنا هذة تخص قراءة تحليلية و سفية احصائية لـ( جمالية المكان في الاغنية الفلكلورية الكوردية( اغنية تيلي نموذجا) اغنية تيلي، اغنية فلكلورية كوردية تعود جغرافيتها الى شمال كوردستان و هي تتحدث عن العشق و الحب عن طريق وصف الفتاة و المعشوق (تيلي)، و تركز الدراسة بالحديث عن المكان كبؤرة عميقة عن طريق وصف فني جذاب للأغنية تيلي، اذ تتجسد جمالية المكان مثل لوحة فنية لمجموعة اماكن ملونة و اضحة.

وبحثنا هذا محاولة علمية للتحدث عن المكان قي النص الفلكلور الكوردى، بهدف اكثر تقبل و تعرفا في النص الاصلى الفلكلؤرى للقومية الكوردية و تحديد القيمة العلمية للنص عن طريق اعداد احصاء لأنواع الاماكن في الاغنية الفلكلورية الكوردية.



**الكليمات الداله:** *مكان،اغنية، فلكلور، تيلي، شمال كوردستان، قومية كوردية، جمالية، نص.*


## Aesthetic Place in Kurdish Folkloric Songs
## ( Teli’s Song as a case study)


**Abstract:**

This research, it is entitled(Aesthetic Place in Kurdish Folkloric Songs( Teli’s Song as a case study), it is an attempt to illustrate the role and station of place. Human beings have no existence on this earth without a place. The places that human beings are living on are not the only geographical place, but it carries the experiences, value, and the meaning of Humanity, which means, the place has an impact on the psychology, indicating the personal identity, and characteristics of the humans. So, whichever type of the personality, that means, place has an authority and it becomes a reason behind having different class people in the society. Undoubtedly, humans have also a great impact on the place, thus, it relates to the human thinking progress. Means that, the relationship between the place and human beings is a multi-face, influential, and meaningful.

Place, based on its types, has its position in the literary text and it will be meaningless without the existence of that place.

In this paper, the statisttical descriptive analysis reading has been done to "Aesthetic Place in Kurdish Folkloric Songs( Teli's Song as a case study) "Teli's Song, is a folkloric song from Northern Kurdish. It deals with the love and admiration through the glorification and description of Teli's lady and her Lover. It utters from the depth of the place. Which means, throughout an attractive literary description to Tel's song, the aesthetic place is embodied, as a literary board that several various pure places are embodied.

This study is a scientific land-living argument about the place in the Kurdish folkloric text. It aims to introduce and going deeply through the folkloric texts of Kurdish nation. By addressing the value of the place and identifying the ratio of the its types usage in that Kurdish folkloric song.

**Keywords**: *Place, Song, Folklore, Teli, Northern Kurdistan, Kurdish Nation, Aesthetics, Text*

# مۆسیقای شیعریی گۆرانی کارکردن لە فۆلکلۆری کوردیدا

پ. د. سەردار ئەحمەد حەسەن
پ. د. هیمداد حوسێن بەکر
بەشی زمانی کوردی- کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر- هەریماکوردستان/ عیراق

پوختە:

ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی سامانێکی دەوڵەمەندەو هەمیشە وەکو بەڵگەی رەسانەیەتی و گوتاری مانەوەی ناسیونالیستیی کوردی جێگەی بایەخی لێکۆلەران بووە. گۆرانی فۆلکلۆریی دەربڕی هەست و توانای جەستەیی و هزری مرۆڤی کوردبووەو خۆی لەگەڵ کەشوهەوای ناوچەکەی خۆیدا گونجاندووە.ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێك لەو گۆرانیانەو بە تایبەتی گۆرانی کارکردنی لەخۆگرتووەو زیاتر بنیاتی هوتەری و مۆسیقای شیعریی ئەو گۆرانییانەی لە زۆر ناوچەو دەڤەری جیاوازی بە نموونە وەرگرتووە.

**پەیڤێن سەرەکی:** *فۆلکلۆر، گۆرانی کارکردن، مۆسیقای دەرەوە، مۆسیقای ناوەوە، رەوانبێژی.*

---

**پێشەکی:**

لە هەندێ کتێب و لێکۆڵینەوەدا ئاماژە بە گرنگی و بایەخی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری و بەش و کەرەستەکانی کراوە، وەلێ بە دەگمەن وەکو رەخنەگرێکی ئەدەبی لەسەر بنیات و کێش و سەروا و مۆسیقای دەرەوەو ناوەوەی هۆنراوەکانی گۆرانی فۆلکلۆری وەستاون، بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ دیاریکرنی جۆرێکی ئەو هۆنراوانەی گۆرانی، کە ئەویش گۆرانی کارکرنە لە ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواریدا. هەر یەکێك لەو گۆرانییانە شێوازو مۆسیقای تایبەتی خۆی هەیەو لەگەڵ رەوتی جووڵەی ئەندامانی جەستەدا دەگونجێن.

سنووری لێکۆڵینەوەکەمان لە میانەی ئەو دەقانەن، کە بە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست نووسراون و چەندین ناوچەو دەڤەری جیاوازی لەخۆگرتووە، ئەمەش بەڵگەو پشت ئەستوورییە بۆ بۆچونەکانمان لەمەڕ کێش و سەرواو چۆنیەتی مۆسیقای ناوەوەو دەرەوەی ئەو گۆرانییانە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

میتۆدی لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر بنەمای میتۆدی وەسفی- شیکارییە و پێویستیی لێکۆڵینەوانەوەکەش وا دخوازێ، کە هەندێ ئاماژەی بۆ بۆچوونی دەروونی و جڤاکییش لەخۆبگرێ.

بنیاتی لێکۆڵینەوەکە لە دوو فەسڵ و هەر فەسڵێکیش چەند تەوەرەیەکی لەخۆگرتووە.لە فەسڵی یەکەمدا بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەمان بۆ زاراوەی فۆلکلۆر و پێوەندی بە زانستە مرۆڤایەتییەکان و مێژووی کۆکردنەوەو هەوڵە بەراییەکانی ئەو مەیدانە داوەوە دواتر لەسەر گۆرانی کارکردن و لە تەوەری دووەمیشدا مۆسیقای شیعری و بنەما و رەگەزە پێکهێنەرەکانی باسکراوە.

لە فەسڵی دووەمدا، کە ئەویش دوو تەوەرەی لەخۆگرتووە.لە تەوەرەی یەکەمدا کێشە جیاوازەکانی گۆرانی فۆلکلۆری باسکراوەو لە تەوەرەی دووەمدا مۆسیقای گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان هەڵوەستەی لەسەرکراوەو لە کۆتاییدا ئەنجامەکان ئاماژەیان پێکراوە.

## فەسڵی یەکەم: ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی

مێژووی کۆکردنەوەی فۆلکلۆر لە جیهاندا بۆ سەردەمی رێنیسانس دەگەرێتەوە. لە ئەوروپا لە سەدەی شازدەیەمدا، واتا لە سەردەمی بووژانەوەی زمان و ئەدەبی نەتەوەییدا، بەڵام بەشێوەیەکی فراوان و ئەکادیمی لە سەدەی نۆزدەیەمدا برەوی سەندو گەشەی کردو نەتەوەکانی ئەوروپا بەشێوەیەکی فراوان خستیانە بەرنامەکانیانەوە.

ئەوا بۆ نزیکەی سەدەو نیوێك دەچێت زاراوەی فۆلکلۆر بەسەر زاری رۆشنبیرانەوەیە(کراب، ١٩٦٧، ص١٧). فۆلکلۆر وەك زانستێك((زانستێکی رۆشنبیریی پەیوەندار بە بەشێکی رۆشنبیری، (رۆشنبیری میللی) دەیەوێ لە گۆشەنیگای مێژوویی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە رووناکی بخاتە سەر بابەتەکانەوەو وەك هەموو زانستەکانی دی کۆمەڵێ دەرئەنجامی زانستی بەدەست هێناوە بۆ ئەو کەسانەی خەریکی کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریین.)) (الجوهري، ١٩٧٨، ص١٩).

فۆلکلۆر چییە؟ ئەم پرسیارە دەمانخاتە گێژاوێك، چۆنیەتی تێروانین و بۆچوونی فۆلکلۆر لە وڵاتە سۆسیالیستەکانی پێشوو وڵاتانی دی ئەوروپا جیاوازە. بۆیە پێناسەکردنی فۆلکلۆریش کارێکی ئاسان نییەو ژمارەیەکی زۆر پێناسەی بۆ کراوەو هەر یەکەی لە روانگەیەکی تایبەتییەوە بۆی چووە، ئەمە سەرباری ئەوەی تا رادەیەکی زۆریش لەگەڵ ئەدەبی میللیدا تێکەڵاو بووە .

فۆلکلۆر ئەو ماددەیە، کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەی دوای خۆی دەگوازرێتەوە یان بەدەستەواژیەکی دی: ((ئەو حیکمەت و ئەدەبەیە، کە گەل لە کتێبەوە فێری نابێت.))(مرسي، ١٩٨١، ص٨٥). جۆناس بالیز دەڵێ: (فۆلکلۆر واتا زانستی میللی جێماوو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

شیعری میللی))(مرسي، ١٩٨١، ص٦٠). ئەم زانایە تەنها جەخت لەسەر ناوەرۆکی فۆلکلۆر دەکاتەوەو پێی وایە فۆلکلۆر هەموو ئەو شێوازانە دەگرێتەوە، کە بە وشە دەردەبڕێن، جا ئەو وشانە خەڵکی سادە یان شارستانی دەریبڕن.

ئەنترۆپۆلۆجییەکان، بە تایبەتی زانای بەناوبانگ ولیەم پاسکۆم دەڵێ:((فۆلکلۆر واتە ئەفسانەو هەقایەتی میللی بە هەموو جۆرەکانیەوەو مەتەڵ و پەند و هۆنراوەی میللی و هەموو جۆرەگوزارشتە هونەرییەکانی دی، کە پشت بە وتە(قسە) دەبەستێت))(مرسي، ١٩٨١، ص٧١).

(چێرنشێڤسکی)یش وەك زانایەکی ڕووس تێڕوانینی بۆ فۆلکلۆر وایە((هونراوەی گەل و گۆرانیەکانی، ژیان و مێژوو ڕەسم و عادەتی خەڵکی پاراستووە.))(رەسول، ١٩٧٩، ل٩). لە ئەنجامی ئەم کۆمەڵە پێناسەیەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین، دوو تێڕوانینی جیاواز بۆ فۆلکلۆر هەیە، ((لە وڵاتە سۆسیالیستییەکاندا لەژێر کارتێکەری فەلسەفەی ماددیدا، فۆلکلۆر تەنها بەئەدەبی سەرزاری دادەنێن و لە پیشە دەستییەکان و کەلوپەلە ماددییەکەی جیا دەکەنەوە))(سوکولوف، ١٩٧٢)، بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژئاواو ئەوروپاو ئەمریکادا فۆلکلۆر لایەنە سەرزاریی و مادییەکەی دەگرێتەوە، لەپاڵ ئەوەشدا بیروڕای زاناکانیان زیاتر گرنگی بە تاکە کەس و داهێنانی تاکەکەس دەدەن و دەوری (کۆمەڵ) فەرامۆش دەکەن.

یەشار کەمال ڕۆماننووسی بەناوبانگی بە ڕەچەڵەك کورد شارەزایی و قووڵبوونەوە لە کلتووری نەتەوەیی بۆ نووسەرو شاعیرو ڕۆماننووسانی سەردەم بە خاڵێکی بنچینەیی وگرنگی داهێنان دادەنێ و پێی وایە((فۆلکلۆر بە چاوی زانستی بنچینەیی و بینایی چاوی کراوەی مرۆڤایەتی ناڕوانین، دووربوون لەم زانستەی دایك، پشت تێکردنە لە بەها مرۆڤایەتییەکان، واتا دوورکەوتنەوە لە سروشت. جا تا ئەو ڕۆژەی خەڵکی پەی بەو ڕاستییە دەبەن ئەوکاتە دنیاکەمان پاکتر و بە سەفاتر دەبێت. فۆلکلۆر نەوەکو هەر یەکێکە لە پایە گرنگەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەڵکو هەوەڵیانە.))(حوسێن، ٢٠٠٧، ل٨).

فۆلکلۆر پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ زانستەکانی دیکەدا هەیە، بەتایبەتی مێژوو و کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆجیا و جوگرافیاو زانستە مرۆڤایەتییەکانی دی، ئەمەش وایکردووە، کە ڕۆژ بە ڕۆژ گەشە بکات و لەگەڵ زەمەندا بڕوات و لە نهێنییەکانی ڕۆحی مرۆڤ بکۆڵێتەوە، بە پێچەوانەی هەندێ بیروڕا، کە پێیان وایە فۆلکلۆر ڕوو لە کزییەوو بەرەو نەمان دەچێت و لەگەڵ بەرەو پێشەوە چوونی زانست و تەکنەلۆژیادا بواری فۆلکلۆر تەسك دەبێتەوە، کە ئەمە ڕایەکی هەڵەیەو بە گۆڕانی بوارەکانی ژیان و بابەتەکانی کەرەستەی فۆلکلۆرەکەش دەگۆڕێت.

مێژووی کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردییش، مێژوویەکی کۆنی هەیەو بەهیممەتی ژمارەیەك لە ڕۆژهەڵاتناسەکان پەندی پێشینان و بەیت و گۆرانی و هەقایەت و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

داستان و مەتەڵ کۆکراوەتەوە. لە باشووری کوردستانیشدا دوابەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیی، هەندێك لە نووسەران و ڕووناکیران بەهەستی نەتەوەیی و ئەدەبیاتی نوێی تورکی لە ڕێگەی ڕێبازی ڕۆمانسییزمەوە کەوتنە لاکرنەوە لە فۆلکلۆرو کەلەپووری نەتەوەییەوە، بە تایبەتی بەلایانەوە گرنگیدان بە فۆلکلۆر و کۆکردنەوەی فۆلکلۆر هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەرگریکردن لە مانەوەو خۆراگری بەرامبەر شالآوی ئەوانی دی.

سەبارەت بەکۆکردنەوەی گۆرانی فۆلکلۆری کوردییش دکتۆر محەمەد موکری لە ساڵی ١٩٥١ی زاییندا (گۆرانی یا ترانەهای کردی) بەچاپ گەیاندووە، کە چەندین گۆرانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی لە خۆگرتووەو بەشێوەیەکی زانستیش دەربارەی کێشی هۆنراوەی گۆرانییەکان دوواوەو لەگەڵ زمانە دێرینەکانی ئێرانی بەراوردی کردوون، گۆرانییەکانیش بەئەلف و بێی عەرەبی و لاتینی لەگەڵ وەرگێڕانی گۆرانییەکان بۆ سەر زمانی فارسی بڵاوکردۆتەوە.(مکری، ١٣٢٩).

لە میانەی کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی ڕۆژنامەوانیی کوردیش دەورێکی دیارو بەرچاوی بینیوە، زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان لە دووتوێی لاپەرەکانیاندا چەندین بابەتی فۆلکلۆرییان لە فەوتان ڕزگارکردووەو هانی خوێنەرانیان داوە بۆ تۆمارکردنی ئەدەبی سەرزاری باوو باپیران و پاراستنی پیشە دەستییەکان و بەرەوپێشەوەبردنیان.

**١-١: گۆرانی کارکردن**

گۆرانی بەشێکی هەرە زیندووی ئەدەبی فۆلکلۆرە رازێنەوەی رازاندنەوەی ژیانی مرۆڤە هەر لە سەرەتای منالییەوە گوێ بەسۆزی ئاوازی رەسەتی (لای لایی) ی دایك جۆش دەدرێ .بۆیە هەموو کۆیلەی ڕیتمی ئاوازە رەسەنەکان بووین، لەناو چوارچێوەی گۆرانی و ئاوازو دێرە هۆنراوە فۆلکلۆریەکان دا بەسەدان وشەی ڕەسەن و چۆنێتی داب ونەریتی نەتەوایەتیمان پارێزراون (بیاینسکی وگۆگۆل گۆرانیان بەمێژووی گەل ناوبردووە ، ناویان ناوە (زەنگی دەوران) و وێنەی زیندو دیارو رەنگینی راستی )....))(مردان) ٢٠٠٨، ژ٢٠)(دکتور محەمەد موکری و تۆفیق وەهبی بەگ ) بنچینەی سەرهەڵدانی وشەی گۆرانی ئەبەنەوە سەر (گۆران) دکتۆر محەمەد موکری جدەڵێت: ( وشەی گۆرانی دراوەتە پاڵ (گۆران) کەیەکێکە لەهۆزە مەزنەکانی نێوان سنەو کرماشان کە خەڵکی ئەو عەشیرەتە پێڕەوی ئاینزای (ئەهلی حەق) دەکەن وخاوەنی (عاقیدە) و (ئاداب) و (ئەدەبیات) ی تایبەتی خۆیانن )(شاربازێری)١٩٨٥، ٤٧) تۆفیق وەهبیش هەمان راوبۆچونی دکتۆر محەمەد موکری هەیە دەڵێت (وشەی گۆرانی لەعەشیرەتی گۆرانەوە هاتووە ))(س، پ) ئەم هونەرە دەدرێتەپاڵ ئەوان ،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

چونکە عەشیرەتێکی کشتکارز نیشتەجێبوون پتر دەرفەت وتوانایان بووە بۆ دانان و راهێنانی هۆنراو و ئاواز )(رەسول، ١٩٨٤، ٨٧).

گۆرانەکانیش وەکو زۆربەی عەشیرەتەکانی تری کۆمەڵگەی کوردی گەرمیان و کوێستانیان کردووە، هەمیشە بەدوای لەوەڕو لەوەڕگادا گەڕاون بۆ ئاژەڵەکانیان )(مەردان، ٢٠٠٨، ژ٢٠ ). دوای گۆڕانی ژیانی گۆرانەکان و نیشتەجێبوونیان و( بەخێوکردنی ماڵات بوون بەگۆڕانکاری ژیانی گۆرانەکان کوردە ماڵەکان رقیان لێهەڵگرتوون بەجۆرێکی وا هەوڵی لەناوبردنیانی کشتوکاڵەکانیان داون ، ئەو نیشتەجێبوونەی گۆران بە(گۆڕان) ناوزەد کردووە چونکە لەداب ونەریتی کۆچ و کۆچبەری لایانداوە .... (وشەی ناوی(گۆران) لەگۆڕانەوە سەرچاوەی گرتووە ، ئەمڕۆش بۆ پێناسەی ناوی گۆرانی (گرۆانیش پەیوەندیەکی تەواوی بەباری ژیانی کۆمەلایەتی و خورەوشت وداب ونەریت و بۆنەوە هەیە گەورەترین هۆی کاریگەریشە لەپێشخستن و ژیانەوەی کەلەپوردا )(مستەفا ڕەسوڵ، ١٩٧٩، ٧٩). زۆرجار دەبینین کێش و ئاوازی گۆرانی فۆلکلۆری تووشی لەنگی بووە دیارە ئەیمەش لەخۆڕانییە بەڵکو بەهۆی دەسکاریکردنەوەیە، چونکە هەموو گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردی لەبنچینەدا کێش و ڕیتم و ئاوازی زۆر تەواوە و هیچ لەنگییەکی تیانییە ، ئەوەی تووشی ئەو کەم و کوڕیەی دەکات دەگەڕێتەوە بۆ ((گۆرانی بێژە میللیەکان چونکە باکراوندی رۆشنفکریان لاوازە هەست وسۆزی نەتەوییان لادروست نەبووە لەکاتی شایی و هەڵپەڕین و بۆنەکانی تردا بەئارەزوخواست و ویستی خۆیان جێگۆڕکێ بەدەستەواژە و ڕستەو ناوەرۆکی بەیتە فۆلکلۆریەکان دەکەن چۆن بەخەیاڵیاندا هات وای دەڵێن دیرەشیعری ئەم ئاوازی گۆرانی دەگوێزنەوە بۆئاوازێکی تر بەمە فۆرمی شێوازی ناوەرۆکی گۆرانیەکە دەشێوێت و ماناو مەبەستی جوانی لەدەست دەدات )(مەردان، ٢٠٠٨، ژ٢٠ ) (پەندێکی ڕوسی هەیە دەڵێت :گۆرانی هاوتای جوانییە، یادەڵێت لەگۆرانیدا وشە نەلادەدرێ ، نەفرێ دەدرێ ، سروشتی گۆرانی قووڵی وڕاستە )(مستەفا ڕەسول، ١٩٧٩، ٧٩).

### ٢-١: مۆسیقای شیعری

مۆسیقای شیعری گرینگییەکی یەکجار زۆری هەیە، لە مۆسیقاشدا کێش ڕووی یەکەم و دیارە لە هۆنینەوەی شیعردا ، ئەگەر کێش لە خودی خۆیدا واتای مۆسیقاش نەگەیەنێت ئەوا یەکەم بنەمایەتی و کێش ((مەزنترین بنەمای شیعرەو نزیکترین تایبەتمەندیەتی، لەدوای ئەودا سەروا دێت، بۆئەوەی بنەمای دووەم دروست بکات و ڕووی دووەمی مۆسیقایە ، لێرەوە کێش وسەروا بالاترین بنەماکانی شیعرن ، لە دەرنەکەوتنیشیاندا بە هیچ شێوەیەك قسە بە شیعر دانانرێت و ئەگەر وێنەو زمان و شێوازو مۆسیقا بنەماکانی کاری شیعری بنچینەیی بنیاتنانی بن ، ئەوا مۆسیقا گرینگترین ئەو بنەمایانەیە ))(صید، ٢٠٢٠ ،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ع٩، ٤٨٠ ). پێكهاتەی مۆسیقای قەسیدە بە جۆرە جیاوازەكانیەوە، وەرگر دەوروژێنێت و هەر لە سەرەتاوە ناخی دەهەژێنێت ))( صید، ٢٠٢٠، ع٩، ٤٨١ ) شیعرو مۆسیقا پێوەندییەكی دێرینیان بەیەكەوە هەیە. هەرچەندە هەریەكەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام شیعر هەرگیز بەبێ مۆسیقا نابێت. پەیدابوونی ئەو دوو هونەرە بەیەكەوە وایكردووە ئەوەندە بچنە ناخی یەكەوە و تێك بئاڵێن دوای جیا بوونەوەشیان نەتوانن دەسبەرداری یەكتر ببن، چونكە((پێوەندییەكی تایبەتی لە نێوان شیعرو مۆسیقادا هەیە ڕەنگە ئەو پێوەندییە لەگەڵ هەر پێوەندییەكی ترا جیابێت، كە مۆسیقا لەگەڵ هونەرەكانی تردا هەیەتی چونكە شیعریش هونەرێكی زمانییەو دەربڕینی بەهۆی دەنگەو چەشە لێوەرگرتنی بەبیستنە. ڕیتم و كێشیش دەوری سەرەكیان تێداهەیە.)) (النعمە، ١٩٨٨، ٩٢-٩٣). مۆسیقا ڕەگەزێكی سەرەكییە لە شیعردا.((پێوەندی نێوان شیعرو مۆسیقا پێوەندییەكی مێژووییە .زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین، كە بەیەكەوە دەستیان پێكردووە و بەیەكەوە هاتوون .دووهونەرن كۆكن لەگەڵ یەك زیاتر لەوەی جیاوازین لەڕووی ماددەشەوە ماددەی مۆسیقا دەنگەكان و ماددەی شیعر وشەكانە، كە شیدەبنەوە بۆكۆمەڵێك دەنگ)). (ضیف، د.ت، ٩٢). بۆیە مۆسیقا هەر لە كۆنەوە لەگەڵ شیعر هاوڕاز بووەو تەواوكەری بووە، چونكە((نەبوونی ئاوازو مۆسیقا لە شیعردا دەبێتە هۆی لاوازبوونی و سستی دەقە شیعرییەكە.)) (خەزنەدار، ٢٠٠٤، ٣) ئەو مۆسیقایەش بەهۆی ئاوێتەبوونی دەنگەكانەوە دێتەئاراوە، بۆیە(( مۆسیقای شیعری لە شیعردا دەبێت تایبەتمەندی دەنگی هەبێت. لەهەمان كاتیشدا خاوەن كاریگەرییەكی لایەنی جوانكاری و گوزارشتیشی هەبێت.))(سەید مینە ، ٢٠٠٧، ٦) ئەو مۆسیقایەی، كە پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شیعردا هەیەو لەناو پیتەكاندا تواوەتەوە، خۆی لە دوو جۆردا دەبینێتەوە. ئەوانیش مۆسیقای دەرەوەو مۆسیقای ناوەوەن وە هەریك لەمانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە و بەیەكەوە مۆسیقای شیعری دێننە ئاراوە.

**ۆسیقای دەرەوە:**

دووڕ ەگەزی سەرەكی هەن لەناو مۆسیقای دەرەوە، كە ئەو ئاوازە دێننە ئاراوە ئەوانیش كێش و سەروان. هەریەكەیان ڕۆڵی دیارو بەرچاویان هەیە لەبنیاتی ئاوازی دەرەوەی

**كێش:**

كێش ئەو چوارچێوە توندو تۆڵەیە، كە دەوری شیعر دەدات و لە پچڕان دەیپارێزێ. زۆر لە ڕەخنەگران بە ڕەگەزێكی سەرەكی شیعری دادەنێن و بەلایانەوە بەبێ كێش شیعر نایەتە ئاراوە. هەرئەمەش وایكردووە، كە(( كێش ئەركی پێكهێنانی مۆسیقای دەرەوەی شیعر لە ئەستۆ بگرێت و ببێتە چوارچێوەیەكی بەتین وپتەو بۆی، كە لە پەرش و بڵاوی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەیپارێزێت ))(عید، ١٩٧٥، ٢١ )، بۆیە لە شیعری هەموو نەتەوەکاندا بەدی دەکرێت، چونکە (( کێش بە تەنیا وەك مەرجێکی سەرەکی قالبی شیعری هەموو بەکاردێ، بەڵام هەر یەکە بە پێی تایبەتمەندیێتی خۆی وبە گزێرەی سەردەمی خۆی )) ( گەردی، ١٩٩٩، ٦٩-٧٠). کێش لە پێکهاتە گرەنگەکانە خۆی لە چەند وەستانێکدا دەبینێتەوە، بۆیە کێش((ئاوازێکەو پێویستی بە ساتەوەختێکی دیاریکراو هەیە.)) (خلوصی، ١٩٧٧، ٢٤٥). کەواتە((کێش رەگەزێکی بنجی و نەپچڕاوە لە شیعر .شیعر بێ کێش و ریتم نابێ، چونکە هەر هیچ نەبێ شیعر لە دەنگ دروست دەبێ، دەنگیش ئاوازو ریتمە ))(گەردی(٢)، ١٩٩٩ ، ٧١). شاعیرانی کۆنی کوردیش لەو مەرجەی شیعر لایان نەداوەوشیعرەکانیان لەسەر بنەمای ئاوازێکی رێك داڕشتووە، کە خۆی لە کێشدا دەبینێتەوە. لە کێشیشدا بەشی زۆری شیعری کۆنی کوردی لەسەر بنەمای کێشی چەندی (عەروز )دانراوە، بەڵام شیعری فۆلکلۆری کوردی تەنیا پەیڕەوی سیستەمی کێشی ژمارەی بڕگەیی کردووە، چونکە لەنێو خودی زمانەکەدا چەکەرەی کردووە.

**سەروا:**

سەروا سیستەمێکی مۆسیقیە لەسەر بنەمای دووبارە بوونەوە دروست دەبێت و بەشێکە لەمۆسیقای دەرەوە. لە شیعری کۆنی کوردیدا سەروا زۆر گرنگی پێدراوە. وە زۆرجار بەرەگەزێکی شیعر دانراوە((سەروا وەکو بڕبڕەی پشتی شیعر وایەو ئەرکەکەشی لەوەدایە، کە کۆتایی دەهێنێتن بەو دێرەشیعرەو دەقە شیعرییەکەش رێکدەخات، جگە لەوەش وشەکانی ناو دێڕەشیعرەکانیش کۆدەکاتەوەو پێکەو گرێیان دەدات، بەمەش پێوەندی لەنێوانیاندا دروست دەکات.)) (ویلك، وارین، ، ١٧٨-١٧٩). سەروا ریتمی مۆسیقی رێکدەخات و توانا مۆسیقییەکە زیاد دەکات ((ئەویش بریتییە لە کۆمەلە دەنگێك لە کۆتایی نیوەدێڕ یان بەیتدا دووبارە دەبێتەوە وەك پشووی مۆسیقی وایە . بیسەر پێشبینی دووبارەبوونەوەی دەکات لەماوەی رێکخراودا.))(خلوصی، ١٩٧٧، ٢١٥). سەروا تەنیا ئەرکی دروستکردنی مۆسیقای دەرەوە نییە بە هاوکاری کێش، بەڵکو(( ئەرکی ئیستاتیکیش دەبینێ .شاعیر زۆرجار هونەر لە داڕشتنی سەروادا دەنوێنێ و جۆرە جوانییەکی زیادەکی بۆ شیعرەکەی مسۆگەر دەکات لەگەڵ رەگەزەکانی تردا بەهای ئەدەبی بەرز دەکاتەوە.)))( گەردی، ١٩٩٩، ٤). سەرەڕای هەموو ئەمانە سەروا((لاسیەنێکی گرنگە لە سایکۆلۆجیەتی قەصیدەو مانا بێ ئاگاییەکان تیایا، گوزارشت لە بیرە ناوەکییەکان دەکات، ئەوانەی شاعیر بی عەمد نایانهێنێتەوە بەڵکو لە قەصیدەکەدا لە قووڵایی نەستەوە سەردەردەکات .بۆیە گرنگە، کە شاعیر ئەو شتانە بڵێت، کە بیریان لێدەکاتەوە، بیرکردنەوەیەکی بەئاگا. سەرواش شاراوەکانمان بۆ ئاشکرادەکات وئەو شتانە دەڵێت، کە شاعیر نایەوێت پەردەیان لەسەر لابدات، لە بیری شاراوە لەناو دەرونیدا... سەرواکان تیشکی روونکەرەوەن

ئەوەی لە دەروونـــی مرۆڤایەتییـــدا حەشـــار دراوە دەیخـــاتە ســـەرەوەو کلیلەکەیمـــان پێدەبەخشێت.))(الملائکە، ١٩٩٣، ٦٦).

**مۆسیقای ناوەوە:**

مۆسیقای ناوەوەی ڕیتم بریتییە لە ڕێکخستنی دەنگەکان، چونکە((ڕیتم زیات لە سەر سیستەمی ڕێکخستنی دەنگ هاتووە..(جۆرێکە لە جۆرەکانی مۆسیقا، کە تەواوکەری مۆسـیقای دەرەکییە، هەردوو یەك دەگـرن بـۆ خەلقکردنـی ئـاوازێکی مۆسـیقی.... ئەو بە پێچەوانەی مۆسـیقای دەرەکـی پەیوەسـتە بە پێکهـاتەی دیـڕی هـۆنراوە لە دەنـگ و جـووڵەو وشەو بڕگە، شاعیر بە ئەنقەست خەلقی دەکات بەشێوەو شێوازی جۆراوجۆر، بەپشت بەستن بە بەهـرەو کـارامەیی و چێـژی مۆسـیقی و زمـانەوانی ))(صـید، ٢٠٢٠، ع٩، ٤٨١)... جـۆری دەنگەکـان بـزوێن و نەبـزوێنن و جۆرەکانیـان کـورت یـان درێـژن. سیسـتمی دابەشـبوونی بزوێنەکـان، دووبـارەبوونەوەی بزوێنێـك، یـان چەنـد بزوێنێـك، لەمەودایەکـی زەمەنـی دیـاریکراودا. بەگـوێرەی نەبزوێنیش دەنـگە کـپ و گـڕەکـان، خشـۆك و تەقاوەکـان جـا پەیوەنـدی ئەمـانە هەمـووی بە دەنگەکـانی دەوروبەری خۆیـانەوە.)).(گەردی، ، ١٩٩٩ ٧٢ -٧٣) ڕێکخستنی دەنگەکان لەگەڵ یەك بەگوێرەی سروشتی زمانەکە بـڕگەی کـورت ودرێـژ، یان بەهێزو بێ هێز دێتە ئاراوە، چونکە((ڕیتم بـریتیە لە جولانەوە یان هەستی جولانەوەیەك، کە ڕێکخستنی بڕگەی هێزدارو بێ هێـز و درێـژی بـڕگەکـانەوە پەیـدادەبێ، ڕیتم لە شیعردا پشت بە دەستووری کێش دەبەستێ ))(گەردی، ١٩٩٩ ، ٧١ ). لەگەڵ ئەوەشدا ڕیتم پێوەندی بە کەسـایەتی شـاعیرەوە هەیە و توانـاو لێهـاتوویی شـاعیر جیـا دەکـاتەوە، چـونکە زۆرجـار ئەگەر بـابەتەکە هەمـان بـابەت و کێشـەکەش هەمـان کـێش بێـت دووشیعرەکە ڕیتمیـان جیـاواز دەبێـت، چـونکە((ڕیتم پەیوەنـدی بە کەسـێتی شـاعیرەوە هەیە.شـاعیری بەهـرەدار و شاعیری بێ بەهرە لە بواری مامەڵەتکردن لەگەڵ ڕیتم لێك جیادەبنەوە، شاعیری داهێنەرو بەهـرەدار هەوڵـدەدا دەنـگ وکەسـێتی خـۆی وەکـو خاسـیەتێکی تـایبەتی لە ڕیـتمەوە پیشـان بـدات.))(گەردی، ١٩٩٩ ٧٢ )، جـگە لە لێهـاتوویی و دەسـتڕەنگینی شـاعیر دەروونـی شـاعیر ڕۆڵێکـی گـرنـگ لە داڕشـتنی ڕیتمـی هـۆنراوەدا دەبینـێ، چـونکە(( بـاری دەروونـی شـاعیر و خرۆشـانی هەسـتی نـاوەوەی پێوەنـدییەکی زۆری بە ڕیـتم و مۆسـیقای نـاوەوەی سروشـتی ئەو ڕیتمە هەیە، کە لە نـاوەوە حـوکمی شـیعر دەکـاو لایەنـی ئاشـکراو تـاقیکردنەوەی شـیعری بەڕەنگـی خـۆی دەنەخشـێنێ ))(گەردی، ١٩٩٩، ٧٧ )، بـۆیە ئەگەر شـاعیر خـاوەن دەروونێکـی جێگـیرو ئاسـوودە بـوو ئەوا ڕیتمـی شـیعرەکەی بەهێـزو جێگـیر دەبێـت.خۆ ئەگەر دەروونـی شـلەژاو بێـت ئەوا ریتمێکـی پچـڕ پچـڕ .یـان هەر نەبـێ ڕیتمێکـی پـڕ لەخەم و ناسـۆر دێتەئاراوە.هەر چۆنێك بێت((شیعر بێ کێش و ڕیتم نابێ، چونکە هەر هیچ نەبێ شیعر لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەنــگ دروســت دەبێــت و دەنگــیش ئــاوازو ڕیــتمە))(گەردی، ١٩٩٩، ٧١ ) ڕیتمــیش بە بەشداریکردنی گەلێ هونەرو شێواز دێتە ئاراوە.

**دووبارەکردنەوە:**

دووبـارە کـردنەوە یەکـێکە لەو هـونەرانەی کەشـاعیر لەبنیـاتی مۆسـیقای نـاوەوەی شیعردا پەنای بۆ دەبات و دووبارەبوونەوەش بەگەلێ شێوەو جۆر ئەنجام دەدرێت، یەکێ لەوانە دووبارە بوونەوەی دەنگە.

**دووبارەبوونەوەی دەنگ:**

دیــارە لە هەر هۆنراوەیەکــدا دەنگێــك یــان چەنــد دەنگێــك لەئەنجــامی دووبارەبوونەوەیاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان زاڵ دەبن بەسەر مۆسیقای شیعرەکەدا.

**ڕەگەزدۆزی**

ڕەگـەزدۆزی یەکـێکە لەهونەرەکـانی جوانکـاری. ڕۆڵێکـی بەرچـاوی هەیە لە مۆسـیقای نـاوەوەدا. ڕەگەزدۆزیـش بـریتییە لە(هـاتنی دووجـار یـان زیـاتری وشـەیەك بەهەمـان شـێوەو بەواتـای جیاواز.))(عبـدالله، ٢٠٠٠، ٢١). لە غەزەلەکـەی جزیریـدا ڕەگـەز دۆزی بەشـێوەیەکی زۆرفــراوان بەکــار هــاتووە، بەڵام لەجـۆری ڕەگەزدۆزی نــاتەواودایە. ئەویــش بــریتییە لە((ئەو وشـانەی، کە ڕەگـەزدۆزیـان لێـدەکەوێتەوە یەکێـك لە چـوار مەرجەکانیـان تیـا نـایەتەدی ))(عبدالله، ٢٠٠٠، ٢٢).

**کەرتکردن:**

هـونەرێکە جـگە لە سـەروای گشـتی هـۆنراوەکە سـەرواداری تیـا بەکارهـاتووە. ئەم هــونەرەش پێــی دەوتــرێ کەرتکــردن، کە هــونەرێکی جوانکــارییە شــاعیران بەمەبەســتی ڕازاندنەوەی شیعرەکانیان بەکاریان هێناوە، کە هەر دێرە یانیوەدێڕی شیعرێك دابەشی چەند کەرتێکــی ســەروادار کــراوە جــگە لە بــوونی ســەروای گشــتی شــیعرەکە ئەو کەرتــانە هاوســەروا دەبــن زۆرجــاریش هــاوکێش دەبن.لێرەدا((هــۆنەر بــێجگە لە ســەروای گشــتی هـۆنراوەکەی لەکـاتی هـۆنینەوەی هـۆنراوەدا سـەروادار بەکـار دێنـێ ، ئەم هـونەرەش پێـی دەگــوترێ کەرت کــردن، چــونکە لەبەر ســەروادارەکا وا دەردەکەوێــت هــۆنراوەکە کەرت کەرت کرابــێ )). (عبــدالله، ٢٠٠٠، ٤٠ ). کەرت کــردنیش لەعەرەبیــدا ( التشــطیر) ی پێدەگوترێ.

**فەسڵی دووەم: گۆرانی فۆلکلۆری کوردی**

گـۆرانی بەشـێکی هەرە زینـدووی ئەدەبـی فۆلکلـۆرە. ڕازێـنەوەی ڕازانـدنەوەی ژیـانی مـرۆڤە، هەر لە سـەرەتای منـاڵییەوە گوێ بەسـۆزی ئـاوازی ڕەسـەنی (لای لایەی) ی دایك جۆش



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەدرێ، بۆیە هەموو کۆیلەی ڕیتمی ئاوازە ڕەسەنەکان بووین، لەناو چوارچێوەی گۆرانی و ئاوازو دێڕە هۆنراوە فۆلکلۆرییەکاندا بەسەدان وشەی ڕەسەن و چۆنێتی داب ونەریتی نەتەوایەتیمان پارێزراون. (بیاینسکی وگۆگۆل گۆرانیان بەمێژووی گەل ناوبردووە ، ناویان ناوە (زەنگی دەوران) و وێنەی زیندو دیارو ڕەنگینی راستی )....))(مردان) ٢٠٠٨، ژ٢٠)(دکتور محەمەد موکری و تۆفیق وەهبی بەگ) بنچینەی سەرهەڵدانی وشەی گۆرانی ئەبەنەوە سەر (گۆران). دکتۆر محەمەد موکری دەڵێت:(وشەی گۆرانی دراوەتەپاڵ (گۆران)، کە یەکێکە لە هۆزە مەزنەکانی نێوان سنەو کرماشان، کە خەڵکی ئەو عەشیرەتە پێڕەوی ئاینزای (ئەهلی حەق) دەکەن وخاوەنی (عاقیدە) و (ئاداب) و(ئەدەبیات) ی تایبەتی خۆیانن)(شارباژێڕی )١٩٨٥، ٤٧). تۆفیق وەهبیش هەمان راوبۆچونی دکتۆر محەمەد موکری هەیەو دەڵێت:( وشەی گۆرانی لە عەشیرەتی گۆرانەوە هاتووە ))(س، پ، ). ئەم هونەرە دەدرێتەپاڵ ئەوان، چونکە عەشیرەتێکی کشتکارو نیشتەجێبوون پتر دەرفەت و توانایان بووە بۆ دانان و راهێنانی هۆنراوە و ئاواز )(ڕەسول، ١٩٨٤، ٨٧). گۆرانەکانیش وەکو زۆربەی عەشیرەتەکانی تری کۆمەڵگەی کوردی گەرمیان و کوێستانیان کردووە هەمیشە بەدوای لەوەڕو لەوەڕگادا گەڕاون بۆ ئاژەڵەکانیان) مەردان ، ٢٠٠٨، ژ٢٠). دوای گۆڕانی ژیانی گۆرانەکان و نیشتەجێبوونیان و( بەخێوکردنی مالآت بوون بەگۆڕانکاری ژیانی گۆرانەکان کوردەماڵەکان رقیان لێ هەڵگرتوون بەجۆرێکی وا هەوڵی لەناوبردنی کشتوکاڵەکانیان داون، ئەو نیشتەجێبوونەی گۆران بە(گۆڕان) ناوزەد کردووە، چونکە لە داب ونەریتی کۆچ و کۆچبەری لایانداوە... (وشەی ناوی(گۆران) لە گۆڕانەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمڕۆش بۆ پێناسەی ناوی گۆرانی(گۆرانیش پەیوەندیەکی تەواوی بەباری ژیانی کۆمەڵایەتی و خورەوشت وداب و نەریت و بوونەوە هەیە، گەورەترین هۆی کاریگەریشە لە پێشخستن و ژیانەوەی کەلەپوردا)(مستەفا ڕەسوڵ، ١٩٧٩، ٧٩). زۆرجار دەبینین کێش و ئاوازی گۆرانی فۆلکلۆری تووشی لەنگی بووە، دیارە ئەمەش لە خۆڕانییە، بەڵکو بەهۆی دەسکاریکردنەوەیە، چونکە هەموو گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردی لە بنچینەدا کێش و ڕیتم و ئاوازی زۆر تەواوەو هیچ لەنگییەکی تیانییە، ئەوەی تووشی ئەو کەم و کوڕییەی دەکات دەگەڕێتەوە بۆ((گۆرانی بێژە میللییەکان، چونکە باکراوندی رۆشنفکریان لاوازە، هەست وسۆزی نەتەوەییان لادروست نەبووە، لەکاتی شایی و هەڵپەڕین و بۆنەکانی تردا بە ئارەزو وخواست و ویستی خۆیان جێگۆڕکێ بەدەستەواژە و ڕستەو ناوەرۆکی بەیتە فۆلکلۆرییەکان دەکەن، چۆن بەخەیاڵیاندا هات وای دەڵێن.دیرەشیعری ئەم ئاوازی گۆرانی دەگوێزنەوە بۆ ئاوازێکی تر، بەمە فۆرمی شێوازی ناوەرۆکی گۆرانییەکە دەشێوێت و ماناو مەبەستی جوانی لەدەست دەدات ) (مەردان، ٢٠٠٨، ژ٢٠ ) (پەندێکی ڕووسی هەیە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەڵێت:گۆرانی هاوتای جوانییە، یا دەڵێت لە گۆرانیدا وشە نەلادەدرێ، نەفرێ دەدرێ، سروشتی گۆرانی قووڵی و ڕاستە)(مستەفا ڕەسول، ١٩٧٩، ٧٩).

**١-٢:کێش لەگۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا**

ئاشکرایە، کە شیعری کوردی ئەوەی لەسەر بنەمای کێش بنیاتنراوە پەیڕەوی دووسیستەمی کێش کراوە کێشی چەندی وەکێشی ژمارەی بڕگە، بەڵام شیعری فۆلکلۆری کوردی کە بەرهەمی میللەتەو بەزمانی سادەو ساکاری ئەوان دانراوە هیچ شتێکی بیانی لە دەرەوەی زمانی ڕەسەنی کوردی وەرناگرێت، واتە هەرچی لەگەڵ خاسیەتەکانی زمانی کوردی نەگونجێت وەری ناگرێت و هەرئەوەش وەردەگرێت، کە تایبەتە بە زمانی خەڵك، بۆیە لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا تەنیا پەیڕەوی کێشی ژمارەی بڕگەکراوە و هەرچی شیعری فۆلکلۆر هەیە لەسەر ئەو سیستەمە دانراوە و تاکە دێڕێکی فۆلکلۆری بەرچاوناکەوێت، کە بەپێی سیستەمی کێشی چەندی دانرابێت، چونکە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردیدا ناگونجێت. شیعری فۆلکلۆریی کوردیی تایبەتە بە گۆرانی لە رووی کەمی و زۆری بڕگەو قورسی و سووکی ئاوازەوە.

**گۆرانی فۆلکلۆری**

ئەو گۆرانیانەی، کە لەبەر دەستدایە زۆربەیان بەکێشی (٧ ، ٨ ، ١٠) بڕگەییەوە دانراون. حەوت بڕگەییەکان گەلێ سادەن ئاواز لەناو تیپەکانیان تواوەتەوە.کاتێ دەخوێنرێتەوە گەر بە ئاوازیش نەخوێنرێتەوە هەست بەوە دەکرێت، کە گۆرانییە توندی لە کێشەکاندا نابینرێت. د.پرویز ناتل خانلری دەڵێت :(مەوزوونی گۆرانیەکانی خەڵك پێویستی بە هیچ بەڵگەیەك نییە.)(خەزنەدار، کێش و قافیە ٣١)، چونکە کێش و ڕیتمەکانیان ئاسانن و لەگەڵ جووڵەی جەستەدا ڕێکخراون، بۆیە هەڵەی تیاناکرێت،

شەش بڕگەیی

بوو/کێ/ ما/ رێ /می/ ری

برد/یان/لۆ/یەخ/سی/ ری

حەوت بڕگەیی

دەنگ/ دێ/ لە/شی/لا/نە/کەی

بەو /شە/وی/ با/ را/ نە/ کەی

گۆت/ مە/ کی/ ژە/جوا/ نە/کەی

بۆم/ بێ/تە/ هەی/ وا/ نە/ کەی

دەست/ لۆ/ مەم/کا/ نی/ دە/ بەم

کۆ/ رە/بێ/ جی /را/ نە/ کەی

وەستان لەدوای بڕگەی سێیەمە ( ٣+٤ )



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هه/نا/ری/ گوڵ/ هه/نا/ری

هه/نا/ری/ عه/با/بەی/لێ

خۆمن سەرم دەرناچێ

لەمەكرو جوانی لەیلێ

هه/نا/ری /خڕ /هه/نا/ری

هه/نا/ری/ دەن/كه/ دەن/كه (مردان) ٢٠٠٨) ژ٢٠ )١٤)

حەپ/سی/ ئه/به/دیم /بۆبێ

له/سەر/ئەو/ سی/نەو/ مەم/كه

كێشی حەوت بڕگەییە ، وەستان لەدوای بڕگەوی سێیەم دایە (٣+٤)

هەشت بڕگەیی :-

چا/ وت/ ڕه/ شه/ به /خو/ ما/ ره/ وه

مەم/ كت/ سێ / وه/ به/ دا/ ره/ وه

خو/ دا/ داو/ یه / مەی/ شا/ ره/ وه

گۆرانییە (٨) بڕگەییەكان(( بەشێكی زۆر لە گۆرانی یەكانی كوردی هەشت هیجاییە وەشیعری هەشت هیجایی لەشیعری دە هیجایی كۆنترە)) (خەزنەدار، كێش وقافیە ل٣٣). لەم گۆرانیانەدا وەستان لەناوەڕاستدایە واتە (٤+٤) وەزۆربەی شیعرەكانی سێ دێڕە .

كێشی نۆبڕگەیی

ئەم كێشە گەرچی لەكۆندا باو بووە بەڵام لەشیعری نوێدا بەكارهێنانی كەمە .شەپۆڵەكەشی بەزۆری (٣+٣+٣) یە ٣ + ٣ + ٣

| | |
|---|---|
| پرچی درێژو چاوی كاڵت | پر/چی/د/رێ/ژو/چا/وی/كا/ڵت |
| باڵای لاولاوی و لێوی ئاڵت | با/ڵای/لاو/لا/ویو/لێ/وی/ئا/ڵت |
| هاوار بەماڵم شێتیان كردم | ها/وار/بە/ما/ڵم/شێ/ت/یان/كردم |
| دەمەكەت بێنەو دەستت لابە | دە/مە/كەت/بێ/نەو/دەس/تت/لا/بە |

ده بڕگەیی:

ئەم جۆرە گەلێ زۆرترە لە هەشت بڕگەیی.زۆربەی كات وەستان لەناوەڕاستدایە (٥+٥) جێگایەكی فراوان لەئەدەبی كوردی داگیر دەكات . ئەم جۆرە كێشە لە ئاوێستاو شیعری پەهلەویدا هەیە .

خوا/ یه/ هەڵ/ كه/ نی/ ئەو/ كێ/ وه/ له/ بن

بەڵ/ كو/ دەر/ كه/ وێ / نوو/ ری/دی/ دەی/من



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێكۆڵینەوەی كوردی

ئەم/ بە/ رم/ شا/ خە / ئەو/ بە/ رم/ شا/ خە
كرا/ ست/ بۆ/ ئە/ كەم/ لە/ گو/ لَی/ئەو/با/خە
خە/جێ و/مە/جێ
ئە/تر/سم /بم/رم /بە/مە/را/قە/وە
ما/ڕەت /نە/بی/نم /بە/تە/لا/قە/وە
خە/جێ و/مە/جێ/ عەم/رم /خە/جێ
پێم/ بڵێ/ تو/خوا/ د/ڵت/ دا/بە/كێ (مەردان، ٢٠٠٨ ، ژ١٤)
سەڵتەنە
ری/شم /ب/تا/شن /هە/ردەر/یە/تەوە
سە/رم/ س/پی/بێ/ ڕەش /ئە/بێ/تەوە
بۆ/لای/ یار/نە/چم /ئا/شت /نا/بێ/تەوە
سەڵ/تە/نە /، سەڵ/تە/نە / عوم/رە/كەم /گو/ڵە (س، پ)
هەردووهۆنراوەكە (١٠) بڕگەین وەستان لەناوەڕاستدایە(٥+٥)

**٢-٢:مۆسیقا لەگۆرانی كاركردن لەفۆلكلۆری كوردیدا**

كۆمەڵگای كوردەواری كۆمەڵگایەكی كشتوكاڵییە، بۆیە مرۆڤی كورد بە بەردەوامی خەریكی كاركردن بووە كارەكانیشیان هەندێكیان زۆر قورس بووەو تاقەتی لێ بڕیون و لەبەر نەبوونی ئامێرو كەرەسەی پێش كەوتوویش كارەكانیان زۆری خایاندووە، بۆیە دەتوانین بڵێین مۆرڤی كورد بەدرێژایی ساڵ خەریكی كاركردن بووە، بۆ لابردنی بەشێك لەو گرانییەی سەرشانی پەنای بۆگۆرانی بردووە، بۆیە لەنێو فۆلكلۆری كوردیدا هەمووكارێك گۆرانی تایبەت بەخۆی هەیەو سووكی و قورسی مۆسیقاكانیش بەپێی سووكی و قورسی كارەكەیە یاخود بەپێی جووڵەی جەستەی كەسەكەوەیە. كاركردن بەشێوەی هەرەوەزی بووە، ژن و پیاو شان بەشانی یەك كاریان كردووە، تاك تاك كار هەیە كە تاكە مرۆڤێك بەتەنیا بیكا، بۆیە گۆرانیەكانیش بەكۆمەڵ دەوترێن یاخود یەكێك دەیڵێت و ئەوانی تر بۆی دەگێڕنەوە كاركردنی مرۆڤی كورد بەرامبەر سروشت خۆی لەخۆیدا بریتیە لە دروستكردنی پێوەندییەكی دیالەكتیكی چڕ لە نێوان سروشت و بازوو، بۆ هێنانەدی ئەنجامی نوێ(واتەبەرهەم) لەم پێوەندیەشدا دیسان بەبازووی تاك، بە بازووی كۆوە گرێ دەدرێت، گەنم كوتان ومازوچنین ودروێنەو... هتد بەتەنیا ناكرێن، لەم كاری بە كۆمەڵەی چنگ و كاركردندا هەموو كاردانەوەكان، كە لە شێوەی گۆرانی چڕیندا بەرجەستەدەبن مۆركی گشتگیریی وەردەگرن، واتە هونەری گۆرانی فۆلكلۆری كوردی بەهرە تاكەكان بۆدەوڵەمەندكردنی خۆی وەردەگرێت، لەم حاڵەتەشدا بەرهەمێكی هونەری گشتیی ئامادە دەبێت، كە خاوەنەكەی تاك نییە بەڵكو هەركەسە لە ئاستی خۆی خۆی


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

بەخاوەنی دەزانێت و بەردەوام دەیڵێتەوە.ئەم وتنەوەش لە فەوتاندن ڕزگاری دەکات و مرۆ دەوڵەمەندییەکەی دەپارێزێ .ئۆسکارمان دەڵێت: پیاو واقی وڕدەمێنێ لەوەی کوردەکان چۆن توانیویانە پارچە هەڵبەستەکان یان دەماودەم واباش بە وردی بگێڕنەوە))(محەمەد، ٢٠٠١، ژ١٤ ، ل٧٢)(کاری هەرەوەزی تەنیا بازووەکان بەیەکەوە گرێنادات، بەڵکو بەهرەکانیش پێکەوە نمایشدەکەن، بۆنموونە لەکاری هەرەوەزی درویێنەدا هەروەك چۆن بازووەکان دەبنە خاوەنی یەك ئامانج هەربەم چەشنەش دەروونەکانیش پێکەوە پێویستیان بە ئەدەبیاتێك لەشێوەی گۆرانیدا هەیە، کە ببێتە هۆیەك بۆ دەربڕینی ئەم هەستە هاوبەشەیان. بەم جۆرە هەروەك چۆن بەرهەمی درویێنە بەرهەمی تاکە کەسێك نابێت، چونکە ئەو بەرهەمە لەکاتی کارکردندا داهێنراوە لەکاتی کۆبوونەوەی هەست و بازوویەکی هاوبەشدا لێرەشەوە بەندی گۆرانیبێژەکان دەبنە تەواوکەری یەکتری و دەبنە فاکتەری دەوڵەمەند بوونی ئەو هونەرە، کە گۆرانی فۆلکلۆری کوردییە))(س، پ).

درویێنە، لە کۆتایی مانگی مایس و سەرەتای حوزەیران لە کوردستاندا دەست دەکرێت بە درویێنە و سەرپاڵەیەك و چەند پاڵەیەك و گیشەکەرێك یان دووان بەشداری دەکەن، کە دەچنەسەر تەبارەکە سەرەتا سەرپاڵە گازێك لە تەبارەکە دەدات، واتە بەشێکی دادەبرێت بۆ دەست بەکاربوون، ئینجا لەگەڵ پاڵەکان دەست بە درویێنەدەکەن.کارەکە زۆر قورسە بە گۆرانی نەبێت ناچێتەسەر، بۆیە سەرپاڵە یان کامەیان دەنگەخۆشە دەست دەکات بەگۆرانی و ئەوانی تریش بۆی دەگێڕنەوە.

هە /درو/نە در/ونە در/ونە

دەس/کێ/ دا/سێم /بە/ ڕو/ونە

کێشی حەوت بڕگەییە( ١+٢+٢+٢) دێڕی دووەم (٢+٢+٣) وشەی سەروا (درونە، ڕونە) دەنگەهاوبەشەکان (ونە) ڕیتمی گۆرانیەکە لەسەر بنەمای دووبارەکردنەوە بنیات نراوە، دەنگی دوبارە (د، ر، ن، ە، س) وشەی دوبارە _( درونە ) لەدرویێنەدا بازو بەخێرایی دەچێتەپێش باری سوکە و داس لەگەردنی گوڵە گەنم دەنێ و ئەمەکارەکەیە کەداسەکەڕادەکێشێتەوەبۆبڕینی گوڵەگەنمەکان کاردانەوەیەو قوڕسە بەگرانی دەگەڕێتەوە، بەبارێکەوە پاش چەند جارێك دەبێتە سوارە ، کەکاردانەوەکە خاوترە ڕیتمەکەش کەلەدێڕی ییکەم خێرایە لەدێڕی دووەم خاودەبێتەوە

ساوار کوتانەوە

دوای ئەوەی خەلەو خەرمان هەڵدەگیرێت ئینجا نۆرەی ئەوەیە ژنان زەخیرەی ساڵ ئامادەبکەن، ئەویش خۆی لە ساوارو بڕوێش و گەنمەکوتاودا دەبینێتەوە، کە پێشتر لە گەنمی ڕەشگوڵ دروست دەکران، ساوار پێویستی بە کوڵان هەیە ، بەڵام دووانەکەی دی هەر تەڕدەکرێن و دەکوترێنەوە.دوای ئەوەی ژنان بەشێوەی هەرەوەزی ساوارو بڕوێشەکە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئامادەدەکەن، ئینجا لەناوحەوشە یاخود لە گۆڕەپانێکدا قۆرتێکی بازنەیی لێدەدەن، کە تیرەکەی لە مەترێك زیاتربێت، ئینجا بە قوڕەسۆر سواغی دەدەن، کە وشك بووەوە بە هەویر دایدەپۆشن و لێی دەگەڕێن تا وشك دەبێتەوە وشەوێك لە ئێوارەوە کیژو کوڕ کۆدەبنەوەو پێنج یا شەش کەس بەرامبەری یەکتر دەست بە کوتك دەست دەکەن بە ساوارکوتانەوە لەسەر ئاوازی گۆرانی و مۆسیقا، یەکێکی دەنگ خۆش گۆرانیەکە دەڵێت و ئەوانی تریش بۆی دەگێڕنەوە، هەر قۆرتێك کە دەکوترێت زۆرجار چەند کیژو کوڕێکی تر کارەکە وەردەگرن بۆئەوەی ئەوانی پێشووبحەسێنەوە.

کیژ هەرکیژێ

کیژ/ هەر/کی/ژێ /دار/بە/سە/رە

تاسی/ زێڕ/یان/ لە/سەر/سە/رە

بۆمن/ شێت/ بوون/ سە/ران/سە/رە

یاڵڵا / یا ئەڵڵا

کیژ /هەر/کی/ژی/ ئێ/لن/جا/غە

کە/وای/ بەر/یان/ بە/داغ /دا/غە

کو/ڕان /جەر/گیان/ بۆ/یان/ داغە

یاڵڵا / یا ئەڵڵا

کیژ/ هەر/کی/ژی/ س/ما/قە/یە

قەز/مە/ قی/تی/ بە/گە/ر/دەیە

ماچ/یان /نە/کەی /بێ/ فای/دەیە (شێخانی ، ١٩٨٥ ، ٣٨)

هۆنراوەکە (٨) بڕگەییە وەستان لە ناوەڕاستدایە (٤+٤) وشەی سەروا لە کۆپلەی یەکەم (سەرە ) سێ جار دووبارە بۆتەوە، لەهەمان کاتدا دەنگەکانی سەرواش لە کۆپلەی دووەمدا وشەکانی سەروا (ئێلنجاغە، داغە، داغە) و دەنگەکانی سەرواش بریتین لە اغە) سەروایەکی بەهێزە، لە کۆپلەی سێیەمدا وشەکانی سەروا( سماقەیە، گەردەیە، فایدەیە) دەنگەکانی سەرواش بریتین لە (ەیە) هۆنراوەکە ئاوازەکەی خێرایە دەبێتە دوو بەش لە چوار بڕگەی یەکەم کوتك بەرزدەبێتەوە و لە چواربڕگەی دووەمدا دادەبەزێت، بەم شێوە بەردەوام دەبێت سێ دێڕ یان چوار دێڕ ئینجا دەستەواژەی (یاڵڵا )دووبارە دەبێتەوە، کە هەریەکەیان دوو بڕگەیە و بەم شێوەیە گۆرانیەکە بەردەوام دەبێت. ڕیتمی هۆنراوەکە لە سەر بنەمای دووبارەبوونەوە بنیاتنراوە، دەنگە دووبارەکان ، (ك، د، ا، غ، ی، س، ە). وشە دووبارەکانیش (کیژ، سەرە، داغ، )، سەرەڕای دوبارەبوونەوەی دەستەواژەی (یاڵڵا ، یائەڵڵا )، کە لە پاش هەموو کۆپلەکاندا دوبارەدەبێتەوە.( هەمووئەو دێڕە جیاوازانە لە چوارچێوەیەکدا خۆیان ڕێکخستووە و بەیەکەوە یەك یەکەی بابەت نمایش دەکەن ، سەرەڕای ئەوەی لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ناوەرۆکدا هەمووکۆپلەکان بۆ یەك ئامانج گوتراون، تەکنیکیش دەستی بالآی لە دروستکردنی چوارچێوە هاوبەشەکەدا هەیە، کە مەبەستمان دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی(یاڵلا یا ئەڵلا ) ئەم دەستەواژەیە کۆلەکەی هاوبەشە بۆئەوەی لەیەکتر دانەبڕێن ... هەر ئەم دەستەواژەیە دەبێتە بەڵگەیەکی دی بۆئەوەی کە ئەم دەقە بە تەواوی لە کاتی کارو لە گەرمەی ساوارکوتینەوەکەدا وتراوە.گۆرانی کارکردن پێویستی زۆری بەم دووبارەکردنەوە هەیە و هیچ گۆرانییەکی کارکردن بەبێ دەستەواژەی هاوبەش نابینرێ.

سا/وار/ کو/تان

ڕەب/ی/ بەد/کار/ بەخ/تت/ سۆ/تێ

بب/یە/قە/شەی/ لە/هەر/مۆ/ تێ

شەرت/ بێ/ ز/گم /پێت/ نە/سۆ/تێ

یاڵلا  یا ئەڵلا

ڕەب/ی/ بەد/کار/ بب/یە /پر/دم

چ/ قسەی/ خۆ/شت/ لۆ/نە/کر/دم

لە/لای/ یا/رێ /لۆ/مەت /کر/دم

نا/وت /بە/ خرا/پەی/ دە/بر/دم

لە/گە/ریا/رێ/ لێ/کت/ ك/ردم

یاڵلا  یا ئەڵلا

هۆنراوەکە لەچواربڕگەییەوە چووە بۆهەشت بڕگەیی ، کێشی ئەم هۆنراوەیەش (٨) بڕگەییە (٤+٤) وەستان لەناوەڕاستدایە  وشەی سەروا بریتین لە (سۆتێ ، هەرمۆتێ ، نەسۆتێ، دەنگەکانی سەروا بریتین لە(ۆتێ ) کۆپلەی دووەم  وشەی سەروا بریتیەلە(پردم، نەکردم، کردم، دەبردم، کردم) دەنگەهاوبەشەکانی سەروا بریتین لە(ردم) ڕیتمی شیعرەکە لەسەر بنەمای دووبارەکردنەوە بنیاتنراوە دەنگە دووبارەکان بریتین لە (ب، ت، ۆ، ێ، د، م، ك، ر، ل) وشەدووبارەکان بریتین لە(بەدکار، سۆتێ، کردم) سەرەڕای دووبارەبوونەوەی دەستەواژەکە.

لە/گەر/ تۆ/مە

لە/گەر/تۆ/مە/ ئەی /عە/ز/یمە

شێ/ت و/شەی/دای /دوو/کە/زی/مە

عەق/رو/هۆ/شت/  لا/د/زی/مە

یاڵلا  یائەڵلا

لە/گەر/ تۆ/مە /حە/لیم/ نا/وە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەر/وەك/ با/زی/ سەر/ بەك/را/وە /

ڕو/ح و/ دی/نم/ لۆت /نە/ما/وە

جەر/گ و /د/رم /لۆت /سو/تا/وە

یاڵڵا /یا ئەڵڵا

هۆنراوەكە ناونیشانەكەی بە چواربڕگە دەست پێدەكات و دەبێتەهەشت بڕگە وەستان لە ناوەڕاستدایە (٤+٤) و وشەكانی سەرواش بریتین لە (عەزیمە، كەزیمە، دزیمە) دەنگەهاوبەشەكانی سەرواش بریتین لە ( زیمە) كۆپلەی دووەم وشەكانی سەروا بریتین لە ( ناوە، كراوە، نەماوە، سوتاوە ) دەنگە هاوبەشەكانی سەروا بریتین لە ( اوە ) سەرواكانی بەهێزن و هەر كۆپلەیەكیش لە گۆرانی ساواركوتانەوە سەروای تایبەتی خۆی هەیە، ڕیتمی هۆنراوەكە لەسەر بنەمای دووبارەكردنەوە بنیاتنراوە، دەنگە دووبارەكان بریتین لە (ل، ت، ش، ز، م، ە، د، ، ن، و، س، ن، ) وشەی دوبارە بریتین لە(تۆ، لەگەر.. )و دووبارە بوونەوەی دەستەواژەی( لەگەر تۆمە) سێ جار جگە لە ڕەگەزدۆزی ناتەواو هەیە لە جۆری جودا لەنێوان( عەزیمە، كەزیمە) هەروەها لە نێوان( ناوە ، ماوە)، كە ڕۆلیان لە بنیاتی ڕیتمەكەدا هەیە، سەرەڕای دووبارەبوونەوەی دەستەواژەی (یاڵڵا یا ئەلڵا) لە دوای كۆپلەكەو بەستنەوەی بەكۆپلەكانی تر.لە ساواركوتانەوە دەقی دوبارەكردنەوە كورتە ، ئەویش پێوەندی بە جۆری كارەكەوەیە.(لە ساواركوتانەوە بەردەوام كوتك وەشاندن دووبارەدەبێتەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئیقاعێكی تێدایە، كە بە شێوەیەكی سروشتی خۆی بەسەر گۆرانیەكدا ساغدەكاتەوە، واتە گۆرانی بێژەكە خۆڕسكانەو لەحاڵەتی نائاگایدا ئیقاعی كاركردنەكە دەگۆڕێت بە ئیقاعی گۆرانی ئەمەش ڕاستگۆترین ئاوازە، چونكە شیعرێك، كە بۆ گۆرانی دانرابێت وشە پێش ئاواز دەكەوێت، بەڵام لە گۆرانی كاركردندا ئاوازێك هەیە پێش ئەوەی وشە هەبێت.ئەم حاڵەتە ناوازەیە بۆ ساوار كوتەكان كەڵكی زۆرە چونكە هەلومەرجێكی ئیستاتیكی وا دەخولقێنی، كە تەواو لە ماندووبوونی كوتك وەشاندن كەمدەكاتەوە، واتە كەسێك بە گۆرانییەوە ئەو كارە دەكات كەمتر ماندوو دەبێت لەو كەسەی بێ گۆرانی كاردەكات، بە تایبەتی ئەم كارە، كە ئاوازەكەی لە سروشتی كارەكەوە هەڵقوڵاوە و پردێكی بەهێزی ڕۆحیی لە نێوان كارو بازودا دروست دەكات )) (محەمەد ، ٢٠٠١، ژ١٤). ئەم كارە هەرەوەزییە و بەتەنیا ناكرێت لەم كارە هەرەوەزیەو كۆبوونەوەیەدا و لە ئەنجامی ئەو ماندوبوونە هاوبەشە خۆكردانەدا گۆرانی وتن وەك ئەدەبیاتێك و دەرهاویشتەیەك ئامادە دەبێت، هەر وەك چۆن بەرهەمی كارەكە بەرهەمی كۆمەڵە كەسانێك دەبێت بەهەمان شێوەش دەكرێ دەقی ئەوگۆرانیەش بە بەرهەمی چەند كەسانێك دابنێین، ڕەنگە ئەو چەند خاوەن بەهرەیە هەریەكەیان بەجیا كە دەستی داوەتە كوتكەكە و دەستی كردووە بەساوەركوتینەوە كە، كە لە نۆرەی خۆیدا بۆ دەرخستنی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

بەهـەرەی خـۆی و لە پێنـاوی ئەوەی گـۆرانی وتـن جەسـتەی مانـدووی کـاتی کـارەکە بحەسـێنێتەوە، بەشـی خـۆی گـۆرانی وتـووە و بەشـداری لە دانـانی دەقێکـی گۆرانیشـدا کردووە))(محەمەد، ٢٠٠١، ژ١٤ ).

**مەشکە ژەنین:**

جێگـای سەرنجە لە ساوارکوتانەوە دەقی دووبارەکردنەوەکە کورتە، کەچـی لە مەشـکەژەنیندا دووبـارەکردنەوەکە درێـژە ئەمەش پێوەنـدی بە گـۆرانی بێـژەکەوە نیـیە، بەڵکو جۆری کارەکە وا دەخوازێت، چونکە سروشتی هەر کارێك بەپێی جووڵەو خێرایـی و خاوی جۆرە ئاوازێك دەسەپێنێت، چونکە ڕیتمی کـارەکەو جووڵە بەشداربووان و چۆنیەتی کارکردنەکە ئاوازەکە دانراوە هەر لەسەرەتاو بەپێی سروشتی کـارەکە ئەو ئـاوازە بەباڵای گۆرانیەکەدا بڕاوە نەك گۆرانی بێژەکان خۆیان دایان نابێت، گۆرانی کارکردن پێویستیی زۆری بەم دوبـارەکردنەوە هەیەو هـیچ گـۆرانییەکی کـارکردن بەبـێ دەسـتەواژەی هـاوبەش نـابینرێ، بۆنمـوونە ئەگەر لەم دەقە دا (یـاڵڵا یـا ئەڵـلا ) دووبـارە بـووبێتەوە ئەوا لە دەقـی مەشـکە ژەنینـدا نیـوەدێڕی (هەی مـاڵە بـابم مەشـکێ )، (هەی عەمـرو چاووم مەشـکێ) یادەستەواژەی (مەشـکەم مەشـکەی...) دووبارەبۆتەوە، کە جارێك دەڵێت(مەشـکەم مەشـکەی مانگایە) جارێکـی تـر دەڵێت(مەشـکەم مەشـکەی گامێشـی..) یـان لە سەرچاوەیەکـی تـردا (مەشکەم مەشکەی دەباغە) ))(س، پ).

جێگـای سـەرنجە لەسـاوار کوتـانەوە دەقـی دووبـارەکردنەوەکە کـورتە ، کەچـی لە مەشـکەژەنیندا دووبـارەکردنەوەکە درێـژە ئەمەش پەیوەنـدی بەگـۆرانی بێـژەکەوە نیـیە بەڵکو جۆری کارەکە وادەخوازێت ، چونکە سروشتی هەر کارێك بەپێی جوڵەو خێرای و خاوی جۆرە ئاوازێك دەسەپێنێت ، چونکە ڕیتمی کـارەکەو جوڵە بەشداربووان و چۆنیەتی کارکردنەکە ئاوازەکە دانراوە هەر لەسەرەتاو بەپێی سروشتی کـارەکە ئەو ئـاوازە بەباڵای گۆرانیەکەدا بڕاوە نەك گۆرانی بێژەکان ەخۆیان دایان نابێت کابانی کوردەواری لەکاتی مەشکە هەژاندندا بەدەم ژاندنەوە گۆرانی دەڵێن ، جائەگەر یەك چن بێت یادوان بەرامبەر بـن ، گزۆرجـار گـۆرانی بەسەرمەشـکەکەدا دەڵـێن و دەیگێـڕنەوە بـۆ حەسـانەوەی مانـدووبونیان، گـۆرانی مەشـکە ژانـدن لە ڕاسـتیدا مۆنۆلـۆگێکە کابـان لەگەڵ مەشکەکەی ئەنجامی دەدات، دەبوایە دیالۆگ بووایە، بەڵام چونکە مەشکە وەڵامی نییە خۆی لە مۆنۆلۆگدا دەبینێتەوە ڕیتمی گۆرانی مەشکە ژەندن نەخێرایەو نەخاوە، بەڵکو مام ناوەندییە، چونکە جووڵەی بازوو بۆ پاڵدانی مەشکە بەخێرایی کوتك نییە و گەڕانەوەی مەشکەش کەلەبەرزیدا دەگەڕێتەوە بەو قوڕسییەوە ئەویش بەو خێراییە نییە ، بۆیە ڕیتمی گۆرانی مەشکە ژەنین بەپێی خێرایی جولەی بازووی کابان و گەڕانەوەی مەشکەیە :



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەی عەمرو چاوم        مەشکێ

هەی ماڵەبابم            مەشکێ

کێشی (٧) بڕگەییە وەستان لەدوای بڕگەی پێنجەمە (٥ +٢ )گەڕانەوەی مەشکەکە خێراترە بۆیە ڕیتمەکەش خێراتردەبێت

خە/سوم/ عەم/ری/ نە/مێ/نێ

شە/وێم /زوو/ هەڵ/دەس/تێ/نێ

ئا/وی/ کا/نیم /پێ/ دێ/نێ

مەش/کۆ/ڵەم /پێ/ دە/ژێ/َنێ        هەی/ ما/ڵە/با/بم /مەش/کێ

مەش/کە /ب/ژێ /بە/یا/نە

کا/کە/مى/نم/ مى/وا/نە

قەد/ری/لە/سەر/چا/وا/نە

وەك/ گو/ڵی/ ناو/ با/غا/نە            هەی/ ما/ڵە/با/بم/ مەش/کێ

مەش/کە/ مەش/کەی/ مان/گا/یە

لۆ/لە/پی/ دار/خور/ما/یە

خە/سوو /عەم/ری /نە/مێ/نێ

لە/هەی/وا/نێم/ دە/نوێ/نێ

ئا/وی /مەش/کەم /پێ /دێ/نێ

دەك/ ما/ڵی /با/بی/ من/ بی

دەك/ هەر/دوو/چا/وی /من/ بی        هەی/ ما/ڵە/با/بم/ مەش/کێ

مەش/کە/ مەش/کە/ دە/ژێ/نم

مەش/کە/کە/مان/ نە/ژا/وە

کە/ف و/ کە/رەی /نە/ما/وە

مەش/کە/کە/مان/ نە/ژا/وە

سێ/دا/ری /تیا/ ش/کا/وە            هەی/ ما/ڵە/با/بم/ مەش/کێ        (دیلێژەیی، ٢٠٠١، ژ ١٤ ، ٩٧)

گۆرانیەکە لەسەر کێشی حەوت بڕگەییە، وەستان دوای بڕگەی چوارەمە(٤+٣) بە شێوەی کۆپلەیە وشەکانی سەرەوای کۆپلەی یەکەم بریتین لە(نەمێنێ، دەستێنێ ، دێنێ ) پیتە هاوبەشەکانی سەرواش بریتین لە (ێنێ )، کۆپلەی دووەم وشەی سەروا بریتیە لە( بەیانە، میوانە، چاوانە، باغانە. دەنگی هاوبەشی سەروا بریتیە لە ( انە)کۆپلەی سێیەم دووجۆرسەرەوای هەیی دوودێڕی یەکەم وشەی سەروایان (مانگایە، خورمایە) و سەرواکەیان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(ایە) لەدوای ئەوە سەرواکە دەگۆڕێت و وشەکانی بریتین لە(نەمێنێ ، دەنوێنێ ، پێدێنێ )و دەنگە هاوبەشەکانی سەروا بریتین لە(ێنێ ). لە کۆپلەی چوارەمدا وشەی سەروا بریتین لە(نەژاوە، نەماوە، شکاوە) و دەنگەکانی سەرواش بریتین لە (اوە) ڕیتمی گۆرانییەکە لەسەر بنەمای دووبارەکردنەوە بنیاتنراوە، دەنگە دووبارەکان بریتین لە(و، س، ن، ێ ، ش، ك، ن، ە، ك، ژ، د، ر، ). دوبارەبوونەوەی وشەکانی( مەشکێ، بابم، سەرە ڕای دوبارەبوونەوەی(هەی عەمرو چاوم مەشکێ ، هەی ماڵەبابم مەشکێ )، کە ئەویش حەوت بڕگەیەو لەسەرەتاو کۆتایی گشت کۆپلەکاندا دووبارە دەبێتەوە . ئاوازی گۆی مەشکەژەنین لەبەرئەوەی جووڵەی بازو بۆ پاڵدانی مەشکە زۆر خێرا نییە بەقەد کوتك وەشاندن و گەڕانەوەی مەشکەش، کە لە بەرزیدا دەگەڕێتەوە دیسان بەو خێراییە نییە، واتە کارو کاردانەوە زۆر خێرا نییە بۆیە ڕیتمی گۆرانی مەشکەژەنین بەپێی خێرایی جووڵەی بازوو پاڵدانی مەشکەو گەڕانەوەیەتی.

کەواتە گۆرانی ڕەوێنەوەی ماندوێتی و هەست نەکردنە بە ماندووبوون و بەخشینی توانایەکی مەعنەوی بۆ بەردەوام بوون، کەواتە گۆرانی تەنیا بۆ خۆشی نییە بەڵکو دەبێتە غەریزەو ئامانج و بوونی مەعنەوی خۆی لە بوونێکی ماددیدا دەخاتەڕوو ، هەرئەوەشە کەوای کردووە گۆرانی فۆلکلۆری زۆردەوڵەمەند بێت ..

**دەستاڕ:**

دوای ئەوەی ساواردەکوترێتەوە کارێکی تر دێتەپێش ژنانەوە ئەویش ساوارو بڕوێش هاڕینە بەدەستاڕ، لە کۆندا ئاش ئەوەندە زۆر نەبووە، بۆیە ناچاربوونە پەنا بەرنە بەر دەستاڕ بۆ ساوار و بڕوش هاڕین ، دەستاڕیش دووبەردی پانی خڕە تیرەکەی لە پەنجا سانتیمەتر زیاترە، ئەوەی خوارەوە نێرکێکی داری هەیەو ئەوەی سەرەوەش ناوەڕاستی کونەو لەسەر نێرکەکە دادەنیشێ و لەهەمان کاتیشدا لەو کونەوە دانەوێڵەی تێ دەکرێت، دەسکیشی هەیە بۆ سوڕاندن، ژنێك یان دوان کارەکە دەکەن، ئەویش کارێکی قورسە بۆیە پەنا بۆ گورانی وتن دەبەن بۆ لە بیرکردنی ماندوویێتی و بەخشینی وزە.

دەستاڕ

دەس/تاڕ /لە/ما/رێ /کێ/ و/کێ

گڕ/گڕ/ لە/کێ/ و/کێ

دەس/تاڕ/ لە/ما/رێ/ مە/لا/یە

گڕ/گڕ/ لە/ما/رێ/ مە/لا/یە

لە/ما/مۆس/تای /می/رو/ مە/زن

لە/مە/لا/ژ/نێ /دەست/ بە/ با/زن



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کی/ژە/کە/یان /کوڕ/ دەی/خو/ازن

دوو/گورو/ دوو/ شی/لا/نان/ دە/وێ

هەو/کی/ بە /مەر/جان/مان/ دە/وێ

ما/چی/ کی/ژە/ جوان/مان /دە/وێ

دەچ/مە /حە/لەب/ کن/دڕ/ دەی/نم

با/بی/ کی/ژی/ جوان / خن/کێ/نم

ك/چی/ جوا/نە و/ لێی/ دەس/تێ/نم (شێخانی، ١٩٨٥ ، ٦٧)

کێشی گۆرانیەکە (٨) بڕگەییە، لە هەندێ شوێندا نەبێت بە زۆریی وەستان لە ناوەڕاستدایە (٤+٤). وشەکانی سەروا، کە دوودوو یان سێ دێڕ یەك سەروایان هەیە وشەکانی بریتین لە:کێ ، کێ ، مەلایە، مەلایە، مەزن ، بازن، خوازن ، دەوێ ، دەوێ، دەوێ، دەینم، خنکێنم، دەستێنم) دەنگە هاوبەشەکانی سەرواش دەگۆڕێن وهەردوو یان سێ دێڕ سەروایەکیان هەیە، (کێ ، مەلایە، ازن، دەوێ ، ێنم ) و ڕیتمی شیعرەکەیش لەسەربنەمای دووبارەکردنەوە بنیاتنراوە، دەنگە دووبارەکان بریتین(د، س، تـ ، ڕ گ، م/ز، ا، ن، ج، ی، ل، )وشە دووبارەکانیش بریتین لە(کێ، گڕ، مەلایە، دەستاڕ، دەوێ، جوان، ئاوازی گۆرانیەکە خاوە، چونکە سوڕاندنی دەستاڕ ئاسان نییە، بازوو لەسەرخۆ دەیسوڕێنێت ئاوازەکەش لەگەڵ گەڕی دەستاڕەکەدا دەڕوات.

هەموو جۆرە کارێك لە کوردیدا گۆرانی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لەبەر بەرتەسکی سیمینار نەمانتوانی لەوەندە کارە زیاتر وەرگرین.

**ئەنجام:**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەگەینە چەند خاڵێك وەك ئەنجام دەیانخەینەڕوو:

١- شیعری فۆلکلۆری بە گشتی لەسەر بنەمای کێشی ژمارەی بڕگە دانراوە و تاکەدێڕێکیش بە سیستەمەکانی تری کێش بەرچاوناکەوێت. کێشەکانیش لەنێوان (٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠ )بڕگەیدان.

٢- گۆرانی فۆلکلۆری بەگشتی و گۆرانی کارکردن بەتایبەتی لەئاستی مۆسیقای دەرەوەدا، لەڕووی کێشەوە(٧، ٨، ١٠) بڕگەین و سەرواش لە گۆرانیدا زۆر بەهێزە، چونکە قورسایی ئاوازی دەکەوێتەسەر.

٣- گۆرانی کارکردن زیاتر بە شێوەی هەرەوەزی دەوترێت ، چۆن کارەکە هەرەوەزییە، گۆرانیەکەش بە هەمان شێوە، بە کۆمەڵ دەوترێت ، یان یەك دەیڵێت و ئەوانی تر بۆی دەگێڕنەوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٤- ریتم که له هۆنراوەی دیکەدا پشت به چەند  هونەرێك دەبەستێت، بەڵام له هۆنراوەی گۆرانی کارکردندا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت به هونەری دووبارەکردن دەبەستێت و له زۆربەی گۆرانیەکانی کارکردندا دەستەواژەیەك هەیه، که له دوای کۆپلەکاندا دووباره دەکرێتەوە.ریتمەکان که لەگەڵ جووڵەی بازوو ڕێکدەخرێن بەپێی خێرایی و هێواشی جووڵەی بازوو و ریتمەکەش خێرا یان خاودەبێت.

٥- گۆرانی کارکردن سەرەڕای وەرگرتنی چێژی خۆشی، بۆ وەلانانی ماندوێتی و حەسانەوەیەو هیچ کارێك نییه له کوردەواریدا گۆرانی تایبەتی خۆی نەبێت کەواته گۆرانی ڕەوێنەوەی ماندوێتی و هەست نەکردنه بەماندووبوون و بەخشینی توانایەکی مەعنەوی بۆ بەردەوام بوون، کەواته گۆرانی تەنیا بۆ خۆشی نییه بەڵکو دەبێته غەریزەو ئامانج و بوونی مەعنەوی خۆی له بوونێکی ماددیدا دەخاتەڕوو، هەرئەوەشه، که وایکردووه گۆرانی فۆلکلۆری زۆر دەوڵەمەند بێت.

**سەرچاوەکان:**


- بیمار، عبدالرزاق(١٩٩٢)، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چاپخانەی (دارالحریه) بەغدا.
- حوسێن، د.هیمداد(٢٠٠٧)، ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی(دەق و لێکۆڵینەوە)، هەولێر.
- خەزنەدار، د.مارف(٢٠٠٤)، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٤، دەزگای چاپ و بڵاوکرنەوەی ئاراس ، هەولێر.
- دێڵێژەیی، رەسول(٢٠٠٠)، بەرەمەشکەو چەند بەیتێکی فۆلکلۆریی، گ، کەلەپوری کورد، ژ١٤.
- رەسوڵ، د.شوکریه(١٩٨٤)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ب٢، هەولیر.
- ڕەسول، د.عیزەدین مستەفا(١٩٧٩)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، چ٢، سلێمانی.
- سید مینه، مستەفا(٢٠٠٧)، پایەی وەفایی لەناو شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەمی کرمانجی خوارووددا، دەزگای تەفسیر  بۆ بڵاوکردنەوە، هەولێر.
- شێخانی، سعدالله اسماعیل(١٩٨٥)، فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی (العلا) بەغداد.
- شارباژێڕی، عوسمان(١٩٨٥)، گەنجینەی گۆرانی کوردی، بەغدا.
- شارباژێڕی، عەبدول(٢٠٠١)، بووك گواستنەوە، گ کەلەپووری کوردی ، ژ١٤.
- عبدالله، ادریس(٢٠٠٣)، جوانکاری له ئەدەبی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- کارگەچی، بەهار(٢٠٠١)، گۆرانی مەشکه ژەنین ، گ کەلەپوری کوردی، ژ١٤.
- گەردی، عەزیز(١٩٩٩)، سەروا، دەزگای ئاراس بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، هەولێر.
- گەردی، عەزیز(١٩٩٩)، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی وکێشی شیعری فارسی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.
- موکری، کامەران(١٩٨٤)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ب١، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر.
- مردان محەمەد(٢٠٠٨)، مێژووی تۆمارکردنی ئاوازو گۆرانی فۆلکلۆری کوردی وبەسەرکردنەوەی عەلی قزڵجەیی، گ کەلەپوری کورد، ژ ٢٠.
- محەمەد، نزار(٢٠٠١)، فاکتەری کارکردن له دەوڵەمەند بوونی گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا، گ، کەلەپوری کوردی، ژ١٤.
- مکری، د.محمد(١٣٢٩)، گۆرانی یا ترانەهای کردی، تهران.

**سەرچاوە عەرەبیەکان**

- انيس، د.ابراهيم(١٩٧٨)، موسيقا الشعر ، ط٥، مكتبه الانكلو المصرية، مصر.
- الجوهري، د. محمد(١٩٧٨)، علم الفولكلور، دراسة في الانثروبولوجيا الثقافية، ج١، ط٢، دار المعارف، القاهرة.
- خلوصى، د.صفاء(١٩٧٧)، فن التقطيع الشعري والقافية، منشورات مكتب المتنبى، بغداد.
- سوكولوف، يوري(١٩٧١)، الفولكلور قضاياه وتأريخه، ت: حلمي شعراوي وعبدالحميد حواس، القاهرة.
- صيد، سعيد(٢٠٢٠)، الموسيقى الداخلية في شعر منتهى الطلب ، مجله اشكالات فى اللغة والادب، مجلد ٩ ، العدد١.
- ضيف(؟)، دشوقى، في النقد الأدبي، دارالمعارف) بغداد :د.ت.
- عيد، رجاء(١٩٧٥)، الشعر والنغم، دار النشر الثقافية، القاهرة.
- اسعد على، محمد(٢٠٠٩)، بين المسيقى والأدب، دار الشؤن الثقافية العامه، بغداد.
- فهمي، دريه( ١٩٨١)، العلاقة بين الموسيقى و الشعر، مجلة عالم الفكر، العدد٤.
- كراب، الكزندر هجرتي(١٩٦٧)، علم الفولكلور، ت: رِشدي صالح، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر، القاهرة.
- مرسي، احمد( ١٩٨١)، مقدمة في الفولكلور، ط٢، دار الثقافة، القاهرة.
- الملائكة، نازك(١٩٩٣)، سايكلوجية الشعر ومقالات أخرى، دار الشؤن الثقافية العامة ، بغداد.
- النعمة، عبد الغفور(١٩٨٨)، الرباط المقدس بين الموسيقى والشعر، مجلة الأقلام، العدد ٥.
- ويلك، وارين، رينيه واوستن(؟)، نظرية الادب، ت. محى الدين صبحى، د.ت.

## الموسيقا الشعرية لأغاني العمل في التراث الكردي

**الملخص:**

The Kurds, who are an ancient nation, have their own Kurdish history and chronology, such as the chronology of Christmas and the solar calendar, they count it according to the return of the earth's rotation and according to the solar sphere, that dates back to the day when the Medes King (Huwakhshtar) destroyed the Assyrian authority in the city of Nineveh, near Mosul, the capital of the Assyrians.

700years before the birth of the Prophet Jesus Christ, peace be upon him, made this victory the first day of the Kurdish calendar, but many Kurdish historians and accountants believe that the Kurds had a calendar before this time, because they began to live around Shandar cave and attempted to domesticate the animals as well as collect the herbs and they own historical places, such as Hasankek and Erbil. The Kurds believe that Newroz is an historical day and since it's the day that weather changes, therefore they tried to acknowledge it as Kurdish New Year first days. Many time the natural events becoming the name of the year such as (starving year, thick snowing year, death year, boiling year). Throughout their life experiences, the Kurds have also determined the time of the year, and this reflected in their songs, verses, idioms and proverbs as well as used the names of month, year, season and days.

The Kurds have made several predictions for climate changes including raining, snowing, increasing and decreasing temperatures degrees through migrating the birds and growing some types of grass, during migrating storks from hot areas to cold areas or vice versa or there are stories and tales in this regard such as “oh sprayed sparrow you are fool, you enable me to catch you .”

In their life experience, they have taken many lessons and stories from nature, to learn about time, season, and the time of snow, wind and rain and ending of these. When in winter the fog falls into the valleys means there will be sunny and sky clear coming, or when there was wide snow, it will melt soon but when there is small portion of snow, it will resist more, these and tens other examples such as:

1. Increasing the insects and bugs during summer, refers to a very hard and cold winter.
2. Movements of birds on the sky from hot areas to cold areas and vice versa, particularly storks and crow family birds refers to changing hot and cold weather.
3. Extreme high temperatures during summer, refers to having a very cold winter.
4. Windy weather during winter, refers to heavy raining and flush floods.

Through the stars, the experts calculated the periods such as appearing and disappearing of certain stars such as (neutron stars, red giant and Sirius stars). They have also used the names of the season and months of the years within their idioms and proverbs such as names of the season “each day when there is raining, its winter”, “ feed the spring yoghurt to the patient people”, “feed the fall yoghurt to the beloved ones”, “during winter fire is for me, while during summer grape yard and herd”, meanwhile there are tens of proverbs on the names of the seasons. There are two 40 days. Determining the hard cold days of winter as knot. During the extreme cold 40 days in winter there are certain days determined as knot days.

1. There are 40 days as hottest days in the summer.

2There are 40 days as coldest days in the winter.

There are 40 forty, 40 before forty and 40 after forty.

**Keyword:** *period and seasons, precedents' stories, weather, calendar, san and moon*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

# پەندی پێشینانی کوردی لە ئاوێنەی فەلسەفەی ئاییندا
# ئایینی ئیسلام بە نموونە

**پ. هـ. د. دەریا جەمال حەوێز**

**م. هـ. شاخەوان باوەدین کریم**

بەشی زمانی کوردی- فاکەڵتیی پەروەردە- زانکۆی کۆیە- هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە:**

کورد بەوە ناسراوە کە خاوەنی فۆلکلۆرێکی دەوڵەمەندو بەپێزە، هەر بابەتێك کە پەیوەندی بە ژیانی کوردەوارییەوە هەبێ لەنێو فۆلکلۆرەکەیاندا ڕەنگی داوەتەوە، جا ئەم ڕەنگدانەوەیە لەنێو گۆرانی یان حەکایەت یان ئەفسانە یان پەندی کوردیدا بێت. ئەدەبیاتی فۆلکلۆر کە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ژیانی میللەتە، ئەرك و چالاکی و خۆشی و ناخۆشییەکانی ئەم نەتەوەیەی لە سینەیدا هەڵگرتووەو دەم بە دەم و نەوە بە نەوە بۆ ئەوانی دوای خۆیان دەیگوازنەوە، دوای دەرکەوتنی ئاینی ئیسلامیش گەلی کورد وەك گەلانی تری ناوچەکە باوەڕی بە ئایینە نوێیەکە هێناوەو پەیڕەوی لێکردووە، ئەگەر ئەدەب ئاوێنەی کۆمەڵ بێت ئەوا گومانی تێدا نییە کە تێکەڵبوونی ئایینی ئیسلام بە کۆمەڵگەی کوردی لەناو فۆلکلۆرەکەشیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا تیشکی خراوەتە سەر ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی ئایینیە لەنێو پەندە کوردییەکاندا، ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە ئەو پەندانە بخاتە ڕوو کە شوناسی ئاینی ئیسلامییان هەڵگرتووە، ناونیشانی توێژینەوەکەمان کە بریتییە لە (پەندی پێشینانی کوردی لە ئاوێنەی فەلسەفەی ئاییندا – ئاینی ئیسلام بەنموونە)یە، پێکهاتووە لە دەروازەیەك و دوو بەشی سەرەکی، لە بەشی یەکەمدا بە ناونیشانی (ناساندنێکی گشتی)، باس لە چەمك و پێناسەی فۆلکلۆرو پەندی پێشینان و فەلسەفەو فەلسەفەی ئایین بەرچاودەکەوێت. بەشی دووەم کە بریتییە لە (فەلسەفەی ئایین و کاریگەری بەسەر فۆلکلۆری کوردییەوە)، لە ژێر چەند سەرە بابەتێکدا ڕەنگدانەوەی بنچینە فەلسەفییەکانی ئایینی ئیسلام لە پەندی پێشینانی کوردیدا بەرچاو دەکەون، کە ئەوانیش بریتین لە: (باوەڕبون بەخودا، پەیوەندی مرۆڤ و خودا، سیفەتە خواییەکان، پیرۆزییەکانی ئایینی ئیسلام، پەیامبەران و پیاوچاکان، شوێنە ئاینییەکان، فەرمان و ئەحکامی ئایینی)، دوابەدوای ئەمانەش گرنگترین ئەو ئەنجامانە خراونەتە ڕوو کە لە توێژینەوەکەدا پێیگەیشتوین، دواتریش لیستی ئەو سەرچاوانە دێت کە لە توێژینەوەکەمان سودمان لێبینیوە .

**پەیڤێن سەرەکی:** *ئەدەبی فۆلکلۆر، پەندی پێشینان، فەلسەفە، فەلسەفەی ئایین، ئایینی ئیسلام.*

## پێشەکی:

فۆلکلۆر گرنگی و بەهایەکی زۆری هەیە لە دیاریکردنی مێژوو و ناسینەوەی فەرهەنگ و کلتوری هەر نەتەوەیەك، کە بەلێکدانەوەو شیکردنەوەی جۆرەکانی دەتوانرێ مێژوو و کلتوری هەر نەتەوەیەك لەنێو نەتەوە جیاوازەکانی جیهان دیاری بکرێ، ئەمەش نەك لە ئێستادا بگرە لەدێرزەمانەوە کە چۆن تاکەکانی ئەم نەتەوەیە ژیاون، جۆری بیرکردنەوەیان و پیشەو چۆنیەتی ژیانیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و دەروونی ...هتد، تاکەکانی دەستنیشان دەکات. لەنێو ئەدەبی فۆلکلۆریدا پەندەکان زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە، هیچ شارستانیەتەك خاڵی نییە لە پەند، هەموو نەتەوە و گەلەکان فۆلکلۆری خۆیان هەیە، پەندیش وەك بەشێکی بەشێکی دانەبڕاوی فۆلکلۆر بەکارهێنراوە، ئەدەبی فۆلکلۆری بەگشتی و پەندی پێشینان بەتایبەتی ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوون و دابونەریت و کلتور و بیروباوەڕی نەتەوەکانە، ڕادەی دانایی گەلەکانی لەناخیدا هەڵگرتووە، وەك بەشەکانی تری فۆلکلۆر دەماو دەم و پشتاوپشت لە نەوەیەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەیەکی تر، دوای دەرکەوتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و باوەڕهێنان بەم ئایینە نوێیە لەلایەن کوردەکانەوە، گۆڕانکاری گەورە لە بیر و هزر و لایەنی کۆمەڵایەتی و کلتوری ئەو نەتەوانەدا ڕوویدا کە بوون بە موسڵمان، گەلی کوردیش زۆرترین کاریگەری ئەم گۆڕانەی بەسەرەوە دیارە، ئەگەر نەتەوەکانی تر دوای بوونیان بە موسڵمان توانیبێتیان بەزمانی خۆیان بنووسن ئەوا گەلی کورد وازی لە خوێندن و نووسین بەزمانی کوردیش هێناوە و بە زمانی عەرەبی خوێندویانەو نووسیویانە. یەکێکیش لەو بابەتانەی کە کاریگەری گەورەی ئایینی بەسەرەوەیە بابەتە فۆلکلۆریەکانە، لەنێو بابەتە فۆلکلۆریەکانیش زۆرترین کاریگەری ئایین بەسەر پەندەوە دیارە.

فەلسەفەش بەهەموو جۆرو بەشەکانییەوە گەڕانەوە بەدوای دانایی، بۆیە خوێندنەوەی پەندی پێشینانی کوردی لە ئاوێنەی ئەو جۆرە فەلسەفەیەدا کە بە (فەلسەفەی ئایین) ناسراوە بە بابەتێکی شیاو دەزانین بۆ قسە لەسەرکردن.

### ئەو پرسیارانەی توێژینەوەکە وەڵامی دەداتەوە:

١. تا چەند پەندە کوردییەکان ڕەنگدانەوەی ژیانی کوردەواریمانن؟
٢. ئەگەر فۆلکلۆر بەگشتی و پەندی پێشینان بە تایبەتی ڕەنگدانەوەی ژیانی کوردەواری بن، کەواتە باب و باپیرانمان لە کۆندا چۆن لە پەندی پێشینانیان ڕوانیوە؟
٣. ئایا لە فۆلکلۆری کوردیدا هیچ جۆرە دانایی هۆشمەندییەك بەدی دەکرێت؟


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## دەروازە/ ناساندنێکی گشتی

فۆلکلۆر و پەندی پێشینان: ئاشکرایە گەلی کورد هەر لەدێر زەمانەوە لە خاکی باب و باپیرانی خۆیدا ژیاوەو وەك هەر نەتەوەیەکی دیکەی سەر ئەم زەمینە خاوەنی ئاوو خاك و کلتورو زمانی تایبەتی خۆیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەدەبێکی پڕاوپڕ لە جوانی و خاوەن تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیش بەشێکی گرنگی ئەو ئەدەبیە کە میللەتی کورد بە شانازیەوە لێیدەڕوانێت. بێگومان ئەمەش بێ هۆ نییە، چونکە سەرجەم بیرونەریتی کۆمەڵایەتی کۆن و کەلەپوری نەتەوایەتی بەپێی پێشکەوتنی شارستانیەت و قۆناغە مێژووییەکان پێشکەوتووە، لەگەڵیشیدا ئەم گەلە گەلێك نەهامەتی و دەردەسەری و ئازاری چەشتووە، فۆلکلۆریش لەگەڵ ئەم خەم و ئازارانەدا هەنگاوی ناوەو پێشکەوتووە گەشەی سەندووە. کەواتە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ئەو هەگبەیەیە کە سەرجەم نەریت و ڕەسم و چالاکی و خۆشی و شادی و گریان و ئازار و... هتد میللەتێکی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، هەوڵدەدات بە نەوەی داهاتووی بناسێنێت، چونکە" فۆلکلۆر کەرەسەیەکی فراوان و دەوڵەمەندە بۆ لێکۆڵینەوەی ژیان و زمان و مێژووی هەر میللەتێك، تەنانەت کەرەسەشە بۆ زانینی کۆمەڵ و کۆمەڵایەتی ئەنتۆگرافیاش".(رسول، ١٩٧٠: ٨) یاخود فۆلکلۆر ئەو بەشە گرنگەی ئەدەبە لە دیاریکردنی کلتوری هەر نەتەوەیەك کە بە لێکدانەوە و شیکردنەوەیان دەتوانین بگەین بە کلتور و فەرهەنگی نەتەوە جیاوازەکان و ئاشنابوون پێیان. هەروەها لقە جیاوازەکانی کلتوری میللەتان دەتوانرێ لە نێو ئەدەبیاتی فۆلکلۆری نەتەوەکەدا بدۆزرێتەوە. دەتوانرێ بەرزترین و جوانترین داهێنراوە جیاجیاکانی کلتوری مرۆڤایەتی تاکە سەرچاوەی لە فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی سەرزاری خەڵکەوەیە.

بەمەش"فۆلکلۆر دەستهاتی ئەزموونی گەورەی مرۆڤایەتیە، زەخیرەیەکی زانیاری هەمیشە زیندوو پایەدارە، سامانی زانیاری گرانبەهایە کە لە سەدان ساڵ پیش ئەوڕۆوە ئەو خەلقە دروستیانکردووە کە هەموو نەخش و بابەتەکانی بە دەستی هەموو خەڵکی گەیشتووە، خاسیەتەکانی ئەم خەڵقەی بەخۆ گرتووە".(حسێن، ٢٠٠٧: ٥) لەبەرئەوە لێکۆڵینەوەو بایەخدان بە ئەدەبی فۆلکلۆر بەزیندوو هێشتنەوەی نەوتەوەی خاوەن فۆلکلۆرە، چونکە"زیندووکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە فۆلکلۆر نیشانەی ڕەسەنایەتی و سەردەمی بوونە لە لای هەر نەتەوە و تاکێك کە لە فۆلکلۆر بکۆڵێتەوە".(النبلاوي، ٢٠١٥: ٣٤٩) لەگەڵئەوەشدا دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ کە کارکردن لەسەر بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان و گرنگیدان پێیان" کارێکی نوێ نییە، کتێبەکانی مێژوو و ئەدەب هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ پڕن لە مادده فۆلکلۆرییەکان، مێژوونوسی یۆنانی هێرۆدۆت ژمارەیەکی زۆری ئەفسانە و کلتوری یۆنان و میسری کۆن و فارس و وڵاتی نێوان دوو ڕوباری تۆمارکردووە".(ضموم-لوز، ٢٠١٧: ١١) دیارە بایەخدانی ڕۆژهەڵاتناس و گەریدەکانی ڕۆژئاواش بۆ فۆلکلۆری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ڕۆژهەڵات خۆی لە مەبەستێکی گەورە دەبینێتەوە، وەك چۆن باسمانکرد، کە فۆلکلۆر ڕەنگدانەوەی ژیانی میللەتێکە، کەواتە تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی ئەمجۆرە ئەدەبە کارئاسانی باشە بۆ خوێندنەوەی میللەتەکەو هەڵسەنگاندنی لە ڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەروونی... هتد، هەرکاتێك زلهێزەکان ویستبایان نەتەوەیەك داگیربکەن بەبێ خوێندنەوەو لێکدانەوەی باری و دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەم نەتەوەیە هێرشیان نەبردووە، زۆرجار لەم ڕوانگەوە سوودیان لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیان وەرگرتووە، لە نێوانیاندا ئەدەبی فۆلکلۆر، ئەمەش بە سێ قۆناغ هاتووە:

قۆناغی یەکەم: کۆن/ لە سەرەتاکانی مێژوو تا سەدەی نۆزدەم.
قۆناغی دووەم: زانیاری فۆلکلۆر/ لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە دەست پێدەکات، دوای ئەوەی لە ئەڵمانیا دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانیان.
قۆناغی سێیەم: فۆلکلۆر خرایە شێواز و بنچینەی زانیارییەوە و لە زانکۆکاندا دەخوێندرا، کە وەك زاراوە لە دوو بەش پێکهاتووە: فۆلك: واتا نەتەوە یا کۆمەڵە کەسێك، لۆر: واتا پەند یا حیکمەت، (نەقابە، ٢٠٠٩: ٥ - ٦) کە چەندین لق و پۆپی لێدەبێتەوە وەك (ئەفسانە، پەندی پێشینان، گۆرانی، مەتەڵ، داستان، نوکتە و قسەی خۆش، حەکایەت)، هەریەکێك لەمانە تاموچێژی تایبەتی خۆی هەیە و جێگە و بایەخی خۆیان هەیە. بەشێکی گرنگ و پڕ بایەخ و دانەبڕاوی ئەدەبی فۆلکلۆر پەندی پێشینانە، کە دەماودەم بۆمان ماونەتەوە، یاخود تۆمارکراون و نوسراونەتەوە، مێژوویەکی دێرینی هەیە و لەناو گەلە دێرینەکاندا ڕەگوڕیشەی خۆی داکوتاوە، لەناو گەلانی کۆندا نموونەی پەندی پێشینان زۆرە، هەروەکو لە" تەورات کتێبی (پەیمانی کۆن) دا لە بەشە کتێبەکانی (پەند- الأمثال) و (یەشوع کوری سیراخ) و (کۆمەڵە- الجامعە)دا دەبینین، هەروەها لە ئەدەبی چینیشدا هیندێ پەندی پێشینان دراوەتە پاڵ کۆنفوشیوس"،(بیمار، ١٩٩٨: ٢٢٢) واتە لەگەڵ سەرەتاکانی ژیانی شارستانی مرۆڤایەتی پەند دروستبووە و وردە وردە گەشەی کردووە و لەگەڵ گۆڕانی سەردەمەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، هێندێکیان لەناوچوون و پەندی نوێ جێگای گرتونەتەوە.

پەند یا پەندی پێشینان، زاراوەیەکە لەدێر زەمانەوە لەناو کوردا بەکاردەهێنرێ، هەر نەتەوە و گەلێکیش خاوەنی پەندی تایبەت بە خۆیەتی و زاراوەی تایبەت بە خۆی بۆ بەکارهێناوە، لەناو گەلی کورددا، زاراوەکانی (پەند، قسەی نەستەق، درکە، حیکمەت) بەکاردەهێنرێ، (کەریم، ٢٠١٢: ٣٤) هەروەها زاراوەکانی وەك: (پەندی پێشینان، قسەی پێشینان، مەسەلەی پێشینان، بێژ و پەند، قسەی باڤان، مەسەلە و مەتەڵۆك و گەپیدی باڤان)(ڕەسول، ١٩٨٩: ٥) بەکاردەهێنرێ، هەروەها زاراوەکانی وەك قسەی پێشینان، پێشینان وتوویانە، پەند، مەسەل، حیکمەش بەکارهێنراوە، (بیمار، ١٩٩٨: ٢٢٨- ٢٢٩) لە ئەدەبیاتی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

عەرەبیشدا چەندین زاراوە بەکارهێنراوە لەوانە: (الامثال، المثل، الحکم، جوامع الکلم، ضرب المثل).(الماوردي، ١٩٩٩: ٢٠) لێکۆڵەرەوانی بواری فۆلکلۆر سەرچاوەکانی دروستبوونی پەند دەگەڕێننەوە بۆ دوو سەرچاوە:

١. ئەو پەندانەی لە ئەنجامی ڕووداوێك داڕێژراون.

٢. ئەو پەندانەی کە زادەی بیری پێشینانن. (نەقابەی مامۆستایان، ٢٠٠٩ :٢٤)

دەرکەوتن و سەرهەڵدانی پەندەکان لە ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوە و ئەزموونانەوەیە کە مرۆڤ لە کۆمەڵگەکەیدا ئەنجامی دەدات، زۆربەی پەندە پێشینانەکان و قسەی نەستەق و حەقایەت و چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان لە ئەنجامی تاقیکردنەوە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی ئەو نەتەوە و گەلەوە پەیدابوون و دەرکەوتوون کە خاوەنین، هەر ئەم ئەزموونانەش بوونەتە سەرچاوەی ئیلهام بۆیان.

بەو پێیەی پەندی پێشینان بەشێکە لە فۆلکلۆر، فۆلکلۆریش بەشێکە لە ئەدەب و بەشێکە لە زانستە مرۆڤایەتیەکان، بۆیە چەندان پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، هەوڵدەدەین بە کورتی چەند پێناسەیەك بخەینەڕوو:

پەندی پێشینان:"ئەو وتە کورتەیە کە بیرێکی مەبەستداری تیا چەسپیوە"، (نەقابەی مامۆستایان، ٢٠٠٩:٢٤) هەروەها دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە پێناسەی پەندی پێشیناندا دەڵێ:"بریتییە لە بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵك. ئەم پەندە هەمیشە لە لای گەلانی سەرەتایی و سادە فەلسەفەی ڕاستەقینە و لە کاری ڕەوشت و خووەوە، هەموو ڕاستییەك، هەموو ڕووداوێکی ژیانی ئادەمیزاد، هەموو کردارێك، چاك یا خراپ، هەموو گەیشتنە ئەنجامێك کە میللەت گەیشتبێتێ، دەربارەی هەرچییەك بێت ئەچێتە تەرازووی پەندی پێشینانەوە".(ڕەسوڵ، ١٩٧٠: ٧٨) ناوەڕۆك و بابەتی پەندی پێشینان ئەو ڕووداوانەن کە لەناو کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن و برەویان هەیە، پەندی پێشینان لە ڕووی ناواخنی فکرییەوە بریتییە لە:"هەڵوێستێکی ڕاستگۆیانە کە باری سەرنجی تایبەتی وەهای پێیە، مەرج نییە ئەو سەرنجانە راستەڕێی ئایدولۆجیانەی تەواو بگرنەبەر، بەڵام تۆزی تاقیکردنەوەی کۆمەڵایەتیی مەتریالیان بەسەرەوەیە".(بیمار، ١٩٩٨: ٢٢٤) هەروەها لە پێناسەیەکی تری پەندی پێشیناندا دەگوترێت:"ئامرازێکی گوزارشتکردنە کە مرۆڤ دەیگرێتەبەر بۆ وەسفکردنی ئەزموونەکانی".(حقیق، ١٩٧٨: ٥)

لە کۆی ئەم پێناسانەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە پەندی پێشینان چەندان پێناسەی بۆکراوە و دەتوانرێ بگوترێ پەند کۆکراوەی ئەزموونی تاکەکانە و خستنە ڕوویەتی لە چوارچێوەیەکی پوختدا.

فەلسەفە و فەلسەفەی ئایین: لەدوای ناساندنی فۆلکلۆرو پەند، پێویستە هەڵوەستەیەک لەسەر هەردوو زاراوەی (فەلسەفە) و (ئایین) بکەین و دواتر بەرەو لق و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پۆپەکانی لێکۆڵینەوەکە شۆڕبینەوە، ئەگەر قسە لەسەر فەلسەفە بێت، دەتوانین لە سادەترین ناساندنیدا بڵێین:"وشەی فەلسەفە وشەیەکی یۆنانییە لە دوو کەرت پێکهاتووە: فیلۆ Philo بە واتای حەزکردن، سۆفیا Sophy بە واتای دانایی. وشەکە بە هەردوو کەرتییەوە مانای حەزکردن لە دانایی دەبەخشێ. ئەو کەسەش حەز لە دانایی بکات پێی دەوترێ فەیلەسوف"،(عەزیز،٢٠٠٥: ٢٧) ئەمە وەک لێکدانەوەیەکی فەرهەنگی بۆ فەلسەفە، بەڵام ئایین جۆرێکە لە پابەندبوون و وابەستەی کۆمەڵایەتی،" ئایین بەشێکی گرنگ لە ژیانی ڕوحی مرۆڤ داگیردەکات بەهۆی ئەوەی جۆرێکە لە جۆرەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی، لە هەندێک لە قۆناغە مێژووییەکاندا ئایین بەشی سەرەکی ئەم تێگەیشتنەی پێکدەهێنا، بەڵام ناتوانین بڵێین کەوا ئایین لە ئەزەلەوە هەبووە، ڕەگی زانستی هاوچەرخ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان، لەو سەردەمەدا پێویستی مرۆڤ بۆ هۆشیاری و لێکدانەوەی دیاردەکانی جیهانی دەوروبەر و چالاکی مرۆڤایەتی دەرکەوت، لەبەرئەوەی زانیاری پێویست لەبەردەستدا نەبوو، هەروەها لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو نەبوو، بۆیە مرۆڤ نەیدەتوانی لێکدانەوەی زانستی بۆ جیهانی دەوروبەر بکات، بۆیە ئەو جیهانەی بە بەراورد بە خۆی لێکدەدایەوەو توانای لە ڕادەبەری بۆ دەدۆزییەوە، مرۆڤی کۆن بەهۆی بێهێزی خۆی بەرامبەر هێزی سروشت و دیاردەکانی وەک باران، بروسکە، ڕووبار، ڕووەک، بەرد... هتد، ناچاربوو هەندێک لەوانە بپەرستێت بەو نیازەی لێی ڕازی بن و بیپارێزن"،(کتورة، ٢٠١٢: ١٩٧-١٩٨) ئەم پێناسەیە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان خودای خوڵقێنەریان نەناسیووە، بەڵام لە هەوڵدابوون بۆ گەڕان بە دوای هێزێکی بالاتر لە خودی مرۆڤ وەک هۆکاری دروستبوون، بەمشێوەیە بە درێژایی مێژوو پرسی بوونی خودا و ماناکانی کۆڵەگەیەکی گرنگی بەشێکی زۆری ئایینەکانی پێکدەهێنا، ئەم بابەتە هەر لەمێژە مشتومڕی زۆری لەسەر کراوە، ئەو مشتومڕەش بابەتێکی نەبڕاوەیە تا ئەمڕۆ،" ئەوانەی لە بواری فەلسەفەی ئاینییان کۆڵیوەتەوە هەمیشە بە دوای ئەوەدا گەڕاون کە لە بونیادەکانی ئایین بکۆڵنەوەو لە بوونی خودا و سیفەتەکانی خودا و ئەزموونی ئایینی بکۆڵنەوە. فەیلەسوف بە جیاوازی لەگەڵ بڕواهێنەرێکی ئاسایی و پیاوێکی دینی لەم پرسیارانە قووڵبۆتەوە: کە ئایا چ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان ئایین و زانست، ئایین و ئەخلاق، ئایین و سروشتدا. لەهەمانکاتدا، بە درێژایی مێژوو فەیلەسوفان هەوڵیانداوە لەوە بگەن کە مرۆڤ بۆچی قووڵدەبێتەوە بەرەو ناخی خۆی و بۆچی مرۆڤ لەم زەمینە بەرینەدا دەگەڕێتەوە بۆ خودا و چ تەسکینییەک لەو پەیوەندییەدا دەبینێ و چ پەیوەندییەک هەیە لەو جۆرە باندەی کە مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ هێزی بالاتر. گرنگترین پرسیاری فەیلەسوفەکانی سەردەمی نوێ، ئەوەیە کە مرۆڤ پاش ئەوەی لە ئاییندا تووشی نائومێدی دەبێت، پەنا دەباتە بەرچی؟! چ دەرگایەکی دی دەکوتێ بۆ ئەوەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوە کوردییەکان

بزانێ مانای ژیان و خودا چییە؟!"،(پاڵەوان، ٢٠٠٨:١٣٢) هەر ئەم پرسیارانە و گەڕان بە دوای وەڵامەکانییاندا چەندین فەیلەسوف و قوتابخانەی فەلسەفی لێکەوتەوە،" باسی پەروەردگار، خودا، کردگار، لە بنەڕەتدا کێشەیەکی فەلسەفی سەرەتاییە واتە کێشەی بوونێتییە Existential لە ناخی مرۆڤی باوەڕداردا کە پاڵی پێوەدەنێت و بوونی خۆی ڕاستەوخۆ دەبەستێتەوە بە بوونی خوداوە، چونکە دەبێت ئەفراندن تەنیا خەسڵەتی کەسێکی تری باڵا بێت کە خۆی هەماهەنگ Identiec و هاوچەشن نییە لەگەڵ ماتێری و ئەو شتانەی کە هەن، بەڵام ئەمە لێرەدا باسەکە کۆتایی نایەت، بەڵکو پرسیارگەلی تر سەرهەڵدەدەن، وەک: چۆن پەی بەو ڕاستییە ببەین؟ چۆن ئەو کردگارە بناسین؟ تا چەند توانا و وزەی ئەقڵیمان هەیە بیناسین؟"،(جەمال، ٢٠١٦:١٠٠) بۆ نموونە:"فەلسەفەی کانت لە سێ پرسیاردا کۆدەبێتەوە: یەکەم: دەتوانم چی بزانم؟ دووەم: دەبێت چۆن هەڵسوکەوت بکەم و چی بکەم، پرسیاری سێیەمیش: دەشێت هیوام بەچی هەبێت؟

دیارە پرسیارەکان خۆیان لە قەرەی فەلسەفەی زانستی و توانستی ژیری و ئاوەز، فەلسەفەی ئاکار و ڕەوشت و سێهەمیشیان باس لە فەلسەفەی ئایین دەکات. کەواتە پرسی هیوا پرسێکی ئایینی لە پشتەوەیە..."،(جەمال، ٢٠١٦: ٤٥) لەسەر بنەمای ئەم پرسیار و وەڵامانەش ئایینەکان دەرکەوتن، دواتریش جۆرێک لە فەلسەفە بە ناوی فەلسەفەی ئایین هاتەکایەوە،" فەلسەفەی ئایین لێکۆڵینەوەیەکی ئەقڵییە بۆ ئەو واتا و لێکدانەوانەی کەوا بنەماکانی ئایین و شیکردنەوەکانی بۆ دیاردە سروشتییەکان و دیاردەکانی سەرووی واقیع، لە نموونەی خەڵقکردن و مردن و بوونی خودا دەیکەن، فەلسەفەی ئایین لقێکە لە فەلسەفە تایبەتە بە پرسیارەکانی پەیوەست بە ئایین، وەک بوونی خودا و شیکردنەوەی دەقە ئاینییەکان و پەیوەندی ئایین بە زانست".(www.ar.wikipedia.org) ئاشکرایە هەموو بوونەوەرێک لە جیهاندا لە لایەن هێزێکی باڵاوە خوڵقێنراوە، جا مرۆڤ وەک زیرەکترینی ئەم بوونەوەرانە هەردەم لەهەوڵدا بووە ئەو خوڵقێنەرە بدۆزێتەوە کە هەموو ئەو جیهانەی دروستکردووە کە دەبینین و هەستی پێدەکەین، بەردەوام بە دوای وەڵامی پرسیارگەلێکدا گەڕاوە لە شێوەی ئەوەی کێ ئەم و ئەو گەردوونەی دروستکردووە؟ بۆ دروستی کردوون؟ و زۆر پرسیاری تری لەمشێوەیە، وەڵامی ئەم پرسیارانە ئایدۆلۆژیاو ئایین و بیروباوەری جیاجیای لێدەرکەوت،"مرۆڤ لەبەرەبەیانی ژیانییەوە هەوڵ و کۆششی سەرسوڕهێنی داوە بۆ دۆزینەوە و پشکنین و هەڵماڵینی نهێنییەکانی بوون. چەمکی "خودای ئەفرێنەر" و چیرۆکی ئەفراندن ـ خەلق ـ نموونەی ئەو هەوڵە سیمبولیەی مرۆڤن بۆ بەدەستهێنانی وەڵامێک سەبارەت بەهاتنەبوون".(جەمال، ٢٠١١: ١٠٢) کەواتە دەتوانین بڵێین مرۆڤ لەدێر زەمانەوە بیری لە چۆنییەتی دروستبوونی خۆی کردۆتەوە، بیری لەوە کردۆتەوە،"چی هەبووە پێش ئادەم، پێش فریشتە، پێش جنۆکە، پێش پێغەمبەران، پێش ئاسمانەکان و زەوی، پێش هەورو لم و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

دەریاکان... چی هەبوو پێش هەموو شت.!؟ تاکە وەڵامێک لە زمانەکانەوە بەیەک دەنگ دەردەچێت و دەڵێت:- خودا بە تەنها هەبوو"، (خالد، ٢٠٠٦: ٣٠) ئەو بابەتە بە درێژایی مێژوو جێگەی بایەخی فەیلەسوفان بووە،"تالیس کە ناسراوە بە باوکی زاناکان . سەدەی شەشەمی پ.ز. یەکێك لە بڕواکانی ئەوە بوو کە تەواوی شتەکان پڕن لە خودا، ئەو موگناتیس بەهۆی ئەوەی کە ئاسن ئەهێنێتە جووڵە، بە خاوەن ڕۆح ئەزانێ، تالیس لەگەڵ ئەوەشدا کە دەڵێت هەموو شتێک پڕە لە خودا ئیدی بە پێویستی نەدەزانی کە چەندین خودای دروستکەر دانێت بۆ ئەم دونیایە، باوەڕی بە خودایەکی تەنیا هەبوو"،(عەلی، ٢٠٠٩: ٧، ٨) هەروەها هەردوو گەورە فەیلەسوفی یۆنانی ئەفلاتون و ئەرەستۆ هەریەکەیان لێکدانەوەی خۆیان هەبووە لەمبارەیەوە،"بیرکردنەوەی ئەفلاتون بەرەو هەستکردن بە بوونی خودایەک دەڕوات بۆ ئەو گەردوونە، کە کاری گەردوون ڕێکدەخات و بەڕێوەی دەبات، بۆ خوێندکارەکانی باسدەکرد و دەیگوت: ئەو جیهانە خاوەنی بەهرەدارێکە کە خۆی ئەبەدییە، زانیاری لە هەموو شتێکدا هەیە"، (www.islammemo.cc) ئەمەش ئاماژەیەکی سەرەتاییە بۆ ئەم خودایەی ئەمڕۆ لە ئایینە ئاسمانییەکاندا دەردەکەوێت، هەروەها ئەرەستۆ ڕاڤەیەکی تری هەیە "پێیوایە خودا جوڵێنەری هەموو شتێکە و تەنها خۆی ناجوڵێت، هەموو جوڵاوێک کەسێک بێت یان شتێک یان بیرۆکەیەک، شتێک دەجووڵێنێت و ئەمیش شتێک دەیجووڵێنێت، گاسن خاک دەجوڵێنێت، دەست گاسن، ئەقڵ دەست دەجوڵێنێت، حەزکردن لەخواردن ئەقڵ دەجوڵێنێت، غەریزەی حەزکردن لە ژیان خواردن دەجوڵێنێت. بەمشێوەیە، بەدەربڕینێکی تر، ئەنجامی هەموو جووڵەیەک ئارەزوویەکە، گەورەی هەموو بەندەیەک خۆی بەندەی گەورەیەکی ترە، هەتا خودی دکتاتۆر بەندەی ئارەزووەکانیەتی، بەڵام خودا گەورەی هەموو گەورەکانە و سەرچاوەی فکرەکانە، جوڵێنەری هەموو سەرچاوە و کارەکانە، ئەو گەورەی ئەو جیهانەیە کە خۆی ناجووڵێت".(www.islammemo.cc) ئەمە بیرکردنەوەیەکی سەرەتاییە سەبارەت بەم هێزە باڵادەستەی کە خوڵقێنەری گەردوون و سەرجەم بوونەوەرانە. لەبەرئەوەی ئایینی ئیسلامیش ئایینی ڕێژەی هەرە زۆری دانیشتووانی ئەم بەشەی کوردستان پێکدەهێنێت، دەبینین بنەماکانی ئەم ئایینە دەبێتە خاڵی لەدایکبوونی دەقە ئەدەبییەکان بە فۆلکلۆر و نووسراوەوە. بەلای ئێمەی موسوڵمانەوە ئەو هێزە باڵایە و ئەو خوڵقێنەر و ئەفرێنەری ئەو گەردوونەی دروستکردووە، بریتییە لە خودای تاکوتەنها، ئەم بیروڕایانەش لە قورئاندا سەبارەت بە بڕواهێنان بە خودای گەورە، لە ئەدەبیشدا ڕەنگیداوەتەوە: "لە ئەدەبی کوردیدا دەتوانین (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی بە نموونە بهێنینەوە... ئەوەی کە خانی ناوی خوا و پێغەمبەر و بەدبەختی کوردان دەهێنێ، بە مانای ئەوەیە دنیابینییەک هەبووە کە تەفسیری بوونی خوای کردووە".(سیوەیلی، ٢٠٠٦: ٧٦).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

بابەتەکانی تایبەت بە باوەڕهێنان بە بوونی خودایەکی خوڵقێنەر، لە فۆلکلۆردا ڕەنگی داوەتەوە، هەرچەندە ئەوەی لەو وشەو دەربڕینە کورتانەدا دەبینرێ کە پێی دەوترێ (پەند)، سادەو ساکارن، بەڵام مانای قوڵ و ڕادەی تێگەیشتنی کوردانی ئەم سەردەمەمان بۆ دەگوازێتەوە، ئەوەش هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانە بوو بۆ لێکۆڵینەوە.

**بەشی یەکەم:**

**بنەماکانی باوەڕ و ڕەنگدانەوەی لە فەلسەفەی پەندی پێشینانی کوردیدا:**

ئایینەکان جۆراوجۆرن و باسکردن و پۆلێنکردنیان قسەی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام سنووری لێکۆڵینەوەکە ئاینی ئیسلام دەگرێتەوە، لە ئیسلامیشدا باوەڕهێنان چەند بەشێک لەخۆدەگرێت، لەوبارەیەوە قورئانی پیرۆز دەفەرموویت:{آمَن الرسُولُ بِمَا أُنْزِل إِليْهِ مِنْ ربِهِ و الْمُومِنُون كُلٌ آمَن بِالله و مَلائِكتِه و كُتُبِهِ و رسُلِه لا نُفَرقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رسُلِهِ...}،(سورەتی البقرة، ئایەتی ٢٨٥) واتە:"پێغەمبەر و ئیمانداران باوەڕیان هەیە بەوەی لە لایەن پەروەردگارییانەوە هاتۆتە خوارەوە، هەموویان باوەڕیان هەیە بە خوا و فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی، دەڵێن هیچ جۆرە جیاوازییەک ناکەین لە نێوان هیچ پێغەمبەرێ لە پێغەمبەرەکانی خوادا"، (أمين، ٢٠٠٤: ٤٩) بۆ زیاتر گەیاندنی مەبەستی لێکۆڵینەوەکە، ئەو بەشە بەسەر چەند ناونیشانێکدا دابەش دەکەین:

یەکەم: باوەڕهێنان بە بوونی خودا: دەتوانین بنەماکانی فەلسەفەی ئایین لە ئیسلامدا لە بنەماکانی باوەڕدا بدۆزینەوە، دیارە یەکەم بنەمای باوەڕیش بریتییە لە باوەڕهێنان بە خودای تاکوتەنیا، لە زمانی کوردیدا زاراوەکانی: (خودا، پەروەردەگار، خوداوەند، یەزدان، خودێ) بۆ خودای خوڵقێنەر بەکارهاتوون، (کەریم، ٢٠١٦: ٤٠) بە لای مەسیحیەکانەوە وشەی الله God لە بنەڕەتدا لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە، پێش هاتنی ئیسلام، هەروەکو لە ئایەتی یەکەمدا دەگوترێت:"في البدء خلق الله السماوات و الأرض"، (الكتاب المقدس: ١٩٩٤: ١) واتە: لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی خوڵقاند، باوەڕهێنان بە خودا دەکرێ لە چەند خاڵێکدا ڕیزبەند بکرێت:

١. **تاك و تەنهایی خودا:** ئەمە یەکێکە لە سیفەتەکانی خودا، تەنهایە و هیچ کەسێکی نییە،"بیرۆکەی سەرەکی ئیسلام بریتییە لە باوەڕهێنان بە تاکایەتی خودا، سووربوون لەسەر ئەوەی کە خودا یەکە و بەراورد ناکرێت، عەقیدەی ئیسلام شەهادەیە کەوا بریتییە لە دەستەواژەی (أشهد أن لا إله إلا الله، و أشهد أن محمدا رسول الله)، "هەروەکو لە وەسفی خودای تاك و تەنهادا قورئانی پیرۆزیش دەفەرمویت:-" قلْ هُو اللّهُ أَحَدٌ، اللّهُ الصَمَدُ، لمْ يلدْ ولمْ يُولدْ، ولمْ يكُنْ لهُ كُفُوًا أَحَدٌ،"(سورەتی إخلاص، ئایەتی ١-٤)، واتا: "ئەی محمد (د.خ.) ئەی ئیماندار، بڵێ: ئەو خوایەی کە ناوی الله یە خوایەکی تاکو

تەنهایە (بێ هاوەڵ و هاوتایە)، خوا زاتێکی پایەدار و دەسەڵاتدارە، نیازی بە کەس نییەو هەموان ئاتاجی ئەون، هیچ کەسی لێ نەبووەو خۆیشی لە کەس نەبووە، هەرگیز هاوتا و هاوشێوە و دەسەڵاتدارێکی تر نییە کە لە بەرامبەریەوە بوەستێت و هاوشانی بێت و وەکو ئەو باڵادەست بێت و وەکو ئەو دروستکار بێت"، (أمین، ٢٠٠٤: ٦٠٤) کاتێک "فەیلەسوفی بەناوبانگی فەرەنسی (دیکارت) ئەم هەستە سروشتییە بەمجۆرە دەردەبڕێ: (لەگەڵ ئەوەدا کە من هەست بە کەموکوڕی خۆم دەکەم، هەست بە بوونی زاتێکی کامڵیش دەکەم، دەمبینی ناچارم باوەڕم وابێ کە ڕواندنی ئەو هەستە لە زاتی مندا بەهۆی ئەو زاتە کامڵەوەیە، کە هەرچی سیفاتی کامڵە لەودا هەیە، ئەویش زاتی الله یە". (القرضاوي، ٢٠١٢: ٣٨) واتا تەنها خودا تەنهایە، تەنهایی بۆ ئەو باشە، هەمو کەسێك پێویستە هاودەنگ و یاوەری هەبێت، تەنها خودا پێویستی بە یار و یاوەر نییە، ئەو بۆچوونە لە پەندیدا ڕەنگدەداتەوە، بۆ نموونە ئامۆژگاری کەسێك دەکرێت هاوبەشی لە کار و پیشەدا نەکات پێیدەڵێن:"**ئەگەر شەریك باش بوایە، ئەبوایە خوا شەریکی ببوایە**"، (عوسمان، ٢٠٠٨: ٤٥) ڕوونە هاوبەشی باش نییە و ئەنجامی جیابونەوە و توڕەبون و ئاژاوەیە، بۆیە خودای گەورە تەنهایی هەڵبژاردوە، موسڵمانان و پەیڕەوکەرانی ئایینە ئاسمانییەکانی تریش باوەڕیان بە بوونی یەک خودا هەیە، ئەم باوەڕەش بنچینەی سەرەکییە لە باوەڕهێنان،"بێگومان سەلماندنی بەشەکانی تری عەقیدە وەک باوەڕ بوون بە پێغەمبەرایەتی محمد (د.خ.) و باوەڕ بە ڕۆژی قیامەت و سەلماندنی ئەو ڕێباز و ڕێنموونییە دروستانەی کە پێغەمبەر (د.خ.) هێناونی، بێگومان ئەو بەشانەی تری عەقیدە جێگیرو پایەدارو دامەزراو نابن، تا بنچینەی یەکەمی عەقیدە دانەمەزرێت، کە ئەویش باوەڕ بە بوونی خودایە .. دەنا کەسێک شک و گومانی لە بوونی خوادا هەبێت و باوەڕی بە هیچ دین و ئاینێک نەبێت و نەیەوێت لەوبارەوە شت حاڵی ببێت، قسەکردن بۆی لە بارەی جوانی و جەماڵی ئیسلام و بێهاوتایی شەریعەتی ئیسلامەوە، بێکەڵک و بێسوودە".(القرضاوي، ٢٠١٢: ٢٣).

٢. **دەسەڵاتی بێسنووری خودا:** هەر لە دێر زەمانەوە مرۆڤ عەوداڵی ناسینی خودای کەوتۆتە سەر، هەرچەندە پێش دەرکەوتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش، کورد باوەڕی بە خودا و یەکتاپەرستی هەبووە، بەڵام دوای دەرکەوتنی ئیسلام بابەتی باوەڕبوون بە خودا زیاتر ڕەنگیداوەتەوە، ئەم ڕەنگدانەوەیە لە پەندەکانیشدا هەرچەندە لە ڕوخساردا وەک دەربڕینێکی سادە دەبینرێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا فەلسەفەیەکی قوڵی تێدا بەدیدەکرێت، چونکە ناسینی خودا کارێک نییە بە ئاسانی پێیبگەین، هەر بۆیە فەیلەسوفان لەمبارەیەوە قسە و لێکدانەوەی جیاوازیان هەیە، بۆ نموونە:" کانت گوتەیەکی بەناوبانگی هەیە: (ئێمە دەتوانین بیر لە خودا بکەینەوەو لێی بڕوانین، بەڵام ناتوانین



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

تێبگەین و بیناسین)، چونکە خودا خۆی لە دەرەوەی سنووری ئەقڵ و ماتێریدایە، لە کاتێکدا ئەقڵ سنووری خۆی هەیە و ناتوانێت بە ئەزموونی ئەقڵانی و تاقیکردنەوە بیگاتێ".(جەمال، ٢٠١٦: ١٠١)

هەر لەبارەی توانا و دەسەڵاتی خوداوەیە کە دەگوترێ خودا دەسەڵاتی (کن فیکون)ە، ئەم سیفەتە تەنها خودا خاوەنیەتی، هیچ بونەوەرێك خاوەنی ئەم تایبەتمەندیە نییە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی زۆری لەناو کۆمەڵگەدا هەیە و لە پەندەکانیشدا ڕەنگیداوەتەوە، کاتێك دەگوترێ:"**ئەوەی لای بەنە خەیاڵە، لا خوا بەتاڵە**"، (عوسمان، ٢٠٠٨: ٥٩) ئەوەی لای مرۆڤ خەیاڵە و ناتوانێ بەدیبهێنێ لای خودا زۆر سادە و ئاسانە، دەتوانێ لە چاوتروکانێکدا بەدیبهێنێ، بۆیە دەگوترێ:"**خۆم نەم کرد خوا کردی**"، (عوسمان، ٢٠٠٨: ٩٤) واتا هیچ دەسەڵاتی منی تێدانەبوو لە کن فیکونەکدا ڕوویدا.

هەر ئەو بۆچوونەشە لەم چەند پەندەدا بەرچاودەکەوێت:"**وەستای نەجار، بنو بێ خەم و خەیاڵ، خوا یەکە و دەرگەی هەزار**"، (خاڵ، ٢٠٠٧: ٤١٦) لەم پەندەدا کە لەسەر شێوەی ئامۆژگارییە، باوەڕبوون بە خوداو بە هێزو تواناکەی ڕەنگیداوەتەوە، ئەو خودایەی موسوڵمانان دەیپەرستن لە تواناو دەسەڵات و مەزنیدا بێوێنەیە، میهرەبانەو توانایەکی لە ڕادەبەدەری هەیە، پێویستە وەستای دارتاش و هەمووان پشت بە خودا ببەستن، هەرگیز لە خودا بێ ئومێد نەبن، چونکە خودای گەورە هەرگیز ئەو بەندانەی نائومێد ناکات کە هانای بۆ دەبەن.

هەر هەمان مەبەست بە داڕشتنی تریش هاتووە:"**خوای گەرمیان و کوێستان هەر یەکە**".(خاڵ، ٢٠٠٧:١٧٤) یان"**هەر خوایان یەکە**"(خاڵ، ٢٠٠٧: ٤٣٣) دیارە فەلسەفەی پشت ئەو پەندانەش جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی هەمووومان هەر یەك خودامان هەیە.
یان دەگوترێ:"**ئەوەندەی باوەڕ پێبکە، بڵێ خوا یەکە**"، (خاڵ، ٢٠٠٧: ٥٦) بەرامبەر کەسێك دەگوترێ کە ڕاستگۆ نییە و هەرگیز باوەڕی پێناکرێ تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێ گەر بڵێ خودا یەکە باوەڕی پێدەکرێ، چونکە ئەو قسەیە هیچ گومانێك هەڵناگرێ.

یەکێکی تر لە بابەتەکانی باوەڕبوون بە خودا، باوەڕهێنانە بە هێز و دەسەڵاتی بێسنووری خودای تاکوتەنها، لەمبارەیەوە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:-[و لما جَاء مُوسَى لِمِيقاتِنَا و كَلمَهُ رَبُهُ قال ربِ أرني أنْظر إِليْكَ قال لنْ تَرانِي ولكِنِ انْظر إِلى الجَبَل فأن اسْتَقر مَكانهُ فَسَوْفَ تَرانِي فَلمَا تَجَلى رَبُهُ لِلْجَبَل جَعَلهُ دَكًا وخَر مُوسَى صعِقًا فلمَا أَفَاقَ قال سُبْحَانَک تُبْتُ إِليْکَ و أنَا أولُ المُؤمِنِين]، (سورەتی الأعراف، ئایەتی ١٤٣)، واتا: کاتێک کە خودای گەورە قسەی لەگەڵ موسادا کرد، داوای کرد و گوتی خودایە خۆتم نیشانبدە با بتبینم، فەرمووی نامبینی، بەڵام سەیری ئەم چیایە بکە، گەر لە شوێنی خۆی مایەوە ئەوا دەمبینی، چیاکە


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ورد و خاش بوو، موسا بێهۆش کەوت، کە بەهۆش هاتەوە گوتی تۆبە جارێکی تر داوای لەمشێوەیە ناکەم.(کۆیی، ٢٠٠٩، ب.٣: ٢٥٠)

گومانی تێدا نییە کە دەسەڵات و توانای خودای گەورە هەموو سنورەکانی تێپەڕاندوە، مرۆڤ هەرچەندە خاوەنی توانا و هێز و دەسەڵات بێت، بەراورد بە دەسەڵاتی خودای گەورە زۆر بێدەسەڵاتە، هەروەکو دەگوترێ:**"تا خودا یارتە لە سوڵتان مەپێچ، کە خودا یارت نەو سەد سوڵتان وە هیچ"**.(عوسمان، ٢٠٠٨: ٧٧) مەبەست ئەوەیە مادام خودای گەورە پشت و پەناتە، نەك دەسەڵاتدار و سوڵتانێك، بەڵکو سەدان پاشا و سوڵتان دژت بێت هیچ بەهایەکی نییە، چونکە خودای گەورە پادشای پادشاکانە و خاوەنی ئاسمانەکان و زەویە، یان"**خوا لە سوڵتان مەحمود گەورەترە**"(عوسمان، ٢٠٠٨: ٩٧)، لە سەردەمێکدا سوڵتان مەحمودی غەزنەوی یەکێك بووە لە سوڵتانە بە دەسەڵات و بەهێزەکان، وەك ڕەمزی دەسەڵات و هێز و توانا ناویهێنراوە، بەڵام لەم پەندەدا دەسەڵاتی سوڵتان بەراورد بە دەسەڵاتی خودا زۆر بە بچوك دادەنێ.

هەر لەمشێوەیەدا دەگوترێ:**"خوا یار بێ، با دوژمن هەزار بێ"**.(خاڵ، ٢٠٠٧: ١٧٣) لێرەدا پشتبەستنی بەندەکان بە دەسەڵاتی خودا دەبینرێ، تۆ پشتت بە خودا بەست، هەرچەندە دوژمنت زۆر بێ، براوەیت، ئەمەش وەك ئاماژەیەکە بۆ ڕووداوی مێژوویی (جەنگی بەدر) لە سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلامدا، کەوا سەرەڕای کەمی ژمارەی موسڵمانان، بەڵام بە پشت بەستن بە خودا توانیان سەرکەوتن بە دەستبهێنن. لە شێوەی ئەوەدا دەگوترێ:**"دەست لە دەست و قوەت لە خودا"**، (خاڵ، ٢٠٠٧: ١٩١) یان: **"هەر خوا خوایە، دنیا کاو بایە"**.(خاڵ، ٢٠٠٧: ٤٣٣)

٣. **پاداشت و سزای خودا:** پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا پەیوەندییەکی کۆنە، لە دێر زەمانەوە ئەم پەیوەندییە هەبووە و لەناو ئەدەبیاتیشدا ڕەنگی داوەتەوە، لە پەندی پێشینانیشدا بەرچاوەدەکەوێت، بەشی زۆری پەیوەندییەکان باسی خۆشەویستی خودا، پاداشتەکانی خودا، دەکرێت، بۆ نموونە:**"خۆشەویستی خوا خەم ئەڕەوێنێ ... کە خوات بوو کارت بە کەس نامێنێ"**(عوسمان، ٢٠٠٨: ٩٣)، لێرەدا ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە هەر کەسێك خودای خۆی خۆشویست، ئەوا خودای گەورە خەم و پەژارەی لەسەر لادەبات و ناز و نیعمەتی خۆی بەسەردا دەبارێنێ.

ئەو کەسەی باوەڕی بە خودا هەبێ چاوی لە پاداشتەکانە و لە سزاکانیش دەترسێ، کوردانی موسوڵمان ئەو کەسانەیان پێ پەسەند نەبووە کە لە خوا ناترسن و دەیانەوێ لەو کەسانە دووربکەونەوە، بۆیە دەگوترێ:**"لەوە بترسێ، لە خوا ناترسێ"**، (خاڵ، ٢٠٠٧: ٣٦٦) بۆیە یەکێکی تر لەو بابەتانەی کە گرنگی پێدراوە لە پەندی پێشیناندا و وەك بنەمایەکی فەلسەفەی ئایین سەیر دەکرێ، بریتییە لە بابەتی گوناه کردن و داوای لێخۆشبوون،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوە کوردیی

هەروەکو دەگوترێ:"**سەد گوناح و یەك تەوبە**"، (خاڵ،٢٠٠٧: ٢٣١) گوناهکردن لە گشت ئایینەکاندا هەیە لەبەرامبەر ئەم گوناهەشدا تەوبەکردن و پەشیمانبوونەوە هەیە، لە ئیسلامدا باس لەوە دەکرێ، کاتێك کەسێك گوناح و تاوانی زۆر بێ، دەتوانێ بە تۆبەکردن لە گشتیان پاك ببێتەوە، بەو مەرجەی نەگەڕێتەوە سەر گوناحکردن، ئەم پەندەش ئاماژەیە بۆ ئەم بابەتە.

٤. **دادپەروەری خودا:** هەرچەندە مرۆڤەکان دادپەروەربن ناگەن بە تۆسقاڵێکی دادپەروەری خودا، ئەوە دادپەروەری خودایە مرۆڤەکان لاسایی دەکەنەوە و لێوەی فێر دەبن، بۆیە دەگوترێ: "**خوا رەنگی ئێمەی وەك سروشت داناوە، ڕەنگی هیچ کەسی بە کەس نەداوە**"، (عوسمان، ٢٠٠٨: ٩٧) دادپەروەری خودا هێندە زۆرە هەر یەکێکمانی بەجۆر و تایبەتمەندییەك دروستکردوە کە بۆمان گونجاوە، بەبێ ئەوەی ئاگاداربین دادگەری لەنێوانماندا بەرپاکردوە، لە پەندێکی تردا دەربارەی دادپەروەری هاتووە:"**خوا کە بنچینەی دنیای داناوە، بەشی هەر کەس جوێ بە جوێ داناوە**"، (عوسمان، ٢٠٠٨: ٩٧) هەرچەندە هەوڵبدەیت و زیاتر خۆت هیلاك بکەیت، بەشی تۆ لەکاتی لەدایك بونەوە جیاکراوەتەوە، وەك چۆن بەشی هەموو بوونەوەران بە دادپەروەری دابەشکراوە.

خودای گەورە دادپەروەرە و زۆربەی مافەکان بۆ مافخوراوان وەردەگرێتەوە، ئەم سیفەتە لە پەنددا ڕەنگی داوەتەوە:"**خوا حەقی بزنی کۆڵ لە بزنی شاخدار، ئەسێنێ**". (خاڵ، ٢٠٠٧ :١٧٠) هەرئەوەشە کە دەگوترێ خودا تۆڵەسێنە، تۆڵەسەنەندنەوە و وەرگرتنەوەی مافی بێدەسەڵاتان یەکێکی ترە لە سیفەتەکانی خودا، قورئانی پیرۆز لەمبارەیەوە دەفەرموێت:-[أعْلَمُوا إنَ الله شَدِيدُ الْعِقابِ و إنَ الله غَفُور رحِيمٌ]،(سورەتی المائدة، ئایەتی ٩٨) تەفسیری ئایەتەکە بەمشێوەیەیە"چاك بزانن خوا تۆڵەسێنەرێکی توندوتیژە (لەیاخیەکان)، هەروەها تەواو لێخۆشبوو و میهرەبانە (بۆ ئیماندارەکانی تەوبەکار)"،(أمين، ٢٠٠٤:١٢٤) هەر ئەمەشە لە پەندداڕەنگیداوەتەوە کە دەگوترێ:"**خودا بە زەبر و بە سەبرە**"(خاڵ: ٢٠٠٧ : ١٦٩) لە فەلسەفەی پشت ئەو پەندەدا ئەوە دەخوێنینەوە کەوا خودای گەورە هەرچەندە بەخشندەیە بەڵام سزاکانیشی توند و بەهێزن، چاکە و خراپە لەدێر زەمانەوە لەناو ئەدەبیاتدا ڕەنگی داوەتەوە، دەتوانین بڵێین سەرچاوەکەی لە ئایینەوە سەرچاوەی گرتووە، دەگوترێ:"**ڕاستە چاکە و خراپە لە دەست خودایە... بەڵام خەتای بەندەشی تێدایە**"، (عوسمان، ٢٠٠٨: ١١٤) لە ئایینی ئیسلامدا چاکە و خراپە وەك دوو هێزی بەرانبەر یەك دەردەکەون و بەردەوام لە ململانێدان، لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆرو پەندی کوردیدا کێشمەکێشمی ئەم دوو هێزە بە ئاشکرا دیارە، وەك ئەم پەندەی سەرەوە، سەرەڕای ئەوەی هەموو تواناکانی گەڕاندۆتەوە بۆ خودا، بەڵام سەربەخۆیی ئیرادەی مرۆڤیشی فەرامۆش نەکردووە، کە ئازادە لە بڕیاردان و ئەنجامدانی چاکە یان خراپە، لە بەرامبەر هەموو چاکەیەکدا بەندەکان چاوەڕێی پاداشت



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

له خودای گەورە دەکەن و بۆ خراپەکانیش دەبێ چاوەڕێی سزا بن، جا پاداشت و سزاکە لەم دونیا کاتییەی ئێستادا بێ یان لە شێوەی بەهەشت و دۆزەخ بۆ ڕۆژی دوایی هەڵبگیرێت.

٥. **دانایی و زانایی:** ئاماژەمان بەوەکرد فەیلەسوفان هەردەم بە دوای نهێنییەکانی گەردون و خاڵقی ئەو گەردونەدا گەڕاون، هەر ئەو خودایەیە پێشنانی ئێمە بە تەواوی باوەڕیان پێی هەبووە، ئەو خودایەی کە خاڵقی تەواوی گەردونە و هەر ئەویش ئاگاداری ورد و درشتە لە تەواوی گەردوندا، ئەم هزرە فەلسەفییەش لە پشت هاتنەکایەی چەندین پەندا بەدیدەکرێ. ئەم سیفەتە یەکێکە لەو سیفەتانەی کە دەدرێتە پاڵ خودای گەورە کە لە قورئانەوە وەرگیراوە:[ إَن اللهَ يعْلمُ مَا فِي السَمَاواتِ و مَا فِي الْأرض و إنَ الله بكُلِ شَيء عَلِيمٌ]، (سورەتی المائدة، ئایەتی ٩٧) واتا: "چاک بزانن و دڵنیابن کە خوا ئاگادارە بە هەرچی لە ئاسمانەکاندایەو هەرچی لە زەویدا هەیە، بە ڕاستی خوا بە هەموو شتێک تەواو زانایە"، (أمين،٢٠٠٤: ١٢٤) تەنها خودای تاک و تەنیا ئاگای لە هەموو نهێنییەکانە، موسوڵمانان هەردەم وا بیردەکەنەوە کە خودا لەسەر سەریانەوە چاودێرییان دەکات، لە پەندی پێشینانیشدا لەمبارەیەوە هاتووە:"**خوا بەندەی خۆی باش دەناسێت**"، (عوسمان، ٢٠٠٨: ٩٦) واتا خودای گەورە ئاگاداری ناو دڵ و دەرون و ناخی هەمو بەندەکانیەتی، هەموو ئەو شتانەش دەزانێ کە شاراوە و پەنهانن، یاخود دەڵێ:"**خوا تا کێو نەبینێ بەفری تێناکا**"، (خاڵ، ٢٠٠٧: ١٧٠) خودا خۆی دەزانێ سوود و زیانی هەر شتێك چییە، هەروەکو باشتر دەزانێ کەی و چۆن و لە کوێ بەفر دابارێنێ، هەروەها "**خودا نە شاخ وە کەر ئەدا، نە باڵ وە حوشتر**"، (عوسمان، ٢٠٠٨: ٩٨) یان دەگوترێ:" **ئەگەر خوا باڵی بە حوشتر بدایە، ئەبوایە سەریانمان گشت بڕوخایە**". (خاڵ: ٢٠٠٧، ٣٠) خودای گەورە کەم ئەقڵی و نەفامی گوێدرێژی زانیوە بۆیە شاخی نەداوەتێ، چونکە ئەگەر خاوەن شاخ بوایە زیانی لە سودی زیاتر دەبوو، حوشتریش کە بە کەشتی بیابان ناسراوە و سودی زۆری بۆ بیابانشینان هەیە، گەر خاوەنی باڵ بوایە ئەوا بەهۆی کێشە قورسەکەیەوە لە کاتی نیشتنەوەیدا زیانی لە سودەکانی زیاتر دەبوو.

یەکێکی تر لە سیفەتەکانی خودا بریتییە لە بەخشندەیی، بە درێژایی مێژوو چەندان کەس بە بەخشندەیی ناویان دەرکردوە، بەڵام ناگەن بە تۆسقاڵێکی بەخشندەیی خودا، یەکێك لەو بەخششە گەورانەی کە خودا بە مرۆڤی بەخشیوە ئەقڵە، ئەوەیە مرۆڤ لە بونەوەرانی تر جیادەکاتەوە، لە پەنددا دەگوترێت:"**ئەقڵ میوانە لای مرۆڤ**"، (عوسمان، ٢٠٠٨: ٤٧) لەم پەندەدا دەردەکەوێ کە ئەقڵ وەك میوانێك لای مرۆڤە، هەرکاتێك خودا فەرمانبکات ئەم میوانە دەڕوات و مرۆڤ شێت و دیوانە دەبێت، بۆیە دەگوترێ:"**ئەو خودایەیی کە ژیانی بە ئێمە داوە، لە هەمانکاتدا سەربەستیشی بە ئێمە داوە**"، (عوسمان، ٢٠٠٨: ٥٠)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

واتا خودا گیانی بە ئێمە بەخشیوە لەهەمانکاتدا سەربەستیشی کردووین لە کارو کردەوەکانمان، بەڵام بە مەرجێ سوود لەو ئەقڵە ببینین کە پێیبەخشیوین.
یاخود دەگوترێ:"**خودا هەتا دەرگایەك نەکاتەوە، دەرگایەك پێوە نادا**"، (عوسمان، ٢٠٠٨: ٩٨) خودا هێندە بەخشندەیە بەندەکانی لەبیرناکات، بەخشندەیی خودا لە بچوکترین دروستکراوی تا گەورەترین دروستکراوی دەگرێتەوە:"**خوا کڵاوی بۆ بەڕوو کردووە**"، (عوسمان، ٢٠٠٨: ٩٧) هەرچەندە بەڕوو ڕووەکێکی خۆڕسکی چیاکانە، بەڵام بەخشندەیی خودای گەیشتۆتێ و لە بیری نەکردووە.

جۆرێکی تر لە بەخشندەیی خوای گەورە ئەوەیە کە خودا ڕزق دەرە (رزاق)ە، سیفەتی ڕەزاقی تەنها بۆ خودایە و تەنها خۆی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە ڕزق بە هەموو بونەوەران بدات، ئەو هەستەیە وا لە موسوڵمانان دەکات تەنها پشت بە خودا ببەستن، بۆیە لە پەندی پێشیناندا گوتراوە:" **کە خوا دای، ناپرسێ کوڕی کێی**"، (خاڵ، ٢٠٠٧: ٢٩٨) هەر هەمان بیرۆکە بەشێوەی تریش داڕێژاوە، وەك:"**خودا بیدا لە هێلێك دەیدا**"، (خاڵ، ٢٠٠٧: ١٦٩) هەروەها "**خوا سەر بدا ڕزقیش دەدا**"(خاڵ، ٢٠٠٧: ١٧٠) یان"**خوا کە سەریدا کڵاویش دەدا**"، (خاڵ، ٢٠٠٧: ١٧٢)"**تۆش نەبی بە یارم، خوا ئەسازێنێ کارم**"، (خاڵ، ٢٠٠٧: ١٤١) "**خوا دەرێك ئەگرێ و دەرێکی تر ئەکاتەوە**"،(خاڵ، ٢٠٠٧: ١٧١) مەبەستی ئەوەیە تا زیندووبیت ڕزقی تۆ خودا دەیدات و دیاریکراوە، تۆ هەرچەندە هەوڵدەیت و ماندوبیت، تەنها ئەوەندە بە دەست دەهێنی کە خودا بۆی داناویت، بەڵام لەگەڵئەوەشدا لە پەنددا دەگوترێ:"**خوا دەڵێ: لە تۆ حەرەکەت لە من بەرەکەت**"، (خاڵ، ٢٠٠٧ :١٧١)، هەروەها "**خودا خۆی ڕازقە، بەڵام ئحمێکیش دەوێ**"، (عوسمان، ٢٠٠٨: ٩٧) پێویستە مرۆڤ هەوڵبدات تا ڕزقی خۆی بەدەستبهێنێ، هەوڵدە و پشت بەخودا ببەستە ئەوەیتر خودا ڕێکیدەخات.

دیارە لەهەریەکە لەم پەندانەدا باوەڕبوون و یەقین بوون بە توانا و دەسەڵاتی خودا دووپاتکراوەتەوە، گەر خودای گەورە مەبەستی بێت شتێك بە کەسێك ببەخشێ، ئەوا پێی دەبەخشێت جا گرنگ نییە ئەو کەسە کێیە و چییە.

گیان بەخشین و گیان کێشان یەکێکی ترە لە سیفەتە خواییەکان، تەنها خودا خاوەنی ئەم دەسەڵاتەیە، لە پەنددا گوتراوە:"**ئەو کەسەی گیان ئەدا، گیانیش ئەستێنێ**"، (خاڵ، ٢٠٠٧: ٥٣) واتا ئەوەی گیان دەبەخشێ و گیانیش دەستێنێ تەنها خودایە.

**دووەم: باوەڕهێنان بە پێغەمبەرانی خودا و کتێبە ئاسمانییەکان:**

بیرکردنەوەی مرۆڤ لە بوونی خودا لە خاڵێکی تردا لە ئاماژەکردن بە پێغەمبەر و نێردراوانی خودادا دەردەکەوێت، باوەڕهێنان بەمانە بنەمایەکی ترە لە بنەماکانی باوەڕ لە ئایینی ئیسلامدا، پێغەمبەر لە عەرەبیدا نَبِي، نَبِيء، رسُول ی پێدەگوترێت (کەریم، ٢٠١٢:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

١٤١)، هەروەهـا لە زمـانی فارسیشـدا بە (پیـامبر، پیمبـر) هـاتووە (بابـان، ١٣٨٣ هـ: ٦٥)، لە کوردیشـدا هەریەکە لە زاراوەکانی:ـ (پەیـامبەر، پێغەمـبەر، پەیـامهێنەر، نێـراو، نـوێنەر، مژدەهێن، ڕابەر، هەواڵبەر، پەیامگەیین)ی بەرامبەر دێت. جێگەی ئاماژەپێکردنە، خودا لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەیکردووە بەبیست و پێنج پێغەمبەر و نێردراو و بانگخواز، وەک: نوح، إبراهیم، إسماعیل، یوسف، ئەیوب، موسا، عیسا، محمد (د.خ.)، ئەم پێغەمبەرانە خاوەنی کتێبی ئاسمانی بوون کە لە لایەن خودای گەورەو لە ڕێگەی سروشەوە و بۆیان دابەزیووە، ناوەڕۆکی ئەم کتێبـانە بریتیبـوون لە فەرمـان و ڕاسـپاردەکانی خـودا بـۆ مرۆڤـایەتی و چـۆنیەتی خوداپەرستی و بنەماکـانی بـاوەڕ، باوەڕهێنـان بەو پێغەمـبەرانە بـریتییە لە بنەمـای چوارەم لە بنەماکـانی بـاوەڕ، و پێوستە لەسـەر موسڵمانان باوەڕییـان هەبێت بە پێغەمبەرانـی خوداو بە کتێبە ئاسمانییەکان، کەوا هەنـدێک لەم کتێبـانە لە قورئانـدا ناویـان هـاتووە، وەک: تەورات بۆ موسـاو ئینجیل بۆ عیسـاو زەبور بۆ داود، صوحوف بۆ ئیبـراهیم، و قورئـان کە بۆ سـەرووەرمان پێغەمـبەری ئیسلام محمـد (د.خ.) دابەزیـووە، دیـارە ئەرکـی سـەرەکی پێغەمـبەران (ر.خ) بریتـی بـوو لە بـانگکردنی خەڵـک بۆ خـوا بەیەک ناسـین. باوەڕهێنـان بەو نێـردراو و پێغەمبەرانەی خودا بەشێک لە مەرجەکانی باوەڕ پێکدەهێنن،"بەڵگەیەکی تر لەسەر بوونی خـوا ئەو پەیـامەیە کە پێغەمـبەران (علیهم السلام) هەر لە سـەردەمی نـوحەوە تـا سـەردەمی محمـد (د.خ) یەک لەدوای یەک هێناویـانە، هەموویـان قەومەکانییـان بـانگکردووە بـۆ لای خـوا و بەیەک ناسـینی و پەیوەنـدی بـوون بە خـواوە، لە هـاوبەش پەیـداکردن بـۆ خـوا و پشـتکردنە بەرنـامەی خـوایش ئاگاداریـیان کـردوونەتەوە و ترسـاندوویانن. ... خـوایش بە نیشانەی ڕۆشن و موعجیزەی گەورەوە پشتیوانی پێغەمبەرەکانی دەکرد، تا بەو موعجیزانە ڕاستییەتی پێغەمبەران بسەلمێنێ و قوڕو قەپیش بە نەیارەکانییان بکات"(القرضاوي، ٢٠١٢: ١٣٢)، لە پەندی پێشیناندا ناوی پێغەمبەران هێنراوە، ناوهێنانیان بەمەبەستی ئەوە بوە کە لاسایی سیفەتەکانیان بکرێتەوە، یاخود بۆ ئەوە بووە بناسرێن، بۆ نموونە:**"لەو محەمەدانە نییە کە سلاواتی لێ بدرێ"**، (خاڵ، ٢٠٠٧ : ٣٦٥) ئەم پەندە مەبەستی پەیامبەری ئیسلام (محمد د.خ)ە کە هەر جارێك ناوی بهێنرێ سەڵاواتی لەسەر لێبدرێ، بەڵام هەموو محمد ناوێك پێغەمبەر نییە، لە پەندێکی تردا هاتووە:**"عیسایی بە دینی خۆی مووسایی بە دینی خۆی"**، (خاڵ، ٢٠٠٧: ٢٧٦) مەبەست هەردوو پێغەمبەر (عیسا و موسا)یە، کە هەریەکەیان خاوەنی ئایین و شوێنکەوتەی خۆیانن و پەیڕەوی لێدەکەن، هەروەها دەگوترێ: **"وەك نێرەکەرەکەی عوزەیر پێغەمبەر وایە زەڕینی هەیە و پەڕینی نییە"**، (خاڵ،٢٠٠٧: ٤٢٠) باس و ناساندنی پێغەمبەرێکی ترە کە ئەویش (عوزێر) پێغەمبەرە، یەکێکە لە نێردراوەکانی خودای گەورە، لە ڕێگای ئەم پەندانەوە خەڵك ئەم پێغەمبەرانەیان ناسیوە و ڕێزیان لێگرتوون و هەوڵیانداوە لاسایی سیفەتەکانیان بکەنەوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

**سێیەم: باوەڕهێنان بە قورئان وەك دوا كتێبی ئاسمانی:**

ئاشكرایە كتێبی پیرۆزی موسڵمانان قورئانە، موسوڵمانان باوەڕیان وایە كە قورئان وشەی خودایە كە بۆ پێغەمبەر نێردراوە، فەرموودەكانیش بریتین لە وتەكانی محمد (د.خ.)، لەسەر ئەم بنەمایەش زۆرجار لە ئەدەبی كوردیدا ئاماژە بە ناوی پێغەمبەر یان بە قورئان یان بە زاراوەیەكی تایبەت بەم كتێبە ئاسمانییە پیرۆزە كراوە. لەسەر ئەم بنەمایەش زۆرجار لە ئەدەبی كوردیدا ئاماژە بە ناوی پێغەمبەر یان بە قورئان یان بە زاراوەیەكی تایبەت بەم كتێبە ئاسمانییە پیرۆزە كراوە. باوەڕهێنان بە قورئان مەرجێكە لە مەرجەكانی باوەڕ، ناوی قورئان و بە پیرۆز سەیركردنی لە پەندە كوردییەكاندا ڕەنگی داوەتەوە، وەكو:"**زۆر وتن، هەر قورئان خۆشە**"(خاڵ، ٢٠٠٧ :٢٣١)، لە ئیسلامدا داوا لە موسوڵمانان كراوە قورئان بخوێنن، خوێندنی قورئان پاداشتی زۆری هەیە، دیارە لە ناو كۆمەڵدا هەر شتێك زۆر بگوترێتەوە، گوێگران لێی بێزار دەبن، بەڵام لەبەر پیرۆزییەكەی پێیانوایە قورئان بە پێچەوانەی هەموو شتێك تا زۆرتر بگوترێتەوە هەر چێژبەخشە.

**بەشی دووەم:**

**پیرۆزییەكانی ئیسلام و ڕەنگدانەوەی لە پەنددا:**

لە ئایینی ئیسلامدا، جگە لە باوەڕهێنان كە مەرجێكی سەرەكییە، چەند پیرۆزییەك هەیە لای موسوڵمانان كە وەك ڕەمز و نیشانەیەك بۆ ئایینەكەیان سەیری دەكەن، دەكرێ ئەم پیرۆزییانە دابەش بكەین بەسەر چەند ناونیشانێكدا:

١) **خوداپەرستی و ئەركە ئاینییەكان:** دوای ناسینی خودا و باوەڕهێنان بە توانا و دەسەڵاتەكانی، پەرستن و پابەندبوون دێتە ناوەوە،"ئایین هەوڵێكی ڕێكخراوە بۆ دروستكردنی پردێك، ڕایەڵێك، لە نێوان پیرۆز و ناپیرۆز، پەیپێبراو و پەیپێنەبراودا. واتە پڕكردنەوەی ئەو دابڕان و كەلێنەیە لە جیهاندا و لە بیروهۆشی ئێمەدا. لای (دۆركهایم) ئایین لە دوو ڕەگەز پێكدێت. باوەڕBelief و سروتەكان Rituals كە پشت بە بیروباوەڕ دەبەستێت وەك چۆن هەموو بیروباوەڕێكی ئایینی شتەكان بۆ پیرۆزو ناپیرۆزو ئاسمانی و زەمینی دابەش دەكات"، (جەمال، ٢٠١٦: ٣٨) هەروەكو لە بارەی هۆكاری خوڵقاندن لە لایەن خوداوە قورئانی پیرۆز دەفەرموویت:ـ [و مَا خَلقْتُ الْجِنَ و الْإِنْسَ إِلا لِيعْبُدُونِ]، (سورەتی الذرایات، ئایەتی ٥٦) واتا:"بێگومان من جنۆكە و ئادەمیزادم بۆ ئەوە دروستكردووە كە هەر من بپەرستن و فەرمانبەرداری من بن"، (أمین، ٢٠٠٤: ٥٣٣) دروستبوونی مرۆڤ و فەراهەمكردنی سروشت و گەردوون بۆ ئەوەی مرۆڤ سوودیان لێ وەربگرێت، لە ڕێگەی ئەمانەوە خوداپەرستی بكەن، ناردنی پێغەمبەران بۆ ئەوە بووە تا ڕێنیشاندەریان بن و فێری خواپەرستییان بكەن و وەڵامی پرسیارەكانییان بدەنەوە.

خوداپەرستی بە هۆکارێک لە هۆکارەکانی بەختەوەری دەزانرێت، ئەو بەختەوەری و خۆشبەختییە بەشێک لە باوەڕهێنان بەبوونی خوای گەورە لەشێوەی نزاو پاڕانەوەو هاوارەکانمان لەخودا دەردەکەوێت، زۆرجار دەبینین"نزای (خودایە ڕۆزیمان بدەیت و زیاد بکەیت) لە نوێژو نزاکاندا بەستنەوەیەکی ڕۆحی و گرێدانێکی نێوان مرۆڤ و خودایە. مرۆڤی باوەڕداریش لە ڕێگەی جۆرێک بەرژەوەندییەوە لەگەڵ خۆی دەدوێت و لە خودا نزیک دەبێتەوە"، (جەمال، ٢٠١٦: ٣٦٢) هەروەها ئەوانەی باوەڕییان بە بوونی خودای خوڵقێنەر هەیە، بەردەوام گوزارشتی سوپاسگوزاری بۆ خودا دەردەبڕن، ئەم ڕەفتارەش لە قورئانی پیرۆزدا ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نموونە لە سورەتی (ئیبراهیم)دا هاتووە: [و إذ تَأذنَ ربُكُمْ لئِنْ شَكَرتُمْ لأَزِيدَنَكُمْ ولئِنْ كَفَرتُمْ إنَ عَذابِى لشَدِيدُ]، (سورەتی ئیبراهیم، ئایەتی ٦) واتە" لە یادتان بێت کە پەروەردگارتان بڕیاریداوە، سوێند بەخوا ئەگەر سوپاسگوزار و شوکرانەبژێر بن، ڕزق و ڕۆزی و نازو نیعمەتتان بەسەردا دەڕژێنم و زیادی دەکەم، بەڵام ئەگەر ناشکور و سوپاس ناپەزێڤ بن، بەڕاستی ئەوکاتە ئیتر تۆڵە و سزای من زۆر بە ئازار دەبێت"، (أمین، ٢٠٠٤: ٢٥٦) ئەو شوکرانەیە لە نوێژ و پاڕانەوەکانماندا دەردەکەوێت، دیارە لە ئاینی ئیسلامدا یەکێك لە پێنج کۆڵەکەکەی ئیمان نوێژکردنە، بابەتی نوێژکردن لە پەنددا ڕەنگی داوەتەوە، بە مەبەستی هاندان بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا: "**سەری بە سوجدەوە ڕۆیوە**"(خاڵ، ٢٠٠٧: ٢٤٧)، سوجدە وشەیەکی عەرەبیە لە بری وشەی کڕنوشی کوردی بەکارهێنراوە، ئەم وشەیە لەگەڵ دەرکەوتنی ئاینی ئیسلام هاتۆتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە، واتا ئەوەندە پەیوەستە بە ئایین و بەهێزکردنی پەیوەندی خۆی لەگەڵ خودادا بەردەوام خەریکی نوێژ و شەو نوێژە، هەرکەسێك زۆر نوێژ بکات بەشی پێشەوەی پرچی دەڕوتێتەوە و وەك نیشانەیەکی لێدێت و پێوەی دیار دەبێت، ئەمەش وەك نیشانەی جیاکەرەوە دادەنرێ لەگەڵ کەسانی تر، کەسی نوێژکەر و لە خودا ترس وەك لەناو ئیسلامدا باوە، شێوەی ڕوخساری کراوە و ڕوونە، یاخود زاراوەی دەموچاو" نورانی" بۆ بەکاردەهێنرێ، ئەم زاراوەیەش لە پەندی پێشیناندا بەکارهێنراوە و هەیە:"**ئیشکەری شیرینی، نوێژەری نوورینی**"(عوسمان، ٢٠٠٨: ٦١)، واتا هەرکەسێك کاربکات کەسێکی خوێن شیرین و خۆشەویستە، و هەرکەسێکیش نوێژکەر بێ ئەوا کەسێکی نورانییە، لەم پەندەدا لەپاڵ خواپەرستی و عیبادەت، کارکردنیش وەك عیبادەت هەژمارکراوە، چونکە ئایینی ئیسلام بەردەوام هانی کارکردن دەدات و دژی تەمبەڵی و کارنەکردنە.

لە پەندێکی تردا هاتوە:"**خوام لێ لارە و بەندەم لێ بێزارە**"، (خاڵ، ٢٠٠٧ :١٧٤) مەبەست ئەوەیە هەر کەسێك خودای خۆی لێی ڕازی نەبێت، بەندەکانی خوداش لێی بێزاردەبن، ئەم دوو پەندەی سەرەوە لە ڕووی مەبەستەوە زۆر لە یەکتری نزیکن و بە نزیکەیی هەمان واتا دەدەن.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لە کوردەواریدا ئەو کەسانەی زۆر سەر ڕاست و خوداپەرستن بە پەندێك وەسفیان دەکەن:" **بەرماڵی بەسەر ئاوەوە ئەگەڕێ**"(خاڵ، ٢٠٠٧: ٩٢)، واتا کەسێك خوداپەرستێکی ڕاستەقینە و باوەڕدارێکی تەواوبێت، هەموو کارێکی ئاسان دەبێت و خودا سەری دەخات.

٢) **کەسایەتییە ئاینییەکان:** لە هەندێ پەندا ناوی هێندێ کەسایەتیش هێنراوە کە پێغەمبەر نەبوون، بەڵام لە ناو ئایینی ئیسلامدا پێگەی خۆیان هەبووە، ناویان بە چاکە هێنراوە، بۆ نموونە یەکێك لەو کەسایەتیانە (محەمەدی مەهدی)یە، گوایە لە ڕۆژەکانی کۆتایی دونیادا دەردەکەوێ و دەبێتە فریادڕەسی موسڵمانان، دەگوترێ:"**دیانەت لێرە زۆر کزە، محەمەد مەهدیەکی پێویستە ئێرە**". (عوسمان، ٢٠٠٨: ١١١).

هەروەها لە پەندی کوردیدا، ئاماژە بە دوانزە پێشەواکەی مەزهەبی شیعەش کراوە، بەهۆی ئەوەی بەشێکی کورد سەر بە ڕێبازی شیعەن:"**دەستی دوانزە ئیمامی بڕیوە، بە شوێن چواردە مەعصوما ئەگەڕێ**". (خاڵ، ٢٠٠٧ :١٩٤) شێخیش وەك نازناوێکی ئایینی بێبەش نەبووە لە دەرکەوتنی لە پەندی کوردیدا: "**شێت بەرنە لای شێخ، شێخ بەرنە لای کێ؟**"، (عوسمان، ٢٠٠٨: ١٢٨) دیارە لە کۆندا هاوشێوەی پزیشکی ئێستا، خەڵك سەردانی شێخەکانیان دەکرد بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانیان، بە تایبەتی ئەو نەخۆشانەی کە کێشەی دەروونیان هەبوو.

٣) **شوێنە ئاینییەکان:** باسکردنی پەرستگا و شوێنە ئایینیەکان لە پەندی پێشیناندا بوونیان هەیە، بە تایبەتی ئەو شوێنانەی کە پەیوەندییان بە ئاینی ئیسلامەوە هەیە، وەك مەککە و کەعبە و مزگەوت، ناوهێنانی ئەو شوێنانە لە پاڵ ناوی ئەو کەسانەدا دێت کە سەردانی دەکەن، وەك کەعبە کە شوێنی سەردانکردنی حاجیانە، مزگەوتیش شوێنی مەلا و نوێژکەرانە، ئەمانەش هەموو لە پەندی پێشیناندا ڕەنگدەداتەوە، وەك:"**حاجی، حاجی لە مەککە ئەبینێ**"، (خاڵ، ٢٠٠٧ :١٥٩) مەبەست لەوەیە هەرکەس و گروپێك لە هەرشوێنێك بێ ئەوا هاوشێوە و هاوکوفی خۆی دەدۆزێتەوە، حاجییەکان کە لە مەککە بن، بێگومان جگە لە حاجی کەسی تر نابینن، یاخود لە پەندێکی تردا هاتووە:"**باوەڕت نەبێ بە حەرام زادە ... هەتا لە حەجیش دیت خۆتی لێ لادە**"،(عوسمان، ٢٠٠٨: ٦٤) کەسێك کە حەرام زادەبوو تۆ لێی دوورکەوە تەنانەت ئەگەر لە حەجیش بێت شیاو نییە لێی نزیك بیتەوە.

کەعبەش وەك شوێنێکی پیرۆزی موسڵمانان لە پەندەکاندا دەرکەوێت، بۆ نموونە:"**ناپیاو ئەگەر ماڵی بوو بە کەعبە سەری پیا مەکە**"، (خاڵ،٢٠٠٧ : ٣٩٧) وەك زانراوە لای هەموان کەعبە ماڵی خودایە و هەموو کەسێك دەتوانێ سەردانی بکات، بەڵام



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کەسێك کە ناپیاو بوو، هەرچەندە ماڵەکەی جێگەی کۆبوونەوە و ڕووتێکردنی خەڵك بێت، تۆ سەردانی مەکە.

هەر پەیوەست بەو شوێنانەی سەرەوە، دیارە لە ناو کەعبە شوێنێکی دیاریکراو هەیە کە لە قیبلەی موسوڵمانان ناسراوە، کە لای موسڵمانان پیرۆزی خۆی هەیە و پێویستە هەمو موسڵمانێك بزانێ کەوتۆتە کوێوە، ئەوەش لە پەندیدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە:"**خزم قیبلەیە، قەت خراپ نابێ**"، (خاڵ، ٢٠٠٧: ١٦٨) گەر قیبلە هەرچیەکی بەسەردابێت هەر قیبلەیە و خراپ نابێ، بەهەمان شێوە خزمیش هەرچەندە خراپ بێ، نابێ دەستبەرداری ببین.

باسکردنی مزگەوتیش وەك شوێنێکی ئایینی لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا پایەو گرنگی خۆی هەیە، بەدەر لەوەی کە شوێنی پەرستنی خودایە، لە کۆندا وەك قوتابخانەی ئێستا، خەڵك تێیدا فێری خوێندەواری دەبوو، زۆربەی نوسەران و شاعیرانمان دەرچوی حوجرە و مزگەوتەکانن، لە پەندی پێشینانداا گرنگی زۆر بە مزگەوت دراوە، بۆ نموونە:"**هەتا ماڵ وێستابێ، مزگەوت حەرامە**"، (خاڵ، ٢٠٠٧: ٤٢٨) واتا خزمەتکردنی ماڵ پێش مزگەوتە، لە باسکردنی مزگەوت زۆربەی جارەکان ناوی مەلاش لە پاڵیدا بەکاردەهێنرێ، مەلا و مامۆستایانی ئاینیش وەك کەسایەتیەکی تری ئایینی پێگەی خۆیان هەیە، لە هەندێ پەندیدا پیاهەڵدان بە مامۆستایانی ئایینی دەبینرێ، وەك دەڵێ:"**هەرکە ترسی نەما، مەلای لە یاد دەچێتەوە**"، (عوسمان، ٢٠٠٨: ١٨١) واتا بۆ ڕەواندنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ سەردانی مەلایان کردووە، لە کۆندا بۆ نوشتە سەردانی مەلاکانیان دەکرد تا ئەوەی لە دڵیانە بێتەدی، یاخود لە پەندێکی تردا هاتووە:"**مزگەوت بێ مەلا نابێ**"، (خاڵ، ٢٠٠٧: ٣٨٨) واتە مەرجی بوونی مزگەوت بوونی مەلایە، بۆ ئەوەی کاروباری ئاینی جێبەجێ بکات.

لە هەندێك پەندی تردا سەرزەنشت و ڕەخنەلێگرتن بەرچاودەکەوێ، گوتراوە:"**کە پارەت دا مەلا لە مزگەوت دەرئەهێنێ**"، (خاڵ، ٢٠٠٧ : ٢٩٧) وەك دیارە شوێنکاری مەلا و مامۆستای ئاینی مزگەوتە، بەس لێرەدا ڕەخنە لەو جۆرە مامۆستا ئاینییانە دەگرێ کە بۆ بەرژەوەندی مادی هەموو کارێك دەکەن، تەنانەت دەتوانی لە بەرامبەر برێك پارە لە مزگەوتەکەی بە دەریبنێیت.

هەروەها دەگوترێ: "**وتی: بێنە مەلا، وتی ئەستغفراللە، وتی هانێ مەلا! وتی بارەك اللە**"، (خاڵ، ٢٠٠٧ :٤٢١) مەبەستی ئەوەیە بەشێك لە مامۆستایانی ئایینی ئامادەنین هیچ ببەخشن، هەر کاتێك داوای شتێکیان لێبکرێت ئایین وەك ئامرازێك بەکاردەهێنن بۆ دەربازبوون، هەروەها بۆ وەرگرتنیش بە هەمانشێوە ئایین لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاردەهێنن، یان:"**شەرعم لەگەڵ مەلایە، هاوارم بۆ تۆ خوایە**"، (خاڵ، ٢٠٠٧ :٢٦٥) واتا شەرع و کارم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ فەکۆلینێن کوردی

لەگەڵ مەلایە، بەڵام خودایە تۆ پشت و پەنامبە، من ناتوانم لە مەلا ببەمەوە، هەروەکو نموونەکەی پێشوو، لێرەشدا ئایین بۆ بەرژەوەندی و خۆ دەربازکردن بەکارهێنراوە.
جا بەهۆی ئەوەی مزگەوت شوێنی خواپەرستی نوێژکردنە، زۆرینەی خەڵك لەو شوێنەدا یەکتری دەبینن، لە کۆندا شوێنی کۆڕ و کۆبونەوە بووە، ئەم یەکتربینینە لە پەندی کوردیدا باسکراوە:**"نە نان و پیازم لە گەڵیدا خواردووە، نە باوکمان لە یەك مزگەوتدا نوێژی کردە"**، (عوسمان، ٢٠٠٨: ١٧٦) واتا ئەو کەسە ناناسم و هیچ جۆرە پەیوەندییەکم لە گەڵیدا نییە.

٤) **زیندوبونەوە و ڕۆژی دوایی:** موسوڵمانان باوەڕییان بە ڕۆژی دوایی هەیە، گرنگی زۆری پێدەدرێ، چونکە ئەمرۆژە ڕۆژی حەق و لێپرسینەوەیە، ئەو ڕۆژەی کەوا جیهان کۆتایی دێت و مردووەکان هەموو زیندوو دەبنەوە و بەرەو حەشر و حسابی خودا دەچن و لەوێوە بەرەو بەهەشت یان دۆزەخ ڕەوانە دەکرێن، ئەمەش ئەوساتە ڕوودەدات" کاتێك کە فریشتەی ڕاسپێدراو بە فووکردن، فوو دەکات و ژیان لە سەر زەوی بە تەواوی کۆتایی دێت"، (خالد، ٢٠٠٩: ٢٦٦) هەروەکو لە قورئاندا دەفەرموێت: [و نُفِخَ فِي الصور فَصعِق مَنْ فِي السَمَاواتِ و مَنْ فِي الأرض إلا مَنْ شَاء اللهُ ثم نُفِخَ فِيهِ أخْرى فإذا هُمْ قِيام ينْظرون]، (سورەتی الرمز، ئایەتی ٦٨) واتە بە فووکردن لەو ئامێرەی دەنگ پەیدادەکات و بە شەیپوور(صور) ناسراوە، ئەوانەی لە ئاسمانان و لە زەوییدان هەموو گیانیان لە دەستدەدەن، بە فووکردنێکی تر هەموویان زیندوودەبنەوە و لە بەردەم خودادا بۆ حەشر و حیساب دەوەستن، (کۆیی، ٢٠٠٩، ب.٨: ٢٥٢) هەرچەندە هیچ کەس لەوێ نەهاتۆتەوە و کەس نازانێت ڕۆژی قیامەت چی ڕوودەدات، بەڵام زانیارییمان لە سەرچاوە ئایینەکاندا پێگەیشتووە، بە پێی زۆر لە ئایین و بیروباوەڕەکان، بە تایبەتی ئایینی ئیسلام کە ئایینی زۆربەی دانیشتووانی ئەم هەرێمەی ئێمە پێکدەهێنێت، پێویستە باوەڕمان بەو ڕۆژە هەبێت، ئەوانەی کە باوەڕییان پتەوە و کردارەکانییان بەپێی ئایین و یاساکانی خودا و کتێبە ئاسمانییەکان پەسەند کراو بێت، ئەوا لە پاداشتی کار و ڕەفتارەکانییان بەرەو بەهەشت ڕەوانە دەکرێن، کە شوێنێکی پڕ لە باخ و درەخت و جوانییە و شوێنی خۆشی و کامەڕانییە، لە بارەی بەهەشتەوە ئایینی ئیسلام بۆمان دەگێڕێتەوە کەوا خودای گەورە باوکە ئادەمی لە بەهەشت خوڵقاند و دایکەحەواش لە جەستەی ئەوەوە خوڵقێنرا، بەڵام دوای ئەوەی فەرمانی خودایان شکاند لە بەهەشت دەرکران و لە سەر ڕووی زەوی نیشتەجێکران، هەروەکو دەفەرمووێت:-[و قُلنَا يا آدَمُ أسْكُنْ أنْتَ وزَوْجُک الجَنة وكُلا مِنْهَا رغَدًا حَيث شِئْتُمَا و لا تَقْربَا هذه الشَجَرة فَتَكُونَا مِن الَظالِمِين]، (سورەتی البقرة، ئایەتی ٣٥) واتا:" ئینجا وتمان: ئەی ئادەم خۆت و هاوسەرت لەم بەهەشتەدا ژیان بەرنە سەر و نیشتەجێ بن لەهەر کوێ حەزدەکەن بخۆن و بخۆنەوە بە تێروتەسەلی، بەڵام نزیکی ئەم درەختە

مەکەون (درەختێکی دیاریکراو بۆ تاقیکردنەوە لێیان قەدەغەکرا) ئەگینا دەچنە ڕیزی ستەمکارانەوە"، (أمین، ٢٠٠٤: ٦) هەروەها دەفەرمویٚت:[فَوَسْوَسَ لَهُمَا الشَّيْطَانُ لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وري عَنْهُمَا مِنْ سَوْآتِهِمَا و قَال مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَـذِهِ الشَّجَرة إِلا أَنْ تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ الْخَالِدِين]، (سورەتی الأعراف، ئایەتی ٢٠) تەفسیری ئەم ئایەتە بەمشێوەیە دەبێ:"(شەیتان ئەو سنوورەی بۆ ئادەم و حەوا بە فرسەت زانی) و ئینجا کەوتە فریدانی وەسوەسەو خەتەرەو خەیاڵ بۆ ناو دڵ و دەروونیان تا ئەو عەیب و عارەیان دەربخات کە شاراوە بوو لێیان (دوایی خۆی ئاشکراکرد) و پێی وتن: پەروەردگارتان ئەم درەختەی لێ قەدەغە نەکردوون تەنها لەبەرئەوەیە نەوەکو ببنە فریشتە، یاخود بۆ ئەوەیە نەوەکو لە نەمران بن!"، (أمین، ٢٠٠٤: ١٥٢) کەواتە بە پێی دەقی قورئان، ئادەم و حەوا لە لایەن شەیتانەوە هەڵخەڵەتێندران، بەمهۆیەشەوە لە بەهەشت دەرکران و گشت مرۆڤەکانیش لە ماوەی ژیانیاندا لە تاقیکردنەوە دادەبن، و تەنها ئەوانەی لە تاقیکردنەوەی ژیان دەردەچن گەیشتن بە بەهەشتییان پێ ڕەوا دەبنیرێت، ئەوانەش کە لە تاقیکردنەوەکە دەرناچن، ئەوا بۆ دۆزەخ دەنێردرێن و لەوێدا سزای خۆیان وەردەگرن.

ئەو بیروباوەڕەش لە پەندی پێشیناندا بەرچاودەکەوێ، بۆ نموونە: **"ئەوەی ئەمڕۆ نانی باشی حەرام ئەخوات، سبەی ژان ئەخوات"**، (عوسمان، ٢٠٠٨: ١٣) مەبەست ئەوەیە ئەوەی لەم دونیایەدا ماڵی حەرام بخوات لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا لە سزای ئەم کارەی ئازار و ژانی دەرخوارد دەدەن، یان:**"تاکو ماوی لە دنیادا بکە کاری چاکە، نەکا لە پڕدا بمریت، ببیت بە بێیار بۆ سەر ئەم خاکە"**، (عوسمان، ٢٠٠٨: ١٤) ئەم پەندە ئامۆژگاریکردنە بۆ ئەوەی کاری چاکە بکەین، چونکە لە ڕۆژی دواییدا ئەم چاکەکردنە یارمەتیدەرە و بەرەو بەهەشت ئاڕاستەمان دەکات. هەروەها هەر لەمشێوەیەدا هەوڵدان بۆ دورکەوتنەوە لە گوناه و تاوان بەهۆی ترس لە ڕۆژی دوایی لە پەندەکاندا دەبینرێ:**"بمانزانیایە مردن کەی دێت هەرگیز گوناهم نەدەکرد"**، (عوسمان، ٢٠٠٨: ٧٣) چونکە لەمڕۆژەدا هەموو چاکە و خراپەکان دەخرێنە ڕوو، و پاداشتی کردەوەکانت وەردەگری.

٥) **فەرمان و ئەحکامی ئاینی:** ئایینەکان فەرمان و ئەحکامی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەم فەرمانانە لە کتێبە ئاسمانیەکان و وتەی پێغەمبەراندا ڕەنگیداوەتەوە، ئایینی ئیسلامیش خاوەن فەرمان و ئەحکامی تایبەت بە خۆیەتی، ئەم فەرمانانە لە پەندی پێشینانیشدا هەیە، یەکێك لە فەرمانەکان دوورکەوتنەوەیە لە حەرام خواردن و حەرام خۆری خۆ بە دوورگرتن لێی، ئەم بابەتە بە چەندان پەند ئاماژەی بۆ کراوە، هەروەکو دەگوترێ:**"پارەی حەرام هەر لە ڕێگەی حەرامدا سەرف دەکرێت"**، (عوسمان، ٢٠٠٨ : ٨٣) ئەوەی کە بە حەرامی بەدەست دێ لە ڕێگەی حەرامدا سەرف دەکرێ و سوودی بۆ مرۆڤ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

نابێ، ئەگەر مرۆڤ زۆر پێویستی بوو، لەوانەیە پەنا بۆ حەرامیش ببات تا ژیانی خۆی پێ ڕزگار بکات، لەمبارەیەوە دەگوترێ:"**نا عەلاجی حەرام حەلاڵ دەکا**". (خاڵ، ٢٠٠٧ :٣٩٨).

هاندان و هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە یەکێکی ترە لە فەرمانەکانی ئایین، بەڵام ئەم چاکەکردنە یاسا و ڕێسای خۆی هەیە، بۆ نموونە دەبێ بە نهێنی بێ، لەمبارەیەوە لە پەنددا دەگوترێ: "**ئەو چاکە چاکە، باس نەکرێت لە کاتی چاکە و خراپە**"، (عوسمان، ٢٠٠٨: ٥١) پێویستە بە جۆرێك خێر و چاکە بکەی کە لە پێناو خودا دابێت نەك لەپێناو ناوناوبانگ، هەربۆیە دەگوترێ:" **کە چاکە ئەکەی مەیلێ لە لای کەس، بۆ زەوقی خۆت بێ و خوا بزانێ بەس**"،(عوسمان، ٢٠٠٨: ١٥٣) هەروەها هاندانی خەڵکیش بۆ کاری چاکە جێگەی بایەخ و ڕێز بووە لای کوردانی موسوڵمان، بۆیە لە پەندێکدا دەڵێن:"**کەسێ کە ڕێنمایی چاکە بکات، لەو خێری کەمتر نییە**"،(عوسمان، ٢٠٠٨: ١٥٢) تەنها چاکەکردن خێرت پێناگەیەنێ، بەڵکو ڕێنمایی کردنی کەسێك بۆ چاکە کردن خێرت پێدەگەیەنێ.

لە ئایینی ئیسلامدا بابەتی پاکوخاوێنی گرنگی خۆی هەیە، پێویستە مرۆڤی موسڵمان دڵ و دەروونی پاك بێ، هەروەها لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکە ئایینییەکانی وەك نوێژکردن، دەستنوێژگرتن ئەرکە و دەبێ ئەنجامبدرێ، بۆیە دەگوترێ:"**بێ دەستنوێژ، نوێژ ناکرێت**"، (عوسمان، ٢٠٠٨: ٧٤) ئەو پاکوخاوێنییە لە ئایینی ئیسلامدا گرنگی زۆری پێدەدرێ، بەردەوام جەخت لەسەر پاکوخاوێنی دەکرێتەوە، لە پەندی کوردیشدا ئەم بابەتە بایەخی پێدراوە:"**مردوو و زیندوو بە ئاو پاك ئەبێتەوە**"، (خاڵ، ٢٠٠٧ :٣٨٦) بۆ پاککردنەوە ئاو یەکێکە لە ئامرازەکان، پێویستە هەموو کەسێك، زیندوو بێ یان مردوو بە ئاو پاکبکرێنەوە. لە بەرامبەر پاکوخاوێندا، پیسی هەیە، هەرکاتێك مرۆڤ پیس بوو لە خودا دوور دەکەوێتەوە و دەبێتە دۆستی شەیتان، بۆیە دەگوترێ:"**نینۆکت درێژ بوو شەیتان نوێژی لەسەر ئەکا**"، (خاڵ،٢٠٠٧ :٤١٤) خودا پاکە و پاکەکانی خۆشدەوێ، پێوستە مرۆڤیش هەمیشە پاکوخاوێن بێ.

یەکێکی تر لە فەرمانەکانی ئایینی ئیسلام وتنی ناوی خودایە لە پێش دەستپێکی هەموو کارێکەوە، بۆ نموونە پێش دەستکردن بە نان خواردن پێویستە ناوی خودا بهێنرێ، ئینجا دەست بەخواردن بکرێ، ئەم بابەتەش لە پەندەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نموونە دەگوترێ:"**سفرەی بەتاڵ (بسم اللە)ی لێ ناکرێ**"، (خاڵ،٢٠٠٧ :٢٥٤) لێرەدا وا دەردەکەوێ دەبێ سفرەی نانخواردن ئامادەبێ و ئنجا بسم اللە بکرێت و دەست بە خواردن بکەن، بەڵام واتای دووری پەندەکەش ئەوەیە کە دەبێ کار و کردەوەکان تەواو ئامادەبن ئنجا دەستی بۆ ببردرێ.

فەرمانەکان بۆ پێش نانخواردن ئەوەیە لە سەرەوە گوتمان، بەڵام لە کۆتایی و لێبوونەوە لە خواردن پێویستە سوپاسی خودا بکرێ لە سەر نیعمەتەکانی، لە پەندیشدا ئەمە دەبینرێ، بۆ نموونە:"**تا من وتم بسم الله، ئەو وتی: الحمدالله**"، (خاڵ،٢٠٠٧ :١٣١) واتا تا من دەستم بۆ کارەکە برد، ئەو چاوەڕێی منی نەکرد و کۆتایی پێهێنا.

خزمەتکردنی دایك و باوك ئەرکێکە لەسەر شانی منداڵ، پێویستە ئاگاداری دایك و باوکیان ببن و تا لە ژیاندا ماون بە باشترین شێوە خزمەتیان بکەن، ئەمەش فەرمان و ئەحکامی ئایینیە و هەمان بابەت لە پەندی پێشیناندا هەیە، بۆ نموونە:"**ئەو کەسەی خزمەتی دایك و باوکی نەکات بۆ ڕەزابوونیان، هیچ کات جێگەی باوەڕی دراوسێکەی نییە**"، (عوسمان، ٢٠٠٨: ٥٣) ئەوە ئەرکێکە و پێویستە، وەك چۆن لە منداڵیدا ئێمەیان گەورەکردووە و خزمەتیان کردوین تا گەیشتوین بە ئەمڕۆ، بە هەمان شیوە پێویستە ئێمە چاکەیان بدەینەوە و خزمەتیان بکەین.

**ئەنجام:**

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتین بە چەند ئەنجامێك، دەتوانین گرنگترینیان لەم چەند خاڵەدا ڕیزبکەین:

١. ئەوەی لە فەلسەفەی پشت زۆربەی پەندی پێشینانی کوردیدا ڕەنگدەداتەوە بریتییە لە ئامۆژگاری و ڕێنمایی ئایینی.
٢. پەندی پێشینانی کوردی دوای هاتنی ئایینی ئیسلام و باوەڕهێنان بە ئاینی ئیسلام، بەرگێکی نوێی پۆشیوە و چەندان پەندی نوێ هاتوونەتەکایەوە بۆ خزمەتی ئایینە نوێیەکە.
٣. بەهۆی باوەڕهێنانی زۆرینەی کورد بە ئایینی ئیسلام، زۆر لەو پەندانەی کە پێش دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام هەبوون، لەناوچوون و نەماون.
٤. پەند وەك ئامرازێکی فێرکاری ئایینی بەکارهێنراوە، بەهۆی ئەوەی سادە و ساکارە و زوو بڵاودەبێتەوە، بۆیە بۆ بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام و گەیاندنی پەیامی ئایینەکە سوودی لێوەرگیراوە.
٥. زۆرینەی پەندە ئایینیەکان، وەرگێرانی دەقەکانی قورئان و وتەی پێغەمبەری ئیسلامن، بەشێوەیەکی سادە و ساکار داڕێژاونەتەوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## سەرچاوەکان:

**- قورئانی پیرۆز.**

**أ. بە زمانی کوردی:**


١. أمین، بورهان محەمەد، (٢٠٠٤)، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، پێداچوونەوەی لیژنەیەک، چ.٢، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیر، سلێمانی – هەولێر، تهران، نقش و نگار.

٢. بیمار، عبدالرزاق، (١٩٩٨)، پەخشانی کوردی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی زنجیرەی ژمارە ٣١٤، دار الحریهة للطباعة، بغداد .

٣. پاڵەوان، سەلاح حەسەن، (٢٠٠٨)، داهێنان و مەرگ، لێکۆڵینەوە، لە چاپکراوەکانی پرۆژەی یانەی قەڵەم، چاپی دووەم، چاپخانەی یاد.

٤. جەمال، نەوزاد، (٢٠١٦)، فەلسەفەی ئایین، فەلسەفاندنی چییەتی و پێکهاتەکانی ئایین، نەوزاد جەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم، کوردستان، سلێمانی، چاپی یەکەم.

٥. حسین، هیمداد (٢٠٠٧) ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، چاپی یەکەم، کەرکوك.

٦. خاڵ، شێخ محەمەد، (٢٠٠٧)، پەندی پێشینان، چاپخانەی شڤان.

٧. ڕەسوڵ، شوکریە (د.)، (١٩٨٩)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ب٢، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر .

٨. ڕەسوول، عیززەدین مستەفا، (١٩٧٠) ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی، بەغداد .

٩. سیوەیلی، ڕێبوار، (٢٠٠٦)، نووسین و بەرپرسیاری، چاپ و بڵاوکردنەوەی چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

١٠. عوسمان، کاروان، (٢٠٠٨)، پەندە باوەکان، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

١١. عەزیز، حەمید، (٢٠٠٥)، سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران . هەولێر.

١٢. عەلی، سەیدۆ داود، (٢٠٠٩)، قوتابخانە فەلسەفییەکان، وەرگێڕان، میهرداد میهرین، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج.

١٣. القرضاوي، شێخ الإسلام د. یوسف، (٢٠١٢)، بوونی خوا، و. حسن پێنجوینی، پێداچوونەوەی قانع خورشید، چ. ٢، پرۆژەی بیری میانڕەو، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەورامان.

١٤. کەریم، تۆفیق، (٢٠١٢)، کاریگەری ئیسلام لەسەر کەلتووری کورد، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانا.

١٥. کۆیی، مەلای گەورە، (مەلا محمد)، (٢٠٠٩)، تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، ب. ٨ ، نووسینگەی حەمدی بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن، سلێمانی، چا. حەمدی.

١٦. کەریم، ڕزگار، (١٣٨٥)، فەرهەنگی دەریا (عەرەبی . کوردی )، ب. ١، ئا :ـ ناشر :ـ نەشری ئیحسان، کتابخانە ملی إیران، تهران.

١٧. نەقابەی مامۆستایان، (٢٠٠٩)، سەرنجێك لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە، چاپ دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.


**گۆڤار:**


– دەربارەی چەمکی خودا لە ئایینەکان و قۆناغی بەر ئایینەکاندا، نەوزاد جەمال، گ. کەوانە، ژ. ٣، ساڵی یەکەم، ئەیلولی ٢٠١١.

**ب. به زمانى عەرەبى:**

١. حقيق، محمد، (١٩٧٨)، الامثال الشعبية فى ليبيا، منشورات الشركة العامة للنشر و التوزيع و الاعلان.
٢. خالد، عمرو، (٢٠٠٦)، قراءة جديدة و رؤية في قصص الأنبياء، عمرو خالد، ط. ٢، دار المعرفة للطباعة و النشرو التوزيع، بيروت ـ لبنان.
٣. خالد، عمرو، (٢٠٠٩)، قصص القرآن، عمرو خالد، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت- لبنان، الطبعة الأصلية الأولي، مطابع الدار العربية للعلوم.
٤. ضموم، صفاء- لوز، وسام (٢٠١٧)، البعد النفسى فى الحكايه الشعبيه، نماذج مختارة، من الوطن العربي، رسالة الماجستير.
٥. الكتاب المقدس، (١٩٩٤)، كتاب الحياة، أي كتب العهد القديم و العهد الجديد، و قد ترجم بلغة عربية حديثة، تم جمعه في جي. سي. سنتر، ط. ٤، مصر الجديدة، القاهرة، كتاب التكوين.
٦. كتورة، د. جورج، (٢٠١٢)، أطلس الفلسفة، بيتر كونزمان، فرانز- بيتر بوردكارد، ترجمة، المكتبة الشرقية، بيروت – لبنان.
٧. الماوردي، علي بن محمد بن حبيب، (١٩٩٩)، المتوفي ٤٥٠ هـ تحقيق: المستشار الدكتور فؤاد عبدالمنعم أحمد، الأمثال و الحكم، دار الوطن للنشر، المملكة العربية السعودية.
٨. النبلاوي، عايدة فؤاد، (٢٠١٥)، الحكايات الشعبية العمانية و دلالتها الإجتماعية و الثقافية، مجلة العلوم الإجتماعية، جامعة السلطان قابوس.

**ج. به زمانى فارسى:**

- فرهنگ فارسى كوردى، بابان، شكرالله بابان، چاپ أول، انتشارات كردستان، سنندج، إيران، نوبت ١٣٨٣ هەتاوى.

**د. به زمانى ئينگليزى:**

- www.ar.wikipedia.org
- www.islammemo.cc

## الأمثال الشعبية الكوردية في مرآة الفلسفة الدينية

**الملخص:**

الكورد معروف بأنهم صاحب تراث غني ، كل موضوع متعلق بحياة الكورد انعكس في تراثه، وهذا الانعكاس إما يكون في الأغاني أو الحكايات أو الأساطير أو الأمثال الكوردية، الأدب التراثي الذي هو مرآة حياة الشعب، حمل في طياته واجبات ونشاطات والأفراح والأحزان هذا الشعب، ونقل شفهيًا جيلا بعد جيل، والشعب الكوردي بعد ظهور الإسلام كسائر الشعوب الأخرى في المنطقة آمن بالدين الجديد ومارسه، إذا كان الأدب مرآة المجتمع فلا شكّ أن اختلاط الدين الإسلامي بالمجتمع الكوردي انعكس في تراثه، والذي سلطنا الضوء عليه في هذه الدراسة هو انعكاس الفلسفة الدينية في الأمثال الكوردية، حاولت هذه الرسالة عرض الأمثال التي تحمل هوية الدين الإسلامي،

عنوان الرسالة هو (الأمثال الكوردية في مرآة الفلسفة الدينية، دين الإسلام أنموذجًا)، مكونة من مدخل (تعريف عام) للمفاهيم وتعريف التراث والمثل الشعبي والفلسفة والفلسفة الدينية، الفصل الأول بعنوان (الدين وتأثيره على الأمثال)، عرضنا فيه مجموعة من المسائل مثل (الإيمان بالله، علاقة الإنسان مع الله، الصفات الإلهية)، أما الفصل الثاني، وهو الجانب التطبيقي وعنوانه (مقدسات الدين الإسلامي وانعكاسها في الأمثال الكوردية)، ومكون من مسائل مثل: (الأنبياء والصالحون، المواقع الدينية، الواجبات والأحكام الدينية)، بعد هذا كله عرضنا أم النتائج التي توصلنا إليها في دراستنا، ثم قائمة بالمصادر المعتمدة في الرسالة.

**الكلمات الدالة:** *الأدب التراثي، الأمثال، الفلسفة، الفلسفة الدينية، الدين الإسلامي.*

### Kurdish Proverbs in the Mirror of Philosophy of Religion

**Abstract**

Kurds are better known for their rich folklore. Any aspect on the Kurdish lifestyle is reflected on their folklore; such reflections might be seen in lyrics, stories, myths, and proverbs. The folkloric literature which is the reflecting mirror of human's life, has carried the duties, activities, joys, and sadnesses of that nation in its heart. It transfers them from one generation to the next.

After the emergence of Islam religion, the Kurds embraced the new religion as other nations did. If literature is the mirror of the society, certainly the merging of Islam religion and Kurdish society has reflected in the Kurdish folklore. What is focused on in this study is the reflection of the philosophy of religion within the Kurdish proverbs. This research tries to identify those proverbs that have a religious identity.

The title of this paper is (Kurdish Proverbs in the Mirror of Philosophy of Religion-Islam Religion as an Example). It consists of an introduction and two major chapters. In the introduction, a general overview for the concept and definition of folklore, proverbs, philosophy, and philosophy of religion is shown. Moreover, the first chapter is entitled the philosophy of religion and its impacts on proverbs. In this chapter, several topics are discussed such as (Believing in God, The relation between God and human beings, The divine attributes of God). While in the second chapter, the practical aspects are identified. This chapter is entitled (The sanctities of Islam religion: its reflection in Kurdish proverbs). It consists of several sections such as (The prophets and pious people, Religious places, The religious rulings and commands). Additionally, the concluding points of the study are presented. Finally, the used references are listed.

**Key Words***: Folkloric Literature, Proverbs, Philosophy, Philosophy of Religion, Islam Religion.*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

# بەها باڵاکان و ڕەنگدانەوەیان لە پەندی پێشینانیدا
# (پەندی پێشینانی شێخ محەممەدی خاڵ) بە نموونە

**د. ئاسۆ عومەر مستەفا**

بەشی کوردی- کۆلێژی زمان- زانکۆی چەرموو- هەرێمی کوردستان/ عێراق

**پوختە:**

ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی یەکێکە لە ئەدەبە دەوڵەمەندەکانی جیهان و ناوچەکە، ئەمەش بەهۆی جوگرافیای کوردستان پێکهاتەی دانیشتوانەکەی و بارودۆخی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و کلتووری میللەتەکەمان و دواکەوتنی ئەدەبی نووسراوی کوردی. ئەم ئەدەبە ڕەنگدانەوەی هۆشیاری و بیروباوەڕ و ڕەوشت و عادات و تەقالید و ئاستی ڕۆشنبیری و شارستانییەتی ئەم میللەتەیە.

گرنگی توێژینەوەکە: پەندی پێشینان پایەیەکی بڵندی هەیە لەناو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، نیشاندەری ئاستبەرزی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کلتووری وکۆمەڵایەتی ئەم میللەتەن. هەرئەم هۆیەش وایکردووە ئێمەش توێژینەوەکەمان تەرخان بکەین بۆ ڕەنگدانەوەی بەها باڵاکان لە پەندی پێشینانی کوردیدا.

سنوری توێژینەوەکەمان: کتێبی (پەندی پێشینانی شێخ محەممەدی خاڵ)ە. نووسەر ژمارەیەکی باش پەندی پێشینانی کۆکردووەتەوە. ئێمەش بۆ ئەوەی سنووری توێژینەوەکەمان دیاریکراوبێت تەنها ئەم بەرهەمەمان هەڵبژارد.

لە توێژینەوەکەدا میتۆدی وەسفیی شیکاریمان بەکارهێناوە، لەسەرەتادا میتۆدی وەسفی بۆ خستنە ڕووی لایەنی تیۆری و پاشان میتۆدی شیکاری بەکارهێنراوە بۆ شیکردنەوەی پەندەکان و دەرخستنی بەها باڵاکانی ناو پەندەکان.

توێژینەوەکەمان لە چوار بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم (تیۆریزەی چەمکەکانی توێژینەوەکە) لە سێ تەوەر پێکهاتووە:تەوەری یەکەم: (**بەها باڵاکان**) باسی بەها و بەها باڵاکان دەکات. تەوەری دووەم (پەندی پێشینان)و تەوەری سێیەم: (**کتێبی (پەندی پێشینان)ی شێخ محەممەدی خاڵ**).بەشی دووەم(بەهای ئیستاتیکیی پەندی پێشینان) ئەو بەها ئیستاتیکییانە ڕووندەکاتەوە، کە لە پەندی پێشیناندا ڕەنگی داوەتەوە و بوونەتە هۆی ئەوەی ئەم پەندانە جوان و چێژبەخش و سەرنجڕاکێش بن و ئەم بەشە لە سێ تەوەر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پێکهاتووە: تەوەری یەکەم (شێوازی پەندی پێشینان) لێرەدا ئەو جوانییانە دەخرێنەڕوو کە پێشینان لەڕێگەی زمانی پەندەکانەوە بەرجەستەیان کردووە. تەوەری دووەم (مۆسیقای پەندی پێشینان) ئەو ئاواز و کێش و سەروایە ڕووندەکاتەوە کە جوانی و ڕازاوەییان بە پەندەکان بەخشیووە. تەوەری سێیەمیش (ڕەوانبێژی پەندی پێشینان) لەبەرئەوەی پەندی پێشینان چڕکراوەی ئەزموون و هەڵوێستێک، یان لە چیرۆکێکەوە وەرگیراوە، بۆیە کورت و پوخت کراوەتەوە و (کورتبڕی تێدا کراوە) و بەشێوەیەکی هونەری گوتراون بۆ ئەوەی لە ئاوەزی تاکەکانی کۆمەڵدا پارێزراو بن.

بەشی سێیەم (بەها کۆمەڵایەتییەکانی پەندی پێشینان) کە لەم تەوەرانە پێکدێت: تەوەری یەکەم (بەها بیری و هزرییەکان لە پەندی پێشیناندا)، بیروباوەڕ و تێڕوانینی پێشینان دەربارەی ژیان و بوون و مرۆڤایەتی و ئافرەت و ... دەخاتەڕوو. تەوەری دووەم (بەها ڕەوشتی و ئاکارییەکان لە پەندی پێشیناندا) ئەو پەندانە شیدەکاتەوە کە ئاراستەی ڕەوشت و ئاکاری تاکەکانی کۆمەڵ دەکەن. بەشی چوارەمیش (بەها ئایینییەکان لە پەندی پێشیناندا) ڕەنگدانەوەی بنەما نەگۆڕەکانی ئاینی ئیسلام وەک بیروباوەڕ، تێڕوانین، ئاکار و ڕەوشت و ... لە پەندی پێشیناندا دەخاتە بەر باس.
ئەنجامەکانیش لە کۆتاییدا بە چەند خاڵێك خراوەتەڕوو.

**پەیڤێن سەرەکی:** *بەها باڵاکان، پەندی پێشینان، بەهای ئیستاتیکی، بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای ئاینی.*

---

**بەشی یەکەم: تیۆریزەی چەمکەکانی توێژینەوەکە**

**تەوەری یەکەم: بەها باڵاکان:**

بەهاکان ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤ پێکدەهێنن و دەبنە وەڵامدەرەوەی هەست و هۆش و بیروباوەڕ و بنەمای پێکهاتەی کەسایەتی مرۆڤ. هەر بۆیە مرۆڤ زۆر گرنگیان پێدەدات و هەوڵدادات لە خۆیدا بەرجەستەیان بکات؛ بۆ ئەوەی کەسێکی ویستراوی کۆمەڵایەتی بێت و ڕێز و شکۆی لە ناو کۆمەڵگەدا پارێزراو بێت. ((بەهاکان بریتین لە کۆمەڵێ پێوەر و بنەما، یان ڕێکخستن و ڕێکاری ڕەفتاری کە مرۆڤ دەیان گرێتە بەر، بەپێی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕی مرۆڤایەتی هاتوونەتە دی))(ناز ئەحمەد سەعید، ٢٠٢١، ٥٢) ئەم بەهایانە ڕێژەیین و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر لە شوێنکاتێکەوە بۆ شوێنکاتێکی تر جیاوازن. چونکە (بەها؛ ئامانج یان پێوەری بڕیارێکی زانراوە کە خاوەن چەسپاوییەکیڕێژەییە، تاک یان کۆمەڵ لەڕۆشنبیری و سەردەمێکی دیاریکراودا پێوەی پەیوەست دەبن، تا بەهۆیەوە ویستراو و نەویستراو لە شتەکان و هەڵوێستەکان و جۆرەکانیڕەفتاردا دیاری بکەن)(عومەر ئیبراهیم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

عەزیز،٢٠٠٢: ٤٧]هەروەها ئەم بەهایانە بەپێی کات و سەردەم و ژینگەی کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی گۆڕانیان بەسەردا دێت و هەر کۆمەڵگەیەکیش هەوڵدەدات ئەم پێوەر و بنەمایانە بەسەر تاکەکانیدا بسەپێنێت، کە کۆنەست (نائاگایی گشتی) پەسەندی دەکات؛هەر وەک (کارڵ گۆستاف یۆنگ)ی زانای دەروونزانیی ئاماژەی پێدەدات.

بەها باڵاکانیش وەک بەشێکی گرنگی بەهاکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە بەرجەستەکردنی کەسایەتییەکی بەرزی کۆمەڵایەتی و مرۆڤ هەرچەندە زیاتر گرنگیان پێبدات؛ ئەوەندە زیاتر لەناو کۆمەڵگەدا ویستراو دەبێت. مرۆڤ لەڕێگەی ئەم بەها باڵایانەوە هەوڵی ڕەنگڕێژکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵدا دەکات و ڕۆڵی هەیە لە ئاسوودەیی و ئارامی مرۆڤ و ئەگەر مرۆڤ پابەندی ئەم بەها باڵایانە بوو، ئەوا بە تێپەڕبوونی کات دەبنە بەشێکی دانەبڕاوی کەسایەتییەکەی و هەرگیز دەستبەرداریان نابێت. هەروەها بەها باڵاکان دەبنە هۆی ئەوەی بیرکردنەوە و بڕیارەکانی مرۆڤ ئەرێنی بن، وەکو بەها ئیستاتیکییەکان، بەها هزرییەکان، بەها کۆمەڵایەتییەکان، ...

**تەوەری دووەم: پەندی پێشینان:**

پەندی پێشینان بەشێکە لەو کەلەپوورە نەتەوەییەی کە هەموو نەتەوەکانی جیهان شانازی پێوە دەکەن و بە بەرهەمێکی بە نرخی نەتەوەیی دەزانن. (پەندی پێشینان فەلسەفەی ژیان و دەنگی تاقیکردنەوەی جیهان و بەری ڕەوانبێژی بەلیغانە، کە باووباپیران لە هەزاران ساڵەوە بە کەلەپوورێکی وێژەیی بۆیان بەجێ هێشتووین تا بیان کەین بە ئاوێنەی باڵانما بۆ خۆمان)(شێخمحەمەدی خاڵ، ٢٠٠٧، ل٨) کەواتە گرنگی پەندی پێشینان ئەوەیە کە مێژووییەکی کۆنی هەیە و بەرهەمی هونەردۆستانە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە پەندی پێشینان لە چەند وشەیەکی کورت و پوخت پێک بێت و مانایەکی قوڵی هەبێت.

عەلائەدین سەجادی سەبارەت بە پەندی پێشینان دەڵێ: (پەندی پێشینان عیبارەتن لە چەند قسەیەکی کورتی کوردی پێکەوە نوسێنراون، مەعنایەکی بەرزیان تێدایە. لە زەمانێکی زۆر کۆنەوە کەوتوونەتە سەر زمانی کوردی، چۆنیەتی ژیان و ڕەوشت و بیروباوەڕیان– چە لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی چە لەباری ڕەوشتی خێزانی و کەینوبەینی ژیانی تێکڕایی، چە لەباری دەوڵەمەندی و هەژاری و پایەی دنیاییدا – نیشان ئەدەن) (عەلائەدین سەجادی، ١٩٥٢، ١٠٦)بەمجۆرە پەندی پێشینان دەبنە بەڵگەنامەی چۆنیەتی ژیان و ڕەوشت و بیروباوەڕخوڕەوشت و دنیابینی نەتەوە لە سەردەمە کۆنەکاندا.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

شێخ محەممەدی خاڵیش دەڵێ: (پەندی پێشینان بیرێکی جوان و پورتەوێکی دەروونە هەندێ جار هەڵئەقوڵێ لە دڵێکی ئاوەدانەوە، بۆ سەردەم و زوبانێکی ڕەوان لە کاتی دووان، یان دوای ڕووداوێک کە ڕووبدات، لە پاشان زۆر بە خێرایی دەماودەم ئەکەوێ و بڵاو ئەبێتەوە وە پشتاوپشت ئەگێڕدرێتەوە لەبەر جوانی و ڕێک وپێکی خۆی، تا نموونەی ئەو شتەی کە پەندەکەی تیا وتراوە ڕوو ئەداتەوە، ئەو حەلە خاوەن مەبەست پەندەکە دەخوێنێتەوە بۆ بەهێزکردنی قسەکەی یا ڕووناک کردنەوەی باسەکەی) (شێخمحەممەدی خاڵ، ٢٠٠٧، ل٨).

کەواتە دەتوانین بڵێین پەندی پێشینان ئەو دەربڕینە هونەرییە کورتانەن کە مێژوویەکی کۆنیان هەیە و بەرهەمی زادەی مرۆڤە ئەدەب دۆستەکانی نەتەوەن و واتایەکی قوڵیان هەیە و ڕەنگدانەوەی باری ژیان و ڕەوشت بیروباوەڕ و ئاستی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی کۆمەڵگان و بەو مەبەستە وتراون تاکو نەوەکانی دواتر لە ژیانی خۆیاندا سوودیان لێ وەربگرن.

**تەوەری سێیەم: کتێبی (پەندی پێشینان)ی شێخ محەممەدی خاڵ[٢١].**

ئەم بەرهەمە بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٥٧ بڵاوکراوەتەوە. تائێستا چوار جار چاپکراوەتەوە: چاپی دووەم لە ساڵی (١٩٦٩) چاپی سێیەم لە (٢٠٠٠) و چاپی چوارەم لە (٢٠٠٧).یەکێکە لە بەرهەمە گرنگەکانی نووسەر و تا ئێستا چەندین جار چاپکراوەتەوە. ئەم کتێبە پرۆژەی کۆکردنەوەی سەرجەم پەندەکانی ناوچەی سلێمانییە و توانیویەتی ژمارەیەکی باش پەندی ئەم ناوچەیە کۆ بکاتەوە. هەروەها لە پەراوێزیشدا بەشێوەیەکی کورت چیرۆکی پەندەکە و شیکردنەوەی بۆ پەندەکان و شێوە و شوێنی بەکارهێنانیان کردووە.

نووسەر لە کتێبەکەیدا (٤٤٩٦) پەندی کۆکردووەتەوە، کە بەپێی ڕێکخستنی (ئەلفبێ) ڕێکخراون. هەروەها نووسەر چۆن پەندەکانی بیستووە ئاوا تۆماری کردووە و لەم لایەنەوە ئەمانەتی زانستی پاراستووە، هەروەها بەشێک لە پەندەکان بەپێی گێڕانەوە و شوێنی گێڕانەوە هەمان ناوەڕۆکیان هەیە بەڵام لە دەربڕیندا جیاوازییەکی کەم هەیە، کە ئەم پەندانە تا ڕادەیەک دووبارەن. ئەوەی جێگای تێڕامانە نووسەر جیاوازی لەنێوان پەند و ئیدیۆم و قسەی نەستەقدا نەکردووە و هەموویانی لەژێر ناوی پەندی پێشیناندا کۆ کردووەتەوە.

عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ بڕوای وایە ئەم بەرهەمە لە سەرجەم ئەو بەرهەمانەی لەم بارەیەوە نووسراون فراوانتر و کۆکتر و هەمەڕەنگترە. نرخێکی گەورەی کۆمەڵەی پەندی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پێشینانەکەی خاڵ لەوەدایە، کە زۆر بە دوای ئەم چیرۆکانەدا گەڕاوە و زۆری پەندەکانی بردووەتەوە سەر سەرچاوەکەی. (عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، ٢٠١٠، ٨٥-٨٩)

**بەشی دووەم: (بەهای ئیستاتیکیی پەندی پێشینان):**

بەها ئیستاتیکییەکان یەکێکن لەو بەها باڵایانە،کە لە بنەما سەرەکییەکانی داهێنانی ئەدەبین و ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینین لە پێکهێنانی ئاستی هونەری و بەخشینی چێژ و خۆشی بە پەیاموەرگران. هەر بۆیە بەدرێژایی مێژوو گرنگییەکی زۆر بەم لایەنە دراوە، ئەگەرچی بە پێی کات و سەردەم و شوێن و ژینگەی کۆمەڵایەتی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەڵام هەرگیز بایەخی خۆیان لەدەست نەداوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی هەستی جوانیناسی یەکێکە لەو هەستانەی مرۆڤ لەگەڵ لە دایکبوونیدا لەدایک دەبێت و لەگەڵ گەورەبوونیشیدا گەشە دەکات و دەبێتە ڕەهەندێکی قوڵی کەسایەتییەکەی. مرۆڤ گرنگییەکی زۆر بەم هەستەی دەدات و دەبێتە هۆی ئاسوودەیی دەروونی و چێژ و خۆشی وەرگرتن. هەر بۆیە هەمیشە لە بڕیاردانەکانیدا ڕەچاوی دەکات و هەندێک جاریش دەیکاتە تەنها بنەمای بڕیاردانەکانی سەبارەت بە مرۆڤ و سروشت و ژینگە و پێداویستییە مرۆییەکانی.

ئەم تەوەرە ئەو بەها ئیستاتیکییانە ڕووندەکاتەوە، کە لە پەندی پێشیناندا ڕەنگیان داوەتەوە و بوونەتە هۆی ئەوەی ئەم پەندانە جوان و چێژبەخش و سەرنجڕاکێش بن. ئەم بەشە لە سێ تەوەر پێکهاتووە:

**تەوەری یەکەم: (شێوازی پەندی پێشینان):**

شێوازی پێکهاتن ڕەهەندی بنەڕەتی پێکهێنانی ئیستاتیکای دەقی ئەدەبییە. دەنگەکانی زمان؛ وشە و گرێ و ڕستەکان دەبنە بەردی بناغەی داهێنانە هونەرییەکان. ئیستاتیکای دەق لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان و شێوازی داڕشتن و چنینی وشە و زاراوەکان لەگەڵ یەکتردا پێکدێت. بێگومان بۆ ئەوەی دەقێک لە قسەی ئاسایی دەربچێت و ببێتە دەقێکی ئەدەبی ئەوا پێویستە پەیڕەوی شێوازێکی تایبەت بکات، بەتایبەتی ( هەڵبژاردنی کەرەستە زمانییەکان و گرنگیدان بە دروستکردنی ڕستەی کاریگەر، کە فشار بخاتەسەر خوێنەر و سەرنجی بۆ مەبەستێکی دیاریکراو ڕابکێشێت. ئەو هەڵبژاردنانەش چ لە ئاستی فەرهەنگدا بێت بۆ بەکارهێنانی وشەیەکی دیاریکراو... یان لە ئاستی ڕێزماندا بێت وەک هەڵبژاردنی ڕستەیەک لەنێوان ڕستەکانی تر)(محەمەد عەبدلکەریم ئیبراهیم، ٢٠١٢، ٦٥)و شێوازی گونجانیان لەگەڵ یەکتر، هەروەها ئاواز و بەرجەستەکردنی مۆسیقای دەنگ و وشە و ڕستەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانی هونەرەکانی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ڕەوانبێژی (لێکچواندن و ڕەگەزدۆزی و دژیەک و خوازە و خواستن و درکە) و وێنەی هونەری و دروست کردنی هارمۆنییەتی تەواو لەنێوان سەرجەم ئەم بەش و پێکهاتانەی دەقەکە.

زمان لە پەندەکاندا لە ئاستێکی هونەری بەرزدایە. ئەو زمانەی لە پەندی پێشیناندا بەکارهاتووە زمانێکی کوردی پاراوە، ڕەگ و ڕیشەی لە زمانی خەڵکی ناوچە دوورەدەستەکانی کوردستان وەرگرتووە، پڕن لەو وشە و زاراوانەی کە بە ڕەسەن کوردین و شێوازی پێکهاتنیشیان هەر شێوازی قسەکردنی خەڵکی گوندەکانە. بۆ نموونە پەندی (**قسە بیگێژە ، بیبێژە ، بیوێژە**(٢٨٦)بەشێوازێکی ئەدەبی جوان دارێژراوە و لەهەمان کاتدا سەجەم وشەکانی وشەی ڕەسەنی کوردین لە ژینگەی گوندنشینی کوردەوە وەرگیراون، چونکە کاتێک جوتیار گەنمەکەی دەدورێتەوە دەیکاتە خەرمان، پاشان دەبێت بیکوتێت و دواتر بیگێژێت بۆ ئەوەی دان و کایەکەی لە یەکتر جیا بکاتەوە. پاش ئەوە بیبێژێت بۆ ئەوەی گەنمەکە لە مرۆر و پیسی پاک بکاتەوە و ئامادەی بکات بۆ بەکارهێنان، کە ئەم کردارانەش ئەرک و ماندووبوون و کاتی دەوێت. پێشینانیش ئەم پرۆسەیەیان وەرگرتووە بۆ قسەکردن و ئامۆژگاری خەڵک دەکەن پێش ئەوەی قسەبکات بە وردی بیری لێ بکاتەوە و وشە و دەربڕینەکان بژار بکات و پاشان دەریان ببڕێت بۆ ئەوەی کەمتر هەڵە بکات. پەندی (**کشە کشە پۆپنەڕەشە، میوان شەوێ دوو شەو خۆشە**(٣١٦)شێوازێکی زۆر جوانی هەیە و لەڕووی دارشتنەوە ئەدەبییانەیە، جگە لەوەی ئاوازێکی ڕەوانی هەیە و خاوەن کێش و سەروایە؛ ئاوازێکی ناوەوەیی جوانیشی تێدایە، کە دەنگی (ش) بەرجەستەی دەکات. هەروەها

سەرجەم وشەکانیشی ڕەسەنی کوردین و لە ژینگەی گوندنشینانەوە وەرگیراون و ناوەرۆکەکەشی باسکردنی ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتییە و فێرمان دەکات لە میوانداریدا ڕەچاوی بارودۆخی خانەخوێ بکەین و زۆر نەمێنینەوە.

پەندی (**دنیا گوڵێکە ، هەر دەمە لە چەشنێکە**(٢٠٧) شێوازێکی جوانی هونەری تێدا بەکارهێنراوە. سەرەتا دنیا بەگوڵ چوێنراوە. گوڵ و گوڵزار هەستێکی خۆش و پڕ لە ئارامیت پێ دەبەخشێت و لە ڕووی دەروونییەوە ئاسوودەت دەکات. بەشی دووەمی پەندەکەش وەک تەواوکەری بەشی یەکەم پێمان دەڵێت ئەم گوڵە هەر دەمەی چەشنێک خۆی دەنوێنێ، کە بریتییە لە وەرزەکانی ساڵ و بە هەمووشیان جوانی و ڕازاوەییەکە زیاتر دەکەن. هەروەها پەندی (**ئەگەر گوڵ نیت ، دڕکیش مەبە** (٣٢) هەمان شێوازی کاریگەری تێدا بەکارهاتووە. سەرەتا داوا دەکات مرۆڤ وەک گوڵ ببێتە مایەی پەخشکردنی جوانی و ئاسوودەیی دەروونی وبۆنخۆشی و خۆشبەختی بۆ کۆمەڵگە، ئەگەر نەیتوانی وەکو گوڵیش وابێت، ئەوا وەکو دڕک نەبێتە هۆی ئازاردان و خەمبارکردنی تاکەکانی کۆمەڵ.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

پەندی پێشینان جگە لە وشە و زاراوەی کوردی، کە زۆرینەی پەندەکان پێکدەهێنن، کۆمەڵێک وشە و زاراوەی بێگانەشی تێدایە، کە زۆرینەیان وشە و زاراوەی عەرەبین لەگەڵ کەمێک فارسیدا. ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری هەیە کە گرنگترینیان ئەوەیە زۆرینەی میللەتی کورد موسڵمانن و پابەندی ئاینی ئیسلامن، ئەمەش وای کردووە بەهۆی ئەم ئاینەوە کە بە زمانی عەرەبییە ئەم وشە و زاراوانە لە پەندەکاندا ببینرێن، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ئەم وشانە تا ڕادەیەک هەموو کوردێک لێی تێدەگات و تێکەڵ بە زمان و کولتووری کوردیی بووە. پەندی (**قسەی پێشینان وەک نەقشی دیوار وایە**(٢٨٨) ئەم پەندە وێنەی تابلۆیەکی هونەریمان لە ڕێگەی لێکچواندنەوە بۆ دەکێشێت، کە هەمووی جوانی و ڕازاوەییە. چواندنی قسەی پێشینان بە نەخشی سەر دیوار (بەرد) بەو واتایە دێت کە ئەم قسانە ئەزموونێکی ورد و ناوەرۆکێکی بەرز و بڵندیان تێدایە بە تێپەڕبوونی کات بەهای خۆیان لەدەست نادەن. لە پەندەکەدا وشەی (نەقش)ی بەڕەگەز عەرەبی هاتووە، بەڵام بەشێوەک لەناو زمانی کوردیدا تواوەتەوە، کە هەموو کەسێک بە باشی تێیدەکات. هەروەها پەندی (**شەرابی دەستی دولبەر ، خۆشترە لە ئاوی کەوسەر**(٢٦٤ ) بە شێوازێکی جوان و ڕازاوە دەیەوێت باسی عیشق و خۆشەویستیمان بۆ بکات، ئەم پەندە پڕە لە شیعرییەت، کە ئەزموونێکی زۆری تێدا چڕکراوەتەوە و پێمان دەڵێت کە پێویستە عاشقانە بژین و عیشقی ڕاستەقینە دنیامان بۆ دەکاتە بەهەشت. هەروەها لەڕێگەی سەرواوە ئاوازێکی سەرنجڕاکێشی بۆ دروستکراوە. لەم پەندەدا وشەکانی (شەراب و کەوسەر)ی عەرەبی بەکارهاتووە، کە

خراونەتە ژێر ڕکێفی یاساکانی دەنگسازی زمانی کوردییەوە و شێوەی گۆکردن و نووسینی بە کوردی کراوە و تاکی کوردیش بە ئاسانی لێی تێدەگات. بەشێوەیەکی گشتی شێوازی دروستکردنی پەندی پێشینان شێوازێکی جوان و سەرنجڕاکێشە و شیعرییەتی تێدایە و لە ڕووی زمانیشەوە زمانێکی سادە و ساکار و بێ گرێ و گۆڵی تێدا بەکارهاتووە و بەزۆری وشە و زاراوەکانی ڕەسەنی کوردین و لە ژینگەی گوندنشینانەوە وەرگیراون، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە کەمی وشە و زاراوەی بێگانەشی تێدایە کە بەهۆی دراوسێیەتی و ئاینەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە و زیاتر پەندەکانیان دەوڵەمەند کردووە.

## تەوەری دووەم (مۆسیقای پەندی پێشینان):

مۆسیقا بنەمای سەرەکی پێکهێنانی شیعرییەت و جوانی و ڕازاوەیی دەقە.مرۆڤ پەیوەندییەکی ڕوحی لەگەڵ مۆسیقادا هەیە و تێکەڵ بە هەست و هۆشی دەبێت و کاریگەری لەسەر دادەنێت و چێژی پێ دەبەخشێت، مرۆڤ هەر لە سەرەتاکانی دەربڕینە ئەدەبییەکانیدا بەتایبەتی لە شیعردا ئاوازی وەك بنەمایەکی سەرەکی دەقەکەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

بەکارهێناوە.ئەم تەوەرە بەشێوەیەکی گشتی ئەو ئاواز و کێش و سەروایە ڕووندەکاتەوە کە جوانی و ڕازاوەییان بە پەندەکان بەخشیووە. لەبەرئەوەی پەندی پێشینان دەچنە خانەی پەخشانی هونەرییەوە، هەربۆیە بەپێی بنەماکانی پەخشان مامەڵەی لەگەڵ دەکەین. پەندی پێشینان بۆ ئەوە وتراون ببنە ڕێنیشاندەر و ئامۆژگاریکەری نەوەکان و بۆئەوەی باشتر لە بیر و زەینی مرۆڤدا بمێننەوەهەوڵدراوە بە شێوازێکی هونەری دابڕێژرێن و بەرگی جوانی و ڕازاوەییان بە بەردا بکرێت و بچنە خانەی (پەخشانی ئاوازدار)ەوە.

پەخشانی ئاوازدار: ئەو پەخشانەیە بەپێی بنەماکانی کێش و سەروا، کێش یاخود سەروا یان هەردووکیان (کێش و سەروا)یان تێدا بەکارهاتووە، کە لەهەندێک شوێندا بەتەواوی لە شیعر نزیک دەبنەوە. یاخود لە ئەنجامی گونجان و هاوئاوازیی دەنگەکانیزمانەوە ئاوازێکی ناوەکی جوانیان بەرجەستە کردووە. بە گشتی ئەو کێشەی لە پەندی پێشینانی کوردیدا بەکار هاتووە (کێشی پەنجەی خۆماڵی)یە و سەرواکەش بە شێوەیەکی گشتی یان (جووت سەروا) یان (سەروای کۆپلە)یە، کە لە گۆرانی فۆلکلۆری و شیعری میللی کوردیدا بەکارهاتوون. پەخشانی ئاوازداریش بۆ ئەم جۆرانەی لای خوارەوە دابەش دەبێت (شفيق يوسف البقاعی، ١٩٨٥، ص ٢٢٦-٢٢٧):

١- پەخشانی نەخشێنراو (السجع المرصع): دوو ڕستەیان زیاتری بەدوایەکدا هاتوو هاوکێش و هاوسەروان. ئەم جۆرەی پەخشان لەڕووی ئاوازەوە هاوتای شیعری میللییە، یان زۆر لە شیعرەوە نزیکە. (عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) لەم بارەیەوە دەڵێ: (پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، بەزۆرتر قسەی گەلە و خاوەنەکەی دیار نییە، بەڵام زۆرجار هەیە نیوە هۆنراوەیەک، یا بەیتێکی تەواوی شاعیرێک دەکەوێتە سەر زمان و دەبێ بە پەند)( عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، ٢٠١٠، ٨٧) لە پەندی پێشینانی کوردیدا کێشە خۆماڵییە کوردییەکانی شیعری فۆلکلۆری تێدابەکارهاتووە، بە تایبەتی کێشەکانی (٧ ، ٨ ، ١٠) بڕگەیی. بۆ نموونە:پەندی (ئادار ناڕوا بەبێ دۆ ، نیسان ناڕوا بەبێ جۆ (١٣) کێشی هەر کەرتێک (٧) بڕگەیە و دابەشبوونی بڕگەکانی هەر کەرتێک (٤+٣)ە، وشەکانی سەرواش بریتین لە (دۆ ، جۆ). هەروەها پەندی (**ئۆخەی ئۆخەی لە منێ ، مێردە وتی چڵمنێ ، گا دەرکە لە هەرزنێ** (٢٥) لە سێ کەرت پێکهاتووە، کێشی هەر کەرتێک (٧) بڕگەیە و دابەشبوونی بڕگەکانی هەر کەرتێک (٤+٣)ە، وشەکانی (منێ، چڵمنێ، هەرزنێ) سەروای پەندەکەیان پێکهێناوە.پەندی (**تاوێ گەش ئەبمەوە ، تاوێ ڕەش ئەبمەوە**(١٣٣)بەهەمان شێوەی پەندی پێشوو کێشەکەی (٧)بڕگەییە، بەڵام دابەشبوونی بڕگەکانی هەر کەرتێک (٣+٤)ە. هەروەها وشەکانی سەروا بریتین لە (گەش ، ڕەش)، بەڵام لایەنێکی جیاوازی ئەم پەندە لەگەڵ پەندەکانی پێشوو ئەوەیە، کە وشەی (ئەبمەوە) لە هەردوو کەرتەکەدا (پاش سەروا)ن، بەمەش ئاوازی پەندەکە جوانتر و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ڕازاوەتر بووە. هەروەها پەندی (**هەتا گندۆر گندۆر بوو، خزمی مە گەلەک زۆر بوو، گندۆر هاتە برانێ، خزم هاتە قرانێ**(٤٢٧)ئەگەرچی لەڕووی کێشەوە (٧) بڕگەییە و دابەشبوونی بڕگەکانی هەر کەرتێک (٤+٣)ە، لەڕووی سەرواوە هەر دوو کەرت و سەروایەکیان هەیە. وشەی سەروای کەرتی یەکەم و دووەم بریتییە لە (گندۆر ، زۆر) و وشەی (بوو)ش دەبێتە پاش سەروا. وشەی سەروای کەرتەکانی سێیەم و چوارەم بریتییە لە (برانێ ، قرانێ) کە جیاوازن لە سەروای کەرتەکانی یەکەم و دووەم و بەمەش زۆر لە شیعری فۆلکلۆری نزیک دەبێتەوە و ڕازاوەتر بووە.

پەندی (**ئەگەر خلە ماڵی ئەکرد ، لە موڵکی خۆی گاڵی ئەکرد** (٣٠)کێشی (٨) بڕگەیی (٤+٤)ی تێدا بەکارهاتووە، سەواکەشی بریتییە لە (ماڵی ، گاڵی) و وشەی (ئەکرد)یش دەبێتە پاش سەروا. هەروەها پەندی (**بلا ڕێ بێ ، بلا دیر بێ ، بلا کچ بێ ، بلا پیر بێ**(١٠٠)بە

هەمان شێوەی پەندی پێشوو کێشی (٨) بڕگەیی (٤+٤)ی تێدا بەکارهاتووە، بەڵام هونەرکاری تێدا بەکارهاتووە، چونکە جگە لەسەروای کەرتەکان کە بریتین لە (دیر ، پیر)و وشەی پاش سەروای (بێ) لە هەمان کاتدا هەر کەرتێکیش لەناو خۆیدا لەڕێگەی وشەی (بێ)وە سەروایەکی تری هاوشێوەی پاش سەرواکەی بۆ دروست کراوە کە پێکەوە ئاوازێکی جوانیان پێکهێناوە.

ئەوەی زیاتر تێبینی دەکرێت ئەو پەندانەی کێشی (١٠) بڕگەیی (٥+٥) یان تێدا بەکارهاتووە زۆرینە پێکدەهێنن، ئەمەش لەبەرئەوەی بڵاوترین و باوترین کێشی فۆلکلۆر و میللی کوردییە و شاعیرانی شێوەزاری گۆرانیش بە بڵاوی بەکاریان هێناوە و ئاوازێکی جوان و ڕەوان پێکدەهێنێت. پەندی (**دۆ بدە بە بێ دۆ لای وایە ماستە ، پەنجەی بۆ ئەبا بزانێ ڕاستە** (٢١٤) کێشی (١٠)بڕگەیی، وەستان لە ناوەڕاستە (٥+٥)، وشەکانی سەرواش بریتین لە (ماستە ، ڕاستە) هەروەها پەندی (**مەلا مەلایت بنێ بە تاقۆ ، بنیشە وەلای گەمە و مەزاقۆ**(٣٨١) شێوازێکی ئەدەبییانەی هەیە و داوا دەکات مەلا و پیاوانی ئاینیش هەندێ کات بە یاری و گاڵتەوگەپ و خۆشی بەسەربەرن، چونکە ئەوانەش پێویستن بۆ ژیانی مرۆڤ و دەبنە مایەی ڕەوینەوەی خەم و خەفەت و ئازارەکانی مرۆڤ. کێشەکەی(١٠)بڕگەیی (٥+٥). و سەرواکەشی بریتییە لە (تاقۆ ، مەزاقۆ). پەندی (**چواڵە درۆزن ، بەڵاڵووک عەیار ، هەنار گوڵی گرت بەهار هەی بەهار** (١٥٦) بەشێوازێکی جوان داڕێژراوە، وێنەیەکی هونەری و تابلۆیەکی سەرنجڕاکێشە، لادانی زمانی (بە مرۆڤ کردن)ی تێدایە و سیفەتی مرۆڤ دراوە بە (چواڵە و بەلالوک) کە هەردووکیان ڕووەکن. کێشەکەی(١٠)بڕگەیی (٥+٥). و سەرواکەشی بریتییە لە (عەیار ، بەهار). کاتێک سەیری پەندی (**کاتی کەڵک و کار، ئەمانکەن بەیار ، کاتی چزوبز ، ئەمانکەن بە دز**(٢٩٣)دەکەین لە ڕووی کێشەوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کێشی(١٠) بڕگەیی (٥+٥)ە، بەڵام لە ڕووی سەرواوە داهێنانێکی تێدا کراوە، چونکە هەر کەرتێک دوو سەروای هەیە و جیاوازە لە سەروای کەرتەکەی تربەم شێوەیە سەروای کەرتی یەکەم (کار ، یار)ە و سەروای کەرتی دووەم (چزوبز ، دز)ە. هەروەها لە پەندی (**کەس بوو بە ناکەس، ناکەس بوو بە کەس، قەدیموەجاخان دەرچوونرەنج عەبەس**(٣٠٧)کێشی (١٠) بڕگەیی (٥+٥)ە، بەڵام سەرواکەی کە بریتین لە (کەس ، ناکەس ، وەجاخان ، عەبەس)هاوشێوەی سەروای چوارینی ناتەواوە، کە بەمشێوەیەیە (أ أ ب أ) هەروەها ناوەرۆکێکی بەرزیشی هەیە و پێمان دەڵێ: هەرکات ناکەس (خراپەکار) بوو بە دەسەڵاتدار ئەوا کەسانی خانەدان و وەجاخزادە ڕەنج و ماندووبوونیان بە فیرۆ دەچێت.

بەمجۆرە بەکارهێنانی کێش و سەروا هاوشێوەی شیعری فۆلکلۆری و میللی لە پەندی پێشیناندا بەکار هاتووە و ئاوازێکی جوان و سەرنجڕاکێشی بۆ دروستکردووە و لەم لایەنەوە پەندەکانی کردووەتە هاوتای شیعر.

٢- پەخشانی هاوسەر (السجعالمطرف) : دوو ڕستەی بەدووای یەکدا هاتوو هاوسەروان. بەکارهاتنی سەروا لە پەندی پێشیناندا زۆر بڵاوە، چونکە جوانی بە پەندەکە دەبەخشێت و چێژبەخشتری دەکات وئاسانتر لە بیر و هزردا دەپارێزرێت.بۆ نموونە : لە پەندێکدا هاتووە: (**ئاوێ بڕوا بۆ ڕۆخانە ، خوێش بیخوا نەک بێگانە** (٢٢) وشەکانی سەروا بریتین لە (ڕۆخانە ، بێگانە) کە ئاوازێکی سەرنجڕاکێشی بۆ پێکهێناوە و ناوەرۆکەکەیشی پێمان دەڵێت: پێویستە هاوکاری و دەستگرۆیی خزم و کەس و کارمان بکەین و ئەمان لە پێشترن وەک لە کەسانی بێگانە، کە ئاینی ئیسلامیش پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکات. هەروەها لە پەندی (**نە کۆنە کانی بە باخ کە، نە لەدوای چوون ئاخ کە، نە هەتیوچە چراغ کە**(٤٠٨)سەروا بریتییە لە (باخ ، ئاخ ، چراغ) و وشەی (کە) دەبێتە پاش سەروا. کە سەروا و پاش سەروا ئاوازێکی جوانیان دروستکردووە. ناوەرۆکی پەندەکەش ئامۆژگارییە و ئەزموونێکی قوڵی تێدا چڕ کراوەتەوە، کە پێمان دەڵێ: هەرگیز کۆنە کانی نەکەینە باخ و ئەگەر شتێکمان لەدەست چوو خەفەتی بۆ نەخۆین چونکە بە خەم خواردن ناگەڕێتەوە، هەروەها خزمایەتی لەگەڵ ناکەسدا نەکەین.هەروەها لە پەندی (**کاڵا هەڵئەگرێ لە دوکانان، گەنم هەڵئەگرێ لە خەرمانان، ئەکەوێتە دەستی نەزان**(٢٩٦)وشەکانی سەروا بریتین لە (دوکانان ، خەرمانان، نەزان).

٣- پەخشانی هاوتەریب (السجعالموازی) :لەم جۆرە پەخشانەدا تەنها وشەی کۆتایی کەرتەکان هاوکێش و هاوسەروان، ئەمیش هەر جۆرێکە لە پەخشانی سەروادار، بەڵام تەنها جیاوازییان ئەوەیە لەم جۆرەیاندا وشەکانی سەروا (کێش و سەروا)یان وەکو یەکە و لەوانی تردا ئەم مەرجەی تێدا نییە . بۆ نموونە پەندی(**لە زستان شەوێ، لە پیران تەوێ، لە بۆرە سواران هەوێ**(٣٥٣)وشەکانی سەروا بریتین لە (شەوێ ، تەوێ ، هەوێ) کە ئاوازی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پەنـــدەکەیان پێکهێنـــاوە و هەرســـێکیان (هـــاوکێش و هاوســـەروان)، لە هەمانکاتـــدا پەندەکە ئامۆژگاریمان دەکات کە پشت بە خۆشی زستان و ساغی پیر و ڕواڵەتی بۆرە سواران نەبەستین.هەروەها لە پەندی (**ئیشی نییە کرداران دەکا ، گوڵی نییە هەوساران دەکا ، عەمەلی نییە فەرمانان دەکا**(٦٥)وشـەکانی ( کرداران ، هەوساران ، فەرمانان) هاوکێش و هاوسەروان و ئاوازی پەندەکەیان پێکهێناوە و وشەی (دەکا)ش پاش سەروایە و پەنـدەکە ئامۆژگاریمـان دەکـات خۆمـان لە هەمـوو شـتێک هەڵنەقـورتێنین و بەپێـی ئەزموون و زانیاری

خۆمـــان و لەکـــاتی پێویســـتدا قســـە بکەیـــن. پەنـــدی (**بـــاخەوانی، باشـــترە لە چاوەڕوانی**(٦٨)هونەرکاری تێدایە، چونکە ئەگەرچی (هاوکێش) نییە بەڵام بە جۆرێک لە جۆرەکـان کێشـی تێدایە، چـونکە کەرتـی یەکەم (٤) بـڕگەیە و کەرتـی دووەم (٨) بـــڕگەیە، ئەمە جـــگە لەوەی وشـــەی ســـەروا بـــریتین لە (بـــاخەوانی ، چـــاوەڕوانی) کە هەردووکیـــان (هـــاوکێش و هاوســـەروا)ن و پـــێکەوە ئـــاوازێکی جوانیـــان پێکهێنـــاوە و نـــاوەڕۆکی پەنـــدەکەش بیرێکـــی جـــوانە و هانمـــان دەدات لە کـــارکردن نەوەســـتین بـــا کـــارەکە کەمـــیش بێـــت، چـــونکە هەر باشـــترە لەوەی لە چاوەڕوانیـــدا بـــین و هـــیچ بەرهەمێکمان نەبێت.

٤- پەخشانی هـاوکێش (السجع المتوازن) : ئـەو جۆرە پەخشانەیەبەپێـی بنەماکانی ئـاواز کێشـی هەیـەو سـەروای نیـە.ئەمجـۆرەی پەخشـان لەچـاو جۆرەکـانی پێشـووتر لە پەنـدی پێشـیناندا کەمتـر دەبینرێـت. ئەمەش لەبەرئەوەی لە زمـانی کوردیـدا سـەروا زیـاتر ئـاواز بەرجەستە دەکات وەک لە کێش، هەروەها ئاوازی سەروا ڕوون و ڕەوان دیارە و هەستی پێ دەکرێت، لە کاتێکدا ئاوازی کێش بەم ڕوونییە هەستی پێ ناکرێت. بۆ نموونە پەندی (**مـرۆڤ بە قسـە، مەنجەڵ بە ئـاگر**(٣٨٤) خـاوەنی کێشـە و سـەروای نییە، کێشـی هەر کەرتێـک (٥) بـڕگەیە و بە هەردوو کەرتەکە دەبێـتە کێشـی (١٠) بڕگەیـی. هەروەهـا پەندەکە ناوەڕۆکێکی قوڵی هەیە و پێمان دەڵێت هەر وەک چۆن مەنجەڵ تا ئاگری لێ نەدرێت نازانرێت چاکە یـان خراپە، ئـاوا مـرۆڤیش کاتێـک قسـەی کـرد و پەیمـانی دا ئەوکـات دەردەکەوێ مرۆڤێکـی چـاکە یـان نـا، چـونکە ئەگەر خـاوەن قسـە و پەیمـانی خۆی بـوو ئەوا مرۆڤێکـی سـاغە و بە پێچەوانەشەوە پێچەوانەیە. هەروەهـا پەنـدی(**ئەگەر گوڵ نیت ، دڕکیش مەبە** (٣٢)پابەنـدی کێشە و هەر کـەرتێک (٤) بڕگەیە و بە هـەردوو کەرتەکەش (٨) بڕگە پێکدەهێنن.

**تەوەری سێیەم (ڕەوانبێژی پەندی پێشینان):**

هونەرەکـانی ڕەوانبێـژی ڕۆڵێکـی بنچینەییـان لە بەرجەسـتەکردنی ئیسـتاتیکای دەقدا هەیە. چونکە ڕۆڵیان هەیە لە ڕەنگرێژکردنی ئەو تابلۆ هونەرییەی، کە پێی دەوترێت



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

ئەدەب.لە پەندی پێشیناندا گرنگی بەهونەرەکانی ڕەوانبێژی دراوە بۆ تەواوکردنی ئەو ئیستاتیکایەیکە لە پەندەکاندا هەیە. لێرەدا هەوڵ دەدەین هەندێک لەو هونەرانەی جوانکاری باس بکەین کە لە پەندی پێشیناندا هەیە:

١- کورتبڕی: پەندی پێشینان چڕکراوەی ئەزموون و هەڵوێستێک، یان لە ڕووداو و چیرۆکێکەوە وەرگیراوە، بۆیە کورت و پوخت کراوەتەوە و (کورتبڕی تێدا کراوە) و بەشێوەیەکی هونەری گوتراون بۆ ئەوەی لە ئاوەزی تاکەکانی کۆمەڵدا پارێزراو بن.کورتبڕی: یەکێکە  لە بنەما هونەرییەکانی پێکهێنانی ئیستاتیکای دەق و یەکێک

لە تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی پەندی پێشینانە. پێشینانمان ئەزموونەکانی خۆیان، چیرۆک و بەسەرهاتە پەندئامێزەکانیان لە شێوەی پەندێکدا چڕ و پوخت کردووەتەوە، بۆ ئەوەی نەوەکانیان لەبیریان بمێنێت و لە ژیاندا سوودی لێ وەربگرن. هەر بۆیە کاتێک سەیری پەندی پێشینان دەکەین هەست بەم تایبەتمەندییە دەکەین و بەشێوەیەکی گشتیش لە هەموو پەندەکاندا تێبینی دەکرێت. لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی گشتی پەندەکان کورتبڕییان تێدایە و زۆربەی ئەو پەندانەی لە توێژینەوەکەدا بکارهاتوون ئەم تایبەتمەندییەیان تێدایە.

٢- لێکچواندن: هونەرێکی ڕەوانبێژییە،بریتییە لە چواندنی شتێک بە شتێکی تر، کە لە سیفەتێکدایان چەند سیفەتێکدا هاوبەش بن. ئەمەش بەمەبەستی بەخشینی بەهای ئیستاتیکی بەو شتەیاخودڕوونکردنەوەی شتەکەیە بۆ کەسی بەرامبەر.عەزیز گەردی دەڵێ: (لێکچواندن بەستن و پەیداکردنی وێکچونێکە لەنێوان دوو شتا یا زیاتر، بەمەبەستی بەشداری کردنیان لە شێوەیەکیا زیاتر بە ئامرازێک بەو بارەی کە قسەکەر مەبەستێتی)(عەزیز گەردی، ١٩٧٢،٢٢) پەندی پێشینان بەوپێیەی بۆ ئەوە وتراون مرۆڤ خۆی تێدا ببینێتەوە، هەربۆیە ئەم هونەرەی زۆر تێدا بەکارهاتووە. لە پەندێکدا هاتووە: (**پەیمان هەورە، بەجێهێنانی بارانە**(١١٦)لەم پەندەدا دوو لێکچوواندنی جوان لە نێوان (پەیمان و هەور ، بەجێهێنانی پەیمان و باران )دا کراوە. پەیماندان بە هەور چوێندراوە و هەمووان دەزانین هەور ئەو گرنگییەی نییە تاوەکو نەبێتە هۆی دابارین و سوود و فەڕ بۆ دەغڵ و دان و کشتوکاڵ، هەربۆیە بەجێهێنانی پەیمانەکە بە باران چوێندراوە. هەروەها لە پەندی (**دڵ وەک شوشە وایە، کە شکا ئەشکێ**(٢٠٥)دڵی مرۆڤ بە شووشە چوێندراوە لە ناسکیدا، هەربۆیە دەبێت وریای دڵەکان بین، چونکە دڵ کە شکا ئیتر بە ئاسانی چاک نابێتەوە و هەرگیز وەک پێشووی لێنایەتەوە. لە پەندێکی تردا دەربارەی ژن وتراوە: (**ژن وەک هەنگە،یا هەنگوینت ئەداتێ،یا پێتەوە ئەدات**(٢٣٦) لێکچوواندنی ورد و جوان بۆ ژن کراوە و ژن بە هەنگ چوێندراوە، کە ئەگەر بە نەرم و نیانی و بە ڕێزەوە مامەڵەت



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەگەڵدا کرد ئەویش دەبێتە سەرچاوەی شیرینی و ئارامی و ئاسوودەیی، بەڵام ئەگەر بە توندوتیژی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و ڕێزی ماندووبوونەکانی نەگیرێت، ئەوا ژیانت لێ تاڵ دەکات، ئەگەرچی ئەم کارە خۆیشی ئازار دەدات و ڕەنگە ببێتە هۆی لەناوچوونیشی.

٣- ڕەگەزدۆزی: هونەرێکی ڕەوانبێژییە و ڕۆڵی هەیە لە چێکردنی ئیستاتیکای دەقدا و (ئەوەیە کە دوو وشە لەڕووی شێوە و دەربڕینەوە تەواو لەیەک بچن یاخود جیاوازی کەم لەنێوانیاندا هەبێت، بەڵام لەڕووی ماناوە جیاواز بن)(مەریوان حسێن فەرحان، ٢٠١٧، ٧٨) کە بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆرە: ڕەگەزدۆزی تەواو و ڕەگەزدۆزی ناتەواو.

**ڕەگەزدۆزی تەواو:** بریتییە لە هێنانی دوو وشە کە لەڕووی شێوە و دەربڕینەوە تەواو لەیەک دەچن، بەڵام لە واتادا جیاوازن. بۆ نموونە لە پەندی (**چاکە لە چاکە ئەبێتەوە**(١٥٢))(چاکە)ی یەکەم بە واتای چاکەکاری و کاری باش دێت و (چاکە)ی دووەم بە واتای مرۆڤی چاک دێت. ناوەرۆکیشی ئەوەیە کە مرۆڤە چاکەکان دەتوانن کاری چاک بکەن و ئەم کردارەش بە هەموو کەسێک ناکرێت. هەروەها پەندی (**قسەیڕاست بەردە،ڕاستگۆیە درۆ بەردە**(٢٨٩))وشەی (بەرد)ی یەکەم بە واتای تەنی بەرد دێت، بووەتە تەواوکەری کاری ناتەواوی (ە)، بەڵام وشەی (بەرد)ی دووەم لە چاوگی (بەردان)ەوە هاتووە، بەواتای دەستبەرداربوون لە شتێک دێت. هەروەها ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە قسەی ڕاست حەقە و حەقیش ڕەقە، هەربۆیە داوامان لێ دەکات هەمیشە ڕاستگۆ بین و دوور بکەوینەوە لە درۆکردن. پەندی (**مردوو مردوو وەسیەتی بابردی**(٣٨٦))وشەی (مردوو)ی یەکەم بو واتای کەسی مردوو دێت و (ناوی بکەر)ە و وشەی (مردوو)ی دووەم کاری (مرد) لەگەڵ (و)ی لێکدەر پێکهاتووە. هەروەها پەندی (**خزمی بەرێ ، بەرێ بەرێ ، خزمی پشتێ، دەشتێ بە دەشتێ**(١٦٨))وشەی (بەرێ)ی یەکەم بە مانای (ژن) دێت و (بەرێ بەرێ)ی دووەمیش بە واتای (بەرە بەرە)دێت.

**ڕەگەزدۆزی ناتەواو:** بریتییە لە هاتنی دوو وشە لەڕووی شێوە و دەربڕینەوە جیاوازییەکی کەم لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام لەڕووی ماناوە جیاوازن. لە پەندی (**یاشارستان ، یادارستان**(٤٥١))ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە نێوان وشەکانی (شارستان و دارستان)دا هەیە. هەروەها پەندی (**ڕەشی، رووتی، کڵاوت نییە ، ئەم جەژن بەو جەژن پڵاوت نییە**()ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە نێوان وشەکانی (کڵاو و پڵاو)دا هەیە. لە پەندی (**مەرد بنوو لەسەربەرد**(٣٧٩))ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە نێوان وشەکانی (مەرد و بەرد)دا هەیە. لەم پەندەشدا(**گوڵەژاڵە، بەڵێئاڵە، بەڵامتاڵە**(٣٣٧))ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە نێوان وشەکانی (ژاڵە و ئاڵە و تاڵە)دا هەیە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٤- دژیەک: یەکێکە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی، بریتییە لە هێنانی دوو وشە کە ڕواڵەتدا یان لە واتادا دژیەک بن. بە گشتی کۆکردنەوەی دژەکان و دروستکردنی هارمۆنییەت و گونجان لەنێوانیاندا جوانی بە دەق دەبەخشێت.کاتێک سەیری پەندی (**عەقڵ بە گەورە و بچووکی نییە**(٢٧٥)دەکەین وشەکانی (گەورە و بچووک) دژیەکن. پێشینان دەیانەوێت بەشێوەیەکی زۆر جوان ئەوەمان بۆ ڕوونبکەنەوە، کە مەرج نییە تەنها گەورەکان خاوەنی بیروڕا و بۆچوونی ڕاست و دروست بن، بەڵکو پێویستە نەوجەوانان و ئەوانەی تەمەنیشیان کەمە گوێیان لێ بگیرێت، چونکە دەگونجێت بیروبۆچوونەکانیان پەسەند بن لە

چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا. هەر سەبارەت بە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان پەندێکمان هەیە دەڵێ: (**کاری خێر بە تەعجیل ، کاری شەڕ بە تەحلیل**(٢٩٤)وشەکانی (کاری خێر و کاری شەڕ) دژیەکن، بەڵام لە بۆتەی ئەم پەندەدا بەشێوەیەکی جوان و پڕ واتا هاتوون، چونکە چڕکردنەوەی ئەزموون و دنیابینی تێدایە و پێمان دەڵێت کە پێویستە لە کاری خێردا پەلە بکەین و زوو ئەنجامی بدەین، نەوەک گرفتێک یان بارودۆخێک دروست بێت و ببێتە ڕێگر لەبەردەم کارە خێرەکەدا. بە پێچەوانەشەوە لە کاری شەڕدا پێویستە پەلە نەکەین و ڕاوێژ بە خەڵکی بکەین و بیروڕایان وەربگرین بۆ ئەوەی بە کەمترین زیان لێی دەربچین.هەروەها پەندی(**شەڕ دز دروست ئەکا، ئاشتی هەڵی ئەواسێ** (٢٦٣)ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە کاتێک شەڕ و ناکۆکی لە وڵاتێدا ڕوودەدات دزی و خراپەکاری سەرهەڵدەدات، بەڵام ئەگەر ئاشتی بەرقەراربوو، ئەوا بوار نامێنێتەوە بۆ دز و خراپەکارەکان و ناتوانن بە ئاسانی دزی بکەن.

کورد وتویەتی: (**شین و شایی ، دەستەوایی**(٢٧٣)وشەکانی (شین و شایی) دژیەکن و لەم پەندەدا پێکەوە کۆکراونەتەوە بۆ ئەوەی فێری ژیانێکی تەندروستمان بکەن. مرۆڤ لەبەرئەوەی لەناو کۆمەڵدا دەژێت و سروشتی ژیانیش وایە کە هەمووان پێویستییان بەیەکتر دەبێت، بۆیە دەبێت لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا هاوکاری یەکتری بین و بە تەنگ یەکترییەوە بچن. هەروەها لە ڕەوشتەوە نییە لە کاتی خۆشیدا هەبین و لە کاتی ناخۆشی و تەنگ و چەڵەمەدا خۆمان ون بکەین، چونکە ڕەنگە ئەوەی ئەمڕۆ بەسەر دراوسێکەماندا دێت سبەی بەسەر ئێمەشدا بێت، ئەوکات ئێمەش بێ کەس دەمێنینەوە.

**بەشی سێیەم (بەها کۆمەڵایەتییەکانی پەندی پێشینان):**

تەوەری یەکەم (بەها بیری و هزرییەکان لە پەندی پێشیناندا)، بە شێوەیەکی گشتی پەندی پێشینان بەرهەمی کەسانی ڕۆشبیر و دنیادیدە و پیاو ماقوڵانی کۆمەڵن، کە هۆشیار و خاوەن عەقڵ و ئەزموونێکی دەوڵەمەندی ژیانن. هەربۆیە بیروباوەڕ و تێڕوانینی


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خۆیان دەربارەی ژیان و بوون و مرۆڤایەتی و کۆمەڵ و ... خستووەتەڕوو. عەقڵ و بەکارهێنانی عەقڵ بناغەی شارستانییەت و پێشکەوتن و ژیانێکی تەندروستە. مرۆڤی پێشکەوتنخواز خاوەن عەقڵێکی دروستە؛ کە لە خزمەت خۆی و کۆمەڵەکەیدا بەکاری دەهێنێت. کورد دەڵێ: (**عەقڵ نەبێ گیان لە عەزابایە**)( ٢٧٥) چونکە عەقڵ و ژیری بناغەی سەرکەوتن و ژیانی دروست و خۆشبەختییە و نەبوونی عەقڵ و بەکارنەهێنانی وادەکات مرۆڤ هەموو ژیانی لە دەرد و غەم و نەهامەتی و ئازاردا بێت. ئەگەر مرۆڤ عاقڵ بوو ئەوا ژیانی خۆی و ئەوانی تریش پڕ لە ئاسوودەیی و کامەرانی دەکات و بەپێچەوانەشەوە مرۆڤی بێ عەقڵ ژیان لە خۆی و دەوروبەری دەکاتە دۆزەخ، وەک لەم پەندەشدا زیاتر جەختی لێکراوەتەوە، کە دەڵێ:

(**ئەگەر ئەبوو عەقڵ و فامی ، یەکێ بە خاسی ئەیبرد نامی** (٢٨))چونکە سەرچاوەی بەدناوی و خراپەکاری کە ببێتە هۆی ناوزڕاندنی مرۆڤ تەنها بێ عەقڵییە و هیچی تر. هەر بۆیە لە پەندێکی تردا هاتووە (**بێ ناوی ، لە بەدناوی چاکترە** (١١٢)) چونکە مرۆڤ ئەگەر ناوبانگیشی نەبێت ئەوا دەتوانێ سەربەرزانە بژیت، بەڵام ئەگەر مرۆڤ بەدناو بوو ئەوا لەناو کۆمەڵدا بەچاویکی نزم سەیر دەکرێت و تا لە ژیاندا بێت ئەم ناوبانگی بەدناوییەی بەدواوە دەبێت.

ئەزموون ڕۆڵێکی باشی هەیە لە ژیانی مرۆڤدا. مرۆڤ پێویستە سوود لە ئەزموونەکانی ڕابردووی خۆی و دەوروبەری وەربگرێت و بیانکاتە پلیکانەی بەرەو پێشچوونی خۆی و سەرکەوتنی بەسەر گرفت و تەنگ و چەڵەمەکانی ژیاندا. لێرەدا گێڕانەوەی ئەم ئەزموونانە و چڕکردنەوەی لە پەندی پێشینیاندا دەبێتە یارمەتیدەرێکی باش بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا سوودی لێ ببینین، پێشینان وتویانە: (**پیاو قوتابییە و ڕۆژگار مامۆستا**(١٢٠) چونکە ڕۆژگار زۆربەی ئەزموونەکانی ژیانمان فێردەکات. مرۆڤ بەردەوام لە تاقیکردنەوەدایە، تەنانەت ژیانی مرۆڤ خۆی تاقیکردنەوەیە، بەڵام جیاوازی نێوان مامۆستا و ڕۆژگار ئەوەیە: مامۆستا فێرت دەکات پاشان تاقیکردنەوەت پێ دەکات، بەڵام ڕۆژگار تاقیکردنەوەت پێ دەکات پاشان فێر دەبیت، هەربۆیە تاقیکردنەوەی ڕۆژگار سەختە و ئەوەی فێرت دەکات واقعی و زۆر بە سوودن. هەر ئەمەش وایکردووە پێشینان ئەم زانیاری و ئەزموونانە لە چوارچێوەی پەندا چڕ بکەنەوە. پەندێکمان هەیە دەڵێ: (**هەتا تاڵی نەبینیت، خۆشی نابینیت**(٤٢٦) ئەوەی مرۆڤ دروست دەکات ئەو ناخۆشییانەیە کە بەسەری دێت، چونکە بۆی دەبن بە ئەزموون و یارمەتیدەدەن بە شێوەیەکی دروست ژیان بکات و لەکاتی کێشە و گرفتەکاندا بەهێز بێت و بە دانایییەوە بەسەریاندا زاڵ بێت، ئەوکات زیاتر چێژ لە خۆشییەکانی ژیان وەردەگرێت. چونکە (**سوار تا نەگلێ نابێ بە سوار**(٢٥٥)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

واتە بۆ ئەوەی ببیت بە سوارێکی سەرکەوتوویمەیدانی ژیان ئەوا پێویستە چەندینجار تووشی شکست هاتبیت و مرۆڤ تا ئازاری شکست نەچێژێت ناتوانێ تامی سەرکەوتن بکات.

هونەرمەندی و دەستڕەنگینی و زانینی پیشە و کارێک دەبێتە یارمەتیدەری مرۆڤ بۆ ئەوەی لە هیچ شوێنێک بێکار نەبێت و بژێوی خۆی پەیدا بکات، کورد دەڵێ: (**هونەرمەند لە هیچ لایەک پەکی ناکەوێ**(٤٤٧) چونکە هونەرەکەی دەبێتە فریادڕەسی و لە هەر شوێنێک گیری خوارد دەتوانێت بەهۆی هونەرەکەیەوە خۆی ڕزگار بکات. هەر بۆیە قەدری هونەری خۆی دەگرێت و پەروەردەی دەکات، هەر ئەمەش وایکردووە پێشینان بڵێن: (**قەدری زێڕ بەلای زەڕەنگەرەوەیە**(٢٨٤)چونکە زەڕەنگەر بەهۆی ئەوەی بایەخی زێڕی لەلایە و دەزانێت بەهایەکی بڵندی هەیە، هەربۆیە بە بایەخەوە لێی دەڕوانێت و قەدری دەزانێت. بە واتایەکی تریش هاندانی تێدایە بۆ ئەوەی سپاردە بسپێردرێت بەو کەسەی کە بەها و نرخی دەزانێت، چونکە ئەو بە باشی مامەڵەی دروستی لەگەڵدا دەکات. کەسایەتی مرۆڤ لە ناو کۆمەڵدا یەکێکە لەو لایەنە گرنگانەی کە لە پەندی پێشینانداا زۆر بایەخی پێدراوە و باسکراوە. پەندەکان بەشێکی زۆری لایەنە باشەکانی کەسایەتی مرۆڤیان خستووەتەڕوو و بە بایەخەوە باسیان کردووە و هانی مرۆڤیان داوە پێوەی پابەند بن. هەوەها باسی ئەو کەمو کوڕی و کارە ناچیزانەش کراون کە دەبنە هۆی لەکەدار کردنی کەسایەتی مرۆڤ و هانمان دەدەن بۆ ئەوەی لێیان دوور بکەوینەوە. مرۆڤ پێویستە دووربین بێت بۆ ئەوەی بتوانێت ڕووبەڕووی پێشهات و ڕووداوە لەناکاوەکان ببێتەوە (**دووربینی پەشیمانی لەدوا نییە** (٢١٣) ، چونکە دووربینی وا دەکات مرۆڤ پلان بۆ داهاتوو دابنێت و خۆی بۆ ئامادە بکات. بە پێچەوانەشەوە ئەوانەی دووربین نین و تانها سەیری ئەو ساتە واختە دەکەن کە تیایدا دەژین، ئەوا بە هاتنە ئارای یەک ڕووداو تووشی گرفت دەبن. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت سوود لەو باروودۆخە ببینن و کورد گوتەنی: (**هەر عەقڵە لە خەساری**(٤٣٤) ئیتر دوای ئەو باروودۆخە دەبێت هۆشیاری زیاتر پەیدا بکات و ئەو گرفتانەی بەسەریدا هاتوون ببنە وانە و پەند بۆی و یارمەتیدەری بن بۆ ئەوەی پێشوەختە خۆی ئامادە بکات بۆ هەر ڕووداو و پێشهاتێک

یەکێک لەو لایەنە گرنگانەی کە پێشینانی کورد گرنگییان پێداوە لایەنی ماددی(پارە و ماڵی دنیایە) چونکە یەکێکە لە پایە گرنگەکانی ژیان و فەلسەفەی مارکسیزم (ماتریالیزمی دیالەکتیکی مێژوویی) بڕوای وایە لایەنی ماددیی بزوێنەری سەرجەم کایە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانە و مرۆڤ ئاراستە دەکات بەرەو ئامانجەکانی و دەبێتە داینەمۆی گەشەکردنی تاک و کۆمەڵ. کورد وتوویەتی: (**کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە**(٢٩٥) چونکە بەشێکی زۆری گرفتەکانی ماڵ لەڕێگەی پارەوە چارەسەر دەکرێن و بەشێکی گرفتەکانی ماڵ بەهۆی نەبوونییەوەیە. هەروەها هەندێکجار پارە دەبێتە هۆی پلەوپایەی بەرزی کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤ و دروستکردنی کەسایەتییەکی ناودار



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

و خۆشویستی مرۆڤ، ئەو کاتەی لە خزمەتی مرۆڤایەتی و چاکەکردندا بەکاری دەهێنێت، وەک (کەریمی عەلەکە و حاتەمی تەی و ...) پێشینان وتویانە: (**بەرچاو تێر ئابڕوومەندە**(٩١ ) چونکە ئەو کەسەی بەرچاو تێر بێت، ئەو پارەیەی بە دەستی دەهێنێت لە خزمەت خۆی و خانەوادەی و خەڵکدا بەکاری دەهێنێت و دەزانێت (**پارە چڵکی دەستە** (١١٣) ئەمڕۆ لای تۆیە و سبەی لای یەکێکی ترە، هەربۆیە بەڕێگای دروست پەیدای دەکات و لە ڕێگەی چاکەشدا خەرجی دەکات. هەروەها وتراوە (پێ **بەقەد بەڕەی خۆت ڕاکێشە**(١٢٥) ئەم پەندە ئامۆژگاریمان دەکات کە پێویستە مرۆڤ بە قەد ئەو پارە و سامانەی هەیەتی خەرجی بکات و زیادەڕەوی نەکات، تەنانەت پێویستە لەو پارەیەی دەستی دەکەوێت بەشێکی لێ پاشەکەوت بکات، بۆ ئەوەی لەکاتی تەنگانە یان نە خۆشی یاخود ڕوودانی کارەساتی نەخوازراودا بەکاری بهێنێت و سەرگەردان نەبێت، هەر وەک پێشینان وتویانە (**ماڵی سپی بۆڕۆژیڕەش**(٣٧٥)مرۆڤی بەرچاوتێر تەماعکار نییە و چاوی لە دەستی خەڵکی نییە، چونکە دەزانێت (**تەماع سەری نەبڕیت سەرت ئەبڕێ**(١٣٥) و تاماعکار لەپێناوی پارەدا سەر بە هەموو کونێکدا دەکات و ئەمەش دەبێتە هۆی لەناوچوونی.

بە پێچەوانەشەوە هەندێ جار پارە دەبێتە مایەی بەدڕەفتاری و ناوبانگی خراپ بۆ مرۆڤو کەسایەتییەکەی لەکەدار دەکات، ، تەنانەت هەندێکجار سڵ لە خواردن و دزینی ماڵی خەڵکیش ناکاتەوە، پێشینان ڕاستیان وتووە (**چاوبرسی ئابڕووی نییە**(١٥٢)و لەپێناوی بەدەستهێنانی پارەدا هەموو شتێک دەکات، ئەم جۆرە کەسانە پارەیان زۆر خۆش دەوێت و دڵیان نایە خەرجی بکەن و چاکەکاری پێ ئەنجام بدەن و بەرچاوتەنگ دەبن. پێشینانیش ڕوونیان کردووەتەوە کە (**بەرچاو تەنگی ڕیسوایی ئەهێنێ**(٩١) چونکە تەنها خەریکی کۆکردنەوەی پارەن و پاسەوانی لێ دەکەن، لەکۆتاییشدا (**ماڵی خۆنەخۆر بۆ چەکمەبۆر**(٣٧٤)ە،یان دز لێیان دەدزێت، یاخود میراتگر دەیخوات سەربەستی بەهایەکی باڵایە ومرۆڤ بەدرێژایی مێژوو هەوڵی بۆداوە و لە پێناویدا قوربانی داوە. سەبەستی بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ و پێویستییەکی سەرەکی پێشکەوتنی کۆمەڵە.سەربەستی چاوگی داهێنان و پێشکەوتنە و هەوێنی بوژاندنەوەی کۆمەڵە. مرۆڤ ئەگەر هەموو تەمەنیشی لە ژێردەستیدا بەسەر بەرێت ئەوا هەمیشە چاوی لەوەیە ڕۆژێک ئازاد بێت و بەسەربەستی بژێت. کورد دەڵێ(**لام خۆشە لە دۆزەخا بم بە سەربەست، نەک لە بەهەشتا بم بە ژێر دەست**(٣٤٣) لەبەرئەوەی میللەتی کورد زۆر ئازاری ژێردەستی چەشتووە، هەربۆیە لە زۆربەی میللەتانی دنیا زیاتر بەها و نرخی سەربەستی دەزانێت. کورد لە پێناوی سەربەستیدا قوربانی زۆری داوە و بەردەوامیش قوربانی دەدات و بڕوای وایە مرۆڤی سەربەست لەوپەڕی ناخۆشی و ناڕەحەتی و برسێتیدا بێت وەک ئەوە وایە لە بەهەشتدا و لەو پەڕی خۆشیدا بێت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ژێر دەستە بێت و ژیانیشی لەوپەڕی خۆشیدا بێت ئەوا هەر وەکو ئەوە وایە لە دۆزەخدا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بێت. میللەتی کورد زۆر ئازایانە هەوڵی بۆ سەربەستی داوە، چونکە بڕوای وایە (**ئازا جارێک ئەمرێ ، ترسنۆک ڕۆژی سەدجار ئەمرێ** (١٥) کەواتە پێویستە ئازایانە لەپێناوی مافەکانماندا بجەنگین و قوربانی بۆ بدەین، چونکە ئەمە ژیانی ڕاستەقینەیە و مرۆڤ دەبێت وا بژێت، نەک ترسنۆکانە لەژێر دەستیدا بژیت و هەموو زەلیلی و سووکایەتییەک قبوڵ بکات و ڕۆژانە چەندینجار بمرێت.هەروەها هانی مرۆڤ دراوە هەمیشە دژی داگیرکەر بوەستێتەوە و هەرگیز بێگانە پەرستی نەکات، چونکە ئەو دڵسۆزی تۆ نییە و کار بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات و هەرکات ئیشی پێت نەما بەجێت دەهێڵێ و ئەو کاتەش تەنها شکست و شەرمەزاری و پەشیمانت بۆ دەمێنێتەوە، هەر بۆیە وتراوە (**سەد ساڵ بکەی بێگانە پەرستی ، دوایی هەر دێنیت نشوستی** (٢٤١). هەر ئەمەش وای لە میللەتی کورد کردووە دژی ستەمکاری بوەستێتەوە و هەمیشە لایەنی ستەملێکراو بگرێت و هەوڵیداوە مرۆڤی ستەمکار هۆشیار بکاتەوە بۆ ئەوەی دەست لە ستەمکردن هەڵبگرێت و مافی کەس نەخوات و ستەم لە خەڵکی نەکات. کورد وتویەتی: (**ڕۆژان ڕۆژیان لە شوێنە** (٢٢٣)ئەی ئەوەی ئەمرۆ دەسەڵاتداریت و دەستت دەڕوات؛ نەکەی ستەم و خراپەکاری بکەیت، چونکە ڕۆژێک دێت ئەو دەسەڵاتەت نامێنێت و ئەو کات کەس ڕەحمت پێ ناکات و هەمووان تۆڵەی خۆیانت لێ دەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی هۆشیارکردنەوەی خەڵکیش دراوە و پێی وتراوە (**بە پێکەنینی زاڵم باوەڕ مەکە**(٧٥) چونکە مرۆڤی ستەمکار ئامانی نییە، وەفای بەرامبەر کەس نییە و هەرکات بوویتە بەربەست لەبەردەم بەرژەوەندییەکانیدا، با هەرچەندە دۆستیشی بیت ئەوا بە سانایی لەناوت دەبات و پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشینانمان بێئومێد نەبوونە لەوەی ستەمکاری درێژە ناکێشێت و لەم بارەیەوە دەڵێ: (**ئاوی زۆردار سەرەو ژوور ئەڕوا** (٢٣) چونکە ستەمکردن هیچکات ناگاتە ئەنجام و مرۆڤ هەرچەندە ستەمی زیاتر بکات کۆتاییەکی خراپی دەبێت.

**تەوەری دووەم: بەها ڕەوشتی و ئاکارییەکان لە پەندی پێشیناندا:**

ئاکار و ڕەوشتی جوان بەها و پایەی مرۆڤ بەرزدەکاتەوە، بەجۆرێک کە مرۆڤ بەهۆی ڕەوشتی جوانەوە خۆشەویستی خەڵک بەدەست دەهێنێت. گەلی کورد خاوەن ئاکار و ڕەوشتی بەرزە و مرۆڤی خاوەن ڕەوشت لەناو کوردا پلە وپایەیەکی بەرزی هەیە و کەسانی ڕەوشت نزمیش بەچاوێکی کەم سەیر دەکرێن .ڕەوشت نیوەی جوانی مرۆڤە و لوتکەی کەسایەتییەکەیەتی، مرۆڤ هەرچەندە جوان و کەشخە بێت، بەڵام ئەگەرڕەوشتی خراپ بێت ئەوا جوانییەکەی هیچ بەهایەکی نامێنێت. هەر ئەمەش وایکردووە مرۆڤ گرنگیەکی زۆر بەم لایەنەی کەسایەتی بدات. (بلینێسکی) دەڵێت: (جوانی خوشکی دڵبەند و بەهەقیڕەوشت و ئەخلاقە، ئەگەر بەرهەمێک، بەڕاستی بەرهەمێکی پتەوی هونەریی بێت،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

ئەوا بەرهەمێکیشە بەڕاستیڕەوشتی و ئەخلاقییە)(ئیحسان تەبەری،١٩٩١،١٧). گرنگیدان بە ڕەوشت و ئاکارە بەرزەکان لەو بابەتانەن کە لە پەندی پێشینانندا ڕەنگدانەوەی هەیە.
ڕەوشتبەرزی ئامانجی پەروەردە و بناغەی کۆمەڵگای تەندروست و میللەتی سەرکەوتووە، چونکە ئەگەر کۆمەڵگا پابەندی بەها ڕەوشتییەکان بوو، ئەوا کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، گەندەڵی و خراپەکاری و تاوان لەو کۆمەڵگایەدا کەم دەبێتەوە.
کورد دەڵێ: (**تاجی ئەدەب لەسەر نێ ، هەموو جیهان لەبەرنێ**(١٣١) لەم پەندەدا پێشینانمان زۆر بەوردی تانوپۆی ڕەوشتیان کێشاوە و ڕەوشتبەرزییان بە تاجی پاشایەتی چواندووە، چونکە پاشا بەهۆی پێگە و ناوبانگەکەیەوە دەتوانێت بۆ هەموو جێگەیەک بڕوات و بەردەوام ڕێزلێگیراویشە، بە هەمان شێوە مرۆڤی ڕەوشتبەرزیش بە هۆی ڕەوشتە بەرزەکەیەوە دەتوانێت بۆ هەموو شوێنێک بڕوات و خەڵکی ڕێزیشی لێدەگرن. هەروەها لە پەندێکی تردا هاتووە (**پەرژینی پیاو ئەدەبە**(١١٥) بێگومان ڕەوشتبەرزی دەبێتە پەرژینی مرۆڤ و دەیپارێزێت لە خراپەکاری و لەڕێ لادان و ناوبانگی خراپ، تەنانەت خراپەکارەکانیش ناتوانن لێی نزیک ببنەوە و هەوڵی لە خشتەبردنی بدەن، چونکە دەزانن ڕەوشتەکەی دەیپارێزێت و ڕێگەی تاوان و خراپەکاری پێنادات.جوانی یەکێکە لە بەها زاڵەکانی ئافرەت و زۆرجار جوانییەکەی دەبێتە ناوبانگ بۆی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت خاوەن ڕەوشتی بالاش بێت، چونکە پێشینان وتوویانە: (**جوانی ئافرەت وا بە ڕەوشت و** خویەوە (١٤٦) ئەمەش لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ڕەوشتی جوان ناشیرینییەکانی مرۆڤ دەشارێتەوە و ڕەوشتی ناشرینیش جوانییەکانی مرۆڤ دادەپۆشێت و بەهای ناهێڵێت. هەروەها پێویستە مرۆڤ ئاگاداری ڕەوشت و ئاکاری خۆی بێت و دووربێت لە خراپەکاری، چونکە هەندێکجار یەک کاری خراپ دەبێتە هۆی ناوزڕاندنی کەسەکە و لەکەدارکردنی کەسایەتییەکەی، وەک وتراوە: (**کراسێ بە پیسی، هەزار بە پاکی**(٣١٥). حەقویستیئاکارێکی جوانە، بنەمای پێکهێنانی کەسایەتییەکی تەندروستە و یەکێکە لە بەها بالاکان، کە بتوانین نەوەکانی داهاتوومانی لەسەر پەروەردە بکەین. لە پەندێکدا هاتووە: (**حەق ئاو ڕائەوەستێنێ**(١٦٠) چونکە سروشتی مرۆڤ وایە حەزی لە سەرکەوتنی حەق و ژێرکەوتنی ناهەقە، هەربۆیە هەرکاتێک ڕوونبووەوە حەق لەلای کێیە ئیتر دەبێت هەموومان ڕاوەستین و ملکەچی بین و کۆتایی بە بابەتەکە بهێنین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کەس لەبەر بەرژەوەندی تایبەتیانڕەنگە پشتی ناحەق بگرن، هەربۆیە پێشینان لەم پەندەدا ئەوانە بە خزمەتکاری ستەمکاران دادەنێن کە دەڵێ:(**ئەوی پشتی ناحەق بگرێ ، نۆکەری زاڵمە**(٥٩) چونکە تەنها ستەمکارەکان و نۆکەرەکانیان دان بە حەقدا نانێن و هەرکاتێک بەرژەوەندییەکانیان کەوتە مەترسییەوە، ئەوا دژی حەق و خاوەن حەق دەوەستنەوە. پێشینان لە پەندێکی تردا هانی خاوەن حەق دەدەن دەستبەرداری حەقەکەی نەبێت و لەپێناو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەدەستهێنانیدا هەموو هەوڵێک بدات. پێشینان وتوویانە: (**حەق نادرێ، ئەسەنرێ**(١٦٠) واتە مرۆڤ پێویستە حەقخواز بێت و پشگیری حەق بکات و لەپێناویدا قوربانی بدات.
ڕاستیویستی وڕاستگۆیی یەکێکە لە سیفەتە هەرە دیارەکانی کەسایەتی مرۆڤ و پێوانەی ڕەوشت بەرزی و ئاکارجوانی مرۆڤ. ڕاستیهاندەری مرۆڤە بۆ چاکەکاری و ڕێگای ڕستی مرۆڤایەتی و بە پێچەوانەشەوە چەوتی و درۆ دەبنە بناغەیەکی نادروست و هاندەری خراپەکاری. پێشینان وتویانە:(**ڕاستی ڕەفتی ، چەفتی کەفتی** (٢١٩) چونکە هەمیشە ڕاستی لە کۆتاییدا سەردەکەوێت و ناڕاستیش هەر ڕووندەبێتەوە و کەسانی ناڕاستیش هەر تووشی شکست دێن. هەروەها لە پەندێکی تردا هاتووە:(**ڕاست بە و بەلای شێردا بڕۆ**(٢١٩) چونکە مرۆڤی ڕاست باکی بە هیچ مەترسییەک نییە و لە هیچ شتێک ناترسێ، چونکە دەزانێت هیچ هەڵەیەکی نەکردووە و ڕاستبوونەکەی دەیپارێزێت.

بەها باڵاکانی کۆمەڵگە بە گشتی لە دابونەریت و ئایینەوە وەرگیراون، هەربۆیە لە زۆر شوێندا ئەم بەهایانە دەبەسترێنەوە بە خودا و ئایینەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی ببێتە هاندەرێکی باشتر بۆ پابەند بوون بەم بەهایانەوە، لەم پەندەدا:(**خوا ڕاستە و ڕاستی لێ خۆش دێ**(١٧١ )ئامۆژگاری کراوین بۆ ئەوەی ڕاستیویست بین، چونکە ئەگەر وامان کرد ئەوکاتە خوداش خۆشی دەوێین و لە ژیانیشدا سەربەرزانە دەژین. لە پەندی (ڕاستی دۆستی خوایە)()ئەوە خراوەتەڕوو کە مرۆڤی ڕاست هەمیشە خۆشەویستی خودایە و ئاینی ئیسلام زۆر جەختی لەسەر ڕاستی و ڕاستگۆیی کردووەتەوە، بەشێکی زۆر لە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر "درودی خوای لێبێت" هانی مرۆڤیان بۆ ڕاستگۆیی داوە. پێغەمبەر "درودی خوای لێبێت" دەفەرموێ:(إن الصدق يهدى الى البر وإن البر يهدى الى الجنه، وإن الرجل ليصدق حتى يكتب عند الله صديقا) (ابى زكريا يحيى بن شرف النووى الدمشقى، ٢٠٠١، ٥٧ )واتە: ڕاستی ڕێنیشاندەرە بۆ چاکە، و چاکەش ڕێنیشاندەرە بۆبەهەشت، و مرۆڤ لە قسەکانیدا ڕاست دەڵێ هەتا لای خوا بە ڕاستگۆ لەقەڵەم دەدرێ.

کۆمەڵگای کوردەواری هەروەکچۆن ئەوەندە گرنگیبە ڕاستی داوە، بەهەمان شێوە درۆکردنیش گرنگی پێدراوە و هانی مرۆڤ دراوە بۆ ئەوەی لێی دوربکەوێتەوە. پەندی (**چرای درۆ بێ شەوقە**(١٥٥) ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە کەسانی درۆزن لەناو کۆمەڵگادا بەهایەکی نزمیان هەیە و بە چاوێکی سووک سەیر دەکرێن و کاتێک درۆ دەکەن هەموو کەس دەزانێت درۆ دەکەن و بڕوایان پێ ناکرێت. هەروەها پەندی (**درۆزن دوژمنی خوایە**)(٢٠٢) دەربڕی ئەم بیرەیە، چونکە درۆکردن لە قەدەغەکراوەکانە و یەکێکە لە ڕەوشتە ناشرینەکان و تاوانێکی گەورەشە. مرۆڤ بەهۆی درۆکردنەوە لەناو خەڵکدا بە چاوێکی نزم سەیر دەکرێت و لای خواش ڕیسوادەبێت و توشی دۆزەخ دەبێت. پێغەمبەر "درودی خوای لێبێت" دەفەرموێ:(إن الكذب يهدى الى الفجور وإن الفجور يهدى الى النار، وإن الرجل


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

يكذب حتى يكتب عند الله كذابا)(ابى زكريا يحيى بن شرف النووى الدمشقى، ٢٠٠١، ٥٧)واته: بێگومان درۆ ڕێنیشاندەرە بۆ خراپەکاری، و خراپەکاریش ڕێنیشاندەرە بۆ ئاگر، و بەردەوام مرۆڤ درۆدەکات هەتا لای خوا بە درۆزن لەقەڵەم دەدرێ.

هەوڵدانو تێکۆشان یەکێکی ترە لەو بەهایانەی کە پەندی پێشینان گرنگی زۆری پێداوە. مرۆڤ تەنها بەهۆی هەوڵدانەکانییەوە دەتوانێت سەرکەوتوو بێت و بە ئامانجەکانی بگات. پێشینانی کورد باسیان لە گرنگی هەوڵدان و تێکۆشان کردووە لەپێناو بەدیهێنانی ئامانج و ئاواتەکان. لە پەندێکدا هاتووە:(**ڕەنج سەرەنجامی گەنجە** (٢٢١) واتا ئەو کەسەی هەوڵدەدات و کار دەکات، ئەوا (گەنج) بەدەست دەهێنێت.هەروەها هاتووە (**بدە ڕەنج ، بخۆ گەنج**(٩٥) ڕەنج و ماندووبوون دەبنە هۆی بەدەستهێنانی پارە و سامان، کە مرۆڤدەتوانێت هەموو شتێکی پێ بکڕێت و سەربەرزانە پێی بژێت، چونکە (**دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە**(١٩٥)و ئەو کەسەی هەوڵدەدات و خۆی ماندوو دەکات بژێوی ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵی دەبین دەکات و بە برسێتی و داماوی نامێنێتەوە. هەروەها دەبێتە خۆشەویستی خەڵکیش، چونکە مرۆڤ هەر بە سروشت کەسانی ئیشکەریان خۆش دەوێت و بەچاوی سووک سەیری ئیشنەکەریان کردووە، وەک هاتووە: (**ئیشکەری خۆتی ، خۆشەویستی خەڵکی**(٦٤). میواندۆستی لە سیفەتە بەرزەکانی کۆمەڵگای کوردەوارییە و لە دابونەریتە جوانەکانە. پێشینانمان هەمیشە میواندۆست بوون و ڕێزی میوانیام کردووە و هانی نەوەکانیشیان داوە کە میواندۆست بن. کورد دەڵێ: (**میوان ئازیزە**(٣٩٥) چونکە کەسانی میواندۆست هەمیشە بە میوانداری میوان و خزمەتکردنی میوان ئاسوودە دەبن و هەست بە ئارامی دەکەن. کۆمەڵگای کوردی بڕوایەکی پتەویان بەوە هەیە میوان قەزاوەگێڕی بەلا و نەهامەتییە و خودا بەهۆی میوانەوە پیت و بەرەکەت و میهرەبانی بەسەر ماڵی خانەخوێدا دەڕژێنێت، بۆیە پێشینان وتوویانە: (**میوان دیاری خوایە**(٣٩٥) چونکە خودا ئەو ماڵەی خۆشویستووە بۆیە ئەم دیارییەی بۆیان ناردووە. هەروەها پێشینانمان هسنمان دەدەن لە کاتی میوانداری کردندا ڕووخۆش و دەم بەخەندە بین و ڕێزی تەواو لە میوان بگرین تا میوان وا هەست شەرمەزاری نەکات، چونکە ئەزموون ئەوەی سەلماندووە کە میوان هێندەی چاوی لە میوانداری و ڕووخۆشی خاوەن ماڵە، هێندە خواردن بەلایەوە گرنگ نییە، بۆیە وتراوە: (**نانت جۆین و خۆلقت گەنمین بێ**(٤٠٠).

زمانشیرینی و قسەخۆشی یەکێکن ترن لەو بەها بالایانەی لە پەندی پێشیناندا وەک لایەنێکی جوانی کەسایەتی مرۆڤ و ڕێگەیەکی دروست بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک و هاندانیان بۆ ئەوەی گوێی لێ بگرن و ئەگەر داواکارییەکی هەبوو بۆی جێبەجێ بکەن، ئەمەش لەبەرئەوەی لە ڕووی دەروونییەوە کاریگەرییەکی زۆر لەسەر بەرامبەر دروست دەکات. کورد دەڵێ: (**مار بە قسەی خۆش لە کون دێتە دەر**(٣٦٩) لەم پەندەدا ئەوەمان بۆ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

ڕوون کراوەتەوە کە مرۆڤ بەقسەی خۆش دەتوانێت کاریگەری نەک تەنها لەسەر مرۆڤە باشەکان دابنێ، بەڵکو دەتوانێت مرۆڤە خراپەکانیش بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە و وای لێبکات داواکارییەکانی جێبەجێ بکات. زمانشیرینی هێندە لای پێشینانمان بایەخی پێدراوە تەنانەت ڕەهەندێکی ئایینییان پێ بەخشیووە و وتوویانە: **(زمانی شیرین لە بەهەشتەوە هاتووە)**(٢٣٣) ئەمەش لەبەرئەوەی ببێتە هاندەرێکی باش بۆ ئەوەی گرنگی بەم سیفەتە بدەین و خۆمانی پێ برازێنینەوە.

**بەشیچوارەم (بەها ئایینییەکان لە پەندی پێشینان‌دا):**

گەلی کورد بەزۆریی موسڵمانن و لەو گەلانەیە بە زوویی ئاینی ئیسلامیان وەرگرت و پێوەی پەیوەست بوون و بە ویستی خۆیان و بە ئاشتی ئاینی تازەیان وەرگرت، چونکە (تێفکرین کە ئەم ئاینە تازەیە موافیقی تەبع و وجدانیانە، لەبەر ئەوە بە ئاسانی و بەرە بەرە قبوڵیان کرد)( حەسەن مەحمود حەمەکەریم،١٩٩٨، ١٧٨)لەبەرئەوەی ئاینی ئیسلام بریتییە لە (قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر-دروودی خوای لێ بێ- ) و ئەوانیش بە زمانی عەرەبین و تێگەیشتنیان لەلایەن خەڵکی نەخوێندەواری کوردەوە ئاسان نەبووە، بۆیە شێخ و مەلا و مامۆستا ئاینییەکان هەوڵیان داوە بنەما و بنچینە و ڕێساو دەستوور و ئامۆژگارییەکانی ئاینی ئیسلام لەشێوەی پەندی پێشیناندا دەرببڕن، کە ئەمەش گرنگییەکی زۆری هەبووە لەسەر پەروەردەکردنی خەڵک و ڕێنموویيان بەپێی ئەم ئاینە. د. شوکریە ڕەسوڵ دەڵێت:(مەسەلەی ئاینی لە پەندی پێشیناندا جێگایەکی دیاریکراوی هەیە و زۆری لەسەر وتراوە، چونکە ئاین کارێکی بەهێزی کردۆتە سەر فراوان کردنی پلەی زانیاری گەلی کورد، ئەم جۆرە پەندانە بوونەتە قوتابخانەی فراوانی پتەوکردن و فێرکردنی بڕوای ئاینی کە لەسەر بناغەی بڕوا بە ژیانی پاش مردن دامەزراوە)( شوکریە ڕەسول ئیبراهیم، ١٩٨٤، ٩٧).

کورد دەڵێ: **(خوا لە سوڵتان مەحمود گەورەترە)**(١٧٢)خوا لە هەموو پاشا و سوڵتانێک گەورەترە، خوا گەورەی گەورەکانە، دەسەڵاتی بەسەر هەموو بوونەوەردا هەیە، هەرچییەک بیەوێت ئەنجامی بدات کەس ناتوانێ پێشگیری لێ بکات، خوای گەورە دەفەرمووێ:(عالم الغيب والشهادة الكبير المتعال)الرعد:٩، واتە:(ئەو زاتە زانای نهێنی و شاراوەکانە هەروەها زانای ئاشکرا و بینراوەکانیشە، زاتێکی زۆر گەورە و بە شکۆ و بڵند و پایەدارە) (بورهان محەمەد ئەمین، ٢٠٠٢، ٢٥٠).

خودا ئەو زاتەیە کە هەرگیز گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، بوونەوەر و مرۆڤایەتی و سەرجەم گیانداران گۆڕانیان بەسەردا دێت، لە دایک دەبن و دەژێن و لە ناودەچن و دەمرن، بەڵام خوا هەر بووە و هەر دەبێ و دوورە لەو جۆرە سیفەتانەوە، چونکە ئەگەر وانەبێت ئەوا خواداری بۆ ناکرێت کە ئەمەش دوورە لە خوای گەورەوە. پەندی **(هەر خوا لە قەرارەکی**



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**دەمێنێ**)(٤٣٣) ئەم بیرە دەردەخات، هەروەها لەلایەکی ترەوە ئەم پەندە ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ مرۆڤێک

لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە یەک شێوە نامێنێتەوە یان یەک خووڕەوشتی نابێت بەڵکو قابیلی گۆڕانە لە خراپەوە بۆ چاکە یان بەپێچەوانەوە.هەروەها پەندی (**کە وتی تێژ تێژ**)(٣٠٠) باڵادەستی و بەتوانایی خودا دەردەخات و ئەڵێن (کابرایەکی شارەزووری لەوی تر ئەپرسێ برا چۆن خوا ئەم دڕکانەی تێژکردووە؟ ئەویش ئەڵێ: برا کەوتی تێژ تێژ، جا ئەمە هەرچەندە لە لێکۆڵینەوەیەکی سادەوە پەیدابووە، بەڵام تەواو تێگەیشتنی ئەو ئایەتەی قورئانە کە ئەفەرمووێ:( إنما أمره إذا أراد شيئا أن يقول له كن فيكون) يس:٨٢، واتە: بێگومان هەرکاتێک فەرمانی خوا دەرچوو ویستی شتێک جێبەجێ بکات و بیهێنێتەدی پێی دەڵێت ببە ئەویش دەست بەجێ و بێ دواکەوتن پێش دێت و ئەنجام دەدرێت و دروست دەبێت ( بورهان محەمەد ئەمین، ٢٠٠٢، ٤٤٥) هەروەها پەندی (**ئەو کەسەی گیان ئەدا گیانیش ئەسێنێ**)(٥٣) مەبەست خوایە و یەکێک لەو دەستوور و پەیڕەوانەی کە خوای گەورە لە بوونەوەردا داناوە و ژیان و مردنە، خوای گەورە خۆی وەچەبە مرۆڤ دەدات دەیژیێنێ و لە هەمان کاتیشدا مرۆڤ دەمرێنێت، کە مەبەست لە ژیان و مردنیش تاقیکردنەوەی مرۆڤە، وەک دەفەرمووێ:( الذي خلق الموت والحياةليبلوكم أيكم أحسن عملا وهو العزيز الغفور) الملك:٢،واتە:(هەر ئەو خۆی مردن و ژیانی بەدیهێناوە، تا تاقیتان بکاتەوە کێتان کردەوەی چاکتر و پەسەندترە...)( بورهان محەمەد ئەمین، ٢٠٠٢، ٥٦٢).

پەندی (**دنیا بازاڕی خوایە**)(٢٠٦) بەو واتایە دێت کە خوا دنیای دروست کردووە بۆ ئەوەی ببێتە جێگای تاقیکردنەوەی مرۆڤ و هەر کەسێکیش لە دنیادا کاری چاک بکات و ڕەزامەندی خوا بەدەست بێنێت ئەوە براوەیە و بەپێچەوانەشەوە ئەوانەی کارو کردەوەی خراپ دەکەن و کار بۆ ڕەزامەندی خوا ناکەن ئەوانە دۆڕاون، چونکە توشی سزای دۆزەخ دەبن. خوا دەفەرموێ:( يا أيها الذين آمنوا هل أدلكم على تجارة تنجيكم من عذاب أليم تؤمنون بالله ورسوله وتجاهدون في سبيل الله بأموالكم وأنفسكم ذلكم خير لكم إن كنتم تعلمون)الصف:١٠-١١، واتە: (ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، دەستنیشانی بازرگانییەکتان بۆ بکەم کە لە سزایەکی بە ئێش ڕزگارتان بکات؟! سەرەتا باوەڕهێنانتانە بە خوا و پێغەمبەرەکەی، ئینجا هەوڵ و تێکۆشانتانە لە ڕێگەی خودا بە بەخشینی ماڵ و سامانتان، وە بەخشینی خۆتان، بێگومان ئەو کارەتان چاکتر و بە فەڕترە بۆتان ئەگەر بزانن و تێبگەن) (بورهان محەمەد ئەمین، ٢٠٠٢، ٥٥٢)

لە ڕۆژی دواییدا تەرازووی خوا دادەنرێ بۆ کێشانە و پێوانەی کردارەکانی مرۆڤ و پێشینانیش وتویانە (**بزن بەپێی خۆی ئەکرێ بە دارا و مەڕیش بەپێی خۆی**)(٩٨) لێپرسینەوەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەگەڵدا دەکرێ و هەموو شتێک سەرەنجام و پاشەڕۆژی خۆی هەیە. خوا دەفەرموێ: (**فمن يعمل مثقال ذرة خيرا يره ومن يعمل مثقال ذرة شرا يره**)الزلزله: ٧-٨، واتە:(جا ئەوەی بە قەدەر سەنگی گەردیلەیەک خێر و چاکەی ئەنجام دابێت دەیبینێتەوە، ئەوەش بە قەدەر سەنگی گەردیلەیەک شەڕ و خراپەی هەبێت دەیبینێتەوە) ( بورهان محەمەد ئەمین، ٢٠٠٢، ٥٩٩) .

مرۆڤ لە ژیانی دنیادا هەر کار و کردارێک کە ئەنجامی دەدات بەرهەمەکەی هەر بۆ خۆی ئەگەڕێتەوە. کورد دەڵێ:(**خاس کەیت بۆ خۆتە و خراپ کەیت بۆ خۆتە**)(١٦٣) ئەگەر مرۆڤ کاری چاک ئەنجام بدات ئەوا خوا پاداشتی چاکەی دەدرێتەوە و ئەگەر کاری خراپیش ئەنجام بدات ئەوا تووشی سزای خوا دەبێت و هیچ کەسێکیش ستەمی لێ ناکرێت. خوا دەفەرموێ:( من عمل صالحا فلنفسه ومن أساء فعليها وما ربك بظلام للعبيد) فصلت:٤٦، واتە: (ئەوەی چاکە بکات پاداشتی چاکەکەی بۆخۆیەتی، ئەوەش کە خراپە و تاوان بکات هەر لەسەرخۆی دەکەوێت، دڵنیابە کە پەروەردگاری تۆ بچوکترین ستەم لە بەندەکانی ناکات)( بورهان محەمەد ئەمین، ٢٠٠٢، ٤٨١) مرۆڤیش لە دنیادا هەر کارێک ئەنجام بدات چ باش بێت چ خراپ ئەنجام و پاداشتی خۆی هەیە لە ڕۆژی دواییدا.

**ئەنجام:**

١- بەها باڵاکان بەشێوەیەکی فراوان لە پەندی پێشینانداا ڕەنگیان داوەتەوە و پێشینانمان پەندەکانیان کردووەتە مینبەری پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵ

٢- کتێبی (پەندی پێشینانی شێخ محەمەدی خاڵ) کتێبێکی بەنرخی بواری ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردییە و ژمارەیەکی زۆری پەندی پێشینانی کوردی لە فەوتان پاراستووە.

٣- لە پێکهاتەی پەندی پێشینانداا گرنگییەکی زۆر بە بەهای ئیستاتیکی دراوە و لەم ڕێیەوە جوانی و چێژ بە بەر پەندەکاندا کراوە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی لەبەربکرێن و لە هزری تاکەکانی کۆمەڵدا بمێننەوە.

٤- کورتبڕی تایبەتمەندییەکی سەرەکی پەندی پێشینانە و بەشێوەیەکی گشتی پەند چڕکراوەی ئەزموون یان ڕووداو و بەسەرهاتێکە.

٥- پێشینانی کورد بەها کۆمەڵایەتییە بەرزەکانی وەک ڕەوشت جوانی، ڕاستگۆیی و بەوەفایی و حەقویستی و هەوڵدان و میواندۆستی و ...یان لە بۆتەی پەندی پێشینانداا خستووتەڕوو.

٦- ئاینی ئیسلام بە شێوەیەکی فراوان لە پەندی پێشینانداا ڕەنگی داوەتەوە، بە جۆرێک تەنانەت کۆمەڵێک پەندی پێشینان ناوەڕۆکێکی ئاینیشیان نییە، بەڵام وشەیەک یاخود زاراوەیەکی ئەم ئاینەیان تێدایە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## سەرچاوەكان:

قورئانی پیرۆز
١. ابی زكريا يحيی بن شرف النووی الدمشقی (٢٠٠١)، رياض الصالحين، ط١، مطبعة دار فكر، بيروت.
٢. ئیحسان تەبەری(١٩٩١)، لەسەر هەندێک مەسەلەی ئیستاتیک و هونەر، و: هێدی، چ١، ئاڵمان
٣. بورهان محەمەد ئەمین(٢٠٠٢)، تەفسیری ئاسان، چ٣، چاپخانەی (اسوه)، قوم.
٤. حەسەن مەحمود حەمەكەریم،١٩٩٨، كوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا، چ١،چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
٥. شێخ محەمەدی خاڵ (٢٠٠٧) ، پەندی پێشینان، چاپی سێیەم،چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٦. شێخ محەمەدی خاڵ(٢٠٠٧)، ناڵەی دەروون، چاپی یەكەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
٧. شوكریە ڕەسول ئیبراهیم (١٩٨٤)، ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، بەشی دووەم، چاپخانەی زانكۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
٨. شفيق يوسف البقاعی (١٩٨٥)، ط١، منشورات جامعة السابع من أبريل، بنغازی، ليبيا.
٩. عەلائەدین سەجادی (١٩٥٢)، مێژووی ئەدەبی كوردی، چاپییەكەم، چاپخانەی مەعاریف،بەغدا.
١٠. عەزیز گەردی(١٩٧٢)، ڕەوانبێژی، ب ١، چاپخانەی الجاحظ، بەغداد.
١١. عومەر ئیبراهیم عەزیز(٢٠٠٢)، القيم المرغوبه فی الكتب المنهجيه فی القرن الحادی و العشرون من وجهيه نظر التربويين و النفسيين»، مجله زانكوی سليمانی (الجامعه السليمانيه)، جزء ب، عدد ٩، السليمانية.
١٢. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ(٢٠١٠)، لێكۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
١٣. قومریە محمد نەجیب (٢٠٠٢)، پەندی پێشینان لە ئەدەبی كوردیدا، گۆڤاریرووناكبیر، ژ ٤، سلێمانی.
١٤. كەریم شارەزا (١٩٨٣)، پەندی بەراوردكاری، چاپخانەی سەمیرامیس، بەغداد.
١٥. محەمەد عەبدلكەریم ئیبراهیم(٢٠١٢)، پێكهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبیی نوێوە، چاپی یەكەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٦. مەریوان حسێن فەرحان (٢٠١٧)، جوانكاری لە شیعری وەفاییدا، چاپی یەكەم، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی.
١٧. ناز ئەحمەد سەعید و سدیق ئەوڕەحمان عەلی (٢٠٢١)، ڕەنگدانەوەی بەها پەروەردەییەكان لە هۆنراوەی منداڵاندا، چ١، ناوەندی سارا، سلێمانی.[3]

## پەراویز:

[1] شێخ محەمەدی خاڵ: ناوی تەواوی شێخ محەمەد كوڕی شێخ عەلی كوڕی شێخ ئەمینی خاڵە. لە لە ساڵی ١٩٠٤ لە شاری سلێمانی بنەماڵەیەكی ئاینی ناسراو هاتووەتە دنیاوە. لە منداڵییەوە شەیدای خوێندن و خوێندنەوە و نووسین بووە. خاوەنی كۆمەڵێك بەرهەمی ئاینی و ئەدەبی و مێژوویی و زانیاری گشتییە بە زمانەكانی كوردی و عەرەبی، كە زیاتر لە (٣٠) بەرهەمن. لە ١٥ تەمووزی ١٩٨٩ كۆچی دوایی كردووە. بڕوانە: (شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٧، ل ٣٣١-٣٣٤)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## القيم العليا و انعكاساتها في الأمثال (أمثال شيخ محمد خال انموذجا)

**الملخص:**

بحثنا بعنوان (القيم العليا و انعكاساتها في الأمثال (أمثال شيخ محمد خال انموذجا) لذا يتناول القيم العليا التي توجد في الأمثال و اختيار (أمثال شيخ محمد خال) يعود الى أن الكاتب جمع فيه عددا لا باس به من الأمثال، و اخترنا هذا الكتاب ليكون حدود بحثنا.

يتكون بحثنا من أربعة أقسام: القسم الأول (تحليل مفاهيم البحث) الذي يتكون من ثلاثة محاور. المحور الأول: (القيم العليا) يتكلم عن القيم و القيم العليا، و المحور الثاني يتناول (الأمثال) و المحور الثالث يتعلق بكتاب (الأمثال شيخ محمد خال) و القسم الثاني: (القيم الاستاطيقية في الأمثال) مكونة من ثلاثة محاور أيضا. المحور الأول (أسلوب الأمثال) هنا نظهر جماليات التي تجسدها القدماء عن طريق أسلوب و لغة الأمثال. المحور الثاني حول (أنغام الأمثال) حيث توضح الأنغام و الأوزان و القوافي التي منحت الأمثال الجمال و الجلال. المحور الثالث (بلاغة الأمثال) يتناول بعض الفنون البلاغية في الأمثال.

القسم الثالث (القيم الاجتماعية في الأمثال) يتكون من هذه المحاور. المحور الأول (القيم الفكرية و العقلية في الأمثال) يبين عقيدة القدماء و تصوراتهم حول الحياة و الوجود و الانسانية و المرأة... المحور الثاني (القيم الأخلاقية في الأمثال) يتناول تحليل الأمثال التي توجه خلق أفراد المجتمع.القسم الرابع (القيم الدينية في الأمثال) يبحث انعكاسات الأسس الثابتة للدين الاسلامي في الأمثال.

و تم عرض النتائج في بعض النقاط.

**الكلمات الدالة:** *القيم العليا، الأمثال، القيم الاستاطيقية، القيم الاجتماعية، القيم الأخلاقية، القيم الدينية.*

## High merits and their reflections on the proverbs
### (proverbs of Sheik Mohamadi khal) as example

**Abstract:**

The paper entitled (High merits and their reflections on the proverbs (proverbs of Sheik Mohamadi khal)) as example describes those high values which are exist in the proverbs. The book (proverbs of Sheikh Mohamadi Khal) has chosen because the author has collected plenty of proverbs and also the research to be specified we have selected only that book .

The paper consists of four sections: the first section (theorised the concepts of the research) which are (high merits), (proverbs) and (the proverbs book of Sheikh Mohamadi Khal).

Second section (aesthetical value of proverb) consists of three parts which are (proverb manner) which is here those aesthetics will be illustrated that the ancestors showed through the proverbs. The second part (the music of proverbs) clarifies those musics and rhythms that made the proverbs attractive and decorative. The third part (rhetoric of proverb) describes some rhetoric aspects in the proverbs.

In the third section (social merits of proverb) which consists of ( thought and mind merits of the proverbs) which demonstrate the believes and views of the ancestors about life, existence, humanity and women. The second part (custom and ethic merits of the proverb) analyse those proverbs that directed to the customs and ethics of the community members.

The fourth section (religious merits in the proverbs)which explain the reflections of the principles of Islam as believe, perspective, ethic and custom in the proverb .The results have been showed in some points.

**Keywords:** *high merit, proverb, aesthetical merit, social merit and religious merit.*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# زمان و مانا لەپەندەکانی پیرەمێرد دا

**پ. ی. د. لوقمان ڕەئوف**

بەشی کارگێڕی کار- پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان- سلێمانی، هەرێمی کوردستان/ عیراق

**م. ی. هاشم ئەمین خدر**

بەشی نەوت- پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان، سلێمانی- هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە:**

پەند یەکێکە لە تێکستە فۆلکلۆرییەکانی هەموو میللەتێک، خودی بە فۆلکلۆربوونی پەند بریتییە لە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ژیان لەناو پەندەکاندا، خودی ناو و پەیام و ماناکانیش بریتین لە ڕەنگدانەوەی ئەزموون و گێڕانەوەی کات بۆ لێکدەرەوەی ئەو کەسەی لە ماناکانیان دەگات.

زمان لە پەنددا زمانێکە جیاواز لە زمانی شیعریی، چونکە زمانی پەند ڕەنگدانەوەی زمانی کۆمەڵگەو سەردەمەکەی خۆیەتی و دەلالەت لە ئاست و ئەزموون و گەشەی کۆمەڵگە دەکات، ماناکانیش بریتین لە گوڵاوی ئەزموونی گەلێک بە درێژایی مێژوو.

ئەم لێکۆڵینەوەیە کارکردنە لەسەر ماناو زمان لە پەندەکانی پیرەمێرد، لەلایەکەوە بە مەبەستی لێکدانەوەی ماناکان و ڕەنگدانەوەی پەندەکان، لەلایەکی تریشەوە دیاریکردنی کارنامەو زمان و ئاستی مانایی پەند، ڕەنگدانەوەی لە تێکستی پەندەکانی پیرەمێرد دا.

**پەیڤێن سەرەکی:** *پەند، مانە، کارنامە، کارلێک، دەق*

---

**پێشەکی:**

بەپێی ئەو مێژووەی کە لەبوارە جیاوازەکاندا خراوەتەڕوو، گەلانی وڵاتانی وەك ئەڵمانیا، فەڕەنسا....تاد، خاوەنی فەلسەفە بوون، ئایا گەلی کورد خاوەن فەیلەسوف و فەلسەفەی تایبەت بەخۆیان بوون یان نا؟ ئەگەر جیاکردنەوەی فەیلەسوف کارێکی ئاسان نەبێت و بڕیارێکی وردی بوێت، دەکرێت لەناو ئەم کارو بڕیارەشدا، چەند فەیلەسوفێك دەستنیشان بکرێت، بەڵام ئەگەر لەناو کلتوری کوردا بەدوای فەلسەفەدا بگەڕێین، بۆ ئەوەی بزانین کوردیش خاوەن فەلسەفەی خۆی بووە، یان نا، ئەوا پەندی کوردی لە خۆگری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

چەندین فەلسەفەی جیاواز و بەهێزە کە بریتییە لە ئامۆژگاری، یان ڕاستی گشتی، یان سەرنج و ئەزموون لەبواری کۆمەڵایەتی و سیاسی ....تاد.

لەڕاستیدا پەندو کلتوری نەتەوەیەك، وەک ڕەگەزێکی بەهێزی شوناسی نیشتیمانی و بنەمایەکی گرنگی یەکێتی گەل و پێکەوەییان سەیردەکرێت، چونکە لەگەڵ بوونی گەلەکەدا ئەم پەندانە بوونیان هەبووە و باس لە ئەزموونەکان دەکەن، وەك قوتابخانەی پێگەیاندن، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێکیان وەك پەیامێکی زمانی ڕوون بەکاردێنن و خودی بەکارهێنانەکەشی، پێویستی بە هیچ ڕوونکردنەوەو لێکدانەوەیەك نییە، هەندێکیشیان وەك پەیامێکی ئاماژەو نیشانەن و پێویستیان بە لێکدانەوەی مانایی هەیە بۆ کردنەوەی نیشانەکان (د. ربیعە برباق، تداولیە المثل الشعبی، مجلە رفوف، المجلد التاسع، عدد لثالث، ٢٠١٩، ص١٠٠).

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

- دیاریکردن و ناساندنی زمان لە پەندی کوردیدا
- خستنەڕووی تایبەتمەندی و ڕەنگدانەوەکانی لەسەر خوێنەر
- ئەو مانایەی پەندەکان دەیگەیەنن، هەڵگری مانای وشەکانە یان ئەزموونەکەیە؟
- مانای پەند، ناسنامە و شونای سەردەمەکەی خۆیەتی یان نا؟

**بەشی یەکەم: چەمک و پێناسەی پەند:**

پەند بەگشتی بنچینەکەی چیرۆکە، واتە ئەو هەڵوێستە سەرەکییەی بووەتە هۆی هاتنەئارای پەندەکە، چیرۆکێک، یان ڕوداوێک بووە، بەهۆی جیاوازی کاتەکان و جۆری دەربڕینەکان و نوسینەکان و توانستەکان وایکردووە لەم قاڵبەدا دەربکەوێت، بەوپێیەی پەندەکان هونەری خستنەڕوون و خواستەکان لە عەقڵەکان نزیکدەکاتەوە، ماناکان لە دەروندا جێگیر دەکات، نارەسەنەکان لە ڕاستییەکان لادەبات، (اجداد سید اسماعیل حسینی، مکان المثال في الادب العربی، السنه الثالثه، العدد التاسع، ص٢٦.

د.عزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەڵێت" پەند بریتییە لە بەرهەمێکی زۆرکۆنی خەڵک، ئەم پەندە هەمیشە لەلای گەلانی سەرەتایی و سادە، فەلسەفەی ڕاستەقینەو لەکارو ڕەوشت و خووە) (د.عزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەغدا، ١٩٧٠، ل٧٨)، لەگەڵ ئەوەشدا پەند لە زماندا بە بەشتێک دەوترێت کە هەڵگری مانایەکی تر بێت لەوەی دەردەبڕرێت، راغب الاصفهانی دەڵێت"پەند بریتییە لە لێکچوواندنێکی ماناداری تر" (راغب الاصفهانی، د. ت، المفردات فی غریب القرانمکتب مصطفی، مادە (مثل)

یاخودلە زمانی کوردیدا "پەندی پێشینان بە وتەیەك دەڵێن، کە بە چەشنی سەمبولێك و جاری واش هەیە، بە چەشنە نەزمێکی وەك شیعر، مانایەك دەگەیەنێت و پەند و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئامۆژگاریەك دەكات" (ح.س. سۆران، زمان، ویژە و فۆلكلۆری كوردی، ئێلێكترۆنیك، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٣٦).

فارابی دەڵێت: "پەند ئەوەیە كە هەمووان لێی ڕازین، بە تایبەتی لە دەربڕین و مانادا" جلال الدين السيوطی، د.ت، المزهر فی علوم اللغه وانواعها، دار الكتب الاسلاميه، الجزء الاول، ص٤٨٨) هەرلەبەرئەمەشە پەندەكان ناگۆڕێن، چۆن هاتوون هەروا دەڕۆن و بەردەوام دەبن، مرۆڤەكان وەك ئەوەی هەن و مانا دەگەیەنن بەكاریدەهێنن، نەك چۆن بمانەوێت بەكاریانبهێنین، بۆیە پەندەكان لەسەر بنەمای چەند شتێك بونیادنراون:

١. لەسەر بنەمای ڕووداوەكان بونیادنراون.
٢. حیكمەتێكن وەك بەڵێن، یان بەهێزی وەك ماناكانیان.

پەند یەكێكە لە ڕاستگۆترین ئەو شتانەی كە باس لەئاكار و بیركردنەوەو عەقڵی گەلێك دەكات، لەگەڵ ئەمەشدا ڕوانین و وێنەو هەستی ژیانی كۆمەڵایەتی، سیاسی، زمانەوانی و...تاد دەخاتەڕوو. لە پەندا چوار شت كۆدەبنەوە كە لەشتەكانی تردا كۆنابنەوە، هەربۆیە لەپەندا (بەرزی و كوالێتی نوسین كە لوتكەی ڕەوانبێژیدایە، لێكچوواندنێكی باش، مانای بریندار، هێزی قسەلەدەربڕیندا). (د.محمد عبد المنعم خفاجي، الشعر الجاهلي، دار الكتاب،١٩٨٦، ص ١٤٥.) هەرلەبەرئەمەشەكە پەند وشەیەكی بەپێزی بەناوبانگە لەسەر كارێك بە زمانێكی كاریگەر.

پەند بریتییە لەو زانیاریانەی كە مرۆڤەكان لە ئەنجامی ئەزموونكردنی شتەكان و ڕەنگدانەوەی ئەزموونەكان سەریانهەڵداوە، بە مانایاكی تر بریتییە لە ئەزموون و وێنای ڕاستگۆیی مرۆڤ بۆ واقع و ڕوانین لە كردارەكان، ئامانجیش لە خودی پەند ئامۆژگاریكردن و ڕێنوێنیكردنی خەڵكییە بە گشتی، هەروەها خستنەڕووی ئەزموونی تاكە، بەمەبەستی ناساندن و ئەزموون پەیداكردنی ئەوانی تر، جگە لەمەش هۆكارێكی ناساندن و بەرچاو ڕوونییە بۆ خەڵكی، یان پەند پێش ئەوەی ببێتە دەقێكی نوسراو، قسەیەكی زارەكی وتراوە و لە ساتێكی مێژوویی گەلەكەدا دروستبووە، بێ ئەوەی ئەوەی دەیڵێیت بزانێت موڵكی هەموانە، نەك هی تاكێكی دیاریكراو.

دارسو دەڵێت (پەند وتەیەكی فێركارییە و خاوەن كوالێتییەكی باش و شێوازە) (فوزي العنتيل، بين الفولكلور والثقافة الشعبية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٧٨، ص٣١١) لەراستیشداو لەبنچینەدا یەكێك لە كارە گرنگەكانی پەند، ئەم كارنامانەبووە، بۆیە پەند لە مێژووی ژیانی كوردا و لەڕووی كاریگەریی و جێكەوتەوە، مێژووەكەی پرشنگدارە، چونكە لە لایەك ڕۆڵی مامۆستا و ڕابەر و ڕێنیشاندەری بینیوە، لەلایەك وەك بڕیاری دادوەر كاریگەری لەسەر دیاریكردنی سنورەكان هەبووە، ئەمە چ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

وەک گەورە، چ وەک پەروەردەی منداڵان، جگە لەمەش ئەم ڕۆڵەی کەم تا زۆر و بەپێی شوێن و کارەکە دوبارە ڕۆڵی خۆی تاوەکو ئێستا لەدەستنەداوە، چونکە مانای پەند وەک گەوهەر وایە و ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بیسەرەکەی دروستدەکات.

سەبارەت بە یەکەم بەرهەمی پەندی پیشینان، د.عزەدین مستەفا رەسوڵ دەڵێت"کۆنترین کۆمەڵەی کۆکراوە، ئەوەیە کە لەساڵی(١٩٣٣) ئیسماعیل حەقی شاوەیس بەناوی( قسەی پێشینان) کۆیکردونەتەوە"( د.عزەدین مستەفا رەسوڵ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەغدا، ١٩٧٠، ل٧٧).

سەبارەت بە زاراوەی کارنامە (function) بەو ڕۆڵە دەوترێت کە هەموو ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی زنجیرەی ئاخاوتن دەیبینێت، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی بەڕەگەزە پێکهاتەییەکانی ترەوە هەیە) (د. عبدالقادر عبد الجليل، علم اللسانيات الحديثه، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٢، ص٢٦)، لەناو ئەم کارنامانەشدا مەبەست لەو مانایانەیە کە خودی کارنامەکان دەیگەیەنن، بۆیە (چەمکی واتایی گەلێ وشەو دەربڕینەو پەیوەندیان بە دیاردەی دابو نەریتەوە هەیە، (لەڕوسییەوە: میدیا، سەرەتایەکی زمانناسی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ١٩٨٨، ل ١٧).

زمان بە مانا گشتیەکەی هۆیەکە بۆ لێکتێگەیشتن، بۆیە دەبێتە هۆکاری بەیەکەوەبەستنی کۆمەڵگەکان، هەم لەناو خۆیان، هەم لەگەڵ گەلانی تردا، بۆیە (زمان کەرەسەیەکی ئاخاوتنە و تاکەکان ڕۆڵی تایبەتی تیا دەبینن و بابەتەکانی پەروەردە و دەروونناسی و فەلسەفە ئاوێتە بەبن) (د. عبدالقادر محەمەد ئەمین، بنیاتی کارنامەیی لەدەقی نوێی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٧).

عبدالصبور شاهين دەڵێت"زمان ڕوویەکی تاک و ڕوویەکی کۆمەڵایەتی هەیە و هیچیان بێ ئەوی تریان نابێت" (د. عبدالقادر عبد الجليلل، علم اللسانيات الحديثه، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٢، ص٢٦) هەرچی ڕۆمان یاکوبسنە دەڵێت"زمان تاکە شتە کە ناتوانرێت دابینبکرێت، چونکە کاتێک لەدایکدەبێت، خاوەندارێتی گشتی پێوەیەو تایبەت نییە" د. عبدالقادر عبد الجليلل، علم اللسانيات الحديثه، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٢، ص٣٨) جگەلەمەش قسەکردنو نوسین لەسەر زمان بەگشتیو زمانی شیعریی بەتایبەتی، کارکردنە لەسەر ئەو پایە سەرەکییەی، کە لێیەوە شیعریی بەهێزو نوێ و داهێنەر، لەشیعری دیکە جیادەکرێتەوە، بەمەش گرانترین کار لەشیعردا ،پایەی زمانە، بۆیە شاعیری سەرکەوتوو، لەپێناو سەرخستنی کایە شیعریەکەی، هانا بۆ دروستکردنو بەدەستهێنانی ئەم زمانە باڵایەی شیعری دەبات، تاوەکو لەم ڕێگەوە هەموو ئەو فۆرمو چەمکانەی کە دەیەوێن بیگەیەنێت، لە چوارچێوەی زمانەکەدا جێگەیان بکاتەوە"



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(لوقمان رەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی، ٢٠٠٩).

کروتشە پێیوایە "زمان لە بنچینەدا گوزارشتکردنە لە خود، یان ئامرازی دروستکردن و داهێنانە" (ناصف.و. مصطفى، النظريه المعنى فى النقد العربى، دار الاندلس، بيروت، لبنان، د.ط. pdf، ص١٤٥)، هەروەها د. محەمەدی مەحوی دەڵێت: (زمانی نوسینو زمانی ئاخاوتن، لەڕووی دروستەو پێکهاتەوە، جیاوازییان نییە، تەنیا لە فەرهەنگو گەنجی وشە و چۆنیەتی بەکارهێنانەکانیاندا جیاوازیان هەیە( د. محەمەدی مەحوی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (١)، ساڵی ٢٠٠٠، ل٢، هەروەها پۆل ڤالێری دەڵێت :( زمان لەئەدەبدا هەم کەرەستەو هەم کرۆکیشە) (غازى على، الصوره الشعريه فى الشعر الموريتانى، رساله ماجستير، ٢٠٠٢، ص١٥).

ئەمەش لەگەل ڕای (ڕینیە ویلک) یەکدەگرێتەوە کە (پێداگری لەسەر هەموو کارنامەیەک (سەرچاوەیی، پراگماتیکی) دەمانباتە دەرەوەی سنوری دەق، تاوەکو بەهای دەق لەخودی خۆیدا بزانین). (سفيتان تودوروف، مفهوم الأدب ودراسات أخرى، ص١٤).

رایمۆند ویلیامز چوار مانا دەدات بەو ئەدەبانەی کە سەرچاوەکەیان گەلە، کە بریتین لە: (لای زۆربەی خەڵکی خۆشەویستن، چەندین جۆری ساکار لە کار، کارێک کە مەبەست لێی بۆ ڕاکێشانی خەڵکیە، ڕۆشنبیرییەک کە لەلایەن خودی خەڵکییەوە بۆ خۆیان دروستکراوە) (النقد والدلالة – نحو تحليل سيميائي للأدب، محمد عزام، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٩٦،ص٥٣)، واتە هەموو ئەوانەی کە گەل بەرهەمی دەهێنێت، پەندیش یەکێکە لەو بابەتانەی ئەدەب کە خاوەنەکەی گەلەیە و کە بۆ هەمان تایبەتمەندی و مەبەست بەرهەمیهێناوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا ئەدەب بەدرێژایی مێژوو، خاوەن پێگەو ڕۆڵی خۆی بووە، هەرچەندە (ئەرکی ئەدەب لە چەرخێکەوە بۆ چەرخێکی تر دەگۆڕێت، یان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تری کۆمەڵایەتییەوە، بەم شێوەیەی ئەدەب بەشداری دەکات لە گۆڕینی حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی بۆ حاڵەتێکی تر" (د. عبدالقادر محەمەد ئەمین، بنیاتی کارنامەیی لەدەقی نوێی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٨،ل ٢٢).

تۆدۆرۆف دەڵێت: "هونەر جۆرێکە لە لاساییکردنەوە بەپێی کەرەستە بەکارهاتووەکە جیاوازی تێدەکەوێت، ئەدەب لاساییکردنەوەیە بە وشە، هەروەک وێنەگرتن لاساییکردنەوەیە بە وێنە، بەڵام تایبەتمەندی نەک شێوە لاساییکردنەوە، چونکە ئێمە واقعیەت لاسایی ناکەینەوە، بەڵکو لاسایی کائینەکان و کردەوەکان دەکەین کە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بوونیان نییە، ئەدەب وێناکردنە " (سفيتان تودوروف، مفهوم الأدب و دراسات أخرى، ترجمة: عبود كاسوحة، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ٢٠٠٢، ص١٠).

(پەند پێکهاتەیەکە لە پێکهاتە ڕۆشنبیرییەکانی گەل و خاسیەتەکانی کۆمەڵگەو لەڕێگەیەوە دەتوانین خاسیەتەکانی کۆمەڵگە و داب و نەریتەکانیان دیاریبکەین، جگە لەمەش باشترین هۆکاری ڕێکخستن و پێوانەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتییە، جگە لەمەش لەڕێگەیەوە تاک فێری بەها جیاوازەکان و کردارەکان دەبێت، بەمەش ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت لە ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگەدا)، (سوالمیە نوریە، دور الامثال الشعبیە فی التنشئە الاجتماعیە، مجلە الناصریە للدراسات الاجتماعیە والتاریخیە، مجلد (٩)، دیسمبر ٢٠١٨، ص٢٨١.

(پیرەمێرد ئەم پەندانەی لە ڕۆژنامەی (ژیان)دا بەردەوا بڵاوکردونەتەوە، هەمیشە ئەوەی ڕەچاوکردووە، کە پەندەکە لەگەڵ یەک بارودۆخدا بگونجێت) (سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، ل٥)، کەواتە لەگەڵ ئەوەی خودی پەندەکان بەمەبەستی پەروەردە و دروستکردنی ئەزموون و کارلێکردن وتراون، لەهەمانکاتیشدا پیرەمێرد ئەم پەندانەی بەپێی کات و پێداویستی بڵاوکردوونەتەوە، مەبەست لەمەش هەریەکە و بەپێی لێکدانەوە و ئاستی مەعریفەی خودی ماناکەی وەردەگرێتەوە، هەربۆیە (هەر پەندە و وێنەیەکی کاریکاتێری سەربەخۆیە) (سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، ل٥).

یەکەم پەندی پیرەمێرد لە ژمارە (٣٢٣)ی ڕۆژنامەی (ژیان)دا بڵاوکراوەتەوە، دوا پەندیش لە ژمارە (٤٢٧) بڵاوکراوەتەوە، پاشان لە ژمارە (٤٢٨)ەوە لە ڕۆژنامەی (ژین) بڵاوکراونەتەوە تاوەکو دوا پەند" (سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، ل٥)
"گرنگی ئەم پەندانە لەوەدا دەردەکەوێت، کە پیرەمێرد (بە شیعرێکی سادە و ڕەوان قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و توانج و پلار لەهەموو کردارێکی نا لەبار دەخاتە پێش چاو) (سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، ل٦).

### هۆکارەکانی سەرهەڵدانی پەند:

بەگشتی کۆمەڵێک هۆکار بۆ سەرهەڵدانی پەند لە ناو هەر گەلێکداهەیە، کە بریتین لە:

١. نەخوێندەواری خەڵکی، بەشێوازێک پەندەکان لەڕووی ڕۆڵبینینەوە جێگەی ئامۆژگارییەکان دەگرنەوە.
٢. ئەزموونی کەسەکانە، بۆئەوەی ئەزموون بۆ کەسەکانی تر بەخێرایی دروستبکات، یان کەموکورییەکانیان پێبناسێنێت.
٣. نەبوونی سەرچاوەی ڕۆشنبیری و پێگەیاندن (خوێندنگە) شوێنە جیاوازەکان.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٤. وەک بەڵگە و ئەزموون ڕۆڵ دەگێڕێت بۆ کەسەکان.
٥. پڕکردنەوەی بۆشایی مەعریفی، چونکە هەمووان خاوەنین.
٦. وەک گێڕانەوەو چیرۆک بەکارهاتوون.

**تایبەتمەندییەکانی پەند:**

بەشێوەیەکی گشتی پەند خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکە لەوانە:

١. وشەی سادە و مانای ئاسان، بەو مانایەی هەمووان لە توانایاندا هەیە بیخوێننەوە و لێیتێبگەن.
٢. بوونی لێکچواندنی مانایی و خواستنەکان بەزمانە باوەکە.
٣. بەکارهێنانی نیشانە ڕەوانبێژییەکان بەشێوەیەکی ئاسان.
٤. بەکارهێنانی وشەی کوردی و پەتی جوان.
٥. ڕەچاوکردنی سەرواى ئاسان و کاریگەر.
٦. خوێندنەوەی ناو پەندەکان، ڕاستی مرۆییە.
٧. کەس خاوەنی نییە، لە کاتێکدا هەمووان خاوەنین، چونکە ڕەنگدانەوەی ناخی هەمووانە.
٨. ڕاستگۆیی لە وتن و مەبەستدا.

فەلسەفەی کۆکردنەوەی پەندەکان لەڕوانگەی پیرەمێردەوە

فەلسەفەی کۆکردنەوەی پەندەکان لەلایەن پیرەمێردەوە، بەرپرسیارێتییەکی ئاکاری و مرۆییە، چونکە لەم سۆنگەیەوە کاریکردووە و دەرئەنجامەکەشی هەرهەمان شتە، بۆیە کۆی ڕوانینی پیرەمێرد لەسەر کرداری کۆکردنەوەی پەندەکان، بریتییە لە:

١. پیرەمێرد مەبەستی نەبووە لەڕوانگەی بیرەوە کورد بەهێزبکات، ئەوەندەی مەبەستی بووە لەڕوانگەی پەروەردەیی و ئاکارییەوە گۆڕانکاری دروستبکات لە تاکەکان و دواجار کۆمەڵگە.
٢. ئەم داواکارییەش پەیوەستە بە شیعری پیرەمێرد خۆیەوە، هەربۆیە وشەو کرداری یەک شتبووە و هەرگیز پێچەوانەی هەڵوێستەکانی کاری نەکردووە.
٣. پیرەمێرد دەیویست تاکەکان فێری بەرزی دەرون و کەرامەتیان بکات، لەپێناو مانەوەی تاک بەسەربەخۆیی و سەروەری.
٤. هەموو مرۆڤێک کارو کردەوەکانی ڕەنگدانەوەی خۆین، بۆیە دواجار مرۆڤ بۆ ئەو شتە بژی، دەتوانێت بیکات.
٥. چاککردنەوەو پەروەردەکردن لە قۆناغی لاویدایە، بۆیە پەندەکان زیاتر بۆ لاوانە لەپێناو ئاشنابوون بە ئەزموونەکان و بەدەستهێنانی کات و ئەزموونی نوێتر.



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

٦. دروستکردنی گۆڕانکاری له مرۆڤدا، بۆئەوەی لەسەر یەک ڕێچکە نەمێننەوە.

٧. فێرکردنی ئاکاری ڕاست به خەڵکی.

٨. ناساندنی بەهای ڕاستی و گەورەیی شتەکان.

لەم سۆنگەوە لەناو کورددا پەند بۆ گەلێک مەبەست بەکارهاتووە لەوانە:

١. پاککردنەوەی دڵ و دەرونەکان.

٢. پەروەردەو فێرکردن.

٣. دروستکردن و پێگەیاندن

٤. بەدەستخستنی ئەزموون و زانیاری

٥. گۆڕانکاریکردن له ماوەیەکی کەمدا

هۆکارەکانی بەکارهێنانی پەندی پێشینان

ئەو کەسانەی که ناچاردەبن یان هەر کاتێك هانا دەبەن بۆ بەکارهێنانی پەند، لەبەر یەکێك لەو ڕەگەزانەی خوارەوەیە:

١. ڕەگەزی پرۆسەی دواندن :ئەگەرچی پەندی کوردی لەکرۆکیدا گوتارێکی ئاڕاستەکراو نییه بۆ بەرامبەر، بەڵکو لەئەنجامی هەڵسەنگاندن سەرهەڵدان، پاشان ئەم ڕۆڵە دەگێڕێت، بەڵام له گوتار و لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا هەموو دەربڕاوێك پێویستی به قسەکەرێک و بیسەرێك هەیە، یەکەمیش بەمەبەستی کاریگەری دروستکردنە لەسەر دووەم، ئیدی بەهەر ڕێگەیەك بێت. (جان سیرفوني، المفوظية، ت: قاسم المقداد، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ١٩٩٨ ،ص٤٩)، چونکه له هەموو دەربڕاوێك بۆ ئاڕاستە کراوێکە، بەمەبەستی تێگەیاندن لەمەبەستێکی تایبەتدا.( طة عبد الرحمن، المسان والميزان أو التكوثر العقمي، طبعة١، المركز الثقافي الوبي،الدار البيضاء، ١٩٩٨،ص.٢١٥) کەواتە لەم ڕەگەزدا پێویستە دولایەن هەبن و مەبەستیش مانا دیاریکراوەکەیە، گوێگریش هەوڵدەدات ئەم پەیامە وەك خۆی وەرگرێت و لێتێبگات.

٢. پەند و یاسای گوتار: پاوڵ گرایس (PaulGrice) یەکێکە لەو لێکۆڵەرەوانەی گرنگی به دەوڵەمەندکردنی وانەی ئاڵوگۆڕ داوە، بەوەی چەمکی پەیوەستبوونی دیالۆگی لەدەربڕاوەکاندا، کار لەسەر چۆنیەتی تێگەیشتنی مانای کرۆکی مەبەستدار دەکات له لایەن گوێگرەوە" (جاك موشالر وآن ريبول، القاموس الموسوعي لمتداولية، مجموعة من الباحثين من الجامعات التونسية، ط٢ ،تونس، دار سيناترا، ٢٠١٠، ص ٢١١.) ئەمەش بۆ ئەوەبوو، که هەموو پەیامێک لەڕێڕەوێکی گوتاریدا بمێنێتەوەو کار لەسەر پرەنسیپی یاسایی بکرێت، دوابەدوای ئەمەش عیاشی"



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پرنسیپی هاوکاری پێشنیارکرد کە کار لەسەر گریمانەی هاوکاری پێشوەخت دەکات لە نێوان گوێگر و قسەکەردا، لەپێناو هێنانەدی ئامانجی ئەو دیالۆگەی کە دەیکەین) (العیاشي إدراوي، الاستلزام الحواري في التداول اللساني، ط١، الجزائر، منشورات االختالف، ٢٠١١، ص٩٧)

ئەمەش بە بەکارهێنانی بەڵگەیەک کە پشت بەیاسای زمانی و لۆژیک نەبەستێت، بەڵکو ئەمانە تێدەپەڕێنین بۆ ڕەهەندی بیری و کۆمەڵایەتی و دەرونی کە کۆنتێکستەکە دەیخاتەڕوو، ئەم پرنسیپەش یاسای کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی گوتاری کردە چەند لقێکەوە:

٣. یاسای چەندی: بەومانایەی دەقەکە ڕێژەیەک لە زانیاری ڕاستی پێببەخشە، یان ئەوەی پێویستییەتی پێیببەخشە، نە کەم، نە زیاد.

٤. یاسای چۆن: ئەوەی دەیبەخشی تەواو ڕاست بێت، هەروەها شیاوی پلە و پایەکەت بێت.

٥. یاسای چۆنیەتی: لە ئاڵۆزی دوربکەوەو بەجوانی ڕێکی بیگەیەنە. (العیاشي إدراوي، ٢٠١١ ،االستمزام الحواري في التداول المساني، ط١ ،الجزائر، منشورات االختالف، ص٩٧)

**ئەدەبی فۆلکلۆر:**

یەکەمین کەس کە وشەی فۆلکلۆری بەکارهێنابێت (ولیەم تومز)ی ئینگلیزی بوو، کە پێکهاتووە لە وشەی (Folk) واتە گشتی یان گەل دێت، وشەی (Lore) بەواتای مەعریفە، زانیاری، بۆیە بریتییە لەسەرجەم کارو چالاکی خەڵکی هەر لە بیروباوەڕ، ئەفسانە... تاد) (نبیل علقم، مدخل لدراسة الفلكلور، البيرة، منشورات جمعية إنعاش الأسرة، الطبعة الثالثة ،١٩٩٣، ص٥٧).

هەندێکی تر پێیانوایە یەکەم کەس وشەی (فۆلکلۆر)ی بەکارهێنابێت (جۆن تومز) بوو لە ساڵی (١٨٤٦) بۆ گوزارشتکردن لە لقێکی نوێ لە لێکۆڵینەوەی زانستی ئەنسرۆپۆلۆژی (محمود ذهنى، الادب الشعبى العربى، مطبوعات جامع القاهره، الخرطوم، السودان، ١٩٧٢: ص٢٧).

لە فەرهەنگی فەرەنسیدا "فۆلکلۆر بە مانای زانستی گشتیە و بە چەشنە هۆنراوە، پەخشان چیرۆك، گۆرانی و شتی لەم باره دەڵێن، کە نازانین نوسەر یا وێژەرەکەی کێیە"(ح.س.سۆران، زمان، وێژە و فۆلکلۆری کوردی، ئیلێکترۆنیک، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٢١)

هەروەها ئەلفردنت لە فەرهەنگی (زاراوەی ئەنسترۆپۆلۆژی و فۆلکلۆرییەکان)دا پێناسەی فۆلکلۆری کردووە کە ((ئەنسترۆپۆلۆژیایە و پەیوەستە بە مرۆڤی سەرەتاییەوە، کۆمەڵێک



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

زانیاری و کارامەیی و هونەر..تاد مرۆڤە لەڕێگەی هەستەکانییەوە))(أحمد رشدي صالح، الفنون الشعبية، القاهرة. وزارة الثقافة والإرشاد القومي طبعة ١٩٦١،ص٥٤).

د. عزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەڵێت" فۆلکلۆر ئەو بەرهەمە خولقێنەرەیە کە دەماودەم و پشتاوپشت کوڕ لە باوک و منداڵ لەدایکەوە دەیبیستێ و دەمێنێتەوە"(د.عزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ل٨) لەڕاستیدا لەپەندی پێشیناندا ئەم جیاکارییە نییەو بەگشتی لەدایک و باوک و کەسانی دەوروبەرەوە وەرگیراون، هەرچی سەدرەدین نورەدینە دەڵێت" فۆلکلۆر بەشێکی کلتوری میللەتە کە زارەکین"(سەدرەدین نورەدین، کۆکردنەوەو ئامادەکردن، بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٠٠)، هەروەها د.محمد حسین دەڵێت "فۆلکلۆر وشەیەکە بۆ یەکەمجار لە ئەوروپا و لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم سەریهەڵداوەو، گوزارشت لەو کارانە دەکات، کە باس لە داب ونەریت و ئەفسانە، بیروباوەڕ....تاد گەلەکان دەکات" (محمد حسين، الاسلام والحظاره العربيه، دار فرقان،٢٠٠٨، ص٢٧١).

لەسەدەی نۆزدەدا دوو هۆکاری بەهێز هەبوون بەرەو دانانی زانستی فۆلکلۆر، کە بریتین لە:

أ. بزوتنەوە نەتەوەییە ئەوروپییەکان: گرنگدان بە فۆلکلۆر هاوکات گرنگیدانە بە بزوتنەوە نەتەوەییەکان و شوناسی نەتەوەیی.

ب. بزوتنەوەی ڕۆمانسی: بەمەبەستی دەرچوون لە دەسەڵاتی کلاسیکی گەڕانەوە بۆ ئەدەبی زارەکی و ئەدەبی لادێ و گەل (صالح، أحمد رشدي، الفنون الشعبية، القاهرة. وزارة الثقافة والإرشاد القومي طبعة ١٩٦١).

هەربۆیە ئەدەب بە گشتی ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی گەلاندا هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندی ڕۆشنبیری و مرۆیی ...تاد لەنێوان گەلاندا دروستدەکات، مێژووی ئەدەبیش ئەم ڕاستییەی سەلماندووە، ئەمەش لەو سۆنگەیەوە کە ئەدەب ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵگەکانە، سەرچاوەی ئەوەش واقع و ژیانە، هۆکارەکانیش زانینی نهێنییەکانی ژیانە.

تایبەتمەندی پەندی کوردی.

ئەگەرچی بەگشتی هەندێک لە تایبەتمەندییەکان تایبەتن بە ڕوخسار و هەندێکی تریش پەیوەندی نییە بە ڕوخسارەوە، بەڵکو پەیوەندی بە خوێندنەوەو خستنەڕووی خوێنەرەکەوە هەیە، هەموو ئەمانەش پەیوەندی بە هەڵێنجانی ماناکەیەوە هەیە، بۆیە پەندیش دەبەستێت بە خستنەڕووی پەندەکە، واتە کاتێک کەسێک لە قسەکردندا بەکاریدەهێنێت، دەبێت ئاگاداری چۆنیەتی وتنەکەی بێت، یاخود لە نوسیندا ئاگاداری چۆنیەتی ناساندن و لێکدانەوەکەی بیت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جگە لەمەش کورتکردنەوەی وشە بە شێوازێک، وشەی تر بە ئاسانی ناتوانێت جێگەی بگرێتەوە، گوزارشتکردن لەدابو نەریتی هەموو گەل بە تەواوی جیاوازییەکانییەوە، خاوەن ڕیتم و مۆسیقای خۆیەتی، بەکارهێنانی جۆرو شێواز و ڕەوانبێژی و ڕەگەزەکان، توانای مانەوە و دوان لەگەڵ سەردەمە جیاوازەکان، هەرچەند ژیان پێشکەوێت و گۆڕانکاری بەسەردابێت، دەستە جەمعییە، لەهەمانکاتدا وەک تاک و خودی وایە، زمانی، زمانێکی سادە و جیاواز و بەشداری هەمووانە، باس لە واقیعی ژیان دەکات، هەڵێنجراوی ئەزموونی ژیانە.

لەگەڵ ئەوەی پەند پشتدەبەستێت بە هونەرە ڕەوانبێژییەکان و زانستی سیمیۆلۆژیا، چونکە کەم وتراوی و بەڵگاوییە، واتە دالێکی بچوکە بۆ مەدلول مانایەکی مەبەستدار، بەمانایەکی تر هیچ پەندێک بەبێ مەبەستێکی مانادار و مەبەستدار نەوتراوە، کەوایە هەموو پەندەکان بارگاوی و مەبەستدارن، ((دەق لە هەموو جۆر و پلەکانیدا بە مەبەستەوە دەنوسرێت، ئەم مەبەستەش مانا و مەدلولێکی نابێت مەگەر لە کۆنتێکستی دەقدا نەبێت، کە هەڵگری گوتاری قسەکەوە)) (د. علی احمد محمود العبیدی، من مستویات الدلالە اللغویە فی المثل الشعبی الموصلی، مجلە و دراسات موصلیە، العدد الرابع العشر، الشوال ١٤٢٧ە، تشرین الثانی ٢٠٠٦، ص٣٩).




مەبەست لەوەی کە هەر وشەیەک لەناو پەندا دەبێت ببێتە نیشانە، یان هێمایەک و لەڕێگەی ئاماژە و بیرە هەڵگرەکەیەوە، ماناو تێگەیشتنی مەبەستدار لای بەرامبەر دروستدەکات، کە بەتەواوی جیاوازە لەڕستە نوسراوەکە، واتە پەندە نوسراوەکە لەگەڵ ماناکانی جیاوازن.

لەڕوانگەی ماناوە دوو ڕوانین هەیە: یەکەمیان ڕستە ڕەگەزێکی سەرەکی مانایە، چونکە ئاستی پێکهاتن دەخاتەڕوو، هەروەها بریتییە لە ئاستی گشتی کە کۆنتێکستی


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەقەکە پێکدەهێنێت و هەڵێنجان و دژ و...تاد، تێدا وەردەگرین. دووەم لەسەر ئاستی وشە، ئاستێکی لاوەکی و بەشی ئاستی یەکەم پێکدەهێنێت) (محمد عزام، النقد والدلالة – نحو تحليل سيميائي للأدب، منشورات وزارة الثقافة، دمشق،١٩٩٦، ص٥٣).

پەند وەک دەق وایە، بۆیە ئەمیش وەک دەق دابەشدەبێت بەسەر جۆر و پلەدا وەک:

١. دەق هەیە گوتارەکەی لەسەر چەند رستەیەک وەستاوە.
٢. دەق هەیە گوتارەکەی لەسەر چەند دەستەواژەیەک وەستاوە.
٣. دەق هەیە گوتارەکەی لەسەر جەند وشەیەک وەستاوە.

ئەمەش بۆ ئەوەیە بگەینە جۆرێك لە پەیوەندی، یان خاڵی دەرچوون لە قسەی زارەکی بۆ وتەی نوسراو، هەرچەندە تۆدۆرۆف دەڵێت (هەر ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکان ،لە حاڵەتی نوسینیدا وەك ئەوەی کە لە کاتی وتنیدا دەرکەوێت، دەرناکەوێتەوە، دەقی نوسراو بەتایبەتی چاپکراو، هیچ زانیارییەکمان لەسەر نوسەری نائامادە ناداتێ لەسەردەمی خوێندنەوەدا) (تودوروف، الأدب والدلالة: ترجمة : د. محمد نديم خشفة، مركز الإنماء الحضاري، حلب ،ط١٩٩٦.١،ص٦٧).

لەم سۆنگەوە هەموو پەندێك خۆی لە خۆیدا ڕستەیەکی ئامازەیی و نیشانەیەکی یاخود ڕەوانبێژی کورتە، واتە بەتەواوی دادەخرێت و خاوەن سروشتێکی پەروەردەییەو فێرکارییە، چونکە سەرچاوەکەی ئەزموونێکە لە ئەزموونە ڕۆژانەییەکان، یان پێداویستی و کارەکانی کۆمەڵگەکە، هەربۆیە پەند گوزارشت لە واقیع ناکات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەڵکو لە ڕێگەی وێنەو چیرۆکەوە دەیخاتەڕوو، بۆیە هەموو پەندێك لەڕستەکەیدا ئامازە بەمانایەکی دورتر دەکات، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، هیچ پەندێک بەبێ بنەما و ڕووداو و شکستێک دروستنەبووە، بۆیە پەند بەڵگەنامە و گرێبەستێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە.

هەرچەندە لە مرۆڤدا دژایەتی و جیاوازی لێکدانەوە لەمانای پەندەکاندا دێتە ئاراوە، لەڕاستیدا ئەوەی هەیە هەڵەو دژیەتی خودی پەندەکە نییە، بەڵکو:

١- جۆری لێکدانەوەو حاڵەتی دەرونی مرۆڤەکە و چین و ژینگەکە ڕۆڵ دەبینێت.
٢- ئەوەی کە پێیوایە پەندەکە هەڵەیە، لەوەوەیە کە پێیوایە ئەم پەندە لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا ڕاستە، لەکاتێکدا هەرپەندێك بۆ مەبەست و لایەنێك دەبێت، نەك گشتگیر بکرێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**بەشی دووەم: کارنامەی پەندی پێشینانی کوردی:**

هەموو دەقێک خۆی لەخۆیدا هەڵگری گوتارەو خودی گوتارەکانیش ڕەنگدانەوەو لەخۆگری کارنامەی دیاریکراو، یان تایبەت بە خۆیانن، بۆیە هەموو جۆرێکی ئەدەب، خاوەنی کارنامەیەکی دیاریکراوی خۆیەتی، ئەم کارنامەیەش لای هەر گەلێک وەک جۆرێک لە ژیانی ڕۆشنبیری سەیردەکرێت، (سرحان نمر، الحكاية الشعبية الفلسطينية، بيروت، المؤسسة العربية للدراسة والنشر، طبعة١ ،١٩٧٤) لەپەندی کوردیشدا بەگشتی خاوەنی چەند کارنامەیەکی جیاوازە، لەوانە:

**١. کارنامەی کۆمەڵایەتی:**

ئەم جۆرە کارنامەیە کە دەیەوێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ناساندنی ئەم پەیوەندیانەدا بخاتەڕوو، هەر مرۆڤێک پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵێکی دیاریکراودا هەیە، بەهۆی ئەمەشەوە ئینتیمای هەیە بۆیان، هەر لەبەرئەمەش مرۆڤ بە سروشتی حاڵ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە هەموو کۆمەڵگەیەک لە چەند خێزان و گروپێک پێکهاتووە و هەموشیان چەند پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی کۆیکردوونەتەوە، وەک دەڵێت:

*دوشمنی ناوخۆت ڕەگ دەردەکێشێ          دار پوازی لەخۆی نەبێ ناقڵێشێ*..........ل٩

دەیەوێت ئەو کارنامەیە بناسێنیت مرۆڤەکان تەواوکەری یەکترن، نەک دژ بەیەکتر لەکۆمەڵگەدا، بۆیە دروستکردنی دەوڵەتەکانیش لەسەر بنەمای بەهێزکردنی پەیوەندییەکانە، بەڵام ئەوەی ئەم پەیوەندییە بەهێزە دەشکێنێت لە دەرەوە نییە، بەڵکو لاوازی کارنامەی تاکە کەسە لاوازەکانە، کە نازانێت ئەرکیان لەناو کۆمەڵگە و حکومەت.....تاد چییە؟

یاخود دەڵێت: *لەهەموو هەورێ باران ناباریێ          ڕاز کەوتە زارێ ڕاست کەوتە شارێ*...........ل٩

شاعیر دەیەوێت بڵێت ئەنجام لەسەر بنەمای پێشبینی نایاتەدی، بۆیە ئەو شتەی کە دەتەوێت بە ڕازی بمێنێتەوە، ناشتنیەتی لە ناخی خۆیدا، چونکە ئەگەر درکاندت هیچ بنەمایەکی کاری نییە بۆ پاراستنی ئەم نهێنیەی کە درکانت، یان دەڵێت:

*ئەو کانییەی ئاوت لێخواردەوە بەردی تێفرێمەدە*.................ل٩

پەندەکە دەیەوێت بڵێت ئەوەی سودی پێگەیاندیت، یەکێکە لەسەرچاوەکانی بوونی تۆ، بۆیە لە قۆناغێکدا هەستت پێنەکرد، یان وات دانا پێویستت پێی نییە، ئەوە هەڵەیە، چونکە یەکەم سەرچاوەی بوونی تۆبوو، ئەو بوونەت بەردەوام پێویستی بە نوێبوونەوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەیە، دەبێت هەر بگەڕێیتەوە سەری، یان مرۆڤ نابێت بۆ ئەمەک بێت بەرامبەر بەو شتانەی سودی پێدەگەیەنێت، یان دەڵێت:

*گەورە کە یەک بن میللەت سەردەخەن        ئەڵێن دوو ڕێویی شێرێک کەوڵەکەن*......ل٩

شاعیر دەیەوێت بڵێت هەموو کات بەهێزی، تاکە هۆکاری سەرخستن نییە، بەڵکو ئەوە پێکەوەیی یەکبوونە مرۆڤەکان سەردەخەن، نەک هێز، یان دەڵێت:

*ئیشت بەدەست بێ هیوات لێدەکەن        دار کە بەریگرت پەلی پیا دەدەن*........ل٩

دەقەکە مەبەستییەتی ئەوە بخاتەڕوو، خەڵک بۆیە پێیخۆشە پلە و پۆستێکت هەبێت، بۆئەوەی خزمەتیان بکەیت، ئەگەر خزمەتیان نەکەیت، دواجار ناچارن بەهێز پێتبکەن، وەک چۆن دار ئەگەر بەرەکەی نەبەخشێت بائاسانی بە خەڵکی، ئەوا بە لەقە لێیدەدەن، بۆئەوەی بەرهەمەکەی ببەخشێت، یان دەڵێت:

*مەعاشی بەلاش بێ پیتەو بێ خێر        دەستی ماندووە لەسەر سکی تێر*........ل١٠

لەم سۆنگەیەوە دەق ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە پێیوایە ماڵی با بە با دەڕوات، لەبەرئەوەی بنچینەی کارەکەی نادروستە، بۆیە ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسەکە نییە، بەڵام ئەوەی بەدوای ماڵی حەڵاڵ و خێری بازووی خۆیدایە، بەبەردەوامی دڵخۆشترە، یان دەڵێت:

*دێی فرە کوێخا ناحەسێتەوە        بزن هەر جارێ دەڕووتێتەوە*..........ل١٠

پیرەمێرد پێیوایە کە لە کار و بەڕێوەبردندا  سیاسەت و پلان و بڕیاری مەرجەعیەتن، نەک خۆبەخۆیی، چونکە بزن خۆی نە گۆشتێکی وای هەیە نە خورییەک، بۆیە هەر یەکجار دەتوانێت فەرمانەکانت جێبەجێبکات، یان:

*گوێی ڕانەکێشی زۆر کەس بێگوێیە        کوتەک دەزانێ قۆناغ لە کوێیە*.............١٢

شاعیر دەیەوێت بڵێت کە هەرکەسە و زمانی دواندن و مامەڵەی جیاوازە، بۆیە ئەوانەی کە لاسارن، دەبێت بەزمانی زبر و لێدان بیانهێنیتەوە سەر ڕێگە ڕاستەکە، یان دەڵێت:

*لەڕووی جیهاندا تۆ وەرە پاک بە        ئەوسا لەوتەی خەڵکی بێباک بە*........ل١٣

هەر مرۆڤێک خۆی لەناخ و کاردا پاکبێت، هیچ کاتێک لە قسەی خەڵکی ناترسێت، چونکە قسەکان کاتین و وەک کەفی سەر دەریا وان و دەڕۆن، بۆیە دەبێت مرۆڤی ڕاست بێباکبێت لە قسەو واتەوات، چونکە دواجار ڕاستی دەردەکەوێت و بەهۆی وەلامدانەوەشەوە ئەوەندەی تر بەرزدەبێتەوە، یان:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینی کوردی

*بێ کاسپییە ئەم شەڕو خاڵە          دیارە تەبەقی پڕ ئاشتی ماڵە........ ل١٠*

دەیەوێت بڵێیت کێشەکان بەهۆی خواست و پێدایستییەکانەوە سەرچاوەدەگرن، کاتێکیش کە کاروبار هەبوو، ئەم خواستانە دێنەدی، بۆیە شەڕەکان زۆر کەم دەبنەوە، چونکە بەجێهێنانی خواستەکان، ئارامی و ئاسایشی خێزانی دابیندەکات، یاخود دەڵێن:

*لە قاپی نامەرد مەدە (دەق ولباب)      بێ گۆشت بە نەوەک منەتی قەساب... ل١١*

دەیەوێت بڵێت مرۆڤ بۆئەوەی کەرامەتی لەکەدار نەبێت، پێویست بەوە ناکات، داوای هاوکاری لە پیاوی نامەرد بکات، بۆیە داوای ناو خێزانەکەت بە شاراوەیی بهێڵیتەوە، باشترە لەوەی منەتی ئەمانەت بە بەردەوامی لەسەربێت، بەشێوەیەک پەشیمانی بەدواوەبێت، یاخود دەڵێت:

*هەرچەند دۆست لەلات وەک براو کەسە      هێند ئامشۆی مەکە پێت بڵێ بەسە......ل١٢*

دەقەکە مەبەستییەتی بڵێت پەیوەندییەکان چەندێک بەهێزبن، خۆشەویستی دروستدەکەن، بەڵام نابێت بگاتە ئاستێک ئارامی خێزانەکان تێکبدات، بە ماناکەی تر هەموو خێزانێک خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی، جگە لە خێزان بۆ هیچ کەسێکی تر نییە، لەم هێڵە نزیک بێتەوە، بۆیە بەرپرسیارێتی ئاکاری ڕێگە بەم کارە نادات، ئەگەر ئەم هێڵە تێنەپەڕێنین، چاوەڕێی ڕێگری لێکردن بکە، یان

*هەم پیاوی دنیا، هەم پیاوی ڕێی خودا      وەک(یارۆی) ناوجۆ لەهەردوولا دەخوا.........ل١٤*

هەندێک کەس هەن لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیان، هەموو ڕێگەیەک دەگرنەبەر، لەپێناو بەرژەوەندییەکانیان، بۆیە پیاوی خۆویست و بەرژەوەندیخواز گوێ بە دنیا و ئاین نادات و لەهەر شوێنێک پاروی ئەوی لێبێت، کاری بۆ دەکات و دوای بەرژەوەندی دەکەوێت، یاخود دەڵێت:

*میرات میقرۆبی شەڕی ئەولادەبێ   ڕەنج دەستکەوتوو ئەدرێ بە بادا.........ل١٥*

ئەم پەندە ئەوە دەخاتەڕوو، کە میرات بۆ ئەولاد دەستکەوتێکی بێ هەوڵدانە، بۆیە ئەو قەدرەی نابێت وەک کەسەکە هەوڵی بۆ داوەو لەخۆی گرتووەتەوە، بۆیە ئەوەی هەتە لە دونیادا بەکاریبهێنە بۆ ژیانی خۆت و ئەو دنیات، ئەوەشی دەمێنێتەوە پێش مردنی خۆت بە منداڵەکانتی بناسێنە و چۆنیەتی پەیداکردنی و پاراستنەکەشیان پێ بڵێ، بۆ ئەوەی تا کاتی دابەشکردنی هەم پێوەی ماندوبن، هەم بزانن کە چۆن بەدەستیان گەیشتووە، یان دەڵێت:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

*کەسێ دڵسۆزێ بۆ هەموو کەسێ    دەرگاشی نەبێ لە دز ئەترسێ*.........ل١٩

کەسی دڵسۆز ئەو کەسەیە بەدەم هەموو کەسێکەوە دەچێت و هاوکاری هەمووان دەکات، ئیدی بێ جیاوازی، خودی دزیش هەر داواکاری هەیە، بۆیە دزێک دزی لە ماڵێک ناکات، کە دەست و دەرگای بۆ هەمووان ئاوەڵابێت، یان:

کچ بە نابەدڵ بۆ پیر چوو بە بووک مێرد بێزار ئەکا شەو بە نووکە نوک

*هانام بۆ تۆیە خوای دەستگیر    نەمکەی بە بووک و بکەومە دەست پیر*......ل ٣٠

ئەم پەندە باس لەو نادادییە دەکات، کە کچان بەزۆر لەبەر مەبەستێکی مادی، یان چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتی دەیدەن بە کەسی پیر، بەبێ بیرکردنەوە لەدەرئەنجامەکەی، یان خواست و کە سایەتی ژن، بۆیە لەڕێگەی نوکەنوکی شەوەوە، ئەم پەیام و مافەی کە کچەکە هەیەتی و کەس حسابی بۆ نەکردووە، بە ڕاشکاوی دەخاتەڕوو.

**٢. کارنامەی ڕۆشنبیری:**

ڕێکخستنی ژیان دەرئەنجامی کۆمەڵێک بەهاو زانیاری ڕۆشنبیرییە، بۆیە مرۆڤ هەموو هۆکارێکی گرتووەتەبەر بۆ بڵاوکردنەوەیان، یاخود کارنامەی ڕۆشنبیری تاکەکان، بەهۆی ڕەفتار و پەیوەندییەکانیانەوە لەگەڵ دەوروبەر و ژینگەکەی چەند هەڵوێست و هەڵسوکەوتێک وەردەگرین، وەک دەڵێت:

*دڵخۆشی نەخۆش دەرمانی دەردە    خەڵک بێزار ئەبێ لە بگرەو بەردە*... ل ٤١

ئەم پەندە دەیەوێت خەڵکی لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە بگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی ڕۆشنبیری، بەوەی سەردانیکردن بەجێهێنانی ئەرکە، بەڵام دەبێت کەم ماوەبێت و بۆ بەرزکردنەوەی وەرەی نەخۆش بێت، چونکە بەم هاندان و دڵخۆشکردنە بەرگری لەش بەهێزتر دەبێت، ئەمەش چارەسەی ڕاستەقینەی نەخۆشە، یان دەڵێت:

*زۆرکەس دەبینین دەچێتە بەغدا    هەروەک پەتکە و نابێ بە هەودا*.........ل٣١

ئەم پەندە دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت، گۆڕانکاری جل و بەرگ و گۆڕینی شوێنەکان نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی مەعریفی عەقڵییە و دەبێت لەم ڕێگەیەوە کەسەکان بگۆڕێت، یان پێگەو ڕۆڵی بخرێتەڕوو.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

### ٣. كارنامەی فێرکاری:

مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لەدایک نابێت، بەڵام لەناو ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا پەروەردە دەبێت، بۆیە لەگەڵ خێزاندا کارامەیی و زانیاری و بیرەکانی بەدەستدەهێنێت) (خالق.آ. سمیه، وظائف المثل الشعبی فی المنطقه الادراس، مجله علوم الانسان و المجتمع، عدد (١) سدفتمببر، ٢٠١٤، ص١٤٥)یان مەبەست لەو کارنامەیە کە شاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی ئەزموونێکی هەڵەوە کردەوەیەک فێری بەرامبەر بکات، بۆئەوەی هەمان هەڵە دوبارەنەکاتەوە، چونکە بەڵگەی ڕووداو، سیاسەت لە بنچینەدا بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیانە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا بۆ ململانێی دەستکەوتە، بۆیە دەیەوێت باسی سیاسەت لەگەڵ کەسی سیاسیدا بکات، ئەگەرنا حزبایەتی بەناوی سیاسەتەوە مەکەن، وەک یەکە.

*لەدووی سیاسەت خۆت مەخەرە بەندرێوی قەواڵەی پێبوو، پێستیان کەند* ..........ل٩

یاخود دەڵێت:

*توخن بە پیاوی سەرچەوت مەکەوە        بەدەست قەرز بدە و بە پێ دووی کەوە*..........ل٩

شاعیر دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت، کارکردن، یان پیاوەتیکردن لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندن بێت، نەک بە ناو خێر، چونکە دواجار یان دەبێت لەبیری بکەیت، چونکە خێرت کردووە، یان دەبێت هەربەدوایدا ڕابکەین و ببێتە ناپیاوی، بۆیە ناسین بنەمای کارکردنە لەگەڵ بەرامبەردا.

### ٤. کارنامەی پەروەردەیی:

پەروەردە پرۆسەیەکی بەردەوامە بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی، بەهۆی گواستنەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر و پرۆسەیەکی لەخۆوە نییە، (سمیه فالق، وظائف المثل الشعبی فی المنطقه الادراس، مجله علوم الاجتماعیه، ص١٤٨)، بەمانایەکی تر خودی پەند بەگشتی و پەندە پەروەردەییەکان وەک قوتابخانەیەکی پەروەردەیی بوون بە درێژایی مێژوو، چونکە ڕۆڵیان هەبووە لە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی نەوە جیاوازەکاندا، چونکە لە کۆڕ و کۆمەڵەکان و هەم لە خوێندنگەکاندا بەکارهاتوون و بوونەتە هۆکاری چەسپاندنی بەها مرۆییەکان و سەرچاوەیەکی باش بۆ مامۆستا لە وانەکاندا، یاخود مەبەست لەو پەندانەن، کە دەیەوێت کردەوەیەکی پەروەردەیی فێری بەرامبەرەکە بکات، وەک دەڵێت:

*دوو گوێ و زیانێ دراوە بەتۆدوو        ببیە و یەکێ بلێ لەسەرخۆ*. ..........ل٩



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەرێگەی ئەم دوو ژمارەیەوە دەیەوێت ئەوە لای خوێنەر، یان بیسەر بوروژێنێت، کە خودا لە بنچینەدا مرۆڤی بە دوو گوێ دروستکردووە، بۆئەوەی بیسەرێکی باشبێت، یەک دەمت هەبێت، بەڵام بەنیوەی بیستن قسەبکەی، یان دەڵێت:

*وا دامەنیشە بەدەستی بەتاڵ تا نەگری، مەمک نادرێ بە منداڵ*..........ل ١٠

دەیەوێت ئەوە بە گوێگر و خوێنەرەکەی بڵێت، کە هەرگیز هیچ کارێک بەبێ هەوڵدان و داواکردن نایاتەدی، بۆیە پێویستە دەبێت هەمووان دەستەوەسان نەبن و هەوڵبدەن بۆ بەدەستهێنانی خواستەکانیان، لەهەمانکاتیشدا ئەوەمان پێدەڵێت، کە هەموو هەوڵدانێک بەبێ ئاکام نییە، بەڵکو هەرخواستی خۆت بەدەستدەهێنیت، یان دەڵێت:

*بۆ دنیا دەبێت دەست بدەیتە دەست هیچ کەسێ هیچ کەس ناباتە بەهەشت*..........ل١٣

دەبێت ئەوە بزانین هەموو کەسێک ڕەنج و ماندووبوونی خۆی دەخوات، هەوڵەکان بۆ خودی کەسەکان خۆیانە، هیچ کەسێک ناتوانێت بەرهەمی خۆی بۆ کەسی تر حساب بکات، بەڵکو تەنها هاوکاری هەیە و ئەمەش هەر بۆ خودی کەسەکەیە، بۆیە هەرکەسێک دەبێت هەوڵی بەدیهێنانی ژیانی خۆی بدات، نەک چاوەڕێی کەسی تربکات، یان دەڵێت:

*کردەوەو ئیمان هاتوونە نوشوست گەورە ئاوی ڕشت، بچوک پێی لێخست*..........ل١٤

ژیان بۆخۆی قوتابخانەیە، کردارەکانیش وتەن، گەورەکانیش مامۆستان، بۆیە کاتێک هەر کردارێک لەبەرچاوی منداڵەکانەوە بکرێت، دەبێتە بەشێک لە کردەی ژیان و وەک بەشێک لە کرداری ڕاست وەریدەگرن، بۆیە دەبێت زۆر بە وریایی ئەم ڕەفتارانە لەبەرچاوی منداڵان ئەنجامبدرێن.

*وەجاخ کوێر ماڵی ئەبەخشنەوەکەر تۆپی ناڵی ئەکێشنەوە*........ل٢٠

ئەم پەندە ئەو لایەنە پەروەردەییە نیشاندەدات، کە ماڵی خۆت لە خزمەت خۆتدا بەکاربهێنە، یان خزمەتی هاونیشتیمانیانی خۆتی پێبکە، بەم کارە هەم خۆت سودمەندی، هەم هاونیشتیمانیان. هەم پێگەیەك بۆ خۆت دەستنیشاندەکەیت، بەڵام ئەگەر ئەم کارە نەکەیت، ئەوا دوای مردنت ماڵەکەت بەسەر کۆمەڵێکدا دابەشدەبێت، کە هیچ نرخێکی نازانن هیچ بایەخێکی تۆش زیادناکەن، چونکە دەسکەوتەکەیان بەبێ ماندوبوون و لەسەداسەدە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**٥. کارنامەی ئاینی:**

ئەو جۆرەیە کە دەیەوێت یەکێک لە بنەما ئاینییەکان هەم ڕوونبکاتەوە، هەم ڕەنگدانەوەی هەبێت، یاخود ئەو جۆرەیە کەدەیەوێت لەڕێگەی کارو بەرنامەی ئاینی، یان کردەی چاکەکردنەوە کار لەسەر کۆمەڵگە بکات، وەک دەڵێت:

چوار کتێبی خوا چوار پەندی تیایە  کە گوێی لێبگرن وەکو کیمیایە
تەورات وتویە قانع بی تێری زەبور وتویە  بێ دەنگ بێ شێری
ئینجلیش دەڵێ تۆ دەرکەنار بە  لە دڵە خورپەی دنیا ڕزگاربە

*قورئان فەرموویە پشت بە خوا ببەستە     ئەتخاتە ڕێی ڕاست ئەوسا بەستە*... ل ٢٩

ئەم پەندە نمونەی هەر چوار کتێبی ئاسمانی هێناوەتەوە کە لەئێستادا زۆرترین شوێنکەوتوویان هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا تایبەتمەندی هەر یەکەیانی وەرگرتووە، بۆئەوەی ئەوە لای خوێنەر و بیسەر دروستبکات،  کە هەر یەکێک لەم تایبەتمەندیانە، وەک خۆی چێبەچیبکەیت، براوەی ژیانیت، یان دەڵێت:

*سەرمایەت بۆ خۆت، زەکات بۆ خودا          مێو کە ببڕی چاکتر بەر ئەدا*.................ل١٤

دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت، کە هەرگیز پارە بە بەخشین کەم ناکات، بەڵکو دەبێتەوە بە هەوڵێکی نوێ بۆ چەندجار زیادکردنەوەی پارەکەت، بۆ ئەمەش نمونەی مێوی هێناوەتەوە، کە چەندێک زیاتری ببڕی ئەو زیاترت پێدەبەخشێتەوە، خوای گەورەش ئەمەی بۆ پاککردنەوە و خۆ نوێکردنەوەی خێر داناوە، یان:

*تۆ چاکە بکە و بیدە بە ئاوا       خەڵکیش نەزانێ لەلای خوا نوسراوە*......ل١٤

ئەم پەندە دەیەوێت ئەو گیانە لای خەڵکی دروستبکات، چاکەکردن پێویستی بە چاوەڕوانی بەرامبەر نەکات، بەڵکو هەموو کارێک بە نیەتی کردنی لەڕێی خودادا بێت، چونکە هیچ کارێک لای خودا بێ پاداشت نییە، بەمەش نە منەت بەسەر کەسەکەدا دەکات، نە بەڕووشیدا دەداتەوە، لە ئەگەری بەدەنگەوە نەهاتنیشی نە باسی دەکات لەناو خەڵکیدا، نە خەمی پێدەخوات، یان:

*کە باوەڕت بێ هیواشت دەبێ          کە بێ باوەڕبی چیت دەس ئەکەوێ؟*.........ل١٤

ئەم پەندە دەیەوێت بڵێت، باوەڕداری مرۆڤ هیوادار دەکات، هیواداریش هی مرۆڤێکە بڕوای بە ژیان مرۆڤایەتی هەبێت، لێرەوە دەستکەوتێکی هەم دنیایی، هەم ئەو دونیاش دەبێت، بەڵام بێباوەڕی ژیانت لێدەکاتە چەرمە چۆلەکە و ڕەشبین دەبێت، هەم ژیانی کۆتاییشت لەدەست دەڕوات، یان:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

*کاربەدەست دەستیان هەڵبڕی          کاتێکت زانی خوا نانی بڕی*.................ل١٧

کاتێک کارێکت لە ئەستۆدابوو دەبێت بۆ خزمەت بەکاریبهێنی، ئەگەر نا ڕۆژێک دێت پەشیمان دەبیتەوە لەو دەرفەتەی بۆت ڕەخسابوو، بۆیە کارێک مەک ئیشەکان بەخواستی دیکە بکەی، بەڵکو بەڕاستی و دروستی بیکە تا خوا کارەکەت لێنەسێنێتەوە، یان:

*خوا عەیبی بزنی دەرخستووەڕوو          کەچی کڵاوی کردووە بۆ بەڕوو*............ل٤٠

ئەم پەندە کار لەسەر ئەوەدەکات بەر لەهەر ڕەخنەیەک بیر لە حیکمەتی کارەکە بکەوە، ئیدی لێرەوە بڕیار لەسەر شتەکان بدە، بە مانایەکی تر بە ڕوودانێکی سەرپێیی بۆ شتەکان بڕیار لەسەر شتەکان مەدە، یان:

*دەڵێن ڕەمەزان لاقێکی هەیە          کێ دێ بزانێ سێ لاقی هەیە*.............ل٣٣

ئەم پەندە بەهۆکاری دروستکردنی گیانی ورەو بەردەوامی لای کەسی ڕۆژوگر بەکارهاتووە، بەوەی ڕەمەزان لە (سێ) دەیی پێکهاتووەو هەر دەیەیەکی بە یەک قاچ هەژمارکراوە بۆیە کە دە ڕۆژی یەکەم تەواودەبێت، دەیانوت قاچێکمان شکاند، بۆیە بۆ ئەوەی بزانی چەند قاچە، پێویستە بەڕۆژووبێت تا ئەم ڕاستییە بزانێت.

**٦. کارنامەی سیاسی:**

ئەو جۆرەیە کە ئاستی سیاسی و ئەزموونی کەسێك نیشاندەدات لەڕێگەی ڕەنگدانەوەی کاری سیاسییەوە، بۆیە دەبێت بەوردی و لەسۆنگەی حاڵەتەکانەوە کارەکان ئەنجامبدات، وەک دەڵێت:

*پیاوێ دووربین بێ نابێ تەنیابێ          کە دۆستی نەبێ دەستیشی نابێ*........ل ١٩

کەسێك کە سەرجەم ڕوداوەکان بەوردی لێکدەداتەوە، ناکرێ هیچ کەسێك لە خۆی نزیك نەکاتەوە، یان ئامادەسازی نەکردبێت و خەڵکی لە دەوری خۆی کۆنەکردبێتەوە، بۆیە کەسێك دەتوانین هەنگاو بنێت و گۆڕانکاری بکات، کە دۆستی هەبێت، یان دەڵێت:

ئەوەی بە توندی لە جێی خۆی هەستا کاتێك ڕووانی ماندوو بوو وەستا.........ل١٩

ئەم پەندە ئەوەشی لێدەخوێنرێتەوە، هەر کارێك یان پرۆژەیەك ئەگەر بەبێ بەرنامە و کارکردن و خوێندنەوە هەنگاوی بۆ بنێت شکستدەهێنێت، چونکە هەموو کارێکی بەپەلە دەرەنجامی خراپی دەبێت، یان دەڵێت:

*دوژمن بە چاکە ئاشت دەبێتەوە          سەهۆڵ بە ئاوی گەرم ئەتوێتەوە*.....ل٢٩



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەناو سیاسەتدا دۆست و دوژمن بەردەوامبوونی نییە، بۆیە ئەوەی دەیەوێت لە ڕێگەی بەرامبەرەکەوە خواستەکانی بهێنێتەدی، دەبێت سیاسەتی لەگەڵ بکات، بۆیە چەند هەنگاو هەن کە لەڕواڵەتدا هەڵەن، بەڵام دەرئەنجامێکی باشیان هەیە، یان دەڵێت:

پێکەوە ناڕۆین لەڕیی ڕاستەوە خوا ئەوە بگریٚ شاری گواستەوە
بناغەی ئێرەساڵی دوو سەدە وادەرەکەویٚ خاکەکەی بەدە
ئەگینا کە شار قەڵاچوالان بوودوانزە سوارەیان مەردی مەیدان بوو

*ئێستاکە مەیدان بەسەر و گوێلاکە هەر مرمرە شەڕی سەر لاکە.....ل ٢٩*

ئەم پەندە دەیەوێت بڵێت هەموو شتەکان ڕووبەڕووبوونەوەی هێزێکی چەوساوە و هەژار و ئایندارەکانە، کاتێک لەڕێگەی شارەوە خۆشییەکانی ژیان دەبنە هۆکاری لاوازی مرۆڤەکان، بۆیە شار وەک نەهێشتنی کلتور و خێڵ... تاد، لەهەمانکاتدا دەبێتە یەکێک لە هۆکارەکانی لاوازکردنی شۆڕشگێڕەکان، یان دەڵێت:

*دوای تەنگانەی زۆر ئازادییە (ش)شین زۆرجار (ش)ی شادییە....ل٢٧*

هەموو ناخۆشی و سەختی و ستەمێك كۆتاییەکەی شادییە ،بۆیە شین شادیشی هەیە بەو مانایەی هیچ شتێك بەبەردەوامی لەلوتکەدا نامێنێتەوە، بەڵکو شۆڕبوونەوەش هەیە بۆ پێچەوانەکەی.

**٧. کارنامەی تێکەڵ:**

مەبەست لەو کارنامەیە کە دەتوانرێت لەچەند ڕێگەیەکەوە کار لەسەر کۆمەڵگە بکەیت، یان مەبەست لەوکارنامەیە کە لە پەندێکدا دەتوانین بەچەند شێوازێک، کارنامەی جیاوازی لێبخوێنینەوە، بۆ نمونە:

*دوومەڵان بۆیە پێی دەڵێن زۆڵە بەبیٚ تۆو دەرویٚ لەو دەشتە چۆڵە.... ل٤١*

لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە شتە نادروستەکان بەبیٚ سەرچاوەن و بە نا ئاشکرا ئەنجامدەدرێن، بۆیە دوومەڵانیش بەهەمان شێوە، بەهۆکاری سروشتی دەرویٚ و دورە لەدەست و سەرپەرشتی مرۆڤ، بۆیە وا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

لەڕووی سیاسیەوە هەرکارێک کە نا ئاشکرا و بوونی ئەجێندا بکریٚ، کارێکی نابەجیٚ و بەتاڵ و بیٚ ئاکامە.

*یان: کەرەکەی عیسا بیٚ نمەکە بڵێن گۆڕاوە تۆ باوەڕ مەکە*

*زەمانەی عیسا و موسا بەسەرچوو ڕووی درۆزنی تێدا ڕەش ئەبوو.....ل٤٢*



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لێکدانەوەی ئاینی و لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی دەگرێتە خۆی، بەوەی ئەوەی لە بنچینەدا بێگوێ و کەم فام بێت، سەر بەکێ و لای کێ و قوتابی کێ بێت، هیچ شتێک نایگۆڕێت، ئەوکاتانە درۆزن بە ئاسانی دەردەکەون، چونکە هەمووان ڕاستگۆبوون، کۆمەڵگە ئاستی هۆشیاری بەهێزنەبوو، بەڵام ئێستا کۆمەڵگە پێشکەوتووەو چەندین هۆکار هەن بۆ شاردنەوەی ئەمانە، یان:

*دەوڵەمەند پارەی بە کەس نەداوە        پارە پەرستی ئەڕوا بەدواوە...* ل٤٧

ئەمەش بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی دروستە، واتە دەوڵەمەند بەبێ هۆکار پارەنادات بە کەس، ئەوەش دوایکەوتووە خۆی لە بنچینەدا بەبێ هۆ نییە، بەڵکو لەبەر پارە پەرستی دوایکەوتووە کە شتێکی دەستکەوتووە، یان دەبێ لە بەرامبەردا کارێکی تری بۆ بکات، لەڕوانگەی سیاسییشەوە ئەوانەی دوای حیزب دەکەون بۆ مەرام و دەستکەوت بە دواوەین، ئەگەرنا حزبایەتی بۆ خزمەتکردنە، نەک خۆ دروستکردن و بونیادنان و پێگەیاندن، یان دەڵێت:

*بیستوومە وردە مەئمور دەرئەکرێ        بەرە هەر لەلای تەنکی ئەدرێ.....*ل٢١

دەتوانین ئەم پەندە لە چەند ڕوانگەیەکەوە لێکیبدەینەوە، یەکێك لەو ڕوانینانە ڕوانینێکی ئابوری و کارگێڕییە، بەوەی بەردەوام کەسە هەژارەکان دەبنە قوربانی چ لەکار، چ لەژیاندا، بۆیە ئەم هەنگاوەش هەر هەژارەکان دەگرێتەوە، یان لەکوی گرفت، یان لاوازیت هەبوو، لەوێوە گرفتت بۆ دێتەپێش، یان دەڵێت:

*تا نەبارێنێ باخ گەشە ناکا        تا نەگارێنێ مر هێلکە ناکا.........*ل٢١

هەندێك کردار هەن مەرجن بۆ ڕوودانی کاری دواتر، بۆیە کاری ژیان بەردەوام پێویستیان بە هەندێك هەنگاوە، تا ئەوەی دەیەوێت بەدەستی بگات، بۆیە لەسەر ئەو ئەرکانە هەوڵ و ماندوبوونی خۆیان بەبەردەوامی بێوچان بخەنەگەڕ، یان دەڵێت:

*ئەوەی دەوڵەتی هەر بۆ خۆی دەوێت        خەوی بێ خەفەت نابینێ شەوێ.....*ل٢٢

ئەم پەندە ئەوە دەخاتەڕوو، کاری خۆویستی بەهەر شێوازو ئاڕاستەیەك بکرێ، دەرئەنجامە نێگەتیڤیەکەی ڕاستەوخۆ خودی کەسەکە دەگرێتەوە، بۆیە دەبێت هەوڵەکان بۆ هیوایەکی گەورەو نەتەوەیەك بن نەك بۆ تاك.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## ئەنجام:

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە:

١. پەند دەرئەنجامی ئەزموونی کۆمەڵ، یان تاکێکە لە ڕابردوودا، بۆیە هەم تاک هەم کۆمەڵ تێیدا بەشدارن و هی هەمووانە.

٢. هەموو پەندێک هەڵگری کارنامەو شوناس و تایبەتمەندی خۆیەتی.

٣. ئەو پەندانەی کە پیرەمێرد کۆیکردوونەتەوە، تەواوی بوارە جیاوازەکانی لەخۆگرتووە.

٤. مەبەستی پیرەمێرد کۆکردنەوەو بڵاوکردنەوەی پەندەکانە، هەوڵێکە بۆ چاکسازی و پەروەردەکردن و هۆشیارکردنەوەی خەڵکی.

٥. پیرەمێرد بەبێ گوێدانە هیچ بەربەستێک، لەهەموو بوارەکاندا پەندی کۆکردووەتەوە، بۆ ئەم کارەشی دوچاری ڕەخنەبووەتەوە.

٦. پەندەکان مەبەستی چاکسازییان بەسەردا زاڵە، بۆیە لەلایەک دیمەنی مێژوویی و قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵگە پیشاندەدات، لەلایەکی تریشەوە ئاستی هۆشیاری و بیری خەڵکی.


### سەرچاوەکان:

### یەکەم: کوردییەکان:

١. ح. س. سۆران، زمان، وێژە و فۆلکلۆری کوردی، ئێلێکترۆنیک، هەولێر، ٢٠٠٩.

٢. سەدرەدین نورەدین، کۆکردنەوەو ئامادەکردن، بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٠٠).

٣. د. عبدالقادر محەمەد ئەمین، بنیاتی کارنامەیی لەدەقی نوێی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٤. د.عزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەغدا، ١٩٧٠.

٥. فایق هۆشیار، مستەفا ساڵح کەریم، مەحمود ئەحمەد، محەمەد نوری ئەحمەد زرنگ، سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەو ساغکردنەوە: چاپخانەی شڤان، سلێمانی،٢٠٠٧.

٦. لوقمان رەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٧. لەڕوسییەوە: میدیا، سەرەتایەکی زمانناسی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ١٩٨٨.

### دووەم: عەرەبییەکان

١. أحمد رشدي صالح، الفنون الشعبية، القاهرة. وزارة الثقافة والإرشاد القومي، ١٩٦١.

٢. تودوروف، الأدب والدلالة، ترجمة : د. محمد نديم خشفة ،مركز الإنماء الحضاري، حلب، ط١،١٩٩٦

٣. تودوروف، مفهوم الأدب و دراسات أخرى، سفيتان ترجمة: عبود كاسوحة، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ٢٠٠٢

٤. جاك موشالر و آن ريبول، القاموس الموسوعي للتداولية، ت: مجموعة من الباحثين من الجامعات التونسية، ط٢ ،تونس، دار سيناترا، ٢٠١٠.

٥. جان سيرفوني، الممفوظية، ت: قاسم المقداد، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ١٩٩٨.

٦. جون ستوري، النظرية الثقافية والثقافة الشعبية، ت: د. صالح خليل أبو أصبع ود. فاروق منصور، هيئة أبو ظبي للسياحة والثقافة- مشروع "كلمة"، ط١، ٢٠١٤.

٧. د.عبدالقادر عبد الجليل، علم اللسانيات الحديثه، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٢.

٨. د.على احمد محمود العبيدى، من مستويات الدلاله اللغويه فى المثل الشعبى الموصلى، مجله و دراسات موصليه، العدد الرابع العشر، الشوال ١٤٢٧ه، تشرين الثانى ٢٠٠٦.
٩. نمر سرحان، الحكاية الشعبية الفلسطينية، بيروت، المؤسسة العربية للدراسة والنشر، طبعة ١٩٧٤.
١٠. طة عبد الرحمن، المسان والميزان أو التكوثر العقمي، طبعة١ ،المركز الثقافي الوبي،الدار البيضاء، ١٩٩٨.
١١. العياشي إدراوي، الاستلزام الحواري في التداول اللساني، ط١ ،الجزائر، منشورات االختالف، ٢٠١١.
١٢. فوزي العنتيل، بين الفولكلور و الثقافة الشعبية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة ،١٩٧٨.
١٣. محمد حسين، الاسلام و نالحظاره العربيه، دار فرقان،٢٠٠٨.
١٤. محمد عبد المنعم خفاجي، الأدب الجاهلي دار الكتاب، ٢٠١٦.
١٥. محمد عزام، النقد والدلالة، نحو تحليل سيميائي للأدب، منشورات وزارة الثقافة ،دمشق، ١٩٩٦ .
١٦. محمود ذهنى، الادب الشعبى العربى، مطبوعات جامع القاهره، الخرطوم، السودان، ١٩٧٢.
١٧. منذر عياشي، اللسانيات والدلالة، مركز الإنماء الحضاري، حلب، ط١، ١٩٩٦ .
١٨. نبيل علقم، مدخل لدراسة الفلكلور، البيرة، منشورات جمعية إنعاش الأسرة، الطبعة الثالثة ١٩٩٣

**سێیەم: نامەکان:**

١. الصوره الشعريه فى الشعر الموريتانى، غازى على، رساله ماجستير، ٢٠٠٢.

## اللغة و المعنى في حكم پيرەميرد

**الملخص:**

الحكم هي إحدى النصوص الفلكلورية لكل قوم. فلكلورية الحكم هي إنعكاسها في تجارب الحياة، و رسالتها و معانيها تقلل من الوقت المأخوذ لمن يفهمه. اللغة في الحكم هي مختلفة من اللغة الشعرية، فاللغة الحكم هي إنعكاس للمجتمع و الزمن و تدل على مستوى و تجربة و نمو المجتمع، و معانيها هي رحيق تجربة قوم ما على مر التأريخ.

هذا البحث يعمل على معاني و حكم پيرەميرد من حيث تحليل المعاني و إنعكاس الحكم، و على تحديد لغة و مستوى و نوعية لغة الأمثال و و إنعكاسها في حكم پيرەميرد....

**الكليمات الدالة:** *حكم، المعنى، وظائف، التاثير، النص*

## Language and meaning in the aphorism of Piramerd

**Abstract:**

Aphorism is one of the folkloric texts for every people. The folkloric aphorism has reflections on life experiences, and its message and meanings reduce the pondering time for those who understand it. Aphorism language is different from poetic language, the language of aphorism is a reflection of society and time, and indicates the level, experience and growth of society, and its meanings are the nectar of the experience of a people throughout history

**Keyword:** *Aphorism, Meaning, Functions, Impact, Text.*

# لادانێن سینتاکسی د گۆتنێن پێشییاندا

پ. هـ. د. سـانـیا جـبار عبوزید
پ. هـ. د. دلبرین عبدالله علی
د. شــیلان یـونـس مـحـمـد
پشکا زمانێ کوردی- فەکۆلتییا زانستێن مرۆڤایەتی-زانکۆیا زاخۆ- هەرێما کوردستانێ/ عێراق.

پۆختە:

گۆتنێن پێشییان ئێک ژ ئەوان کەرەستەیێن گرنگێن ئەدەبی و زمانینە، کو بەردەوام ژ لایێ ئاخفتنکەرێن زمانیڤە ژبۆ مەرەما گەهاندنا واتایەکا پۆختە دهێتە بکارهینان، هەلبەت ئەڤ چەندە ژی بێ کارتێکرنا لایەنێن زمانی نەبوویە،لەورا لادان ئێک ژ مژارێن گرنگە، کو د پیکهاتا زمانییا گۆتنێن پێشییاندا هەیە.
لادان د زمانیدا بریتییە ژ ئەوێ چەندێ کو هندەک کەرەستە د زمانیدا دهێنە لادان، ئەڤ لادانە ژبۆ سڤکگۆتنێ و رێگرتن ژ دووبارەبوونێیە.

ئەو رێبازا کو بۆ ئەنجامدانا ئەڤێ ڤەکۆلینێ هاتییە پەیرەوکرنێ، رێبازا وەسفییە. ئەگەرێ هەلبژاردنا ئەڤێ ڤەکۆلینێ ئەوە، کو د زمانێ کوردیدا د گۆتنێن پێشییاندا هندەک پێکهین ژ لایێ سینتاکسیڤە دەرناکەڤن، ئەڤ چەندە ژی بۆ مژارا لادانێ ڤەدگەڕیت.

ئارمانجا سەرەکییا ئەڤێ ڤەکۆلینێ ئەوە، بزانین کیژ جۆرێ لادانا سینتاکسێ باراپتر د ئەوان گۆتنێن پێشییاندا هەنە، کو وەکو کەرەستە بۆ ڤەکۆلینێ هاتینە هەلبژاردن.

گریمانەیێن ئەڤێ ڤەکۆلینێ ئەڤەنە، ئەرێ لادان د هەموو گۆتنێن پێشییاندا هەنە؟ ئەو کیژ پێکهێنێن د پێکهاتا سینتاکسییا گۆتنێن پێشییاندا د شیاندانن بهێنە لادان؟ ئەرێ کیژ جۆرێ لادانێ د رستەیا سادە و کیژ جۆرێ لادانێ د رستەیا لێکداییدا هەیە؟

**پەیڤێن سەرەکی:** *لادان، گۆتنێن پێشییان، لادانا سینتاکسی، پێکهێنێ لادایی.*



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## ١- پێشەکی:

### ١-١ ناڤونیشان و کەرەستەیێ ڤەکۆلینێ:

ئەڤ ڤەکۆلینە لژێر ناڤونیشانێ (لادانێن سینتاکسی د گۆتنێن پێشیياندا)يە. کەرەستەیێ کو بۆ ڤەکۆلینێ هاتییە بکارهینان، ژمارەیەکا ژ گۆتنێن پێشییان ژ پەرتووکا(مشتاخا چیا ژ گوتنێن پێشییا) ژ لایێ ڤەکۆلەرێن ئەڤێ ڤەکۆلینێڤە هاتنیە هەلبژاردن.

### ١-٢ گرنگییا ڤەکۆلینێ:

گرنگییا ڤەکۆلینێ د دیارکرنا لادانێن زمانی د گۆتنێن پێشییاندا ژ لایێ سینتاکسیڤە دیاردبیت، هەلبەت بۆ مەبەستا سڤکگۆتنێ لادان دهێنە ئەنجامدان.

### ١-٣ ئارمانجا ڤەکۆلینێ:

ئارمانجا سەرەکییا ڤەکۆلینێ ئەوە، دیارکرنا جۆرێن لادانێن زمانی ژ لایێ سینتاکسێڤە کو د گۆتنێن پێشییاندا بۆ ئەڤێ ڤەکۆلینێ هاتینە هەلبژاردن.

### ١-٤ سنوورێ ڤەکۆلینێ:

سنوورێ زمانییێ ڤەکۆلینێ ئاستێ سینتاکسێ بخۆڤەدگریت، ژ لایێ ئەدەبیڤە بابەتێ گۆتنێن پێشییان بخۆڤەدگریت.

### ١-٥ پرسیارێن ڤەکۆلینێ:

ب شێوەیەکێ گشتی ڤەکۆلین لسەر بنەمایێ ئەڤان پرسیاران دێ هێتە ئەنجامدان:

١- ئەرێ لادان د هەر دوو ڕستەیێن سادە و لێکداییدا هەیە؟

٢- لادانێن سینتاکسی دبنە چەند جۆر؟ چ جوداهی دناڤبەرا ئەواندا هەیە؟

٣- کیژ پێکهێن د پێکهاتا سینتاکسییا گۆتنێن پێشییاندا د شیاندانە بهێنە کرتاندن؟

٤- ئەرێ نیشانەژی وەکو پێکهێنێن رستەیێ دهێنە کرتاندن؟ ئەو کیژ نیشانەن؟

٥- ئەرێ جهگوهۆرینا کیژ پێکهێنێن رستە لبەر لادانا سینتاکسی دکەڤن؟

### ١-٦ ڕێبازا ڤەکۆلینێ:

بۆ ئەنجامدانا ئەڤێ ڤەکۆلینێ، ڕێبازا وەسفی هاتییە بکارهینان.

### ١-٧ پێکهاتا ڤەکۆلینێ:

ئەڤ ڤەکۆلینە ژ بلی پێشەکی و ئەنجامان ژ دوو تەوەران پێکدهێت:

تەورێ ئێکێ تەرخانکرییە بۆ لایەنێ تیۆری و سێ سەرەبابەتان (چەمك و پێناسەیێن لادانێ، جۆرێن لادانێ و لادانا زمانی) بخۆڤەدگریت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

تەوەرێ دوویێ: بۆ لایەنێ پراکتیکیێ ڤەکۆلینێ هاتییە تەرخانکرن، کو تێدا سە و پێنج گۆتنێن پێشییان هاتینە دیارکرن ژلایێ لادانێن سینتاکسیڤە.

## ١- چەمک و پێناسە و جۆرێن لادانێ:

### ١-١ چەمک و پێناسەیێن لادانێ

دەق خودان فۆرمە و بەری بیتە پەیام و بگەهیتە مەژیێ خوینەری، خوینەر د ئێکەمین پەیوەندییا خوە لگەل دەقیدا ب رێکا چاڤان- رووبەرووی شێوازێ دارشتنێ دبیت. لەورا شێوازێ دارشتنێ رۆلەکێ گرنگ د گەهاندنا پەیام، هەست، هزر و وێنەیێن شیعری و ئەدەبیدا هەیە. لدویف ئەوێ چەندێ کو جیاوازییەکا بنەرەتی د ناڤبەرا دەقێ ئەدەبی و دەقێ ئاساییدا هەیە، شێواز ب خالا جوداکەر د ناڤبەرا هەر دوو جر دەقان دهێتە دانان. دەرئەنجامێ ئەگەرێن (تەکنیکی و دەرەکی) شێوازێ ئەدەبی بۆ دەقی درست دبیت. هندی لادانە ل پالْ هەلبژاردنێ هەر دوو ب بنەمایێن سەرەکیێن شێوازگەریێ دهێنە هژمارتن. (عەبدوڵلا، ٢٠١٢: ٣٣) زاراڤێ لادان (Deviation) ب رێکا زمانڤانییا نوی و رەخنا زمانڤانی ب رێکا زمانێ ئینگلیزی چوویە دناڤ رەخنەیا ئەدەبیدا. (داد، ١٣٨٥: ٥٤٠) د گورەپانا ئەدەبیدا لادانێ گرنگییەکا تایبەت هەیە. هەتا ئەوی رادەی گەلەک کەس زمانێ هوزانێ بەرامبەر ب لادانێ دزانن. ب دیتنا یاکوبسنی ئەدەبیات واتا دەرکەفتن و لادانا یاسایێن بەربەلاڤێن زمانی (ایگلتون، ١٣٨٣: ٤) ب هەمان شێوە موکارۆفسکی وێرانکرنا پیڤەر و لادان ژ یاسایێن زمانی ب کارێ زمانێ ئەدەبی دزانیت.(احمدی، ١٣٨٦: ١٢٤-١٢٥) چنکو لادان واتە ((بەرهەمهێنانی زمانێکی دیکە و نوێ بۆ ئەدەب، جیاواز لەو زمانەی ئاخاوتنی گشتیی پێدەکریت و جیاواز لەو زمانە سروشتیەش، کە لە بەر رۆشنایی یاساکانی زمان بەرێوە دەڕوات.)) (عەبدوڵلا،٢٠١٣: ١٤٧) بەرهەمهینانا ئەڤی زمانی، زمانەکێ پڕ داهێنان و جیاواز ژ ئەو زمانێ پیڤەرییە ئەوا یاسایێن ئەوێ پێش وەخت د مەژیێ خەلکیدا هەیە و رۆژانە پێ دئاخڤن. چنکو هەر زمانەک لگورەی تایبەتمەندییێن خوە پێگیرییێ ب هندەک یاسایان دکەت. ئەڤ یاسایە جهێ خوە د مەژیێ ئاخفتنکەراندا دگریت و ژ لایێ زۆرینەیا خەلکیڤە دهێتە پەیرەوکرن و لادان، رەڤینەکە ژ ئەڤان یاسایێن بەربەلاڤ. هەر چەندە مەبەست ژ ئەڤی کاری ئەو نینە کو دێ زمانەکێ جودا ژ زمانێ رۆژانە هێتە ئاڤاکرن، چنکو د راستیدا بنەمایێن ئەوی هەر ژبۆ زمانێ رۆژانە دزڤرن، لێ پشتی هندەك دەستکاریان، ب واتایەک دی نڤیسەری دڤێت دەربرینەکا نەپێشبینی و نەچاڤەرێکری دروست بکەت، ئانکو نڤیسەری دڤێت دەقی ب ئاراستەکا جوانکاری پێشکێشی خوینەری بکەت. (سلیمان: ١٩٩٥: ٢٥). لادان ((دەرچوونا دەربرینێیە ژ شێوێن بەربەلاڤ و بەرنیاس ب پیڤەرێ بکارهینانێ ژلایێ دیتن و زمان و دارشتن و پێکهاتنێڤە))(الیافي: ٢٠٠٨: ٢٦) لادان بریتییە ژ تێکدان و سەر پێچیکرنا یاسایێن زمانی، ئەوژی ب مەبەستا پێکهینان و دروستکرنا پەیوەندی و واتایەکا نوی د



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ناڤبەرا پەیڤێن دەقیدا و مەرەم ژ پەیرەوکرنا لادانێ د زمانێ ئەدەبیدا ژ لایێ نڤیسەریڤەئەوە، وی دڤێت زمانێ ئەوی یێ جیاواز و دویربیت ژ زمانێ بەرهەمێن دیتر.

لادان وەکو ئێک ژ بنەمایێن سەرەکییێن شێوازێ ئەدەبی بریتییە لە ((لادان لە یاساکانی زمانی خۆکار)) (کانەبی، ٢٠٠٩: ٢٨) لادان ژ یاسایێن خۆکارێن زمانی ب واتا بەرەلاییا زمانی ناهێت، بەلکو لادان ((هەڵەیەکی ئەنقەستە و بۆ مەبەستی ڕاستگەیاندنێکی دەلالی و تایبەتی بەکار دێت.)) (مەحموود، ٢٠١٢: ١٣٠) دویرکەفتن ژ واتا، چەمک و وێنەیێن هەمیشەیی ئێکە ژ ڕێکێن چێژبەخشین و کارتێکرن لسەر خوینەری. ئەڤە هەمان تشتە ئەوا فۆرمالیستێن ڕووس و لدویڤدا قوتابخانا پراگ داکوکی لسەر دکرن.

زانایان بۆ شێوازگەرییێ دوو مەرجێن سەرەکی بۆ لادانێ دەستنیشانکرینە کو پێدڤییە ئەو مەرج تێدا بن. ئەو ژی بریتینە ژ:

((١-لادانەکە بە شێوەیەک بێت لە چوارچێوەی ڕێگەپێدراوی ڕێزماندا ئەنجام بدرێت.

٢- دەبێ لادانەکە سوودێک بگەیەنێت، چونکە لادان لە خودی خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو ئامانج لە لادان درووستکردنی کاریگەرییە لە سەر خوێنەر، بۆ ئەوەیە خوێنەر بەو شێوەیە ئاراستە ببێ، کە واقیع و خەونی نووسەرەکە دەیخوازێت.)) (عەبدوڵلا،٢٠١٠: ٦٣-٦٤)

**٢-١ جۆرێن لادانان:**

دەربارەی جۆرێن لادانان ژلایێ پسپورێن بوارێ شێوازگەرییێ، چەندین پارڤەکرنێن جۆراوجۆر هاتینە ئەنجامدان. بۆ نموونە د پەرتووکا (شێواز و شێوازگەری)دا، لادان ب سەر چار جۆران هاتییە دابەشکرن:

١-لادانی گشتی

٢-لادانی تایبەتی

٣-لادانی واتایی:

- لادانی ئاشکرا
- لادانی درکاوی کەرتی
- لادانی درکاوی تەواو

٤- لادانی دارشتن (تەرکیبی):

- لادان لە بنەمای سینتاکسی
- لادان بە درێژ بری
- لادان بە کورتبری
- تێکدانی سیستەمی دروستکردنی وشەی لێکدراو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- لادان بە گۆرینی شێواز
- لادان بە گۆرینی پیت. (عەبدوڵلا،٢٠١٠: ٧١-٩٣)

د پارڤەکرنەکا دیتردا لسەر بنەمایێ شێوە و جوراوجوریيا واتایێ، لادان ب سەر نەهـ جوران هاتییە پارڤەکرن:

١-لادانا گوتنێ

٢-لادانا واتایی

٣- لادانا ڕستەسازی یان ڕێزمانی

٤-لادانا فەرهەنگی

٥-لادانا گوهۆڕینا پلەیا پیشەیی

٦-لادانا مۆرفۆلۆژی

٧-لادانا مۆرفۆلۆژی و گرافۆلۆژی

٨-لادانا ناڤخۆیی

٩-لادانا دەرڤەیی (داد،١٣٨٥: ٥٤٠-٥٤٢)

(لیچ) لادانێ ب سەر هەشت جۆران پارڤەدکەت (لێکسیکی، فۆنۆلۆژی، کاتی، شێوازی، واتایی، ڕستەسازی، زاری، نووسینی) (کانەبی،٢٠٠٩: ٢٩) د پارڤەکرنەکا دیتردا ب ڕەنگەکێ گشتی و لدویڤ ئەرکان ئاماژە ب جۆرێن لادانان هاتینە کرن. ب ئەڤی شێوەی (لادان بە پێی ئاستەکانی زمان، لادان لە سەر بنەمای جوانکردن و گەیاندن و پەیوەندی کردن، لادانی خوازەیی، لادان بە پێ ی بونیادی دەق، یا خود لادان بە پێی تەوەری جێنشینی و هاونشینی واتا ڕێکخستن و گورینی وشە...هتد.) (ئەحمەد، ٢٠١٣: ٤٢).

ب وردبوون د ئەڤان پارڤەکرنان و پارڤەکرنێن کەسێن دیتر دیار دبیت، هەمی پارڤەکرن ب سەر دوو هێلێن لادان د ئاستێ واتا و ئاستێ دارشتنێدا خوە دیار دکەن. ب واتایەکا دی ئەوێن پەیوەندی ب لایەنێ جوانکاری و ڕوونبێژییێ هەیە، دچیتە ژێرخانا لادانا واتایی و ئەوێن پەیوەندی ب لایەنێ فۆرم و دارشتنێڤە هەیە، دچیتە ژێرخانا لادانا دارشتن و زمانی.

پشتی مە ب ڕەنگەکێ بلەز ئاماژە ب جۆرێن لادانان کری، نوکە دێ بەحسێ لادانا زمانی کەین کو مەرەما سەرەکییا ئەڤێ ڤەکۆلینێیە:

**٣-١ لادانا زمانی:**

لادانا زمانی بریتییە ژ ((بە شێوەیەکی جیا لە زمانی سروشتی وشە و دەستەواژە و ڕستەکانی دەقێکی ئەدەبی دورست دەکرێت و پێکەوە دەلکێنرێت))(عەبدوڵلا، ٢٠١٠: ٨٥)، ژبۆ دیارکرنا ئاست و سنوورێن لادانا زمانی هندەک کەس هەر سێ ئاستێن دەنگ، پەیڤ و ڕستەیێ دیار دکەن و هندەک کەسێن دیتر ئاستێ دەنگی ژ هەر دوو ئاستێن دیتر جودا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دکەن و ل ژێر ناڤێ لادانا ڕێزمانی د هەر دوو ئاستێن پەیڤ و ڕستە ب لادانا ڕێزمانی ناڤدکەن. (داد، ١٣٨٥: ٥٤٠)

**لادان د ئاستێ دەنگیدا:** د ئەڤی جۆریدا نڤیسەر هەولا خوە ڕزگارکرن ژ کوت و بەند و یاسایێن دەنگییێن بەربەلاڤ دەت. ئەڤ چەندە ژی ((بە پێی پێداویستی هاوڕێکی شیعرییەوە دێتە گۆرین)) (سەعید، ٢٠١٠: ٦٤) لادانا دەنگی ژی ب چەند شێوازان خوە دیار دکەت:

أ- کرتاندنی دەنگ:لابرنا دەنگەکی یان زێدەترە د بنیاتا پەیڤێدا. ئەڤ قرتاندنە ژی یان ل دەستپێک، ناڤەڕاست یان دوماهییا پەیڤێ دێ هێت.

ب- زێدەکرن: ئەڤە بەرۆڤاژی جۆرێ (أ)ە. د ڤێرێدا دەنگەک یان زێدەتر د بنیاتێ پەیڤێدا دهێتە بکارئینان.

ج- گوهۆڕینا دەنگەکییە ل شوینا دەنگەکێ دیتر د پەیڤێدا. ئەڤ چەندە زێدەتر بۆ مەبەستا کێش و ڕێتمێ بکار دهێت. بۆ نموونە نڤیسەر پەیڤێن (شینۆ، دێمۆ، نەسیمۆ...هتد) بکار بهینیت. ب ئەڤی جۆری جاران دبێژنێ ((لادانی شێوازاری، چونکە شاعیر چەند هەول بدات بە زمانی یەکگرتووی سەردەمی خۆی بنووسێ ناتوانی دەست بەرداری شێوەزاری تایبەتی خۆی بێ)) (ئەحمەد،٢٠١٣: ١٠٧)

د- یاری کرن ب پیت/ دەنگ: ئەڤ چەندە ب مەبەستا ((سەرنجڕاکێشانی خوێنەرە و لادانە لە شێوازی باو)) (سەعید، ٢٠١٠: ١٠٦)

**لادان د ئاستێ پەیڤێدا:** پەیڤ کەرستەیێ سەرەکییێ دارشتنێیە، لەوڕا نڤیسەر هەولددەت ب ڕێکا ((لادان لە یاسا وشەسازییەکان زمانی خۆی بەرجەستە بکات بە مەش لادانی وشەسازی ڕوودەدات.)) (کانەبی، ٢٠٠٩: ٤٨) ئەڤ چەندە ژی ب چەند شێوەیان خوە دیار دکەت وەکی (داهێنانا پەیڤێن نوی، لادان ژ ڕوونانا بەربەلاڤ...)

**لادان د ئاستێ ڕستەیێدا:** واتە بەزاندن و لادانا یاسایێن ڕێزمانی. ئەڤە ب ئەستەمترین جۆرێ لادانێ دهێتە هژمارتن، چنکو ژ لایەکیڤە (بنیاتێ ڕێزمانییێ هەر زمانەکی سنووردارە و ژ لایێ دیڤە سەرەرای سنوورداربوونێ جوراوجورییا زمانی د ئاستێ ڕستەییدا دروست دبیت.) (کدکنی،١٣٦٨: ٢٦) بۆ نموونە ڕستەیا کوردی ژ ڕێزکرنا (بکەر، بەرکار، کار) پێکدهێت، ئەگەر کارێ تێپەڕ بیت. پتریا جاران د شێوازێ ئەدەبیدا نڤیسەر و هوزانڤان پەیرەوییا ئەڤێ ڕێزبەندی و یاسایێ ناکەت.

- **ژێبرن:** ژێبرنا کەرستەکی د ناڤ ڕستەیێدا ئەڤە ژی ((نابێ کار لە ماناکان بکەن)) (کاکی:١٢٥:٢٠٠٨) ژێبرن دبیتە ئەگەرێ درستکرنا هەست و سوزێن سەرنجراکێش چنکو ب ڕێکا کێمکرنێ ئازادییەکا زێدەتر بۆ ئەفراندنا وێنەیێن جوانتر دهێتە بەخشین. ب ئەڤی ڕەنگی واتا چڕتر دبیت. ژێبرن د چەندین ئاستاندا خوە دیار دکەت ژێبرنا کاری، بەرکاری، بکەری...



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- **زێدەکرن:** هەر چەندە زێدەکرنا کەرستەیێن دیتر دبیتە ئەگەرێ بەرفرەهتر بوونا ڕستەیێ ل جاران ل گورەی پێدڤییاتییێ زێدەکرن د ئاستێ کەرستەیاندا دهێتە کرن.
- **پێش و پاش کرنا کەرستەیان:** ئەڤە زێدەتر بۆ درستکرنا ڕیتمێ یان ئالوزکرنا واتایێ دهێتە بکارهینان و دبیتە ئەگەرێ داهێنانا زمانی و درستکرنا شێوازی بۆ نڤیسەری.

٢- لادانێن سینتاکسی د گۆتنێن پێشییاندا:

د ئەڤی تەوەریدا بتنێ دێ لادانێن سینتاکسی وەرگرین و کارێ لادانێ دێ لدویڤ ئەڤان هەردوو خالان بیت:

١- کرتاندنا(ژێبرن) پێکهێنان:

کرتاندن ئێک ژ لادانێن سینتاکسییە، کو پێکهێنەکێ رستەیێ یان گرییێ د پێکهاتا رستەیێ یان گرێیاندا دهێنە ژێبرن یان کرتاندن ژبۆ پیخەمەت ئابووریکرنا ئاخفتنێ بکاردهێت، بەلی ب مەرجەکێ کارتێکرنێ لسەر لایەنی رێزمانی یان واتایی نەکەت، کرتاندنا پێکهێنێن ڕستەیێ (بکەر، نیهاد، بەرکارێ (ڕاستەوخۆ و نەڕاستەوخۆ) و کار) هەروەسا و نیشانەیا (ڕێککەفتنێ، دۆخێ تیان و دووبارەکرنێ) و ئامرازێن(پەیوەندییێ، لێکدانێ و گەهاندنێ) د پێکهاتا گۆتنێن پێشییاندا هاتینە دیارکرن.

٢- جهگوهۆڕینا پێکهێنێن ڕستەیێ:

جهگوهۆڕینا پێکهێنێن ڕستەیێ ئێک ژ لادانێن سینتاکسییە، کو د پێکهاتا رستەیێدا دهێتە ئەنجامدان، ئانکو پێش و پاشکرنا پێکهێنێن ڕستەیێ ژبۆ پیخەمەت خەملاندن و داهێنانا زمانەکێ جودا ژ زمانێ ئاسایی، ئەڤ چەندەژی یاساییا رێزبەندییا پێکهێنان د زمانێ کوردیدا لاددەن. ئەو پێکهێنێن رستەیێن کو ل سەری هاتینە دیارکرن د هندەک گۆتناندا جهگوهۆرین کرینە.

١-*ئەز چیا تو چیا، کی ژ گۆلکرا هەرت گیا* ؟ ( دێرشەوی، ٢٠٠٠: ١ )

د ئەڤێ گوتنا پێشیاندا سێ لادانێن سینتاکسی هەنە:

لادانا کارێ بێهێزێ (بم) د لاڕستەیا ئێکێ(ئەز چیا) دا و کارێ بێهێزێ (بی) د لاڕستەیا دوویێ(تو چیا)دا.

أ- لادانا نیشانەیێن ڕێککەفتنا(م) د لاڕستەیا ئێکێدا و (ی) د لاڕستەیا دوویێدا.
ب- لادانا ئامرازێ لێکدانێ(و) د ناڤبەرا لاڕستەیا ئێکێ و دوویێدا.
ت- لادانا نیشانا دۆخێ تیان(ی) ل دوماهییا گرێیا ناڤییا( گیا).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٢- *ئەگەر شتەغالی زیڤ بت کەرکرن زێرە.* ( دێرشەوی،٢٠٠٠: ٥ )

لادانا سینتاکسییا ئەڤێ گۆتنێ ئەڤەیە، کو ئامرازێ لێکدانێ (بەلێ) د ناڤبەرا لاڕستەیا ئێکێ (ئەگەر شتەغالی زیڤ بت) و دوویێ(کەرکرن زێرە)دا هاتییە لادان.

٣- *ئەز دبێژم برا تۆ دبێژی کریڤ!* (دێرشەوی،٢٠٠٠: ١٠)

لادانێن ئەڤێ گۆتنا پێشییاندا، ئەڤ جۆرەنە:

أ- لادانا ئامرازێ لێکدانێ(و) دناڤبەرا لاڕستەیا ئێکێ(ئەز دبێژم برا) و لاڕستەیا دوویێ(تو دبێژی کریف)ێدا.

ب- لادانا گرێیا پێشناڤییا بەرکارێ نەڕاستەوخۆ (ەتە) ل پشتی کارێ (بێژم) د لاڕستەیا ئێکێدا، هەروەها لادانا گرێیا پێشناڤییا(ەمن) بەرکارێ نەڕاستەوخۆ ل پشتی کارێ(دبێژی) د لاڕستەیا دوویێدا.

٤- *ئەو مال خراب ببت ئەوا ژن تێدا ببت مالخوی.* (دێرشەوی،٢٠٠٠: ١٠)

أ- لادانا ئامرازێ گەهاندنێ( کو) د لارستەیا دوویێدا ل پشتی نیشانا دۆخێ خستنەسەرێ(ا) ب ئەڤی ئاوایی(ئەوا کو ژن تێدا ببت مالخوی).

ب- لادانا ئامرازێ پەیوەندیێ ل پێشییا گرێیا ناڤییا(مالخوی)، کو یا دروست ئەڤەیە (ببتە مالخوی).

٥- *ئەوێ تێلا خوە بێخت گوهێ خوە دزانت کا وێ چ دڤێت!؟* (دێرشەوی، ٢٠٠٠: ١١)

أ- لادانا ئامرازێ گەهاندنێ( کو) د لاڕستەیا ئێکێدا ل پشتی نیشانا دۆخێ خستنەسەرێ (ێ) ب ئەڤی ئاوایی(ئەوێ کو تێلا خوە بێخت گوهێ خوە).

ب- لادانا ئامرازێ پەیوەندییێ ل پێشییا گرێیا ناڤییا(گوهێ خوە).

ت- لادانا بکەری(ئەو) د لاڕستەیا دوویێ( دزانت کا وێ چ دڤێت).

٦- *ئێشا تلیێ ئێشا لاشی هەمییێ*[1] (دێرشەوی، ٢٠٠٠: ١٢)

لادانا سینتاکسییا ئەڤێ گوتنێ ، لادانا نیشانا ڕێککەفتنێیە بۆ کەسێ سێیێ یێ تاک(ە) ل دوماهییا ڕستەیێ.

٧- *ئەو مری ناکەڤت ل بەر وی گری.* (دێرشەوی، ٢٠٠٠: ١١)

جهگوهۆرینا گرێیا پێشناڤییا بەرکارێ نەڕاستەوخۆ ئێک ژ جۆرێن لادانێن سینتاکسییا پێکهێنانە، وەکو ئەڤێ گۆتنێ کو ئەڤ گرێیە(ل بەر وی گری) بۆ پشتی کارێ ڕستەیێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هاتییه ڤەگوهاستن، یا دروست ئەوە د زمانێ کوردیدا کار ل دوماهییا ڕستەیێ دهێت (ئەو مری ل بەر وی گری ناکەڤت).

٨- *ئاهێن ڤی دەستی نامینن ل وی دەستی.* (دێرشەوی، ٢٠٠٠: ١٣)

د ئەڤێ گۆتنێدا هەر وەکو یا (٧) ب هەمان شێوەیە، کو جهگوهۆڕینا گرێیا پێشناڤییا بەرکارێ نەڕاستەوخۆ(ل وی دەستی) بۆ پشتی کارێ ڕستەیێ، یا دروست ب ئەڤی ڕەنگییە (ئاهێن ڤی دەستی ل وی دەستی نامینن).

٩- *ئاشڤانێ ئاشێ میرا*[٢] *ب خولامە!* (دێرشەوی، ٢٠٠٠: ١٤)

نیشانەیا دووبارەکرنێ، ئێک ژ جۆرێن نیشانەیێن ناڤینە و ئەڤ نیشانا د گرێیا ناڤییا (ئاشڤانێ ئاشێ میرا)، هاتییە لادان، کو پێدڤیبوو ب ئەڤی شێوەیی با (ئاشڤانێ ئاشێ میرا ب خولامە!).

١٠- *ئاڤ ل گۆلادا بمینت وێ گەنی بیت.* (دێرشەوی، ٢٠٠٠: ١٦)

أ- لادانا ئامرازێ گەهاندنێ ( ئەگەر) لبەری لاڕستەیا ئێکێ.
ب- لادانا بکەری (ئاڤ) ل دەستپێکا لاڕستەیا دوویێ( وێ گەنی بیت)دا.

١١- *ئاگری ب دارێن هویر هلکە.* (دێرشەوی، ٢٠٠٠: ١٧)

لادانا نیشانەیا فەرمانی (ب) لگەل کارێ ڕستەیێ ئێک ژ ئەوان نیشانانە، کو د گۆتنێدا دهێتە لادان و د ئەڤێ نموونەیێدا ژی ب هەمان شێوە لگەل کارێ (هلکە) هاتییە لادان.

١٢- *ئاخا کەندالا دبت تازەهیا مالا.* (دێرشەوی، ٢٠٠٠: ١٩)

لادانا ئامرازێ پەیوەندییێ (ە)، ئێک ژ جۆرێن لادانا سینتاکسییا بەربەلاڤە، د ئەڤێ نموونەیێدا ئەڤ ئامرازە ل پێشییا گرێیا ناڤییا(تازەهیا مالا) هاتییە لادان.

١٣- *ئەرڤازی بێ نشیڤی نینن.* (دێرشەوی، ٢٠٠٠: ٢١)

هەڤالناڤێ نەرێ (چ) پێکهێنێ گرێیە، کو ڕۆلێ دیارکەری دبینیت و ل دەستپێکا گرێیا ناڤییا(ئەرڤازی)دا د ئڤێ گۆتنێدا هاتییە لادان.

١٤- *ئەز گۆشت ناخۆم بەلێ ئەزێ نانێ خوە ب ئاڤکێ بخۆم.* (دێرشەوی، ٢٠٠٠: ٢١)

نیشانەیا دۆخێ تیان(ێ)، ئێک ژ ئەوان نیشانانە، کو د ئەڤێ نموونەیێدا ل دوماهییا گرێیا ناڤییا بەرکارێ ڕاستەوخۆ (گۆشت) هاتییە لادان.

١٥- *ئێك ب صەدا و صەد ب ئێك.*[٣] (دێرشەوی، ٢٠٠٠: ٢٢)

أ- لادانا نیشانەیا ڕێککەفتنێ(ن) د هە دوو لاڕستەیاندا، کو د بنەڕەتدا ئەڤە دروستە، لاڕستەیا ئێکێ (ئێك ب صەدا نە) و لاڕستەیا دوویێ نیشانەیا ڕێککەفتنێ (ە) یە، کو پێدڤییە ب ئەڤی شێوەیی بیت (صەد ب ئێکێیە).

ب- لادانا نیشانەیا دۆخێ تیان(ێ) ل دوماهییا گرێیا گرێیا پێشناڤییا تەواوکەری(ب ئێك)یدا.

١٦- *ئەوێ بلند بفرت وێ نزم بکەڤت.* (دێرشەوی، ٢٠٠٠: ٢٣)

أ- لادانا ئامرازێ گەهاندنێ(کو) د لاڕستەیا ئێکێدا ل پشتێ نیشانەیا دۆخێ خستنەسەرێ(ێ) ب ئەڤی ئاوایی( ئەوێ کو بلند بفرت).

ب- لادانا بکەری (ئەو) د لاڕستەیا دوویێدا.

١٧- ئەوێ دگرست ئەو دپرست. (دێرشەوی، ٢٠٠٠: ٢٣)

أ- لادانا ئامرازێ گەهاندنێ(کو) د لاڕستەیا ئێکێدا ل پشتێ نیشانەیا دۆخێ خستنەسەرێ(ێ) ب ئەڤی ئاوایی( ئەوێ کو دگرست).

ب- لادانا گرێیا ناڤییا بەرکارێ ڕاستەوخۆ د هە ردوو لاڕستەیاندا.

١٨- ئەوێ دخوازت ڕویەك ڕەشە، ئەوێ نەدت هەر دۆ روی ڕەشن. (دێرشەوی، ٢٠٠٠: ٢٣)

ئەڤ گۆتنە ئەڤان لادانان بخوەڤەدگریت:

أ- لادانا ئامرازێ گەهاندنێ(کو) د لاڕستەیا ئێکێ ل پشتی نیشانەیا دۆخێ خستنەسەرێ(ێ) ئەڤی ئاوایی( ئەوێ کو دخوازت)، هەروەها ب هەمان شێوە د لاڕستەیا سێیێ(ئەوێ کو نەدەت)ژیدا.

ب- لادانا گرێیا ناڤییا بەرکارێ ڕاستەوخۆ د هە ردوو لاڕستەیێن ئێکێ و سێیێدا.

ت- لادانا ئامرازێ پەیوەندییێ(ب) ل پێشییا گرێیا ناڤییا(ڕۆیەك) د لاڕستەیا دوویێدا، ب هەمان شێوە ئەڤ ئامرازە ل پێشییا گرێیا ناڤییا(هەر دۆ روی) د لاڕستەیا چوارێدا.

پ- لادانا نیشانەیا دۆخێ تیان(ی) ل دوماهییا گرێیا پێشناڤییا(ڕۆیەك) د لاڕستەیا دوویێدا، لادانا نیشانەیا دۆخێ تیان(ان) ل دوماهییا گرێیا پێشناڤییا(هەر دۆ روی) د لاڕستەیا چارێدا.

١٩- *خەم بلا بۆ وی دەمی بت.* (دێرشەوی، ٢٠٠٠: ٢٣)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

د ئەڤێ گۆتنێدا گرێیا ناڤی (ئەو خەم) کو بکەرێ ڕستەیێیە، بۆ پێشڤە هاتییە، ئانکو جهێ خۆ لگەل (بلا) گوهۆڕییە و یا دروست پێدڤییە ب ئەڤی شێوەیی با (بلا ئەو خەم بۆ وی دەمی بت) .

٢٠- *حەڤی ما بیا عەمەر بەندێ مەهر نەدکر؟* (دێرشەوی، ٢٠٠٠ : ١٠١)

د گۆتنا ل سەریدا لادان ب ئەڤی ڕەنگییە:

أ- لادانا ئامرازێ گەهاندنێ (ئەگەر) ل پێشییا لاڕستەیا ئێکێ (حەڤی ما بیا).

ب- لادانا نیشانا نقشێ نێر (ی) یا دۆخێ تیان لگەل گرێیا ناڤییا بکەری د لاڕستەیا دوویێدا (عەمەر).

٢١- *هەتا کورۆر تالان نەکرن نەرەڤین.* (دێرشەوی، ٢٠٠٠ : ١٠٣)

لادانێن سینتاکی د ئەڤێ گۆتنێدا ئەڤەنە:

أ- لادانا ئامرازێ گەهاندنێ (کو) لگەل لاڕستەیا ئێکێ (هەتا کورور).

ب- لادانا بکەری د لاڕستەیا ئێکێدا کو (ئەوان)ە و یا دروست دڤێت ب ئەڤی ڕەنگی با (هەتا ئەوان کورور تالان نەکرن، ) و لادانا بکەری د لاڕستەیا دوویێدا کو (خەلکێ کورور)ێیە، ئانکو (خەلکێ کوروری نەرەڤین).

٢٢- *خەوا باب کوژتیا تێ، خەوا زك برچیا نایێ.* (دێرشەوی، ٢٠٠٠: ١١٣)

لادان د ئەڤێ گۆتنێدا بریتییە ژ لادانا ئامرازێ پەیوەندی، ئانکو پێدڤییە ئامرازێ پەیوەندییێ (بەلێ) بکەڤیتە د ناڤبەرا هەردوو لاڕستەیاندا، ب ئەڤی شێوەیی (خەوا باب کوژتیا تێ بەلێ خەوا زك برچیا نایێ).

٢٣- *خوین نابتە ئاڤ.* (دێرشەوی، ٢٠٠٠ : ١١٥)

د ئەڤێ گۆتنا ل سەریدا لادان ب ئەڤی ڕەنگییە:

أ-لادانا گرێیا ناڤییا هەڤالکارێ دەمی (چ جاران) ل پشتی گرێیا ناڤی (خوین).

ب- لادانا ئامرازێ پەیوەندی (ە) ل پێشییا گرێیا ناڤییا (ئاڤ).

٢٤- *خوش خەبەرە بەلێ من نە باوەرە.* (دێرشەوی، ٢٠٠٠ :١١٦)

أ- لادانا سینتاکی د ئەڤێ گۆتنا ل سەریدا ب ئەڤی ئاوایە:

ب- لادانا بکەری د لاڕستەیا ئێکێدا.

ت- لادانا بەرکارێ ڕاستەوخۆ و کاری د لاڕستەیا دوویێدا.

٢٥- *دەڤێ وی ژ گرارێ دشەوگت پف دکت کەفچك.* (دێرشەوی، ٢٠٠٠: ١٢٧)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

أ- د ئەڤێ گۆتنا ل سەریدا لادان ب ئەڤی ڕەنگییە:
ب- لادانا ئامرازێ پەیوەندییێ (بەلێ) لبەری لاڕستەیا دوویێ.
ت- لادانا بکەری کو (ئەو)ە د لاڕستەیا دوویێدا.
پ- لادانا ئامرازێ پەیوەندییێ (ە) ل پێشییا گرێیا ناڤیا (کەفچك).
ج- لادانا نیشانا دۆخێ تیان(ی) ل دوماهییا (کەفچك).

٢٦- *دەستا تاڤێژت کەفچك و نزا مالا داوەتێ ل کویدێیە؟* (دێرشەوی، ٢٠٠٠: ١٣٠)

لادانا سینتاکسییا گۆتنا ل سەری ئەڤەیە:
أ- لادانا بکەری د هەردوو لاڕستەیاندا ب ئەڤی شێوەیی: یا دروست پێدڤییە لاڕستەیا ئێکێ ب ئەڤی ڕەنگی با (ئەو دەست تاڤێژت کەفچك.) و لاڕستەیا دوویێ پێدڤییە ب ئەڤی شێوەیی بیت (ئەو نزانت ...).
ب- لادانا ئامرازێ پەیوەندییێ (ە) ل پێشییا گرێیا ناڤیا (کەفچك).
ت- لادانا نیشانا دۆخێ تیان ل دوماهییا کەفچك و یا دروست (کەفچکی)یە.
پ- جهگوهۆڕینا گرێیا ناڤی (مالا داوەتێ) یا کو ب ئەرکێ بەرکارێ ڕاستەوخۆ ڕادبیت بۆ پشتی کارێ (نزا).

٢٧- *دل شویشەیە هەکە شکەست ناجەبرت.* (دێرشەوی، ٢٠٠٠: ١٣٣)

لادانا سینتاکسی د ئەڤێ گۆتنێدا بریتییە ژ لادانا بکەری د هەردوو لاڕستەیێن دوویێ و سێیێدا، ئانکو یا دروست پێدڤییە ب ئەڤی شێوەیی با (دل شویشەیە، هەکە دل شکەست، دل ناجەبرت).

٢٨- *دنیا دهەژت بەلێ خراب نابت!* (دێرشەوی، ٢٠٠٠: ١٣٩)

لادانا سینتاکسی د ئەڤێ گۆتنێدا بریتییە ژ لادانا بکەری د لاڕستەیا دوویێدا، ئانکو یا دروست پێدڤییە ب ئەڤی ڕەنگی با (دنیا دهەژت بەلێ دنیا خراب نابت).

٢٩- *دیتنا دەینداری نەخوەش ترە ژ پێڤەدانا کۆرەماری!* (دێرشەوی، ٢٠٠٠: ١٤١)

لادانا سینتاکسی د ئەڤێ گۆتنێدا بریتییە ژ جهگوهۆڕینا گرێیا پێشناڤی (ژ پێڤەدانا کۆرەماری) بۆ دوماهییا ڕستەیێ.

٣٠- *دخۆم نان و ئاڤێ من منەتا کەسی ناڤێ.* (دێرشەوی، ٢٠٠٠: ١٤١)

لادانا ئەڤێ گۆتنێ بریتییە ژ:
أ- لادانا بکەری کو (ئەز)ە د لاڕستەیا ئێکێدا.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ب- پاشئێخستنا گرێیا بەرکارێ ڕاستەوخۆ کو (نان و ئاڤێ)یە بۆ پشتی کاری، یا دروست ئەوە کو پێدڤییە ل پێشییا کاری بهێت.

ت- لادانا ئامرازێ لێکدانێ (و) د ناڤبەرا هەردوو لاڕستەیاندا.

۳۱- *دبێژت بەلێ ناپێژت.* (دێرشەوی، ۲۰۰۰: ۱٤٦)

د ئەڤێ گۆتنا ل سەریدا لادان ب ئەڤی ڕەنگییە:

أ- لادانا بکەری د هەدوو لاڕستەیاندا.

ب- لادانا بەرکاری د هەدوو لاڕستەیاندا.

۳۲- *ڕەحمەت ل گۆڕا کفن دزا* (دێرشەوی، ۲۰۰۰ :۱۵۳)

د ئەڤێ گۆتنێدا لادان ب ئەڤی ڕەنگییە:

أ- لادانا کارێ بێهێز (بت).

ب- لادانا نیشانا دۆخێ تیان(ی) ل پشتی پەیڤا(کفن دز).

۳۳- *ژ تەحنا مرۆڤ خوە تاڤێژت بەحرا.* (دێرشەوی، ۲۰۰۰: ۱۷۵)

د ئەڤێ گۆتنا ل سەریدا لادان ب ئەڤی ڕەنگییە:

أ-پێشڤەهینانا گرێیا پێشناڤییا بەرکارێ نەڕاستەوخۆ (ژ تەحنا) بۆ بکەرێ ڕستەیێ (مرۆڤ)

ب- لادانا ئامرازێ پەیوەندی (ە) ل پێشییا (بەحرا).

۳٤- *ژ هێلوینێ چۆ کولوینێ.* (دێرشەوی، ۲۰۰۰: ۱۷۵)

لادانا سینتاکسی د ئەڤێ گۆتنا ل سەریدا بریتییە ژ:

أ- لادانا بکەری.

ب- لادانا ئامرازێ پەیوەندییێ (ە) ل پێشییا گرێیا ناڤییا (کولوینێ).

۳۵- *سەرێن نە ب سەرئێکڤە ناچن دەڤ ئێکڤە.* (دێرشەوی، ۲۰۰۰: ۲۲٦)

د ئەڤێ گۆتنا ل سەریدا لادان ب ئەڤی ڕەنگییە:

أ- لادانا ئامرازێ گەهاندنێ (کو) د لا ڕستەیا ئێکێدا (سەرێن نە ب سەرئێکڤە).

ب- لادانا کارێ بێهێز (بت) د لاڕستەیا ئێکێدا کو پێدڤییە ب ئەڤی ڕەنگی بیت (سەرێ کو نە ب سەرئێکڤە بیت).

ت- لادانا ئامرازێ پەیوەندی (ە) کو پێدڤییە ل پێشییا گرێیا ناڤییا (دەڤ ئێکڤە)ڤە هاتبا نڤێسین.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**ئەنجام:**

١- د ڕستەیێن سادەدا لادانێن سینتاکسی کێمترن ژ ڕستەیێن نەسادەدا.

٢- ئەو پێکهێنێن رستەیێ ئەوێن کو بەر ب لادانێن سینتاکسیێێن کرتاندنێ دکەڤن، ئەڤەنە: (بکەر، نیهاد، بەرکارێ ڕاستەوخۆ، بەرکارێ نەڕاستەوخۆ و کار).

٣- ئەو نیشانەیێن بەر ب لادانێن سینتاکسیێێن کرتاندنێ کەفتینە، ئەڤەنە: (نیشانەیا دۆخێ تیان، نیشانەیا ڕێککەفتنێ، نیشانەیا فەرمانی و نیشانەیا دووبارەکرنێ).

٤- ئەو ئامرازێن بەر ب لادانێن سینتاکسیێێن کرتاندنێ کەفتینە، ئەڤەنە: (پەیوەندییێ، لێکدانێ، گەهاندنێ).

٥- جهگوهۆڕینا پێکهێنێن ڕستەیێ کو ئەرکێ (بکەر، بەرکارێ ڕاستەوخۆ، بەرکارێ نەڕاستەوخۆ) دبینن، د ئەوان گۆتنێن مەزناندا ئەوێن هاتینە پێش و پاشکرن و یاسایا ڕێزبەندییا پێکهێنان هاتییە لادان

**پەراوێز:**

١- د ئەڤێ گۆتنا پێشناندا کارێ ڕستەیێ کارێ بێهێزە د تافێ نهۆدا، لەوڕا ب شێوەیێ مۆرفیما سفر سەرەدەری لگەل دهێتەکرن، یا باشتر بوو ب ئەڤی ڕەنگی با(ئێشا تلیێ ئێشا لاشی هەمیێیە)، ئەڤ کارە ب خوە د روویێ سەرڤەیێ رستێ و گوتنێدا دەرناکەڤیت، ژبەرهندێ د ئەڤێ ڤەکۆلینێدا ب لادانا کاری نەهاتییە دیارکرن.

٢- د ئەڤێ گۆتنێدا ژبلی لادانا سینتاکسییا زمانی، لادانا دەنگیژی د پەیڤا(میرا)دا هەیە، ئەوژی فۆنیما(ن) یا نیشانەیا کۆمکرنێ(ان) ژبۆ سڤکگۆتنێ ل دوماهییا پەیڤا (میرا) هاتییە لادان، گەلەک نموونە ب ئەڤی ئاوایی د ڤەکۆلینێدا هەنە،بەلێ چونکی بابەتێ مە بخۆڤەناگریت،ئاماژە مە پێنەدایە.

٣- د ئەڤێ گوتنێژیدا وەکو گۆتنا ژمارە(٦)کارێ بێهێز دەرنەکەڤتییە، پێدڤیبوو ب ئەڤی شێوەیی بیت (ئێك ب صەدانە و صەد ب ئێکێیە).

**ژێدەر:**

**١- ژێدەر ب زمانێ کوردی:**


١- ئەحمەد، سافیە محمد (٢٠١٣)، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

٢- دێرشەوی، مەلا مەحموودێ (٢٠٠٠) مشتاخا چیا ژ گوتنێن پێشیا، چاپا دووێ، هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

٣- سەعید، ناز ئەحمەد (٢٠١٠)، لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەت، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

٤- عەبدوڵلا، ئیدریس (٢٠١٠) شێواز و شێوازگەری، چاپی یەکەم، هەولێر: بلاوکراوەکانی رێکخراوی زمانناسی کوردستان.

٥- عەبدوڵلا، ئیدریس (٢٠١٢)، شێواز، چاپی یەکەم، هەولێر: منارە.

٦- عەبدوڵلا، ئیدریس (٢٠١٣) شێوازگەری لادان، سلێمانی: بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

٧- كاكى، حەمە نورى عومەر (٢٠٠٨)، شێواز لە شیعری كلاسیكی كوردیدا، سلێمانی: مەڵبەندی كوردۆلۆجی.
٨- كانەبی، دلێر سادق (٢٠٠٩)، هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی كورد (لێكۆڵینەوەیەكی زمانەوانییە)، چاپی یەكەم، هەولێر: دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی.
٩- مەحموود، ئازاد ئەحمەد(٢٠١٢) بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا، چاپی دووەم، هەولێر:بڵاوكراوەی ئەكادیمیایی كوردی.

**٢-ژێدەر ب زمانێ فارسی:**

١٠- احمدی،بابک (١٣٨٦)، ساختار و تاویل متن، تهران: نشر مرکز.
١١- ایگلتون،تری (١٣٨٣)، پیش درآمدی بر نظریه ادبی، ت:عباس مخبز، تهران: نشر مرکز.
١٢- داد،سیما (١٣٨٥)، فرهنگ اصطلاحات ادبی/ واژەنامه مفاهیم و اصلاحات ادبی فارسی و اروپایی به شیوه تطبیقی و توضیحی، چاپ سوم، تهران:انتشارات مروارید.
١٣- کدکنی، محمدرضا (١٣٦٨)، موسیقی شعر، تهران: نشر آگاه.

**٣- ژێدەر ب زمانێ عەرەبی:**

١٤- سليمان،فتح الله احمد، (١٩٩٥)، الاسلوبية مدخل نظري و دراسة تطبيقية، الاردن.
١٥- مولود، باودين كريم (٢٠١٠)، البنى الشعرية في مسرحيات محيى الدين زنكنة، اربيل: مطبعة منارة.
١٦- اليافي ،نعيم (٢٠٠٨)، تطوير الصورة الفنية في الشعر العربي الحديث، دمشق: صفحات للدراسات و النشر.

## الحذف النحوي في الامثال

**الملخص:**

الامثال (اقوال الحكماء) احدى الادوات المهمة في الادب واللغة، التي تستخدم عادة من قبل متكلمي اللغة لغرض ايصال المعنى بشكل ملخص. هذه الظاهرة تتم من خلال تاثير اللغة، لهذا الحذف من المواضيع المهمة في التكوين اللغوي للامثال.

الحذف في اللغة عبارة عن حذف بعض العناصر من اللغة، تستخدم عادة لغرض التخفيف ومنع التكرار. المنهج المستخدم في هذا البحث هو المنهج الوصفي. سبب اختيار هذا البحث هو انه في اللغة الكوردية من ناحية النحو بعض العناصر لاتظهر في الامثال، يرجع ذلك الى موضوع الحذف.

الغرض الرئيسي من هذا البحث هو معرفة اي نوع من الحذف النحوي يظهر اكثر في الامثال، وتم اختياره كعنصر للبحث.

فرضيات هذا البحث هي، هل الحذف موجود في كل الامثال؟ اي عنصر من تركيب الامثال ممكن حذفه؟ اي حذف موجود في الجملة البسيطة وايها موجود في الجملة المركبة؟

**الكلمات الدالة:** *الحذف، الامثال، الحذف النحوي، العنصر المحذوف.*

## Syntactical Deletion in the Proverbs

**Abstract:**

Proverbs (Statements by Wisemen) are one of the important tools in literature and language, which are usually used by language speakers for the purpose of conveying the meaning in a brief way. This phenomenon takes place through the influence of language, for this deletion is one of the important topics in the linguistic formation of proverbs.

Omission in a language is the removal of some elements from the language, usually is used for the purpose of justifying and preventing repetition.

The method which is used in this research is the descriptive method.

The reason for selecting this research is that in the Kurdish language, in terms of grammar, some elements do not appear in the proverbs, due to the subject of deletion.

The main purpose of this research is to find out which type of syntactical omission appears more in proverbs, and it was chosen as an element of research.

The hypotheses of this research is, does the omission present in all the proverbs? can any element of the structure of the proverbs be deleted? Which deletion is in the simple sentence and which one is in the compound sentence?

**Keywords:** *Deletion, Proverbs, Grammatical Deletion, Omitted Element.*

# ڕێوڕەسمی جەژن لە وراتی کۆیە ١٩٠٠ -٢٠٠٠

فازیل شەوڕۆ/ دوبلن

**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوە، کە مێژوویی و ئەنترۆپۆلۆژیی و کەلتوورییە و سەدەیەک دەربارەی جەژن و ڕێوەڕەسمەکانی لە وراتی کۆیە، دەکاتە کەرەستە و بە ئەرشیفیان دەکات، بەسەر دوو بەش پۆلینکراوە.

بەشی یەکەم، ئەم ناونیشانانەی کردووەتە سەرەقەڵەمی خۆی: جەژن، زاراوە و چەمک؛ مێژووی جەژن؛ جەژن بۆ؟ جۆرەکانی جەژن: جەژنە ئایینەییەکان، نەتەوەییەکان، وەرزییەکان، کەسییەکان. دوا تەوەرەشی، قسەکردنە لەسەر جەژنە کوردییەکان بەگشتی ئەمەش جەژنەکانی زەردەشتی و ئێزیدی و یارسانییەکان دەگرێتەوە.

هەرچی بەشی دووەمە، تایبەتە بە جەژن لە وراتی کۆیە، ئەمەیش چەند ناونیشانێکی لە خۆگرتووە، وەک: دەربارەی مێژوو و کەلەپووری وراتی کۆیە، گوزەرێک بە ناو مانگی ڕەمەزاندا، جەژنی ڕەمەزان و قوربان پێش هاتنیان و لە ڕۆژانی جەژن و دوای جەژن؛ جەژنی نەورۆز، جەژنی کرێکاران، جەژنی (١٤)ی تەمووزی ١٩٥٨، جەژنی (١١)ی ئاداری ١٩٧٠، فەلەنتاین، بۆنە فەرمییەکان، جەژنی مەسیحییەکانی کۆیە، جەژنی جولەکەکانی کۆیە. دوایین برگەشی بریتییە لە پووختەی لێکۆڵینەوەکە، ئەجا بە ڕێزبەندیی سەرچاوەکانیش، کە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فارسین.

**پەیڤێن سەرەکی:** *جەژن، کۆیە، جەژنی شارنشینەکان، جەژنی گوندنشینەکان.*

**پێناسەیەک:**

ئیمڕۆ، (جەژن) بە بۆنە و بیرەوەری و پیرۆزی و تقووسەکانی، بووەتە زانستێک بەناوی (Heortology)، دەکرێ ناوبنێین (جەژنناسی)، کە بریتییە لە "خوێندنەوەی مێژوویی و واتایی، جەژن و فیستڤاڵەکانی وەرزیی ساڵانەی کڵێساکان، دواتریش ڕووبەری زانستەکە فراوانتر بوو، تا بووە توێژینەوە و خوێندەوەی هەر هەموو جەژن و فیستڤاڵەکانی مرۆڤ لە جیهاندا". (Merriam – Webster 2022).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**بەشی یەکەم:**

**جەژن، زاراوە و چەمک:**

جەژن، وشەیەکی کۆنی کوردییە. (گێژنە، جێژنە، جەژنە)شی پێدەگوترێ، بە "ڕۆژی بەتاڵی و خۆشی" پێناسەکراوە.(هەنبانە بۆرینە ل. ٢١٩) واتا ڕۆژی خۆشی و شادی و ئاهەنگ.

لە ئەڤێستادا، بە "یەسنا" ناوی هاتووە  کە بە مانای زیکر و عیبادات و خوداپەرستی دێ. لە ڕۆژەکەیدا، زەردەشتییەکان بەیەکەوە کۆدەبوونەوە بە مەبەستی پشتوانیکردنی یەکتری و یەکبوون، لەپاڵ ئاهەنگگێڕان و خۆشیدا.(گبانجی١٣٤٩ف).

وشەی جەژن (یەسن)ە. لە ئەوێستاییدا "یەسنا /یەسن/ یەشن" بە دوو واتای جیاواز هاتووە، هەم بە واتای جەژن و هەم بە واتای نیایش (دوعا). لە هەورامی و بە تایبەت لە هەڵبەستە کۆنەکاندا وەک "یەسن/ یەسنە" هاتووە، ( فەرهەنگی وشەنامە ٢٠١٠).

ڕەچەڵەکی وشەی (جەژن) دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (Ezen) کە زمانی سۆمەرییە، هی چاخی بەردینی کۆنە پێش فێربوونی کشتوکاڵکردن. بەڵام بەزمانی ئەکیدی، پێگوتراوە(isinnu) وە (issinnu) (ئاشنوو)، هەر ئەو (Ezen)ە، پەڕیوەتە نێو زمانەکانی دیکەی سامی ..(Landsberger p. 9).

لەبەر ئەوەی کە هۆزەکانی کورد و هۆزەکانی سۆمەری هەردووکیان لە کوردستاندا ژیاون و پەیوەندییەکی زۆریان لەگەڵ یەکتر هەبووە، بەتایبەتیش لە دوای ئەوەی کە هەردووکیان کەوتنە بەر هێرشی دوژمنێکی هاوبەشەوە (ئاشوورییەکان)، کە ئەنجامەکەشی بە تووانەوە و ئاسیمیلاسیونی سۆمەرکان تەواو بوو، و ئەوانیش لە دواییدا بوون بە بەشێک لە باب و باپیرانی ئێمە. ئەم تێکەلاوییە بووە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەک وشەی کوردی بچیتە نێو زمانی سۆمەری و ژمارەیەکیش وشەی سۆمەری بکەوێتە زمانی کوردییەوە، ئێستاش ناوی سۆمەری لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە کێو و گوند و تەنانەت شاریش (وەک دالاهۆ لە کرماشان) هەر ماوەتەوە.

ئەو بۆچوونەش هەیە: یەکێ لەم وشەگەلەش کە زیاتر بۆی دەچێ کە لە کوردییەوە کەوتبێتە زمانی سۆمەرییەوە وشەی جەژن (یەسن)ە. (ETCSL Glossary) جا بۆیە هەربەپێی ئەم یاسایە جەژنیش لە ئەوێستایی و هەروەها لە هەورامیدا وەک "یەسنا /یەسن/ یەشن" لە دەقە جۆربەجۆرەکانی کۆندا هاتوون، بە دوو واتای جیاواز: یەکەم بە واتای جەژن و دووەم بە واتای نیایش و دوعا.

لە زمانی ئەوێستایی و هەروەها لە هەورامیدا هەندێ جاران دەنگی پیتی "ج" کە لە سەرەتای وشەکەدا دێت، دەگۆڕدرێت بۆ "ی" ،بۆ نموونە: یەم ـ جەم / یاگە ـ جێگە / یاوان ـ جەوان.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**مێژووی جەژن:**

بۆ توێژنەوە لەسەر بابەتی وەک جەژن، بۆ چاخەکانی پێش داهێنانی نووسین، نەخشەکانی سەر بەرد و ئەفسانەکان، باشترین و متمانەترین سەرچاوەی مێژووین. جا چونکی لە شارستانیەتیی ئەو سەردەمە دێرینانەدا، هیچ شتێک لە خودا پەرستی(بتپەرستی، سرووشتپەرستی، یەکتاپەرستی) مەزنتر نەبووە، جەژنەکانیان، یاد و پیرۆزیی و قوربانیکردن بووە، بۆ خوداکانی خۆیان. بۆ نموونە "خوداوەندی دایک (ئازیس Isis)، (٢٥٠٠ پ. ز.)، کە پارێزەری سرووشت و جوانی بووە، ساڵانە جەژنی خۆی هەبووە".(Mother's Day.et al. 2021). "پێش (٣٠٠٠) ساڵ، فیرعەونەکان، کێکی جەژنیان درووستکردووە و بەشیوەتەوە". (طارق منصور ٢٠٢١). هەروەنەبێ، میسرییە دێرینەکان جەژنی ئایینیان هەبووبێ، شارستانییەکانی دیکەش، ئەو جۆرە جەژنانەیان زۆر هەبوو وەک، شارستانییەتی میزۆپۆتامیا، گریک و ڕۆمان، هیندییە دێرینەکان، ئەندیزییەکان، چینییەکان، ئارییەکان، مایبەکان... تاد.

هاوتەریب، لەگەڵ جەژنە ئایینەکان، ئەو شارستانییە دێرەینانە، جەژنی بۆنەکانیش هەبووە: سەرکەوتنی لە جەنگدا، دانیشتن لەسەر تەختی پاشایەتی، کۆچکردنی گەورە پیاوان، لەدایکبوونی مەزنەکان، وەدستهێنانی دەستکەوت، ژنهێنان یان شووکردنی مەلیک و شاژنەکان... تاد. (مسیرة عبدالله) پسپۆڕی شوێنەوار لە قاهیرە، دەڵێ: "جەژنی (ئاوبت)، کە سروودەکانی لەسەر سێ پەرستگەدا هەڵکەندراوە:(کرنک، ئۆقسور، دێری دەریایی)، لە سەردەمی دەوڵەتی میسرییە دێیرنەکاندا، ساڵانە ئاهەنگی تێدا گێردراوە، لە ساڵی (٢٠٢١)یش لە قاهیرە یادی ئەو جەژنە کرایەوە، کە مۆمیایە چارەسەرکراوەکانیان، لە ئەورووپاوە، هێناوە و گواسترانەوە بۆ مۆزەخانەی ئۆقسور، هەمان سروودی فیرعەونەکانیان گوتەوە. ئەو جەژنە تایبەت بوو بە گوستنەوەی مۆمیایەکان بۆ گلکۆییەکانیان"
ڕەنگبێ، جەژنەکانی تایبەت بە سرووشت و خەلق و وەرەزەکان، لە مێژووی کۆندا، ژمارەیان پتر بێ لە چاو جەژنە ئایینیەکان. کە پیشەی کشتوکاڵ، جێگەی ڕاو شکاری گرتەوە، لە هەموو شارستانییەتەکان، چەندها ڕۆژ و مانگ و وەرزیان بۆ ئاهەنگێڕانی جەژنەکانی خیروبێر و بەرهەم و خەلە و خەرمان دیاری کرد.

زەردەشتییەکان، کە بۆ هەر ڕۆژێکی ساڵنامەکەیان، ناوێکیان دانابوو، چەندەها جەژنی تایبەت بە سرووشتیان هەیە، بۆ نموونە، "جەژنی خردگان، لە (٦)ی جۆزەردان، جەژنی ئاهورامەزدا و جەژنی ئاو بووە، چونکی هەموو بوونەوەر و دارو درەخت و زەوی پێویستی بە ئاوە، لەو ڕۆژەدا خەڵک دەچنە سەر زێ و ڕووبار و گۆل و گۆماوەکان خۆیان دەشۆن و زکر دەکەن و دەرەقسێن و سەما دەکەن و کانی و کارێزان چاکدەکەنەوە."( kojaro et al. 2021 ).

دوای داهێنانی نووسین، سەرچاوەی باش دەربارەی جەژن و بۆنە نەتەوەییەکان و شارستانییە دێرینەکان کەوتنە بەردەست، شارستانیەتیی سۆمەرییەکان و ئەکەدییەکان، کە دواتر بوون بە بابیلییەکان و ئاشوورییەکان، ئەوجا فارس و ڕۆمان و گریکەکان، چەندان جەژن و بۆنەیان هەبووە و بە نووسین و لە ڕێی ئەفسانە و داستانەکانیان بۆمان بەجێماون. بۆ زۆربەی ڕووداو و تقووس و بۆنە ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژینگەیی ڕۆژی تایبەتیان هەبوو و کراون بە جەژن.

بەڵام، وەچەرخانە مێژووییەکەی جەژن، لەگەڵ هاتنی (٣) ئایینە ئاسمانییەکە بوو - ئایینی جوولەکە و مەسیحی و ئیسلام، کە دەیان بۆنە و جەژنیان لەگەڵ خۆیان هێنا و تاکو ئێستاش، زۆربەی ئەو ڕۆژانە زیندوون لە کەلتوور و مێژووی نەتەوەکاندا و ساڵانە یاد دەکرێنەوە.

گۆڕانکارییە مێژووییەکان، ڕۆژی سەرکەوتن و نسکۆ، لە لای هێندی نەتەوە، دواتر بوونە جەژن، وەکو جەژنی ئازادی و جەژنی سەرکەوتن و جەژنی سەربەخۆی و جەژنی سەربەستی... تاد. تا وایلێهات، جەژنە نەتەوەییەکان و نیشتیمانییەکان، بوونە خاوەن مەقام و ڕێوڕەسمی تایبەت، بە شێوەی زۆر بەرز و فراوان و پر هات و بات و مەسرەف، لە هێندی و لاتان، ئاهەنگیان تێدا دەگێڕدرێت.

بەم شێوەیە، جەژنەکان، هاوشان لە گەڵ ڕووداوەکانی مێژوو و گۆڕانکارییەکانی سەردەم و هاتنە پێشی هونەر و زانست و مەعریفەی نوێ، ئەوانیش هەم لە زیاد بوون و هەم لە ئەدا و تقووس و یادکردنەوەریاندا گۆڕانکارییان بەسەر داهاتووە، تا گەیشتنە ئەم سەردەمەی ئێستا و گۆڕانکارییەکان بە چاوی خۆمان دەبینین.

### جەژن بۆ؟

مرۆڤ، لە پێناوە مانە و بەردەوامی ژیان، پەلی بۆ هەموو ئەو شتانە بردووە، کە سک و چاوی تێر دەکەن و خەونەکانی دەهێننەدیّ و غەریزە سرووشتییەکانی دادەمرکێننەوە. داهێنانی زمان و ژیانی نیو کۆمەڵگا، لێک تێگەیشتن و نزیکبوونەی ئەوانی زۆر هاسانتر کرد، جا دوای فێربوونی کشتوکاڵ و پاشانیش دۆزینەوەی ئاسن و کانزاکان و دروستکردنی ئامێرەکانی پێویست، سەرلەبەری ژیانیان گۆڕانکاری بەسەر داهات، بەڵام هەموو ئەودەستکەوتە باشانە، نەیانتوانی جیهانی ڕۆحی و دەروونی ئەو، ئارام و هێمن و ئاسوودە ڕاگرن. ئەو درکی بەوەش کردوە کە دۆزینەوەی دەرفەتێک بۆ پێکەوە دەربڕینی خۆشی و ناخۆشی، جۆرە سەقامگیرییەکی ڕۆحی پێدەبەخشێ، جا چونکە لە زووەوە، لە پەرستگا و لەدەوری بت و خودا دەستکردەکانیاندا، کۆدەبوونە و قوربانیان بۆ دەکردن و ئاهەنگیان دەگێرا، لە فەلەکناسیی و شارەزایی مانگ و وەرزەکانیش، بای خۆیان کاراما بوون، دووبارە یادکردنەوەی تقووسێکی، یان ڕووداوێکی مێژووی، یان دەربازبوون لە نسکۆ و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

شكستييەكى گەورە، يان هاتنى وەرزى پڕ خێروبێر...، لە هەمان ڕۆژ و مانگ و وەرزى بووەتە نەريت و لە چوارچيوەى ئەوەى ئێمە ناوى لێدەنێين جەژن، بەڕيوەچوون.

بەڵگە مێژووييەكان سەلماندويانە كە لە ميزۆپۆتاميا، بۆ نموونە، پێش ئەوەى فێرە كشتوكاڵ بن، جەژنيان هەبووە، بەڵام"چونكە چاخى پێش مێژوو، واتا پێش نووسين، هيچ ئاسەوارێكمان لەبەردەستدا نييە، نازانين جۆرى جەژنەكانيان چى بوون و چۆن بەڕێوەچوون. بەڵام لە ناوەڕاستى سەدەى چوارەمى پێش زايين، بە داهێنانى نووسين، كنە و پشكنينيەوەكان ئاسانتر بوون. هێندێ زانيارى هەڵكرپندراون."(النعيمى ٢٠١١ ل. ٨) بۆئاشنا بوون بە جۆرى جەژنەكانى سەردەمانى زوو، باشترە، سەردانێكى ناوەڕاستى ئوستراڵيا بكەين، كە لەوەتەى سەدەى هەژدەمەوە، هێندێ خێڵى تێدا دەژى، شارستانييەتە سەرەتاييەكەيان، زۆر لە هى سەردەمى بەردينى كۆن دەچێ، كە ئێستا مرۆڤ فێرە دروستكردنى كۆڵيت و خانووبەرە نەببوو. ژيانيش هەر لەسەر ئاژەڵدارى بوو هێشتا فێرە كشتوكاڵ نەببوون. جەژنەكانى خۆشييەكان و ناخۆشييەكانيان، پەيوەست بوو بە پەرستنى ئەو شەمولۆكە و پەيكەرۆكەى خۆيان لە دار و بەرد دروستيان دەكرد(Totem) و قوربانيان بۆ دەكرد، جا چونكى ئەوكات گۆشت كەم بووە، قوربانييەكە، خەڵكەكەى لە دەورى يەكدى كۆكردۆتەوە و بووەتە ڕۆژى خۆشى و كەيفكردن. هيچ جەژنێكيان بى قوربانيكردن نەبووە. (س.پ. ل. ١٠). سەما و شايى و هەڵپەڕكێش، كردەيەكى خۆڕسكى مرۆڤە كە دڵخۆش دەبێ، كەواتە بەم جۆرە، قوربانيكردنەكە، بووەتە مايەى ئاهەنگ گێڕان و شايى و سەما. تا ئيمڕۆش هەروايە.

سەرەتا، جەژنەكان ڕۆژ و كاتێكى ديارى كراون نەبووە، هەركاتى قوربانى كرابێ، ئەوا جەژن بووە. بەڵام كە مرۆڤ فێرە كشتوكاڵ بوو، وەرزەكانى ساڵ، بايەخ و گرنگييان بۆ بەرهەم و دەستكەوتەكانى هەبوو، بۆيە سەرتايى بەهار، يان پاييز، زۆربەى جەژنەكانيان تێدا ئەنجامدەدەرێ، وەرزى چاند و وەرزى دروێنەن. بێگومان ڕۆژژمێرەكەشيان هەر ڕۆژژمێرى هەتاوى بووە و مانگ و ئەستێرەيان خوێندۆتەوە. "لەسەر پارچە جەڕكە و كۆزەى پاشماوەى شارستانيەتى سامەڕا (٤٥٠٠ پ. ز.) وێنەى سەماكردن و خۆ ئارايشتكردنى ژنانى لەسەرە، كە پێدەچى بۆنەيەكى كۆمەڵايەتى خرپكردبنەوە، ئەو پارچە گۆزەيە، ئێستا لە مۆزەخانەى بەغدايە."(س. پ. ل. ١٢).

جەژنەكان هەر بۆ خوداوەند ويادى سەركەوتنەكانيان نەبوون، جار هەبووە لە ترس و خەوفى لافاو، وشكەساڵى، گرانى، پەتا و دەردوبەڵا، ئاگر و سووتان، شەڕوشۆر و ئافات، جەژنيان گێڕاوە. بۆ نموونە، لە ميسرى دێرين قوربانييان بۆ ڕووبارى نيل دەكرد، بەوەى كچێكى نەوبەهارى جوان، بە زيندووى بە ئاوەكەدادەن و ئاهەنگيشى بۆ بگێڕن، تا خوداى لافاو ڕازى بێت و لە خنكان و غەرق بوون بەدووريان كات. "دەڤەرى (يرۆل) لە ميسر،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

ناوەکەی لەو کچە نازدارە وەرگرتووە، کە خێڵەکانی کەناری نیل، کردیانە (بووکی نیل)، بۆ خوداوەندی ڕووبار، لەسەردەمی فیرعەونەکاندا، بە ئاوێیان دادا. پاش عەیامێکی زۆر، لە جیاتی کیژۆڵە، گاو و گاتجوت و مەر و بزنیان، بۆ ئەو خوداوەندە کردە قوربانی."(شول دینق یونق ٢٠١٣).

"هێندێ لە زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیا وزماننـاس و مێژوونووسـان لەو بـاوەڕەدان کە یەکەم ڕۆژی خەلقـی زەوی لە یەکەم ڕۆژی نەورۆز بـووە، ئێرانییەکـان، ڕۆمانەکـانی پـێش زانیین، میسرییەکان، سۆمەرییەکان، بابلییەکان، فینیقییەکان، هیندییەکان و ئازتیک و ئەنکا، یەکەم ڕۆژی بەهاریان کردووەتە جەژن. یەکێتیی تقووس و ڕێوڕەسمییە ئایینەکان، بەڵگەن کە خێڵەکانی ڕۆژهەلات، لە نەریت و کەلتوور و هونەردا، دەچنەوە سەر جنسی ئارییە دەشتەکییەکان."(گبانچی ١٣٤٩ف).

بەدەگمەن، نەتەوەیەک هەیە جەژنی ئاو، جەژنی ئاگر، جەژنی بەهار، جەژنی خۆشەویستی، جەژنی با و سروە و شەماڵ، جەژنی ڕۆناکی، جەژنی ڕۆحی مردووان...یان نەبێ.

چونکە مرۆڤ هەمیشە حەزی لە گۆڕانکاریی و نوێکاری و تازەبابەتیی هەیە، جەژنەکان، باشترین دەرفەت بوون، بۆ سازکردن و ئەنجامدان و بینینی زۆر لەو شتە نوێیانە. خۆ جەژن هەر بریتی نەبووە لە پشوویەکی یەک ڕۆژە یان چەند ڕۆژە. جەژنەکان تەدارەک و ئامادەکاریی پێشوەختەیانە بە هەفتە و بەمانگ بۆ دەکرا، لە پۆشاکی نوێ و تایبەت بۆ زارۆک و ژن و پیاو، لە خواردن و سفرە و خوان ڕازاندنەوە، لە بەزم و ڕەزم و ئاهەنگ گێران، لە سەیران و سەفەر و گەڕان، لە سەردانی گۆڕی ئازیزان، لە ڕێوڕەسمی ئەو تقووسە ئایینییانەی کە بە چەندان شێوە و دەستوور و نەزم و تەدارەک بەڕێوەدەچوون و ئامادەکاری باشیان بۆ دەکرا، لە قوربانی و خێر و سەدەقە و دیاری و دیارییکاری، لە ئاشبوونە و و گەڕاندنەوەی خۆشی و فەرەحنایەتی بۆ نێوخێزان و هۆز و خێڵ، لە یەکترناسین و ئاشنابوون بە خەڵکی دیکە...تاد.

**جۆرەکانی جەژن:**

دەکرێ لەسەر چەند بنەمایەک، جەژنەکان پۆلین بکەین، وەک: هۆی دیاری کردنی ئەو ڕۆژە، ئاخۆ پەیوەستە بە خودا و خوداپەرستی و ڕۆح و گەردوون و خالق. پەیوەستە بە وەرزێکی دیاری کراوی ساڵ، وەک دیاردەیەکی سرووشتی بەهار و پاییز و شەو و ڕۆژ و مانگ و خۆر. پەیوەستە بە ڕووداو و بەسەرهاتێکی دیاری کراوی مێژووی کۆن یان نوێ، پەیوەستە بە خاک و نەتەوە و مرۆڤایەتی و بەهاکانی مرۆڤ، یان تایبەتە بە ژیانی کەسێک یان چەند کەسانێک لە شێوەی عەشیرەت و خانەوادە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پۆلینکردنەکە، بەرگێکی زانستیتر وەردەگرێ ئەگەر جەژنەکان دابەش بکرین بەسەر دوو زەمەندا:

١. جەژنەکانی چاخی کۆن.

٢. جەژنەکانی دوای هاتنی ئایینە ئاسمانییەکان.

### ١. جەژنەکانی چاخی کۆن.

خاتو دکتۆر ڕاجحە ئەل نعیمی لە کتێبی (جەژنەکان لە شارستانیەتیی وڵاتی دۆڵی ڕافیدەین)دا، جەژنە دێرینەکانی میزۆپۆتامیایی دابەش کردووە بەسەر دوو هۆبە:

#### ا) جەژنی گوندنشینەکان:

لێکۆڵینەوە ئەنترپۆلۆژییەکان دەڵێن، چونکی گوند ژمارەی دانیشتووانی کەم بووەو زۆربەیان خزم و کەسوکاری یەکتر بوون، لە بۆنە ئایینی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو ژنهێنان و سەیران و خۆشیدا لە دەوری یەکدیدا کۆبوونەتەوە و ڕێورەسمی جەژنی سادە وساکاری خۆیان پەیڕەوکردووە، دوور لە چاوی پیاوانی ئاینی و دەسەڵاتی میر و کوێخوا و شێخ و سەرکردە. ئەوان جەژنەکەیان پتر لە قوربانیکردنەکەدا، ڕەنگی داوەتەوە کە بۆ خوداوەندەکانیان نەزرکردووە. جا بە سایە گۆشت و چێشت و سەوزە و میوە، بەیەکەوە کاتێکی خۆشیان بەسەر بردووە، مەرج نییە، جەژنەکە، ڕۆژ و مانگی دیاری کراویشی هەبووبێ، وەک زەحفەتێک بووە کەی ویستوویانە و کەژەکە لەبار بووە، قوربانیان کردووە، کردوویانە بە جەژن.

#### ب) جەژنی شارنشینەکان:

بەڵام جەژنەکانی لە شاردا تەدارەکیان بۆ دەکرا و بەڕێوەدەچوو، زۆر جیاواز بوون. شار، مەکۆی پەرستگا گەورەکان بوو، خوداوەندە ناودارەکانیان مەقامیان لەوێ بوو. شار پێتەخت مەلیک و میر و پاشای دەسەڵاتدار بووە. جا گەورەی ڕووبەرەکەی و بازاڕ و کۆچە و کۆڵان و گۆڕەپانەکانی، بواری کۆبوونەوەی گەورەو قەڵەباڵغیان ڕەخساندووە. ئاهەنگی مەلیکەکانی ئاشووری و جەژنی ئەکیتۆ گەورەترین کۆبوونە و تەدارەکیان بۆ ڕێکخراوە و بەڕیوەچووە. بۆ نموونە، ئاهەنگی مەلیک ئاشووری، ئاشوور ناسر، بە بۆنەی تەواو بوونی قەسرەکەی، (٤٧٠٧٤) کریکار و (١٦٠٠) دانیشتووی شاری نەمروود و (٥٠٠) کەسایەتیی و ناودارانی ئیمپراتوریەت و (١٥٠٠) کەنیشک و نۆکەر، تێیدا بەشدار بوون. جا تۆ سفرە و خوان و تەدارەکی ئەو ئاگەنگە مەزنە، بهێنە بەرچاو خۆت، زۆربەی میوانانیش بە دەست و دیارییەوە هاتوو، وشتر و گا و گاجووت و ماڵاتیان لەگەڵ خۆیان هێناوە، یان پۆشاکی نایاب و مآڵ و زێر و زیوو. (Wiseman 1952 p. 34).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ فەکۆلینێن کوردی

بۆنەکانی جەژنەکان زۆر بوون، وەک دروستکردنی پەرستگا. وەک، پەرستگای ئەینینو بۆ خوداەندی ننکرسۆ لە لکش. لەسەر تەختدانیشتن و تاج لەسەر نانی مەلیکی نوێ. جەژنی سەری ساڵ، جەژنی گەڕاندنەوەی خوداوەندکان بۆ شارەکان... تاد. بە تەدارەک و بەزم و ڕەزم و خواردن و خواردنەوەی زۆر.

**٢. جەژنەکانی دوای هاتنی ئایینە ئاسمانییەکان:**

زانستیی جەژنناسی، جەژنەکانی ئەو سەرەمانە، بەسەر (٤) هۆبەدا دابەش دەکا:

**١. جەژنە ئایینیەکان:**

هاتینی سێ ئایینە ئاسمانییەکە، یەک لە دوای یەک و لە ڕۆژگاری جیاوازدا(ئایینەکانی جوولەکە و مەسیحی و ئیسلام)، نەک هەر ژمارەی جەژنەکانیان چەند بار کرد، بەڵکو سەرلەبەری، پەیام و ساڵنامە و ئەدا و تقووس و تەدارەکەکانیشیان گۆڕی، کە تەواو جیاواز بوون لەگەڵ جەژنەکانی پێش خۆیان، هەر بۆیەش ئەوانی پێش خۆیانیان ڕەد کردنەوە و خسترانە نێو بابی کوفر و ئیلحادەوە..

هەرچەندە فەرهەنگی ئاینییەکانی (یەکتا پەرستی) دیکە، وەک ئایینی زەردەشتی و ئێزیدی و هندۆس...یش تاد.، زۆر دەوڵەمەندن لە جەژن و پەیام و تقووسەکانیدا. ئارییەکانی ئێراننشین، پتر لە (١٩) جەژنیان هەیە، بە گوێرەی پەیامەکانی زەردەشتیی، کە هەر یەکێکیان سەربوردە و ڕۆژمێر و تقووسی تایبەت بەخۆی هەیە و لە وەرزی خۆیاندا یادکراوەنەتەوە و هێندێکیشیان هەر زیندوون، ئەمەش ڕیزبەندی ناوی جەژنەکانیانە ـ هەر بە زاراوەی خۆیان تۆماریان دەکەین: جەژنی فرورگان، اردیهشتگان، خردادگان، امردادگان، شهریورگان، مهرگان، ابانگان، ازرگان، دیکان، بهمنگان، سیندارمزگان، نورۆز، شب یلدا، سده، چهارشنبەسوری، نوسره...تاد. (گبانچی ١٣٤٩ ف). بەهامانشێوە ڕیزبەندی جەژنەکانی ئێزیدی و هیندۆس و سییخەکان...تاد.، دوورودرێژن.

جەژنەکانی جوولەکە، لەبنجینەدا، سەرچاوەکانیان ڕووداوێکی ئایین یان دونیایی بووە و ئەوان بە زمانی عیبری بە چەژن دەڵێن(یوم طیب ـ ڕۆژی باش و ساڵح)، زۆربەیان پشت بە تەوڕات دەبەستن، هێندێکیشان سەربوردە و ڕوووداوی مێژووی خۆیان هەیە.، وەک: ڕزگاربوونیان لە چەنگ فورس و ئاوارەییان بۆ ماوەی (٤٠) ساڵ لە بیابانی سینا، یان خاپورکردنی هەیکەلی سلیمان...تاد. لە جەژنە بەیەخدارەکانیان، جەژنی (ڕۆژی شەممە، یوم تیشعاه بئاف: تێکدانی هەیکەلی سلیمان، ڕۆش هاشان: سەر ساڵ، یوم کیبور: جەژنی غفران، حانوکە: کەپرۆکە، مین عتسیریت: هەشتەمی خیتامی، بهجەتی تەوڕات، طو بشغاط: جەژنی دارودرەخت، بوریم: تیروپشک، یوم ئازکارون: ڕۆژی بیرەوەری، جەژنی چەقاڵە، جەژنی فەتیرە))، بێگومان ژمارەیەک جەژنی نەتەوەیی و بۆنەکانیشیان هەیە. تقووسەکانی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

زۆربەی ئەو جەژنانە لە کەنیشتی بەڕێوەدەچن و سفرە و خوان و پۆشاکی تایبەتیان بۆ ئامادە دەکرێ(الاعیاد  الیهودیه، یۆتیب ٢٠٢١).

بەڵام جەژنەکانی مەسیحی،  کە زۆربەیان پەیوەستن بە مسیح، لەسەر ڕۆژژمێرێک دەڕۆن پێیدەڵێن (ساڵی تقووسبەندی: تایبەتە بە کلێسا و تقووسەکانی)،  لەڕاستیدا لە فەرهەنگی مەسیحیدا، زارەی جەژن نییە، ئەوان زارەوی فێستیڤاڵ(کە لەبنچینەدا لاتینییە)، بۆ هەموو بۆنە ئایینیەکان بەکاردەهێنن، کە هەم ئاهەنگێڕان  و هەم سفرە  و خواردن و خواردنەوەیان تێدایە. (Greg Tobin) لە کتێبی (پشووە پیرۆزەکان)دا، ڕیزبەندی (١٤) جەژنی . بە قەولی ئێمە، تێدایە، بەسەر چوار وەزی ساڵدا دابەشی کردوون، (زستان :چوار، بەهار: چوار، هاوین: سێ، پاییز: سێ) جەژنی مەسیح و جەژنی سەری ساڵ، لە هەرە بایەخدارەکانی جەژنەکانی زستانن، ئیستەر و ڕۆژی دایک، بە بەر وەزی بەهار دەکەون، هەرچی جەژنی باوکە، دەکەوێتە هاوین و جەژنەکانی هەلەوین و سوپاسگوزاری دەکەونە پاییز.

جەژنی لەدایکبوونی (مەسیح) پیرۆزترین و گەورەترین جەژنی ئەوانە،  تەدارەک و سفرە و ئاهەنگی گەلێک تایبەتی تێدا بەڕێوەدەچێ و ژمارەیەکی زۆر تێیدا بەشداری دە کەن. لەو جەژنەدا درەختی لەدایک بوون لە ماڵەوە و دەرەوەی ماڵدا دەڕازێننەوە و دیاری زۆری تێدا دەبەشرێتەوە و بابا نوئێل کەسایەتییەکی دیاری ئەو بۆنەیە.

جەژنی ساڵی نوێ، کە  دەکەوێتە  شەوی  (٣١) ی دیسێمبەر، هەموو ساڵێک بە هاتنی ساڵی نوێ، ئاهەنگی گەورە و پڕ مەسرەفی تێدا دەگێردرێ. ئێستا ئەو جەژنە ـ تا ڕادەیەک، بووتە جەژنێکی جیهانیی و غەیرە مەسیحییەکانیش، ئاهەنگی تێدا دەگێڕن. ئەوەشمان لەبیر نەچێ، مەسیحییەکان لە جەژنی هەڵسانە و لەدایکبوون و تەواف، بەڕۆژووبوون ـ بەگوێرەی شەرعی خۆیان، ڕوکنێکی تقووسەکانی ئەو سێ جەژنەن.

پێش جەژنی (هەڵسانەوە) کە دەکەوێتە کۆتایی مارت و سەرەتای نیسان، ئەویش لە جەژنە هەر مەزن و پیرۆزەکانیانە، هەڵسانەوەی مەسیح لە نێو مردووەکان و بەرزبوونەوی بۆ ئاسمان.

جگە لەوانەی باسمان کرد، جەژنی مریەمی پاکیزە و بەرزکردنەوەی خاچ و هەلەوین، زۆر بایەخ و تایبەتمەندی پیرۆزیان هەیە، لە لای باوەڕدارانی ئەو ئایینە.
لە ئایینی مەسیحیدا، جەژن هەیە کە لە نیو سەدە، یان لە سەدەیەکدا یەکجار یادی دەکرێتەوە، کە پێی دەڵێن جەژنی (یۆبیلی).(Greg Tobin 2011).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هاتنی ئایینی ئیسلام، سڕینەوەی جەژنەکانی سەردەمی بتپەرستی بوو. هەر دوو جەژنی، بۆ موسوڵمانان بە شەرع و دەستووری خۆی دیاریکرد و تا ئیمڕۆش، موسڵمانان، یادییان دەکەنەوە، ئەوانیش (جەژنی قوربان و جەژنی ڕەمەزان)ن.

جەژنی ڕەمەزان، کە دوای مانگی ڕەمەزان ـ مانگی ڕۆژووگرتن، دێ، دەکەوێتە یەکەم ڕۆژی مانگی شەوال. بۆخۆی بە گوێرەی حەدیسی شەریف، یەک ڕۆژە، بەڵام خەڵک دەیکەنە سێ ڕۆژ. ڕۆژی پێشتریش زەکات، وەک شەرع دیاری کردووە، دەدرێتە کەسانی شایستە. هەرچی جەژنی قوربانە، کە چوار ڕۆژە، دەکەوێتە (١٠)ی مانگی (ذي الحِجّة)، وقوربانی، تێدا دەکرێ، بە گوێرەی ئەو دەستوور و شەرعەی دیاری کراوە. لە هەردوو جەژنیشدا، نوێژی جەژن، کە دوو ڕکاتە، لە مزگەوتان، بە جەماعەت دەکرێ و بانگی بۆ نادرێ. بەڵام تەکبیری تێدا دەکرێ.(لە بڕگەکانی دادێ، بەدرێژی قسە لەسەر ئەو دوو جەژنە دەکەین).

بەڵام، بەهۆی سەرهەڵدانی چەند ئایینزاییەک، چەندان جەژنی دیکەش داهێنراون و کەسانی باوەڕدار، بە گوێرەی مەزهەبەکەیان یادیان دەکەنەوە. جەژنی مەولوود، کە مەلیک موزەفەری کوڕی کوکبری لە ئەربیل، یەکەم کەس بوو ڕۆژەکەی کردە جەژن و یادی کردەوە، لە هێندێ وڵاتانی عەرەبی دەکرێتە پشووی فەرمی و یاد دەکرێتەوە.

یادی سەری ساڵی هیجری، هەرچەندە لە هێندێ وڵاتان پشووی فەرمییە، یادە دەکرێتەوە، بەڵام وەک جەژن، ئیسلام یادی نەکردووەتەوە. لە ڕۆژژمێری ئیسلامیدا، سەرەتای مانگی محەڕەم، ڕۆژی یەکەمی سەری ساڵی هیجرییە، هەرچەندە شیعەکان، بە هۆی ڕۆژی عاشووراوە، ئەو ڕێککەوتە، بە ڕۆژی حوزن و ماتەمینیی دادەنێن.

هەرچی باوەڕدارانی ئایینزای شیعەیە، جگە لە جەژنە دیاریکراوەکان، (١١) بۆنەی تایبەت بە خۆیان هەیەم هەرچەندە زۆربەیان، ماتەمینی و ڕەشپۆشی و حوزن بەسەریاندا زاڵە، بەڵام ڕێورەسم و کەژاوە و تقووسی تایبەتی خۆیان بە شکۆداری و هێبەتەوە بۆ دەکرێ، بە تایبەتی لە ئێراق و ئێراندا کە گڵکۆ و مەقامە پیرۆزەکانی ئەوانی لێیە.

**٢. جەژنە وەرزییەکان (سرووشتیەکان):**

مەبەست لەو جەژنانەیە، کە تایبەتن بە سرووشت و وەرزێکی دیاری کراوەی ساڵ، جا لەبەر جوانی و دڵگیری بێ، یان لەبەر ئەو خێروخۆشییەی پێ و قدومی ئەو وەرزە دەیهێنێ. لە مێژووی هەموو شارستانییەکاندا، لە کۆنەوە، ئەو جەژنانە دیاری کراون و بە شێوازی جیاوزی، بە گوێرەی کەلتوور و کەش و هەوا و داب و نەریتی کۆمەڵگاکان یادکراوەنەتەوە، وەکو جەژنی نەورۆز . دواتر زۆرتر قسەی لەسەر دەکەین، جەژنی دایک،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جەژنی خۆشەویستی، جەژنی دروێنە، جەژنی شەوی یەلدا، جەژنی کەپرەشینە، جەژنی ئاگری دیانان، جەژنی شوارشەممەسووره، ... تاد.

له ناوچەی یارسان گۆران، هەر وەرزەی بە ناوی پێرێکەوە ناونراوە وەک: وەرزی بەهار بە ناوی (پیر داود و کۆسوار)، هاوین (پیر بنیامین)، پاییز(پیر موسا) زستانیش(پیرداوان) (فەرهەنگ ئەلف با).

**٣. جەژنە نەتەوەییەکان:**

وەک لە ناوەکەی ڕادیارە، ئەم جەژنانە تایبەتن بە ڕووداو و سەرکەوتن و ئازادی و سەربەخۆیی و وەدەستهێنانی دەستکەوتی نیشتیمانی. هەر نەتەوەیەک، چەندان ڕۆژی داریکراوی هەیە، کە یاد و ئاهەنگی تێدا دەگێڕی. ئەو جەژنانە پتر لە دوای سەدەی حەڤدەمین و سەردەمی ڕێنیسانیس، ژمارەکانیان هەڵکشا و پتر بوونە جێگەی بایەخدان، هێندێ لەو جەژنانە، سنووری وڵاتەکان دەبەزێنن و لە زۆر شوێنی جیهاندا لە یەک ڕۆژدا ئاهەنگیان تێدا دەگیڕدرێ، وەکو جەژنی یەکی ئایار (جەژنی کرێکاران).

**٤. جەژنی کەسی یان دەستە و دائیرە:**

چونکێ ئەو جۆرە جەژنەش تەدارەک و یادکردنەوەی بۆ دەکرێ، لێرەدا حەزمان کرد، ئاماژەی پێبکەین، وەک جەژنی لەدایک بوون، یان دەرچوون لە قۆناغێکی خوێندن، یان هاوسەرگەریی، یان دامەزراندن و وەرگرتنی پۆست و پایە... تاد.

**جەژنە کوردییەکان:**

بۆ قسەکردن دەربارەی جەژنە کوردییەکان، دەبێ سەر بە شارستانییە دێریینەکانی ناوچەکردا بگرین و لە کۆنترینیانەوە، کە سەردەمی پێش چاخی بەرینی کۆنە، دەست پێبکەین، بە واتایەکی دیکە، لەبەر نزیکی کوردەکان لە ئەکەدییەکان و سۆمەرییەکان و ئاشورییەکان و بابیلییەکان...ەوە دەست پێبکەین، دواتریش بە بڵاوبوونەوەی ئایینی یەکتاپەرستیی زەردەشتی. ڕاستە ئێمە بەڵگەی مێژوویی جەژنە دیاریەکانی ئەو سەردەمانەمان لەبەردەست دانییە، بەڵام لە ڕووی زمانناسی و مێژووی وشەدا، دەبینین چەندان وشەی هاوبەش و لێکنزیکمان هەیە. جگەلەوەش، ئاسەوارەکانی ئایینی زەردەشتی، وەک ناوی شوێنەکان و ئاسەواریی ئاتەشگە و شوێنەوارەکانیان، نەختێک ماون.

"میللەتانی هیند و ئەوروپییەکان، هەروەک دانیشتوانی میزۆپۆتامیا، دیاردە سرووشتییەکانیان دەپەرست، وەکو (ڕۆژ و زەوی و هەوا و تاد.) لە خوداوەندەکانیان وەکو خوداوەندی تیشوب بەرانبەر خوداوەندی نەنلیل لە دۆڵی ڕافیدەین، و شاوشکا بەرانبەر عەشتاری بابیلی و خوداوەندی میپرا. ئەم خوداوەندانە ڕۆڵی بەرچاویان لە هزری هیند و

ئەوروپاییەکاندا بوو، لە کۆتایی سەدەی حەوتەمی پێش زایین، لە وڵاتی میدیا کەسێک بە ناوی زەردەشت دەرکەوت. داوای لە خەڵکی کرد تەنها یەک خودا بپەرستن، ئەویش خوداوەندی ئەهورامەزدایە کە خوداوەندی ڕووناکی و چاکەیە. دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئەخمینی لە ئێران، شا دارای یەکەم (٥٢٢ ـ ٤٨٢ پ. ز.) ئایینی زەردەشتی کردە ئایینی فەرمی دەوڵەت. بۆیە ئایینی تازە لە نێو دانیشتوانی کوردستان و ئێران و ناوچەی دیکە بڵاوبووەوە."(ڕێزدار ٢٠٢١). کەواتە دەبێ کوردەکانیش، بەشداری هەمان جەژنەکانی ئەو کاتی زەردەشتییەکانیان کردبێ ـ کە لێرە پێشتر ئاماژەمان بە ناوەکانیان کرد. بە واتایەکی دیکە جەژنی کوردەکانیش هەر جەژنەکانی زەردەشتییەکان بوون. دواتر لە گەڵ گۆڕانکارییە مێژووییەکان و هاتینی ئایینی ئیسلامی و ڕووداو و بەسەرهات، جەژنەکانی کوردیش گۆڕانکارییان بەسەر داهات و هیندێکیش لەو جەژنانە لەگەڵ ڕۆژگاردا مەحف بوونەوە.

لە خوێندنەوەی مێژوودا، دەبینین کوردیش لە هەر (٤) جۆرە جەژنەکان، پشکی هەبوو؛ جەژنی ئایینی و جەژنی وەرزی و جەژنی نەتەوەیی و جەژنە کەسییەکان. تا دەگەینە ئیمڕۆ، کە ڕیزبەندی جەژنەکانمان لەبەر دەستە.

جا چونکە، کورد هەمووی لەسەریەک ئایین نیین، جەژنی ئایین و ئایینزاکانی دیکەش، لە کەلتورەکەیدا بای خۆیان ڕەنگدانەوەیان هەبووە. بۆ نموونە، ئێزیدییەکان ساڵانە یادی جەژنەکانی خۆیان کردووەتەوە کە بریتینە لە :جەژنی سەری ساڵ(یەکەمین چوارشەممەی مانگی نیسان)، جەژنی لەدایک بوون (یادی لەدایکبوونی عەدی کوڕی موسافیر)، جەژنی چلەی هاوین (٣٠ تەمموز)، جەژنی چلەی زستان (٢ی شوبات)، جەژنی قوربان، جەژنی جەمای(٧ ڕۆژە)، جەژنی ڕۆژووی ئێزیدی، جەژنی خدر ئیلیاس، جەژنی بێلیندا(یەکەم هەینی کانووی دووەم).(محەمەد ٢٠٢١).

بڕوانە، یارسانەکان، چەندان جەژنیان هەیە، کە هێندەکیان هی کوردانیشن: جەژنی بال، بالوێڵە، جەژنی خاوکەر، جەژنی تەنبور، جەژنی گوێزشکاندن، جەژنی چەمەری، جەژنی ڕۆژ...تاد.

لە هێندێ جەژنی دیان و جوولەکەکانیش، لە هێندێ شاران، وەکو شاری کۆیە، پیرۆزباییان لە یەکدی کردوە و دیاریشیان گۆڕیوەتەوە و خواردنیشیان بۆ یەکدی بردووە ئەگەر یاد و ئاهەنگەکانیشیان نەکردبن. ـــ لەبەشی دووەمدا، قسە لەسەر جەژنە کوردییەکان دەکەین.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**بەشی دووەم**

**ڕێوڕەسمی جەژن لە وراتی کۆیە (١٩٠٠ ـ٢٠٠٠)**

**بەرکۆڵێک دەربارەی مێژوو و کەلەپووری وراتی کۆیە (١٩٠٠ ـ ٢٠٠٠):**

کۆیە، شارێکی دێرینە، بەڵگە مێژووییەکان ئەوەیان ساغ کردووەتەوە، ئەمەش، لە پاڵ چەند فەکتەرێکی دیکە، بوونە هۆ، کۆیە، وەک بەشێک لە کوردستانی گەورە، بکەینە کرۆکی لێکۆڵینەوەکەمان. لەو مێژووە دوورو درێژەدا، لەشکری داگیرکەران و هێز و دەسەڵاتی بیانی، بە چەندان هۆز و خێڵ و عەشیرەت پەلاماری کوردانیان داوە.(شەوڕۆ ٢٠١٦ ل ٣٣).

شاری کۆیە، مەڵبەندێکی بازرگانی و کشتوکاڵی دەوڵەمەند بووە و کاروانسەرای نێوان ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوەند و خوارووی ئێراق بووە.

لە ڕوانگەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە، شارەکە، جۆرە تایبەتایەتییەکی خۆی هەیە کە، بە شێوەیەك لە شێوەکان، جیاوازیی هەیە لە گەڵ پێکهاتە و توخم و بنەما کۆمەلایەتییەکانی هێندێ شاری دیکەی کوردستان، کە دەکرێ بەم دەستەواژەیە پێناسە بکرێ :" ئۆرگانە بنەڕەتییەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی شاری کۆیە، چەند بنەماڵە و بەرەباب و چین و توێژێکی هەمەڕەنگی هاوبەش و هاوبەرژەوەندیی مێژووی خۆڕی و خێرخواز و مرۆڤدۆستن، دەرهاویشتنە دەرەوەی هەر یەك لەم ئۆرگانە بنەڕەتییانە لەم پێکهاتەیەدا، لاسەنگی و ناتەبایی و نائارامی و نیگەرانی لێدەکەوێتەوە." ئەمەش پۆلینکردنی پێکهاتەکانەیەتی:

**یەك: دوو بنەماڵە ناسراوەکە:**

مەبەست لە دوو بنەماڵە ناودارەکەی کۆیەیە: بنەماڵەی حەوێزییان و بنەماڵەی غەفورییان کە خاوەن دەسەلآتی ئابووری و دارایی و کۆمەلآیەتی و تا ڕادەیەکیش (لەشکریی) بووینە و تا کۆتایی سەدەی نوزدەم هەمیشە کیشمەکیش و ناخۆشییان لە نێواندابووە، تا دواتر، لە ڕێیی ژن و ژنخوازییەوە، ئاشت دەبنەوە و ئاشتەوایی نێوانیان کۆتایی بەو شەڕو ناخۆشییانەی چەند ساڵەی نێوانیان دێنێ.

**دوو: خاوەن موڵك و بازرگانەکان:**

ئەم بنەماڵآنە، لە ژمارەدا، وەك دوو بنەماڵەکەی سەرەوە، زۆرنین، بەڵآم خاوەن دەسەلاتێکی کاریگەر بوون لە ژیان و بژێوی شارەکەدا، ئەوان سەرمایەدارەکان بوون، کە هەم سەروەت و سامانەکەیان دەسکەوتی ڕەنجی خۆیان و باب وباپیرانیان بووە و هەم خاوەن کارگە و دوکان و زەوی و زار بوون. ئەوان خاوەن ئەقلی بازرگانی و تیجارەت بوون.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

لەسەرەتادا وەك مەلاكی گەورە بەدیار كەوتن، لە دواییدا، لە گەڵ ڕۆژگاردا، لە ڕێگای بازرگانیی كردنەوە، بە تایبەتی بە تووتن، بوونە سەرمایەداری گەورە.

ئێستاش، پاشماوەی شوێنەوارەكانی گەواهی، بایەخ و گەرەیی ئەو شارە دەدەن. لە بارەی ڕۆڵی شارەكە لە شۆڕش و ڕاپەرین و خەباتدا، چەندان كتێبی لەسەر نووسراوە.

**سێ: بنەماڵە ئایینییەكان:**

ئەم بنەماڵانەش خاوەن پایە و مەقامێكی بەرز بوون، جا بنەماڵە ئایینییەكان چ مەلا بن و چ شێخ، لە ڕێی مزگەوت و تەكیە و مەجلیسی خوێندنەوە، جگە لەوەی كە خەڵكیان لە دەوردا كۆبۆتەوە و هەریەكەی بە گوێرەی هاوسەنگیی بەرژەوەندیی نێوانیان، سوودیان لەیەكتری وەرگرتووە، كاریگەرییان، لە دوو ڕەهەندەوە بەسەر شارەكەدا هەبووە: لە لایەك وەك ڕێبەری ئایینی و خوێندن و مەعریفەت خێریان داوەتەوە و لە لایەكی دیكەشەوە وەك دەمڕاست و ڕیش سپیی شارەكە كۆڵەكەیەكی پتەوی ڕاگری پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان بوون، لە مەجلیسی ئەواندا، هەموو ڕەنگ و توێژ و چینەكان بەیەكەوە دادەنیشتن. چونكە كۆمەڵگەی كوردەواری، باوەڕدار و خواپەرستی بێ غەل و غەش بوون، ئەو پەڕیی ڕێز و حورمەتیان بۆ ئەم بنەماڵانە ئایینیانە هەبووە.

**چوار: چینی پیشەوەر و كاسبكار و كاركەر:**

بەوكەسانە دەگوترا كە بە ڕەچەڵەك ناچنەوە سەر ئەو سێ توێژەی لەسەرەوە باسمان كردن. ئەوانیش بە گوێرەی ئیش و كار و جێگەو پێگەیان، دەكرێ بۆ چەند توێژێك پۆلین بكرێن، وەك توێژی پیشەوەر و كاسبكاران، توێژی باغچەوان و ڕەزەوانان، مەڕدا و ئاژەڵدارەكان، توێژی غەریبە و بێ ئیش و لانەوازەكان.(شەورۆ ٢٠١٥ ل. ٢١)

بۆیەش، ڕێیوڕەسمی جەژنەكانی ساڵەكانی نێوان (١٩٠٠ – ١٩٨٠) مان كردە بابەت، چونكێ زانیارییە متمانپێكراوەكان بەردەستتن.

- **پۆلینكردنی جەژنەكان بە گوێرەی ڕۆژگارەكە لەو وراتەدا:**

كە دەربارەی جەژنەكان، لە ماوەی ئەو (١٠٠) ساڵەدا دەنووسین، هەوڵدەدەین، قۆناغ بە قۆناغ لە گەڵ هەر یەكێك لەو جەژنانە بڕۆین، و لە یەكێك لە قۆناغەكان، بەدرێژی قسەی لەسەر بكەین. بۆ نموونە باسی جەژنی ڕەمەزان و قوربان دەكەین، لەو (١٠٠) ساڵەدا، بەڵام كە دەگەینە، شەستەكانی سەدەی ڕابردوو، بە درێژی قسەیان لەسەر دەكەین.

- **جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان:**

چونكێ ئەو دوو جەژنە، گەورەترین جەژنی ئایینی كوردن، بەدێژایی ئەو (١٠٠) ساڵە یادیان كراوەتە و ڕیزیان لێگیراوە، بەڵام بەگوێرەی بارودۆخ و كەشی سیاسی و


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

سەربازی و ئابووریی کوردستان. لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، کە کۆیە هەر چوار گەڕەک بووە و باری گوزەرانی و بژێوی خەڵکەکە، چونکی هەر لەسەر کشتوکاڵ و کاسبی ئیشی دەست بووە، مەسرەفی و تەدارەکی زۆریان بۆ نەکراوە.

هەژارەکان، بە زەحمەت دەیان توانی ئەگەر شەرواڵێک یان عەزیزییەک بۆ کوڕ و کچەکانیان بکەن، ئەوانەی مامناوەندیش بوون، ئەگەر لە جەژنی گچکە (ڕەمەزان)، پۆشاکی نوێیان بۆ منداڵەکانیان بکردبایە، ئەوا لە جەژنی گەورە (قوربان)، پێڵاو و کڵاویان بۆ دەکڕین. ژن و پیاوەکان، زۆر کەم پۆشاکی نۆییان دەبڕی، هەر کۆنەکانیان دەشووشت و لەبەردەکردەوە. بێگومان، چینی دەوڵەمەند و هەبوو، جیاواز بووە. بۆ جەژنانەش، بەیەکەوە لە مزگەوتی گەورە نوێژی جەژنیان دەکردو، دواتر سەردانی یەکتریان دەکرد ـ شارەکە هەموو یەکتریان دەناسی.

کە جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ – ١٩١٩) هەڵگیرسا و بووە ئاشووبە و سەفەر بەلگ و گرانی و برسییەتی، ئەوا جەژن، هەر بە ناو دەکرا. خەڵکەکە زۆر پەرێشان بوو. دوای (١٩٢١) بە هاتنی ئینگلیز و لەناوچوونی ئیمراتۆریەتی عوسمانی، بارو دۆخەکە نەختێ بەرەو باشی چوو، فەقیرخانە لە کۆیە کرایە و وردە وردە، خەڵک هاتەوە سەرپێ. لە جەژنەکانی سەردەمی ئینگلیز، تا ساڵی (١٩٥٨)، دوای نوێژی جەژن، خەڵکی کاسب و عەوامی شار، دەچوونە حزوور مەلای گەورە و جەژنەپیرۆزەیان لێ دەکرد، ئەوجا دەچوونە دیوەخانی دووبنەماڵەکەی کۆیە، (حەوێزییەکان و غەفوورییەکان)، ئەوەشمان لەبیر نەچێ، ڕۆژێ یەکەمی جەژن، سەر لە بەیانییەکەی، قائیمقامی کۆیە و دەستەو دائیرەکەی، لە سەرای کۆن، دادەنیشتن، قاوەجاغی چای و قاوە ئامادە دەکرا، بۆ پێشوازیکردن لە خەڵك. دەستەی مەلا و ئاغا و کەسایەتی و ڕیش سپیی شار، زوو دەچوون پیرۆزباییان لە پیاوانی حکومەت دەکرد. زۆرجاریش، دەوڵەت، برە پارەیەکی وەک جەژنانە، بەسەر ماڵە هەژارەکان دابەش دەکرد. لە قوتابخانەکانیشدا، ساڵ هەبووە، دەوڵەمەندەکان، چ کۆییەکان، چ لە دەرەوی شار هاتوون، جلك و بەرگ و هاوکارییان بەسەر قوتابییە هەژارەکاندا دابەشکردووە.

بۆ قوربانی کردن، جاران خەڵك فەقیر بوو، تەنها ماڵە دەوڵەمەندەکان و ئاغاکان، دەیانتوانی قوربانی بکەن، ئەویش هەر یەک گاجووتیان دەکردە قوربانی، دەوڵەمەندەکانیش مەڕێک یان دووان. دوای سەربڕینی قوربانییەکە، گۆشتەکەیان دەکردە جێ جێ و لەسەر تریانانیان دادەنا و لە بەر دەرگای مزگەوتی گەورە، دوای نوێژی جەژن، بەسەر فەقیرانیاندا دەبەشییەوە. خەڵکەکە بۆ خۆیان دەچوون، بەشە قوربانی خۆیان وەردەگرت. زەکاتی فترەش، هەم دەدرا بە مەلا، هەشبوو، بەسەر ماڵە کەم درامەتەکانی دابەش دەکرد.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

منداڵەکان، هەر لە گۆڕەپانی مزگەوتی مەحمووداغا بۆ خۆیان کۆ دەبوونە و سواری جۆلانە دەبوون و ئەو دوو سێ ڕۆژەی جەژن، بازاڕۆکەک دەهاتە ئەو جێگایە، منداڵان جەژنانەی خۆیان وەردەگرت.

لە زۆربەی گوندەکان، جەژن هەر نوێژی جەژن و ئاشی بەیانیان بووە، کە زۆربەی جار پلاو ساوار بووە، بە دەگمەن پلاو برنج بوو، هەر جەژنانیش گۆشتیان دەخوارد، یان مریشکێکیان سەردەبڕێ. بۆ منداڵەکانیان، گەر هەبووایە، شەرواڵێکی سپی جاو یان خامەکیان بۆ دەکردن. لە گوند، منداڵ جەژنانەی نەبوو، هەر لە دەوری ماڵ و مزگەت ڕۆژەکەیان بەسەر دەبرد.

لە هەردوو جەژنەکەدا، تا ساڵی (٢٠٠٠) زیارەتی گۆڕستان باو بوو، ژن و پیاو، تاریک و روونی بەیانی، دەچوونە سەر گۆڕی ئازیزان و فاتحەیان بۆ دەخوێندن. زۆربەی ماڵەکانیش، چێشتی پلاو برنج، یان ساواریان، بە گۆشتەوە، بۆ بەیانییەکە لێدەناو، باو بوو شلەکەی (ترشەکەی) قەیسی بێ.

**ئەمەش ڕێوڕەسمی جەژنی ڕەمەزانە، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو تا ساڵی (١٩٨٠).**

**ئامادەکاریی پێشتر بۆ ڕۆژی جەژن:**

هەردوو جەژنە ئایینییەکە، زۆر بە گەرم وگوڕیی و پیرۆزییەوە پێشوازیان لێدەکرا. دەتوانین بڵێین، ئەو جەژنانە، بۆ کۆی دەستەجەمعی کوردەواری لە منداڵ و ژن و پیاوو بەساڵاچووەکان.

جاران، منداڵ جلک و پۆشاکیهەر لە جەژنان بۆ دەکرا. زۆربەی جارانیش، بۆ عەوامەکە، بە دوو جەژنەکە دەستە جلکەکەیان تەواو دەبوو، ئەگەر کورتەک وشەرواڵیان لە جەژنی بچووک بۆ بکرابووایا، ئەوا کراس و پێڵاوەکەی دەکەوتە جەژنی گەورە. پۆشاکی کوڕانە دەبووایا لە لای بەرگدروو بەڕادان بدرێ، هێ کچانەش هەر وابوو، بەڵام هێندێک کراس و ڕۆب و عەزیزییەو بلوزو چاکەتی ئەوان لە بازاڕ دەست دەکەوت. منداڵ هیچ قسەیەکی نەبوو لە جۆر و ڕەنگ و مۆدەی پۆشاکەکەی، بڕیاردەرەکە هەر باوک بوو. چەند حەفتەیەک پێش جەژن لە لای بەزازەکان قوماشیان دەکڕی یان هەر بەرگدرووەکە بۆ خۆی قوماشی هەبوو، ئەوجا منداڵەکەیان دەبردە لای خەیاتەکە تا پێوانەی بکات، زۆربەیان هەر بە چاو پێوانەکەیان دەزانی و قەڵەم ودەفتەریان بۆ منداڵان بەکار نەدەهێنا. پێڵاویش لە لای جەلال جۆبار و جەلالی فەقێ عیسمەتێ و حاجی جەمالی باوکی هونەرمەند



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

عەدان هەبوو، ئەوکات هەمووی لە بەغدا دەهات، پێلاوی ئێرانی وتورکی نەبوون. یان قۆندەر بوو یان سەندەڵی قایشی ئەسڵی.

پۆشاکی منداڵە کچەکان لە ماڵەوە ژنی بەرگدروو، بە مەکینەی دەستی، بۆیان دەدروووین. دایکیش هەبوو دەست ڕەنگین بوو بۆ خۆی بۆی دەدروووین.

پیاو و ژن و بەساڵاچووەکان کەمتر بۆ جەژن جلکی نوێیان دەکرد. بەڵام یان دەستەجلکی جوان و باشیان هەبوو، تایبەت بوو بەو بۆنانە، یان باشترین دەستەیان بۆ دەشووشتن و بۆیان ئوتودەکردن، لە هەر گەڕەکەی دوو سێ ئوتووی خەڵوزی هەبوو، ئەوماڵ ئەم ماڵ دەیان خواستەوە.

حەفتەیەک بەر لە جەژن دەبووایا، پیاوان ئەوەی لەسەریانە بیکڕن، وەکو چوکلیت و شەکرۆکەو شەربەت و قەیسی و کشمیش و برنج و شەکرو چا و قاوە... . لەو ڕۆژگارەدا لە کۆیە چەند دوکاندارێک هەبوون، کە شتومەکەکانیان دەرەجە یەک و ممتاز بوون و هێندە سەریان قەڵەباڵغ دەبووجگە لە ئامادەکردنی کەرەستەی چێشتی جەژن . ژنان، بە فەقیرو دەوڵەمەند، دوو ئەرکی دیکەشیان لەسەر شان بوو، دەبووایا کولیچە ماڵەوە دروست بکەن، کە بە گوێز و بە خوارما بوو، هەروەها گوڵەبەڕۆژەو نۆک و تۆشووتی و تۆ گندۆرە و گەنم ببرژێنن. جاران تۆ شووتی و گندۆرە، وەک ئێستا نەبوو فڕێبدرێتە تەنەکەی خۆڵ، هەموو جوان جوان پاکدەکرایەوە هەڵدەگیرا. ماڵە ئاغاو دەوڵەمەندەکانیش بە حوسنیخان، زەلابیەوی تایبەتیان دروست دەکرد، هەر حەمەدی عەوڵا جەیدی لە کۆیە ئەو حوسنیخانەی دروستدەکرد. کێکی ئیسفنج تازە دەهات دابێ، لە گەڕکی قەڵاتێ، هەر ماڵی فەرەجوڵلای قالبی ئەو کێکەیان هەبوو، دەبووایاسرەی بۆ بگریت .

ئەرکی دووەمی ژنەکان، ماڵ خاوێن کردنەوە بوو، دەبوویا مافورو بەڕ ...تاسد.، ناو ماڵ هەموو دەربێ و گەسک لێبدرێ و خاوێن بکرێتەوە.
لای سەرتاشەکان، بەبەر نەدەکەوت بە تایبەتی لە حەفتەی پێش جەژن.

جاران ئەگەرچی کێلوی گۆشتی بە (٤) دەرهەمان بوو و مریشکیش کە هەر هی کوردی بوو، بە سێ چوار دەرهەمان بوو. لە ڕۆژی جەژن ئەوانە زۆر عەزیز بوون. ئاخر هەبوو هەر جەژن و جەژن گۆشتی پێ دەکرا. زۆرلە ماڵەکانیش لە زستانانددا قاورمەیان هەبوو.
هێندێ کەس بە تایبەتی مامۆستاو قوتابییەکان و چینی ڕۆشنبیر، دەبووایا کارتی جەژنانە بکڕن و بەلانی کەم حەفتەیەک زوو تر بیان بەرن بۆ پۆستەخانەوە بۆ دۆست و خزم و برادەروانی بنێرن کە لە شارەکانی دیکەی ئێراق یان لە دەرەوە بوون.

پێرەمێرد و باوکەکانیش، هێندێک پارەیان بۆ جەژنانە خوورد دەکردەوەو هەڵیان دەگرد بۆ یەکەم ڕۆژی جەژنەکە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**ڕۆژانی جەژن:**

ڕۆژی عالفە (عەرەفە) بازاڕ جمەیی دەهات و ئەوەی شتێکی مابێ دەیکڕی و نەختۆکەکیش، پاشنیوەڕۆکەی، نرخی شتەکان دەدەبەزی، چونکە چەند بۆ ڕۆژێک دوکانەکان نەدەکرانەوە.

جاران، جگە لە ماڵی کاکە زیادی حەماغای کۆیە و چەند ماڵێکی کەمی دیکە نەبێ، کەس حەمامی ماڵی نەبوو، ئەوەی سەرشۆرکیشی هەبوو، ژن و پیاو، دەچوونە حەمامی حەسەناغا و حەمامی ناوەندێ و حەمانی پیسکان و حەمامی جمهوری . دواتر حەمامی وەستا حوسێنی نەجاریش کرایەوە. پێش مەلابانگدانی بەیانی ئەو ڕۆژەو یەکەم ڕۆژی جەژنیش، پیاوەکان لەگەڵ کوڕە پارچەلەکانیان، بوخچەیان دەخستە بن کۆشی خۆیان، فانۆس و لایتیان بەدەستەوە دەگرت و دەچوونە حەمامێ، دوای دەوری سەعات حەوت دەبووە نۆرەی ژنان تا پاش عەسرێ، کە دوای دیسان دەبۆوە نۆرەی پیاوان.

لەو یەک و ڕۆژە، لە گۆڕەپانی حەمامی حەسەناغای ــ نزیک مزگەفتی مەمحمووداغای، کۆڵەگەکانی چەرخوفەلەک و جۆلانەکانیان دەچەقاند. یەک چەرخوفەلەک و عادەتەن سێ جۆلانە بوون. منداڵ خەنی دەبوون، هەبوو دەچوونە تەماشایان و خەبەریان بۆ یەکتری دەبردەوە کە چەرخوفەلەک و جۆلانەیان دانایە.

لە یەکەم ڕۆژی جەژن، هێشتا دونیا بۆڵێل بوو، ژن و پیاو بە سەرقەبران دەکەوتن. جاران، عادەت نەبوو ئێوارەی جەژن بچنە سەر قەبران، دوای فاتیحا خوێندن دەگەڕانەوە ماڵەوە، پیاوە نوێژکەرەکان، خۆیان دەگۆڕی و پۆشاکی نوێ و خاوێنیان دەپۆشی و دەچوونە مزگەفتی گەورە و ژنەکانیش خەریکی جێشت لێنانی خۆیان دەبوون و زوو منداڵەکانیان لە خەو هەڵدەستاند و تاقمی ئیستیکان و شەربەتیان حازر دەکرد.

پێش دەستکردن بە نوێژ، بە چەند سەعاتێک، بڵندگۆی مزگەفتی گەورە، بە دەنگی مەلا عەبدولڕەحمانی دەستی دەکرد بە تەکبیرە لێدان..

مزگەفتی گەورە، ئەگەر تەروتووشێ نەبووایا، حەوشەو هەیوانەکانیشی پڕدەبوون، جا دوای وتار و نوێژکردن، ئەو خەڵکە جەژنانەیان لە یەکتری دەکرد، دەبووە قەرەپەستە، دەیانەویشت زوو بگەنە لای مامۆستا و دەستی ماچکەن و جەژنی لێ موبارەک کەن. پیاوەکان دەستی یەکتریان دەگوشی هەبوو یەکتری ماچ دەکرد و سەر منداڵیان ماچ دەکردو ئەوانیش دەستی گەورەکانیان ماچ دەکردن و بە یەکتریان دەگوت:

- "جەژنت لێ موبارەک بی و لە هەزارە جەژنان بی".

کە نوێژکەرەکان دەگەڕانەوە ماڵەوە. ماڵ و منداڵی خۆیان ماچ دەکردو هەموویان جەژنانەیان لەیەکدی دەکرد ئەوجا دەستیان دەکرد بە نان خواردن، زۆربەی ماڵەکان بۆ بەیانییەکەی پلاو برنج و قەیسیان لێدەنا .منداڵ هەبوو پێش نان خواردن جلکەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

نوێیەکەی خۆی لەبەر دەکردو بە پەلە بوو خۆی حازر دەکرد، هەمیشە کچە عازەبەکان جلکی خوشک و براکانیان ڕێکدەخست و پۆشتەو پەرداغیان دەکردن. ئەوجا دەبووە کاتی بەخشینی جەژنانە، منداڵەکان دەچوونە لای باوکیان و ئەویش لە باوەشی دەکردن و ماچی دەکردن و یەکە یەکە جەژنانەی خۆی دەدانێ. جەژنانەکە، بە گوێرەی بەڕک و باخەڵی کەسەکە بوو، عادەتەن یەک دەرهەم بوو هەبوو دەرهەم و نیو و دوو دەرهەمیشی دەدا. جار هەبوو نەنکەکانیش جەژنانەیان دەدا، بەڵام دایکەکان زۆر زۆر کەم.

لە دەوری سەعات هەشت سەردانی خزم و کەسوکارو دۆست و جیران دەستی پێدەکرد. منداڵ هەبوو نەدەچووە دەرەوە چاوەڕێی خزمەکانی دەکرد جەژنانەیان لێ وەرگرن ئەوجا بڕۆنە (جەژنێ). دراوسێیەکان جەژنانەیان نە دەبەخشی، خزمەکانیش، هەر یەکەی بە گوێرەی هەبوونی خۆی، عادەتەن بیست فلوس و سێ فلوسیان دەدا منداڵان.

پیاوە ماقوڵاکانی شاریش سەردانی قایمقام و مودیر شورتەو مودتر مال و ماڵی مەلا و ئاغاکانیان دەکرد و جەژنانەیان لێدەکردن.

پێش ئەوەی منداڵەکان بچنە دەرەوە، زۆرجار دایک و خوشکەکانیان جەژنانەکانیان لێ وەردەگرتن و بۆیان هەڵدەگرتن، هەبوو دەخیلەی گڵێنەی وەک شەربۆکەی هەبوو، پارەکەی تێ دەکرد. بڕێکی کەم پارەیان دەدایە هەر منداڵێک تا بچێ بۆ خۆی سەرفی بکات و سەد جاریش پێیان دەگوت: "ئاگات لە خۆ بێ بزری نەکەی."

بەگشتی گەورەکان لە هاتووچۆ دابوون تا نوێژی نیوەڕۆیە، جگە لەسەردانی ماڵی دایک و خوشک و براو خزم و دراوسێیەکان، دەچوونە ئەو ماڵانەی پرسەی نوێیان هەبوو. جاران جەژن بۆنەیەکی زۆر گونجاو بوو بۆ ئاشتبوونەوەی ئەو کەسانەی کە دڵێیان لێک ڕەنجابوو، جا یان کەسە ڕەنجاوەکان بۆخۆیان سەردانی یەکتریان دەکرد یان، کەسێکی دەسمڕاست و ڕیش سپی بە پێش خۆی دەدان و سەردانی ماڵی کەسەکەی دیکەیان دەکرد

کە یەکێک دەچووە ماڵێک بۆ جەژنانە لێکردن، دوای تەوقەکردن و شانی یەکتر ماچ کردن، بۆ ماوەی یەک دوو جگەرەکێش دادەنیشتن، ژنەکان و کچەکان لە شووشەواتی جوان چوکلێت و شەکرۆکەیان دەهێنا، ئەوجا چا و شەربەت لەسەر دەستە باشی جوان و کولێچەو کێکی بە کونجیان دەهێنا. زۆرجار میوانەکان هەر شتێکیان دەخوارد و دەخواردرەوە، چونکە لە هەموو ماڵەکان شتەکانی پێشکێش دەکران زۆر لەیەک دەچوون. میوەو میوەجاتیان نەدەهێنا.

هەر لە بەیانییەکەی، پێش نیوەڕۆ، زبڵچی و دەهۆڵچی لە دەرگایان دەداو بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ،جەژنانەیان پێدەدان.

دوای وەرگرتنی جەژنانەوە و سەردانی هێندێ لەخزمان، دەستە دەستە منداڵی گەڕەکی بەرەو گۆڕەپانی حەمامی حەسەناغای بەڕێدەکەوتن، زۆربەی جار کوڕەکان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پێكەوە دەست خوشكەكانیش پێكەوە، خوشك و براش هەبوو لێكدی جوودا نەدەبوونەوە، هەبوو تەواوەك عازەبان بوو. گەورە لەگەڵیان نەدەچوو و ئەوان ئازاد و سەربەست بوون، بەڵام زۆر زۆر ئامۆژگارییان دەكردن، تا ئەو ڕادەیە منداڵ هەبوو، دەستی لە باخەڵی دەر نە دەهێناو توند توندو دەرهەمەكەی لە ناو مستی دەگرت.

ڕووبەڕی ئەو كایەیە، لە نزیك مزگەفتی مەحمووداغاوە بوو تا نزیك فولكەی حاجی قادری، جگە لە دوكانەكانی بازاڕە گچكەلەی گەڕەكی بایزاغاو دوكانەكەی سوفی سەلیمی لە گەڕەكی قەڵاتی، ئەوە دوكانی شار بوو داخرابوو، سوێندم لە یەك دوو دوكان نەكەوێ كە شتی منداڵانیان دەفرۆشت و نزیك بوون لەو گۆڕەپانە. كە دەگەیشتیە ئەو گوڕەپانە، لە هەر لایەك، قۆمرغانەیەك هەبوو خوا خوات بوو زوو بگەیتێ و بزانێ چ دەگوزەرێت.دیارترین و سەرنجڕاكێشترین، دیمەن، چەرخوفەلەكەكەی سابیر حەلوا بوو، كە دەرستكردی وەستا عومەری نەجار بوو، و (٨) كورسی هەبوو و هەموو باڵ و شانەكانی بە بۆیەیی ڕەنگاو ڕەنگی تۆخ بۆیە كرابوو. هەر لە ڕۆژانی جەژن دایاندەناو دواتر هەڵیان دەگرتەوە بۆ جەژنێكی دیكە. سێ جۆڵانەی داریش هەبوو. سابیر حەلواو عەزیزی حەماڵ، جاڕیان بۆ چەرخوفەلەكەكە لێدەدا.نەفەری بە (١٠) فلوس بوو هەر كورسییەیی دوو منداڵ لەسەر دادەنیشتن، كوڕ و كچ سواری دەبوون، بەڵام جۆڵانەكان، پتر هەر كچەكان حەزیان لێ بوو، ئەویان نەفەری بە (٥) فلوسان بوو.

لەسەر ئەرزی دوو سێ كەس یانسیبیان دانابوو، ئەوەیش بۆ منداڵان و بۆ هەرزەكارەكان بوو، پتر هەر كوڕەكان لێیان خردەبوونەوە. یانسیبەكە هەشت گۆشەیەكی بەقەد سینیەكی مام ناوەندی بوو، لە ناوەندەكەی دەسكە نێركێك هەبوو، وەكو دەسكی دەستاڕی، و باسكێكی بە بزمارك بەسەروە بوو، سەرێكی ئەو باسكە، كە بەسەر سینییەكە دەخولایەوە، چەند مۆرییەكی، بە داوێك پێوە شۆڕ ببۆوە، جا هەر خانەیەكی ئەو یانسیبە شتیكی لەسەر داندرابوو، وەكو: كامیرەی فلیم نیشاندان، ئەنگوستیلەی منداڵان، ترومبێلۆكەی جوان جوان، قەڵەم پاندان، سعاتی باغەی دەستی، شووشە بۆن، فیتفیتەی گران، لە خانەیەكێك بڕێك پارەیان دادەنا. هەرچی ئەوەی هەرزەكارەكان بوو، پتر پاكەتە جگەرە و چەخماخ و قەڵەمبڕ و پارە بوو. جا هەر منداڵەی پارەكەی خۆی دەخستە سەر یەكێك لەو شتانەوە، كابرای یانسیبیش باسكەكەی دەسووڕاندو دەخولایەوە تا مۆرییەكان لەسەر شتێك ڕادەوەستاو، ئەو كەسە براوە دەبوو.

زۆربەی شتە نمایشكراوەكان لەسەر ئەرزی ڕیزكرابوون، هەشبوو تەخت و مێزی دانابوو،كابرایەك، لە كانزا سندوقێكی دروستكردبوو (٤) یان (٦) خانە بوو، هەر خانەی شتێكی تێدا بوو، وەك قیسی، كشمیش، مێووژ و كونجی و ئەو شتانە، بە (٥) فلوسی، هێندێك لەو خواردنانەی، كە تۆ داوت كردووە، لە سەری پارچە دارێكی، وەك مەستەڕە،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دادەناو دەبوایا تۆش زارت بکەییتەوە، ئەو بەدەستی خۆی قەسییەکەی، بۆ نموونە، دەخستە زارت. لە تەنیشت ئەوە،لە سەر مێزێک دوو شووشەی گەورەی لە شەربەتی مێووژیاندادەنا، و چەند قەلبە بەفرێکی چاڵە بەفرانی لەژێر گونییەکەی تەڕ دادەپۆشی. پەرداغی شەربەتی بەو بەفرە بە (٥) فلوسان بوو.

چەندان سینە شرووبی سوورو زەرد و کەسک لەسەر دەستەباشی و سینی گەورە گەورە ڕیزدەکران.

نەختێ لەو لاتر، لەسەر سینییەکی جۆرە شەکرۆکەیەکی ڕەنگاو ڕەنگی ڕەق ڕەقیان دروست کردبوو، لە شێوەی کۆتر و مامز و کەروێشک و بولبول و ماسی و ئەو شتانە بوون، یەکی بە عانەیەکی بوو.

ئەگەر لە جەژن، یەک دوو قاپ یان یەک دوو پسکویتی قوچەک، لە دۆندرمەکەی وەستا مستەفات نەخواردبایە، وەک ئەوە وابوو، جەژنەت نەکردبێ. ئەو عارەبانەیەکی سێ تایی بچووکی هەبوو و مەنجەڵی دۆندرمەکەی لەناو بەرمیلێکی لە داردروستکرابوو، بەفری خۆمانی تێدەکردو هەمیشە بە دەسکەکەی سەری مەنجەڵەکە، دەیسووڕان، تا پتر سارد بێ و نەتوێتەوە.

هێندێ لە عەتارەکانی بازاڕیش، شتومەکی خۆیان دەهێنایە ئەو گۆڕەپانە، وەکو شانەو ملەوکانەو جۆرەها بازن و شووشە بۆن و ....

لەوبەری ستۆدیۆی چنارۆک، یەک دوو سەیارەی لاندکرۆزەری سەرکراوە، ڕادەوەستان، منداڵیان سوار دەکرد، لە فولکەی حاجی قادرییەوە دەچووە فولکەی سەرباغی و دەهاتەوە.... ناوە ناوەشە تا لای قەسری کاکە زیادی دەچوو، نەفەری بە (١٠) فلوسان بوو.

لای نیوەڕۆ، منداڵەکان بەرەو ماڵ دەبوونەوە بۆ نان خواردن.

بە گشتی ژنەکان و کچە عازەبەکان پاشنیوەڕۆ بۆ سەردانی خزم و کەس و کاریان لە ماڵ دەردەچوون.

شەویش میوان و میوانداری هەبوو، بەڵام بازاڕ و چایخانە نەبوو. لە دووەم ڕۆژی جەژن چەند چایخانەیەک و دوکانێک دەکرانەوەو منداڵەکان، هەر وەکو ڕۆژی یەکەم، کاتەکەیان بەسەر دەبرد.

لە سێیەمین ڕۆژی جەژن تاق و لۆقە دوکان دەما نەکرابێتەوە، خەڵکیش تەرەو سەوزەو میوەو ماست و پەنیر و و ئەو شتانەی لە ماڵ نەدەما، بازاڕ تا ڕادەیەک گەرم و گوڕی تێدەگەڕاوە.هەبوو لە پاشنبیوەڕۆی دووەم و یان سێیەمین ڕۆژ، دەچوونە سەیرانێ.

ڕێوڕەسمی جەژنی قوربانیش هەر وەک جەژنی ڕەمەزان بوو، بەڵام قوربانی تێدا دەکرا. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا.

لە هەرەتی شەڕی ئێران – ئیراق (١٩٨٠ – ١٩٨٨)، دواتریش، کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە، ئاسەواری ساردو سووڕی و خامۆشیان بەسەر ئەو دوو جەژنەدا هەبوو، خەڵکەکە قوربانی زۆری دابوو و جەرگیان سووتا و بوو. ڕەشپۆشی و چوونە سەر قەبران، زەقترین دیاردە بوون.

بەڵام دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)، جگە لەو دژوواری و زێقەتییەی دوو سێ ساڵی یەکەم، کە حاڵی خەڵکەکەی پەرۆش کردبوو و خەڵک زۆر نەبوو، دواتر، وردە وردە، جەژنەکان گەرم و گوڕییان بە خۆیانەوە بینی.

زۆربەی منداڵ و کچ و ژن، پۆشاکی نوێیان دەپۆشی و دەچوونە سەیرانان و سەفەرکردن بۆ هاوینەهەوار و شارەکان، دوای زۆربوونی ئۆتۆمبیل و گەشانەوەی خەڵکەکە، بووە باو. پتر قوربانی دەکرا، لە جەژنی قوربان و خێر و خێرات زۆرتر بوو، حزب و کۆمەڵە ئیسلامییەکان، لەو گۆڕانکارییەدا ڕۆڵیان هەبوو، کۆمەکی هەژار و دەستکورتەکانیان، بای خۆیان دەکرد.

چونکێ سەفەرکردن زۆر بوو و و شاری یاری منداڵان، پەیدا بوو، گۆڕەپانەکانی جەژنانی جاران جۆرە ساردییەکی پێوە دیار بوو، لە کۆیە لە جیاتی ئۆتۆمبیل، منداڵان سواری گوێدرێژ دەبوون، بە پارە.

"لە گوندەکانی وەراتی کۆیە، چەژنە تەنیا بریتی بوو لە نوێژی جەژن و چێشتلێنانی بەیانی کە زۆربەی جار پلاوساور و قبوڵی بووە، کەمتر پلاوبرنج بووە، ئەوەندەی بۆشیان کرابێ گۆشتی لەگەڵ بووە. ئەوجا سەردانی ماڵی یەکترییان کردووە، خزمەکانیش دەچوونە گوندەکانی دەرودراوسێ بۆ پیرۆزکردنی جەژن، هەر ئەوکاتە خێزانەکانیان لەگەك خۆیان دەبرد، ئەگەر سەردانی ماڵی خزمانیان بکردبایە. دەنا هەر مەلا و شێخ و سەید و پیاوەکان دەچوون. منداڵ، جەژنانەی منداڵ نەبوو. ئەگەر بکرابایە شەروالێک یان کراسێکیان لە خام یان لە جانگ بۆ دەکردن. ژن و پیاوەکان هەر جلی خۆیان دەپۆشی کە پێشتر دەیان سووشتن تا پاک و خاوێن بن."(دێدەوان ٢٠٢٢)

پێشمەرگەکان، لە بارەگاکان، هەوڵیان دەدا، بۆخۆیان ڕۆژەکە بکەنە جەژنە. خواردنیان پتر نیسک و نۆک و ساوار و خورما و ڕوون بووە، گۆشت زۆر کەم هەبوو. ئەگەر ئیمکانییەت هەبووایە، هەوڵدەدراگیسکێک بکرڕێت و پلاوبرنج لێبندرێ "(پشتیوان ٢٠٢٢).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

• **چەژنی مەولودی نەبەوی:**

لە کۆنەوە، ئەو جەژنە لە کۆیە یادی کراوەتەوە، لە گەڕەکەکانی شار، بەشەو دوو جۆرە مەولود، لە ماڵەکاندا، لە لای مەولودخوێنی ژن یان پیاو، دەخوێندرایەوە، مەولوودی ژنان، وە مەولوودی پیاوان. بۆنەکە گەرم دەبوو چای و قاوەی تێدا دەگێردرا و تەنزیلەی تێدا دەرخوێندرا یەوە و و بەستە و غەزەلیشی تێدا بە گۆرانی دەگوترا، کە زۆربەیان تەواشیحی دینی بوون.

دوای ڕاپەڕین، لە هێندێ لە مزگەفتەکان، خوێندنەوەی مەولود ئەدا دەکرا و خەڵک کۆ دەبوونەوە. بەڵام وەکو یادکردنەوەکانی هەولێر گەورە و گەرم و گوڕ نەبوون.

• **ڕێوڕەسمی جەژنی نەورۆز:**

نەورۆز، وەک مێژوو، ئەفسانە، جەژن، ڕۆژ، بۆنە و یاد و بیرەوەری و (ڕەنگدانەوەی لە ئەدەب و هونەری کوردیدا)، چەندان کتێبی لەسەر نووسراوە.

وەک دەزانین، لە سەرەتای سەدەی بیستەوە، یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزیش دیسان زیندووکرایەوە. پیرەمێردی شاعیر (١٨٦٧ - ١٩٥٠) لە ساڵی (١٩٢٥) لە ئەستەنبوڵ دەگەڕێتەوە سلێمانی، لە ساڵی (١٩٤٥) بۆ یەکەمین جار ئاهەنگی نەورۆز لە سلێمانیدا گێردراوە، هەر یەک لە کامیل ژییر و د. عزەدین مستەفا ڕەسووڵ و سەدیق ساڵح...تاد، نەورۆزی ئەو ساڵەیان کردووە بە دەستپێک، لە کوردستانی باشووردا.

بەڵام، نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین کە مەلا محەمەدی جەلیزادە (مەلای گەورە) (١٨٧٦ - ١٩٤٣) لە نەورۆزی ساڵی (١٩٣٨)دا لە کۆیە، وتارێکی بە زمانی کوردی پێشکێش کردووە و ڕیزی لەو ڕۆژەگرتووە.

لە دوای ساڵی (١٩٤٥) نەورۆز و ئاگری نەورۆز، وردە وردە لە شارەکانی کوردستان بووەتە جەژن و یادی کراوەتەوە، تەنانەت پیرەمێرد، قەسیدەی (ئەم ڕۆژیساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە / جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە) لە نەورۆزی ساڵی (١٩٤٨)دا گوتووە.

چونکی ڕۆژی (٢١)ی ئادار، لە مێژووی هەموو نەتەوە و ئایینەکانی میزۆپۆتامیا، پیرۆزی خۆی هەبووە، وەک سەرتای ساڵ و هاتنی وەرزی بەهار و زیندووبونەوی زەوی و دارودرەخت و خۆش بوونی ئاو هەوا، سایبە و ئێزیدییەکانیش سەری ساڵی خۆیان هەر لەو مانگەدا بووە، "لە وەتەی ساڵی (١٩٢١) دەوڵەتی عێراق، ئەو ڕۆژەی کردووەتە پشووی فەرمی و ناوی لێناوە(جەژنەی دارودرەخت)، لە هەموو شارەکان، قوتابخانەکان و ڕێکخراوەکان هەڵدەستان بە چاندنی نەمام و دارودرەخت، بە تایبەتی لە شۆستەو کەنار جادە و شەقامەکانی شار. دوایی بەیانامەی ئاداری ساڵی (١٩٧٠)ش، ناوەکەیان گۆڕی بۆ جەژنی بەهارو جەژنی نەورۆز."(محەمەد ئەل ئەدهەمی/المنتدى العراقی).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئاگری نەورۆز، لە شاری کۆیەم، لە ساڵی (١٩٤٦) کراوەتەوە، هەرچەندە قسە هەیە کە لەساڵی (١٩٤٥) لە شاخی پیسکە چەند گەنجێکی خوێنگەرم ئاگری نەورۆزیان کردووەتەوە، بەڵام دلزاری شاعیر (١٩٢٠ - ٢٠٢١) باسی ئەوە ناکات.

هەر لە ساڵی، (١٩٤٦)پارتی دیموکراتی کورد دامەزرا و "بۆ یەکەمجاریش حیزبی شیوعی عیراقی، بە فەرمی یەکەم شانەی خۆی لە شاری کۆیە بەیانکرد و دەستیان کرد بە جموجۆڵ و چالاکی حیزبی و جەماوەری."(عەبدولمەسیح ٢٠٢١ ل. ٢٣)بێگومان، حکومەتەکانی بەغدا، هەر هەموویان دژی سەرهەڵدان و گەشانەوەی بیری ئازادیخوازی کوردبوون، بۆیە یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز، تا ڕادەیەک بە نهێنیی چالاکییەکانی ئەنجامدەدرا. ئەوکات تەنانەت پۆشینی ڕەنگوجۆغەڵیش، قەدەغە بوو، لەسەریشی بەند دەکران.

"جەژنی نەورۆزی (١٩٤٦)، لە شاخی مشکەی بوو، هاوبەش، هەڤاڵانی پارتی دیموکرات و هاوڕێیانی حیزبی شیوعی، بەیەکەوە ئاهەنگەکەیان گێرا، ژمارەیەک کورسییان دانابوو، بەڵام سەکۆ و شانۆ نەبوو، جەماوەرەکە تێکەڵ بوو لە ژن و پیاو و منداڵ. بڵندگۆ نەبوو، ڕادیۆیەکی پاتریّ تەرپیان، هێنابوو، بە هێندێ تەکنیک، کردبوویان بە بڵند گۆ، هەرچەندە دەنگی باش نەبووە. لەو نەورۆزەدا، شیعر و سروود و گۆرانی و چالاکییەکان، هەموو بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بوو. (عەبدولکەریم شێخانی ٢٠٢٢)

ئەو لاوە خوێنگەرمانەی، لەو چالاکییەکانی ئەو نەورۆزانەدا بەشدار دەبوون، (نەورۆزی ١٩٤٦، ١٩٤٧، ١٩٤٨، ١٩٤٩) هەر کادیرەکانی پارتی دیموکرات و حیزبی شیوعی عیراقی بوون، لە شارەکەدا، ئەوانیش هێندێجار، بەیەکەوە نەورۆزیان دەکردە و هێندێ جاریش بە جیا. لەو چالاکوانانەی ناویان هاتووە، ئەحمەد دلزاری شاعیر، تێکۆشەر فاتیح ڕەسوڵ، جەلال تاڵەبانی، شەهید دکتۆر خالید حەمە سەعید، شیخ جەنگی تاڵەبانی، کەریم شارەزا، کەریم شیخانی وەک قوتابی، مەحموداغای کاکە زیاد، دڵدار، عوسمان عەونی، ڕۆستەم حەوێزی، عوسمان خۆشناو، عەبدولواحێد سەدیق، عەبدولڕەحمان مەحموود حەوێزی ناسراوە بە عەبدوڕەحمانە شێتە، حەمە عەلی مەلا ساڵح، موحسیناغای حەوێزی، واحید حەمکول...تاد.).

"نەورۆزی ساڵی (١٩٤٧)تیش هەر بە هەماهەنگی بیروەچووە، بەڵام نەورۆزی (١٩٤٨) بووە دوو نەورۆز، حیزبی شیوعی، نەورۆزی خۆی لە تاتووکان کرد." (عەبدولکەریم شێخانی ٢٠٢٢)نابێ ئەوەشمان لەبیر بچی، لەسەردەمی پاشایەتی، هەرچەندە ئەو جەژنانە بە فەرمی ڕێپێدراو نەبوون، بەڵام پۆلیس و پیاوانی ئەمنیش، چاوپۆشیان لێدەکردن و خۆیان تێنەدەگەیاندن، بۆ ئەوەی جەماوەرەکە نەورووژێن و ئاژاوە ڕوونەدا. چالاکییەکانی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئاهەنگەکە بریتی بوو لە خوێندەوەی وتاری حەماسی و شیعر و سروود و گۆرانی، ناوە ناوەش، تەمسیلی کاوە و زوحاکیان، بۆ ئامادەبووان، نمایش دەکرد.

ئەوسا چەند ڕۆژێك پێش نەورۆز خۆ ئامادە دەکرا، تەنانەت لەسەر گردی (تاتووکان)، کەپریان دروستکردبوو، شەو پاسەوان و ئێشکچییان دانابوو. نەکو ناحەز و پیاو خراپ، سەکۆ و شانۆیەکە تێك بدەن و گێڕەشێوێنی بنێنەوە."(حەسەن کاکە ٢٠١٥ ل. ١٥) لەو نەورۆزەدا" برازەیەکی دڵداری شاعیر، بە ناوی نەرمین ئاسەف، کە کچۆڵەیەکی دە دوانزدە ساڵان بوو، شیعرێکی دڵداری خوێندەوە."(عەبدولکەریم شێخانی، ٢٠٢٢)تاوەکو کودەتای (١٤ی تەمموزی ١٩٥٨) ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز لە کۆیە، لەو سەیرانگا و باخ و دەشت و دەرانەی دەووری کۆیە دەکران، وەکو سەیرانگای تاتووکان، کانییەقەرە، شاخی مشکە، حەمامۆک، دەرماناوان...تاد. پتر هەر کوڕوکاڵ و پیاو ئامادە دەبوون، ژنان کەمتر دەچوونە سەیری ئەو ئاهەنگانە، خۆ ئەوکاتیش، زۆربەی مەلاکان دژی کردنەوەی ئاگرو جەژنەکە بوون. بەڵام پاشنیوەڕۆیەکان، خەڵک، دەستە دەستە، شتومەکی سەیرانی هەڵدەگرت و بە پێیان دەچوونە ئەو شوێنانە و بە شایی و هەڵپەڕکی تا زەردەپەڕ، ڕۆژەکەیان بەسەر دەبرد.

چونکە، دوای نەورۆزی (١٩٤٨) تا (١٤ی تەمووزی ١٩٥٨)، جموجۆڵ و چالاکی هەردوو پارتی سیاسی و جەماوەر لە کۆیە زۆر کاریگەربوون، چەندان خۆپێشاندان و مانگرتن و پەلامارادانی سەر دامودەزگا حکومییەکان ڕوویدا، وەک: خۆپێشاندانی وەسبە لە (١٩٤٨/١/٢٧)، سووتاندنی سندووقتی هەڵبژاردن و ڕووداوی مام ئەسعەدی کفنلەبەر (١/١٧/ ١٩٥٣)، خۆپێشاندانی (١٩٥٣/١٢/١٥)، سووتاندنی سینەمای سەفەری و تەقە و کوشتن و برینداربوون لە خۆپێشاندانی (١٩٥٥/٢/٢٣و ١٩٥٦/٢/٢٠)، دەیان لە چالاکوان و خەباتگێڕەکان دەگیران و ڕەوانەی هەولێر و کەرکووک و بەغدا و بەندیخانەی نوگرە سەلمان دەکران و دووردەخرانەوە. ئەمانە تا ڕادەیەک کاریگەریان لەسەر جەژنەکانی نەورۆز هەبووە و تەگەرەیان زۆر بۆ دروستکراوە.

زیندانییەکان، ئێوارەی نەورۆز، لە بەندیخانەکاندا، هەر هیچ نەبووایە، بۆ ئاگری نەورۆز، وەک ڕەمزێک، چەند دنکە شقارتەیەکیان، دەچەقاند و دەسووتاند.

کودەتای(١٤ی تەمموزی ١٩٣٨)، کۆتایی بە (٣٧) ساڵ حکومڕانی پاشایەتی لە عێراق هێنا و بووە سەرەتای سەردەمێکی نوێ، کە سەرلەبەر شێواز و سیستمی سیاسی و حکومڕانی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فکری...تاد.، ئەو وڵاتەی گۆڕی. دەرگای ئازادییەکان، لە سەرەتادا، کرانەوە، بژێوی خەڵک باشتر بوو، حیزب و ڕێکخراو و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سەندیکاکان، دەرگایان واڵا بوو... . ئەوانە هەموو ڕەنگانەوەیان لە جموجۆڵ و چالاکی حیزبەکان و جەماوەر هەبوو.

نەورۆزی(١٩٥٩)، یەکەمین نەورۆزی سەردەمی کۆماری بوو. لە کۆیە هەردوو حیزب، پارتی و شیوعی، گەورەترین ئاهەنگی نەورۆزیان لە مێژووی شارەکەدا گێڕا. ئاهەنگەکە، کە ئامادەکاریی باشی بۆکرابوو، لە گۆڕەپانی تۆپی پێ بوو، لە پشت نەخۆشخانەی کۆماری، ئەو دەم ــ خوار سەرای نوێی ئێستا. قەنەفە و کورسی و تەخت لە لایەکی گۆڕەپانەکە، پشت لە خۆر، بۆ گەورە پیاوانی شار و میوانەکان، ڕیزکرابوون.ژنان لە گردی عەرەبییانەوە، کە بەسەر گۆڕەپانەکەیدا دەڕوانی، دانیشتبوون، جەماوەرەکەش لە هەر چوار دەوری گۆڕەپانەکە، تەماشای ڕێوڕەسمی ئاهەنگەکەیان دەکرد و چەپڵەیان لێدەداو دڵخۆشی خۆیان نیشان دەدا. چەندان سیاسەتمەدار و شاعیر و ئەدەب و شانۆکار و نۆزیکژەن تێیدا بەشدار بوون. شیعری حەماسی تێدا خوێندرایەوە، جگە لە سروودو شانۆی کاوەی ئاسنگەر. بۆ یەکەمجار، هەر سێ بڵندگۆیەکانی سەر گومبەزی مزگەوتی گەورەیان هێنابووە ئەوێ. تا دوای عەسر، ئاهەنگەکە بەردەوام بوو. بازاڕ بە تەواوی داخرا بوو، کۆیە هەمووی هاتبووە تەماشای ئەو ئاهەنگە. سەر لەئێوارەکەشی، لەسەر لوتکەی باواجی و کۆسار و هەیبەسوڵتان و سەر گردۆڵکەکان و سەر شوورەی قشلە و لە سەربانەکانی شار ئاگرا کرابۆوە.

تیپی مۆسیقای باواجی، لە ئاهەنگێکی پڕ جۆش و خرۆش ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی (١٩٦٠) گێرا.بەڵام نەورۆزی (١٩٦١) دوو ئاهەنگ بوو، جەماوەری شار بوو، بەسەر بەرەی پارتی و بەرەی شیوعییەکان دابەش ببوون. نەورۆزی پارتی لە گردی مامئەحەی بەڕێوەچوو، بەرانبەر قشڵەی، بە دیوی زرێبارێ. هی شیوعییەکان هەر لە گۆڕەپانی تۆپی پێ بوو. ئەوەی ڕاستی بێ، ئەو دەم، شەپۆلێکی بیر چەپ و شیوعییەکان، زۆربەی گەڕەکەمانی شاری گرتبۆوە، تەنانەت گەڕەکی بایزاغا، بە گەڕەکی مۆسکۆ ناوزەند دەکرا. زۆربەی فەلاحی گوندەکان هەواداری شیوعییەکان بوون، کە دژی دەرەبەگ و ئاغا چالاکیان دەنواند. ئەوەشمان لەبیر نەچێ لە کەرکووک و موسڵ، کووشت و کووشتاری خوێناوی ڕوویدا، تا ڕادیەک، جەماوەرەکە دەهات گیانی توندڕەوی تێیدا چەکەرەبکات. چەند جارێکیش لە بازاڕ، شەڕەدەمێ و دەستلێک وەشاندن، لە نێوان، ئەندام و هەوادارانی ئەو دوو حیزبە ڕوویدا. ئەمانە، گەرچی حەماسەتی حیزبییەکانی گەرم کردبوو، بەڵام عەوام و جەماوەرە بێلایەنەکەی سارد کردبۆوە. بۆیە ئاهەنگی هەردوو حیزب، گەرمگوڕی و حەماسەتی نەورۆزی (١٩٥٩)یان پێوە دیار نەبوو، بەڵکو، بە پەلار و تەنز، ئەو دوو حیزبە، ڕەخنەشیان لەیەکدی دەگرت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

له (١١ی ئەیلولی ١٩٦١)، دوای سەرنەگرتنی هەموو هەوڵی سیاسی و حیزبییەکانی کورد، لە گەڵ ڕژێمی بەغدا، بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ (مەسەلەی مافی نەتەویی کورد)، بەیاننامەی هەڵگیرسانی شۆڕش ڕاگەیندراو، هەموو بارودۆخی وڵات شڵەژا و بە بارێکی سەخت و دژووار و خوێناوی پڕ کارەساتباردا کەوت. بۆ جەژنی نەورۆزیش، وەک جەژنەکانی دیکە، تاوەکو ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، گۆڕینەوەی کارتی جەژنەپیرۆزە، باوە بوو، بە تایبەتی لە نێو قوتابی و ڕۆشنبیرو ئەدیبان دا. کارەتەکانیان پێش جەژن بە پۆست بۆ هاوڕێ و دۆست و خزمەکانیان دەنارد.

لەگەڵ ئینقلابی (٨ی شوباتی ١٩٦٣) ی بەعسییەکان، کۆیە کەوتە دەست پێشمەرگە، لە ئاهەنگی نەورۆزی ئەو ساڵەدا، کە دیاردەی هێزی چەکداری بەسەریدا زاڵ بوو، تەنانەت ژنیش هەبوو، دەمانچەی لە قەدی خۆی بەستبوو، بۆ یەکەمینجار، سەرکرایەتیی کورد، لە بەیاننامەیەکی حیزبیدا، ماف و داواکارییەکانی میللەتی بۆ جەماوەری ئامادە بوو خوێندەوە. هەر لەمساڵەشدا، بە ئامادەبوونی مەلا مستەفای بارازن، پارتی کۆنگرەییەکی نەتەویی لە کۆیە بەست. لە (١٩٦٣/٦/٢٢) سوپای عێراق، بە هاوکاریی تۆپ و تانک و فڕۆکە، شاری کۆیەی گرتەوە، بەوجۆرە، شارەکە کەوتە دەست جەلادانی بەعس و حکومی سەربازییان بەسەردا سەپاند، چەندان قەسابخانەیان بۆ خەڵکی سڤیلی شارەکە دانا و لە (٤ و ٣٠ ی تەمموزی ١٩٦٣) بە دوو وەجبە چەندان کەسیان لە دینگە پێچا و بە بەرچاوی خەڵکەوە گوللەبارانیان کردن.

لەو ڕۆژەوە تا نەورۆژی (١٩٧٠)، هەموو ئاهەنگەکانی شارەکە بەم جۆرە بەڕیوە دەچوو:

چونکە، چیا و گرد و بەرزاییەکانی شار ڕەبایەی سوپاس و جاشی لێبوو، گەنجەکان نەیان دەتوانی لە شوێنە بەرزەکان ئاگر بکەنەوە، بۆیە، وەک دەربڕینی یاخی بوونێک، لە گۆڕەپان و سەربانەکان، هێندە ئاگریان دەکردەوە، شار لە چڕەدوکەڵدا دەخنکا. پیاوانی ڕژێم، خۆیان بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە دەکرد، بە جادە و شەقامەکاندا، بە زرێپۆش و چەکەوە دەسوڕانەوە، هەوڵیشیان دەدا ئاگرەکانی گۆڕەپانەکان بکوژێننەوە. بۆ ئاهەنگگێڕان، لە ساڵانی (١٩٦٦و ١٩٦٧)، کە باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی(جەلالییەکان)، دەستی لەگەڵ حکومەت تێکەڵ کردبوو، لە قوتابخانەدا، بۆنەیەکیان ساز دەکرد، پتر هەر هەوادارانی خۆیان بوون. سەیرانکردن لە ڕۆژەکدا کەم بوو، خەڵکەکە لەشار دوور نەدەکەوتەوە. زۆرجار، شەوانی نەورۆز دەبووە تەق و تۆق، پێشمەرگە، پەلاماری ڕەبایەوە و مەکۆکانی حکومەتیان دەدا. بەدزییەوە، بە شەو، لەسەر دارودیوار، درووشمی کوردایەتی، بە بۆیە دەنووسرا، پیاوانی ڕژێم، بە ڕۆژ دەیانسرێنەوە. دروشمەکانی شیوعییەکان بۆیەی سوور بوو، ئەوانی پارتش زەرد.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

نەورۆزی(١٩٧٠)، تایبەتمەندی خۆی هەبوو، بەیاننامەی (١١ی ئادار) خوێندرابۆوە و پارتی دیموکراتی کوردستان، دەسەڵاتی بەسەر هەموو ڕێکخراو و دامودەزگا حکومییەکان هەبوو، لە گۆڕەپانی تۆپی پێ، نەورۆزێکی گەورەی پڕ لە حەماسەت و نەشووەی سەرکەوتن گێڕدارا. جگە لە سروود و گۆرانی تەمسیل و شانۆ، شیعری زۆر و وتاری زۆری تێدا خوێندرایەوە.

لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕ، لەساڵی بەهاری (١٩٧٤)، دیسان بارودۆخی وڵات پشێوی تێکەت و خەڵکێکی زۆر ڕوویان لە شاخ کردو چوونە ڕیزی شۆڕش. دیسان نەورۆز بۆوە، شەڕە ئاگرکردنە و چرەدوکەڵی شاران. ڕۆژەکانی نەورۆز، هیچ ئاهەنگ و سەیران و خۆشییان پێوە دیار نەبوو شەڕ و پێکدادانی خوێناوی لە هەموو بەرەکانی کوردستان بە قورسی بەردەوام بوو.

هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، تاکو ڕاپەڕینی(١٩٩١)، سەردەمی خامۆشیی جەژنی نەورۆز بوو، شەڕی خوێناوی هەشت ساڵەی عێراق . ئێران و دواتر شاڵاوی ئەنفال و کیمیابارانی کردنی هەڵەبجە و بادینان و چەندان شوێنی دیکە، ترووسکای خۆشیان لە دڵ و دەروونی کەسدا نەهێشت. بەڵام لە کۆیە، ئاگرەکان هەر دەکرانەوە و لە نەورۆزی (١٩٧٦) و (١٩٨٢) خوێندکاران خۆپێشاندانی گەورەیان کرد و، خەڵک تێیاندا شەهید کران، بە دەیان خۆپێشاندەر و چالاکوانیش گیران و ڕەوانەی زیندانەکانی کەرکووک کران. پێویستە، لێرە ئاماژەیەک، بۆ وەسیلەیەکی نوێی بەرەنگاربوونەوی دوژمن بکەم، کە گەنجەکان دایانهێنا بوو و زۆریش کاریگەربوو، ئەویش ئەوەبوو، لە زۆر شوێنی وەک، سەرکۆڵان و گۆڕەپان وچاپخانەکان و لە نێو ئۆتۆمبیلاندا، سرووده نەتەوایەتییەکانی تایەر تۆفیق و محەمەد جەزا و حەسەن زیرەک...تاد..بە موسەجەلە، بەدەنگی بەرز لێدەدران، خەڵکیش لەسەر ئەوە دەگیران و زیندانی دەکران.

نەورۆزی بەهاری(١٩٩١)، زۆر جیاواز بوو، بەهاری ڕاپەڕین بوو، لە ئێوارەی نەورۆز کەرکووک، ئازاد کرا، هەموو شاخ و چیاکانی دەوری شاری کۆیە بڵێسەی ئاگر بوون، خەڵک زۆر دڵخۆش بوو، بەڵام چونکە شاری کۆیە هێشتا پرسەدار بوو، بە شەهیدبوونی نزیکەی (٤٠) کەسی سڤیلی بێتاوان، لە ئازاد کردنی کۆیە و شارەکانی دیکەدا، خەڵک سەیران و ئاهەنگی نەگێرا. ئازادکردنی کەرکووک، لەو نەورۆزەدا، گەورەترین ئاهەنگ بوو لە دڵی جەماوەرە ڕاپەڕیوودا.

لە بەهاری (١٩٩٢ تا ٢٠٠٠)، تا ڕادەیەک شێوازی یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز هێندێ گۆڕانکارییان تێدا دەبینرا. دوای (١٩٩٤)شەڕێکی خوێناوی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، هەرێمی کردە دوو ئیدارەیی. شێوازی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئاگرکردنەوە، لە سووتانی تەیەیی لاستیک و کەچەوپەچە، کە چرەدوکەڵی زیانبەخشی بۆ ژینگە و تەندرووستی دروستدەکرد، بووە یاری ئاگرین و ئاگری کەم دوکەڵ، پتریش لەسەر لوتکەی چیاکان دەکرانەوە. شەوی نەورۆز، لە کەناڵە تیڤییە زۆرەکان، بەرنامەی تایبەت پەخش دەکرا. لە هێندێ هۆڵ و یانە و چێشتخانە و هۆتێلدا، ئاهەنگی تایبەت، کە بە پلیت بوو، بە بەشداری گۆرانیبێژ و مۆزیکژەنی کوردی ساز دەکرا. ڕۆژی نەورۆزیش، چونکە خەڵک بژێوی باشتر بوو و ئۆتۆمبیل زۆر بوو، سەیرانکردن بۆ دەرەوەی شار بووە شتێکی باو، کۆییەکان تا بەنداوی دۆکان و دۆڵی خۆشناوەتی و شەقەڵاوە دەچوون."پێشمەرگەکان، ئەگەر لە بارەگاکان بوونایا، بە گۆرانی و سروو و قسەی خۆش سەوی نەورۆزیان دەبردە سەر. ئەگەر لە دەشتی کۆیە بوونایە، زۆر جار یەک و چالاکیان لە ئێوارەی نەورۆزەکەدا دەکرد، بۆ تۆقاندنی دوژمن. لەسەر لوتکەی چیای باواجی و حاجی قەڵا و لوتکەکانی دیکە، ئاگری گەورەیان دەکردەوە."(پشتیوان ٢٠٢٢)

**جەژنی کرێکاران:**

(١ی ئایار)، جەژنی کرێکارانی جیهانە، لەو ڕۆژەدا لەسەرتاسەری جیهان، کرێکاران بەدەر لە ڕەگەز و نەتەوە و ئایین و زمان و کەلتوور و بیروباوەڕ، بە درووشمی "کرێکارانی جیهان یەکگرن" چالاکی دەنوێنن و داوای ماف و داخوازییەکانی خۆیان دەکەن. سەرگوزشتەی ئەو جەژنەش بۆ ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە کە کرێکاران لە (١ی ئایاری ١٨٨٦) لە شیکاگۆ، لە ئەمەریکا، داوای کەمکردنەوەی کاتژمێری کارکردنیان کرد، بەڵام دەسەڵاتداران بە ئاگر و ئاسن وەڵامی کرێکارانیان دایەوە و (١١)کەس لە هەردوو لا کوژران. لە ساڵیادی ئەو ڕۆژە لە (١٨٩٠)، گۆنگرەی ئوممەمی شۆشیالستی لە پاریس، داوی خۆپێشاندانێکی سەرتاسەری جیهانیی کرد. لە ساڵی (١٩٠٤) یشدا، لە کۆنفرانسی ئەم ڕێکخراودا لە ئەمستردام، بریار درا، هەموو ساڵێک، لەو ڕۆژەدا کرێکار نەچنە سەر کارو ببێتە پشووی فەرمی.

هەمیشە حیزبی شیوعی و مارکسی و چەپەکان، ڕابەرایەتیی ئەو جەژنە دەکەن و خۆیان بە پارێزەر و پشتیوانیی چینی کریکار نیشاندەدەن، بۆیە لە عێراق و کوردستانیش، هەتا حیزبی شیوعی لە (٣١ی مارتی ١٩٣٤) دانەمەزرا، یادکردنەوەی ئەو جەژنە نەبوو بە نەریت.

جەنگی دووەمی جیهان (١٩٣٩-١٩٤٥)، لە عیراقیش، مەرگەسات و هەژاری و بەدبەختیی زۆری بۆ خەڵک هێنا، بەتایبەتی بۆ چینی ڕەش و ڕووت و کاسب و کریکار. لە تەمووزی (١٩٤٦) دەسەلاتی پاشایەتی لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووک، (١٠) کرێکاری خۆپێشاندەری کووشت، لە خوارووی عێراقیش ڕۆژنامەی (دەنگی کرێکاران) بە عەرەبی دەردەچوو دەگەیشتە کوردستان، ئەوانە هەموو بوونە هۆکار بۆ وروژاندنی هەست و هۆشیاریی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کریکارانی کوردستان. ئەوەبوو لە شاری کۆیە، یەک ساڵ دوای ڕێکخستنی شانەی حیزبی شیوعی (لە ١٩٤٧)، یەکەمین یادکردنەوەی ئەو جەژنە بەڕێوە چوو.

جەژنی (١ی ئایار)، هەرچەندە جەژنێکی جەماوەری بووە ـ چونکە چینی کرێکار، کاسبکار و پیشەوەرەکانیش دەگرێتەوە، بەڵام قەت نەبووەتە جەژنێکی گەرموگوڕی سەرتاسەری شار و شارۆچکەکان، بۆیە دەکرێ، قۆناغەکانی لە (١٩٤٧ تا ٢٠٠٠) بەسەر (٤) ڕۆژگار دابەشبکەین:

**ڕۆژگاری یادکردنەوەی نهێنی**:لە (١٩٤٧) ەوە تا کودەتای (١٩٥٨)، کرێکارانی کۆیە، بە پشتیوانیی چالاکوانی حیزبی شیوعی بە نهێنیی یادی ئەو جەژنەیان دەکردەوە، حەسەن کاکە ـ کادیری ئەو حیزبە لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ:" هاوڕێیانی حیزب بە هاوکاریی دۆست و خەڵکی ڕەش و ڕووتی ڕەنجدەر، ساڵانە یادی بۆنەی (١ی ئایار)یان دەکردەوە. جارێک دەچووینە (کانی جلیت)، بەرانبەر گردی (خاڵمبەگی) و کەرەتێکی دیکە دەچووینە هەوارێکی دیکە. جاماوەرێکی باشمان لە کرێکاران کۆدەکردەوە، پێشتر بانگەشە و ئامادەکاریمان بۆ دەکرد. ڕاستە، یادکردنەوەکان بە نهێنی بوون، بەڵام ئەو سەردەم، حکومەت، وەک حیزبی بەعس و عەرەبە شوڤێنییەکان نەبوو، نەدەهاتنە دەرەوەی شارو هێرشیان نەدەکردە سەرمان، هەرچەندە جاسووس و پیاوانی میری خەبەریان لێدەداین. جگە لە خوێندنەوەی وتاری حەماسی و هۆشیارکردنەوەی جەماوەرەکە، هێندێجار، شانۆگەریشمان تێدا نمایش دەکرد. ساڵ هەبوو، دەچووینە لای (کووران) لە (گەرووی سۆرکێ). هەموو ئامادەبووان و بەشداربووان، هەر هاوڕێیانی حیزب نەبوون، مامۆستا و ڕۆشنبیر و کەسایەتییە غەیرە حیزبییەکانیش دەهاتنە ئاهەنگەکانمان. بڵاوکراوەکانی حیزب، کە دەخوێندرانەوە، بە زمانی عەرەبی بوون،ئێمە بە زارەکی، بۆ ئامادەبووان دەمانکردەوە کوردی."(حەسەن کاکە ٢٠١٥ ل. ٣٠).

**ڕۆژگاری ئاڵتوونی**:ڕژێمی کۆماری، دوای (١٤ی تەمموزی ١٩٥٨)، مۆڵەتی سەربوخۆیی کاری حیزبی بە حیزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی دا."لەو ڕۆژەوە حیزبی شیوعی هەرچی سەندیکاری کریکاران و پیشەوەران هەبوو، خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی و خۆی لێکردنە ساحێب، ئەمەش سەرتایی ململانێیەکی سیاسی بوو لەگەڵ جموجوڵە نەتەوەییەکاندا."(العلاف ٢٠٢٢). (٤) ساڵی ڕەبەق، حیزبی شیوعی، گەورەترین جەماوەری بۆ یادکردنەوەی ئەو جەژنە کۆدەکردە و ئامادەکاریی باشیان بۆ دەکرد و چالاکی زۆریان تێدا ئەنجامدەدا. ـ لە برگەیەکی دیکەدا، بە درێژی باسی ئەو یادکردنەوانە دەکەین لە کۆیە).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**ڕۆژگاری خامۆشی ئەم جەژنە:**جگە لەو دوو سێ ساڵی دوای بەیاننامەی (١١ی ئاداری ١٩٧٠)، لە ساڵی (١٩٦٣ تا ١٩٩١)، جەژنی کرێکاران، لە عێراق و کوردستان و (کۆیەش)، بە خامووشترین و کزترین ڕۆژگار تێپەڕی. بەعسییە شۆڤێنییەکان، کەوتنە گرتن و کووشتنی هەرچی چەپ و ئازادیخواز و تێکۆشەر بوو، کە دەستی پێڕاگەیشت. هەزاران تێکۆشەر و خەباتگێڕی لە سێدارەدا، بەوەش نەوەستا، لە ساڵی (١٩٨٧) بە یاسا، زاراوەی (کرێکار)ی کردە (فەرمانبەر)، بەوەش، مافی سەندیکا و ڕێکخراو و کارکردنی لێزەفتکردن، بەو شێوەیە، کرێکار، لە فەرهەنگی ئەواندا، کەسێک بوو کە بەعسی بێ یان هەواداریی بەعس بێ، بۆیە هەر یادێک بکرابایەوە، لە ژێر درووشم و ئامانج و پەیام و داخوازییەکانی ئەو حیزبە شۆڤێنییە بوو. واتا لەو سەردەمەدا جەژنی (١ی ئایار) بە چەقۆی بەعس، مردارکرایەوە.

**ڕۆژگاری دوای ڕاپەڕین:**بەداخەوە، گەرچی ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) لە باشووردا،، زۆر دەروازەی ئازادییەکانی خستە سەرپشت، بەڵام چینی کریکار و جوتیار، بە خەونەکانی خۆیان نەگەیشتن، وەک پشتر هەوڵیان بۆ دەدا. یادکردنەوەی ئەو جەژنە، بووە بۆنەیەکی ڕەمزی ساردوسوڕ. لە شاری ڕانییە، هەر دوو مانگ دوای ڕاپەڕین، یەکەم یادی لە لایەن ڕەوتی کۆمەنسیت کرایەوە. لە هەولێریش، لە ساڵی (١٩٩٢) و (١٩٩٣)، لە باخی گلکەند، جەماوەرێکی زۆر خەڵک ئامادەبوون و وتار و شیعر و داخوازییەکانی کرێکاران خوێندرایەوە، ئەودەم، سەردەمی بەرەی کوردستانی بوو. لە شاری کۆیەش یان ئەوەتا لە بارەگای حیزبی شیوعی، چالاکی بۆ کرابێ، یان زۆر ساڵان، کادیر و ئەندامانی ئەوانیش، دەچنە هەولێر، بۆ بەشداری کردنی لە کۆبوونە و خۆپێشاندان، بۆ وەدەست هێنانی مافی کرێکاران، جارێک لەبەردەم پەرلەمان و جارێک لەبەردەم بارگای نەتەوە یەکگرتووەکان. هەرچەند لە ساڵی (١٩٩٣)وە، کە حیزبی کۆمەنیستی کرێکارانی کورسستان دامەزرا، ئەو حیزبە، پتر ئەرک و خەمی کرێکارانی گرتە ئەستۆ، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیعدا، یادەکانی ئەو جەژنە، زۆر لە ئاستێکی نزمدابووە، هەر ئەوەندە بوو، کە ڕۆژەکە دەکرا بە پشووی فەرمی، ئەوەیش بۆ خودی کرێکار نا ـ ئەوان، زۆربەیان، جەژنیانیش هەر کرێکاریان دەکرد.

**جەژنی (١٤ی تەمووزی ١٩٥٨):**

لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەم بایاننامەی کودەتای (١٤ی تەمموز) لە ڕادیۆی بەغدا، وەکو مەلی بندکراوی ناو قەفەز، جەماوەری شاری کۆیە، بە پیاو و منداڵ و ژنەوە، ڕژانە سەر شەقام و گۆڕەپان و بەردەم مزگەوتەکان، زۆربەی دوکاندار و کاسبکار دوکانیان داخست. خەڵک تامەزرۆی هەواڵی تازە بوو، وردە وردە دەنگوباسەکان دەگەیشتن و خەڵکەکە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سەرەتا، باش لە زاراوەکان تێنەدەگەیشت. کودەتا و سیستمی کۆماری و سەربەستی و ڕامالینی ئیستعمار و نەمانی ئیستغلال، گوێی ئەوخەڵکەی کاس کردبوو. بۆ ڕۆژی دووەم، وەک حەسەن کاکە دەگێڕێتەوە:"بۆ بەیانی، دوو شەو و دوو ڕۆژان، لەبەردەم سەرای کۆنی کۆیە، بووە بەشایی و هەڵپەڕکێ و دەهۆڵ و زورنا. بەڵامڕۆژی چوارەم شاییەکە، بوو بە دوو شایی، هاوڕێیانی حزبی شیوعی لەبەردەم دەرگای سەرای کۆن ـ فولکەی حاجی قادری ئێستا، بەردەوام بوون لە گێڕانی شایی و هەڵپەرکێ خۆیان. (حەسەن کاکە ل. ٣٢)

جا چونکی دەرگای ئازادییەکان کرانەوە و حیزبەکان دەستکراوە بوون لە چالاکی نواندن و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەیان، شیوعییەکانیش کودەتاییەکەیان، بە سەرۆکایەتیی زەعیم عەبدولکەرین قاسم، بە هی خۆیان دەزانی، زۆر چالاکانەتر هاتنە مەیدانەکە، ساڵ نەسوڕایەوە، ئەوان بوونە زۆرینە چ لە شار و چ لە گوندەکان، تەنانەت گەڕەکی بایزاغا، بە گەڕەکی مۆسکۆ باس دەکرا، و پڕاڤدە بووە، ناوی کچان. چەندان ڕێکخراو و نەقابە مۆڵەتی فەرمی کارکردنیان وەرگرت و بارەگایان کردەوە. ڕۆژنامەی (طریق الاتحاد)ی زمانحاڵی شیوعییەکان و (خەباتی) پارتی، بە ئاشکرا، ڕۆژانە لە شەقامەکاندا بانگەوازیان بۆ دەکراو دەفرۆشان. دەکرێ بڵێین، یادکردنەوەی ئەو جەژنە، لە کۆیە زۆر جیاواز بوو، ئەتەکێت و شێوازێکی خۆییانەی وەرگرت، چونکە مامۆستا و خوێندکار و ڕۆشنبیر و ئەدیبی زۆر بوو. چالاکییەکانیشیان جیاوازو فرە ڕەنگ بوون.

ساڵەکانی (١٩٥٩، ١٩٦٠، تا ڕادەیەکیش ١٩٦١)، ڕێورەسمی یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە بەم شێوەیە بوو: پێش چەند ڕۆژێک، شیوعییەکان، جەماوەری خۆیان و خەڵکیان هۆشیار دەکردەوە کە یادکردنەوەکەیان دەبێ جیاواز و نموونەیی بێ، کادیرانی پارتی، ئەوەندە ڕۆژەکەیان بە هەمیەتەوە وەرنەگرتبوو، بۆیە زۆریش بە گەرمی پێشوازیان لێ نەدەکرد. پێش چەند ڕۆژێک، ژنان و کچانی عازەب، خەریکی خاوینکردنە وە گەسگلێدانی بەردەرگا و کۆڵانەی خۆیان بوون و ئاوڕشێنیان دەکرد، لە بازاڕیش دوکاندارەکان هەر وایان دەکرد.کوڕەلاو و گەنجەکان، دەچوون لە دەم ڕووبار و ئەو دەشت و دەرە، بە باوەشان ڕوولک و لق و چلی داری سەوز و جوانیان دەهێنا، سەردەرگای ماڵەکانیان، لە شێوەی تاق، پێدەڕازاندنەوە، بۆ ڕۆژی (١٤ی تەمووز) دەبووایە، ئەو سەردەرگایانە، بە چەندان وێنەی گەورە و ڕەنگاڵی عەبدولکەریم قاسم و کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ و ئاڵای قەبارە جیاوازی عێراق بڕازێننەوە، هەر ماڵەی هەوڵی دەدا، ئارایشت و دیکۆڕەکەی لە دراوسێیەکەی جوانتر بێ، ناوە ناوەش ئەو کۆڵانەیان ئاوپژێن دەکرد. کۆڵانە هەبوو، ڕێیان نەدەدا کەر و وڵاغ، پێیاندا تێپەڕێ، نەکۆ پیسی بکەنەوە. بەڵام ئەوەی لە شەقامی سەرکی شاردا دەکرا زۆر جیاواز بوو. چایخانەی فەتاح حەکیمی ـ هەوراز فولکەی حاجی قادری بەرەو باواجی، بارەگای پارتی بوو، هەرچی چایخانەی حەمە گەمحانی ـ بەرانبەر مزگەوتی گەورە، لەژێر هوتێلی چنارۆک،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

مەکۆی شیوعییەکان بوو، ئەم دوو شوێنە زۆر گەرموگوڕی و سەرقاڵی و هات و باتیان پێوە دیار بوو.

**تاق جییە؟**

دارتاشەکان، لە شێوەی پرد، لە دار و تەختە و قوماشی ڕەنگاو ڕەنگ، تاقیان دروست دەکرد. لە لای ڕاست و چەپی شەقامەکە دوو ستووونی گەورە و بەرز جێگیردەکران، بەرزییەکەیان دەگەیشتە (٧) مەتر. ئەوجا لەوسەر بۆ ئەمسەری دوو ستوونەکە، پردیان، بە تەختە دروست دەکرد. بالای ئەو دوو ستوونە و جسری سەرەوەیان هەمووی بە ئاڵا و درووشمی عێراق و وێنەی گەورەی گەورە عەبدولکەریم قاسم دەڕازاندەوە، گلۆپی ڕەنگاوڕەنگ لە بالای و قەدی ئەو تاقە وەک پشتێند، پێچاو پێچ دەبەسترا. لە ناوەندی تاقەکە، واتا ناوەندی شەقامەکە، وەک ڕەمز، کۆتر و چەکوش و داس و ئەو شانەیان پێدا شۆڕدەکردەوە، کە هونەرمەندەکان بۆیان درووست دەکردن. تاقی پارتییەکان، زۆر کەم وێنەی زەعمیان دادەنا، پتر وێنەی مەلا مستەفای بارزانیان بە قەدی تاقەیان هەڵدەواسی. تاقی شیوعییەکان، بە ڕەنگ سوور و هی پارتییەکان بەڕەنگی زەرد، دەڕازاندرانەوە، ئەوا جگە لەو هەموو قوماشە ڕەنگاو ڕەنگە دیزاینکراوەی لێکپێچراو، کە لە هەموو لایەکەوە، وەک ڕایەڵی ڕەشماڵ، بە دەووری تاقەکانەوە دەکران. هەر حیزبەش، بە خەتاتی، درووشمی خۆی لەسەر دەنووسی.

لە دەوری هەر تاقەێک، توێژ و چینی خۆی کۆ دەبوونەوە، ئافرەتان لە دەوری تاقی خۆیان و مامۆستایان لە دەوری هی خۆیان...تاد.، هەمووشیان جوانترین پۆشاکی کوردیان دەپۆشی، شیوعییەکان پتر، ڕەنگوچۆغەلی سوور و ئەوانەی پارتیش، ڕەنگەکانی دیکە.
، با بچینە نیو بازاڕ، هەر دوکاندارەی، پارچە قوماشێک و چەند ئاڵا و چەند وێنەیەکی زەعیمی بە پێش دوکان و بمیچیەکەیەوە هەڵدەواسی. بەوان دەتزانێ، کێ شیوعییەو کێ پارتییە. بیگومان هەشبوون، بیلایەن بوو و هیچیان هەڵنەدەواسی. جگەلە تاقەکانی ئەو دوو حیزبە، تاقولۆقە، هەبوو تاقی خۆی دروست دەکردو دادەنا، وەک تاقەکەی عوسمان عەونی شاعیر، کە بە ناوی تاقی تاقمی(انصار السلام) بوو.

جا لە دەوری سەعات نۆ و دە، کەژاوەی ئەو حیزبانە، لە کرێکار و جوتیار و خوێندکار و کاسبکار... بە ژێر ئەو تاقانەدا دەڕۆیشتن و درووشم و سروودی خۆیان دەگوتەوە، چەکوش و بێل و پێمەڕە و داس و قەڵەمی گەورەی دروستیکراو و ئاڵای ڕەنگاو ڕەنگ و ڕەسمی زەعمیان بەرزدەکردەوە و وێنەی زەعمیان لەبەرۆکی خۆیان دەدا. خەڵکیش، لەسەر شۆستەکاندا، بە چەپڵەڕیزان پێشەوازیان لێدەکردن، هەر کەسەی بۆ حیزبی خۆی. زۆر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جار کۆترەی سپییان بۆ ئاسمان هەڵدەدا.ببەمشێوەیە، یادی ئەو ڕۆژە، وەک جەژن، ئاهەنگی بۆ دەگێڕدراو، دەنگی بڵندگۆکان، لەو شەقامانەدا دەنگیدەدایەوە.

ئەو تاقانە، جار هەبوو بۆ ماوەی دە ڕۆژێک هەر دەمانەوە، دواتر، هەڵیان دەوەشاندنەوەو لەسەر شەقامەکاندا هەڵیان دەگرتن. کەس بە نیازی خراپەکاری، تخوونی ئەو تاقانە نەدەکەت. لەو سەردەمەدا، ڕۆژانە، وێنەی نوێی عەبدولکەریم قاسم و درووشمی جەمهوری چاپدەکران و لە شارەکاندا دەفرۆشان، بەدەیان شێوە لەسەر دەستەباشی و فەفخوری و لەگەن و قوریە و قەڵەم و دەفتەری قوتابیان و ئەو شتانە، وێنە و درووشمیان ڕەسم دەکرد و ڕەواجی زۆری لەسەر بوو. وێنەی سەر دەرگای ماڵەکان، هەبوو تا ساڵ نوێ دەبۆوە لێیان نەدەکردەوە، پارتییەکان، ئەو شتانەیان نەبوو، کەم پارەشیان پێدەدا. کەم ئۆتۆمبیل هەبوو وێنەی زەعمی پێوە نەبێ.

هەر لە ساڵی (١٩٥٩) کەژاوەی (میهرەجانی جووتیاران) لە کۆیە بەڕێووەچوو، ئەویش شیوعییەکان سەرپەرشتیان دەکرد. لەو کەژاویەدا، نزیکەی (١٥) هەزار جووتیاری وراتی کۆیە تێیدا بەشدار بوون و زۆر نمایشی جوان جوانیان لەسەر شەقامەکاندا نووانە. ئەوان لە گۆڕەپانی تۆپانێ کۆبوونەوە و سێ چوار سەعات هەر وتار و باس و خواسی قانونی ئیسلاح زەراعیان بۆ دەکردن. شەو ئەوان مانەو و نەیانتانی بگەڕێنەوە گوندەکانیان، بەسەر مزگەوت و ماڵاندا دابەشیان کردن.ئەوکات، ئەوە گەورەترین کەژاوە بووە، لە مێژووی کۆیە. لە درووشم و هوتافەکانیاندا، داوای دەکرد، زەوییان بەسەردا دابەش بکرێ.

یادی (١٤ی تەمووزی ١٩٦١) ئەو گەرمو گوڕییەی بە خۆیەوە نەبینی، بەتایبەتی کە کووشتاری گەورە لە کەرکووک و موسڵ ڕوویاندا و حکومەت دەهات وردە وردە خۆی لە داخوازییەکانی کورد بدزێتەوە. تا لە (١١ی ئەیلول) ئیعلانی شەڕکرا لە نیوان هێزەکانی حکومەت و لەشکری کوردی.

بەمشێوەیە، یادی (١٤ی تەمووز)یش، چێتر نە کرایەوە و لە (١٩٦٣) بەعسییەکان ئینقلابیان کردو هاتنە سەر حوکم.

**جەژنی(١١ی ئاداری١٩٧٠):**

دەمێک بوو دەنگۆی ئەو دانووسانە هەبوو، گۆیا یەکێتیی سۆڤیەتیش داوای لە بەغدا کردبوو، کە دەبێ کۆتایی بەو شەڕ و شۆڕەهەشت ساڵییە، لە نێوان حکومەت و شۆڕسی کورد بێنن، کە هیچ لایەکیان تێیدا سەرکەوتوو نەبوون. ئەو بوو لە شەوی (١١ی ئاداری ١٩٧٠) بەیاننامەی ڕێککەوتنی حکومەت و شۆڕش، لە ڕادیۆ بەغدا خوێندرایەوە، لە هەموو شار و شارۆچکەیەک بووە تەقەی خۆشی و خەڵک هاتنە سەر شەقامەکان. ئەوە یەکەمینجار بوو حکومەتی ناوەندی عێراق ددان بنێت بە مافی سیاسی و نەتەوەیی و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئیداریی و کەلتووریی گەلی کورد و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی دابێ بە ڕێگەی ئاشتیانە و گفتوگۆ.

لەڕاستیدا، ئەو شەوە، بارودۆخی شاری کۆیە جیاواز بوو لەگەڵ زۆربەی شارەکانی دیکە، چونکە باڵی مەکتەبی سیاسی، کە پێیان دەگوتن (جەلالیی) بنکە و بارەگاو چەکداری زۆریان لە نێو شاردا هەبوو. چوار ساڵ بوو شارەکە لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان دابوو، بۆیە خەڵکەکە ترسی شەڕی ناخۆیی نێوان (مەلایی و جەلالیی)یان هەبوو. هەرچەندە، سبەینەکەی گرژییەک ڕوویدا وفیشەکیشیان بە ئاراستەی بڵندگۆیەکانی سەر گومبەزی مزگەوتی گەورەوە تەقاند، بەڵام خۆشبەختانە، زوو سەرکردایەتیی شۆڕش، بەرەی شەڕی براکوژی لە بن پێی حکومەتی بەغدا دەرهێناو، بەیاننامەی ئاشتەوایی لەگەڵ هەموو لایەنەکان، خوێندەوە، بەوەش، ئەندام و لایەنگر و هەوادرەکانی (جەلالیی)، بە شێوەیەک لە شێوەکان، پشتیوانیی خۆیان بۆ ڕێککەوتنامەکە نیشاندا.

بۆ بەیانی، خەڵکی شار، ڕژانە سەر شەقام و لە بەردەم سەرای کۆن ـ فولکەی حاجی قادری کۆیی، خڕبوونەوە و بووە شایی و هەڵپەڕکێ و دەهوڵ و زوڕنا، بە خۆشی و شاباشەوە. شاییەکە هێندە گەورە بوو، چەند جار پێچی خواردبۆوە. هەر یەک دوو سەعاتی نانخواردنی نیوەڕۆ خەڵکەکە پشوویەکیان دا، دواتر، گەرمتر دەستیان پێکردەوە. بەو شێوەیە، دوو شەو و دوو ڕۆژان، هەر شایی و هەڵپەڕکێ و دەهۆڵ و زوڕنا بەردەوام بوو. ڕۆژی دووەم، لە قوتابخانەی دواناوەندی کوڕانی کۆیەش، مەڕاسیمێکی ئاهەنگ و وتار و شیعر خوێندەوە سازکرا.

لە ڕۆژی سێیەمدا، بازاڕ ئاسایی بۆوە و خەڵک چوونەوە سەر کارو کاسبی خۆیان، بەڵام دوای بانگی خەفتنان، دیسان لە گۆڕەپانەکان، خەڵک، بە تایبەتی گەنج و چەکدارەکان، دەستیان کردەوە بە شایی و چۆپی ـ هەر دوای خوێندنەوەی بایاننامەکە چەکدارانی شاخ هاتنەوە نیو شارە و بارەگا و بنکەی خۆیان دانا. بۆ چواردە پانزدە شەوان، بەم شێوەیە، لە گۆڕەپان و مەیدان و کۆڵانە فراوانەکانی هەموو گەڕەکەکانی شار، شایی بوو. هەر دوای نانخواردنی شێوان، نەک هەر کوڕەلا و گەنجەکان، بگرە کچۆڵە و ژن و پیرێژنیش دەچوونە سەیری ئەو بەزم و هەڵپەڕکێیە. هەبوو بەسەر شایی زۆربەی گەڕەکەناندا دەگەڕا. لە چەند گەڕەکێک، پیرەمێرد و ڕیش سپییەکان، داوایان لە خەڵک کرد، کە کۆتایی بەو بەزمە بێنن، خەڵکەکە لە دەنگە دەنگ و هاتوباتی ئەو هەرایە، هەراسان و بێزرا ببوون.

لە ئاهەنگگێڕانی (١١ی ئادار) ئاڵا و وێنە و درووشم بەرز نەدەبینرا و هوتاف و بانگەواز و وتار خوێندنە و شیعر خوێندنەوە، نەبوو، هەر شایی و هەڵپەڕکێ بوو. جا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خەڵکەکە فێری چەندان جۆرە شایی تازەباو ببووە، چونکێ هێندێ لە پێشمەرگەکان، لە شار و دێیە دوورەکانی لای بادینان و گەرمیان و هەورامان هاتبوون، جا ئەوانیش، تەرزە شایی خۆیان دەکرد و خەڵک لاسایی دەکردنەوە. تەنانەی شایی (فەقێیان)نیش زیندوو کرایەوە، کە لەسەردەمی خۆی، فەقێیەکانی حوجرەی مزگەوتەکانی کۆیە دایانهێناوە. شاییەکانی شەوانە، دەهۆڵ و زوڕنای لەگەڵ نەبوو، بەڵام گوتنەوەی زۆر تێدا بوو، ئەودەم شیعر و گۆرانی میللی زۆر گەشەی سەند و زیندوو بۆوە، بەداخەوە، کەس نەبوو تۆماریان بکات!
زۆر گۆرانی بۆ (١١ی ئادار) تۆمارکرا و زۆر شاعیر شیعریان بەسەردا گوت.

ساڵیادی (١١ی ئادار) لە ساڵی (١٩٧١ وە ١٩٧٢)، تەنها چەند گەڕە شاییەک بوو، لە ناوەندی شار. ئەو حەماسەت و گەرموگوڕییەی (١٩٧٠) یان پیوە دیار نەبوو. دەوای (٩) لە ڕێککەوتننامەکە، لە پیلانێکدا، هەوڵی کووشتنی مەلا مستەفای بارزان درا. لە ساڵیادی (١٩٧٣)، هیچ چالاکییەکی بەرچاو بۆ ئەو ڕۆژە بەڕیوەنەچوو، سەرتایی ساردی لە نێوان حکومەت و شۆڕش دەهات هەستپێبکرێ. حکومەت ئامادە نەبوو سنووری ڕێککەوتننامەکە فراوانتر بکات و کەرکووک و خانەقین و شەنگالیش بگرێتەوە، ئەوا جگە لە سەرهەڵدنی ڕاودونانی ئەندام و لاینگرەکانی پارتی لە بەغدا و شارە دوورە دەستەکان. ئەوبوو لە ئاداری (١٩٧٤) دیسان شەڕ و پێکدادان و کووشتار و ماڵوێرانی لە کوردستان دەستی پێکردەوە و یادی (١١ی ئادار)یش بە دەردی یادی (١٤ تەمموز) چوو.

**جەژنی خۆشەویستی(ڤەلەنتاین):**

ئەگەرچی، زۆر وڵات و نەتەوە، ڕۆژی دیاریکراوی خۆشەویستیی خۆیان هەیە، بەڵام لە سایەیی عەولەمە و پەیوەندییە سەردەمییەکان، ڕۆژی ڤالەنتاین، بە تایبەتی لەنێو کوڕ و کچە گەنجەکان، بووە جەژنێکی ساڵانە.

لە ناوەندی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو تا ئیمڕۆ، لە نێو گەنجانی کوردی باشووریش، بە تایبەتی خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگەکان، لە (١٤ی شوبات)، ئەوە ڕۆژە بایەخی تایبەتیی پێدەدرێت. ئەوان لەو ڕۆژەدا پۆشاکی سوور، یان چەند پارچەیەک لە پۆشاکیانی سوور، دەپۆشن. گوڵی سوور دەگۆڕنەوە، نامە و کارتی پیرۆزبایی بۆ یەکتری دەنێرن. زۆربەی ساڵانیش لە زانکۆ (جار هەیە لە پەیمانگەکانیش) کۆڕی شیعر خوێندەوە، بۆ شاعیرە لاوەکان دەگێردرێ و گەنجان تێیاندا ئامادە دەبن.

**جەژنی کەسی یان دەستە و دائیرە:**

لێرەدا مەبەستمان لەو بۆنە کەسییە یان خێزانییە، کە ساڵانە شێوازی یادکردنەوە وەردەگرێ و بە شێوەیەک لە شێوەکان ئامادەبووانی خۆشی خۆیانی تێدا دەردەبڕن. وەکو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ساڵیادی لەدایک بوون، ساڵیادی هاوسەرگیریی، بۆنەی دەرچوون لە زانکۆ و پەیمانگەکان... تاد.

لەڕاستیدا، هێندە لەمێژ نییە، ئەو جۆرە یادکردنەوە، هاتۆتە نێو کوردەواری. جا شاری کۆیەش، پڕیشکی پەڕیوەتێ. زۆربەی یادکردنەوەکان خێزانین و لە ماڵەوە، ئاهەنگیان بۆ ساز دەکرێ، دۆست و ناسیاو دەچن و دیاری پێشکێش دەکەن و وێنە دەگرن و خواردن و خواردنەوە دەبەشرێتەوە. هەیە هۆڵی بۆنەکان بەکرێ دەگرێ و ژمارەیەکی بەرچاو دۆست و هاوڕێیان داوەت دەکەن و بە شایی و مۆزیک و دیاری پێشکێش کردن و وێنەگرتن، کاتەکە بەسەر دەبەن.

**بۆنە فەرمییەکان:**

هەرچەندە، بابەتەکەمان تایبەتە بە جەژن و ڕێوەڕەسمەکانی، بەڵام لە عێراق و کوردستاندا، هێندێ بۆنە هەیە، کە ساڵانە یادیان دەکرێتەوە یان دەبنە پشوو. ئەو بۆنانەی کە بە فەرمی حکومەتی بەغدا، دەیانکاتە پشوو، نزیکەی (١٤) بۆنە دەبن، لە هەمان کاتیشدا، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش نزیکەی (١٤) بۆنەی هەیە کە دەیانکاتە پشوو، ئەوە جگە لە پشووەکانی بەغدا.

بۆنەکان لە هەرێمی کوردستان (بە هی بەغد ا و هەولێرەوە)، یادکردنەوە و ڕێوەڕەسمەکانیان جیاوازی هەبووە. لەسەردەمی پاشایەتیدا، لە بۆنەی فەرمیدا، خەڵکەکە، هیچ چالاکی و ئامادەییەکیان بۆ نەدەکرد، بەڵام حکومەت، بە شێوەی جیاواز یادی دەکردنە و ئاهەنگی بۆ دەگێران، وەک ڕۆژی دامەزراندنی حکومەتی عێراق و دانیشتنی مەلیک لەسەر تەخت، پێیان دەگوت(جەژنی جلووس).

لەدوای کودەتای (١٤ تەمموزی ١٩٥٨)ەوە تا ڕاپەڕینی (١٩٩١)، هەر ڕژێمەی کە دەسەڵاتی گرتووەتە دەست لە بەغدا، بۆنە و جەژنی خۆی هەبووە، وەک ڕۆژانی (٨ ی شوبات و ١٧ی تەمووز و ٧ی نیسان و ٢٨ی نیسان....تاد)ی ڕژێمی بەعسییەکان.

هەر بۆ نموونە، لە ساڵی (١٩٨٦)، بە زۆر هەرچی مامۆستا و فەرمانبەر و کارگوزار هەبوو لە کۆیە، لە ناو بارەگای مەنزوومەی بەعسییەکان، کۆبوونەوەیان پێکردن و داوایان لێکردن کە دەبێ بۆ ڕۆژی لە دایکبوونی سەددام حوسێن، ئاهەنگ بگێرن و جوانترین جلک و بەرگ بپۆشن و خۆشی دەربڕن. چونکە شاری کۆیە هەرگیز لەو بۆنەدا، خۆشی دەرنەبڕیوە. بڕیار درا کە چەندان کەژاوە، لە خەرجی دەوڵەت، بۆ چین و توێژەکان و کاسبکاران درووستبکرێ، بۆ ئەوەی کەژاوە گەورەکە، شایستەی ئەو یادەبێ کە بەڕێوەدەچێ. دوای هەموو ئامادەکارییەک، بە خەڵکەکەیان ڕاگەیاند، کە لە کۆیە ئەو کەژاوەو ڕێوەڕەسمە ناکرێ، دەبێ بچن بۆ هەولێر... دیسان بە چەندان شێوە چاوی خۆیان لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خەڵکەکە سووورکردەوە کە ئەوان کەژاوەی ماتەمینیان ناوێ، هەر کەس لە ڕوو کامێراکاندا، ڕووی خۆی بشارێتەوە خۆشی نیشان نەدا، سزای قورس دەدەرێ. کاتێک، (٢٨ی نیسان) نزیک بۆوە، خەڵکەکەیان ئاگادار کردە کە بە فرمانی حیزب، نابێ شاری کۆیە لەو بۆنەیە بەشداری هەبێ،، نە لە کۆیە نە لە هەولێر، چونکە ئەوان بە نەیاری حیزبی بەعس لە لیستەی ڕەشدا ناویان تۆمار کراوە. لەڕاستیدا، یادکردنەوەی، هێندێ بۆنە کوردییەکانیش لە شارێکە و بۆ شاریک جیاوازی هەبووە، بەتایبەتی کە دوو ئیدارەیی، دەڤەری زوونی سەوز و زوونی زەردی بەڕیوە دەبرد، لە هەرێمدا، هێندی بۆنەی ئایینەکان و ئایینزایەکانی غەیری ئیسلامیش، دەکرێن بە شسوو و یادیان دەکرێتەوە، وەکو مەسیحیەکان کە (٤) ڕۆژ پشوویی فەرمییان هەیە و ئێزیدییەکان (١٣) ڕۆژ و جوولەکە (٥) ڕۆژ و سائینە مەندائییەکان (٥) ڕۆژ.

لە گەڵ هاتنی هەر ڕژێمێکی نوێ، بۆنە و جەژنەکانیش گۆڕانکارییان بەسەر دادێ، هەیە دەسڕێتەوە و هەیە لە نوێ یادی دەکرێتەوە. لە کۆیەش، لە ڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید وساڵیادی کارەساتی ئەنفال و ڕۆژەکانی ڕاپەڕین، بە شکۆداری و وەفاداریی و چالاکی هەمە جۆر، بە تایبەتی لە لایەن گەنجان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان، ساڵیادیان بەرز ڕادەگیرێن و چالاکییان تێدا بەڕێوەدەچێ .

**جەژنی مەسیحییەکان لە کۆیە:**

مێژووی مەسیحییەکانی وراتی کۆیە دێرینە، بە گوێرەی هێندێ سەرچاوە، دەگەڕیتەوە بۆ سەدەی یەکەمی زایینی، لەسەردەمی ساسانییەکان. قەشە (تۆما)ناوێک، وەک بانگخوازی ئەو ئایینە، لە ساڵی (٥٢ ز.) بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینەکەڕوو لە وڵاتی هیندستان دەکات و دواتر بە کوردستاندا تێدەپەڕێ و خەڵک دەکاتە مەسیحی. (هاوژین ٢٠١٣ ل. ٦٠). "هەر بۆیەش چەندین دێر و کڵێسە و شوێنی ئایینی لە کوردستاندا هەن، کە لەسەر ئاستی جیهاندا بایەخیان پێدەدرێت و گرنگن. وەک:دێری مار مەتێ، کە بە کۆنترین دێری کریستیانە سریانییەکان لە کوردستان و هەموو عێراق دادەنرێت، لە سەدەی چواری زایینی، واتا لە سەردەمی دەسەڵاتداریی پاشای ئاشووری، مەلیک سەنحاریب، دروست کراوە. دێر ڕەبەن هورموزد، لە ئەلقووش،دێر مەریەمانە لە هەولێر، دێری مار عۆدیشۆ، دێری سوڵتانە مەهادۆخت، دێر رەبەن بۆیە لە شەقڵاوە، ومەزاری ماربێنە قەردیشە، کە (مار بەهنام) یشی پێدەگوترێ، دەکەویتە سێ کیلۆمەتری باکووری گوندی هەرمۆتە، لە شاری کۆیە.

کەواتە، زۆر لە مێژە مەسیحییەکان لە وراتی کۆیە، لەگەڵ موسڵمان و جووەکان ژیاون، ئەوان هەم گەڕەکێکی کۆنیان لە شاری کۆیە هەیە بە ناوی گەڕەکی دیانان، کە کڵێسەی ئەوانی لێیە، هەم گوندی هەرمۆتە هی ئەوانە، کە ئێستا بووەتە بەشێک لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

شارەوانی شارەکە. مەسیحییەکانی کۆیەش، وەک هەموو مەسیحییەکانی عیراق و جیهان، چەندان جەژن و بۆنە و یادی خۆیان هەیە، کە ساڵانە بە گوێرەی ساڵنامەی مەسیحیی خۆیان، کە لە کڵێسە هەلواسراوە، یادیان دەکەنە و ئاهەنگیان بۆ دەگێڕن. وەکو:

**جەژنی سەری ساڵ:**

ئەمە یەکێکە لە جەژنە دیار و پیرۆز و مەزنەکانیان. بە بۆنەی لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیح لە (٢٥ی کانونی یەکەم) وە دواتر جەژنی سەری ساڵ لە یەکی کانوونی دووەم، کە تێیدا مەسیح خەتەنەکراوە.ئەم دوو جەژنە پڕ لە هات و بات و تەدارەکە، مەسیحییەکانی کۆیەش یادی شەوی یەلدا دەکەنەوە، کە بە سریانی بە مانای لەدایکبوون دێت، بەڵام یەلدای ئەوان، هەمان ڕێککەوتی ساڵنامەی کوردی و فارسی نییە. بێگومانە ئەو شەوە، سەرەتای وەرزی زستانە و بە درێژترین شەوی ساڵ دادەندرێت. مەسیحییەکان پتر ڕوواڵەتە ئاینییەکە بەو شەو دەدەن، کە شەوی خۆشی و شادییە. هەر لەو بۆنەیەدا، ئەوان لە (٢٧ی کانوونی دووەم) یادی (قطلت یەلوودێ) دەکەنەوە، کە بە مانای کووشتنی منداڵ دێت. لەم شەودا لە کلێسا قوداسی تایبەت بەڕێوە دەچێ. سەربوردەی ئەو یادە ئەوەیە کە، کاتێ حەزرەتی مەسیح لە دایک دەبێ، ئەستێرەیەکی گەش دەردەکەوێ، هیرۆدس، پاشای ئۆرشەلیم، دەزانی بەدیار کەوتنی ئەو ئەستێرە گەش، نیشانەی لە دایکبوونی مەلیکێکی نوێیە، بۆیە فرمان دەدا هەرچی کوڕە و تەمەنی سەرووی دوو ساڵییە بیکوژن. شەوێ مەلایکەت، هاتە خەونی یوسفی دەستگیرانی مریەم کە بچیتە میسر و ئەو کوڕەی دوور خاتەوە و نەگەڕێتەوە تا هیرۆدس دەمرێ. ئەوەیش وا دەکات، بەوە مەسیح لە کووشتن ڕزگاری دەبێ.

مەسیحییەکانی کۆیەش، لەو بۆنەدا، بابانوئێلیان هەیە کە بە پۆشاکی سوور و ڕیشی سپییەوە ماڵ بە ماڵ دەگەڕێ و دیاری بەسەر منداڵاندا دەبەشێتەوە، ئەمەش نەریتێکە لە سەدەی چواردەمەوە زیندوو کراوەتەوە، لە وەتەی لە ئەڵمانیا، ڕێوڕەسمەکەی مەتران نیکۆلاسی شاری مورا، لە ئاسایی بچووک، یادکردەوە کە بە بێ فەرق و جودای ئایینی و زمان و نەتەوەیی، دیاری بەسەر هەژاراندا دەبەشییەوە. دانان و ڕازاندنەوەی درەختی سەر ساڵ، لە کڵێسە و ماڵەکاندا، دانانی ئەستێرەک لەسەر تۆقەڵەی درەختەکە، وەک ڕەمزی لەدایکبوونی مەسیح و هەڵواسینی دیاری بۆ منداڵان وچرای ڕەنگاوڕەنگ بۆ جوانی و ڕۆناکی. لە هێندێ شوێنیش، ئەو ئەشکەوتە دروست دەکەن، کە ئاژەڵ و مەڕی لێیە، وەک ڕەمزێک بۆ شوێنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح.

لە شەوی (٢٥ی کانوونی یەکەم ) و شەوی (١ی کانوونی دووەم) هەموو مەسیحییەکان دەچنە کڵێسە و دوو سێ سەعات تەراتیلی ئایینی دەخوێنن و نوێژ دەکەن،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینەوەی کوردی

بخورێکی زۆر دەسووتێنن تا شوێنکە بۆنی خۆش بێت. دواتر لە حەوشەی کڵێسە پیرۆزبای لێکدەکەن،ئەوجا  هەموویان لە شوێنێک کۆدەبنەوە، یان دەستە دەستە دەچنە ماڵی خزمان و ئاهەنگ دەگێرن. بۆ ڕۆژی دواتر، دەچنە هۆڵی خۆیان لە هەرمۆتە و پێشوازی لەوانە دەکەن کە دەچن بۆ پیرۆزبای کردنیان. لەو ڕۆژەدا، ئەوانەی دڵیان لێکرەنجاوە لەگەڵ یەکدی ئاشت دەبنەوە. ئەوان لە ڕۆژی دووی مانگیش یادێک دەکەنەوە کە بە ناوی ڕۆژی شەمعون ساوا ناسراوە.

**ئەوان تقووسی خۆیان لەم جەژن و ڕۆژانەشدا ئەدا دەکەن:**

**یادکردنەوەی تەعمیدکردنی عیسا:**

مەسیحییەکانی کۆیە بۆ ماوەی (١١) ڕۆژ جەژن دەگێرن لە (٢٥ی کانوونی یەکەم، تا ٦ ی کانوونی دووەم).

**یادی باعوتا (باعوثا):**

لەم بۆنەیەدا، سێ ڕۆژان (٧٢ سەعات) بە ڕۆژدەبن و هیچ ناخۆن.

**یادکردنەوەی هەینی مردووان:**

لە کۆتایی مانگی شوبات، سێ ڕۆژ پێش هاتنی ڕۆژووی گەورە، بۆ ڕیزگرتن لە مردووەکانیان، قوداسی تایبەتیان بۆ دەکەن.

**جەژنی ئاگرە پاییزە (جەژنی سەلیب):**

دەکەوێتە (١٣ی ئەیلول)، لە هەرمۆتە، پێش هاتنی ئەو ڕۆژە خۆیان ئامادە دەکەن، قوداسی تایبەت بەڕێوەدەچێ. ئەوسا مەشخەڵە ئاگر دەکەنەوە. لەم ڕۆژگارەدا، چرا و ڕستە گلۆپی رەنگاو ڕەنگی بچووکی بەکاردێنن بۆ دروستکردنی هێمای خاچ، لەسەر دیوار و لە شوێنە بەرزەکانی بانەکانیان بەرزیان دەکەنەوە و دەیچەسپێنن.

**جەژنی هەڵسانەوە:**

یەکێکە لە بۆنە مەزنەکان لە لای مەسیحییەکان.  دەکەوێتە مانگی شوبات، تێیدا (٥٠) ڕۆژ بە ڕۆژوودەبن و پاشان جەژنی   قیامە دێ

**هەینی خەمبار:**

یادی لە خاچدانی حەزرەتی مەسیحە. دارەمەیتێک لە کڵێسا دا دەنین کە بە قوماشی  ڕەش داپۆشراوە و خاچێک کە ئەویش هەر کالای ڕەشی تێوەپێچراە لە ناو دارەمەیتەکەی درێژ دەکرێ. هەموو شوێنەکە بە قوماش و ئالای ڕەش دادەپۆشن. خەڵک سەردانی دەکەن و نوێژی بۆ دەکەن.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**ڕۆژی شەمووی ڕۆناکی:**

لەم جەژنە و چەژنی قیامە، مەسیحییەکان هێلکەی ڕەنگاوڕەنگ، کە پێی دەڵێن هێلکەی کەس و سۆر، وەک دیاری دەبەشنەوە..

**پێنچشەممەی تپەیربوون:**

لەو ئایینەدا، سێ جۆرە ڕۆنی پیرۆزییان هەیە، ڕۆنی تەعمید، ڕۆنی میرۆن، رۆنی شیفای نەخۆشان. کە قەشە لە قوداسی تایبەتدا لە کاتی تەعمیدکردنی منداڵ لە نێوچەوانی دەدا و هەروەها بۆ ئەو نەخۆشانەی لەسەرەمەرگدان. جا ساڵان لەکاتی گۆڕینی ئەو ڕۆنانە قوداسی تایبەت بەڕێوەدەچێ.

**جەژنی سۆلاقە (شەڕەئاو):**

چل ڕۆژ دوای جەژنی گەورە دێ لە مانگی چوار. دوای هەڵسانەوەی حەزرەتی مەسیح، چل ڕۆژ لە ناو خەڵک مایەوە دواتر بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان.(هاوژین ٢٠١٣)

**جەژنی جوولەکەکانی کۆیە:**

مێژووی جوولەکە لە عێراق، کۆنە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابیلییەکان، کە جوولەکەکانیان لە ئورشەلیم، بە سێ قۆناغدا دەرکرد و چوونە ژێر دەسەڵاتی ئاشورییەکان و دواتریش لە قەڵەمرەوی ساسانییەکاندا بڵاوبوونەوە. "کونترین مێژووی بوونی جوولەکە لە باکۆری عێراق، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتیی ئاشورییەکان، کە نزیکەی (٣٠٠) ساڵ درێژەی هەبووە، لە نێوان (٩١١ ـ ٦٣٦ پ. ز. )(ئەحمەد ٢٠٠٠ ل. ١١).

جوولەکە لە شارەکانی عێراق، لە دێر زەمانەوە هەر کەمینەیەکی ئایینی بوون. لە کوردستانیش لە هەموو شارەکاندا جوولەکەهەبوون، لە ناوچەی بادینان و وراتی کۆیەش لە گوندەکانیشدا ژیاون. لە هێندێ گوندی کوردستان، جوولەکە هەبوون، دەنا لە باقی شوێنەکانی دیکەی عێراق پتر هەر لە شارەکان ژیاون. لە دەڤەری دهۆک گوندی سەربەخۆیان هەبوو، وەک گوندی (سەندور) و گوندی (بیت النور) لە بەرواریی باڵا.(ئەحمەد ٢٠٠٠ ل. ٤٧).

مێژوونووس تاهیر ئەحمەد حەوێزی دەڵێ:" جوولەکان لە کۆیە، (٦٠ ـ ٧٠) خێزان دەبوون، بە زۆری لە کۆنە قەڵاتێ و گەڕەکی هەواوان بوون، کەنیشتەکەشیان لەوێ بوو. پێش (١٥٠) ساڵێک، چەند ماڵێکیان گواستەوە گەڕەکی بەفریقەندی، تا دەورووپشتی مزگەوتی حەتک و مزگەوتی گەرمۆکێ و بەوێیان دەگوت گەڕەکی جوولەکەکان، کەنیشتەی تایبەت بە خۆشیان هەبوو."(تاهیر ١٩٦٢ ل. ٤٢) ئەوان گۆڕستانی خۆیان لەسەر گردێک بوو پێیان دەگوت گردی جووان ـ ئێستا گەڕەکی سەرباغە. لە گوندەکانی سێگۆشەی نێوان دێگەڵە و تەقتەق و کۆیەش ئاژەڵداری و فەلاحەتیان دەکرد. لەگەڵ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە فەلەستین، جوولەکەکانی کۆیەش، ماڵ و حاڵیان لە لایەن حکومەتەوە دەستی بەسەر داگیراو، کۆچیان پێکردن بۆ ئیسرائیل. هەرچەندە جوولەکەکانی کۆیە، کارو کاسبی خۆیان کردووە و زێرنگەری و جۆلای و کاری چنین و بازرگانیی خۆیان دەکرد و تێکەڵاوییان لەگەڵ خەڵکەکە هەبوو، بەڵام، جاریش هەبوو باش مامەڵەیان لەگەڵ نەکراوە و ڕەنجێندراون.

ئەوان لە کەنیشتی خۆیان، تقوسەکانی ئایینی خۆیان، وەکو مەسیحییەکان، بە ئازادی بەڕێوەبردووە. بۆ جەژنەکانیان، هەرچەندە، ژمارەیەکی بەرچاو جەژنە و بۆنە و یادیان هەیە ـ وەک لە بەشی یەکەمی ئەم بابەتە، ئاماژەیان بۆکراوە، بەڵام، ئەو جەژنەی کە لە زەین و بیرەوەریی خەڵکەکەدا پتر ماوەتەوە، جەژنی کەپرەشینەیە.

جەژنی کەپرەشینە دەکەوێتە کۆتایی مانگی ئەیلول، واتا سەرەتای وەرزی پاییز، لەم بۆنەیەدا، لە شوێنێکی نەختێ بەرز کەپرێک دروست دەکەن، دەووری کەپرەکە بە چیغ و حەسیر دەگرن، کتومت وەکو ئەو مێوانەخانەی عەرەبەکان لە گەڵای خورما درووستی دەکەن لە باشووری عێراق، جا هەر شتێکی جوانیان هەبێ، بەو کەپرەیەوە هەڵدەواسن. دەبووایە هەرچی میوەی ئەو وەرزەش هەیە، داینێن و هەڵیواسن. ئەم بۆنەیە دوو شەو و دوو ڕۆژی دەخایەند، دەیان کردە شایی و ئاهەنگ و جوانترین پۆشاکیان دەپۆشی. خەڵکی شاری، دەچوونە سەیریان تەماشایان دەکردن. لەو جەژنەشدا شەو ئاگر دەکەنەوە. ئەو کەپرە هەڵناگرن هەتا یەکەم بارانی پاییزی لێنەدا. وا پێدەچێ کە ئەو جەژنە، پتر جووەکانی کە لە کوردستان بوون، بەو ڕێوەڕەسمە یادیان کردوەتەوە." (ئەحمەد ٢٠٠٠ ل. ٤١)، لەو ڕۆژەوی جوولەکە کوردەکان کۆچیان کردووە بۆ فەلەستێن، ساڵانە لەوێ یادی ئەو جەژنە دەکەنەوە. لە گۆڕەپانێکی گەورە، تەدارەگ و ئامادەباشی دەکەن، ئەوەی لە کوردستان دەیان کرد، لەویش بەهەمان دەستوور و ڕێوەڕەسم ئەنجامی دەدەن. شایی و هەڵپەڕکێ بە دەهۆڵ و زوڕنا دەکەن. لەو جەژنەدا. لەوێ سەرۆکوەزیرانی ئیسرئیل و چەند پەرلەمانکارنتارێک و کاربەدەستە گەورەکان، هاوشان لەگەڵ حاخام و پیاوانی ئایینی، تار دەخوێنەوەو بەشدارییان هەیە. (ئەحمەد ٢٠٠٠ ل. ٤٥) ئەمە جەژنی سەری ساڵی وانەوە و گەورەترینە جەژنەیانە.

بێگومان، جوولەکەنانی کۆیە، یادی جەژنەکانی دیکەشیان کردووەتەوە، بەڵام چونکە زۆربەی تقووسەکانیان لەناو کەنیشتیە بەڕیوەچوون، خەڵکی شارەکە زۆر زانیارییان لەسەریان نەبووەو پێیان ئاشنا نەبوون.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## سەرچاوەکان:

١. ایوب گبانچی (١٣٤٩ف) "جشن ها و ایین ها یران باستان" تهران، عطائی، ١٣٩٠، شابک:-978-964-313-709-0

٢. پشتیوان هەمزە، سوێد، پەیوەندی بە تەلەفۆن، پێشمەرگەی دێرین. ٢٠٢٢/٠١/١٦

٣. تاهیر ئەحمەد حەوێزی، (١٩٦٢)"مێژووی کۆیە" بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، بەغدا.

٤. حەسەن کاکە (٢٠١٥)"هەورازەکانی کاروانی تەمەنم" چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٥. دێدەوان یەعقوب، ڕۆژنامەوان، کۆیە، پەیوەندی بە تەلەفۆن، ٢٠٢٢/٠١/١٧

٦. راجحةخضیرعباسالنعیمي(د.) (٢٠١١)، "الاعیادفیالحضارةبلادالرافیین"، لدار صفحات للدراسات و النشر، دمشق. ISBN: 978-9933-402-70-9

٧. شەورۆ. فازیل، (٢٠١٦)" پۆشاکی کۆییان" چاپخانەی تاران، تاران.

٨. شەورۆ، فازیل، (٢٠١٥)"ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە" چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٩. طارق منصور (٢٠٢١). کلیة الآداب بجامعة عین شمس"العربیة.نت "

١٠. عەبدول مەسیح سەلمان سوور،(٢٠٢١) "تێکۆشانی شیوعییەکانی کۆیە" چاپخانەی ئازادی، هەولێر.

١١. فاروق عەلی مەولوود، (٢٠١٩)"ئاگردانێک بە قەد نیشتیمان" یادداشتەرۆمان، دارشتنەوەی فازیل شەورۆ، د. هاوژین سڵیوە، چ ٢، چاپخانەی تاران، تاران.

١٢. کەریم شیخانی، پەیوەندی تەلەفۆنی، ٢٠٢٢ /٠١/١٤

١٣. کەیوان ئازاد ئەنوەر، (د.)"کورد و مێژووی جەژنی نەورۆز"، چاپخانەی دڵێر، سلێمانی، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا، زنجیرە. ١٢

١٤. مۆردیخای زاکین (د.) و. سیروان حسێن بیەیی، (٢٠١٥)"جوولەکەکانی کوردستان"، چاپخانە (؟)، هەولێر.

١٥. مەولوود ئیبراهیم حەسەن (د.)،"خوێندنەوەیەکی هاوچەرخانە بۆ نەورۆز"٢٠٢٠/٣/٢١

١٦. هاژین صلیوە (د.)، (٢٠١٣)" مێژووی هەرمۆتە"، چاپخانەی زانا، سلێمانی.

١٧. ئەحمەد باوەڕ، (٢٠٠٠) "جوولەکەکانی کوردستان" چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

١٨. یەعقوب یوسف کوریە، و. شەرمین عەبدوڵلا ڕواندزی، (٢٠١٣) "جولەکەکامی عێراق" چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

١٩. فاتیح عەبدوڵلا شوانی
default.aspx?q=20211226185240399651&lng=1[date accssed 22/01/2022]

٢٠. مێژوو-و-شوێنەواری-ئایینی-مەسیحی-لە-کوردستان، جەمیل عیسا
[Date Accessed 20/1/2022]

٢١. ابراهیم خلیل العلاف
[Date Accedded]ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=274826
اللجان/لجنة-الثقافة-و-الاعلام/عید-الربیع-واهمیته-في-تاریخ-العراق-الق

22. iraqi-forum2014.com//[Dateaccessed 12/1/2022]

٢٣. شول دینق یونق (٢٩/ ٧/ ٢٠١٣)
www.marefa.org/قرابین_النیل [Dated Accessed 9/1/2022]

24. www.kojaro.com/2021/2/4/191411/ancient-iranian-celebrations[Date Accessedوهاب 05/01/2022]

٢٥. الاعیاد اليهوديه
youtube.com/watch?v=X9pNeQvzdy,30/4/202l [Dated Acceded 11/01/2022]

٢٥. ڕێزدار ئەحمەد (٢٠٢١/٣/٢٩)، ماڵپەڕی زانیاری،

][date Accessed 12/01/2022 /ئاینی-زەردەشتییەکان zaniary.com/blog/6061c53a46e25
٢٦. محەمەد رزگار(٢١/٣/٢٩)، ماڵپەڕی زانیاری
[Date Accessed 12/1/2022]=ئێزیدی zaniary.com/search?q
٢٧. شول دينق يونق (٢٩/ ٧/ ٢٠١٣)[DatedAccessed9/1/2022] قرابين_النيل/www.marefa.org
٢٨. مسيرة عبدالله، (٢٠٢١/١١/٢٥)"من جدران المعابد"
[Date accessed 05 / 01 / 2022]https://www.skynewsarabia.com/varieties/1481984

29. Binno Landsberger, (2013), Journal of Cuniform Studies, JCS VIII, Chicago Press PDF
30. Dengekan.info/archives/14434[Date Accssed 13/1/2022].
31. D.J. Wiseman. ERAQ, XIV, part 1, spring 1952, Co. 13 +4(British Institute for the study of Iraq).
32. "Holy Holidays , St. Martin Press, N.Y. ISBN: 978-0-230-10487-7) Greg Tobin,( 2011).
33. Mother's Day originated in ancientEgypt. 2021 (https://www.aucegypt.edu/index.php/ar/node/2623)[Dated Accessed: 7 / 01 / 2022].
34. www.kojaro.com/2021/2/4/191411/ancient-iranian-celebrations[Date Accessed 05/01/2022].
35. https://www.alarabiya.net/arab-and-world/egypt/2021/05/12 [Date Accessed 6/01/2022].
36. "Heortology." *Merriam-Webster.com Dictionary*,Merriam-Webster, https://www.merriam-webster.com/dictionary/heortology.[Date Accessed 7/ 01 / 2022].

## العادات والتقاليد لأعياد منطقة كوية ١٩٠٠-٢٠٠٠

**الملخص:**

هذا بحث في الجوانب التاريخية و الاجتماعية و الثقافية لأرشفة الاعياد و مراسمها في كويسنجق و نواحيها خلال قرن كامل و يتكون من فصلين.

الفصل الاول و يتضمن العناوين التالية:العيد لغة و اصطلاحا، تاريخ الاعياد، لماذا الاعياد ؟ انواع الاعياد: الاعياد الدينية و الوطنية و الموسمية و الشخصية و المحور الاخير يخص الاعياد الكوردية عموما و يشمل اعياد الزرادشتيين و اليزيديين و اليارسانيين.

اما الفصل الثاني فقد خصص للاعياد في كويسنجق و نواحيها و يتضمن العناوين التالية: تاريخ و ثقافة منطقة كويسنجق، رحلة في طقوس شهر رمضان، عيدي الفطر و الاضحى، الايام اللتي تسبق العيد و ايام الاعياد و الايام اللتي تلي، العيد عيد نوروز، عيد العمال، عيد ١٤تموز١٩٥٨، عيد ١١ اذار ١٩٧٠، عيد الحب، الاعياد الرسمية، اعياد مسيحيي كويسنجق، اعياد يهود كويسنجق و في الفقرة الاخيرةو خلاصة كنتيجة لهذا البحث. كذلك تسلسلا للمصادر باللغات الكوردية و العربية و الانجليزية و الفارسية.

**الكلمات الدالة:** *العيد، كويه، أعياد مدنيه، أعياد قرويه، التعريف.*

## Feasts and their ceremonies in Koysanjak (1900-2000)

**Abstract:**

This is a research on the historical, social and cultural aspects of archiving and ceremonial holidays in Koysanjak and its environs during an entire century, and consists of two chapters.

The first chapter includes the following titles: Eid, linguistically and idiomatically, the history of the holidays, why the holidays? Types of holidays: religious, national, seasonal and personal holidays, and the last axis covers the Kurdish holidays in general and includes the holidays of Zoroastrians, Yazidis, and Yarsani.

As for the second chapter, it is devoted to the feasts in Koysanjak and its environs and includes the following titles: History and culture of the Koysanjak region, a journey in the rituals of the month of Ramadan, Eid al-Fitr and Eid al-Adha, the days leading up to Eid and the days of Eid and days following, Eid Nowruz, Labor Day, July 14, 1958 Day, March 11, 1970 Day, Valentine's Day, Official holidays, Koysanjak Christians' holidays, Koysanjak Jews' holidays, and the last paragraph is devoted to the the summary of the research. As well as a list of references: in Kurdish, Arabic, English and Persian languages.

**Keywords:** *The Feast, Koya, waban Feast*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# « كولتووری شایی و زەماوەند لە مێژووی کوردەواریدا»

د. حەبیب ئەڵڵای سەلیمی

**پوختە:**

شایی، زەماوەند و هاوسەرگیری، کولتوورێکی کۆنی کوردە کە تەمەنی بە درێژایی مێژووی ئەم گەلەیە. تام و چێژی تایبەت بە خۆی هەیە و لێوانلێوە لە زانست و فەلسەفە و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و وێژە... .

دیارە لێکۆڵینەوە و شرۆڤەی ئەم جۆرە بابەتانە و ناسینی بە بەرەی داهاتوو زۆر پێویستە ، تا بەرەی داهاتوو مێژووی خۆی بناسێت و ئاگادار بێت کە نەتەوە و باوەرەی ئەویش مێژوو و ناسنامەیەکی بەنرخ و ناوازەی هەیە. کلتوورێک کە ئەزموون و زانستی زۆری لە دووتووی خۆیدا حەشار داوە و وشە بە وشەو دێڕبە دێڕی لێوانلێوە لە زانست و ئەزموونی بە نرخ و پڕ بایەخ دیارە هەر لایەنێکی دەتوانێت ئامیان و پاڵپشتێک بێت بۆ زانست و کۆمەڵناسی و وێژە وئەدەب و تیشک خاتە سەر تارمایی و ناڕاستییەکانی دونیای مۆدێڕن و تا ڕادەیەکی زۆر ڕوونیانکاتەوە.

لەم نووسراوەیەدا جەخت کراوە خاڵەکانی هاوسەرگیری و شایی کە لە کۆنەوە لە نێو گەلی کورددا باو بووە بخرێتە بەرچاو و فەلسەفە و تایبەتمەندییەکانی مێژوویی ئەم کەلەپوور و کولتوورە تا ڕادەیەک شیبکاتە و لەسەری بدوێت.

شیوەی هاوسەرگیری و زەماوەند لە کوردەواریدا ڕەسم و یاسایەکی تایبەت بە خۆی بووە کە بریتی بوون لە : دڵداری، خوازمێنی بە ماڵ یان بە ژن کە ناوبانگە بە ژن بەژن، خوێ بە ناو کەوش کردن ، ئاو بە ناو کەوش کردن، خۆڵ لە ناو کەوش کردن،تاوەتاکردن کەوش، قەتع و بڕ، شیروایی، شیرینی خوەران، پای زاوا کردنەوە، مارە بڕین، ئیجازەی زەماوەن وەرگرتن ،پاخەسوو هاتن، پیاو پاخەسوو، کوشتودان، سەرساج، خەنەوەنان ،سەروەسانە، پشت درگانە، برا زاوا، پاخەسووی بووک، قیرو تاج ، سێو خستن بۆ سەر بووک، شاڵ کردنەوەی بووک لە لایەن زاواوە، دەسماڵ راخستن، زەمانە کردن زاوا، زاوا بوون، دەسماڵ سوورکردنی بووک ،پارەی سەر دەسماڵ، بردنەوەی دەسماڵ بۆ ماڵی بابی بووک،سەرکێشی ،باوەخوەنی و هتد..

بێجگە لەو بابەتانەی سەرەوە وشە و واتای کۆڵەوەس و هەنەزاش کە پێوەندي هەیە بە بابەتەکەوە شیکراوەتەوە. ئەم نووسراوەیە بە شێوەی کتێبخانەیی مەیدانی و بەراوەردی لێکدراوەتەوە و دەرئەنجامەکانی پێکهاتوون لە ئەمانەی خوارەوە:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

1- ڕەسم و یاسا لە مێژووی کوردەواریدا سەرچاوەیەکی زانستی هەبووە کە بنچینەکەی پڕە لە ئەزموون.
2- هاوسەرگیری یەکێک بووە لە گرنگترین بابەتەکانی ژیان و بایەخێکی زۆری پێدراوە کە پیشاندەری بیر و هزری بیرمەندان و زانایانی کۆنی ئەم گەلەیە.
3- یاساکانی کۆن ئەمرۆش لە ناو خەڵکدا هەر بەردەوامن بەڵام شێوە و سیمایان گۆڕاوە.
4- کەلەپووری کورد زۆر ڕەسەنە و تواناى بەرانبەری لەگەڵ کولتووری گەلانیتری هەیە.
5- پیاوانی کورد جوامێر بوونە و ڕێزێکی تایبەتیان بۆ کچ و ژن داناوە و وەکوو گەوهەرێکی بەنرخ پاراستوویانە و ڕێزیان بۆ داناوە .

ژنانی کورد تا ڕادەیەکی زۆر لە هاوسەرگیریدا ئازاد بوونە و ئەگەر حەزیان لە کەسێک بکردایە بە شێوەگەلی جۆربەجۆر پێیان ڕادەگەیاند ئەڵبەت بۆ بڕێک لەمان نەدەلوا و چارە نووسیان دەگۆڕا.

**پەیڤێن سەرەکی:** *کورد، زەماوەند، هاوسەرگیري،یاساکان.*

پێشەکی:

شایی، زەماوەند و هاوسەرگیری کولتوورێکی کۆنی کوردە کە داب و نەریتی تایبەت بە خۆی هەبووە و تەمەنیشی بە درێژایی مێژووی ئەم گەلەیە. تام و چێژی تایبەتە و زانست و فەلسەفەی پاڵپشتە و لێوانلێوە لە کۆمەڵناسی، دەروونناسی، زمانناسی، مێژوو و مەنتێق و وێژە.

لێکۆڵینەو و شرۆڤەی ئەم بابەتانە و ناسینی بە هاوچەرخان و بەرەی داهاتوو پێویستە. زۆربەی وەچەکان لە کوردەواریدا یان لەگەڵ ئەمانە بێگانەن یان ئەگەر ئاشناش بن ئاشنایەتییەکەیان زۆر ناتەواوە. جیا لەمانە زۆربەی هاوچەرخەکان فەلسەفەی داب و نەریتەکانی کۆنی کوردەواری لێیان ونە و بگرە هەر لە بنەڕەتدا بڕوایان پێنەبێت و بە خۆرافە و گاڵتەی بزانن. وەک دەزانین زۆربەی میدیاکان و کتێب و وتارەکانیش جاروبار باس لە داب و نەریتە کۆنەکانی کوردەواری دەکەن بێ ئەوەی باسەکان زانستییانە و ڕیشەیی بن.

بەرەی هاوچەرخ و وەچەکان وا دەزانن ئەم داب و نەریتە دەست و پاگیر و بێ بنەمایە و سەرقاڵ بوون بەمانەوە جیا لە بەفیڕۆدانی تەمەن هیچ سوود و کەڵکێکی نییە. جاروباریش ڕەخنەدەگرن و بیر و بۆچوونی خۆیان بە شێوەگەلی جۆربەجۆر دەردەبڕن. پێیان وایە کە ژنان لە بواری هاوسەرایەتیدا مافیان پێشێل کراوە و لە ژین بێوەری و بێ بەهرەن .ئەگەرچی بیر و بۆچوونەکانیان جێگای ڕێزە و ڕەنگە ڕاستیش بێت،بەڵام نابێت بە بێ لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی تایبەت بێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەر بەم بۆنەوە بە پێویستمان زانی سەبارەت بەم بابەتە لێكۆڵینەوەیەك زانستیانە و بەدوور لە هەرپێشـداوەرییەك ئەنجـام بـدەین كە هەم داب و نەریـتە ڕەسـەنەكانی كوردەواریمـان جـارێكی تـر زینـدووكردبێتەوە و هەم سـەرەنجی هاوچەرخـان و بەرەی نوێمـان بەرەو دواوە ڕاكێشـابێت. دوایـش دەرەنجامەكـانی وتـارەكە و دەسـتكەوتەكانی بـۆ خـوێنەر دەردەخات و ئەوەی پێویستی بە لێكۆڵینەوەی بەرەی داهاتوو بێت لەم بابەتەدا باس دەكرێت.

## 2-1 پێشینەی لێكۆڵینەوە

ئەوەی ڕاسـتی بێـت سـەبارەت بە شـایی و زەماوەنـد و فولكلـۆر و كەلتـوور ،لەكوردەواریدا لێكۆڵینەوەكان زۆرن، بەڵام ئەو بـابەتەی كە لەم وتارەدا لەسەری دەدوێین لە زۆربەی ئەو سـەرچاوانەدا نادیـارن و كەم تـر باسـیان لێكـراوە. ئەم نووسـراوەیە دەیەوێت زیـاتر تیشك بخاتە سەر ئەوشتانەی كە نەوتراون یان نەنووسراون.

ئـامەدكیگریس كە عەبـاس فەرهـادی وتـارەكەی وەرگێـڕاوەتەوە لە بەشـێك بە نێـوی نـامزدی و عروسـی در فرهنـگ كردهائامـاژەی بە شـایی و زەماوەنـد كـردووە، ڕەزا سەرسیفی لە "داب و نەریتـی كوردەواری" لـێ دواوە، محسـن رستمی و مژگـان توفیقیـان لە گنجینەی اقوام ایران: قوم كرد" باسیان لێكردووە و مەلا مەحموود بایزیدی سەبارەت بەم بابەتە چەند وتارێكی نووسیوە كە لە كتێبخانەی نەتەوەیی وڵاتی ڕووسیادایە ،ئەم نوسخە دەسـت نووسـەكانی لە دونیـای مەجازیـدا بڵاوكـراوەتەوە. جیـا لەم سـەرچاوەگەلە كتێبگەلێكی دیـكەش دەسـت دەكەوێ كە سـەبارەت بەم بـابەتە نووسـراون كە دەرفەت نەبوو هەموویان لێرەدا نێو ببەین ،میدیاكان ، ڕۆژنامەكان......

## 1-3شێوەی لێكۆلینەوە:

شرۆڤە و شیكردنەوەی ئەم بابەتە بە شێوەی كتێبخانەیی و پرسیار لە شارەزایان و بەساڵاچوان، كۆكراوەتەوە و بە شێوەی گەڕاندنەوەی-لێكدانەوەیی و بەشێوەی لێكدانەوەی واتا و ناوەڕۆك بە ئەنجام گەیشتووە.

## 2) لێكدانەوە:

كچ، ژن، دایك لە كوردەواری جێگەی ڕێزە، ئەوەی كە كوڕ یان پیاو خوازیاری لێ ئەكات و بوو هاوسەرایەتی شەرتەكانی بە جێ دێنێ هێمایی ڕێزداری خاتوون و كچە، باسی داب و نەریتەكانی كۆمەلگا كە لە دوای هاوسەرگیری كێشە بۆ ژن دروست دەكا، وتاریـك تـایبەتی پێویسـتە،ئەوەی لێـرە بـاس ئەكـرێ شـێوەی هاوسـەرگیری و زەماوەنـد لە كوردەواریدایە كە یاسای تایبەت بە خۆی هەبووە كە دەتوانین بەم بابەتانەی خوارەوە ئاماژە بكەین:



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

**شێوەکانی هاوسەرگیری:**

**خوازبێنی ژن بە ماڵ**: کوڕ خوازبێنی لە کچ دەکات و هەموو وکەلوپەلی پیویست بۆ زەماوەن و دوای زەماوەن لە ئەستوو ئەوە.

**ژن بە ژن**: ژن بە ژن ئاوایە کە براێک خۆشکی خۆی  یان بابێک کچی خۆی مارە دەکات بوو کوڕێک یان پیاوێکی تر ئەویش کچی خۆی بوو ئەم کوڕە یان ئەم پیاوە مارە دەکات، بەدەگمەن پێش دەهات دایکێک کە شوەکەی مردووە خۆی لە پیاوێک مارە بکات تا ئەویش کچەکەی بوو کوڕەکەی ئەم مارە کات، لەم شێوە هاوسەر گیریە خەرجی زەماوەن هەرکامیان لە ئەستوی خۆیان بوو.

**ژن لە بابەت خۆێن**( فارس وتەنی خون بست): زۆر جار پێش دەهات لە شەڕ یان ڕووداوێکدا کە لە نێوان دوو خێڵ یان دوو عەشیرە پێشدەهات و کەسێک لەم شەڕەدا دەکوژرا بکوژەکە قەساس نەدەکرا بۆ ئەوەی ئەم کینەو کودوورەتە لەناو بچێت و ئاشتی کەوێتە نێوانیان کچێک لە بنەماڵەی بکوژەکە دەدرا بە کوڕێک لە بنەماڵەی کوژراوەکە.

**کچ بە پارە کڕین**: جار وا بوو کە بابێک کچەکەی وەکوو کەرەسەیەک دەفرۆشت بە بنەماڵەیەک، یان کەسێک کە دەوڵەمەند بوو بە پارە کچێک جوانی دەکڕی بۆ خۆی یان کوڕەکەی ئەم بابەتە زۆرتر کاتێک ڕووی دەدا کە بنەماڵەی کچە زۆر دەستەنگ و ناتەبا بوو، بەسەرهاتی کابرایی حەجەم و کچەکەی لە پێشەکی کتێبی تاریک و ڕوونی مامۆستا هێمن ئاماژەیەکە بۆ ئەم بابەتە.

**ناوکەبر**: لە کوردەواریدا باو بوو کاتێک کچێک لە دایک دەبوو ئەگەر دایک و بابی کچە لە نێو خەڵکدا جێگەی ڕێز بوونایە دایکی یەکێک لە کوڕەکانی خزمیان ئەی کوت ئەم کچە بۆ کوڕەکەی من. یان ناوکی ئامۆزا بۆ ئامۆزا یان خاڵۆزا بۆ پوورزا جاریش وا بوو لە کوڕێکی دیکەیان ناوک دەبڕی کە خزمیشیان نەبوو. ئەگەریش کچ بوایە و دایک و بابی کچە کەسایەتی بەشەرم و حەیا و لێهاتوو بوبایەتن ماماکە یان یەکێک لە ژنەکان کە لە لای ماماکە بوون یان هەر ژنێکی تر ناوکی کچەکەیان ئەبڕی بۆ کوڕی خۆیان یان کەس  وکاریان.

**هاوسەرگیری بنەماڵەیی**:زۆربەی بنەماڵەکان حەزیان نەدەکرد بێگانەیەک وەکوو بووک بێتەناو ئەوانەوە و بڕواشیان وابوو، ئەگەر کچەکەمان باشە حەیفە بۆ خەڵک کچی خراپ و ناحەزیشمان عەیبە بوو خەڵک، یان دەیانکوت مارەی ئامۆزا بۆ ئامۆزا لە ئاسمان بڕاوە.

**براژن یان مامۆ ژن مارەکردن**: ئەگەر مێردی ژنە بمردبایە خزمەکانی پێیان ناخۆش بوو ژنەکەی شووکات بە مێردێکی بێگانە هەر بۆیە بۆ برای پیاوەمردووەکە یان برازای مارەیان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەکرد.جاریش وابوو کە خزمانی پیاوەکە ئەمەیان بە عەیبە دەزانی و بە ژنەیان دەگوت دەتوانی بڕۆی و شووبکەیت. ڕەنگە لە کۆمەڵگا شێوازگەلی تریش بۆ هاوسەرگیری بووبێت کە لێرەدا ئاماژەی پێ نەکراوە، توێژەران دەتوانن سەبارەت بەم بابەتە لێکۆڵینەوەی قوڵتر و چڕوپڕتر ئەنجام بدەن.

دڵداری، خوازبێنی بە ماڵ یان ژن بە ژن، دیاری، قەتع وبڕ ،شیرینی خۆران، پای زاوا کردنەوە، مارە بڕین، زەماوەند، سەرکێشی و باوەخوەنی ئەمانە لە بەرچاوترین خاڵەکانی زەماوەن بوون کە لە زۆربەی کوردەواریدا هاوبەشن، ڕەنگە لە شار و شارۆچکەیەک لایەنێکی لە لایەنێکی تر بەرچاوتر یان لاوازتر بووبێت.

**١) دڵداری:**

کورد لە مێژەوە کەلتوورێکی ڕەسەنی هەبووە. منداڵ کە لە دایک دەبوو گوێزەوانەیان بڵاو دەکردەوە و دوای دارەدارە و پێڕەوکە ئاواتیان ئەوە بوو ئەگەر منداڵەکەیان کوڕ بووبایێ بە بەژن و باڵایا گۆرانییان دەگوت:

خوا بیدا نیازم          حەوت ژن و بۆ بخوازم یەکێ بۆ پەڕۆو پینە
یەکێ بۆ بانی سینە
یەکێ دوختەری پاشا          یەکێ تورکی تەماشا
یەکێ بۆ ناز و نووزی          دوانیش بۆ دوخت و دووزی (حسینی89/1377)

هەر لەمنداڵییەوە نەمامی ئەوین و دڵدارییان لە دڵی ساواکەدا دەچاند. دایکان کچەکانیان ئامۆژگاری دەکرد کە پێویستە هۆشیان بە خۆیانەوە ببێت ، زووتر لە کوڕان کراسیان بۆ ئەدوورین و ئەمەیان لە بەرچاو بوو کە کچی ئەمڕۆ دایکی سوبەینێیە. ئەم مندالانە کەم کەم گەورە دەبوون و لە رووی فیزیولۆژییەوە کچ زووتر لە کوڕ گەشەدەکات و پێدەگات بۆیە لە مێژە دەڵێن کوڕ وەکوو گەنمە و کچ وەکوو جۆ. کچەکان لە ڕێی کانی و بێری و.... خۆیان دەردەخست و کوڕەکانیش گۆرانییان بە باڵایاندا دەگوت و ئاشقیان ئەبوون کە گۆرانییە فولکلۆرەکانمان لێوانلێوە لە شێعر و هەڵبەستی ئەم بابەتانە. مامۆستا هەژار لە کتێبی چێشتی مجێوردا دەڵێ: تازە تەمەنم دە بۆ یازدە ساڵ دەڕۆی کیژێکم خۆش دەویست بە بێ ئەوەی هیچ لەلای بدرکێنم و دەپاڵ خۆمدا دەسووتام. پیاو هەق بڵێ ئەو دڵدارییە زۆری دڵنەرم کردم و هەست و بیری ناسکی فێرکردم .دڵدارییێکی زۆر پاک بوو بەرهەمی هەموو گریان و دڵدۆڕاندن لە یەک دوو ماچ تێنەپەڕی و بۆ یەکجاری لێک دیدار ئاخرەت بووین و ئێستاش بەپیری تا وەبیرم دێتەوە ئاخێکی ساردی بەدوادا دەنێرم(شرفکندی1997:44) یان بەمنداڵی لە لێوی ئاڵی تۆم ئەستاندووە ماچێ ، بە پیریش لەززەتی ئەو ماچە شیرینەم لە بیر ناچێ(شیخ الاسلامی/بی تا135) ، لە کوردەواریدا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەوپەڕی گەیشتنی دوو دڵدار بە یەک لە ماچ کردنێک زیاتر تێپەڕ نەدەبوو و ئەمەش لە کۆمەڵگاکانی تردا کەم تاکورت دەبێنرێت. وەک عەرەب دەڵێن:

نائمه قبلتها، فتنبهت

وقالت تعالوا واطلبوا اللص بالحد فقلت لها انی لمستک غاصبا و ما حکموا للغاصب بسوی الرد فارسیش دەڵێ:

بوسه به من دادی و رنجیدەای

بازستان، گر نپسندیدەای(دامادی.1379:345)

کوردیش وتەی هەر دوو شاعێری عەرەب و فارسی لە بەیتێکی فولکلۆردا کۆکردوەتەوە و دەڵێ:

ماچێکت داپێم دوان پەیاپەی

ئەگەر ناڕازیت بینمەو جێگەی خوەی

هەروا کە ئاماژەمان پێکرد لە جێژواندا جگە لە ماچ هیچێکی تر ڕووینەدەدا چۆن ژن لە کوردەواریدا داوێن پاکە. وشەی زینا لە زمانی کوردیدا نییە کە نیشاندەری ئەوەیە کە داوێن پیسی لە ناویانانەبووە(سەجادی12:1375).

مامۆستا هێمن لە تاریک و ڕووندا دەڵێ: با ئەوەش بڵێم من لە کولیجە بۆ یەکەم جار و ئاخرین جار ئاشق بووم، عەشقێکی پرسۆز و بەکوڵ و ئەفلاتوونی، ئەشقێکی پاک و خاوێن و ئاسمانی، عەشقێکی ساکار و منداڵانە و دوور لە هەوا و هەوەس( شیخ الاسلامی. بی تا.14) عەلائەدین سەجادی لە مەلای جەزیری دەگێڕێتەوە:

مەلا تەمەنی لە سی ساڵیدا لە گوندی"برهان" لە حەسەنکیف، ئەبێ لەو سەردەمەدا یەکێک لە فەقێیەکانی ئیجازە وەردەگرێت، زەماوەند و هەڵپەڕکێ و ئیجازە ئەبێ "سەلما" کچی "مەلیک کامیل" کە ئەم مەلیک کامیلە لەو سەردەمەدا لە لایەن میرزا شاهڕۆخ کوڕی ئەمیر تەیمووری گوورکانییەوە ئەمیری ئەو وڵاتە بووە-لەسەر تەلارەکەوە تەماشای هەڵپەڕکێ فەقێیانە دەکات، مەلاش لە هەڵپەڕکێکەدا ئەبێت، چاوی بە کچکە ئەکەوێت و پابەندی عەشقێکی بێ وێنە ئەبێت(سەجادی/1395:197) ئازارێکی زۆر بە بۆنەی ئەم عەشقەوە ئەبینێت و شتهایەکی زۆر سەیری بەسەردا دێت و بابی نایداتی ، تا لە ئاخردا بە باوکی سەلما دەڵێت خۆ ئەمانە دڵخوازی یەکن بۆ نایدەیتێ؟ ئەویش بە مەلا دەڵێت: ئەوا سەلمات دەدەمێ ، هەستە بچۆرە مووسل شتومەکی زەماوەندی بۆ بکرە، ئەویش پارەیەکی زۆر هەڵدەگرێت و دەچێتە مووسل و گەلێ شاری تریش دەگەڕێت و هەروا بەدەستی خالی دێتەوە ، ئەڵێن بۆچ هیچت نەکڕیوە؟ ئەڵێ: هەرچەند گەڕام شتێکی وام دەست نەکەوت کە شیاوی سەلما بێت.(هەمان.198 ).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەم سێ بیرەوەرییە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دڵداری لە کوردەواریدا لە ئەشقێکی پاک و خاوێن سەرهەڵدەدا و مەبەست لە دڵداری هاوسەرگیری و بەیەک گەیشتن بووە و بەس. مامۆستا هەژار لەم بارەوە دەڵێت : ئەوەندە کیژێکی پاک و شەرم بە خۆ بوو کە شەرمم لێدەکرد و بە هیچ بارێک خەیاڵی خراپم بە دڵدانەدەهات(شەرەفکەندی/44:1997).

جیا لەمانە نایشتوانیین نکۆڵی لەوە بکەین کە هەموو دڵدارییەکان خەیاڵی خراپی تێدا نەبووە و کاری خراپی تێدا نەکراوە. لە دڵداریدا کوڕەکان شەویان بە قەڵای مێردان داناوەو لەبەر نەبوونی کارەبا حەوشە و کۆڵان تاریک بووە و باشترین جێگە بۆ خۆ حەشاردان بووە. دەرکە و بانی ئەو کاتەش وەک ئەمڕۆ نەبووە و زۆر بە سانایی دەتتوانی لێوە دەرباز بیت. جاریش وا بوو کە عاشقان بۆ گەیشتن بە دڵدار مۆزاحیمگەلێک تریان بوو هەر بۆیە گۆرانی بێژان دەیان گوت:

ئەی خوا هەڵکەی باکەی نیوەشەو

توڵ و پیرەژن چاویان چێتە خەو

مامۆستا هەژار دەڵێت: شەوێک لە شوشەوەق بووندا، ئێستاش نازانم چۆن توانیم خۆم لە سەگان بدزمەوە و چۆنم وێرا وەک دزێک بە زەبر درگای چێغ لادەم و بچم لە خەو خەبەری کەمەوە(شەرەفکەندی44:1997).

لە نێو فەرهەنگی کوردەواریدا بۆ ئەوەی بەڵگەیەکیان بەم کارە دابیت دەلێن: چ داریک بوو بانەی شەکانەو/ چ کەنیشکێک بوو کوڕ نەیلۆکانەو یان دەڵێن: چ هەنارێکە کوڕ نەیگۆشا بێت.

هەروەها باو بوو کە عاشق و مەعشووق دیاری بۆ یەک تر ببەن و وەک یادگارییەک بەنرخ لای خۆیان هەڵیبگرن

یادگاری دۆس یا جام یا شانەس

یا شیشەی عەترە یان کلکەوانەس

یادگارییەکەم هابەلاتەوە

نە خۆم داوام کرد نە خۆت داتەوە

یادگارییەکەت هابەلامەوە

وەک مەڵهەم ئەینم بە بان زامەوە

دڵداری دەسپێکێک بوو بۆ خوازبێنی، بەڵام زۆر جار ئەم دڵداریگەلە دەرەنجامەکەی باش نەدەبوو و دڵدارەکان بەیەک نەدەگەیشتن............

هەر مەلای بیبڕێت مارەی دڵداری

ئەیگرمە کۆڵەو تا هێوانساری

دار و پیرە دار دار گەڵای بۆ چەس



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کچ خۆی مەیلی بێت ماڵ مەلای بۆ چەس

ئەگەر دڵدارەکەشیان بۆ کەسێکی تر ماردەبڕا و بەیەک نەدەگەییشتن دەیان گوت
هەر مەلایەک بیبڕێت مارەی نەوەدڵ
ڕیشەکەی دەبڕم دەیکەم بەشەتڵ

2) **خوازبێنی**

لەو کاتەوە کە ژیان لەسەر زەویدا دەستی پێکردووە مرۆڤەکان بۆ هاوسەرگیری شێوازگەلێک جۆراوجۆریان بووە. ڕاسڵ دەڵێت: لەبازە کشوەرێکدا بووک دەکڕن و لەبرێک تریانا بۆ نموونە فەرەنسە زاوا دەکڕن(ڕەسل /8:۲۰۲۱)

لە کوردەواریدا کوڕ لە کچ خوازبێنی دەکات کە زۆر جار بەماڵ و پارە بەڵام ئەگەر دەست تەنگ بێت بە شیوەی ژن بە ژن بەو مانایە کە کوڕە خۆشکی خۆی دەدات بە برای دڵدارەکەی بەداخەوە جاریش وابووە کە باوکێک کچەکەی داوە بە ژن بۆ خۆی . بە خۆشحاڵییەوە ئەم ڕەسمی ژن بە ژنە بە پەرەسەندنی شارستانییەت نەماوە و کەس کاری وا ناکات .خوازبێنی بە ماڵ بەمجۆرە بوو کە کۆڕە باوک و پیاو ماقوڵانی ئاوایی دەنێرێتە خزمەت بابی کچ و دوای ئەوەی کە باوکی کچ کۆڕەی بە نۆکەریی خۆی قەبوڵ کرد هەموو خەرج و مەخارجی زەماوەند لە سەرشانی ماڵی کوڕ دەبێت. سەد مەخابن لە کوردەواریدا جار وا بووە کە کوڕ و کچ قەت یەکیان نەبینیوە و لەکاتی مارەبڕانەکەشدا بابی کوڕ و کچ لە لایەن ئەمانەوە خۆیانیان  بە وەکیل داناوە، لە ڕۆژی زەماوەندا یەکیان بینیوە. ئەم کارە بووە بە باعێس دڵنگرانی کچان و گلە و گازەندەیان کردووە کە ئێمەیان داوە بەشوو بێ ئەوەی پرسیان بە خۆمان کردبێت. ڕاستە کۆمەڵگا خواستی کچانی لەبەر چاو نەگرتووە بەڵام بۆ کۆڕانیش هەر وابووە بۆ نموونە دەتوانیین ئاماژە بە بیرەوەرییەکی مامۆستا هێمن بکەین ئەو دەڵێت: دایکم برازایەکی خۆی کە کچی پیاوێکی بەدەسەلات  و دەوڵەمەند بوو بۆی خواستم کە تا ئەو کاتە نەدیبووەم نە دەمناسی. درۆ نەبێ جارێکیان دوور بە دوور لە کاتی مانگا دۆشیندا دیبووم ئەویش ڕوخسارییم نەدیبوو تەنیا دەمزانی کورتە باڵایە(شیخ الاسلام/بی تا:25) ئەوەی ڕاستی بێت هەم کوڕان و هەم کچان وەکوو یەک وابوون بەڵام کچان زۆرتر. بێجگە لەم شێوەیە ئەگەر کچ و کوڕ بۆ یەک ناوک براباین ئەوە هەر دوو لایەنەکە بە شێوەی ئاسایی ئیش و کاری خوازبێنیان ئەنجام دەدا. بەڵام ئەگەر دایک یان پوور یان خۆشکی کوڕەکە ڕێنوێنیان بکردایێت ئەوە پێویست بوو یەکێکیان بڕۆن بۆ ماڵی باوکی کچەکەو بە دایک یان خۆشک یان خودی کچەکە بڵێن. شەو ماڵی کوڕ بۆ دیتنی کچ دەڕۆیشتن بۆ ماڵی بووک. لێرەدا ئەم باسە دێتە ئاراوە کە کچەکە هیچکارەیە و بابی قسەی هەوەڵ و ئاخر دەکات. ڕاسل ئەڵێت:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

باوک دەسەڵاتی وەها بەسەر منداڵەکاندا بوو کە ئەم دەسەڵاتە لە زۆربەی بوارەکانداهەر وەک لە ڕوومدا وا بوو مەرگ و ژیانی ئەوانیشی دەگرتەوە. کچان لە هەموو سەردەمی شارستانیەتدا ،کوڕان لە زۆربەی وڵاتاندا بە بێ ڕەزامەندی باوک مافی زەماوەند کردنیان نەبوو، ئەوە باوک بوو بڕیاری دەدا لەگەڵ کێ زەماوەند بکات(ڕەسل/2021:32) بەڵام لە کوردەواریدا لە هەندێ شوێندا نەبێت ژن سەربەخۆیی تەواوی بووە لە شووکردندا، دڵداری دەکات بۆ ئەوەی مێردی پێبکات(سەجادی،1375:12)کە لێرەدا بە چەن نموونە لەم سەربەخۆییانە ئاماژە دەکەین کە جۆرێک لە سەر بەخۆیی ناڕاستەوخۆیە: ئەگەر کچ حەزی لە کوڕە بکردایێت بە بێدەنگی ڕای خۆی دەردەبڕی و لە هەندێماڵێشدا کە ئازادی زۆرتر بوو بە ئاشکرایی بڕیاری خۆی دەدا. بەڵام ئەگەر حەزی لە کوڕەش نەکردبایەت و نەیتوانیبات بە ئاشکرا بڵێت ئاو یان خۆڵی دەکردە ناو کەوشەکەی، جاریش وابوو خوێیان دەکردە ناو کەوشەکەی زاوا و بڕوایان وابوو ئەگەر زاوا قۆڕ بێت سکی دەست دەکا بە قۆڕەقۆڕ ،یان پێڵاوەکانی زاوایان تاوەتا دادەنا، جاریش وابوو ئەگەر کچەکە هەلی بۆ بڕەخسایە بەشێعرێک گاڵتەی بەکوڕەکە دەکرد.

خوا نەیداپێم لە سوارەی سەرە

ئەویشی داپێم گول و مەسخەرە

جارێکیان ژنێک گێڕایەوە و گوتی: من بەژن و باڵا بەرز و ڕێکوپێک بووم کابرایەک کورتە باڵا هات بە خوازبێنیمەوە جێوانێکی گەورەم بۆی دانا کە پاڵی بێوە بدات کاتێک کوڕە باڵی پێوە دا زانی مەبەستم چییە و هەستا ڕۆییشت.

ئازادی هەڵبژاردن بۆ کوڕان زۆرتر لە کچان بوون. دایکی زاواش بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر بۆ کوڕەکەی پێوەرهایەکی بوو. مامۆستا هێمن دەڵێت" دایکم برازایەکی خۆی بۆ هەڵبژاردبووم، ئەو دەیویست بووکێکی ئاکار باش و ڕەفتار چاک و وریا و مشوور و ماڵداری هەبێت(شیخ الاسلامی، بی تا:25). ئەگەر باب و دایکی کوڕە برازا یان خۆشکەزای خۆیان بوایێت و ئەو پێوەرانە کە مامۆستا هێمن لە زمانی دایکییەوە باسی کرد لەودا ببینرایێت ئەو کاتە دەیانگوت لە خوێنی خۆمانە با لە ناو خۆمانا دەرنەچێت کە ئەگەر بووک کچی پوور بوایە یان کچی خاڵ جیاوازیی تایبتیان بوو کە لە فۆلکلۆردا باسیان لێوەکراوە.

بووکی پووران، کۆڵەکەی لای تەندووران

بووکی خاڵان لەسەر هەرزاڵان(پارسا،1394:82)

وەوی ماڵ میمکان هەر کەڵە کووکیان

بەڵام ئەگەر ماڵی بابی بووکیان نەدەناسی یان هاتووچوویان کەم بوو لە جیران و هاوسێیەکانیان پرسیاریان دەکرد و کاتێکیش دەچوونە ماڵیان بەشێوەی جۆربەجۆر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

ئەزموونیان لێدەگرت. بۆ نموونە بابی کوڕ گۆچانەکەی لە بەردرگا بەئەنقەست دادەخست یان کاتی دەرهێنانی پێڵاوەکانی بەملاوبەولا فڕێ دەدا و...تابزانن ڕەفتاری بووک چۆنە ئایا دروستیان دەکات یان نە و عەقڵ و مەعریفەتی بووکەیان لە ڕووی ڕەفتاری هەڵدەسەنگاند، یان مووری یان پارچەیان پێدەدا و دەیان گوت ئەوە بکە بەکراسێک بۆمان تا بزانن دەرزی و دوورومان دەزانێت یان نە

ئەڵبەت خوازبێنی ئامۆزاش باو بوو دەیان گوت:" ئامۆزا مارەیی لە عەرش بڕیاگە(بنی ویس/1988:15). زۆربەی خەڵک بووکیان بە بەخت و بە ئیقباڵ بەراوەرد دەکرد و دەیان گوت وەویلە وە داوان/ شوان وە گۆچا(هەمان:248) نان و هەویر، گەوڕوگەلەخان، دوخت دوورین ،دەستوپوخت و....بازێک تر لەو پێوەرانە بوو کە بۆ هەڵبژاردن کچێک وەکوو بووک لەبەرچاو دەگیرا یان دیسان لە فلکلۆردا هەمانە دەڵێت: .....

ژنێک توام ژنانە / پووسە بکەیگە هەوانە

واتای ژنێکم دەوێ کاروباری ماڵەکەم بەو شێوەیە بەڕێوە ببات کەس هەست بە هەژاری و دەستکورتیم نەکات(بنی ویس/129:1988)

شێوە ژن هێنانێکی تر ئەوە بوو کە بە داخەوە ئەمڕۆش تا ڕادەیەک ماوە پیاوێک ژندار حەز لە کچێک یان بێوەژنێک دەکات بێ ئیزنی ژنەکەی مارەی دەکات کە بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە زارا ئەشقی شوان یان لاس و خەزاڵ بکەین کە شوان بێ ئیزنی خاوەر زارا مارە دەکات.( گەردی،۲۰۰۷:۱۷)

یان لاس بێ ئیجازەی خانزاد خەزاڵ مارە دەکات(فیدایی،۱۳۸۰:۵۲)کە ئەم ژنانە بە هەوو ناو دەبرێن، ئەڵێن غەیرەتی ژن ئەوەیە هەووساری قەبووڵ کات، هەر چەند ئێرەیی ژنان زۆر بە قووەتە. ئەگەر هەنی دووهەم بێوەژن بووبایەت لە مێردەکەی تریشی منداڵی بووبایەت بەو منداڵە دەیان گوت (کۆڵەوەس)ئەگەریش پیاوەکە لە ژنە ئەوەڵەکەی منداڵی بووبایەت چ ژنەکە زیندووبایەت چ مردوو یان تەڵاقی بدایەت ئەو منداڵە بۆ ژنی دووهەم دەبوو بە "هەنەزا"بە واتای منداڵی هەوو. یەکێک لە واتاکانی هەوو لە کوردەواریدا" هەنە"یە. بێژەی وشەی هەنەزا بە جێگەی هەووزا لە بواری دەروونناسییەوە جێگەی سەرنجە.بێجگە لە خوازبێنی و جۆرەکانی تری ژن هێنان جاریش وابوو کوڕ و کچێک حەزیان لە یەکتر دەکرد بەڵام ماڵی بابی کوڕ یان کچ ڕازی نەبوون کوڕ وکچ بێ ئیزنی ماڵی بابیان لەگەڵ یەک جۆر دەبوون و بۆ شوێنیکی تر دەر ئەچونن لە لای مەلایەکی تر مارەدەبڕان کە "هەڵگرتنیان " یان " ڕادوو" یان پێدەکوت و کچە لە لایەن بنەماڵەوە عاق دەکرا ، دوایی ماوەیەک کە بنەماڵەی کوڕ و کچ دەیانزانی ئیدی هیچیان پێناکرێت بەو وەسڵەتە ڕازی دەبوون و دەگەرانەوە زێدەکەی خۆیان و بە ئاسایی ژیانیان تێدەپەڕاند



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ماموستاهه ژار دەڵێت: ئەو کچەی کە بە بۆنەی دەوڵەمەندی باببیەوە نەمتوانی خوازبێنی لێکەم حەزی دەکرد هەڵیگرم بەڵام تارمایی باوکم دەهاتە بەرچاوم و دەترسام( شرفکندی ،1997: 43).

زۆربەی شیوازە جۆراوجۆرەکانی خوازبێنی لە کوردەواریدا ئەمانە بوون کە باسمان کرد بەڵام ڕەنگە شێوەگەلێکتریش ببێت کە باسمان نەکردوە .

**پێوەرەکانی کچ و کوڕ بۆ هاوسەرگیری:**

هەڵبژاردنی زاوا: لە قورئانی پیرۆزدا کچەکەی شۆعەیب بە بابی دەڵێت مووسا قەویی و ئەمینە بۆ کارکردن ئەجیری بکە، لە کوردەواریشدا کوڕ ئەبێت توانا تاقەتی کارکردن بە خێو کردنی خێزانەکەی ببێت و ئابڕوودار و بە شەرەف بێت.

هەڵبژاردنی کچ لە تەواوی میللەتە کاندا گرینگە، قابووسنامە، سیاسەت نامە ئەخلاقی ناسری ئەو کتێبە گرینگانەن کە بۆ هەڵبژاردنی ژنی باش پێوەرهایەکیان داناوە، بۆ نموونە خاجە نەسیر لە ئەخلاقی ناسریدا دەڵێت:باشترین ژن ئەوانەنن کە ئەقڵ، دین، داوێن پاکی، شەرم، خۆشەویستی، کورت زمانی، خەمڕەوێنی ملکەچی بۆ شووەکانیان تێدا بەدیدەکرێت، نەزۆک نەبێت ئەگەر هەموو ئەمانەی نەبوو پێویستە ئەقڵ و داوێن پاکی وحەیای هەبێت، نابێت جوانی و زەریفی ژن ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەوانی تر لەبەرچاو نەگیردرێت بە دەگمەن زەریفی و پاکی یەک دەگرن(طوسی ،1399: 216).- کورد وتەنی ژن فرە زەریف ساحێوی نییە-

گۆرانی بێژان دەڵێ :

*پیاوی ژن جوان دایەمە کزە          خشەی مشک دێت وازانێ دزە*

**قەتع وبڕ**: دوای ئەوەی کە کوڕ و کچ یەکیان پەسەند کرد، ئەمجار باسی قەتعوبڕ یان ماڵ بڕینەوە دێتە ئاراوە کە بریتیە لە شیربایی، مارەیی، وەجوماڵ،دەخڵودان(شتومەکی خواردن بۆ زەماوەند)لە ڕابردوودا ڕەسم وا بوو کە برە پارەیێکیان دابین دەکرد بۆ خرپوپێت و کەلوپەل بووک یان وەوی کە دەشیا لە لایەن زاواوە بدریایەت، بەم پارە دەیان کوت" شیروایی" یان بە قەولی فارسەکان"شیربها" بەو واتایە زاواا پارەی ئەو شیرە دەدات کە دایک بە کچەکەی داویەتی. بڕی پارەی شیروایی لە نێوان بنەماڵەکاندا جیاوازی هەبوو، هەرچەندێک کچەکە جوانتر و خوازبێنی کەری زۆرتر بووبایە شیروایی زۆرتریان دەسەند.جاریش وابوو شیروایی زۆر داواکردن بەو مەبەستە بوو کە کوڕە نەتوانێت دابێنی کات و بنەماڵەی کچیش بەم جۆرە ناڕازی بوونی خۆیانیان دەنواند کە هەم کچەکەیان دڵی نەیێشێت و هەم کابراش زاواش خۆی دەست لە ئەو کچەهەڵگرێت دەتوانێن بڵێن


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

جواوکردنێکی تا ڕادەیەک مۆحتەرەمانە بوو. کە بڕێک جار زاوا مەجبوور دەبوو کچە هەڵگرێت و ئەو زێدە بەجێ بێ لێت. زۆر جار کچ بە دڵی خۆی شووی نەدەکرد.

هێرۆدووت دەڵێت:"بابلیەکان ڕەسم و یاسایان وا بوو کە ساڵێک یەکجار کچەکانیان لە مەیدانی ئاوایی یان شاریە مەبەستی هاوسەرگیری کۆ دەکردەوە تا بیانفرۆشن، ئەمڕۆ مارەیی و شیروایی سەندن هەر ئەو یاسایە وەبیردێنێتەوە"(سیفی٢٠١٨:٦٦). مارەیی بەشێکی قەتعبڕ بوو، بڕێکجار مارەیی کچی دەوڵەمەند شەشدانگی ملکێک یان دێهاتێک یان شتێکی زۆر بە نرخ بوو، بەڵام زۆربەی خەڵک بڕەپارەیەک یان نۆزدە میسقاڵ زێڕ بوو کە لەنێو خەڵکا باوە دەڵێن مارەیی کێداویە و کێ سەندوویە. عەرەبێش دەڵێن عندالمطالبە یان عندالاستطاعە یە. عندالمطالبە بەو مانایە کە هەر کات ژنە داوای کرد مێردەکەی دەبێت بیداتێ بەڵام عندالاستطاعە ئەوەیە کە مێردەکە هەرکات توانایی ماڵیی ببێت بیدات. لە نێوان ژناندا باو بوو کە ئەیانکوت ئەگەر ژن مارەییەکەی ئازاد نەکات ئەگەر ئێحسانێکیش بکات هیچ سواوێکی پێناگات، جا ئەگەر ژنە بە مێرد و ماڵەکەی دڵخۆش بووبایەت بە شتێک وەکوو مانگا یان گوێرێک یان شتێکی تر کە لە مێردەکەی دەیسەند مارەیی ئەبەخشی-شەرعی ئیسلام ئەم شتەیان بە دروس نەدەزانی چۆن شتی وا لە ئیسلامدا نەبوو.

زێڕ و تەڵاش بەشێکی تر بوو لە قەتعوبڕ کە ئەویش بە پارە دابین دەکرا، کوشتودان، پێخۆر و....بەشێکیتر بوو کە دابین دەکران

خەڵات یانێ دیاری زاوا بوو دایک و ژنانی خزمی نزیکی بووک کە بریتی بوو لە ڕەشتی بوو سەروین قماش بوو کەوا و سەڵتە و...

پێداویستیەکانی ماڵیش ناو ئە برا و هەموو ئەمانە لە کاغەزێک کە ناوی سیاهە بوو ئە نووسرا و ئەوانە وا لە مەجلسا بوون واژوویان ئەکرد. زۆرجارکاغەز لە بەینا نەبوو، قسەی خۆیان سەنەد بوو، جاری وا هەبوو بابی کچ ناڕازی بوو،بە کوڕە متمانەی نەبوو کچەیی بەخیو کات، بابی کوڕ تاڵێک سمێڵی دا ئەنا بوو متمانەیی بابی کچ، ئەوەبوو زۆر جار بە سمێڵی مەردانە سوێندیان ئەخوارد.

جاری واهەبوو لە خوازبێنی بابی کچ بە کینایە ئەی گوت: کچم ئەسپی نەدیوە یانێ منداڵە، سەد مەخابن ئەم کینایە بایەخی ژنی کز ئەکرد و ناشیرین بوو، بۆیە باسمان کرد بێ ڕێزیەکان کۆمەڵگاش پیویستە بناسرێن با دووپات نەبنەو.

**دیاری کردن:**

بنە ماڵە ی کوڕ دوایی قەتع و بڕ لەو شەوە یان چەن شەو دواتر بە پێ داب و نەریتی ئەو شۆێنە کەل و پەلی پێویستی بووکیان لەگەڵ خۆیانا ئەبرد، بانەسەری،کیلکەوانەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

زێڕ یان ئەڵقەیی دیاری و چەن شتی تر کەل پەلی دیاری بوون، خوشکی زاوا یان کچێکی بوخچەنەکراوە(شوونەکردوو) یان ژنێکی بەڕەواڵەت بەختەوەر، بانەسەرییەکە باتە سەر بووکا، جا بووک لەبەر ئەوە کە شەرم و حەیایی خۆی پیشان بات یان بە ویتەێک لەگەڵ ژێربارچوون شەرئەکات چەن جار ئیجازە نادات بانەسەری بەنە سەریا( بازێکیان کوڕەیان بە دڵ نییە) دوایی بانە سەری ئەدریتە سەریا وئەگەر زاوا لەوێ بێ بانگ ئەکەن لە زاوا ئەنگوستیلە بکاتە دەستی، زاواش نەبێ ژنێک ئەو کارە ئەکات.- لە کوردەواری ڕەسم نییە زاوا بچێت بوو ماڵ بووک تا کاتی کە پایی ئەکرێتەوە کە دوایی باسی لێ ئەکەین- " ئەڵقە هێمایی بەیەکەو بوونە بو عومرێک و بڕیاری هاوژینی پێکەو بوونیکی بەردەوامە، جیا لە مانە هێمایکە کە خۆ پاراستن و خۆشەویستی و قەرار و قەولی تیا بەدی کراوە" ( شوالیە ،1387: 23).

لەم کاتەوە کوڕ و کچ ئەبنە "دەسگیران" یانێ دیاری کراوبوو یەک کە ئە بێ پاڵ پشتی یەک بن . فارس وتەنی ئەبنە" نامزد "بە وتەی شەفیعی کدکنی نامزد یانی نیم زادچۆن هەندێ پیان وایە کە مروڤ لە دایک ئەبی چ کوڕ چ کچ، ناتەواوە، دوایی لفی خوەیی پەیا ئەکا و ئەمجارە کامیل ئەبێ چونکا "هاوسەرایەتی، پێوەندی لەشی و هاو بەشی لە ژینی پیاو و ژنە کە بە موافقەت یاسا یان خەڵکی و ئەمری دین پێک دێت( غلامرضایی ،1397: 5).
لە ڕابردودا بەر لاوە شیرینیان ئەخوارد دوایی مارەیی کچیان ئەبڕی بازێ جاریش پێکەوە ئەکرا.

**شیرینی خۆران:**

لەقەتع وبڕدا یەکێک لەوانەیی لە سەری باس ئەکرا شیرینی خۆران بوو کە بنەماڵەی بووک بە بنە ماڵەی زاوایان ئەوت ئەبێ شیرینی خۆران بکەن، ئەوانیش کەل و پەلی پێویست یان دابین ئەکرد و لە کاتێک دیاری کراو لەگەڵ قەوم و کەس خۆیانا ئەهاتن بوو ماڵ بووک، بنەماڵەی بووکیش قەوم و کەس خۆیان داوەت ئەکرد. بەر لە هاتن مێوانەکان لە لایەن بنەماڵەی زاواوە چەن ژنێ یان چەن کچێ ئەهاتن بوو ماڵی بووک کەل و پەلی بووکیان ئەهینا بەرلاوەتر لیباسەکانیان ئەدا خانمێک ئەی دوران و ژنێک کە کاری جوان کردن ژنان بوو لەگەڵ خۆیان ئەیان برد تا کۆ بووک جوان کات، ڕوومەتی بگرێت، سەروینی بوو بوەسێتەو...- پێویستە ئاماژە بکەین لە کوردەواری کچ تا شوو نەکات حەقی نەبوو مووی ڕومەتی بگرێت یان سەروین ببەسێتەو(کچان قەرەپێچێیان ئەکرد) و هەرشتێک هێمای ژنی پێ بێت نابی کچ کەڵکی لێ بگرێت.

هەی وەی بالابەرز سەروێن بێ گرێ　　　خەڵکی کام شاری هاولاتت نەمرێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

لیباسی کوردی ژنان هەرکام فەلسەفەیێکی تایبەتی خۆی هەیە، سەروێن، شاڵ، کەوا، سەڵتە، کراس، سینەپۆش، لفکە...گشتی بانگەوازی لە خۆراگری ژنی کوردئەکات، هەرکامی بەڕەسم و یاسایی خۆیی لەبەر ئەکریا کە ئەگەڕێتەو بوومێژوێکی کۆن کە لەم وتارە جێ باسی نییە ،تەنیا بوو وینە ئاماژە بە شاڵ ئەکەین کە هاو بەشە لە بەین پیاو و ژنا " هیچ شەکێک لە وا نییە کە شاڵ بەستن ڕەسمێکی کۆنی ئارییاییە و لە سوننەتی مەزدیسنا ئەم ڕەسمە ئەگەڕێتەوە بۆ پێش زەردەشت( پورداوود، 1387: 66). " کاتێک شاڵیان ئەبەست ڕوویان ئەکرد لە ڕۆشنایی، ئەگەر سووبح بوایێت ڕوویان ئەکرد لە خۆر هەڵات، لە دوایی نیوەڕوو ڕوو لە خۆراوا بوون، شەوانە ڕوو لە چرا بوون یان لە مانگ( هەر ئەوە: 71). شاڵ ئامرازێکە جوامێری ژن و پیاو بانگە واز ئەکات، شاڵ بەستن بوو بووک و کردنەوەی دوایی لە لایەن زاواوە ڕەسمی تایبتی کوردەوارییە، بووک گەیشتە ماڵ زاوا دوایی چەن کاتژمێر زاوائەبێ بڕوات و لایی بووک لە خەڵوەت چەن خولەک بمینیتەو، شاڵی کاتەو و نەوات بەر شاڵی دەربێرێت و زوو بێتە دەرەو کە دوایی لێ ئەدوین.

هەندێ جار لەکاتی مارەبڕین و شیرینی خۆران قسەو باسی زێدە بنە ماڵە زاوا و هە ندێ بیانویی بێ جێ بنە ماڵەی بووک، کێشەیی دروس ئەکرد، باوکی کچ پەشیمان ئە بوەو و ئەیوت کچ نادەمە شوو، بیانووی ئەگرت، دوایی رازیان ئەکرد کە هەڵی نەشێوێنێتەو، ئەمجار داوایی شیروایی زۆرتری ئەکرد، بەم داواکارییە نۆییەیان ئەوت " چەقین " باوک کچ ئەیوت چۆن بنەماڵەی زاوا نەفامانە قسەیان کردووە من بەم زیادکردنە قەرەبووی ئەکەمەو، زۆربەی بنەماڵەکان زاوا قەبووڵیان ناکرد ئەیان وت ئەمە پێ ئەیژن" کەرانە" ئیمە نایدەین بەڵام ریش سپی یان کەسانێک دیکە بنەماڵەی زاوایان رازی ئەکرد.

**مارە بڕین:**

زۆر جاربێ ئەوەی کچ و کوڕ یەک ببینن، لە یەک مارە ئەکران، باوەڕ وابوو باوک سەلاح و مەسڵەحەتی کچەکەی باشتر ئەزانی و بێ پرسی ئەو ئەتوانی مارەیی بکات لە هەرکەس کە خوەیی بە باشی ئەزانێ ،سەد مەخابن لەم بابەتەوە زۆڵمێکی زۆر لە کچ ئەکریا و حەقی هەڵبژاردنی لێ ئەسێنرا، ئەم زۆڵمە نکۆڵ ناکرێت و نابێ بیانویشیی بوو بێنیینەوە ،تەنیا کچ نەبوو، بابی کوڕیش بێ ئەوەی کوڕ خەبەری بێ کچی بوویی پەسەند ئەکرد، مارەیی ئەکرد، لە ڕۆژی زەماوەندا کوڕ بووکی ئەبینی.

زۆر جاریش لە دوورەو کوڕیان بە کچێک پیشان ئەدا یان کچێکیان بە کوڕێک نیشان ئەدا کە ئەوەیە هاوژینت، شەوی زەماوەن دەرئەکەوت فێڵیان لەگەڵیا کردوە، بووک یان زاوا کەسێکی ترە- ئەمانە لەو کاتانادا بوو کە کچ و کوڕ خەڵکی شۆێنێکی تر بوون-

له کوردەواری بە پێ شەرعی ئیسلام کچ تا مارەی نەکەن بوو کوڕ نامەحرەمە و پێویستە لە کاتی مارەبڕینا بابی کچ حوزووری هەبێ ئەگەر بابی نەبوو باوەگەورەیی ئەویش نەبوو برا و مام و ...ئەتوانن کچ مارەکەن بەڵام بوو بێوەژن ئیزنی باب پێویست نییە، هەرچەن حەیا و شەرم ژنانی کورد وایە کە بێوەژنیش بێ ئیزنی گەورەیی شوو ناکات

فرە حەزم کرد وەم ڕۆژە کەفتی    لە شوو نەکردو بێوەژن کەفتی

- کوردانێک کە سەر بە ئایینەکانی ترن بە شێوازیی ئایینی خۆیان ئەم بەشە بە ڕیوە ئەبەن- مەلایی ئایینی ئەهات و لە حوزووری دوو شاهید کوڕ و کچی لە یەک مارە ئەکرد، زۆربەی کچان و کوڕان بابیان ئەکردە وەکیلی خۆیان لە کاتی مارەبڕینا، وەکیلەکان دەسیان ئەنیا ناو دەس یەک و ماموستایش سیغەیی ئیجاب و قەبووڵی پیان تەڵقین ئەکرد و دوایی دەس یەکیان ماچ ئەکرد. زۆر جاریش کچ و کوڕ یەکێان نادی تا ڕۆژی زەماوەن.

*دۆعایی ئەکەم گشت بێژن ئامین        مەلا نەمێنی لەسەر ڕووی زەمین*

*مەلای مارەبڕ ئیمانی نییە        نایێژێ بەکچ مەیلو لە کێیە*

بەڵام ئەمڕوو کچ و کوڕ خۆیان لە وەختی مارە بڕینا هەن و ماموستا چەن جار لە کچەکە ئەپرسێت بەم کوڕە رازیت؟ ئیستە بوەتە باو تا سێ جار پرسێار ئەکات، ئەم ڕەسمە لە ئایینی زەرداشتەوە هاتووە، کچانی جوان و ژنانی بە ڕەواڵەت بەختەوەر تارایێک لەبان سەر بووک و زاوا ڕا ئەگرن دوو کڵویی قەند بە یەکا ئەدەن تاکۆ ژیانیان شیرین بێت. لە قەدیما باو بوو لەکاتی مارەکردنەکەدا  ژنان هوشیار بوون کەسێک بووک و زاوا تەلیسم نەکات، چونکو لە رابردوودا کاتێک لە شەوی پەردەدا کوڕ نەی ئەتوانی زاوا ببێت بە بێ لە بەر چاو گرتنی عیلمی پزیشکی، ئەیان وت لە کاتی مارەکردنەکەدا تەلیسمیان کردوە و ناڵی ئەسپیان لە خاک نیاوە وە تا ئەو ناڵە نەپۆرتکێت ئەم کوڕە زاوا نابێ.

**پاکردنی زاواو ڕوژگاری دەزوران داری:**

لە دوایی شیرینی خۆران یا مارەبڕین، ماڵی بووک زاوایان داوەت ئەکرد ،ئەویش لەگەڵ بنەماڵەی دیارێکی بەنرخی بو بووک ئەبرد جیا لەویش بو دایک و خویشک و براژن ...بووک دیاری ئەبرد. شام یان نەهار لەوی ئەمانەو. ماڵی بووکیش شتێکی شایانیان ئەدا بە زاوا. دوایی زاوا بەتەنی ئەیتوانی هاتوو چووی ماڵ خەزوورەی کات. ئەمە پیان ئەوت پاکردنەوەیی زاوا.

**پاکردنەوەی بووک:**

لە کوردەواریا ئەم نەریتە نەبووە، ئەگەر ئیسە ئەبینرێ لە فەرهەنگەکان دیکەوە وەرگیراوە.

**ئیجازەی زەماوەن وەرگرتن:**



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

لەکاتی مارەبڕین کاتی زەماوەن دیاری ئەکرا، لە کوردەواری بە بۆنەی کاروبار کشت و کاڵ زۆربەیی زەماوەنەکان لە پاییزا ئەکرا، لە ناو مانگەکانا لە مانگەعەرەبیەکانی سەفەر و موحەررەم ولە ناو ڕوژانیشا ڕۆژی شەممە زەماوەن ناکرا ئەیان وت:

شەممە کارو شەممە بار     شەممە وەوی(بووک) تیا ناکری سوار

جیا لەمانە هەرکات بنەماڵەیی زاوا خۆیان تەیار بکردایێت ئەهاتن بوو ماڵ بووک و ئیجازەیی زەماوەنیان داوا ئەکرد، پێویست بوو بنەماڵەی بووکیش تەیار بوایێتن، بنەماڵەیی بووک ئیجازەیان ئەدا و کات و ساتی زەماوەن دیاری ئەکرا، بنەماڵەی بووک و زاوا ئەگەر کەسێکیان یان دەراوسێکیان بە تازەیی لە دنیا دەر چوبایت، بە بردنی شێرینی یان کەلە قەن بوو ئەو ماڵە ڕێز و حورمەتیان بوو خۆیان و بنەماڵەیی مردوو دا ئەنا، ئەوانیش بەر لە ڕۆژ زەماوەنەکە بە شیرینی و هاوردن دیاری بوو بووک و زاوا ئە هاتن موبارەک بایی یان ئەکرد

بنەماڵەیی زاوا ئەگەڕانەو بوو ماڵی خۆیان و کەل و پەلی دیاری کراویان بەرەو ماڵی بووک بەڕێ ئەکرد، جەماعەتێک پیاو و ژن لە گەڵ سێ کەسی تایبەتی بە ناویی: پاخەسوو(ژنێک بە ساڵاچوو)، ریش سپی( پیاوێک بەساڵاچوو) و پیاو پاخەسوو(گەنجێک خێزاندار یان ڕەبەن) کەل و پەلی خواردەمەنی و لیباسی بووکیان بەرەو ماڵی بووک ئەبرد،دوایی تەحویلی، بێجگە لەو سێ کەسی تایبەتیە ئەوانی تر ئەگەڕانەو بوو ماڵی زاوا.

**سەر ساج:**

بنەماڵەیی بووک ڕۆژی ئەوەڵ زەماوەن، ژنانی جیران و هاوسێ داوەت ئەکەن بوو دوایی نیوەڕوو کە پێ ئەیژن سەرساج، نانی زەماوەن لەگەڵ نانانی تر جیاوازە، ئەم نانە پێ ئەڵێن **تیری** کە لەبان ساج ئەکرێت نەک لە تەنوورا. یەکێک لە پێداویستییەکان بوو سەرساج و زەماوەن ئارد بوو، خانمێک کە کاری تیری کردن بوو پۆڵیان پێ ئەدا ئەم کارەیی ئەکرد، بەر لەوە کیسە ئاردەکە ئاوەڵاکات داوایی پۆڵی لە پاخەسووی ماڵ زاوا ئەکرد، ئەی گوت تا پۆڵم نەدەنی درگایی گۆنییەکە ناکەمەو، پۆڵیان پێ ئەدا درگاکەیی بازئەکرد. وەم کارەیان ئەوت **دریا هۆڕانەوە**. دوایی نانی تیری ئەکرد پاخەسوویی زاوایش لەگەڵ ژنانی تر خۆراک ڕشتەو تورشیان دروس ئەکرد. ئەوانەیی وا داوەت بوون بوو سەرساج، دوایی نیوەڕوو ئەهاتن وە پۆڵێک یان کەلەقەندێکیان لەگەڵ خۆیانا ئەهاورد بوو سەر ساج، بنەماڵەیی بووکیش پێشوازی لیانەو ئەکرد و ڕشتەو تورشیان بوو پەزیرایی دا ئەنیا. ئەمجار ئەوانە وا هاتبووون بوو سەرساج بوو شێو داوەت ئەکرانەو، زۆربەیان کچ و ژنی جوان بوون، شێویان پێ ئەدریا دوایی شێۆ کچانی بنەماڵەی زاوا ئەهاتن بوو ماڵی بووک بوو خەنەبەندان.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**خەنەبەندان:**

بەر لەوەیی شێو بخوەن ژنێک لیباسیی ئەکردە بەر بووک وە سەری بووی ئەبەستەو، بەر لەسەر بەستنەوە داوایی پۆڵی ئەکرد، پاخەسوویی زاوا پارەی ئەداتێ، پیان ئەوت **سەر وەسانە**، جاران زاوا شەو خەنەبەندان حەقی نەبوو بچێتە ماڵ بووک لەم دواییانە ببووە ڕەسم. شەوخەنەبەندان خەنە ئەکرا ئاو، دەست و پێ بووکی پێ ڕەنگ ئەکرا، کچانی بوخچەنەکراو، نێودەستی خۆیان بە خەنە ڕەنگ ئەکەن ، شایی و هەڵپەڕکێکی کورت بەڕێوە ئەبەنو بڵاوە ئەکەن. هەر ئەم شایی و هەڵپەڕکیە لە ماڵی زاوایشا بەڕێوە ئەچی بە شەوقێکی زۆرترەو.

هەڵپەڕکێ لە کوردەواریا باوە و زۆر جاریش لێکۆڵینەوەیی لە سەر کراوە.وێدەچێت" هەڵپەڕکێ لە ئاسمان و هاتوو چووی اجرامی فەلەکی وەرگیریاوێت" ( سیفی،2018 : 73) ئەڵێن ئینسان بە مل هەمو شتێکا زاڵ ئەبێ مەگەر زەمان، لەبەر ئەوە بە پێچەوانەیی عەقرەبەیی ساعەت هەڵ ئەپەڕێ، ئەیەوێ زەمان بباتە دواوە، لە بەند و چەڵەمەکانی ژیان رزگار بێت." لەکاتی هەڵپەڕینا مووەکانیانی خاتوونان پەرێشان ئەکرێت، ئەوە ڕائەگەێنێت کەئەیانەوێ لە ژێر کۆسپ و چەڵەمەکانی سنووردار ڕزگار بن، هەڵپەڕکێ شێوازێکە کە بەرەو ئازادی ڕێگە ئەپێوێت( شوالیە ،1387 : 321).لە هەڵپەرکێ کوردەواریدا زۆر جار ڕشبەڵەک هەبووە مامۆستا هێمن ئەڵێ: "من ئەو ڕەسمەم لە ڕەشبەڵەکێ لادێ دازۆر پێ جوان بوو کە پیاو مەگەر ژن بۆ خۆی بانگی بکردبا، دەنا هەقی نەبوو بچێتە دەستی دۆیان، پیاو دەبوو هەمیشە لە پێشەوە ڕا بچێتە نیۆگەری داوەت، دەنا عەیب بوو. بەڵام دۆ دەبوو لە پاشەوەرا بێتە ناو داوەت و هەڵبژاردن بە خۆی بوو. ئەو ڕەسمە دەگەڕێتەوە سەر ئەو زەمانەی کە ژن لە کوردەواری دا ئازادی پتر بوو( شیخ الاسلامی، بێ تا: 16). لە هەڵپەڕکێ کەسی هەوەڵ کە **سەرچۆپێ کێشی** پێ ئەڵێن وەکۆ سەرۆک وایە شایی ئەگەڕینێ، کەسی پاڵ دەسی وەکۆ جێگیرەو کەسی ئاخریش کە بە **گاوانی** بەناوبانگە پارێزەری شاییە و هەمویان و بیرهێنەوەی خۆرومانگ و ئەستێرەن کە لە شۆینی خۆیان لانادەن تاکۆ ڕێکی و پێکی بوون و هەستی بنوێنن.

دوای هەڵپەرکی میوانەکان ئەڕون بوو خواردنی نەهار وە دوایی نەهار بووک ئەبەن بوو ماڵی زاوا. لە کوردەواریا رەسم نەبوو زاوایش بێت بە دوایی بووکا، بەڵام لە هەندی میللەتا ڕەسم وابوو کە زاوا لە ماڵ بووک زاوا بێ، عبدالله بابی پێغەمبەر لە ماڵ وەهەب زاوا بوو تا سێ ڕۆژ لەوی ماوە( عبدالعزیزهەرتەلی ،1397: 33)، داستانی ڕۆستەم و تامینە لە شانامە، فاطمە غلامرضایی کهن لە وتارێکا ئەڵی لە هورموزگانیشا وایە، بەیتی لاس و خەزاڵیشا ئاماژەێک کورت بەم نەریتە لە کوردەواریا کراوە( فیدایی ،1380: 84).

ژنێک دێت بووک ئارایش ئەکات، دوایی موی سەری و ڕوومەتی دا ئەپۆشی تا کو کەسێ ڕوومەت و موی سەری بووک نەبینێ" چۆن کو پیان وایە ئارایش و جوان کردنی بووک، ئەو لە ناپاکییەکان پاک ئەکاتەو بەم ڕووبەندە لە ناپاکی ئەپارێزرێت چون کۆ پاکی وەکو کچی(باکرگی) بە بووک قداسەت ئەبەخشێت وە بووک وەکو وڵاتێک داگیر نەکراو ئەمێنێتەوە تا کۆ پاڵەوانێ وەکو زاوا بەدەسی بێنێ جیا لەمانە پیان وایە بانەسەری و لەچک مانیعێکن لە بەرامبەر حوزور دێوەکان لە نێو پەخش و پەرێشان بوون موی سەرا شتیک کە لە تەک دەقی وندیدا یشا براوەرد ئەکرێ"( سیفی ،2018: 56)، بۆیە دەس لە ڕووبەنی بووک نادەن تا کو زاوا خۆی لای با، لەو ماوەیەدا بووک تەیار ئەکەن، ژنێک کە تازە مناڵی بووە نابێ بچێتە لای نەک وا چلەی بکەوێتە سەربووک دوایی لە شاڵیدانەبات دائەنێن و لە کەوشەکانیدا پۆڵ، ڕوبەنی سوور ئەکێشن بەسەریا. نەبات تایبەتی زاوایە و پۆڵیش بوو ئەو کەسەی کە کەوش و پێڵاوی بووک لە پای دەردێنی و ڕوبەنەکەێش بووئەوەیە کە بێجگە زاوا کەس نابێ ڕوومەتی بووک ببینێ. بەر لەوەی بووک لە ماڵ بچێتە دەر پێ ئەڵێن دەس وەبان سەر ئەو قەیرەکچانە بێرا با ئەوانیش وەک توو ببنە بووک.

جل و جێوانی بووک لەسەر چەن وڵاخ بار ئەکرێت و ئەدرێتەچەن کەسی جێ باوەڕ، بەر لە سوار بوون بووک بیبەن بوو ماڵ زاوا.

بەر لەوە بووک لەماڵ بێننە دەر سێ جار لە دەوری تەنووری ماڵەکەیانا ئەی چەرخێنن وە ئەڵێن دەور تەنوورەکە ماچ کە، با کوانویی ماڵی بابت لەبیر بێت، وابەستەیی وە کوانووە گەورە بەردەوام بێ.

*خۆزم وەو کەنیشکە ئەچێ وە باوان      برا شانی ئەگرێ و دایک لە داوان هەندێ کچ*

*ماڵی بابیان لەبیر ئەبردەو،      لای ژنان ئەمەیان وەباش نازانی*

*ئاگر خاسە دەم دووی      برا خاسە نە وەک شووی*

*خۆشە ئاگر خۆشە دوو      برا خاسە نە وەک شوو* (بنی ویس، 1988: 14)

ئەم دابو نەریتە موقەدەسی ئاگر ئەگەێنێت کە ئەم بنەماڵە لەدەوری کۆ ئەبونەو،ڕەنگە زۆر شتی تریشی تیا حەشار درابێت ئیمە نەزانین.

دوایی خزم و کەس و کار خواحافزیان لێ ئەکرد، گەرەکیان بوو بووک بێننە دەرەو لە ماڵ برایی بووک نەی ئە هێشت و داوایی پشت دریانەی ئەکرد، بابی زاوا یان برایی زاوا پۆڵیان ئەدا، بەمەیان ئەوت **پشت درگانە**،دوایی ئەمانە کچێکی جوان ئاوێنەیی لە بەر دەمیا هەڵ ئەگرت کە بووک خۆی تیا ببینێت، پیان وایە ئاوینە شەڕەکان دوور ئەکاتەو ،پاڵ پشت زاواو و بووکە، شکانی ئاوینە هێمایی جوداییە، ئەگەر ماڵی زاوا نزیک بوایت غەرغەرە یان مەکارەیان ئەوەستە پایی بووکەو کە بە هێمنی بەڕێگا بڕوات، ئەگەر بوو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

دێهاتێکی تر بڕۆشتایێت قورسیان ئەهینا و بووکیان لەسەری سواری ئەسپ ئەکرد، ژنانی کوردەواری گشتیان سوارکار بوون بەڵام ئەبوا کەسێک رەشمەیی ئەسپەکەیی بگردایت، پیان ئەوت **جڵەوکێش**. ئەگێرنەوە کوڕێک کچێک خوازبێن کچێک ئەبێت، پێ نادەن، کچە شوو ئەکاتە شۆێنیکی تر، لە ڕۆژی زەماوەندا ئەسپ لەو شۆێنە دەس ناکەوی، بێجگە لەو کوڕە کەس ئەسپی نابێ پێ ئەڵین ئەسپەکەت بێرا بووک لێ سوار بێ ئەویش ناچار ئەبێ ئەسپەکە ئەدات، ئەیژن خۆیشت ببە جڵەوکێش، ئەویش ئەڵی؛

دەک خوا بمگرێت بوو کارێ کردم بوومە جڵەو کێش بردم بوومەردم

دوایی ئەسپێکیس تێرن بوو پاخەسوویی بووک.

کچی کورد ئینسانێکی با شەرەفە، داوینی خۆی پیس ناکات، بە پێ وتەی قورئانی پیرۆز" ان الله ان تؤد الامانات الی اهلها"( نسا ،58) کچێنییەکەیی ئەمانەتێک بووە کە خوا بە ئەمانەت لای داناوە تاکۆ پارێزگاری لێ کات و تا کاتی خۆی بی پارێزێ، خۆیشی ئەمانەتێکە لای باوک و دایک تا کات و ساتی خۆی ئەبێ هۆشیان پێو بێ ." لە ئوستورەکانی یونانا پارێز لە کچێنی شێوەێکی تایبەتە لە خۆڕاگری وە بەم کارە کردەوەێکی شەیتانی لە خۆیانەوە دوور ئەکەنەوە" ( سیفی ،2018: 42). ئەو ئەمانەتەی کە خوا لای داناوە ئەی پارێزێ وە ئەی داتە دەس ساحێوەکەی، لە رابردودا وەکو ئەمڕوو پزێشک نەبوو شەهادە بنووسێ، ژنێکی بەساڵا چویان لە گەڵ بووکا ئەناردکە شەهادەی پاک داوێنی کچ بێریتەو بوو ماڵی باوان، بەم ژنەیان ئەوت **پاخەسوو**، کوڕێکیان لەگەڵ پاخەسوا ئەنارد پیان ئەوت **پیاو پاخەسوو**. ئەمانیش لەگە ڵ بووکا ئەڕۆیشتن بوو ماڵی زاوا.

سوارکارەکان ماڵی زاوا کە پیان ئەیژن برازاوا، چوار دەوری بووکا ئەسپ ئەگەڕینن، توانایی خۆیان پیشان ئەدەن وەم کاریان ئەوت **قیروقاچ**.

وەختێک بووکیان ئەهاورد، شوانەکان مەڕێک باشیان تەڵ ئەکرد و ئەیان هاوردە نێو ڕێگەیی بووک، پاڵیان ئەخست وایان پیشان ئەدا سەری ئەبڕین، برازاوا پۆڵیان ئەدا شوانەکە مەڕەکەی ئازاد ئەکرد. ئەگەر لە ناو ئاواییەو عبوریان کردایت ژنان بە نوقڵ و شیرینی و ئاو کە هێمایی ڕووناکیە پێشوازیان لە بووک ئەکرد. کاتێک بووک نزیک دێ زاوا ئەبووەو، زاوا بە دزیەو ئەهات لە دوورەو سێف بدا لە بووک، برازاوا خۆیان بە پارێزەر بووک ئەزانی ،نەیان ئەهێلا زاوا ئەو کارەبکا، بەدوایا هەڵ ئەهاتن زاوا دەرئەچوو،بیان گرتایێت لیان ئەدا. ئەی ویست ئازایەتی خۆی بنوێنی بەڵام برازاوا ئەم کارەیان بە باش نازانی و بەر هەڵەستی ئەوێستان .

بووک ئەهاتە بەرەو، کورسیان دائەنا تا بووک لەسەر ئەسپەکە دابەزێ ،دوایی دابەزیان بووک، زۆر جار بابی زاوامەڕیکی پاڵ ئەخست سەری ببڕێت، لە ژێر پای بووکا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هێلکەیان دا ئەنیا تاکۆ پایی پیانێت ئەڵێن بو ئەوەیە چاوی پیس لیان کار نەکات لە لاێکی دیکەیشەوە ئەیژن یانی ناوێت لەمەرگ غافڵ ببیت چون باوەڕ وایە مروڤ کاتێک دێتە دونیا ئەمرێت، قانگیان ئەسوتان" چون پیان وابوو دووکەڵی ئاگر و قانگ ڕۆحە پیسەکان لە ناو کۆمەڵگادوور ئەکەنەو، ئەم داب و نەریتە لە ئایینی جاوگیرەکان قەرز کراوە"( سیفی ،2018: 20). زاوا ئەچوە سەربان سێوی ئەخست بوو سەر بووک کە هێزی خۆی بنوێنی، فارس وتەنی گەرەکی بوو: گربە را دم حجلە باید کشت، بووک سامی لێ ببا ... سێو هێمایی بەختەوەرییە، گەنجان ئەیان گرتەو و لە بەین خۆیانا بەشیان ئەکرد.
دوایی ئەمانە زاوا ئەهات باڵ بووکی ئەگرت و کچان لەبەر دەم بووک و زاوا بە دوو دەسماڵەوە هەڵ ئەپەڕیان وەم کاریانە ئەوت **دوو دەسماڵە**.
گۆرانی بێژ لەبەردەمیانا گۆرانی تایبەتی بووک و زاوایی ئەوت:
و داوایی پۆڵی لە زاوا ئەکرد، زاوایش پۆڵی پێ ئەدا.

بووکیان ئەبردە ماڵەو یان لەسەر کورسی دایان ئەنیا، تماشایی هەڵپەڕکێ ئەکرد، خەڵک شاواش یان شاباش بووک و زاوایان ئەکرد، و گۆرانی بێژ بە گۆرانییەو داوەت بووک و زاوایی ئەکرد بوو هەڵپەڕکێ ،ئەوانیش ئەهاتن بوو نێوی کۆڕەکە، خەڵک شاباشیان ئەکرد و کەم کەم بووک و زاوایان بەرەو سەرچۆپی هان ئەدا، بووک سەرچۆپی ئەگرت و بە شێوەێکی ئارام و سەنگین هەڵئەپەڕیا، برازاوا پۆیلەیان ئەکرد و دەرزی سنجاق پۆڵەکیان ئەدا لەدەور سەری. برازاوا و خەڵک دوایی چایی خواردن بڵاوە ئەکەن، بووک ئەوبرێتە ماڵەو، کچانی میر منداڵ پێڵاوەکانی دەر دێنن ،پارەیی ناو کەشەکە ئەبەن بۆ خۆیان، بۆیە پۆڵ ئەدەن بەڵکو نەمەک گیریان کەن کەس پێڵاوی بووک تا حەفتەێک نابێ بکاتە پا چۆنکۆ پیان وایە مناڵیان ناوێ. بووک نیشتەجێ بوو کوڕەکورپەێکیان ئەنیا باوشی بەڵکوو مناڵ هەوەڵی کوڕ بێت، ئەویش شتێکی وەک دیاری ئەدا بە کۆرپەکە.

### شاڵ کردنەوە:

دوایی دەوری خەڵوەت ئەکەن و زاوا ئەنێرن بوو لایی بووک شاڵی بکاتەو، هۆکاری شاڵ کردنەوە ئەوەیە تا ئەگەر زاواو بووک یەکیان نەدیبێ ترسێان لە یەک بشکێت- پێشتر وتمان زۆر جار کوڕ و کچ یەکیان تا شەو زوماوەن نادی- دوای شاڵ کردنەوە زاوا دێتە دەرەوە، نەباتی نێوشاڵ ئەداتە کچ و کوڕان

### زاوا بوون:

بنەماڵەیی زاوا کچان و ژنانی دەراوسیان بوو شێو داوەت ئەکرد تا لەگەڵ بووکا شام بخۆن. زاوا شامێک سووک ئەخوا بووکیش هەروا.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کچـــان و ژنـــان هاوســێ بـــڵاوە ئەکەن، ژنە بەســـاڵاچووەکانی خـــزم لەگەڵ دووپاخەسوەکە ئەمێننەوە، پاخەسوەکان ئەڕۆنە ناو دیوێک دەلاقەو پەردەو ئەپشکنن کەس نەتوانی تماشایی ناو دێوەکە بکا یان کەس خۆی تیا نەشاردبێتەو، کاتی دڵنیا بوون دۆشەکەی بووک ڕا ئەخەن و پارچەیکی سپی کەپێ ئەڵێن **دەسماڵ** پیا ئەدورنن، خۆیان دێنەدەرەو زاوا ئەنێرن بوو پەردە، پەردە مەنزوور ئەو دیوەیە کە بووکی لێە ،مەبەست لەم وشە ئەوەیە کە بـووک کـچە و لەم دیـوە زاوابە لابردنـی پەردەی کچانەیی ئەی کـا بە ژن، لە تەفسیری جلالین لە بارەی ئایەتی 55 سورەی یاسین بیروڕایان وایە " فی شغل فاکهون" هەر ئەو افتضاض الابکارە یە( محلی و سیوطی، بێ تا: 584) بۆیە لە کۆمەڵگا ئەونە بایەخی پێ دراوە.

بەر لە پەردەچوون زاوا ئەبێ یەکێک لە کوڕان کە زۆر خۆشەویستیە بە زامن دا بنێ کە زوو زاوا بێ ئەگەر درەنگ بێتە دەرەوە زامنەکەی لە لایەن پیاوانی ترەو ئەشکەنجە ئەکرێ، بە جۆرێ لێ ئەدەن کە زاوا ببیسی و بو زاوا بوون پەلە کات. پێش تر بە زاوایان وتـوە کە چـویتە پەردە نـاو چـاوی خـۆت گـرژ کە بـا بـووک لە ژیانیـا لێت بترسـیت، بە بووکیشیان وتوە زوو لەبەر زاوا هەڵ سە تاکو سامی زاوانەکەوێتە ملتا.

دوای زاوا بـون بـووک نـابێ خـۆی پۆشـتە بـکاتەو تـا ژنـان و پاخەسـوەکان دێـن و ڕووسوری کچ بە سوور کردن دەسماڵەکە ئەبیین، لە خۆشیان ناو چاوی ماچ ئەکەن، پۆڵ و پارە ئەخەنە سەر دەسماڵ بوو پاخەسوی بووک ،جا ئیزنی بووک ئەدەن لیباس لەبەرکات، زاوا ئەنێـرن دەس بـابی مـاچ کـات. پاخەسـوی بـووک لە گەڵ پاخەسـووی زاوا و پیـاو پاخەسـوا دەسماڵ ئەوەنەو بوو ماڵی بووک و ماڵ ئاوایی یان لێ ئەکەن کە کچەکەتان ڕووسوورتانی کردوە. دایکی کچ ژنانی دەراوسێ بانگ ئەکات و ڕووسووری کچەکەی خۆی پیشان ئەدا. پـاکی کـچ زۆر گـرنگە لە ئامرێکا هەمـو سـاڵی داب و نەریتـی هەڵپەرینـی پـاک، رقـص پاکpurity ball بەڕێوە ئەچێ کچان لەم ڕێوڕەسمە بەڵێن ئەدەن تا بەر لە زەماوەن بەکچی بمێننەوە و خۆڕاگر بن( کریستوفر،وەرگێر مهدیان ،1391: 10)

بەڵام ئەگەر زاوا نەیتوانیایت زاوا ببێ، ئەیان نارد لە حەوزی سارد مەلەکات، ئەگەر دیســـان زاوا نەبوایـــت کراســـی بووکیـــان لەبەری ئەکـــرد ،یـــان ئەیـــان وت لە کـــاتی مارەکردناجادویان کردوەوە بەستیانە،پەنایان ئەبردە دوعاو نووشتە، زۆر جار پاخەسوو چەن ڕۆژ لەماڵ زاوا دا ئەنیشت تا کوڕ زاوا ئەبوو، زۆر جار پێش هاتوە کچە بە کچی گەراوەتەو بو ماڵی بابی، ئەمانە گرێ دراوەبە عیلمی دەروونناسیەو.

بەڵام ئەگەر زاوا زاوا بوایـت و دەسـماڵەکە سـوور نەبوایـت، کێشـەیی زۆر دروسـت ئەبوو،وەکو ئەمڕو پزشک نەبوو تا کو بی پشکنێ شایەت ئەو کچە بێ تاوان بێ ،بووکیان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئازار ئەدا، بنەماڵەی بووک سەرشۆڕ ئەبوون، سەر بووکیان ئەتاشی و سوار کەریان ئەکرد و ناو دێ ئەیان گەڕان تا کۆ ببێتە عبرەت و پەن، دوایی تانەیان لێ ئەدا ئەیان وت ئەی و پەن بووە، دوعای شەڕ ژنان بو کچان ئەوە بوو یاخوا ببی و پەن.

چۆن پیان وابوو ئەم کچە گوناح کارە و گوناح کاران لە هەر کۆی بن خوا غەزەب ئەگرێ لەو جێگە تا چەن ساڵ حاسڵیان نابێ، بوو قەرەبوو کردنەوە ئەم کچەیان ئەشکەنجە ئەکردتا کو رۆحی پیس لەوا دەرچێت و بەم ئەزیەت و ئازارە پاکەو ببێتەو.

بەڵام زۆر کەسیش بوون ئەمەیان ئەشاردەو، گوێ گوێدرێژیان چاک ئەدا خوێنەکەیان ئەکردە بان دەسماڵەکە، بووکێک خۆی بیزانی بایت کچێنی نەماوە کەڵەکێکی وەکار ئەبرد تا کۆ دەسماڵی سوورکات، دەرزی لەم بابەتەوە کەڵکی لێ وەر ئەگیرا...

زۆرجار بووک راسیەکەی بە زاوا ئەوت ئەویش وەکو سڕێک ئەیشاردەوە، فریدالدین عطار نیشابوری لە الهی نامە ئەی گێڕێتەوە کابرایێک ژنی هێنا بووکە کە رووسوور دەر نەچوو پێ وت: بێ ئیمانم گەر ئابڕووت ببەم ئەم سڕەت نەشارمەوە، من سڕت ئەپۆشم تا خوایش سڕ من بپۆشێ چون کو خۆیشم عەیبم لە دینا زۆرە.

| | |
|---|---|
| *بدو گفتا که من ایمان ندارم* | *گر این سر تو را پنهان ندارم* |
| *بپوشم تا بپوشد کردگارم* | *که من پیش از تو در دین عیب دارم* |

[١] عطار ،1394: 154)

بەڵام ئەگەر ژن بەژن بێت شایی هەرکامیان لە ماڵ خۆیانابەڕیو ئەچوو لیباس و ناوجیازی و شت هاێک تریان تاڕادەێک وەکو یەک بوو، رۆژی بووک گواستنەوە جێگەیکیان دیاری ئەکرد، هەردوو بنەماڵەکە لەوێ ئامادە ئەبوون، پاخەسوەکان هەردو لا بە بووکەکانیان ئەوت دەرزی یەقەکانتان بەنە یەک تر، بە دەرزی ئاسن رۆحی پیسی جنیان لە یەک دوور ئەکردوە، ژنان پیان وایە ژن لە دەرزی و سنجاق کە لە ئاسنە ئەترسێ و نزیک کەسێ کە دەرزی پێیە ناکەوێ. دوایی بنەماڵەی زاواکان هەر کامیان بووک خۆیان ئەهاوردەو بوو ماڵ.

### بڵاو کردنەوەیی ناو جیازی:

دوای ئەوە کە پاخەسو چوەو بوو ماڵ بووک ، بووک یەغان و چەمەدان خۆی ئەکاتەو و دیاریەکان خۆی ئەداتە خزمەکان ماڵ خەزورەی، بەر لاوە دیاری خەزورە، خەسوو، براکان زاوا، خۆیشکەکان زاوائەدات، دوایش دیاری ئەو خزمانەی زاوا وا لە کاتی دەزوران داریا چونە بوو ماڵی بووک، دیاریان بووی بردوە، دیاری برازاوایش ئەنێرێ بویان، زۆربەی دیاریەکان گۆرەوی، دەس کێش، بەنەخۆینە، بەنەخوێن یان بەندۆخێن بە دوو رەنگی سوور و شین، سوور بوو گەنجەکان و شین بوو بە ساڵاچوان.



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**دزەباوانی:**

ئەگەر مـاڵ بـووک لەو ئـاوایی زاوا بوایـت، بەر لەوە مـاڵ بـووک بهاتـاین بـوو سەرکەشی، بووک لەگەڵ زاوا ئەچوانەو بوو ماڵ باوک بووک بو شێو خواردن، دوایی شێو بووک بێ ئەوەی کەسێک بزانێت شتێکی لە ماڵ باوکەو ئەهاورد بوو ئەوەی بیسەلێمنێت هێشتا وە ماڵ باوک دڵخۆشە و شتی ماڵ بابی بوو نێو ماڵە نۆێیەکەی پڕ پیتە، بەمەیانە ئەوت دزەباوانی.

**سەرکەشی:**

دوایی ماوەێک ماڵی بابی بووک لەگەڵ خزمانی ئەهاتن بوو ماڵی زاوا ،لەگەڵ خویانا کەل و پەلیان ئەهێنابوو بووک، ئەم کەل و پەلە جیا لەوە بوو کە ڕۆژی زەماوەن بووک ئەی هێنا، ئەگەر نزیک بوایتن بوو شێو ئەهاتن و ئەگەر دوور بوایتن بوو نەهار ئەهاتن، بووک بە دیتن بنەماڵەی شاد ئەبووەو، بنەماڵەیش هەروا.

**باوەخوەنی:**

دوایی ماوەێک بابی بووک یان برایی ئەهاتن بوو ماڵی بووک و ئیزنیان لە بابی زاوا یان زاوا ئەگرت و بووکیان ئەبردەو بوو ماڵی باوانی، ماوەێک ئەماوە بابی زاوا یان زاوا ئەڕۆیشتن بەدوایی بووکا، ئەویش لەگەڵیان ئەهاتەو بوو ماڵی زاوا، بنەماڵەی بووک مانگاێک یان مەڕێک یان شتێکی بەنرخیان ئەدا بووک. بەم شتەو شتانێکی تر کە بووک لە ماڵی بابیەو ئەی هێنا پیان ئەوت باوانی .

**شەرم شکانن:**

ئەگەرچی ئەمە بابەتە پێوەندی بە زەماوەندەو نییە بەڵام پێویستە شروڤە بکرێ، بووک لە خەزورەی یان خەسووی یان پیاوانی گەورەیی تایفەی خەزورەی شەرم ئەکات یانی لای ئەوان قسە ناکات، نان ناخوات ،... وە ئیماو ئیشارە ئەوەی لە دڵیا بێ ئەی لێت... جا زۆربەیان بە بووکەکیان ئەڵین شەرمەکەت بشکنە مانگاێک یان شتێک بە نرخت پێ ئەدەین ئەویش بە دەنگێکی بەرز سڵام ئەکات وە ئەوانیش بە پەیمانەکەی خۆیان عەمەل ئەکەن.

**دەرەنجام:**

ڕەسم و یاسا لە مێژووی کوردەواریدا سەرچاوەیەکی زانستی هەبووە کە بنچینەکەی پڕە لە ئەزموون. هاوسەرگیری یەکێک بووە لە گرنگترین بابەتەکانی ژیان و بایەخێکی زۆری پێدراوە کە پیشاندەری بیر و هزری بیرمەندان و زانایانی کۆنی ئەم گەلەیە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

یاساکانی کۆن ئەمڕۆش لە ناو خەڵکدا هەر بەردەوامن بەڵام شێوە و سیمایان گۆڕاوە.کەلەپووری کورد زۆر ڕەسەنە و توانای بەرانبەری لە گەڵ کولتووری گەلانیتری هەیە.

پیاوانی کورد جوامێر بوونە و ڕێزێکی تایبەتیان بۆ کچ و ژن داناوە و وەکوو گەوهەرێکی بەنرخ پاراستوویانە و ڕێزیان بۆ داناوە. ژنانی کورد تا ڕادەیەکی زۆر لە هاوسەرگیریدا ئازاد بوونە و ئەگەر حەزیان لە کەسێک بکردایە بە شێوەگەلی جۆربەجۆر پێیان ڕادەگەیاند ئەڵبەت بۆ برێک لەمان نەدەلوا و چارەنووسیان دەگۆڕا. حاشا هەڵ نەگرە کە هەروا زۆر جار کچ مافی لە هاوسەرگیری پێ شێل ئەکرا کوڕیش لەم کارەساتە بێ بەش نەبوو باب دایکی کچیان بووی پەسەند ئەکرد بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ کچ بەش خۆراوتربوو.

دڵداری ئازادی هەڵبژاردنێک بوو کە کچان بە سەر بەخۆییێکی تەواو لەم کارا بەشدار ئەبوون، ئەزموونێکی تایبەت بوو ئەگەر کوڕ ئەوە نەبوایت کە ئەوان ئەیان ویست بە جێان ئەهێلا، زۆر زیرانە کوڕیان هەڵئەسەنگان کە بوو هاسەرایەتییە یان بە وتەی خۆیان بوو دەس گەرمەوکردنە، کوڕانیش هەر بەو شێوازە کچیان هەڵەسەنگان.

خوازبێنی بەماڵ هێمای ئەوەیە کە کچ بە پێچەوانەیی باوەڕ باوەکان قیمەت و نرخی نییە، ئەگەر کوڕ خوازیاری ئەوەیە کچ ببێتە هاوژینی پێویستە ژیانی پڕ لە خۆشی بوو تەیار کات.

خوازبێنی ژن بە ژن یانێ ژن قیمەتی بوو دابین ناکرێ بێجگە لە خۆی نەبێ، هەرچەن حاشا لە وەناکرێ کە زۆرجار ئەم بابەتە مافی هەلبژاردنی ژنی پێشێل ئەکرد و کچێکی زۆرجوانیان بوو پیاوێکی بەساڵاچووا مارەئەکرد یان زۆر کەم پێش ئەهات کە چوار دڵ یەک کەون. ئەمە ئەبووە گرێ و وکوو موو و دومەڵ دوایی لە نێو ژیانا سەری هەڵ ئەداکە لە ڕوانگەی دەروونناسیەو جێ سەرنجە.

هەڵگرتن و بە رادوو کەوتن ئەوەمان پێ ئەڵێ کە کچ سەربەخۆومو زۆر قەبووڵ ناکات.

قەتع و بڕ و شیروایی مێژۆیی کۆنی هەیە، ئەمەش بایەخداری ژن لە کۆمەڵگا بانگەواز ئەکا بەڵام ئەمەش لە کۆمەڵگا خەساری زۆری بەدواوە بوو، ئازادی هەڵبژاردنی کچی لەبەرچاو ناکردکە لە ڕوانگەیی کۆمەڵناسییەو جێ باسە.

لە دیاری کردنا کچ بانەسەری چەن جار رەت ئەکاتەوە، لەم رەت کردنەوەیە ئەڵی نابمە کۆیلە، نابمە ژێر دەسە یان بە وتەی ژنان شەرمی هەیەبیێتە بووک یان هێمایکە بەم کوڕە ناڕازێە، زۆربەی کچان لە دڵەوە ئەم کارە ناکەن شک ئەچێ پیان بڵێن وابکەن با نەیاران



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

نەڵێن زۆر بە پەلەیە بوو شوکردن، گشت ئەمانە لە بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسیەو جێ لێکۆڵینەوەیە.

شیرینی خۆران بانگەوازی هاسەرگیری کوڕ و کچە، با کۆمەڵگا بزانن ئەمانە ئەبنە هاوژین، شایی و هەڵپەڕکی هاوتەمەنی کوردە لە هاوسەرگیری، سەر چۆپی کێش سەرگەورەیی رائەگەینی کە وەکو رابەرێک شایی بەڕێوە ئەبا، گاوانی یانی دواترین کەس لە ناو هەڵپەڕکێ خۆی بە پاسەوانی شایی ئەزانی.

پای زاوا کردنەوە ئەوە باس ئەکا کە کچی کورد بۆ خۆی بایەخ دائەنی یانی کوڕ بە هاسانی بەدەسی نایێنێ.

مارەبڕین پێوەندی فەرمی و ئایینە کە لە هەموو کولتورەکانا هەیە کە باسی لێرە ناکری.

لە زەماوەندا پێوەندییەکان بتەو ئەبنەو، دڵەکان نزیک ئەکرێنەو، پیاوەتییەکان دەر ئەکەون.

قیروقاچ برازاوا، هەڵپەڕکێان و پۆیلەکردنیان باس لە جوامێری، یەکیەتی و سەخاوەت و لێبۆردویی ئەکات.

پاخەسوو وەکو شەهادەێکی تایبەتە بوو پاک داوێنی کچ، زاوا بوون و پەردەچوون جیا لە داب و نەریتی کۆن لە بواری عیلمی پزیشکیەو سەرەنج ڕاکێشە.

سەرکێشی، دزەباوانی و باوەخوەنی پێوەندی کچ بنەماڵەکی بتەو ئەکاتەو، جیا لە مانە لە ڕوانگەی پزیشکییەو باوەخوەنی شایانی سەرنجە.

لەم وتارە وشەی هەنەزا لە جێگەی هووزا لە بواری دەروونناسیەو جێ باسە، وشەکانی هەڵگرتن، ڕادوو، چەقین، کەرانە، سەروەسانە، دریاهوڕانە، پشت دریانە و ... باس لە دەوڵەمەنی زمانی کوردی ئەکەن کە لە روانگەی مەنتیق و وێژەوەسەرنج ڕاکێشن.

پێشنیار ئەوەیە کە بەرەی داهاتوو لەسەر ئەم بابەتانە لێکۆڵینەوی زانستی بکەن و ئەم داب و نەریتانە بە چروپڕی بخەنە بەرچاو، ئەوەی بایەخێ هەبێ لێ بدون و ئەوەیش بێ نرخە بە لێکوڵینەوەی زانستی بێ نرخیەکەی دیاری کەن،وەلایەو نێن و جێگیری بوو پەیداکەن.

نووسەری ئەم وتارە ڕەنگە زۆر شتی بەرچاو نەکەوتبێ یان زۆر شتی نەبیستبێ، خوازیاری ئەوەیە لێکۆڵینەوەرانی پسپوڕ کەم و کورتیەکانی قەرەبوو کەنەوە تا کولتوری کوردی لەناو نەچێت و بە جوانی بپارێزرێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**سەرچاوەکان:**

**قورئانی پیرۆز.**

بنی ویس، عبدالمحسن،(1988)،گەردانەی ئەڵوەن، کۆماری عێراق ،دەزگای رۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی.

بێلوویی ناری، مەلا کاکە حەمە،(1984)، دیانی ناری، کۆکردنەوەی کاکەی فەلاح، سلێمانی، نەورەس.

پارسا، سیداحمد،(1394)، بررسی تطبیقی ضرب المثل های کردی و فارسی، سنندج، دانشگاه کردستان، دوم.

پورداوود، ابراهیم، (1387)، خرده اوستا، تهران، دنیای کتاب، سوم.

حافزی، مەلا غەفوور، (1362)، دیاری مەهاباد، سیدیان.

حسینی، ژیلا، (1377)، قەڵای راز، تهران، بۆرەکەیی.

دامادی، سیدمحمد، (1379)، مضامین مشترک در ادب فارسی و عربی ،تهران.

رەسڵ، بیرتراند، (2021)،هاوسەرایەتی و ئەخلاق، وەرگێڕان دڵشاد خۆشناو و ئاسو ئیسلامپەنا، تاران، ئەندیشە، دووەم.

سعدی شیرازی، شیخ مصلح الدین، (1374)، گلستان سعدی، مصحح غلامحسین یوسفی، تهران، خوارزمی، چهارم.

سەجادی، عەلائەدین، (1375)، مێژووی راپەڕینی کورد، سەقز، محەمەدی ،دووهەم.

ـــــــــــــ، (1395)، مێژووی ئەدەبی کورد، سنە، کردستان ،دووەم.

سیفی،س، (2018)، آیین های روسپیگری و روسپیگری آیینی، لندن، نشر مهری.

شرفکندی، عبدالرحمان(هەژار)،(1997)، چێشتی مجێور، پاریس.

شوالیه، ژان و گربران، آن، (1387)، فرهنگ نمادها جلد،1،3،5، وەرگێڕسودابه فضایلی، تهران ،جیحون.

شیخ الاسلامی، امین(هێمن)،( بێ تا)، تاریک و روون، مەهاباد، سیدیان.

طوسی، نصیرالدین، (1399)، اخلاق ناصری، مصححان مجتبی مینوی و علیرضا حیدری، تهران، هشتم.

عبدالعزیزهەرتەلی، عبدالله، (1397)، مێرگ و گوڵزاری بەهار بو گەشتیارانی ژیانی پێغەمبەری پێزدار، سنه ،کردستان.

عطارنیشابوری، شیخ فریدالدین، (1394)، الهی نامه، تهران، آبی آسمان.

فیدایی، مەلاکەریم، (1380)، لاس و خەزاڵ، مەهاباد، رهرو.

قازی، محەمەد، (2007)، زارا و عەشقی شوان، وەرگێڕ عەزیز گەردی ،مەحوی.

کریستوفر، ریان و ساسیلدا، جفا(1391). سرشت جنسی انسان،وەرگێڕ مهبد مهدیان، اینترنتی

محلی، جلال الدین و سیوطی، جلال ا لدین،(بێ تا)، تفسیر جلالین، قاهره ،دارالحدیث،طابعه الاولی.

سەرچاوەی وتاری

غلامرضایی کهن، فاطمه و سعیدی، سهراب، (1397)، بررسی باورهای عامیانه در آیین ازدواج هرمزگان، فصل نامه اورمزد، شماره ی43 شمارەی دوم تابستان1397.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

مقالات و وتارەکانی حەبیب الله سەلیمی، لە گۆڤارو کۆنفرانسەکانا
دوکتورایی زمان و ادبیاتی فارسی لە زانکۆی کوردستان

١- تۆێژینەوەیەک لە سەر چەند پیت، وشە، و ڕستە لە شێوەزاری دیواندەرەییدا. دووهەمین کۆنفرانسی هاوبەشی نێودەوڵەتی تۆێژینەوەی زمان و وێژەی کوردی و فارسی، زانکۆی کوردستان١٣٩٨
٢- تشبیه‌های تلمیحی در سروده‌های شفیعی کدکنی(م.سرشک) دو فصلنامه علمی، زبان و ادبیات فارسی دانشگاه خوارزمی، سال بیست و هفتم، شماره ٨٧، پاییز و زمستان١٣٩٨
٣- بررسی تطبیقی فرهنگ و زبان مادری در شرفنامه نظامی گنجه‌ای. دو فضلنامه ادب نامه تطبیقی، دانشگاه پیام نور، سال دوم شماره اول، پاییز و زمستان١٣٩٤
٤- تبیین نکته‌ای مبهم در بیتی از شرفنامه نظامی گنجه‌ای با تکیه بر شواهد زبان کردی. فضلنامه ادبیات و زبان های محلی ایران زمین، سال سوم، پاییز ١٣٩٢، شماره ١
٥- درباره مثل سیلی نقد به از حلوای نسیه. نامه فرهنگستان، دوره هشتم، شماره دوم، تابستان١٣٨٥
٦- نگاهی دیگربه رویت خدا در پنج گنج نظامی با تطبیق آن با اشاعره، کنگره بین المللی نظامی گنجه‌ای، تبریز اسفند ١٣٩٦
٧- واکاوی معنی الابل در آیه افلا ینظرون الی الابل کیف خلقت، تبریزم همایش ملی قران و عترت، آبان١٣٩٨
٨- سیداحمد زلکه و معاصران. کنگرەی بزرگداشت ماموستا سیداحمد حسینی زلکه‌ای، دیواندەرە، مرداد١٣٩٦
٩- هیبت و معاصران. مراسم بزرگداشت شاعر و عارف جلیل القدر سید محمدصادق حسینی، مدرس کرفتو، دیواندەرە، خرداد١٣٩٠

## مقاله«فرهنگ شادی و عروسی در تاریخ کرد»

**چکیده:**


شادی، عروسی و ازدواج جزو فرهنگ دیرینەی کورد است که عمری به درازای تاریخ این ملت دارد، رنگ و بوی آن منحصر به فرد است؛ سرشاری از علم، فلسفه، جامعه‌شناسی، روان‌شناسی و ادبیات آن را جذاب کرده است.

بررسی و شرح این گونه مسائل و شناساندن آن به آیندگان جزو ضروریات است زیرا نسل آینده باید تاریخ خود را بشناسد و بداند که اسلاف وی تاریخ و هویتی ارزشمند و




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ویژه دارند و فرهنگ آنان سرشار از تجربه و علم است که در لایه های  پنهان آن مخفی است کلمه‌ها و جمله‌های آن سرشار از تجربه و علمی است که می تواند به علم، جامعه‌شناسی و ادبیات کمک شایانی کند و با پرتو خود ظلمات و مشکلات دنیای مدرن را  تا حدودی نمایان سازد و آنها را بشناساند.

در این مقاله سعی برآن است نکات مربوط به ازدواج و عروسی با تکیه بر فلسفه، ویژگی‌های تاریخی آن تا حدودی بررسی شود.

شیوه‌ی ازدواج و عروسی در فرهنگ کردی، ویژگی‌های خاص خود را داشته‌است- که مختص کردهاست و برخی از آنها در سایر زبا نها معادلی ندارد و حتی مناطق کُرد نشین نیز با هم در بعضی از رسوم با هم تفاوت دارند- برخی از آنها عبارتند از: عشق و عاشقی، خواستگاری، زن به زن، نمک، خاک و آب در کفش ریختن، بله برون، شیربها، شیرینی خوران، پاگشایی داماد، عقد، ینگه، حنابندان، شب زفاف و ...

این تحقیق به شیوه‌ی کتابخانه‌ایی، تحلیل محتوا و میدانی انجام شده است و نتایج آن به شرح زیر است.

الف. رسم ازدواج در تاریخ کرد منبعی علمی داشته است که سرشار از تجربه است.

ب. ازدواج یک از مهمترین مسائل زندگی بوده است که اهمیتی فراوان برای آن قائل شده‌اند و نشانگر اندیشمندی فرزانگان این ملت است.

پ. آداب و رسوم قدیم، امروزه هم در میان مردم رایج هستند فقط سیمایشان دگرگون شده است.

ت. فرهنگ کرد بسیار اصیل است و با فرهنگ های سایر ملل برابری می کند.

ث. مردان کرد جوانمرد بوده‌اند، برای دختران و زنان احترام ویژه‌ای قائل بوده‌اند و مانند گوهری نایاب از آن محافظت کرده‌اند؛ زنان کرد هم تا حدودی در انتخاب همسر آزادی داشته‌اند، اگر خواستگاری را نپسندیده باشند به شیوه های مختلف آن را بیان کرده‌اند هرچند برای برخی از آنان چنین چیزی ممکن نبوده است.

**کلمات کلیدی:** *کرد، عروسی، ازدواج، رسوم* .

## ”Paper “Happiness and Wedding Culture in Kurdish History


**Abstract:**

Happiness and marriage are a part of the ancient Kurdish culture with a long history in this nation and its atmosphere is unique. Itis being full of science, philosophy, sociology, psychology and literature has made it attractive.

It is necessary to examine and explain such issues and introduce them to the future, as the next generation must know its history and know that its ancestors have a valuable and special history and identity, and their culture is full of experience and science that is hidden in its layers. Its words and sentences are full of experience and science that can contribute to science, sociology and literature, and show and recognize the darkness and problems of the modern world to some extent with its light.

The paper is an attempt to examine the points associated with marriage and wedding based on its philosophy and historical features to some extent.

The way of marriage in Kurdish culture has its own rituals - specific to the Kurds and some of them have no equivalent in other languages, and even the Kurdish regions differ in some traditions - some of them are love and romance, courtship, woman to woman, pouring salt, pouring dirt and water in shoes, courting, bride price, eating confectioners, groom's home warming, engagement, Yengeh, Hanabandan (Bachelorette party), wedding night and so on.

This study was conducted using library, descriptive and field methods and the results are as follows.

A. The practice of marriage in Kurdish history has a scientific source that is full of experience.

B. Marriage has been one of the critical issues in life, given great significance displaying the thinking of the sages of this nation.

C. The old customs are still common among the people today, only their appearance has changed.

D. Kurdish culture is very original and equal to the cultures of other nations.

E. Kurdish men are gentle, giving special respect for girls and women, protecting them like a rare gem. Kurdish women have had some freedom in choosing a husband, if they did not like the proposal, they have expressed variously, although for some of them this was impossible.


**Keywords:** *Kurdish, wedding, marriage, customs.*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی لە ئەدەبی کوردیدا

**پ. هـ. د فرهاد عزیز حسن**

بەشی زمانی کوردی- کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەدین/ مەخموور

**پوختە:**

ئەژدیهاکوژی لە ئەفسانەی میللەتاندا جێگە و پێگەیەکی شایانی هەیە و لە ڕیزی کۆنترین ئەفسانە پاڵەوانێتییەکان پۆلین دەکرێن. کۆنترین ئەفسانەی کوردیی سەبارەت بە پاڵەوانی ئەژدیهاکوژ لە کتێبی ئاڤێستادا گێڕدراوەتەوە. لە بەشە جیاجیاکانی ئاڤێستادا باسی پاڵەوانێتی کێرێساسپە کراوە کە بە پاڵەوانی ئەژدیهاکوژ ناسراوە. بەسەرهاتی پاڵەوانێتی ئەم پاڵەوانە ئەفسانەییە پڕیەتی لە جەربەزەیی و میرخاسی کە بە زمانی کۆنی کوردی، لە دەقی ئاڤێستادا تۆمار کراوە. هاوتەریبی ئاڤێستا هەندێ بەشی ئەم ئەفسانەیە لە کتێبە پەهلەوییەکاندا بەوردی گێڕدراوەتەوە و سەرنجی پێدراوە کە لە ڕێگەی ئەم گێڕانەوانە دەکرێ بەشە نادیارەکانی گێڕانەوە ئاڤێستاییەکەی پێ کامڵ بکرێ. لەم توێژینەوەیەدا بە پشت بەستن بە تیۆری (شیکاری ئەفسانەیی) هەوڵدراوە بەشە جیاجیاکانی ئەفسانەی کێرێساسپەی ئەژدیهاکوژ لە گێڕانەوە ئاڤێستایی و پەهلەوییەکان کۆبکرێنەوە و شیبکرێنەوە. شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ئەم ئەفسانانە ئەم ئەنجامەی لێدەکەوێتەوە کە کۆنترین ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی لە ئەدەبی زارەکیی کوردیی بۆ یەکەمینجار لە کتێبی ئاڤێستادا شێوەی نووسینی وەرگرتووە و بە باوەڕی دێرینی دینی و نەتەوەیی گەلی کوردەوە گرێدراوە.

**پەیڤێن سەرەکی:** *ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی، ئاڤێستا، دەقە پەهلەوییەکان، کێرێساسپە.*

## پێشەکی:

ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی و پاڵەوانی ئەژدیهاکوژ لە ئەدەبی فۆلکلۆری جیهانیدا جێگە و پێگەیەکی شایانی هەیە و لەناو زۆربەی نەتەوە دێرینەکاندا ئەم شێوە پاڵەوانێتییە پەسندی هزر و خواست و ئاواتی گەل بووە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەروەکوو زۆربەی ئەفسانە و داستانەکان، ئەم جۆرە ئەفسانەیە لە سۆمەرستانەوە سەرچاوەی گرتووە و بەناو گەلانی میزۆپۆتامیادا بڵاوبووەتەوە. گەلی کورد کە یەکێک لە کۆنترین گەلانی دانیشتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لە بنچینەدا میراتگری شێوازی ژیان و بیروباوەڕ و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

شارستانییەتی سۆمەری بووە و بەم چەشنە ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا بەشێوەی زارەکی و لە چوارچێوەی ئەدەبی فۆلکلۆردا گەشەی بە سوڕی ژیانی خۆی داوە و دواجار لە قۆناغێکی مێژووییدا شێوەی نووسراویان وەرگرتووە. نووسینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایین دەستی پێکردووە و تاکوو ئەم ڕۆژگارە هەر بەردەوام بووە.

کێرێساسپە ناوی یەکێک لە کۆنترین پاڵەوانە ئەفسانەییەکانی گەلی کوردە کە بەسەرهاتی پاڵەوانێتییەکەی بۆ یەکەمینجار لە چوارچێوەی کتێبی ئاڤێستادا تۆمار کراوە. ئاڤێستا سەرەڕای ئەوەی کتێبێکی پیرۆزی دینییە، لە هەمان کاتدا بەرهەمێکی ئەدەبی پڕبایەخە کە بەشێکی زۆری ئەفسانە و داستان و بەسەرهاتی پاشا و پاڵەوانە ناودارە دێرینەکانی گەلی کوردی تێدا تۆمار کراوە و بە زمانێکی ئەدەبی و ڕازاوە بە هونەرە شیعرییەکان داڕێژراوە و لە بنەڕەتدا بە سەرچاوەی هەرە دێرینی زمان و ئەدەبی کوردی دادەنرێ.

ئەفسانەی کێرێساسپەی ئەژدیهاکوژ یەکێک لە ئەفسانە سەرەنجڕاکێشەکانی گەلی کوردە کە لە بەشە جیاجیاکانی ئاڤێستادا گێڕدراوەتەوە. بەپێی کتێبی ئاڤێستا ئەم پاڵەوانە پایەبەرزترین پاڵەوانی نیشتمانی (ئەییرییەن ڤاچە) واتا کوردستانی دێرین بووە. کێرێساسپە ئەم پاڵەوانە جوامێرەیە کە ڕووبەڕووی چەندین ئەژدیها و دێوی مەترسیدار دەبێتەوە و جیهان و بوونی مەزدایی لە نوشست و لەناوچوون دەرباز دەکا و دەیپارێزێ. بەسەرهاتە پاڵەوانێتییەکانی ئەم ئەژدیهاکوژە بە بیروباوەڕ و تێڕوانینی دینی مەزداپەرستی واتا زەردەشتیی گرێدراوە و دواجار ئەم پاڵەوانە بەپێی تێڕوانینی دینی زەردەشتی لە کۆتایی جیهاندا دووبارە هاوشانی نەمرانی دینی زەردەشتی دەردەکەوێتەوە و دوایین زەبری کوشندە لە ئەژدیدەهاکە (زوحاک) دەدا کە هێما و ڕەمزی هێزە خراپییەکانە و جیهان لە گشت ناشرینی و پیسی و خراپییەک پاکژ دەکاتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا بەپێی تیۆری شیکاری ئەفسانەیی و پشت بەستن بە زانیاریی کتێبخانەیی هەوڵی شیکردنەوە و ڕاڤەکردن و ڕێکخستنەوەی ئەم ئەفسانەیە دراوە. لە شیکردنەوەی ئەم ئەفسانەیەدا دەقە دینی و ئەدەبییە کۆنەکانی گەلی کورد کە بریتین لە کتێبی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان، کەرسەی سەرەکی توێژینەوە بوونە و ڕاستەوخۆ لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تاکوو ئاوڕێکی جدی لە میراتی کولتووری و نەتەوەیی گەلی کورد بدرێتەوە. ئەو میراتە مەزنەی کە بە درێژایی چەندین دەیە، خاوەنە سەرەکییەکەی لێێ بێبەش کراوە. هەروەها پیشاندانی سامانی شکۆمەندی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییە کە لە ڕۆژگارە دێرینەکاندا هەوڵی نووسینەوە و تۆمارکردنیان دراوە.

گرفتی توێژینەوە ئەوەیە ئەوەیە کە دەقە ئەدەبی و دینییە کۆنەکانی کورد تا چ ڕادەیەک توانیویانە و هەوڵیانداوە سامانی بیروباوەڕ و هزر و شارستانییەتی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی دەقی دینیدا بپارێزن و بۆ نەوەکانی داهاتووی کۆمەڵگە بیانگوازنەوە.

### ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی

ئەم جۆرە ئەفسانەیە لەناو گەلانی جیهاندا پیشاندەری گیانی پاڵەوانێتی و ڕزگارکردنی هۆز و نەتەوە لە ژێر هەژموونی هێزە خراپەکانە. بۆ نمونە لە ئەفسانەی یۆنانیدا هێرکولێس وەکوو پاڵەوانی ئەژدیهاکوژ ناسراوە، ئێدیت هامیلتۆن سەبارەت بەم بابەتە دەنووسێ: ((خواوەندەکان بەمەبەستی سەرکەوتن بەسەر دێو و ئەژدیهاکان پێویستیان بە یارمەتی هێرکولێس بوو.))[ادیت هميلتون، ١٣٨٧: ٢١٧] لە ئەفسانەی چینیدا (یی) تیرهاوێژی کارامە کە لەلایەن خواوەندەکانەوە نەمری پێبەخشراوە، وەکوو پاڵەوانی ئەژدیهاکوژ دەردەکەوێ و دێوی وشکەساڵی لەناو دەبا.[آنتونی کریستی، ١٣٨٤: ٩١] لە ئەفسانەی هیندیدا زۆربەی بەسەرهاتە پاڵەوانێتییەکانی (ڕاما) لە کتێبی (ڕامایانا)دا گێڕدراونەتەوە و گرنگترین شەڕی ئەم پاڵەوانە لەگەڵ (ڕاونا)ی ئەژدیها دایە. لەم کتێبەدا هاتووە: ڕاما ڕووبەڕووی ڕاونا ئەژدیها – دێوێکی بەدفەڕ دەبێتەوە و تیربارانی دەکا و لەناوی دەبا و گەردوون لە زیانی ئەم ئەژدیهایە دەپارێزێ.[وال میکی، ١٣٧٩: ٤٠٣] بە بەراوردکردنی ئاڤێستا و ڕامایانا، دەردەکەوێ لێکچوونێکی زۆر لە نێوان کێرێساسپە و ڕامادا هەیە. ((ڕەنگە هەندێ لە پاڵەوانێتییەکانی کێرێساسپە بۆ ئەم پاڵەوانە هیندییە گواسترابێتەوە.))[هاشم رضی ٢، : ٩٣٠] ئەژدیهاکوژی ناوەڕۆکی زۆربەی ڕووداوە پاڵەوانێتییەکانی کێرێساسپە پێکدێنێ و لە ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکاندا سەرجەمی ئەم جەربەزەییانەی گێڕدراونەتەوە. گێڕانەوی ئاڤێستایی ئەم ئەفسانانە کورت و پچڕپچڕن، بەڵام لە دەقە پەهلەوییەکاندا بەوردی گێڕدراونەتەوە.

### کێرێساسپە لە ئاڤێستادا

ڕووداوی پاڵەوانێتی و ئەژدیهاکوژی کێرێساسپە لە چەند بەشێکی ئاڤێستادا گێڕدراونەتەوە وەکوو یەسنە هائیتی نۆیەم، یەشتی پێنجەم، یەشتی یازدەم، یەشتی سێزدەم، یەشتی نۆزدەم و ڤیدەئێڤەداتە. گێڕانەوەی ئەم ئەفسانەیە بەشێوەیەکی کورت و پوختە و بەزۆری لە گشت ئەم بەشانەدا دووبارەن. سەرجەمی ئەم دەقانە بەشێوەی تیلنیشان و ئاماژە، خێرا و سەرپێیی ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی ئەم پاڵەوانە دەگێڕنەوە. پێدەچێ لە بەشێکی ئاڤێستادا سەرجەمی ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی کێرێساسپە بەتەواوی وردەکارییەکانەوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

گێڕدرابێتەوە، بۆیە لەم بەشانەدا ئاوها بە کورت و پوختی ئاماژەی پێدراوە. لە ئەنجامی کنەوپشکنینی ورد ئاشکرا دەبێ لە کتێبی دینکەرددا کە پوختەی سەرجەمی ئاڤێستای بە زمانی پەهلەوی تێدا ڕوونکراوەتەوە، ئاماژە بە بەشێک دراوە بەناوی سوتکەرنەسک و لەم بەشەدا باسی پاڵەوانێتی کێرێساسپە بەدرێژی گێڕدراوەتەوە.

بۆ یەکەمین جار ناوی کێرێساسپە لە ئاڤێستا لە بەشی یەسنە هائیتی نۆیەم بەندی (٩، ١٠، ١١)دا هاتووە ئەم بەشەی یەسنەکان لە بنچینەدا بە (هەئوومە یەشتە) ناسراوە، چونکە هائیتی نۆیەمی یەسنەکان تایبەتە بە ستایش و پێداهەڵدانی ئیزەدی هەئوومە و لەم یەسنەیەدا زەردەشت لەکاتێکدا خۆی بۆ نوێژی بەیانی ئامادە دەکرد، ئەم ئیزەدە لە ئاسمانەوە دادەبەزێ و خۆی بە زەردەشت دەناسێنێ و گفتوگۆیەکی دوورودرێژ لەنێوانیاندا بەڕێوەدەچێ. ئەم گفتوگۆیە بەشێوەی پرسیار و وەڵام بەڕێوەدەچێ و تێیدا زەردەشت پرسیار لە هەئوومە دەکا کە چ کەسێک بۆ یەکەمینجار و دووەم و سێیەم جار و ...هتد گیراوەی هەئوومەی ئامادەکردووە و هەئوومەش یەک بە یەک وەڵامی پرسیارەکانی زەردەشت دەداتەوە. لە سێیەمین پرسیاردا کە بەندی (٩، ١٠ و ١١)ی ئەم هائیتییە پێکدێنێ، لە وەڵامدا ناوی کێرێساسپە و ڕووداوی ئەژدیهاکوژییەکەی باس دەکرێ. لەم دەقەی خوارەوەدا ئاماژە بە ڕووداوێکی سەمەرەی ئەفسانەیی دەکا کە تێیدا کێرێساسپە لەکاتی نیوەڕۆ کاتێک خەریکی ئامادەکردنی فراوین بووە، ئاگرێکی گەورەی داگیرساندووە و قازانکی لەسەر ئاگر داناوە و ئاگاداری ئەوە نییە لەم شوێنەی ئاگرەکەی هەڵکردووە ئەژدیهای سرڤەرێ (سەربەقۆچ) خۆی مەڵاس داوە. ئەم ئەژدیهایەی کە ئەسپ و مرۆڤ وەکوو خۆراک هەڵدەلۆشێ. ئەژدیهایەکی یەکجار گەورە کە ژەهرێکی زەردی هەیە و فشەی ژەهرهاویشتنی مەودایەکی زۆر دەبڕێ. بەهۆی تینی گەرمی ئەم ئاگرە، ئەژدیها دەخووسێتەوە و ئارەق دەکا و لەپڕا خۆی تێهەڵدەدا و قازانکی ئاوی کوڵاو دەپژێتە سەر ئاگر و کێرێسەسپەی نەریمان خۆی دەداتە لایەک و خۆی دەپارێزێ.

| | |
|---|---|
|  | کەسێ توانێم ثریتەئۆ هەئومە مەشائۆ<br>ئەستووەیثیای هونیتە چەشتیای<br>کا ئەهمای ئەشیش ئێرێناووە<br>چیت ئەهمای جەسەت ئایەپتێم |
| چ کەسێ تۆی سێیەمینجار هەئومە، لە جیهانی هەستیمەند(خاکی) هێنایە چەشتن، کامە پاداشتی باشی پێدراوە، چ بەختێکی باشی پێگەیی؟ (یەسنە، هائیتی ٩، بەندی ٩) | |



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

| | |
|---|---|
| هەئومۆ ئەشەڤە دیرەئۆشۆ<br>ثریتـۆ سـامەنەم سێڤیشـتۆ ثریتەئـۆ مەنـم مەشەئۆ<br>ئەستوواثیای هونیتە چەشتیای<br>ها ئەهمای ئەشیش ئێرێناوی<br>تات ئەهمای جەسەت ئایەپتێم<br>ئیەت هێ پوثرە ئوزەیۆئیثێ<br>ئورڤەخشەیۆ کێرێساسپە<br>تکائیشۆ ئەنیۆ داتۆرازۆ<br>ئائەت ئەنیۆ ئوپەرۆکەیریۆ<br>ئییەڤە گەئێسوش گەذەڤەرۆ |  |
| هەئـومەی پـاکی دووره مەرگ گـوتی: سـێیەمین [کەس] سـامی سـوودخواز بـوو منـی لەنـاو خەڵکـی جیهانـدا هێنـایە چەشـتن. هـائەم پاداشـتەی بەبەش پێـدرا ئەم بەخـتە باشـەی پێـدرا [کە] دوو کـوڕی بـۆ بێـتە زایین(لەدایکـبن) ئورڤەخشـیە و کێرێسەسـپە. یەکەم هێنـای ڕازی دادوەری، ئەویـدیکە هێنـای پـاڵەوانێتی جـوانی گێسـوو درێـژی گورزوەشێن. (یەسنە، هائیتی ٩، بەندی ١٠) | |

بەپێی ئەم دەقە (سام) ناوی باوکی کێرێساسپەیە و خاوەنی دوو کوڕ بووە، یەکیان ئورڤەخشـیەیە کە کەسـێکی یاسـازان و دادپەروەر بـووە و ئەوی دیکەیـان کێرێساسـپەی پـاڵەوانی خـاوەن پرچـی بەگـوریزە و گورزوەشـێن بـووە. لە دەقـی خـوارەوەدا کێرێساسـپە بە سیفەتی (نەریمان) واتا نەبەز و پاڵەوان ناسێنراوە.

| | |
|---|---|
|  | ئیۆ جەنەت ئەژیم سرڤەرێم<br>ئییم ئەسپۆچەرێم نێرێ گەرێم<br>ئییم ڤیشەڤەنتێم زەئیریتێم<br>ئییم ئوپەیری ڤیش ئەرەئۆجەت<br>ئارشتیۆ بەرێزە زەئیریتێم<br>ئییم ئوپەیری کێرێساسپۆ<br>ئەیەنگهە پیتیم پەچەتە<br>ئا رەپیثوینێم زرڤانێم<br>تەفسەتە هۆۆ مەیرییۆ خیسەتە<br>فرەنش ئەیەنگهۆ فرەسپەرەت<br>ئیەئیشیەنتیم ئاپێم پەراوەنگهات<br>پەرەنش تەرشتۆ ئەپەتەچەت<br>نەیرێمەناو کێرێساسپە |
| ئەوی لێیدا (کوشتی) سرڤەرێ، ئەوەی ئەسپی دەچەری(دەخوارد) نێر(خەڵک)ی دەگروی(دەخوارد) ئەوەی فشەی ژەهرەکەی دەهات، هێندەی رمێک ژەهرەکەی هەڵداویشت. ئەوەی کێرێساسپە لە سەر پشتی لەناو قازانک لێیدەنا ئالەکاتی فراوین، تەفتایەوە و لەناو ئاودا خووسایەوە(ئارەقەی کرد)، ڕاپەڕی لەبن قازانک و ئاوی کوڵاوی هەڵپژاند، خۆی هاویشتە لاپەڕگەیەک کێرەسێسپەی نەریمان. (یەسنە، هائیتی ٩، بەندی ١١) | |

لەم سێ بەندەی هەئوم یەشتدا کە لە یەسنای نۆیەم گێڕدراوەتەوە، هەر ئەوەندە باسی کێرێساسپە و ئەژدیهای سرڤەرێ کراوە. لە (زامیادیەشت)دا بەشێوەیەکی خێرا سەرجەم ئەفسانە پاڵەوانی و ئەژدیهاکوژییەکانی کێرێساسپە باس کراون. لە دەقی ئاڤێستای گێڵدنێردا لە کەرتی شەشەمی زامیاد یەشت بەندی ٣٨دا جارێکی دیکە باسی کێرێساسپە کراوە و سەردەمی ژیانی ئەم پاڵەوانە ئاشکرا دەکا کە بۆ ڕۆژگاری ییمە واتا جەمشید دەگەڕێتەوە. لەم بەندەدا ئاماژە بەوە دراوە بۆ جاری سێیەم خومرێنە واتا شکۆ و فەڕی یەزدانی لەسەر شێوەی باڵندە هەڵدەفڕێ و کێرێساسپەی نەریمان ئەم باڵندەیە کەیی دەکا و دەیگرێ. لە بەندی ٣٩دا بابەتی نەمری و هەرژیوی کێرێساسپە ئاشکرا دەکرێ و بەم چەشنە چارەنووسی ئەم پاڵەوانە بە ڕۆژی دوماهیک دەبەستێتەوە. لە بەندی ٤٠دا ڕێک ئەم

بابەتە دووبارە بووەتەوە کە لە یەسنە هائیتی ٩، بەندی ٩ گێڕدراوەتەوە.[ Geldner, II, 1889: 247-248]

لە زامیاد یەشتدا جگە لەم ئەژدیهاکوژییەی کێرێساسپە کە لە یەسنە هائیتی نۆیەمدا هاتووە، چەند ڕووداوێکی دیکەی ئەفسانەیی سەبارەت بە ئەژدیهاکوژی ئەم پاڵەوانە گێڕدراونەتەوە کە هەر یەک لەم ئەفسانانە پیشاندەری هزر و باوەڕی ئەفسانەیی گەلی کورد لە ڕۆژگاری کۆنن. لێرەدا سەرجەمی ئەم بابەتانەی سەبارەت بە کێرێساسپە لەم یەشتەدا گێڕدراونەتەوە وەکوو خۆی دەگوازرێنەوە و بەوردی تاوتوێ دەکرێن.

| | |
|---|---|
| ئیەت ثریتیم خوەرێنۆ ئەپەنێمەتە خوەرێنۆ ئیمەت هەچە خشەئێتەت شوسەت خوەرێنۆ ئیمەت هەچە ڤیوەنگهوشەت مێرێغەهێ کێهرپە ڤارێغنەهێ. ئەئۆم خوەرێنۆ هەنگێ ئورڤەئیەتە نەیریمەناو کێرێساسپۆ ئیەت ئاس مەشیانانم ئوغرەنانم ئەینیۆ زەرەثوشترات نەیریەیات پەرۆ هانم ڤێرێتۆئیت. |  |
| سێیەمین کەڕەت خوەرێنۆ پەڕی(ڕۆیی). خوەرێنۆی ئییمە(جەمشید) لە ئییمەی دەرەوشاوە جیابووەوە. خوەرێنۆی ئییمەی کوڕی ڤیوەنگهە، بە پەیکەری مەلی ڤارێغنە هەڵفڕی. ئائەم خوەرێنەیە هەنگی گیراوە لەلایەن کێرێساسپەی نەریمان، کە لە جوامێریدا جگەلە زەردەشت لە گشت خەڵکی دلێرتر و وێراترە. [زامیادیەشت، کەرتی شەشەم، بەندی ٣٨] | |

هۆکاری پاڵەوانێتی و سەرکەوتن و ئازایەتی کێرێسەسپە لەم بەندەدا بۆ ئەوە دەگەڕێنرێتەوە کە توانیویەتی خوەرێنە بەدەست بێنێ. خوەرێنە واتا فەڕ و شکۆی یەزدانی، ئەم فەڕ و شکۆیەی لەلایەن ئەهورامەزداوە بە پاشا دادپەروەر و باوەڕدارەکان و پاڵەوانی گەل دەدرێ. لەم دیمەنە ئەفسانەییەدا خوەرێنە وەکوو مەلی ڤارێغنە کە ڕەنگە هەمان سیمرغ یان هوما بێ، لە ئییمە کە هەمان جەمشیدە جیادەبێتەوە و کێرێساسپە ئەم مەلە دەگرێتەوە و وەکوو کەسێک کە خاوەن شکۆ و فەڕی یەزدانییە دەناسێنرێ. هەر کەسێک خاوەنی خوەرێنە بێ، بەسەر گشت دوژمن و دێو و ئەژدیهایەکدا سەردەکەوێ.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

| | |
|---|---|
|  | ئیسیات دیم ئوپەنگهەچەت ئییا<br>ئۆضه نەئیری<br>هانم ڤەرێیتیش نەئیریانم هانم<br>ڤەرێیتێم ئیەزەمەیدی<br>ئێرێژڤۆ زێەنگانم ئەخوەفنیانم<br>ئاسیتۆ گاتیم جەغائوروم<br>ئییا ئوپەنگهەچەت کێرێساسپێم |
| ئەوها پەنگی دایەوە ئەم بەهێزی و نێراتییەی بەبەری داهات، ئەو نێراتییەی بەبەری داهات مەزن ڕادەگرین، کە ڕاوەستاوە و ناخەوێ و ناحەسێتەوە لە پێخەفدا، ئەوەی پەنگی دایەوە لە کێرێساسپەدا. [زامیاد یەشت، کەرتی شەشەم، بەندی ٣٩] | |

بەپێی ئەم بەندەی زامیادیەشت کێرێساسپە بەشێک لە فەڕ و شکۆی یەزدانی کە تایبەت بووە بە ئییمە بەدەست دێنێ، بەهۆیەوە توانا و لێهاتوویی و نێرایەتی و جوامێری لە ناخی ئەم پاڵەوانەدا پەنگ دەخواتەوە و هێز و توانستێکی ڕادەبەدەری پێدەبەخشێ.

| | |
|---|---|
|  | ئیۆ جەنەت ئەژیم سرڤەرێم<br>ئییم ئەسپۆچەرێم نێرێ گەرێم<br>ئییم ڤیشەوەنتێم زەیریتێم<br>ئییم ئوپەیری ڤیش رەئۆجەت<br>خشڤەئیپەیە ڤەئینەیە بەرێشنە<br>ئییم ئوپەیری ڤیش رەئۆجەت<br>ئارشتەئۆبەرێزە زەیریتێم<br>ئییم ئوپەیری کێرێساسپۆ<br>ئەیەنگهە پەیتیم پەچەتە<br>ئا رەپیثوینێم زرڤانێم<br>تەفسەتچە هۆ مەیریۆ<br>نەیریمەناو کێرێسەسپۆ |
| ئەوی لێیدا (کوشتی) سرڤەرێ(ئەژدیهای شاخدار)، ئەوەی ئەسپی دەچەری(دەخوارد) نێر(خەڵک)ی دەگروی(دەخوارد) ئەو ڤیشەوەند(ژەهردار)ی زەردە، ئەوەی ژەهری لێ دەڕژێ لە هەناو و دەم و لووتی. ئەوەی ژەهری زەردی لێدەڕژێ هێندەی بەرزی ڕمێک. ئەوەی کێرێساسپە لە سەر پشتی لەناو قازانک لێیدەنا لەکاتی فراوین، تەفتایەوە و | |



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

| |
|---|
| لەناو ئاودا خووسایەوە(ئارەقەی کرد)، ڕاپەڕی لەبن قازانک و ئاوی کوڵاوی هەڵپژاند، خۆی هاویشتە لاپەڕگەیەک کێرەسێسپەی نەریمان. [زامیاد یەشت، کەرتی شەشەم، بەندی ٤٠] |

لەم بەندەدا هەروەکوو ئەوەی لە یەسنە هائیتی نۆیەم گێڕدراوەتەوە، کێرێساسپە دوای ئەوەی دەبێتە خاوەنی خوەرێنە، خۆی لە بەرانبەر ئەژدیهایەکی یەکجار دڕندە و ئەفسانەیی دەبینێتەوە و لەناوی دەبا و دەیکوژێ.

| | |
|---|---|
| ئیۆ جەنەت گەئەندەرێڤێم ئییم زەئیری<br>پاشنێم ئییم ئەپەتەت ڤیزەفارۆ<br>مێرێخشانۆ گەئیثاو ئەستووەیتیش ئەشەهی.<br>ئیۆ جەنەت هونەڤۆ ئییەت پەثەنەیە نەڤە<br>هونەڤەسچە نیڤیکەهی<br>هونەڤەسچە داشتەیانۆئوش<br>ئیۆ جەنەت زەرەنیۆپوسێم هیتاسپێم<br>ڤەرێشەۆمچە دانەیەنێم<br>پوتەئۆنێمچە ئەشپەیریکێم. |  |
| ئەوەی لێیدا لە گەندەرۆی پاژنە زێڕین، ئەوەی بەتەما بوو بە دەمی کراوە هەڵی لۆشێ گێتی پاکی ئەستومەند(مادی). ئەوەی لێیدا(کوشتی) نۆ نەوەی پەتنیە، نەوەکانی نیڤیک، نەوەکانی داشتیان، ئەوەی لێیدا(کوشتی) هیتاسپی زێڕین سان، ڤەرێشۆی دانەیی و پوتەنێی پەریوەر. [زامیاد یەشت، کەرتی شەشەم، بەندی ٤١] | |

لەم بەندەدا کێرێساسپە ئەژدیهایەکی دیکەی ئەفسانەیی بەناوی گەندەرۆی پاژنە زێڕین دەکوژێ کە بڕیاری دابوو جیهانی ئەهوورایی لەناو بەرێ. هەروەها ڕووبەڕووی پۆلێک پاڵەوانی ناسراوی سەردەمی خۆی دەبێتەوە و دەیانکوژێ وەکوو نۆ نەوەی پەتنیە، نەوەکانی نیڤیک، نەوەکانی داشتیان، هیتاسپ کە ناسراو بووە بە هیتاسپی تاج زێڕین، ڤەرێشۆی دانەیی و پوتەنێی پەریوەر. ئەم پاڵەوانانەی لەلایەن کێرێساسپەوە کوژراون لە دەقی پەهلەویدا بە ئەژدیها و دێوە ڕێگرەکان ناویان هاتووە. یەکێک لەم پاڵەوانانە ناوی هیستاسپە کە ئورڤەخشییەی برای کێرێساسپەی کوشتووە و ئەم پاڵەوانە لە تۆڵەی خوێنی براکەی دەیکوژێ و لەناوی دەبا.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

| | |
|---|---|
|  | ئیۆ جەنەت ئەرێزۆشەمەنێم<br>نەیریانم هانم ڤەرێتی ڤەئەنتێم<br>تەخمێم فرازوشتێم... ئوشتێم<br>جیرێم زبەرێمنێم جیغائوروم<br>ئەفرەکەتەچیم بەروزوشتێم<br>ئەپەدیسێم نیایدائورو<br>ئەپەستەنەنگهۆ گەتۆ ئەرێزەهی |
| ئەوەی لێیدا(کوشتی) ئەرێزووی شەمەنی خاوەن هێزی مەردانە، ئەو نێرەپیاوە... ژیر و دەستوەشێن و وریایە، هەرگیز شکست نەدراو لە تەنگەتاوی مەیدانی نەبەرددا. [زامیاد یەشت، کەرتی شەشەم، بەندی ٤٢] | |

لە بەندی ٤٢ی زامیادیەشتدا هاتووە کێرێساسپە ئەرێزووی شەمەن دەکوژێ کە پێدەچێ پێشەوای دینێکی ڕەتکراو بووبێ و لە هەمان کاتدا پاڵەوانێکی بەتوانا و لێهاتوو و ژیر بووە کە هەرگیز لە مەیدانی شەڕدا ژێر نەکەوتووە.

| | |
|---|---|
|  | ئیۆ جەنەت سناڤیژکێم ئییم سرڤۆزەنێم<br>ئەسێەنگۆگاوم هۆ ئەڤەثە ڤیاخمەنیەتە<br>ئەپێرێنایو ئەهمی نۆیت پێرێنایو<br>ئییزی بەڤانی پێرێنایو<br>زاوم چەخرێم کێرێنەڤانی<br>ئەسمەنێم رەثێم کێرێنەڤانی. |
| ئەوەی لێیدا(کوشتی) سناڤیژەکی سەربەقۆچی سەخت هەنگاو، دەیگوت هۆ گەلۆ: هێشتا پێنەگەیشتووم و پێنەگەییوم، هەرکە پێبگەم زەوی دەکەم بە چەرخ و ئاسمان دەکەمە ڕەوڕەوەی خۆم. [زامیاد یەشت، کەرتی شەشەم، بەندی ٤٣] | |

لەم بەندەدا یەکێکی دیکە لە دێو و ئەژدیهاکان بەناوی سناڤیژەکی سەربەقۆچ بە دەستی کێرێسەسپە لەناو دەبرێ. ئەم ئەژدیهایە کەسێتییەکی یەکجار سەرسوڕهێنەری ئەفسانەیی هەیە. ئەم ئەژدیهایە مێرمنداڵ بووە و لەناو خەڵکیدا گوتوویەتی: ئێستا پێنەگەیشتووم و هەرکە گەورە بم و پێبگەم، زەوی دەکەم بە چەرخ و ئاسمانیش دەکەم بە ڕەوڕەوەی خۆم. واتا ئاسمان دەکا بە کەژاوە و زەویش دەکا بە تایە و چەرخەکانی ئەم کەژاوەیە. لە بەندی داهاتوودا درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ: کاتێک پێگەیشتم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سپەنتەمەینیو واتا سپیترین و پاکترین گیان و ئەنگرۆمەینیو واتا گڕووترین گیان کە یەکیان نوێنەر و هێمای هێزی پاکی و چاکییە و ئەویدیکەیان هێمای هێزی ناپاکی و خراپییە، لە کورسی دەسەڵاتداریێتی جیهان دادەبەزێنم و لە کەژاوەکەی خۆم دەیانبەستمەوە و دەسەڵاتی گەردوون بەدەستەوە دەگرم.

| | |
|---|---|
|  | ئەڤەنەیینی سپێئەنتێم مەینییم<br>هەچە ڕەئوخشنی گەرۆنمانە<br>ئوسپەتەیینی ئەنگرێم مەینییم<br>ئێرێجەتە هەچە دوژەنگهە<br>تی می ڤاشێم ثەئەنژەیاوەنتی<br>سپێئەنتەسچە مەینیوش ئەنگرەسچە<br>ئییزی مانم نۆیت جەنات نەیریمەناو<br>کێرێساسپۆ تێم جەنات نەیریمەناو<br>کێرێساسپۆ<br>ئەڤە ئەپەنێم گەییهی<br>.. سانێم ئوشتانەهی. |
| دادەنوێنم سپەنتەمەینیۆ لە گەرۆمانی ڕۆشەن(بارەگای یەزدان)، هەڵدەکێشم ئەنگرۆمەینیۆ لە دۆزەخی تاریک، پێیان داژۆم بەتیژی [ڕەورەوەکەم] بە سپەنتەمەینیۆ و ئەنگرۆمەینیۆ، هەکە بمێنم و نەمکوژێ کێرێساسپە. ئەوی کوشت کێرێساسپی نەریمان، ئەو لێیسەندەوە گیان و سان و دەسەڵات و هەموو شتێکی.[زامیاد یەشت، کەرتی شەشەم، بەندی ٤٤] | |

ئەم ئەژدیهایە بە گەورەترین مەترسی بۆ خواوەندی پاکی واتا ئەهورامەزدا و خواوەندی هێزی خراپی واتا ئەهریمەن دادەنرێ، چونکە بێباکانە ئالینگاری دەسەڵاتی ئەم دوو خواوەندە دەبێتەوە؛ بەڵام کێرێساسپەی نەریمان دێت و لەناوی دەبا و گشت هەڕەشە و مەترسییەکانی ئەم ئەژدیهایە لەسەر جیهانی مادی پووچەڵ دەکاتەوە.

لە ڕام یەشتدا کێرێسەسپە لەبەردەم خواوەندێک بەناوی (ڤەیو) یان (وایو) کە خواوەندی بای لەبارە، نزا دەکا و قوربانی بۆ دەکا تاکوو بەسەر ئەژدیها و دوژمنەکانیدا سەربکەوێ. لەم یەشتەدا لە لێواری ڕووباری ڕەنگها کە بەپێی کتێبی (بنیداهێشن) لە ناوچەی سووراک سەرچاوە دەگرێ، لەم خواوەندە دەپاڕێتەوە بەسەر هیتاسپەدا سەرکەوێ و تۆڵەی خوێنی براکەی بکاتەوە و هەروەها ئەستی گەفییە و ئائوو گەفییە و گەندەرۆ لەناو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەرێ. لە ئەنجامی ئەم نزا و قوربانیکردنە، خواوەندی با (ڤەیو) کێرێساسپە بە ئاواتی خۆی دەگەینێ.

| | |
|---|---|
|  | تات ئیەزەتە نەیریمەناو کێرێساسپۆ<br>ئوپە گوذێم ئەپەغژارێم<br>ڕەنگهەیاو مەزداذاتەیاو<br>زەرەنەئینی پەیتی گاتۆ زەرەنەئینی<br>پەیتی فرەسپایتی زەرەنەئینی پەیتی<br>ئوپەستێرێنی فرەستێرێتات پەیتی<br>بەرێسمێن پێرێنێبیۆ پەیتی غژارەیەتبیۆ |
| نزای بۆ ئەو کرد کێرێساسپەی نەریمان، لەسەر گۆمی ئاوپژێنی ڕەنگهای مەزداداو، لەسەر تەختی زێڕین، لەسەر باڵگەی زێڕین، لەسەر ڕایەخی زێڕین، بە بەرسمەنی پانکراوە، لەسەر ژێدەری ئاو.[ڕام یەشت، کەرتی حەفتەم، بەندی ٢٧] | |

لەم دەقەدا شوێنی ژیان و زێدی کێرێساسپە ئاماژەی پێدراوە. ماڵی ئەم پاڵەوانە لە نزیک گۆمی ڕەنگهایە. بەپێی ئەم گێڕانەوەیە دەردەکەوێ کێرێساسپە خاوەن کۆشکێکی شاهانە بووبێ، چونکە باسی ئەوە دەکا کە بە تەختی زێڕین و باڵگەی زێڕین و ڕایەخی زێڕین ڕازاوەتەوە.

| | |
|---|---|
|  | ئەئۆم جەئیذیەت<br>ئەڤەت ئایەپتێم دەزدیمی<br>ڤەیوش ئیبۆ ئوپەرۆکەیریۆ<br>ئییەت کەئینە نیجەسانی<br>ئەزێم براثرۆ ئورڤاخشەیە<br>ئییەت جەنەنی هیتاسپێم<br>ڕەیثی پەیتی ڤەزەئیذیای<br>ئویتی ئەستی گەفیۆ ئاهی<br>ئیریش<br>ئویتی ئەئیڤۆ گەفیۆ<br>پەیتیش<br>ئویتی گەئەندەرێڤۆ ئوپاپۆ |



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

| |
|---|
| لەوی ویا (لێی ویست) ئەم ئاواتەم بێنەدی ئەی ڤەیو(با) پڕکار و بەرهەم، ئەم کین(خوێن)ە بستێنمەوە هی برای خۆم ئورڤاخشیە، کە ئەم لێیدا(کوشتی) هیتاسپە و بە ڕەوڕەوی ببەستمەوە و فزەی لێببڕم. ئەویدی هەس گەفیۆی ئاهی ئیری، ئەویدی هەس ئەئیڤۆی پیر، ئەیدی گەندەرۆی ئاوژی. [ڕام یەشت، کەرتی حەفتەم، بەندی ٢٨] |

لەم دەقە و دەقی دواتر بیروباوەڕ و دینی ئەم پاڵەوانە ئاشکرا دەبێ. لە دەقی سەرەوەدا کە لە ڕام یەشت کەرتی حەوتەم بەندی ٢٨ وەرگیراوە، ئەم پاڵەوانە نزا و قوربانی بۆ خواوەندی ڤەیو واتا با دەکا. هەروەها لە ئابان یەشت کەرتی دەیەم بەندی ٣٧ و ٣٨دا جارێکی دیکە ئاماژە بە نزا و پاڕانەوە و قوربانیکردنی کێرێساسپەی ئەژدیهاکوژ کراوە کە تێیدا ئەمجارەیان ئەم پاڵەوانە نزا بۆ (ئەرێدڤیسورئەناهیتە) خواوەندی پیت و فراوانی دەکا و سەت ئەسپ، هەزار جوانەگا و دە هەزار مەڕی بۆ قوربانی دەکا و لێی دەپاڕێتەوە بەسەر ئەژدیهای (گەندەرۆ)دا سەرکەوێ و لەناوی بەرێ و ئەم خواوەندەش نزا و قوربانییەکانی ئەم پاڵەوانە پەسند دەکا و ئاواتەکەی بەدیدێنێ.

| | |
|---|---|
|  | تانم ئیەزەتە<br>نەیریمەناو کێرێساسپۆ<br>پەسنی ڤەرۆئیش پیشینەنگهۆ<br>سەتێم ئەسپەناوم ئەرشنانم<br>هەزەنرێم گەڤانم<br>بەئێڤەرێ ئەیومەیەنانم. |
| بۆی قوربانی کرد، کێرێساسپەی نەریمان لە واری پیشینە، سەت ئەسپی ڕەسەن، هەزار گا، دەهەزار مەڕ. [ئابان یەشت، کەرتی دەیەم، بەندی ٣٧] | |



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

| | |
|---|---|
|  | ئائەت هیم جەئیذیەت<br>ئەڤەت ئایەپتێم دەزدیمی<br>ڤەنگوهی سیڤیشتی ئەرێدڤی<br>سوری ئەناهیتی<br>ئیەت بەڤەنی ئەیڤیئیەنیاو<br>گەئەندەرێڤێم ئییم زەیریپاشنێم<br>ئوپە ئیەئۆ زێئەنتە کەرەنە<br>زرەیە ڤۆئوروکەشەیە<br>ئاتەچانی سیرێم نمانێم<br>درڤەتۆ ئیەت پەثەنەیاو<br>سکەرێنەیاو دیرەئی پارەیاو. |
| لەوی ویــایە(لێی ویســت) ئەوی ئــاوەتەم بێــنەدی ئەی پــاکترینی بەتوانــا ئەرێدڤیسوری ئەناهیتە، کە بێ وەی و بێ ترس، ئەو گەندەرۆی زێرین پێ لەناو ببەم لە کەناری پڕ شەپۆلی زەریای ڤۆئورکەش، هەڵتەکێنم خانومانی بەهێزی درۆ، لەسەر پانتایی و خڕایی و بەرفراوانی پارچەکانی[زەوی]. [ئابان یەشت، کەرت دەیەم، بەندی ٣٨] | |

لە بەشی ڤیدەئێڤەداتەی ئاڤێستادا جارێکی دیکە ئاماژە بەناوی کێرێساسپە دراوە و تێیدا باس لە چارەنووسی ئەم پاڵەوانە دەکرێ کە لەلایەن دێو یان ئەژدیهایەکی بەدخوو بەناوی خنەثەئیتی فریو دەدرێ. ئەهریمەنی شەڕەنگێز ئەم دێوە یان ئەژدیهایەی ئافراندوە، ئەم دێوە بەپێی ئاڤێستا دەڵەدێوێکی سوزانییە و سەرکەوتووبووە لەوەی کە کێرێساسپە فریو بدا و تووشی ناپاکی بکا.

| | |
|---|---|
|  | ئائەت ئەهی پەیتیارێم فرەکێرێەنتەت ئەنگرۆ<br>مەینییوش پۆئورو مەهرکۆ پەیریکانم<br>ئیانم خنەثەئیتی ئییا ئوپەنگهەچەت کێرێساسپێم. |
| ئــالەم کــاتەدا پیرەژنی پــیس ئــافرێنرا لەلایەن ئەنگرۆمەینیــوی پــڕمەرگ لەســەر شێوەی پەری هێنای خنەثەئیتی کە کێرێساسپەی بە فریو پەنا دا.[ڤیدەئێڤەداتە، پەرگەردی یەکەم، بەندی ٩] | |

لە فرەوەشی یەشت، بەندی ٦١دا ئاماژە بە کۆتایی هاتنی ژیانی کێرێساسپە کراوە. بەپێی ئەم بەشەی ئاڤێستا لاشەی ئەم پاڵەوانە بەپارێزراوی دەمێنێتەوە و شینابێتەوە، چونکە لەلایەن (٩٩٩٩٩) فریشتەی پاکیی دەپارێزرێ. بەگوێرەی ناوەڕۆکی ئەم دەقە دەردەکەوێ ئەم پاڵەوانە نەمردبێ، بەڵکوو خەوتبێ؛ چونکە لە کتێبی نۆیەمی دینکەرددا ئاماژە بەوە دراوە لە ڕۆژی دوماهی کاتێک ئەژیدەهاکە کۆت و بەند هەڵدەتەکێنێ و ناپاکی لە جیهاندا بڵاودەکاتەوە، سەرلەنوێ جەستەی کێرێساسپە گیانی بەبەردا دێتەوە و ئەم ئەژدیها بەدفەڕە لەناو دەبا.[دینکەردی نۆیەم، پەرگەردی ١٤، بەندی ٢]

| | |
|---|---|
| ئەشەئونانم... یەزەمەیدی ئیاو<br>ئەڤانم کێهرپێم ئەیڤیاخشەئییەنتی<br>ئیانم سامەهی کێرێساسپەهی<br>ئیەت گەئیسائوش گەزەڤەرەهی<br>نەڤەچە نەڤەیتیشچە نەڤەچە سەتە نەڤەچە<br>هەزارەنگرە نەڤەسێسچە بەئیڤانن. |  |
| گیانە پاکەکان ستایش دەکەین، ئەوانەی بە پەیکەر بێوەیی دەبەخشن(دەیپارێزن)، هی سامی کێرێساسپە، کە هەیتی گێسووی بەگوریزە، نۆ و نەوەد و نۆسەت و نۆ هەزار و نۆجاران دەهەزار بێوەی بن. [فرڤەشی یەشت، بەندی ٦١] | |

**کێرێساسپە لە دەقی پەهلەویدا**

دەقە پەهلەوییەکان بەشێوەیەکی وردتر و درێژتر باسی ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی ئەم پاڵەوانەیان گێڕاوەتەوە و زۆربەی گێڕانەوەکان تاڕادەیەک وەکوو یەکن و تەنیا لە چەند وردەکارییەکدا جیاوازن. ئەم جیاوازیانە لەم توێژینەوەیەدا دەسنیشان دەکرێن و دەخرێنەڕوو. لە بنچینەدا ئەم گێڕانەوانە تەواوکەری گێڕانەوە ئاڤێستاییەکانی ئەم ئەفسانەیەن کە لە بنەڕەتدا لە بەشێکی ئاڤێستای کۆندا بەناوی (سوتگەرنەسک)دا تۆمار کرابوون، بەڵام ئەم بەشەی ئاڤێستا لەناوچووە و تەنیا لە کتێبی دینکەردی نۆیەمدا کە پوختەی سەرجەمی ئاڤێستای کۆنی تێدا تۆمار کراوە، بەشە جیاجیاکانی سوتگەرنەسک بە کورتی باس کراون. چواردەیەمین پەرگەردی سوتگەرنەسکی ئاڤێستا تایبەت بووە بە گێڕانەوەی پاڵەوانێتی و ئەژدیهاکوژی کێرێسەسپە. لە خوارەوەدا ئەم پەرگەردە تاوتوێ دەکرێ.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

<table>
<tr><td>چوارەدمین پەرگەرتی سوتگەرنەسک هەبەر نواندنی ئەهورامەزدا هەچ زەرتوشتی ڕوبانی کێرێساسپەی سامگرتیگ بی. ترسی زەرتوشت هەچ ئەوی سامگرتگی و پەشیمانی. گوتنی کێرێساسپە هەچ هەمەرێشی زەتەنی زیش مەرتوم بژیشتن زیش پەهرێتەکانی هەچ ڤیناس. و چەشم ئاکاسیە زیش هەچ داتار ئەهورامەزدا پەوان زەتەن زیش ئاتەش.</td><td></td></tr>
<tr><td colspan="2">چواردەیەمین پەرگەردی سوتگەرنەسک لەهەمبەر نواندن و پیشاندانی ڕەوانی سامگرتی کێرێساسپە بە زەردەشت. ترسا زەردەشت لەم هەموو سامگرتن و پەشیمانییە. گوتەی کێرێساسپە لەو هێرش و لێدان و پاڵەوانێتیانەی کە بەهۆیەوە خەڵکی ژیان و بەهۆی ئەوە پارێزران لە تاوانباران. ئەوەی بەرچاوە ئەوەیە داداری ئەهورامەزدا بەم کردارە باشانەش خانومانی پڕ ئاگری پێ بەخشیوە. [دینکەردی نۆیەم، پەرگەردی ١٤، بەندی ١]</td></tr>
</table>

کێرێساسپە ئەگەرچی جیهانی ئافرێنراوی لە ئەژدیها و دێوی ناپاک پاراستووە، بەڵام بەهۆی بێڕێزیکردن بە ئاگر و ئاوێتەبوون لەگەڵ دەڵەدێوی خنەتەئیتی بە ئاگری دۆزەخ سزا دراوە. لەم پەرگەردەی دینکەردا ئاماژە بە دیداری زەردەشت و کێرێساسپە کراوە. زەردەشت لە گەشتێکی ڕۆحی لە چەشنی میعراجدا بەرەو ئاسمانەکان و بارەگای یەزدان و دواتر بەهەشت و دۆزەخ دەڕوا. لەم گەشتەدا چاوی بە ڕەوان و گیانی ماندوو و پەرێشان و پەشیمانی کێرێساسپە دەکەوێ. ئەم پاڵەوانە بە ژماردنی کردەوە باش و ئەژدیهاکوژییەکانی بۆ زەردەشت، تکای لێدەکا، لای ئەهورامەزدا نێوەندگیریی بۆ بکا بەڵکوو لە سزای دۆزەخ ڕزگاری ببێ و ڕەوانەی بەهەشت بکرێ.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی



٢- وە بوهھیســــــــتنی کێرێساسپە هەچ ئەهورامەزدا کوو ئی پەهریم ئەهـوان پەوان کـوو کرتـارییە هــامتییە کوشـــتن گەز ســـروبەر و ستەمیەی ئەوی پیتیەرکی. و هەمتییە کوشتنی گەندەرێوی زەئیـری پاژنـانی شـــکەپتییە ئەوی درەوژن. و هەمتـــییە زتەن هـــون نیوشـــەکی نیڤیکـــان دەشـــتانیکان، و گـــران ئەنیکیهـــی و ڤیژەندی ئەویشان. هەمتیـیە ڕامینیتنی تکیـژی واتـــی هەچ گیهـــان زیانیـــە ڕاوەنەر و ئەوی دێمـان سوتی داینـوانتی. و پەوانیژ کوو ئی ئامەت دەهاک هەچ بەنـــد هەرژەگ ڤەکـــرتن ئـــی پەوان مرنژاندنی گیان هەمبەر دبوریتن و داو ئەوێسیانیتی گریتن ئەوی هەوستینیت و پەوان وانیتەنـــی ئەوی کەبـد ئـــاووژ درەوژن ئەوی گیهان دام فراژدەت.

ویستی کێرێساسپە لە ئەهورامەزدا کە بهێڵە ئەهوەن ببمەوە (ئاسوودە ببم) بەهۆی ئەو کـرادارانەی کە کـردوومە وەکـوو کوشـتنی ئەژدیهـای سـروبەری و کۆتـایی هێنـان بە ستەمی ئەم بەدکردارە و هەروەکوو کوشتنی گەندەرۆی زێڕین پاژنە کە هەڵشکافترا ئەم درۆزنە، و هەروەکـوو لێـدانی خـوێنمژانی نەوەی دەشـتانی و کۆتـایی هێنـان بە ناپـاکی و بەدکاری ئەوان. هەروەهـا ڕامکردنی باهۆز (تیـژی بـا) کە زیانەکەیم لەسەر جیهان ڕاونا و ئارامم کردەوە تاکوو سوودی بۆ دێ و نیشتمان هەبێ. هەروەها بەوانەش کە ڕۆژێک زوحاک لە بەنـد وەدەبـی و بۆ مرانـدن و لەناوبردنی جیهان دێ و داو هەڵدەواسێ و ئەو [کێرێساسپە] هەڵدەستێنێتەوە و بەم چەشـنە ئەو پیسـە دژوونە درۆزنە پەلاوێژ دەکـا و ئەم جیهانە ئاسـوودە دەکاتەوە. [دینکەردی نۆیەم، پەرگەردی ١٤، بەندی ٢]

لە کتێبێکی دیکەی پەهلەوی بەشێوەیەکی دوور و درێژ ئەژدیهاکوژی کێرێساسپە تۆمار کراوە. ئەم کتێبە بەشێوەی دەسنووس بە ژمارەی (م. او. ٢٩) لە کتێبخانەی زانکۆی شیراز پارێزراوە. بەشـی یەکەمـی ئەم کتێـبە لە لاپەڕە (٢ تـاکوو ٢٢) سـەبارەت بە دیـداری زەردەشـت و ڕەوان کێرێساسـپەیە. هەمـان ئەم دیدارەی لە کتێبـی دینـکەردی نۆیەمدا خرایەڕوو، بەڵام لەم کتێبەدا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ڕووداوەکان بە وردەکارییەوە گێڕدراونەتەوە. لەم کتێبەدا گفتوگۆی نێوان زەردەشت و ئەهورامەزدا و ئێزدەکانی دینی زەردەشتی وەکوو نواندنێکی شانۆیی خراوەتەڕوو. لەم دیمەنەدا ئەهورامەزدا لە زەردەشت دەپرسێ ئایا دەخوازی ڕەوانی چ کەسێک لێرەدا ببینی کە بەڕای تۆ لە هەموو کەسێک باشتر و چاکترینە؟ زەردەشت دەڵێ: ڕەوانی کێرێساسپە. داواکاری زەردەشت پەسند دەکرێ و ڕەوانی ئەم پاڵەوانە لە بەردەمی ئامادە دەبێ. لە ئەنجامی گفتوگۆی نێوانیان کێرێساسپە بە مەبەستی لێخۆشبوونی یەزدان سەرجەم کردەوە پاڵەوانێتی و ئەژدیهاکوژییەکانی خۆی بۆ زەردەشت دەگێڕێتەوە و داوای لێدەکا، وەکوو نێوەندگیر پاوانی بۆ بکا کە ئەهورامەزدا لە تاوانەکانی خۆشبێ و لە دۆزەخ دەریبێنێ و بە بەهەشت شادی بکا. ئالێرەوەیە کە ئەم ڕووداوانەی لە ئاڤێستادا بەشێوەی کورت و پوخت گێڕدراونەتەوە بە تێروتەسەل دەگێڕدرێنەوە و دیمەنەکانی ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی و گۆڕەپانی شەڕی ئەم پاڵەوانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.



کوو پرەتوم هەندور گیتیگ کارژاری لەتەگی ئەژیکی سرووەرەک بیەکەیم. کوو ئەمیت هەژیش داهینی ئەناگاهی پەت کرێت وەس بویت. کوو چمیک ئەمیت ئومەرتیمان و ئەسپان بیەئوبەئاریت ئەویش هەبەر ددان ستونەگ بیەفیراز بوویت. کوو بیە درێژیش هەشتات بەژنیە درێژیک ئەویت. ئەویشان هەندۆر ددان ئومەرتە دروێد بیەهەسپاریت. پەتیش ئەویشان ئەژییە کوو داهینی هەبەر گیتیگ پەت ئەناگاهی و گیران ئوژەن بیەئوبیت. چیوون هەبەر ڕیبرێت ئەوی ئەژییە بیەئوومم. پەت بامیتات کوو تا ئێیەبارەگانی. ڤەتو ئەبەگ پەت ئورزی گەئوسەری هوێنەر و زەرییگ ئەیشتەر بیەکارژاری ئەویشان ئەژییە سرووەرەگ بیەئوبیتم. ئەپەدم پەت هونەریکی خوێش و پەت هەیاریکی توو ئەهورامەزدا کووشان هەبەر بیەمەرینم. و گیهانی داهینی پەت ئەمەرگ و ئەبیش و ئەپەتیارەک بیەئوویت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

که بەری هەموو شت لەناو جیهان شەڕ لەتەک ئەژدیهای سەروبەر (سەربەقۆچ) بکەم. که بەهۆی ئەوەوە داهێنان(ئافراندن) زۆر خراپی و کرێتی بەخۆیەوە بینی. که چۆن هات و خەڵک و ئەسپەکانی قوودا. ددانەکانی ئەو هێندەی ئەستووندەیەک هەڵکشابوون. که درێژییەکەی هێندەی هەشتا بەژن درێژ بوو. بە ددانەکانی خەڵکی دەدڕی و دەیهاڕین. بەهۆی ئەم ئەژدیهایە ئافراندنی گیتی لە ترس و خراپییەکی گراندا بوو. چۆن ڕووبەڕووی ئەو ئەژدیهایە بوومەوە، لە بەرەبەیانییەوە تاکوو ئێوارە، وەها بەوی گورزی سەرەگای خوێنین و ئەشتەرەی زێڕین شەڕی ئەو ئەژدیها سەربەقۆچە بکەم، تا ئەودەم بەهۆی هونەری خۆم و هاریکاری تۆ ئەی ئەهورامەزدا وەهای بکوژم که جیهانی ئافرێنراو بێ مەرگ و بێوەی و بێ دوژمن بمێنێتەوە. [م. او. ۲۹، ٦]

لێرەدا کێرێساسپە یەکەمین ڕووداوی پاڵەوانێتی و ئەژدیهاکوژی خۆی دەگێڕێتەوە و تێیدا باسی زیان و کاولکارییەکانی ئەژدیهایەکی ژەهرپژێن و مەترسیدار بەناوی سروبەر دەکا. سروبەر لە دەقی پەهلەویدا شێوەی گۆڕاوی سرەڤەری ناوە ئاڤێستاییەکەیە. مانای ئەم وشەیە بریتییە لە سەربەقۆچ یان شاخدار که مەبەست لێی ئەژدیهای شاخدارە. کێرێساسپە لە گێڕانەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی خۆی لەگەڵ ئەژدیهای سەربەقۆچ وەسفی سیمای تۆقێنەری ئەم ئەژدیهایە دەکا که ددانەکانی یندەی ئەستووندەیەک گەورە بوون و بەژنی هێندەی هەشتا بەژنی مرۆڤ درێژ بووە. وەسفی سیمای ئەم ئەژدیهایە لە دەقەکاندا لە ڕووی وردەکارییەوە تارادەیەک لەگەڵ یەکدیدا جیاوازن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەسەرجەمیاندا توانراوە سیمای تۆقێنەری ئەم ئەژدیهایە وێنا بکەن.



کوو ئەمین هەندۆر گیتی پەت کارژاری لەتەگی ئەژییە بیەکرتم کوو کە هەندۆر ئاپیستاک ئەوی ڕای گەندەرۆبی زەرییە پاشنی ناو کریتییەیتن. کوو زەرییەپاشنی ئەو ئەوییێت کە مانی ئەویشان پەت زەریا ئەوییێت. کوو ئەبەر پەت زەریا لینگی ئەوییێت و هەمانەگ ئیش و دەستانی ئەویشان پەت گوبرەیی ئاسمان ئەوییێت کوو پەت ئاوی زەریا بیە هەبەر هویشکی ئاماتیەت،

که من لە جیهاندا لەگەڵ ئەژدیهایەک شەڕم کرد که لە ئاڤێستادا بە ناوی گەندەرۆی زێڕین پاژنە ناسراوە. زێڕین پاژنە ئەوەیە که شوێنی مانەوەی لە زەریایە، ئاوی زەریا هەتا پێی ئەو دەبێ و هەروەها دەستەکانی لە گەورەییدا هێندەی ئاسمانە و که لە ئاوی زەریاوە دەستی بەرەو وشکایی دەگا. [م. او. ۲۹، ۷]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دووەمین شەڕی کێرێساسپە لەسەر زمانی خۆی بەپێی دەقی ئەم دەسنووسە، لەگەڵ ئەژدیهایەک بووە کە لە ئاڤێستادا بە گەندەڕۆی پاژنە زێڕین ناوی هاتووە. ئەم ئەژدیهایە لەناو زەریادا ژیاوە و زۆر گەورە و زەبەلاح بووە و کاتێک لە قووڵترین شوێنی زەریا لەسەر پێ ڕاوەستاوە، ئاوی زەریا تەنیا هەتا لینگی هەڵدەکشا و لە ناوەڕاستی زەریاوە دەستی بە کەنار ئاوەکان ڕاگەیشتووە.

<table>
<tr>
<td>و ئوکاتەنگاو هەندۆر ئەلێواری زەرییە ئەبەر توخمیەی ماسیە بیەئویگرتن، هەبەر ڕۆشنیی هووەری پەت ئەپرژنیت و هەبەر دەخویتن و هەچ ئەژ ئەو بیە گیهان هومەرتمان بیەئوگریت. کوو هەک ئیوەک بار دوازدە مرۆی خواریت. پەت ئاسانتر بیەئوزەریت و گەئوسپەندان ڕای. ئی میژ ئەمویریت ئەند کوو پەت داهینی ئەهورامەزدا مرۆی و گەئوسپەند پەت هەچ واکی ئەو ئەژییە ژیوەندەگی نەشیایتن بردن. کوو پەت هەمانەگ هەچ ئەویشان ئەژییە، وەس گەناکی ئەبوییت، ئەبەر پەت ناو چەشتی ڕای گوپتی ئەیتی. کوو پەت لەتەگ ئەوی گەندەرۆب ئەژییە کارزار کەئییم، هەبەر ئەیاریهی تۆ ئەهورامەزدا و ئەهمارسپەندان یش لەتەگ، کووم نۆ ڕۆیج و نۆ شەویە هەندەر گاڤی ئوشبام کوو بیە بەندی کەڤان هەبەر هەر دوو دەست بیە ئوگیرم، کوو هەچ ئەویگاف وەدفرژامی ئەژییە بیە ئوزری گران ویم و ستو بیەئوینم.</td>
<td></td>
</tr>
<tr>
<td colspan="2">ئەو کاتەی لە لێواری زەریا خەریکی ماسی گرتن دەبێ، بە تینی تیشکی خۆر ماسییەکە دەبرژێنێ و دەیخوا. دوای ئەوە خەریکی گرتنی خەڵکی جیهان دەبێ. کە ئەگەر بە یەک جار دوازدە مرۆڤ بەیەکەوە بخوا، ئاسانتر هەرسی دەکا هەروەها گا و مەڕومالاتیش. ئەوەشیان گوتووە کە لە جیهانی ئافرێنراوی ئەهورامەزدادا مرۆڤ و مالات لە</td>
</tr>
</table>



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ترسی ئەم ئەژدیهایە ناتوانن بژین. بەهۆی ئەم ئەژدیهایە کاولکارییەکی زۆر بەدیهاتووە کە بەناو ئەم زیان و کاولکاریانە باس کراون. لەگەڵ ئەم گەندەرۆیە ئەم ئەژدیهایە شەڕ دەکەم بە هاریکاری تۆ ئەی ئەهورامەزدا و پشتیوانی فریشتەکان، نۆ شەو و نۆ ڕۆژ لەکاتی ئاسۆی بەرەبەیان، بەندی کەمان بە هەر دوو دەستم دەگرم کە لەم کاتەوە ئەژدیهای بەدەنجام بەم گورزە گرانە پڕ ترس و دڵەڕاوکێ دەکەم و لەناوی دەبەم. [م. او. ۲۹، ۸]

گەندەرۆی پاژنە زێڕین ئەژدیهایەکی مەترسیدار بووە و کاولکارییەکی ڕادەبەدەری لەسەر زەوی کردووە. کێرێساسپە بۆ ماوەی نۆ شەو و ڕۆژ دەستەویەخەی ئەم ئەژدیهایە بووە تاکوو دواجار توانیویەتی بە یارمەتی یەزدان و بە هێزی بازوو و توانستی خۆی لێیبدا و بیکوژێ و جیهان لە شەڕی ئەم ناپاکە ئاسوودە بکا.



ئیوک بار گەناگ مینوگ بیەئوش گێهان ویشوپتن ڕای هەبەر، مەروغەکی کەمەک هەندۆر گێتی بیەدایتی. کوو کەمەک ئەوی ڕای ئەمروویت کە هەبەریش گێهان پەت هویشکی ئیبوییێت، کوو ئەژێری ئاسمان بیەهەبەر هەواگ بیەمیەنییێت و هەبەر هەر دوو پەڕکی خویش ویدارەت ئەبوییێت. کوو کە میزناگی واران هەندۆر گێتیگ بیە، ئاوی واریشن هەبەر ئەوی پەت پەڕکی خویش بیەئوییێت و دووبار ئەوی زەریای بیەڕیژیت، کوو ئیش سروشکی کتەیش هەبەر زەمیگ نەئوپریژەت. هەژیش داهینی گیتیگ هەبەر پایەتار نەمیەنییێت، و تەراتیم ئویەوەنت.

یەک جار ئەهریمەنی بۆگەن بۆ ئاژاوەنانەوە لە جیهان، مەلی کەمەکی لە جیهان خوڵقاند. کەمەک بەوە دەگوترێ کە بەهۆی ئەوەوە جیهان وشک دەبێ، چونکە لە ژێر ئاسمان لە هەوادا دەمێنێتەوە و هەر دوو باڵی خۆی واڵا دەکاتەوە. تا کاتێک هەوری باران بەسەر گێتیدا بباریێ، ئاوی باران بە هەر دوو باڵی خۆی بگرێ و دووبارە بۆ ناو زەریا هەڵیڕێژێتەوە، بە چەشنێک کە لێی سروشک(دڵۆپێک)ی بچووکیش بۆ سەر زەوی نەپرژێ. تاکوو بەهۆی ئەوە ئافرێنراوانی گێتی پایەدار نەمانەوە و تەڕاییان تێدا نەمایەوە و لەناو چوون. [م. او. ۲۹، ۱۰]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەم بەندەدا ڕووداوی دەرکەوتنی ئەژدیهایەکی باڵدار بەناوی مەلی کەمەک گێڕدراوەتەوە. ئەم مەلە نەگریسە لەلایەن ئەهریمەنەوە بە مەبەستی وشک کردن و کاولکردنی زەوی و لەناوبردنی مرۆڤ بوونەوەران و ئافراندنی یەزدان خوڵقێنراوە. ئەم ئەژدیهایە هۆکاری درووستبوونی وشکەساڵی بووە و لەڕێگەی باڵە فش و گەورەکانی توانیویەتی ڕێگە لە گەیشتنی ئاوی باران بۆ سەر زەوی بگرێ و بەم چەشنە ژیان لەسەر زەوی تووشی گرفت دەبێ و مرۆڤ و گیانداران و دار و درەخت و ڕووەک بەهۆی ئەم وشکەساڵی و بێ ئاوییە قڕ دەبن و لەناو دەچن. لە کۆتاییدا کێرێساسپە بۆ ماوەی حەوت شەو و ڕۆژ ئەم باڵندە نەگریسە تیرباران دەکا و لە ئاسمانەوە دەیپێکێ و دەکەوێتە سەر زەوی و بە گورزە گرانەکەی لە کەلەی سەر و دنۆکی دەدا و تێکی دەشکێنێ و لەناوی دەبا.

<table>
<tr>
<td>ئویش هەچ گەنیگی وەس کوو پەت ناو چەشتی ڕای گوپتەئیتەنت کوو کە هەمەگ وار و جۆگی ڕۆییتییە پەت هویشک بیەبوێت هەنت، ئەپزوونیگی مینوگی ئەهورامەزدا کوو کە ئازاتیی نیەئەبوێت کە هەمبەر مەروغەکی کەمەک بیەمرەئینیت. ئەڤگاڤ خەپ هەبەر ئەتیری نیوار بیەئوگیرم، ئورپوڕی کەمەک مەروغەکی ئوروئیم و لەتەگ هەفت ڕۆژ شەڤان کارژاری ئەویشان بیەئییێم. هەمانەگ کوو پەت واران بیە ئاو وارێت، پەت هەمیژ ئەوێنەگ ئەتیر بیەواریم. هەبەر نیوڕۆج گاڤی کو هەر دوو پەڕەگی ئەویشان و ئویش بیەنگوتم کوو بیە تەنی مەری بەستەک هەمانەگ و هەبەر ئەژێرەگ زەمیگ بیەپتیتەنت. ئەویش وەس هومەرتانی گیتیگ ویسەند، هەنیک هەبەر هەژێر مەری ڤیشوپتەنت. کوو پاش هەمان گاڤی نیزیکی ئەوی بیەبویێم، ئویش پەت مینکاری ئەویشان هەبەر ئورزی گەئوسەری هوێنەر بیەمرەیتینم داهینی ئەبیش و ئەمەرگ و ئەپەتیارەگ بیەئوبیت.</td>
<td></td>
</tr>
<tr>
<td colspan="2">و خراپییەکانی ئەو زۆر بەناو گێڕدراونەتەوە کە هەموو وار و نیشتمان و جۆگەی ئاوەڕێ وشک بوونەوە. ئەی مینوی فراوانی و بەپیتی ئەی ئەهورامەزدا، بەهۆی ئەوەی کە</td>
</tr>
</table>



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئازایەک نەبوو بتوانێ مەلی کەمەک بکوژێ، لەم کاتەدا قەفی تیر دەگرم و لەناو کەوان دایدەنێم و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەلی کەمەک دەڕۆم و لەگەڵی حەفت ڕۆژ و شەوان شەڕ دەکەم. هەروەکوو چۆن باران دەبارێ، ئەوهاش بەوێنەی باران تیر دەبارێنم. لە گاڤی نیوەڕۆدا وەها هەر دوو باڵی ئەو دەئەنگێوم کە بە تەنی ئەوی مەلی ببەستمەوە (واتا بەهۆی بارانی تیرەوە باڵەکانی بە لاشەی دەدرووم) و بەرەو زەوی دایدەکەوێنم. ئەویش مرۆڤێکی زۆری جیهان کوشتووە، هەندێکیش لە ژێر ئەوی مەلی پان دەبنەوە. لە هەمان کاتدا لێی نزیک دەبمەوە، ئینجا لە دنۆکی ئەو دەدەم بە گورزی سەرکەگای خوێنین و دەیکوژم و ئافراندنی [یەزدان] بێوەی و بێ مەرگ و بێ زیان دەکەم.[م. او. ٢٩، ١١]

لە کتێبی (گێڕانەوەی پەهلەوی)دا سەرجەمی ئەم ئەفسانانە هەر وەکوو دەسنووسی (م. او. ٢٩) گێڕدراونەتەوە. هەرچەندە لە وەسفکردنی دیمەنی شەڕی نێوان کێرێساسپە و ئەژدیهاکان و وەسفکردنی سیمای ئەژدیها و ڕادەی مەترسی و کاولکارییەکاندا هەندێ جیاوازی بەدیدەکرێن؛ بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە ناوەڕۆکدا تەواو لێک دەچن و ڕووداوە سەرەکییەکان وەکوو خۆیان پارێزراون. لە خوارەوەدا گێڕانەوەی ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی کێرێساسپە بەپێی کتێبی ڕیوایەتی پەهلەوی دەخرێتەڕوو و لە کۆتاییدا سەرجەمی ئەم گێڕانەوانە یەکدەخرێن و گێڕانەوەیەکی ورد و تەواوی ئەم ئەفسانانە پێشکەش دەکرێن.

لە (گێڕانەوەی پەهلەوی)دا ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی کێرێساسپە هەروەکوو کتێبی نۆیەمی دینکەرد و دەسنووسی (م. او. ٢٩)دا لەسەر زمانی خودی پاڵەوانەوە گێڕدراوەتەوە. لەم کتێبەشدا کێرێساسپە لە کاتی دیداری لەگەڵ زەردەشتدا بە مەبەستی بەزەیی پێداهاتنەوەی ئەهورامەزدا سەرجەم کارە باشەکانی خۆی کە بریتیبوونە لە کوشتن و لەناو بردنی ئەژدیها و هێزە ئەهریمەنییەکان لە سەردەمی ژیانیی، بۆ زەردەشت دەگێڕێتەوە تاکوو بەم چەشنە لە یەزدان لێخۆشبوونی بۆ وەربگرێ و لە دۆزەخ ڕزگاری ببێ.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

<table>
<tr>
<td></td>
<td>روبـانی کێرێساسـپە گوپـت کـوم بیەمـــورژ ئەهـــورامەزدا و ئەزم ئـــانم پەســـنە ئەهوان دبییە ئەزم گەرتمان بیەدییە، ئەز ئی ســەرومر بیەئــوژتم ئەوی ئەســپ خــوەری مــرۆ خوەری ئەوی ددان هەنـد چەنـد بەژنکـی مـن هەبیـت ئەوی گوێچـک هەنـد چەنـد چـاردە نمەت هەبیت ئەوی دیە هەنـد چەنـد ئـورڕتەنی هەبیت ئەوی سـروب هەنـد چەنـد شـاخی پەت بـالا بیـت. ئەزم چەنـد نیـو ڕۆج پەت پیشـتی هەمی تەژیتیم تاکوم سەر بیەئودەست کرتم، گەتـویێ ئـو گەرتنـی ژەتم بیەئوکوشـتم. و هەکەم ئەویـم ئەزی نەئـوژەتمە ئـیش ئەوی هەمیـگ دامـی تـو بیەهەپشـینیت و ئـیەو تـو هەگریـز چـارەکی ئەهرمەنـی نەهیتانسـتی ئی.</td>
</tr>
<tr>
<td colspan="2">ڕەوانی کێرێساسپە گوتی کە بمبوورە ئەهورامەزدا و بە من بدە ئەوەی پەسند و ئەهوەنە، گەردومان(شوێنێک لە بەهەشتە) بە من بدە، بەهۆی ئەوەی من سروبەرم کوشت ئەو ئەسپ خۆر و مرۆڤ خۆرە، ئەوەی ددانی هێندەی چەند بەژنی من گەورە بوو. ئەوەی گوێچکەکانی هێندەی چواردە جاجم دەبوو. ئەوەی چاوی هێندەی چەند چەرخ گەورە بوو. ئەوەی قۆچی هێندەی چەند شاخ(لقی دار) گەورە بوو. من نیو ڕۆژ لەسەر پشتی بەردەوام [ئەسپم] تاو دا، تاکوو توانیم سەری بگرمە دەست و گورزێکم لە گەردنی وەشاند و کوشتم. ئەگەر من ئەوم نەکوشتبا، ئێستا ئەو هەموو ئافرێدەی تۆی هەڵوەشاندبۆوە و بەم چەشنە تۆ هەگیز نەتدەتوانی چارەی ئەهریمەن بکەی. [Dhabhar, 1913: 66-67]</td>
</tr>
</table>

پێشتر ئاماژە بە هەندێ جیاوازی لە وردەکاری گێڕانەوەی ئەم ئەفسانانە کران. بۆ نموونە لێرەدا لە کاتی وەسفکردنی ئەژدیهای سروبەردا کێرێساسپە دەڵێ: ددانەکانی هێندەی چەند بەژنی من گەورە بوون، گوێچکەکانی هێندەی چوار جاجم دەبوون. لەم دەقەدا بە مەبەستی گەورە پیشاندانی ئەم ئەژدیهایە ئاماژە بەوە دراوە کە ماوەی نیوڕۆژ کێرێساسپە لەسەر پشتی ئەم ئەژدیهایە ئەسپەکەی تاو داوە تاکوو گەیشتووەتە لای سەری و بەگورز لێیداوە و کوشتوویەتی.



کێرێساسپی گوپت کوو ئەهورامەزدا ئانم پەسنو گەرتمانم دبییە چیم گەندەرۆ بیەئوژەتم کەش پەت ئێک بار دوازدە دێیهـ بیەئوجووت. کەئەم هەندۆر ددانی گەندەرۆ بیەنیگاریتم هەش مەرتومی میرتەگی هەندۆر ددان هەگەستی ویستاتن. ئەویش ڕیئیشی من وەگرت، ئەویش بیە زەریا کشانیت ئیەم ئیمان نۆ ڕۆج و شڤان هەندەر زەریا کارژار کشایت و چکۆ هەچ گەندەرۆ پەیتیەویتر هەبیتیم. ئەزم تئیی پەی گەندەرۆ گریتم و تاک سەر چەرم بیەئیختم و دەست و پەیی گەندەرۆ پەتەش بەستم و بە زەریا بیەئوبەرکشیتم و بیە ئاخروەرگ هەسپارتم. ئەزم پازدە ئەسپ کوشت و ئوخوارتم. و پەت سایەکی ستوور بیەخەفتم و گەندەرۆ ئاخروەرگی دۆستی کشیت و ئویش هەژەنی من کشیت ئویش باب و دایکی من کشیت. و هەمیگ هومەرتم من هەچ خەوم گوهرایەنیتن و هەستامەئیم و هەر گامی هەزار گام بیەئویشتم هەژی هەچ پەیی من بیەئویشتم هەری جێش پێکەپت هەژش ئاتەخش هەندۆر هەرژەستی بیەئۆ زەریا ئوزەریتم ئویش وەگرتم و بیەئوژەنیتم.

کێرێساسپە گوتی کە ئەی ئەهورامەزدا ئەو گەردومانە پەسەندەم پێبدە، چونکە گەندەرۆم کوشت کە بەیەک جار دوازدە دێی هەڵلۆشی. کاتێک لە ناو ددانەکانی گەندەرۆم ڕوانی، هێشتا مرۆڤی مردوو بە ددانەکانی هەڵواسرابوون. ڕیشی منی گرت و بەرەو زەریا ڕایکێشام و بەم ڕەوشە نۆ ڕۆژ و نۆ شەوان لەناو زەریا شەڕ ڕایکێشا(خایاندی) و چونکە من لە گەندەرۆ پەیتتر (بەهێزتر) بووم من بنی پێی گەندەرۆم گرت و تاکوو لای سەری، چەرمەکەیم هەڵکێشا و دەست و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

پێی گەندەرۆم پێی بەستەوە و بۆ ناو زەریا ڕامکێشا و بە ئاخوروەرگم (میرئاخوور) سپارد. پازدە ئەسپم کوشتەوە و خواردم و لە ژێر سێبەری ئەسپەکەم خەوتم و گەندەرۆ ئاخوروەرگی هاوڕێمی ڕاکێشا و ئەو ژنی منی ڕاکێشا، ئەو باب و دایکی منی ڕاکێشا. خەڵکی هەمووی منیان لە خەو وریاکردەوە و هەستامەوە و هەر هەنگاوێکم کردە هەزار هەنگاو، هەر لە هەر شوێنێک پێم دادەنا بەهۆی هەنگاوی من ئاگری لێهەڵدەستا، بەرەو زەریا ڕۆیشتم و ئەوم گرتەوە و کوشتم.[Dhabhar, 1913: 67-68]

گێڕانەوەی کوشتنی گەندەرۆی پاژنە زێرین لەم دەقەدا زۆر سەرنجڕاکێشە و تێیدا ڕووداوەکە بەچەشنێک دەگێڕدرێتەوە کە لە دەقەکانی پێشتردا باس نەکراوە. ئەمەش بۆ ئەم کاتە دەگەڕێتەوە کە گەندەرۆ پەلاماری کێرێساسپە دەدا و ڕیشی دەگرێ و بۆ ناو زەریا ڕایدەکێشێ، هەروەها هاوسەر و دایکوباوک و میرئاخووری هاوڕێی کێرێساسپە بەدیل دەگرێ.



کێرێساسپە گوپت کوو ئەهورامەزدا وەهیشت و گەرتومان بیەدەبیم چیم ڕەییگەر بترونیتم کە پەت تەن ئیتون برند بیەوەند ئی هەمیگ ئامای هێشتنت هومەرتومان پەت هەنی شائیتن کوو ئەویشان هەژێر ستێر و مانگ ئەویشان هەژێر گوێچ خومرشێت ئیرۆیتن. ئەویشان ئاقی زەریای تاک ئو شنۆگ ئەبوێیت. ئەویشان من تاک ئو زینگ بوویتم ئەزم پەت زینگ بیەئوژەنیتم ئەویشان ئێخستم و ئەویشان کوفی پەت زەمیگ شکستن. ئەزم هەکەرم ئێخستی ڕەییگەر نەئوژتم هەنگرۆ هەبەر دامی تو پادیشای بووتییە.

کێرێساسپە گوتی ئەی ئەهورامەزدا بەهەشت و گەردومانم پێ ببەخشە، چونکە ڕێگرەکانم تاراند کە بە تەن و جەستە، وەها بەرز و گەورە بوون کە لە کاتی هاتن و چووندا خەڵکی پێیان وابوو کە ئەستێرە و مانگ لە پەن گوێی ئەودا دەردەکەون و وندەبن. ئاوی زەریا هەتا ئەژنۆیان بوو. من تاکوو زینگ (گۆزینگ)یان بووم. من لە گۆزینگیانم دا و ئەوانم هێخست و بەهۆی کەوتنیان بۆ سەر زەوی کێوەکانیان تێکشکاند.ئەگەر من ئەم ڕیگرە نەخستراوانەم نەکوشتبایە، ئەنگرۆمینو(ئەهریمەن) لەسەر ئافرێنراوی تۆ پاشایەتی دەکرد. [Dhabhar, 1913: 69]

کوشتنی ئەم ئەژدیها ڕێگرانە دەکرێ لەگەڵ کوشتنی ئەم پاڵەوانانە بەراورد بکرێن کە لە زامیاد یەشت کەرتی شەشەم بەندی ٤١دا ناویان لە ڕیزی ئەم هێزە ئەهریمەنیانە هاتووە کە لەسەر دەستی کێرێساسپە کوژراون.

**ئەفسانەی کێرێساسپەی ئەژدیهاکوژ**

بەپێی ئەم دەقانەی لەم توێژینەوەیەدا لە کتێبی ئاڤێستا و کتێبە پەهلەوییەکان خرانەڕوو، کێرێساسپە دووەمین کوڕی سام بووە و بە نەریمان واتا نێر و بوێر و جوامێر ناسراو بووە و خاوەنی پرچی بەگوریزە و گورزی گران بووە. هەروەها پاڵەوانێکە کە لەلایەن یەزدانەوە پشتیوانی لێکراوە و خوەرێنە یان فەڕ و شکۆی یەزدانی پێبەخشراوە و بەهۆی ئەم خوەرێنەیە کە توانیویەتی بەسەر کۆمەڵە ئەژدیها و دێوێکی سەیر و سەمەرەدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

سەردەمی ژیانی ئەم پاڵەوانە بەپێی دەق بۆ ڕۆژگاری ئییمە یان جەمشید واتا بۆ ڕۆژگاری پێش دەرکەوتنی دینی زەردەشتی دەگەڕێتەوە. ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەم ئەفسانانە بدرێ، دەردەکەوێ کێرێساسپە لە سەردەمی پێش زەردەشتدا وەکوو خواوەند یان نیمچە خواوەندێک بووە کە هێزە خراپ و ئەهریمەنییەکان لەناو دەبا. بەمانایەکی دیکە ئەم خواوەندە یان نیمچە خواوەندە لەگەڵ خواوەندە شەڕەنگێزەکان کە بە دەئێڤە واتا دێو ناسراون لە ململانێ دابووە. ڕێک وەکوو مەردووک لە ئەفسانەی خواوەندانی سۆمەری کە ڕووبەڕووی خواوەندە شەڕەنگێزەکانی دیکە وەکوو تیامەت دەبێتەوە.

پێدەچێ کێرێساسپەش لە سەردەمی زەردەشتدا کە سەرجەم خواوەند و نیمچە خواوەندەکان لە پلەی خواوەندی دابەزێنران و تەنیا ئەهورامەزدا بە خواوەندی تاک و تەنیا دەسنیشان کرا، ئەم پلەیەی لێسەنرابێتەوە و لەناو جیهانبینی و فەلسەفەی دینی زەردەشتیدا توێنرابێتەوە و ئەرکی پاراستنی ئافراندنی ئەهوراییی پێ سپێردرابێ. هەر بەهۆی ئەم جیهانبینی و تێڕوانینەیە کە ئەم پاڵەوانە لە ڕیزی نەمرانی دینی زەردەشتی هەژمار کراوە و لە دواڕۆژدا کاتێک هێزی خراپی بەسەر گەردووندا زاڵدەبێ، ڕادەبنەوە و کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەهریمەن و دەستوپێوەندی لەسەر ڕووی زەوی دێنن. لەم کاتەدا ئەرکی کێرێساسپە کوشتنی ئەژیدەهاک یان زوحاک دەبێ کە لە چیای هەرەبەرزێتی بەندکراوە و کۆت و بەند دەپچڕێنێ و دژی ئافرێنراوی پاکی ئەهوراییی ڕادەبێ و جیهانی پاکی بوون، پڕ لە پیسی و خراپی دەکا. بەم چەشنە ئەفسانەی پاڵەوانێتی کێرێساسپەی ئەژدیهاکوژ بە ڕووداوەکانی دوماهیکەوە پەیوەست دەکرێن.

بەهۆی ئەوەیە دەشێ بگوترێ ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان کە سەرچاوەی هەرە دێرینی زمان و ئەدەبی کوردیین، بەشێکی زۆری سامانی بیروباوەڕ و هزر و جیهانبینی گەلی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کوردیان تۆمار کردووە و پاراستوویانە. بەپێی ئەم دەقانە دەکرێ ئەفسانەی کوردی هاوشێوەی ئەفسانەی گەلانی دێرینی جیهان لەسەر بنەمای زانستیی پۆلین بکرێن و ئەم جۆرە ئەفسانانە لە ڕیزی ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی لە ئەدەبی کوردیدا هەژمار بکرێن.

**ئەفسانەی یەکەم**

**ئەفسانەی ئەژدیهای سرڤەرێ**

ئەژدیهایەکی مەترسیداری ژەهراوی کە خۆراکەکەی بریتیبوو لە ئەسپ و مرۆڤ، خەڵکی سەر گۆی زەوی هەراسان کردبوو. کێرێساسپەی نەریمان ڕۆژێک کە خەریکی ئامادەکردنی نانی نیوەڕۆ دەبێ، ئاگرێکی گەورە دادەگیرسێنێ و قازانکی ئاسنین لەسەر ئاگر دادەنێ. ئەم پاڵەوانە بێ ئاگایە لەوەی کە لەم شوێنەی ئاگری هەڵگیرساندووە، ئەژدیهایەکی خوێنمژ لە ژێر زەوی پشووی داوە. تینی گەرمای ئاگر تەنگی بەم ئەژدیهایە هەڵچنی و بەهۆی ئەم ئاگرەوە ئارەق دەکا و لەناو ئاو و ئارەقدا نقووم دەبێ، لەپڕا ڕادەچەنێ و لە ژێر زەوی دەردەپەڕێ و قازانکی پڕ لە ئاوی گەرم هەڵدەگێڕێتەوە و بەم هۆیە ئاگرەکە دەکوژێتەوە. کێرێساسپە لەناو تەپ و تۆز و خۆڵەمێشی ئاگردان و ئاوی کوڵاو خۆی بەلایەکدا دەدا. لەم کاتەدا خۆی لەبەردەم ئەژدیهایەکی گەورە دەبینێتەوە. ئەژدیهایەکی ڕەنگ زەردی ژەهراوی کە ژەهر لە هەناو و دەم و لووتی دەپژێ. هێندەی بەرزی ڕمێک ژەهر داوێ. ئەو ئەژدیهایەی بێ بەزەییانە مرۆڤ و ئەسپ دەخوا. بەرزی ئەم ئەژدیهایە هێندەی هەشتا جاری بەژنی مرۆڤە. ددانەکانی هێندەی ئەستووندەیەک دەبن و هێندەی چەند بەژنی کێرێساسپە بەرزن و جەستەی لەت لەت بووی مرۆڤ و ئەسپیان هەر پێوە بوو. گوێچکەکانی هێندەی چواردە جاجم گەورەن. چاوی دوو هێندەی چەرخی ڕەوڕە گەورەن. قۆچەکانی هێندەی چەندین لقی دار دەبن. لەم کاتەدا کێرێساسپە بەخۆ دێتەوە و خۆی تێهەڵدەداتە سەر پشتی ئەسپەکەی و تاوی دەدا. بە درێژایی نیو ڕۆژ لەسەر پشتی ئەم ئەژدیهایە ئەسپەکەی تاو دەدا، تاکوو لە کۆتاییدا خۆی دەگەیەنێتە سەر مل و نزیک سەری و بە یارمەتی یەزدان و لێهاتووی و جەربەزەیی خۆی توانی بە گورزی سەرکەگایەکەی مێشکی بپژێنێ و لەناوی ببا و جیهانی ئافرێنراوی یەزدان لە شەڕ و نەکبەتی ئەم ئەژدیهایە ئاسوودە کرد.

**ئەفسانەی دووەم**

**ئەفسانەی ئەژدیهای گەندەرۆی پاژنەزێڕین**

ئەژدیهایەک هەبوو کە لەناو خەڵکیدا بە گەندەرۆی پاژنە زێڕین ناسرابوو. ئەم ئەژدیهایە لەناو زەریادا دەژیا. هێندە گەورە و زەبەلاح بوو کە ئاوی زەریای بێ سنوور تاکوو ئەژنۆکانی دەهات. دەستەکانی هێندەی پانتایی ئاسمان گەورە بوون و لە ناوەڕاستی زەریاوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەستی بە کەناری زەریا دەگەیشت. ماسیگرێکی لێهاتوو بوو، کاتێک ماسی ڕاو دەکرد، بە دەستە گەورە و درێژەکانی ماسییەکەی لە خۆر نزیک دەکردەوە و بەهۆی تینی گەرمای خۆر دەیبرژاند و دەیخوارد. ئەم ئەژدیها تۆقێنەرە هەر بە ماسی تێری نەدەخوارد و ڕۆژانە هێرشی بۆ گوندەکان دەبرد و مرۆڤ و مەڕومالاتی دەگرتن و دەیخواردن. هەر جارەی کە هێرشی دەبرد دوازدە گوندی بە سەرجەم مرۆڤ و مەڕومالاتەکانییەوە هەڵدەلوشی و دەیخواردن. بەهۆی ئەم ئەژدیهایەوە ژمارەی دانیشتووانی سەر زەوی کەمی کردبوو و کاولکارییەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنابوو و جیهانی ئافرێنراوی یەزدان لە ئاژاوە و نائارامیدا بوو. کێرێساسپە بە زیانەکانی ئەم ئەژدیهایەی زانی و بڕیاریدا بیکوژێ. گورزی گرانی هەڵگرت و سواری ئەسپەکەی بوو. لە کەناری زەریا ئەژدیهای بینی. ئەژدیهایەکی مەترسیداری زەبەلاح، لاشەی مرۆڤ لەناو ددانەکانیدا دەبینران. کێرێساسپە سەری سوڕمابوو. لەپڕ گەندەرۆ دەستی درێژ کرد و ڕیشی پاڵەوانی جیهانی گرت و ڕایکێشایە ناو زەریاوە. نۆ شەو و نۆ ڕۆژ مەیدانیان لێک گرت. کێرێساسپەی ئەژدیهاکوژ بەهۆی ئەوەی پاڵەوانێکی خورت و بەتین بوو، دەستی بۆ بنی پێی گەندەرۆی پاژنە زێڕین ڕاکێشا و چەرمی پێی گرت و هەڵیتەکاند. چەرمی پێی ئەم ئەژدیهایەی لە بنی پێی تاکوو تەوقی سەری هەڵکەنی و دەست و پێی پێیەستەوە و بۆ ناو زەریای ڕاکێشا و بەندی کرد و بە میراخووری خۆی سپارد، تاکوو کەمێک پشوو بدا. کێرێساسپە بەهۆی ئەم شەڕە زۆر ماندوو و برسی ببوو، پازدە ئەسپی سەر بڕی و دەستی بە خواردن کرد. پاشان لەژێر سێبەری ئەسپەکەی پاڵکەوت و خەو بردییەوە. لەم کاتەدا گەندەرۆی ئەژدیها کە زانی کێرێساسپە خەوتووە، خۆی هەڵپچکوڕی و میراخووری هاوڕێی پاڵەوانی بەند کرد. دواتر بە نهێنی هات و هاوسەر و دایکوباوکی کێرێساسپەی گرت و ڕاپێچی ناو زەریای کردن. خەڵکی بە هاوار و دەنگەدەنگ کێرێساسپەیان بەخەبەر هێنایەوە. کە خەبەری بوویەوە بە ڕووداوی گرتنی هاوسەر و دایکوباوک و میرئاخووری هاوڕێی زانی. خێرا بەڕێکەوت. هەنگاوەکانی هێندە خێرا و بەهێز بوون کە لەگەڵ هەر هەنگاوێکی ئاگر لە شوێن پێی هەڵدەستا. خۆی گەیاندە شوێنی گەندەرۆ و گرتی و بە گورزی سەرکەگا لێیدا و کوشتی و دایکوباوک و هاوسەر و میرئاخووری هاوڕێی ڕزگار کردن و دواجار کۆتایی بە ترس و هەڕەشەی ئەم ئەژدیهایە لەسەر مرۆڤ و جیهان هێنا.

**ئەفسانەی سێیەم**

**ئەفسانەی ئەژدیهای سناڤیژەکی سەربەقۆچ**

ئەژدیهایەکی سەیر و سەمەرەی دەهشەتناک بەناوی سناڤیژەک هەبوو. ئەم ئەژدیهایە بە قۆچە گەورە و هەنگاوە گران و بەتینەکانی بەناوبانگ بوو. سناڤیژەک ئەگەرچی ئەژدیهایەکی مەترسیدار بوو، بەڵام هێشتا منداڵ بوو و پێنەگەیشتبوو. دەیگووت:



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جارێ منداڵم و پێنەگەیشتووم. ئەگەر گەورە بم و پێبگەم، ئاسمان دەکەم بە ڕەوڕەوە و کەژاوە و زەوی دەکەم بە چەرخی ڕەوڕەوەکەم. خودای بەهێزی چاکە واتا مەزدا لە بارەگای ڕووناکیی یەزدانی خۆی دادەبەزێنم و سەروەری هێزە خراپەکان واتا ئەهریمەن لە تاریکایی دۆزەخ هەڵدەکێشم و لە ڕەوڕەوەکەمیان دەبەستم و ئەوسەر و ئەم سەری گەردوونیان پێدەکەم. ئەم ئەژدیهایە بەم تەمەنە کەمەیەوە ئالینگاری هێزی خوداکان دەبێتەوە و بەم بیرۆکەیەی کە هەیەتی دەیەوێ دەسەڵاتی جیهان لە مەزدا و ئەهریمەن بستێنێتەوە و وەکوو خاوەند بەسەر گەردووندا فەرمانڕەوایی بکا و ئەم دوو سەرچاوەی هێزی چاکی و خراپی کە وەکوو خاوەند بەسەر گەردووندا فەرمانڕەوایی دەکەن، وەکوو خزمەتکار و هێزی ڕەوەندەی ڕەوڕەوەکەی بەکار بێنێ. گەندەرۆ لە هەمان کاتدا ناو و ناوبانگی کێرێساسپەی نەریمانی بیستووە و دەزانێ چ پاڵەوانێکە و ئەرکی کوشتنی ئەژدیها و دێوەکانە؛ بۆیە دەڵێ: ئاواتی خۆم دێنمە دی ئەگەر کێرێساسپەی نەریمانم لێ پەیدا نەبێ و نەمکوژێ. هەروەک لە ئەفسانەدا هاتووە، کێرێساسپە دەرفەتی پێنادا و دەیکوژێ و لێناگەڕێ مەرامە گڵاوەکەی بێتەدی.

### ئەفسانەی چوارەم

### ئەفسانەی مەلی کەمەک

مەلی کەمەک ئەژدیهایەکە لەلایەن ئەهریمەنەوە بە مەبەستی لەناوبردنی ئافراندنی ئاهووراییی خوڵقێنراوە. ئەم باڵندەیە هێندە گەورەیە کە باڵەکانی لێک بکاتەوە، پانتایی ئاسمان دادەپۆشێ. ئەهریمەنی بەدفەڕ ئەم باڵندەیە دەخوڵقێنێ و فرمانی پێدەدا بە ئاسماندا هەڵفڕێ و باڵەکانی لێک بکاتەوە، تاکوو تینی خۆر و باران نەگاتە زەوی. بەم هۆیەوە وشکەساڵی سەرتاپای زەوی دەگرێتەوە. ئەم ئەژدیها باڵندەیە بە تاقی ئاسمانەوە بە باڵی کراوە وەستاوە، ئاوی باران بەسەر باڵەکانیدا دەبارن و گڵی دەداتەوە و بێ ئەوەی دڵۆپێکی بڕژێتە سەر زەوی، ئاراستەی دەریای دەکاتەوە. لە ئەنجامدا زەوی و مرۆڤ و گیانداران تەڕاتیان تێدا نامێنێ. کانی و جۆبار و ڕووبارەکان ئاویان تێدا نامێنێ و بەهۆی ئەم وشکەساڵییە نەگریسەی کە ئەژدیهای کەمەک بەدیهێناوە، خەڵکی و بوونەوەران پۆل پۆل دەمرن. هیچ پاڵەوانێکی ناودار لە جیهاندا نەیدەتوانی ڕووبەڕووی ئەم ئەژدیها بەدکارە ببێتەوە، تاکوو هەواڵەکەی گەیشتە گوێی کێرێساسپەی نەریمان. پاڵەوانی جیهان ئەسپەکەی زین کرد و ئامادەی مەیدانی شەڕی ئەژدیهای کەمەک بوویەوە. کێرێساسپە حەوت ڕۆژ و شەوان ئەم باڵندە زیانکارەی تیرباران کرد. لە کاتی نیوەڕۆی دوایین ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوە، ئەم پاڵەوانە بەوپەڕی لێزانی و شارەزاییەوە تیرە بەبڕشتەکانی ئاراستەی باڵی ئەژدیهای کەمەک کرد و بەهۆی تیرە بەبڕشتەکانی، هەر دوو باڵی ئەم ئەژدیهایەی بە بن باڵییەوە گرێدا و لە ئاسمانەوە کەوتە خوارێ. ئەم ئەژدیهایە هێندە گەورە بوو کە لەکاتی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کەوتنی بۆ سەر زەوی خەڵکێکی زۆر کەوتنە بن جەستە و شاپەڕ و پەڕوباڵی و لەناو چوون. لە کۆتاییدا کێرێساسپەی نەریمان لێی نزیک کەوتەوە و بە گورزی گران لە دەنووکە گەورەکەیدا و تێکی شکاند و کوشتی. بەم چەشنە جیهان لە وشکەساڵی و زیانی ئەم ئەژدیهایە بەهۆی کێرێساسپەی ئەژدیهاکوژ ڕزگاری بوو.

### ئەفسانەی پێنجەم

### ئەفسانەی ئەژدیها ڕێگرەکان

کۆمەڵە ئەژدیهایەکی گەورەی بەتین و بەهێز کە لەلایەن ئەهریمەنەوە خوڵقێنرابوون، بە دەوری یەکدا کۆببوونەوە و خەڵکی لە دەستیان هەراسان و لە تەنگەتاوی دابوون. ئەم ئەژدیهایانە هێندە گەورە بوون کاتێک دەردەکەوتن خەڵکی پێیان وابوو ڕۆژ و مانگ لە پەنای گوێ ئەماندا دەردەکەون و ئاوا دەبن. ئاوی زەریا لە خوار ئەژنۆیان بوو. ڕێگەی خەڵکیان دەگرت و ئازاریان دەدان و تالانیان دەکردن. کێرێساسپەی ئەژدیهاکوژ گورزی گران و تیر و کەوانە بەهێزەکەی دەست دایێ و ڕێگەی مەیدانی شەڕی ئەوانی گرتەبەر. کاتێک لێیان نزیک کەوتەوە، کۆمەڵە ئەژدیهایەکی یەکجار گەورەی بینی کە ئاوی زەریا لە خوار ئەژنۆیان بوو، کێرێساسپەی نەریمان کە گەورەترین و لێهاتووترین پاڵەوانی جیهان بوو، لەچاو ئەوان هێندە بچووک بوو کە بە ئاستەم دەستی بە گۆزینگیان دەگەیشت. لێیان هاتە دەست و بە گورزی گرانی سەرکەگای خۆی لە گۆزینگیانی دا و یەک یەک ئەم ئەژدیها و دێوانە کەوتنە سەر زەوی. ئەژدیها ڕێگرەکان بەسەر چیاکاندا کەوتن و چیاکان بەهۆی جەستەی بەهێز و گەورەیان هەڵوەرین و پان بوونەوە. ئینجا کێرێساسپە یەک بە یەک چووە سەر سەریان و بە گورزە گرانەکەی سەری تەباندن و لەناوی بردن. ئەگەر ئەم ئەژدیها ڕێگرانەی نەکوشتبا، بەهۆی ئەوانەوە ئەهریمەن بەسەر جیهاندا زاڵدەبوو و بۆ هەتاهەتایە بەسەر گەردووندا سەروەری دەکرد.

### ئەنجام:

١- ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی کێرێساسپەی پاڵەوان لە ئاڤێستادا بەشێوەی تیلنیشان و ئاماژە گێڕدراوەتەوە و ئەمەش پیشاندەدا ئەم ئەفسانەیە لە ڕۆژگاری کۆندا لەناو گەلی کورددا ناسراو بووە و تەنیا بە ئاماژە پێکردن بە ڕووداوی سەرەکی ئەم ئەفسانەیە بەسەندە کراوە.

٢- ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی کێرێساسپە لە دەقە پەهلەوییەکاندا و بەتایبەتی لە کتێبی گێڕانەوە پەهلەوییەکاندا بەوردی گێڕدراونەتەوە و بە تەواوکەری گێڕانەوە



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئاڤێستاییەکە دادەنرێن و بەهۆی ئەوانەوەیە وردەکاریی ڕووداوەکانی ئەم ئەفسانانە بەدیار دەکەون.

٣- گێڕانەوەی پەهلەوی ئەم ئەفسانانە لە ڕووداوە گشتی و ناوەڕۆکە سەرەکییەکە یەکسانن، بەڵام لە وەسفکردنی وردەکاری دیمەنی ڕووداوەکاندا جیاوازن و ئەم جیاوازیانە لاوەکین و پتر بە مەبەستی ڕازاندنەوە و سەرنجڕاکێشتر کردنی ئەفسانەکان لەلایەن گێڕەرەوەکان بەدیهاتوون.

٤- بنەڕەتی ئەفسانەی ئەژدیهاکوژی کێرێساسپە لە ئەدەبی کوردیدا بۆ ڕۆژگاری پێش دەرکەوتنی دینی زەردەشتی دەگەڕێتەوە، بەڵام لەگەڵ بیروباوەڕی ئەم دینەدا هاوتەریب کراوە و خراوەتە خزمەت جیهانبینی و فەلسەفەی زەردەشتییەوە.

٥- کێرێساسپە لە خواوەند یان نیمچە خواوەندی پاڵەوانەوە بەگوێرەی بیروباوەڕی زەردەشتی بۆ مرۆڤی پاڵەوان کە خاوەنی خوەرێنە یان فەڕی یەزدانییە گۆڕاوە. پاڵەوانێک کە لەلایەن ئەهورامەزداوە بەمەبەستی پاراستنی ئافراندنی پاکی ئەهورایی پشتیوانی لێدەکرێ و خاوەن هێزێکی یەزدانییە.

**سەرچاوە:**


١- رضی، هاشم(١٣٤٦). فرهنگ نامهای اوستا، جلد دوم، انتشارات فروهر، چاپ اول، تهران.

٢- کریستی، آنتونی (١٣٨٤). اساطیر چین، ترجمه باجلان فرخی، انتشارات اساطیر، چاپ دوم، تهران.

٣- م. او. ٢٩ دەسنووسی دەقی پەهلەوی زانکۆی شیراز.

٤- همیلتون، ادیت (١٣٧٨). سیری در اساطیر یونان و رم، ترجمه عبدالحسین شریفیان، انتشارات اساطیر، چاپ سوم، تهران.

5- Dhabhar. M. A. (1913) The Pahlavi Rivayat, Printed at The Fort Printing Press, PubliShed No 1., Bombay

6- Karl. F. Geldner(1886). Avesta I, Kohlhamer, Stuttgart

7- Karl. F. Geldner(1889). Avesta II, Kohlhamer, Stuttgart

8- Karl. F. Geldner(1896). Avesta III, Kohlhamer, Stuttgart

9- Madan, D. M (1911) The Complete Text Of The Pahlavi Dinkard, Part II, Books VI – IX, Printed at the Fort Printing Press, No 1. Bombay.

10- Sanjana, Peshutan (1922). The Dinkard, British India Press, No 1, Bombay

## اسطورهء اژدهاکشی در ادبیات کوردی

**چکیده:**

اژدهاکشی در اساطیر ملل مختلف از جایگاه بخصوصی برخوردار است و در زمرهء اساطیر پهلوانی محسوب می‌شوند. کهنترین اسطورهء پهلوان اژدهاکش در ادبیات کوردی بواسطهء کتاب اوستا به دست ما رسیده‌است. در بخش‌های مختلف اوستا از پهلوانی با نام گرشاسپ به عنوان پهلوان اژدهاکش سخن به میان آورده شده است. ماجراجویی و پهلوانی‌های وی به زبان کهن کوردی، در اوستا روایت شده‌اند. همچنین بخش‌هایی از این اساطیر در متون پهلوی روایت شده‌اند که بر مبنای آنها می‌توان روایت ناقص و مبهم اوستا از این اساطیر را بازسازی کرد و متن کاملی را ارائه داد. این پژوهش بر آنست بر اساس نظریهء تحلیل اساطیر، روایت‌های پراکندهء اوستا و متون پهلوی از اسطورهء اژدهاکشی گرشاسپ را در کنار هم قرار داده و شکلی منسجم و درخور به آن بدهد. تحلیل و تفسیر این اساطیر کار پژوهش را به آنجا رسانید که کهن‌ترین اساطیر اژدهاکشی به زبان کهن کوردی، نخستین بار در کتاب اوستا مندرج شده‌اند و به باور دینی و قومی ملت کورد پیوستگی یافته‌اند.

**واژه‌های کلیدی**: *اسطورهء اژدهاکشی، اوستا، متون پهلوی، گرشاسپ.*

## The legacy of killing dragon in Kurdish literature

**Abstract:**

Killing dragon has a vital position in nations' myth and classifies as ancient legacies of champions. The oldest Kurdish tale about killing dragon has been narrated in the book of Avesta. In different sections of the book, heroic role of Kirsāsp (Kərəsāspa) which was known as dragon killer has mentioned. His legacy and champ tales which is full of daring and bravery has been narrated, through Kurdish language, in Avestan text. In parallel with Avesta, a part of the battles has been narrated in Pahlavi books and through those narration, vague parts of Avestan narration could be completed. The current research, through myths analysis, has tried to collect the data about the different sections of Kirsāsp myth, the dragon killer, in Avestan and Pahlavi texts and analyses them. The finding shows that the oldest dragon killing myth in Kurdish verbal literature, that sourced from ancient Kurdish religious and national beliefs, was written in Avestan book.

**Keywords**: *Myth of dragon killing, Avesta, Pahlavi texts, Kirsāsp.*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# لێکدانەوەی بنچینەکانی هەڵپەڕینی باران بە ئاوڕدانەوە لە سەرچاوە ئوستوورەییەکانی

ئەفشین غوڵامی

نەسیم غوڵامی

پەروین ئەیوبی

**پوختە:**

بەسەرچاوەی ژیان وێناکردن و پیرۆزێتی، "ئاو"ی وەها لە زەینی خەڵکدا گرنگ کردووە کە خەڵکی سەردەمانی کۆن، باوەڕیان بە خودایان و فریشتەگەلێک هەبوو و بۆ هەر کام لەم نوێنەرانە، هەندێ بۆنە و ڕێوڕەسمیان بەڕێوە دەبرد. فرەڕەنگی و جیاوازیی بەڕێوەبردنی ئەم ڕێوڕەسمانە لە ناوچە کوردنشینەکاندا زۆر گرنگە، هەر بۆیە لەم وتارەدا کە بە شێوەی وەسفی و بە پێی توێژینەوەی کتێبخانەیی ئەنجام دراوە، نووسەر گرنگیی هەڵپەڕینی لە ڕێوڕەسمە مێژووییەکاندا تاوتوێ کردووە و بە ئاوڕدانەوە لە پێگەی ئاو لە شارستانییەتی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریدا، ئوستوورەکانی ئاوی لە دووچۆمان خستۆتە بەر تیشکی لێکدانەوە و لە کۆتاییدا سێ جۆر ڕێوڕەسمی بارانخوازی کە هەڵگری هەڵپەڕینن، شی کردۆتەوە .

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە ئەوە دەردەخا کە لە ڕێوڕەسمی هەڵپەڕینی باران (کە لە لایەن ژنانەوە ئەنجام دەدرێ)، شایەدی تێکەڵبوونی ئوستوورە و کەلتوورەکانی زاگرۆس لەگەڵ نموونەکانی دووچۆمانین کە تێیدا هێما پیرۆزەکانی نێر و مێ هاوکات تێکەڵبوون، شوێنەکە بۆ داخوازیی خێر و بەرەکەت پیرۆز دەکەن. لەم ڕێوڕەسمەدا کە لە کاتی وشکەساڵیدا ئەنجام دەدرێ، ڕەگەزێ مێ وەک هاوزای دایکی زەوی، لە سێ گرووپی تەمەنیی جیاوازی کچانی پێنەگەیشتوو، کچانی عازەب و ژنان، شانۆی داخوازی بەڕێوە دەبەن؛ هەڵبەت هەرکام لەو ڕێوڕەسمانە هەلومەرجی تایبەت بە خۆیان هەیە کە لە دەقی وتارەکەدا شی دەکرێتەوە .

**پەیڤێن سەرەکی:** *هونەری سەرەتایی، هەڵپەڕکێ و سەما، ڕێوڕەسمی بارانخوازی، هەڵپەڕینی باران، جادوو.*

**پێشەکی:**

"ئاب" لە ئاڤێستا و "ئاو" لە پاڵەوی، پێگەیەکی زۆر بەرزی بووە و هەیە، و بە باشترین ئافرێنراوی ئەهوورایيان زانیوە و لە پێناو پاراستن و ڕێزلێگرتنی هەوڵێکی زۆریان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

داوە، بە جۆرێک کە لە وەندیداد، بۆ پاکڕاگرتنی ئاو فەرمان دەرکراوە. لە دەقە زەردەشتییەکاندا، بە پێناسەگەلی "**پاک سووردسان ژیانساز**" (وردە ئاڤێستا، نوێژ) گەورە و نرخێندراوە.(مشیری، ١٣٩٢: ١١٩) گرنگیی ئاو لە ناوچە کوردنشینەکاندا بە جۆرێک بووە کە خەڵکی ئەم دەڤەرە هاوشێوەی زۆربەی ناوچەکانی جیهان، بە شێوەی زانستی و بۆنەیی هەوڵی زاڵبوون بەسەر وشکەساڵییان داوە، بۆ وێنە ئیبنی وەحشی لە دەقەکانیدا ئاماژە بە وەرگێڕانی کتێبێکی کۆن و گرینگی کوردی بە ناوەڕۆکی "شێوازی هێنانە دەرەوەی ئاو لە ژێر زەوی" بۆ سەر زمانی عەرەبی دەکات.( Bin Wahshih،١٨٠٦) سەرباری ئەمە لە ڕابردوودا بەشێکی هەرە زۆری بەرەنگاربوونەوەی هێز و پێداویستییە سرووشتییەکان، لە ڕێگەی ڕێوڕەسمەکانەوە ئەنجام دەدرا(نعمتطاووسی،١٣٩١) کە هەر کام لەمانە پەیوەستی ئوستوورەیەک بوون. گرنگیی ئەم بابەتە ئەو کات دەردەکەوێ کە بزانین ئوستوورە و کەلتوور هیچکات لێک جیا نەبوون و کەلتووری ئەورۆی مرۆیی، بێگومان قەرزداری سەردەمە ئوستوورەییەکانە: سەردەمانێک کە سەرەڕای تێپەڕبوونیان، کاریگەریی ڕۆحە بەهەشتییەکەیان هێشتا بە سەر کەلتوور، زەین و نەستی مرۆڤدا دیارە. ئەگەر دان بەوەدا بنێین کە "سووژەی مرۆیی خاوەن ڕەهەندێکی مێژوویی"ـە، بێگومان بە بێ ئاوڕدانەوە لە ڕابردووی فەرهەنگی و کەلتووریی نەتەوەکان ناتوانین ئەم ڕەهەندە مێژووییە بە درووستی بناسینەوە؛ ڕەهەندێک کە بە هۆی کەڵەکەبوونی ئەزموونی نەوەکان، بۆتە هەمبانەیەک لە بێچمە وێنەییەکان. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەگەرچی لەورۆدا بە هۆی زانستە مرۆییەکان شایەدی هەڵوەشاندنەوەی ڕاز و نهێنییەکان و سەرسامسڕینەوەی پەیتا پەیتای جیهانی هاوێر لە بوارە جیاوازەکاندایین، بەوەشەوە سەیرە کە هێشتا ئاوێتەی جیهانێکی هێمایینی ئوستوورەیین و لێی دوور کەوتۆتەوە، بە چەشنێک کە "لە سەر ئاستی ئەزموونە تاکایەتییەکان، ئوستوورە هەرگیز بە تەواوەتی نەسڕاوەتەوە و هێشتاش لە خەون، خەیاڵپەروەری و تامەزرۆییەکانی مرۆڤی ئەورۆدا خۆی دەنوێنێت".(ستاری و خسروی، ١٣٩٢: ٢) بۆ وێنە یەکێک لەو ڕێوڕەسمانە لە ناوچە کوردنشینەکاندا بارانخوازییە، کە سەرباری دوورکەوتنەوە لە ئاخێزگەی چەند هەزار ساڵەی خۆی هێشتا ڕەنگدانەوەی هێما دێرینە ئوستوورەییەکانی پێوە دیارە.

**١-١- بەراییەکان:**

پرسی سەرەکیی ئەم توێژینەوە سەبارەت بە شرۆڤەی ئایینگەلێکی بارانخوازییە کە بە ئاراستەی هەڵپەڕکێ و سەمادا تێدەپەڕێ و ئەم هەڵپەڕینە دەیرینە بەشێکی گرنگ و سەرنجڕاکێشی ئایین و ڕێوڕەسمەکەیە. بۆشاییە لێکۆڵینەوەییەکان بە شێوەی گشتی و هاوپەیوەند بە بۆنە و ڕێوڕەسمی داخوازی و خێر و بەرەکەتخوازی لە لایەک و لە لایەکی ترەوە نەبوونی لێکۆڵینەوەی تیروتەسەڵ سەبارەت بە هەڵپەڕینی باران و شێوازەکانی بە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

شێوەی تایبەت، کەشێکی تایبەتیی بۆ ئەم لێکۆڵینەوە ڕەخساندووە کە بتوانێ لە گۆشەنیگایەکی وەسفییەوە بە پشتبەستن بە توێژینەوە هاوشێوەکان لای زەمان و گەلانی تری ناوچە، داتا هاوپەیوەندەکانی لەوانەوە هەلێنجێنێت و ئەم شرۆڤانە بکاتە نمانەی کاریی خۆی. هاوکات بە نیازە وردەکارییەکانی داخوازیی باران لە کوردستان بەپێی دەقە کۆن، فۆلکلۆری و بەیت و باوەکان کە هەڵگری پرسی هەڵپەرکێن شی بکاتەوە.

**١-٢- پێشینەی توێژینەوە:**

کۆنترین ئوستوورەگەلی هەڵگری ناوەڕۆکی بارانخوازی، دەگەڕێتەوە بۆ یەکەمین نووسراوە مێژووییەکانی سەردەمی شارستانییەتی سوومەر/ بابلی. ئەم نووسراوانە سەبارەت بە شرۆڤەی دڵداریی دمۆز(تەمووز) و خۆشەویستەکەی ئینانا(ئەشتار)ـە. بە باوەڕی زارا برادەران حسێنی، ڕێوڕەسمی ماتەمگێرانی تەمووز و جەژنی زیندووبوونەوەی هاتۆتە ناو ئێرانییەکان و هەتا دوورترین ناوچە باکوورییە ڕۆژهەڵاتییەکان دزەی کردووە.(برادران حسینی، ١٣٧٩: ٨١) هەروەها جان ناس وێڕای ئاماژەکردن بە ناڕوونیی سەرچاوەی باوەڕ بە ئاناهیتا، پێی وایە ئاناهیتا فۆرمێکی دیکەی خودای مێینەی بابلییەکان واتە ئەشتارە(ناس، ١٣٧٤) لە لایەکی تریشەوە ستاری و خەسرەوی پێیان وایە سەرچاوەکانی ڕێوڕەسمی بازانخوازی دەگەڕێتەوە بۆ ژێدەری خواژنی هیندی ئێرانیی سینی والی و سێرسواتی.( ستاری و خسروی، ١٣٩٢) لە ڕاستیدا بە پێی گرنگیی ئاو لە ژیانی مرۆڤ و فرەڕەنگیی ئەم ڕێوڕەسمانە لە ناو نەتەوە جیاجیاکاندا، دەتوانین وەک بەرهەمی ئاخێزگە هەمەجۆرەکان لێی بڕوانین. هەتا هەنووکە توێژینەوەیەک لەمەڕ هەڵپەڕینی باران ئەنجام نەدراوە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئەم وتارە وەک یەکەمین هەنگاوێک لەو بوارەدا پێویستی بە لێکۆڵینەوەی پەیوەندیدار بە هەڵپەڕین و سەما پیرۆزەکان، ڕێوڕەسمە بارانخوازییەکان و هەڵپەڕینە، کە لە ژێرەوە هەندێ نموونە وتاری پەیوەست بە سەمای ئایینی، هەڵپەڕین و ڕێوڕەسمە بارانخوازییەکان دەخرێنە ڕوو:

<u>یعقوب آژند و هاوکاران</u>، لە ساڵی ١٣٩٨ هەتاوی، لە وتارێکدا لە ژێر ناوی (ڕەچەڵەکناسیی جووڵە ئایینیی ڕیتمیک بە وردە سەماوە؛ ڕەوتی مێژوویی و ئاخێزگەی کۆمەڵایەتی – ئایدۆلۆژیکی)، بە شێوازێکی کوالیتیکار بە ئاراستەی وەسفی – مێژوویی و بەپێی خوێندنەوەی کتێبخانەیی، هەوڵ بۆ شیکاریی فاکتەرە کاریگەرەکانی بێچمگرتن و بەردەوامێتیی هەڵپەڕین لەگەڵ وردە سەما دەدەن. ئەنجامەکە پیشان دەدا کە سەما لەگەڵ وردە سەما بەشی دانەبڕاوی ژیان و تێکەڵ بە جیهانبینیی ئەوپەڕگێڕانەوەی خەڵکانی چاخە جۆراوجۆرەکان کە سەرەڕای ئینتیمای بە ڕەوت و پرۆسەگەلی جیاوازی کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژیکیی ناوچەییەکانی هەر سەردەمێک، هەمیشە بەردەوام و بوونێکی درێژەداری بووە. (آژند و هاوکاران، ١٣٩٨: ٣٧-٥١)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دوکتۆر قوتبەدین سادقی لە ساڵی ١٣٧٩، لە وتاردانێکدا سەبارەت بە کاردای کۆمەڵایەتی و لایەنە هێماییەکانی هەڵپەڕکێ یان هەڵپەڕینی ئایینی – کۆنی کوردی، پرسە کاریگەرەکان لە سەر گۆڕانی هونەری سەما لە ئیسفەهان بۆ هونەری دەرخستنی ئەندامانی لەشی تاوتوێ کردووە و بنچینەکان و سڕینەوەی پیرۆزێتیی ئەم هونەرەی لە پێتەختی سەفەوییەکان خستۆتە بەر تیشکی لێکدانەوە. ناوبراو لە درێژەدا پەیوەندیی سەمای لەگەڵ ئوستوورە لێک داوەتەوە و ئاماژەی بە هەندێ نموونەی خوازنی شیوا و سەمای زک بۆ زک و زا و گۆڕانی کاردایی و بەکارهێنانەوەی لە سەردەمی نوێدا کردووە و هەروەها ئاماژەی بە کاریگەریی هەڵپەڕینی کوردی لە سەر ئاسوودەیی دەروون و کاریگەرییە ئەرێنییەکەی لە سەر بابەتی هیوا بۆ ژیان دەکا. سادقی لە کۆتاییدا بە ڕوونکردنەوەیەک لە سەر گشتێتی و گرنگیی هەڵپەڕکێ و سەمای کوردی، ئەم هونەرە بە بێبەری لە هەر چەشنە هێمای دەرخستنی ئەندامانی لەش دەزانێت. (صادقی، ١٣٩٥: ٣-١١)

ئەفشین غولامی و نەسیم غولامی، لە ساڵی ١٣٩٨ هەتاویدا، لە وتارێکدا بە ناوی "هەڵپەڕکێی کوردیلەڕوانگەیمێژوووئوستوورەوە"، کە بە پێی شێوازی لێکۆڵینەوەیی وەسفی – مێژوویی و بە گوێرەی خوێندنەوەی کتێبخانەیی ئەنجام دراوە، پاش پێناسە، ڕەوتی سەرهەڵدان و گوورانی سەما؛ ڕوانگەی گەشتیاران و گەڕۆکەکانیان سەبارەت بە هەڵپەڕکێی کوردی بە بەراورد لەگەڵ ڕەقس و سەمای گەلانی دراوسێ گێڕاوەتەوە و لە کۆتاییدا بە پێی هێما مێژووییەکان تێکۆشاون هاوبەشییە هونەرییەکانی هەڵپەڕکێی ئەورۆیی لەگەڵ دەستکەوتە کۆنەکان بدۆزنەوە و لە سەر بناغەی ئەم شیکارییانە، ئەم جۆرە ڕەقسانەیان لە خۆنواندن و دەرخستنی ئەندامانی لەش جیا کردۆتەوە و هێما پیرۆزەکانیان تاوتوێ کردووە. (غولامی و غولامی، ١٣٩٨: ١-٢٢)

تۆما بوا[١]، لە ساڵی ١٩٦٦، لە بەشێک لە کتێبی The Kurd، ئاماژە بە ڕێوڕەسمی بارانخوازی دەکا و تێیدا دەڕوانێتە چەند جۆر ڕێوڕەسمی بارانخوازی (نوێژی باران، بووکە بارانە، کۆسە، شێخ خستنە نێو ئاو، بەردی پیرۆز، هەڵپەڕینی باران، چل کەچەڵە و ...)، داخوازیی ڕاوەستانی باران (کۆدۆ کۆدۆ، چل کەچەڵە و ...) و نوێژی باران. لەمناوە (نوێژی باران)ی بە بابەتێکی ئاسایی و ئەوانی دیکەی بە لقێک لە جادوو ناساندووە. (Bois،١٩٩٦)

ماهڕوو ڕەشید ڕۆستەمی[٢]، لە وتارێکدا لە ژێر ناوی "نەریتە شانۆییەکانی کوردستان؛ بەرەو مێژوویەکی کۆگرتری شانۆ"[٣] (٢٠١٨) بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازی وەسفی – شیکاری و بە پێی توێژینەوە کتێبخانەیی و مەیدانی، کۆمەڵێ نواندنی لە کەلتووری گشتی وەکوو "میرمیرێن، کۆسەکۆسە، بووکەبارانە، سەمای سۆفی، گاروان یا گارڤان، چەمەری، ئەدەبی زارەکی و بەیت بێژی و ..."ی خستۆتە بەر تیشکی لێکدانەوە. ئەم نواندنانە بە خاوەن



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئاخێزگەی کۆن دەزانێ و بە باوەڕی ڕۆستەمی شیکاری و پشکنین لە کەلتووری گشتیی کوردیدا دەتوانێ بۆشایی ڕێوڕەسمە خۆجێییەکان پڕ بکاتەوە. ( Rashidirostami، ٢٠١٨ )

حسێن میکاییلی، لە وتارێکدا لە ژێر ناوی "ڕەنگدانەوەی ئوستوورەی ویشکەساڵی لە بەیتی شێخ مەند و شێخ ڕەش"(١٣٩٣)دا بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتری لایەنە ئوستوورەییەکانی ئەم بەیتە، توخم و کەسایەتییەکانی لەگەڵ یەکێک لە دیمەنە ئوستوورەییەکانی وشکەساڵی واتە هەڵبەستی ئاڤێستایی تیریەشت هەڵسەنگاندووە و پتر لە بیست مژاری هاوشێوەی ناوەڕۆکی و بیناریی لە هەر دوو هەڵبەستەکەدا ڕوون کردۆتەوە. ئەم توێژینەوە پیشان دەدا کە سەرچەشنە کۆنە ئوستوورەییەکان کاریگەرییان لە سەر هۆنینەوەی ئەم هەڵبەستە کوردییەدا بووە. (میکائیلی، ١٣٩٣: ٣٥٧-٣٧٩).

**١-٣- شێوازی لێکۆڵینەوە:**

شێوازی لێکۆڵینەوەی ئەم توێژینەوەیە، بە شێوەی وەسفی سەبارەت بە چەمکی هەڵپەڕینی بارانخوازی پۆلێنبەندی و دەرکێشراوە. شێوازی کۆکردنەوەی داتاکان بە شێوەی کتێبخانەیی و دیمانەیی بووە، کە لە شێوازی کتێبخانەییدا بە خوێندنەوەی کۆمەڵێ کتێب و وتاری توێژینەوەیی و لە شێوازی دیمانە و هاوئەندێشیدا لەگەڵ مامۆستایانی[٤] بواری کۆمەڵناسی و ئەدەب لە بواری سەما و دانسی ئوستوورەیی، هەڵپەڕین و ڕێوڕەسمی بارانخوازی، بە ئامانجی شرۆڤەی ڕێوڕەسمی هەڵپەڕینی بارانخوازی ئەنجام دراوە.

**٢. چوارچێوەی تیۆری:**

بەشی سەرەکیی ئەو ڕێوڕەسمانەی کە مرۆڤی سەرەتایی و تەنانەت مرۆڤ لە چاخە نوێیەکان بەڕێوەی دەبا، تایبەتە بە بەرەکەتخوازی.(بهار، ١٣٧٧: ٢٩٧) بەتایبەت ئەو ڕێوڕەسمانەی کە لەگەڵ هێزە سرووشتییەکاندا لە پەیوەندیدان، پەیوەندییەکی تۆکمەتریان لەگەڵ بەرەکەتخوازیدا هەیە. لە ڕاستیدا مرۆڤ هەمیشە لە بەرەنگاربوونەوەی هێزە سروشتییەکاندا بێ دەسەڵاتە. چونکە ئەم هێزانە لەگەڵ ئەوەی هەبوونبەخشن، دەتوانن ڕووخێنەریش بن. مرۆڤ لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕوخسارەی سرووشتدا سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵ و کۆششەی کە دەیدا، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە بە بێ زیان لێی دەربچێت. لە چاخە کۆنەکاندا ئەم بێ دەسەڵاتییە چۆکی بە مرۆڤ داداوە و هەر لەبەر ئەمەش بە جیدییەت و وردبینیی زێدەترەوە ئەو ڕێوڕەسمانەی بەڕێوە بردووە، بۆ ئەوەی لە وەدەستهێنانی ئەنجامە دڵخوازەکان ئەرخایەن بێت.(نعمتطاووسی، ١٣٩١: ٢٧٢) مالینۆفسکی[٥] هەندێ لەم ڕێوڕەسمانە بەو تێگەیشتنەی کە ئەوپەڕی ڕاپەڕاندنیان مسۆگەرکردنی ئاکامێکی دیاریکراوە (باران بارین)، دەخاتە ڕیزی جادووەوە.(MALINOWSKI,٣٨:١٩٧٤) بەڵام بە باوەڕی مووریس ئەم کارانە خورافە و جادوو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

نین، بەڵکوو ئەندێشەی مرۆڤە سەرەتاییەکانن، کە دەتوانین وەک ئاکامی هەر هەمان ئاواتە دێرینەکانی مرۆڤ بۆ زاڵبوون بە سەر ژینگە و ناسین و کۆنترۆڵی هێزە سەرکەشەکانی سرووشت لێیان بڕوانین (ملکپور، ١٣٦٤: ١٢). ئەی. بی. تایلۆر ئەو زاڵبوونە لە سای لایەنێک لە هاوزاخوازی یان گیانخوازی سەیر دەکا کە لە ڕێگەی نەزر و قوربانیکردنیانەوە، ئەو هاوزایانە بۆ گەیشتن بە ئامانجی مەبەست هێور دەکەنەوە(فرهنگیان، ١٣٨٦: ٥٠)، لە ڕاستیدا هاوزاخوازی لەگەڵ لایەنە ئوستوورەییەکانی، بنیاتی بێچمگرتنی ئەو ڕێوڕەسمانەن کە لە سەردەمانی کۆندا ئەنجام دراون؛ کە لەگەڵ گۆڕانی ئایینی و مەعریفی شایەدی نەمانی ئەو ڕێوڕەسمانە یان بەچەواشەبوونیانین. سەرەڕای ئەمە دەتوانین هەندێ هێما لە هاوئاهەنگیی ئەم ڕێوڕەسمانە لەگەڵ ئوستوورەکان بدۆزینەوە و لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکەین.

**٢-١- ڕێوڕەسمی بارانخوازی:**

ئەو سنوورەی کە ئەوڕۆ پێی دەڵێن نیشتمانی کورد لە کۆنەوە ناوەندی گەورەترین شارستانییەتە کۆنەکان بووە، کە دەسەڵاتدارنی بە کردنە پێتەختیی ئەم زێدە، بە سەر بەشی بەربڵاوی دنیای ناسراوی ئەو کاتدا حکوومەتیان کردووە. هێماکانی ژیواری کوردستانی زۆرە و شوێنەوارە کەلتوورییەکانی بێ ژومارن کە بەشێکی لە ئەدەب، نواندن و ڕێوڕەسمەکانی داخوازییدا خۆیان نواندووە، بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە ڕێوڕەسمی داخوازیی باران لە نواندنی کۆسە، چل کەچەڵە، بەردی پیرۆزی گۆڕی شێخ ڕەش یان شێخەکانی دیکە (کەلاوەی قەبری سپی)، کاسەی پیرۆزی مەمۆرشان، فڕێدانی پیاوێکی بڕوادار بۆ ناو ئاو، زیارەتی شێخێکی ناسراو بە شێخی باران لە گۆڕی پیران، قوربانیکردنی کەڵ لە ڕۆخی کانی یان ڕووبار، نواندنی گاروا، چۆڵی قیزەک، بووکە بارانە، هەڵپەڕکێ و سەماییبارانو... بکەین. بەڕێوەبردنی هەر کام لەم ڕێوڕەسمانە، پێویستی بە بەکارهێنانی ژێست و وشەگەلی دیاریکراو، لەبەرخوێندنەوەی دەقە نەگۆڕەکان، بەڕێوەبردنی مۆسیقا، گۆرانی چڕین یان هەڵپەڕین، کۆڕەوی، بەکارهێنانی شمەکی تایبەت، لەبەرکردنی جلوبەرگی دیاریکراو، و خواردن و خواردنەوەی خۆراکی تایبەت و ...ـە(نعمت طاووسی، ١٣٩١: ٢٧٢) و دەتوانین بە لێکدانەوەی یەک بە یەکی ئەو ئاکارانە بگەین بە بنچینە ئوستوورەییەکانیان.

لەو کاتەی کە خەڵکی لە سایەی دەسەڵاتی دایک سالاریدا دەژیان؛ ئافرەت هێمای ژیانەوەی زەوی و بووژانەوەی سروشت و شینبوونی دەغڵ و دان و بەرووبوومی کشتوکاڵی بووە، بۆیە لە ململانەی نێوان کۆمەڵی شوانکاری کە (دۆمۆز) یان (تەمووز) نوێنەرایەتی دەکرد و کۆمەڵی کشتوکاڵی کە (ئەنانا) یان (ئەشتار) لە ئەفسانەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

سوومێری و بابلیدا نوێنەرایەتیان دەکرد. قوربانی بۆ تەمووزی شوان دەکرێ لە پێناو دابینکردنی سەرکەوتنی قۆناغی کشتوکاڵی و تەواوکردنی خولی پیتاندنی زەوی.(ئەلوەنی، ٢٠٠٧: ١٧) هەر لەبەر ئەوە ئەم ڕێوڕەسمانە کە هاوئاراستەی ئوستوورەکانن، لە لایەن کچان، ژنان و کوڕانی پێنەگەیشتوو ئەنجام دەدرێ و تێیدا ڕەگەزی مێینە وەکوو هاوزای دایکی زەوی، شانۆی داخوازی بەرێوە دەبا و ئەم خواستە بەرەو ڕووی ئاسمان یان هێمای نێرینەیی ئەنجام دەدات. تا ئەمڕۆ تەمووز (واتا ڕەگەزی نێر) بە هێمای پیتاندن و ژیانەوەی زەوی و هاتنی بەهار دادەنرێ و هەندێ نووسەر دەڵێن دووبارە بوونەوەی ژیان و کارەساتی مردن بە شێوەیەکی تراژیدی لە کەسێتی ئەودا یەک دەگرێتەوە.(هەمان: ١٠) ئوستوورەی دۆمۆزی و ئینانا یەکێکن لە سێ ئوستوورەی بنەمایی دووچۆمان بە ئاخێزگەی سوومێری کە خاوەن چەند شێوە گێڕانەوەی جیاوازە.(هنری هوک، ١٣٦٠: ٢٣) کۆنترین شێوازی ئەو ئوستوورەیە دەڕوانێتە دابەزینی خواژنی ئینانا بۆ جیهانی ژێرەوە (جیهانی مەرگ و بێگەڕانەوە) و ئەوەی کە چۆن لەوێدا لە لایەن خوشکییەوە (ئێرێشکیگاڵ) زیندانی کراوە و دواجار خودای ئێئا/ئەیا هەلی دەربازبوونی بۆ دەڕەخسێنێت. ئەم ئۆستوورەیە بەم جۆرە کۆتایی پێ دێ کە ئینانا لە بری ئازادبوونی خۆی، دۆمۆزی پێوە دەکا و دەبێتە هۆی یەخسیربوونی هاوسەر/ خۆشەویستی خۆی لە جیهانی بێ گەڕانەوەدا.(هنری هوک: ٢٣-٢٤ و مەککال، ١٣٧٥: ٩٤-٩٨) هێنری هووک ئەم گێڕانەوەیە دەباتەوە سەر سەردەمی سوومێریی کۆنی هەرەتی ئاژەڵداری و لای وایە کە دوای نیشتەجێبوونی سوومێرییەکان لە ناوچەی دیڵتای دووچۆمان و گۆڕانی ژیانی لە ئابووریی ئاژەڵدارییەوە بۆ بژێوی جوتیاری، شایەدی گۆڕانکاریگەلێک لە فۆرمی گێڕانەوەی دۆمۆزیداین کە تێیدا نە تەنیا ئینانا نابێتە هۆی یەخسیربوونی دۆمۆزی لە جیهانی بێ گەڕانەوەدا، بەڵکوو هۆکاری دابەزینی ئینانا بۆ ئەو جیهانە، هەوڵ بۆ دەربازکردنی دۆمۆزی لە چنگی خۆشکەکەیەتی.(هنری هوک: ٢٧-٢٨)

هەر ئەم ڕوانگەیە لە ئەدەبی ئایینی بابلدا درێژەی پێ دەدەرێت، بە چەشنێک کە خواوەندی تەمووز وەک کوڕە لاوێکی شەنگ و قۆز و دڵداری خواژنی ئەشتار، هەموو ساڵێک لە ناوەڕاستی هاویندا، دەمرێ، یان ون دەبێ. یانی سەر هەڵگرتنێک لە جیهانی خۆشییەوە، بۆ جیهانی ناخۆشی و تاریکی ژێر زەوی. بە ونبوونی تەمووز خواژنی ئەشتاریش، لە پێناویدا سەری خۆی هەڵدەگرێ و بە پێوشوێنی خۆشەویستەکەیدا دەگەڕێ و تا جیهانی تاریکی و مەرگ ناوەستێت. خواوەندی ئەیا/ ئێئای گەورە بۆ جڵەو گرتنی قڕتێکەوتن و نەهامەتیی ڕاسپێرێک دەنێرێ، تا تەمووز ڕزگار بکا، بەڵام لەم کاتەدا ئالاتو(یان ئێرێشکیگاڵ)ی خواوەندی دۆزەخ، قایل نابێ و دەڵێ ئەگەر ئەشتار خۆی بە ئاوی ژیان نەشوات، ڕزگاریان ناکەم، ئەوجار ئەشتار بە گوێی دەکا و لەگەڵ تەمووزی دڵداریدا دەگەڕێنەوە سەر زەوی و سەرلەنوێ ژیانەوەی زەوی دەست پێدەکاتەوە.(حەمەباقی، ٢٠٠٢، ١٧٩) لەمناوە گرینگیی ئاو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

و تەمووز لە کۆمەڵگای سوومێری/ بابلی‌دا بە چەشنێک بووە کە هەرچی ساڵە ڕێوڕەسمی شینگێڕیی تەمووز و جەژنی بووژانەوەی دووبارەی بەڕێوە چووە.(برادران‌حسینی، ۱۳۷۹: ۸۱) لەو ڕێوڕەسمانەدا بە نرخاندنی ڕۆژانی سەرگەردانی و وێڵبوونی ئەشتار بە دوای تەموززدا؛ هەموو خەڵک، بە ئافرەت و مناڵ و پیاوەوە، بە گریان و خۆڕنین و مۆسیقا و تەپڵ و دەف لێدانەوە، شوێنی دەکەوتن؛ لە کاتی شوێن کەوتنیدا، هەموویان وێرد دەخوێنن، نوێژی تایبەتی بۆ پەیکەری خواوەندە مردوو/ شەهیدەکە دەکەن. لە ڕۆژانی ئەم شیوەن و جەژنی ژیانەوانەشدا، پەیکەرەکە بەرگێکی سووری لەبەر دەکەن، داری عوود و بخووریشی بەسەردا دەسووتێنن، تا بە بۆنوبەرامەی ئەم بۆنانە بە ئاگای بهێننەوە و بێتەوە سەر زەوی.(حەمەباقی: ۱۸۰) هەروەها لە بەشێک لەو ڕێوڕەسمانەدا ئاویان بە سەر کۆتەڵ و پەرستگەی ئینانا/ ئەشتاردا ڕشتووە.(رستمی‌نژادان، ۱۳۹۵: ۱۰۴) لە ئوستوورەی باران لە زاگرۆس، هیچ هێمایەک لە کەسایەتیی نێرینە (وەکوو تەمووز) بەدی ناکرێ و کاراکتەری سەرەکی هەمان خواژنەکانی بارانن، سەرەڕای ئەوەی لە یەکێک لە بڕگەکانی هەوتهاتدا (یەسنای ۲۸ بڕگەی ۳) وەک هاوسەرەکانی ئەهوورا ستایشی ئاوەکان دەکرێت.(برادران‌حسینی، ۱۳۷۹: ۸۰) ئەوی لێرەدا ئاشکرایە ئەوەیە کە پرۆسەی باران لە ژێر دەسەڵاتی ئەم خواژنانەدایە. ڕێوڕەسمی باران لە زاگرۆس لە ژێر کاریگەریی ژمارەیەکی زۆری ئوستوورەیە کە مژارەکانی ژێرەوە سەرەکی‌ترینیانن:

**ئا-** ئاناهیتا بە ناوی سێیانەی شێدار، بەهێز، بێتاوان کە بە پۆلێک ئەستێرەی لە شێوەی چوار ئەسپ کە داشقەیەک ڕادەکێشن، دەرکەوتووە: با، تەرزە، باران، هەور ... (هەمان، ۸۱-۸۳)، ئەو خواژنە پارێزەری ئاوە و بە پێی دەقەکانی ئاڤێستا لە ڕوخساری کیژێکی جواندا پیشان دەدرێت. وشەی "سوور": لە "ئۆردۆیسۆرئاناهیتا"شدا کە زۆربەی توێژەران بە "هێز و وزە" مانای دەکەنەوە، بەدەر لەم واتایە، لە زمانی عەرەبیدا بە واتای قەڵا و شووره (کە ئەوە لەگەڵ هێز هاوواتایە) بە کار هێنراوە.(باستانی پاریزی، ۱۳٤٤: ۲۳۱) ئەم وشەیە لە فەرهەنگ و کەلتووری کوردی و بەتایبەت لە دەقە ئێزدییەکاندا هەڵگری مانای پیرۆزییە. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە سووڵتان ئێزیدێ سوور و موسەسوور (سوورسووران، خوای دیاردەکانی کەشوهەوا و با) و ... بکەین.(آساتوریان و آراکلوا، ۱۳۹۷: ۱۳٤-۱۳٦)

**ب-** تیشتەر کە لە دەقەکانی ئاڤێستا و پاڵەویدا تووشی دەبین، نموونەیەکە لە تێهەڵچوونی دوو هێزی چاکە و خراپە کە دەبێتە هۆی زک و زا و بارانرێژی(میکائیل، ۱۳۹۳: ۳٦٦)، کە لە پێشدا لە بێچمی گەنجێکی تازە پێگەیشتووی باڵابەرز و ئینجا لە بێچمی گایەکی نێری بەهێزی شاخ زێڕین و پاشان لە بێچمی ئەسپێکی سپی گوێ زێڕین و هەوسارزێڕین دەردەکەوێت. (عناصری، ۱۳٤۸: ۳۵).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- تیشتەری شکۆدار و بەفەڕ لە دە شەودا، وەکوو پیاوێکی تەمەن پازدە ساڵان و تازەپێگەیشتوو، بە چاوی ڕوون، بەژنی بەرز و زۆر بەهێز لە ڕووناکایی ئاسمانەکاندا هەڵدەفڕێ و دەڵێ: ئەوە کێیە بە خۆشاوێکی پیرۆز تێکەڵ بە شیر و هووم، ستایشم بکا بۆ ئەوەی لە ڕۆڵەکان سامانیان پێ بدەم؟ بە دابینکردنی خۆشاوێکی پیرۆز ستایشیان بکەن و ئەویش بارانی بەرەکەتیان بە سەردا ببارێنێت.
- ئەوکات تیشتەری شکۆدار و بەفەڕ، دە شەو، وەکوو گایەکی شاخ زێڕین لە ڕووناکایی ئاسمانەکاندا وەها بفڕێ و بڵێ: ئەوە کێیە بە خۆشاوێکی پیرۆز تێکەڵ بە شیر و هووم، ستایشم بکا بۆ ئەوەی لە ڕۆڵەکان سامانیان پێ بدەم؟ بە دابینکردنی خۆشاوێکی پیرۆز ستایشیان بکەن و ئەویش بارانی بەرەکەتیان بە سەردا ببارێنێت.
- تیشتەری شکۆدار و بەفەڕ لە دە شەودا، وەکوو ئەسپێکی سپی و جوان، بە گوێی زێڕین و هەوساری زێڕینەوە لە ڕووناکایی ئاسمانەکاندا هەڵفڕێ و بڵێ: ئەوە کێیە بە خۆشاوێکی پیرۆز تێکەڵ بە شیر و هووم، ستایشم بکا بۆ ئەوەی لە ڕۆڵەکان سامانیان پێ بدەم؟ بە دابینکردنی خۆشاوێکی پیرۆز ستایشیان بکەن و ئەویش بارانی بەرەکەتیان بە سەردا ببارێنێت.(بهار، ١٣٧٤: ٥٤-٥٥).

تیشتەر لە چاو ئاناهیتا، زیاتر لایەنی جەماوەری هەیە و ڕاشکاوانە ئاپۆڕای خەڵک بۆ یارمەتیدانی خۆی بانگهێشت دەکات. سەرەڕای ئەمە بەدەر لە چەمکەکان، هیچ هێمایەک لە ڕێوڕەسمی تایبەتیی ئەم ئوستوورە نەماوە.

### ٢-٢- هەڵپەڕینی ئوستوورەیی:

ڕەگی کۆمەڵە وشەکانی "Dance"، "Danza"، "Tanz"، "Danse" دەچێتەوە سەر وشەی "Tan"ـی سانسکریتی بە واتای "کێشان و درێژکردنەوە". دانس بە واتای هەست و دەربڕینی پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ سرووشت، کۆمەڵگا، داهاتوو و خودایانە؛ بەوپەڕی کێشان و هێزی مومکینەوە. بەر لە هەر شتێک دانس بە واتای جێگیربوونی پەیوەندییەکی چالاک لە نێوان مرۆڤ و سرووشتە، بە واتای بەشداری لە جووڵەی کایینات و زاڵبوون بە سەر ئەوەوە".(گارودی، ١٣٨٩: ١٨) شەیبانی دانس و مۆسیقا بە کۆنترین هونەرەکان دەزانێت.(شیبانی، ١٣٤٢: ٤) ئەوەی لە لێکدانەوەی ڕێوڕەسمە سەرەتاییەکاندا بەدی دەکرێ، بەکارهێنانی دانسە بێکەلامەکان و مۆسیقای زەربییە کە دەتوانێ مێژووی دەرکەوتنی ئەوانە تەنانەت بۆ بەر لە مێژووی زمان و گفتوگۆ بگەڕێنێتەوە(براکت، ١٣٧٥)، لە ڕاستیدا مرۆڤی سەرەتایی کە نەیتوانیوە بیر و باوەڕ و سۆزی خۆی دەرببڕێ، کۆمەکی لە جووڵە وەرگرتووە و لە ڕێگەی جووڵەی هاوئاهەنگ هەوڵی داوە بیر و سۆزی خۆی دەرببڕێ و بۆ تێگەیشتن لە چێژ، وەک نوێژ و دواندنی خوداکانی خۆی دەست دەکا بە ئەنجامدانی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

جــوڵەی ڕیتمیــک یــان ســەما". ئەم بۆچوونــانە دەتــوانین وەک هۆکارگەلێــک بــۆ ئوستوورەتەوەری لە ژیانی مرۆڤ – لە سەرەتا و بەکارهێنانی دانس و سەما لە سەرەتاییترین مرۆڤەکــان و ڕێوڕەســمەکانیان بزانین.(ملــکپور، ١٣٦٤: ٥) ئەوان کاتێــک لە ســەر زەوی هەڵدەپەڕین و دەستیان لە نـاو دەسـتی یەک دەخست، وایـان دەزانـی کە خواکانیشـیان لە ئاسمان یان لە زەوی دەست دەکەن بە سەماکردن. هەندێ لە خەڵکانی چاخی کۆن، پێیان وابوو کە لە بنەڕەتەوە سەماکردن ئیشی خوداکانە و ئەوە مرۆڤە کە بە لاساییکردنەوە لەوان، لە سەر زەوی جووڵە و هەڵخستن و داخستنی ئەوان دووپات دەکاتەوە.(ذکـاء، ٢٥٣٧: ٧-٦) لە لایەکـی تـرەوە بە بـاوەڕی وان دێرلیـۆ، دانس و سـەما بە هـیچ چەشـنێک دیـاردەیەکی تەنیـا جوانیناسـیانە نییـە و جۆرێــک ڕێوڕەســم و نــوێژە کە هێــز و وزە بە مــرۆڤ دەبەخشێت.(زرینکوب، ١٣٨٨: ٢٥)



وێـــنەی ژمـــارە (١): ســـەمای جـادویی ١٠٠٠٠ – ١٥٠٠٠ب.ز هەڵکـــۆڵراو لە ســـەر بەرد، ئەشکەوتی ئادۆرا، مـــۆنتە پلگرینـــۆ (مرزبان، ١٣٨٥: ٣)

لە کەلتووری کوردیدا هەڵپەڕین لە پڕنێهنیترین ڕێوڕەسم و نواندنەوەکانە کە بە گـوێرەی یادداشـت و دەسـتەکەوتە کۆنینەکـان، بنچینـەکەی دەچێـتەوە سـەر ڕێوڕەسـمی بەرەکەتخوازی و شوکرانەبژێری لەم دەڤەرەدا. تەمەنی ئەم ئاسەوارانە کە هەر هەموویان لە زاگرۆس دۆزراونەتەوە(وێنەی ژمارە ٢)، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نۆبەردینە گلێنەی B لەگەڵ یەکەمین هەوڵی مرۆڤ بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکان هەتا سەردەمی دوایی. لە ئێستادا ئەم شێوازی هەڵپەڕینە لە ناو گەلانی دراوسێی کوردستان و بەشە ڕۆژاواییترەکاندا بە شێوەی ناهەمەگیر لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا بەڕێوە دەچێ، بەڵام تەنیا لە کوردستان دەتوانین بە شێوەی هەمەگیر و هاوئاهەنگ لەگەڵ دەستکەوتە کەونارناسییەکان، ڕەگەکانی ئەم هونەرە بدۆزینەوە.(غولامی و غولامی، ١٣٩٨) بە پێی بەڵگەگەلی مەیدانی و کتێبخانەیی، ئەم هـونەرە بەدەر لە ئـاهەنگی شـایی لە ڕێوڕەسـمی چەمەری (ناشـتنی مـردوو)، بـۆنەی سەرکەوتن، خەمـی شکستخواردن، خەرمانسوور و گەلە (شـوکرانەبژێری بـۆ بەروبـوومی کشتوکاڵ)، ئاهەنگی لەدایکبوون(گوێزەبانە)، پیت و بەرەکەتی بەروبووم لە ڕۆنگرتنی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ڕووەکەکاندا، سەمای سۆفییان، زیارەتکردنی هەندێ لە شێخەکان، دووگیانبوونی ژنی نەزۆک، بەران بەردان، ڕێوڕەسمی بارانخوازی و ... بەڕێوە دەچێت، کە زۆربەی ئەم ڕێوڕەسمانە ئاخێزگەیەکی ئوستوورەییان هەیە و ئەوڕۆ لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستانیشدا بەڕێوە دەچێت.

| | | | |
|---|---|---|---|
| تێلجێری تەختی جەمشید، هەزارەی پێنجەمی پ.ز |  | گردی سییەلک، هەزارەی چوارەم پ.ز |  |
| سەگزاوا ٤٠٠٠ ساڵ پ.ز |  | سەمای حاڵلێهاتن لە گردی مووسیان، ٣٦٠٠ پ.ز |  |
| کرماشان، هەزارەی سێیەمی پ.ز |  | گەلە و خەرمانسوور لە گردی مووسیان، ٣٦٠٠ پ.ز |  |
| لوڕستان، هەزارەی یەکەم پ.ز |  | لوڕستان، هەزارەی یەکەمی پ.ز |  |

وێنەی ژمارە ٢: ئەو نەخش و نیگارانەی پەیوەست بە هەڵپەڕین لە سنووره جۆراوجۆرەکانی زاگرۆس و دەوروبەری دۆزراوەنەتەوە (غولامی و غولامی، ١٣٩٨)

**٢-٣- کۆنەسەرچەشنەکان:**

توێژەران لە بواری توێژینەوەی ئەدەبی بەراوردانەدا هەمیشە هەڵوەدای ئاخێزگە و سەرچاوەی هاوبەشی نێوان ئوستوورە، ئایین و ئەدەب بوون و هەر دەم پێیان وا بووە کە لە هەموو ئایینە کۆنەکاندا ئوستوورە جێگەی باوەڕە ئایینییەکانی گرتۆتەوە. بە جۆرێک کە ئوستوورە و ڕێوڕەسمەکان بوونەتە دووانەی یەکتر؛ بەو جیاوازییەی کە ئوستوورە لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سەر ئاستی چەمکیدا دەژی و ڕێوڕەسم لە سەر ئاستی کردەوەدا.(روتون، ١٣٨٥: ٤٩-٥٢) ئەم ئاخێزگە هاوبەشانە، هەر ئەوانەن کە بە "بێچمی چەشنی یان نموونەیی" یان هەمان "کۆنەسەرچەشن[٧]" ناویان لێ دەبەن؛ وشەیەک کە یەکەم جار یۆنگ[٨] بە کاری هێنا و سەرچەشنە دووپاتبووەکانی بەرهەمهاتووی ئەزموونەکانی ناوشیارگەی گشتیی مرۆڤ – کە بریتییە لە وێنە و ناوەڕۆکە چەشنییەکانی ئەدەب، ئوستوورە، ئایین و خەونەکان"(اژەای و عربجعفری، ١٣٩٦: ٧١)، هەر بۆیە ئوستوورەکان هەمیشە چەمک و مانا دەکەنە فۆڕم و بێچم بۆ ئەوەی شیاوی تێگەیشتن بن.(بارت، ١٣٧٥: ٥٨) دروستکردنی نموونەگەلی هەتاهەتایی هەم دەتوانێ بە شێوەی زەینی بێ و هەم بە شێوەی نموونەی بەرهەستانە، کە ئافرێنەرەکەی دەبێ بیکا بە وێنەیەکی هەتا هەتایی هەرمان و لایەنە بەرهەستەکانی لەگەڵ سەرچەشنە نەدیتنییەکاندا هاوئاهەنگ بکات. ئەم ڕەوتە لە ڕێگەی گرێدانی نەدیتنییەکان لەگەڵ بێچم و فۆڕمە چەشنییەکان کە لە ناوشیارگەیدا بوونیان هەیە، ئەنجام دەدرێت.(یۆنگ، ١٣٧٨: ٣٨٦) لە هەموو ئوستووره و ئایینەکاندا بازنە لە بێچمە گرنگەکانە؛ لە دێرزەمانەوە لە ناو خەڵک و کەلتوور و شارستانییەتە جۆراوجۆرەکان (لە شارستانییەتی سەرەتایی هیند و ئێژەوە بگرە تا دەگاتەوە سوورپێستەکانی دانیشتوانی ڕەسەنی ئەمریکای لاتین)دا وێنەی بازنە (ماندالا یان مەندەلە) دەورێکی گرنگی لە بێچمدانی ڕێوڕەسم، بیر و باوەڕ و هەندێ جار ئایدۆلۆژیا و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکاندا بووە، هەتا ئەو جێیەی کە هەر چەشنە خوێندنەوە و تێڕامان لە سەر هەبووناسی، ئوستوورە، ئایین و ئایینزاکان، عیرفان و مۆتیفە عیرفانییەکان، بە بێ سەرنجدانە سەر دەوری گرنگی ئەم کۆنەسەرچەشنەی بازنە (ماندالا یان مەندەلە) ناتەواوە.(حسینمدنی، ١٣٩٧: ٢٨٥) ماندالا لە بازنەی هاوناوەند چێ دەکرێ کە هەر هەموویان ڕەوەو ناوەندێکی ناوخۆیی یەکیان گرتووە.(دوبوکور، ١٣٧٦: ١٠٦) کەواتە دەتوانێ ڕەنگدانەوەیەک لە دنیای مەعنەوی لەم جیهانەدا بێت. یەکگرتنی بازنەکان لە ماندالادا، کردوویەتی بە شوێنێک بۆ چڕبوونەوەی هۆش، ڕێبازی دەروونی و پیشاندەری ئاراستەی ڕەبەنەکان.(کوپر، ١٣٧٩: ٢٩١) لە هونەرە وێنەییەکانی هیند و خۆرهەڵاتی دووریش، ماندالا بە شێوەی بازنەگەلی چوار و یان هەشت تیشکی دەکێشرێنەوە کە جیهان و پەیوەندییەکەی لەگەڵ هێزە خوداییەکان پیشان دەدات.(یونگ، ١٣٧٨: ٣٨) لە هەندێ لە ماندالاکانیشدا چوارگۆشەیەک لە ناو بازنەیەکدا دیارە. لەم بێچمانەدا دەتوانین بازنە بە هێمای ئاسمان و چوارگۆشە بە هێمای زەوی لە قەڵەم بدەین.(دوبوکور، ١٣٧٦: ١٠٤) جیاوازیی کۆنەسەرچەشنی ماندالا لە شارستانییەتە جۆراوجۆرەکاندا پێویستیی بە توێژینەوە لەبارەی ئەم بوارە بۆ وەدەستهێنانەوەی نواندنەوەکانیان لە بێچم یان چەمکەکانی هەر کەلتوورێکدا زەرووری دەکات.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

### ٣- ئەنجامەکانی توێژینەوە:

### ٣- ١- هەڵپەڕکێ

هەڵپەڕکێ یان سەمای کوردی بەشێکی گرنگ و زیندووی فەرهەنگی کوردییە و لە کوردستاندا بە سەدان جۆری جیاوازی هەیە و هەر ناوچەیەک لەوەدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە (حەمەڕەش، ٢٠١٣: ٣٥٥) و لە نهێنیترین تایبەتمەندییە فەرهەنگی و کەلتوورییەکانی کوردستان دێتە هەژمار. ئەو ڕێوڕەسمانەی کە بە بەڕێوەبردنیان هەڵگری جووڵەی ڕێکوپێک و پێناسەکراو، ژێست، لێنانی چێشتێکی تایبەت، ژەنینی مۆسیقا، گۆرانیچڕین (هەندێ جار بە مێلۆدی و دەقی تایبەتەوە) و جلوبەرگی دیاریکراوە و لە جۆرە جیاوازەکانی ڕێوڕەسمی بەرەکەتخوازی و شوکرانەبژێریدا کەڵکیان لێ وەردەگیرێ و بەم تایبەتمەندییانە دەتوانین لە کۆی ڕێوڕەسمەکاندا جێی بکەینەوە. ئەگەرچی لە هەندێ لە نەتەوەکاندا بە شێوەی سنووردار هەڵپەڕین و سەمای فۆڵک بەدی دەکەین بەڵام وەک پێشتر ئاماژە درا ئەمە تەنیا لە کوردستاندا بە شێوەی گشتگیر، ڕێکوپێک و یاسادار و هاوئاهەنگ لەگەڵ دەستکەوتە کۆنینەکان ئەنجام دەدرێت. لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم ڕێوڕەسمە دەتوانین ئاماژە بکەین بە جووڵەی بازنەییانە، گۆرانی، ڕەگەزێتی بە پێی جۆری ڕێوڕەسم و شادی لەم ڕێوڕەسمەدا (بەدەر لە چەمەری).

### ٣- ١-١- هێما پیرۆزەکانی هەڵپەڕین:

بە ئاوڕدانەوە لەوەی کە مریەم نێعمەت تاووسی لە وتاری "ڕەمزکۆڵینی هەندێک ئایینی بارانخوازیی ئێران" هەندێ هەلومەرجی تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە ئوستوورەییەکان پێناسە کردووە، دەتوانین لە خوارەوە ئاماژە بە چەند هێمایەکی هەڵپەڕین بکەین کە دەیخاتە ڕیزی ڕێوڕەسمەکەوە:

- **ماندالا و بازنە:**

ماندالا لە هەموو کەلتوور و فەرهەنگە مرۆییەکاندا بە فۆڕمی جۆراوجۆر خراوەتە ڕوو (کرباسیان و ایمان‌طلب، ٢٠١٥، ٦-٧) و دەتوانێ بە هەموو بێچمێک خۆی بنوێنێت. "بوا" لە بەشی کردەوە و دروشمی جادووگەری لە کتێبی "ژیانی کوردەواری"دا پاش ئاماژەدان بە هەندێ کردەوەی جادووگەری لە کوردستان سەرنجێ دەخاتە سەر بازنە و دەڵێ: "لە ناو کورددا شتێکی زۆر سەیرتر هەیە، ئەویش بەکارهێنانی بازنەی جادوگەرییە" و بۆ شیکردنەوەی ئەم بابەتە سەرنج دەخاتە سەر بازنە لە ناو شێخی کورد و ئایینەکانی گۆران و ئێزدی.(Bois,١٩٦٦:١٠٢-١٠٣) جۆرج گۆرجیێفیش ڕوونکردنەوەیەکی سەرنجڕاکێش لەبارەی ئێزدییەکانی ئەلکساندرۆپێک (گیۆمەری ئەوڕۆیی ئەرمینیا) سەبارەت بەم دیاردە دەخاتە ڕوو:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

*کوڕێکی منداڵم بینی کە کۆمەڵێ منداڵی دیکە دەورەیان دابوو؛ کوڕە زۆر دەگریا و جووڵەی سەیر و سەمەری دەردەهێنا، منداڵەکانی دیکە پێدەکەنین، چوومە نزیکەوە، پرسیارم کرد: ئەوە چییە؟ زانیم ئەو منداڵە ئێزدییە و بە دەورییەوە بازنەیان کێشاوەتەوە، ئەو نەیدەتوانی لێی دەرباز بێ مەگەر ئەوەی کە بیانسڕیبایەتەوە. کوڕە هەوڵێکی زۆری دەدا کە لە بازنەکە بێتە دەرەوە بەڵام نەیدەتوانی. من چوومە پێشترەوە و بەشێکیم سڕییەوە و بەم شێوە توانی لەو بازنەیە دەرباز بێت.(بەگێرانەوە لە؛ آساطوریان و آراکلوا، ١٣٩٧: ٢٥٥)*

کەسگەلێک وەکوو بوا و چەڵەبی ئاماژە بە ڕای ئێزدییەکان سەبارەت بە بازنە دەکەن. ئەو بابەتەی کە لێرەدا زۆر گرنگە ئەوەیە کە؛ نابێ لە بازنەیەک؛ تەنانەت بازنەیەکی خەیاڵی کە ئێزدییەک بە دەوری خۆیدا دەیکێشێتەوە، تێپەڕ بێت، مەگەر ئەوەی بیسڕێتەوە.(هەمان: ٢٥٥) لەم کەلتوورەدا بە کێشاندنەوەی بازنە، پەرژینێک لە نێوان دنیای نگریس و پارێزراودا دروست دەبێ کە ناوەڕۆکەکەی بە پێی خواستی بازنەکێشە. ئەوەی کە بوا ناوی دەنێ بازنەی جادوو، دەتوانێ دەرەنجامی بەستنی پەیمان بۆ هەر بازنەیەک بێ کە دەکێشرێتەوە، هەر بۆیە بازنە وەک بێچمێکی پیرۆز دەتوانێ بە فرەڕەنگیی داخوازی و گۆڕانکاری ویرد و وشە بکێشرێتەوە.

بەشێکی تری کۆنەسەرچەشنی ماندالا وەک کۆمەڵە چەمک دەردەکەوێت. لە کەلتووری کوردیدا هاوشێوەی زۆربەی ئوستوورە ڕۆژهەڵاتییەکان زەوی و ئاسمان ڕەگەزێتی و بێچمیان بۆ پێناسە کراوە، بۆ وێنە لە بەیتی ئوستوورەیی "عەرد و ئاسمان"ی ئێزدییەکان، هەمبەرایەتییەک لە نێوان زەوی و ئاسمان لە سەر سەلماندنی پیرۆزتربوونیان ئەنجام دەدرێ، لە کۆتاییدا (لە برگەی ٣٧-٣٨)ی قەول، دەبینین کە زەوی بە ڕەگەزی مێینە و ئاسمان بە ڕەگەزی نێرینە دەناسرێت:

٣. ئەزمان دبێژتە خوەیە (خوشکی خۆی)

خودێ ل سەر من و تە شەهدەیە

بەلێ من ژی حەیفا تە ئی وەلەیە.

٣٨- خاترا تە رەحمانێ

پێک هاتن عەرد و عەزمانێ

وەکی خوشک و برانێ

ئەم د کێمین، خودیی تەمامە.(بەگێڕانەوە لە؛ جندیرەشو، ٢٠٠٤، ٢٢٤)

لە هەڵپەڕکێدا، کۆمەڵی هەڵپەڕێن بە بڕینی ڕێگەیەکی بازنەیی لە سەر زەوی، هەم لە ڕووی ڕەگەزێتی و هەمیش بێچمێکی کۆنەسەرچەشنانەی ماندالا دەکێشنەوە کە ئاوێتەیەکە لە بازنە (ڕێگەی هەڵپەڕین) و چوارگۆشە (هێمای زەوی) یان هەمان ڕەگەزێتیی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ فەکۆلینێن کوردی

ژنانە و پیاوانە بۆ ئەوەی شوێنەکە پیرۆز بکرێ و خواستی ڕێوڕەسمەکە بێتە دی. لە ڕاستیدا کۆمەڵی هەڵپەڕێن ڕێگەیەکی بازنەیی دەپێون کە ناوەندی ئەو شوێنە تەواوکەری ئەو ڕێوڕەسمەیە. بۆ وێنە لە هەڵپەڕینی خەرمانسۆر ئەم ناوەندە هی گەنم یان بەروبوومی کشتوکاڵە و لە هەڵپەڕینی شایی و هاوسەرگیری هی ئامێری ژەنیاران و شایەرانە. هەر بۆیە هاتنی کەسانی دیکە (بەدەر لە منداڵان) بۆ ئەم ناوەندە جوان نییە، تەنانەت ئەگەر یەکێک لەو کەسانەی لە ئەڵقەی هەڵپەڕینەکە بێتە دەرەوە، هاتنە دەرەوەی بە شێوەی جووڵە بەرەو دەرەوەی بازنەکە ئەنجام دەدرێ نە ناوەوەی، مەگەر ئەوەی کە بە نیازی گۆڕینی شوێنێک لە پێگەی هەڵپەڕین بێت. هەر ئەم خاڵانە پەیوەندیی ڕێگەی بازنەیی هەڵپەڕین لەگەڵ کۆنەسەرچەشنی ماندالا و گرنگیی بازنە لە ئایینە کۆنەکانی کوردستان دەسەلمێنێ، واتە بە پیرۆزکردنی شوێن، کۆمەڵێ یاسای تایبەتیی بۆ پێناسە دەکرێ، کە بەکارهێنانیان لە پێویستییەکانی ئەم ڕێوڕەسمانەیە.

- **فرەڕەنگیی ڕەگەزێتی لە ڕێوڕەسمەکانی هەڵپەڕیندا:**

بە پێی جۆری داخوازی و خواست، دەستەڕەوی لە هەڵپەڕیندا دەتوانێ بە شێوەی تاکڕەگەزی (ژن یان پیاو) یان دووڕەگەزی (گەنموجۆ یان ڕەشبەڵەک) بەڕێوە بچێت. بۆ وێنە لە داخوازی بۆ زیادبوونی بەربووم لە ڕێوڕەسمی قرەپیرەژن، ڕەگەزی نێرینە ئەم داخوازییە بۆ دایکی زەوی بەڕێوە دەبات. لە ڕێوڕەسمی داخوازی منداڵدا، ژنانی نەزۆک بە دەور کۆتەڵی پیاوانەدا هەڵدەپەڕن. لە ڕێوڕەسمی گەنم و جۆ ئەوە ژنانن کە دەتوانن بۆ هەڵپەڕین ڕەگەزی بەرامبەر بۆ هاوڕێیەتی دەستنیشان بکەن، ئەم کەسە دەتوانێ نامۆ بێ، بەڵام دەستگرتنیان تەنیا لە ئاراستەی بازنەدا بابەتێکی ئاساییە و لە دەرەوەی ئەمەدا لێکەوتەی خراپی بەدواوەیە، لە لایەکی تریشەوە هاتنە دەرەوەی پیاوان لەم بازنە، بەر لە ئافرەتێک (دۆ) بابەتێکی ناحەز و بێڕێزییە بەو ئافرەتە.

- **خواردن و خواردنەوەی خۆراکی تایبەت:**

بە پێی جۆری بۆنە، بەڕێوەبردنی هەر کام لەم ڕێوڕەسمانە لەگەڵ خواردنی تایبەت ئەنجام دەدرێت. بۆ وێنە لە ڕێوڕەسمی شوکرانەبژێریی بەروبوومدا (خەرمانسۆر) چێشتی دانەوێڵە کە تێکەڵێکە لە دانەوێڵە تازەکانی ئەو ساڵە، لێ دەنرێ و لە هەڵپەڕینی لەدایکبوونی منداڵ حەڵوا بە پێکهاتەی تایبەتەوە ساز دەکرێت.

- **پۆشاک:**

بۆ هەڵپەڕین هەمان جلوبەرگی ڕەسەنی کوردی لەبەر دەکرێ، هاوشێوەی ئەوەی زۆربەی گەڕۆکەکان ئاماژەیان بە جلوبەرگی کراوە و جیاوازی کورد لە چاو وڵاتە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئیسلامییەکانی دیکە کردووە. ئەم پۆشاکە بەشێکە لە گشتێتیی هەڵپەڕین کە دەبێ ڕەچاو بکرێت.

- **وتە و مۆسیقا:**

هەر کام لەم ڕێوڕەسمانە بە مۆسیقای تایبەتی خۆیان بەڕێوە دەبرێن، لە چەمەریدا خۆویێژی بە دوای مردوودا، لە قرەپیرەژن مۆسیقا و ئاوازی هاوئاهەنگ لەگەڵ جووڵەی تایبەتی هەڵپەڕان بەڕێوە دەچێت. دوکتۆر عەبدولکەریم سرووش (مامۆستا ئاریاس)[۹] ئاماژەی بە چەند جۆر هەڵپەڕکێ و دیلان لە باکوور دەکا کە هەر کام لەمانە بە گۆرانییەکی تایبەتەوە ئەنجام دەدرێن.

- **ژمارە:**

هەڵپەڕکێ لە جووڵەگەلێکی ڕێکوپێک پێک هاتووە، گەر سەرنجیان بدەین دەبینین کە تێکەڵ بە ژمارە بوون و ئەم ژمارانە لە هەنگاوی چوونەپێش و گەڕانەوەدا کاریگەری لە سەر دیسیپلینی هەڵپەڕینەکە دادەنن. ئەگەر لە گۆشەنیگای مالینۆفسکییەوە سەیری ئەم ڕێوڕەسمانە بکەین و جادوویی‌بوونیان قبووڵ بکەین، بێگومان دەتوانین ئەم ژمارانە بە شێوەی وردتر و نهێنی‌تر لێک بدەینەوە. ئەگەرچی ڕێژەیەکی کەمی هەڵپەڕینەکان (تایبەتی ڕێوڕەسمەکان) شێوازی سەرەتایی خۆیانیان پاراستووە و سەبارەت بە ڕێوڕەسمی داخوازی کە بە هەڵپەڕین ئەنجام دەدرا، وردەکاریی تەکنیکی لە بەردەستدا نییە. بەڵام دەتوانین لە دووپاتبوونەوەی ژمارەگەلی ۱، ۲، ۳ و ۷ ئەم شتە گرنگەمان بۆ دەربکەوێ کە بە پێی داخوازیی تاکەکان کێشانەوەی هەر کام لەم ژمارانە لە سەر ئەڵقەی هەڵپەڕکێ نهێنیی تایبەتی هەبووە و بۆ هەر کام لەم ڕێوڕەسمانە هاوئاهەنگ لەگەڵ گۆرانیی تایبەت (وێرد) داوای هەڵپەڕکێیەکی تایبەت کراوە.

### ٣- ٢- جۆرەکانی هەڵپەڕینی بارانخوازی:

یەکێک لە ڕێوڕەسمەکانی داخوازی کە هەڵپەڕکێی تێدا بەدی دەکەین، ڕێوڕەسمی بارنخوازییە. ئەم ڕێوڕەسمە بە سێ جۆری جیاواز بەڕێوە دەچێ کە جیاوازییەکەیان بە ئاشکرا بریتییە لە تەمەن، شوێنی ئەنجامدانی ڕێوڕەسم، شێعر و ڕەوتی ئەنجامدانی ڕێوڕەسم. لە ژێرەوە هەر کام لە هەڵپەڕکێکانی باران شێ دەکرێنەوە:

### ٣-٢-١- بووکەبارانە و کچانی پێنەگەیشتوو:

ئەم ڕێوڕەسمە بە ناوەکانی بووکەبارانە، وەیوڵە وارانێ، بویکابارانێ، چۆلی قیزک، کولی قیزک و ... لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستاندا بەڕێوە دەچێت. لەو سەردەمانەدا کە پێویستە باران ببارێ و کەچی ناشبارێ، منداڵان گەمەی بووکە بە بارانێ دەکەن(سەجادی، ١٣٩٩: ٢٤٥)، کە زۆربەیانکچی چکۆلە و نیمچە عازەب و جاری وایە کچی عازەبیشیان لەگەڵە.(ڕەشیدی، ٢٠١٣: ٢٨٠) چەن منداڵ لە گەڕەکدا کۆ دەبنەوە، دارێکی درێژ دێنن لەگەڵ دارێکی کورتتر لەو، ناوەڕاستی کورتەکە بە دەزوو چەپ و ڕاست دەبەستن بە لای سەرووی درێژەکەوە وەکوو وێنەی "خاچ"ی لێ دێ.(سەجادی، ١٣٩٩: ٢٤٥) ئەوجار دەهاتن بە دەسرەی سوور و سپی دەوروبەری ئەو دارانەیان توند دەکرد و یەکدوو دەسماڵی سووری جوانیان لە سەری دارە درێژەکە دەهاڵاند وەک سەر و شەدە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دیاری دەکرد. گێلگێلە و ڕیشۆڵیشیان بۆ وێ دەخست، لەو لاشەوە دارە لابەلایەک وەک دوو دوستی بووکێ حەریر و پەشمینەیان وێ دەخست دەبووە دەستی بووکێ. جاری وابوو تاس کڵاویشیان لە سەر بووکێ دەکرد ئیتر دەهاتن کراسێکی سووری درێژیان لەبەر بووک دەکرد و نێویان دەنا بووکەبارانە و کچێک یان دوو کچ کە لە هەموان گەورەتر و جوانتر بوایە بووکەبارانەکەیان هەڵدەگرت(ڕەشیدی، ٢٠١٣: ٢٨٠) و منداڵەکانی دیکە دەکەوتنە دوایان. بووکەبارانە زۆرتر لە بەینی عەسر و ڕۆژئاوادا ئەیکەن. ئەگەڕێن بە ماڵانەوە(سەجادی، ١٣٩٩: ٢٤٥)، هەر کە چوونە ناو حەوشەی هەر ماڵێک بە یەک دەنگ دەڵێن:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| هەیارانە بووک بارانە/ گەنم ڕزی لە چاڵانا/ گەنمی حەسەن وحوسەینانە/هەموو قوژبوون لە تینانە یان:هەیاران و مەیاران/ یاخوا بنێری باران/ لۆ فەقیر و هەژاران/ ئەم ساڵ بباری باران (شریف، ١٩٧١: ١٠٩). | هەناران و مەناران/ یاخوا داکاتە باران/ باران باران بۆ مناڵان/ بۆ باخچەکەی ناو ماڵان/ بۆ بەرخ و کار و دایکان/ بۆ زەوی و زار بۆ پاکیان/ هەناران و مەناران/ یاخوا داکاتە باران (سەجادی، ١٣٩٩: ٢٤٥). | بووکەبارانە ئاوی دەوێ/ ئاوی نێو دەغڵانی دەوێ/ هێلکەی باڕۆکانی دەوێ/ دەرزی گەورەکچانی دەوێ/ دۆعای پیاوچاکانی دەوێ/ بەرمووری بێوەژنانی دەوێ/ شەکری دەشارانی دەوێ/ مێوژی دەئالانی دەوێ/ یاری منداڵانی دەوێ" (ڕەشیدی، ٢٠١٣: ٢٨١). | بویکا مە باران باران/ بویکا مە باران باران/ بویکا مە باران دەڤێت/ گەنمێ دو چالان دڤێت/ بویکا مە خێلی خێلی/ ئەم نادەین حەسەن گێلی/ دەی دەینە ئامێدیا/ دا دەینن سەر کوڕسیا (طیب، ٢٠٠٢: ٨٠). | وەیوەڵە بادێ سەروو بیرا/ واران وارۆ پەی فەویرا/ واران وارۆ پەی خەلەی/ گیواو بزیۆ پەی گەلەی/ واران وارۆ پەی کۆسارا/ مریچلێ بلاوە چێرپاسارا/ ئاوی گنۆ ڕا جۆ بە جۆ/ سەوزەی باوە کەش و کۆ[١٠] | واران وارێ وە خشێ/ خودا برام نەکوشێ/ واران وارێدن لە سەر/ تەق تەق تەق تەق تێ لە دەر/ ئەوڕێل ئەڕا کام لا چن/ ماشین نەیرن وە پا چن/ ئەورەیل لچ نانەسە زەو/ زقم نەخوەی وە توو شەو/ وا کەوشێلێ کەیدەو پا/ یەک یەک ئەورێل دێدەو لا/ هەم زەڕینە و سیمینە/ چەنە چەنێ ڕەنگینە/ خودا واران نەتووری/ پا لە وڵاتم بووڕێ[١١]. (شێرزادی، ١٣٩٩). |

خشتەی ژمارەی ١: چەند نموونە لەو شێعرانەی کە لە ڕێوڕەسمی بووکەبارانەدا دەوترێنەوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کابانی ماڵەکەش کۆتکە ئاوێ، یا جامە ئاوێ دەپرژێنێ بە سەر بووکۆکە و دەرزیەکی لێ دەدا (شریف، ١٩٧١: ١١٠)، ئەمجار چییان هەبێ پێیان ئەدەن: گوێز، مێوژ، سرنچک، هەنجیری وشک، تووی وشک و ... چی هەبوو ئەوەیان دەدەنێ، هەندێ ماڵ سەرەڕای ئەوانە پارەشیان دەدەنێ، ماڵی وا هەیە نوقڵ و نەبات یان ئەو وشکە مێوانە کە بۆیان دەهێنن دەیکەن بە شاباشی بووکەکە و دەیکەن بە سەریدا و منداڵەکان کۆی دەکەنەوە. کە لەو ماڵە ڕزگاریان بوو ئەچن بۆ ماڵێکی دیکە. بەم جۆرە دەگەڕێن تا باران دەبارێ و لە ڕاستیشدا زۆر جار باران دەبارێ. هەر کە چەن تنۆکێ باران هاتە خوارەوە لە ئاسمان و دای لە بووکەکەیان ئەو بارانە زیاد دەبێ و بە تەواوی بووکە بە بارانەکەیان تەڕ دەبێ، کە ئەمە بوو ئیتر واز لە گەڕان دێنن؛ ئەوا ئیتر بە ئارەزووی خۆیان گەیشتن، پاش ئەوە دەچن ئەو شتانە کە کۆیان کردۆتەوە لە بەینی یەکدیدا بەشی دەکەن و ئیتر بووکەکەش تێک دەدەن.(سەجادی، ١٣٩٩: ٢٤٦) لە هەندێ لە ناوچەکاندا پاش ئەنجامدانی ڕێوڕەسم و کۆکردنەوەی نەزرییەکان (کە زۆربەیان ڕووەک و شەکر و نەباتن) دەچنە گوندەکانی دەوروبەر و شوێنێکی باش بۆ مانەوەیان هەڵدەبژێرن و بە نەزرییەکان خواردنێکی شیاو ئامادە دەکەن. هەتا کاتی ئامادەبوونی چێشت، منداڵان بە دەور نەزری و بووکی هەڵدراودا سەما و شایی دەکەن.(طیب، ٢٠٠٢: ٨١) نادری چەند جۆر هەڵپەڕکێ بە ناوەکانی ڕاستە، هەڵگرتن، فەتاح پاشایی یا چەپی بۆ ئەم ڕێوڕەسمانە پێناسە دەکا(نادری، ١٤٠٠: ١٩٠)، ئەگەرچی ئەم هەڵپەڕینانە ناتوانین بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان بیگشتێنین. بەڵام بە پێی منداڵبوونی پۆلی بووکبەدەستەکان دەتوانین بەم شێوە بەڵگە بهێنینەوە کە لە هەر ناوچەیەکدا هەڵپەڕینی باو و تایبەت بەو ناوچەیە بۆ ئەم ڕێوڕەسمانە بە کار هێنراوە.

لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم ڕێوڕەسمانە دەتوانین ئاماژە بە بوونی کچانی تازەپێگەیشتوو، باڵای کچی هەڵگری بووکەکە، بووکێک کە هاوزای خواژنی بارانە، جلوبەرگی سووری بووکەڵە، دەرزی لێدان و نەزرییەکان بکەین. لەم ڕێوڕەسمانەدا سەرنجی هەموو ئەنجامدەرانی ڕێوڕەسم ڕوو لە ئاسمانە و تەنانەت نەزرییەکانیش لە ئاسمانەوە بە سەر بووکەڵەدا دەپرژێنرێت.

**٣-٢-٢- کچانی عا کچانی عازەب:**

زەب و پێگەیشتوو ڕێوڕەسمی هەڵپەڕینی بارانیان ئەنجام دەدا و لەو ڕووەوە کە بەتەنیایی و بەدوور لە چاوی چاودێر ئەنجام دەدرا، کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر نەنووسران و یان نادیاربوونی وەردەکاریی بەڕێوەچوونی ئەم ڕێوڕەسمە داناوە. بەڵام لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هێماکانی ڕێوڕەسمی تایبەتی ئەوانە لە ناو چیرۆکی منداڵانەی "**بز شیردا بۆ داپیردا**" بوونی هەیە کە لە ژێرەوە بە کورتی دەخرێتە ڕوو:

" پیرێژنێک، لە ماڵی دنیا بزنێکی هەبوو هەموو ڕۆژێ شیرەکەی هەوێن دەکرد و لە حەوشەی لەبن سوێنە دەیشاردەوە. ڕێوییەکی بەدفەڕیش هەبوو. بر شیری پیرێژنەی فێر بووبوو و هەر پیرێژن چاوی لێ غافڵ دەکرد دەچووە زگ سوێنە و شیری دەخوارد. پیرێژن نەیدەزانی شیرەکەی چی لێهاتووە. هەتا ڕۆژێک دەستی دایە تەوەرداسێک و خۆی مات کرد. زۆری پێ نەچوو مام ڕێوی پەیدا بوو. چاوێکی گێڕا و ڕایکرد بۆ لای سوێنەکە. پیرێژن نەیکردە نامەردی و بە هەموو هێزی خۆی تەوەرداسێکی هاویشتە ڕێوی. ڕێوی کلکی پەڕی و بە کلکێکی قوڵەوە چووە لای ئاواڵەکانی. دۆست و برادەرەکانی گەلێکیان گاڵتە پێکرد. هەر بە دەوریدا دەهاتن دەیانگوت: مام ڕێوی قوڵتە قوڵتە، مام ڕێوی شەرمم بە تۆ. ڕێوی ناعیلاج هاتەوە لای پیرێژن و گوتی: پیرێژن وەرە تۆ ئەو خودایە کلکە قوتەم بدەوە. پیرێژن گوتی: دەیجا ئەتۆ شیرەکەم بۆ بێنەوە با منیش کلکە قوتەت بدەمەوە. مام ڕێوی هەستا و چووە لای بزن. گوتی: " بز شیر دە، شیر بۆ داپیر دە، بەشکم کلکە قوڵەم وێدا". بزن گوتی: "بچۆ بۆ لای دار، گەڵام بۆ بێنە با شیرت بدەمێ". مام ڕێوی هەستا ڕۆیی بۆ لای دار گوتی: "دار گەڵا دە بۆ بز دە، بز شیردا بۆ داپیر دا، بەشکل کلکە قوڵەم وێدا". دار گوتی: "مام ڕێوی هەستە بچۆ ئاوم بۆ بێنە، ئاوم دە بن کە ، جا ئەودەم وەرە گەڵات دەدەمێ". مام ڕێوی هەستا چووە لای کانی و گوتی: "کانی ئاو دە بۆ دار دە، دار گەڵا دا بۆ بز دا، بز شیر دا بۆ داپیر دا، بەشکەم کلکەقوڵەم وێدا". **کانی گوتی: بچۆ بانگی کچۆڵان بکە با بێن لە سەرم چۆپی بگرن ڕێوی چووە لای کچۆڵان و گوتی: "کیژ چۆپی کە لە کانی کە، کانی ئاو دا بۆ دار دا، دار گەڵا دا بۆ بز دا، بز شیردا بۆ داپیر دا". کیژ کوتیان ئێمە کەوشمان نییە هەتا پێی هەڵپەڕین**، مام ڕێوی چووە لای کەوش دروو و گوتی: "وەستا کەوش کە بۆ کیژ کە، کیژ چۆپی کە لە کانی کە، کانی ئاو دا بۆ دار دا، دار گەڵا دا بۆ بز دا، بز شیردا بۆ داپیر دا". وەستا گوتی: بچۆ هێلکەم بۆ بێنە، ڕێوی چووە لای مریشک گوتی: " مریشک هێلکە کە بۆ وەستا کە، وەستا کەوش کە بۆ کیژ کە، کیژ چۆپی کە لە کانی کە، کانی ئاو دا بۆ دار دا، دار گەڵا دا بۆ بز دا، بز شیردا بۆ داپیر دا". مریشک گوتی: زۆر باشە بچۆ هەرزنم بۆ بێنە. ڕێوی ماوەیەکی گەڕا و تووشی کابرایەک بوو. کابرا گێرەی هەرزنی دەکرد. ڕێوی گوتی: "مامە هەرزن دە بۆ مریشک دە، مریشک هێلکە کە بۆ وەستا کە، وەستا کەوش کە بۆ کیژ کە، کیژ چۆپی کە لە کانی کە، کانی ئاو دا بۆ دار دا، دار گەڵا دا بۆ بز دا، بز شیردا بۆ داپیر دا". کابرا گوتی باشە دەتدەمێ، بەڵام جارێ وەرە برێک گێرە لێبخوڕە با منیش برێک بحەسێمەوە. ڕێوی برێکی قوتە قوت کرد، قۆپییەکی لێ دیار بوو، چوو خۆی دە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

قۆپی هەڵکێشا و هات دە نێو هەرزەنەکەدا گەوزی، ئەوەندە هەرزن پێوە نووسابوو نەیدەتوانی هەستێتەوە بە هەزار زەحمەت خۆی گەیاندە مریشکەکە و لەوێ خۆی تەکاند. مریشک هەرزەنی خوارد و هێلکەی کرد. ڕێوی هێلکەی برد بۆ وەستا. **وەستا کەوشی دروو. کەوشی برد بۆ کیژان، کیژ لە سەر کانی چۆپییان گرت. کانی ژیایەوە و پڕ بوو لە ئاو.** ئاوی برد بۆ دار و دار گەڵای گرت. گەڵای برد بۆ بزنە، بزن شیری دایێ. شیری برد بۆ داپیر. داپیریش کلکی وێخستەوە و زەنگۆڵەیەکیشی پێوە هەڵواسی تا دوای ئەو هەموو ناڕەحەتی و زەحمەتە برێ دڵی خۆش بکا و ... .(پاپانیانی، ١٤٠٠: ٧٥-٨١) ".

لەم گێڕانەوەدا دەبینین کە مەرجی کانی بۆ زیادکردنی ئاو، ئەوەیە کە کۆمەڵێ کیژی پێگەیشتوو و بە کەوش و پێڵاوی سوورەوە[١٢] بێن بە دەور کانیدا هەڵپەڕن. لە هەندێ لە گێڕانەوەکاندا ئاماژە بە هەڵپەڕینی پاش شتنی دەموچاوی کچان لە کانیدا کراوە. لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم ڕێوڕەسمە دەتوانین ئاماژە بە بوونی کچانی عازەب وەک هاوزای خواژنی باران، بوونی پێڵاوی سوور، هەڵپەڕین و کانی بکەین. لەم ڕێوڕەسمەدا سەرنجی ئەنجامدەرانی ڕێوڕەسم لە سەر ئاوی ژێرزەوینی و ئاوی ڕەوانە.

**٣-٢-٢- ژنان:**

ژنانیش هاوشێوەی کچانی عازەب، ڕێوڕەسمی هەڵپەڕینی بارانیان بەتەنیا و بەدوور لە چاوی چاودێر ئەنجام دەدا، هەر ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لە سەر نەنووسرابوون و نادیاربوونی وردەکاریی بەڕێوەبردنی ئەم ڕێوڕەسمە داناوە. تۆما بوا لە کتێبی ژیانی کوردەواری بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بە هەڵپەڕینی باران دەکا و دەڵێ: یەکێک لە نەریتەکانی باران بەم چەشنە بەڕێوە دەچێ کە ژنان جوانترین جل لەبەر دەکەن و بە کۆمەڵ دەچن بۆ دێیەک کە درەختێکی پیرۆزی تێدا بێت. دوای ئامادەکردنی کاسە و کەوچکی چێشتلێنان، بە دەوری قابلەمەی چێشتەکە دەست دەکەن بە هەڵپەڕکێ و چاوەڕوانی کوڵانی چێشتەکە دەکەن، دوای ئەوەی لە نانخواردن بوونەوە، ئاوپرژێنی جوانترین جلوبەرگی یەکێ لە ئامادەبووەکان دەکەن و ئیتر چاوەڕوانی باران بارین دەکەن. ئەگەر پێش ڕۆشتنەوە بە ساعەتێک باران نەباری ئەوە هەموویان ئاو دەکەن بە سەر جلەکانیاندا و بە تەڕی دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە.(Bois, ١٩٦٦:١٠٤ ) لە شیکردنەوەی ئەم ڕێوڕەسمەدا زۆرێک لە پرسیارەکانی خوێنەران وەکوو جۆری خواردن، ڕەنگی جلوبەرگ، جۆری هەڵپەڕین و کاتی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم ناڕوونە. لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم ڕێوڕەسمە دەتوانین ئاماژە بە بوونی ژنان وەک هاوزایانی خواژنی باران، جلوبەرگی ڕەنگاڵە و جوان، لێنانی چێشت، هەڵپەڕین و پیرەدار بکەین. لەم ڕێوڕەسمانەدا بوونی درەخت هێمایەکی پیرۆزی پەیوەندیی نێوان هەر سێ جیهانەکە (دنیای ژێر زەوی، زەوی و ئاسمان)ـە،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لە ڕاستیدا سەرنجی ئەنجامدەران لەم ڕێوڕەسمانەدا بەرەو لای هەموو ئاوەکانە و دەتوانێ تێکەڵێک لە هەر دوو ڕێوڕەسمەکەی پێشوو بێت.

**٤- کۆبەندی توێژینەوە**

ڕێوڕەسمی بارانخوازی لە ڕێوڕەسمە گرنگەکانی کۆمەڵگای جوتیاری و کشتوکاڵییە. گرنگیی ئاو لەم کۆمەڵگایانەدا لە ئاستێکدا بووە کە سەبارەت بە ئوستوورەکانی ئاو لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا گێڕانەوەگەلێکی زۆر بەدی دەکەین. ئەم ئوستوورانە جیا لە ڕەهەندە ڕیواییەکان، هەڵگری ڕێوڕەسمگەلێک بۆ وەدەستهێنانی خواستی وشکەساڵین کە ئەنجامدانیان لەو کۆمەڵگایانەدا وەک زەرووەرەتێک وێنا کراوە و هەندێ لە گەڕۆک و شرۆڤەکاران بە بەڵگەوە، جەخت لە بوونی ئامانجڕوونی و ئەنجامدانی ڕفتاری نائاسایی ئەو کردارانە وەک بەشێک لە پرۆسەی جادوو دەکەن. ئەو سنوورەی کە ئێستا نیشتمانی نەتەوەی کوردە و لە درێژەی سەردەمانی کۆندا خاوەن شارستانییەتی درەوشاوە و هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەوە، ئاخێزگە یان زێدی ڕێوڕەسمگەلی گرنگی ناوچەیی و جیهانی بووە. هەر لەبەر ئەوەش لە کەلتووری گشتیی کوردەکاندا زۆر لەم ڕێوڕەسمانە وەرگیران یان دەتوانین بڵێین کەلتووری گشتیی کورد دەفتەرێکی زیندووی ئوستووره کۆنەکانی ئەم سنوورەیە. ڕێوڕەسمەکانی بارانخوازی لە کوردستان هەمەجۆرە کە هەندێ سیمبۆلی ئوستوورەیی گابەردی، خواژنە کۆنەکانی وەکوو ئینانا، ئەشتار، ئاناهیتا و ... ی تێدا بەدی دەکرێت. لە گرنگترین و تایبەتیترین ڕێوڕەسمەکان هەڵپەڕینی بارانخوازییە کە کەم نووسراوە ئاماژەیان پێ کردووە. ئەم ڕێوڕەسمانە بە تێهەڵکێشبوونی فرەڕەنگیی ئوستوورەیی لەگەڵ کەلتووری هەڵپەڕین و بوونی سیمبۆلە پیرۆزە ڕەگەزییەکان ئەوی بە نیسبەتی ڕێوڕەسمە ئەنجامدراوەکانی دیکە ناڕوونتر کردووە.

لە بەشی ئەنجامەکان پاش شرۆڤەی هەندێ ڕفتار لە هەڵپەڕیندا کە هاوئاراستەی کۆمەڵە ڕفتاری پێناسەکراوی ڕێوڕەسمەکانن و گونجاندنیان لە ناو ڕیزی ڕێوڕەسمە کۆنەکان، ئاماژە بە هەر سێ ڕێوڕەسمی جیاوازی بارانخوازی کە تێیدا هەڵپەڕین و گۆڤەند ئەنجام دەدرێ، کراوە. لەم ڕێوڕەسمانەدا کە لە کاتی وشکەساڵیدا ئەنجام دەدرێ، ڕەگەزی مێ کە هێمای هاوزای دایکی زەوییە، لە سێ پۆلی تەمەنیی جیاواز کە بریتییە لە کچانی پێنەگەیشتوو، کچانی عازەب و ژنان، شانۆی داخوازی بەڕێوە دەبەن. یەکەم ڕێوڕەسم لە لایەن کچانی پێنەگەیشتووەوە ئەنجام دەدرێ و بە پێی ئەوەی کە بووکەڵە هەر خۆی هاوزای خواژنی بارانە و بە ناو دێدا دەگەڕێنرێ لە کەم جێگا هەڵپەڕین بەدی دەکەین و لە ڕێوڕەسمەکە ئاو بە سەر بووکەڵە یان هەمان هاوزای خواژنی باران دەپرژێنن، لە ڕێوڕەسمی دووهەمدا کە لە لایەن کچانی عازەبەوە ئەنجام دەدرێ، تێیدا کچان خۆیان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هاوزای خواژنی بارانن و فوکووسی بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسم لە سەر ئاوە ڕەوانەکانە و پاش شتنی خۆیان لە نێو کانی بە دەوریدا هەڵدەپەڕن. ڕێوڕەسمی سێیەم کە لە لایەن ژنانەوە ئەنجام دەدرێ و ئەوان وەک هێمای هاوزای دایکی زەوی لە کۆتایی هەڵپەڕیندا، لەشی خۆیان تەڕ دەکەن. لە هەر کام لەم ڕێوڕەسمانەدا هەندێ ڕفتاری تایبەت لە شوێنێکی تایبەتدا بەدی دەکەین، کە دەتوانن بگێڕەوەی ئوستوورەی تیشتەر، کە ئافرەتان لە سێ چوارچێوەی باڵقبوونیاندا ڕێوڕەسم بۆ سێ قاڵبی تیشتەر بەڕێوە دەبەن. لە لایەکی تریشەوە بووکەڵەگەڕاندنی کچانی پێنەگەیشتوو و هەڵپەڕین لە دوو پۆلی تەمەنیدا (عازەب و ژنان) دەتوانێ خوازەیەک لە هەڵفڕینی تیشتەر لە سێ قۆناغی (کوڕێکی پێنەگەیشتوو، گای شاخ زێڕین و ئەسپێکی سپی بە گوێ و هەوساری زێڕینەوە) لە ئاسمان بێت. سەرباری ئەوەی بە هۆی وەسفیبوونی شێوازی لێکۆڵینەوە، شرۆڤە و نیشانەناسییەکەی ئەنجام نەدراوە و تەنیا لە وەسفی ڕێوڕەسمەکە سنووردار بۆتەوە.

لەم دەقەدا بە چەن هۆکاری زۆربوونی پرسیار، گریمان و ئامانجی وتار و هاوکات لەگەڵ ئەوانە درێژ بوونی بابەت، تەنها هەوڵ دراوە بە شێوەی وەسفی چەن تایبەتمەندی بارانخوازی ئافرەتان بخرێتە ڕوو، کە لە درێژەدا پێویستی بە نیشانەناسی هێما ئوستوورەییەکانی تیشتەر و گۆڕینی قاڵب و پێوەندی ئەوانە بە ئەم سێ قۆناغی هەڵپەڕینی خاتوونەکانەوە هەیە.

## ٥- سەرچاوە:

### ٥-١- سەرچاوەی فارسی:


- آژند، یعقوب؛ آقایی، سیدناصر و امیریان دوست، شاهرخ (١٣٩٨). تبارشناسی حرکات آیینی موزون با ساچمه (فرآیند تاریخی و خاستگاه اجتماعی-اعتقادی)، فصلنامه علمی، سال هشتم، شماره ٣٢، ٣٧-٥١.
- اژەای، تقی و عربجعفری، مهدی (١٣٩٦). مقایسه کهن‌الگوهای یونگ با شیوەی عرفانی ابوسعید، فصلنامه ادبیات عرفانی و اسطورەشناختی دانشگاه آزاد اسلامی واحد تهران جنوب، س ٣، ش ٤٧، ٦٧-٩٧.
- آساطوریان، گارنیک و آراکلوا، ویکتوریا (١٣٩٧). دین ملک طاووس؛ یزیدی‌ها و جهان معنوی آنها، ترجمه آرش طهماسبی، نشر فرهانه، تهران.
- بارت، رولان (١٣٧٥). اسطوره، امروز، ترجمه شیریندخت دقیقیان، تهران، مرکز.
- باستانی پاریزی، ابراهیم (١٣٤٤). خاتون هفت قلعه، تهران، کتابفروشی دهخدا.
- برادران‌حسینی، زهرا (١٣٧٩). آبان‌یشت، کتاب ماه هنر آذر و دی، ٨٠-٨٥.
- براکت، اسکار.گ (١٣٧٥). تاریخ تئاتر جهان، جلد اول، ترجمه هوشنگ آزادی، انتشارات مروارید، تهران.
- بهار، مهرداد (١٣٧٤). تیشتر، فرشته پرشکوه باران آور، نشریه فرهنگی و هنری کلک، شماره ٦٧، ٥٣-٥٦.




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- بهار، مهرداد (١٣٧٧). اسطوره‌ها، راز و رمزها و شگفتی‌های کویر" در کتاب اسطوره تا تاریخ، ویراستار ابوالقاسم اسماعیل‌پور، تهران، نشرچشمه، تهران.
- حسین‌مدنی، امیر (١٣٩٧). بررسی نمادها و کارکردهای کهن‌الگوی دایره با تاکید بر تفکر اسطوره‌ای و عرفانی، فصلنامه ادبیات عرفانی و اسطوره‌شناختی، س ١٤، ش ٥٣، ٢٨١-٣٢٠.
- دوبوکور، مونیک (١٣٧٦). رمزهای زنده جان، ترجمه جلال ستاری، تهران، مرکز، چاپ دوم.
- ذکاء، یحیی (٢٥٣٧). تاریخ رقص در ایران، مجله هنر و مردم، انتشارات وزارت فرهنگ و هنر، ش ١٨٩-١٩٠، تهران، ٢-٧.
- رستمی‌نژاد، دیانا (١٣٩٥). مردم‌شناسی و باستان‌شناسی نمادهای نوسنگی در کردستان، نامه انسان‌شناسی، سال سیزدهم، شماره ٢٣، ٩٨-١٢٩.
- روتون، ک.ک (١٣٨٥). اسطوره، ترجمه ابولقاسم اسماعیل‌پور، چ٣، تهران، نشر مرکز.
- زرین‌کوب، عبدالحسین (١٣٨٨). عارف و عامی در رقص و سماع، پژوهش نامه فرهنگ و ادب، شماره ٩، ٢١-٣٩.
- ستاری، رضا و خسروی، سوگل (١٣٩٢). بررسی خویشکاری‌های آناهیتا و سپندارمذ در اسطوره و پیوند آن با پیشینه مادرسالاری، فصلنامه ادبیات عرفانی و اسطوره‌شناختی، سال نهم، شماره ٣٢.
- شریف، محمدکریم (١٩٧١). فۆلکلۆری یارییەکانی کوردەواری، چاپخانەی شەماڵ.
- شیبانی، منوچهر (١٣٤٢). هنرهای بدوی، مجله موسیقی، انتشارات هنرهای زیبای کشور، شماره ٧٨، دوره سوم، تهران، ١-٩.
- صادقی، قطب‌الدین (١٣٩٥). عملکرد اجتماعی و جنبه‌های نمادین هلپرکی یا رقص‌های آئینی-باستانی کردی، متن سخنرانی دکتر قطب‌الدین صادقی در همایش رقص کردی اداره کل فرهنگ و ارشاد اسلامی کرماشان، اسفند ١٣٧٩، مجله پیشنگ، شماره ٤، ٣-١١.
- عناصری، جابر (١٣٤٨). آئین باران‌خواهی و حرمت آب در ایران، انجمن فرهنگ ایران باستان دوره هفتم، شماره یک، ٢٥-٦٤.
- فرهنگیان، مجتبی (١٣٨٦). اسطوره و هنر، رواق هنر و اندیشه، شماره ١٤، ٤٥-٥٧.
- کرباسیان، گه‌آرا و ایمان‌طلب، حامد، (٢٠١٥)، ترکیب فرم‌های مربع و دایره، کهن‌الگوی پایه در معماری ایرانی (مساجد صفوی اصفهان)، کنفرانس بین‌الملل پژوهش‌های نوین در عمران، معماری و شهرسازی، مرکز همایش‌های بین‌المللی صدا و سیما، تهران.
- کوپر، جی.سی (١٣٧٩). فرهنگ مصور نمادهای سنتی، ترجمه ملیحه کرباسیان، تهران، فرشاد.
- گارودی، روژه (١٣٨٩). رقص زندگی، ترجمه افضل وثوقی، نشر چراغ دیده، مشهد.
- مرزبان، پرویز (١٣٨٥). خلاصه تاریخ هنر، ویراست دو، چاپ چهاردهم، شرکت چاپ و نشر علمی و فرهنگی کتیبه.
- مشیری، ژیلا (١٣٩٢). مراسم طلب باران در حوزه کویری ایران، مجله انسان‌شناسی، سال یازدهم، شماره ١٩، ١١٨-١٣٨.
- مککال، هنریتا (١٣٧٥). اسطوره‌های بین‌النهرین، ترجمه عباس مخبر، نشر مرکز چاپ دوم.
- ملکپور، جمشید (١٣٦٤). گزیده‌ای از تاریخ نمایش در جهان، کیهان، تهران.
- میکائیلی، حسین (١٣٩٣). بازتاب اسطوره‌ی خشکسالی در منظومه‌ی کردی "شیخ مند و شیخرش)، نشریه‌ی ادبیات تطبیقی، سال ٦، شماره ١١، ٣٥٧-٣٧٩.
- نادری، آسو (١٤٠٠). هەڵپەرکێ؛ فرهنگ جامع پایکوبی کردها، انتشارات سارات، تهران، چاپ دوم.




Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

- نعمت‌طاووسی، مریم (١٣٩١). رمزگشایی پاره‌های آیین‌ای باران خواهی ایران، مجله مطالعات ایرانی دانشکده ادبیات و علوم انسانی، سال یازدهم، شماره بیست و یکم، ٢٧١-٢٨٥.
- هنری هوک، ساموئل (١٣٦٠). اساطیر خاورمیانه، مترجمان علی‌اصغر بهرامی و فرنگیز مزداپور، انتشارات روشنگران تهران.
- یونگ، کارل گوستاو (١٣٧٨). انسان و سمبول‌هایش، ترجمه محمود سلطانیه، تهران: جامی، چاپ دوم.


### ٥-٢- سەرچاوەی کوردی:


- پایانیانی، سەلاح (١٤٠٠). دەنکە هەنار – کۆمەڵێک حەقایەتی فۆلکلۆری بۆ منداڵان، وەشانخانەی مادیار، سنە.
- جندیڕەشو، خەلیل (٢٠٠٤). پەن ئەدەبی دینێ ئێزدیان، کەوانا کوردی، چاپا سبیریز، هەولیر.
- حەمەباقی، محەمەد (٢٠٠٢). مێژووی مۆسیقای کوردی، چاپی دووەم، دەزگای ئاراز، هەولێر.
- حەمەڕەش، سۆران (٢٠١٣). کورد کێیە؟؛ مێژووی کورد و ڕەچەڵەکی زمانەکەی لە سەرەتای شارستانیەتەوە هەتاکو سەدەی دەیەمی زایینی، چاپی یەکەم، چاپخانەی YPS-Publishing، لەندەن.
- ڕەشیدی، مەلا مستەفا (٢٠١٣). هەگبەی بنار، چاپخانەی موکریان، هەولێر، چاپی یەکەم.
- سەجادی، عەلائەدین (١٣٩٩). کوردەواری، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستان.
- شێرزادی، سالار (١٣٩٩). م قووڕی چینییم، نشر باشور، ئیلام.
- طیب، موید (٢٠٠٢). بویکا بارانێ، وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر.
- غولامی، ئەفشین و غولامی، نەسیم (١٣٩٨). هەڵپەڕکێ کوردی لە ڕوانگەی مێژوو و ئوستوورە، سێهەمین مێهرجانی هەڵپەڕکێی بانە، بانە.
- ناس، جان (١٣٧٠). تاریخ جامع ادیان، ترجمه علی‌اصغر حکمت، چاپ چهارم، انتشارات و آموزش انقلاب اسلامی، تهران.
- ئەلوەنی، نەجم (٢٠٠٧). ئەفسانە و پەندی کۆمیدی گاڵتەئامێزی کوردی، چاپخانەی دارا، هەولێر، چاپی یەکەم.


### ٥-٣- سەرچاوەی ئینگلیزی:


- Bin Wahshih, Ahmad Bin Abubekr, (1806) Ancient alphabets and hieroglyphic characters explained: with an account of the egyption priests, their classes, initiation, and sacrifices, Bulmer, London.
- Bois, Thomas, (1966), The Kurds, Beirut: Khayats.
- Malinowski, B, (1974), Magic, Science and Religion. London Souvenir Press.
- Rashidirostami, Mahroo, (2018), Performance Traditions of Kurdistan: Towards a More Comprehensdive Theatre History, Iranian Studies, link: https"//doi.org/10.1080/00210862.201

## پەراویز:

---

[1] Thomas Bois

[2] Mahroo rashidirostami

[3] Performance Traditions of Kurdistan: Towards a More Comprehensdive Theatre History

٤) ئەمجەدی غوڵامی، د. ئەحمەد غوڵامی، د.موحەمەدی ئاشنا، مامۆستاعەبدوڵلا حەبیبی و کاک سەباحی جەباری

[5] Malinowski

[6] Edward Burnett Tylor

٧) کهن الگو

[8] Carl Gustav Jung

٩) سرووش، عەبدولکەریم، ١٣٩٨: وتاردەری مێهرەجانی "سێهەمین مێهرجانی هەڵپەڕکێی بانە". (ئەم وتاردانە لە چاپ نەدراوە، بەڵام خۆم وەکوو کەسێ کە وتاری پێشکەش کردبوو لەو کۆنفرانسەدا بەشدار بووم).

١٠) ئەم شێعرەم لە مامۆستا عەبدوڵلا حەبیبی (نۆدشە) وەرگرتووە، گوایە دوو بەیتی سەرەتای لە زۆرینەی ناوچەکانی هەورامان باوە.

١١) ئەم شێعرە هۆنراوەی کاک سالاری شێرزادی‌یە.

١٢) لە کتێبی دەنکە هەنارەدا ئاماژە بە ڕەنگی پێڵاو نەکراوە، بەڵام لە چیرۆکە گەلێرییەکانی ناوچەی هەورامان و ئەردەڵاندا هاتووە.

لێرەدا جێی خۆیەتی ڕێز و پێزانینیی خۆم ئاراستەی مامۆستایان و دۆستانی هێژام بکەم کە لە ئامادەکردنی ئەم وتارەدا هاوپەیڤێکی باش بوون و لە هاوکاریی خۆیان درێغییان نەنواند:

بەڕیزان ئەمجەد غوڵامی، د. ئەحمەد غوڵامی، د.محەمەد ئاشنا، ڕێبواری چراغی،مامۆستا عەبدوڵلا حەبیبی، سیامەکی فەتاحی و سەباح جەباری.

# بررسی ریشه‌های پایکوبی باران‌خواهی از رهگذر مناسک اساطیرای


## چکیده:

مایه‌ی حیات بودن و تقدس آب، آن را چنان در ذهن مردم شایسته گردانیده است که مردم در روزگاران قدیم، به ایزدان و فرشتگانی قائل بوده‌اند و برای هر یک از این موکلان، آیین‌ها و نیایش‌هایی اجرا می‌کرده‌اند. تنوع و تفاوت اجرای این آیین‌ها در مناطق کوردنشین حائز اهمیت است، لذا در مقاله پیش‌رو که به شیوه توصیفی و بر اساس مطالعات کتابخانه‌ای انجام گرفته است، نگارنده اهمیت رقص در مناسک تاریخی را مورد بررسی قرار داده و با توجه به جایگاه آب در تمدن‌های کشاورزی و دامداری، اسطوره‌های آب را در بین‌النهرین مورد بررسی قرار داده‌است و در نهایت سه شیوه آیین طلب باران که در آن پایکوبی انجام می‌گیرد را تشریح کرده است.

نتایج تحقیق حاکی از آن است که در مراسم پایکوبی باران (که توسط بانوان انجام می‌گیرد) واجد ادغام اساطیر و فرهنگ زاگرس با نمونه‌های بین‌النهرین است که در آن نشانه‌های قدسی نرینه و مادینه با هم گره خورده، تا مکان را برای طلب برکت قدسی کنند. در این مراسم که در زمان خشکسالی انجام می‌گیرد، جنس مونث به‌سان همزاد مادر زمین، در سه طیف سنی دختران نورس، دختران بزرگسال و زنان نمایش طلب را به اجرا در می‌آورند و این خواسته را رو به آسمان یا نمود نرینگی انجام می‌دهند، البته اجرای هر کدام از این مراسم شرایط خاصی را می‌طلبد که در ادامه به آن اشاره شده‌است.



**کلیدواژه:** *هنر بدوی، پایکوبی و رقص، باران‌خواهی، پایکوبی باران، جادو*


# Examining The Roots ofRain-Seeking Carols Through Mythical Rituals


**Abstract:**

The vitality and sanctity of water has made it so worthy in the minds of the people that in ancient times, people believed in Gods and angels and performed rituals and prayers for each of these clients. The diversity and difference of these rituals in Kurdish areas is important, so in a leading article that is descriptive and based on library studies, the author examines the importance of dance in historical rituals and considering the place of water in agricultural civilizations. And animal husbandry has explored the myths of water in Mesopotamia, and finally described the three ritualistic ways in which dancing is performed.

The results of the research indicate that in the rain dance ceremony (performed by women), Zagros mythology and culture are combined with Mesopotamian examples, in which male and female sacred signs are tied together to ask for a place to seek holy blessings. In this ceremony, which takes place in times of drought, the female sex of Behsan, the twin of the mother earth, performs in three age groups of Norse girls, adult girls and show demanding women, and fulfills this request to the sky or the appearance of masculinity, of course. Each of these ceremonies requires special conditions, which are mentioned below.



**Key words:** *Primitive art, carols and dancing, rain-seeking, dancing in the rain, magic*

# ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی ئاینی و کۆمەڵایەتی لە بەیتی فۆلکلۆری (شێخ فەرخ و خاتون ئەستی)دا

م. ی. ڕێباز محمد امین
کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزێ- زانکۆی ڕاپەڕی- هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە:**

ئەو تـوێژینەوەیە دەچێـتە خـانەی لێکـۆڵینەوەی ئەدەبـی فۆلکلـۆری کـوردی، ئەدەبـی فۆلکلـۆر بەو بەشـەی ئەدەب دەگـوترێ کە دەمـاودەم و پشتاوپشـت، نەوە لەدوای نەوە گێڕدراوەتەوە و پارێزراوە تا بە ئێمە گەیشتووە. دیارە کوردیش وەکو هەمـوو میللەتێکـی زیندوو، خاوەنی سامانێکی فۆلکلۆری یەکجار دەوڵەمەندە، کە لە فۆڕمی ژانری جیاجیادا خراونەتەڕوو. بەیت، بەشێکی گرنگ لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی پێکدەهێنێت. یەکێك لە تایبەتمەنـدییەکانی ئەدەبـی فۆلکلـۆر لەڕوی نـاوەڕۆکەوە، ڕەنگـدانەوەی داب و نەریـت و بیروبـاوەڕی ئـاینییە، هەر نـاوچە و دەڤەرێك خـاوەنی خەرمانێك لە بەرهەمـی ئەدەبیە، کە لەزۆر ڕووەوە مۆرکی ناوچەییان پێوەدیارە، ئەو توێژینەوەیە تایبەتە بە خوێندنەوەی بەیتی (شێخ فەرخ و خاتون ئەستی)، کە ڕووداوێکـی ڕاستەقینەی ئەڤینییە، خەیـاڵ ڕۆڵـی گەورەی تێدا دەبینێت، لە قالبی بەیتدا گێڕدراوەتەوە، بەپێـی گێڕانەوەکـان و نـاوەڕۆکی داستانەکە، شـوێنی ڕووداوەکە دەکەوێتە گونـدی (داودییە)ی نـاوچەی پشدەر. لەدوو ئاستدا دەیخەینە ژێـر تیشـکی توێژینەوە، لەلایەکەوە بە سـەرنجدان لە نـاوی کەسـایەتییەکان و بزووتنەوەیـان و بەرەوپێشـچوونی ڕووداوەکانـدا، بۆمـان دەردەکەوێت کە نەریـت و بیروبـاوەڕی کـۆمەڵایەتی دەڤەری پشـدەر تێیـدا ڕەنگیداوەتەوە، لەلایەکـی دیـکەوە بەپشتبەسـتن بە دەقـی گێـڕانەوەی بەیـتەکە، لەزۆر شـوێندا هەست بە جیلوەی بیروباوەڕی ئاینی و چیرۆکە قورئانیەکان دەکرێت، کە ئەوەش سـەرەداوێکـی گـرنگە لە دیـاریکردنی مێـژووی ڕووداوەکە، کە دەگەڕێـتەوە بـۆ قۆنـاغی دوای بڵاوبـوونەوەی ئاینی ئیسلام لەو ناوچەیەدا. گرنگی ئەو توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵێکە بۆ زینـدوکردنەوە و بەرز ڕاگرتنـی ژانرێکـی گرنگـی سـامانی نەتەوەییمـان کە بەیتـی فۆلکلـۆرییە، هەروەهـا نزیککـردنەوەو ئاشناکردنی بەرهەمی فۆلکلۆری ناوچە و دەڤەرە جیاجیاکانی کوردسـتانە لە کۆبوونەوەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتی و ناوەندە ئەکادیمییەکاندا.

**پەیڤێن سەرەکی:** *ئەدەبی فۆلکلۆر، بەیت، ئایین، بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی، شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی*

**پێشەکی:**

لەناو بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا بەیت جێگەو پێگەیەکی تایبەت و گرنگی هەیە، کە هەر لە زووەوە سەرنجی ڕۆژهەڵاتناسانی ڕاکێشاوەو بە بایەخەوە لێیان ڕوانیوە، چونکە ئەوان بەدوای ناسینی تاکی کوردەوە بوونە، ئەو مەبەستەشیان لەڕێی ناسینی بەیتەکانەوە بۆ مەیسەر بووە، چونکە لە بەیتدا وێنەیەکی ڕاستەقینەی کلتور نەریت و بیروباوەڕی کۆمەڵگەی کوردی نیشان دەدرێت. هەر گۆشەیەك لە بەیتی کوردی، ڕیشەی لە دڵ و دەروون و ناخی ئەو میللەتەدایە. بۆیە یەکێك لەڕێگاکانی خوێندنەوەی مێژووی هەر نەتەوەیەك، گەڕانەوەیە بۆ ئەدەبی فۆلکلۆر و لەناویشیدا بەیتی فۆلکلۆری. دیارە بەیتی کوردی لەڕووی ناوەڕۆکەوە بۆ دوو بەشی(ئەڤینی و قارەمانیەتی)دا دابەشدەبێت. لەو توێژینەوەیەدا باس لە یەکێك لە شاکارەکانی بەیتی کوردی دەکەین، ئەویش چیرۆکی ئەڤینداری نێوان دوو ئەوینداری پشدەرییە کە(شێخ فەرخ و خاتوو ئەستی)ن، کە تا ئەمڕۆش بۆتە وێردی سەر زمانی ئەوینداران. بەیتەکە، سەرەڕای ئەوەی کە باسکردنە لە خۆشەویستیەکی ناکامی نێوان کوڕو کچێك، لە پاڵیدا دەتوانین وەکو تۆمارێك سەیری بکەین، بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی زۆر ڕەهەند و لایەنی دیکە. لەو ڕوانگەیەوە ئامانجمانە بە پشتبەستن بە تێکستی بەیتەکە، خوێندنەوە بۆ دوو ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ئاینی کۆمەڵگای کوردی بکەین لە سەردەمی ڕوودانی چیرۆکی بەیتەکەدا. لەو ڕێگەیەوە چەندین سەرەداوی گرنگمان دێنەدەست سەبارەت بە بەهاو و داب و نەریت و کلتوری کوردی و بیروباوەڕی ئاینی لە کوردستاندا.

**بەشی یەکەم: پێکهاتەی هونەری بەیت**

تەوەرەی یەکەم: پێناسەو چییەتی بەیت

بەر لەوەی بچینە سەر چییەتی و پێناسەی بەیت وەك فۆڕمێکی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، لەسەرەتاوە بەپێویستی دەزانین کەوا باس لەو گرفتە بکەین کە بەشێك لە توێژەرانی کورد لەکاتی لێکۆڵینەوە لە بەیتدا ڕووبەڕوی دەبنەوە، ئەویش تێکەڵی و جیانەکردنەوەی سنوری نێوان بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆرە، بەتایبەتی چەمکگەلی وەك( بەیت و داستان و حیکایەت).سەرەڕای جیاوازییان، زۆرجار لێکۆڵەران لەدیاریکردنی سنوری نێوان ئەو فۆڕمانە توشی تێکەڵی بوون، یان لەبری یەك بەکارهێندراون و بەیەك شت زاندراون و جیانەکراونەوە. بۆنموونە عیزەدین مستەفا ڕسوڵ لەژێر ناونیشانی (داستانی دڵداریی خۆماڵی و هاوبەش و بێگانە)دا جیاوازی ناکات لەنێوان هەردوو چەمکی بەیت و داستاندا وەك یەك بەکاریان دەهێنێت( ... جاروبار ئەم جۆرە ناوانە دەکرێن بە دانەری بەیتی کوردی و و فارسی بەناوبانگ، بەڵام پاش وردبوونەوە دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە داستانانە ئەوانەبن کە دەدرێنە پاڵ عەلی بەردەشانی)(ڕسوڵ، ٢٠١٠، ٥٥). هەروەها کامەران موکری لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

باسی داستانی قارەمانیەتیدا نموونە بە بەیت دێنێتەوەو دەنوسێ( لەم چەشنە داستانە لە کوردیا زۆرن وەکو بەیتی (سوارۆ)ی شەریف هەمەوەند )(موکری، ١٩٨٤، ٦٥). نوسەرێکی دیکە لەڕووی فۆڕمی ئەدەبیەوە بەیت و پەخشانە شیعر بە یەك شت دەزانێ (ئەمین، ٢٠٠٨: ٥). یاخود زۆرجار لە ناوناندا ئەو کێشەیە دروستدەبێت، کە هەندێجار ناوی داستان و هەندێ جاری دی ناوی وەك حیکایەت خراوەتە سەر بەیت، بۆنموونە بەیتی (چل توتی) ناونراوە (حیکایەتی چل توتی)، بەیتی (خەج و سیامەند)یش ناوندراوە (داستانی خەج و سیامەند)( عبداللە، ٢٠١٤، ١٩٢). وەهەروەها هەندێجار بەپێچەوانەوە حیکایەت هەیە بە بەیت ناونراوە، بۆنموونە بەیتی (ئایشەگوڵ) و بەیتی (لەشکری)، کە لە بنەڕەتدا حیکایەتن کەچی بە بەیت ناودێر کراون.( عەدۆ، ١٩٨٣، ١١) .برێ جار، لەژێر ناونیشانی بەیتدا باس لە لاوك و حەیران کراوە و جیاوازی لەنێوانیاندا نەکراوە(جەلالی، ٢٠١٧، ١٣٠)، لەلایەکی دیکەوە دوو لێکۆڵەری کوردی ڕۆژهەلات، بە زمانی فارسی، لێکۆڵینەوەیەکیان لەژێر ناونیشانی(لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی)ئامادەکردووە، تێیدا لەژێر ناونیشانی چیرۆك دا باسیان لە بەیت کردووە(احمدی و برومندی، ٢٠٢٠، ٩). دیارە ئەو گیرو گرفت و تێکەڵییەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ سەبارەت بە هەریەك لەو بوارانەی ئەدەبی فۆلکلۆرەوە، لەلایەکی دیکەوە هەروەك ئیدریس عبداللە باسیدەکات بەهۆی زۆری نوسینی کورتە وتار و بابەتی بچوکی دوور لە بەهای زانستی، کە خاوەنەکەی بە میزاج و کەمحاڵیبوونی خۆی بابەتەکان تێکەڵدەکات. بۆ ئەوەش چارەسەر ئەوەیە هەریەك لەو بوارانە بخرێنە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەی زانستی وردەوە تاکو سنورو بواری هەریەك لەو فۆمانە بە دروستی دیاریبکرێت.

سەبارەت بە زاراوەی بەیت لە فەرهەنگە کوردییەکاندا، لە فەرهەنگی هەمبانەبۆرینەدا بەمجۆرە هاتووە کە(بەیت، چیرۆکی بە شیعر، هەوای گۆرانی(بەیت و بالۆرە بە یەکتریان هەڵدەگوت.(هەژار، ١٩٩٠، ٨٧). هەروەها لە فەرهەنگی (ڕیشەی وشەی کوردی)دا دەربارەی وشەی بەیت هاتووە:(چیرۆکەشیعری فۆلکلۆری(ئاینی، دڵداری، مێژویی و ...)لەسەر هەوای تایبەتی خۆیان کە دانەر و ئاهەنگسازەکەیان دیارنییە و پشتاوپشت گەیشتۆتە دەستی ئێمە)(ناناوازادە، ٢٠١٧، ٦٢٧).(چیرۆکی بەشیعر، بەیتی خەج و سیامەند)( ڕوحانی، ٢٠١٧، ٣٤٩). وە لە هەندێ سەرچاوەی دیکەدا، لەپاڵ وشەی بەیت، وشەی چریکە بەکاردێنن و بە هاوواتای دەزانن(شاڕوخ، ٢٠٠٢، ٤). کەواتە بەیت لە واتای فەرهەنگیدا بریتییە لەو بەیت و باوەی لەسەر زار و زمانی پێشینیان بووە و لەوانە زار بە زار هاتووە و بە ئێمە گەیشتووە. هەر سەبارەت بە وشەی بەیت لە زمانی کوردیدا (ڕەهبەر مەحموود زادە) لە کتێبی پێکهاتەی بەیتی کوردیدا، پێیوایە ( وشەی بەیت لە نووسراوەکان و لە ئاخاوتنی خەڵکی ئاساییدا بەسێ مانای جیاواز دەکار کراوە.


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

١- به ماناى هەرە گشتى: واتە ئەم بەشە لە فۆلكلۆرى كوردى كە تێكڕاى (ئەدەبى داستانى زارەكى) دەگرێتەوە ديارە لەم بەكارهێنانەدا وشەى بەيت جگە لە لاوك و حەيران و بەندە كە بەشێك لە گۆرانى و چيرۆكى فۆلكلۆريشى گرتۆتەوە.
٢- بە ماناى تايبەتى: واتە بەشێك لە ئەدەبى زارەكيى كوردى كە گەرچى خزمايەتى لەگەڵ لاوك و حەيراندا هەيە، بەڵام نە لاوك و نە حەيرانە.
٣- بە ماناى گشتى: واتە چەشنە بەكارهێنانێك لە نێوان ماناى هەرە گشتى و ماناى تايبەتيدا جێگير دەبێ. لەم چەشنە لێكدانەوەيەدا بەيت بە ماناى تايبەتى و هەروەها لاوك و حەيران تێكڕا ناوى بەيت يان جارى وايە لە بەكارهێنانى بەرفراوانتردا ناوى "بەيت و باو" يان لەسەردا دەنرێ. (مەحموودزادە، ٢٠٠٣: ٤)(مەحموود زادە، ١٩٨٥، ٢٧)

بەپێى ئەو ڕۆڵ و پێگەيەى كە بەيت لە فۆلكلۆرى كورديدا هەيەتى، هەر لە زووەوە، چ لەلايەن ڕۆژهەڵاتناسان و گەڕيدە بيانيەكانەوە، چ لەناوخۆدا لەلايەن لێكۆڵەرانى ئەدەبى فۆلكلۆردا، گرنگى و بايەخى زۆرى پێدراوەو لە سۆنگەى جياجياوە لێيدواون و بەشێك لەو بەيتانەى كەبەسەر زارى گێڕەرەوانى گەلەوە بوون تۆمار كراون و تيشكى توێژينەوەيان گەيشتۆتێ. هەربۆيە لەبارەى پێناسە و چييەتى بەيتەوە بۆچوونەكان فرەن، هەريەكێكيان گۆشەيەكى ئەو سەرمايە گرنگەى ئەدەبى فۆلكلۆرى كوردييان بەسەركردۆتەوە. ديارە هەموو ئەو پێناسەو بەسەر كردنەوانەش بێ كەم و كورتى نين و ناسنامەى تەواوى بەيتمان پێشان نادەن، بەڵكو بەشێكيان ناسنامەى بەيت تەنها دەبەستنەوە بە بابەتى ئەڤين و خۆشەويستى بايەخ بە لايەنەكانى ديكەى(قارەمانى، مێژويى، سروشت، ئاينى...) نادەن، ئەوەتا نوسەرێك لەپێناسەى بەيتدا پێيوايە كە ( بەيت دەربڕى هەستێكى خۆشەويستييە، كە چۆن كوڕە لەبەر خاترى كچە ئامادەيە خۆ فيدا بكات)(ڕەحمانى، ٢٠٠٠، ٧٣). لەڕاستيدا پێتاسەيەكى كرچوكاڵەو هەموو لايەنەكانى پێكهاتەى بەيتى ڕون نەكردۆتەوە. سوارە ئيلخانيزادە بەيت بە (شيعرى وتار) ناو دەبات و ئاوا پێناسەى دەكات: (شيعرى وتارى، يان بەيت، بەلاى منەوە گەنجێكى هێژا و سامانێكى گەورەى زەق و چێشكەى هۆزەكەمانە. (ئيلخانيزادە، ٢٠٠٧، ١٥٧). وەك ديارە ئەو پێناسەيەش تەنها جەختى لەسەر ناونان كردۆتەوەو باس لە چييەتى پێكهاتەى هونەرى بەيت ناكات. مارف خەزنەدار لە پێناسەيەكى تێر و تەسەلدا، چييەتى و پێكهاتەى هونەرى بەيتمان پێدەناسێنێ : (بەيت، ئەو جۆرە بەرهەمەيە گيانى چيرۆكى تێدايە، لەجێ و قارەمان و سەردەم و جوڵانەوە، بە قەوارە درێژ نييە، زمانى ميلليەو ڕستەى ساكارە، زۆربەى خەڵك تێيدەگا، كێشى خۆماڵييەو قافيەى ڕەنگاوڕەنگە)( خەزنەدار، ب:يەكەم، ٢٠١٠: ١٦٩). هەروەها لەڕوى مەبەست و ناوەڕۆكەوە بەسەر چەند جۆرێكدا دابەشى دەكات ( بەيت وەكو بابەتێكى چيرۆكى



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلينێن كوردی

شیعری زیاتر بۆ مەبەستی گۆرانی چڕین دادەندرێ و خەریکی دڵداری و خۆشەویستی و سروشتە، هەروەها ڕووداوی مێژوویی و قارەمانیەتی و پاڵەوانی نەتەوە لە شۆڕش و جەنگ و بەرگری لە نیشتیمان دەگرێتەوە)(هەمان سەرچاوە: ١٧٧).هەروەها ئیدریس عبداللە، لە بۆچوونێکی نزیك لە هی مارف خەزنەداردا، دەربارەی پێکهاتەی هونەری بەیت، بەوجۆرە فۆرمی بەیت پێناسە دەکات ( هونەرێکی شیعری خۆماڵییە، بەکێشی پەنجە دەنوسرێتەوە، زمانی دەربڕینی ساکارەو نزیکە لە تێگەیشتنی زۆرینە، لەداستان نزیکە بەڵام لێشی جیاوازە... هی سەردەمی بەر لە سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی هونەری بەرزە، زیاتر لە جۆرێکی هەیە، وەکو کۆمەڵایەتی و ئەڤینی و قارەمانی)( عبداللە، ٢٠١٤، ١٩١).

**تەوەرەی دووەم: تایبەتمەندییەکانی بەیت**

بەیت بریتییە لە هۆنراوەی فۆلکلۆری بە ناوەڕۆکی ئەفسانەیی، حەماسی، دڵداری، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی عیرفانی، یا تێکەڵەیەکە لە دووان، یان چەند بابەتێك لەوانە، کە بەشێوەی شیعر، یان ئاوێزەیەك لە شیعر و پەخشان پێکدێت. لەڕووی کێشەوە، هەندێ بەیت لەسەر کێشی پەنجەیی هۆندراونەتەوە، هەندێکی دیکەیان کێشێکی دیاریکراویان نییە، بەڵام جۆرێك لە سەجع و ئیقاعی ناوەکییان هەیە. لە بەیت دا سەروا گرنگی بایەخی زۆری هەیە. (میکائیلی، ٢٠١٦، ٥٥). وە گێڕانەوە ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی هەیە و یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی بەیت. گێڕەوەی بەیت، گێڕەرەوەی هەمووشتزانە، بەزۆری یەك ڕووداوە، کە بەشەکانی ئەو ڕووداوە بەشێوەی زنجیرەی یەك لەدوای یەکەوە دێن تا دەگاتە ئەنجام. بەشێوەیەکی گشتی هەر بەیتێك بەپێی بارودۆخ و شوێن و کات و جۆری زاراوەی ناوچە جیاجیاکان، بەشێوەی جیاجیا گێڕدراونەتەوە، ڕاستە کە زۆربەی گێڕانەوەکان لەڕووی ناوەڕۆکەوە وەك یەکن، بەڵام کاتێك دەماو دەم گوازراونەتەوە شێوازی جیاوازیان وەرگرتووە، لەڕووی وشەو دەربڕینەوە، بەگوێرەی شێوەزاری ئەو ناوچەیەی کە بەیتەکەی پێ گێڕدراوەتەوە دەگۆڕێن، واتا (بەو شێوەیە نەبووە کە بەیتبێژ هەر بەو جۆرەی کە بیستویەتی وەك خۆی و بەبێ کەم و زیاد ئەزبەری بکات و بگێڕێتەوە، بەڵکو بەزۆری وابووە کە ناوەڕۆکەکەی ئەزبەر کردووە، خۆ ئەگەر بەهرەیەکی شیعری هەبووبێ، ئەوا دەستکاری سەرواکانیشی کردووە، وە هەندێجار تێڕوانین و دەربڕینی خۆی خستۆتە سەر بەیتەکە، یان بەپێی سەلیقەی خۆی هەندێکی لە بەیتەکە لابردووە، هەندێکی بە شیعر و هەندێکیشی بە پەخشان ئەدا کردووە)(هەمان سەرچاوە، ٦٠). لەلایەکی دیکەوە هەر بەیتێك ئاواز و هەوای تایبەتی خۆی هەیە، لەلایەن بەیتبێژ، یان خۆشخوانەوە بەشێوەی گۆرانی، لەدیوەخان و شوێنی گشتیدا دەگێڕدرانەوە. بەیتبێژ، یان خۆشخوان. هێمنی شاعیر لە بارەی پێگەی خۆشخواندا دەڵێ: (دیارە کە وەك هونەرمەند چاوی لێنەدەکرا، بەڵام لە کوێخاو گزیر و سەرکار و پاکار و باب نۆکەر غوڵام و چایەچیز



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

و بەردەست ماقوڵتر بوو) واتا بەو کەسە دەگوترا، کە لە گوند  لە دیوەخانی ئاغادا بەیتی دەگێڕایەوە، یان لە شارەکاندا شەوانە خەڵك لە قاوەخانەکاندا کۆدەبوونەوەو تا شەو درەنگ دەبوو، بەیتبێژ و حیکایەتخوان دەیخافڵاندن(ئۆسکارمان، ٢٠٠٦، ١٤).

بەیتە کوردیەکان سەرمایەیەکی نەتەوەیی گرنگن، چونکە چاودێر و زیندووکەرەوەی دابونەریت، بیروباوەڕی کۆمەڵگەی کوردین، وەهەروەها نیشاندەری مێژوو و دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری و ڕۆشنبیری پێشینانمانن. هەربۆیە لە بەیتدا بەڕوونی هەست بە کاریگەری بنەما و بیروباوەڕی ئاینە جیاجیاکان دەکرێت کە لە کوردستاندا پەیڕەوی کراوی، لەوانە:( ئاینی ئیسلام، مەسیحی، یەهودی...).  لەو ڕووەوەیە کە دەگوترێ بەیتی کوردی ئاوێنەی باڵانمای ژیانی کۆمەڵایەتی کوردین، بەو پێیەی کە ئەو بەیتانە لێوڕێژن لە ئەزمونی ڕابردووی پڕ لە هەوراز و نشێوی خەڵکی کوردستان(میکائیلی، ٢٠١٦، ٥٥). یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی بەیت ئەوەیە کە (مۆرکی نەتەوەیی پێوە دیارە، قارەمانەکانی دیار و ناسراون، ئەو زەمینەیە دەناسرێتەوە کە ڕووداوەکانی بەیتەکەی تێدا ڕوودواوە، داب و نەریت و سلوکیاتی قارەمان و کەسەکانی دیکەی دەوروبەری هەمووی دەناسرێنەوەو دیارن هی چ نەتەوەیەکن، بۆیە بە ئاسانی دەزانین کامە بەیتە هی کامە نەتەوەیە. هەروەها سەرچاوەی بەیتەکان ڕووداوە واقیعیەکانن، ئەمانە بە خەیاڵ و سۆزێکی جوانەوە تێکەڵکێشکراون و بەسەرچاوەکانی دیکەی وەکو ئایین و مێژوو و سروشت و دابو نەریت و... ، لەبەر ئەوەشە ڕووداوێك کە بە گەورەیی ڕویداوە لە ناوچەکاندا بڵاوبۆتەوەو لە هەر ناوچەیەك شایەرێکی باشی لێ بوویێت، بە سەلیقەو وەستایەتی خۆی ڕووداوەکەی لە قالبی بەیتێکدا بەرجەستە کردووە، هەربۆیەش دەقی بەیتێك بە پێی ناوچە جیاوازەکان، بە شێوەی جیاواز گێڕدراوەتەوە. (عبدالله، ٢٠٠٧، ١٩٣).

لەڕووی ڕوخسارەوە، بەیت تێکەڵەیەکە لە هۆنراوەو پەخشان، کە سەرەتاکەی بە پەخشان دەستپێدەکات، کە تایبەتە بە ناساندنی کەسەکان و پێگەیان لە ڕوداوی بەیتەکەدا، هەندێجار بەیتبێژ کاتێ بە هۆنراوە ڕووداو دەگێڕێتەوە، لەناکاو ڕیتمەکە دەگۆڕێ و دەیکاتەوە بە پەخشان. گێڕەرەوە هەمووشتزانە، لە ڕێگەی کەسی سێیەمەوە، ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بەیتبێژ بە جۆرێك ئاوێزانی کەسایەتیەکان دەبێ، لەڕێگەی هونەری دەنگەوە هێندە بە حەماسەوە خۆی دەخاتە شوێنی کارەکتەرەکان و پێیان کاریگەر دەبێ، کە زۆرجار دەخاڵەت و حوکمدانی ناوبراو بە ئاشکرا بە سیمای بەیتەکەوە دیارە(رحیمیان، ٢٠١٤، ٩٢). سەبارەت بە بابەت و ناوەڕۆکی بەیتی کوردی ، تەنها خۆشەویستی و قارەمانیەتی نین، وەك هەندێ لێکۆڵەر باسیدەکەن. بەڵکو دەتوانین بڵێین کە( سەرچاوەکانی بەیتی کوردی فرەو جۆراوجۆرن، لەوانەیە ئەفسانەیەك، ڕووداوێکی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

مێژویی، ڕووداوێکی ناوچەیی، وە شکست، یان سەرکەوتنێك، یاوەخود بیروباوەڕێکی ئاینی و کۆمەڵایەتی سەرچاوەی دروستبوونی بەیتێك بێت)(سەلیمی، ٢٠١٢، ٣٣)

**تەوەرەی سێیەم: ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی ئاینی و کۆمەڵایەتی لە بەیتی کوردی دا**

بەیت بەشێکی گرنگ لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی پێکدەهێنێ، وە فۆلکلۆری کوردی ئاوێنەیەکی گەش و باڵانومایە، کە وێنەیەکی ڕەسەن و ڕاستەقینەی، شێوازی ژیانی هەمەلایەنەی کۆمەڵگەی کوردی تێدا ڕەنگدەداتەوە، هەر لەو سۆنگەیەوە گوتراوە، ئەدەب سێبەری کۆمەڵگایە، هەربۆیە، بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی زۆر بوار و لایەنی نادیاری مێژوویی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و بیروباوەڕی ئاینی میللەتی کورد، باشترین ڕێگە، گەڕانەوەیە بۆ تێکستە ئەدەبییەکان. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستەی سەرەوە، لەو لێکۆڵینەوەیەدا، کە تایبەتە بە ڕەهەندی ئاینی و کۆمەڵایەتی لە بەیتی کوردیدا، ئەگەر سەرنجی ناوەڕۆکی ئەو بەیتە کوردیانە بدەین کە لەسەر زاری بەیتبێژانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە گێڕدراونەتەوەو تۆمار کراون، سیمای ئەو دوو ڕەهەندەی سەرەوەیان بەزەقی پێوە دیارە. ئەگەر سەرەتا لە ناوەڕۆکی ئاینییەوە دەستپێبکەین، بەو پێیەی کە مێژوی سەرهەڵدانی بەیت دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لەو ناوچەیەدا، بۆیە کەم بەیتی کوردیمان هەیە، کە بەجۆرێك لە جۆرەکان سێبەری ئاینی بەسەرەوە نەبێ، تەنانەت ئەو بەیتانەی کە ناوەڕۆکەکەیان قارەمانیەتی، یان ئەڤینداریيە. جا چ بە شێوەی سود وەرگرتن لە دەقی ئاینی و هێنانی ناوی خواو پێغەمبەر و کەسایەتی ئاینی، مزگەوت، قورئان، پێشناوی دینی، وەکو حاجی، شێخ، سەید و مەلا و....، پەیڕەویکردن لە ئەحکام و ئەخلاقیاتی ئاینی. تەنانەت یەکێك لە تایبەتمەندییە دیارەکانی بەشێکی زۆری بەیتی کوردی ئەوەیە، کە بەناوی خواو پێغەمبەر و مەدەد و هانابردن بۆ سیفاتە باڵاکانی خالق دەستپێدەکات، بۆنموونە لە بەیتی(شێخی سەنعاندا) کە ناوەڕۆکەکەی بابەتی دڵداری ئاینییە، بەو جۆرە دەستپێدەکات:

بیسمیللا هێز ڕەحمانی
بەهیدایەتی سوبحانی
هیممەتی غەوسی گەیلانی
چی کرد لە شێخەکەی سەنعانی (قازی، ٢٠٠٧، ٨).

یان لە بەیتی (شیرین و فەرهاد)دا هاتووە: (بەناوی خودای بێ شەریك و تاك، سانعی خەڵق و زەمین و ئەفلاك، بێکەس، بێ شەریك، بێ جێگە و مەکان، ڕازقی موتڵەق، ڕەحەت فراوان).

لەلایەکی دیکەوە، بەو پێیەی کە ڕووداوی بەیت، هەڵهێنجراوی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی سەرەتایی و دەرەبەگی کوردییە، بۆیە بەیتی کوردی کێڵگەیەکی بەپیتی ڕەنگدانەوەی لایەنە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو: داب و نەریتی ناوچەیی، هەژاری، بەزۆر بەشودانی کچ، فرۆفێڵ، ستەم و زۆرداری و جیاوازی چینایەتی و... هتد. بۆنموونە هەروەك لە بەیتەکانی (زەمبیلفرۆش، ناسر و ماڵ ماڵ، خەج و سیامەند، شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی... )دا بەرجەستە دەبێ.

**بەشی دووەم: ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی ئاینی و کۆمەڵایەتی لە بەیتی( شێخ فەرخ و خاتون ئەستی)دا**

**تەوەرەی یەکەم: چەند سەرنجێك دەربارەی بەیتەکە**

**٢-١-١ شوێنی جوگرافی و ڕوخساری بەیتەکە**

ڕووداوی خۆشەویستی شێخ فەرخ و خاتوو ئەستی، ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە لە بەرگی دەقێکی ئەدەبی فۆلکلۆریدا، کە هەر لە کۆنەوە لەسەر زاری خەڵکی پشدەر بەتایبەتی، وە ناوچە جیاجیاکانی کوردەوارییە، لە کۆڕ و مەجلیساندا دەگێڕدرێتەوە و (شێخ فەرخ و خاتوو ئەستی) وەکو دوو ڕەمزی ئەڤینی بەناوبانگن. ڕووداوی بەیتەکە لە ئاوایی (داودییە)ی ناوچەی پشدەر ڕویداوە. ئەوەش بەپێی ئەو زاراوەیەی کە پێی گێڕدراوەتەوە، وە ناوی ئەو شوێن و کەسایەتیانەی کە لە دەقەکەدا هاتوون لەوانە (شەتی مرادان، شەتی داودییە، ئاوەدانی داودییە)، وەهەروەها ناوی چەندین کەسایەتی سەرەکی و لاوەکی، وەك شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی، کە کەسایەتی سەرەکین، وە ناوەکانی: (نازێ، نازدار، مامادی، مام غەلیفە، وسوئاغا...) کە هەموو ئەو ناوانە تا ئێستاش لەناوچەی پشدەردا بەکارهێنانی بەربڵاویان هەیە. جگە لەوە، بوونی مەزارگەیەکی بەناوبانگ بەناوی (مەزاری شێخ فەرخ) و بوونی کانییەك بەناوی (کانی ئەستی) لە گوندی داودییەی ڕۆژهەڵاتی شاری قەڵادزێ، کە هەر لەکۆنەوە ئەڤینداران بۆ ڕاز و نیازی دڵداری سەردانی دەکەن. ڕووداوی بەیتەکە بەجۆرێك لە خەیاڵ و بیروباوەڕی خەڵکی ناوچەکەدا چەسپاوە کە زیادەڕەوی زۆری تێدا دەکرێ، وەك ئەوەی کە دەڵێن (ئەو دوعایانەی کە شێخ فەرخ کردوونی تا ئێستاش کاریان ماوە، یان ئەوەی کە شێخ فەرخ وەلییەکی خودایەو کەرامەتدارە... هتد). بەگشتی ناوەڕۆکی بەیتەکە بریتییە لە چیرۆکێکی خۆشەویستی لەنێوان هەردوو کارەکتەری سەرەکی (شێخ فەرخ و خاتوو ئەستی)، کە بە شێوەیەکی تراژیدی کۆتایی دێ. چیرۆکەکە ئاوێزانە بە چەندین ڕووداوی سەیرو سەمەرە، کە خەیاڵی بەیتبێژ دروستیکردوون. لەوانە: شێخ فەرخ هەر لەکاتی لەدایکبونیەوە کەشف و کەرامات و موعجیزەی پێغەمبەرانەی نواندووە وەك عیسا قسە دەکات، هەرکەسێك بە بەربەست بزانێ لەبەردەم گەیشتن بە خۆشەویستەکەی(ئەستی)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دوعای لێدەکات و دوعاشی گیرا دەبێ، وە زۆر بابەتی سەیر و سەمەرەی تر، هەربۆیە هێمن لە پێشەکی کتێبی (توحفەی موزەفەرییە)دا دەربارەی ڕوخساری ئەو بەیتە، بەو شێوەیە سەرسامی خۆی دەدەبڕێ(ئەم بەرهەمە بۆ من، تەنها لەبارەی شێعرو زمانەوە جێگەی سەرنجڕاکێشان نییە، بەڵکە لەباری داڕشتنی چیرۆکە. ئەم بەیتە لە کۆمەڵێک چیرۆکی جۆربەجۆر پێکهاتووە، کە تێکەڵکراون و پێکەوە جۆش دراون و ئەم چیرۆکە سەیرو سەمەرەیەیان لێ پەیدابووە. من زۆرم چیرۆک بیستوون و کەمیشم نەخوێندوونەوە، تا ئێستا چیرۆکی وام نەبیستووەو نەخوێندۆتەوە کە ئەوەندەی لق و پۆپ لێ بێتەوەو ئەوەندەی ڕووداوی سەیر تێدابێ(موکریانی، ٢٠٠٤، ٧٣). ئەوسەرنجەی ناوبراو لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە هەرچەند پێکهاتەی ڕووداوی بەیتەکە وەك شێوەی باوی بەیتی کوردی لەسەرەتایەکی سادەو بە لەدایکبوونی پاڵەوان(شێخ فەرخ)دەستپێدەکات، بەشێوەیەکی ئاسۆیی بەردەوامدەبێت تا دەگاتە ئەنجام. بەڵام لەدرێژەی گێڕانەوەدا، ڕەگەزی دیکەی تێکەڵ دەبن و تایبەتمەندی ئەفسانە و حیکایەت و داستان لەخۆدەگرێ (لە هەندێ ڕووەوە لە حیکایەتەوە نزیکە، وەك حیکایەت گوزارشت لە دەربڕینی بیرۆکەیەکی زۆر کۆن و سادەو ساکاری بەرهەمی بەرکەوتنی شارستانیەتێك دەکات، لە هەندێ ڕوی تریشەوە لە کەرستەکانی ئەفسانە بێبەش نییە و لەگەڵ خەیاڵ و دژە لۆژیکدا، لە چەند شوێنێکدا لەگەڵ ئەفسانەدا یەکدەگرێتەوە. لەگەڵ هەندێ ڕەگەزی چیرۆك و داستانیشدا یەکدەگرێتەوە، کە ئەویش وەك چیرۆك و داستان، لە ڕووداوە مێژووییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، ژیانی ڕاستەقینەی کەسێك، یان قارەمانێك، یان فەرمانڕەوایەتییەك دەگێڕنەوە کە لە مێژوودا هەبووە(تۆفیق، ٢٠١٣، ١٨). بۆیە بەیتەکە لە هەریەك لەو ڕەهەندانەوە شایانی تێڕامان و توێژینەوەی سەربەخۆیە.

لەبارەی شێوازی گێڕانەوەوە، بەیتبێژ(زیاتر مەبەست لە تێکستەکەی (ئۆسکارمان)ە، کە لە ڕەحمان بەکرەوە وەریگرتوە) لە گێڕانەوەی بەیەتەکەدا، بەشێوازی قسەکردن دەستپێدەکات کە باسی لەدایکبوونی شێخ فەرخ دەکات، دواتر دێتە سەر شیعر، شیعری سادەو ڕەوان، بەتام و خوێ و تەڕ و پاراو، لەسەر کێشی خۆمانەی کۆنی کوردی، جاریوایە نێوە شیعرەکانی تەواوێك درێژن و جاری واشە زۆر کورتن، بەڵام لە هەموو حاڵێکدا کێش و مۆسیقا پارێزراوە. قافیەی زۆر بە گرنگ گرتووە، شیعری بێ قافیەی تێدا نابینی، بەڵام قاعیدەیەکی ڕێك و پێکی نییە. جاریوایە زۆر لەسەر قافیەیەك ڕۆیشتووە، جاریوایە هەر تاقە دوو نیوە شیعر لەسەر یەك قافیەن(هێمن، ٢٠٠٦، ٧٣).

**٢-١-٢ مێژووی ڕووداوی ڕووداوی بەیتەکە**

سەبارەت بە مێژووی ڕوودانی ئەو چیرۆکی خۆشەویستییە، ئەگەرچی لە تێکستەکەدا هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بەدی ناکرێ کە باس لە سەردەمی ڕوودانی ئەو چیرۆکە و دارشتنی لە قالبی بەیتدا بکات، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ هەندێ سەرەداوی ناوەڕۆکەکە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە مێژوی ئەو بەرهەمە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە کوردستان و ناوچەی پشدەر، چونکە لە تێکستەکاندا ئاماژە بە چەندین ئایەت و ناوو دەستەواژە دەکرێت، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان بە بیروباوەڕ و ئەدەبیاتی ئاینی ئیسلامەوە هەیە، لە سەردەمی ئیسلامیشدا دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دەستەڵاتداریتی عوسمانیەکان و بەدیاریکراوی، سەردەمی فەرمانڕەوایی (سوڵتان سلێمانی قانوونی(١٤٩٤ — ١٥٦٦)، ئەوەش سەرەڕای ئەوەی کە نەخشی کێلی سەر گۆڕی ئەو دوو عاشقە، شێوازی عوسمانین. جگە لەوە، بە پشت بەستن بە خودی تێکستەکە و هێنانی ناوی ئەستەمبۆڵ و سوڵتان( سبحەینێ جواب دە گەرمێنێ بگەڕێ لە ئەستەمبۆڵێ ببێ بڵاوە، سوڵتان پێ بزانێ پاکمان دەخنکێنێ تەخت و تاراجمان دەکا تەواوە...) لەوەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مێژوی ئەو بەیتە لەو کاتەدا بووە، کە ئەستەمبۆڵ پایتەختی حوکمڕانی عوسمانیەکان بووە، ئاشکرایە کە ئەو سەردەمەش بۆ ناوەڕاستی سەدەی پازدە ١٤٥٣ دەگەڕێتەوە، چونکە پێش ئەو ساڵە، پایتەخت لە (ئەدەرنە)بووە. لەلایەکی دیکەوە ناوەڕۆکی ڕوداوەکانی ناو ئەو بەیتە زۆر لەگەڵ سەردەمی دەستەڵاتداریتی سوڵتان سلێمانی قانونیدا دێتەوە(هەمان سەرچاوە، ٤٣). ئەو لایەنەش بۆخۆی بابەتی توێژینەوەیەکی سەربەخۆیە، کە ئەوەش ئەوەمان پێدەڵێت کە دەکرێ لەڕێگەی تێکستە ئەدەبیەکانەوە زۆر قۆناغی ون و نادیاری مێژوی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان بخەینەڕوو.

**٢-٢-٣ تێکستە چاپکراوەکان و گێڕەرەوانی بەیتەکە**

سەبارەت بە دەقە چاپکراوەکان و گێڕانەوەکانی ئەو بەسەرهاتە، تا ئێستا بە چەندین شێوەو دارشتنی جیاواز گێڕدراوەتەوەو نوسراوەتەوە، لە بەرامبەریەکراگرتنی هەموو گێڕانەوەکاندا، ئەگەرچی جیاوازییان بەدی دەکرێت لەڕووی ناوی شوێن و کەسایەتیەکان، بەڵام بەگشتی ناوەڕۆکیان یەکە. ئەو بەیتبێژانەی کە ئەو بەیتەیان گوتۆتەوەو دەقە چاپکراوەکانی بریتین لە:

١- ( ڕەحمان بەکر) کە کۆنترین دەقی چاپکراوی بەیتەکە، ئۆسکارمان لەساڵی (١٩٠٤)دا لەسەر زاری ئەوەوە وەریگرتوەو لە کتێبێکدا بەناوی توحفەی موزەفەرییە لەچاپیداوە.

٢- (سەلیم بایز بێگەڵاسی) لەساڵی ١٩٦٤ لەشاری قەڵادزێ، لەسەر کاسێتی دەنگی تۆماری کردووە. زیاد محمد ئەمین، لەوەوە بەیتەکەی وەرگرتوەو لەژێر ناونیشانی(



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

مامان برازا بزرکرد، خالان خوارزا مەزن کرد) لەچاپیداوە.

٣- قادر فتاحی قازی لە کتێبی (گەنجینەی بەیتی کوردی)کە کۆمەڵێك بەیتی کۆکردۆتەوە، لەوانەش بەیتی (شێخ فەرخ و خاتوو ئەستی)، لەپەراوێزدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە (مام ئەحمەد) ناوێکەوە وەریگرتووە.

٤- وە هەر لە ناوچەی موکریاندا هەریەك لە (مەحمود گەناوی، علی کشمیلی مامەش) ئەو بەیتەیان گێڕاوەتەوە. کە هەموو ئەو گێڕانەوانە بە زاراوەی ناوچەی پشدەرن، شایانی باسە، بەیتەکە سنوری موکریانی تێپەڕاندووەو لەناوچەی کرمانجی ژورووشدا چەند تێکستێکی بەیتەکە لەبەر دەستدان. لەوانە:

٥- ستی و فەرخ، ئەمینێ ئوسمان، چاپخانا خەبات، دهۆك، ٢٠٠٢. کە لە ساڵی ١٩٦٩، لە (حەیدەر باجلوری)ەوە وەریگرتووە.

٦- هەر سترانەکێ چیرۆکەك ژ دەڤەرێن شنگال و شێخان، بەرهەڤکرن، داود مراد خەتاری، چاپخانا ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، کە لە باوکیەوە (مرادوێ خوێدە عەیشێ) لە ساڵی ١٩٨٩، لە گوندی خەتارێ وەریگرتووە.

٧- ژ فۆلکلۆرێ کوردی، صادق بهاءدین ئامێدی، ئاراس، چاپخانا وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٢، کە لە (سعیدێ پیروینێ)ی وەرگرتووە، ڕۆژا ١٢-٨-١٩٧٢ هاتیە تۆمارکرن.

**تەوەرەی دووەم: ئاماژەکانی ڕەهەندی ئاینی لە بەیتەکەدا**

هەروەك پێشتر باسکرا ، کە بەهۆی بوونی چەندین ئاماژەی ئاینی، بەڕوونی دەتوانین مێژوی بەیتی کوردی بگەڕێنینەوە بۆ قۆناغی دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لەو ناوچەیەدا. لەو ڕوانگەیەوە، ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەڕۆکی بەیتی شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی، بۆمان دەردەکەوێت کە بەدرێژایی گێڕانەوەی بەیتەکە، چەندین هێماو ئاماژەی تێدان، کە بە ئاشکرا دەتوانین بیانبەستینەوە بە خوڕەشت و ئادابی ئیسلامی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، وە چیرۆکەکانی دەقی قوڕئانەوە، کە ئەوەش بەڵگەیە لەسەر پەیوەندی و کاریگەری قوڕئان لەسەر تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی ناو ئەو تێکستە ئەدەبییە. لە خوارەوە بەپێی دەرفەتی توێژینەوەکە، بە پشتبەستن بە دەقی بەیتەکە، ئاماژە بە هەندێك لەو کاریگەری و پەیوەندییانە دەکەین.

**فەزای گشتی ڕووداوەکە و هێما ئاینیەکان تێیدا**

بە سەرنجدان و وردبوونەوە لە ڕووداوی بەیتەکە وەك یەکەیەکی گشتگیر، زۆرترین جار هێنانی ناوی خوا( لە هیچ بەیتێکی دیکەی فۆلکلۆری کوردیدا، ئەوەندە ناوی خوا نەهاتووەو هانای بۆ نەبراوە)، سیفەتەکانی خوا. هەروەها ناوی پێغەمبەر و بەهەشت و دۆزەخ، شەیتان، ڕموزن، دوعاو پاڕانەوە، کەعبە، ڕۆژوو، مانگی ڕەمەزان، دەستنوێژ، حیکمەت و دانایی، ڕەچاوکردنی ئەخلاقیاتی ئاینی...هتد، هەموو ئەو هێمایانە ئەوەمان پێدەڵێن، کە

ڕاسته مۆتیڤی سەرەکی بەیتەکە، بابەتی خوشەویستی نێوان کچ و کوڕێکە، کە بە تراژیدیا کۆتایی دێت، بەڵام لە سەرەتاوە تا کۆتایی، داینەمۆی چەرخاندن و هەڵسوڕانی ڕووداوەکان، لە ئاینەوە سەرچاوەدەگرن، واتە هیچ بەشێکی ئەو بەیتە نییە کە نەتوانی بیبەستیەوە بە چیرۆکی ژیانی پێغەمبەرێکەوە، هەربۆیە ئێستاش لە دیدی بەشێك لە خەڵکی ناوچەی پشدەردا(شێخ فەرخ وەلییەکی عاشقە، کەرامەتدارە، ئاگای لە هەموو شتێکە، هەر ژنێك سکپڕێ، بچێتە سەر ئارامگەکەی کە منداڵی بوو، نیشانەی پێوەدەبێ)(هێمن، ٢٠٠٦، ١٢٠).

**نواندنی موعجیزەو کەشف و کارامات**

ڕووداوی بەیتەکە بە لەدایکبوونی پاڵەوانی سەرەکی(شێخ فەرخ)دەستپێدەکات، کە بەگوێرەی گێڕانەوەی بەیتبێژ، بەشێوەیەکی نائاسایی لەدایکدەبێت، ئەویش بەوەی، شێخ فەرخ پێش ئەوەش کە لەدایکببێت، هەر لە زگی دایکیدا، هەم توانای قسەکردنی هەیە و باس لە قۆناغەکانی گەشەی خۆی دەکات لە نۆ مانگی سکپڕی دایکیدا، پێش ئەوەی بێتە دونیاوە، هەم ئاگای لە هەموو گۆڕانکاریەکانی جیهانی دەرەوە هەیە. دیارە ئەو بەهرەو توانستەش بە ویست و قودرەتی خواوە گرێدەدات، بۆیە لەهەموو ئەو قۆناغانەدا سوپاس و ستایشی خوا دەکات، ئەوەش دەمانباتەوە سەر چیرۆکی لەدایکبوونی حەزرەتی عیسای مەسیح. کە چۆن موعجیزەی نواندووەو بەویستی خوا، هەر بە مەلۆتکەیی قسەی کردووە. بەوەش دەوروبەرەکەی توشی سەرسوڕمان کردووەو لەبەری هەڵهاتوون، بەهەمان شێوە شیخ فەرخیش هەمان موعجیزەی نواندووە و بگرە زیاتریش، چونکە ئەو، بەر لە لەدایکبوونی، قسەی کردووەو هەر لە زگی دایکیەوە عەشقی خاتوو ئەستی دەچێتە دڵەوە، ئەوەش دەوروبەرکەی تاساندووە و بە ڕموزن و شەیتانیان لەقەڵەم داوە( شیخ فەرخ دەزگی داکیدا بانگ دەکا دەڵێ:

ئیلاهیا، فەرخم لێدەبوو بەیەکە
شوکرانەم بەتوو ئەی فەلەکە
خەڵقەتی دەکردن دەست و چاو و پێ و بەلەکە
مەخسود و مرادم هەرتك چاوی بەڵەکە...)(٣١١).
(...ئەو ژنە وەزیرو وەکیلە بەدزی دەکەن قسانە
دەڵێ: ئەوە یان ڕموزنە، یانە شەیتانە...)(٣١٢)

جیاوازی ئەو دوو چیرۆکە لەوەدایە( عیسا کە بەساوایی قسەیکرد بۆ پاکانەکردن لە دایکی بوو، قسەکانی باش و خێر بوون، بەو موعجیزەیە مریەمی بوختانپێکراوی کردە ژنێکی پاکی مێژوویی. بەڵام فەرخ، زمانی بە باش و خێر نەگەڕا،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جگە لەوەی هەڕەشەی پێ لە خەڵك كرد، بەو زمانە تەڕ و پاراوە، تووك و نزای لە دایك و باوكە بەستەزمانەكانی خۆی كردو كوشتنی). ئەمەو ئەگەر ئەو بەیتە لەگەڵ ئینجیلدا مەتنی (لۆقا)دا بەراورد بكرێ، لە زۆر ڕووەوە لەیەكدەچن.

ئەگەر لەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەكانیدا بڕۆین، لە زۆر جێگای دیكەدا، شێخ چەندان موعجیزەی تر دەنوێنێ، كە سەرچاوەی هەموویان بەجۆرێك لەجۆرەكان پەیوەندییان بە چیرۆكی پێغەمبەرانەوە هەیە و زۆرجار موعجیزەكانی شێخ، پێغەمبەرانیش تێدەپەڕێنێ. ئەوەتا، ئەگەر عیسا بە ئیزنی خوا مردوو زیندوو دەكاتەوە، ئەوا فەرخ دەتوانێ لەڕێگای دوعاوە، دەست و پێی نەیارەكانی نەیارەكانی ڕەق بكات، تەنانەت وەك سوكایەتی، بیانكات بە ئاژەڵ. هەروەك ڕقی لە ئامۆژنی هەڵدەستێ، جارێك دەیكا بە بەرد، دواتر دەیكات بە دێڵەسەگ ودواجار لەسەر خواستی خاتوو ئەستی، دەیكاتەوە بە مرۆڤ.

فەرخ لە خولاوەندی عالەمیان دەپاڕاوە
ئەگەر شوێكی لە دایكی خاتوون ئەستی داوە
بوو بە بەردێكی شین، ڕەنگی مەخلوقی نەماوە
ئەگەر شوێكی لێدا، بووبە دێڵە سەیێكی ڕەش ئەو بەستەزمانە

فەرخۆڵە گوتی: لێیگەڕێ، ئەوە فەسادە شاری داودییەی تێكداوە
خاتوون ئەستی دەڵێ: ئەگەر دایكم چاك نەبێتەوە، ئەمن كوێرم دەبێ هەرتك چاوە
ئەگەر چووینەوە بابم ناڵێ بۆ دایكت بۆ نەهێناوە؟
فەرخ هاوارێ دەكا، ئەی خولای یەزدانە
ئەوجار بۆ خاتری من بێتە زوبانە (٣٥٣)

فەرخ كەس ناتوانێ زەفەری پێبەرێت. كاتێك (شێخاڵ)ی شوان دەیەوێ شێخ فەرخ بكوژێ، لەناكاو دەست و پێی ڕەق دەبن و تا شێخ فریای نەكەوێ چاك نابێتەوە:

شێخاڵ گوتی: فەرخی دەكوژم ئەوجارە
دەستی ڕەق دەبوو، پێی نەیدەكرد كارە (٣٤٧)

یەكێكی دیكە لە تایبەتمەندییەكانی شێخ فەرخ(كە پێدەچێ كە چیرۆكی پێغەمبەر سلێمانەوە وەرگیرابێ)ئەوەیە كە بە ویستی خوا، لە زمانی گیانلەوەر و باڵندان تێدەگا و قسەیان لەگەڵدا دەكات و ئەركیان پێ دەسپێرێ:كاتێك كە دەست و قاچی شێخاڵی شوان ڕق دەكات، هەر بەوە لێی خۆشنابێ، بەڵكو دەیەوێ زەرەر لە ڕانەمەڕەكەی بدات و بانگی گورگان دەكات كە بێن و مەڕیان پێبدات:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

فەرخ بانگ دەکات (گورگ) ئەی جووتە گورگی دە کەنعانێ
به ڕەزای خولای عاسمانێ
وەرن لە مەڕی من ببژێرن، بەرن بیکەن بە کەباب، ئەوە لە جیاتی زەکاتێم دانێ(٣٤٨)

هەر ئەوەش نا، بەڵکو هاوشێوەی پێغەمبەر (سلێمان) تەنانەت دەتوانێ هێزی (با)ش بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئەوەتا کاتێك دەبینێ خۆشەویستەکەی (خاتوو ئەستی) بای گڕەی گەرمێن هەراسانی کردووە و گەرمایەتی و عارەقی پێدادێ، بە دوعایەك بای شەماڵ بۆ خاتوون موسەخەر دەکات:

فەرخ بانگی دەکرد( ئەی ڕەببی عالەمێ، بینای چاوانە)
حەزرەتی جوبرائیل بنێرە کن باڵولی دێرانە
شەماڵ مسخەر بکرێ، بێتە ئێرەکانە
هەراسان بووە ئەستی، کێل گەردنی هەنیە پانە
ئەگەر فەرخ لە خولای دەپاڕاوە
بە ڕەزای خولای شەماڵ مسخر کراوە(٣٥٢).

شێخ فەرخ هەر بەوەش ناوەستێ کە دەستەڵاتی ئەوەی هەبێ، لەگەڵ گیاندار و باڵندەو هێزی سروستدا قسە بکات، بەڵکو پلەیەك باڵاتریش دەڕوا، ئەوجار جوبرائیل دەبێتە میوانی و گلەییەکی دۆستانەی لێدەکات کە ئەوەندە دوعای خەراپ لە کەس نەکات، چونکە دیارە هەر دووعایەك بکات ڕەت ناکرێتەوەو یەکجێ قبوڵ دەبێ
فەرخۆڵە تەمەنناى دەکرد لە خولایێ، حەزرەتی جوبرائیل دەهاتە کنی بە یەکجارەکییە
گوتی: فەرخۆڵە! جارێکی دی دوعای مەکە لە کەسی دییە
فەرخۆڵە تەمەنناى دەکرد لە جوبرائیلییە
دەیگوت تەخسیری من نەبوو، دەستی لێ هەڵنەگرتم خاتوو ئەستییە(٣٤٩)

یەکێکی دیکە لە دەرکەوتەکانی ڕەهەندی ئاینی لەو بەیتەدا، ئەوکاتە دەردەکەوێ، کە شێخ فەرخ لە ترسی ئامۆزاکانی، لە ماڵی مامی ڕادەکا و هانا بۆ ماڵی وسوئاغا دەبا، لەوێش ئیعجازێك دەنوێنێ، دیارە لە ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی ڕەمەزاندا دەبێ، خەڵك لە چاوەڕوانی هاتنی جەژندان، هێشتا سێ ڕۆژی ماوە بۆ جەژن، مامی ڕایدەگەیەنێ هەرکەس مزگێنی جەژنم بۆ بێنێ، جوانو ئەسپێك و کەولێکی بە جەژنانە دەدەمێ، لێرەدا شێخ فەرخ زەمان دەگۆڕێ و جەژن سێ ڕۆژ پێشدەخات، ئیتر مانگ دەبیندرێ و ئەویش جەژنانەکەی وەردەگرێ!
وسوئاغا تەماشای مانگی مونەوەر بکە، ئەوە لە حەوت تەبەقەی ئاسمانە


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

فەرخ دەڵێ: وسو ئاغا چ بکەین لەوێ ڕەمەزانێ؟
هەرچی بکەین هەرایە. بە غەیرەز شوکرانێ
بڵا مزگێنی مانگی موبارەك بدەین بە مام غەلیفەی دەپێش هەموو کەسیدا بزانێ(٣٥٧).

لەبەر سنورداری مەودای توێژینەوەکە زیاتر درێژەی پێ نادەین، دەنا لەڕاستیدا ئەو نموونانەی کە خرانەڕوو، بەشێکی کەمن لەو هێما کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەجۆرێك پەیوەندییان بە دەقی ئاینی و ژیاننامەی پێغەمبەرانەوە هەیە، ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە بەیتی شێخ فەرخ و خاتوو ئەستی، سەرەڕای ئەوەی کە دەچێتە خانەی بابەتی خۆشەویستیەوە، بەڵام تان وپۆی داستانەکە لە ناوەڕۆکی ئاینەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوەش هێندەیتر خزمەتی بە لایەنی هونەری دەقە کردووەو بەیتبێژی زیاتر دەستکراوە کردووە، لەوەی کە بە هاوریکاری خەیاڵ، ڕووداوەکە بگەیەنێتە ئاستێکی باڵا، وە لە گێڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕیالیزمی ڕزگاریکردووە، هەر ئەو خەیاڵە بەرزەفڕەشە کە تێکستەکەی بە نەمری هێشتۆتەوە.

## تەوەرەی سێیەم: ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی

بەوپێیەی کە هەر لە زووەوە گوتراوە ئەدەب ئاوێنەی کۆمەڵە، بۆیە لە هەموو سەردەمێکدا تێکستە ئەدەبیەکان، ئەو ئاوێنەیە بوونە کەدەتوانین لێیانەوە وێنە وشێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕابردوانی تێدا بخوێنینەوەو ببینین. لەو ڕوانگەیەوە ئەوەی ئامانجمانە، لەو بەشەی توێژینەوەکەدا، بە سوود وەرگرتن لە تێکستی فۆلکلۆری بەیتی شێخ فەرخ و خاتوو ئەستی، دەمانەوێ ئاوڕ لە ئاداب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانی ناوچەی پشدەر بدەینەوە کە لەو دەقەدا بەرجەستەبوونە. وەك لە بەسەرهاتەکانی ناو دەقەکەوە دەردەکەوێت، بونیادی بیری کۆمەڵایەتی ناوچەی پشدەر لەو سەردەمەدا، ڕەنگدانەوەی بیری کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی ئاژەڵداری پێوەدیارە. بۆ ئەوەش چەندین ئاماژەی روون هەن، وەك: (ئاماژەدان بە تەویلەی ئێستر و بارگین، کوێستان و گەرمێن، مەڕداری و شوانیکردن، مەشکە و بێر کردن و ...هتد.). هەروەك هێمنی موکریانی لەو پێشەکیەدا کە بۆ کتێبی توحفەی موزەفەریەی ئۆسکارمانی نووسیوە، ئاماژەی بۆدەکات، کە لە بەیتی شێخ فەرخ و خاتوو ئەستیدا بەیتبێژ زۆر باری ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردەواریمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو ڕێوشوێنە تایبەتییە باش و دزێوانەمان نیشان دەدا،کە ئێستاش ماون و بەتایبەتی لە لادێدا کەمیان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. ئەگەر ژنێك زا، چۆن ژنانی ئاوەدانی لێی کۆدەبنەوە، ئەگەر کوڕی بوو چۆن مزگێنی بۆ باوك و کەس و کاری دەبەن، چۆن ڕووژوری دەکەنەوە، نێوکی دەبڕن و دەیهاوێنە سەر بێژینگ تا حەوتووی دەچێ، ژنی زەیستان چۆن دەکەوێ و مەلۆتکەی لە تەنیشت دادەنێن، بۆ ئەوەی شەوە منداڵەکە نەخنکێنێ، قورئان و دوعای



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەسەر دەخوێنن، یا هێچ نەبێ قورئانێکی لە پشت سەری دادەنێن، پاش ئەوەی کە حەوتووی چوو، دایك خۆی دەشواو جلی تازە لەبەر دەکا و منداڵ دەخرێتە سەر پشتی لانکە. دوای ئەوە باسی مردن شوشتن و ناشتن و سەرەخۆشی و لە مزگەوت کۆبوونەوەمان بۆ دەکات. ئێستاش بەگوێرەی ڕووداوەکانی ناو بەیتەکە، باس لە هەریەك لەو داب و نەریتانە دەکەین کە بەیتبێژ بۆمان دەگێڕێتەوە.

هەر لەگەڵ لەدایکبوونی شێخ فەرخدا و ئەو ڕێوشوێنانەی کە دەگیرێنەبەر، ڕوبەڕوی چەند نەریتێکی باوی کۆمەڵگەی ئەوکات دەبینەوە، وەك کۆبوونەوەی پیرەژن و مامان، لەسەر دەست دانان، نێوك بڕین ، خستنە سەر بێژینگ، ئێشکگرتن لە منداڵی تازە لەدایکبوو و کلتوری مزگێنیدان).

فەرخیان ڕادەگرت لەسەر هەرتك دەستانە
نێوکی فەرخیان دەبڕی بە کلیخی دەبانە
توندیان دەپێچاوە بەدەستانە
لەسەر بنی بێژینگێیان دادەنا، بۆیان دەکرد چراخانە
ئەو پیرەژن و مامانچی و سەرسپییە
هێندێك کێشکچی بن، هێندێك بەرن مزگێنییە
زۆرو دەدەنێ کەم نییە (٣١٢)

لەلایەکی دیکەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە لەو سەردەمەدا میکانزمی سزادان چۆن بووە بۆ کەسانەی دزی، یان هەر کارێکی نەشیاویان کردوە، بەپێی بەیتەکە، کەسی تاوانبار سەری تاشراوە و سواری گوێدرێژێك کراوە بەناو شاردا گێڕاویانە و دواتر شاربەدەر کراوە:

هەرکەس پولێکی بدزێ، بەحەقی ئەو خولایەی ڕەبییە
سەری دەتاشم، سواری کەرێی دەکەم، بیروونی دەکەم لەشاری داودییە(٧٦).

جۆرێکی دیکەی سزادان ئەوە بووە کە بۆ ماوەیەك فڕێدراوەتە ناو تەویلەی وڵاخان، هەروەك لە بەیتەکەدا، دوای لەدایکبوونە نائاساییەکەی شێخ فەرخ، مام غەلیفە بۆ شاردنەوەی ئەو ڕووداوە، داوا دەکات کە فڕێی بدەنە ناو تەویلەی وڵاخان تا وەبەر پێیان بکەوێ و بمرێ:

ئەنگۆ ئەوەی بدزن لە سەید و مەلایان تەواوە
فڕێیدەنە تەویلەی کەڵ و کامێشان، ئێستران پێی لێ دەنێن دەیکەن بڵاوە
سبحەینێ دەگەڵ ڕیخێ دەیرێژن....(٣١٥)

یەکێکی دیکە لە دەرکەوتە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو بەیتە، بابەتی تەبایی و پتەوی برایەتی نێوان (مام غەلیفە و مامادینە) کە مام غەلیفە باوکی خاتوو ئەستییە و


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

براگەورەی مامادینی باوكی شێخ فەرخە، دوای ئەوەی كە سەرەتا مام غەلیفە مزگێنی لەدایكبوونی فەرخ دەبیستێ، بەتایبەتی كە لە ڕەگەزی نێرە، زۆر شوكری خوادەكات، مامادینیش كاتێ هەواڵەكە دەبیستێ، پێیان دەڵێ بڕۆن داوای موژدانە لە مام غەلیفەی بكەن كە براگەورەیەو گەورەی شارییە

ئەگەر مام غەلیفە ئەو قسەی دەبیست تەواوە
شوكرانەی دەبژارد، سەڵاواتی لێدەداوە
مزگێنییان دا بە مامادی بەیەكجاری
دەڵێ یاڕەببی زۆر شوكر بە گەورەیی جەبباری
بابە چو لەمن دەوێ هۆوەتا مام غەلیفەی گەورەی شاری(٣١٤)

هەر لەدوای ئەوە ڕوبەڕوی گریمانەیەكی كۆمەڵایەتی دیكە دەبینەوە، كە هەر لە كۆنەوە ڕیشەی لەناو كورددا كوتاوە، تەنانەت بووەتە هەوێنی پەندی پێشینان، ئەویش ململانێی نێوان ئەندامانی خێزانە لەسەر دەستەڵات، بەتایبەتی مام و برازا، لە ئەدەبیاتی كوردیدا ئەو دووانە داونویان پێكەوە ناكوڵێ(مامان برازا بزر كرد، خاڵان خوارزا مەزن كرد). ئەو حاڵەتەش لە چەندین شوێنی بەیتەكەدا ڕەنگیداوەتەوە، هەروەك شێخ فەرخ گلەیی لە دایكی دەكات كە نەدەبوو متمانە بە مامی بكرێ:

فەرخ بانگ دەكا: دایەگیان، وای گیانە
چلۆنت بەرەڵڵا كردم بەهیوای كێشكچیانە
نۆ مانگ و نۆ ڕۆژان هەڵتگرتم بە بەرو پشتانە
هیچ برازا نابێ بە مامی بكا متمانە(٣١٥)

ئینجا دێتە سەر باسی بابەتێكی دیكە، كە تا ئێستاش لەناو كۆمەڵگەی كوردیدا برەوی هەیە، ئەویش پاش حەوتوێك منداڵ خستنە سەر لانك و پاكبوونەوەی دایك و شیوكردن و ...هتد.

(پاش حەوتوێكی دایكی شیوی كرد، گوتی نیوەڕۆیە هەڵمستێنن نوێژان دەكەم، تەدارەكی بۆ فەرخی گرتبوو، لانكی بۆ دروستكردبوو، گوتی ئینشاڵا بۆ شەوێ كوڕی داوێمە سەر لانكێ...)(٣١٦)

لایەنێكی دیكە، ڕێوڕەسمی مردوو ناشتن و تازیەو كۆبوونەوەی خەڵك لە مزگەوت و نانخوارن لە مزگەوت، كە ئێستاش لە هەندێ گوندی ناوچەی پشدەرئەو نەریتە درێژەی هەیە:

ئەوێ شەوێ ڕۆژ بوو ئاوا
دایكی فەرخۆڵەی تەسلیم نەكراوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

هەتا سبحەینێ تەمیز شۆراوە

خەڵاتیان دەبەر دەكرد، بۆ گۆڕخانان هەڵگیراوە

تەسلیم بە خاكیان كرد، مەخلوق گەڕاوە

هاتن لە مزگەوتێ ڕۆنیشتن كەیخودا و پیاوماقوڵ، سەرەخۆشی لە مام غەلیفە ، مامادی كراوە

خڕبوونەوە هەموو موسڵمانە

هەموو لە ماڵێ خۆ دەیانهێنا نانە(٣١٨)

یەكێكی دیكە لەو تایبەتمەندییانەی كە هەر لە كۆنەوە تا ئێستاش خەڵكی دەڤەری پشدەری پێ دەناسرێتەوە و لە چەندین شوێنی بەیتەكەدا بە زەقی دەبیندرێ، بابەتی لوتف و نان بدەیی و میواندۆستیە. ئەوەتا (نازدار) هەرچەند كچیشە بەڵام كاتێ یەكەمجار چاوی بە(شێخاڵ) دەكەوێ، بەو جۆرە خولقی دەكات و فەرمووی ماڵەوەی دەكات:

نازدار هاتە دەرێ، هات، ماندوونەبوونی شێخاڵی كرد، گوتی مامە ماندوو نەبی، بەخێربێی سەر ئەو دوو چاوە، بۆ كوێ دەچی، بۆ لێرە ڕۆنیشتووی؟ هەستە بچۆ مەنزڵی بابم دیوان گیراوە...ئەدی برسیت نییە بۆ بێنم نانییە؟)(٣٢٢)

مەسەلەی چینایەتی، لایەنێكی دیكەی ڕەهەندی كۆمەڵایەتییە لە بەیتەكەدا، بۆنموونە كاتێ كەسایەتی (شێخاڵە كەچەڵ)كە شەرتی خۆی دەباتەسەر و ماوەی چل شەو شوانی ماڵی مام غەلیفە دەكات، بەو هیوایەی كە لە بەرامبەردا خاتوو ئەستی پێبدەن، مام غەلیفە ڕەچاوی پێگەی كۆمەڵایەتی خۆی دەكات كە میری شاری داودیەیە، شێخاڵ لە ئاستی خۆیاندا نابینێ و ئامادەیە لە پای ئەو شوانیەدا سەروەت پارەی پێبدات، نەوەكو ئەوەی كچەكەی لێ مارە بكات:

دەیانگوت قوربان شوانەكە دەڕوا، مەڕەكەن بێ ساحێب ماوە

دەیگوت شوانەكە چیلێهات گەلەكی بدەنێ ماڵ و دراوە

بچێتە بەر مەڕی خۆی ئەو شێخاڵە كەچەڵە تەواوە

گوتیان قوربان نایەوێ ماڵ و دراوە

گوتی ئەدی دەڵێ چی؟ دەڵێ: خاتوو ئەستیم دەوێ، كێل گەردن و بەلەك چاوە

میر دەڵێ ڕۆڵە یاخوا لەمنو نەكەوێ

قەت كچی من ڕە شێخاڵە كەچەڵی دەكەوێ(٣٢٩)

هەروەها یەكێكی دیكە لە دەركەوتە كۆمەڵایەتیەكانی بەیتەكە، بریتییە لە بابەتی داڵدەدانی خەڵك، كە تائێستاش لە دەڤەری پشدەردا هەرباوە، بۆنموونە كاتێ كەسێك بەهەر هۆكارێك لەترسی لایەنی بەرامبەر هانا بۆ ماڵی یەكێكی دی دەبا و خۆی دە ماڵێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

داویَ، کەسـی خـاوەن مـاڵ بەهەمـوو شـێوەیەك ئامـادە بەرگـری لێبکـات، تەنـانەت ئەگەر سـەروماڵی خۆشـی لەپێنـاودا دانێـت، چـونکە لە کلتـوری ئەو نـاوچەیەدا عەبـیە و نەنگـیـیە کـاتێ یەکـێك هانـات بـۆ بێنـێ و تـۆش بیـدەیە بەر دەسـتی ئەو لایەنەی کە بەدوای کەسـی داڵـدەدراوەوەن. ئەوەتـا لە بەیـتەکەدا کـاتێ شـێخ فەرخ لە مـاڵی مـامی ڕا دەکـات و لەترسـی ئامۆزاکانی هانا بۆ مـاڵێ وسوئاغا دەبا، وە ئامۆزاکـانی دەچـنە سـەر مـاڵی وسـوئاغا بـۆ ئەوەی فەرخی دەستگیر بکەن، وەك نەریتێکی کۆنی کورد بەگشتی و ناوچەی پشدەر بەتایبەتی، برگـری لە فەرخ دەکـات و نەك هەر خـۆی بە هەمـوو خـزم و کەسـوکاریەوە ئامـادەیە شـێخ بپـارێزێ، چـونکە ئەوە پەیوەنـدی بە ئـابڕوی بنەمـاڵەوە هەیە، بـۆیە هەڵوێسـتێکی لەو جـۆرە دەنوێنێ:

کوڕی مام غەلیفەی دەنگی لەشکریان دا، هاتن لەولاوە
ئەگەر وسوئاغا وادەزانێ زرێی دەبەر دەکرد مەتاڵی دە دەستی هەڵدەکێشاوە
خزمی خۆی هەموو بانگ دەکرد، لەپێش کوڕی دە مام غەلیفەی ڕاوەستاوە
سـوێندی بە کەلامـولایە خـوارد( ئەگەر هـاتوون فەرخـی بکـوژن، نـایەڵم، یەك یەك سەری بچێتەوە بەدواوە)(٣٦٠)

لەلایەکـی دیـکەوە، کـاتێك بەرژەوەنـدی براکـانی خـاتوو ئەسـتی بەلای شـێخاڵە کەچەڵـدا دەشـکێتەوە، بـۆ ئەوەی مەڕو ماڵاتەکەیـان بـێ شـوان نەمێنێـتەوە، بەبـێ لەبەرچاوگرتنی حەزو ویستی خاتوو ئەستی، بەزۆر ناچاری دەکەن کە شو بکات بە شێخاڵە کەچەڵ، لێرەدا بەیتبێژ دیمەنێکی دزێو و ناشیرینی ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتی کوردەواریمان نیشـان دەدا، ڕێوشـوێنێك کە مـاکەکەی چارەڕەشـی کـۆمەڵە، دیلـی و بێدەسـتەڵاتی کـچ و زوڵـم و زۆرداری بـرا و ماڵپەرستی دایـك و باوکمـان نیشـان دەدات. وەك دیـارە خـاتوون ئەسـتی نـاڕازییە، کەس ئەو کـارەی پێخـۆش نیـیە، تەنـانەت ماڵپەرسـتی و تەمـاح، کەسـوکاری کچەکەیـان ناچـار کـرد شـو بە شـێخاڵە کەچەڵ بکـات. ئەوان مەڕەکەیـان پـێ لە کچەکەیان بەنرختر بوو)، ئەوەش نەریتێکی ناحەز و دێرینەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا:

کوڕەکان گوتیان بابم قایل بێ و قایل نەبێ، خاتوون ئەستی هەر ئی شێخاڵییە
داومانەتێ چارە نییە
حوکمیان کردە سەر خاتوون ئەستییە
دەبێ هەر مێردی بکا بە شێخاڵییە(٣٣٤)

هەر لە کۆنەوە وا بـاوبووە، لە هەر لادێ و ئاوەدانیەکدا، کـانی و ئـاوی لێبـووبێ، وەکـو نەریتێـکی کـۆنی ئەو نـاوچەیە، کـانی، هەم مەنزڵگـای کـچ و کـاڵ بـووە بـۆ ڕاز و نیـازی عاشـقانە، هەم شـوێنی ئاوهێنـان و شـیو و کـوڵکردن بـووە، لەبەرامـبەردا کـوڕو کـاڵی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جحێڵ، له گوێسوانان و سەرەڕێیان و پاش ڕەمەندانـدا، چاویـان دەبـڕیە کـچـان و، بەتاسەوە دەوەستان، به ئومێدی ئاوڕێکی گەرمی کچۆڵان، جارنا جاریش بەبێ گوێدانه ڕووی تاڵ و قسەی مزری کچانی ڕێبواری کانی، چ به ئیشارە، یان لەفزی شیرین، ئاوێکیان به دەروونی گڕگرتویانـدا کـردووەو هـیچ دەرفەتێکیـان لەدەسـت نەداوە بـۆ دوانـدن و پێـداهەڵگوتنی تەرازووی نـاز و لەش و لاری کـچ، ئەگەرچـی وڵامـی جەرگبڕیشـیان وەرگرتبێـت. خـۆ زۆر جـاریش وا ڕێکـدەکەوت لەیەك کاتـدا تیـری کچێـك به دڵـی دوو کـوڕدا هەڵـدەچەقی، لەوکـاتەدا نەبەردی نێوانیـان هەڵگیرسـا، وەی لەوەی بتـوانێ زووتـر گـرەو بەرێـتەوەو خـۆی بسـەلمێنێ، جـا ئەو وێـنەو گـرتەیە زۆر بەڕوونـی له بەیتـی شـێخ فەرخ و خـاتوو ئەسـتیدا بەرجەسـته دەبـێ، وەك ئەو ململانـیەی کە له نێـوان فەرخ و وسـوئاغاد ڕوودەدا لەسـەر خـاتو ئەسـتی، کـه لە بەرژەوەنـدی شـێخ فەرخـدا کۆتـایی دێ، ئەویـش بەوەی کە شـێخ ئاگـاداری دەکاتەوە کە نهێنیەکی ئابڕوبەرانەی تۆم لەلایە ئەگەر دەست لە خاتوو ئەستی هەڵنەگری حەقیقەتی تۆ بەیان دەکەم(کە سەر بە تایفەی بەکرە مەرگەوەڕی) ئەویش دەزانێ ئەگەر ئەو نهێنییە ئاشـکرا ببـێ، ئـابڕووی دەکەوێـته خەتەرەوە، بـۆیە نەك هەر دەسـت لە ئەسـتیە هەڵدەگرێ، بەڵکو ئامادەیە نۆکەری بۆ شێخ بکات. لەو مەشهەدەدا هەم لایەنی ڕوو سپیەتی و داوێنپـاکی خـاتوو ئەسـتی دەردەکەوێ، هەم بـابەتی ململانێـی دوو عاشق(شـێخ فەرخ و وسـوئاغا): سـەرنج بـدەن ئەسـتی دەچـێ بـۆ سـەر کـانی و فەرخۆڵەشـی لەسـەر قەلاندۆشـێیە، وسوئاغا دەرفەت دێنێ کە بیدوێنێ و ڕازی دڵی خۆی پێبڵێ:

وسوئاغا گوتی دەیدوێنم به تەوەکولی خولایێ. بانگ دێڵێ، خـاتوو ئەستی، خـاتوو ئەستییکی نازداری، دەگەڵ شێخاڵە کەچەڵی خەساری، قەت بووە به سەرینی شلکی تووشی ئەستۆت بووە هەتیوباری،چاوت ئەستێرەی ڕۆژێ، مەمکت سێوی خوساری، دەمت بەمن بمێنێ به فینجانی قاوەی، مەمکت بەمن بمێنێ به گۆی له زێڕی... ئەو هەتیوی کون بەگو، چیه بەملانی دەگێڕی؟ فەرخ گوتی ئـامۆزا ئەوە به مـن و تـۆ دەڵـێ، خـاتوو ئەسـتی دەڵـێ: گـوی خوارد له گوی بـابی، سـەگ دەوەڕی و کـاروانیش ڕادەبری... فەرخـی بـانگی کـرد: وسـوئاغا، وسـو ئاغـایەکی نەڕی، دوور بەدوور دەوەڕی وەك سـەگی مەڕی، ئەتـو قەت تەرکـی نـاکەی بوختان و بەدفەڕی، ئەتو نازانی لەبنەچەکەی بەکرە مەرگەوڕی؟ وسـوئاغا ئەوێ شـەوێ هەتا ڕۆژ خەوی لێنەکەوت، گوتی دەبێ فەرخی ببینه دامێنی بگرم، ئەو قسەی ئاشکرا نەکا، ئابڕووم دەچێ له دنیایە، مەگەر لێرە دانەنیشم، بچمە شاری بەسڕایە...).

هەروەك لەسەرەتاوە باسمانکرد، ئەدەب بەگشتی و ئەدەبی فۆلکلۆر بەتایبەتی، ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەڵایەتی ناوچە جیاجیاکانی وڵاتی کوردەوارییە، هەروەك چـۆن لەسـەرەوە بە شـیکردنەوەی بەیتـی شـێخ فەرخ و خـاتوون ئەسـتی، توانیمـان دەسـت



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

درێژبکەین بۆ زۆر لایەن و بواری نەریتی کۆمەڵایەتی ناوچەی پشدەر، نەوەك هەمووی، دیارە بەیتەکە زۆر ئاڵۆز و دوورودرێژ و بەربڵاوە، کە دەکرێ لێیەوە پەردە لەسەر زۆر حەقیقەتی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و ژیاری ئەو ناوچەیە هەڵبدرێتەوە، کە لەڕاستیدا هەریەکێك لەو بوارانە لەبەیتەکەدا، بابەتی توێژینەوەی سەربەخۆن، ئێمە لێرەدا بەهۆی سنورداری بوار و مەودای تویژینەوەکە، لەسەر هەموو ئەو لایەنانە نەوەستاین، هیوادارین دەروازەیەکمان والاکردبێ بەمەبەستی وردبوونەوە و بەدواداچوونی زیاتر سەبارەت بەو سامانە نەتەوەییەمان.

## ئەنجامی لێکۆڵینەوە:

بەیت، بەبەراورد بە بەشەکانی دیکەی فۆلکلۆری کوردی، وەك پێویست تیشکی توێژینەوەی زانستی نەگەیشتۆتێ، هەر ئەوەشە بۆتە هۆی ئەوەی کە لەڕووی زاراوەوە سنوری دیاری نەکرێ و زۆرجار تێکەڵی بوارەکانی دیکەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ببێ.

بەیت بەپیتترین ژانری فۆلکلۆرە کە وێنەیەکی گشتگیری ژیانی کۆمەڵگەی کوردی تێدا ڕەنگدەداتەوە، هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە گەڕیدە بیانیەکان زیاتر لە هەموو بوارەکانی فۆلکلۆری کوردی گرنگی بە بەیت بدەن.

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردستان لەو سەردەمەدا کۆمەڵگایەکی دەرەبەگی دواکەوتوو بووەو چەندین نەریتی زاڵ برەویان هەبووە و ئاستی ژیان و بیرکردنەوەی کۆمەڵگا لەوپەڕی سادەیی دابووە، کە هەموو ئەو هێمایانەش لە بەیتەکەدا ڕەنگیانداوەتەوە.

بەیتەکە بەهەردوو زاراوەی کرمانجی خوارو و سەروو، تا ئێستا شەش جار وەك تێکست نووسراوەتەوە و چاپکراوە، کە یەکەمین هەوڵ لەلایەن گەڕیدەیەکی ئەڵمانی بەناوی ئۆسکارمان، لە کتێبێکدا بەناوی (توحفەی موزەفەرییە) تۆمار کراوە.

بە بەراوردکرنی هەموو تێکستە نوسراوەکانی بەیتەکە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە سەرەڕای گۆڕانی ئەو زاراوەیەی کە پێی گێڕدراوەتەوە، ناوی هەندێك لە کەسایەتی و شوێنی ڕووداوەکان، جیاوازن، بەڵام ناوەڕۆکی هەموویان لەیەکەوە نزیکە.

بەیتەکە تۆمارێکی گرنگە کە دەتوانین لەڕێگەیەوە زۆر بواری ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوری و ئاینی کۆمەڵگای کوردی پێ بخوێنینەوە.

یەکێك لە سیما دیارەکانی ناوەڕۆکی بەیتەکە، ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و کلتوریی قۆناغی فیودالی ناوچەی پشدەرە، ئەوەی کە بەیتەکە بەو دەڤەرەوە دەبەستێتەوە، ئەو شێوەزارەیە کە بەیتەکەی پێ هۆندراوەتەوە، کە هەمان شێوەزاری خەڵکی ئەو ناوچەیەیە، وە ناوی کەسایەتیەکان هی ئەو ناوچەیەن، وە شوێنی ڕووداوەکان لە گوندی داودییەی سەر بە قەزای پشدەرە، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری قەڵادزێوە، کە تا ئێستاش چەندین شوێنەوار و گوزارشتی تایبەت بەو بەیتە لەو ناوچەیەدا ماون و بەچاوێکی پیرۆزەوە سەیر دەکرێن.

سەرەڕای ڕەنگدانەوەی چەندین ڕێوشوێن و داب ونەریتی بەرز و دزێوی کۆمەڵگەی کوردی لەوکاتەدا، ئاین وبیروباوەڕی ئاینی یەکێکی دیکەیە لە سیما هەرە دیارەکانی ئەو بەیتە، بەوەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

که جگه لەوەی که تایبەتمەندی و تواناکانی کەسایەتی سەرەکی ناو بەیتەکە(شێخ فەرخ) لە چیرۆکە قورئانیەکانەوە وەرگیراون، لەچاو هەموو بەیتە کوردیەکانیتر، زۆرترین جار ناوی خواو پێغەمبەر و هێماکانی ئاینی ئیسلام تێیدا ڕەنگیداوەتەوە.

## ژێدەرەکان:


**بە زمانی کوردی:**

- ئۆسکارمان(١٩٠٥)، توحفەی موزەفەرییە، پێشەکی و ساخکردنەوەو هێنانە سەر ڕێنوسی کوردی هێمن موکریانی، چاپی دووەم(٢٠٠٦)، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- ئیلخانیزادە،سوارە(٢٠٠٠)،تاپۆ و بوومەلێڵ(کۆ بەرهەم)، چاپەمەنی پانیز، تاران.
- بەحری، محمد(٢٠٠٠)، گەنجی سەر بە مۆر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- حەمە تۆفیق، ڕێبوار(٢٠١٣)، شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
- خەزنەدار، مارف(٢٠١٠)، مێژوی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- ڕەحمانی، ئەحمەد(٢٠٠٠)، دڵۆپێک لە دەریای بەرفراوانی فۆلکلۆری کوردوستانی ئێران، گۆڤاری کاروان، ژمارە:١٤٥.
- شەرەفکەندی، عەبدوڕەحمان (هەژار)(٢٠١٠)، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، چاپخانەی سروش،چاپی شەشەم، تاران.
- شارۆخ، عەزیز(٢٠٠٢)، چیرۆك و بەیتی کوردی(کۆکردنەوەو ئامادەکردن)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- عەبدوڵلا مستەفا، ئیدریس(٢٠١٤)، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری کوردی، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- عەدۆ، ئەسعەد(١٩٨٣)، بەیتی ئایشەگوڵ، چاپخانەی دار افاق العربیە،بەغدا.
- فەتاحی قازی، قادر(٢٠٠٧)، گەنجینەی بەیتی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- مەحموودزادە، ڕەهبەر(١٩٨٦)، پێکهاتەی بەیتی کوردی، مرکز نشر و فرهنگ ادبیات کردی، اورمیە.
- مستەفا ڕەسوڵ، عیزەدین(٢٠١٠)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- محمد ئەمین، زیاد(٢٠٠٨)، مامان برازا بزر کرد، خاڵان خوارزا مەزن کرد(هەندێك بەیتی ناوچەی پشدەر)، چابخانەی ئاراس، هەولێر.
- موکری، کامەران( ١٩٨٤)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین. هەولێر.
- ناناوازادە، علی(٢٠١٧)، فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردی،بەرگی یەکەم، چاپخانەی(؟)، ستۆکهۆڵم.
- مرۆخ روحانی، ماجد(٢٠١٠)،فەرهەنگی دانشگاه کردستان، چاپی یەکەم، توێژینگەی کوردناسی، سنە.

**بە زمانی فارسی:**

- سلیمی، هاشم(1380)، نگاهی به فولکلور کردی، فصلنامه علمی پژوهشی مطالعات ملی، شماره 8 ، ص: 145.
- رحیمیان، محمد(1392) ، سرآغاز و سیر ادبیات داستانی کردی، انتشارات رامان سخن، تهران.
- جلالی، گلاویژ(1395)، منظومه سرایی (بیت) در فولکلور کردی، دانشگاه گیلان.
- میکائیلی، حسین(1394) ، بیت در ادب فولکلور کردی، پژوهشنامه ادبیات کردی، سال اول، شماره:1، پاییز 1394 ، ص: 51 – 74.

# انعكاس البعد الدينى والاجتماعي في القصة الفولكلورية
# (شيخ فرخ و خاتو أستى)

**الملخص:**

تندرج هذه الدراسة ضمن الدراسات الفولكولر الكردي، والمقصود بالفولكلور الكردي ذلك الجزء الذي روي مشافهة جيلا بعد جيل من غير تغيير حتى وصل إلينا، وكما لا يخفى من شريف علمكم بأن قوم الكورد كباقي الأقوام الحية والفعالة، له ثروة فولكلورية غنية، التي تم عرضها بأشكال مختلفة . "البيت" تخلق جزءا مهما من الأدب الفولكلوري الكوردي و واحدة من خصائصه، والبيت من حيث المضمون انعكاس للثقافة والتقاليد والمعتقدات الدينية، حيث كل منطقة لها ذخيرة أدبية كبيرة ذات خصائصة تختلف عن منطقة أخرى. وهذه الدراسة مختصة بقراءة البيت "شيخ فرخ وسيدة أستي" وهو حدث في الحب الحقيقي الذي روي على شكل بيت، وعلى وفق روايات ومحتوى القصة يظهر لنا أن موقع الحدث يكون في قرية" داودية" في منطقة بشدر .على مستويين وضعناه تحت ضوء الدراسة، الأول: من ناحية التركيز على الأسماء الأشخاص الذين لهم نصيب في تطور الأحداث، حيث نرى من هذا الجانب أن التقاليد والمعتقدات المنطقة بشدر انعكست فيه، والثاني: نعتمد على النص الذي روي به البيت في العديد من الأماكن تظهر اختلافات في المعتقدات الدينية و قصص القرآنية، وهو جزء مهم لتحديد تأريخ الحدث، الذي يعود إلى مرحلة ما بعد انتشار الإسلام في هذه المنطقة. وتظهر أهمية هذه الدراسة بأنها محاولة لإحياء وتعزيز جانب مهم من ثروتنا الوطنية الكوردية، وهو "فولكولور"، ومحاولة لتقارب فولكلور الموجود في جميع مناطق المختلفة من مناطق كردستان، وعرضها في المؤتمرات الدولية وامراكز الأكاديمية.

**الكلمات الدالة:** *أدب الفولكلور، البيت، الدين، المعتقدات الإجتماعية، شيخ فرخ، سيدة أستي*

## Reflection of the religious and social dimension in the folkloric story of (Sheikh Farkh and Khato Esti)

**Abstract:**

This paper discusses some aspects of Kurdish folklore. Folklore is what is narrated and kept from generation to generation until it has arrived at the moment we live in. In Kurdish, folklore has been covered in various genres. Ballad takes an important part in Kurdish literature which reflects the style and beliefs of a group of people in a particular area. This paper is about Sheikh Farkh and Khatun Asti’s ballad, which is a realistic one. In this ballad, imagination plays a great role. It is claimed that the setting of the event is Dawdia village in Pishdar district. We discuss the event at levels: first, the characters’ names and their role in the development of the events which is a complete reflection of Pishdar district. Second, the narration of the content in which some Qur’anic verses can be felt. This leads us to conclude that the time of the event was after spreading and reaching Islam to the area. The significance of the paper is enlivening and maintaining one of the genres of our nation which is ballad. Also, making a connection between ballads and various genres of our nation in an academic conference.

***Keywords:*** *folklore, ballad, religion, societal beliefs, Sheikh Farkh and Khtun Asti*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# خوێندنەوەیەکی دەروزمانی بۆ يارييە فۆلكلۆرييەكانی منداڵان لە گوندی ڕەژوكەریان

م. هـ. سیروان عەبدوڵڵا ئەحمەد
بەشی زمانی کوردی - فاکەڵتیی پەروەردە- زانکۆی سۆران- هەرێمی کوردستانی / عێراق.

پوختە:

فۆلكلۆر لایەنێکی گرنگی کۆمەڵگا جیاوازەکان پێکدەهێنێت، چەندین بوار و لایەنی جیاواز لەخۆ دەگرێت، یەکێک لەم بوارە جیاوازانە يارييە فۆلكلۆرييەكانی منداڵانن. لەم توێژینەوەیەدا باس لە يارييە فۆلكلۆرييەكانی منداڵان کراوە لە گوندی ڕەژوکەریان، دەمانەوێت کاریگەری ئەنجامدانی يارييە فۆلكلۆرييەكان لەسەر لایەنی جەستەیی و دەرونی منداڵان ڕونبکەینەوە.

لەم توێژینەوەدا پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی ئێستایی کراوە، جگە لە پێشەکی و ئەنجامەکان لە دووبەش پێکهاتوە، لە بەشی یەکەمدا باس لە ئەدەبی فۆلکلۆر، فۆلكلۆر، يارييە فۆلكلۆرييەكانی گوندی ڕەژوکەریان کراوە، لە بەشی دووەمدا پێکهاتەی زمانی ناوی يارييە فۆلكلۆرييەكان شیکراوەتەوە، دواتر کاریگەری يارييە فۆلكلۆتييەكان لەسەر لایەنی دەرونی منداڵ ڕونكراوەتەوە.

گرنگترین ئەم ئەنجامانەی کە لەم توێژینەویەدا پێیان گەیشتوین بریتین لە:
ئەنجامدانی يارييە فۆلكلۆرييەكان ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەیە لەسەر گەشەسەندنی لایەنی هزری و دەرونی منداڵەکان.

ئەنجامدانی يارييە فۆلكلۆرييەكان ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەبووە لەسەر بنیادنای جەستەیەکی بەهێز و تەندروست لای منداڵان چونکە ئەنجامدانی ئەم یارییانە پێوستی بە جوڵەی بەردەوامی ئەندامە جیاوازەکانی جەستە دەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆی بنیادنانی جەستەیەکی بەهێز لای منداڵان.

**پەیڤێن سەرەکی:** *دەروزمانی، يارييە فۆلكلۆرييەكان، منداڵ، گوندی ڕەژوکەریان*

## پێشەکی:

توێژینەوەکە لەژێر ناونیشانی (خوێندنەوەیەکی دەروزمانی بۆ يارييە فۆلكلۆرييەكانی منداڵان لە گوندی ڕەژوکەریان) خراوەتەڕوو، تیشک دەخاتە سەر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کۆکردنەوەی ئەو یارییە فۆلکلۆرییانەی کە لە تەمەنی منداڵیدا لەم گوندە ئەنجام دەدرێتن، بە ئامانجی کۆکردنەوەیان و پاراستنیان لە فەوتان، لە لایەکی تردا دەمانەوێت خوێندنەوەیەکی دوزمانییانە بۆ یارییە فۆلکلۆرییەکانی گوندی ڕەژوکەریان بخەینەڕوو، واتە تیشک دەخرێتە سەر شیکردنەوەی پێکهاتەی زمانی ناوی یارییەکان و کاریگەری ئەنجامدانی ئەم یارییانە لەسەر لایەنی دەرونی منداڵان.

گرنگی توێژینەوەکە:

فۆلکلۆر لایەنێکی گرنگی کۆمەڵگا پێکدەهێنێت، چەندین بوار و لایەنی جیاواز لە خۆ دەگرێت، یەکێک لەم بوارە جیاوازانە یارییە فۆلکلۆرییەکانی منداڵانن. ئاشکرایە کە منداڵ کۆڵەگەی بنیادنانی کۆمەڵگاییێکی تەندروستە، بۆیە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم چینەی کۆمەڵگا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، لە لایەکی تردا گرنگی توێژینەوەکە لەوەدا بەرچادەکەوێت، کە هەوڵێکە بۆ کۆکردنەوەی یارییە فۆلکلۆرییەکانی ناوچەیەکی دیاریکراو، ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستنیان لە فەوتان.

ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەنجامدانی یاری بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی منداڵاندا، لە ڕابردودا منداڵان ڕۆژانە کاتەکانیان بە ئەنجامدانی چەندین یاری جۆراوجۆر بەسەر دەبرد، ئەم یارییانە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە، لەسەر بنیادنانی جەستەیەکی چالاک و تەندروست لای منداڵاندا، چونکە ئەنجامدانی ئەم یارییانە پێویستیی بە جوڵەیەکی زۆر هەیە، هەروەها یارییەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لەسەر لایەنی دەرونی منداڵاندا بەوەی، کە تاکێکی کێبڕکێکار بنیاد دەنێن لە کۆمەڵگادا، لەبەرئەوەی منداڵ هەمیشە تێدەکۆشێت لە پێناو بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە یارییەکاندا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ئەم بیرۆکەیە لە هزری منداڵەکاندا بچەسپێت و لە قۆناغەکانی ژیانی داهاتویاندا ڕەنگبداتەوە. بەم ئامانجە توێژینەوەکە هەوڵی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی ئەم یارییە فۆلکلۆرییانە دەدات.

کەرستەی توێژینەوەکە:

کەرستەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە یارییە فۆلکلۆرییەکانی گوندی ڕەژوکەریان، واتە ئەو یارییە فۆلکلۆرییانەی، کە لەم گوندەدا لای منداڵان ئەنجامدەدرێتن کۆکراونەتەوە، دواتر شیکراونەوەیان بۆ کراوە.

ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی ئێستایی کراوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە:

_ ئایا ئەم یارییە فۆلکلۆرییانە کامانەن کە منداڵان لە ڕابردوودا لە گوندی ڕەژوکەرییان ئەنجامیان داون؟

_ ئایا ئەنجامدانی ئەم یارییانە کاریگەرییان هەیە، لەسەر گەشەسەندنی لایەنی هزری و دەرونی منداڵەکان؟

ناوڕۆکی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکەمان لە پوختە و پێشەکی و دووبەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا باس لە فۆلکلۆر و ئەدەبی فۆلکلۆر کراوە، دواتر ئەم یارییە فۆلکلۆرییانە خراونەتەڕوو، کە لە گوندەکەدا لە لایەن منداڵان ئەنجام دراون. لە بەشی دووەمدا سەرەتا تیشک خراوەتە سەر شیکردنەوەی پێکهاتەی زمانی ناوی یارییەکان فۆلکلۆرییەکان، دواتر کاریگەری ئەنجامدانی ئەم یارییە فۆلکلۆرییانە لەسەر گەشەسەندنی لایەنی هزری و دەرونی منداڵان ڕونکراوەتەوە. لە کۆتاییدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو، دواتر ئەو سەرچاوانەی، کە سودیان لێوەرگیراوە ڕیزکراون. پاشان پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

١) فۆلکلۆر و یارییە فۆلکۆرییەکانی منداڵان لە گوندی ڕەژوکەریان[١]

ئەم بەشە لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکدێت، تەوەرەی یەکەم تیشک دەخاتە سەر ناساندنی ئەدەبی فۆلکلۆر و فۆلکلۆر. لە تەوەرەی دووەمدا باس لە یارییە فۆلکلۆرییەکانی گوندی ڕەژوکەریان کراوە، سەرەڕای دەستنیشانکردنی یارییە فۆلکلۆرییەکانی ئەم گوندە، شێوازی بەڕێوەچوونی یارییەکانیش بەوردی ڕونکراوەتەوە.

**١_١) ئەدەبی فۆلکلۆر:**

فۆلکلۆر پانتاییەکی فراوان لە ئەدەبی جیهانی و ئەدەبی نەتەوە جیاوازەکان داگیر دەکات، بەهۆی زۆری ئەو لقە جیاوازانەی کە لە خۆیان دەگرێت، سەرەڕای بوونی بەرهەمێکی زۆر، کە هیچ خاوەنێکیان دیار نییە، پشتاو پشت لە باب و باپیرانمانەوە بۆمان ماونەتەوە، ئەمەش بووەتە هەوێنی دەوڵەمەندی ئەدەبی فۆلکلۆر لە جیهاندا. واتە ئەدەبی فۆلکلۆر، ئەدەبێکە دەماودەم و پشتاوپشت و ناوچە بە ناوچە، هاتووە و لەڕووی پان و بەرینیدا بڵاوبۆتەوە، واتە فۆلکلۆر ئەو بەرهەمە خولقێنەرانەیە، کە دەماودەم و پشتاو پشت، کوڕ لە باوکەوە، منداڵ لە دایکەوە دەیبیستێ و دەمێنێتەوە. ناوی دانەرەکانی ون بووە و بووەتە موڵکی گشتی، باری ژیانی نەتەوەکە بە شێوازێکی ڕوون دەنوێنێت و قۆناغەکانی مێژوویی و گۆڕانکارییەکانی دەردەخات. (ئەبوبەکر: ٢٠٠٥: ١١) ، (ڕەسوڵ:٢٠١٥: ١٢). بە واتایەکی تر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

دەكرێت بڵێین: فۆلكلۆر ئەو بەرهەمە خولقێنەرانەیە كە دەماودەم و پشتاو پشت، كوڕ لە باوكەوە، منداڵ لە دایكەوە دەیبیستێ و دەمێنێتەوە. فۆلكلۆر چەندین بواری جیاواز لەخۆ دەگرێت، (وشەی فۆلكلۆر زۆر مەیدانی كەلەپوری و نەتەوەیی دەگرێتەوە، هەر لە پاشماوەكانی جل و بەرگی كۆن و ئێستاوە بگرە تاكو دەگات بە هۆی خواردەمەنی و تیا خواردن (قاپ و قاچاغ و كاسە و كەوچ) و تا نەقش و نیگار و جۆری خواردەمەنی و گەلێك شتی تر، كە مۆركی كۆنی نەتەوەیی لە خۆ بگرێت). (ڕەسول:١٩٧٠: ٨). ئەدەبی فۆلكلۆری كوردیش وەك ئەدەبی فۆلكلۆری هەموو گەل و نەتەوەكانی تر چەندین لقی جیاواز لە خۆ دەگرێت، لەوانە: (چیرۆك، هۆنراوە، پەخشان، پەند، مەتەڵ...)، نوسەران لەم ڕوانگەیەوە تێڕوانینی جیاوازیان هەیە، لە بارەی دەستنیشانكردنی بەشەكانی ئەدەبی كوردی، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەیان یارییان وەك بەشێكی فۆلكلۆری كوردی هەژماركردوە، لەوانە: (سەرنجێك لە دەروازەی فۆلكلۆری كوردەوە، كۆمەڵێك نوسەر: ٢٠٠٩ :٤١) ، (زمان و وێژە و فۆلكلۆری كوردی، سۆران:٢٠٠٩: ١٢٥). كەواتە، لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت، كە پێكهێنەرێكی سەرەكی ئەدەبی فۆلكلۆر بریتییە لە یاری، كە بابەتی سەرەكی ئەم توێژینەوەیە.

## ١_١_١) چەمك و ناساندنی فۆلكلۆر:

سەبارەت بە چەمك و زاراوەی فۆلكلۆر دەكرێت بڵێین: (فۆلكلۆر پڕ بە پڕ بۆ ئەوە بەكار دەهێنرێ، كە ئەدەبیات ناسانی هەندێك وڵات، بە بەرهەمی سەرزاری خوڵقێنەرانەی گەلی ناو دەبەن. ئەم بەرهەمانەش دەماودەم و پشتاوپشت، لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر دەمێنێتەوە) (ڕەسوڵ:١٩٧٠: ٨).

فۆلكلۆر لەڕووی زاراوەوە، وشەیەكی لێكدراوە، بەمانای كەلەپوری میللەت (كەلتووری گەڵ) دێت. وشەی فۆلكلۆر لە نوسینی كوردیدا یەكەمجار لەلایەن (مارف بەرزنجی) لەساڵی (١٩٥٨ ز) دا لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری شەفەق لەژێر ناونیشانی (كورد و فۆلكلۆر) بڵاوكراوەتەوە. دواتر مامۆستایان (محەمەد تۆفیق وەردی، عوسمان شارباژێڕی، تایەر تۆفیق) بەكاریان هێناوە. (ڕەسوڵ:١٩٩٧: ٣). دوای ئەوە بەشێوەیەكی فراوان ئەم زاراوەیە لە چوارچێوەی ئەدەبی كوردیدا لەلایەن نوسەران و توێژەرانەوە بەكار هێندراوە.

## ١_٢) یارییە فۆلكۆرییەكانی منداڵان لە گوندی ڕەژوكەریان[٢]:

ئاشكرایە كە سروشتی كۆمەڵگاییێكی دیاریكراو كاریگەری لەسەر لایەنی هزری و دەرونی منداڵ دروست دەكات، بێگومان دەكرێت ئەم كاریگەرییەش بە ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر هزر و دەرونی منداڵ ڕەنگبداتەوە. لە منداڵدا تەنیا ڕەفتاری نامۆ و لار چێ نابێت، بەڵكو ڕەفتاری ڕێك و پێكیش دروست دەبێت. (عەوەز:٢٠١٢: ٩). واتە ئەو بوار و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

ژینگەیەی، کە منداڵ تێیدا گەشە دەکات کاریگەرییەکی مەزنی بەسەر گەشەکردنیدا هەیە. (فەهمی:؟: ٨٩). بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە یارییە فۆلکلۆرییەکان زیاتر کاریگەری ئەرێنییان دەبێت لەسەر منداڵ، بەڵام ئەوە ئەوە ناگەیەنێت، کە فۆلکلۆر تەنیا لە تەمەنی منداڵیدا کاریگەری لەسەر مرۆڤ دادەنێت، بەڵکو بەرێژە و شێوازێکی جیاواز کاریگەرییەکەی دەردەکەوێت لە گشت تەمەنە جیاوازەکاندا، هەروەک دەزانین، کە (جیاوازی لە نیوان تاکەکانی کۆمەڵ، جیاوازی بڕییە، نەک جیاوازی جۆریی. واتە هەموو خاسییەت و سیفاتە دەرونییەکان لەلای هەموو کەسێکدا هەیە، بەڵام بڕ و ڕێژەکەی لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت). (قەرەجەتانی:٢٠١٥: ٣٢٧). لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە کۆمەڵگا و دیاریدەکانی ناو کۆمەڵگا ڕەنگدانەوەیان دەبێت بەسەر مرۆڤەوە بەشێوە و ڕێژەی جیاواز لە گشت تەمەنە جیاوازەکاندا. لێرەدا ئەماژە دەکرێت بەم یارییە فۆلکلۆرییانەی منداڵان، کە لە گوندی ڕەژوکەرییان ئەنجام دەدرێن لای منداڵاندا:

**١_٢_١) کاروان و کاشی:**

یارێکی منداڵانەیە، هەردوو ڕەگەزی کوڕ و کچ بەشداری لە ئەنجامدانی ئەم یارییەدا دەکەن. لەم یارییە فۆلکلۆرییەدا ژمارەیەکی زۆر منداڵ بەشدار دەبن، بە لایەنی کەمەوە دەبێت چوار منداڵ بەشداربن تێیدا، ئینجا دەتوانن ئەم یارییە ئەنجامبدەن. شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم یارییە بەم شێوەیەیە: سەرەتا لە ناو هەموو ئەو منداڵانەی، کە دەیانەوێت یارییەکە ئەنجام بدەن، دوو کەس وەکو سەرۆک گروپ خۆیان هەڵدەبژێرن، هەر یەکێکیان سەرۆکایەتی گروپێک دەکات. ئەم دوو کەسە هەر یەکەیان ناوێکی نهێنی لە خۆیان دەنێن، دواتر بەرانبەر یەکتری دەوەستن و دەستی یەکتری دەگرن. منداڵانی تر بەدوای یەکتردا ڕیز دەبەستن و بە ناو دەستی دوو کەسەکە تێپەڕدەبن، دوو کەسەکە منداڵی کۆتایی ڕادەگرن و داوای لێدەکەن بچێتە ڕیزی یەکێک لە دوو گروپەکە، بۆ ئەم مەبەستە داوای لێدەکەن یەکێک لەم دوو ناوە نهێنییە هەڵبژێرێت، کە سەرۆک گروپەکان لە خۆیان ناوە، منداڵەکە کامە ناوی هەڵبژارد دەچێتە پاڵ ئەم گروپە، دواتر ئەمە بەردەوام دەبێت، تاکو گشت منداڵان گروپێک هەڵدەبژێرن.

دوای ئەوەی، کە منداڵەکان بەسەر دوو گروپەکەدا دابەش بوون ئینجا کێبڕکێیەک لە نێوانیاندا ئەنجام دەدەن بەم شێوەیە: هێڵێک دەکێشرێت لە نێوان دوو گروپەکەدا هەر گروپێک لە لایەکی هێڵەکە بەدوای یەکتریدا ڕیز دەبەستن، سەرۆک گروپەکان لە پێشەوە دەست دەخەنە ناو دەستی یەکتر و یەکتری ڕادەکێشن، هاو تیمەکانیشیان لە دوای ئەوانەوە هەوڵی پاراستنی سەرۆکەکەیان دەدەن و ڕای دەکێشن، بۆ ئەوەی تیمی بەرانبەر نەتوانن سەرۆک گروپەکەیان ڕابکێشن. لەم یارییەدا لە ئەنجامی ڕاکێشانی یەکتر، هەر منداڵێک هەردوو قاچەکانی لە هێڵی کێشراو تێپەڕی ئەوە کەسەکە دەبێت بچێت بۆ تیمی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەرانبەر، بەم شێوەیە یارییەکە بەردەوام دەبێت تاکو گروپێک دەتوانێت گشت ئەندامانی گروپەکەی تر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. ئینجا ئەگەر گشت ئەندامانی گروپێک شکستیان خوارد و ڕاکێشران بۆ لای گروپەکەی تر بە دۆڕاو هەژمار دەکرێن، گروپەکەی تریش دەبێت بە براوە، چونکە توانییان گشت ئەندامانی گروپەکەی تر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

### ١_٢_٢) پاشا و وەزیرانە:

یارییەکی فۆلکلۆری منداڵانەیە، بەلایەنی کەمەوە چوار منداڵ بەشدار دەبن لە ئەنجامدانی یارییەکەدا، لەم یارییەدا سود لە (شقارتە) وەر دەگیرێت، لەم یارییەدا دەبێت پاشایێک و وەزیرێک، بوونیان هەبێت. دەستپێکی یارییەکە بە هەڵدانی شقارتەکە دەست پێدەکات، وەک دیارە شقارتە شێوەیەکی لاکێشەیی هەیە، لە کاتی هەڵدانی شقارتە ئەگەر شقارتەکە لەسەر باری بەرزی (لا باریکەکە) وەستا ئەوە کەسەکە دەبێت بە پاشا، بەڵام ئەگەر لەسەر لا درێژەکە وەستا کەسەکە دەبێت بە وەزیر، دوو لا ئاسۆییەکەی شقارتەکە دەبن بە دز و دوکاندار. سەرەتا منداڵەکان بە نۆرە شقارتەکە هەڵدەدەن تاکو یەکێکیان دەبێت بە پاشا، دوای ئەوەی، کە پاشا دیاریکرا منداڵانی تر شقارتەکە هەڵدەدەن تاکو یەکێکیان دەبێت بە وەزیر. دوای ئەوەی کە پاشا و وەزیر دیاریکران، منداڵانی تر بە نۆرە شقارتەکە هەڵدەدەن ئەگەر منداڵێک شقارتەکەی هەڵدا کەوتە سەر ئەو بارەی، کە بە دز وێنا کراوە، ئەوە وەزیر لە بەردەم پاشا سکاڵا دەکات و دەڵێت: پاشام خۆشبێت ئەم منداڵە دزی کردوە، داواکارین بە پێی تاوانەکەی سزای بدەیت، ئینجا پاشا بەپێی ئاستی گەورەیی تاوانەکەی سزای دەدات. سزاکەش بە لێدانی دار جێبەجێ دەکرێت، واتە بە دار لە دەستی منداڵە دزەکە دەدرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پاشا مافی ئەوەی هەیە بڕیاری بەخشین بۆ دزەکە دەربکات. دوای جێبەجێکردنی بڕیاری پاشا یاریەکە بەردەوام دەبێت. جێی ئاماژە پێکردنە لەم یارییەدا لەکاتی هەڵدانی شقارتەکە دەرفەتی گۆڕینی پاشا و وەزیر هەیە بۆ منداڵەکان واتە هەر منداڵێک توانی شقارتەکە لەسەر باری بەرزی ڕابگرێت، ئەوە دەبێت بە پاشا و پاشاکەی تر دەبێتەوە بە کەسێکی ئاسایی، سەبارەت بە وەزیریش بە هەمان شێوە.

### ١_٢_٣) هێلک هێلکانە:

یارییەکی منداڵانەیە، هەردوو ڕەگەز، کە تەمەنیان لە نێوان (٨ بۆ ١٥)ساڵی دایە، بەشداری دەکەن لە یارییەکەدا، لەم یارییەدا لە ڕووی ژمارەی بەشداربووانەوە، ژمارەکەی لە نێوان (٣ بۆ ١٠) منداڵ دەبێت. لەم یارییەدا هەر منداڵێکی بەشدار لە یارییەکەدا قۆرتێک (چاڵێکی بچوک) بۆ خۆی هەڵدەکەنێت، پێویستە قۆرتەکان (چاڵەکان) لە تەنیشت

یەکەوە بن، واتە هەر منداڵێک قۆرتێکی تایبەت بە خۆی دەبێت. هەروەها تۆپێکی خڕی بچوک لە پەڕۆک دروست دەکرێت. منداڵەکان بە نۆرە لە دووری دوو مەترەرە، تۆپەکە هەڵدەدەن، تۆپەکە کەوتە قۆرتی هەر منداڵێک، پێویستە منداڵەکە ڕابکاتە سەر قۆرتەکەی، منداڵەکانی تریش ڕادەکەن و لە شوێنەکە دوور دەکەونەوە، ئەو منداڵەی، کە تۆپەکە کەوتۆتە قۆرتەکەی پێویستە تۆپەکە بگرێتە یەکێک لە منداڵە بەشداربووەکان، ئەگەر تۆپەکە بەر منداڵەکە کەوت، ئەوا بەردێکی بچوک (کە ئاماژەیە بۆ هێلکەیەک) هەڵدەدرێتە قۆرتی ئەو منداڵەی کە تۆپەکەی بەرکەوت، بەڵام ئەگەر تۆپەکە بەر هیچ یەکێک لە منداڵەکان نەکەوت، ئەوا بەردەکە هەڵدەدرێتە قۆرتی ئەو منداڵەی، کە تۆپەکەی هاوێشت. بەم شێوەیە یارییەکە درێژە دەکێشێت، تاکو یەکیک لە منداڵەکان (١٠ هێلکە) دەکات، ئینجا ئەو کەسە بە دۆڕاو هەژمار دەکرێت و هەوڵی ڕاکردن دەدات لە دەست منداڵەکانی تر، ئەگەر بەشداربوون منداڵەکەیان گرت، هەموو منداڵانی تری بەشدار لە یارییەکەدا خۆی هەڵدەدەنە سەر ئەمەش وەک سزاییێک لە بەرانبەر دۆڕانیدا. دواتر دوو بارە لە نوێوە یارییەکە دەست پێدەکاتەوە.

**١_٢_٤) حەفت بەردانە:**

یارییێکی فۆلکلۆری کوڕانەیە، بە گشتی منداڵانی تەمەن (٨ بۆ ١٥) ساڵی ئەنجامی دەدەن. لەم یارییەدا حەفت بەردی پان و تۆپێکی بچوکی لە پەڕۆک دروستکراو پێویستن بۆ ئەنجامدانی یارییەکە. بە لایەنی کەم دەبێت (٤) منداڵ بەشداربن لە یارییەکەدا، دەکرێت ژمارەی بەشداربووان تاکو (١٠) کەس زیاد بکرێت. لەم یارییەدا منداڵەکان دابەش دەبن بۆ دوو کۆمەڵەی یەکسان.

شێوازی بەڕێوەچوونی یارییەکە بەم شێوەیەیە: حەفت بەردە پانەکە لەسەر یەکتری دادەندرێن، دواتر یەکێک لە تیمەکان لە لای بەردەکان دەوەستن و تیمەکەی تر تۆپەکە هەڵدەدەن بۆ ڕوخاندنی بەردەکان. (ئەم دوو ڕۆڵە لە ئەنجامی تەڕ و وشکانێ) دابەش دەکرێن. لە کاتی هەڵدانی تۆپەکە منداڵەکان دەبێت هەوڵبدەن کەمترین بەرد بخەنە خوارەوە، چونکە دەبێت دواتر بەردەکان دابنێنەوە بۆ ئەوەی یارییەکە ببەنەوە. منداڵەکانی ئەو گروپەی، کە تۆپەکە هەڵدەدەن بە نۆرە تۆپ هەڵدەدەن تاکو ئەو کاتەی بەلایەنی کەمەوە بەردێک دەخەنە خوارەوە، دوای ئەوەی بەردێک یان زیاتر خرایە خوارەوە، منداڵەکان ڕادەکەن و لەو ناوچەیە دوردەکەونەوە. ئینجا ئەو گروپەی، کە لەسەر بەردەکان وەستاوە، لە دەورەی بەردەکان کۆدەبنەوە و بە نهێنی تۆپەکە دەدەن بە یەکێک لە منداڵانی گروپەکەیان، تیپەکەی تر بانگی یەکێک لە منداڵەکان دەکەن بۆ ئەوەی بچێت بۆ لایان ئەگەر ئەو منداڵەی، کە بانگکرا تۆپی پێبوو تۆپ لە منداڵانی تیمەکەی تر دەدات، هەر منداڵێک تۆپی بەرکەوت دوور دەخرێتەوە لە یارییەکەدا، لەو کاتەدا منداڵانی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

گروپەکەی تر هەوڵی ئەوە دەدەن بچن بەردە کەوتوەکان لەسەر یەک ڕیز بکەنەوە، بەڵام ئەگەر ئەو منداڵەی، کە تۆپەکەی پێدراوە بە نهێنی، هەر لە لای بەردەکان بێت دەتوانێت تۆپ لەو منداڵە بدات، کە هاتوە بۆ دانانەوەی بەردەکان و لە یارییەکە دوری بخاتەوە. یارییەکە بەم شێوەیە درێژە دەکێشێت. ئەگەر ئەو گروپەی، کە تۆپەکەی هەڵداوە و بەردەکانی ڕوخاندوە، توانییان بەردەکان دابنێنەوە، ئەوە بە براوە دادەندرێن، بەڵام ئەگەر نەیان توانی بەردەکان دابنێنەوە و گشت ئەندامانی تیمەکە تۆپیان بەر کەوت و لە یارییەکە دوور خرانەوە، ئەو کات ئەو تیمە دەبێت بە براوە، کە لە لای بەردەکان وەستاوە. بەم شێوەیە یەرییەکە بەردەوام دەبێت. بەڵام یاری دوای یاری گروپەکان ڕۆڵەکەیان دەگۆڕن.

**١_٢_٥) کێل کێلانە:**

ئەم یارییە فۆلکلۆرییە لە لایەن کوڕانەوە ئەنجام دەدرێت، بە گشتی ئەم منداڵانەی کە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٨ بۆ ١٦) ساڵی یەرییەکە ئەنجام دەدەن. ژمارەی بەشداربووانی ئەم یارییە لە دوو کەسەوە دەست پێدەکات، واتە دەکرێت ژمارەی بەشداربووان ٢ کەس یان زیاتر بێت بەڵام مەرجە ژمارەی بەشداربووان جووت بێت بۆ ئەوەی بەسەر دوو گروپی یەکساندا دابەش ببن.

لەم یارییەدا هەر گروپێک چوار بەردی نزیکەی (٢٠سم) بەرز و (١٠سم) بەرین (پان)، لە زەوی دەچەقێنن، لەگەڵ بەردێکی زۆر بچوک کە بە (مامۆتک) ناو دەبرێت. شێوازی ڕیزکردنی بەردەکان بەم شێوەیەیە: سەرەتا لە پێشەوە مامۆتک دەچێندرێت دواتر مەترێک لەدوای مامۆتک سێ بەرد بەریز دادەندرێن، دوری نێوان بەردەکان لە باری ئاسۆییدا نزیکەی مەترێک دەبێت، ئینجا بەردی چوارەم مەترێک لە دوای ئەو بەردە دادەنرێت، کە لە دوای مامۆتک داندراوە. مەرجە دووری نێوان مامۆتکی هەردوو گروپەکە لە (٥) مەتر کەمتر نەبێت.

دوای ئەوەی هەردوو گروپەکە بەردەکانیان لە زەوی چاند. ئینجا یارییەکە دەست پێدەکات، هەر منداڵێک لە هەر تیمێکدا سەرەتا مافی ئەوەی هەیە تەنیا یەک بەرد هەڵبدات بۆ ڕوخاندنی بەردەکانی تیمی بەرانبەر. بۆ ئەوەی ئەو تیپە دەستنیشان بکرێت، کە سەرەتا بەردەکان هەڵدەدات (تەڕو وشکانێ دەکەن) کێ براوە بوو، ئەو سەرەتا دەست بە یارییەکە دەکات. منداڵەکان لە شوێنی مامۆتک ڕادەوەستن و بە نۆرە بەرد دەگرنە مامۆتکی تیمی بەرانبەر، تاکو دەیڕوخێنن، هەر منداڵێک تەنیا مافی ئەوەی هەیە یەک بەرد هەڵبدات. ئەگەر توانییان مامۆتک بڕوخێنن ئینجا دەتوانن بەردەکانی تر بڕوخێنن، بەڵام پێش ئەوەی، کە مامۆتک بڕوخێت ئەگەر بەردێکی تر بڕوخێنن بۆیان هەژمار ناکرێت و بەردەکە لە زەوی دەچێندرێتەوە. دوای ئەوەی کۆتا کەسی گروپی یەکەم بەردی هەڵدا، نەیان توانی مامۆتک و گشت بەردەکانی تر بڕوخێنن، ئینجا گروپەکەی تر پرۆسەی بەرد



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەڵدان دەست پێدەكەن. لەم یارییەدا هەر منداڵێك بەردێكی ڕوخاند، مافی ئەوەی هەیە بەردێك زیاتر لە منداڵانی تر هەڵبدات، واتە هەر منداڵێك چەند بەرد بڕوخێنێت ئەوەندە بەردە زیاتر لە منداڵانی تر هەڵدەدات. بەم شێوەیە یارییەكە بەردەوام دەبێت، تاكو گروپێك دەتوانێت مامۆتك و چوار بەردەكەی تری گروپی ڕكابەر بڕوخێنێت و دەبێت بە براوە. دواتر یارییەكە دەست پێدەكاتەوە، بەڵام ئەم جارە ئەو گروپەی كە براوەبوو ڕاستەوخۆ ئەو مافەی هەیە پێش گروپەكەی تر پرۆسەی بەرد هەڵدان دەست پێبكات.

**١_٢_٦) خەت خەتانە:**

یاریێكی كچانەیە، منداڵانی تەمەن (٦ بۆ ١٤) ساڵی ئەنجامی دەدەن، یارییەكە لە نێوان دوو منداڵدا بەڕێوە دەچێت. لەم یارییەدا یاریگایێكی لاكێشەیی (٨) خانەیی بە دوو ڕیز دروست دەكرێت هەر خانەیەك مەترێك درێژ و مەترێك بەرین دەبێت. بەم شێوەیەی خوارەوە ناو دەندرێن:

| | |
|---|---|
| ٥ | ٤ |
| ٦ | ٣ |
| ٧ | ٢ |
| ٨ | ١ |

بۆ ئەنجامدانی یارییەكە منداڵەكان بەردێكی پانی بچوك بەكار دەهێنن، بۆ دەستپێكردنی یارییەكە سەرەتا تەڕ و وشكانێ دەكەن بۆ دیاریكردنی ئەو كەسەی، كە سەرەتا دەست بە یاری دەكات. یارییەكە لە خانەی یەكەمەوە دەست پێدەكات، منداڵەكە بەردەكە هەڵدەداتە خانەی یەكەم ئینجا لەسەر یەك قاچ دەوەستێت و بە قاچ پاڵ بە بەردەكەوە دەنێت بۆ خانەی دواتر بە مەرجێك بەردەكە نەكەوێتە سەر هێڵی نێوان خانەكان، بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تاكو دەگاتە خانەی هەشتەم و لەوێوە بەردەكە هەڵدەداتە دەرەوە، منداڵەكە مافی ئەوەی هەیە لە خانەی پێنجەمدا پشو بدات. دوای ئەوەی، كە هەنگاوی یەكەمی بە سەركەوتوویی تەواو كرد، ئینجا خانەیەك پێش دەكەوێت و بەردەكە هەڵدەداتە خانەی دووەم و لەوێوە یارییەكە دەست پێدەكات، بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تاكو خانەی هەشتەمیش تەواو دەكات، دوای ئەوەی هەر هەشت خانەكەی تەواو كرد، ئینجا یارییەك دەكات بە ناوی (چۆلی گا) لەم یارییەدا منداڵەكە لە لای پێشەوەی یاریگادا بەردەكە هەڵدەدات بۆ دەرەوەی لاكەی تری یاریگا، ئینجا دەبێت بە سێ بازدان بگات بە بەردەكە، ئەگەر نەی توانی بە سێ باز بگاتە بەردەكە ئەوە دەدۆڕێت، دواتر لەو لایەشەوە جارێكی تر بەردەكە هەڵدەداتەوە بۆ بەشی پێشەوەی یاریگا بە هەمان شێوە دەبێت ئەم جارەش بە سێ بازدان بگاتەوە بە بەردەكە. دواتر یارییەكی تر دەكات بە ناوی (قیراج)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

لەم یارییەدا منداڵەکە بەشێوەی یەکتر بڕ بەردەکە هەڵدەدات سەرەتا لە خانەی (١) بەردەکە هەڵدەداتە خانەی (٧) ئینجا بۆ خانەی (٣) لەوێوە بۆ خانەی (٥) دواتر بەردەکە هەڵدەداتە خانەی (٤)، پاشان بۆ خانەی (٦) لەوێوە بۆ خانەی (٢) ئینجا بۆ خانەی (٨) دواتر بەردەکە هەڵدەداتە دەرەوە. پاش ئەم یارییە یارییێک دەکات بە ناوی (دەور / دۆر) لەم یارییەدا منداڵەکە سێ جار لە خانەی یەکەمەوە بەردەکە هەڵدەدات تاکو خانەی هەشتەم، ئەگەر هەنگاوێکی تەواو کرد لە خانەی هەشتەمەوە بەردەکە هەڵدەداتەوە بۆ خانەی یەکەم و جارێکی تر پرۆسەکە دووبارە دەکاتەوە، تاکو سێ هەنگاو تەواو دەکات، لەم یارییەدا منالەکە بە هیچ شیوەیەک مافی پشودانی نییە، واتە ناتوانێت ئەو قاچە دابێت، کە بەرزی کردۆتەوە تاکو سێ هەنگاوەکە تەواو دەکات. دوای ئەوەی ئەم یارییەشی بە سەرکەوتووی تەواو کرد، لە بەشی پێشەوەی یاریگە دادەنیشێت پشتی لە یاریگا دەبێت، سێ بەردی بچوک هەڵدەداتە ناو یاریگا، بەردی سێیەم کەوتە کامە خانە ئەو خانەیە لەسەر خۆی تاپۆ دەکات و مافی ئەوەی هەیە لە کاتی یاریدا لەم خانەیە پشو بدات. یارییەکە بەردەوام دەبێت تاکو هەر چوار خانەی (٢، ٣، ٦، ٧) تاپۆ دەکرێن. هەر کەسێک خانەی زیاتری تاپۆ کرد بە براوە دادەندرێت. بەڵام کاتێک منداڵێک خانەیەک تاپۆ دەکات منداڵی ڕکابەری لە کاتی یارییەکەدا مافی ئەوەی نییە بەردەکە و قاچی بخاتە ناو ئەو خانەیە، بەڵکو دەبێت بەسەریدا بازبدات.

**١_٢_٧) شلاق شلاقانە:**

یارییێکی مندالانەیە، منداڵانی تەمەن (٨ بۆ ١٤) ساڵی لە هەردوو ڕەگەز ئەنجامی دەدەن، لەم یارییەدا دارێکی بچوکی شێوە بازنەیی بە درێژی (٥سم) بەکار دەهێندرێت، یەکێک لە سەرەکانی دارەکە تیژ دەکرێت، تاکو نوکی وەک بزمار تیژ دەکرێت، ئەم دارە پێی دەوترێت (شلاق). هەروەها دارێکی تری باریک بە درێژی یەک مەتر دەهێندرێت و پەڕۆکێکی (٢٠سم)ی لێدەبەسترێت و پێی دەوترێت (دار شلاق). منداڵەکە پەڕۆکەکە بە دەورەی شلاقەکەدا دەئالێنێت، ئینجا دارەکە ڕادەکێشێت بۆ ئەوەی شلاقەکە هەڵبداتە سەر نوکەکەی و بسوڕێت. دوا ئەوەی کە شلاقەکە کەوتە سەر نوکەکەی و دەستی کرد بە خولانەوە، منداڵەکە بە پەڕۆکەکە لە شلاقەکە دەدات، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدات لە جوڵە بوەستێت و بکەوێت. منداڵەکە لەم هەوڵەدا بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت زۆرترین ماوە شلاقەکە بخولێنێتەوە.

**١_٢_٨) پەلیکانە:**

یارییێکی مندالانەیە زیاتر کوڕان ئەم یارییە ئەنجام دەدەن، بەڵام هەندێک جار کچانیش ئەم یارییە ئەنجام دەدەن. بەڕێوەچوونی ئەم یارییە پێویستی بە دار (دارێکە

درێژییەکەی نزیکەی مەترێک دەبێت) و پەلیک (دارێکی بچوکە درێژییەکەی نزیکەی ٢٠ سم دەبێت، هەردوو سەرەکەی تیژ دەکرێن) دەبێت، هەروەها قۆرتێک/ چاڵێکی بچوک هەڵدەکەندرێت، یارییەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت. شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم یارییە بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

سەرەتا تەڕو و شکانێ دەکرێت بۆ دابەشکردنی ڕۆڵەکان، دەکرێت لە دوو کەس زیاتر بەشداربن لە یارییەکەدا، لەم دۆخەدا کەسەکان بەسەر دوو گروپدا دابەش دەبن. دوای ئەنجامدانی تەڕ و وشکانێ، منداڵێك لەسەر چاڵەکە دەبێت پەلیکەکە لەسەر چاڵەکە دادەنێت، بە دار پەلیک بە ئاڕاستەی منداڵەکەی تر کە بەدوری (١٠ بۆ ٢٠) مەتر لە دووری چاڵەکە وەستاوە، پەلیکەکە هەڵدەدات، ئەگەر منداڵەکەی تر توانی پەلیکەکە بگرێتەوە پێش ئەوەی بکەوێتە سەر زەوی ئەوا (٢٠) خاڵ دەدرێت بەو منداڵەی، کە پەلیکەکەی گرتۆتەوە، بەڵام ئەگەر پەلیکەکە کەوتە سەر زەوی دەتوانێت لە ڕێگەی پێیەکانی پەلیکەکە نزیک بکاتەوە لە چاڵەکە تاکو دەوەستێت، ئەگەر وەستا ئینجا ئەو کەسەی، کە لەسەر چاڵەکەیە دار پەلیک لەسەر چاڵەکە درێژ دەکات منداڵەکەی تر پەلیکەکە دەگرێتە دارەکە، ئەگەر پەلیکەکە بەر دارەکە کەوت، ئەوا ڕۆڵەکانیان ئاڵوگۆر دەکەن بێ ئەوەی هیچ یەکێکیان خاڵ وەربگرن، بەڵام ئەگەر پەلیکەکە بەر دارەکە نەکەوت، ئەوا منداڵەکە پرۆسەی دووەم دەست پێدەکات ئەویش ئەوەیە کە پەلیکەکە هەڵدەداتە ناو چاڵەکە بۆ ئەوەی سەرێکی بەرز ببێتەوە دواتر بە دار پەلیک لێی دەدات بۆئەوەی بەرز ببێتەوە لە زەوی، لە کاتی بەرزبوونەوەیدا بە دارەکە لە پەلیک دەدات بۆ ئەوەی لە چاڵەکە دووری بخاتەوە، مناڵەکە سێ جار مافی ئەوەی هەیە دارەکە بەرزبکاتەوە و لە بەرزیدا بە دار پەلیک لێی بدات و دووری بخاتەوە. دوای تەواوبوونی سێ جارەکە. ئینجا خاڵەکانی یارییەکە بەم شێوەیە هەژمار دەکرێن:

ئەگەر منداڵکە توانی لە هەرسێ هەوڵەکە دار پەلیکەکەی لە پەلیک بدات، کاتێک، کە بەرزبۆتەوە لە زەوی، ئەوە لەو دۆخەدا دووری نێوان پەلیکەکە و چاڵەکە بە پەلیک (کە درێژییەکەی ٢٠ سانتیمەترە) هەژمار دەکرێت، واتە لە هەر (٢٠) سانتیمەترێکدا خاڵێک وەردەگرێت.

ئەگەر منداڵەکە لە هەرسێ هەوڵەکەدا سەرکەوتوو نەبوو دارەکە لە دار پەلیک بدات، واتە یەک جار یان دووجار سەرکەوتوو بوو، ئەوا دووری نێوان پەلیک و چاڵەکە بە دار پەلیک (کە درێژییەکەی نزیکەی مەترێکە) هەژماردەکرێت.

ئەگەر منداڵەکە لە هیچ یەکێک لە هەوڵەکانیدا سەرکەوتوو نەبوو دارەکە لە دار پەلیک بدات، یان ئەگەر لە یەکێک لە هەوڵەکانیدا دارەکە بەر زەوی کەوت بێئەوەی بەر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پەلیک بکەوێت، کە پێی دەڵێن: (کوت). ئەوە لەو دۆخەدا منداڵەکە هیچ خاڵی بۆ هەژمار ناکرێت و ڕۆڵەکانیشیان ئاڵوگۆڕ دەکرێن.

ڕێککەوتن لەسەر خاڵی دەستنیشانکراو بۆ بردنەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنی هەردوو لا، واتە هەردووکیان لەسەر ژمارەیەکی دیاریکراو ڕێکدەکەون، بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێک لە منداڵەکان خاڵەکانی گەیشتە ئەم ژمارە دیاریکراوە بە براوە هەژمار بکرێت. بەڵام زیاتر منداڵان لەسەر (١٠٠) خاڵ یارییەکەیان ئەنجام دەدەن. ئەو منداڵەی زوتر (١٠٠) خاڵی کۆکردەوە دەبێت بە براوەی یارییەکە.

**٢) خوێندنەوەی دەروزمانی بۆ یارییە فۆلکۆرییەکان:**

(زاراوەی (دەروزمانی) ڕێک وەرگێڕانی وشە بە وشەی (psycholinguistics) ی ئینگلیزییە، کە لە بنەڕەتدا لە (psychology of linguistics) واتە (زمانەوانی دەرونی) هاتوە. ئەگەرچی کوتومت دەبێتە (دەرونزمانەوانی)، بەڵام بۆ کورتبڕی و سوکی دەربڕین کرا بە دەروزمانی) (ڕەسول: ٢٠١٥: ٣٢). سەرهەڵدانی دەروزمانی وەکو لقیکی زانستی بۆ چلەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، بەڵام لە پەنجاکانی ئەم سەدەیەدا شوێنپێی خۆی گرت، بە تایبەت لە لای زمانەوانە ئەمریکییەکان وەکو زانست چەسپا. (هلبش:٢٠٠٧: ٤٥٠). دەروزمانی خۆی بە پەیوەندی نێوان زمان و دەرونزانی خەریک دەکات و کاریگەرییان لەسەر یەکتری ڕون دەکاتەوە، واتە، دەروزمانی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان هۆکارە زمانی و دیاریدە دەرونییەکان. (jodai: ٢٠١١: ٢). زەمینەی لێکۆڵینەوە دەروزمانی زمانە، لەو زەمینەیەوە بەرەو دەرونزانی دەچێت، دەرونزانی وەک یارمەتیدەرێک بەکار دەهێنێت، بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی زمان و وڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لەگەڵ دەرونزانیدا یەکانگیر دەبن. (ڕەسول: ٢٠١٥: ٨١_٨٢).

**٢_١) پێکهاتەی زمانی ناوی یارییە فۆلکلۆرییەکان:**

لەم تەوەرەیەدا شیکردنەوە دەکرێت بۆ پێکهاتەی زمانی ناوی یارییەکان، ئەوە ڕون دەکرێتەوە، کە هەر یەک لە ناوەکان لەڕووی داڕشتنەوە چۆن پێکهاتوە.

**٢_١_١) کاروان و کاشی:**

پێکهاتەی ناوی ئەم یارییە بەم شیوەیە دروستکراوە (ناوی سادە + ئامرازی لێکدەر + ناوی سادە). واتە وشەیەکی لێکدراوە لە ڕێگەی لێکدانی دوو ناوی سادەوە بەرهەم هاتوە.

**٢_١_٢) پاشا و وەزیرانە:**

ناوی ئەم یارییە پێکهاتوە لە (ناوی سادە + ئامرازی لێکدەر + ناوی داڕێژراو). واتە ناوەکە وشەیەکی لێکدراوە، ناوێکی سادە و ناوێکی داڕێژراو لە ئەنجامی ئامرازی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

لێکدەرەوە لێکدراون. ناوە داڕێژراوەکەش بەم شێوەیە بەرهەم هاتوە (ناو + پاشگری انە). ئەم پاشگرە پاشگرێکی چالاکە لە بەرهەمهێنانی ناوی یارییە فۆلکلۆرییەکانی ئەم گوندەدا. پاشگری "انە" (یەکێکە لە پاشگرەکانی زمانی کوردی، ڕۆڵی داڕشتنی ناوی ئەبستراکتی و ئاوەڵناوی داڕێژراو دەبینێت، لە زمانی کوردیدا. (مستەفا:٢٠١٩: ١٥٢).

**٢_١_٣) هێلک هێلکانە:**

ناوێکی لێکدراوە، بەم شێوەیە پێکهاتوە: (ناوی سادە + ناوی داڕێژراو). واتە وشەکە لە ئەنجامی لێکدانی دوو ناوەوە بەرهەم هاتوە، ناوی یەکەم (هێلکە) یە، بەڵام بەمەبەستی سوک دەربڕین بزوێنی کۆتایی سواوە، وشەی دووەم لە ئەنجامی لێکدانی (هێلکە + پاشگری انە) دروستبووە، بەڵام لەکاتی لێکدانی دوو مۆرفیمەکە، بزوێنی (ە) سواوە، لەبەرئەوەی وشەکە بە دەنگی بزوێن کۆتایی هاتوە پاشگرەکەش بە دەنگی بزوێن دەستی پێکردوە، لە زمانی کوردیشدا ڕێگە بە بەدواییەکدا هاتنی دوو دەنگی بزوێن نادرێت، بۆیە بزوێنی کۆتایی وشەی هێلکە کرتاوە. وەک دیارە وشەی یەکەم هێلکە بە مەبستی دووپاتکردنەوە دوو جار دووبارە بۆتەوە.

**٢_١_٤) حەفت بەردانە:**

ناوێکی لێکدراوە، بەم شێوەیە پێکهاتوە: (ژمارەی سادە + ناوی داڕێژراو). واتە وشەکە لە ئەنجامی لێکدانی دوو وشە بەبێ ئامراز پێکهاتوە، وشەی یەکەم، کە وشەیەکی سادەیە (بەرد) خراوەتە پاڵ وشەی دووەم (بەردانە)، کە ناوێکی داڕێژراوە لە ئەنجامی لێکدانی (بەرد + پاشگری انە) دروست بووە.

**٢_١_٥) کێل کێلانە:**

ناوێکی لێکدراوە، بەم شێوەیە پێکهاتوە: (ناوی سادە + ناوی داڕێژراو). واتە وشەکە لە ئەنجامی لێکدانی دوو ناوەوە بەرهەم هاتوە، ناوی یەکەم (کێل / قێل)، خراوەتە پاڵ ناوی دووەم (کێلانە) کە ناوێکی درێژراوە لە ئەنجامی لێکدانی (کێل + پاشگری انە) دروست بووە، واتە وشەی یەکەم کێل بە مەبستی دووپاتکردنەوە دوو جار دووبارە بۆتەوە.

**٢_١_٦) خەت خەتانە:**

ناوی ئەم یارییە فۆلکلۆرییە، لە ڕێگەی لێکدانی دوو وشەوە بەرهەم هاتوە و وشەیەکی لێکدراوی دروست کردوە، بەم شێوەیە (ناوی سادە + ناوی داڕێژراو). ناوی یەکەم (خەت) ە، ناوی دووەم ناوێکی داڕێژروە، لە ئەنجامی لێکدانی (خەت + انە) پێکهاتوە. وەک دەبینین وشەی (خەت) بە مەبستی دووپاتکردنەوە دوو جار دووبارە بۆتەوە.

**٢_١_٧) شلاق شلاقانە:**



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ناوێکی لێکدراوە، لە ڕێگەی لێکدانی دوو وشەوە پێکهاتوە، بەم شێوەیە (ناوی سادە + ناوی داڕێژراو). ناوی یەکەم (شلاق) ە، ناوی دووەم ناوێکی داڕێژروە، لە ئەنجامی لێکدانی (شلاق + انە) پێکهاتوە. وەک دەردەکەوێت وشەی (شلاق) بە مەبستی دووپاتکردنەوە دوو جار دووبارە بۆتەوە.

**٢_١_٨) پەلیکانە:**

وشەیەکی داڕێژراوە لە ئەنجامی لێکدانی (ناوێکی سادە (پەلیک) + پاشگر (انە)) پێکهاتوە.

**٢_٢) کاریگەری یارییە فۆلکلۆرییەکان لەسەر منداڵاندا:**

لەم تەوەرەدا تیشک دەخرێتە سەر کاریگەری یارییە فۆلکلۆرییەکان، لەسەر منداڵاندا، واتە ئەوە خراوەتەڕوو، کە ئەنجامدانی ئەم یارییانە چ کارییگەرییان لەسەر لایەنی هزری و دەرونی منداڵاندا دەبێت. لە خوارەوەدا ئەم کاریگەرییانەی، کە یارییە فۆلکلۆرییەکان لەسەر منداڵان دایدەنێت خراوەتەڕوو:

**٢_٢_١) کێبڕکێ کردن:**

ئەنجامدانی هەر یارییەک بردنەوە و دۆڕانی هەیە، یارییە فۆلکلۆرییەکانیش بە هەمان شێوە، منداڵەکان لە کاتی ئەنجامدانی یارییەکەدا هەوڵ دەدەن هەموو توانا و وزەیەکیان بخەنەگەڕ لە پێناو پێشکەشکردنی ئاستێکی باش و بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە یارییەکاندا. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەر لە منداڵییەوە منداڵەکان گیانی کێبڕکێکردن لە هزر و خەیاڵیاندا گەڵاڵە ببێت، ئەم بیرە لە وێستگەکانی ژیانیاندا ڕەنگ دەداتەوە، بە شێوەیەک لە هەر ئەرک و یاری و لێهاتوویێکدا کە تێیدا بەشدار دەبن، هەوڵی پێشکەشکردنی ئاستێکی باش دەدەن، بە ئامانجی بەدەستهێنانی پلەیەکی بەرز و شایستە لە پێشبڕکێ جیاوازەکاندا.

**٢_٢_٢) پاداشت و سزا:**

سروشتی ژیان ئەمەی بۆ مرۆڤ سەلماندوە، کە لە بەرانبەر سەرکەوتن پاداشت دەکرێت و لە بەرانبەر کەوتن و ئەنجامدانی هەڵەدا سزا دەدرێت. بەشێک لە یارییە فۆکلۆرییەکان ئەم بیرۆکەیە لە هزری منداڵاندا دەچەسپێنن، لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەم یارییانەدا منداڵ فێری ئەوە دەبێت، کە سەرکەوتن و ئەنجامدانی کاری باش دەستخۆشی و پاداشت بۆ منداڵەکە دەستەبەر دەکات، بەڵام بە پێچەوانە شکست و هەڵە، نائومێدی و سزا دووچاری منداڵەکە دەکات، بۆیە منداڵ ئەم بیرۆکەیەی لە مێشکدا گەڵاڵە دەبێت، کە هەمیشە هەوڵی سەرکەوتن و ئەنجامدانی کاری باش بدات لە ژیانیدا. کاتێک سەیری یاری

(پاشا و وەزیرانە) دەکەین ئەم بیرۆکەیەی زۆر بەڕوونی تێدا بەدەی دەکرێت. دەبینین منداڵ لە کاتی هەڵدانی شقارتەکەدا، ئەگەر بوو بە دز، ئەوا لە لای پاشا سکاڵای لەسەر تۆمار دەکرێت و سزا دەدرێت، فێری ئەوە دەبێت کە ئەنجامدانی کاری نابەجێ و ناپەسند دەرئەنجامەکەی سزادانی کەسەکە دەبێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر شقارتەکە کەوتە سەر بارەکەی تر و منداڵەکە بوو بە دوکاندار، ئەوە کەسەکە دەبێت بە دزیلێکراو و لە ڕێگەی جێ بەجێکردنی دادپەروەرییەوە لەلایەن پاشا مافەکەی بۆ دەگەڕێندرێتەوە.

**٢_٢_٣) داننان بە شکست و هەوڵدان بۆ بردنەوە:**

کاتێک سەیری چۆنیەتی بەڕێوەچوونی يارییە فۆلکلۆرییەکانی منداڵان دەکەین، ئەوەمان بەرچاو دەکەوێت، کە منداڵ لە ئەنجامی ئەنجامدانی يارییەکان دووچاری بردنەوە و دۆڕاندن دەبێت، گومان لەوەدا نییە کە منداڵ لەڕووی دەروونییەوە، ئاسودە دەبێت کاتێک کە لە يارییەکاندا براوە دەبێت، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر گەشەسەندنی دیاریدەی باوەڕ بەخۆبوون لای منداڵان و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ژیانی منداڵ لە داهاتوودا، لە لایەکی تردا بەشێک لە منداڵان کاتێک لە يارییە فۆلکلۆرییەکان شکست دەهێنن، ئەو هەستەیان لە لا گەڵاڵە دەبێت، کە دان بە شکست بنێن، لەگەڵ ئەوەشدا شکستهێنان ئەوە ناگەیەنێت کە ئیتر تاک دەرفەتی هەڵدانی نەمێنێت، چونکە لە ڕیگەی ئەم جۆرە يارییانەدا منداڵ ئەو هەستەی لا دروست دەبێت، کە دەرفەتی ئەوەی هەیە، لە يارییەکانی داهاتوودا هەوڵی زیاتری خۆی بخاتەگەڕ، بە ئامانجی ئەوەی قەرەبووی شکستەکانی ڕابردووی بکاتەوە و سەرکەوتن بەسەر ڕکابەرەکانیدا بەدەست بهێنێت لە يارییەکاندا.

**٢_٢_٤) چاندنی گیانی کارکردنی پێکەوەیی:**

زۆر لە يارییە فۆلکلۆرییەکان بە شێوەی کۆمەڵ ئەنجام دەدرێن، واتە بۆ بەڕێوەچوونی يارییەکان، پیوست دەکات منداڵان بەسەر دوو گروپی هاوشێوەدا دابەش ببن، ئینجا يارییەکە بەڕێوە دەچێت. ئەمەش ئەم هەستە لای منداڵ دەچەسپێنێت، کە سروشتی ژیانی مرۆڤ لە هەندێ وێستگەدا پێویستی بە کارکردن و هەوڵدانی بە کۆمەڵ هەیە، چونکە هەمیشە ناتوانێت بە تەنها گشت ئامانجەکانی بەدیبهێنێت، بەڵکو لە هەندێ کاتدا مرۆڤ پێویستە بە کۆمەڵ هەوڵبدات. بەمەش ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ئەم دیاریدەیە لە دەروونی منداڵدا بچەسپێت و لە قۆناغەکانی داهاتووی ژیانی ڕەنگ بداتەوە. چونکە ( بە دڵنیاییەوە بۆماوە و ژینگە کەریگەرییەکی هاوبەشییان لەسەر گەشەی جەستەیی و عەقڵی و هەڵچوون و گونجانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە). (عەومز:٢٠١٢: ٨_٩). کاتێک سەیری يارییە فۆلکلۆرییەکان دەکەین دەبینین لە چەندین ياریدا ئەم دیاریدەیە بەدیدەکرێت، لەوانە لە يارییەکانی (حەفت بەردانە، کێل کێلانە، کاروان و کاشی). بۆ

نموونە منداڵان بۆ ئەوەی یاری (حەفت بەردانە) ئەنجام بدەن، ناچارن بەسەر دوو گروپدا دابەش ببن، بۆیە پێویست دەکات منداڵان بەیەک تیم هەوڵ بدەن لە پێناو بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە یارییەکەدا، هەوڵ دەدەن بەسود وەرگرتن لە بۆچون و پلان و بیرۆکەی یەکتری بیرۆکەیەک گەڵاڵە بکەن بە ئامانجی بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە یارییەکەدا. بەمەش گرنگی و کاریگەری ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و تاووتوێکردنی گرفت و بیرۆکەکان بۆ منداڵەکان ڕوون دەبێتەوە، کە چۆن دەبێتە هەوێنی پەرەوپێش چوون و سودگەیاندن بە یەکتری، لە ئەنجامدا سەرکەتن بۆ تاکەکان فەراهەم دەکات.

**٢_٢_٥) بنیادنانی تاکێکی کراوە و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا:**

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، سروشتی ژیانی مرۆڤ ئەوە لە مرۆڤ دەخوازێت، تێکەڵاوی و پەیوەندییێکی کۆمەڵایتی بە هێزی هەبێت لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا، بۆ ئەمەش پێویستی بەوە هەیە ڕۆژانە تێکەڵ ببێت لەگەڵ کەسانی تری کۆمەڵگاکەیدا. ئەم دیاریدەیە لە تەمەنی منداڵیدا زۆر گرنگە، چونکە ئەگەر منداڵ بە گۆشەگیری و دوور لە کەسانی تر مایەوە دەبێتە کەسێکی گۆشەگیر لە کۆمەڵگاکەیدا، تاکی گۆشەگیر ئەم کەسانە دەگرێتەوە، کە حەز لە دوورە پەرێزی و تەنیایی دەکەن زۆر جاریش شەرمن و لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا سارد و لاوازن. (دزەیی:٢٠١٠: ٣٦). مەب جۆرە ڕەنگە ڕووبەڕووی چەندین گرفتی دەرونی ببێتەوە. کاتێک سەیری یارییە فۆلکلۆرییەکان دەکەین بۆمان دەردەکەوێت، کە کاریگەرییەکی زۆر گرنگ لەسەر کەسایەتی تاک دادەنێن لەم ڕوانگەیەوە، چونکە زۆربەی یارییە فۆلکلۆرییەکان بە شێوەی گروپ ئەنجامدەدرێن، پێویست دەکات کە ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان بەشداری لە یارییەکاندا بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە منداڵەکان کەسایەتییێکی کراوە و کۆمەڵایەتییان لێ دروست ببێت. تاکی کراوە و کۆمەڵایەتی (ئەوجۆرە کەسەیە، کە حەز بە تێکەڵاو بوونی کۆمەڵایەتی و ناو خەڵک دەکات و لە ناو کۆڕ و کۆبوونەوەدا هەست بە خۆشی و کامەرانی دەکات). (قەرەچەتانی:٢٠١٥: ٣٢٥). بە پێچەوانەوە تاکی گۆشەگیر و دورە پەرێز هەمیشە ئارەزوی دورەپەرێزی دەکات و خۆی لە تێکەڵاو بوون لە کاسانی تر و کۆمەڵگا دەپارێزێت. کەواتە ئەم شێوازە لە بەڕێوەچوونی یارییە فۆلکلۆرییەکاندا دەبێتە هۆی بنیادنانی تاکێکی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگادا، کۆمەڵگاییێکی وا فەراهەم دەکات کە تاکەکانی پەیوەندییێکی پتە و بەهێزیان لە نێواندا بەدی بکرێت، ئەمەش کاریگەری ڕاستەخۆی دەبێت لەسەر بەرقەربوونی گیانی پیکەوەیی لای تاکەکانی کۆمەڵگا. (ئەو کەسەی لە سەرەتای ژیانییەوە لە جۆری کراوە و کۆمەڵایەتی بێت، ئیتر هەتا هەتایە هەر بەم شێوەیە دەمێنێتەوە و نابێت بە کەسێکی گۆشەگیر و دورەپەرێز). (هەمان سەرچاوە: ٣٢٥). بە پێچەوانەی یارییە فۆلکلۆرییەکان لە ئێستادا بەهۆی زۆربوونی یارییە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەلیکترۆنییەکان و کەمبوونەوەی گرنگیدان بە یارییە فۆلکلۆرییەکان، پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا لە ڕووی سۆزداری و کۆمەڵایەتییەوە لە پاشەکشێ دایە. چونکە منداڵ لە ئەنجامدانی یارییە ئەلیکترۆنییەکاندا، بە گۆشەگیری دەمێنێتەوە تەنیا مامەڵە لەگەڵ ئامێرێکی ئەلیکترۆنیدا دەکات، ئەمەش منداڵی گۆشەگیر دروست دەکات لە کۆمەڵگادا، ڕەنگە لە داهاتوودا بە شێوەیەکی نەگونجاو مامەڵە لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵگادا بکات و ڕووبەڕووی چەندین گرفتی دەروونی و هەڵچوونی لەناکاو ببێتەوە لە کۆمەڵگادا.

**٢_٢_٦) گەشەسەندنی بیری منداڵ:**

زۆرێک لە یارییە فۆلکلۆرییەکان پێویستییان بە پلان داڕشتنێکی تۆکمە هەیە، بۆ ئەوەی ئەم پلانە ببێتە هەوێنی سەرکەوتنی منداڵ / گروپەکە لە یارییەکاندا، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەسەندنی ئاستی بیر و لێهاتوویی منداڵەکان، چونکە ئەم جۆرە یارییانە پێویستییان بەوە هەیە، کە منداڵەکان ستراتیژییەتێکی گونجاو بەکاربهێنن، بۆ ئەوەی لە یارییەکاندا سەربکەون، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەسەندنی بیر و زیرەکی منداڵەکان، لە داڕشتنی پلانی ئەرکەکانیان. بۆ نموونە ئەم دیاریدەیە لە یاری فۆلکۆری (حەفت بەردانە) دا بەڕوونی بەرچاو دەکەوێت. کاتێک، کە گروپی یەکەم تۆپەکە ئاڕاستەی بەردەکان دەکەن و دەیان ڕوخێنن، هەوڵدەدەن باشترین پلان و ستراتیژییەت دابڕێژن بۆ ئەوەی بتوانن ئەو یاریزانەی کە تۆپەکەی لایە لە دەوروبەری بەردەکان دوور بخەنەوە و منداڵەکانی تریش هەوڵ بدەن بەردەکان لەسەر یەک ڕیز بکەنەوە، ئەمەش بەوە دەبێت، کە لە ئەنجامی پێشبینییەکانیانەوە، بزانن، کە تۆپەکە لای کام منداڵە، لەوکاتەدا بەڕای خۆیان تۆپەکە لای کام منداڵ بوو، منداڵەکە بانگ دەکەن بۆ ئەوەی بچێت تۆپیان لێبدات، جا لەو کاتەدا هەوڵ دەدەن بەخێرایی بچن بەردەکان ڕیز بکەنەوە، پێش ئەوەی ئەو منداڵەی تۆپی پێیە بگاتەوە لای بەردەکان، جا ئەگەر توانییان بەردەکان ڕیز بکەنەوە ئەوا لە یارییەکەدا سەردەکەون، بەڵام ئەگەر ئەو یاریزانەی، کە بانگیان کردوە، تۆپی لا نەبێت تۆپ لای یەکێکی تر بێت، کە لە لای بەردەکان وەستاوە، ئەوە ئەو یاریزانەی، کە دەچێتە سەر یاریگا بەتەڵەکەوە دەبێت و تۆپەکەی لێدەدەن و لە یارییەکەدا دوردەخرێتەوە. لە هەمانکاتدا تیپی بەرانبەریش هەوڵی دانانی پلان و بەرنامەیەکی بەهێزی بەرگریکردن دەدەن بۆ ئەوەی بتوانن سەربکەون لە یارییەکەدا، ئەمیش بەوە دەبێت، کە بەشێوەیەکی زیرەکانە تۆپەکە بشارنەوە، بۆ ئەوەی یاریزانانی گروپەکەی تر بە ئاسانی پەی بەوە نەبەن، کە تۆپەکە بەکام یاریزان دراوە، ئەگەر لەم ئەرکەشدا سەرکەوتو بوون دەتوانن سەرکەوتن لە یارییەکەدا بەدەست بهێنن، چونکە کاتێک گروپەکەی تر بەپێی پێشبینییەکانیان ئەو منداڵە بانگ دەکەن، کە تۆپی پێیە، بەڵام پێسبینییەکەیان هەڵە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەرچوو تۆپەکە لای منداڵێکی ترە، کە لە لای بەردەکان وەستاوە، ئەوە ئەو منداڵانەی دەچن بۆ دانانەوەی بەردەکان بە ئاسانی تۆپیان لێدەدرێت و لە یارییەکەدا دەردەکرین. بەمەش دەتوانن سەربکەون لە یارییەکەیاندا. ئەم هەوڵ و تێکۆشانەش بە مەبەستی داڕشتنی پلانی سەرکەوتن لە یارییەکەدا کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر گەشەسەندنی ئاست و لێهاتوویی بیری منداڵەکان.

**٢_٢_٧) دەستاو دەستکردنی دەسەڵات:**

سروشتی ژیان هەوراز و نشێوی زۆر بەخۆیەوە دەبینێت، بە دەگمەن نەبێت هیچ تاکێک بۆی ڕێک ناکەوێت بە درێژایی ژیانی لە پلە و پۆستێکدا بمێنێتەوە، بەڵکو مرۆڤ لە ژیانیدا پێویستە دان بە دەستاو دەستکردنی دەسەڵات بنێت. بەشێک لە یارییە فۆلکلۆرییەکان ئەم بیرە لە مێشکی منداڵدا دەچێنن، منداڵ فێری ئەوە دەکەن، کە ئەگەر پلەو پۆستێکی وەرگرت بە واتای ئەوە نایەت، کە تا کۆتایی ژیان لەم پلە و پۆستەدا بمێنێتەوە، بەڵکو ئەگەری لە دەستدانی ئەم پلەیە شتێکی کراوەیە لە ژیاندا. بۆ نموونە کاتێک سەیری یاری (پاشا و وەزیرانە) دەکەین دەبینین چوار جۆر پیشە / پلەی جیاواز لە خۆ دەگرێت، منداڵ فێری ئەوە دەکات، کە دەرفەتی ئەوەی هەیە یەکێک لەم پلە جیاوازانە بەدەست بهێنێت، لە هەمانکاتدا بەدەست هێنانی یەکێک لەم پلە جیاوازانە واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە ئیتر ئەم پلەیە بە درێژایی یارییەکە بۆ ناوبراو دەبێت، بەڵکو لە ئەنجامی درێژەدان بە یارییەکە، ئەگەر کەسێکی تر شقارتەکەی بەم ئاڕاستەیەدا هەڵدا، ئەوە ڕاستەخۆ پلەکە ڕادەستی ئەو دەکرێت و خۆشی دەبێتەوە بۆ کەسێکی ئاسایی. بۆ نموونە ئەگەر منداڵێک لە پلەی پاشادا بێت، کاتێک منداڵەکانی تر شقارتەکە هەڵدەدەن، شقارتەکە لەسەر ئەو شێوازە وەستا کە پێی دەبێت بە پاشا، ئەوە ڕاستەوخۆ پاشاکە دەبێتەوە بە کەسێکی ئاسایی و منداڵەکەی تر دەبێت بە پاشا. بۆ پلەکانی تریش بە هەمان شێوە. کەواتە لێرەوە ئەم بیرۆکەیە لە هزر و خەیاڵی منداڵدا گەڵاڵە دەبێت، کە وەرگرتنی پلە و پۆستێک شتێکی کاتییە ئەگەری لە دەستدانی لە ئارادایە لە هەر کاتێکدا. ئەمەش کاریگەری لەسەر منداڵدا دەبێت ئەگەر لە پلەو پۆستێکی دیاریکراودا بوو، بەشێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵە بکات و مافی کەسانی تر پارێزراو بێت لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەودا، چونکە ئەگەر وانەکات کاتێک کەسانی تر ئەم پلەیە وەردەگرن هەوڵی تۆڵەسەندنەوە دەدەن لە کەسەکە، ئەوەش تێمان دەگەیەنێت، کە لەپیناو پاراستنی خۆی لە داهاتوودا (لە ئەگەری لە دەستدانی پۆستەکەی) پێویستە بەشێوەیەک مامەڵە بکات لەگەڵ کەسانی تردا، کە دادپەروەری لەنێوانیاندا دەستەبەر بکات.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**٢_٢_٨) بنیادنانی جەستەیەکی تەندروست:**

سروشی ژیانی منداڵ پیوستی بە جوڵە هەیە بۆ ئەوەی لە ڕووی جەستەییەوە بە شێوەیەکی تەندروست گەشە بکات. لە کاتی ئەنجامدانی یارییە فۆلکلۆرییەکاندا منداڵەکان پێویستیان بە جوڵە و وزەیەکی زۆر دەبێت، ئەمەش کاریگەرییەکی ئەرێنی دەبێت لەسەر لایەنی گەشەکردنی جەستەیی منداڵەکاندا، گەشەکردن لە لایەک بە شێوەی چەندێتی دەبێت و لە لایەکی تریشەوە بەشێوەی چۆنێتی دەبێت، ئەو دووانە هەردووکیان پێکەوە دەڕۆن. منداڵ ئەندامەکانی لەشی گەشە دەکات، لە هەمان کات ئەرکەکانی ئەو ئەندامانە گەشە دەکەن. (عەوەز:٢٠١٢:١٤).

ئەم جەستە تەندروستەی، کە منداڵ لە ئەنجامی جوڵەی بەردەوامی ئەندامەکانی جەستەیەوە بە دەستی دەهێنێت، کاریگەری ئەرێنی لەسەر لایەنی دەرونی منداڵەکە دروست دەکات، واتە لایەنی جەستەیی کاریگەرییەکی تەواوی بەسەر کەسایەتییەوە هەیە، جیاوازی تاکەکان وادەکات، کەسەکە لە ڕەوشت و هەڵسوکەوتدا جیاوازبن. (دزەیی:٢٠١٠: ٣٩).

**ئەنجامەکان:**

لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیەدا  بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین.

١. پاشگری (انە) ڕۆڵێکی چالاکی بینیوە لە دارِشتنی ناوی یارییە فۆلکلۆرییەکانی گوندی ڕەژوکەریاندا.

٢. ئەنجامدانی یارییە فۆلکلۆرییەکان ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەیە لەسەر گەشەسەندنی لایەنی هزری و دەرونی منداڵەکان، لەم ڕوانگە جیاوازانەدا (گەشەسەندنی بیری منداڵ، باوەڕهێنان بە شکست و هەوڵدان بۆ سەرکەوتن لە داهاتوودا، چاندنی گیانی کێبڕکێ لە دەرونی منداڵاندا، بنیادنانی تاکێکی کۆمەڵایەتی و کراوە لە کۆمەڵگادا، هەست کردن بە گیانی کارکردنی پێکەوەیی).

٣. ئەنجامدانی یارییە فۆلکلۆرییەکان ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەبووە لەسەر بنیادنانی جەستەیەکی بەهێز و تەندروست لای منداڵان، چونکە ئەنجامدانی ئەم یاریانە پێوستی بە جوڵەی بەردەوامی ئەندامە جیاوازەکانی جەستە دەبێت. ئەمەش دەبێتە هەوێنی بنیادنانی جەستەیەکی بەهێز لای منداڵان.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

## سەرچاوەکان:


١. ئەبوبەکر، سەدرەدین نورەدین (٢٠٠٥). بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٢. دزەیی، عەبدولواحد مشیر مەحموود (٢٠١٠). ڕۆڵی زمان لە دەستنیشانکردنی کەسایەتی تاکدا، گۆڤاری زانکۆی سلیمانی بەشی B، ژمارە (٣٠).

٣. ڕەسول، شوکریە (١٩٩٧). ڕێگاکانی کاری مەیدانی فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر.

٤. ڕەسوڵ، عیززەدین مستەفا (١٩٧٠). ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغداد.

٥. ڕەسوڵ، عیززەدین مستەفا (٢٠١٠). لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٦. ڕەسوڵ، عەبدوڵا حسێن (٢٠١٥). دەروزمانی، گۆڤاری زمانناسی، ژ (١٧)، هەولێر.

٧. سۆران، ح. س. (٢٠٠٩). زمان و وێژە و فۆلکلۆری کوردی، چاپەمەنی ئێلێکترۆنیک.

٨. عەوەز، عەباس مەحموود (٢٠١٢). دەروازەیەک بۆ سایکۆلۆژیای گەشە (منداڵی _ هەرزەکاری _ پیری) ، وەرگێڕانی قاسم عەلی عوسمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.

٩. فەهمی، مستەفا (؟). دەرون دروستی چەند لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە سایکۆلۆژیای گونجان، وەرگێرانی، سەلاح ساعدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.

١٠. قەرەچەتانی، کەریم شەریف (٢٠١٥). سایکۆلۆژیای گشتی، چاپی چوارەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

١١. کۆمەڵێک نوسەر، (٢٠٠٩). سەرنجێک لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردییەوە، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

١٢. مستەفا، مستەفا ڕەزا، (٢٠١٩). پۆلێنکردنی مۆرفیمە بەندەکان لەسەر بنەمای چالاکی و سستی ئەمرۆیان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٣. هلبش، جرهارد (٢٠٠٧). طتور علم اللغة (١٩٧٠). ترجمة سعيد حسين بحيري، القاهره.

14. Jodai, H., 2011. An Introduction to Psycholinguistics. *Online Submission*.


## پەراوێز

---

[1] ڕەزوکەریان، گوندێکە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی شاری هەولێر، لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە شارەدێی وەرتێ و قەزای ڕواندز و سەر بە پارێزگای هەولێرە. لەڕابردوودا خەڵکی ئەم گوندە زیاتر سەقاڵی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ کردن بووینە، لە سەرەتادا ژمارەی دانیشتوانی گوندەکە کەم بووە، خەڵکەکەی چەندین جار ڕاگوێزراوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان لە سەردەمی ڕژێمی پێشوی عێراقدا. بەڵام لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩)ی گەلی کورد، خەڵکەکەی جارێکی تر گەڕاونەتەوە بۆ گوندەکەو گوندەکەیان اوەدان کردۆتەوە، لە کاتەوە تا ێستا ئەم گوندە بە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەردەوامی لە گەشەسەندن دابووە. لە ئێستادا لە نزیکەی (٢١٠) ماڵ و (٨٥٠) کەس پێکدێت و خەڵکەکەشی بە پیشە و کاری جیاوازەوە خەریکن.

[٢]. لێرەدا، تیشک خراوەتە سەر شیکردنەوەی ئەو یارییە فۆلکلۆرییانەی، کە منداڵان لە گوندی ڕەژیکەرییان ئەنجامی دەدەن. بەڵام ئەوە بە واتای ئەوە نایێت، کە ئەم یارییانە، لە هیچ ناوچەیەکی تر بەکار ناهێندرێن و تایبەتن بەم گوندە، بەڵکو دەکرێت ەم یارییانە لە ناوچەی تریش بە هەمان شێوە یان بەشێوازێکی جیاواز ئەنجام بدرێن.

## قراءة لسانية للألعاب الفلكلورية لأطفال قرية رەژوکەریان


**الملخص:**

قراءة لغوية نفسية لألعاب الأطفال الفولكلورية في قرية ڕەژوکەریان

الفولكلور يشكل جانبا مهما من المجتمعات المختلفة، يشمل العديد من المجالات والجوانب المختلفة، واحدة منها هي الألعاب الفولكلورية للأطفال. في هذه الدراسة، تمت مناقشة ألعاب الفولكلور للأطفال في قرية ڕەژوکەریان.

في هذا البحث، تم اتباع المنهج الوصفي الحالي، بالإضافة إلى المقدمات والنتائج يتكون البحث من قسمين، يناقش القسم الأول الفولكلور والألعاب الفولكلورية في قرية ڕەژوکەریان، وفي الجزء الثاني يتم تحليل البنية اللغوية المستخدمة من خلال الألعاب الفولكلورية، ومن ثم يتم شرح تأثير الألعاب الفولكلورية على نفسية الطفل. أهم النتائج التي توصلنا إليها في هذا البحث هي: ممارسة الألعاب الفولكلورية لها دور فعال في تطوير الجوانب العقلية والعقلية للأطفال. كان لممارسة ألعاب الفولكلورية دورا فعالا في بناء جسم قوي وصحي للأطفال لأن ممارسة هذه الألعاب تحتاج إلى الحركة المستمرة لأجزاء الجسم المختلفة، وهذا من شأنه يؤدي إلى بناء جسم قوي للأطفال.



**الكلمات الدالة:** *الألسنية، الألعاب الفلكلورية، الطفولة، قرية رەژوکەریان*


## The Psycho-Linguistic Reading of Children Game in (Razhukarian) Village


**Abstract:**

The psycholinguistic perspective for folklore children's games in Razhukarian village Folklore makes up an important side of various societies. It contains many areas and sides, one of the different areas folklore children’s games. This research has shed light on the folklore children’s games in Razhukarian village. We aim to explain the impact of doing folklore games on the physical and psychological sides of children.

A descriptive method is used in this research which consists of two chapters in addition to introduction and conclusion. First chapter clarifies the literature of folklore, folklore and folklore games of Razhukarian village and the second chapter the structure of language in folklore games is analyzed and then the impact of folklore games on the psychological sides of children is explained

We reached a number of results the most important of which are as follows: firstly, doing folklore games plays an important role on the enhancement of children's cognition and psychology. Secondly, doing folklore games have had an effective role on building strong and healthy body for children, because doing such games requires continuous moves of various organs of the body which leads to building strong body for children.

**Keyword:** *Psycho-Linguistic, Folklore Games, Children, (Razhukarian) Village*.

# ناڤێن دەرمانێن كوردی د دەڤۆكا زاخۆدا ژلایێ وشەسازیی ڤە

د. ژیروان سەعید حاجی

پشكا زمانێ كوردی- فەكۆلتییا زانستێن مرۆڤایەتی- زانكۆیا زاخۆ، هەرێما كوردستانێ /عیراق

**پوختە:**

دەڤۆكا زاخۆ تایبەتمەندییا خۆ یا زمانی د گۆڤەرا بەهدینی دا هەیە ،فەرهەنگا زمانی یا دەرمانێن كوردەواری دئەڤێ دەڤۆكا ناڤبریدا تایبەتمەندیی و ناڤێن تایبەت هەنە، د ئەڤێ ڤەكۆلینێ دا هەوڵ هاتییە دان ب شرۆڤەكرنا ناڤێن دەرمانێن كوردەواری د دەڤۆكا ناڤبریدا ژلایێ زمانی و ئەڤ ڤەكۆلینە ل ژێر ناڤونیشانێ (ناڤێن دەرمانێن كوردی د دەڤۆكا زاخۆدا ژلایێ وشەسازیی ڤە )یە و ڤەكۆلین ب شێوەیی مەیدانی و لدویڤ ڕێبازا وەسفی هاتییە ئەنجامدان، ڤەكۆلین دهێتە دابەشكرن لسەر دوو پشكان د پشكا ئێكێدا ب كورتی باس ل دەڤۆكا زاخۆ و شەسازی و ئیدیەمان هاتییەكرن و د پشكا دوویێدا باس ل خوازە و ئیدیەم و شرۆڤەكرنا ناڤێن دەرمانێن كوردی د دەڤۆكا زاخۆدا هاتییە كرن و تێدا ئاماژە ب ئەوان ناڤێن دەرمانێن كوردی یێن ب شێوەیێ ئیدیم دهێتەكرن و لدوماهیێ لیستەیا ژێدەر و ئەنجامان هاتییەكرن.

**پەیڤێن سەرەكی:** *زمان و دیالێكت، دەڤۆكا زاخۆ، دەرمانێن كوردی، وشەسازی، ئیدیەم*

**پێشەكی:**

١- **ناڤونیشانێ ڤەكولینێ:** ئەڤ ڤەكۆلینە ل ژێر ناڤونیشانێ (ناڤێن دەرمانێن كوردی د دەڤۆكا زاخۆدا ژلایێ وشەسازیی ڤە) یە.

٢- **ئەگەرێ هەلبژاردنا بابەتێ لێكولینێ:** ئەنجامدانا ڤەكۆلینان ب شێوەیێ زمانی ل سەر ناڤێن دەرمانێن كوردەواری دكێمن و نەخاسمە د دەڤۆكێن زمانێ كوردی دا، چونكی هەر دیالێكتەك ژ چەندین دەڤۆكان پێكدهێت، ئەڤجا مە ب فەر دیت ئەم ڤەكۆلینێ ل ناڤێن دەرمانێن كوردەواری یێن تایبەت ب دەڤۆكا زاخۆ ڤە بكەین.

٣- **گرنگیا ڤەكولینێ:** گرنگیا ئەوێ د دیاركرنا تایبەتمەندییێن ناڤێن دەرمانێن كوردەواری د دەڤۆكا زاخودایە ژ لایێ وشەسازیی و واتایی ڤە یە .



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

٤- **رێبازا ظـەكولينێ:** ئـەڤ ڤەكۆلينـە ل دويڤ رێبـازا (وەسفى) و ب شـێوێ كـارەكى - مەيدانى هاتيە ئەنجامدان، وەرگرتن و شروڤەكرنا نموونەيان ژ ئاخڤتن و زمانێ خەلكێ سەنتەرێ باژێرێ زاخويە .

٥- **سنورێ ڤەكۆلينێ:** سنورێ لێكولينێ ب ئەڤى شێوەييە :

أ- د ئاستێ وشەسازى (مۆرفۆلۆجى) و واتاسـازييێدا ب تنێ باسـێ ل پێكهاتـەيا نـاڤێن دەرمانێن كوردەوارى وەك ئيديەم د دەڤۆكا زاخۆدا هاتينە باسكرينە.

٦- **كەرەستەيێ ڤەكۆلينێ:** نموونە و كەرەستەيێ ڤەكۆلينێ ژ دەڤۆكا زاخۆ و حەكيم ئانكو دەرمانسازێ دەرمانێن كوردى( عرفان فتاح بەروارى) هاتينە وەرگرتن.

٧- **پشكێن ڤەكۆلينێ:** ڤەكۆلين ژبلى پێشەكى و دەروازەيەكا زمانى و ليستەيا ژێدەران پێكدهێت ژ:

د پشكا ئێكێ ب كورتى باس ل وشەسازى و ئيديەمێ و شێوەيێن دەركەڤتنا ئيديەمان و تايبەتمەنديێن شێوەيێ دەركەڤتن و پێكهاتنا ناڤێن دەرمانێن كوردەوارى وەك ئيديەم ژ لايێ وشەسازيێ ڤە د دەڤۆكا زاخۆدا هاتينە باسكرن، د بەشێ دووييێدا باس ل خوازە و ئيديەم و نموونەيێن ناڤێن دەرمانێن كوردەوارى بۆ خوازەيێ هايتتەكرن.

**دەروازيەكا زمانى: جهێ دەڤۆكا زاخو د ناڤ گوڤەرا بەهدينيدا:**

زمان دياردەيەكا جڤاكى يە و رێكەكە بۆ پەيوەنديكرن و گەهاندنێ، زمان ژ ديالێكتان پێكدهێن و هەرديالێكتەكێ تايبەتمەنديێن خۆ يێن زمانى هەنە و ديالێكت كومەكا سيما و تايبەتمەنديێن زمانى نە يێن تاك تێدا بەشدارن، زمانێ كوردى ژ چەند ديالێكتان پێكدهێت . گوڤەرا بەهدينى سەر ب ديالێكتا كرمانجييا ژوورى ڤەيە و ژ لايێ جوگرافيڤە (ژ باكورێ رۆژئاڤايێ عيراقێ واتە رۆژئاڤا باشورێ كوردستانێيە و سنورێ ئەوێ د ناڤبەرا زێيێ مەزن و كێلەشين دا يە ل سەر سنورێ ئەيرانێ ژ لايێ رۆژهەلاتێڤە و رويبارێ هيزل و سنورێ سوريا ژ لايێ رۆژئاڤاييێڤە و چيايێ مەقلوب ژ لايێ باشوريڤـە هەتا دگەهيتە سنورێ توركيا ژ لايێ باكوريڤە) [عبدالرحمن، ٢٠٠٦] گوڤەرا بەهدينى هەتا رادەيەكێ وەكى ئێكە ب تنێ جوداهى د ئەكسێنت و هندەك تايبەتمەنديێن زمانڤانيدايە، هەر دەڤەرەك ب هندەك تايبەتمەنديێن زم، و ژ هەڤ دهێنە جوداكرن و ژ چەندين دەڤۆكان، وەك (دهوك، سێمێل، زاخو، ئاكرێ، ئامێدى، شنگال) پێكدهێت، بۆ نموونە تايبەتمەنديەكا مۆرفوسينتاكسى د (دەڤۆكا. زاخۆ ) دا، وەك ( ئامرازێ پەيوەندى: ژو، ژێرا) و هندەك فۆرمێن تايبەت، وەك( بەع، پەڤا، چما ،بەيى) لێ هەنە و د دەڤوكێن دى دا يێن گوڤەرا بەهدينيدا نين و ژبلى ئەڤێ هندەك تايبەتمەنديێن دى ژى هەنە. جهێ جوگرافى يێ ڤێ دەڤۆكێ د ناڤ دەڤۆكا گوڤەرا بەهدينيدا ناڤنجييە، چونكـى دەڤۆكا زاخو ژ لايێ جوگرافيڤە دكەڤيتە د ناڤبەرا دەڤەرا بەهدينان و بوتاندا، واتە باژێرێ زاخو (دكەڤيتە سەر سنورێ عيراق و توركيا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلينێن كوردى

و سوریا و ب ١١كم ژ پرا ئیبراهیم خەلیل دویرە و نێزیكترین دەڤەر بۆ زاخو جزیرا بوتانە، ژبەر هندێ دەڤۆكا خەلكێ زاخو پتر بەرەڤ دیالێكتا بوتانیڤە دچیت (حاجی بەدری،٢٠١٩) پێكهاتە و پێكهێنێن دەڤۆكا زاخو ئەڤەنە:

١. سندی.
٢. گولی .
٣. سلێڤانەی.
٤. زاخولی.
٥. كوچەر.

## پشكا ئێكێ: وشەسازی (مۆرفۆلۆجی)

ئاستەكێ زمانی یە و رۆلەكێ چالاك د دروستكرنا پەیوەندیان دا ل گەل ئاستێن دی یێن زمانی دگێریت و چەندین پێناسە ل دویڤ قوتابخانە و رێبازێن زمانڤانی بۆ هاتینە كرن، وەك( زانستەكە ڤەكولینێ ل سەر چاوانییا ئاڤاكرن و یاسایێن ئاڤاكرنا پەیڤان یان پەیڤێن ئیرو د زمانیدا هەین دكەت، كا ل پەی چ یاسایێن زمانی مۆرفیم (سەربەخۆ، بەند) تێكەلی هەڤ دبن و پەیڤێن نوو ئاڤا دكەن)[ محەمەد، ٢٠٠٨] وشەسازی ڤەكۆلینێ ل چەوانییا دروستكرنا پەیڤان د زمانیدا دكەت و جهێ ئەوێ دناڤ ئاستێن زمانیدا ناڤنجی یە، چونكی پەیوەندیان لگەل هەمی ئاستێن دی یێن زمانی دگێریت و رۆلێ ئەوێ ب تنێ ئاڤاكرنا پەیڤان نینە، چونكی د وشەسازییێدا ڤەكۆلین لـ مورفیمان دهێتە كرن و ئەڤ مۆرفیمە دبیت فەرهەنگی و رێزمانی و ئەڤ مۆرفیمە رۆلی د هەمی ئاستان دا دهێتەكرن.

**ئیدیەم:**

یەكەیەكا زمانی یە و (دەربرینێكە واتاكەی جیاوازە لە واتای گشتی پارچە و بەشەكانی و پێكهاتەی ئیدیەم شێوەیی جیاوازی هەیە ) (شوانی، ١٠ ٢٠) دەبڕینەكە ژ وشەیەكی یان پتر پێكدهێت و واتایا ئەوی جودایە ژ وشەیێن لگەل هاتییە و ئیدیەم (لەو تێكەلی و تێكچڕژانەی كە ئاسایی دوو وشە یان زیاتر پێكی دێنن . ئەو واتایەی كە دێتە كایەوە (لە ئەنجامی تێكەلییەوە) لە واتای كەرتەكانەوە یان پەیوەندی ڕێزمانی ئەم كەرتانە پێشبینی ناكرێت )(فتاح،٢٠١٠) ئانكو ئیدیەم تێكەلەیەكە ژ وشەیان كو پێكڤە گرێدانەك د ناڤبەرا بەشێن ئەوێ دا هەیە و واتایەكا دی دویر ژ ئەوان كەرتان ددەن. ئیدیەم (جیاوازە ژ فرێزا ناڤی و هەر فرێز ێك ب تنێ د ناڤ ڕستەیاندا دشێت واتایا خۆ بدەت) (فتاح، ٢٠١٠) و رۆلێ رێزمانی دبینیت و ئیدیەم دشێت ب تنێ ژی بهێت و خودان ڕامان ژی بیت، وەك ئیدیەما (دلسوتی) بۆ كەسەكێ ب خەم و خەفەت و دلێ ئەوی پڕی خەم و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

خەفت دهێتە بکارهینان، هەروەسا ئیدیەم و وشە جیاوازن و (وشە لە مۆرفیمێك یان زیاتر پیکدێت، وشە ژلایێ ڕێزمانی ڤە ژ مۆرفیمەکێ پێکدهێت و ئیدیەم لە چەند وشەیەك یان زیاتر پێکدێت (فتاح، ٢٠١٠) ژ تایبەتیێن ئیدیەمێ ئەڤەنە :

١. یەکەیەکا زمانی یە و ژ لایێ پێکهاتنێ ڤە ب سەر واتایێ ڤەیە، لێ ژ لایێ واتا و مەبەستێ ڤە سەر ب واتاسیێ و پراگماتیکێ ڤە یە.
٢. واتایەکا تایبەت یا هەیە و اتایا ئەوێ ژ کەرتێن ئەوێ بلندترە ئانکو ئاشکەرایە.
٣. ئیدیەم تووشی گوهۆرین و کورتکرنێ ژلایێ دەنگسازی ڤە دبن .
٤. گرێ د ڕستەیاندا ئەرکێن ڕێزمانی دبینیت و دهێتە بەرفرەهکرن و بەروڤاژی ئیدیەم ناهێتە بەرفرەهکرن و خودان واتایەکا تایبەتە.
٥. ئیدیەم جیاوازە ژ وشەیا لێکدراوە، چونکی وشەیا لێکدراو واتایەکا ئاسایی هەیە لێ ئیدیەمی واتایەکا خواستی یە کو ژ بەشێن خۆ جیاواز ددەت، بۆنموونە دلپیس: ئیدیەمە و بۆ کەسەکێ دل خراپ ل گەل دەوربەرێ خۆ یان مرۆڤان بکاردهێت. ( شوانی، ٢٠١٠).

**شێوەیێن دەرکەڤتنا ئیدیەمان:**

١. ئیدیەما ب شێوەیێ (فرێز) دهێت، ئاکو ئێك وشە ژی دهێت
٢. ئیدیەما ب شێوەیێ (وشەیا لێکدراو ) دهێت.
٣. ئیدیەما ب شێوەیێ (ڕستە) یان دهێت (فتاح، ٢٠١٠)

**تایبەتمەندیێن شێوەیێ دەرکەڤتن و پێکهاتنا ناڤێن دەرمانێن کوردەواری وەك ئیدیەم ژ لایێ وشەسازیێ ڤە د دەڤۆکا زاخۆد:** شێوە و پیکهاتنا ناڤێن دەرمانێن کوردەواری د دەڤۆکا دیار کری دا ب ئەڤی ئاوایێ لخوارێ دهێن، وەك:

١. ئیدیەما ب شێوەیێ (فرێز) ئانکو ئێك وشە: ژ ئەڤێن لخوارێ پێکدهێت، وەك:

أ- کومەڵا ناڤی: پێکدهێت ژ ئەڤان یاسایان:

-ناڤ ب تنێ دهێت و ب شێوەیی ڤە ئێك فرێزە، وەك: پیژان ،جاتر "جادرك ،جاترك" رزیان "رزیانك" ، نەعناع، گۆریل (گۆلیل)، مازی، بەنیشت "بێنیشت"،سەلەمەك،حەنزەڵە.

د ئەڤان نموونەیاندا ناڤێن دەرمانێن کوردەواری ژ لایێ شێوەیێ ڤە ئێك وشەیە، لێ وشەیێن (جاتر) ب شێوەیێ (جادرك،جاترك، رزیانك) د دەڤۆکا هندەك ژ (سندی، گولیان )دا دهێت ،کو دەنگێ/ك/ ل وشەیا ناڤبری زێدە کریە، وشەیا (گۆلیل) ب شێوەیێ (گۆریل) دهێت و ئەڤە دیاردەیەکا فۆنۆلۆجی یە و ژ ئەگەرێن فۆنۆلۆجی پەیدا دبیت و دبیتە ئەلۆمۆرفا فۆنۆلۆجی و د دەڤۆکا هندەك ژ (سندی، گولیان )دا، هەروەسا وشەیا (بەنیشت) ب شێوەیێ (بێنیشت) دهێت و ئەڤە د دەڤۆکاهندەك(سندی، گولی، سلێڤانی، زاخۆلی) یان دا دهێت ،کو تێدا دەنگێ/ە/ هاتییەگوهۆرین بۆ /ێ/ .



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٢. ئیدیەما ب شێوەیێ (وشەیا لێکدراو ):

أ- ناڤ + ناڤ = ئیدیەم، وەك ( گیابەند،قەسەل مەحمید ،گول بەیبین، گیا زاڤا (زاڤاك)، تێهناڤك، گیاقولنج، گیابەلاڤۆك، گیانوژدار، گول هێر، گوشبەرخ، مازیا شین، کەرکول، دار کەنار(کنێر).

د ئەڤان نموونەیاندا دوو ناڤ پێکڤە هاتینە و ئیدیەم دروستکریە و ئەڤە د گشت دەڤۆکا زاخۆدا دهێت، لێ نموونەیا (دارکەنار) دبیتە (دار کنێر)، کو ژ ئەنجامێ هۆکارێن فۆنۆلۆجی پەیدا دبوویە و شێوەیێ (دار کەنار) تایبەتە ب دەڤۆکا هندەك (سندی، گولیان ) ڤە و ئیدیەما (گیا زاڤا، تێهناڤك) ب شێوەیێ (گیا زاڤاك، تێهناڤك) دهێت ئەڤە تایبەتە ب دەڤۆکا هندەك سندی، گولی) یان ڤە، کو دەنگێ /ك/ لێ زێدە کریە و ئێك ژ تایبەتیێن دەڤۆکا سندی و هندەك گولیان ڤە دەنگێ /ك -ۆك/ ل ناڤێن گشتی و تایبەت زێدە دکەن، وەك /کچ-کچك- کچکك- کچکۆك

کوڕ- کوڕکك- کوڕکوك

لاڤا- لاڤاك، لاڤۆك

ب- هەڤاڵناڤ+ناڤ= حەڤت دەرمان.

د ئەڤێ نموونەیێدا هەڤاڵناڤ لگەل ناڤی هاتییە و ب شێوەیێ وشەیا لێکدراو دەرکەڤتییە و ئەو ب خۆ پێکڤە ئیدیەمەو بەشێن ئەوێ پێکڤە گرێدایـنە و ناهێنە دابەشکرن .

ج- ناڤ + ناڤ+پاشگرێ(ۆك-ەك)، وەك: گیا ڕەشەك، گیا وەرینۆك، گیا ددانۆك.

د ئەڤان ئیدیەمان دا ب شێوەیێ وشەیا لێکدراو هاتییە، کو پاشگرێن (ۆك،ەك) ل دوماهییا ئیدیەمێ هاتییە و ئەڤە ژ تایبەتمەندییێن دەڤۆکا(سندی، گولی ) یانە، کو ئەڤان دوو پاشگران ل زۆربەیا وشان یێن سادە و نەسادە زێدە دکەن .

د- ناڤ + ئامراز + ناڤ (هەڤاڵناڤ)+ئامراز=ئیدیەم، وەك: تۆڤێ کنێرێ(کەنارێ)، بەلگێ کەزوانێ، تۆڤێ گەزینکێ،بەریا مازی ،ڕهاسوسێ ،بەلگێت گوهیشکان، بزرا بەنیشتی، ڕها سیسێ، رها روویناسێ، بەلگێ هەڤرستێ ،شیرێ هێژیرێ ، بەنیشتێ بەنوکێ، بەرکێت شویناکان، بەرکێت قاجان، کولیلکێت ئاداری، کولیلکێت نیسانێ، ڕزیانکا هشك .

د ئەڤان نموونەیاندا ئیدیەم ب شێوەیێ وشەیا لێکدراو هاتینە، کو ئەو ئامراز ل هندەکا نیشانا (ێ –ێ ) یە، وەك (تۆڤێ کنێرێ ،...هتد) و ل هندەکان نیشانا (ا- ی،ێ) هاتییە، وەك(بزرا بەنیشتی،رها روویناسێ،...) و ل هندەکا نیشانا (ێت، ان) هاتییە،وەك (بەرکێت شویناکان،...هتد) و ئەڤە د گشت دەڤۆکا زاخۆدا دهێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ح- ناڤ+هەڤاڵناڤ=ئیدیەم وەك: گیا گەورە .

ئەڤ نموونە ژلایێ پێکهاتنێ ڤە ژ ناڤی و هەڤاڵناڤی پێکدهێت ئەو ژی (گیا+گەورە) و بەشێن ئەوێ ژئێکڤەنابن و پێکڤە گرێداینە و ئیدیەما (گیاگەروە) دروستکریە.

ج- ناڤ+ئامراز+هەڤاڵناڤ= ئیدیەم، وەك :هنارا ترش، تۆلەترش، نێر وبەند.

د ئەڤان نموونەیان دا ناڤ و ئامراز و هەڤاڵناڤ هاتییە و لڤێرە ئامراز جیاوازان، وەك(ا، ە، و) هاتییەو ئیدیەما ب شێوەیێ وشەیا لێکدراو دروست کریە و ئەڤە د گشت دەڤۆکا زاخۆدا دهێت.

خ- هەڤاڵناڤ+ ئامراز+ناڤ+ ئامراز، وەك: ترشۆکا ماران.

ئەڤ ئیدیەمە ژ لێکدانا هەڤاڵناڤێ(ترش) و ئامرازا (ۆك) لگەل ناڤێ (مار) و لگەل ئامرازێ (ان) هاتییە و ب شێوەیی ڤە لێکدراوە.

ژ- ئیدیەما کاری: دووبارەبوونا ڕەگێ کاری + پاشگرێ (ك)، وەك: گەزگەزك ز

ئەڤ نموونە ژ دووبارەبوونا ڕەگێ کاری ولگەل پاشگری دروست بوویە و ئیدیەما ب شێوەیێ وشەیا لێکدراو دروست کریە .

ز- ناڤ+کار=ئیدیەم، وەك: هەییدان(هەنگەدان)

ئەڤ ئیدیەمە ب دوو شێوەیان دهێتە گوتن و هەردوو شێوە د دەڤۆکا گشت زاخۆدا دهێنەبکارهینان .

هـ- ئیدیەمێ ب شێوەیێ ڕستەیان دهێت، وەك :

١. پرچێ گەنم شامییان
٢. بەلگی دارا بێکوانێ
٣. کانییا ئاڤا زەرکێ
٤. دوینگێ پەزی و شەما.
٥. توویتن و توڤچا
٦. دەرمانێ دەڤ کولیێ
٧. بەلگێت گولا رویلێ
٨. دوهنێ دارا سپینداری
٩. پرتەکا دارێ کەزوانێ.

د ئەڤان نموونەیان دا ئیدیەم ب شێوەیێ ڕستەیان هاتیینە، چونکی پتر ژ دوو وشەیێن لێکدراو پێکدهێن .



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**پشکا دوویێ: خوازە و ئیدیەم:**

ئیدیەم پێکهاتەیەکا زمانی یە و هەڤبەشە د ناڤبەرا واتاسازیێ و پراگماتیکێ دا و ل ئەڤێرێ دێ ژلایێ واتاسازیێ ئاماژێ بکەت ،چونکی د ئیدیەمێن د ئەڤێ ڤەکۆلینێ دا ناڤێن دەرمانێن کوردەواری وەك گیا خۆیا دبن و بۆ تشتەکێ دی هاتییە بکارهینان، مەبەست ژ و(خوازەیێ) ئەوە، کو (مەرج نیە لە ئەرك و شێوە لە یەك بچن، بەلام مەرجە پەیوەندییان بە یەکەوە هەبیت خوازە کواستنەوەی واتای وشەیەکی تر لەسەر تەوەری ئاسوی) (دزەیی،٢٠١٠)، بۆ نموونە: دووشت کە یەکێکییان لە ناو ئەوەی ترییانەوە بێت زۆر جار بە ناوی شتەکەی یەکەمەوە دووهەم ناوە دەبرێت بۆ نموونە:(قوتابی ) و (قوتابخانە) (دزەیی،٢٠١٠) و پێدڤی یە د خوازەدا پەیوەندی دناڤبەرا واتایا گووتی یان بکارهاتی و واتایا مەبەستدار دا هەبیت ،وەك د ئیدیەمێن لخوارێدا، کو ناڤێ گیایە وەك دەرمان دهێنە بکارهینان و پەیوەندییا ئیدیەمێ ب واتایا مەبەستدارڤە هەیە د ئەڤان ئیدیەمان دا ئەم نەشێن وشەیەکی ژ یا دی ڤەکەین، چونکی دێ واتا و مەبەست لێ تێکچیت بۆ نموونە ئەگەر وشەیا (گیا) ژ (قولنج) ڤەکەین دێ هەر ئێك واتایەکا جیاواز ژ ئیدیەما (گیا قولنج) دەت، گیا دێ ب واتایا ڕووەك هێت و قولنج دێ ب واتا کێلەك یان پشت دهێت و ئەڤە دویرە ژ واتایا ئیدیەمێ، کو واتایا (گیا قولنج) وەك ئیدیەم خوازەیی یە و مەبەستەکا دی ددەت، کو گیایەکە ل زۆزانان شین دبیت و دهێتە بکارهینان وەك دەرمان بۆ چارسەریا نەخۆشیا شەکرێ، هەبوونا پارچەیەکێ ژ ئیدیەمێ هەبوونا ڕامان و مەبەستا ئەوێ ب هێز و ب ڕامانێ دیار دکەت و هەر دوو بەشێن ئێدیەمێ تەمامکرێن هەڤن، ئانکو خوازە و ئیدیەم پێکڤە گرێداینە ،چونکی ئیدیەم دهێتە دروستکرن و پاشی مەبەست وواتا دهێتە ئارا و ئەڤە دبیتە خوازە وەك د نموونەیێن لخوارێ دا:

- گیا قولنج:هشك دکەن و دهێرن و تێکەل دکەن لگەل سوکەر نەبات و بۆنەخۆشیا شەکرێ بکاردئینن. .
- گیا بەلاڤۆك: هشك دکەن و دهێرن و لگەل دوو وسێ دەرمانێن دی بۆ گولجیسکا بکاردئینن..
- پیژان: هشك دکەن و دهێرن بۆ ئێشانا گەدیی یێ کول بکاردئینیت و بۆ ئێشا پیس (شێرپە نجێ) و بۆ کۆرۆنایێ بکاردهێت. .
- گەزگەزك: هشك دکەن و دهێرن بۆ قۆلۆنی و بۆ ئیشا شێرپەنجە و گەدەیی بکاردئینن..
- گول هێرو: هشك دکەن و دهێرن و لگەل لیترەکا شیرێ پەزی دکەلینن ب شەڤی و داهێلن و ل سپێدێ دێ ڤەخۆن بۆ نەهێلانا حەساسیێ و کوخکێ بۆ بچیك ومەزنان بکاردهێت و رها گول هێروێ ب هەمان شێوە بۆ نەخۆشیا پرۆستاتان باشە. .



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- حەڤت دەرمان :حەڤت دەرمان تیکل دکەن هشکن و دهێرن بۆ پدیان وحەساسیا گەوریێ (هنار، مازی وحبە سوداو قرنفل و) پیڤانا وان هناران و مازی پتر بن و ییێن دی کێمن و بۆ گەدەیی ژی باشە..
- گیا بەلاڤۆك: تێکەلی کەرەستەیەکێ دی دکەن و دهێرن تورزکا سپی یە و بۆ سپیکرنا ددانان بکاردهێت..
- جاتر(جاترك): بۆ گشت ئیلتهاباتان و مەژیی هوشیار و کارا دکەت، هەکەر سپێدەهیان کەڤچکەکی بکەیی دناڤ ئاڤێ دا و ڤەخۆی دێ زۆر بهێز و شیان و هوشیار بی و هەروەسا دنا ڤ ئاڤێدا ئەوێ دکەلینن بۆ گەدەیی باشە و دکەن دنا کوتل دەوکێ (دەوی) دا. .
- گیا ددانۆك ب توف ڤە: توزێکا سپی یە هشك دکەن و دهێرن و لینرەکا ئاڤی دێ کەت سەر و شەڤەك و رۆژەکان مینیت و دێ ڤەخۆت وبۆ بەرکێ کلیان دحلینیت. .
- تیڤلێ پرتەقالێ: هشك دکەن و دهێرن و تێکەل دکەن لگەل دوو وسێ دەرمانین دی بۆ قولونی.
- کەرکول: گیایەکە وەك ژەهرێ یە وەختێ پەز دخۆن پێ دمرن..
- پرچێ گەنم شامی: هشك دکەن و دهێرن و تێکەلی دەرمانێ حەلاندنا بەرکا دکەن و پیچەك گوهیشکان پیچەك چاترێ دبیتە تێکەلە بۆ حەلاندنا بەرێ کلیان بکاردهێت و هەروەسا ئەو زارۆکێن دمیزن ب خۆڤە ئەو ژی ب کەلاندنا ڤی پرچێ گەنم شامی و ڤەخوارنا وێ ژلایێ زارۆکان ڤە. .
- تۆڤێ کنێرێ (کەنارێ): رەنگێ ئەوی رەشە و هشك دکەن و دهێرن، هەر دەرمانێ کوردی یی چێدکەن دوو سێ بەلگێن ئەڤی بکەن دناڤ دا پتر ئەو دەرمان ب هێز دکەڤیت و شولێ خۆ دکەت وهەروەسا ئەڤی تۆڤی دهێرن و بۆ نەخۆشیا شەکرێ باشە، چونکی تەحلە و هەکە بکن دناڤ هنگڤینی دا بخۆن بۆ گەدەیێ کول باشە و بکاردئینن. .
- مازیا شین: هشك دکەن و دهێرن بۆ نەهێلانا ئێشانا ددانا بکاردئینن. .
- گیا گەورە: هشك دکەن و دهێرن و ب (دوژمنێ سوکری)یێ دهێتە ناڤکرن، بۆ قولونێ گەدەیی ژی باشە ناهێلیت بئێشیت .هەروەسا وەختێ ماری ب پەزی ڤە دابا دا ئەڤی گیایی لسەر پارچەکا پەرۆکەکی دانان و ل ئەوی جهی دەن هەتا رۆژکا دی، دا ئەوێ ژەهرێ کێشیت و ساخ بیت. .
- بەلگی دارا بێکوانێ: هشك دکەن و دهێرن و تژی کەڤچکەك چایێ دکەن د ناڤ گلاسەکا ئاڤێ دا و پیچەکێ دهێلن و پاشی دێ ڤەخۆت بۆ بێهن فرەهیێ باشە و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەمارێن دلی ڤەدکەت و بۆ گەدەیی ژی باشە و هەروەسا دا قوتن و هێرن دانن لسەر قوینلێران(قوینێران). .

- گیا زاڤا (زاڤاك): ب کەڤران ڤە یان لبەر سیلاڤێن ئاڤی چێدبیت هشك دکەن ودهێرن بۆنەهێلانا میزا بچویکا باشە و ئیلتهاباتان و ئێشانا گەدەیی بکاردهینن..
- بەلگێ کەزوانێ: دێ کەلینن و ڤەخۆن بۆ دەمەکی ٢٠ رۆژان بۆ ئێشانا پشتێ باشە
- رها سوسێ: هشك دکەن و دهێرن و دکەلینن و ڤەدخۆن بۆ هبوگێ باشە بەس هەکەر کەسەکی نەخشیا بلند بوونا پەستانا خوینێ هەبیت نابیت ڤەخۆت و ئیلتهابا گولجیسکان باشە. .
- دار کەنار (کنێر): دا داری سۆژن و ئەو ئاڤا ژێ دهات دێ ل جهێ بیرۆڤ لێ دەن و دێ بیروڤا ساخ بیت..
- کانییا ئاڤا زەرکێ: ل باتیفا هەیە، ئاڤا وێ بۆ نساخیا زەرکێ دئێت بکارئینان
- قەسەل مەحمید، گیایەکە ل زوزانا شین دبوو بۆ زک ئێشانێ بکاردئینا و بۆ دەما مار ب گیانەوەرەکی ڤەدت بکاردئینانا.
- ترشۆکا ماران: ب تەڕی د قوتن و لسەر کولکان دهاتە بکارهینان و دا پەڤینیت و ساخ بیت و هندەکان پشتی ئەڤی دەرمانی بزرا بەنیشتی ژی وەك دەرمان ددانات لسەر وی جهی ڤە.
- بێنیشت(بەنیشت): بۆ برینا بکار دهینا.
- توویتن وتۆڤچا :بۆ کولبینا چاڤا و ئێشێن چاڤا د نماندن و ددانان ل سەرچاڤان.
- هنارا ترش: دلێ کەسەکێ نەچووبا خوارنێ ل ئەوی دەمی دابێژن هنارێن ترش بخۆ.
- هنگڤین و باهیف: بۆ دل ئێشانێ پێکڤە تێکەل دکەن و دخۆن.
- ئاڤا بەلگێت گوهێژا و ئاڤا جەهی: بۆ کلیان و بەرکێن کلیان بکاردهینا.
- تێهناڤك: بۆ معیدی و بۆ ناف کوتل دەوکێ، بۆ زکچوونی بۆ زارۆکان دکەلاند و سەرێ زارۆکان پێ دشویشت..
- نەعناع :دکەلینن بۆ گەدەیی باشە.
- گول بەیبین: دێ کەلینی و ڤەخۆیی بۆ ددانا و نەهێلانا ئەلتیهابێ باشە.
- هەیدان (هنگەدان): بۆ بایی و بایهنك بکەڤتە قولونێ و معیدی و رێڤیکا و زکچوونێ
- تۆڵەترش: بۆ نەهێلانا کرمان د گەدی دا و ڕێڤوکا و زك ئێشانێ بکاردهات.
- پیژان: بۆ گەدەیی و زکچوونێ دهاتە بکارهینان وهشك دکرن دقوتن و دهێرن و دخۆن.
- بەلگێت گوهیشکا: دکەلینن و ئاڤا وێ ڤەدخۆن بۆ گەدەیی باشە..
- گۆلیل، گۆریل :ئارکێ وێ دکن سەر کولکا دەمێ ناڤ تبلێن پی کول دبن. .



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- مازی: هشك دکەن و دقوتن و ئارکێ وێ ل پاتەکێ موخل دکەن و ئەوا تێدا دچیت دکەن دناڤ ماستی دا و دخون و بۆ زکچوونێ بکاردهینان..
- دوینگێ پەزی و شەما: پێکڤە دقوتن و بۆ جهێن سووتی بکاردهینان.
- بەنیشت (بزرا بەنیشتی): دێ کن ئامانك سفری دا و دێ سوژیت و رەنگی وی سپی دبیتو پاشی دا سار بیت و رەق بیت و پاشی د قوتن و هویر هویر دکەن بۆ برین و جهێن کول رۆژێ سێ جاران دهاتە بکارهینان..
- بەنیشت و شەما: پێکڤە د حەلینن و شەما هنگڤینی کەنێ و دبوو ملحەم بۆ دەست و پییان دهاتە بکارهینان.
- رها روناسێ: گیایەك هشك دکەن و پاشی دقوتن و بۆ کوللك وباخوینان دهاتە بکارهینان کو ئەو کولك د پەقیاند و ساخ دکر.
- بەلگێت گولا رویلێ :بۆ هەڤسەنگیا نەخۆشیا شەکرێ دهێتە بکارهینان و ئەو ژی دکن دناڤ ئاەکا تێهن و شیردا و پیت خۆ دکەن دناڤ دا و بۆ ماوەیێ سێ دەمژمێران دهێلن د ناڤدا و باشترە ئەڤ پرۆسێسە ل بەر هەتاڤێ بیت.
- بەڕیا مازی: خوارنا وێ بۆ ئێشا شەکرێ یە.
- تۆڤێ گەزینکێ: بۆ ڤەکرنا دەمارێ سەری یێن تەب لێ ڤەدکەت ئەو ژی ئەڤی گیایی تێکەلی هنگڤینێ ڕەسەن و دوشاڤا تری یا ڕەسەن دکەن و دخۆن و سپێدێ و ئێڤاری دێ خۆت.
- بەرکێ هەڤرستێ: هشك دکەن و دهێرن و تێکەلی هنگڤینی دکەن و دخۆن بۆنەخۆشیا هەستیاریا پیستی دهێتەبکارهینان.
- گیا نوژدار: هشك دکەن و دهێرن و بۆ گەدەیی دەمارێن گرتی یێن دلی و نەهێلانا کولسترولا بلندا خوینێ و پرۆستاتان و گەدەیی بکاردهینیت و لاواز بوون و سوتنا دوهنێ کرشی بکاردهێت.
- گیا ڕەشەك: هەمان کارێ گیا نوژاری دکەت لێ تەحلترە ژ گیا نوژداری و خەلك پتر گیا نوژداری حەژێ دکەن چونکی شرینە..
- سەلەمەك: هشك دکەن و دهێرن و ژ تورکیا دئینن، بۆ لاوازبوونا مرۆڤی و بواسیرێ و نەهێلانا گرییێن دناڤ لەشێ مرۆڤی دا بکاردهێن و ئەگەر کەسەکی کلیێن ئەوی کول بن نابیت ڤەخۆت..
- گوشبەرخ: هشك دکەن و دهێرن و بۆ نەخۆشیا پروستاتان و پەنچە شێرێ .
- حەنزەلە: وەکی باجانا سورە ژ ئاکرێ دهینن و بەرکێن وی دخۆن بۆ نەهێلانا ئێشانان گەدەیی و نەخۆشیا سەکرێ و تیڤلی و هشك دکەم و دهێرم و و لگەل دوو کەڤجکەکێ ئاری دکەم هەڤیر بۆ دەولی و جهێ ئێشان تێدا و هەکەر بنێ پێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کەسەکی بئێشیت دێ لگەل چاترێ و پینگێ چولێ کەلینین و نەخۆشێ شەکرێ دێ پێن خۆ کەت تێدا..

- رزیانکا هشك: دێ لگەل شەکرێ هێرن و بۆ ئێشانا گەدەیی بکاردهینا. .
- بەلگێ گوهیشکێ: بۆ کلیان دهێتە بکارهینان و دناڤ ئاڤێ دا دکەلینن و پاشی ئەوێ ئاڤێ ڤەدخۆن ڕۆژێ دوو جارانڤەدخۆن..
- شیرێ هێژیرێ: بۆ نەهێلانا بهلیلکان بکاردهات. .
- دوهنێ دارا سپینداری: بۆ بیروڤێ بکاردهات. .
- ڕحوك: تۆزەکا ب ڕەنگێ مۆرە دکەن دناڤ ئاڤێ دا بۆ چاڤ کولیا زارۆکان دهاتە بکارهینان..
- بێوك و دوشاڤ: تێکەل دکەن و دهێرن  بۆ زێدەکرنا خوینێ دهێتەخوارن..
- بەرکێت قاجان: دکەلاندن یان هشك دکرن بۆ گەدەیی بکاردهینان..
- بەرکێت شویناکان: هشك دکەن و پاشی  دهێرن و جهەك کولبا پێوەردکرن..
- گیا وەرینۆك :د شویشتن و دا دقوتان و د دەینانە سەر چاڤێ کول ل شوینا ملحەمی. .
- جاتر"جاترك": دهاتە کەلاندن و ئاڤا ئەوێ ل دەڤ و ددانان  دوەردان ل دەمێ کولبوونێ. .
- ڕها سیسێ: ئەوا لبەر خابیری شوین دبیت  دهاتە کەلاندن و بۆ کلیان و زەرکییێ بکاردهینان. .
- کولیلکێت ئاداری (ئاداریك) :دهاتنە قوتان بۆ ژانێ ددانان لسەر پشتێ و جۆکا. .
- کولیکێت نیسانێ (نیسانیك) دهاتنە قوتان و ددانان لسەر پارچەکا پاتەیی (پەڕوك) و ددانان لسەر جۆکان و جهێ لێ دهاتە دانان پیچەکێ کول دکر و ژان ل وی جهی نەدهێلا..
- نێر و بەند: دهاتەقوتان و لسەر پارچە چاپۆنەکی (پەڕوك) دهاتە دانان  بۆ ژانێ لسەر برپرێن  پشتێ و بایی  دهاتە دانان. .
- شەما پیچەك بەنیشتێ بەنۆکێ دکرنە دناڤدا و دقوتان و لسەر برینان دهاتە دانان و پێ دهاتە پاقژکرن و ل جهێ دیتولا ئەڤربوو..
- گیا بەند: بۆ نەخۆشییا شەکرێ یە و گەدەیی، دهێتە کەلاندن و پاشی ئاڤا ئەوی دهێتە سەفاندن و هەتا سار دبیت ڤەدخون و رۆژێ دوو پەیالان ڤەدخۆن ئێك ل دانێ سپێدێ  و ژ ئەخرینی و دوو ب شەڤێ بەری بنڤیت. .
- بەرکێت هەلهەلوکێ: دقوتن و دهێرن بۆ قولونێ و بەرکێت کلیان و گەدەیی بکاردئینن. .
- بەنیشتێ کەزوانێ: بۆ قولونێ و گەدەیی دهێتە بکارهینان.
- مازی: بۆ نەهێلانا ئێشانا ددانی بکاردهات و دا قوتن و هێرن و لسەر ددانی دانن. .



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- گول بەیبین: دا هشك كن و هێرن و بۆ ئێشانا گەدەیی و قولونێ و زكی بكاردهینان .
- دەرمانێ دەڤ كولیێ:تیڤلێ هنارا شیرین و جاترێ و شەبا سپی و مازیێ و زنجەبیلێ و سماقێ خوی و دێ تیڤلێ هنارێ هشك كەت و پاشی قوتت و دێ كەرەستەیێن دی ب برەكێ كێم لگەل تێكەل دكەن و د هاونی دا دقوتن و پاشی ل مخولێ دكەن و دێ ل جهێ كول ڤەكەن.

**ئەنجام:**

لدوماهییا ڤەكۆلینێ ئەم گەهشتینە ئەڤان ئەنجامان :

١. ئیدیەم ب شێوەیێ ئێك وشە ژی دهێت
٢. ناڤێن دەرمانێن كوردەواری ددەڤۆكا زاخۆدا هەتا ڕادەیەكا هەمان ناڤ لنك هەمی پێكهاتەیێن دەڤۆكا ناڤبری دهێت، چونكی ژێدەرێ ئەڤان دەرمانان زوزانێن كوردانن.
٣. دەرمانێن كوردەواری ژێدەرێ ئەوان گیاییێن سروشتی نە.
٤. ناڤێن دەرمانێن كوردەواری وەك ئیدیەم ب هەمی شێوەیان ڤە خۆیا دبن.
٥. ئیدیەمێن ناڤبری ژلایێ واتایی ڤە خوازەیی، كو ناڤێن گیا و گولان هاتینە خوازتن بۆ دەرمان و چارەسەریان
٦. ناڤێن دەرمانێن كوردی ژ هەڤ ناڤەبن و بەشێن ئەوێ پێكڤە گرێداینە.
٧. پتریا ناڤێن دەرمانێن كوردەواری ل سنوورێ پارێزگەها دهوكێ وەكو ئێكن و بتنێ جوداهی د كارهینانێ دایە، چونكی ژێدەرێ دەرمانان دەڤەرێن زۆزانێن كوردانن.

**لیستەیا ژێدەران:**

**١. ب زمانێ كوردی :**

**أ- پەرتوك ب زمانێ كوردی:**


١. فتاح،محمد معروف، (٢٠١٠)، لێكولینەوە زمانەوانییەكان، ك: خۆشناو،شێروان حسێن– قادر، شێروان میرزا، چاپی یەكەم،چاپخانەی ڕۆژهەلات ،هەولێر،،١٦٩، ١٦٧،١٧٣ .
٢. شوانی،رفیق، (٢٠١٠)،وشەسازی زمانی كوردی لێكولینەوەیەكی پراكتیكیە،چاپی یەكەم،چاپخانەی نینە،هەولێر،١٢٩،١٢٩- ١٣٠ .
٣. حاجی بەدری،ژیروان سەعید،(٢٠١٩)،تایبەتمەندیێن فۆنۆلۆژی و ڕێزمانی د دەڤۆكا زاخۆدا،چاپا ئێكێ،سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی .
٤. دزەیی،عبدالواحد مشیر، (٢٠١٠)،واتاسازی وشە و ڕستە،چاپی یەكەم،چاپخانەی ڕۆژهەلات،هەولێر،184 ,١٨٤.


**ب-نامەیێن ئەكادیمی:**


١. محەمەد،سەڤان جەمیل،(٢٠٠٨)، مۆرفیما (-ا) و تایبەتمەندیێن وێ د كرمانجیا ژۆریدا، ناما ماستەرێ، كولیژا ئادابێ، زانكۆیا دهوك،٤٥.

ج- پەرتوک ب زمانێ عەرەبی:

٢. عبدالرحمن ،بشير سعيد، (٢٠٠٦)، بهدينان و عشائرها (دراسه تاريخيه)، تقديم: مراد،خليل على مراد – شعيب ،رزق عبد المنعم، الگبعه الاولى، مگبعه خانى – دهوك،٢٨.اسماء ادوية الكوردية في لهجة المحلية زاخو من الناحية الصرفية

## پاشکو:



(توڤێ کندە)



(کەزان بەلگ)



(پیژان)



(گیایێ ددانان)



(ڕهاسوسێ)



(فاچ)



(گیابەند)



(گوشت بەرح)



(حەڤت دەرمان)



(مازی)



(پرچاشامێ)



(گیازاڤان)



(گولێل)



(بەلگی گوهێشکێ)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی



(بێوکانه)



(تەحلی تۆز)



(گولا هێرو)



(نێرو بەند)



(هەلوك)



(گیاگەور)

## اسماء ادوية الكوردية في لهجة المحلية زاخو من الناحية الصرفية


الملخص:

تتميز لهجة زاخو بخصائصها الخاصة في لهجة البهدينانية،تتميز قاموس اللغوي للادوية الكوردية في هذة الهجة المشارة اليها بخصائص و اسماء خاصة بها و حاولت الباحثة في هذة الدراسة تحليل اسماء الادوية الكوردية من ناحية اللغوية و هذة الدراسة بعنوان (اسماء ادوية الكوردية في لهجة المحلية زاخو من الناحية الصرفية) و الدراسة تمت حسب المنهج الوصفي و بشكل ميدانى و الدراسة تتضمن فصلين حيث الفصل الاول يدرس بها ملخص عن الهجة زاخو و علم الصرف و الايديوم و الفصل الثاني يدرس فيها الاستعارة و الايديوم تحليل أسماء الادوية





Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

الكوردية في لهجة زاخو من الناحية الصرفية و يفرق فيها بين الاسماء و الايديومات و في النهاية نتوصل الى النتائج.

**الكلمات الدالة:** *الغة و الهجة، لهجة زاخو ،الادوية الكوردية، علم الصرف، الايديوم*

**The names of Kurdish medicines in the local dialect of Zakho from a morphological**

**Abstract:**

The Zakho dialect is characterized by its own characteristics in the Bahdinani dialect. The linguistic dictionary of Kurdish medicines in this dialect is distinguished by its own characteristics and names. In this study, the researcher tried to analyze the names of Kurdish medicines from a linguistic point of view, and this study is entitled (Names of Kurdish medicines in dialect). The local Zakho morphologically) and the study was carried out according to the descriptive approach and in a field manner. From the morphological point of view, differentiating between nouns and ideoms, and in the end we reach the results

**Keywords:** *language and dialect, Zakho dialect, Kurdish medicine, morphology, idium*

# ئەرک و گرنگی لادانە زمانییەکان لە دەقی فۆلکلۆری کوردیدا
# (داستان و پەندی پێشینان بە نموونە)

پ. ی. د. صافیە محەمەد ئەحمەد

م. سۆران عەبدولرەحمان حەمەد

زانکۆی ڕاپەڕین- هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە:**

ئەدەبی فۆلکلۆر هەر وەک جۆرەکانی تری ئەدەبی نووسراو و میللی و ...هتد، لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە، خاوەن مۆرکێکی ڕەسەنە، هەر ئەمەشە جیایکردۆتەوە لە جۆرەکانی تری ئەدەب و نرخ و بەهای تایبەتی خۆی هەیە. ئەگەر بە وردی سەرنجی دەقەکانی نێو ئەدەبی فۆلکلۆر بدەین، کە هەڵقووڵاوی داب و نەریتی ڕەسەنی کۆمەڵگا و ڕەنگدەرەوەی شێوەی ژیان و باری گوزەران و شارستانیەتی ئەو سەردەمەیە و لە چەند شێوازێکی ئەدەبی جیا و ژانری هەمەجۆر دارێژراون، وێنەیەکی واقعی لە ژیانی ئەوکاتە پیشانداوە، لە ململانێی هێزی شەڕ و خێر و پاڵەوانی و قارەمانیەتی گەل، پەنجەی خستۆتە سەر کەموکوڕی کێماسیەکانی کۆمەڵگا و پەردەی لەسەر چەندین دیاردەی ناشیرینی ناوکۆمەڵگا هەڵداوەتەوە، پارێزگاری لە هێڵەسورەکانی ئایین و کۆمەڵگا و داب ونەریت کردوە و سنورەکانی پاراستون.

یەکێک لە خاسیەتە جیاکەرەوەکانی زمانی ئەدەبی فۆلکلۆر سادەیی و ئاسانی دەربڕین و تێگەیشتنیەتی، چونکە بەرهەمی گەلە و بۆ گەل وتراوە بەڵام زمانەکەی لە سیما و ئەدگاری ئەدەبی بەهێز بەدەر نیە و لادان وەک بنەمایەکی شێوازی ئەدەبی و پێکهێنەری شیعرییەتی دەق، لە چنینی دەقە فۆلکلۆرییەکان بە چەندین جۆری هەمەڕەنگ دەردەکەوێت.

ئەم توێژینەوەیە لە سنوربەندی ئەم کۆنفراسە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ئەرک و گرنگی لادان لە دەقە فۆلکلۆرییەکان و پەندی پێشینانی کورد و داستانی کوردی وەک نموونە وەرگرتووە؛ لەبەرئەوەی ئەو لادانە زمانییانە بوونەتە بناغەیەک بۆ ئەدەبی نوسراو و لەلایەکی تریش ناتوانرێت جۆرەکانی تری لادان– لەڕووی بونیاد و ناوەڕۆکەوە- لە دەقی ئەدەبی فۆلکلۆریدا باسیان لێوە بکرێت، چونکە سەرەتا و دەستپێکی ئەدەبی کوردیمانە و دەقی ئەدەبی کۆنترمان نیيە، پێی بەراورد بکەین لە بڕیاردان و دیاریکردنی جۆری

لادانەکان؛ بۆیە دوو تەوەر لە خۆدەگرێت، تەوەری یەکەم: باس لە زمانی دەقی فۆلکلۆری بە گشتی و لادان وەک بنەمایەکی سەرەکی شێوازی ئەدەبی دەکەین.

تەوەری دووەم: تـــایبەت دەکەیـــن بە هەمـــوو ئەو جـــۆرە لادانە زمانییـــانەی، کە لە مەزراندن و چنینی ئەو دوو ژانرە بەرچاو دەکەون، لە کۆتایشدا ئەنجامەکانی تـوێژینەوە و ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێ بینراوە خراونەتەڕوو لەگەڵ پوختەی تـوێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**پەیڤێن سەرەکی:** *دەق، فۆلکلۆر، لادان، پەندی پێشینانی کورد، داستان.*

---

**پێشەکی:**

زمـــان بنچیـــنەی دروســـتبوون و لە دایکبـــوونی دەقە، پـــردی بەیەکبەســـتنەوەی خوێنەر(وەرگر) و نێرەریشە، چونکە نووسەر تاکە ئامرازی بۆ دەربڕین و چنینی بیر و هزری زمـانە و خـوێنەر- وەرگـریش هەر لە ڕێـگەی زمـانەوە ئەو بیـر و هـزر و تێڕامـانـانەی ئەو دەخوێنێتەوە و لێی تێدەگات.

دەقی ئەدەبی خاوەن تایبەتمەندی و مۆرکی جیاکراوەی خۆیەتی بە بەراورد بە هەر دەقێکـی تـری ئاسـایی، ئەرکـی زمـان تێیـدا ئەوەیە، کە بە پـلەی یەک بەرجەسـتەی ئەو ئیستاتیکا و گەمە زمانییـانەیە بکـات، کە خـاوەن دەق بە هـۆ و ئاگاییەوە یان بـێ هـۆ و نائاگاییەوە پەیڕەویان دەکات؛ بۆیە ئەدەبی فۆلکلۆریش، خاوەن زمانێکی تایبەت بە خۆیەتی سیمای جیاکراوەی خۆی هەیە.

لادان وەک ئەدگارێکی دیاری نێو دەقی فۆلکلۆری بە چەند شێوە و چەشنێک خۆی دەنوێنێت؛ ئەگەرچی لە تیۆرە نوێیەکانی شیعرییەت و شێوازناسیدا باسی لێوەکراوە، بەڵام لە کـاتی بیسـتن و خوێنـدنەوەی دەقە فۆلکلۆرییەکاندا جۆرێـک لە نابـاوی و جیـاوازی هەسـت پێدەکرێن لە داڕشـتن و هۆنینەوەیـان و لە لادان بەدەرنـین؛ ئارمانجـا ئەو تـوێژینەوەیە دەرخســتنی ئەو لادانە زمانییـــانەیە، کە لەو دوو ژانــرەدا بوونیـان هەیە و بـۆیەش لا لە لادانە زمانییەکـان دەکەینەوە، چـونکە ئەدەبـی فۆلکلـۆر، کە سـەرەتاییترین دەقی ئەدەبـی پـێش ئەدەبـی نوسـراوە بە هەمـوو قۆناغەکـانییەوە و تـا ئێسـتا لەو بـابەتە تـوێژینەوەی لە بـارەوە نەکراوە هەروەها بۆ سـەلماندن و دەرخستنی ئەو لادانە زمانیانەی تێیدان؛ چونکە  ناتوانین بڕیـار لەسـەر جۆرەکـانی تـری لادان -بونیـادی و نـاوەڕۆک- بـدەین لە نـاو دەقی فۆلکلۆریـدا؛ لەبەرئەوەی ئەو جـۆرانە پێویسـتیان بە بەراوردکـردن هەیە لەگەڵ قۆنـاغی تـری پـێش خـۆی، لەبەر فراوانـی ژانرەکـانی ئەدەبـی فۆلکلـۆری کـوردی و سـنوربەندکردنی زانسـتی بـۆ توێژینەوەکەمـان هەردوو ژانـری پەنـدی پێشـینان و داسـتانمان کـردوونە کەرەسـتەی توێژینەوەکەمان.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی دوو تەوەری گرنگ و سەرەکی لەخۆ دەگرێت:

**تەوەری یەکەم:** زمانی دەقی فۆلکلۆر و تایبەتمەندییەکانی بە گشتی و لادان بە تایبەتی وەک بنەمایەکی شێوازی ئەدەبی خراوەتەڕوو.

**تەوەری دووەم:** دیارترین ئەو لادانە زمانییانە بە نموونە ڕوونکراونەتەوە، کە لەو دوو ژانرەدا بوونیان هەیە و لەگەڵ ئەو ئەرک و گرنگییەی بینیویانە تێیاندا.

توێژینەوەکە لەبەر پێویستی زانستی ڕێبازی وەسفی شیکاری بۆ بەکارهاتووە و ئەرک و گرنگی لادانە زمانییەکانی لەو دوو ژانرە بە شێوەی پراکتیکی شیکردۆتەوە، لە کۆتایشدا لیستی سەرچاوەکان و ئەو ئەنجامانەی، کە توێژینەوەکە پێیان گەیشتووە لەگەڵ پوختەی توێژینەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

تەوەری یەکەم: زمان لە دەقی فۆلکلۆری کوردیدا

ژێدەر و توێژینەوەکانی تایبەت بە ئەدەبی فۆلکلۆر گشتیان ئەوە دەخەنەڕوو، کە ئەدەبی فۆلکلۆر خاوەن زمانێکی تایبەت و جیاکراوەی خۆیەتی و بەو سیما و خەسڵەتەش ناسراوە و هەمووشیان لەسەر ئەوە کۆکن، سادەیی و ساکاری دەربڕین و نزیکی لە زمانی خەڵکی و ئەو نۆرمە گشتییەی ڕۆژانە بەکاردەهێنرێت ئەو ئەدەبەی پێگوتراوە.

توێژەرێکی بواری فۆلکلۆرناسی زۆر بە وردی سەرنجی ئەوەی داوە، کە هەر ژانرێک لە ژانرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر بە شێواز و بونیادە تایبەتەکەی جیادەکرێتەوە، ڕێگای دەربڕینی وێکچوون لە هەموویاندا هەیە و ئەو ئەدگارە بە ئاسانی ناگۆڕێت، کە سیفەتێکی جێگیر و بەردەوامە بە درێژایی ڕۆژگار، بەڵام شێوازی گێڕانەوە و وێناکردن و گۆکردنەکان بە پێی گێڕەرەوە و ژینگە گۆڕانی بەسەردادێت و دەگۆڕێت [احمد علی مرسی، ١٩٧٥ :١٤٥]؛ بۆیە هەندێک دەقی فۆلکلۆری بە چەندین شێوازی لێکجیاواز نوسراونەتەوە و لێیان کەمکراوەتەوە یان زیادکراوە یان بە پێی شێوەزارەکان گۆڕدراون.

دوابەدوای نوسینەوە و کۆکردنەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری یەکێک لە بابەتە هەرە گرنگەکانی سەرقاڵبوونی فۆلکلۆرناسانی جیهانی بونیاتی هونەری دەقی فۆلکلۆری بوو، کە لە ئەنجامی بەراوردکردنیان لەگەڵ ئەدەبی نووسراو و نوێی سەردەمە جیاجیاکان بەراوردیان دەکرد و چەندین بۆچوونی ناکۆک و هەمەجۆری لەبارەیەوە دەخرانەڕوو؛ بۆیە (گۆرکی) لە یەکەمین کۆنفراسی نوسەرانی سۆڤیەت لە (١٩٣٤)لەو ڕاپۆرتەی ئامادەی کردبوو ئاماژەی بە دووخاڵی زۆر گرنگدا (یەکەمیان: داهێنانی شیعری سەرزاری بەتەواوی بەستراوە بە کاری مرۆڤەوە، دووەمیان: فۆلکلۆر توانستێکی هەیە لە دروستکردنی وێنەی قووڵ و ڕوون هەروەها توانای گشتاندن و تایبەتی هەیە لەو پەیوەستیەی ڕەگ و بنچەی مرۆڤ بە کار دەبەستێتەوە))[یوری سۆکۆلۆف،١٩٥٠:٣٤]. (گۆرکی) بەمە ئەوەی سەلماند، کە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

فۆلکۆر و ئەدەبی فۆلکلۆر داهێنانیان تێدایە و ڕەنگدانەوەی کار و سەردەم و قۆناغی خۆیانن؛ بۆیە هونەری بوون و ڕادە و چەندایەتی هونەری بوون دەبێت جیاوازبێت لەگەڵ ئەدەبی نوسراو و ئەمەش ڕوونە کاتێک سەرنج دەدەینە دەقەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر دەبینین، کە خاوەن بونیاتی هونەرین و شێوازی ئەدەبی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە چوارچێوەیەکی هەڵبژێردراوی کەرەستەکانی زمان هاتوونەتە بەرهەم و خاڵی جیاکراوەیان زۆرە لە ئاخاوتنی ڕۆژانە، بە تایبەتیش گۆرانی، کە((بە دەوڵەمەنترین بەش ئەژمێرێ لەڕووی زۆری بڵاوبوونەوەیە)) [شوکریە ڕەسول،٢٠٠٨ :٨٥]، یەکێک لە هۆکارەکانی زۆری و زوو بڵاوبەوونەوەشی دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی داڕشتنی هۆنراوەکەی، کە وەک بەشێک لە پەندی پێشینانی کوردی و مەتەڵ بە شێوازیکی هونەری کاریگەر ڕێکخراون، جۆرێک لە ئاواز و ترپەیان هەیە و کێش و سەروایان هەیە یان سەروادارن، بۆ نموونە لەم پەندانەدا (ئەو کەسە کەسە ئەلفێکی بەسە(.،) بە زستانان پینەوپەڕۆ بە هاوینان ورد ورد بڕۆ.) [عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ،٢٠١٠ :٨٨]، وشەکانی(کەسە و بەسە) و (پەڕۆ و بڕۆ) سەروادارن، لەبەرکردنی پەندەکانیان ئاسانتر کردووە بەو ترپە و ئاوازە، چونکە سەروا و سەرواداری لە زمانی کوردیدا لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکارناهێنرێت و تایبەتە بە ئەدەب، ئەنجامی ئەوەش لادانە لە زمانی گشتی و باو، کە شێوازێکی ئەدەبی بەرهەم دێنن؛ لەبەرئەوە گرنگە بە کورتی چەمکی لادان ڕوون بکەینەوە.

چەمکی لادان لە ژێدەر و ڤەکۆڵینێن ڕەخنەیی زۆربەی میللەتان بە وردی و قووڵی باسی لێوەکراوە چەندین بۆچوونی هەمەجۆری لەبارە خراونەتەڕوو؛ بۆیە وەک زاراوە چەندین زاراوەی لێکجیاوازی بۆ بەکارهێنراوە لەوانە(شکان، ترازان، خزان، گۆڕین...هتد [صافیە محەمەد ئەحمەد،٢٠١٣:١٠-١٥] ئەمەش بۆ بڵاوی و قوڵی و پانتایی ئەو بنەمایەی شێوازی ئەدەبی دەگەڕێتەوە، کە لە ژانرە ئەدەبییەکاندا بوونی هەیە.

(ئەرەستۆ) بەیەکەم کەس دادەنرێت، کە باسی لێوەکردووە و دەڵێت:((ئەو زمانە شیعرییەی ناباوی تێدا بێ بەرزی و شکۆمەندی تێدایە و لە ڕووی ئاستی زمانی ڕۆژانەوە مەبەستم لە بەکارهێنانی وشەی ناباو وشەی خوازراو و وشەی درێژکراوە و هەر شتێکی ترە، کە لە حاڵەتی ئاسایی بەدەر بێت))[ئەرستۆ،٢٠٠٤ :٨٤]، ئەرستۆ بێ ئەوەی ناوێکە تایبەتی لێ بنێت باسی لە چەند شێوەیەکی لادان کردووە، بە جۆرێک هۆکارە بۆ پێدانی بەرزی بەو زمانەی تێیدا بێت. هەروەک دەبینین (جان کۆهین)یش بنچینەی ڕوانینی خۆی بۆ شیعرییەت لەسەر بنچینەی لادان داڕشتووە و دەڵێت:((هیچ شیعرێک نیە خالی بێت لە لادان))[جان کۆهین،١٩٨٦:٨٥]. و لە شوێنێکی تردا بە ڕوونتر باسی لێوە دەکات بەوەی، کە((لادان لە نێو شیعردا تەنیا هەڵەیەکی مەبەستدارە، تا لە ڕێگایەوە بگەنە ڕاستکردنەوەکانی تایبەت



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بۆ خۆی))[جان كوهين، ٢٠٠٠ :٢٢٦] مەبەستی كۆهين لێرەدا ئەوەیە، كە بڵێت هەندێك هەڵە و سەرپێچیكردنی یاسا زمانییەكان هەن، كە لە ناو شیعردا بەهەڵە دانانرێت بەڵكو بە مەبەست ئەنجام دەدرێن و بۆ شێوازی چنینی شیعر ڕاستن. ڕەخنەگرێكی تر پێی وایە لادان((پێوەری جیاكەرەوەی نێوان ئاخاوتنی هونەری و ناهونەری یە)) [أحمد محمد ويس، ٢٠٠٥ :٢٧] گومانیش لەوەدانیە، كە ئەدەب بەشێكە لە هونەر بە گشتی و هەر ژانرێكی ئەدەبیش چەندین بونیادی هونەری تایبەت و جیاكراوەی خۆی هەیە؛ بۆیە ئەوە لادانە، كە هونەری بوون بە زمانیان دەبەخشێت. (أميمة رواشدة) زۆر بە وردی بۆ چەمكەكە چووە و پێی وایە بەكارهێنانی زمانە لە لایەن داهێنەرەوە-گوزارە و پێكهات و وێنە-(( بەكارهێنانێك بەدەر لە هەموو ئەو شتانەی باو و ئاساییین، تاكو ئەدگاری داهێنەرانە بە بەرهەمەكەی ببەخشێت لە تایبەتمەندی و هێزی سەرنجڕاكێشان)) [أميمة رواشدة،٢٠٠٥ :٤٣]، واتا لادان دەكرێت لە هەموو بونیاد و ژانرێكدا ئەنجام بدرێت و دەرخەری توانای لێهاتوویی داهێنەرە و ئاست و پلەكەشی پەیوەستە بە هێزی كێشكردنی وەرگر.

(هنريش بليث) تیشك دەخاتە سەرخاڵێكی گرنگی تر و دەڵێت:((لادان دەبێت لەلایەك سەرپێچیكردنی پێوەرە ڕێزمانییەكان بێت لەلایەكی تریشەوە گرێدانی ئەو پێوەرانە بێت بە چەند یاسایەكی زیادكراو))[هنريش بليث،١٩٩٩ :٣٦] واتا نووسەر و شاعیران ئەگەر لە چەند یاسا و بنەمایەكی زمانیش لابدەن ئەوا دەبێت چەند یاسایەكی تریش زیاد بكەن، بەمەش نوێگەری و داهێنان دێنێتە ئەنجام. ئەگەر لە هەموو ئەو بۆ چوونانە وردبینەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، كە لادان:

١- تێكشكاندنی یاساكانی زمانە.
٢- جیاكەرەوەی زمانی ئاسایی و هونەرییە.
٣- ئەگەرچی زیاتر پەیوەستكراوە بە شیعر بەڵام لە ژانرە ئەدەبییەكانی تریشدا بەرچاو دەكەوێت. بەڵام ڕێژەی چەندێتی و چۆنیەتی لە شیعردا بەرزترە.

لادان جگە لەوەی  جۆر و پلەی هەمەچەشنی هەیە و لە دەقێك بۆ دەقێكی تر و لە ژانرێك بۆ ژانرێكی تر لە قۆناغێك بۆ قۆناغێكی تری ئەدەبی دەگۆڕێت وە بە پێی سروشتی زمان و بونیادی هەنەری میللەتان جیاوازە؛ بۆیە چەندین پێوەری ناجێگیر و هەمەجۆر هەن بۆ بڕیاردان لەبارەی جۆر و شێوازی لادانەكە، هەروەك دەبینین لای ڕۆڵان بارت چێژ و پلەی سفری نووسین پێوەرە و لای ڕۆمان یاكۆبسن پەیوەستكراوە بە تەوەری جێنشینی و هاونشینی، كە سیستەمی هەر زمانێكی لەسەر بونیادنراوە و سەرپێچیكردنی هەر یەكێكیان لادان بەرهەم دەهێنێت.[صافیە محەمەد ئەحمەد،٢٠١٣ :٢٠]، وەك سەلمێنراوە ئەوەش لە دەقە ئەدەبییەكاندا بە شێوەیەكی چڕ بەرچاو دەكەوێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

سەبارەت بە دەق و ژانرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری ئەوەی دەکرێتە پێوەر ئەوانەن:

١- زمانی ئاسایی: یەکەمین پێوەری بنجی لادانە، چونکە بە دوورکەوتنەوە لەو زمانە و هەرکاتێک سەرپێچی یاسا و سیستەمەکانی کرا ئنجا زمانێکی کاریگەر و جیاوازتر بەرهەم دێت، ((ئەمەش بۆ ئەو مەبەستە دەگەڕێتەوە، کە نوسەر و شاعیران هەوڵی بۆ دەدەن بە زیادکردنی ئەرکێکی تر بۆ زمان، کە بریتییە لە کاریگەری و چێژ و جوانی؛ چونکە لە زمانی ئاساییدا بەها هونەرییەکان بوونێکی ئەوتۆیان نیە لە زمانی هونەریشدا بە هەمان شێوە بە نووسین بە زمانی ئاسایی کار لە خوێنەر ناکات و ناتوانێت ئەو مەبەستە بپێکێت؛ بۆیە زمانێکی بەرزتر و وروژێنەر دادەهێنیت))[صافیە محەمەد ئەحمەد،٢٠١٣ :٢١].

دەقی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ئەگەر لە بەکارهێنانی وشە و زاراوەی پەتی و فەرهەنگی وشەی ڕۆژانە و زمانی خەڵکی گشتی، کە لە سەرچاوەکان بڕیاری ئەوەی بەسەردا دراوە، کە بە زمانێکی سادە و ساکار گوتراوە و ئاسانی تێگەیشتن سیمایەتی، بەڵام لە لادان بەدەر نیە؛ لەبەرئەوەی نەبوونی زمانی ستاندار و دیارنەبوونی مێژووی نووسین و گووتنی دەقەکان و نادیاری خاوەنەکانیان، لەمپەرن لەبەردەم دەستنیشانکردنی چەندین جۆری لادان، کە ناتوانرێت بە شێوەیەکی زانستی و دروست بڕیاریان لە بارەوە بدرێت؛ بۆیە تەنیا لادانە زمانییەکان وەک ئەدگار بەخشێکی دەقی ئەدەبی فۆلکلۆری دیاری دەکرێن وەک (پێیرجیرۆ) دەڵێت:((شێواز لادانە بە ڕێگای چەندی دەستنیشان دەکرێت بە پێوانەکردنی بە ئاستی ئاسایی زمان))[جان کۆهین، ٢٠٠٠ :٣٧]، ئەو ئاستە ئاساییەی زمانیش لە ڕووی وشە و داهێنان و فەرهەنگەوە بەردەوام لە گۆڕان دایە، ئەوەی جێگیر و نەگۆڕە یاسا و دەستورە ڕێزمانییەکانن. لە تەوەری دووەمی ئەو توێژینەوەماندا بە نموونەی داستان و پەندی پێشینانی کوردی ئەوە ڕوون دەکرێتەوە.

٢- خوێنەر: پێوەرێکی گرنگ و سەرەکی دەستنیشانکردنی لادانە لە هەموو دەقێکدا، چونکە هەر ئەوە درک بە نوێگەری و جیاوازی و ناوازەیی ئاستی ئەو داهێنان و ئیستاتیکایە دەکات، کە بە لادان لە زمانی ئاسایی بەرهەم هاتووە، چونکە (( هەموو جۆرێکی ئەدەب لە بارودۆخێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دیاریکراو سەرهەڵدەدات و گەشەدەکات، سروشت و پێکهاتەی خۆی لە زانیارییە کردەیی و تەکنکیەکانی ئەو بارودۆخە وەردەگرێت))[عبدالمنعم تلیمة،١٩٧٠ :١٣٨]؛ بۆیە خوێنەر یان وەرگر دەبێت زانیاری و شارەزایی و ئاستی هۆشیاری بەڕادەیەک بێت لەگەڵ ئەو سەردەم و قۆناغە مامەڵە بکات، کە دەقەکەی تێدا نوسراوە؛ چونکە هەم زمان دیاردەیەکە بەردەوام لە گۆڕان و گەشەسەندن دایە و هەم لادانیش جگە لە گۆڕانی بەردەوامی بابەتێکی ئاڵۆز و تەم و مژاوییە؛ بۆیە ڕەخنەگرانی ئەو بوارە پێیان وایە خوێنەری ئەو بوارە دەبێت زیرەک



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

و لێهاتوو و خاوەن ئەزموونی ئەدەبی بێت بە ((خوێنەری پسپۆڕ و کۆکەرەوە و توانادار و چالاک و لێزان ناودەبرێت)) [حسن ناظم،١٩٩٤ :١٧٣]؛ بۆ ئەوەی بە پێی ژانر و قۆناغی ئەدەبی و یاسا تایبەتەکانی ئەو زمانە جۆر و شێوازی لادانەکان دەستنیشان بکات، چونکە هەندێک لادان بۆ سەردەمێک نوێ و تازەن بەڵام بۆ سەردەمێکی تر هیچ نوێکەرییەکیان تێدا نییە و سواون، بڕوانە:[صافیە محەمەد ئەحمەد،٢٠١٣ :٢٣-٢٨].

ئێمە لە تەوەری دووەمی توێژینەوەکەماندا ئەو جۆرە لادانە زمانییانە دەست نیشان دەکەین، کە لە داڕشتنی بونیادی داستانی فۆلکلۆری و پەندی پێشینانی کوردیدا ئەنجامدراون ئەویش بە پێوەری بەراوردکردنیان بە یاسا ڕێزمانییەکانی تایبەت بە زمانی کوردی  و ئەو سیستەمەی لە زمانەکەماندا پەیڕەو دەکرێت.

تەوەری دووەم: ئەرک و گرنگی لادانە زمانییەکان لە داستان و پەندی پێشینانی کورد دا

لادان وەک بنەمایەکی شێوازی ئەدەبی چەندین شێوە و جۆری هەیە بە پێی ژانر و قۆناغ و خودی نووسەر، بەردەوامیش لە گۆڕان و نوێبوونەوە دایە؛ بۆیە لادانێک، کە ئەوڕۆ یان لە ژانرێکدا دەگمەن و نوێ بێت لە وانەیە بۆ قۆناغ و ژانرێکی تر کۆن بێت بە پێچەوانەوەش؛ بۆیە لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە ڕێژەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، هەروەک (جان کۆهین) جیاوازیکردووە لە نێوان هەرسێ قۆناغی(کلاسیکی- ڕۆمانسی- ڕەمزی) و گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە بە پێی قۆناغ ڕێژەکان دەگۆڕێن [جان کۆهین،١٩٨٦ :٤١]  . بە پێی تیۆری کەمترین وزە(پاراستنی وزە) دەکرێت لێکدانەوەی بۆ بکرێت، زۆرینەی ئەو گۆڕانانەی بەسەر زماندا دێن لە ئاستی دەنگدا دەگەڕێنەوە بۆ ( ئەو ئارەزووەی کە لە مرۆڤدا هەیە، بۆ ئاسانکردنی دەربڕین بەواتایەکی تر هەموو گۆڕانێک بە مەبەستی سوککردنی ئەو ئەرکەیە، کە دەکەوێتە سەر ماسولکەکانی ئەندامانی ئاخاوتن بە پێیە هەریەکە لە "توانەوە و کرتاندن و جیابونەوە و جێگۆڕکێ و بەرزبوونەوە و سوک بوونی واتا و گۆڕان لە ڕیزبوونی کەرەستە و پابەندبوون و لەناوچوونی ئامراز..." هۆکارن بۆ کەمکردنەوەی ئەرکی دەربڕین.) [محەمەد مەعروف فەتاح،١٩٩٠ : ١٢٥] کەواتە ئەو گۆڕانانەی بەسەر زماندا دێن بەشێکیان دەچنە خانەی لادانی زمانی زۆربەی گۆڕانکاریەکان لە پێناو مانەوە و پاراستنی وزەی خەرجکراوە، سەرەڕای پاراستنی واتا و کێش و سەروا و قافیەی هۆنراوە و ئەو پەخشانانەی کە کێش وسەروایان هەیە، کەواتە لە زۆر ڕووەوە و لە ڕوانگەی تیۆرە جیا جیاکانەوە لێکدانەوە بۆ ئەم دیاردانە کراوە، هەریەکەشیان ڕوو بە ڕووی ڕەخنە پێشنیار و بۆتەوە کەواتە تاکە تیۆریەک بەس نابێت بۆ لێکدانەوەی ئەو هەموو گۆڕانە ئاڵۆزانەی بەسەر زماندا دێت، چونکە خودی زمان پێکهاتەیەکی تێکچڕژاوی زیندووی ئاڵۆزە، بەردەوام لە گۆڕاندایە، دەگونجێت هۆکاری بەهێز و هۆکاری لاوازمان هەبێت بۆ هەر یەکەیان[دەروون عەبدولڕەحمان سالح،٢٠١٢ :٦٨-٦٩]. لادان لەناو دەقی ئەدەبیدا چەند



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەرکێک دەبینێت، ئەو ئەرکانەش نێرەر ئەنجامیان دەدات و وەرگریش دەیاندۆزێتەوە بە پێی لێکدانەوە و سیاقی بەکارهێنانی واژەکان (د. منذر عیاشی) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((هەموو دەقێک ئەرکی تایبەتی خۆی پێکدێنێ، ئەم ئەرکانەش لە میللەتێک بۆ میللەتێکی تر، لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی تر، لە شارستانییەک بۆ شارستانییەتێکی تر جیاوازە)) [منذر عیاشی،٢٠٠٩:٥٢]. دەقە فۆلکلۆرییەکان بە گشتی- لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی – بەتایبەتی چەندین ئەرک و بەهایان لە ناواخنی خۆیاندا هەڵگرتووە و لادان لە چنینی زمانی ئەو دەقانە چەندین ئەرکی هەمەجۆری بینیوە، لەم تەوەرەی توێژینەوەکەمان دا کۆمەڵێک لە لادانە زمانییەکان لە هەردوو ژانری داستان و پەندی پێشیناندا دەست نیشانکراون و گرنگی و ئەرکیان خراوەتەڕوو، کە بریتیین لەمانەی خوارەوە:

**یەکەم: لادانی دەنگی**

دەنگ بەسەرەتاییترین کەرەستەی ئاخاوتنی مرۆڤ دادەنرێت، کە وابەستەی چەندین یاساو ڕێسای تایبەتە و دەنگەکان لە سنوری بڕگە و مۆرفیمەکان پێکەوە دێن، لادانی دەنگی ئەو لادانە دەنگیانە دەگرێتەوە، کە بەپێی یاساکانی فۆنۆتاکتیک بەسەر دەنگێک یا زیاتردا دێت [عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨ :٩٠]، نوسەر یا هۆزانڤان دەکۆشێت بۆ بەدەستهێنانی سەروا و ئاوازەی دێڕەکان و یا بۆ ئابوریکردن ئەم کۆت و بەندانە تێکدەشکێنێت و یا بڕگەیەک کەم یان زیاد دەکات یا پێکهاتەی بڕگەکە دەگۆڕێت، بەمەرجێک واتای مەبەست لەدەست نەدا، ئەمەش چەند شێوازێکی هەیە:

١- کرتاندن: بریتییە لە کرتاندنی دەنگێک یان زیاتر لەسەرەتا یا ناوەڕاست یا کۆتایی وشە. [عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨ :١١٦] هەروەها (نەریمان خۆشناو) پێیوایە (تێچونی دەنگ بریتییە لە تێچونی دەنگێک یان زیاتر لە دەنگێک لە مۆرفیمێک یا وشەیەک ئەم تێچوونەش کە لە وشە یان مۆرفیم ڕوودەدات، بە مەبەستی ئاسانکردنی دەربڕینە، تێچونی دەنگیش لە چەندن) [نەریمان خۆشناو، ٢٠١٤: ٨٢] بۆ نمونە لە داستانی قەڵای دمدمدا، شاعیر لەسەر زمانی شا عەباس دەڵێت:

شا عەباس دەڵێت: حەسەن خانە!
بڵا بکەین تەگبیر و ڕایانە،
بەسەرمان داهات زستانە،
زستان چوو و ڕابرد هاوینە،
ڕابـــــە بەدڵ و یەقینە،
زووکە شوغلم بۆ پێکبێنە،
دمدم لە بۆ بستینە [ئۆسکارمان،٢٠٠٦ :١٣٦]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لە کۆپلەیەدا پێنج کاری داخوازی تێدان (بکەن، ڕابە، زووکە، پێکبینە، بستێنە ) تەنیا لە نیوەدێری (زووکە شوغلم بۆ پێکبێنە) دوو کاری داخوازی تێدا دەبینرێن، کە هەردوو کارەکە بەپێی یاسای دروست نەبوون، کە یاسای کاری داخوازی بریتییە لە (ب + ڕەگی کار+ جێناوی لکاوی (ە یا ن)) لە بنەڕەتدا بەم یاسایە کاری داخوازی دروست دەکرێت (زوو+ ب + ڕەگی چاووگی کردن (کە)= زووبکە)، کەچی دەبینین (زووکە ) بەکارهاتوە، دەبوایە ( زووبکە) بوایە، کاتێک دەنگی /ب/ کرتێنراوە و لە دوو بڕگە پێکهاتوە، سەروا یەکی خۆش دەدات بە هۆنراوەکە، کە لە ڕووی فۆنۆلۆجیەوە، لە دوو بڕگە پێکهاتوە، بڕگەی یەکەم لە (cv) دروست بووە، یاسای بڕگەی دووەم ((cvc = بکە) بووە) دواتر گۆڕاوە بە (cv) ئاسانتربوە لە دەربڕین و پێدانی ریتمێکی سوار بۆ گونجاندن لەگەڵ نیوەدێڕەکانی پێش و پاش خۆی. ئەمەش بەلابردنی دەنگی /ب/. دیسان لە وشەی (پێکبێنە) کە لە بنەڕەتدا وشەکە (پێکبهێنە) یە. کە بە پێی یاسا (پێک + ب + ڕەگی چاوگی هێنان ( هێن) + جێناوی لکاوی (ە یا ن) ) = پێکبهێنە ) ڕەگەکەی (هێن) لە چاوگی(هێنان) وەرگیراوە، کەچی دەنگی /هـ/ کرتێنراوە، لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

خاتونێک دێتە مەیدانێ
لە دڵی خانی دەدا تانێ
لێت حەرام بێت جێی کابانێ
ئاو نییە پێ بکەین شێلانێ[ئۆسکارمان،٢٠٠٦ :٢٣]

لادانی دەنگی لە دێری ( لە دڵی خانی دەدا تانێ.) لە وشەی (دەدا) کە لە بنەڕەتدا (دەدات) ڕویداوە، بە مەبەستی گونجاندنی لەگەڵ سەروای پاش و پێش خۆی. ئەمانە هەموویان لادانن لە یاسا بنەڕەتییەکانی زمانی کوردی، کە دوا جار کاریان لە زمانی قسەکردنیش کردوە، هەروەها لە کوردەواریدا ئەم پەندە گوتراوە کە دەڵێت:

(دانی لێ تیژ کردوە) [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨ :١٨٤]

لادان لە کرتاندنی دەنگی /د/ ئەنجامدراوە و لە وشەی (ددان) دا ئەم دەنگە دەنگێکی وەستاوی گڕە، دەربڕینی دوو دەنگی کۆنسۆنانتی وەستاوی گڕ بەدوای یەکدا وزەی زیاتری دەوێت؛ بۆیە کرتاندنی یەکێکیان وشەکە ئاسانتر دەکات بۆ دەربڕین. هاوکات لە پەندێکیتردا و گوتراوە:

(سەری دوو بەرانان لە مەنجەڵێکا نا کوڵێ.)[ شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨ :٢٤٧ ]

کرتاندن بە سەر هەردوو وشەکانی (مەنجەڵیکدا، ناکوڵێت) دا بەسەر دەنگی /د/، /ت/ دا هاتووە، بەمەش ئیکۆنۆمی لە کرتاندنی دەنگ کردووە. (توانەوە و جێگۆڕکێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

و كرتاندن بۆ نموونە زیاتر لەو ئەو هێشوە دەنگانە کەرت دەکەن و لەو دەنگانە ڕزگارمان دەکەن کە قورسن و قەبەن و بە ئاسانی بۆمان دەرناهێنرێن) [محەمەد مەعروف فەتاح، ١٩٩٠: ١٢٥] دەنگی /د/ ، /ت/ دوو دەنگی وەستاون و لە دەربڕین ئاسان نین؛ بۆیە کرتێنراون. کرتاندنی دەنگی /ت/ ی کۆتایی لە کاردا زۆر باوە، بۆ نموونە سەیری ئەم نموونەی خوارەوە بکە:

(شەو دەڕوا و، ڕۆژ دەڕوا، قەزاو بەڵا ناڕوا)[ شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢٧٦]

لەم نموونەی سەرەوەدا دەنگی /ت/ کرتاوە لە بە مەبەستی ئاسان دەربڕین هەریەکە لە کاری (شەو دەڕوات، ڕۆژ دەڕوات، قەزاو بەڵا ناڕوات) هیچ گۆڕانێک بەسەر سەروا دا نایەت، هەمان واتا دەدات بەدەستەوە.

٢- زیادکردن: بریتییە لە زیادکردنی دەنگێک یا زیاتر بۆ وشەیەک، کە بە گشتی لە کۆتایی وشەدا بۆ ڕێکخستنی ئاواز و گونجانی کێش و سەروا زیاد دەکرێت. بۆ نمونە:

شا عەباس دەڵێت: حەسەن خانە!
بڵا بکەین تەگبیر و ڕایانە،
بەسەرمان داهات زستانە،
زستان چوو و ڕابرد هاوینە،
ڕابـــــە بەدڵ و یەقینە،
زووکە شوغلم بۆ پێکبێنە،
دمدم لە بۆ بستینە [ئۆسکارمان،٢٠٠٦ :١٣٦]

لێرەدا کاتێک سەیری دێڕی(١، ٢، ٣، ٤، ٥) بکەین دەبینین دەنگی /ە/ لە کۆتای زیادکراوە بە مەبەستی ڕێکخستنی ڕیتم و ئاوازەی دێڕەکان، ئەگەر (خان) بە بێ / ە/ وەرگرین یەک بڕگەیە، بەڵام ئەگەر/ە/ وەرگرێت دەبێتە دوو بڕگە(خا.نە) بەدەر لەوەی کە بە دەنگی بزوێن کۆتایی بە سەرواکە دێت، بۆ نموونەکانیتریش هەر ڕاستە و بە بێ دەنگی /ە/ واتای هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت، بەڵام لەگەڵ سەرتۆپی کۆپلەکە کە دێرەکانی (٦، ٧) کە دەرەنجامی کۆپلەکە لەوێ دەردەکەوێت، ڕێک ناکەون؛ بۆیە بۆ خۆش دەربڕینی دێرەکان بەتایبەت لای شایەرانی کورد کە دەماو دەم بە گۆرانی دەیڵێنەوە. هاوکات ئەگەر سەیری ئەم کۆپلەیە بکەین، کە دەڵێت:

وەدەرکەوت لە ئیسفەهانێ
لە قۆشەنێ لە توغیانێ
داروبەرد هاتە هەژیانێ
تۆز گرتی بەری ئاسمانێ [ئۆسکارمان،٢٠٠٦ :١٣٧]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

لێرەدا بەهەمان شێوە دەنگی /ێ/ زیادکراوە لە کۆتایی نیوەدێڕەکاندا، تاکو سەروا و ئاوازە و مۆسیقایەکی خۆش و ئاسان  بە شعرەکە بدات، بڕگەیەکی کراوە لە کۆتایی نیوە دێرەکان زیاد دەکات.

٣- گۆڕین: بە گۆڕینی دەنگێک دەگوترێت بە دەنگێکیتر، ئەمەش دیاردەیەکە زیاتر بۆ هاوئاهەنگبوونی سەرواى دێرەکان بەکاردێت، هەندێکجار شێوەزار کاردەکاتە سەر دەقی دەربڕاو گۆڕینی دەنگ ئەنجام دەدرێت.

(قسەیەک ئەکەم بە مانا، ئەگەر ژیریت بزانا.)  [عەلی مەعروف شارەزووری،٢٠١٠ :٢٣٣]

لێرەدا وەکو مەتەڵ ئەم پەندە ئاڕاستەی بەرامبەر دەکرێت، دەیخاتە ژێر پرسیار کە واتای قسەکەی بزانێت، لە وشەی (بزانا) دا دەنگی /ا/ ی کۆتایی گۆڕاوە لە بنەڕەتی زماندا (بزانە) واتە تۆ بیزانە، بەڵام ئەم بزوێنە کورتەیان گۆڕیوە بۆ بزوێنی درێژ، کە لە ڕووی سیمای دەنگی زۆر لێک نزیکن و لەگەڵ ریتمی نیوە دێری پێش خۆی دێتەوە. هەروەها لە بەیتی (جوڵندی) کە یەکێکە لە بەیتە خۆش و بەناوبانگەکانی ناو گەلی کورد، کە لە (توحفەی مزەفەریە) دا باسکراوە.

لە جێی ئیمامی عومەر و حەزرەتی عەلی نەوجوانە
شەڕیان دەگەڵ جوڵندی دەکرد، تابیان نەهێنا ئەو بەستە زمانە
تفاقی دوازدە ئەسحابانە، هەر دوازدەیان لێ کوشتن
دەست و باسکی بە خوێنێ داڕشتن
بە خەندەقی چل گەز قوڵ و بەریندا ڕۆیشتن
ئەگەر ئەسحابە وایان زانییە
هەمووی شین و واوەیلا و گرییە
پاک ئیجماعی کرد، هاتە کن خۆشەویستی ڕەبییە
دەڵێن: یا ڕەسوڵلایە ببین بە قوربانی سەرییە!
ئیمامی عومبەر و عەزرەتی عەلی لە ماڵ نییە
ئەو کافرە هەمان قڕ دەکا چارمان چییە؟
ڕەسووڵی خوڵای فەرمووی: (مەترسن هومێدمان ڕەبییە.)  [ئۆسکارمان، ٢٠٠٦: ٤٥٤]

جێگۆڕکێی دەنگی زۆر هەیە، بۆ نموونە وشەی (لەگەڵ) بە (دەگەڵ) دەردەبڕن، یان وشەی(ئومێد) بە وشەی(هومێد) دەردەبڕن، کە /ئ، هـ/ لە شوێن و سازگەی دروستبووندا زۆر لێک نزیکن ئەمەش لەم بەیتەدا زۆر ڕەنگی داوەتەوە، کەواتە لە گۆڕینی دەنگدا زۆربەی جار دەنگێک بە دەنگێکی تر دەگۆڕێت، کە لە سیمای دەنگی لێک نزیک بن،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەروەها لە وشەی (دوازدە) کە پێکهاتوە لە (دوو + دە) [نەسرین فەخری، ٢٠٠٠: ٣٩] دوو دەنگی /ا/ و /ز/ زیادکراوە، لە وشەی (عومەر) زیادکردنی دەنگی /ب/ هەیە، بە(عومبەر) دەریان بڕیوە و کاریگەری شێوەزاری ناوچەیی پێوە دیارە، بە ئاشکرا زیادکردنی ئەم دەنگە دەبینرێت لە پێناوی ڕێکخستنی کێش و سەروای دێرەکان بە کاریگەری شێوەزاری ناوچەیی، کەواتە لێرەدا دەگەینە ڕاستییەک دەنگ گرنگترین ڕۆڵ دەگێڕێت لە دەربڕینی داستانە فۆلکلۆرییەکان و بۆ ئەوەی بەو زمانە سادەیە بە ئاسانی بگاتە بەرامبەر و لێی تێبگات، سەروای دێرەکان ڕێک و لەباربن، ئەمە لەو پەندانەش دەردەکەون، کە لە دوو نیوە دێڕ یان زیاتر پێکهاتوون.

**دووەم: لادانی وشەیی**

ئاستی پێکهاتەیی لە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی داستان و هۆنراوەدا، هەندێکجار دەتوانرێت نوسەرەکەی پێبناسرێتەوە و یا دەستنیشانی کات و سەردەم بکات و ڕێبازی نوسینەکەی پێ دیاری بکرێت؛ بۆیە وشەکاری چنینی دێڕەکان هەڵگری وزەن و توانایەک دەبەخشن و گیانێکی نوێ بە بەر دەقی ئەدەبیدا دەکەن، هەموو تاکێک خاوەنی فەرهەنگێکی وشەیی خۆیەتی بە تایبەت نوسەران، دەقی نوسراویش بەوە گیانێکی نوێ و تازەی بەبەردا دەکرێت و فەرهەنگی دەوڵەمەندتر دەبێت، لە ڕێگەی لادان لەو دەستور و یاساباوانەی، کە خەڵکی ئاسایی پێی دئاخفن [شێرزاد عەبدوڵا قادر، ٢٠١٤: ٥٤] سەرەڕای ئەوەی، کە چنین و دروستکردنی ڕستە و دەق چەندە گرنگ و پڕ بەهان، بەڵام وشە لە کتێبە تیۆری و ڕەخنەییە کۆن و نوێیەکاندا بە ڕەگەزێکی بنچینەیی زمانی دەقی شیعریی دانراوە، بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی بەهای دەقەکەی؛ لەبەر ئەوەشە دەڵێن: وشە بۆ نووسەر وەك ڕەنگە بۆ وێنەکێش، کاتێك وێنەکێش بە کارە هونەرییەکەی هەڵدەستێت، یەکەمجار ڕەنگەکەی هەڵدەبژێرێت، بە گوێرەی پێویستی بابەتەکەی، نووسەریش بە هەمان شێوە یەکەمجار وشەکان هەڵدەبژێرێت [صافیە محەمەد ئەحمەد، ٢٠١٣ : ٥٥]. لادان لە ئاستی وشەدا لە زۆر ڕوانگەوە دابەشکراوە و جۆرەکانی لێک جیاکراوەتەوە، بەڵام مەرج نییە هەموو جۆرێکیان گونجاو بێت لەگەڵ ئەو دەق و ژانرانەی لێرەدا وەرگیراون، لە خوارەوە ئاماژە بە چەند نمونەیەک دەدەین:

١- لادانی شێوەزاری: بریتییە لە بەکارهێنانی هەندێک وشەی ناوچەیی، کە لە شێوەزارێکی تایبەت بەکاردێت و دەگونجێت خاوەنی دەقەکە بەو شێوەزارە بدوێت، یان پێی کاریگەر بێت، یان بە مەبەستێکی تایبەت ئەم جۆرە وشانە بەکار دەهێنێت و لە شێوە ستانداردەکە لادەدات. بۆ نموونە:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

-٢

(دار نەبێ ڕژوو لە کوێ ئەبێ) [شێخ محەمەدی خاڵ :٢٠٠٨: ١٨٢]

لێرەدا، ئەگەر سەنجی وشەی(ڕژوو) بدەین لە ڕووی فەرهەنگییەوە دەبینین لە شێوە ستانداردەکە ڕژوو بەکارناهێنرێت، بەڵکو (خەڵوز) لەبەرامبەر (ڕژوو) بەکاردێت، هەرچەندە لە هەندێک گۆڤەردا ماوە. وشەی (ڕژوو، ڕژیی) بەکار دەهێنرێت.

(دار لە شوێنی خۆی ڕاقەنێ هیشک ئەبێ) [هەمان سەرچاوە]

لەم پەندەدا هەریەکە لە وشەکانی (ڕاقەنێ، هیشک) دوو وشەن، کە لە شێوەزاردا بەکاردەهێنرێن و بەواتای(بەریوونەوە، وشکبوون) کە لە پەندی کوردیدا ئەم جۆرە وشانە بەکارهێنراون، لە ئێستادا بەشێکی زۆر لە ئاخێوەرانی زمانی کوردی لێی تێناگەن، لادان لە ئاستی وشەدا کراوە، هاوکات بەشێکی زۆری پەندی پێشینان مێژووی زۆر کۆنە، گۆڕانی زۆر بەسەر فەرهەنگی زماندا هاتووە و هەرچەندە لەگەڵ گۆڕانی فەرهەنگی زمان فەرهەنگی پەندیش گۆڕاوە، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر پارێزگاریان لە فەرهەنگ و وشە و داڕشتنی خۆیانکردوە، بۆ نمونە گوتراوە:

(کتک نە ل ماڵە، ناڤێ مشک: میرزا محەمەد حەماڵە) [عەلی مەعروف شارەزووری، ٢٠١٠: ٢٣٧]

لەم پەندەدا وشەی(کتک) بە واتایی (پشیلە) دێت، کە لە شێوەزاری هەندێک دەڤەردا هێشتا بەکاردەهێنرێت، هەر ئەمەیە زۆرجار پەند دەبێتە هۆی بە زیندوو مانەوەی هەندێک وشە کە لە لەناڤچون دەیانپارێزێت. هەندێک لە وشە ڕەسەنەکانی زمانەکە زۆر جار بەرەو کەم بەکارهێنان دەچن، وشەی تری جێگەی دەگرێتەوە جا چ هی زمانەکە خۆی بێت، یان وەرگیراو(قەرزکراو) بێت.

٢- لادان لە یاسایی کۆکردنەوە: یاساکانی کۆکردنەوە تایبەتمەندە بە ناو و ئەو کەرەستانەی وەکو ناو دەردەکەون، لە زمانی کوردیدا لە ڕێگەی مۆرفیمەکانی(ناو+ مۆرفیمی کۆ) کۆکردنەوە دەگونجێت ناوەکان کۆبکرێنەوە و تا ئێرە شتێکی ئاسایی زمانە، بەڵام لادان لەم یاسایانە لە دەقەکاندا دەردەکەوێت، ئەوە مەبەستی بابەتەکەیە، بەواتایەکی تر مۆرفیمی کۆکردنەوە لەگەڵ بەشەئاخاوتن و کەرەستەی تر بەکاردەهێنرێن، کە ناو نییە. هەرچەندە ئەم جۆرە لادانە زۆر باو نییە، لە چاو جۆرەکانی تر.

حەسەن خان دەڵێ: شا! بەسم لەسەر بکە ناز و ئەرجووان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەگەر نەم ئەستان بەوان زووان

ڕەشم بکەن هەردوو ڕووان [ئۆسکارمان، ٢٠٠٦: ١٣٥٦- ١٣٧]

ئەگەر سەیری ئەم پارچەیەی داستانی قەڵای دمدم بکەین دەبینین وشەی (زوو) هاوەڵکاری کاتییە، هاوکات مۆرفیمی کۆکردنەوەی وەرگرتووە، کە لادانی لە یاسای کۆکردنەوەدا کردووە تاکو لەگەڵ سەرواى نیوەدێرەکانی تر بێتەوە.

سێیەم: لادانی ڕستەیی: ڕستە پێکهاتەیەکی گرنگی ئاخاوتنی مرۆڤە زۆربەی هەست و مەبەستەکان لە ڕێگەی ڕستەکانەوە دەردەبڕدرێن، سینتاکسیەکانی هەر زمانێک یاسای پێکهاتنی خۆی هەیە، زمانی کوردی لەسەر بنەمای(بکەر(s)+ بەرکار(o))+ کار(v)) کاردەکات، ((هەر گۆڕانێک لە ڕیزبوونی کەرەستەکان، لە سنووری گرێکاندا ڕوودەدات، دەبێتە هۆی گۆڕانی ئەرکی سینتاکسی ڕستەکە و هەروەها لێکدانەوەی واتایی کەرەستەکان دەگۆڕێت)) [تالیب حوسێن عەلی، ١٩٩٨: ١٠] تێکدانی ڕیزبەندی یاسا گشتییەکانی ڕێزمان دەبێتە لادان لە ئاستی ڕستە، بەم شێوەیە:

١- کرتاندن:

ا/ کرتاندنی بکەر: برتییە لە لابردن و کرتاندنی بکەری ڕستە واتە ئەو بەشەی هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی کاری ڕستەکە.

(ژن تا جووتێ پێڵاو ئەکڕێ، هەزار جووت ئەدڕێنێ.) [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢٣٥]

لەم پەندەدا، کە لە دوو ڕستەی سادەی(ژن تا جووتێ پێڵاو ئەکڕێ (،) ژن هەزار جووت ئەدڕێنێ.) پێکهاتووە، ڕستەی یەکەم هیچ گرفتێکی نییە، بەڵام ڕستەی دووەم (هەزارجووت ئەدڕێنێ) بکەرەکەی کرتێنراوە، پەیوەستە بە ڕستەی پێش خۆی، کە هەر مەبەستی بکەری ڕستەی یەکەمە کە (ژن)ە .

ب/ کرتاندنی نیهاد: نیهاد ئەو بەشەی ڕستەیە هیچ کارێک ناکات، بەڵکو سیفەتێک یا شتێکی دەدرێتە پاڵ، لە ڕستەی کاری ناوێزەی (ە، بوو، دەبێت) کە لە چاوگی (بوون) وەرگیراون، دەگونجێت کاتێک دوو ڕستە یا زیاتر بەدوای یەکتردا هاتن، ئەوا نیهاد جارێک دەربکەوێت دواتر لاببرێت(نەیەت).

(ژن بێ باوەڕیشە، خۆش باوەڕێشە.) [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢٣٥]

وشەی (ژن) ئەرکی نیهادی ڕستەی بینیوە هەواڵێکی لەبارەوە باسکراوە، لە بەشی دووەمی پەندەکەدا کە دەگوترێ(خۆش باوەڕیشە) نیهاد نەهاتووە، وشەی(ژن) دەبێتە نیهادی ڕستەی دووەمیش وەک ئەوە وایە بگوترێت(ژن بێ باوەڕیشە. ژن خۆش باوەڕێشە.) هەمان ڕۆڵ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەرک دەبینێت. لە ڕێگای سودوەرگرتن لە یاسا سینتاکسیەکان هەر دوو بەشەکە پێکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها دەگوترێت(ئاقڵ تاجی زێڕە،/ سەرێ هەموکەسیدا نیە) [قەناتی کوردۆ (کوردۆیێڤ)، ١٩٧٦: ٢٢٢] لێرەدا کرتاندنی نیهاد ڕویداوە کە (ئاقڵ)ە.

پ/ کرتاندنی بەرکار: بریتییە لە کرتاندنی بەرکاری ڕستەکە، کە جگە لە بکەر و کار ئەو بەشەی بەر هێزی کارەکە دەکەوێت و واتای ڕستەکە تەواو دەکات پێی دەگوترێت بەرکارو دەگونجێت ئەو بەرکارە (ڕاستەوخۆ یا ناڕستەوخۆ) بێت، بەشێوەیەکی گشتی و لەباری ئاساییدا دەردەکەوێت و واتای ڕستەکە ڕونە، بەڵام هەندێکجار دەگونجێت بەرکار بکرتێنرێت و لە ڕستەدا دەرنەکەوێت و واتای ڕستەکە لێڵی دەبێت، ئەگەر زانیاری پێشینەیی باس نەکرابێت، بۆنموونە گوتراوە:

(کە خوا دای پێغەمبەریش چنگێکی ئەخاتە سەر) [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢٩٧]

لەم پەندەدا بەرکاری ڕاستەوخۆ هەیە، کە نەهاتوە(کە خوا ...... دای، ) ئەو کەرەستەیەی ئەم بۆشایە پڕبکاتەوە دەبێتە بەرکاری ڕاستەوخۆ، دەتوانرێت بۆ زۆر شت بەکار بهێنرێت، واتە بەهەر کەرەستەیەکی گونجاوی وەک (ناو، جێناو، ئەوانەی ئەرکی ناو دەبینن) پڕ بکرێتەوە و ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبینن. هەروەها ئەم پەندە جوانتر ڕوونی دەکاتەوە:

(شێرکە پیربوو، ڕێوی دەمی تێ ئەژەنێ) [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢٧٢]

لێرەدا بەرکار لابراوە کە (شێری پیر)ە، کەواتە دەگونجێت بەم ڕستەیە دەرببڕدرێت (ڕێوی دەمی لە شێری پیر ئەژەنێ) لێرەدا بەرکاری ناڕاستەوخۆیە، نەهاتوە و دەرنەکەوتووە، هاوکات لەم پەندەشدا کە دەڵێت:

(قەساب کاتێ ئاشنایە، گۆشتی لێ قەرز نەکەیت) [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢٨٥]

لە ڕستەی دووەمدا (قەساب) نەهاتوە ڕستەکە ئەم واتایە دەگەیەنێت (گۆشت لە قەسابی ئاشنا قەرز مەکە.) لێرەشدا بەرکاری ناڕاستەوخۆ (لە قەساب) کرتێنراوە.

ت/ کرتاندنی کار: لە کاتی ئاخاوتن و گفتوگۆدا دەگونجێت ئەم جۆرە لادانە دروست بێت، هەرچەندە لە ئاخاوتندا زمانی جەستە و ئاوازە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە گەیاندنی واتادا، لەدەقە ئەدەبیەکانیشدا ئەم لادانە دەبینرێت، بە شێوەیەکی گشتی ڕستە بەبێ کار نابێت، بەڵام ئەگەر کار لە ڕستەیەکدا لابرا پێیدەڵێین کرتاندنی کار.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(شەڕ بە شیر، مامەڵە بەدراو)، (شەڕ بە چەک، مامەڵە بە پارە)  [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢٦٣]

ئەگەر سەرنجی ئەم دوو پەندە بدەین هاو واتایی یەکترن، لە هەردوو بەشی پەندەکان کار کرتێنراوە. کارەکەش بریتییە لە کارێک لە چاوگی(کردن) وەربگیرێت (شەڕ بە شیر دەکرێت/ بکە، مامەڵە بەدراو دەکرێت/ بکە) ، (شەڕ بە چەک دەکرێت/ بکە، مامەڵە بە پارە دەکرێت/ بکە) دەگونجێت کارەکە بکەرنادیار بێت(دەکرێت)، دەکرێ داخوازی بێت(بکە) و بدرێتە پاڵ کەسی دووەمی تاک و کۆ، ئەم شێوە لادانە لە داستانیشدا هەیە، بۆ نموونە  لە زمان خاتوون ئەستێوە هاتووە، کە بەیت بێژی ساکار ئەو نەقڵەمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

نە ئەو ماڵەم دەوێ، نە ئەو حاڵە

نە ئەو منداڵەم دەوێ، نە ئەو تفاڵە  [ئۆسکارمان، ٢٠٠٨: ٥٥]

بەهەمان شێوە لەم دێڕەدا لە نیوە دێڕەکاندا کار کرتێنراوە، کە دەبوایە بگوترێت: (نە ئەو ماڵەم دەوێ، نە ئەو حاڵەم دەوێ- نە ئەو منداڵەم دەوێ، نە ئەو تفاڵە دەوێ) بەڵام لەبەر کاری پێشوتر نەیهێناوە.

٢- پاش و پێشخستن: ئەم شێوازەی لادان بریتییە لە پاش و پێخستنی جێکەوتەی کەرەستەکانی ڕستە، لادان لە یاسا گشتی و تایبەتیەکانی پێکهێنانی ڕستە لە زمانی کوردی دەکات، زۆرجار لەبەر پێویستی و گرنگی سەروا و کێشی هۆنراوە بێت، یا هەر مەبەستێکی تری، کە بووبێتە هۆکاری ئەم لادانە، بۆ نموونە لە داستانی قەڵای دمدمدا هاتوە و دەڵێت:

شیران نەیاندی کێلانە

لەش کەوتبون وەک گردانە

خوێن ڕۆی وەک جۆگانە

باڵچۆغەی شێران نەمانە

شەهیدیان کرد کاکە خانە [کامەران موکری، ١٩٨٤: ٦٩]

لەم کۆپلەیەدا(نەیاندی، کەوتبوون، ڕۆیی، شەهیدیانکرد) ئەمانە کاری ڕستەن و پێشخراون و ڕیزبەندی یاسای دروستبونی سینتاکسیان نەکردوە، بەڵام وێنە واتایەکی نوێیان هێناوەتە کایەوە. واتە لادان لە کارەکانی ڕستەکاندا ئەنجامدراوە، کە بە یاسای (بکەر+ بەرکار+ کار) دروست نەبوون،  هەروەها  لە پەندی کوردیدا گوتراوە:

(زۆر کە هات، قەواڵە بەتاڵە.)  [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢٣١]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لێرەدا بە پێی یاسای ڕستەی مەرجی(زۆر کە هات) پاڕستەیە و( قەواڵە بەتاڵە.) شاڕستەیە، بە شێوە ئاساییەکەی دەبێ بگوترێت(کە زۆر هات، قەواڵە بەتاڵە.) پاش و پێشی ئامرازی لێکدەری مەرج و بکەری پاڕستە، سەرەڕای جێگۆڕینی شا ڕستە و پاڕستەیە.
هەروەها لە پەندەکانی:

(دیزە ڕەشەی دوو کون لە بنا، دەستە چەورەکەت سوو بەسەر منا.) [شێخ محەممەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢١٧]

لە بەشی دووەمی پەندەکەدا (دەستەچەورەکەت سوو بەسەر منا)، لێرەدا کاری ڕستەکە(سوو) پێش کەوتون، دەبوایە بگوترێ (دەستە چەورەکەت بەسەر مندا سووی) لادانی لە ریزبەندی جێکەوتەی کاردا ئەنجامداوە. کاری (سوو) پێش بەرکاری ناڕاستەوخۆ کەوتوە، کە (بە سەرمنا)یە. ئەمەش لە یاسای (بکەر+ بەرکار+ کار) لایداوە.

(دێو کەمبوو لە دێوەڵان، ئەوەش هاتە سەربانی کوندەڵان.) [شێخ محەممەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢١٨]

لێرەدا (ئەوەش هاتە سەربانی کوندەڵان) پێشخستنی کار کراوە و لەبەرامبەردا پاشخستنی بەرکاری ڕوویداوە. (ئەوەش بۆ سەربانی کوندەڵان هات) بە هەمان شێوە جێکەوتەی کاری(هات) گۆڕدراوە و جێکەوتەی بەرکاری ناڕاستەوخۆی (سەربانی کوندەڵان) گۆڕراونەتەوە . بەمەش سەروایەکی گونجاوی داوەتە پەندەکە .
٣- بە لووتکە کردن: بە لوتکەکردنی ئەو کەرەستەیەی، کە گرنگی زیاتری پێدەدرێت لە ناو ڕستەکەدا و پرۆجێکتەر دەخاتە سەر بەشێک یان کەرەستەیەکی ڕستە یان لە ڕستەی لێکدراودا کامیان گرنگە ئەوەیان پێش دەخرێت.

(دووکەڵی ماڵی خۆت، لە ئاگری شوێنان گەرمترە.) [شێخ محەممەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢١٣]

لێرەدا (دووکەڵی ماڵی خۆت) بەگرنگتر دانراوە؛ بۆیە پێشخراوە و جەختی زیاتری لەسەرکراوەتەوە، چونکە لە ڕاستیدا سیفەتێکی سروشتیە هەمیشە ئاگر لە دووکەڵ گەرمترە، بەڵام لێرەدا بە مەبەست دەیەوێت گرنگی بە دووکەڵی خۆیبدات، کە لە ئاگری کەسانیتر گەرمترە.
هەروەها کاکە مەم دەڵێ:

(خاتوونێ، کۆشکێ من بڵندە سەر لە حەوت تەبەقەی ئاسمانێ
خشتێکی زێڕە یەکێکی زیوە، وەستا دایناناوە لە کارخانێ) [ئۆسکارمان، ٢٠٠٦: ١٦٠]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لێرەدا کاکەمەم، کە دەیەوێت زین بدوێنێ و قسەی بۆ بکات، گرنگی پێدەدات و دەڵێ (خاتوونێ) دەیکاتە سەرتۆپی دەستپێکی قسەکانی و وەسفی کۆشک و تەلاری خۆی دەکات و بە مەبەستی دەڵێت(خشتێکی زێرە و یەکێکی زیوە) چونکە ئافرەت زیاتر حەزیان لە جوانکاریە بەتایبەت زێڕ، هەم گرانبەهاترە لە نرخدا.

**چوارەم: لادانی واتایی:**

لادانی واتایی تایبەتمەندی خۆی هەیە لە دروستکردنی وێنەیەک بۆ گەیاندنی واتا، لادانی واتایی(شکاندنی یاساکانی دیوی ناوەوەی زمانن و پەیوەندیەکی پتەویان بە گۆڕینی مەبەست و واتا و تێگەیشتنەوە هەیە، واتا نەک هەر واتای سەردەم دەگۆڕن، بەڵکو دەبنە بار و ئەرک بۆ گوێگریش) [محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠٠٧: ١٨] بە شێوەیەکی یاسا و ڕێکاری خۆی بۆ گەیاندن و بەخشینی واتادا پەیڕەوی دەکات، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دەروونی خوێنەر دروست دەکات؛ چونکە شاعیر و نوسەری داهێنەر بۆ دوورکەوتنەوە لەو بەکارهێنانە واتاییە تەسکەی وشەکان لە فەرهەنگ دا هەیانە، هەوڵ دەدات هەندێك پەیوەندی و وێنەی نوێ لە ئەزموونەکەیدا دابهێنێت، کە لە زەینی خوێنەردا بوونی نییە، ئەمەش پێویستی بە هەندێك میکانیزم دەبێت، بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە زانراوەی لە نێوان دال و مەدلول دا ئامادەیی هەبێت [سافیە محەمەد ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٠٦] ئەگەر دەقی ئەدەبی خاڵی بێت لە لادانی واتا هیچ وێنەیەکی نوێ و تازە بۆ بەرامبەر دروست نەکات، ئەوا وەکو ئاخاوتنی ڕۆژانەی لێدێت، ئەمانەش بەشێکن لەو لادانانەی، کە لە پەند و داستاندا بونیان هەیە:

١- زیادەگوتن: بریتییە لە درێژەدان بەواتای شتێک، کە پێویست ناکات ئەوەندە درێژ بکرێتەوە، واتە زیادەڕۆیی لە چەندایەتی گوتن دەکرێت، ئەمەش زیاتر لە هێنانی هاوەڵناوی زیاتر بۆ شتێک دێت و دەبنە دیارخەری، لەمبارەیەوە(جان کۆهین) پێیوایە، کە هەردەقێک هاوەڵناوی زۆری تێدابێت بە دەقێکی وەسفی هەژماردەکرێت.[ جان کۆهین، ٢٠٠٠: ١٣٤- ١٣٥] کەواتە ئەگەر هەڵاوسانی واتایی دروستبوو، ئەوا زیادەڕۆیی لە واتادا دروستبووە هەندێکجار دەق جوانتر دەکات، بەڵام هەندێکجار دەبێتە هۆی بێزاری بەرامبەر، وەکو:

لە پێشەوە مستێکی لە دەمی کاکە مەمی داوە
خوێن لەدەمی کاکەمەمی دەڕۆی وەک جۆگەو بەحرو ئاوە [ئۆسکارمان، ٢٠٠٦: ١٥٧]

لێرەدا لە دێری دووەمدا مەبەستی ئەوەیە بڵێت وەک ئاو خوێن بەدەمی کاکەمەمیدا دێتەخواری، بەڵام هەرسێ وشەی(جۆگە و بەحر و ئاوە) پێویست نەبوو، بە یەکێکیان واتای دەگەیاند.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هاوكات له داستانی (مەحمەڵ و برايمی دەشتيان) ئەم زيادەڕۆيە دەبينرێت كە بەيتبێژەكان بۆيان تۆماركردوين و دەڵێ:

ئەگەر مەحمەڵ تەدارەكی گرت بە يەكجارەكييە
دەهات و لە خاتوون پەريخانێی دەكرد سەلام و سەڵاوە [ئۆسكارمان: ٣٩٧]

لێرەدا مەبەستی ئەوەيە، كە بەرامبەر تێبگەيەنێت، كە مەحمەڵ سڵاو لە پەريخانێ دەكات، پێويستی بە هەردو وشەی(سەلام و سەڵاو) نەدەكرد، بە يەكێكيان واتای تەواو دەبوو. هەروەها لە داستانی(خەزێم)دا هاتوە، كە دەڵێت:

خەزێم بزربوە تازيە لــە لاوان
گريان زۆربووە بۆ بەڵەك چاوان
خەلق خەمگين بوون بێ سوچ و تاوان [ئۆسكارمان، ٢٠٠٦: ٤٧٥]

لێرەدا (سوچ و تاوان) دوو وشەنن كە هاومانای يەكن بە يەكێكيان واتای تەواو دەبوو، بەڵام لەبەر كێش و سەروای هۆنراوەكە هەردوكيانی هێناوە.

٢- پارادۆكسی: بريتييە لە بەيەكەوە هاتنی دوو وشە يان دەستەواژە، كەبەيەكەوە كۆك نين و گونجاو نين، بەڵام بە مەبەستێكی تايبەت دەخرێنە دەم يەكتر(حاڵەتێكە بە رووكارێكی پێچەوانەی لۆژيك و نەرێنی ئەقڵ دەردەكەوێت، هاوكات دەتوانرێت لێكدانەوەيەكی ئەرێنی بۆ بكرێت) [Abrams،١٩٩٠: ٢٠١] كەواتە پارادۆكس زياتر لە واتايەك لە خۆدەگرێت، كە واتايەكی نزيك و واتايەكی دوور. بۆ نموونە:

(زۆردار ئاوی سەرەو ژوور ئەڕوا) [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢٣١]

لێرەدا پارادۆكس دروست بووە، ئاو سيفەتێكی هەيە، كە هەميشە بەرەو خوار دەڕوات، لە بەرزی بەرەو نزمی دەڕوات بە شێوەيەكی سروشتی، بەڵام لێرەدا دەگوترێ ئاوی زۆردار بەرەو سەرەوە دەڕوات، پێچەوانەی واقيع بۆتەوە، واتايەكی مەجازی دەبەخشێت. هەروەها لە پەندێكيتردا هاتووە، گوتراوە:

(ژووژوو وتويەتی: ئاخۆگيان لەبەر ببێ بێچوی لە بێچوی من نەرم و شلتر بێ.) [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٢٣٧]

هەمومان دەزانين كە(ژووشك) چەندە دڕك و دەرزيلەی ڕەق و تيژی پێوەيە، كەچی دەڵێ لە بەچكەی هەموو شتێك نەرم وشلترە، كە ئەمەش دوورە لە ڕاستی.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكولينێن كوردی

٣- دانەپاڵ: بریتییە لە پێدانی سیفەتێک بە شتێک ئەم سیفەتە بە نەشاز دابنرێت، بە واتایەکیتر بە هەڵپەساردن و دانەپاڵی وشەیەک بە وشەیەکیتر کە واتایان لە ڕوی لۆژیکەوە پێکەوە ناگونجێت، هەندێکجار وشەیەک بە وشەیەکیتر کە واتایان لە ڕوی لۆژیکەوە پێکەوە ناگونجێت [شێرزاد عەبدوڵا قادر، ٢٠١٤: ١٣٣] دەگونجێت هەم ئەرێنی یا نەرێنی بێت. کە زیاتر لە شێوەی لێکچواندن و دیارخەر و دیارخراوی دروست دەکرێن. بۆ نموونە:

(ئەڵێ ژاڵە بۆ وا تاڵیت؟ لەبەر برا مردن

گوڵت بۆ وا جوانە؟ لەبەر دۆست و دوژمن) [شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٦]

ئەگەر سەیری ئەم پەندە بکەین دەبینین، کە سیفەتی قسەکردن و هەبوونی برای داوەتە پاڵ گوڵی ژاڵە، وەک مرۆڤێک دەریخستووە، بەڵام گوڵ نە توانایی قسەکردنی هەیە، نەدوژمن و دۆستیی هەیە. بە شاراوەی بە مرۆڤ کردن ڕوویداوە.

(ئەوەی پێم کرد خێرە، لێم بوو بە گورگ و شێرە)[شێخ محەمەدی خاڵ، ٢٠٠٨: ٦٣]

لێرەدا سیفەتی گورگی و شێری دراوەتەپاڵ مرۆڤ و بە ئاژەڵکراوە، کە مەبەست دڕندەیی و تێر نەخواردن دراوەتە پاڵ لایەک و چاکە لەگەڵ هەر کەسێک بکەیت، خۆت لە مەترسیدای.

لە داستانی قەڵی دمدم کە دەڵێت:

شیران نەیاندی کێلانە

لەش کەوتبوون وەکی گردانە [کامەران موکری،١٩٨٤: ٦٩]

سیفەتی دیتن تایبەتە بە مرۆڤ و زیندەوەران کە خوای گەورە چاوی بەخشیوە پێیان، بەڵام ئەم سیفەتە دراوەتە پاڵ شمشێر، بەمەش لادانی واتایی دروستبووە و پێی دەڵێن بە زیندەوەرکردن و وێنەیەکی جوانی هونەری دروستکردوە.

**ئەنجام:**

١- لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

٢- ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی زمانێکی شیعرییەت ئامێزی هەیە و لادان بۆتە بنەمایەکی بنجی دروستبوونی.

٣- لە ئەدەبی فۆلکلۆردا تەنیا لادانە زمانییەکان دەست نیشان دەکرێن، چونکە سەرەتاییترین دەقی ئەدەبین و پێش ئەوانە دەقی ئەدەبی تر نین، تا بتوانرێن لە ڕووی ناوەرۆک و بونیادەوە لادانەکان دەستنیشان بکرێن.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

٤- لادانی زمانی وەک بنەمایەکی شێوازی ئەدەبی لە پەندی پێشینان و داستاندا بوونی هەیە.

٥- لادانە زمانییەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو لەو دوو ژانرەدا بەرچاو دەکەون و چۆنیەتی و چەندایەتییان لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر دەگۆڕێت.

٦- لادانە زمانییەکان لە ئاستەکانی دەنگ و وشە و ڕستە و واتا بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر لە داستان و پەندی پێشیناندا بەرچاو دەکەون.

٧- گرنگترین ئەرکی لادان لەو ژانرانە بریتییە لە چڕی و بە ئابوریکردنی زمان و بەرهەمهێنانی ئیستاتیکای دەق و قووڵکردنەوەی واتا.

٨- گرنگی لادان لە پەند و داستاندا هەندێک جار لە پێناو ڕێکخستنی کێش و سەروا و ئاوازی دەقەکەیە.

٩- پەنا بردنە بەر لادان سیمایەکی دەقی فۆلکلۆرە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی لەبەربکرێت و پارێزگاری کردن لە تایبەتمەندییەی خۆی بکات، کە بریتییە لە گێڕانەوەی دەماودەم و مانەوەی پشتاوپشت.

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە کوردیەکان:**


١- ئەرەستۆ، هونەری شیعر، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، دەزگای چاپی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٢- ئۆسکارمان، تحفەی مظفریە، ساغکردنەوە و هێنانە سەر ڕێنوسی کوردی (هێمن موکریانی)، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

٣- تالیب حوسێن عەلی، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٨ .

٤- دەروون عەبدولڕەحمان سالّح، ئیکۆنۆمی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠١٢.

٥- شوکریە ڕەسول(د.)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، دەزگای میوزیک و کەلەپوری کوردی هەولێر، ٢٠٠٨.

٦- شێخ محەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان، دەزگای سەردەم، ٢٠٠٨.

٧- شێرزاد عەبدوڵڵا قادر، لادان لە شیعری ڕەفیق سابیر دا. نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤.

٨- صافیە محەمەد ئەحمەد، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا(١٩٨٠-١٩٩١)، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٣ .

٩- عیزەددین مستەفا ڕەسول(د.)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی سێیەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

١٠- عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانیەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٨.

١١- عەلی مەعروف شارەزووری، پەندی پێشینانی کورد، چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٠.

١٢- قەناتی کوردۆ(کوردۆییڤ)، کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا، ١٩٧٦.

١٣- كامەران موكری(محەمەد ئەحمەد تەها)، ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، ب١، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین، ١٩٨٤.
١٤- محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠.
١٥- محەمەد مەعروف فەتاح، زمانی شیعر، ڕوانگەیەكی زمانەوانی و پراگماتیكی، كۆنفرانسی زمانی بەشی كوردی، ٢٠٠٧.
١٦- نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، دەنگسازی، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٤.
١٧- نەسرین فەخری، كلۆركردن و قووتدان جێگۆڕكێ و هەڵگێڕانەوەی دەنگی (د) و هۆكار و دەوری لە زمان و شێواندنی ڕێزمانەكەماندا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(١٤٥) دارالثقافه و النشر الكرديه، ٢٠٠٠.
١٨- ناز ئەحمەد سەعید، لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، چاپ و بلاوكردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٤.

**سەرچاوە عەرەبیەكان:**

١٩- احمد على مرسى(د.)، مقدمة فى الفولكلور، دار الثقافة، القاهرة، ١٩٧٥.
٢٠- احمد محمد ويس(د.)، الأنزياح من منظور الدراسات الأسلوبية، ط١، دار مجد، بيروت، ٢٠٠٥.
٢١- أميمة الرواشدة، شعرية الأنزياح- دراسة فى شعر محمد على شمس الدين، منشورات أمانة عمان الكبرى، عمان، ٢٠٠٥.
٢٢- جان كوهين، النظرية الشعرية، ت:أحمد درويش، دار غريب، القاهرة٢٠٠٠.
٢٣- جان كوهين، بنية اللغة الشعرية، ت:محمد الولى و محمد العمرى، دار توبقال، ١٩٨٦.
٢٤- حسن ناظم، مفاهيم الشعرية، ط١، المركز الثقافى العربى، ١٩٩٤.
٢٥- عبدالمنعم تليمة(د.)، مقدمة فى النظرية الأدبية، ط٢، دار العودة، بيروت، ١٩٧٠.
٢٦- منذر عياشى(د.)، الأسلوبية و تحليل الخطاب، مركز الأنماء الحضارى، دمشق، ٢٠٠٩.
٢٧- هنريش بليث، البلاغة و الأسلوبية نحو نموذج السيميائى لتحليل النص، ترجمة و تعليق د.محمد العمرى، أفريقا الشرق- لبنان، ١٩٩٩.
٢٨- يورى سوكولوف، الفولكلور، ت:حلمى شعراوى، عبدالحميد حواس، الهيئة المصرية، ١٩٧١.

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

1- Aglossary of Litrary Terms 7th Edition K. M. H.Abrams published by Wadsworth Publishing, 1990

## وظيفة و أهمية الأنزياحات اللغوية في النص الفولكلور الكردي
## (المثل و الملحمة نموذجا)

**الملخص:**

أدب الفولكلور كنوع من أنواع الأدب المكتوب والأدب الشعبي، ذو طابع أصيل على مستويي الشكل والمضمون، وهذا هو الّذي ميّزه عن الأنواع الأدبية الأخرى وأعطاه قيمته الخاصة به.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

لو نظرنا نظرة دقيقة إلى النصوص الأدبية داخل أدب الفولكور، والّتي أتت عن طريق العادات والتقاليد الأصيلة للمجتمع وهي انعكاس لحياة المجتمع في ذلك العصر، ومن ثمّ تمت صياغتها في أساليب أدبية مختلفة لعرض صور واقعية لذلك الزمن الذي عاش فيه المجتمع من الصراع بين قوى الخير والشر والبطولات الشعبية. كما قد حدّد نواقص المجتمع وكشف الستار عمّا هو موجود من الظواهر السلبية داخل المجتمع، إضافة إلى الحفاظ على ما يعتبر بالخطوط الحمراء في الدين والمجتمع والعادات والتقاليد.

تعتبر التعابير البسيطة إحدى المميزات لأدب الفولكلوري حيث جعل الفهم فيه سهلا ويسيرا ؛ وذلك لأنّه هو انتاج شعبي وقيل للشعب أيضا، ومع ذلك أنّ لغته ليست خالية من المظاهر القوية للغة الأدبية بل تظهر فيه المقومات الأدبية في أشكال متعددة، ومن ضمنها العدول.

هذه الدراسة محاولة لأظهار أهمية العدول ووظيفته في النصوص الفولكلورية، وتمّ أخذ الأمثال الكوردية والملحمة الشعبية كنماذج تطبيقية للدراسة؛ وذلك لأن هذه الانزياح اللغوية أصبحت أساسا للأدب المكتوب من جهة، كما لا يستطاع ذكر الأنواع الأخرى للانزياح –من حيث الشكل والمضمون- في النصوص الفولكلورية من جهة أخرى؛ لأنّه يعتبر بداية لأدبنا الكوردي وليست لدينا نصوص أقدم منه حتّى نقارن بها من أجل الوصول إلى القرار وتحديد أنواع الانزياحات، لذا تحتوي الدراسة محورين، ففي المحور الأول تناولنا لغة النص الفولكلوري بوجه عام والانزياح كأساس للأسلوب الأدبي.

وأمّا المحور الثاني خصّصناه لذكر الانزياحات اللغوية الّتي تمّ رصدها خلال هذين النموذجين.

وفي النهاية تمّ عرض نتائج البحث والمصادر المستخدمة في الدراسة إضافة إلى ملخص البحث باللغين العربية والكوردية.

**الكلمات الدالة**: *النص، الفولكلور، الانزياح، الأمثال الكوردية، الملحمة*

## The role and importance of linguistic deviations in Kurdish folklore text
## ( the epic and ancient proverb as example)

**Abstract:**

Folklore literature, like the other literary texts and national texts, has its original track concerning its form and content, and it has a special value that makes it differ from the others. If we focus on the texts in folklore literature, which are rooted in habits of original communities and reflect the lifestyle and the living of urban at that period, they are formed from various styles of literature and genre. They show a real sample of life at that time in struggling with power for war and charity, bravery and hero of peoples. They have shed light on the shortcomings of society and uncovered many bad phenomena in society and kept the redlines of religion, community and habits and kept the borders. One of the special characteristics of language folklore-

literature is the simplicity and ease of expressing and understanding it because it is the product of people and said for them, but its language from form and content as strong literature is not out of deviation as the basis of literary style and the structure of poetic texts; it appears variously in forming folklore texts.

The study, in this conference, is an attempt for exploring the functions and the significance of deviation in folklore texts, Kurdish proverbs and Kurdish epics, as samples, they are taken in this study because deviations in language are the basis for literary texts and the other types of deviations from form and content cannot be discussed in folklore literary texts since there are no the beginning and the start of Kurdish literary interview and Kurdish old literary text to compare with them for making a decision and identifying the types of deviation. Thus, the study includes two sections. The first section discusses the language folklore-texts in general and deviation as the basis of literary style. The second section is devoted to the types of deviation in language that can be seen in constructing these two genres. At the end of the study, there are results, references and abstracts in English and Arabic.

**Keywords:** text, folklore, deviation, Kurdish proverbs and epics.

# کەلەپووری کوردەواری لە (عادات و رسووماتنامەی ئەکرادیە)ی مەلا مەحمودی بایەزیدی دا

پ. ی. د. سامان عزالدین سعدون
سەنتەری کوردستانناسی- زانکۆی چەرموو- هەرێما کوردستانێ / عێراق

پوختە:

گومانی تێدا نییە کە (عادات و روسوماتنامەی ئەکرادییەی) مەلا محمودی بایەزیدی یەکێکە لەو بەڵگەنامانەی کەلەپووری کوردیی، کە شایانی ئەوەیە دەیان لێکۆڵینەوەی لەسەر بنووسرێ، چونکە سەرچاوەیەکی بەهاداروگرنگی بەدەستهێنانی زانیارییە کەلەپوورییەکانە، کە ڕاستگۆیانەش بە خوو رەوشت و نەریتی کوردمان ئاشنا دەکات، بە تایبەتی کوردانی (بۆتان و هەکاری وبایەزیدی و سۆران) هەربۆیە ئێمەش بە ئاوڕدانەوە و لێکۆڵینەوە لەم سەرچاوە گرنگە دەمانەوێ زانستانە لەو خورەوشت و نەریتە ڕەسەنە کوردەواریانە بدوێین، کە هەندێکیان نەماوەن و هەندێکیان تا ئێستاش دەبینرێن.
ئەم بەرهەمەی مەلا محموودی بایەزیدی کە بە شێوەزاری هەکارییە، لە بنەرەتدا لەسەر داوا ئەلکسەندەر ژاپا قونسلی روسیا لە ئەرزروم نووسراوە و دواتر لە لایەن رۆدینکۆی نووسەری روسەوە بڵاوکراوەتەوە. دواتریش دکتۆر شوکریە رەسوڵ وەریگێراوەتە سەر زمانی کوردی ناوەڕاست. لێکۆڵینەوەکەمان لە دوو بەش و ئەنجام و پوختە و لیستی سەرچاوە پێکهاتووە: لەبەشی یەکەمدا باسی چەمك و پێناسەی فۆلکلۆر و کەلەپوورمان کردوە لەگەڵ جۆرەکانی کەلەپوور و گرنگی ئەم چەمکە لەبواری ئەتنۆگرافیادا.
لە بەشی دووەمدا کە تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکەی مەلا محموودی بایەزیدی ئێمە بە شێوەیەکی زانستانە هەموو ئەو دیاردە کەلەپوورییانەی کە نووسەر خستویەتێ ڕوو ڕاڤەیان دەکەین.

**پەیڤێن سەرەکی:** *کەلەپووری کوردەواری، عادات و رسووماتنامەی ئەکرادیە، مەلا مەحمودی بایەزیدی.*

**پێشەکی:**

وەك ئاشکرایە کەلەپوورو فۆلکلۆری میللەتان تا ئەمرۆش یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی کە لێکۆڵەرەوان رووی تێدەکەن و کاریان لەسەر دەکەن، چونکە سەرچاوەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ناساندنی میللەتانن بە یەکتری دیارە نەتەوەی کوردیش وەك یەکێك لە نەتەوە هەرەکۆنەکانی ڕۆژهەلات خاوەنی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی فۆلکلۆرو کەلەپوورە لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی پێویست بە شێوەیەکی زانستانە ئاوریان لێ نەدراوەتەوە و کاریان لەسەر نەکراوە بۆیە بە پێویستمان زانی لەم باسەماندا و بە ئاوردانەوەمان لێکۆلینەوەیەکی زانستانە دەربارەی خوو ڕەوشت و نەریتی کوردەواری بخەینە بەردەست لە بەرهەمێکی تایبەت بە بوارە جیاجیا کانی فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردی کە ئەویش بەرهەمەکەی مەلا محمودی بایەزیدییە بە ناونیشانی (عادات و رسوماتنامەی ئەکرادییە)، بەم شێوەیەش سنووری کارکردنمان لەم باسەدا هەرکتێبی عادات و روسوماتنامەی ئەکرادییەی مەلا محمودی بایەزیدییە، کە دەمانەوێ زانستانە تێروانینەکانی دەربارەی گەلێ لایەنی نەریتی کوردەواری بخەینە بەردەست و تێبینی خۆشمان بخەینە ڕوو.

پلانی لێکۆڵینەوەکەشمان بەم شێوەیە دارشتوە لەبەشی یەکەمدا باسی چەمك و پێناسەی فۆلکلۆر و کەلەپوورمان کردوە لەگەڵ جۆرەکانی کەلەپوور و گرنگی ئەم چەمکە لەبواری ئەتنۆگرافیادا.

لە بەشی دووەمدا کە تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکەی مەلا محموودی بایەزیدی ئێمە بە شێوەیەکی زانستانە هەموو ئەو دیاردە کەلەپوورییانەی کە نووسەر خستویەتێ ڕوو راڤەیان دەکەین .لەکۆتایشدا ئەنجام و پوختەو لیستی سەرچاوەکانمان خستۆتەڕوو.

## بەشی یەکەم (چەمکی کەلەپوور)

### پێناسەی کەلەپوور:

دەربارەی پێناسەی کەلەپوور و فۆلکلۆر پێناسەی جۆراوجۆر خراونەتە بەردەست. پێش ئەوەی بێینە سەر پێناسەکان پێویستە ئەو راستییە روونبکەینەوە کە کارێکی ئاسان نییە سنوور و تایبەتمەندی چەمکی کەلەپوور و فۆلکلۆر لەیەکتری جیابکەینەوە، چونکە هەردووکیان لەناو یەك بازنەدان و تەواوکەر و هاومانای یەکترن ((تێروانینی باو لەم بارەیەوە ئەوەیە کە چەمکی فۆلکلۆر بە مانای کەلەپوور دێت کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوازرێتەوە و بە ئەزبەرکردنیان و تۆمارکردنیان لەزاکیرەماندا یان بە راهێنان و و هەلسوکەوتمان و دووبارەکردنەوەیان پاراستومانن)) (الجزيري. ٢٠٠٠. ل٢٨)لێرەدا کۆمەڵێك پێناسەی جۆراجۆر لە چوارچێوەی کەلەپوورو فۆلکلۆردا دەخەینە ڕوو ((فۆلکلۆر هەموو بەرهەمی داهێنراوی گەلێکە کە لە مێژوویەکی دێرینەوە لە بوارەکانی باوەڕ و رۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری و تەلارسازی و پیشەسازیدا ،نەوە لەدوای نەوە ماوەتەوە. لەبەر ئەوەیە دەبینین بە پێی قۆناغەکانی مێژووی شارستانییەتە یەك لەدوای یەکاندا



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

فۆرمی جیاوازیان وەرگرتووە)) (عثمان الكعاك. ١٩٦٤. ل ٧). لە شوێنێکی تردا و هەر لەبارەی فۆلکلۆرەوە دەڵێ :((فۆلکلۆر لێکۆڵینەوەیە لە ژیانی مرۆڤ و هەموو ئەوانەش کە پەیوەستن بە تاك و کۆمەڵەوە لە زانستەکان و هونەر و ئەدەبیات و باوەڕ و داب و نەریت و خورافیات، فۆلکلۆر شارستانییەتی کۆمەڵێك مرۆڤە لە هەرێمێك لە هەرێمەکان.. (عثمان الكعاك. ١٩٦٤. ل ٢٢). هەروەها ولیم تومس بەم شێوەیە پێناسەی فۆلکلۆر دەکات و دەڵێ: ((فۆلکلۆر بریتییە لە کۆمەڵێك نەریت و باوەڕو ئەفسانەو رەفتار ورەوشتی باو لەنێو خەڵکدا هەروەها گۆرانی و داستان و و پەند و مەتەڵ و قسەی نەستەق و بەرهەمی میللی کە گەلێك پشتاوپشت بۆی ماوەتەوە لە دوو فۆرمی جیادا دەردەکەون، ئەوانیش فۆرمی مادی کە ئامێری مۆسیقا و و جل و بەرگ و و کاری دەستی لە چنیین و رستنی قوماش و پەیکەرەکان دەگرێتەوە، لەگەڵ فۆرمی غەیرە مادی کە ئەویش بریتییە لە چیرۆك و داستان و ئەفسانەو و گۆرانی و رێورەسمی ژن هێنان و مردن و یارییەکان و شێوازەکانی سەماکردن.))(العنتیل. ١٩٦٥ ل ٣٥)

بە گشتی چەمکی کلتوور ((تەنیا کۆمەڵێکی کەڵەکە بوو لە داب و نەریت و شێوە جیاوازەکانی ژیان نییە، بەڵکو سیستەمێکی رێکخراوە لە رەفتارەکان، یان شێوەی گشتی ژیانی گروپێك یان چەند کروپێکە لە خەڵك، رەگەزەکانی کلتوور وەکو داب و نەریت و بیروباوەرەکان هەروەها بەهاو بیرو باوەرە هاوبەشەکان، مرۆڤەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و ناسنامەی کۆمەڵایەتییان پێ دەبەخشێت)) (موحسنی. ٢٠٠٢. ل ١٠٣) واتە ((کلتوور بەشێکە لە کەسایەتی و پێناسەیەك کە کۆمەڵ بە گشتی مرۆڤەکان بە تایبەتی خۆیان لەئەویدی پێ جیا دەکەنەوە.کەواتە کلتوور چەند هۆکاری خۆ ناسینە دەشێت هێندەش هۆکاری خۆ جیاکردنەوەش بێت)) (سابیر. ٢٠٠٨.ل٣٧)

بەم پێیە کەلەپوور پاشماوەی هونەری رۆشنبیری گەلێکە لە چوارچێوەی داب نەریتی دێرین کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گوازراوەتەوە کۆمەڵێك کردەو و چالاکییە وەکو هونەرێك تایبەتە بە کۆمەڵێك خەڵك یاخود گەلێك. زۆربەی لێکۆڵەران هەردوو چەمکی کەلەپوور و فۆلکلۆر دەگەرێننەوە بۆ یەك سەرچاوە و وەك یەك بابەت لێی دەروانن. ((کەلەپوور گەنجینەی مێژووی میللەتە کە داب و نەریت و ئاین و ئایدۆلۆژیا و زمان و ئەدەب و هونەر و جل و بەرگ و کەرەسەی ناوماڵ و کەرەسە و بابەتەکانی بواری بیناسازی.. دەگرێتەوە، لە نووسراوە کوردییەکاندا، زاراوەکانی کلتوور و کەلەپوور هەمان مانا و پێناسەیان هەیە.((کلتوور هەموو پاشماوە مادی و مەعنەوییەکانی گەل دەگرێتەوە لە مێژوو، زمان، فۆلکلۆر، ئاین، ئەدەب، داب و نەرێت، هونەر،.. تاد هەر یەکێکیش لەوبەشانە چەند لقێکی دیکەیان لێدەبێتەوە)) (بوار نورەدین، ٢٠٠٥، ل ٥٦). لێرەوەیە کەلەپوور بەردی بناغەو سەرچاوەی ئەدەبی و کلتوری هەموو گەلێکە وهەر بابەتێکی فۆلکلۆر هەڵگری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

ئێش و ئازارو ڕەنگدانەوەی دۆخی ژیان و گوزەرانی رابردووی مرۆڤەکانە.فۆلکلۆرناسان لەبارەی بابەت و ناوەرۆکی فۆلکلۆرەوە کۆمەڵێك زانیاریان خستۆتە بەردەست لەو لایەنەوە کۆمەڵێك بابەت وەك لقەکانی یاخود بەشەکانی فۆلکلۆر بەم شێوەیە دەستنیشان دەکەن:

د. عیزەدین لەم لایەنەوە فۆلکلۆری کوردی بۆ ئەم بەشانە دابەش دەکات: (ئەفسانە، داستان، گۆرانی، پەندی پێشینان، و قسەی نەستەق، گاڵتەو گەپ، مەتەڵ) (عیزەدین مستەفا رەسوڵ. ١٩٧٩. ل١٢)

کامەران موکری بەشەکانی فۆلکلۆری کوردی بەم شێوەیە دابەش دەکات: (ئەفسانە، داستان، سەرگوزشتە (چیرۆك)، گۆرانی، پەندی پێشینان وقسەی نەستەق، گاڵتەو گەپ، مەتەڵ) (کامەران موکری. ١٩٨٤. ل٣٨). هەروەها دکتۆر شوکریە رەسوڵ لە کتێبی (ڕێ و ڕەسمی شین و لاوانەوەی کوردی)دا نەخشەیەکی بەناوی (نەخشەی بەشەکانی فۆلکلۆری کوردی) بلاوکردۆتەوە، کە ئەم بەشانەی تێدایە :١- پەخشان لەم لقانە پێکهاتووە: ئەفسانەی جادووگەر، ئەفسانەی سەرگوزشتە، ئەفسانەی ژیان، نوکتە، گێرانەوە، شین و لاوانەوە، ٢- شیعر لەم لقانە پێکهاتووە: داستان، (قارەمانی ودڵداری)، گۆرانی، دوو بەیت، چوارین، پێنج بەیت، ٣- هەمەرەنگ لەم لقانە پێکهاتوە: مەتەڵ، پەند، فۆلکلۆری منداڵان، داب و نەریت، نواندان ،سیحرو جادوو. (د. شوکریە رەسول. ١٩٩٧.ل١٤ -١٥) ((مامەڵەکردن لەگەڵ فۆلکلۆری کوردی پەیوەندی دارە بە مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپووری کوردی بە شێوەیەکی زانستی)) (الجزیري. ٢٠٠٠. ل٣٣) بەم پێیە کەلەپوور هەموو ئەو داب و نەریت و ئەدەب و هونەرو کارە هەرەوەزیانەی دەگرێتەوە کە بە هۆی زارو زاکیرەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دەگوازرێتەوە. دیاردە کەلەپوورییەکان واتە بابەتە میللییەکان کە بیروباوەری میللی و مەتەڵ و پەندی پێشینان و خەسلەتی تاك و نەریتی هاوسەرگیری و بۆنەو یادە جیاوازەکان و هەموو هەڵسوکەوتێکی مرۆڤ لە دەربرین و هەڵوێست وەرگرتن دەگرێتەوە.

**جۆرەکانی کەلەپوور:**

هەروەك پێشتر ڕوونمان کردەوە کە کەلەپوور بەمانا فراوانەکەی فۆلکلۆریش دەگرێتەوە ،چونکە کەلەپوور بڵاوترو هەمەلایەنە، لەبەر هەمان هۆکار ،فۆلکلۆری کوردیش بە بەشێك لە کەلەپوور دادەنرێت کە ڕەهەندێکی مێژوویی و ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتی ڕوونی هەیە.کەواتە فۆلکلۆر پاشماوەی کەلەپوری گەلانە، چونکە کەلەپور بەرهەمی مێشك و زمان و دەست و بیرکردنەوەی کۆمەڵگایە.بەم پێیەش هەر کردەوەو هەڵسوکەوت و دیاردە و دابونەریتێك کە ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و خوو رەوشت و ڕێورەسم و چالاکی هونەری و جەستەیی بێت، بێگومان دەبێتە فاکتەری پێشخستن و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ناساندنی گەلان. ((فۆلكلۆر ڕۆڵێكی گرنگ دەگێڕێ لە پێشكەوتنی ڕەوتی كۆمەڵایەتی و ڕامیاری و بوارەكانی تری ژیان، پەیوەندییەكی تەواوی بە زانست و زانیاریەكانی ترەوە هەیە، بە تایبەتی مێژوو زۆر یارمەتی یەكتر دەدەن لە ڕووی كردنەوەی هەندێ دیاردەو ڕووداوی رابردوو، هەروەها ئاوێنەیەكی پرشنگداری رابردوو و ئێستای میللەتە.)) (د. هیمداد حوسێن ٢٠١٢، ل ١١). هەرلەبەر ئەوەیە كە فۆلكلۆر و دیاردە كەلەپوورییەكان كاریگەری و ڕەنگدانەوەیان لەسەر كەسێتی كوردو ژیانی خێزانی و كۆمەڵایەتی هەبووە و هۆكارێكیش بووە بۆ هۆشیاركردنەوەورۆشنبیركردنی خەڵك ((فۆلكلۆر بە هەموو بەشەكانیەوە ڕۆڵێكی كاریگەری هەبووە لەسەر دروستكردنی كەسایەتی مرۆڤی كورد. لەسەر دیاردە سروشتییەكان. وەرگرتنی دیاردە كۆمەڵایەتییەكان، ڕاهاتنی لەسەر خو ڕەوشت و هەڵسوكەوتی ناو خێزان و دەوروبەرەكەی ،بەتایبەتی لە سەردەمێكدا كە هێشتا ڕۆڵی دەزگاكانی پەروەردە– دایەنگە، خوێندنگە، زانستگە. ڕۆڵی دەزگا فەرمیەكانی حكومەت – بەرێوەبەرایەتی كارگێری، دادگا، رۆلی میدیا ،رۆژنامە ،تەلەفزیون، نەبوە یان لاواز بوە.)) (نەوشیروان مستەفا. ٢٠٠٨ ل ٢٧)).

هەموو ئەو بابەتانەی كە لە ژێر خانەی فۆلكلۆردان وەكو كەلەپووری گەلان دەناسرێتەوە. سەرجەمیان بە پێی ناوەڕۆكیان لە ژێر چوار جۆردا پوختدەكەینەوە :

((١- كەلەپووری دەستی: هەموو ئەو كەلوپەلە كۆنانە دەگرێتەوە كە بەدەست دروستكراون و بەرهەمی كاری دەستی خەڵكە كە چەندین شێوەی كۆن و نوێی هەیە (چنینی جل و بەرگ و نەخش و نیگاری سەردیوارو مال و شوێنە گشتییەكان ،دروستكردنی كەلوپەلی ناو ماڵ، ئامێر و پێداویستی كشتوكاڵ.

٢- كەلەپووری زارەكی: هەموو ئەو وتەو دەربرینانەی لەكۆنەوە لە رێگەی زارەوە بۆمان ماوەتەوە دەگرێتەوە لەوانە (ئەفسانە، سەرگوزشتە (چیرۆك)، پەندی پێشینان، مەتەڵ، قسەی نەستەق، گۆرانی)

٣- كەلەپووری كلتووری: هەموو ئەو بابەتانەی كە ماونەتەوە لە ئەدەبیات و زانستە كۆنەكان و دەچنە ژێر ناوی (داب و نەریت) كە لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر ماوەتەوە

٤- رێورەسم (رسوماتنامە): هەندێ چالاكی و كردەوە كە كۆمەڵێك لە خەڵك پەیرەوی دەكەن یاخوود پێی هەڵدەستن كە بۆ مەبەستێك و ئامانجێك مومارەسە دەكرێ، بۆنە ئاینییەكان، مراسیمی بوك گواستنەوە، ئاهەنگیران و كەرنەڤال و ڤیستیڤالەكان))) ابو مصلح. ٢٠٠٦. ل١٢٩)

عادات و رسوماتنامە هەرچوار جۆرەكەی كەلەپووری تیادایە، لە رێگەی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدەین ناوەرۆكی بەرهەمەكە بەگوێرەی توخمەكانی راڤە بكەین، بەم هۆیەشەوە لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

میانەی دیاردە کەلەپورییەکانی ناو بەرهەمەکە خوێندنەوەیەکی زانستیانە لە بواری کەلەپورناسیدا بۆ هەندێ لایەنی گرنگی کەلەپوری کوردەواری دەکەین.

## گرنگی و بایەخی کەلەپوور:

هەروەك چۆن ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی سەرچاوەی پێشكەوتنی ئەدەبی كوردییە هەر بە هەمان پێوەریش دەوڵەمەندەی کەلەپووری کوردی، دەکرێت ببێتە بناغەی توێژینەوەی زانستی لە بوارەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئەتنۆگرافیاو بە مەبەستی پێشخستنی ژیانی کوردەواری. کەلەپورو فۆلکلۆر دوو بابەتی زۆر گرنگن هەمیشە بوونەتە جێی بایەخی فۆلکلۆرناسان و کەلەپور ناسان ئەمەش لە پێناوی دوو ئامانجی سەرەکی یەکەمیان زیندوکردنەوەو ناساندنی ئەم جۆرە لە کەلەپور بە جیهان دووەمیان وەك كەرەستەیەك بۆ بابەتی توێژینەوەی زانستی سوودیان لێ وەردەگیرێت ئامانجێکی تریش ئەوەیە کە ئاشنا دەبین بە شێوازی ژیانی میللەتان کە لە رابردوودا چۆن ژیاون؟ و بیروراو تێروانینەکانیان بۆ دیاردەکان و سروشت و گەردوون چی بووە ؟ د. شوکریە پێی وایە: (ئەم بەرهەمەی بایەزیدی یەکێکە لەو کەلەپووره پربەهایانەی کە ئەمرۆ نرخ و بایەخێکی ئەکجار گەورەی لە بواری کۆمەڵناسی و ئەتنۆگرافی ئەنترۆپۆلۆجیادا هەیە) (د.شوکریە رەسول، ٢٠١٥، ل٧) زۆربەی لێکۆلەرانی کورد بایەزیدی بە یەکەم کۆمەلناس و ئەتنۆگرافی کورد دادەنێن کە باسی داب و نەرێتی کورد و بیرەباوەریان و کارو پیشەو شێوەی ژیان و جۆرەکانی هونەرو ئارەزووەکان و یارییە باوەکان دەکات ئەم کتێبە خاوەنی زانیاریەکی زۆرە کە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی ئەتنۆگرافیای کورد لەو ناوچانەی کە ئاماژەی پێ داوە لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەدا. (د. شوکریە رەسوڵ،عادات و رسوماتنامەی کوردی، ٢٠١٥،ل١١). د. موحسین لەمبارەیەوە دەڵێ ((من بە گەورەترین کۆمەڵناس و ئیتنۆگرافناسی کوردی سەدەی نۆزدەی دادەنێم)) (د. موحسین ،لێکۆڵینەوە کوردییەکان ٢٠١٢، ل ٢٧٢).

((رۆڵی پێشرەوانەی بایەزیدی لەوەدا دەردەکەوێ کە ئەو لەسەردەمێکدا دەستی داوەتە نووسین بەزمانی کوردی کە زۆربەی خەڵکی کورد و رۆشنبیران پەخشانیان بە فارسی و عوسمانلی دەنووسی. رۆژهەلاتناسی سەدەی نۆزدەهەم، لیرخ لەم بارەوە، گەواهی دەدات و دەڵێ: کوردەکان لە نامە گۆرینەوەی نێوان خۆیاندا زمانی فارسی بەکاردەهێنن.))(د. فەرهاد پیربال ،٢٠٠٠ ل٩). سەرەرای ئەوەی بە کوردی نووسین نەبوو بووە دیاردە کەچی مەلا محمودی بایەزیدی لەو سەردەمەدا بە زمانی کوردی کۆمەڵێك بەرهەمی لە شێوەی دەستنووسدا بۆ بەجێ هێشتوین کە بایەخی ئێجگاری گەورەیان لە مێژووی ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەدا هەیە..((جاران رووناکبیر و شاعیرانی کورد تەنانەت نامەشیان بە زمانی فارسی، عەرەبی، یان تورکی نووسیوە ،کوردی زیاتر زمانی شیعر بووە. پەیدابوونی پەخشان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ فەکۆلینێن کوردی

خۆی بۆ خۆی سیمایەكی شارستانی و دیاردەییەكی نوێیە)) (چەند وتارێكی كوردناسی، وەرگێرانی ئەنوەر قادر محەمەد، ٢٠٠٨، ل ١٤٩)

بۆ یەكمجارە كوردێك وەكو كوردناسێك كتێبێك لەبارەی گەلەكەیەوە دەنوسێت ئەم بەرهەمە گەلێك زانیاری بەنرخی تێدایە. كە خۆیان لە كۆمەڵێك دیاردەی كەلەپوری هەمە چەشندا دەبینێتەوە تا ئەم سەردەمەش فۆلكلۆرناسان و كوردناسان ئاوریان لەو گەنجینە دەوڵەمەندەی گەلی كورد نەداوەتەوە، ئێمە ئەو دیاردە كەلەپوریانە بە پێی ناوەرۆكیان و بە پێی ئەو مەبەستەی كە بۆی دانراوە جیایان دەكەینەوە لە روانگەی چەمكی فۆلكلۆر و تایبەتمەندییەكانیەوە راڤەیان دەكەین. لێرەوە (پێویستە پشت بە فۆلكلۆر ببەستین و وەك سەرچاوەیەكی بێگەرد تەماشای بكەین، چونكە فۆلكلۆر كەم تا زۆر بۆ خوێندنەوەی بارە كۆمەڵایەتییەكان بەكار هێنراوە، لە كاتێكدا یەكێك لە كۆڵەگەكانی كلتوور، فۆلكلۆرە) (بوار نورەدین، ٢٠٠٥، ل ٦٤) كەلەپوور فراوان و گشتگیرە كلتوریش دەگرێتەوە نەریت كە دەبێتە بابەتێكی كلتوری لەناو كەلەپوورەوە سەرچاوە دەگرێت. لێرەوەیە كە ((كەلەپوور لە رۆشنبیریماندا و لە كلتوری ئێستاماندا ئامادەیی هەیە، بە یەكێك لە پێگەكانی رۆشنبیری هاوچەرخمان دادەنرێت لەبەرئەوەی لە پشتەوەی هەڵسوكەوت و گفتوگۆكانماندا خۆی لە فۆرمێكی تری مەعریفی و ئایدۆلۆجیدا بەرجەستەدەكات.))(علی الجزیری. ٢٠٠٠. ل ١٨)

**بەشی دووەم: بوارە كەلەپوورییەكان لە)عادات و روسوماتنامەی ئەكرادیە)دا:**

لێرەدا بە وردی بە هەموو ئەو بوارە كەلەپووریانەدا دەچینەوە كە مەلامحموودی بایەزیدی قسەی لەسەر كردوون ،كە بریتین لەم دیاردانە :

سەردانی جێگای پیرۆز و نزرگەی پیاو چاكان بایەزیدی لەم بارەیەوە دەڵێ ((كورد بە بیرو باوەری بەرایی كۆن تەواو باوەر ئەكەن بە تایبەتی شێخەكان)).(بایەزیدی، ل٧٥). لەم ڕایەوە ئەوە دەردەكەوێت كە بایەزیدی باس لەو باوەڕە كۆنانە دەكات كە كورد هەر لە كۆنەوە بڕوای پێیان هەبووە و تا سەردەمی مەلا محمودیش لەسەری رۆیشتوون و بروایان پێی هەبووە.((هەر بۆیە پێویستە توێژینەوە لەبارەی موعتەقەداتی خورافیەوە بەئەنجام بگەیەنیین بە ئامانجی گۆرینی ئەو واقیعەی كە بە ئەفسانەو شتی پروپووچ خنكێنراوە))(علی الجزیری. ٢٠٠٠. ل ٥١)) ((كورد باوەری زۆریان بە سەردانی شوێنی پیرۆز هەیە، باوەریان بە هەندێ (دار) یاخود (بەرد) هەیەو فریادرەسی ئەكەن، مەڕ یاخود بزن لەگەڵ خۆیاندا بۆ ئەو جێگایانە ئەبەن و قوربانی ئەكەن، لەو جێگا پیرۆزانەش مۆم دا ئەگیرسێنن و ئەگەر یەكێكیان نەخۆش بكەوێ باوەریان وایە چاك ئەبێتەوە..)) (بایەزیدی.٢٠١٥. ل٦٠) لەو ڕایەی بایەزیدەوە بۆمان دەردەكەوێت خودی بایەزیدی ئەو شوێنانەی بە پیرۆز زانیوە و كەوتۆتە ژێر داب و نەریتی خەڵكەوە هەرچەندە بە جۆرێك لە گومانەوە دەڵێت باوەریان وایە بە هۆی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

سەردانیکردنی شوێنە پیرۆزەکەوە نەخۆشەکانیان چاکدەبێتەوە. کەواتە بایەزیدی بڕوای بە پیرۆزی ئەو شوێنانە هەبووە. هەندێ لە نەریتەکان لای هەندێ خەڵک ماوە و لای هەندێکی تر نەماوە. هەندێ نەریتیش لای هیچ کەسێك نەماوە.هەندێ جار هەندێ باوەڕو داب و نەریت هەیە وەکو بنەمایەکی ئاینی لێهاتووە کە ئەمەش ئاساییە چونکە قورئانی پیرۆزیش بە هەندێ گۆڕانکاریەوە ئەو شتانەی کە لەسەردەمی جاهیلیدا باو بووە شەرعیەتی پێ داونەتەوە. بە هۆی ئەو بابەتانەی کە مەلا لە بەرهەمەکەیدا ئاماژەی پێداوە توێژەر دەتوانێت ئاستی هۆشیاری تاکی کورد لە بیرکرنەوەی بۆ پرسە سەرەکییەکانی سروشت و گەردون و بوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەڵبسەنگێنێت.

**دیاردەی دوعا و نوشتەکردن:**

لەناو کوردەکاندا دیاردەی نوشتەکردن باو بووە. بایەزیدی ئەوەدەخاتە روو کە (کوردەکان بڕوایان بە نووشتە هەیە و روونی دەکاتەوە کە لە چ کاتێکدا نوشتە دەکەن بۆنموونە لەکاتێکدا کە کوڕێك دڵی بەکچێکەوە بێت و نەیدەنە ئەو کورە لە شەوی زاوایدا دوعا و نووشتە بۆ زاوا دەکەن کە نەبێت بە زاوا... هەروەها دەڵێ ئەو کەسانەی بێ سنوور باوەڕیان بە نووشتە و دوعا هەیە لە راستیشدا باوەڕیان وایە هەرچی ئەوەی باوەڕی پێ هەبێ بە راستی دێتە دی) (بایەزیدی. ٢٠١٥ ل٩٢ – ٩٣) باوەڕیان بە دوعا و نوشتە و شێخ و نزرگەی پیاو چاکان هەیە)) (بایەزیدی. ٢٠١٥، ل ٤٢)

**زانینی ئاینده(پێشبینی کردن):**

بۆ زانینی ئاینده یاخود ئەوی لە داهاتوودا دێتە ڕێیان پشت بە بەڵگەی بەرجەستەو مەلموس کە تاقیکرابێتەوە بە لێکدانەوەی مەنتیقی پێی گەیشتبێتن نابەستن، بەڵکو بابەتی بیرو باوەڕی خورافی هۆیەك بووە بۆ زانینی ئاینده. بایەزیدی لەبارەیەوە پێی وایە ،بەم جۆرە شتانە کورد لە زۆر رووداوی داهاتوو ئەگەن و بیریان بۆ ئەچێ بۆ نموونە ((ئەگەر بزنێك کلکی ڕاوەشێنێ ئەوە ئەزانێ کە ئەو ڕۆژە باران دەبارێت.)) (بایەزیدی.٢٠١٥. ل٤٥) یان ((ئەگەر لە ڕێگا ئاژەڵێکی وەکو شێر یان پڵنگیان بینی ئەوە نیشانە چاکەیە)) (بایەزیدی.٢٠١٥. ل٧٣) واتە خێر بە ڕێیان دێت لە ئێستاشدا کاتێ کەسێك لە ڕێگا تووشی ڕێوی بێ دەڵێن تووشی خێر دەبێت هەر بۆیە دەڵێن ڕێوی بە پیریەوە هاتووە

هەندێ لەو نموونانەی کە لەمبارەیەوە لەناو کورددا باوبووەو، بایەزیدی ئاماژەیان پێدەکات ((ئەگەر باڵندەیەك بەسەر ماڵێکەوە نیشتەوە و خوێندی ئەوە ئەڵێن دەنگ و باسێکیان لە کەسێکیانەوە پێ دەگات)). ((ئەگەر پشیلەیەك دەم و چاوی خۆی بشوات ئەوە ئەڵێن میوانیان دێ)) یان پێیان وایە ((ئەگەر پارو لەدەستی یاخود هەویرێك لە دەستی ژنان بکەوێ ئەوە ئەڵێن میوانێکمان دێ)). ((ئەگەر پەپولە لە ڕۆژێکدا بەدەوری چرا بسورێتەوە ئەوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

نیشانی وەرگرتنی نامەیە لە دوورەوە. ئەگەر پێڵاو لەسەر یەك بکەوێ ئەوە سەفەریان ئەکەوێتە بەر. ئەگەر بەری دەستی ڕاست خورا ئەوە پارەی بۆ دێ ئەگەر بەری دەستی چەپ خورا ئەوە شەری بەدوا ئەبێ و بۆ شەرەکەش خۆیان ئامادە دەکەن)) ((ئەگەر برژانگی چاوی ڕاست فری ئەوە نیشانەی مزگێنی خۆشییە و ئەگەر برژانگی چاوی چەپ فری ئەوە نیشانەی ڕوودا و دڵتەنگییە.)) (بایەزیدی. ٢٠١٥. ل ٤٥) بایەزیدی بە دێرێك دەڵێ ((بەکورتی هەرشتێك یاخود جووڵەیەك لە لەشدا روو بدات بۆ هەریەکێك تاقیکردنەوەیەکی لێکراوە)) هەرچەندە لە ئێستاشدا هەندێك خەڵك بروایان بەو دیاردەیە هەر ماوە. باوەڕی کورد بە شتی خۆرافی رابردوویەکی مێژوویی دێرینی هەیە. هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوەکانی مرۆڤی ئەو سەردەمانە کە بۆ ڕاڤەکردنی دیاردەو هەڵسوکەوتی مرۆڤ و ڕووداوەکان چ سروشتی و چ ئەوانەی نادیارن هەریەکەیان بە ئەزموون و تێبینی و بەراووردکاری لێکدانەوەیان بۆیان کردوە. ئەمانە زۆربەیان گۆڕانیان بەسەردا هاتوە بەتایبەتی لەدوای ئەوەی بەشێکیان لە گۆشە نیگای زانستەکانی سایکۆلۆجیا و سۆسیۆلۆجیاوە ڕاڤەکران بە مەبەستی دەرخستنی بنیاتی ڕاستی و دروستییان و ڕەوینەوەی تەم و مژی واقیعی بوونیان.

((ئافرەتی کورد لەشەودا گسك نادەن ماڵ پاك ناکەنەوە و خۆڵیش نارێژن، ئەڵێن ئەمانە شومە (خراپە) بەشەو فوو لە چرا ناکەن و سەیری ئاوێنە ناکەن و و ڕۆژانی چوارشەممە خۆیان ناشۆن و ئەڵێن نەخۆشی پەیدا ئەبێ..))(بایەزیدی.٢٠١٥. ل٥٠) تا ئێستا بەشێك لەو نەریتانە لەناوکورددا هەر ماوە و مرۆڤی کورد لەژێر کارگەریاندایە، زۆر جاریش لای ئەو خێزانانەی کە هەر دەماودەم ماوەتەوە لەناویاندا پێوەی پابەند دەبن. زۆر جار بێ ئەوەی بڕواشمان پێیان هەبێ و بە بێ ئەوەی بەخۆمان بزانیین دەکەوینە ژێر کاریگەرییانەوە ،لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانماندا ڕەنگدانەوەیان دەبێت.سەیرکردنی ئاوێنە بە شەو لە ئێستاشدا لەناو خێزانی کورددا پەسەند نییە بەتایبەتی زۆر مانەوە لە بەرانبەریدا. چونکە وەستان ورامان بە تەنها و لە شەویشدا بەرانبەر بە ئاوێنە جۆرێك لە ترس لە ناخی مرۆڤ دروست دەبێت. هەموو ئەم بڕوایانەیان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بڕوایان بە هێزی نادیار هەیە ،کە خۆی لە (جن و عفريد)دا دەبینێتەوە.

بڕواو باوەڕێکی تری کوردەکان لە دیدی بایەزیدەوە ئەوەیە کە ((ئەگەر قەوزو قەزەح (پەلکەزێرینە) لە ئاسماندا پەیدا بوو ئەوە لەو جێگایە هەرزانی دەبێ خۆ ئەگەر ئێواری یا بەیانیان ئاسۆیەکی سوور لە کەلی ئاسمان پەیدا بوو ئەوە ئەڵێن: لەم جێگایە شەر و کوشتار ئەبێ. ئەگەر کچێك شووبکات و مارەی نەبڕابێت و دەسگیرانەکەی بمرێ ئەوە دەڵێن سەرە خۆرەو زۆربەی کەس ئەو کچە ناخوازن و دەڵێن سەر بەگۆبەنە.)) (بایەزیدی.٢٠١٥. ل ٤٦) کچی دەسگیراندار تاوانی نییە کە لەپڕێکدا دەسگیرانەکەی دەمرێت. خەڵکی پێیان وابێت هۆکاری مردنی کورەکە کچەکەیە، ئەمە بیرکردنەوەو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لێکدانەوەیەکی هەڵەیە، چونکە ئەوەی بریار لە ژیان و مردنی مرۆڤەکان دەدات خوای گەورەیە. هۆکاری بروابوون و لەبەرچاوگرتنی ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە دەگەرێتەوە بۆ ژینگەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری سەردەمەکانی زوو و داخراوی سنووری جوگرافیای کوردستان بە رووی شارستانیەتی گەلانی تر. ژینگەی خێزانی و کۆمەڵایەتی سەردەمەکە سەرچاوەی دیاری ئەو نەریتانە بووە. ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە کە راستی و دروستییان بسەلمێنین و هیچ بەڵگەیەکیشمان بەدەستەوە نییە کە ناڕاستی و نادروستیان بسەلمێنین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە بێ ئەوەی بیریان لێبکەینەوە و بروایان پێ بکەین کەچی زۆربەمان لە ژیانی رۆژانەماندا حیسابیان بۆ دەکەین بۆ ئەمەش زانای دەروناسی یۆنگ دەیگەرێنێتەوە بۆ کۆنەست کە پێی وایە هەندێ شت وەکو وێنە هەوەڵییەکانی سەرەتا لە کۆنەستماندا تۆمار بوونەو ماونەتەوە بە بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین کاریگەریان لەسەرمان دەبێ و لە کاتی جیاجیادا سەرهەڵدەدەنەوە ئاڕاستەشمان دەکەن. کورد بە بیرو باوەری بەرایی کۆن باوەر ئەکەن چونکە ئەفسانەو خورافیات لای زۆربەی گەلانی جیهان لە قۆناغەکانی سەرتادا جێی بایەخیان بووە و هەموو بیرکردنەوەکانیان و تێروانینەکانیان لەو جۆرە ئەفسانەو چیرۆکە خەیاڵ ئامێزانەدا خستۆتە روو بە مەبەستی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لای مرۆڤی کۆن جێی سەرسورمان بووە. ((ئەفسانە لە کۆنترین بابەتی فۆلکلۆرییە چونکە بۆ سەردەمێکی دێرین دەگەرێتەوە کە مرۆڤ لەو سەردەمانەدا دەستەووەستان بوو بەرانبەر بە دیاردە سروشتییەکان و مەسەلەکانی بوون و گەردوون و خێرو شەر)) (علی الجزیری، ٢٠٠. ل ٣٥)) مەلا محموود ئەم دیاردانەمان بەم شێوازە بۆ وەسف دەکات و دەڵێ ((کورد باوەرێکی زۆر کۆنیان بە خاك و ئەستێرەو هەندێ شتی تر هەیە کە بەخت و نابەختی تیادەخوێننەوە)) (بایەزیدی. ٢٠١٥، ل ٤٢) واتە بڕوایان وابووە کە هەر مرۆڤێك ئەستێرەیەکی لە ئاسمان هەیە کاتێك ئەستێرەکەی دەکەوێتە خوارەوە ئەو کەسە دەمرێت. تا ئێستاش کاتێك نەیزەکێك بەرگە هەوا دەبرێت و دەکشێ بەرەو زەوی دەڵێن ئەوە کەسێك دەمرێت. لەکاتێکدا ئەو پەیوەستکردنەی کەوتنە خوارەوەی نەیزەکێك بە مردنی مرۆڤەکانەوە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە. ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بتەمایەکی مەنتیقیان نییە، چونکە هیچ لێکەوتەیەکی سوود بەخشیان لێ ناکەوێتەوە.هەر لەم بوارەدا دەڵێ ((کورد ڕۆژی هەینی سەفەر ناکەن رۆژی سێشەممە بە رۆژێکی خراپی دائەنێن)) (بایەزیدی.٢٠١٥. ل٤٤).بەبێ ئەوەی سەرچاوەی زانستی ئەم باوەرەی کوردمان بۆ رونبکاتەوە کە بەڵگەیان چییە کە دەیکەنە پاساو بۆ ئەوەی لەو رۆژانەدا سەفەر نەکەن خۆ مەرج نییە هەموو رۆژانی هەینییەك لە یەك بچێت زیاتر پشتیان بە ئەزموون و تاقیکردنەوە بەستوە واتە هیچ شیکاریەك و ئامارێکی بە داتا سەلمێنراو لەبەردەستدا نییە تا پشتی پێ ببەسترێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**چارەسەرکردنی نەخۆش:**

نەریتێکی تریش لای کورد باوە ئەویش (ئەگەر کەسێکی لاوی خۆشەویستیان نەخۆش بکەوێ و نەخۆشییەکەی مەترسی لێ بکرێت ودرێژە بکێشێت و چاك نەبێتەوە ئەوە ژنی ئەو نەخۆشە یاخود خوشك و کچی سێ جار بە دەوری نەخۆشەکە دەسورێتەوە و خۆیان لەدەوری ئەگێرن و ئەلێن ئاگادار بن خۆم بە قوربانی فلان کەسی خۆشەویستم ئەکەم و یا خوای گەورە ژیان بەم نەخۆشە باتەوە و هەرچی قەزاو بەلایەکی هەیە لەمن کەوێ، ئیتر ئەو ژنە سێ جار بەدەوری نەخۆشەکە دەسورێتەوە و جاری وا هەیە بە فەرمانی خوا نەخۆشەکە چاك ئەبێتەوە و ئەو ژنەی کە ئەو مرازەی کردبوو بە ئەمری خوا ئەمرێت... ل ٧٦ لە ئێستاشدا کەسێك خۆشەویستی لەرادەبەری خۆی بۆ کەسێکی نزیکی خۆی دەرببڕێت دەڵێ (لەدەوری سەرت گەرێم) واتە خۆی دەکاتە قوربانی ئەو کەسە.

((ئەگەر یەکێك نەخۆش یاخود شێت بێت ئەوە ئەیبەنە ماڵە شێخ و مەڕو بزنیان بە دیاری بۆ ئەبەن و ئەیکەن بە قوربانی. نەخۆشەکە چەند رۆژێك لەماڵی شێخ ئەهێڵنەوە شێخەکان نەخۆشەکە بە دارێکەوە ئەبەشتنەوە و دارکاری نەخۆشەکە ئەکەن. کەس و کار وا هەست ئەکەن بەم دارکاریە چاك ئەبێتەوە.نەخۆشەکە زۆر هیلاك بوو ئەوە ئەمرێت و ئەگەر چاکیش بووەوە ئەبێت بە دەروێشی و لای ئەمێنێتەوە.) (بایەزیدی. ٢٠١٥ ل٧٦) جگە لەوەی بە هۆی دەرمانی سروشتیەوە کە لە رووەك و گیاو میوەکان دروست دەکرێن نەخۆشیان چاککردۆتەوە. بروایان بە حەکیم و دکتۆر نییە دەڵێن شیفا لای خوایە.

**ژن هێنان:**

ئاهەنگی گواستنەوەی بووك لەناو کوردەواریدا شێوازی زۆرە بەڵام ئەوەی بایەزیدی لەم بەرهەمەیدا خستویێتی روو ئەوەیە کە دەڵێ: ((کوردان کاتێ کچێك ئەخوازن و بریار وەرئەگرن ئەسپی بۆ ئەکرن و نیشانەیی ئەکەن، شیرینی ئەخۆن و مارەیی یاخود شیربایی‌یەکی زۆر ئەسێنن، سەد سەر مەر یا دووسەد یاخۆ پێنج سەد مەر وەرئەگرن، بێجگە لەمانە ئەگەر کچەکە باوك، دایك یاخود برای هەبوو ئەبێ بۆ هەموویان دیاری بکرن، بێ ئەمانە هیچ نابێ. رێورەسمی ژن گواستنەوە دیاری لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن کەلە شەکر... دەوڵەمەنەکان لەگەڵ خۆیاندا دوو یا سێ تا دە بزن پێش خۆیان ئەنێرن. بە گشتی شایی لەناو کوردەواریدا بێ دیاری بردن نایێ.))(بایەزیدی.٢٠١٥. ل٥١و٥٢) ژنانیش بەجیا دیاری پێشکەش بووك دەکەن وەکو بەڕەو جانتا و گۆرەوی بەن، لە شایی کوردەواریدا گۆرانی و (دیلۆکێ) زۆر ئەبێژرێ، پێی ئەڵێن: (بیریتە) و گەلێ گۆرانی بێژیان هەیە و بە ئاوازی ئەم گۆرانیانە شایی کەران ژن و پیاو کچ وکوڕ دەستی یەك ئەگرن و هەڵئەپەڕن و لەناوەراستی شاییەکەدا کچ و ژنانیش هەڵئەپەڕن و ستران ئەچرن.(بایەزیدی.٢٠١٥ ل٥٢) لە شایی دەوڵەمەندەکاندا تەپڵ و نای وکەمانچە ودەف و چەنگ و شمشاڵ و لێ ئەدەن ئەوانەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەم ئامێرانە لێ ئەدەن سترانبێژن. هەموو تیرەیەکی کورد گۆرانیبێژی تایبەتی خۆی هەیە و لە تیرەیەکی تر گۆرانی بێژ بۆ شایی ناهێنن (بایەزیدی. ٢٠٠٠. ل٥٢). بەم شێوەیە بەهۆی ئەو بابەتانەی کە مەلا دەریخستوە دەزانرێت، کە تاکی کورد چۆن مامەڵەی لەگەڵ خۆشیەکانیدا کردوە. هەروەها لە ڕووی شارەزایی وچاپووکی لە بواری ئاوازو مۆسیقا و گۆرانیدا ئاشنا دەبین بەوەی کە مرۆڤی کورد خاوەنی ئامێرو ئاوازوو شیعری فۆلکلۆری خۆی بووە هەر ئەو گەنجینە دەوڵەمەندەشە کە لە ئێستادا هونەری کوردی لەسەر بنات نراوە. ((لەناو کورددا (بەردیلی – گۆرینەوە) ژن بە ژن هەیە بۆ نموونە یەکێك خوشکەکەی خۆی ئەدا بە شوو و خوشکی ئەو کەسە ئەهێنێ کە خوشکەکەی خۆی داوە پێی یاخود کچەکەی ئەدا بە ژن کچی ئەو ماڵە دەخوازێ و هەریەکەیان لای خۆیەوە مەسرەف و خەرجی شاییەکە ئەکات زۆربەی زۆری کورد لە بەهاردا شایی ساز ئەکەن. لەبەر ئەوەی لە زستاندا جێگەیەکی تایبەتی بۆ زاواو بووك نییە کە شایی و هەڵپەرکێی تیا بکەن و لایەکی ڕەشماڵەکە یاخود گۆشەی ژوورەکە بۆ زاواو بووك بە پەردە ئەرازێننەوە ئەو بووك و زاوزایە لە پشت پەردە (جووت دەبن)) یا گرددەبن))(بایەزیدی ل٣٠)

((یەکێ لە خوورەوشتی کورد ئەوەیە کە بچووك بە بچووك لەسەر بێشکە مارە دەکەن. وەکو ئەگەر یەکێك کچێکی بوو، یەکێکی تریش کوڕێك، ئەوە لە ڕۆژی لە دایکبوونیان کچەکە لە کوڕەکە مارە ئەکەن و ئەم خووەش (بێشك گرتمە) ی پێ دەڵێن. کاتێك هەردوو منداڵەکە گەورە بوون ئیتر شەرم و ڕێگەگرتن نامێنێ وکە گەوورەبوون شایی و زەماوەندیان بۆ ئەگێرن.)) (بایەزیدی. ٢٠١٥. ل٣٠) وەك هەنگاوێك لەو سەردەمەدا بۆ نەهێشتنی شەرمکردن لە یەکتری و شکاندنی بەستەلەکی نێوان کورو کچ تا رادەیەك ئامانجی خۆی پێکاوە سەرەرای سلبیاتەکانی.. وشەی مارە لە وشەی مەهری عەرەبیەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردیەوە

**دیاردەی تۆڵەسەندنەوە:**

ئەم دیاردەیە لای زۆربەی خەڵکی کوردستان بوونی هەیە بەتایبەتی لە سەر ئاستی ناوخۆ هەر بۆیە روحی لێبووردەیی لەنێوانیاندا نییە. بایەزیدی دەڵێ ((کورد میللەتێکی ڕق ئەستوورو تۆڵەسێنن ئەگەر دوژمنایەتی لەگەڵ یەکێکدا هەبێ لەزەرەرو زیانی دەگەرێن)) (بایەزیدی.٢٠١٥.ل٣٩)هەر بۆیە کورد پەندێکی هەیە دەڵێ (تۆڵە بەسەبرە ئەما بەزەبرە)

((ئەگەر کورد خوێندار (حەقدار) بن لەگەڵ مرۆڤێکی وولاتێکدا ئەوە ئەم تۆڵەیە بە درێژایی ئەو مێژوو شەرو خوێنداریە بۆ منالەکانیان دەگێرنەوە.. بەکورتی کۆنە قین لەناو کورد وون نابێ و هەتا حەوت پشت ئەم قینە هەڵئەگرن)) (بایەزیدی. ٢٠١٥. ل ٢٩) دیارە تۆلەسەندنەوە خەسڵەتێکی نەرێنی کوردە ((لەناو کوردەکانی ناوچەی بۆتان و هەکاری تۆڵە دوایی نایات و خوێنیان هەر ئەمێنێت و و لە یادیان ناچێت و چاوەرێ هەڵێکن.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

میرو ئاغای کورد دەست ناخەنە تۆڵەسەندن ئەم تۆڵەیە درێژە ئەکێشێ هەتا کاتی خۆی دێت. بەڵام لەناوچەکانی تردا خەڵك ئەکەوێتە نێوان شەرکەران و شەڕ ئەوەستێنن، ئەمانە بەتایبەتی لەناو هۆزەکاندا باوە.)) (بایەزیدی. ٢٠١٥ ل ٦٥).

**بیرکردنەوەی ئەرێنی ورەفتاری شیاو:**

لەناو هەموو گەلێك رەفتاری شیاو بیرکردنەوەی ئەرێنی بۆ زۆر دیاردەو بابەت هەیەو دەبینرێ، جێی خۆیەتی نەوەکانی ئەم گەلە شانازی بەو خەسلەتانەوە بکەن، کە وەك رەوشت و رەفتاری باشە بۆتە سیمانی نەتەوەکەیان. بایەزیدی دەڵێ :((کورد لە بەڵێن و بەڵێنداں زۆر ڕاستن، بەڵێن بە هەرکەس بدەن زوو جێبەجێ ئەکەن، ئەگەر شتێك لە مێشکیاندا زوو جێبەجێی ئەکەن لە یادیان دەرناچێ)) (بایەزیدی.٢٠١٥. ل ) کەواتە ئەم سیفەتە خەسلەتێکی باشە کە کورد خاوەنی بەڵێنی خۆیانن و پەیمان ناشکێنن و راستگۆن لەگەڵ دەووروبەرەکەیاندا و واتە دوو روو نین و شت دەبەنە سەر و پەشیمان نابنەوە. ((کورد بە خۆراگری دەناسرێتەوە کە هیچ هێزێك نایلەرزێنێت. خاوەنی پەیمانی خۆیەتی و بەڵێن دەباتە سەر و لەگەڵ خزمەکانیدا هاوسۆزە. پارێزگاری لە رەفتاری مرۆڤانەی خۆی بەرانبەر بە ئافرەت دەکات زیاتر لە موسلمانەکانی تر.)) (باسیلی نیکیتین. ٢٠٠٦.ل١٤٠)

خەسڵەتێکی تری ئەرێنی کورد کە بایەزیدی خستوێتێ روو ئەوەیە کە ،((کورد ئەوپەری رێزی ویژدان و شەرەفیان لایە،، ئەگەر یەکێك گوناحێکی گەورە بکات و بچێت خۆی بخاتە بەر ویژدانی شەرەفی یەکێك، ئەوە لە گوناهی ئەبوورن و هەمیشە بە ویژدان شەرەفی سوێند دەخۆن و بە هیچ جۆرێك شتێکی درۆ ناخەنە ویژدانی خۆیانەوە. (بایەزیدی.٢٠١٥. ل ٢٩) هەر لەم بوارەدا دەڵێ ((کورد زۆر رووخۆش و بێ غەمن، زۆر بیر ناکەنەوە. خاوەنی چی بن (هەیانبێت و نەیانبێت زۆر گوێی نادەنێ)).(بایەزیدی. ٢٠١٥. ل٩٥)شاکر خەسباك پێی وایە کە ((کورد بەوە ناسراوە کە ئاسودەن لەبەرئەوەی هەر بۆخۆیان و لە بنەڕەتەوە کۆمەڵایەتین و لەنێوان خۆیاندا سادەو خاکین.حەسوودی بەیەکتری نابەن، نەمبینیوە کوردێك دژی کەسێکی تر مونافیقی بکات تەنانەت نێوانیان لەوپەڕی خراپیدا بێت)) (شاکر خصباك، ١٩٧٢، ل ٤٣٢)هەندێ رەفتارو خوو هەیە وەك سیمای دیاری گەلی کورد بووە بە شوناسی کەلتووری و رۆشنبیری بە درێژایی مێژوو. زۆربەی رایەکان ئەوە دەردەخەن کە کورد بۆ دەرەوەی خۆیان زۆر باش وگونجاون بەڵام بۆ ناوخۆ گەلێکی خراپن و هەمیشە کێشەو کرفتیان هەیە.

داب و نەریتی کورد ئەوەیە((ئەگەر لە کاتی شەردا یەکێك لە ئەسپەکەی کەوتە خوارەوە یاخود بە دیل گیرا ئەوە ئەو دیلە ناکوژن.)) (بایەزیدی ل ٣٠) کورد هەر لە کۆنەوە رێز لە دیل دەگرن و نایکوژن، لە راپەرینەکەی ١٩٩١ دا دیلەکانی سوپای عیراقی لە لایەن

کوردەکانەوە نەکوژران و ئازاد کران.بایەزیدی باسی دوو کردەوەی نامۆ بە ژیانی کوردەواری دەکات کە لەناو کورددا بڵاو نەبووە. ((دوو کردەوە لەناو کوردەکاندا ڕووی نەداوە یەکێك لەم کردەوانە خوانەخواستە (هەتیو بازییە) کردەوەی دووەم: سەرخۆشی یا بەدمەستی، هەتا ئەم دوایەش لە کوردستان دا سەرخۆش نەبووە، بەڵام هەندێ لە گەنجەکان ئەوانەی لەگەڵ تورکەکاندا ئەگەرێن لەناو تورکە ناسراوەکاندا مەی خواردنەوە زۆرەو لەگەڵیدا راهاتوون.)) (بایەزیدی.٢٠١٥. ل ٨٠) ((کورد باوەڕیان وایە کە چاکەو خراپە نابێت و لە قسەی حەق وراست شەرم ناکەن هەتا ئەگەر حاکمیش بێ ناترسن ،هەڵواسرێن قسەی حەق ئەڵێن و لەسەر قسەی خۆیان سوورن چاونەترسن))(بایەزیدی. ٢٠١٥.ل٤٧) ئەمە عینادی نییە. واتە کاتێ کەلەسەر حەقبن ئەوا لەسەر قسەی خۆیان سووردەبن. ((بەرتیل وەرگرتن لەناو کورد دا حەرامە، پارەش بە فایز نادەن و کرین و فرۆشتنیان بە سەلەمە..))(بایەزیدی. ٢٠١٥.ل٦٩). ((ئەگەر خوا نەکردە یەکێك ناخۆشیەکی لێ روودابێ یاخود زۆر هەژار بێت یا ئەگەر ویستی شایی یاخود ئەسپێك بکرێت ئەوە پەنا ئەباتە بەر هۆزو خێڵەکە و داوای یارمەتیان لێ ئەکات)) (بایەزیدی. ٢٠١٥. ل٩٠) گیانی هاوکاری کردن لە ناو کوردەکان خەسڵەتێکی باشی خەڵکەکە بووە ئاغا کوردەکان زۆر بەخشندە و نان بدەن ((ئەگەر کورد چاکەو پیاوەتی و بەخشندەیی لە کەسێك ببین هەرگیز لە یادی ناکەن)) (بایەزیدی. ٢٠١٥. ل ٤٧)ئەمانە کۆمەڵێك خەسڵەتی جوانن کە لە ناو کورداندا رەنگیان داوەتەوە.

**بیرکردنەوەی نەرێنی و رەفتاری نەشیاو:**

بایەزیدی هەندێ بیرکردنەوەی نەرێنی یاخود باوەر کە باسیان دەکات دەخەینە ڕوو: ((کورد باوەڕیان بە چاو و نفووس هەیە (چاوپیس) خۆیان لە چاوی پیس ئەپارێزن. گوایە ئەگەر مرۆڤێك کۆسە بوو موی سەری زەرد و چاوی شین بوو ئەوە لەو مرۆڤە ئەترسن و گومانی چاو پیسی لێ ئەکەن)) (بایەزیدی. ل٤٤)مەلا محمود بە وشەی گوایە گومانی هەیە کە ئەو باوەڕەیان دروست بێ ((یەکەم نانی کە لە تەنور ئەهێننە دەرەوە ئەوە ئەو نانە ناخۆن گوایە دەڵێن هەرکەس ئەو نانە بخوات ژنی ئەو کەسە ئەمرێت. هەروەها کورد کاتێ قاوە لێ ئەنێن فنجانێکی لێ ئەرێژن و ئەڵێن ئەمە بەشی شێخی قاوەیە)) (بایەزیدی.٢٠١٥.ل٧٧) ((لەناو کورداندا جەهالەت (نەزانین) زۆر بڵاوبۆتەوە کوردان زۆر حەز لە ماڵ و سامان ئەکەن))(بایەزیدی.٢٠١٥. ل٥٠)ئەم جۆرە بیرکردنەوانە زۆریان لە ئێستادا نەماون. ئەو ژینگەیەی کورد تیایدا ژیاوە سروشتێکی جوان و لە هەمان کاتیشدا قورس گران بە تایبەتی زستانەکەی زۆر سارد و سەخت بووە ئەم دۆخە کاریگەری لەسەر چۆنێتی خۆگونجاندنی لە گەڵ سروشتدا هەبووە و تەنانەت بیرکردنەوەو رەفتاریش هەر لە ژێر ئەو سروشتەدا بووە کە لە هەموو کوردستاندا وەکو یەك وایە. ئەم عینادییەی کە بایەزیدی باسی دەکات دەگەرێتەوە بۆ سەردەمانێکی زۆر پێش ئەو سەردەمەی کە بایەزیدی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەرهەمەکەی تیادا نووسیوە. دیارە ئەوەندە خۆی ئەوەندە بەحەقدار زانیوە و لەناخەوە سادەو پاك بووە و هەرگیز چاوی لە ماڵی کەس نەبووە پشتی بە خۆی بەستوە بۆیە هەمیشە لەسەر رایەکەی خۆی سوور بووە و داکۆکیشی لێکردوە هەر لەخۆوە نییە کە عینادە چونکە هەڵخەڵەتێنراوە و فێلی لێکراوە بەڵام لەهەموو دۆخێکدا عینادی زیان دەگەنێت و نابێتە هۆی سەرکەوتن. بایەزیدی دەڵێ ((کوردەکان گەلێ کەلە رەقن (عینادن) و شێر گێرن))(بایەزیدی. ٢٠١٥. ل ٦١).

### ئاهەنگ گێران و جەژنەکانی کورد:

لە بواری ئاهەنگ گێران و جەژنەکاندا، گەلی کورد، گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی هەیە. زۆربەی گەریدەو کوردناسەکان جەخت لەو راستیە دەکەنەوە کە کورد ئاهەنگی تایبەت بە خۆیان هەیە و هەمیشە یاد وجەژنەکان بەرز رادەگرن لەم رووەوە بایەزیدی کۆمەڵێك جەژن و ئاهەنگمان بۆ دەخاتە ڕوو ((کورد ئاهەنگی کریڤایی = دۆستایەتی ئەگیرن و ئەبنە کریڤی یەکتر ئەگە یەکێك ویستی مرۆڤێك بکاتە کریڤی خۆی هەردوو مرۆڤەکە دەوڵەمەند بوون ئەوە ئەسپێکی بۆ ئەرازێننەوە و ئینێرنە ماڵی ئەو مرۆڤەی ئەیەوێ ببێ بە کریڤی و ئەوە پەسەند ئەکات ئەو کەسەی کە ئەسپەکەی ئەبات ئەوە دیارییەکی ئەدەنێ و وەڵامیان ئەدەنەوە کەبۆتە کریڤی ئەوان ئەگەر ئەو دوو مرۆڤە کە کریڤی یەکترن لە چینی ناوەراست یاخود خوارتر بوون ئەوە بەرانێکی بۆ ئەنێرن و ئەبێتە کریڤی ئەو ماڵە .. باوکی کور کاتێك کورەکەی خەتەنە ئەکات خواردن دروست ئەکەن وئاهەنگی بۆ ئەگێرن رۆژی خەتەنەکردن بانگی خەڵك ئەکەن و کریڤیش بانگ ئەکەن و پاش نان خواردن بڵاوەی لێ دەکەن)) (بایەزیدی. ٢٠١٥.ل٥٤). بایەزیدی باسی جەژنی خدری نەبی دەکات کە لەپاش رۆژو گرتن شەوی کۆتایی دەیکەنە جەژن.((گەنجەکان (کور و کچ)یان سێ رۆژ رۆژوو ئەگرن و شەوی چوارەم ئەیشکێنن بەڵام ئاو ناخۆنەوە و ئەخەون و لە خەویاندا هەرکەسێ ئاو بدات بەو کچە ئەوە ئەبێ بەنسیبی و بە پێچەوانەوە هەر کەسێ ئاو بەو کورە بدات ئەبێ بە هاوسەری. ئەم رۆژووگرتنە لای کورد باوەرێکی بێگومانە لە شەوی جەژنی (خدری نەبی) یدا کولیچەش دروست ئەکەن و ئەیخەنە قاپێکی تەختەوە و لە ناوەراستی ژوورەکەدا دای ئەنێن، باوەریان وایە خدری نەبی بێت، پێش ئەوەی پاشماوەی ئەسپەکەی لەسەر شیرینییەکەی ئەمێنێتەوە، بەم شێوەیە خاوەن ماڵ جار ئەدات ئەمشەو حەزرەتی خدری نەبی هاتۆتە ماڵمان و خێرو بەرەکەتی هانیوە بۆ بەیانی شیرینێکە بە سەر دەرودراوسێ یەکان دابەش ئەکەن و بەشێکی ئەم شیرینیە بۆ بەرەکەت هەڵ ئەگرن )). (بایەزیدی. ٢٠١٥. ل٥٨). ((خدر کەسێتیەکی سەرمەدییە و بە پێی داب و نەریتی کوردەواری نوێنەری هێزی خێرە و هەمیشە لە هەموو شوێنك ئامادەیە لەکاتی تەنگانەدا بە فریای مرۆڤ دەکەوێت و رۆڵی کەسێکی دڵسۆز دەبینێ .. کەسێتی خدر بە

رووني له داستاني مەمى ئالاندا كە داستانێكى فۆلكلۆرى كوردييە باسكراوە، وەك رەمزى هێزى خێر (على الجزيرى. ل ٣٩)

((كورد لە كۆتايى مانگى شوباتدا كە رێكەوتى چوارشەممە ئەكات دوا رۆژى چوارشەممە كە رەشە چوارشەممەى پێ ئەڵێن، لەم رۆژەدا ئاهەنگێك ئەگێرن و خۆشى و شادى بڵاوئەكەنەوە و لەم رۆژەدا ئاژاوەو شەڕ نابێ. هەريەكە لە ماڵەوە خواردنێكى زۆر دروست ئەكات و هەركەسێك لەم رۆژەدا ئيش بكات باوەريان وايە ساڵێكى تريش هەر هەمان ئيش دەكات.)) (بايەزيدى. ٢٠١٥. ل٥٩). بايەزيدى زۆربى جەژنەكان كە لەناو كورددا بڵاوبووە دەگێرێتەوە بەڵام ئەوەى جێى سەرنجە ئاماژە بەجەژنى نەورۆز ناكات، پێدەچێت هێشتا ئەو جەژنە لەناو كوردا باو نەبووبێت يان لەو ناوچانەى كە خۆى ئاماژەيان پێدەكات ئاشنا نەبووبێتن بە نەورۆز هێشتا هەر وەكو چيرۆكێكى ئەفسانەيى باو بووە.

((داب و نەريتيان وايە لە رۆژى جەژندا (هەليسە)دروست ئەكەن لەم جەژنەدا ئەگەر دوو مرۆڤ نەيار بن ئاشت ئەبنەوە و بەيەكەوە قسە ئەكەن كورد لەم جەژنەدا تا سێ رۆژ سەر لەيەكترى ئەدەن و ئەچنە لاى يەكترى. لەم جەژنەدا دەوڵەمەندەكان پارە بەسەر مناڵان و هەژاراندا ئەبەخشنەوە، مناڵانيش لەم رۆژەدا بە ماڵاندا ئەگەرێن و داواى پارەو ميوە ئەكەن و هەر ماڵێكيش بە پێێ توانا شتێك بە مناڵەكان ئەدەن)) (بايەزيدى. ٢٠١٥.ل٥٨) روون نييە مەبەست لە جەژن كام جەژنەيە بەو پێيەى ماوەكەى سێ رۆژە لەوانەيە مەبەستى جەژنى رەمەزان بێ.

((كوردان ئاهەنگى (مولود) لە رۆژى دايكبوونى پێغەمبەردا ئاهەنگ ئەگێرن. پياوان و ژنان هەريەكە لە لايەك خواردن ئامادە دەكەن بۆن و بغورت دائەگيرسێنن و بڵاوى ئەكەنەوە)) (بايەزيدى. ٢٠١٥. ل٥١)

((كورد زۆر باش رۆژژمێرى ساڵانە و مێژووەكەى بە رۆژو مانگەوە ئەزانن، حسابى قەمەرى نازانن لە جەژنى رەمەزان و جەژنى لەدايكبوونى پێغەمبەر ئەزانن ئەمانەش حسابيان وەكو تووەكانە، هەروەها (بەران بەردادن) و (سەد پەز) يش ئەكەن بە جەژن.) (بايەزيدى. ٢٠١٥. ل٧١) .((يەغناغ بريتييە لە ئاهەنگى شەوانە كە بۆ كيژو لاوان ساز ئەدرێ، خانويەكى گەورەى بۆ ئەرازێننەوە و ئەيكەنە چراخان و گۆرانى بێژ و مۆسيقا ژەن ئامادە دەبن هەرچى كيژو كوڕى گەرەك و گوندەكەيە ئامادە دەبن و ئەيكەنە شايى و هەڵپەركێ و گۆرانى تا بەيانى، پاشان هەريەكەيان بە زمانى خۆيان ئەگێرنەوە)) (بايەزيدى. ٢٠١٥ ل٦٠)

**خوێندەوارى:**

لەو سەردەمەدا دوو جۆر خوێندن هەبووە خوێندنى قورئان و خوێندنى كتێب ((بۆ خوێندنى مناڵان هەر وەك رۆمييەكان مامۆستامۆچەى رۆژانە و هەفتانە ياخود كرێش وەرناگرێ، بەڵكو كاتێ مناڵەكان خوێندن تەواو ئەكەن هەريەكە و بە پێى تواناى خۆى



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلينێن كوردى

دیاریەك بە منالەكانیاندا بۆ مامۆستا ئەنێرن. ئیتر مامۆستا هیچی تر وەرناگرێ هەتا منالەكە خەتمی قورئان تەواو نەكات پاش ئەوەی خەتمی قورئانی تەواو كرد باوكی منالەكە مامۆستا بانگ ئەكاتە مالەوە و دیاریەكی وەك دوو بزن و یاخود سێ بزن و مانگایەكی پێشكەش ئەكات و مەلاش بەمە رازی ئەبێت. كاتێ كتێب ئەخوێنن و مەشقی تیا ئەكەن مامۆستا وەك یارمەتییەك ئەمە ئەكات و پارەش وەرناگرێ، بەلام مامۆستای قوتابخانە پارە لە وەقف وەرئەگرێ ئەم مامۆستایە لەبەیانی زووەوە تا ئێوارەیەكی درەنگ دەرس ئەلێنەوە و پاشان بۆ مالەوە ئەگەرێنەوە))(بایەزیدی.٢٠١٥ ل٥٥) بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی بایەزیدی خستویەتێ روو، دووجۆر خوێندن هەبووە یەكێكیان وەكو مزگەوت (حوجره) ئەوی تریان قوتابخانەیە .((لەناو كورددا خوێندن و نووسین بەزمانی فارسی یەو خوێندنی توركی و زمانی توركی كەم دەزانن كتێبی توركی و زمانی توركی لای كوردەكان رێزو پەسەندیان نییە)) (بایەزیدی. ٢٠١٥. ل٦٩). ((كچە كورد لای مەلا فێری خوێندن ئەبن و مەلا خوێندنیان فێر دەكات)) (بایەزیدی ل٤٩).ئەم بایەخدانە بە خوێندنی كچان لەو سەردەمە ئەوە دەردەخات كە مەیلی خێزانی كوردەواری بۆ بەرزكردنەوەی هۆشیاری و دەرخستنی پێگەی كچان و هاتنە پێشەوەیان لە گەل رەگەزی نێرینەدا لە بیركردنەوەو كرانەوەی عەقلی كوردیەوە هەلقولاوە.

**خەتنەكردن:**

بایەزیدی لە دوو شوێندا باسی خەتنەكردن دەكات. ئەوەی جێی سەرنجە باسی خەتەنەی كچان ناكات. پێدەچێت خەتەنەكردنی كچان لەو ناوچانەی بایەزیدی ئاماژەیان پێدەكات باوی نەبوو بێ. لەبارەی خەتەنەكردنی كوڕانەوە دەلێ ((باوكی كوڕ كاتێك كوڕەكەی خەتەنە دەكات خواردن دروست ئەكەن و(كریفیش) بانگ ئەكەن پاش نان خواردن بلاوەی لێ ئەكەن. دەلاك دێت منالەكان خەتەنە دەكات و بەخشیشی لە كریف وەر ئەگرن و تا سێ رۆژ رۆژێ دووجار لەمالی كریفەوە خواردن بۆ منالان دێت)) (بایەزیدی، ٢٠١٥ ل٥٤ ) هەر لەم بارەیەوە دەلێ ((كاتێك ئاغایەك یا دەولەمەندێك كوڕی خۆیان (خەتنەنە – سونەت) ئەكەن ئەوە لەگەل كوڕەكەی خۆیاندا كوڕەی هەژاران و هەتیوانیش خەتەنە ئەكەن. لەگەل ئەمەشدا زۆربەی منالە كورد خەتەنە نەكراون و ژنیشیان هێناوە و منالیشیان هەیە كاتێ كە پیر ئەبن خۆیان سونەت ئەكەن) (بایەزیدی. ٢٠١٥. ل ٩٢ )

**مردوو ناشتن:**

رێورەسمی مردوو ناشتن لەسەر شێوازی مەراسیمی ئاینی ئیسلام بەرێوە دەچێت بایەزیدی لە مردنی كەسانی گەنج و لاودا دەلێ ((شین گێران بۆ مردوو ،لای كورد جێی بایەخە بەتایبەتی بۆ كەسانی گەنج و لاو)) (بایەزیدی. ل٣٧)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

یان دەڵێ ((کاتێ مرۆڤێ ئەمرێ ئەوا گریان و شینی بۆ ئەکەن و بەدەنگی بەرز هاوارو گریان پەیدا ئەبێ.. بۆ ژن و پیاوی دەوڵەمەند تابووت دروست ئەکەن و مەلا لەسەر مردوەکە ئەخوێنێت.. تا سێ ڕۆژ هەندێکیش تا حەوت ڕۆژ پرسە ئەگێرن.. گۆر هەڵکەندن و شوشتن و هەڵگرتنی مردووەکە لە کوردستاندا لە دەوڵەمەند و هەژار کرێ وەرناگیرێ بەڵکو هەریەکە چاکەی خۆی بەجێ دێنێت.) (بایەزیدی. ٢٠١٥.ل٨١)

**دیاردەی سوێند خواردن:**

ئەم دیاردەیە لای کورد زۆر باوەو بێ ئەوەی بیری لێبکەنەوە بۆ سەلماندنی قسەکانیان سوێند دەخۆن لەم بارەیەوە بایەزیدی دەڵێ ((زۆربەی زۆری کورد بە درۆ سوێند ئەخۆن و لەبەر نەزانیان (معاذالله) نازانن سوێند چییە و زۆربەی سوێندەکانیان بە گۆری باوك و براو کوریان یاخود بە سەری باوك و برا و کوریان سوێند ئەخۆن لەگەڵ ئەمانەشدا سوێندی راستیان هەیەو بەدرۆ نایخۆن و ئەترسن. بۆنموونە: تۆزێ خۆڵ ئەکەنە دەستی پیاوەکە و پێی ئەڵێن: ئەم خۆڵە بە ئاسماندا فرێ بدە و بڵێ خوای کەس و کارم وەکو ئەو خۆڵە بلاوبێتەوە هەڵبەت ئەم سوێندە بە درۆ ناخۆن چونکە باوەریان وای ئەم سوێندە بە درۆ بخۆن ماڵەکەیان ئەبێتە سەربەشی ماڵان.)) (بایەزیدی. ٢٠١٥. ل٦٤)

**بڕینی ناووکی منداڵ:**

نەریتێکی کۆن کە لەسەردەمی بایەزیدا باو بووە مەسەلەی برینی ناوکی منداڵ بووە کە بروایان وابووە چارەنووس و ئایندەی مرۆڤ هەر زوو لە منداڵیەوە دیاری دەکەن و بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندیەکی مەنتیقی لە نێوان ناوك برین و توانی زیرەکی و کاری قۆناغی گەورەبوونی منداڵەوە نیە ((لەناو کوردا وا باوە کاتێك منداڵێك لەدایك ئەبێ ناوکی ئەبڕن ئینجا ئەو شتەی کە ناوکی منداڵەکەی پێ ئەبرن باوەریان وایە ئەگەر ناوکی منداڵ بە شیر بڕا ئەوە کاتێ کە گەورە بوو ناوبانگ دەر ئەکات و شۆرسواری لێ دەر ئەچێ ئەگەر ناوکیان بە قەڵەم بڕی ئەوە پاشان ئەبێت بە زانا و نووسەر یاخود مەلای لێ دەرئەچێ... ئەگەر ناوکی کچەکانیان بە ئاڵتون ببڕن ئەوە ئەو کچە ئەبێت بە خانم و خاتوون و ناوبانگی ئەبێ. ئەگەر ناوکی کچەکانیان کل و سمەی تێبگرن، ئەوە کچەکانیان ناسك و جوان ئەبێ.)) (بایەزیدی، ٢٠١٥، ل ٧٤)

**پێگەی ئافرەتی کورد:**

بۆ زانینی پلەی شارستانییەتی هەرگەلێك پێویستە کە پێگە و ژیان و گوزەرانی رەگەزی مێینە هەڵبسەنگێنین کە لە چ دۆخێکدایە. بەهاو پێگەی مێینە لە تێروانینی کورد بۆ هاوسەرەکانیان زۆر بە راستگۆیانە خراونەتە روو. بایەزیدی بایەخی زۆر تایبەتی بە ئافرەت داوە لە زۆر رووەوە تێروانینەکانی خستۆتە بەردەست ((کچ و بووکی کووردەکان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

لەکەس خۆیان ناپۆشن)) ل٣٢ ژن و مەلا و شێخ هەر تکایەك بکەن بێ هیوا نابن، ئاگری شەڕ دەکوژێننەوە (ئافرەت سەرپۆشەکەی فرێ دا شەڕ رادەوەستێ. ((ژنەکانیان روپۆش و پەچە لە کەسێکی نەناسراو ناپۆشن و سەربەستن، هەروەك ئافرەتی ئەوروپی وان))(بایەزیدی. ل ٣٥).((ژنی کورد زیاتر لە پیاوی کورد بە هۆش و زیرەك و وریان، زۆر دڵسۆزن رێزی غەریبان دەگرن، و پارێزگاریان لێ ئەکەن، بە هەموو شتێك رازی نین و دڵ فراوانن. هەر ئەمانەن لە ماڵەوە هەموو کارو بارێك ئەکەن و هەموو شتێك وەرئەگرن بێ ئەوەی پرس بە مێردەکانیان بکەن.)) (بایەزیدی. ل ٦٥) ((ئافرەت باڵاپۆش نییە، لە کۆرو کۆبوونەوەکاندا دادەنیشن و ئازایانە و بێ ئەوەی شەرم بکەن، و زۆر جار بەشدار دەبن لە گفتۆگۆی پیاواندا، سۆن دەڵێ: زیاتر لە جارێك رووی داوە کە کابانی ماڵ لە غیابی هاوسەرەکەی پێشوازی لێمکردووە ،لەتەکمدا دانیشتوەو قسەی بۆم کردووە، بەڕوویەکی خۆشەوە خواردن و خواردنەوەی بۆم ئامادەکردووە..)) (مینورسکی، ت: معروف خزنەدار، ١٩٦٨، ٧٤) ((لەراستیدا ژن لە مێرد هەڵهاتن لەناو کوردا باو نییە)) (بایەزیدی ل٣٤) ((ئافرەت لە دیوەخانیشدا دادەنیشن و بەشداری هەموو کارو باروئامۆژگارییەکن رێزی میوان ئەگرن.)) (بایەزیدی ل٣٥). کورد هیچ کات شەڕ لەگەڵ ئافرەت ناکەن پارێزگاری لە شەرەفی دەکەن.

((لای تیرەی کورد دڵ پیسی و بەدگومانی نییە بۆ نموونە ژنی جوانی گەنجیان لەگەڵ پیاوان دادەنیشن و قسە ئەکەن و پێئەکەنن بێ ئەوەی مێردیان دڵیان لێ پیس کات و گومانیان لێ بکات. بەڵام ئەگەر مێردەکان خراپەیان لێ ببینن ئەو کاتە بێ یەك و دوو ماوە نادەن ژنەکە لەگەڵ پیاوەکەدا دەکوژن و کەس داوای تۆڵە ناکات و پرسیار لە چارەنووسیان ناکات)) (بایەزیدی. ل ٤١) بەرانبەر ژنەکانیان دڵپیس و گومانی خراپ ناکەن ((ژن و بووکی کوردەکان رووخساری خۆیان لەکەس داناپۆشن و لەبەردەم کەسیشدا هەڵنایەن، لەگەڵ هەموو کەسێکدا قسە دەکەن بەڵام رەوشت و پاکن)) (بایەزیدی.٢٠١٥ ل٧٧)

**خیانەتی هاوسەری:**

گەلی کوردیش وەکو گەلانی تری موسڵمانی ناوچەکە پابەندی داب و نەریت و ئاینی ئیسلام بوونەو بەلایانەوە نەنگیە کە ژن خیانەت لە مێردەکانیان بکەن و هەموویان هاوڕان لەسەر کوشتنی هەر ژنێك کە خیانەت لە مێردەکەی بکات. ((کورد هەموو گیروگرفتێك چارەسەر دەکەن تەنها خیانەتی ژن و مێردایەتی نەبێ، چونکە ئەم کردەوانە زۆر گەورەیە و بەنەنگی ئەزانن.))(بایەزیدی. ٢٠١٥. ل٤١) بایەزیدی خۆیشی هۆکاری ئەو رەفتارەی کوردمان بۆ روون دەکاتەوە کە مەسەلەی جووتبونی بێ شەرعی عەیبەیەکی گەورەیە و ناتوانن چاوپۆشی لێ بکەن ئەم رەفتارە لە ئێستاشدا هەمان چارەنووسی کوشتن چاوەروانیان دەکات.لەکاتی خراپکردنی ئافرەتدا ئافرەتەکە دەکوژن بێ ئەوەی کەس



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

نـارەزایەتی دەربڕێـت ((ژنـی کـورد خیـانەت لە مێـردەکەی ناکـات ئەگەر خیـانەتی کـرد دەیکوژن))

**دیاردەی ڕەدووکەوتن:**

بایەزیدی ئاوڕی لە زۆر لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی کورد داوەتەوە و لای لە زۆر باسی گرنـگ و تەنـانەت یاسـاغ و ڕێپێـنەدراوی سـەردەمەکەی کـردۆتەوە. بە ڕووکـردنە هەر وتەو زانیـاریەکی بەرهەمەکە کۆمەڵێـک زانیاریمـان دەسـت دەکەوێت و دەرگـایەک لەسـەر نهێنیەکـانی ژیـانی ڕابردووی گەلەکەمـان بۆ واڵا دەبێت. بایەزیـدی دەڵێ:((لای کـورد کـچ ڕفاندن هیچ نەنگی نییە، چونکە بێ ڕەزامەنـدی کـچەکە ڕەدووکـردن نابێ، ئەگەر کـچ و کوڕێک دڵیان بەیەکەوە بوو باوکی کـچەکە ڕازی نەبوو کـچەکەی بەو کـوڕە بدات ئەوە کـوڕەکە کـچەکە ئەفڕێنـێ و ئەیبـاتە مـاڵی ئاغـا یـان شـێخی دێیەکە، کەس و کـاری کـچەکەش بەدوای کـچەکەیاندا دەگەڕێن ئەگەر لە ڕێگا تووشـی کـورو کـچەکە بـوون ئەکوژرێن بەڵام ئەگەر ڕزگاریان بوو ناتوانن هیچ بکەن، لەم کاتەدا ماڵی ئاغا یاخود شێخ دەکەونە نێـوان هەردوو لایەن، ئەگەر کـوڕەکە پـارەی نەبـوو ئەوە ئاغـا یـاخود شـێخ یـا لە دراوسـێکانی پـارەی بـۆ کـۆ ئەکەنەوە و ئەیـبەن بـۆ مـاڵی بـاوکی کـچەکە و تکـای لـێ ئەکەن کە لێیـان خـۆش بـێ و لەگەڵیـان ڕێـک بـکەوێ ومـارەی کـورو کـچەکە ئەبـرن و دوژمنایەتیـان نـامێنێ.)) (بایەزیـدی. ٢٠١٥ ل٤٠) و بە پـارە ڕێکیـان دەخەن و کۆتـایی بە کێشەکە دەهێنن. ئەم کارەی ئاغا و شێخ و سەرۆکی خێڵی کورد هەنگاوێکی باش بووە بۆ چارەکردنی کێشەکە لە کاتێکدا ئەوەش دەردەخات کە بروایان بە خۆشەویستی نێوان کـچ و کـور هەبـووە و بایەزیـدی باسـی نەریتێکمـان بـۆ دەکـات کە لەو سـەردەمەدا لە ناوچەکـانی بـن دەسـتی دەوڵەتـی عوسـمانی بـاو بـوە ئەم دابە هەر لە بـاکووری کوردسـتان ئاسـایی نەبـووە بەڵکـو لە نـاوچەی سـۆرانیش بـاو بـووە ل ٨٢ ((ئەم نووسـینە کـۆنترین باسـکردنی ڕەدوکەوتـن بێـت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا زۆر خـاڵی گرنگـی بەکـورتی باسکردووە)) (بوار نوردین. ٢٠٠٥. ل ٨١).ئەم بیرکردنەوە ئەم بنەما مەعریفییەی ئەو سەردەمە بـۆ چارەسـەرکردنی ئەو کێشـە یە زۆر بە بـاش لە قەڵەم دەدرێـت لە کاتێـکـدا لەسـەر ئەو ڕەفتارە و ئەو کێشەیە کۆشتار و دوژمنایەتی لێ کەوتۆتەوە

چیرۆکی پێچەوانەش هەیە کە باس لە خراپی ئاغایەک دەکات دوای ئەوەی کـچ و کـور یەکتریـان خـۆش ویسـتوە بـاوکی کـچەکە ڕازی نابێـت بـۆ یەکـتری بـبن لە گونـدەکەی خۆیان ڕادەکەن و دەچنە گوندێکی تـر ئاغای گوند کـچ و کـوڕەکە دەردەکات بۆ ئەوەی لە لایەن کەس و کاری کـچەکەوە بکوژرێن و لە دوای دەرکردنیان دەکوژرێن.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**فره ژنی له ناو کورددا:**

**دیاردەی** فره ژنی لەناو کورددا باوی نەبووه ئەوەتا بایەزیدی دەڵێ: زۆربەی زۆری کورد یەك ژنیان هەیه زۆر کەم روو ئەدات دوو یاخود سێ ژنی ببێ. دەس بەردان (تەلاق) له ژن لەناو کورددا زۆر کەمه و بەکارێکی ناپەسەند و شوورەئی دائەنرێ.))(بایەزیدی. ٢٠١٥. ل ٥١)

**گۆرانی وتن:**

گۆرانی کۆنترین بەشی ئەدەبی فۆلکلۆره. هەروەك بەشێکی دیاری هۆنراوەی لیریکه ئەم هونەره له زۆر کۆنەوه پەیدابووه، گۆرانی شوانی، گۆرانی ئیشکردن، گۆرانی ئاینی، گۆرانی بۆنه، گۆرانیریاریکردن و گۆرانی شایی وهەڵپەرکێ و ژنهێنان ،گۆرانی رووداو...د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ، ١٩٧٩، ل٧٥ -٨٠

((لەناو خێزانه ناودارەکانی کورد دا، هەرئەوەنده بایەخ به ژنان دەدرا، که گۆرانی میللی، هەڵپەرکێ و سوارچاکی فێربن، دەست ڕەنگین بن و توانای تەون و چنین و دوورمانیان هەبێ.مەسەلەی خوێندەواری له دوا پله دەهات. ژنانی کورد چ پایەو پلەیەکی بەرزیان هەبووبێ، سوار چاك بوون، و سڵیان لەوەش نەکردۆتەوه پیاوان له رومبازیدا ببەزێنن.))(ئەنوەر قادر، ٢٠٠٨ ،ل٤٧)

گەنجەکانیان به لاو وکیژو بووکیانەوه هەموو شەوێکی زستان له ماڵێکی دەنگ خۆشدا کۆئەبنەوه و ئەگەر ساز هەبێ ئەوه ساز لێ ئەدەن خۆ ئەگەر ساز نەبێت ئەوه لاوه دەنگ خۆشەکان بووك و کچ پێکەوه گۆرانی (بیرته) دەڵێن و شایی ئەکەن و هەڵئەپەڕن، هەتا نزیك بەیان ئیتر هەرکەسێك بڵاوەی لێدەکات و ئەڕۆنەوه ماڵی خۆیان، زۆربەیان هەر به دووشەو یا سێ شەوو جارێك گۆرانی بێژ لەناو گوندەکاندا دێنن. ئەگەر لەگونده فەلەکانیشدا بێت ئەوه بووك و کچی ئەرمەنی لەگەڵ کوردەکاندا پێکەوه پێکەوه گۆرانی ئەڵێن و ئاهەنگ ئەگێرن زۆر جار له کوره کوردێك روو ئەدات دڵی بەکچه فەڵەیەکەوه ئەبێت ئەو کچه بەرەزامەندی خۆی لەگەڵ کورەکه رەدوو ئەکەوێت و ئەبێت به مووسڵمان، کورەش له خۆی ماره دەکات. (بایەزیدی. ل ٨٣). له کوردەواریدا دانیشتوانی گوندو شارەکان له کۆنا زۆربەی شەوانیان به ئاوازی خۆش و گۆرانی کاتیان بەسەر بردووه، چوار وەرزی ساڵ دیوەخانی گەورەپیاوانی دێ و شار له پیاوان و گۆرانی بێژ جمەی هاتووه.. له زستاندا له مزگەوت و حوجرەی فەقیانیشدا شەوگاری درێژیان به گۆرانی یا حیکایەت و یارییه فۆلکلۆرییەکان بەسەر بردووه. (د. شوکریه رەسول، ١٩٨٤، ل ٨٨)

کورد هەر زوو درکی بەوه کردووه به هۆی گۆرانیەوه دەتوانێت بابەتەکان و زانیاریەکان و تەنانەت بەشێك له رووداوو کارەساتی مێژووی و داب نەریت و داستانی خۆشەویستی و قارەمانێتی دەماو دەم و له نەوەیەکەوه بۆ نەوەیەکی تر دەگوازنەوه ئەمه بایەخ و گرنگی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

گۆرانی دەردەخات کە مرۆڤ بە هۆی زوو لەبەرکردنەوە و ئاسانی و خۆشی ئاوازەوە کەیەوە لە بری نووسینەوەی یادەوەریەکانی بەکاریدەهێنێت.

نەریتێکی تر لەناو کوردا باوە ئەویش ئەوەیە کاتێ زستان دێت هەموویان لە دیوەخان کۆئەبنەوە و ئەیکەنە (گەرەلاوژە). گەرەلاوژەش ئەوەیە هەندێ لەو مەجلیسەدا خۆیان ئامادەکردووە بە گەورەو بچوکیانەوە یەکێ بەندێك گۆرانی ئەڵێن و لەسەرووی مەجلیسەکەوە تا دوایین کەس دەست بە گۆرانییەکە دەکەن. خۆ ئەگەر میوانێك لەو مەجلیسەدا بێت ئەوە چارە نییە و ئەبێت بەندێك یاسترانیان بۆ بڵێت ئەگەر نەیڵێت ئەوە نابێت. کورد بەو بەندە گۆرانیانە (گێسك) دەڵێن. میوانیش ئەبێت بەشداری ئەم گۆرانیانەی گێسك بکەن. سەر لە ئێوارەش هەرچی لاو گەنجی زۆمەکە هەوارەکە هەیە لە بەردەمی ماڵێکدا کۆ ئەبنەوە و یاری راکردن و تۆپێن ئەکەن. پیرەکانیش لە لایەکەوە ئەوەستن و کچ و بووك و ژنانیش لە لایەکیترەوە لەژێر درەختێکدا بۆ خۆیان دا ئەنیشن و تەشی ئەرێسن و سەیری گەنجەکان ئەکەن کە یاری ئەکەن. هەرچی پیرو گەنجەکانیشیان لە رەشمەلاکەیان دێنە دەرەوە و سەیری یاری ئەوان ئەکەن. هەرکە ئێوارەش داهات هەریەك کاروباری خۆی ئەکات. دەوار وئەسپەکانیان چاك ئەکەن، نان ئەخۆن و هەر کە دوو سەعات لە شەو تێپەری هەریەکە لەبەر رەشمالەکەی خۆیدا دەست بە شایی ئەکەن. لاوی جوان و کچ و بووك دێنە گۆڤەندێ و پیاو ژن دەستی یەکتر ئەگرن، کچ و بووك گۆرانی ئەڵێن و یاری ئەکەن هەتا نزیکی بەیانی و هەریەك بلاوی لێ ئەکەن و دێنەوە مالی خۆیان و ئەخەون))(بایەزیدی ل٩٤ -٩٥)

## یارییە فۆلکلۆرییەکان:

یارییە فۆلکلۆرییەکانی کە مەلا محمود ئاماژەی پێداوە بابەتێکی گرنگ و بایەخدارە بۆ لێکۆلینەوە بە مەبەستی زانینی ئاستی زیرەکی و بیکردنەوەی کۆمەڵی **کوردەواری**. ((کورد زۆر حەز لەیاری (غاردانە) و یارییەکانیان لەسەر خەلاتە.. بۆ نموونە دووان، سیان یاخود چوار کەس پارەیەکی دیاریکراو دا ئەنێن پاشان یەکێك بەشتێکدا ئەکێشێت و سوارەکان غار ئەدەن هەر سوارێکی چاك و ئازا زوو گەیشتە جێ ئەوە خەلاتەکە وەرئەگرێت یاخود یارییەکی تریان هەیە ئەویش نیشانەنانەوەیە کە چەند کەسێك نیشانە ئەگرن و فیشەك بە فیرۆ نادەن، هەر کەسێك سێ جار نیشانە لەسەر یەك بگرێتە ئەو جێگایە ئەوە خەلاتەکە وەردەگرێ. هەندێ جار گرەو لە سەر کارێکی زۆر گران دەکەن. هەر کەسێ پەیمانی خۆی زوو بەجێ بێنێ و ئەوە خەلاتەکە وەرئەگرێ. بۆ نموونە: ئەگەر کوشتارێکی گەورە رووبدات ئەوە سەد یاخود دووسەد کەس لەهەردوو بەرە ئەکوژرێن. لە هەردوو لا تێکەڵ ئەبن و کەس کەسی خۆی ناناسێتەوە و نازانرێ کێ بەدیل گیراوە کێ کوژراوە.. جا بەشەو گرەو ئەکەن ئەڵێن: هەرکەسێك بچێتە مەیدان و بزانێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کێ کوژراوە و نیشانەی ئەو جێگایە بهێنێتەوە ئەوە خەڵات ئەکرێ. کاتێ بۆ بەیانی ئەو مرۆڤە ئەروات لاشەی کوژراوەکە دێنێتەوە خەڵات وەرئەگرێ بە کورتی لەناو کورد دا زۆر کاری نەزانین باوەو بڵاوبۆتەوە ؟))( بایەزیدی. ٢٠١٥ ل٦٨)

((یاری تریش هەیە وەك شەترەنج و دامەو گوستیر (مستیلە) ئەمیش بە پێ ی ئەو ئامرازە ئەبێ کە دەیخوازن و ناسراو نییە ئەوەی کە خەڵاتەکە ئەباتەوە داوای چی بکات ئەیدەنێوەکو ئەسپێکی جوان یاخود شتێکی کەم دەست بکەوێ. ،زۆر جاریش گرەو لەسەر کچ ئەکرێ و گرەو ئەبرێتەوە، گرەو بر خوشکی یاخود کچی وەرئەگرێ مارەی ئەکات ئیتر پەشیمانی لەگرەو بردنەوە نییە. هەرچی گرەو بر داخوازی بکات ئەبێ پێیبدرێ. مەرج لەسەر ئەو یاریانە ئەکەن کە ئەیکەن و مەرجەکەش بۆ نموونە ئەسپ و میوانداری و فڵان شت داوا ئەکەن. ئەم مەرجەش بەم شێوەیە لە باڵی کۆتر و کەڵەشێر و باڵندەدا ئێسقانێك هەیە ئەو ئێسقانە دێنن و ئەو دوو مرۆڤە هەریەك و لایەکی رائەکێشێ و گرەوی خۆیان ئەکەن. ئیتر ئەگەر یەکێك لەو دووانە جگەرە یاخود فنجانی قاوە یا میوە شتێك بداتە دەستی ئەوی ترەوە گەرەکە بڵێ: (لەبیرمە) خۆ ئەگەر شتەکانی دایە دەستی و لەبیری چوو زوو بڵێ (لەبیرمە) و ئەوە ئەو کەسە ئەیباتەوە و ئەڵێن: (نەمان بردەوە) بەم جۆرە شتەکان ئەباتەوە و ئەوی تر ئەیدۆرێنێ.)) (بایەزیدی، ل ٦٨)

**دیاردەی دزی و چەتەیی:**

لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا کۆمەڵێك زاراوە لەبەرانبەر وشەی دزی هەیە و هەریەکەیان ئاماژەن بۆ جۆرێك لە بردنی پارەو ماڵی کەسانێك بە شێوەیەکی رێگە پێنەدراو **لەوانە** تالانی و جەردەیی و ڕاوروت و رێگری.جگە لەوەی هەر ناوچەیەك شێوازی خۆیان هەیە لە دزیکردنا بەڵام دەرخەری ئەو راستییەشە کە هەر لە کۆنەوە کورد دزی زۆر بووە.

((کاتێ کوردەکان چەتەیی یاخود رێگری ئەکەن دوو کەس لە جێگایەکی بەرز دائەنێن بۆ ئەوەی چاویان لەکاروان بێ و ئەوانی تریش خۆیان ئەشارنەوە، ئەگەر ئەم دووکەسە لە نزیکەوە رێبواریان بینی ئەوە ئیشارەتێك بە عابا یاخود بە فەقیانەکانیان و ئەکەن و سوارەکانیش لە جێگاکانیانەوە دێنە دەرەوە و رێگایان پێ ئەگرن و چاویان ئەبەستنەوە، ئەیانبەنە جێگایەکی چۆڵ و لەوێ دەست و قاچیان ئەبەستنەوە هەتا ئەبێتە شەو و خۆشیان لەگەڵیان ئەمێننەوە. کاتێ کە شەو داهات شتو مەکەکانیان ئەبەن و بۆ بەیانی زوو بەرەڵایان ئەکەن.))(بایەزیدی. ٢٠١٥. ل ٨٨) ((کوردەکان (کۆچەرییەکان) رێگری یاخود چەتەیی سەر لە ئێواران ئەکەن بە تایبەتی ئەگەر شەوی بەسەردا بێت و لە جێگایەك کاروان پەیدابوو ئەوە بە شەو هێرش ئەبەنە سەریان و روتیان ئەکەنەوە))(بایەزیدی. ٢٠١٥.ل٨٩)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**کورد لە بواری میوانداری:**

((کوردە دەوارنشینەکان ئەگەر میوانێکیان بێت یەکسەر ئەیبەنە رەشماڵەکەوە و خاوەن ماڵەکە لەبەریان هەڵئەسێ و بەخێرهاتنێکی گەرمی میوانەکە ئەکات و ئەسپەکەیان لێ وەرئەگرێ و بەداری ڕەشماڵکەوە ئەیبەستێتەوە، ئەگەر پیاوەکان لەماڵەوە نەبوون ئەوە ژنەکانیان لە ڕەشماڵەکە دێنە دەرەوە و بەخێرهاتنێکی گەرمیان لێ ئەکەن و ئەسپەکانیان ئەبەستنەوە و میوانەکان ئەبەنە ژوورەوە و زیاتر لە مێردەکانیان خزمەت و ڕێزی میوانەکان ئەگرن... کوردەکان ڕێزێکی زۆری میوان ئەگرن ئەگەر لە گەلێکی ترەوە بێ)) (بایەزیدی. ٢٠١٥. ل٥٥ -٥٦)

**دیاردەی دوژمنایەتیی تیرەیی:**

زۆر لە کوردناسانی بیانی باسی ئەم خەسلەتەی کوردیان کردوە کە کورد شەرانییە. بایەزیدی ڕاستی ئەو تێروانینەی کوردناسەکانی دەسەلمێنێت. کەسێکی کورد خۆی لە سەردەم و ئەو دۆخە ژیاوە و ڕاستیەکانی خستۆتە ڕوو ئەگەر بە خالی سلبیش بەسەر گەلەکەیدا بشکێتەوە.((کوردەکان هەمیشە لە دانیشتنەکانیان دەربارەی شەروشۆری رابردوو ئەڵێن: (لە شەری فلاندا فلانەکەس ئاوا بووە وفلانەکەسیش جوامێر و ئازا بووە) هەموو بیرو هۆش و قسەکردنیان لای چەك و شەرو شۆرە. لەگەڵ ئەمانەشدا هەموویان ئەهلی نوێژن و موسڵمانەنو ڕۆژوو ئەگرن. زەکاتیش ئەدەن.))(بایەزیدی. ٢٠١٥. ل٨٩) دیاردەی پیاو کوشتن لە ناو کوردا بڵاوبووە، بە تایبەتی لەو ناوچانەی کەبایەزیدی ئاماژەی پێیانکردووە.بایەزیدی ئەڵێ ((کوردەکانی ناوچەی بۆتان و هەکاری زۆر کەم لە جێدا ئەمرن زۆربەی زۆریان ئەکوژرێن. ئەو کوردانەی لەم ناوچانەدا دانیشتوون بە شەرانی و خوێنرێژ و ئاژاوەچی ناسراون)) (بایەزیدی. ٢٠١٥.ل ٦٥)

بایەزیدی لە جێگایەکی تردا دەڵێ ((کورد هەتا خوێندار (حەقدار) نەبینن تۆڵەی خۆیان ناسەنن و حەزیش لە کوشتار ناکەن لە شەرو ڕووبەڕووبوونەوە. مرۆڤ دەگرن و ئازاری ئەدەن و پاشان بەرەڵایشی دەکەن.)) (بایەزیدی. ٢٠١٥. ل٣٤). بەڵام لە کاتی ( زەنا – لاقەکردن) واتە خراپکردنی ئافرەت ئەوە ئەو ئافرەتە ئەکوژن ئەگەر ژن و دایك و کچ و خوشکیان بێ. ژنەکانیش لەم کارە خراپانە بە شەو کچەکانیان ئەخنکێنن، خەسوو بووکی خۆی و خوشك خوشکی خۆی ئەکوژێت یاخود زەهر دەرخواردیان دەکەن. لەم کاتەشدا گەورەکانیان ئەگەر ئاغا و شێخش بێ لێیان ناپرسێ (بۆچی ئەمەت کوشت ؟) ل ٤٢ کەواتە بە هۆی خیانەتی هاوسەری کوشتنیان دوژمنایەتی ناکەوێتە نێو عەشیرەت و خێڵەکانەوە ((کورد منداڵەکانیان فیری هۆنەری چەك هەڵگرتن ئەکەن، فیری رمبازی، سواری و تفەنگ هەڵگرتن و تەقەکردن ئەکەن. هەموو بیرو هۆشیان لای شەرو ئاژاوەیە. پێش ئەوەی شەر یاخود هێرشێك ڕووبدات ئەمانە چیرۆکی شەر و شۆری کۆنیان بۆ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

مناڵەکانیـــان ئەگێـــرنەوە، فـــلان شـــەر وابـــووە و فـــلان جێگـــا وا تـــاڵان کـــراوە.)) (بایەزیدی. ٢٠١٥.ل٧١)

((کورد بە تایبەتی لادێ و شارنیشینەکان گوێ رایەڵی حاکم وئاغان زۆر پەیـرەوی دەســتووریان ئەکەن هەتــا ئەگەر فەرمانبەرانیــان فەڵەش ئەرمەنــی بــن زیــاتر گــوێ بــۆ قسـەکانیان شـل ئەکەن و بەڵام لەگەڵ خۆیانـدا لەکـاتی گـرتنە کارێـك دا پێشـبرکێ دەکەن و ئاژاوەو دووبەرەکـی دروسـت دەکەن بە تـایبەتی ئەگەر لەئەوان بەتوانـاتر بـوو ئەوە پەیـرەوی نـاکەن.))(بایەزیـدی. ٢٠١٥. ل ٤٧) بەڵام پێشـتر کە دەڵـێ بـێ فەرمـانی حـاکم شـەر هەڵدەگیرسـێنن. دیـارە زیـاتر مەبەسـتی کـوردە کۆچەرێکـانە. هەروەهـا باسـی دیـاردەیەکـی گرنـگ دەکـات ئەویـش ئەوەیە کـورد رێـزی بەرپەرس و فەرمـانبەری خۆیـان نـاگرن و گـوێ رایەڵیان نابن و بەڵکو دژایەتی دەکەن.

**کاری دەستی:**

کـاری دەسـتیش بەشـێکـی تـری فۆلکلـۆرە ڕووی ڕاسـتەقینەی شـێوەی ژیـانی هەزاران سـاڵەی مرۆڤـایەتی ئاشـکرا دەکـات و نیشـانی دەدات، کە پـلەی شارسـتانیەتیان چەنـدە پێشکەوتووبوە. لە کاری پیشەسازیدا چەندە لێهاتوو سەرمەشق بوونە، (هێمن جاسم، ٢٠١٥، ل ٣٨)

((ژن و کـچـی کـورد زۆر حەز لە کـارکـردن دەکەن ئـازاو دەسـت ڕەنـگـینـن ،کڵاو و لبـاد و بەڕەو گـونیە دروسـت دەکەن.لە ماڵێکدا ئەگەر کـارەکەریـان نەبـوو، ئەوە ئەوە بـزانە کـارەکەری ئەو مـاڵە ژنەکەیە، هەرچـی کـاروبـاری مـاڵە بەدەسـت ژنەکەیە هەتـا ئەسـپی مێردەکەشی بەخێو دەکات. پیاو هیچ کارێکی گرنگی نەگرتۆتە خۆ تەنهـا بـۆ شـەرو چەکداری نەبێ تەنانەت کاروباری بـازارو فرۆشتنیش ئـافرەت گرتوویەتیە ئەستۆ)) بایەزیدی ل٣٥

لە پیشـە دەسـتییەکان وورد بیـنەوە ئەو ڕاسـتیەمان بـۆ دەردەکەوێ کە کـورد کـۆمەڵگەیەکـی کـۆچەری و لادێ نشـینە واتە ئاژەڵـداری و کشـتوکـالیە بە توانـاو بـازووی خـۆی هەمـوو کەرەسـتەو ئـامێرە کشـتوکـالییەکـانی دروسـت کـردووە. تـا ڕادەیەك لە هەر لەسنووری بازنەیەکـی دیاریکراودا پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دیاریکردووە. بەهـۆی سـەختی ڕێگـاوبانەکـان و دابرانـی هەرێمەکـان لەیەکـتری و نەبـوونی هۆیەکـانی هاتوچۆکردن کەرتی کشتوکاڵی هەر لە قۆناغی سەرەتاییدا ماوەتەوە. خزمەتکار و قاوەچی و کـاسـبکار و پێنەچـی و شـیـگیر و بەرگ دروو و چەخمـاخچی و سـەراج. ل ٦٣ بەم جـۆرە ڕووندەبێتەوە کە کـورد لە ڕووی توانای ئیشی دەستی و هونەری و چاپووکیەکانیوە پشتی بە تواناکـانی خـۆی بەسـتوە بـۆ هەمـوو پێداویسـتییەکانی ڕۆژانەی خـۆی کەرەسـتەو ئـامێری داهێناوە ئەگەر بە شێوازێکی سادەش بووبێت.. دەرمانی کوردەواری بۆ نەخۆش ل٨١
لە بارووت دەرمان دروست دەکەن فیشەك باروت – مزگەری –بەیتەری (بایەزیدی، ل٦٧)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**ژیانی کۆچەری و نیشتە جێبوونی کورد:**

زۆر پێویستە کاتێک توێژینەوە لەبارەی سیستەمی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەوە دەکەین دەبێت رەچاوی ئەو راستییە بکەین کە کورد لە دوو چینی سەرەکی پێکهاتووە ئەوانەش کۆچەری و جێنیشینەکانن، چونکە هەریەکەیان خەسڵەتی تایبەتی خۆیان هەیە (توما بوا. ٢٠١٠.ل٣٧)

(باسیلی نیکیتین کوردی دابەشکردوە بەسەر شارستانی و کۆچەریدا، کە هەمیشە ژمارەی کۆچەرییەکان لەکەمبوونەوەدایە بەهۆی ئەوەی بەردەوام خەڵکیان لێ نیشتە جێ دەبێت)(باسیلی نیکیتین. ٢٠٠٦. ل٩٧)

بایەزیدی دەڵێ: ((هەموو کوردەکان رەوەند ونیشتە جێن))(بایەزیدی. ٢٠١٥. ل٩٠) دوور نییە بە هۆی ئەوەی زۆرینەی کورد رەوەند بووە واتە کۆچەری هەستی ئینتیمای بۆ شوێن لاواز بووە هەمیشە بە هۆی کۆچکردنیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر نەیانتوانیوە پەیوەست بن بە خاکێکی دیاریکراو لە شوێنێکدا جێگیر بن و لێی بمێنەوەو پارێزگاری لێ بکەن و گەشەی پێ بدەن هەر ئەمەش هۆکار بووە کە بێگانە پەلاماری بدات و شوێنەکانیان داگیر بکات

((کورد کۆچەرییە، کاتێک نیشتە جێ دەبێت بەشێک لە ئازایەتییەکەی و خووی چاکی لەدەستدەدات، سەرەرای ئەوەی دەوترێ کوردەکان تێکدەرن، بەڵام لە ڕاستیدا کۆمەڵێک خەسڵەتی جوان و بەرزیان هەیە وەکو خۆشەویستی لەرادەبەدەریان بۆ عەشیرەتەکانیان. هەندێکیش باس لەوە دەکەن کە کوردە کۆچەرییەکان پیاو کوژن، ئەمەش هەڵەیە، چونکە کۆچەری کورد کەسێکی رەوشت بەرزە.))(شاکر خصباك، ١٩٧٢، ٤٣٥) بەو رەهاییە بریاردان لە رەفتارێک بە شیاوی و نەشیاوی نازانستانەیە و ئەنجامێکی کۆنکرێتیمان دەس ناکەوێت لە کاتێکدا ئەگەر پشتمان بە توێژینەوەو ئامارو دات نەبەستبێت.

((لە کۆندا کوردەکان زوڵم و زۆرداریان لە جوتیارەکان کردووە بیست ، سی سوار ئەهاتن ئەبوون بە میوانی دێ کە ئەو گوندەش بەرخ و بزن و مریشکیان بۆ سەر ئەبرین و ئالیکیان بە ئەسپەکانیان ئەدا) (بایەزیدی.٢٠١٥ ل٨٤)

((بە هەر جۆریک بێت جوتیارەکان لە کوردەکان ئەترسن، و خۆیانیان لێ دوور ئەخەنەوە))(بایەزیدی.٢٠١٥ ل٨٥)

((کوردە کۆچەرییەکان خزمایەتی لەگەڵ کوردە بیشتەجییەکاندا کەم دەبەستن ژن خواستنیان زۆر کەمە.کوردە کۆچەرییەکان دەڵێن گۆرانەکان هیچ نین و بێ توانان و ئەڵێن ئەو مناڵانەی لە ژنە گۆرانییەکان بوون ئەوە بێ شەرم و ترسنۆکن بۆیە ژنیان لێ ناخوازن. لەلایەکی تریشەوە کوردە نیشتە جێیەکان دەڵێن: ئەو مناڵانەی لە ژنە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کۆچەرییەکان بووە بێ ئەدەب و دزو چەقاوەسوون. ئەم دووبەشە، کورد و گۆران یەك حەز لەوی تر ناکات و لەیەکتری رازی نیین و چارەی یەکتریان ناوێت))(بایەزیدی.٢٠١٥. ل٨٥)لەمبارەیەوە لێکۆلینەوەکەی د. موحسن عومەر زانستانە تێروانینەکانی بایەزیدی شیکردۆتەوە، بە پێویستی نازانین دووبارەی بکەینەوە.

((لەڕاستیدا هەردوو کەسی کوردەکان خۆیان لە دەکەسی گۆرانەکان ئەدەن و لە بەردەمیاندا راناکەن نیشتەجێبەکان وانین لەبەردەم کۆچەرییەکاندا بێ دەسەڵاتن، بەڵام ئەم زانیاریە لەناو کوردەکانی ناوچەی وان و موش و بایەزیدی و فارس و ئێرانە بەڵام کوردو گۆرانەکانی ناوچەی هەکاری و بۆتانی و ئامێدی و سۆران وانین، بەڵکو بە پێچەوانەوە کوردەکان لەبەردەم گۆراندا بێ دەسەڵاتن)) (بایەزیدی.٢٠١٥. ل٨٦)

((ژنە کۆچەری بە هەموو شێوەیەك بە مێردەکانیان رازین وهەتا ئەگەر مێردەکانیشیان لێیان بدات ئەمانە دەست ناکەنەوە.)) (بایەزیدی. ٢٠١٥ ل ٨٧)

((ژنە کۆچەرییەکان لەکاتی پێویستدا یارمەتی مێردەکانیان ئەدەن ئەگەر لە شەریشدا بن، بەڵام ژنە گۆرانەکان زۆر ترسنۆکن و لە ماڵەوە نایەنە دەرەوە)) بایەزیدی وەسفی ئازایەتی و چالاکی و بەتوانایی ژنە کۆچەریەکان دەکات و بە پێچەوانەوە باس لە نەکاری و لە زستاندا پیاوی کورد بەیانیان و ئێواران لەژووری ئاغاکانیان بەدوو سەعات و سێ سەعات قسە ئەکەن و رازو چیرۆك و باسی شەرو شۆر و دەنگوباسی رابردوو ئەگێرنەوە. کەنیوەرۆش هات بۆ ماڵی خۆیان ئەگەرێنەوە. لەماڵەوە نان ئەخۆن و ئالیکیش بە ئاژەڵەکانیان ئەدەن. ئەگەر هەواش خۆش بوو ئەوە دێنە دەرەوە ولەبەر خۆرەکە لە گۆشەیەکدا دائەنیشن و سەبیل و جگەرە ئەکێشن و گفتوگۆ ئەکەن. بە شەویشدا بە گویز ئەگەر دەستیان کەوێ یاری ئەکەن ئەمەش وەکو قومار وایە یاری کەم پێئەکەن.))(بایەزیدی. ٢٠١٥. ل ٨٢) وەك دیارە ژنە کۆچەری ئازاو شەڕکەرو ئیشکەرن هاوشانی هاوسەرەکانیان کاردەکەن. بەڵام ژنە گۆران ئەوانەن کە نیشتەجێن و بە ترسنۆك و ئیش نەکەر وەسفیان دەکات. ئەم دوو چێنە هەمیشە ناکۆك بوونەو بە تەبایی نەژاون گۆرانەکان زۆر لە کۆچەرییەکان ترساون.

**ئەنجام:**

١) ئەم بەرهەمە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی فرە رەهەندە کە تیایدا کۆمەڵێك بابەتی گرنگ و بایەخداری ژیانی کۆمەڵی کوردەواری سەدەکانی ناوەراست لەخۆدەگرێ.

٢) کۆمەڵێك خەسلەت و سیمای کورد کە بۆ یەکمجار لەم بەرهەمەی بایەزیدیدا سەلمێنراون لەوانە کورد گەلێکی ئازاوشەڕکەرن و قارەمان و میوان دۆستن.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

٣) بایەزیدی تێروانینەکانی بۆ دیاریکردنی سیمای کەسێتی کورد لە روانگەی کوردی کۆچەری و کوردی نیشتە جێبووەکانەوە دیاریدەکات و ئاماژە بە ئاستی هۆشیاری و بیرکردنەوەیان و بڕواکانیان دەکات و جیاوازییەکانی نێوانیان وەك هۆکاری شەڕو ململانێی خوێناوی نێوانیان دەگێڕێتەوە.

٤) بابەتیانە و ڕاستگۆیانە دوور لە کاریگەری نەتەوایەتی و ناوچەگەرێتی تێروانینەکانی لە بارەی داب و نەریت و ژیانی کۆمەلایەتی و ڕەفتارەکانی کۆمەڵی کوردەوارییەوە دەخاتە ڕوو.

٥) باس لە سەربەستی ئافرەتی کوردەکانی ئەو سنوورە دەکات کە خۆی ئاماژەی پێ دەکات لەوانە خۆیان داناپۆشن لە بێگانە و هاوبەشی پیاوانن لە راپەراندنی ئیش و کارەکانیان و لە کۆری کۆبوونەوەی پیاواندا ئامادە دەبن و لەگەڵ کوڕو پیاواندا شایی و هەڵپەرکێ دەکەن.

٦) کۆمەڵێك بابەتی فۆلکلۆری هەمەجۆر لە یارییە باوەکانی کۆمەڵی کوردەواریمان بۆ دەگێڕێتەوە کە تا ئەو سەردەمە کەس ئاوڕی لێیان نەداوەتەوە.

٧) خورافات و بڕوای سەیرو نامۆ لەناو کوردەواریدا جێی بایەخ بووە.. کوردی دەوارنشین کوردی کۆچەری پێکەوە وولاتی کوردەواری پێك دەهێنن بە هۆی جیاوازی لە شێوازی ژیانن تایبەتمەندییەکانیشیان جیاوازە.

٨) کۆمەڵێك لە ئاهەنگی ئەو سەردەمەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە بۆ یەکمجارە لەلایەن کوردێکەوە بۆمان تۆمار کراوە مەرج نییە ڕەفتارێك لەناو کوردا باوبووە ئیتر هەموو کورد پابەندی هەمان ڕەفتار بن یان لە نێو هەموو کوردا بلاوبوبێتەوە چونکە سروشتی ناوچەکانیان جیاوازەو شێوازی ژیانیشیان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەك لەیەك ناچێت

٩) زۆر زانیاری لەبارەی ژیانی کۆمەلایەتی کوردەوارییەوە لەلایەن کوردناسان و گەریدەکانەوە بلاوکرایەوە لە بەرهەمەکەی بایەزیدیدا باسکراون، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕۆدینکۆ بە ڕووسی لێکۆلینەوەی لە بەرهەمەکەی بایەزیدی کردبوو.

## لیستی سەرچاوە:


١) نورەدین، بوار. ٢٠٠٤ ،بیبلۆگرافیای کتێبی فۆلکلۆریی کوردی، ئنیستیوتی کەلەپوری کورد، پێشەکی و پێداچونەوەی پ. د. عیرەدین وستەفا رەسوڵ، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٢) نورەدین، بوار. ٢٠٠٥ ،رەدوکەوتن لە کلتووری کوردیدا، ئنیستیوتی کەلەپوری کورد ،سلێمانی چاپی یەکەم.

٣) پیربالؚ، فەرهاد، ٢٠٢٠. کورد لەدیدی ڕۆژهەلاتناسەکانەوە، چاپی دووەم، تاران.

٤) پیربالؚ، فەرهاد، ٢٠٠٠. مەلا مەحموودی بایەزیدی یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشانووسی کورد، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چ ١،

٥) پ. ڤ.ف. مینۆرسکی، ١٩٦٨. ترجمە و قدم لە و علق علیە د. معروف خزنەدار، مطبعة النجوم، بغداد.





Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٦) بایەزیدی. مەلا محموودی، ٢٠١٥. عادات و رسووماتنامەی اکرادیە، پێشەکی و وەرگێرانی بۆ رووسی: م. م. رۆدینکۆ، وەرگێرانی لە ڕووسیەوە: پ. د.شوکریە رەسوڵ ئیبراهیم، دووەم، تاران
٧) خەزنەدار. مارف، ٢٠١٠. مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر،
٨) چەندوتارێکی کوردناسی، ٢٠٠٨. وەرگێرانی لە ڕووسیەوە: ئەنوەر قادر محەمەد، بنکەی ژین ،سلێمانی،
٩) رەسوڵ. عیزەدین مستەفا، ١٩٧٩. لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی دووەم، زانکۆی سلێمانی.
١٠) ئیبراهیم. شوکریە رەسول ،١٩٨٤. بەشی دووەم، زانکۆی سەلاحەدین،
١١) العتیل، فوزي. ١٩٦٥.الفولكلور ما هو ؟،دراسات في التراث الشعبي. دار المعارف.مصر
١٢) عومەر.موحسین ئەحمەد، ٢٠١٥. لێکۆڵینەوە کوردییەکان، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ،هەولێر،
١٣) ابو مصلح ، عدنان. ٢٠٠٦. معجم علم الاجتماع. ط١. عمان (الاردن)
١٤) ئەمین. نەوشیروان مستەفا، ٢٠١٥. بەدەم رێگاوە گوڵچنین ،چەند بابەتێکی کۆمەڵناسی، کتێبی یەکەم، بەرگی دوەم، الدار العربیه للعلوم، بیروت، لبنان،
١٥) موحسنی.مەنوچیهر،٢٠٠٢، دەروازەکانی کۆمەڵناسی.وەرگێرانی: رێبوار سیوەیلی کەسانی تر.دەزگای موکریانی. هەولێر.
١٦) سابیر، رەفیق، ٢٠٠٨، کولتوورو ناسیۆنالیزم. چ ٣. چاپخانەی تیشك. سلێمانی.
١٧) خصباك. شاكر، ١٩٧٢. الاكراد دراسة جغرافية اثنوغرافية، جامعة بغداد،
١٨) الجزيري، على. ٢٠٠٠. الادب الشفاهي الكردي الطبعة الثانية ،اربيل–كوردستان العراق ،
١٩) تومابوا، الكرد. ٢٠١٠، ت: صلاح عرفان، منشورات مركز الدراسات الكورديه، السليمانيه.
٢٠) نيكيتين، باسيلى. ٢٠٠٦. الكرد، ت: د. نورى تاڵەبانى. مكتب الفكر والتوعيه (الاتحاد الوطني الكوردستاني)، سليمانية.
٢١) الكعاك.عثمان. ١٩٦٤. المدخل الى علم الفولكلور. بغداد.
٢٢) العنتيل.فوزي. ١٩٦٥. الفولكلور ما هو. دراسات في التراث الشعبي. دار المعاريف. مصر.


## التقاليد الكردية في (العادات و رسووماتنامەی ئەكراد) لملا محمود بايزيدي


**الملخص:**

مما لاشك فية ان العادات و الرسومات الكوردية لملا محمود البايزيدي تعتبرمن احدى الدلائل التراثية الكوردية التي تستحق ان تكون مادة مميزة لبحوث عدة لانها مصدر غني بالقيم والعادات للحصول على المعلومات التراثية المهمة التي تبين لنا العادات والتقاليد واخلاقيات الكوردية الرصينة بشكل مباشر وباخص الاكراد بوتان و هكاري و بايزيدي و سوران، لذلك نحاول ان نكشف الستار عن السلوك والعادات السائدة انذاك بشكل علمي  دقيق، لبيان ما تلاشت منها و ما بقي منها الى يومنا هذا.ان هذا المنتج لملا محمود بايزيدي الذي كتب بهكارية على طلب الكسندر زابا القنصل الروسي في ارزروم وثم نشر من قبيل الكاتبة الروسية رودينكۆ و قد قامت الدكتورة شوكرية رسول بترجمتة الى اللغة الكردية.

يتكون البحث من قسمين ونتيجة و ملخص و قائمة المصادر. ففي القسم الاول تحدثنا عن مصطلح الفولكلور و التراث و انواع التراث و اهمية هذا الموضوع في المجال انطوكرافيا.وفي القسم الثاني خضنا في عمق الموضوع بالبحث و تناولنا عمل البايزيدي بشكل علمي و جميع ما وردة الكاتب في مولفة من الموروثات.





Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**الكلمات الدالة:** *التقاليد الكردية، العادات و رسووماتنامەی ئەکراد، ملا محمود بايزيدي.*

## Kurdish Traditions in Adat u Risomati Akradiya by Mulla Mahmoued Bayazidi


**Abstract:**

Certainly (Adat u Rsumatnamay Akradiya "Kurdish Customs and Ceremonies" (of Mala Mahmoody Bayazeedi is one of those documents of Kurdish legacy that is worth to be investigated because it is a valuable and significant source of getting knowledge about legacies which is actually make us familiar about the Kurdish Custom and traditions, especially the Kurds of Botan, Hakari, Bayazeedi and Soran. So, the research wants to explain and investigate the Kurdish custom and traditions through this source, which some of the customs are extinct and some of them are observed.

The manuscript of Mala Mahmoody Bayazeedi which is written in Hakari subdialect basically written in the demand of the Russian consulate in Arazroom (Alexander Jaba), then published by the Russian writer (Rodin Coil). Afterward, Dr. Shukria Rasul translated it to central Kurdish dialect.

The paper consists of two sections and the results and the references have indicated at the end of the paper. In the first part, the concept and definition of folklore and legacy have described then the types of legacy and the significant of this concept in ethnographic have illuminated. In the second part, which is allocated to investigating the content of the manuscript of Mala Mahmoody bayazeedi, scientifically we are studying all of the legacy phenomena that the writer demonstrated.



**Keyword:** *Kurdish Traditions, Adat u Rsumatnamay Akradiya, Mulla Mahmoued Bayazidi.*

# لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە مەتەڵۆکی کوردی

**پ. د. سەید ئەحمەد پارسا**

زانکۆی کوردستان/ ئێران

**پوختە:**

مەتەڵۆکێ یەکێک لەو بەشە فۆلکلۆریانەیە کە لە ڕاستیدا جۆرێک کایە ی بیرکردنەوەیە بۆ بە هێزکردنی مێشکی منداڵانی گچکە، مێر منداڵانو تەنانەت لاوانو گەورەپیاوانیش، فێریان دە کا لە ژیانی داهاتوویاندا لە دژواریەکانی ژیان بیربکەنەوە.

شێوازی ئەم توێژینەوە وەسفی– شیکارییە و دەیتاکان بە شیوازی مەیدانی و کتێبخانەیی کۆکراونەتەوە و وەک شیکردنەوەی ناوەڕۆک، لێکدانەوەی بۆکراوە. دەرەنجامەکان پیشانمان دە-دەن کە لە باری ڕەوانبێژیشدا مەتەڵۆکێ خۆی لە خانە ی درکەدا ببینیتەوە؛ چونکە تا

یبەتمەندیەکانی شتێک باس دەکەن و کەسانی دیکە دە بێ لە ڕوی ئەو تایبەتمەندیانە وە وەڵامی دروستی ئەو شتە بدۆزنەوە. هە روەها دەرەنجامەکان پێمان دەڵێن کە لە کوردیدا سێ جۆر مەتەڵۆکێمان هەیە کە لەم وتارە دا بە تێر و تەسەلی باسی دەکەین.

**پەیڤێن سەرەکی:** *فۆلکلۆر، پەروەردە، منداڵان، مەتەڵۆکێ.*

**پێشەکی:**

**فۆلکلۆر چییە و چ بابەتگەلێ لە خۆ دەگرێ؟**

مەتەڵۆکێ بەشێکە لە فۆلکلۆر؛ هەر بۆیەش، بۆ باشتر ناسینی مەتەڵۆکێ سەرەتا پێویستمان بە ناسینی فۆلکلۆر هەیە. وشەی «Folklore» وشەیەکی لاتینە کە لە دوو بەشی «Folk» بە مانای خەڵک بە گشتی و «lore» بە مانای عیلم و زانست پێکهاتووە؛ واتە: زانستی سەبارەت بە خەڵک. یەکەم جار "ویلیام جان تامزی" ئاسەوارناس، کە نازناوی "ئامبرۆز مورتون"ی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، لە ٢٢ی ئووتی ١٨٤٦ زایینی ئەم وشەی بەکار هێنا و زۆر زوو لە لایەن لێکۆڵەرانەوە بەکار هێنرا و جێی خۆی کردەوە.

زۆر کەس پێی وایە فۆلکلۆر هەر ئەو مەبەستانەیە کە دەم بە دەم لە ڕابردووەوە هەتا ئێستا ماونەتەوە، بەڵام ئەم پێناسەیە تەنیا بەشێک لە فۆلکلۆر دەگرێتەوە کە زارەکین و ئەو بەشانەی وەک: کایە، هەڵپەڕکێ و زۆر شتی دیکەی وا ناگرێتەوە. پێم وایە ئەو پێناسانەی "سی. ئێس. بۆڕن" (C.S.Burn) لە چاو پێناسە کانی دیکە پێناسەیەکی باشتر بێت و توانیبێتی فۆلکلۆر بە جوانی بناسێنێ. پێناسەی "بۆڕن" لە سێ بابەتدا دابەش کراوە:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

یەکەم: ئەو باوەڕ و عورف و عادەتانەی کە سەبارەت بە زەوی و ئاسمان، گیایەکان، ئاژەڵەکان، جیهانی مرۆڤ، شتە دەسکردەکانی بەشەر، ڕۆح و جیهانی دیکە، بوونی ئەو شتانەی لە سەرەوەی مرۆڤن (وەک: دێو، جندۆکە، پەری و هتد)، خەبەردان لە غەیب و کاری نائاسایی و سەرسوڕهێنەری پیاوچاکان، سیحر و بەکارهێنانی سیحر، پزیشکی و ئەستێرەناسین.

دووهەم: دابونەریتی سەبارەت بە ناوەندە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، دۆزەکان و ڕێوڕەسمەکانی ژیانی مرۆڤ، کەسب و کارەکان، شێوەی پێوان و دابەشکردنی کات (جێژنەکان، کایەکان و سەرقاڵییەکان)

سێهەم: چیرۆکەکان (ڕاستەقینە بن یان بۆ سەرقاڵی)، گۆرانی و سترانەکان، پەندی پێشینان [و قسەی نەستەق]، مەتەڵۆکەکان (بۆڕن، بە گێڕانەوە لە بەیهەقی، ١٣٦٥: ٢١)

گرینگیدان بە کەلتووری هەر نەتەوەیەک گرنگیدان بە باشتر ناسینی ئەو نەتەوەیە؛ چونکە یەکێ لە ڕێگاکانی ناسینی نەتەوەیەک، ناسینی کەلتووری ئەو نەتەوەیە. هەروەک چۆن نووسراوەیەکی سەربەرد، نووسینە لەمێژینەکان، بەڵگە مێژوییەکان، کەلوپەلە لەمێژینەکان، ئەو شتانەی لە بن عەرز دەبینرێنەوە، کتێبە دەسنووسەکان و نووسراوەکانی سەدەکانی ڕابردوو، کەلەپوور و شارستانیەتی نەتەوەکانی ڕابردوو ڕوون دەکەنەوە، فۆلکلۆر کە لەدایکبوونی دەگەڕێتەوە بۆ پەیدابوونی مرۆڤ زۆر زیاتر دەتوانێ ئێمە لە ناسین و بەخۆداچوونەوەی خۆمان یارمەتیمان بدات... چونکە ئەم خەزێنە بێوێنەیە بەهۆی ئەوەی لە سینگی خەڵکیدا ڕاگیرابوون، کەمتر تووشی ئاڵوگۆڕ و دەستێوەردان بووە (ڕادفەڕ، ١٣٨٠: ٣٩)

**لێکۆڵینەوە لە فۆلکلۆر:**

بۆ توێژینەوە لە سەر فۆلکلۆر بەتایبەت بەشی زارەکی دەبێ سێ قۆناغ بناسین:

**قۆناغی پێکهێنان:** ئەو کەسانەی کە بۆ یەکەم جار بەدیهێنەری گۆرانییەک، پەندێک، بەیتێک یا شتێکی لەم جۆرە بوون. ئەو کەسانە بەدەگمەن نەبێ نەناسراون. ناشزانرێ کێ یەکەم جار بەدیهێنەری ئەم شتانە بووە.

**قۆناغی کۆکردنەوە:** ئەم قۆناغە ئەو لێکۆڵەرە بیانییانە یان ئەو دڵسۆزە ماندوونەناسە ناوخۆییانە دەگرێتەوە کە بە کۆکردنەوەی بەشێک لەو فۆلکلۆرە دەوڵەمەندەی کورد خزمەتێکی گرینگیان کردووە و ئەو بەشەیان لە فەوتان ڕزگار کردووە.

دیارە هەتا کۆکردنەوەی ئەم بەشە سەر زارەکییانە پێکنەیەت، هەلومەرج بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە ناڕەخسێ.

**قۆناغی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە:** کۆکردنەوەی بەشی زارەکی فۆلکلۆر، سەرەتایەکە بۆ توێژینەوە. ئەم بەشە ئیشی لێکۆڵەران و پسپۆڕانە. بەداخەوە کەسانی ئاکادیمی زۆریان خۆ لەم بوارە نەداوە. هەر بۆیەش کورد گوتەنی: «جێگایەکی مەلای لێ نەبێ، بە کەڵەباب دەڵێن: بڵقاسم». جا بۆیەش بەداخەوە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەو بڵقاسمانە کەم نین و زیاتر لەوەی ئیشەکەیان سوودی هەبێ، زیانی گەیاندووە بە زانست لەم بوارەدا و لاوەکانمانی بە هەڵەدا بردووە و زانستی هەڵەیان داونەتێ. هیوادارم کەسایەتییە ئاکادیمییەکانی ئەم وڵاتەش ئەوەندەی لە بیری خۆناساندن بە خەڵکدان، لە بیری ناساندنی زانست و شتە زانستییەکان بن و پێش هەموو شت بنەما زانستییەکانی خۆیان پتەوتر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بکەن و دواتر لانیکەم چەن ئیشێکی بەنرخ پێشکەشی کۆمەڵگا بکەن تا تیرەی پێگەیشتووی تینووی تێگەیشتنیش بزانێ "هەرکەس سمێڵی سوور بێ هەمزائاغا نییە".

دەمەوێ سەرنجتان بۆ خاڵێک ڕابکێشم؛ ئەویش ئەوەیە کە لە فارسیدا "فرهنگ عامیانە" واتە: کەلەپووری عامە بۆ فۆلکلۆر بەکار دێنن کە بە بڕوای من، شەئنی ئەم زانستە دێنێتە ئاستێکی خوارترەوە؛ چونکە لە بەرانبەریدا دەبێ فەرهەنگی "خواص" یانی کەسایەتی تایبەتییەکان دابنێین. هەر بۆیەش پێم وایە باشتر وا بێ لەجیاتی ئەم نێوە، "ئەدەبی زارەکی" دابنێین.

**سەرەتایەک سەبارەت بە مەتەڵۆکی:**

هەر نەتەوەیەک جگە لە نووسراوە، زۆر شتی زارەکی هەیە کە هەڵگری بیر و باوەڕ، بۆچوون و تەجرەبەی ئەوان لە مەیدانی ژیاندا بووە. بۆ ئەوە مێژووی ڕاستەقینەی گەلێک بناسین یان بمانەوێ سەبارەت بە دابونەریت، بیر و باوەڕ، کردەوە و بیرکردنەوەیان سەبارەت بە زۆر شت بزانین، فۆلکلۆر دەتوانێ هەموو ئەو زانیارییانەی کە ئێمە دەمانەوێ بماندانێ؛ هەر بۆیەش فۆلکلۆری هەر گەلێک بەستێنێکی زۆر باشە بۆ لێکۆڵینەوەکانی زمانناسی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی و زۆر بابەتی دیکەی وەک ئەوانە. "گرینگایەتی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە فۆلکلۆر تا ڕادەیەکە کە سازمانی فەرهەنگی یۆنسکۆ لە چەندین بەیانییە و لەوانە لە بیستوپێنجەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی خۆی لە نوامبری ١٩٨٩زایینیدا، ئاماژەی بە پاراستنی فەرهەنگی سوننەتی و فۆلکلۆری کردووە.

فۆلکلۆری کوردی زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام بێجگە لە چەند ڕۆژهەڵاتناسێکی ماندوویینەناس و ئەوینداری فەرهەنگی کوردی و چەند کەسێکی دڵسۆز کارێکی ئەوتۆ لەم بارەیەوە نەکراوە.

سادق هیدایەت نووسەر و لێکۆڵەری ئێرانی (١٣٧٩: ٢٤٠) دەڵێ: ئەو کارانەی سەبارەت بە فۆلکلۆری ئێران کراوە لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ "بولغاریا"، "قەفقاز" یان "هیندوستان" زۆر کەم و نادیارە. بۆ وێنە لە سەرانسەری "ڕۆمانیا"دا کوێرە دێیەک نادۆزیتەوە کە تەواوی گۆرانییەکانی کۆنەکرابێتەوە و نۆتی مۆسیقای لە سەر دانەنرابێ؛ یان لە "ئیرلەند" قورسایی ئەو لاپەڕانەی شتی وایان لە سەر نووسیون و کۆیان کردوونەتەوە گەییوەتە شەست خەروار".

بێشك ئەو کێشەیە لە کوردیدا زۆر بەرچاوترە. دیارە فولکلۆری کوردی زۆر دەوڵەمەندە و ئەگەر چارەیەک بۆ کۆکردنەوەی بوارە جۆراوجۆرەکانی فولکلۆر نەکرێت، لەوانەیە زۆریان لە بیر بچنەوە و تووشی فەوتان بێن. جگە لەمەش، تەنیا بە کۆکردنەوە و چاپکردنی جۆرەکانی فولکلۆرە کە هەل بۆ توێژینەوەی زانستی لەم بوارەدا دەڕەخسێ، واتە کۆکردنەوەی فولکلۆر، بە تایبەت بەشی زارەکی یەکەم هەنگاوە بۆ هەر جۆرە توێژینەوەیەک سەبارەت بەوانە.

مەتەڵۆکێ لە کوردیدا چەند نێوی هەیە. لە کرمانجیدا پێی دەڵێن تشتانۆک (فرووزش، ١٣٩٩)، لە کوردیی ئیلامیدا بە "چەوچە" ناسراوە و لە کوردیی سۆرانیدا بە مەتەڵ (سەجادی، ١٩٧٨: ١٦٣)، مەتەڵ، مەتەڵۆک و مەتەڵۆکە (شەرەفکەندی، ١٣٨٥: ٨٢٢)، هەتەڵە (ئەیووبیان مەرکەزی،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

١٣٦١:٣) نێو براوە. لە کتێبی فەرهەنگی فارسی-کوردیدا پازدە وشە بۆ مەتەڵ دانراوە، بەڵام دیاری نەکراوە کە هەر کام لەم وشانە سەر بە چ ناوچەیەکن. ئەم وشانە ئەمانەن: مەتەڵۆک، مەتەڵ، قەوسەڵ، چمامک، لەغەز، لۆتەر، فروسەلە، فیشاردە، تشتانۆک، لیچار، شتیکانێ، مامک، قاف، پەردەک (مردوخ روحانی، ١٣٨٨، ٢٦٦-٢٦٧).

ئەم وشەیە لە فارسیدا بە "چیستان"، لە عەرەبیدا بە "لوغەز" و لە ئینگلیزیدا بە "enigma" ناسراوە.

**تایبەتمەندییەکانی مەتەڵۆک:**

١. هەر مەتەڵێک لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشێکی ئاشکرا و بەشێکی شاراوە. بەشە ئاشکراکە باسی تایبەتمەندییەکانی بەشە شاراوەکا دەکا. بیسەر دەبێ بە بیستنی ئەو تایبەتمەندییانە، وەڵامی مەتەڵەکە هەڵبێنێت.

٢. بەشی یەکەم لە یەک یا چەند ڕستە دروست بووە.

٣. ڕستەکان یا وەک هەواڵێک دێن یا وەک پرسیارێک: **داری لە داری، پەتک هەوساری، ئاسن لە زاری**؛ ئەم مەتەڵە لە سێ ڕستە پێک هاتووە و هەرکام هەواڵێکن سەرجەم، بۆ تایبەتمەندییەک. جاری وایە ڕستەکە وەک پرسیارێک باسی تایبەتمەندییەکە دەکا: **ئەوە چییە تا نەدەی بە سەریا ئیش ناکا**، کە وەڵامەکەی بزمارە.

٤. مەتەڵۆکەکان بە دوو شێوازی پەخشان (بێکێش) و کێشدار بوونیان هەیە.

٥. مەتەڵۆکە کێشدارەکان، کێشی بڕگەییان هەیە، ئەمەش جۆری هەرە کۆنتری مەتەڵۆک دێنە ئەژمار. صفا (١٣٦٣: ٣١) کاتێک باسی پەندی پێشینیان دەکا، بە پاشماوەی شیعری بڕگەیی پێش ئیسلامی دادەنێ؛ جا چونکە ئەو تایبەتمەندییانەی کە بۆ پەندی پێشینیانی داناوە لە مەتەڵۆکیشدا هەیە، دەکرێ بڵێین مەتەڵۆکیش هەر پاشماوەی شیعری بڕگەیی پێش ئیسلامە.

٦. مەتەڵۆکە کێشدارەکان، هەر کام بە چەند بەشی کورت دابەش دەبن کە لە باری بڕگەوە بەقەد یەکن. سەروایان هەیە، لە پاش هەر بەشێکیشەوە (دوای سەروا) پشوویەکی زۆر کورت هەیە کە بەم نیشانەیە دیاری دەکرێت (،)؛ وەک: **ئەسڵی لە شاخانە، ڕزقی لە ماڵانە، ئاوی لە چۆمانە** کە وەڵامەکەی شۆرباوی گیایە. ئەم مەتەڵە لە سێ بەش پێکهاتووە، هەر بەشێک شەش بڕگەیە، شاخان و ماڵان و چۆمان سەروان، لە پاش هەر سەروایەکیش پشوویەکی زۆر کورت هەیە.

٧. تایبەتمەندییەکانی مەتەڵۆک جاری وایە ڕاستەقینەن و جاری وایە خوازەیی یان تێکەڵێک لە هەردووکیانن؛ نموونەی تایبەتمەندیی ڕاستەقینە: ئەوە چییە دەکەوێتە نێو ئاو تەڕ نابێ، کە وەڵامەکەی سێبەرە. نموونەی تایبەتمەندیی خوازەیی: دار لە داری، پەتک هەوساری، ئاسن لە زاری؛ کە وەڵامەکەی تەشییە. وشەکانی هەوسار و زار نیشانە و بەڵگەیەکن کە لەم مەتەڵەدا وەک خوازەی ئەسب یان ماین بۆ تەشی دیاری کراون. نموونەی ڕاستەقینە و خوازەیی: سندووقی سولەیمان، تێیدایە پیر و جوان؛ کە وەڵامەکەی قەبرە. تایبەتمەندیی ڕستەی یەکەم خوازەیە، بەڵام ڕستەی دووهەم باسێکی ڕاستەقینەیە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

٨. جاری وایە تایبەتمەندییەکان لە چەند شتی دژیەک پێکهاتوون کە خۆی لە خۆیدا دە بێتە کۆکردنەوەی دوو دژیەک(Paradox) : پشتی بەردە و بەرد نیە، کەما خۆرە و کەر نیە. ئەم مەتەڵە لە دوو بەش پێکهاتووە کە هەر بەشێک دوو شتی دژیەکی تێدایە کە یەکتری ڕەد دەکەنەوە بەڵام ئەو دوو شتە دژبەیەکە لەگەڵ یەکدا کۆ کراونەتەوە کە جوانکارییەکیان پێکهێناوە بە نێوی "کۆ کردنەوەی دوو دژیەک" (بۆ زانینی زیاتر بڕوانە کتێبی جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا هی نووسەری ئەم وتارە).

لەم تایبەتمەندییانەدا بەردە و بەرد نییە کۆکردنەوەی دوو دژیەکە، لە ڕستەی دووهەمیشدا، کەر، کەما کە گیایەکی بۆنخۆشە دەخوا، بەڵام لێرەدا کەماخۆرێک باس دەکا کە کەر نییە، هەڵبەت ڕستەی دووهەم پارادۆکس نییە، چونکە زۆر ئاژەڵی دیکەش هەن کە کەما دەخۆن و کەریش نین.

٩. مەتەڵۆک لە باری وشەوە زۆر ساکارە و وشەی وای تێدا نییە کە نەزانرێ و بیسەر پێویستی بەوە بێت بۆ زانینی واتاکەی چاو لە کتێبی وشە بکات، چونکە مەتەڵۆک هی سەردەمی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بووە و زۆربەی خەڵکی ئەو سەردەمانەش نەخوێندەوار بوون.

١٠. تایبەتمەندییەکان هەموویان لە جۆری هەستپێکراون؛ واتە بە یەکێک لە پێنج هەستەکە دەناسرێن.

ئەمانەی باسمان کرد، هەمووی سەبارەت بە بەشی یەکەم واتە بەشی ئاشکرای مەتەڵۆک یان بەشی تایبەتمەندییەکان بوو؛ بەڵام بەشی شاراوە واتە ئەو شتەی کە ئەم تایبەتمەندییانە هی ئەون و بیسەر دەبێ لە ڕووی ئەمانەوە وەڵامەکە بزانێ، بەشی دووهەمی مەتەڵۆکەیە. ئەم بەشە زیاتر شتە هەستپێکراوەکانن، زۆربەشیان سەبارەت بەو شتانەی سروشت و دەوروبەری مرۆڤن وەکوو دار، بەرد، گوڵ، ئاژەڵ، میوە و شتی وا، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا چەند شتێکی نوێیش وەک سەیارە، چاویلکە و شتی دیکەی وەک ئەمانەش بوونەتە مەتەڵۆک.

مەتەڵۆک لە باری ڕەوانبێژییەوە، درکەیە (بڕواننە گەردی، ١٩٧١ و پارسا ١٣٩٧). مەتەڵۆک زیاتر لە شەوانی پاییز و زستاندا وەک کایە و سەرقاڵی و تاقیکردنەوەی زیرەکی دەهاتە ئاراوە، هۆیەکەشی ئەوە بوو کە لەو کاتەدا ئیش و کاری خەڵکی بە تایبەت خەلەوخەرمان و کشتوکاڵ لە لادێدا کۆتایی پێهاتبوو یان زۆر کەم بووبووەوە و شەوگاریش دوورودرێژ بوو و ئەمەش سەرقاڵییەکی باش بوو بۆ کات ڕابواردن.

**پێشنەی توێژینەوە سەبارەت بە مەتەڵۆکی:**

عەلائەدین سەجادی لە کتێبی *"دەقەکانی ئەدەبی کوردی"دا* (١٩٧٨)، پێنج لاپەڕەی بۆ باسی مەتەڵۆکی تەرخان کردووە و لەگەڵ پێناسەی مەتەڵۆکێ ١٤ نموونەشی هێناوەتەوە. ئەیووبیانی مەرکەزی (١٣٦١) لە کتێبی *'وەرە لێی فێر بە هەتەڵەی کوردی چییە؟'* ٣٧٧ مەتەڵۆکی کوردیی سۆرانیی کۆ کردووەتەوە. ئەفخەمی کتێبێکی بە نێوی *"ئەوە چییە؟"* لە ١٣٤٧ی کۆچی هەتاویدا بڵاو کردووەتەوە. ئەحمەدی دهگلانی (١٣٦٨) ١٠٠١ مەتەڵۆکێ و موعەممای لە کتێبێک هەر بەو ناوە چاپ کردووە. هۆشیار نووری لەک (٢٠٠٩) و سەدرەدین نوورەدین (٢٠٠٥) هەر کام لەم بارەوە


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کتێبیان لە چاپ داوە. ئەحمەدی (١٣٨٩) کتێبێکی بە ناونیشانی *"فرهنگ چیستان و معمای کردی"* واتە فەرهەنگی مەتەڵۆک و موعەممای کوردی بڵاو کردووەتەوە کە بەشێکیشی سەبارەت بە زمان خەڵەتێنەیە لە زمانی کوردیدا. فرووزش (١٣٩٩) کتێبێکی لەسەر ناونیشانی "تشتانۆک" سەبارەت بە مەتەڵۆکی کوردەکانی خۆراسانی ئێران بە زاراوەی کرمانجی بڵاو کردووەتەوە.

**مەتەڵۆک لە کوردیدا:**

مەتەڵۆک لە سۆرانیدا بە «مەتەڵۆک» یا «مەتەڵۆکێ»، لە کرمانجیدا بە «تەشتانۆک»، لە ئیلام بە "چەوچە" (شوهانی، ١٣٩٣: ١٥٦)، لە فارسیدا بە «چیستان»، لە عەرەبیدا بە لوغەز (لغز) یان موعەمما (معما) ناو دەبردرێت. مەتەڵۆک چەند جۆری هەیە و بە چەند شێواز بە کار دەهێندرێ کە بریتین لە:

یەکەم: کۆنترین بەشی مەتەڵۆکە، دوو یا چەند ڕستەیە کە کێش و سەروایان هەیە و تایبەتمەندییەکانی شتێک باس دەکەن و وەک پرسیار لە کەسێک یا چەند کەسی دیکەی دەپرسن. وەکوو: *حەوزە قوڵە، دەوری توڵە.* ئەم مەتەڵۆکە لە دوو بەشی چوار بڕگەیی پێکهاتووە و دوو وشەی «قوڵە» و «توڵە»ش سەروای ئەون و وڵامەکەشی چاوە. یان *بانێکە و هەیوانێکە، چوار بزن و شوانێکە.* لە دوو بەشی حەوت بڕگەیی پێکهاتووە و وشەکانی «هەیوان» و «شوان» سەروان و وڵامەکەشی قامکی دەستە. یان *نە دەر دێری نە بان، پڕە لە خوردە سقان.* ئەم مەتەڵۆکە لە ناوچەی ئیلام دەوترێت، واتا نە درگای هەیە و نە سەربان، پڕە لە وردە ئێسقان، کە لە دوو بەشی شەش بڕگەیی پێکهاتووە و «بان» و «سقان»یش سەروان. یان *هەلاران و مەلاران، هێلکە دەکەن لە داران، بۆ فەقیر و هەژاران،* کە لە سێ بەشی حەوت بڕگەیی پێکهاتووە، «مەلاران» و «داران» و «هەژاران» سەروان و وڵامەکەشی خەڕەکە.

دووهەم: بە قەد بەشی یەکەم کۆن نییە. بە شێوازی پەخشان و پرسیارە، لێرەشدا باسی تایبەتمەندییەکانی شتێک دەکرێت، بەڵام بەبێ کەڵکوەرگرتن لە کێش و سەروا. بە پرسیاری «ئەوە چییە» دەستپێدەکات. وەکوو: *ئەوە چییە سەری دەبڕی و بۆشی دەگری؟* کە وڵامەکەی «پیواز»ە. یان *ئەوە چییە هەر دەڕوێ و لە پاشت بەجێ دەمێنێت؟* کە وڵامەکەی «جێپێ»یە. یان *ئەوە چییە دەکەوێتە ناو ئاو تەڕ نابێت* کە وڵامەکەی «سێبەر»ە.
مەتەڵۆک تاقیکردنەوەیەکی هۆش و زیرەکییە. مەتەڵۆک لەجیاتی ناوبردنی شتێک باسی چۆنیەتی شتەکە دەکا؛ یانی کەسێک باسی چۆنیەتی یا نیشانەکانی شتێک دەکا و کەس یا کەسانی دیکە دەبێ هەڵیبێنن کە ئەو شتە چییە. زانینی زوو یا درەنگ هەڵدانی ناوی ئەو شتە دەگەڕێتەوە بۆ زیرەکیی ئەو کەسانە.

**وێنە-مەتەڵۆک:**

چەند جۆری دیکەش لە تاقیکردنەوەی زیرەکی هەن کە ئەو تایبەتمەندییانەی بۆ ناسینی مەتەڵۆک پێویستە تێیاندا نییە واتە نە کێش و سەروایان هەیە و نە هیچکام لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ فەکۆلینێن کوردی

تایبەتمەندییەکانی ئەو شتە شاراوەیان تێدایە کە بەوانەوە ئەو شتە بناسرێن. هەر بۆیەش ناوی وێنە-مەتەڵۆکم بۆ داناون. وێنە-مەتەڵۆک دوو جۆرن:

یەکەم: بەشێکیان ماناکەی لە خۆیدایە هەر بۆیەش بە برێک سەرنجدان و زیرەکی دەتوانرێ بزاندرێت کە دەڵێ چی. یەکێک لەو هۆیانەش کە ڕەنگە درەنگ هەڵیبێنن ئەوە بێت کە لەگەڵ مەتەڵۆک دەیپرسن. ئەم جۆرە شێوە مەتەڵۆکە ڕستەیەکە کە هەواڵێکمان پێڕادەگەیەنێت؛ بەڵام شێوازی چنینی وشەکان لە ڕستەکاندا و شێوازی گوتنەکەی سەر لە بیسەر دەشێوێنێت. وەکوو: کاچوومادانی. ئەم ڕستەیە سەبارەت بە شەنکردن لە خەرمانە واتە کایەکە ڕۆیی و دانەکەی ماوە. یان خوشکەکەتان ژنی کامتانە؟ بیسەر لە سەرەتادا بە جۆرێکی دیکەی لێ تێدەگا؛ بەڵام کاتێ باشتر لێی ورد دەبێتەوە، دەزانێ وێژەر دەڵێ خوشکە کەتان واتە ئەو خوشکە یان ئەو خاتوونە کە ناوی کەتانە ژنی کام یەک لەو دوانەتانە.

دووهەم: بە شێوازی دۆزینەوەی چارەسەری بۆ کێشەیەک. لەم جۆرەدا کێشە یان دژوارییەک باس دەکرێت و لە بیسەران داوا دەکرێت چارەسەری بۆ ببیننەوە. بۆ وینە دەڵێن: کابرایەک گورگێک و مەڕێک و باقە وێنجەیەکی پێیە و دەگاتە سەر چۆمێک و دەیهەوێ بیانپەڕێنێتەوە، بەڵام گەمییەکەی بچووکە و دەبێ هەر جارەی یەکێکیان بپەڕێنێتەوە. دیارە دەبێ کارێکی وا بکات کە نە گورگەکە بتوانێ مەڕەکە بخوات و نە مەڕەکەش باقە گیاکە. ئەمە بە بڕوای من بەشی هەرە بەکەڵکی ئەم شێوە مەتەڵۆکەیە؛ چونکە لە مەتەڵۆکەکاندا جاری وایە تایبەتمەندییەکانی ئەو شتە بەجوانی باس ناکرێ هەتا بیسەران بەئاسانی بزانن مەبەست چییە؟ بەڵام لێرەدا ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر باسی کێشەکە و بیسەریش دەزانێ ئەمە ئەزموونی زیرەکییە؛ چونکە ئەرخایەنە کە وەڵامی دروستی هەیە و دەبێ بە بیرکردنەوە چارەسەری بۆ ببینێتەوە. لەڕاستیدا ئەم جۆرە وێنە-مەتەڵۆکە زۆر زیاتر دەتوانێ زاخاوی مێشک بدات؛ هەر بۆیەش زیاتر لە ناو منداڵان، لاوان و گەورەکاندا دەبینرێ. یان کابرایەک سەد تمەنی پێیە، دەیهەوێ سەد سەر حەیوانی پێبکڕێ، گا بە سێ تمەن، بزن بە پێنج قڕان و مەڕیش بە تمەنێ، دەبێ لە هەموانیش بکڕێ، بێ ئەوەی کە پارەکەی تەواو بێ یان ئاژەڵەکە نەگاتە سەد سەر.

### مێژوو و پێکهاتەی مەتەڵۆک:

مەتەڵۆک دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەکی زۆر دوور، تەنانەت پێش ئیسلام. بۆ وێنە لە شانامەی فیردەوسیدا کە سەرچاوەکانی دەگەڕێنەوە بۆ پێش ئیسلام، کاتێ "زاڵ" دەچێتە خوازبێنی "ڕوودابە"؛ مووبەدەکان واتە پیاوە ئایینییەکانی زەردەشتی دەڵێن ئەم کوڕە لە کێو و شاخ گەورە بووە، دەبێ بزانین عەقڵ و فامی لە چ ڕادەیەکدایە. هەر بۆیەش چەندین پرسیاری وەک مەتەڵۆکی لێ دەکەن و زاڵیش زۆر سەرکەوتووانە وەڵامیان ئەداتەوە. مەتەڵۆک لە چیرۆکەکانی کوردی و فارسی و تەنانەت زمانەکانی دیکەشدا کەمتاکورتێک هەیە. پێشینیان ویستوویانە بایەخ و نرخی زانین لەو چیرۆکانەدا بناسێنن. بۆ وێنە لە چیرۆکی "ئودیپ"دا، هەژدیهایەک دەوراندەوری شار دەگرێت و پرسیارێک دەپرسێت و تەنیا ڕێگای ڕزگاریی شارەکەش لە دەس ئەو، وەڵامدانەوە بەو پرسیارەیە کە دەڵێ: ئەوە چییە کە بە چوار پێ دەڕوا، دوایی دەبێتە دوو پێ، دواییش دەبێتە سێ پێ؟ کە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

وەڵامەکەی مرۆڤە و مەبەستیش لەو پرسیارە چەن قۆناغی ژیانی مرۆڤە.

مەتەڵۆک پاشماوەی شیعری پێش ئیسلامە؛ واتە هەرچی مەتەڵۆک کۆنتر بێت، کێش و سەروای هەیە، کێشەکەشی بڕگەیی‌یە؛ وەک:

*کـــــڵاوی هـــــــەمزە پاڵـــــەوان بـــێ تەقـــەڵ و بـــێ درووومــــان*

کە هەر بەشێکی ٨ بڕگەیەو وەڵامەکەشی هێلکەیە.

یان:

*ئـــــەملام تـــــات و ئـــــەولام تـــات بابـــــــەڕۆ جـــــیقم دەرهـــــات*

کە هەر بەشێکی ٧ بڕگەیە و وەڵامەکەشی کێچە.

یان:

*«ڕیـــش ئەســــپێ ئەغـــەڵ مەغـــەڵ دەس لــــە جێـــی و پـــا وە بەغـــەڵ»*

(شوهانی، ١٣٩٣: ١٤٤)

"ئەم مەتەڵۆکە بە زاراوەی ئیلامییە و واتە: ڕیش سپی و سەیروسەمەرەیە، دەستی لە گیرفانیدا و پێی لە باغەڵیدایە". هەر بەشێکی ٧ بڕگەیە و وەڵامەکەیشی بزنەکێوییە.

یان:

*چەقی چەقاون چەفتە چۆ ئەرجن*

*برازای شەیتان خوارزای دێو و جن*

(هەر ئەو سەرچاوە)

ئەمەش مەتەڵۆێکی ئیلامییە، واتە: "دەنگی چاقوچۆق دەدا، وەک داری ئەرژەن لارە، برازای شەیتان و خوارزای دێو و جندۆکەیە" وەڵامەکەشی: بزنەکێوییە.

**سەرنج:** مەتەڵۆک تا ئەو جێگای من بیزانم زۆرتر بۆ ئەو شتە هەستپێکراوانەیە (محسوسات) و، مەعنەوییەکان زۆر کەم دەگرێتەوە.

### فولکلۆر و بارهێنان:

فولکلۆر لە ڕابردوودا ڕۆڵێکی گرینگی لە پەروەردە و بارهێناندا بووە؛ بۆ وێنە منداڵ تا کاتێ ساوا بوو بە لایەلایەی دایکی خەوی لێ‌کەوتووە، کاتێک بۆتە چوار پێنج ساڵانە چیرۆکی منداڵانەی وەک "مریشکە قوڵە"، "تیتل و بیبل"، "مام ڕێوی" و زۆر چیرۆکی دیکە سەرقاڵی کردووە. پێویستە بزانین ئەم چیرۆکانە زۆر پسپۆڕانە دروست کراون و هەموو لایەنێکی پەروەردەیان تێدا ڕەچاو کراوە. بۆ وێنە بڕواننە چیرۆکی منداڵانەی "تیتل و بیبل"؛ ئەم چیروکە ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەیان تێدایە:

١. چیرۆکی کورتە و منداڵانی کەمتەمەن لە بیستنیان ماندوو نابن، واتە زوو تەواو دەبێ.

٢. ناوی بەشێک لە کەسایەتییەکانی ئەم چیرۆکە، کورت و کێشدار هەڵبژێردراون (تیتل و بیبل).

٣. هەموو کەسایەتییەکان ئاژەڵ و دوویان کاژیلەن (واتە منداڵی ئاژەڵن).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٤. تەمەنی منداڵ بۆ ئەو چیرۆکە بە جوانی ڕچاو کراوە و لەم بوارەدا زۆر پسپۆڕانە جووڵاونەتەوە. بۆ وێنە: کاتێ گورگ لە دەرگا دەدا و دەڵێ من دایکتانم، دەڵێن دایکی ئێمە دەستی سپییە. وەک دەزانین منداڵ لە تەمەنی سێ تا پێنجشش ساڵیدا تێگەیشتنی لە جۆری حیسسییە. بۆ وێنە کاتێ لەگەڵ دایکی دەچێتە شەقام و بازاڕ، زۆر جار پێی خۆشە دەستی دایکی بەردا و بۆ خۆی بڕوا. هەر بۆیەش جاری وایە پێش دێ، دایکی لەگەڵ کەسێکی دیکە لێ بشێوێ؛ چونکە جلوبەرگی دایکی کردۆتە نیشانەکەی (واتە تێگەیشتنی حیسسی). هەر بۆیەش کاتێ بیهەوێ پێی بڵێ شتێکم بۆ بکڕە، دەچێ دەستی یا گۆشەی جلوبەرگەکەی دەگرێ و ڕای‌دەوەشێنێ. کاتێ ئەو ئافرەتە ئاوڕی لێ‌دەداتەوە و دەزانێ ئەوە دایکی نییە، دەست دەکا بە گریان؛ هەر بۆیەش بەدی‌هێنەرانی ئەم چیرۆکە بە جوانی ویستەکان و خوو و خدەی منداڵانیان لەو تەمەنەدا باش ناسیوە و ئەو شتانەی لەم بوارەدا پێویستە ڕچاو کراوە.
٥. باری پەند بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و زۆر گونجاو لەو چیرۆکەدا هاتووە؛ وەک: کاتێ دایک لە ماڵ نییە دەرگا لە نەناس مەکەنەوە، هەر کەسێک تەنانەت شێوەی لە دایکیش بچێ، دایک نییە و لەوانەیە ئازاریان پێ‌بگەیەنێ.
٦. ئەم چیرۆکە کێش و سەروای هەیە، هەر ئەوەش سەرنجی منداڵ بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و دەبێتە هۆی گوێ‌دانی بۆ چیرۆکەکە.

پێویستە بزانین ئەم چیرۆکە هی سەردەمی ئاژەڵ‌داری یان وەرزێری بووبێت.

"**زمانخەڵەتێنە**": کاتێ منداڵ گەورەتر دەبێ، یەکێ لە خۆشترین کایەکانی، کایەیەکی زمانییە بە ناوی "زمانخەڵەتێنە" کە لە زاراوەی ئیلامیدا پێی دەگوترێ "دەمخەڵەتنەک" (سۆرابنژاد،١٣٩٥: ٢٩). ئەم کایە وێڕای ئەوەی کە منداڵان سەرقاڵ دەکا، دەبێتە هۆی شادبوون و پێکەنینیان، هەر ئەمەش هۆیەکە بۆ ئەوەی ئەو منداڵەی نۆبەی دێ، تێبکۆشێ بە جوانی بتوانێ ئەو ڕستەیە چەن پات بکاتەوە، ئەمەش وێڕای ئەوەی دەبێتە هۆی پەیدابوونی متمانە بە خۆی، زمانیشی ڕەوان و بێ‌گرێ بکا؛ چونکە کاتێ بتوانێ ڕستەی ئاوا دژوار چەند جار بە دووی یەکدا بڵێتەوە، ڕستەکان و وشەکانی دیکە زۆر بەئاسانی دەتوانێ بڵێ. چەن میناک لە زمانخەڵەتێنە:

**باخەکەی باشماخ، باش باخێکە**
**ڕێوی لەڕ لە لاڕێ لائەدا**
**خوری ئەم بەڕە تەڕە لە خوری کام مەڕەلەڕ بڕاوەتەوە؟**

"**مەتەڵۆکێ**": مەتەڵۆکێش یەکێکی دیکە لەو بەشە لە فولکلۆرە کە هانی منداڵان، مێرمنداڵان و تەنانەت لاوان و گەورەپیاوانیش دەدا بۆ بیرکردنەوە و زانینی وەڵامی مەتەڵۆکەکان، کەواتە مێشکیان زاخاو دەدا و فێری بیرکردنەوەیان دەکا، جگە لەوە زانینی وەڵامەکەی دەبێتە هۆی متمانە بە خۆی و شادبوون لە زانینی مانای مەتەڵەکە. ئەمەش چەن میناک لە مەتەڵۆکێ:

ملە بێ سەر، پشتە بێ زگ، دەستە بێ پێ؟[1]
دە و دە ناکاتە بیست؛ لەگەڵ پەنجا دەکاتە یازدە![2]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**"كايه"**: كايەكان دوو جۆرن: ئەوانەی تێکەڵێکن لە کایەی زمانی و جەستەیی؛ وەک: دایە مەمدە بە گورگە، هەکەڵمەکەڵ و شتی دیکەی وەک ئەوانە.

بەشێکیش تەنیا جەستەیین وەک: "خەستەکێن" (شەشخان) کە کایەیەکی کچانەیە، تۆپەقاڕێن، هەلووکێن و شتی دیکەی وەک ئەوان کە کوڕانەن. ئەمانەش دەبنە هۆی کارابوونی جەستەی منداڵان و مێرمنداڵان و لاوان؛ چونکە پێویستیان بە جموجووڵی زۆر و بەشێکیشیان بە هەڵاتن هەیە. هەڵبەت پێویستە ئەوەش بزانین کایەکان بەپێی کوڕ و کچ، منداڵ، مێرمنداڵ یان لاوان جیاوازییان هەیە. کایەی منداڵان و کچان لەچاو کوڕان سووکترە و بەپێی جەستەی ئەوانە. هەروەها کچان لە تەمەنی منداڵیدا بووکیان هەیە، لایلایەی بۆ دەڵێن، دەیخەوێنن، کایەی لەگەڵ دەکەن، ناوی لێ دەنێن و ئەمانەش ئەوان بۆ ژیانی داهاتوو بۆ چالاکی ڕاهێنان لە داهاتوودا ڕادێنێ. هەروەها منداڵ بەگشتی لە تەمەنی بچووکدا تێدەکۆشن ماڵ دروست بکەن، میوانداری یەکتر بکەن، بەم کارەش ڕاهێنانێک بۆ ژیانی داهاتوویان دەکەن.

کایەی گەورەکانیش جۆراوجۆرن: هێندێکیان وەک جۆرابێن (گۆرەویبازی)، دامە، سێ‌ڕیزێن و شتی دیکەی وا، تاقیکردنەوەی زیرەکییە. واتە تەنیا بۆ سەرقاڵی و بەسەربردنی کات نییە. بەشێک لەوانەش وەک دامە فەلسەفەیەکی تایبەتی تێدایە و زۆر زیرەکانە و بە نهێنی ڕێوشوێنی سازبوونی ئاغا و لەناوبردنی پیشان دەدا. بۆ وێنە لە سەرەتادا هەر دوو ڕیزەکە وەک یەکن، بەڵام یەکیان بە لەناوبردنی ئەوانەی ڕووبەڕووی خۆی کە لە دامەدا بە خواردن ناو دەبرێ دەبێتە ئاغا، واتە ئاغا هەر یەکێکە لەوانی دیکە، بەڵام هەر کە بوو بە ئاغا دەسەڵاتی زیاتر دەبێت. داشەهارەش پیشاندەری بەشێکی دیکەیە لەو ململانێیە. چیرۆک و ئەفسانەی گەورەکانیش بە شێوەی ناڕاستەوخۆ زۆر شتی ژیان بە مرۆڤ پیشان دەدەن و ئەزموونی پێشینیان لەو چیرۆکانەدا دەخەنە ڕوو.

ئێمە تەنیا بە بەشە ئەرێنییەکانی فولکلۆر ئاماژەمان کرد، بەڵام بەشی نەرێنیشی هەیە لە پەروەردەدا. ئەویش باسی جندۆکە، ئاڵ و شەوە، دێوەزمە (مێردەزمە)، خێوی سەر کانی و شتی وایە کە دەتوانێ منداڵان بترسێنێ و کاریگەری خراپی بەتایبەت لە باری دەروونییەوە لە سەر ئەوان هەبێ و ببێتە هۆی ترسی ئەوان لە شەو، تەنیایی و شتی دیکەی وا، کە وا باشە ئەمانە وەک باوەڕی خەڵکی لە کۆندا کۆ بکرێنەوە، بەڵام بۆ منداڵ باس نەکرێن. بۆ ترساندنی منداڵ یان ژێرکردنەوەیان لە گریان بە شتی دروستکراوی خۆیان دەترساند وەک: "شەو لەبان".

**دەرەنجام:**

مەتەڵۆکێ یەکێک لەو بەشە فۆلکلۆریانە یە کە زاخاوی مێشکی منداڵان دە دا و بە ڕۆژی (up date) دەکاتەوە. لە ڕاستیدا جۆرێک کایە ی بیرکردنەوەیە بۆ بە هێزکردنی مێشکی منداڵانی گچکە، مێر منداڵانو تەنانەت لاوانو گەورەپیاوانیش، فێریان دە کا لە ژیانی داهاتوویاندا لە دژواریەکانی ژیان بیربکەنەوە، بتوانن گرێ پووچکەکانی ژیانیان بکەنەوە و بیرۆمە ندانە ڕێگا چارەیان بۆببیننەوە. هەروەها لە باری ڕەوانبێژیشدا مەتەڵۆکێ خۆی لە خانە ی درکە دا ببینیتە وە؛ چونکە تایبە تمە ندیە کانی شتێک باس دە کە ن و کە سانی دیکە دە بێ لە ڕوی ئە و تایبە تمە ندیانە وە وەڵامی دروستی ئە و شتە بدۆزنە وە. هە روەها کە م تە رخە می سە بارە ت بە م بە شە

لە فۆلکلۆر دە توانێ زیانی گە ورە ی لە نێوچوونی بە شوێنە وە بێت.

**سەرچاوەکان:**


١. احمدی، ابراهیم (١٣٨٩). *فەرهەنگی مەتەل و لیچار کوردی* (فرهنگ چبستان و معمای کردی) سنندج: کالج.

٢. احمدی دهگلان، محمود (١٣٦٨). ١٠٠١ *چیستان و معما*، سنندج: انتشارات احمدی.

افخمی، ابراهیم (٤١٣٤٧). *ئەوە چییە (آن چیست)*، بوکان.

٣. ایوبیان مرکزی، سید عبیدالله (١٣٦١). *وەرە لیی فیر بە هەتەلەی کوردی چییە؟* (بیا بیاموز چیستان کردی چیست؟). مهاباد: موفقی.

٤. بلوکباشی، علی (١٣٨٨). *در فرهنگ خود زیستن و به فرهنگهای دیگر نگریستن*. تهران: گل آذین، چاپ دوم.

٥. بیهقی، حسین علی(١٣٦٥). پژوهش و بررسی فرهنگ عامه ایران، مشهد: انتشارت آستان قدس رضوی.

٦. پارسا، سیداحمد(١٣٩٤). بررسی تطبیقی امثال کردی و فارسی. انتشارات دانشگاه کردستان. چاپ دوم.

٧. پارسا، سید احمد (١٣٩٧): « *واکاوی فولکلور ایران، با تکیه بر ادب شفاهی کردی*». فرهنگ کردستان، دوره جدید، شماره٢٨، صفحات١١-٢٢.

٨. پایانیانی، صلاح (١٣٨٥). *فەرهەنگی زارەکی موکریان* (فرهنگ شفاهی مکریان). مهاباد: هیوا.

٩. جعفری قنواتی، محمد (١٣٩٤). *درآمدی بر فولکلور ایران*. تهران: جامی.

١٠. ذوالفقاری، حسن (١٣٩٤). *زبان و ادبیات عامه*. تهران: سمت.

١١. رادفر، ابوالقاسم(١٣٨٠): « جلوه های فرهنگ عامه در ادبیات فارسی». نامه فرهنگ(فصلنامه تحقیقات در مسائل فرهنگی و اجتماعی). سال یازدهم، دوره سوم، شماره مسلسل٣٩.

١٢. سهراب نژاد، علی حسن(١٣٩٥): «پژوهشی در بازی های زبانی ادبیات عامه کردی ایلام». دو فصلنامه فرهنگ و ادبیات عامه، سال ٤، شماره

١٣. الرازی، شمس قیس (١٣٧٣). *المعجم فی معاییر اشعار العجم*، به کوشش سیروس شمیسا. تهران: فردوس.

١٤. سجادی، علاءالدین (١٩٧٨). *دەقەکانی ئەدەبی کوردی*. بغداد: کوری زانیاری کورد.

١٥. شرفکندی، عبدالرحمن (١٣٨٥). *فرهنگ کردی فارسی هەنبانە بورینە*. تهران: سروش، چاپ پنجم.

١٦. شوهانی، علیرضا (١٣٩٣). "طبقەبندی موضوعی چیستانهای عامیانه کردی". *فرهنگ و ادبیات عامه*، دوره ٢، شماره ٤، صفحات ١٣٥ - ١٥٨.

١٧. صفا، ذبیحالله (١٣٦٣). *گنجینه سخن*. تهران: امیر کبیر، چاپ چهارم.

١٨. صدرالدین نورالدین، ابوبکر (٢٠٠٥ م). *بەر کوتیکی مەتەلی فولکلوری کوردی*، هەولیر: وەزارەتی روشنبیری.

١٩. فروزش، علی(١٣٩٩). *تشتانوک*. خراسان شمالی: نشر بیژن یورد.

٢٠. مردوخ روحانی، ماجد (١٣٨٨). *فرهنگ فارسی کردی دانشگاه کردستان*، سنندج: دانشگاه کردستان، چاپ اول.

٢١. مسته فا رەسول، عیززەدین(١٩٧٠).ئەدەبی فولکلوری کوردی. بە غدا، چاپخانەی دارالجاحظ.

٢٢. هدایت، صادق(١٣٧٩). فرهنگ عامه ایران. تهران: نشر چشمه، چاپ سوم.


**پەراویز**

---

[1]. کرس

[2]. کاژێر دە و دە چرکەیە




Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# پژوهشي در چيستانهاي كردي

**چکیده:**

چیستان  یکي از بخش های فولکلور است که در اصل نوعی بازی فکری جهت پرورش ذهن کودکان، نوجوانان، جوانان و حتي بزرگسالان است. به آنها می آموزد که در زندگی آینده خود بتوانند به مشکلاتشان بیندیشند و برای آن چاره اندیشی کنند.

روش پژوهش توصیفی- تحلیلی است ؛ داده ها به روش میدانی و کتابخانه ای گردآوری شده و با استفاده از تکنیک تحلیل محتوا تجزیه و تحلیل شده است. نتیجه نشان می‌دهد که چیستان ازنظر بلاغی، کنایه است. چون از روی ویژگی های یک چیز، پاسخ آن را در می یابند. چیستان در زبان کردی سه نوع است که در این پژوهش به تفصیل در باره آن بحث شده است.

**کلیدواژه:** *فولکلور، معما، بازی فکری، آموزش، کودکان.*

## Research on Kurdish enigma

**Abstract:**

The enigma is a folklore section, which is essentially a kind of intellectual game for the Nurture the minds of children, teens, young and adults. They teach them that in their future life they can think of their problems and think for that. The research method is descriptive-analytic; Data were collected by field and library method and analyzed using content analysis technique.

The result shows that the enigma is a rhetoric. Because of the characteristics of one thing, they will respond. The enigma in Kurdish language is three types in this research discussed in detail.

**Keywords:** *Folklore, enigma, intellectual game, education, children.*

# خوێندنەوەنەوەی ئانترۆپۆلۆژیانەی پێگەی ئاکار لە فۆلکلۆری کوردی و عەرەبیدا
# (نموونەی هەڵسەنگاندن: مەتەڵی کوردی و عەرەبی)

**پ. هـ. د. محەمەد یەعقووبی**

زمان و ئەدەبی عەرەبی- زانکۆی فەرهەنگیان- ورمێ/ ئێران

**د. مەسعوود بینەندە**

بەشی توێژینەوەی توێژینگەی کوردستانناسیی- زانکۆی کوردستان-سنە/ ئێران

**د. بەیان کەریمی**

زانکۆی کوردستان- سنە/ ئێران

**پوختە:**

فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی هەر نەتەوەیەک ئاوێنەیەکی باڵانوێنە کە بایەخ و بەها ئاکارییەکانی ئەو نەتەوە تێیدا ڕەنگ دەداتەوە. بێگومان کورد و عەرەب وەکوو دوو نەتەوەی هاوتەنیشت کە پێوەندییەکی مێژوویی دووروودرێژیان ئەزموون کردووە، کاریگەرییان لەسەر فەرهەنگی گشتیی یەکدی داناوە. مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە پێگەی ئاکار و بەها پێوەندیدارەکان لە نێو فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکیی دوو نەتەوەی گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست واتە کورد و عەرەب بەراورد بکات. خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئانترۆپۆلۆژیانەی مەتەڵی کوردی و عەرەبی، کە زۆرترین دەرکەوتە و ئاماژەی بایەخ و بەها ئاکارییەکانی تێدا بەدی دەکرێت، لایەنە هاوبەش و هەروەها جیاوازییەکانی پێگە و ئاڕاستەی ئاکار لە دوو فەرهەنگی کوردی و عەرەبیدا ڕوون دەکاتەوە. لەم توێژینەوەیەدا لایەنەکانی بایەخ و بەهاکانی ئاکار لە دوو ڕەهەندی پاشهاتی و ڕێسایی‌دا لەبەرچاو گیراوە کە ڕەهەندی پاشهاتی ئاکاری تایبەت بە ئەویدی، خود و سروشت دەگرێتەوە. هەروەها ڕەهەندی ڕێسایی شەش پێوەری کەماڵخوازی، دووری لە کرداری ناشایست، فەزیلەتی ئاکاری، بەخشش و شوناسی ئاکاری لەخۆ دەگرێت. پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە شێوازەکانی دەربڕینی بایەخە پاشهاتی و ڕێساییەکانی ئاکار لە مەتەڵی کوردی و عەرەبیدا چۆن دەنوێنرێنەوە و جیاوازی و هاوبەشیی ئەو دەربڕینانە چۆن لەسەر بیچمگرتن و پێکهێنانی جیهانبینیی گشتیی ئەو دوو فەرهەنگە کاریگەری دادەنێت. هەڵسەنگاندنی پێوەرە دیاریکراوەکانی ئاکار بەپێی تیۆری ئانترۆپۆلۆژی فەرهەنگی و میتۆدی وەسفی تۆکمەی گلیفۆرد گیرتز لە بەستێی مەتەڵی کوردی و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

عەرەبیدا بەو دەرئەنجامە دەگات کە هاوشێوازی لە ژیانی کۆمەڵایەتی بەتایبەت لە شێوەژیانی شوانکارەیی و خێڵەکیدا بووەتە هۆی پێکهاتنی ئاڕاستەیەکی هاوشێوە لە نێو ئەو بەها و بایەخە ئاکاریيانەی کە لە فۆلکلۆر و کەلەپووری ئەو دوو نەتەوەیەدا خۆی نواندووە. هەروەها جیاوازییەکان لە دەربڕین و پێناسەی بایەخەکانی ئاکاردا، جیاوازی زمان، جوگرافیا، فەرهەنگ، ئەزموونی مێژوویی و ژینجیهانی ئەو دوو نەتەوە ڕوون دەکەنەوە.

**پەیڤێن سەرەکی:** *خوێندنەوەی ئانترۆپۆلۆژیانە، مەتەڵی کوردی و عەرەبی، بایەخە پاشهاتی و ڕێساییەکانی ئاکار، وەسفی تۆکمەی گیرتز، توێژینەوەی بەراوردکارانە.*

---

**پێشەکی:**

هەر کۆمەڵگەیەک لە ڕەوتی ژیان و بەرەوپێشچوونیدا کۆمەڵێک داب و نەریت و بایەخی ئاکاری بەرهەم دێنێت تاکوو ڕێڕەوێک بۆ هەڵسوکەوتی ئەندامانی خۆی بەدی بێنێت و نەزم و هاوگرتوویەک لە پێوەندی کۆمەڵایەتی تاکەکاندا بۆ گەیشتن بە مەبەستە گشتی و تاکەکەسییەکان بهێنێتە ئاراوە. "بایەخ و بەها ئەخلاقییەکان یەکێ لە گرنگترین بەرهەمەکانی ژیانی کۆمەڵایەتین کە لە فەرهەنگ و ڕێسا گشتییەکاندا ڕووی خۆیان دەنوێنن. زمان پەیکەرێکی سەقامگرتووە لە ناسین کە دەکرێ لە ڕێگای پاتەبوونەوە و تاقیکارییەوە وەربگیردرێت و فێر بکردرێت، بەکارهێنانی زمان لە لایەنی پێکهاتەییەوە چالاک و ڕەوندەیە و لەسەر پێگە و فەرهەنگی کۆمەڵگەیەکی تایبەت دامەزراوە، زمان هەروەها لە باری ئایدۆلۆژییەوە بێلایەن نییە و بەشێوەیەکی توندوتۆڵ لەژێر کاریگەیی بایەخە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگە دایە (Halliday, 1978). هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەوەی کە بەها ئاکارییەکان دەگۆڕدرێن و گەشە دەکەن، زمانیش بە هەمان ڕێژە تووشی گۆڕانکاری دەبێت. کەوایە زمان و ئاکار لە باری کۆمەڵایەتییەوە پێکەوە بیچم دەگرن"(Robertson et al. 2012, p.100).

ڕەنگدانەوەی ئەم ئەرزشە ئەخلاقییانە لە بەشە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگادا وەکوو ئایین، یاسا، نەریت، فەرهەنگ، ئابووری، و بە تایبەت ئەدەب و زمان لە شێوەی جیاواز دەبیندرێت. "لە نێوان ڕەهەندە جیاوازەکانی پرسەکانی مرۆڤدا، ئاکار و بەها ئاکارییەکان، بەردەوام، پێگەیەکی تایبەت و شیاویان هەبووە، تا ئەو جێگایەی کە ڕەنگە بتوانین مەزنترین کەڵکەڵەی مرۆڤ لە درێژایی مێژووی هزردا، بە پرسە ئاکارییەکان ناودێر بکەین. چەشنی تێڕوانینی ئاکارمەندانە، ئەرکی مرۆڤ لە ئاست جیهاندا ڕوون دەکاتەوە و جۆری کردەوە و هەڵسووکەوتی مرۆڤەکان لە ئاست خۆ و ئەویدیدا وەکوو گرنگترین بنەماکانی ژیانی مرۆیی، پێوەندیی بە هەڵوێستی ئاکاری ئەوانەوە هەیە. ئاکار وەکوو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لۆژیک، مەعریفەناسی و میتافیزیا، یەکێ لە گرنگترین لقەکانی فەلسەفە پێکدەهێنێت"(Nagel, 2005.pp. 379-382). بایەخەکانی کۆمەڵگە کە لە ڕێساکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا ڕەنگدانەوەیان دەبێت، بە واتای بیروباوەڕە هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکانە سەبارەت بەو شتانەی کە چاک، دروست و گونجاون.(رابرتسون، ١٣٨٥: ٦٤) فولکلۆر و ئەدەبی زارەکی یەکێ لە گرنگترین بەشەکانی فەرهەنگ و نەریتی لەمێژینەی هەر کۆمەڵگایەکە کە وەکوو خەزێنەیەک، بایەخ و بەها گشتییەکان لەنێو خۆیدا ڕادەگرێ و لە دەربڕین و گوتەی ڕۆژانەی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیەدا دەرکەوتەی دەبێت. "لە ڕوانگەی دیونددا، ئەدەبی زارەکی بەشێکی بەرتەسکترە لە ئاست چەمکی فۆلکلۆر. فۆلکلۆر هەردوو بەشی زارەکی و نازارەکی دەگرێتەوە. ئەدەبی زارەکی، بەهەرحاڵ، بەشی زارەکیی فۆلکلۆر دەگرێتەوە و بە نموونە شتێ وەکوو گەمەکان ناگرێتەوە."( Ghosh, Mullick&2020)

لە ئەدەبی زارەکیدا مەتەڵ و پەندی کوردی بەشێکی هەرە گرنگ پێکدەهێنن کە زۆرترین ڕادەی نواندن و دەرکەوتنی بایەخە ئەخلاقییەکانی تێدا بەدی دەکرێت.

"مەتەڵ ڕستەیەکی کورتی ناسراوە لە ئەدەبی فۆلکدا کە بریتییە لە ئاوەز، ڕوانگە ئەخلاقییەکانی سەر بە نەریت، کە لە شێوازێکی میتافۆریکدا بیچمی گرتووە و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بەشێوەیەکی یادەوەرانە ڕادەست دەکرێت (Mieder 2004: 3). هەروەها دەربڕینگەلێکی ئاشنایە لە کەڵووەرگرتنی گشتیدا، کە ڕاستییە ناسراو و بەناوبانگەکان دەبێژن(Abrahams 1968; Bruke 1969). مەتەڵ فۆرمێکە "لە ڕابردووی فەرهەنگی کە چەمکی نەریتی لە زاریەوە دەگوترێت" (Arewa and Dundes 1964: 70".(R. Ahmed& H. Majeed:2016)

لە ڕابردوودا کۆمەڵگە بۆ پێکهێنانی هاوگرتوویی کۆمەڵایەتی و بەردەوامبوونی فەرهەنگ و ڕێسا سەرەکییەکانی خۆی لە نەریتی فۆلکلۆری و ئەدەبی زارەکی کەڵکی وەرگرتووە. هەر بۆیە مەتەڵ و پەند لە هەر فەرهەنگێکدا بە ڕادەیەکی زۆر ئاخێنراوە لە بایەخ و بەهای ئەخلاقی و ئەو نیشانە و هێمایانەی کە مرۆڤ بە ئەرزش و ڕێسا جێکەوتووەکانی کۆمەڵگە گرێ دەدەن. مەتەڵ و پەند وەکوو بەشێکی گرنگ لە ئەدەبی زارەکی، تەژییە لە ئاوەزی گشتی و بەکۆمەڵ کە تێیدا چۆنیەتی پێوەندی و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان لە ئاست یەکتر و هەروەها لە ئاست سرووشت و دەورووبەر دیاری دەکەن. هەڵسەنگاندنی ئاوەزی گشتی و هزری کۆمەڵایەتی لە ڕێگای لێکدانەوەی چۆنیەتی بانگەوازکردن و هەڵوێست نواندن لە ئاست بایەخە گشتییەکانی ئاکار لە مەتەڵ و پەندی کوردی و عەرەبیدا، پێویستییەکی گرنگی ئەم سەردەمەیە کە لە ناسین و فامستکردنی تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی کوردی و عەرەبیدا دەورێکی ئەوتۆ دەگێڕێت.

ئەم توێژینەوەیە دەیهەوێت لە ڕێگای خوێندنەوەی بەراوردکارانەی مەتەڵ و پەندی کوردی و عەرەبی، بە کەڵکوەرگرتن لە ڕوانگە و تیۆری ئانترۆپۆلۆجیانەی کلیفۆرد گیرتز، دەرکەوتن و نواندنەوی بەها ئاکارییەکان لە دوو فەرهەنگی کوردی و عەرەبیدا بخاتە بەر تیشکی توێژینەوە و شرۆڤەی لێکچوویی و جیاوازییەکانیان بکات.

**گرنگی و پێویستی:**

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی مەتەڵ و پەندەکان لە باری زمانییەوە ئەوەیە کە لە درێژایی ڕەوتی زەمەندا کەمتر شێواز دەگۆڕن و زۆرتر وەکوو خۆیان دەمێننەوە. "مەتەڵەکان لە باری وشەیی، گەردان و ڕێزمانەوە لە ئاست ڕستە ئاساییەکان، مانەوەیان مسۆگەرترە. هەر بەو بۆنەوە یەکێ لە هۆکارەکانی مانەوە و بەردەوامیی وشە و دەستەواژەکانی زمانن. زۆربەی وشە و زاراوەکان و شێوازە زمانییەکان لە مەتەڵەکاندا شێوازی خۆیان دەپارێزن و ڕێگریی لە فەوتان و لەبیرچوونەوەیان دەکرێت. بەو بۆنەوە کە لە نێو خەڵکیدا باو و بەربڵاون"(ذولفقاری، ١٣٨٨). یەکێ لە گرنگییەکانی مەتەڵ و پەندی زمانی کوردی وەکوو بابەتی توێژینەوە ئەوەیە کە ئەم شێوە زمانییانە هەنبانەیەکی قورس و قایم پێکدەهێنن بۆ پاراستن و بەردەوامی وشە ڕەسەنەکانی زمانی کوردی و ڕێگری لە فەوتان و بزربوونیان دەکەن. کەوایە ئاوڕدانەوە لەم مژارە لە سەردەمێکدا کە بەشێ زۆر لە زمانەکان و خەزێنەی وشەکانیان لەژێر مەترسیی بیرچوونەوە و فەوتاندندان، بە تایبەت بۆ زمانی کوردی پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. لە ڕەهەندێکی دیکەوە پێویستی و گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تیشکێکی نوێ دەخاتە سەر خوێندنەوەی ئانترۆپۆلۆژیانەی فۆلکلۆری کوردی بە بەراورد لەگەڵ فۆلکلۆری عەرەبیدا و چۆنیەتی داڕشتن و جێگیربوونی بەها ئەخلاقییەکان لە بەستێنی فەرهەنگی زارەکی ئەم دوو نەتەوەیەدا هەڵدەسەنگێنێت. ئاکامەکانی لێکۆڵینەوەیە دەتوانێت سەرچاوەیەک بێت بۆ لێکدانەوەی پێوەندی نێوان فەرهەنگ و ژیانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ فەرهەنگ و زمانی زارەکی و لێرەوە چۆنیەتی تێڕوانین و هەڵوێستی نەتەوەکان بە تایبەت خاڵە هاوبەش و لێک جیاوازەکان لەسەر بایەخە ئاکارییەکان دیاری دەکات. لەم سۆنگەوە ئاوڕێکی نوێ لەسەر خوێندنەوەی بەراوردکارانە سەبارەت بە مەتەڵی کوردی و عەرەبی دێتە بەرهەم و گەشە بە خوێندنەوەی ئانترۆپۆلۆژیانە لە پانتایی لێکۆڵینەوە کوردییەکاندا دەدرێت. پێویستی ئەم بابەتە هەروەها بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئاڕاستە دیار و نادیارەکانی ئاکار و هەستی ئاکارمەندانە لە نێو دوو فەرهەنگی گرنگی کورد و عەرەب دەپشکنێ و هەڵوێستی ئەوان لە ئاست خودی مرۆڤ، ئەویدی و هەروەتر سروشت و دەورووبەر ڕوون دەکاتەوە. هەربۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ بواردا پێویستیی خۆی دەنوێنێ؛ یەکەم ئەوەی کە ئاوڕ دەداتەوە لە مەتەڵ وەکوو بوارێکی سەرەکیی فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی کوردی، و جەخت دەخاتە سەر پێوەندیی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

توندوتۆڵی کۆمەڵگە و بەها ئەخلاقییەکان لەگەڵ ئەم شێوازە زمانییەدا، هاوکات دەوری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەم شێوە دەربڕینە لە پاراستنی بایەخە ئاکارییەکان و هەروەها خەزێنەی وشەوانیی زمانی کوردی. دووەم لە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە شەڕ و توندووتیژی نێوان نەتەوە و گرووپە ئەتنیکی و مەزهەبییەکان گۆڕەپانی ئاکار و بەها ئاکارییەکانی تەنگەتاو کردووە، دەتوانێت هێما و ئاماژەکانی ئاکاری لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە بەستێنی فەرهەنگی ئەو نەتەوانەدا ببینێتەوە و ببێتە سەرچاوەی پلان و نەخشەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بۆ ئاوڕدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە و ئاکارمەندانە لە دۆخی قەیراناوی ئێستادا. سێیەم لەم سەردەمەدا کە ژینگە و دەورووبەر لە تاو زەبر و دەستێوەردانەکانی ئاکاری بەرژەوەندیخوازانە و نابەرپرسانەی مرۆڤ و کۆمپانیا و دەوڵەتەکان تووشی زەخت و گوشاری کوشندە و ڕووخێنەرانە هاتووە، ئاوڕدانەوە لە بەها و بایەخی ئاکارمەندانە کە بەدەروەستبوون و هاوخەمی لە ئاست ژینگە و دەورووبەری لێدەکەوێتەوە، دەتوانێت هەوینی ڕوانین و کردەوەی هوشیارانە و پارێزەرانە بێت بۆ پاراستنی سەرچاوە سرووشتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و هەروەها بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەسەندنی سەقامگرتوو(1).

**ئامانج و مەبەستەکان:**

**ئامانجی سەرەکی:**

- خوێندنەوەنەوەی ئانترۆپۆلۆژیانەی لایەنە هاوبەش و هەروەها جیاوازەکانی پێگە و ئاڕاستەی ئاکار بەپێی هەڵسەنگاندنی مەتەڵ لە دوو زمانی کوردی و عەرەبیدا

**ئامانجە تایبەتەکان:**

- شیکاریی چۆنیەتی هەڵوێستگرتن و کردارنواندن لە ئاست خۆ، ئەویدی و سروشت و دەورووبەر بەپێی بەراوردکردنی بەها پاشهاتییەکانی ئاکار لە مەتەڵی کوردی و عەرەبیدا
- شرۆڤەی چۆنیەتی دەرکەوتن و ئاراستەنواندنی بەها ڕێسایییەکانی ئاکار، واتە کەماڵخوازی، دووری لە کرداری ناشایست، فەزیلەتی ئاکاری، بەخشش و شوناسی ئاکاری لە مەتەڵی کوردی و عەرەبیدا
- هەڵسەنگاندنی ڕادەی هاوبەشی و جیاوازی نێوان پێگە و شێوازەکانی دەربڕینی بایەخە پاشهاتی و ڕێسایییەکانی ئاکار لە مەتەڵی کوردی و عەرەبیدا

**پرسیاری سەرەکی:**

- لایەنە هاوبەش و هەروەها جیاوازەکانی پێگە و ئاڕاستەی ئاکار لە مەتەڵی دوو زمانی کوردی و عەرەبیدا چییە؟



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**پرسیارە تایبەتەکان:**

- شێوازەکانی دەربڕینی بایەخە پاشهاتی و ڕێساییەکانی ئاکار لە مەتەڵی کوردی و عەرەبیدا چۆنە؟
- جیاوازی و هاوبەشیی بایەخ و بەها ئاکارییەکان لە مەتەڵی کوردی و عەرەبیدا چۆن لەسەر بیچمگرتن و پێکهێنانی جیهانبینیی گشتیی فەرهەنگی کورد و عەرەب کاریگەری دادەنێت؟

**بنەمای تیۆری:**

تیۆری ئانترۆپۆلۆجی بۆ خوێندنەوەی پێگەی ئاکار و ئاڕاستەی بایەخە ئەخلاقییەکان لە بەستێنی فەرهەنگ و فۆلکلۆردا یەکێ لە گونجاوترین تێڕوانین و بیردۆزییەکانە. ئانترۆپۆلۆجی بەپێی واتای وشەیی واتە "توێژینەوە لەسەر مرۆڤ"، و بە گشتی بوارێکی زانستییە کە دەیهەوێ مرۆڤ و هەروەها ئەو کۆمەڵگا و فەرهەنگەی مرۆڤی تێیدا بەرهەم هاتووە بخوێنێتەوە و لە چەندێتی و جۆربەجۆریی ئەو کۆمەڵگە و فەرهەنگانە بکۆڵێتەوە. ئانترۆپۆلۆجی سێ لقی سەرەکی هەیە کە بریتین لە کەونینەناسی[٢]، بیۆلۆجیکاڵ و کۆمەڵ-فەرهەنگی[٣]. لقی فەرهەنگی ئانترۆپۆلۆجی کە لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و زمانی لەخۆ دەگرێت بوارێکی بەربڵاوە کە ئەوڕۆ سەرنجێکی تایبەتی لە ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکانی جیهاندا پێ دراوە. "ئانترۆپۆلۆجیی فەرهەنگی، لقێکی سەرەکیی ئانترۆپۆلۆجییە کە پێوەندیی بە خوێندنەوەی فەرهەنگەوە هەیە لە هەموو ڕەهەندەکانیدا و کەڵک لە میتۆد، چەمک و دەیتاکانی کەونینەناسی، ئەتنۆگرافی و خەڵکناسی، فۆلکلۆر، و زمانناسی وەردەگرێت بە مەبەستی پێناسە و شیکاریی جۆربەجۆریی و ناچونیەکیی خەڵکەکان لە ڕووپەڕی جیهاندا"(Mercier, 2019). ئانترۆپۆلۆجیی زمانناسانە یەکێ لە لقە گرنگەکانی ئانترۆپۆلۆجیی فەرهەنگییە و زۆرجاریش بە هۆی بەربڵاوییەوە وەکوو بوارێکی سەربەخۆ دێتە ئەژمار. توێژینەوەکان لەم ڕەوتەدا دەوری زمان لە ڕۆنانی ڕوانگەی مرۆڤ بۆ جیهان و دەورووبەر و هەروەها لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەخەنە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و لە چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان لە دۆخە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانەدا باس دەکەن.

ئەنجوومەنی ئانترۆپۆلۆجیی ئەمەریکا لە پێناسەی ئەم بوارەدا دەڵێت "جۆرێک خوێندنەوەی بەراوردکارانەیە لەمەڕ ئەو ڕێگایانەی کە زمان جیهانی کۆمەڵایەتی دەنوێنێتەوە و هاوکات کاریگەریی لەسەر دادەنێت. ئەم بوارە بەدواداچوونی زۆربەی ئەو شێوازانە دەکات کە کردەوەی زمانی سەرچەشنەکانی پێوەندیگرتن پێناسە دەکات، توخمەکانی شوناسی کۆمەڵایەتی و ئەندامەتیی گرووپەکان پێکەربەندی دەکات،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئایدۆلۆژیا و باوەڕە فەرهەنگییە قەبەمەوداکان ڕێک دەخات، و، لە پێوەندی لەگەڵ دیکەی فۆرمەکانی واتاسازی، خەڵک بۆ نواندنەوەی هاوبەشی فەرهەنگی لە ئاست جیهانە کۆمەڵایەتی و سرووشتییەکانیان تەیار دەکات"(Jarus, 2014).

کلیفۆرد گیرتز[٤](١٩٢٦-٢٠٠٦) ئانترۆپۆلۆجیستی ئەمەریکی بەرەنگاری ئەو ڕەوتە پۆزیتیویستی و هۆکارخوازییانە بوویەوە کە لە پانتایی زانستی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی زانکۆ و ناوەندە توێژینەوەییەکاندا باو بوون. گیرتز لە بازنەی ئانترۆپۆلۆجیی فەرهەنگیدا، ڕەوتێکی نوێی داهێنا کە بە ڕەوتی هێرمێنۆتیکی یان تەفسیری نێوی دەرکرد و کارەکانی خۆی بە هێرمێنۆتیکی فەرهەنگی پێناسە دەکات. گیرتز فەرهەنگ بە سەرچەشنێکی واتایی دەزانێت کە لە نێو تۆڕی نیشانە و هێماکاندا جێگەی گرتووە.
"ئەو پێناسەیە تایبەت بە فەرهەنگ کە من باوەڕم پێیە، بە شێوەیەکی بنەڕەتی پێناسەیەکی واتاناسانەیە، هاودەنگ لەگەڵ ماکس ڤێبەر، مرۆڤ ئاژەڵێکە لەنێو تۆڕی نیشانە و هێمادا هەڵواسراوە کە لەسەر دەستی خۆی تەنراوەتەوە. من فەرهەنگ دەگێڕمەوە بۆ ئەو تۆڕە چێنراوانە، کەوایە شیکاریکردن لەسەر ئەم دیاردەیە نە لە ڕێگای زانستی ئەزموونگەرانەوە کە بەدوای یاسا دەگەڕێت، بەڵکوو بەپێی پێناسەیەکی ڕاڤەخوازانەیە کە لەدوی واتا دەگەڕێت"(Geertz, 1973, pp. 4-5).

بە بۆچوونی گیرتز فەرهەنگ بریتییە لە بیچمگرتنی واتا لە سیمبول و هێماکانی زماندا، کەوایە فەرهەنگ دیاردەیەکی زمانی و واتامەندە و تێگەیشتن و کرداری ئەندامانی نێو ئەو فەرهەنگە هاوبەشە دیاری دەکات.
"گیرتز میتۆدی ئانترۆپۆلۆجیانەی شیکەرەوەی فەرهەنگ، دەچوێنێ لەگەڵ ڕەخنەگرێکی ئەدەبیدا کە شیکاریی دەقێک دەکاتەوە. پۆلێنکردنی پێکهاتەکانی نیشانە و دەلالەتەکان،... و دیاریکردنی بەستێنی کۆمەڵایەتی و کاریگەرییان... کاری ئەتنۆگرافی هاوشێوەی کاری خوێندنەوەیە(لە مانای خوێندنەوەی دەقێکدا)"().

فەرهەنگ لە ڕوانینی گیرتزدا دەقێکی تێکچنراوە لە هێما و نیشانەکان کە دەلالەتەکانی هاوپێوەندە لەگەڵ بەستێنێکی کۆمەڵایەتی تایبەتدا، کەوایە شوناس و هەڵسوکەوتی ئەندامانی هەر کۆمەڵگەیەک لە خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی دەقی فەرهەنگی تایبەت بەو کۆمەڵگەیە پێکدەهێنرێت. تێگەیشتن و هەڵسووڕانی مرۆڤ نە لەژێر کاریگەریی هۆکارێکی ئۆبجێکتیف بەڵکوو لە ڕەوتی خوێندنەوە و شرۆڤەی هێما و دەلالەتەکانی فەرهەنگدا دێتە کایەوە.
"گیرتز باس لەوە دەکات کە فەرهەنگ گشتییە بەو بۆنەوە کە واتا گشتییە،... سیستەمی واتا بەشێوەیەکی زەروور، توانستی بەکۆمەڵی گرووپن. کاتێ ئێمە دەڵێین لە


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کردەوەکانی خەڵکی سەر بە فەرهەنگێکی دیکە لە ئاست فەرهەنگی خۆمان تێناگەین، دان بە بۆشایی نەناسبوونی ئەو جیهانە خەیاڵکردە دادەنێین کە لە هەناویدا کردەوەکانیان وەکوو نیشانە دەردەکەون"(Ibid, pp. 12-13).

بەپێی ڕوانگەی ئانترۆپۆلۆجیی فەرهەنگی و زمانی، مرۆڤ ڕووداو و دیاردەکانی دەوروبەر بەپێی سیستەمی واتایی فەرهەنگی خۆی نیشانەناسی و ڕاڤە دەکات، هەر بۆیە زۆرجار ئەندامانی فەرهەنگە جیاوازەکان لە مەبەستی ڕێسا و دابونەریتەکانی یەکتر تێناگەن و بڕێ جاریش دژایەتی و ناکۆکی لە ئاکامی ئەم تێنەگەیشتنەدا دێتە ئاراوە[٥].

پۆنتێرێتۆ(٢٠٠٦)، پێنج تایبەتمەندیی سەرەکی بۆ وەسفی تۆکمە بە شێوەیەکی پوخت دیاری دەکات:

"ڕاڤەکردن بەپێی بەستێن، وەچنگخستنی بیر و هەست، دیاریکردنی دنەدەر و مەبەستەکان، ڕەچاوکردنی تۆکمەی وردەکارییەکان، ئاماژەی وردەکارانە بە واتاداربوونی دۆخەکە"(Drew, 2021).

وەسفی تۆکمە تەکنیکێکی توێژینەوەی چۆنیەتی و ئەتنۆگرافییە تایبەت بە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان کە لە لایەن دوو ئانترۆپۆلۆجیست، گیلبێرت ڕایل و گلیفۆرد گیرتز، داهێنراوە. ئەم دەستەواژەیە لە بەرامبەر وەسفی بێپێز و ڕەقەڵەدا کە تەنیا جەخت لەسەر تێڕوانین، کۆکردنەوەی دەیتا و زانیاری و وەسفکردنی ئەوانە دەکەن، بایەخ دەداتە ڕاڤەکردن و شیکاری هەمەلایەنەی ئەو زانیارییانە بەپێی بەستێن و بواری ئەو دیاردە و ڕووداوانەی وا توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت.

"وەسفی تۆکمە...تەنێ ڕیکۆردکردنی ئەوەی کەسێک ئەنجامی دەدا نییە. ئەو جۆرە وەسفە تەنێ فاکت و ڕوخساری ڕووکەشی ڕەچاو ناکات، بەڵکوو وردەکارییەکان، بەستێن، هەست و سۆز، و تۆڕێک لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبینێت کە کەسەکان بەوانی ترەوە گرێ دەدەن"(Denzin, 1989, p. 83).

لێرەدا هەندێ لە چەمک و دەستەواژە سەرەکییەکانی تیۆری ئانترۆپۆلۆجیای فەرهەنگی و هەروەها میتۆدی وەسفی تۆکمە و چەندڕەهەندیی گلیفۆرد گیرتز پێناسە دەکەین کە بریتین لە: نیشانە، پەیکەری نیشانەیی، هێما، واتا، فەرهەنگ، ئیتۆس و جیهانبینی.

**نیشانە[٦]:**

کاتێک باس لە جیاوازیی مرۆڤ و دیکەی بوونەوەران دەکرێت، ئاماژە دەدرێتە تایبەتمەندیی مرۆڤ لە بەکارهێنان و وەگەڕخستنی نیشانەکاندا بۆ ناولێنان و ناسینی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جیهان و دەورووبەر. هەر بۆیە مرۆڤ وەکوو بوونەوەرێکی نیشانەساز و واتا ئەفرێنەر ناوی لێ دەبردرێت.

"بەپێی ڕوانگەی پێرس[٧]، "ئێمە تەنیا لە هەناوی نیشانەکانەوە بیر دەکەینەوە" (Peirce 1931-58, 2.302). نیشانەکان شێوازی وشەکان، وێنەکان، دەنگەکان، بۆنەکان، تامەکان، کردەوە و شتەکان لەخۆ دەگرن، بەڵام ئەم شتانە هیچیان واتای جەوهەرییان نییە و تەنیا کاتی دەبن بە نیشانە کە ئێمە واتایان پێ ببەخشین. پێرس ڕوونی دەکاتەوە "هیچ شتێک نیشانە نییە مەگەر ئەوەی وەکوو نیشانەیەک شرۆڤە بکرێت" (Peirce 1931-58, 2.172)". (Chandler, 2007: p. 13).

فێردیناند دسووسوور[٨] نیشانە بە بەرئەنجامی دەلالەت[٩] و پەیوەندی دال[١٠] و مەدلوول[١١] دادەنێت و پێی وایە ئەم پەیوەندییە جەوهەری و بنەڕەتی نییە بەڵکوو دڵخوازانەیە[١٢]. لە مۆدێلی دوولایەنەی سووسوور بۆ نیشانە، دال بریتییە لەو وشەیە کە دەنگی هەیە و بە زار دەگوترێت(لایەنی ١)، هەروەها مەدلوول بریتییە لەو چەمکەی کە دال ئاماژەی پێ دەدات(لایەنی ٢)؛ واتە ئەو وێنایە کە پاش بیستنی دال لە زەینی ئێمەدا چێ دەبێت. بەڵام لە مۆدێلی پێرسدا، نیشانە بە شێوازێکی سێگۆشە دیاری دەکرێت.

"١. نواندکار[١٣]: ئەو شێوازەی کە نیشانە دەیگرێتە خۆ، (ڕاگوێزەری نیشانە[١٤])
٢. وێناکراو[١٥]: نە ئەو کەسەی کە وێنا دەکات بەڵکوو ئەو واتایەی کە نیشانە پێکی دەهێنێت.
٣. شت[١٦]: ئەو شتەی لەو پەڕی نیشانەدایە و وەکوو سەرچاوە[١٧] ئاماژەی پێ دەدرێت(سەرچاوەپێدراو[١٨])" (Ibid, 29)

لە ڕوانگەی پێرسدا نیشانەبوون[١٩] واتە هاوپێوەندی و کارلێکەریی ئەم سێکۆچەیە کە هیچ بەشێکی بە بێ بەشەکانی دیکە ناتوانێ هەبوونایەتی نیشانە و نیشانەبوون دەستەبەر بکات. نیشانەکان لە ڕەوتی پێکهێنانی واتادا، جیهانی دەرەوەی زەین لەگەڵ بواری ناوەوەی زەین گرێ دەدەن و دەقێک بەرهەم دەهێنن کە لە هەردووی ئەو بوارانە سەرتر دەنیشێت. کەوایە نیشانە نە تەنیا لە فۆرمی زمانی و فۆنەتیکیی خۆیدا بەڵکوو لە ڕەوتی نیشانەگەردانی و واتاسازیدا دەردەکەوێت. بەپێی پێناسە و بۆچوونی نیشانەناسانەی پێرس، سێ شێوای سەرەکی نیشانە بەم جۆرە پۆلێنبەندی دەکرێت:

"یەکەم: هێما/هێمایین[٢٠]: لەم فۆرمەدا پەیوەندیی دال لەگەڵ مەدلوول بەشێوەیەکی بنەمایی گرێبەستی و دڵخوازانە، کەوایە پێویستە ئەو پەیوەندییە فێر بکرێت(بۆ نموونە ئەلفوبێی هەر زمانێک، خالبەندی، وشەکان، دەستەواژە و ڕستەکان)، ژمارەکان، کۆدی مۆرس، و لایتی ترافیک و ئاڵای نەتەوەکان؛



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

دووەم: نیگارە/نیگارەیی[٢١]: لەم حاڵەتەدا دال وەکوو هاوشێوە یان دووپاتکەرەوەی مەدلوول ڕەچاو دەکرێت( نیگا، دەنگ، هەست، چێژ یان بۆنێک کە بە شێوەیەکی دیار هاوشێوەی ئەو شتەیە)؛

سێیەم: پێنوێن/پێنوێنەیی[٢٢]: شێوازێک کە دال نە دڵخوازانە بەڵکوو ڕاستەوخۆ لە هەندێ ڕێگاوە (فیزیکی یان هۆکارانە)پەیوەندی بە مەدلوولەوە هەیە، بۆ نموونە: "نیشانەی سرووشتی"(دووکەڵ، گەردەلوول، چێپێ، بۆن و تامی نادەستکرد)، دەردئامازی پیزیشکی، کەرەسەی پێواندن، سیگناڵەکان، نیشاندەرەکان، بابەتی ڕێکۆردکراو، برەندی تاکەکەسی و وشەی ئاماژەپێدان. "(Ibid, p. 36 & 37).

بابەتی نیشانەناسی بە هەرحاڵ لێکدانەوەی پرسی دەلالەت و واتایە لە سیستەمە جیاوازەکاندا، لە زمان و وێنە و مووسیقاوە بگرە تا هەر شتێک کە لە فەرهەنگێکی تایبەتدا واتادار و دەلالەتمەند بێت.( ساسانی، ١٣٨٩، ٩١)

**پەیکەری نیشانەیی[٢٣]:**

پەیکەری نیشانەیی ئەو بوارە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەی دەرەوەی دەقە کە نیشانە و هێماکانی دەق بە گەڕانەوە و پەیوەندیدان بەوەوە واتا بەخۆوە دەگرن. بەستێنێکی ماکرۆسیمیۆتیکس کە واتای ناوەوەی دەق لە بەستێنی تایبەتی خۆی دادەنێت و هاوکات کارکرد و شێوازی بەکارهێنانی لە بەرچاو دەگرێت. "نیشانەناسیی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر ڕەوتی واتاسازی دەکات نەک تەنیا بەرهەمهێنانی نیشانە"(ساسانی، ١٣٨٩: ٥٦)

"پەیکەر و بەستێنی هێمایین(semiosphere) واتە شێوازێ کە فەرهەنگێک، هاوکات واتایەک لە هەناوی خۆیدا و لە پەیوەند لەگەڵ بەستێنی دەرەوەدا، بەرهەم دەهێنێت و کۆنترۆڵی دەکات"(هەمان: ٧٠).

"پەیکەرێکی نیشانەیی کەشێکە کە ئێمە تێیخزاوین ئەوکاتەی کە قسە دەکەین یان پەیوەندی دەگرین(123 :1990). فەزایەکە کە بە ئاقار و سنوور ئابلۆقە دراوە، بەڵام ئەم سنووربەندییە هێڵی جوگرافی نییە،... وێدەچێ دەڤەرێکی خەیاڵکردی بێت، جیهانی ئەفسانەی پەریان، فەرهەنگی نەتەوەیی، قۆناغێکی تایبەت یان ڕەوتێک کە مێژووی ئەدەبیدا"(Nöth, 2015)

"پەیکەری نیشانەیی دەرئەنجام و مەرجی گەشەسەندنی فەرهەنگە( Lotman, 1990: 125)"(هەمان).

"لوتمان لە وتاری سەرەکی خۆیدا لەژێر ناوی "پەیکەری نیشانەیی" هەموو فەزای نیشانەیی وەکوو میکانیزمێکی یەکتا لە بەرچاو دەگرێت کە لەوێدا "لەپێشیتی نە بۆ نیشانەیەکی تایبەت بەڵکوو بۆ سیستەمێکی بەربڵاوتر بە نێوی پەیکەری نیشانەییە"...



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پەیکەری نیشانەیی بە بۆچوونی لوتمان ئەتمۆسفێرێکە کە هەرچەشنە کردەوەیەکی پەیوەندیگرتن لەوێدا دێتە گۆڕێ و زەینی تاکەکەس بەپێی پەیوەندی خۆی لەگەڵ زەینی گشتی و گوتارەکان لەم ئەتمۆسفێرە نیشانەییەدا، واتا بەخۆوە دەگرێت"(فرزانه دهکردی، ١٣٩٧)

"دەقەکان بەردەوام تووشی گۆڕانکاری دەبن و ئەمەش بە هۆی هەبووی پەیکەرێکی نیشانەییە کە وەکوو تۆڕێک لە دەستوپەیوەندییەکان، کردەوەی دەقەکان دەهێننە گۆڕێ. هەر ئەم تۆڕەیە کە واتا بە دەقەکان دەبەخشن"(سرفراز و پاکتچی، ١٣٩٦)

"لوتمان خۆی پەیکەری نیشانەیی لە چوارچێوەی ١. کەشی نیشانەیی کە بەدەر لەو کەشە، نیشانەمەندی و واتاسازی بوونی نییە و ٢. گشتییەتی دەقە تاکەکان و زمانە ناوازەکان کە لەگەڵ یەکتردا هاوگرتوو دەبن، پێناسە کردووە"(هەمان)

**هێما(سیمبول)[٢٤]:**

سیمبۆل یان هێما یەکێ لە چەمکە ناوەندییەکانی تیۆریی ئانترۆپۆلۆجیانەی گیرتزە. هێما نیشانەیەکەی زمانییە کە پێوەندیی دال و مەدلوول تێیدا پەیمانبەستی و قەرارییە. بۆ نموونە ڕەنگەکانی چرا و لایتی ترافیک، قەرارێکی کۆمەڵایەتییە کە دەستنیشانی هاتوچۆی ماشین و ڕێبواران دەکات و هیچ پێوەندییەکی بنەمایی لە نێوان ڕەنگی سوور و بڕیاری ڕاوەستانی ماشینەکان لە ئارادا نییە. کێنێت بێرک[٢٥] پێی وایە سیمبولەکان ستراتێژیی ڕووبەڕووبوونەوە و سەرکەوتن بە سەر دۆخە جیاوازەکاندان. "پەرچەکرداری دەروونی لە ئاست دۆخێکدا بریتییە لە تێگەیشتن، و دەروونیکردنی ئەو تێگەیشتنە کردەوەی هێمایینە"(Nordquist, 2020).

"هێما لە نیشانەناسیی فەرهەنگیدا لەگەڵ زۆربەی نیشانەکان جیاوازی هەیە، بەو بۆنەوە کە نیشانە فەرهەنگییەکان داینامیک و چالاکن(نامورمطلق، ١٣٩٠: ٢٤)"

بەپێی وتەی ویکتۆر تێرنێر، هێما بریتییە لە "ڕووناکی یان تەشقێک، شتێک کە نەناسراو بە ناسراو پەیوەند دەداتەوە" (1967, P. 48).

"تێرنێر پێی وایە یەکێ لە گرنگترین سیماکانی هێماکان توانستی ئەوانە لە گوشین و هەڵگلۆفینی واتا، یان ئەوەی کە هێمایەک خاوەنی فرەڕەهەندی واتاییە. "زۆرێ لە شتەکان و کردەوەکان لە پەیکەربەندییەکی تاکدا دەنوێنرێنەوە… هێمای زاڵ، یەکپارچەیی و یەکانگیریی دەلالەتە جیاوازەکانە"(Turner, 1967, pg. 28)

ئاگدن و ڕیچاردز جیاوازییەکی تایبەت لە نێوان هێما و نیشانەدا ڕەچاو دەکەن. "هێماکان نیشانەکان لە دۆخی نیشانەیی[٢٦]دا دادەنێن و بەم جۆرە پەیام ڕادەگوێزن. بەپێی ئەم ڕوانگەیە هەموو هێماکان نیشانەن بەڵام هەموو نیشانەکان هێما نین. کەوایە


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

پەیوەندیی نێوان هێما و نیشانە بەپێی کارکردیان لە پێشچاو دەگیردرێت"(گۆردۆن و ویلمارس، ١٣٩٩: ٥٩)

**واتا**[٢٧]:

مرۆڤ کە وەکوو بوونەوەرێکی واتامەند و واتاساز[٢٨] نێودێر کراوە لە ڕێگای سیستەمی نیشانەیی زمانەوە وێنەیەک لە ئۆبژەکان دەنوێنێتەوە، و لەو نواندنەوە نیشانەناسانەدا واتا بەرهەم دەهێنرێت. کەوایە واتا پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ زمان، نیشانە و میکانیزمی نواندنەوەدا هەیە. نیشانە ئەو یەکە واتادارەیە کە لە شێوازی جیاوازی دەنگ، ڕەنگ، وێنە، کردەوە و شتەکاندا دەردەکەوێت. هیچکام لەو یەکە و قەبارانە، خاوەنی واتای گەوهەری و بنەڕەتی نین بەڵکوو لە ڕەوتی واتاسازی و واتابەخشینی پەیوەندییەکانی زماندا واتا بەخۆوە دەگرن. کەوایە واتا نە یەکە و پێکهاتەیەکی داخراو و چەقبەستوو، بەڵکوو هەمان ڕەوتی پێکهێنان و ڕۆنانی کۆمەڵایەتیی واتایە[٢٩]، ڕەوتی ئاڵوویر و ڕاڤەکردنی واتا.

واتا، ئەو چەمکەیە کە نیشانەیەک ئاماژەی پێ دەدات، کەوایە نیشانەناسی و واتاناسی دوو ڕەوتی تێکەڵ و هاوئاهەنگن کە ئەورۆ لە ڕێبازی نیشانەواتاناسیدا هاتووەتە ڕۆژەڤەوە. نیشانەواتاناسی سەرنج لەسەر بەرهەمهێنانی واتا و چۆنیەتی ڕەوتی واتادارکردن لە ڕێگای سیستەمەکانی نواندنەوە دەدات. "واتا بە تەنێ واتای زمانی نییە بەڵکوو واتای پەڕزمانی[٣٠] (ئاهەنگ، خێرایی، زەختی، ڕیتم و تایبەتمەندیی نقیساری و...) و نازمانی (دیدەوەرانە، بارستایی، جووڵێنەرانە، ) دەگرێتەوە. "واتارۆنان ڕەوتی بەرهەمهێنان و ڕاڤەی نیشانەیەکە"."(ساسانی لە زاری بوسمان، ١٣٨٩، ٦٦).

واتا تەنیا لە هێماکاندا چڕ دەبێتەوە؛... وزەی ئەم هێمایانە لەو توانستەیاندایە کە لە بنەڕەتیترین ئاستدا واقیع و بایەخ پێکەوە گرێ دەدەن؛ کەوایە، ئەم هێمایانە، بەوشتەی لە جیا لەم حاڵەتە تەنیا واقعێکی ڕووتن، ناوەرۆکێکی ڕێسامەند و وەبەرگر دەبەخشن. (گیرتز، ١٣٩٩: ١٦٧)

"بەو بۆنەوە کە میتۆدی چۆنایەتی، لێکۆڵینەوەیەکی سیستەماتیکە سەبارەت بە واتا، ڕوونە کە واتا بابەتێکی سەرەکییە بۆ توێژینەوەی چۆنایەتی. هاوکات، واتا بە شێوەیەکی پارادۆکسیکاڵ زۆرترین بەراورد و کەمترین بەراوردی لە بیر و هزری ڕۆژئاواییی سەردەمدا لە ئاست خۆی تۆمار کردووە... هەندێ ڕەهەندی سەرەکی سەبارەت بە واتا کە هەموو توێژینەوە چۆنایەتییەکان پێویستە بەردەوام لە بەرچاوی بگرن:

- ئاڕاستەی ڕاستی و درووستیی بابەتێک بەردەوام لە ڕێگای واتاوە تێدەپەڕێت،
- ڕووبەری جیهان ئاخێنراو و تەژییە لە واتا،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- ئێمە تەنیا بەڕادەیەک دەتوانین بابەتێک بناسین کە لە پێشدا لەو بابەتە تێگەیشتبێتین.
- هەندێ جار، شتەکان تەنیا واتادارن"(Shank, 2006, p. 5&6).

واتا نە خاوەنی پێگەیەکی مێتافیزیکی و نە هەبوونایەتییەکی گەوهەری و لەپێشی هەیە بەڵکوو لە ڕەوتی هەڵسووڕان و شرۆڤە نیشانەکاندا بەدی دێت. هەر نیشانەیەک لە پەیوەندی لەگەڵ نیشانەیەکی تردا واتا بەخۆوە دەگرێت کەوایە هەر واتایەک پەیوەستە بە تۆڕی چەمک و واتاکانەوە و ناتوانێ ڕاستەوخۆ و سەربەخۆ لە سیستەمی نیشانەناسانەی زمان و میکانیزمی نواندنەوە بێتە ئاراوە.

زمان چۆن واتا بەرهەم دەهێنێت؟ زمان بۆیە ئەم دەورە دەگێڕێت، چون وەکوو **سیستەمێکی نواندنەوە**[٣١] هەڵدەسووڕێت. کەوایە نواندنەوە لە ڕێگای زمانەوە لایەنێکی ناوەندییە بۆ ڕەوتێک کە جۆری واتای بەرهەمهێنراو دیاری دەکات. (Hall, 1997, p. 1)

فەرهەنگ بریتییە لە **واتای هاوبەش**[٣٢]، هەروەها پەیوەستە بە ئاڵوویری واتا - وەرگرتن و ڕادەستکردنی واتا - لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگە یان گرووپ. وتنی ئەوەی کە دوو کەس سەر بە فەرهەنگێکی هاوبەشن، دەربڕینی ئەو ڕاستییەیە کە ئەوان تا ڕادەیەک جیهان بە شێوەیەکی هاوبەش و چونیەک دەخوێننەوە، و دەتوانن خۆیان و هەست و بیریان سەبارەت بە جیهان دەربڕن بەو شێوازانەی کە تێگەیشتنی بۆ یەکتر مەیسەر دەبێت.( Ibid. P. 2)

"واتا لە کوێ بەهەم دێت؟ بەپێی **'بازنەی فەرهەنگ'**[٣٣]ی ئاماژەپێدراوی ئێمە، لە ڕاستیدا، واتاکان لە ڕەوتی چەندە قۆناغی جیاواز و سووڕانەوە لە بازنەی چەندە پرۆسە یان کردەوەی جیاوازدا بەرهەم دەهێنرێن. واتا ئەوەیە کە مانایەک لە شوناسی خۆمان پێ دەبەخشێت، ئەوەی کە کێین و سەر بە چ شوێنێکین.(Ibid. P. 3)

**فەرهەنگ**[٣٤]:

پێناسەی فەرهەنگ بە شێوەی گشتی کارێکی مشتومڕخێز و گەنگەشەئاسایە، هەر بۆیە بەدەستەوەدانی واتایەکی گشتگیر و وەبەرگر تایبەت بە فەرهەنگ کارێکی ئەستەمە. بێگومان هەر پێناسەیەک پشتبەست بە تیۆری و شێوازێکی ڕوانینە بۆ جیهان و دەورووبەر. هەندێ لە پێناسەکان جەخت دەکەنە سەر هەموو دەستکەوتەکانی مرۆڤ لە مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، و هەندێ تر لەسەر چوارچێوە و ڕۆچنەیەک بۆ چەمکبەندی و واتابەخشین بە کردەوە و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ هەڵوێستە دەکەن. تایبەتمەندی پێناسەی گیرتز ئەوەیە کە هەر فەرهەنگێک وەکوو کۆمەڵێک دەق دەبینێت کە بۆ ناسین و ناساندنیان پێویستە ئەو دەقانە دیاری بکرێن و ڕاڤە و شرۆڤەی شیتەڵکارانە و چەندتوێژاڵییان بۆ بکرێت. گیرتز پێی وایە ڕێڕەوی سەرەکی ئەوەیە "لە دوای ئەو دەقە فەرهەنگییانەی کە لە ڕوانگەی خودی خەڵکی ئەو کۆمەڵگەوە سەرنجڕاکێش و

گرنگن، بگەڕێین و بیاندۆزینەوە – وەکوو **شەڕەکەڵەشێر**[٣٥] لای خەڵکی بالی- کە لە سۆنگەی ئەو خەڵکەوە فامستیان بکەێن و لێیان تێبگەین، سەرەڕای ئەمە پێویستە ئەوە بزانین کە ناوئاخنی ئەو دەقانە چ ڕاستیگەلێک سەبارەت بە بەشەکانی دیکی کۆمەڵگە بۆ ئێمە ڕوون دەکەنەوە"(ماناگن و جاست لە زاری گیرتز، ١٣٩٨: ٦٥)

گیرتز پێی وایە شەڕەکەڵەشێر وەکوو دەقێکی فەرهەنگیی تایبەت بە خەڵکی بالی سەرەڕای ئەوەی وەکوو گەمە و ڕابواردنێکی فۆلکلۆر چاوی لێ دەکرێت، هاوکات نیشانەیەکە کە هێما و واتای جیاوازی لێ دەکەوێتەوە؛ وەکوو پیاوسالاری و وزەی جینسی، سیستەمی چینایەتی و هەروەها پرستیژی کۆمەڵایەتی، ئالۆویرێکی ئابووری و هتد. کۆمەڵێک لەو واتایانەی کە گیرتز(١٣٩٩) بۆ فەرهەنگ ڕەچاوی دەکات بریتین لە:

بیر و هزر، بایەخەکان، کردەوەکان و تەنانەت سۆزدارییەکانمان، وەکوو خودی سیستەمی عەسەبیمان، بەرهەمهێنراوێکی فەرهەنگین (ل ٧٣)، فەرهەنگ وەکوو زنجیرە ئامادەکارییەکی هێمایین بۆ چاوەدێریی لەسەر کردار و هەروەها سەرچاوەی زانیارییەکانی سەرەوەی جەستە[٣٦]، پەیوەندیی لەنێوان ئەو شتەی مرۆڤەکان لە بنەمادا بەوە ببن و ئەو شتەی کە لە ڕاستیدا هەن، پێک دەهێنێت. (هەمان، ل ٧٥) ، فەرهەنگ دیاردەیەکی گشتییە، هەروەها کە واتایش گشتییە... فەرهەنگ بریتییە لە پێکهاتەکانی واتا کە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی سەقامگرتوو بوون. (هەمان، ل ٢١)، فەرهەنگ واتە سیستەمێک تێکچنراو لەو نیشانانەی کە دەکرێ ڕاڤە و خوێندنەوەیان لەسەر بکرێت. (هەمان، ل ٢٣) فامستی فەرهەنگی هەر قەومێک، ڕێسامەندیی ئەو قەومە ئاشکرا دەکات. (هەمان، ل ٢٤) مرۆڤبوون هەمان جاوەیی بوونە... (هەمان، ل ٧٦)

### ئیتۆس[٣٧] و جیهانبینی[٣٨]:

ئیتۆس وشەیەکی یۆنانییە کە بەگشتی بە واتای کەسایەتییە و خوو و ڕەوشتی کەسەکان و هەروەها دەربڕینی هەست و کاریگەریی لەسەر بەردەنگ دەنوێنێتەوە. لای گیرتز ئێتۆس ئاماژەیەکی فەرهەنگی و قەومناسانە دەگرێتە خۆی و وەکوو کۆی هەست و بایەخە ئاکاری و جوانناسانەکان پێناسە دەکرێت. "ئیتۆس یان خوو و ڕەوشتی هەر قەومێک بریتییە لە جۆری دەربڕین، تایبەتمەندی و چۆنییەتی ژیان، ستایل و شێوازی ئەخلاقی و جوانناسانەیان؛ کەوایە ئیتۆس هەمان تێڕوانینی سەرەکیی مرۆڤەکانە لە پەیوەندی لەگەڵ خۆیان و ئەو جیهانەی تێیدا دەژین. یەکێک لە پوختەکانی ڕەهەندی ئاکاری و جوانناسانەی هەر فەرهەنگێک و هەروەها توخمە بایەخدانەرەکانی، بەگشتی لە زاراوەی ئیتۆسدا چڕ کراوەتەوە، لە حاڵێکدا لایەنە ناسێنکاری و هەبوونییەکانی بە زاراوەی "جیهانبینی[٣٩]" پێناسە دەکرێت... جیهانبینیی هەر کۆمەڵێک واتە ئەو وێنەیە کە سەبارەت



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بە هەبوونی ڕووتی دیاردەکان، چەمکی سرووشت، خود و کۆمەڵگاکەیان لە بیریاندا جێی گرتووە"(هەمان، ١٦٥ &١٦٦).

بە بڕوای گیرتز ئیتۆس یان پێکهاتەی هەست و بایەخ و ڕەوشتەکانی هەر کۆمەڵگەیەک، هەڵسوکەوت و جۆری بەرەوڕووبوونەوەی ئەو کۆمەڵگەیە لە ئاست جیهان و دەورووبەر دیاری دەکەن، کەوایە بەها ئاکارییەکان، لە جیهانبینی و ڕوانگەی گشتی کۆمەڵگەدا ڕەنگدانەوەیان دەبێت.

**پێشینەی توێژینەوە:**

سەبارەت بە بەراوردکردنی مەتەڵ و پەندی کوردی و عەرەبی لە بواری بایەخ و بەها ئاکارییەکانەوە کتێب یان وتارێکی هاوشێوە کە لەگەڵ تەواوی ئامانج و پرسیارەکانی توێژینەوەکەی ئێمەدا بێتەوە بەرهەم نەهاتووە و ئەم توێژینەوەیە لەم بابەتەوە نووسینێکی دەسپێکە. بەڵام بە گشتی هەوڵی بەراوردکردنی مەتەڵی کوردی و عەرەبی لە ئارادا بووە و لایەنی جیاوازی لەخۆ گرتووە. موستەفایی‌ڕاد(١٣٩١) لە نامەی ماستەرەکەیدا لەژێر ناوی "لێکدانەوەی بەراوردکارانەی مەتەڵە کوردی و عەرەبییەکان" بە میتۆدی شیکارانە-وەسفی، ناوەرۆک و واتای مەتەڵەکانی کۆڵیوەتەوە و جیاوازی چەشنی مەتەڵی لەگەڵ شێوازەکانی تر وەکوو کینایە و دەستەواژە نەریتییەکان و لێکچووەمەتەڵەکان دیاری کردووە. هەروەها ئەم نامەیە مەتەڵی کوردی و عەرەبیی لە بواری بێژە و چەمک و ناوئاخنەوە بەراورد کردووە و بەو ئاکامە گەیشتووە کە نزیکی و هاوشێوەیی ئەم دوو بوارە بۆ پەیوەندی، نزیکیی جوگرافیایی و کارلێکگەریی فەرهەنگی دەگەڕێتەوە و لەم بابەتەوە کاریگەریی وەرگرتنی مەتەڵی کوردی لە مەتەڵی عەرەبی بە هۆی هەژمۆنیی فەرهەنگی عەرەبی لە سەردەمی خۆیدا زۆرتر بووە. قاسمی و ئاغایی لە وتارەکەیاندا، "لێکدانەوەی بەراوردکارانەی مەتەڵ و مەتەڵنوێنە عەرەبی و کوردییەکان لە مجمع‌الامثالی مەیدانی و پەندی مەلا غەفوور دەباغی"دا(١٣٩٩)، بە میتۆدی شیکارانی-وەسفی مەتەڵی کوردی و عەرەبییان لەو دوو کتێبەدا لە بواری شێوازی وشەکان، ناوەرۆک و ناوئاخنەکانیان بەراورد کردووە. ئەم وتارە بەو ئاکامە گەیشتووە کە هەندێ لە مەتەڵەکانی ئەم دوو کتێبە لە بواری چەمکی و وشەوانییەوە هاوشێوەن و هۆکارەکانی ئەم لێکچوونەش لە ئاستی گشتیدا بۆ نزیکیی فەرهەنگی کورد و عەرەب و هاوتەنیشتبوون لە باری جوگرافییەوە دەگەڕێتەوە و لە ئاستی تایبەتدا پەیوەندی بە کاریگەریی وەرگرتنی کتێبی پەندی پێشینیانی دەباغی لە کتێبی مجمع الامثالی مەیدانی هەیە. شیرخانی، شوهانی و ئەحمەدی‌خواه(١٤٠٠) لە وتارەکەیاندا لە ژێرناوی "لێکدانەوەی بەراوردکارانەی دەربڕین و واتا لە مەتەڵی کوردیی ئیلامی و عەرەبی"دا بە میتۆدی شیکارانە-وەسفی و بەشێوەی کتێبخانەیی هەوڵیان داوە هاوبەشی و جیاوازییەکانی لایەنی دەربڕینەرانە و واتایی لەنێو مەتەڵی کوردی ئیلامی و عەرەبی دیاری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

بکەن. بەرئەنجامی توێژینەوەکە بەم شێوەیە: هاوشێوەیی تەواو لە بواری وشەوانی و ناوەرۆک لە هەندێ لە مەتەڵەکاندا، گومانی وەرگێڕانی ئەو مەتەڵانە لە زمانی بەرانبەر دروست دەکات؛ هەروەها لێکچوونی ڕێژەیی لە هاوبەشیی واتاییی برێک لە مەتەڵەکان، ئەگەری ڕاگوێزرانی ئەو مەتەڵانە بە هەندێ گۆڕانکارییەوە نیشان ئەدات و لە کۆتاییدا ئەو مەتەڵانەی تەنیا خاوەنی هاوبەشیی واتایین، دەکرێ دەرئەنجامی بەرهەمهاتنی هاوتەریب و بەرانبەریان بێت بە هۆی لێکچوونی فەرهەنگی، جوگرافیایی و ئایینی دوو نەتەوەی کورد و عەرەب. خەسرەوی، فەتحیئێرانشاهی و کەرەمپوور(١٣٩٦) لە وتاری "لێکدانەوەی بەراوردکارانەی مەتەڵی عەرەبی و لەکی"، ٣١ بابەتی پەیوەندیدار بە پرسی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییان وەکوو پێوەر بۆ هەڵبژاردنی مەتەڵەکان ڕەچاو کردووە. بەرئەنجامی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە ئاراستە و تیڕوانینی هاوشێوە تا ڕادەیەکی زۆر لەنێو مەتەڵی عەرەبی و لەکی لەو بابەتە کۆمەڵایەتی و ئاکارییە ئاماژەپێدراوانەدا دەبینرێت و ئەمەش نزیکی فەرهەنگی و پەیوەندیی مێژوویی ئەم دوو بەستێنە فەرهەنگییە نیشان دەدات. مستەفا عەباس(٢٠١٢) لە وتاری خوێندنەوەیەکی واتاناسانەی ئیدیۆم لە ئینگلیزی و کوردیدا لە ڕەگەزە هاوبەش و جیاوازەکانی پێکهاتەی واتایی دەربڕینی ئیدیۆمەکان کۆڵیوەتەوە و بەو ئاکامە گەیشتووە کە بە هۆی جیاوازی سەرچاوە و بەستێنی ئیدیۆم لە دوو زمانی کوردی و ئینگلیزیدا، شێوازی جیاوازی دەربڕین بۆ ئاماژەکردن بە بابەتی هاوبەش ڕەچاو کراوە. هەروەها مەولوود(٢٠١٧) لە تێزەکەیدا لەژێر ناوی "ئیدیۆمی تایبەت بە ئاژەڵەکان لە دوو زمانی کوردی و ئینگلیزیدا(هەندێ پێشنیاری فێرکارانە)"، بە خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە شەش ئاژەڵی لە لە بەستێنی ئیدیۆمی کوردی و ئینگلیزی هەڵسەنگاندووە و هەوڵی داوە لە باری ڕێزمانی و واتاناسانەوە جیاوازی و لێکچوونەکانیان بدۆزێتەوە. بەپێی مەبەستی لێکۆڵینەوەکە، توێژەر جەختی کردووەتە سەر دۆخی بەرەورووبوونەوەی فێرخوازی کورد لەگەڵ ئیدیۆمی ئینگلیزی و کێشەکانی تێگەیشتن و فامکردنی واتا و مەبەستەکانیان. یەکێ لە بەرئەنجامە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە گەیشتن بە دەوری فەرهەنگ و واتا و نیشانەکانی ئەو فەرهەنگە لە تێگەیشتنی ئیدیۆمی تایبەت بەو فەرهەنگەیە.

بەگشتی کۆی ئەم توێژینەوانە ئەگەرچی هەرکام لە ڕەهەندێکەوە بەراوردی مەتەڵی کوردی و عەرەبییان کردووە بەڵام ڕاستەوخۆ نەپەرژاونەتە سەر دەرهاوێشتنی بایەخ و بەها ئەخلاقییەکان لە بەستێنی مەتەڵ و پەند و هەروەها هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی دەربڕین و بیچمگرتنی جیهانبینی و تێڕوانینی گشتیی ئەو دوو نەتەوەیە لە چوارچێوەی ئەو شێوازە لە ئەدەبی زارەکی. هەروەها ئەم توێژینەوانە لە چوارچێوەیەکی تیۆریک و میتۆدێکی شیکارانەی تایبەت بو خوێندنەوەی دەقی ئەو مەتەڵانە یان هەر کەڵکیان نەگرتووە یان بە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

شێوەیەکی لاوەکی و لاواز کەڵکیان گرتووە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات سەرەڕای دەرهاوێشتن و بەراوردکردنی بایەخ و بەها ئاکارییەکان بەپێی پۆلێنبەندییەکی تایبەتی ستاندارد، لە چوارچێوەی تیۆریی ئانترۆپۆلۆجی فەرهەنگی و زمانی؛ڕوانگەی گیرتز، بۆ لێکدانەوە و شیکاری دەقی مەتەڵەکان کەڵک وەربگرێت و بەپێی میتۆدی وەسفی تۆکمە و شیتەڵکارانە، خوێندنەوەی دەیتا دەرهاوێشتەکان بکات. هەروەها بەپێی ئەم میتۆدە چۆنایەتییە، لە شیکردنەوەی دەیتاکاندا هەموو وردەکاری و بابەتە هەستیارەکان بەپێی کانتێکستی دۆخ و بەستێنی فەرهەنگی ڕەچاو دەکرێت. هەروەها بەپێی کاریگەریی بایەخە ئاکارییەکان لەسەر جیهانبینی گشتیی، بەراوردێک لە نێوان جیهانبینیی گشتیی بەرئەنجامگرتووی بەها ئەخلاقییەکانی کورد و عەرەب دێتە ئاراوە و جیاوازی و هاوبەشییەکان لەم بابەتەوە دەبینرێتەوە.

**میتۆدی توێژینەوە:**

میتۆدی ئەم توێژینەوە میتۆدی وەسفی-شیکارییە و بەپێی تایبەتمەندی و جۆری دەیتاکانی لە خانەی میتۆدی چۆنیەتیدا پۆلینبەندی دەکرێت. لە میتۆدی چۆنیەتیدا هەوڵ دەدرێت وەسف و شیکارییەکی بەپێز و قووڵبینانە لە بابەتی توێژینەوە بەرهەم بهێنرێت و هەموو ڕەهەند و لایەنەکانی بابەتەکە ببینرێت. "ئەو توێژینەوانەی بەپێی میتۆدی چۆنیەتی دێنە بەرهەم، لە زمانی سرووشتیدا دەنوێنرێنەوە، نموونەی چکۆلە و سنووردار تێیدا بەکار دەهێنرێت، هەروەها نموونەهەڵگرتنەکانی هەڵبژێردراو و مەبەستمەندانەیە، زۆرتر جەخت لەسەر نموونەی تاکەکان، ڕووداوەکان، و بەستێنە تایبەتەکان دەکەن و بەرەوە ستایلێکی ئەتنۆگرافی لە شیکاری دەچنە پێش"(Gerring, 2017). لە خوێندنەوەی چۆنیەتیدا بایەخ دەدرێت بە ژین-جیهان[٤٠]ـە فرەچەشنەکانی ئەوڕۆ کە پێناسە و دابەزاندنیان لە ڕێسایەکی یەکتا و یەکجۆردا ئەستەمە و هەروەها دەنگدارکردنی بێدەنگەکان و بەزاردەرهێنانی سووژە ژێردەستە و پەراوێزخراوەکان کە ئامادەیی و دەرکەوتنیان لە فەرهەنگی هەموانەکی و ئەدەبی زارەکیدا بە خەستی دەبینرێت. "یەکێ لە میتۆدە گرنگەکانی لێکۆڵینەوە لە بواری لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆرناسیدا، میتۆدی چۆنیەتییە؛ لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە زەینی، هێمایین، تێکەڵ لەگەڵ نیشانەکان و واتاسازی و واتادارییە"(ساروخانی، ١٣٨٦: ١١).

شیکاریی دەیتای چۆنایەتی بە پێچەوانەی شیکاریی دەیتا لە میتۆدی چەندایەتیدا، دەیتاکان بە هەژمار و پێوانەی هەژماری بەراورد ناکات، بەڵکوو وەکوو پێوانەیەکی واتایی دەیانبینێت و هەوڵ ئەدات مۆدێل و **'سەرچەشن'**[٤١]"ێک لە دەیتاکاندا هەڵبهێنجێنێت. شیکاریی دەیتا لە ڕێڕەوی چۆنایەتیدا لە مەیدانی ئاوەز و ئاگایی و گوتار و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

گێڕانەوەکاندا، بە مەبەستی دۆزینەوە و دەرهاوێشتنی مۆدێلێکی واتایی هەوڵ بۆ ناسینی قووڵی نموونەی تایبەت دەدات. ئەم ڕێبازە هەروەها ڕێبازێکی دەروونفامانە[٤٢]یە کە شتەکان لە ڕوانگەی بکەر و ناسێنکارەوە دەبینێت و هەوڵ دەدات شیکارییەکی دەروونبینانە[٤٣] مسۆگەر بکات.

"بە گشتی، توێژینەوەی چۆنایەتی ئاراستەیەکی ڕاڤەخوازانە وێنا دەکات کە، لەسەر ڕەوتە ئاڵۆز و هەستیارەکانی چێکردن و پاراستنی واتا جەخت دەکەن. توێژینەوەی چۆنایەتی مەبەستی ئەوەیە سرووشتی گرێدراو بە کانتێکستی ئەزموون و کردەوەکان دەربهاوێت و لێیان تێ بگات، هەروەها هەوڵ دەدات ئەو شیکارییانە پەرە پێ بدات کە وردەکارانە، تۆکمە و تێکچنراون(بە واتای پەیوەندیی ڕاڤە و ڕووداوە تاکانەکان لەگەڵ سیستەم و سەرچەشنی گەورەتردا)... میتۆدی چۆنایەتی ڕوانگەیەکی هەستیارانە و هوشیارانە سەبارەت بەوەی کە خەڵک چۆن لە ئەزموونەکانی خۆیان تێدەگەن و بە چ شێوەیەک واتای پێ دەبەخشن دەستەبەر دەکات، کە بێگومان ئەم پێگەیشتنە لە میتۆدەکانی ترەوە دەستەبەر ناکرێت( Liamputtong & Ezzy, 2001, P. 1&4)".(see Rice 1996a, 1996b, for example)

چوارچێوەی گشتیی میتۆدی ئەم توێژینەوەیە واتە ڕاڤەگەریی هێماییین و واتاخوازانە، لە بەستێنی تیۆری ئانترۆپۆلۆژیی فەرهەنگی و زمانناسانە ئاخێزی گرتووە، کە لەسەر دەستی کلیفۆرد گیرتز وەکوو میتۆدێکی تایبەت بە نێوی وەسفکردنی تۆکمە ناودێر کراوە. وەسفی تۆکمە خوێندنەوە و لێکدانەوەیەکی شیتەڵکارانە و چەندتوێژاڵییە کە لە چەند قۆناغدا دەگاتە ئەنجام، سەرەتا دەقەکان دیاری دەکرێن، دواتر بە تێڕوانینێکی ئێمیک لە دەقەکان قووڵ دەبینەوە و ئەزموونێکی نزیک دەستەبەر دەکەین، پاشتر ڕاڤە و شیکارییەکی هەمە لایەنەی هەموو بەشە جیاوازەکانی دەق دەکرێت؛ و ئەم کارە درێژەی دەبێت تاکوو تەواوکۆیی و لێوانلێویی وەسفی بێتە ئاراوە. لە قۆناغی دواتردا سیستەمی واتایی دەق ئاشکرا دەکرێت و تەواوی هێما و نیشانە و پەیوەندییەکان لە بەستێنی تایبەتی خۆیاندا ڕەچاو دەکرێن. لە کۆتا قۆناغدا توێژە جیاوازەکانی دەق هەڵدەدرێنەوە و واتا و هێمای جیاواز لە ئاکامی وەسفکردنی تۆکمەدا ئاشکرا دەکرێت.

لەم توێژینەوەیەدا بەپێی نموونەهەڵگرتنی مەبەستمەند، لە کۆی ئەو مەتەڵە کوردی و عەرەبییانەی کە بەها ئەخلاقییەکانیاکان لەخۆ گرتووە، ڕادەی ١٤ مەتەڵ، لە سەرچاوە نووسراوەکانی تایبەت بە مەتەڵ و پەندی کوردی و عەرەبی هەڵبژێردراوە. هەروەها بەپێی پێوەرێکی تایبەت(مورادی و محەمەدیفەر، ١٣٩٩)، هەڵبژاردن و دابەشکردنی بەها ئەخلاقییەکان لە دوو بەشی پاشهاتی و ڕێساییدا بە ئەنجام گەیشتووە. ئەم دابەشکارییە بەم شێوەیە:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەشی پاشهاتی:

**پەیوەندی لەگەڵ سرووشت و دەورووبەر، پەیوەندی لەگەڵ ئەویدی و پەیوەندی لەگەڵ خۆ**

بەشی ڕێسایی:

- کەماڵخوازی: ئایدیالی ئاکاری و پەرۆشی لە ئاست هەڵە و خراپەکارییەکان
- پارێز و دووری لە کردەوەی ناشایست: فریودان، کەمتەرخەمی لە ئاست کەسەکان، دەست نەبردن بۆ کاری چاکە، تەوەزلی، فرەخۆری، کرداری قیزەون، ڕەچاو نەکردنی تەمیسی و دەستووری تەندرووستی، خۆبەزلزانین و هەلپەرستی
- فەزیلەتە ئاکارییەکان: هاوخەمی، توانایی، دڵسۆزی و هێمنی
- لێبوردەیی: لێبوردن و گەردنئازایی
- سپاسگوزاری: سپاسکردن لە کەسەکان، منەتباری، قەرزداری و هەستکردن بە ئەرک
- شوناسی ئاکاری(تایبەتمەندی و بنەمای ئاکاری): ئینساف، دڵفراوانی و دەستئاوەڵایی، هاوڕێیەتی، بەکەڵک بوون، ڕاستبێژی، میهرەبانی، ئەمەگناسی، خلوس و ڕێزلێنان، ئەم توێژینەوەیە بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازی کۆکردنەوەی کتێبخانەیی-بەڵگەنامەیی، و بە نموونەهەڵگرتنی مەبەستمەندانە، ڕادەی ١٤ مەتەڵی کوردی و عەرەبی هەڵدەبژێرێت کە داگری بایەخە ئاکارییەکانی ئاماژەپێدراوی ئەم توێژینەوە بن. پاشتر بەپێی تیۆریی ئانترۆپۆلۆجی فەرهەنگی و زمانی و لە ڕێگای میتۆدی شیکاریی وەسفکردنی تۆکمە، خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە لە نێوان ئەو مەتەڵە کوردی و عەرەبییانەی هەڵبژێردراون ئەنجام دەدرێت. لێرەوە بەپێی ئامانجەکان و هەروەها پرسیارەکانی توێژینەوە هەوڵ دەدرێت لایەنە هاوبەش و هەروەها جیاوازەکانی پێگە و ئاڕاستەی ئاکار لە مەتەڵ لە دوو زمانی کوردی و عەرەبیدا ڕوون بکرێتەوە.

## ئاکام و شیکاری[٤٤]:

١- مەتەڵە پاشهاتییەکانی پەیوەندیدار لەگەڵ سرووشت: بێ دوو دڵی سرووشت و ئە و شتانە ی وا سرووشتیان پێک هێناوە لە ناخ و دە روونی مرۆڤایە تیدا نەک وە ک شوێن، بە ڵکوو وە ک بە شێک لە هە بوونی مرۆڤە کان لە مە عنە ویات و بیرە وە ری و سۆز و هە ستیاندا جێگایان هە یە. مرۆڤە کان بە شێک لە وجوود و هە بوونی خۆیان لە سرووشتدا دیوە تە وە و هە ر بە م هۆیە لە زمانی گشتییاندا کە ماناکانیان بێچم داوە تایبە ت بە سرووشتیش ماناگە لێکیان بێچم داوە کە ڕوانینی گشتی و کۆییان بۆ سرووشت وە دە ر دە خات.

ڕستەیەکی حەکیمانەی عەرەبی دەڵێت: ازرع و لا تقطع، تملأ الشجرة الدنيا بهجة و جمالا(madrasati.com). مە تە ڵێکی تر دە ڵێت: هنيئا ً لک يا زارع الشجر يا قاطع الثمر(حکم نت).

لێکۆڵینەوە ی حیکمەت و مەتەڵەکان: دار بچێنە و دار مە بڕە لە بە ر ئە وە ی دار، جیهان پڕ لە خۆشی و جوانی ئە کات. ئە ویتر دە ڵێت: خۆش بە حاڵی ئە و کە سە ی دار دە چێنێت و بە رو بومیان دە چنێت. ئە م بە ستێن و ژینگە یە ی مە تە ڵە کان سە بارە ت بە ئە و دە دوێن، جوانی جیهانی لە هە بوونی داردا بینیوە و لە ڕوانگە یە کی گشتیە وە چاندنی دار و چنینی بە روبۆمی وە ک ئامانجێک چاو لێکردوە. مرۆڤ تە وە ر بوون لە هە ر دوو مە تە ڵە کە دا بە دی دە کرێت و بە شێوازێک بابە تی ئینسانی و جێگە پێی ئینسانی لە ئاوە دانی یان وێرانی دا دە بینرێت. لە ئێرە دا دوو جۆر کردە کارهە یە ، کردە کاری مرۆڤی و کردە کاری نامرۆڤی یان هە مان دارە کان. کردە کاری مرۆڤی لە هە مان کاتدا کە دە توانێت لە ژینگە دا بە چاندنی دار ئاوەدانی پێک بهێنێت دە توانێت بە بڕینیان وێرانی پێک بێنێت. ڕە وڵی مرۆڤانە لە م دوو حیکمە ت و مە تە ڵە دا بەدی دەکرێت. لایە نێکی دیکە ی مرۆڤ تە وەربوونی مەتەڵەکان پاشهاتی بوونی بۆ مرۆڤ خۆیە تی کە لە هە ردوو بابە تەکە دا گە شی و جوانی و بە رووبووم زۆرتر لە وە ی بە پەیوەندی لەگەڵ سرووشت ببینێت هاوتە ریب لە گە ڵ بە ر ژە وە ندی مرۆڤ بینیویەتی.

مە تە ڵێکی کوردی دە ڵێت: ئە و کە سە ی دار نانێت لە سێبە ریش دا ناخە وێت( مە تە ڵە کوردیە کان.نت)

شرۆڤە ی مە تە ڵ: بە هۆی هاتنی وشە کانی چاندن و خە وتن هاتنی کردە یە کی بە مە رج و وە ڵامێک بۆی دە بینین کە لە وڵامی چاندندا خە ون و ئاسایشی مرۆڤ دە ر کە وتوە کە دیسان لە م مە تە ڵە کوردییە یش دا مرۆڤ تە وە ر بوون بە ڕوونی دە بینین. بە و مانایە ئاوە دانی ژینگە و چاندنی دار بە و هۆیە نیە کە ژینگە بێ مرۆڤ خۆی جێگە و پێگە و حورمە تی تایبە تی خۆی هە یە و وە ک بوونە وە رێکی کە سایە تی دار و ڕێز دار بە رە و ڕووی ببینە وە، بە ڵکو بە و هۆیە یە کە ئاسایش و ئاسودە یی مرۆڤە کان خۆی لە پێناوی هە بوونی ژینگە یە کی جوانو پڕ دار و دە وە ن مسۆگە ر دە بێت بە شێوازێک لە ئە گە ری نە بوونی دار و دە وە ندا مرۆڤیش خە ونێکی ئارام بە خۆ نابینێت. ئاساییە ئە م مە تە ڵە دە توانێت ڕووی لە هە موو مرۆڤە کان بێت کە لە پە نای ماڵ و لە حە وشە ی ماڵیان دا چاندنی دار سێبە ریان پێ پێشکە ش دە کات یان دە توانێت ڕووی لە جووتیاران بێت کە لە دە شتە پان و بە رینە کانی کشت و کاڵ دا ئە گە ر دارێکیان نە چاندبێت ناچار دە بن لە کاتی ئیش و پشوودانی کار دا لە ژێر هە تاوی بە تیین دا بمێننە وە. ئە م مە

ته ڵه یش مرۆڤ له ناوه ندی جیهان دا دا ده نێت و بابه ته کان له ژێر داخوازێه کانی مرۆڤ دا پێناسه ده کات. بگره له روانگه ی ده روون ناسییه وه بابه ته که به م شێوازه بێت که مرۆڤ تا ئه و کاته ی شتێک له چوار چێوه ی به ر ژه وه ندی یان زه ره ری خۆی نه بینێت هیچ هه وڵێکی بۆ نادات و به م جۆره چوار چێوه ی ئه م مه ته ڵه یش له درێژایی داخوازه مرۆڤیه کاندا جێی ده بێته وه و ده ڵێی ئه و جۆره بوونه وه ره کانیتر به س بۆ دابین کردنی پێ داویستیه مرۆییه کان کارکردیان هه یه. ئه م ڕوانگه مرۆڤ ته وه ره که له هه ر دوومه ته ڵی کوردی و عه ره بی بینیمان مرۆڤ له ده ره وه ی چوارچێوه ی سرووشت و ژینگه ده بینێت و ئه و جۆره بوونه وه ره کانیتری سرووشت له سه ر بینای داخوازی مرۆڤ ده توانێت بوون و نه بوونی هه بێت. هه ڵبه ت جگه له م تێڕوانینه ده کرێت به چاوێکی دیکه وه ئه م مه ته ڵانه له هه ر دو کولتووری عه ره بی و کوردی دا ببینین و ئه وه یش ئه وه یه له م مه ته ڵانه دا ئاماژه به پێوه ندی مرۆڤ لەگەڵ سرووشت دەکرێت به نێوه نجی کرده وه یه کی سرووشت پارێزانه وه وه کو دار چاندن. له م ئاماژه یه دا نیشانه ی دار وه کو به ر هه مێکی به نرخی سرووشت له ناوه ندی سه رنجدا دادەنرێ و هاو کات به شێوه یه کی داپۆشراو له ڕێگای واتایه کی نیوه شاراوه وه ئاماژه به به ستێنی جوگرافیی وڵاتێکی عه ره بی یان کوردستان ده کرێت. له وڵاته وشک و بیاوان و که م ئاوه کان دا ئاساییه ئه م مانایه بایه خی زۆرتری هه بێت و کوردوستان که کێو و دەر و ده شتەکانی به دار و دره خت دا پۆشراوه، تێڕوانینێکی باش بۆ مانه وه ی ئه م سه رچاو که ی به بایه خه ی ژیان هه یه. که وایه دار 'دال' ێکی ناوه ندیه و ژیان و به ر ده وام بوونی به جۆرێک وه کو ئه ر کێکی ئه خلاقی و کۆمه ڵایه تی ده نوێنرێته وه. لێره له مه ته ڵه کوردیه که دا باسی سێبه ری دار و له مه ته ڵه عه ره بیه که دا باسی به رووبوومی کراوه. له مه ته ڵه عه ره بیه که دا له ڕێگای به رووبوومه وه به ره و هه بوونی بایه خ دار به رز ده بێته وه و له مه ته ڵه کوردییه که دا له ڕێگای کارتێکردنی سێبه ره وه به ره و هه بوونێکی بەرز دەڕوات و واته له مەتەڵە کوردییەکەدا بایه خ به کۆی ڕەگەزی دره خت دراوه که به کۆی لق و پۆ و گه ڵاکانییه وه سێبه ری لێ ده که وێته وه، نه ته نێ دره ختی خاوه ن میوه و به ر هه می خواردن و له ڕێگای پێوه ندی له گه ڵ نیشانه کانی تردا وه کو سه ر سه وزی، حه سانه وه، پاراستن له هه مبه ر گه رما و هه وا به خشین به سرووشت و مرۆڤ جومگه به ندییه کی نیشانه ناسانه پێک ده هێنن و به نواندنه وه یه کی پۆزه تیڤ، به ر ده وام بوونی ژیانی دار گرێ ده ده نه وه به ئه ر ک و ویستێکی هۆشیارانه ی مرۆڤ و به گشتی کۆمه ڵگا له ڕێگای کرده وه ی چاندنه وه. هاو کات شکاندن، سووتاندن و ڕیشه کێش کردنی دار وه کو کرده وه یه کی ناجوامێرانه و دژ به ئاسایشی مرۆڤ ده نوێنێته وه. نیشانه ی دار و سێبه ر و سه مه ری دره خت له هه ر دووبه ستێنی ئه ده



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بی فولکلوری کوردی و عه ره بی دا هێما و ئاماژه ی خۆشی و ئاسایش و جوانی و سوڵح و ئاشتیه و له ئوستووره کانیش دا ئه م نیشانه یه به جۆرێ ده بێ به سیمبۆلێکی پیرۆز و پاک. بۆیه له هه ندێ ناوچه ی کوردوستان دار له شێوازی جیاواز دا گرێ ده درێته وه به کرده وه ی په ره ستن و پیرۆزی و قه بری شه خس و گه وره کان و زۆر جاران مرۆڤه کان وه کو ئایین و ڕێسایه کی نه ریتی هه وڵ بۆ زیندو هێشتن و پاراو کردن و دا پۆشینی ڕه گ و ڕیشاڵی دره خته کان به خاک ده ده ن. له ئوستووره عه ره بیه کانیش دا دره خت سیمبولی مه عریفه ت و ناسیین و تا هه تایی و به ر داوامیه ( ئیت باحسین، الثقافة الأمازيغية.نت). لێره دا له هه ر دوو مه ته ڵه که دا نیشانه ی سێبه ری دره خت و سیمبولی دار واتایه کی ئه خلاقی و په یامێکی ئاکار مه ند له پێناو دار چاندن و هه وڵ دان بۆ په ره پێدانی سه ر سه وزی و زیندوویی سرووشت به رهه م دێنن و پێوه ندی مرۆڤ له گه ڵ سرووشت به شێوه ی خزمه تی به رامبه رکێ و دوو لایه نێ مرۆڤ و سرووشت به ر ساز ده که ن.

٢- ئەو مەتەڵانەی پەیوەندییان لەگەڵ ئەویدی هەیە: دانانی هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندی تاکەکەسی مرۆڤ و بەرژەوەندی ئەویدی یان هە بوونی تێڕوانینێکی عادیلانە لە رووی ئینسافه وه بۆ ئه ویدی و نه یارانی خۆت، بابه تێکی ئه خلاقی و کۆمه ڵناسییه و سه باره ت به مه مه ته ڵه جۆراو جۆره کان له دوو کولتوری عه ره بی و کوردی دا بێچمی گرتوه، به ڵام به تێڕوانین له وه ی مه به ستی ئه م وتاره به شی فه زیله ته ئاکارییه کانی له پێش چاوی خۆی داناوه ته نێ ئه و مه ته ڵانه ی باس ده کرێن که ئه خلاقی جوانی پێوه ندی نێوان خۆتو ئه ویدی له دڵیدا حه شار دراوه. مه ته ڵێکی عەرەبی که بناغه یەکی عه ره بی هەیه دەڵێت: خير الناس من نفع الناس. به شێوازێکی تریش وتراوه: من اسعد الناس؟ من اسعد الناس ( على عبدالله، 1371: 336). واتاکه یان: باشترینی خه ڵک ئه و که سه یه بۆ خه ڵکی دی به سووده. به خته وه ر ترینی خه ڵک کێیه؟ که سێ که خه ڵکی به خته وه ر کردووه. هه ر وه ها له نێو شیعرێک دا ئاوه ها هاتوه: الناس للناس من بدو و من حصر بعض لبعض و إن لم يشعروا خدم (هه‌مان: 343). خه ڵکی له شاری و له گوندی به شێکیان خزمه ت به یه ک دی ده که ن ئه گه ر چی هه ستی پێ نه که ن. مه ته ڵێکی کوردیش ده ڵێت: فه رموویه هیچ که س به موسڵمانی: دوا کۆچێ ناکا له دونیای فانی مه گه ر ئه و که سه چی ده وێ بۆ خۆی بۆ خه ڵکی تریش بخوازێت وه ک خۆی ( ده بباغی، ١٣٩٤: ٨٣ و ٨٤).

له گه ڵ شنه فتنی ئه م جۆره ده نگ و مه ته ڵانه ئێمه له هه مبه ر کرده یه کی وتاری که به وێنه ی کرده وه یه کی ڕه فتاری کارتێکردنیان هه یه ڕاده وه ستین که کرده وه له گه ڵ کارکه ردێکی هونه ری نییه به ڵکوو له سه ره وه ی ڕاده وه ستێ،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

به جێگای كاریگه ری له سه ر زانسته كانمان، ئاماده بوونی ئێمه پڕ ده كه نه وه، بیروو باوه ره كانمان نیشانه ده گرن. ئاماده بوونی به هێز و ئوستووره بیان پێویستی به به ڵگه هاوردن و سوغرا و كوبرا كردن نییه و به جێگه ی ئه وه ی زانست خه لق بكه ن بیرو بڕوا ئه خولقێنن. ئاماده بوونێكه هه ڵهاتن لێی ناوومكینه. پێشتریش وترا كه مه ته ڵه كان له كۆمه ڵگه دا وه ك توخمێكی زیندوی كولتوری كار ده كه نو و پێشانده ری كرده یاسامه نده كان و بایه خه قبووڵ كراوو یاساییه كانن كه خه ڵك وه ریان گرتوون و كرده و بایه خه په سه ن كراوه كانی كۆمه ڵگا باس ده كه ن. له م مه ته ڵانه دا به سوود بوون بۆ خه ڵك و به خته وه ر كردنیان و خزمه ت كردنیان و داوای راستی و باشی و خه یر بۆ كه سه كانیتر، ئه و نیشانانه ن كه له ناوه ندی سرنجی مرۆڤه كان جێ ده گرن و ئه و 'دال' انه ن وا ده لاله تی درووستیان ئاكار مه ند بوونی مرۆڤه كانه. سیمبول و نیشانه ی مرۆڤ بوونیان خزمه ت به مرۆڤ ناساندوه و له هه ر دوو مه ته ڵه كه دا ئه ویدیان به نیگای ئینسافه وه چاو لێ كردووه. عه داله ت له نێوان خۆت و ئه ویدی خزمه ت به ئینسانه كان له به ستێنێك له دژایه تی و ناكۆك بوون بێچمی گرتوه كه له زۆرینه ی كۆمه ڵگاكان دا خۆ په ره ستی و سه رخستنی خۆت به سه ر ئینسانه كانی تر وه ك كرده وه یه كی ئاسایی له به رچاو گێردراوه . له تێپەڕبوونی زەمەندا بۆ هه بوونی ژیانێك كه ئاكار و ئه خلاق و مه عنه ویاتی جوانتری هه بێت خزمه ت كاری مرۆڤه كان و داخوازی خه یر و خۆشی بۆ هه موان وه ك ئامانج و ئاواتێكی خوازراوی لێ دێت و له زمانی خه ڵك و وێژمانی ئایینی دا به ره به ره ئه م بڕوایه شێوازێكی عه مه لی تر به خۆی ده بینێت و ده چنه چوارچێوه ی وتار و شیعر و مه ته ڵه وه تا بتوانرێت وێژمانێكی گشت گیرتر و هه مه لایه نه تری لێ درووس بكرێت. له نێوان خه ڵك دا ئه وانه ی كه خزمه تی زۆرتر به ئینسانه كانی تر ده كه ن و ئه ویدییان وه ك خۆ چاو لێ ده كه ن به سیمبول و نیشانه ی پاكی و مرۆڤایەتی ناو دەردەكەن. هه ر به م هۆیه پێوه ندییه كی بنه مایی له نێوان هه بوونی عه داله ت و خزمه ت كردن و خه یر خوازی بۆ خه ڵكانی دی و له نێوان ناوی باش ده ر كردن و به ناو بانگ بوون به شێوازێكی نادیار له كۆمه ڵگادا درووس ده بێت، به و مانایه ی ده نگ و ناوی باش به س ئه و كاته ی ده مێنێته وه كه مرۆڤ خاوه نی ئه و ئاكارانه بێت. مه ته ڵه كان له په ره پێدان و بڵاو كردنه وه ی ئاكاره درووسته كان رۆڵی گه وره یان هه بووه. بۆیه ئه م مه ته ڵه ده ر كه وتووانه ڕه وڵ و كارتێكردنی كولتوری و كۆمه لایه تی خۆیان هه ر وه ك یاسا و بایه خێكی جوان له كۆمه ڵگادا هه یه و به زۆرینه یش له سه ر ژیانی تاكه كه سی مرۆڤه كان كارتێكردنیان هه یه، وه ك لۆسین گۆڵدمه ن ئه ڵێت: مه ته ڵه كان ده نگ دانه وه و نیشانه یه كی ساكار له بیره كۆمه لایه تییه كان نین به ڵكوو به رده وام ئه یانه



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

وێت ئاستێکی سه رتر له هاو پێوه ندی نێوان مرۆڤه کان درووست بکه ن( سعیدی، INSANIYT: 3) ئه م وتانه پاشهاتیخوازن و ده ره نجامی کرده وه ی ئاوه ها بۆ داهاتوی کۆمه ڵگا و ژیانی مرۆڤایه تی له به ر چاویانه که ئه گه ر ئه م واتایانه له نێوان کۆمه ڵگادا جێ بگرێت و ده روونی بیێته وه، ژیانی مرۆڤایه تی بێ دوودڵی جوانتر ده بێت. له م مه ته ڵانه دا کۆی واتای ده رهێنراو له دوو زمانی کوردی و عه ره بی دا وێکچوویی زۆریان هه یه و بگره به ستێنی ئایینی هاوبه شی نێوان دوو زمانه که یه که ئاوه ها وێکچوواندنێکی خولقاندوه.

٣- مەتەڵ سەبارەت بە خۆ: خۆویستی و سەرترخستنی خۆت بە سەر خه ڵکانی دی و دیتنی عه یب و خه وشه ی که سانی تر و نه دیتنی عه یب و خه وشه ی خۆت، به زۆرینه له کۆمه ڵگاکان دا هه بووه و هێشتایش هه یه. هۆشیاری و خۆ ناسینه وه ی گشتی کۆمه ڵایه تی بۆ پێشگرتن له فراوان بوونی عه یب و خراپیه ئه خلاقیه کان به رهه ڵستی گوتاری ده خولقێنێت و له مه ته ڵه کان دا که کرده وه ی گوتاری ئاخێزراوی زه ینی گشتی و زمانی گشتی سه رچاوه گرتوو له ئه زمووتی ژیان کراوی کۆنی مرۆڤایه تییه، له گه ڵ ئه م دیارده یه دا به ره و روو ده بێت، ته نگەژەی بۆ درووس ده کات. مه ته ڵێکی عه ره بی ده ڵێت: من ذاالذی ترصی سجایاه کلها کفی المرء نبلا أن تعد معایبه (حریرچی، 1375: 302).

کێیه که هه موو تایبه ت مه ندییه کانی په سند کراوه بێت؟ بۆ مرۆڤ گه وره یی و زیره کی ئه وه نده به سه که عه یبه کانی بژمێردرێن. مه ته ڵێکی کوردیش ده ڵێت: هیچ گوڵێک بێ درِک نابێت و به نده یش بێ عه یب نابێت( به هرامی، ١٣٩٤: ٧٠).

له م دوو مەتەڵەدا که مەبەستیان مرۆڤ و ئاکاره کانیه تی جگه له ره هه نده کرده یی، ناسیینه وه یی و سۆزدارییه که ی، ره هه ندی ئاکاری و ئه خلاقیشی هه یه، بۆ ئه وه ی ئه و زانستا نه ی وا جێبه جێ ده که ن له ڕاستی دا ئه خلاقی کرده ییه. به م هۆیه سێ ماکی ئه خلاق، بڕوا و واقیع پێکه وه له م وته دا بوونیان هه یه. لێره دا به یارمه تی چه ند 'دال' هه رچه ن که میشن مه دلوولێکی گه وره ئاماده ده بێت. شتێک به یارمه تی ئه م " دال" انه ئاماده ده بێت، که ئاماده بوونێکی واتا دار و واتا سازه. له مه ته ڵه عه ره بیه که دا ناوه کانی( سجایا، نوبل، معایب) له گه ڵ ئه و فیعلانه ی پێشتر له ئه وان جێگایان گرتووه، نیشانه گه لێک بۆ ئاکاری مرۆڤن و دالی ناوه ندیان وشه ی مه عایبه که ئه گه رچی له بواری کاتییه وه له ڕسته که دا له دوای سه جایا هاتوه، به ڵام له بواری واتاوه هه مووی به ره و لای خۆی کێشاوه، به و هۆیه ی نیشانه کانیتر له په نای ئه م دا ڕێک و پێک بوون و بووه ته نوخته ی قورسایی و هاو ئاهه نگی به خشی ڕسته کان. له م مه ته ڵه دا ئاماژه به پێوه ندی مرۆڤایه تی مرۆڤ به دیتنی عه یبه کانی خۆی ده



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کرێت و ئه مه ی که به شێک له واقیع و سرووشتی هه ر مرۆڤێک زۆر جوان نییه. له به شی یه که می ڕسته که دا که ده ڵێت: هیچ مرۆڤێک ته واو نییه به نێوه نجی ئاکارێکی واقیع بینانه که دیتن و ژماردنی عه یبی خۆت بێت به ڵگه هێنانه وه یه کی زمنی ده کات تا به رده نگ ته واو بڕوا بێنێت که یه که م گوتاره که گوتارێکی زێده و زه به نده نییه. زانین و فام کردنی جه بری دوو لایه نه له م مه ته ڵه دا دێته وه بیر، به و هۆیه ی فێر ده بێت له ئه گه ری به شوێن گه ڕانی عه یبی خه ڵک دا، له شوێنی عه یبه کانی ده گه ڕێن. بۆیه باشتر وایه که چاوی له عه یبی خۆیه وه بێت. ئه م بیری جه بر و زۆره ملی دوو لایه نه له لایه ن مرۆڤه وه ئه بێته هۆی ڕاگرتن و ڕاوه ستاندنی کرده کانی مرۆڤ. بۆیه کرده وه ی تاک هه م له ڕێگای کرده وه ی پرۆسه کانی ناسین و هه م له گه ڵ خه ڵک دا، له ڕێگای ڕووداوه هه ژێنه ره کۆمه ڵایه تیه کانه وه که لایه نێکی ده ره وه بیان هه یه ڕاگیر ده کرێن که ئه م بیرۆکه یه جه بر خوازی و زۆره ملی دوو لایه نه یه. له مه ته ڵه کوردییه که دا داله کانی گوڵ و دڕک که واتای ده ر هاوێشته ی دژ به یه ک دێننه وه بیر خۆیان ئه و نیشانانه ن که سیمبول و نوێنه ری جوانی و ناحه زیه کانن که ئه و دوانه له په نای یه ک دا نیشان ده ده ن و له به ستێنێک له دژوازیه کاندا دیارده ی خۆیان به جوانی ده ناسێنن و له به شی دووهه می مه ته ڵه که دا دالی 'به نده' وه ک نیشانه یه ک له مه ته ڵه که دا که سیمبول و نوێنه ری هاوتایی و یه ک سانی مرۆڤه کانه له په نای وشه ی 'عه یب' که دالی هاونشینی به نده س به ساز کردنی هه ڵسه نگاندنێکی واتایی له گه‌ڵ گوڵ و دڕک دا له به شی ئه وه ڵی مه ته ڵه که دا پێوه ندییه کی جوانیناسانه ی خولقاندوه و به هه ر شێوازێک ئه و سرنجه ئه خلاقییه ی وا له دڵی دا حه شاردراوه له چه شنێکی ئەدەبیدا دەیهاوێژێته بیری بەردەنگه وه ، که پێشتر له وه ی چاوی له عه یبی که سه کانی دی بێت نیوه چاوێکی له عه یبه کانی خۆی بێت. باری واتایی و ناوه ڕۆکی هه ر دوو مه ته ڵه که تا راده یه ک وه ک یه کن و سرنجێکی ئاکاییان تێ دایه که بۆ ئه خلاقی مرۆڤایه تی یاسایه کی زۆر جوانه.

٤- مەتەڵەکانی تایبەت به کەماڵخوازی: مه ته ڵێکی عه ره بی هه یه که شیعرێکی ئیمامی شافعیه و به هۆی کێش و مۆسیقای جوان و دوو پات بۆونه وه ی زۆره وه بوه ته مه ته ڵ و ده فه رموێت: بقدر الكد تكتسب المعالی ومن طلب العلى سهر اللیالی و من رام العلا من غیر کد أضاع العمر فی طلب المحال( خفاجی، 1405: 108).

به قەد زەحمه ت و ڕه نج کێشان گه وره یی به ده س دێت و هه ر که سیش گه وره یی بوێت زۆرینه ی شه وه کان ناخه وێت. هه ر که سێک گه وره یی به بێ ڕه نج بخوازێت، ته مه نی له شوێن نامومکین دا ڕۆیشتووه. دوو مه ته ڵی کوردیش ده ڵێن: گه



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

وره یی خه رجی پێویسته مه گری: کێ بانی زۆره زۆرتره به فری: (ده بباغی: ٧٣) ، جیا له گه‌وره چووک شوێنی کێ که‌وێ گه‌وره‌یی ده‌ڵێن زۆری پێ ده‌وێ( ده بباغی:١٣٧)، مه ته‌ڵه‌کان له ئاراسته کردنی بیرو و هزری نه ته وایه تی و چۆنیه‌تی به‌ره‌وڕووبونه‌وه و هه‌ڵسووڕاندنی کار و چالاکییه ڕۆژانه و کۆمه‌لایه‌تییه‌کان، ئایین و بڕواکان که وه‌کوو شێوازێک هه ڵیان بژاردون تاکو جۆری ژیانیان پێوه پاڵ بده ن، به شدار بوون. له م دوو مه ته ڵه دا که سه باره ت به که مال خوازی و گه وره یی مرۆڤن، که مال و گه وره یی مرۆڤیان وه ک بابه تێکی سه خت و دژواز ناساندوه و مه رجی گه یشتن پێیان هه ڵگرتنی ره نجی زۆر له درێژخایه ن دایه. له مه‌ته‌ڵه عه‌ره‌بییه‌که‌دا داله‌کانی 'معالی'، 'علا' له نێوان داله کانی 'کد' ، 'سهراللیالی'، طلب المحال" پێکه وه بارێکی واتاییان درووس کردوه. مه دلوولی داله کان پێکه وه ناوه ڕۆک و واتایه کی گشتالتیان ساز کردووه که به شه ورده کان به ته نێ ناتوانن ئه و واتایه ده ر بهاوێژن. لێره دا نیشانه ی گه وره یی ره نج کێشان و شه و نه خه وتنه یه ک دوای یه که کانن و داله کانی 'کد' و 'سهراللیالی' که خۆیان لێره دا سیمبولی هه ڵگری ڕه نج و زه حمه تن، هاوڕێ و هاونشینی 'معالی' و 'علا'ن. ده ڵێت قه ده ر نیه له نه کێشانی ڕه نج و بێ خه وی دا بتوانی گه وره ببیت. له مه ته ڵه کوردییه که دا گه وره یی هاوڕێی ئه رک و هه ڵگری زه حمه ت پێشان دراوه. زۆرتر بوونی سه ربانه کان که نیشان ده ری ماڵ داری که سه کانه له گه ڵ زۆرتر بوونی به فر دا که له ناوچه شاخاوی و به فر گیره کانی کوردوستان له زستان له سه ر ده مه کانی کۆن دا خه ڵکی به ره وڕوی ره نج و زه حمه تی زۆر بۆ به فر ماڵین ده کرده وه پێکه وه هاتون تا کوو نیشان ده ری ئه وه بن هه میشه گه وره یی و زه حمه ت هاوڕێ بوون. دالی خه رج و مه دلووله که ی له گه ڵ گه وره ییدا واتایه ک ساز ده که ن که تیایدا گه وره یی له لیباسی هه ڵگری ره نج دا پێناسه کراوه و ئه ویش ماڵ خه رج کردن بۆ مرۆڤه کانی تره. له به شی دووهه می به یتی دووهه م دا هاتنی زه مه نی زۆر بۆ گه وره بۆون نیشان له ئه وه ئه دات که که مال خوازی و به ڕێبه ر بوونی خه ڵک ئاوێته ی هه ڵگری ره نج و مه ینه ت له درێژخایه ن دایه. لێره گه وره یی ده بێت به ئاخێز گه ی ژیان به خشی به مرۆڤه کان و هه روه ها ئاخێزگه ی جوانیه کی تایبه ته که ئه ویش قوربانی بوونه بۆ شوێن که وتووه کانی. ئه و به ستێنه ی ئه م مه ته ڵه کوردییه ی خولقاندوه ژینگه ی کوێستانی و سارد و سه ختی کوردوستان بووه که ئه زموونه ژین کراوه کانی خه ڵک و هزری گشتییان له زه مه نێکی دوور و درێژ دا بیرو و جیهان بینیه کی وای بۆ خولقاندون. که شو و هه وای زاڵ له سه ر ئه و ژینگه یه مرۆڤه کان تیایدا ژیاون زۆر گرینگه له به ر ئه وه ی مه ته ڵه کان له ژێر کاریگه ری هه مان ژینگه دا درووست کراون. له هه ر دوو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

زمانی کوردی و عه ره بیدا گه وره یيان له تابلۆیه کی نیشان ده ری ره نج و مه ینه ت دا نواندوه به لاّم هه ر کامیان به شێوه زارێک که سه ر چاوه گرتو له جێگای ژیانیان دایه.

٥- مه تەڵ سه بارەت به هەست کردن بەرپرسیارەتی: مه ته ڵێکی عه ره بی ده ڵێت: إذا كان إنت مير و أنا مير  من يسوق الحمير(قادة بورتان، 1987: 184).

ئه گه ر من و تۆ هه ر دووک پاشا بین کێ که ره که به ڕێوه ده بات؟. مه ته ڵێکی کوردیش ده ڵێت: من خان و تۆ خان کێ که ره که ببات بۆ سه ر ئاو؟( سێفی: ٥٧). وشه کانی ئه میر و خان له هه ر دوو مه ته ڵه که دا یه ک مانایان هه یه و نیشان له که سێک ده ده ن که ئیشێکی گه وره ی پێ ڕاسپێردراوه و به ر پرسیاره تی له ئه ستۆیه تی. خان و ئه میر که نوێنه ری گه وره یی و فه ر مانڕه واییین له په نای وشه ی که ر داهاتوه، ئه گه ر چی ئه م داله ده لاله ت و ڕێنوێنی له سه ر ژێر ده سته بوون ده کات به لاّم هاوکات له مه ته ڵه عه ره بیه که دا به واتای له ئه ستۆ گرتنی ئه رک دا به کار هاتوه و له مه ته ڵه کوردیه که دا به واتای ژێر ده سته و ئه و که سانه یه که به ر پرسیاریه تی پاراستنیان به ئه ستۆی خان دایه. هه ر دوو مه ته ڵه که وه بیر دێننه وه که به ر پرسیاریه تی به س یه ک ناوی به ده بده به و که ب که به نیه و گه وره یی و به رپرسیاریه تی له وێدا مانای هه یه که ئه رکه کانیان درووست ڕاپه ڕێنن. مه ته ڵێکی تری عه ره بی هه یه که ئه م واتایه ته واو ده کات و ئه ویش مه ته ڵی: سيد القوم خادمهم أو أشقاهم(میدانی، ج1: 537).

ئه م مه ته ڵه گه وره یی له خزمه ت کردن و هه ڵگرتنی ڕه نجی که سه کانێتر ده زانێت نه له پله و پاره دا. ئه و به ستێنه ی مه ته ڵه کان تێیدا ساز کراون نیشان له کۆمه ڵگایه ک ئه دات که ژیانی شوانکاره یی و ئه رباب و ره عیه تیان بوه و وشه کانی ئه میر و خان، نیشان ده ری خان و ئه ربابن و داله کانی حه میر و که ر نیشان ده ری ئه وه ن که له چوار پێ که ڵکیان وه ر گرتوه و ئه و خوازه یه ی تێیدا به کار هاتوه نیشان ده ری کۆمه ڵگایه کی شوانکاره ییه و پێوه ندی نێوان ڕسته کان له وێژمانێک دا بێچمی گرتوه که وێژمانی خان و هه ژاره و ئه و خانانه ی به ر پرسیاریه تی و ئه رکیان ڕانه په ڕاندبێت به شێوازێکی زیمنی لێره دا سه رکۆنه کراون.

٦- مەتەڵ سه بارەت دووره پەرێزی به ئاکاری خراپ: مەتەڵێکی عه ره بی ده ڵێت: إصطناع المعروف يقى مصارع السوء( میدانی، ج1: 616)

ئەم مەتەڵە هاوکات جێبەجێ کردنی کاری باش و ده ره نجامی کرده وه ی باش ده درکێنێت. ئه م مه ته ڵه پێنج وشه ی هه یه که پێکه وه هاتنیان تۆڕێکی له کرده وه ی باش و دووره په رێزی له ڕه فتاری خراپ خولقاندوه. وشه کانی إصطناع المعروف ده لاله



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ فەکۆلینێن کوردی

ت له ئه وه ده كه ن كه چاكه و باشی شیاوی ساز كردن و خولقاندنه و له ئه گه ری ئاماده بوونی واتای ئه م داله دا، مه دلوول و ده ره نجامێك به دی دێت كه ئه ویش پارێزراوی له فه وتان له هه ڵه و خه تا دایه و دالی كرده یی و فیعلی(یقی) ده لاله ت و ڕێنوێنی ئه وه ده كات كه چركه ساتی ئاماده بوونی كاری باش و چاك كاتی نه بوون و غه یبه تی كاری هه ڵه و خراپه، چونكوو چاكه خۆی سپه ڕی به رامبه ری خراپه یه. هاو كات خوێندنه وه یه كی تری ده قه كه پێمان ده ڵێت كاتێك هه ڵه كان ده ت فه وتێنن كه چاكه ت نه كردبێت و جێگای فه وتانی به شه ر له نێو هه ڵه و خراپیه كانی دایه و لێره دا دالی (مصارع) بۆ ئه وه ڕێنوینیمان ده كات و له یه ك چواندنێكی زیمنی دا له شوپهاندنی بابه ته مه عنه وییه كان به بابه ته مادییه كان، ڕووبه ڕوو بوونه وه له مه یدانی شه ڕی چاكه و خراپه، تابلۆیه ك ده خولقێت و له ئه گه ری هه بۆونی سپه ڕی چاكی و باشی له جێگای فه وتان دا له فه وتان و خراپی و ناڕاستی به سه لامه ت ئه مێنن. وشه ی (یقی) كه به مانای پاراستن دێت خۆی زۆرتر ڕه هه ندێكی مادی وه ك سپه ڕ هه یه، به ڵام لێره دا ده بێته جێنشینی بابه ته مه عنه وییه كان و وه ك بابه تێكی مه عنه وی بوونی مرۆڤ له ئازاری هه ڵه و لاڕیچوون ده پارێزێت پێوه ندیه ك كه له م مه ته ڵه دا ده بینرێت له دوالیزمی( معروف، سوء) وه له پێوه ندیه ك كه شته كان به دژبه ره كانیان ئه ناسێنێت بێچم ده گرێت. گریماس ده ڵێت: كه زانین و بڕوا پێ كردن، پێوه ندیان به جیهانێكی پێناسه كردن هه یه، ته نانه ت پێش له زانین بڕوا هه یه و بڕوا هه ڵگری زانینه (GREIMAS, 1983: 54). مه ته ڵ جگه له ڕه هه ندی پێناسه كردن كه كرده ی زانینی تێدا حه شار دراوه، به و واتایه به شێوازێكی زیمنی ده ڵێین: 'ئێوه بزانن كه كرده وه ی چاك ،ئێمه له فه وتان رزگار ده كات' كه ئه مه هه ڵگری بڕوایه كی كۆمه ڵایه تی و ئایینیه ، كه بناغه ی له تان و پۆی كولتوری، ئایینی و بڕوا دا هه یه و ته واو له پێشه وه ی زانینه و دیتر پێویست ناكات كه به ر ده نگ بۆ قبووڵی قانیع بكه ین و خودی دووپات بوونه وه یش بابه تێكی بڕوا خولقێنه. مه ته ڵێكی كوردیش ده ڵێت: تۆ چاكه بكه و له ئاوی هاوێ كه خودا ده د دا له سه حرا ئاوی( زارعی، 2010: 210).

لێره دا دالەكانی چاكه و ئاو له ئه وه ڵ و ئاخری مەتەڵەكەدا نیشاندەری جوانی ئاكاری مرۆڤ و ئاویش نیشان ده ری پاكی و ئاوه دانی و سیمبولی ژیان و ژیانه وه یه. له ئه گه ری ئاماده بوونی چاكه دا ئاوه دانی هه یه. چاكه له هه ر حاڵێك دا جوانه و پێویسته بكرێت و پێوه ندی به ژیانه و ئه گرێت و له دڵی ئه مه دا له گه ڵ پاكی ئاودا گرێ ده خوات و ئه ی هه وێت بێ بەرامبەر چاكه بكرێت چونكو له سەر ئەو باوه ڕه ن كه خودا له و شوێنه ی دا كه مرۆڤ زۆر موحتاجه به هۆی ئه و كاره چاكانه ی كه كردوییه تی به رامبه ری ده داته وه. لێره دا چونكو زمان بابه تێكی ئینسانیه له ئاخر دا له گه ڵ ئاویش



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

دا هه ر وه ک ئینسانێک به ره ورووه ده بێته وه و ئاویش وه ک مرۆڤێک ده بینێت که چاکه له مرۆڤێکیتر ده گرێت. له م بابه ته دا تێڕوانینی ئایینی هه یه و به و هۆیه ئێمه زۆرێک له کرده وه کانمان له بۆ گرتنی پاداشت یان چاوه ڕوانی و دووره په رێزی له ڕووداوه موشکیله سازه کان جێ به جێ ده که ین و کرده وه کانی ئێستا به چاو کردن له ده راوێشته کانی داهاتوو جێ به جێ ده کرێت.

٧- مەتەڵ سه بارەت به فریودانی خەڵک: له کۆمه ڵگای به شه ری دا فریو دانی خه ڵک و که ڵک وه ر گرتنی ناره وا به هه ر هۆکار و ڕێکارێک له دوای ئه وه ی بۆ خه ڵک ده ر که وت، رسوایان ده کرد و ئاسایی بوو له دوایی چه ن شتی وا هزری گشتی به زمانی گشتیه وه له به رامبه ری دا هه ڵوێستی زمانی بگرێت به شێوازێک که وتنه وه ی تیر و خه نجه رێک بوو له دڵی که سه فریو ده رو و ناپاکه کان. بگره بێچم گرتنی ئه م کرده گوتاریانه به درێژای زه مه ن هاوکات که ناقوس و گه رناڵی له خه و هه ستانی بۆ فریو نه خواردن به ده نگ هێناوه، بانگه شه ی گشتی بووه له به رامبه ر ناکه س و خراپه کانی رۆژگار دا.

مەتەڵێکی عەرەبی ده ڵێت: فم یسبح و ید تذبح( میدانی، 2003 ج2: 96). وه ک ناوه ڕۆکی ئه م مه ته ڵه، مه ته ڵێکی کوردیش ده ڵێت: شه ریکه دزه و ره فیقی قافڵه(مه ر دۆخ، ١٣٨٥، ج ١ : ١٠٦).

له مەتەڵە عەرەبیەکه دا له ئه ندامی له ش و زمانی له ش که ڵک وه ر گێردراوه و دالی (فم) ئامێری قسه کردنه وه ک سیمبول و نوێنه ری فریو دان نوێندراوه. چونکو ئه و شته ی له م ده مەدا به زماندا دێت ته نیا درۆ و فریوه. دالی (یسبح) وەک داپۆشێنه رێک له سه ر ئه و شته ی که له دڵی ناپاکدا هاتو و چۆ ده کات واتا به مه دلووله که ی خۆی ده دات. ئه و ده سه ی که ئامێر و نیشانه ی ئیش کردن و ڕه نج کێشانه و بینا له سه ر ئه وه ی دالی فم ته سبیحی تێدایه پێوەسته ده سیش هاوبه شی ئه م ده مه بێت، به ڵام به پێچه وانه ده سێکه که ئامێری کوشتنی له نێو دایه و خه ریکی بڕین و داتاشینی مافی که سانێتره. وشه ی (تذبح) وه ک خوازه ی ته به عیيه له واتای کوشتن و بڕینی ماڵی خه ڵکدا به کار هێنراوه. چه نێک زۆرن له مێژوو دا ئه وانه ی له ژێر ناوی دیندا ده س درێژیان بۆ ماڵ و مافی خه ڵک کردوه. مه ته ڵه که له دوو توێ خۆی دا ده ڵێت: ناپاکی کردن له لیباس و زمانی دین دا به ساکاری جێ به جێ ده بێت و ئه و زمانه ی به درۆ خۆ له تالیله کردن ده دات ده توانێت تفه نگێکی پێ بێت که گیان و ماڵی که سانێ تری نیشانه کردوه.

زۆر ڕوونه که ئه م مەتەڵە له به ستێنێکی کۆمەڵایه تیدا سەری دەرهێناوه که وێژمانه زاڵەکەی دین بووه و هەر بەم هۆیه له لیباسی دین دا له مێژوو دا ڕووداوی ئاوه ها زۆر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ فەکۆلینێن کوردی

بووه و هزری گشتی له به رامبه ری دا هه ڵوێستی فکری و عه قڵی هه بوه و له مه ترسییه کانی خه ڵکیان ئاگا دار کردۆته وه. له مه ته ڵه کوردیه که یش دا ده موو چاوی ئه و ناکه سانه یان ده ر خستوه که له یه ک قافڵه دا به ڕواڵه ت هاورێو هاو سه فه ری خه ڵکن و له هه مان کات دا هاوبه ش و شه ریکی ئه و تالآنچیانه ن که هه رکات ئه گه ری ئه وه هه یه هێرش که نه سه ر کاروانه که ، چه پاویان که ن. وشه ی ره فیق دالێکه که نیشان ده ری قه رابه ت و نزیکییه و سیمبولی هاودڵیه و که لێره دا ده بێت هاودڵی کاروان بێت. وشه ی شه ریکیش که ده لاله ت له هاوبه ش بوون له بابه تی خاس یا خراپدا ده کات له گه ڵ هاتنی وشه ی دز واتاکه ی ته واو ده بێت تا پێکه وه هاتنی ته نی چوار وشه له په نای یه کدا واتایه کی گه وره بێچم ده دات. به ستێنی ئه م مه ته ڵه له کۆمەڵگەیەکی کۆن دایە کە خەڵک بە کاروان بۆ کڕین و فرۆشتن و بازرگانی بۆ ئەم لاو ئەو لای جیهان دەڕۆیشتن تا پێداویستی خەڵک و هاوساکانیان دابین بکەن و بەم شێوازە هه م نانیان بۆ خۆیان ده ر هێناوه و هه ر وه هایش پێ داویستی خه ڵکانی تریان دا بین کردوه. له مه ته ڵه عه ره بیه که دا دوالیزمی عیباده ت و جینایه ت و له مه ته ڵه کوردیه که دا دوالیزمی ڕه فاقه ت و خیانه ت واتای مه دلوولی داله کانیان ته واو کردوه و له به ستێنێک له دژوازیدا مانای ته واویان نواندوه.

**بەرئەنجام**(٤٥):

خوێندنەوەنەوەی ئانترۆپۆلۆژیانەی پێگەی ئاکار لە فۆلکلۆری کوردی و عەرەبیدا، بەپێی ئامانجی سەرەکی چۆنیەتی هەڵوێستگرتن و کردارنواندنی لە ئاست خۆ، ئەویدی و سروشت و دەورووبەر، و هەروەها چۆنیەتی دەرکەوتن و ئاراستەنواندنی بەها ڕێساییەکانی ئاکار، واتە کەماڵخوازی، دووری لە کرداری ناشایست، فەزیلەتی ئاکاری، بەخشش و شوناسی ئاکاری لە مەتەڵی کوردی و عەرەبیدا و لە ڕێگای هەڵسەنگاندنیانەوە لەم توێژینەوەیەدا بەڕێوە چوو. ڕادەی هاوبەشیی دەربڕینی بایەخە پاشهاتی و ڕێساییەکانی ئاکار لە مەتەڵی کوردی و عەرەبیدا ئاماژەدەری ئەو ڕاستییەن کە پەیکەرێکی نیشانەیی لە ئارادایە کە بەپێی سنووری هاوبەش لە بواری ئایینی-مێژوویی و هەروەها جوگرافیایی-ناوچەییەوە، بایەخ و بەها ئاکارییەکان لە فیلتەرەکانەوە ئاڵوویر دەکات و بەپێی شێوازی فەرهەنگیی تایبەتیی خۆی دایدەڕێژێتەوە و بیچمبەندی دەکات.

هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی بایەخە پاشهاتییەکان لە نێو ئەو مەتەڵە کوردی و عەرەبیانەی کە پەیوەندی مرۆڤ لە گەڵ خۆ، سروشت و ئەویدی دەنوێننەوە ئەو ڕاستییەی ڕوون کردەوە کە نیشانە فەرهەنگی و هێما ئوستوورەییەکان لەم بەشەدا زۆرترین کاریگەرییان نواندووە. هەروەها بەستێنی جوگرافیی و باری کەش و هەوا وەکوو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

تێنە گوتن، نەقەولن بەهرا پتر لسەر(بەیتا) دئێنە حسابكرن، دبێژنە هەرسێ جورا (پشت پەردە) واتە تشێ ڤەشارتی و نەدیار"( رەشۆ، ٢٠١٣، ل ١٠٦). هەروەسا د بێژت ئەڤ هەرسی جۆر (خزێموك، پایزوك و رۆبارین) هەشتی سەبەقەنە ٤٠ ژێ پرسیارن و ٤٠ ێن دی بەرسڤن لی هەتا نوكە ب تنی ٧ سەبەقە ژ خزێموكا ٩ سەبەقە یان بەند ژ پایزۆكا و ١١ سەبەقە ژی رووبارینا هاتینە د ژێدەرێن جودا هاتین نڤیساندن " ( رەشۆ، ٢٠١٣، ل ١٠٨)

ا- **خزێموك:** ب جۆرەكێ سترانا فۆلكلۆری دهێتە هەژمارتن، ژبلی بابەتێ خزێمێ ئەو زێدەتر بەحسا دەروێش بابچاك و ئاماژەیێن پیرۆز یێن ئێزدییاتیێ دكەت. ( عەشقەكا قەلەندەران (عەشقەكا سوفییانە) یا راستەقینە تێدا دیاردبیت.ل هەمبەر بابەتێن دلداری، پێگوتنەك ل بەرامبەر خاس و بابچاكێن ئێزدی یان، ژئالیێ ناڤەرۆكێ ڤە بابەتێن ئۆلی و ئەڤینداری تێكەلی هەڤ دبن(حەسەن،٢٠١٣، ل٦٣ – ٦٤). تێكەلیا بابەتێ ئۆلی دگەل یێ ئەڤینداری، ئەڤینیێ بێ گونە دكەت، ئەڤ بێ گونهە ژی ژبەر هەبونا خوف و ئیمانێ یە د دلێ خلمەتكاراندا و هەروەسا پیرۆزیاخلمەت و ئەو جهێ لێ خلمەتێ دكەن.

....

**"چەندی خزێماتە زێرێ زەرە**

**بەند و تیررێژ دابو لالشا نورانی هەتا ب كوچكا تەتەرە**

**وللە و باللا و تللە هەر سێ ناڤێت خودێ نە**

**مە شێخەك دڤێت ژمالێت ئادیا،**

**پیرەكی حەقیقەتێ** (رەشۆ، ٢٠١٣، ل ١٠٧).

ب- **پاییزۆك:** سترانەكە خەمگین و فەلسەفییە، سترانبێژ ب حال و كاودانێت خو دبێژت ب ئاوازەكی پر سۆز و خەمگین خەم و كولێت خو دەردبریت، دكێش و سەروایێ دا سەربەستیەكە باش وەرگرتیە (جەعفەر، ٢٠١٧، ل ٥)..

**دەنگەك هات ژ عەزمانا**

**هنا دگوت "ملیاكەتن كەتنە پشت ئەورانە"**

**هنا دگوت"ڤێرینا مەمێ شڤانە"**

**هنا دگوت "دەنگێ رستم پەهلەڤانە"**

**هنا دگوت "جندیێ بوتا كاربو ژ زوزانا"**

**هنا دگوت "بەرانێ كوڤینە ل سەرێ سیپانێ خەلاتێ ب قوچا ل هەڤ د دانە"...** (dautomne,
(HAWAR, Hejmar 31. 1 tebax 1941. L779

پاییزۆك ل پاییزێ دهێنە گوتن، ل پاییزێ ژی ل دەمەكێ دیاركریدایە، ب چەند رۆژەكا بەری چەژنا جەمایێ، ژبەركو خلمەتكار ب قوناغا دهاتنە لالش ژبۆ سپیكرنا قوبێن



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

پەرستگەهێ، ئەڤان کەسان دبەرکارێ خوەرا ئەڤ پاییزۆك دگوتن ( حەسەن، ٢٠١٣، ل ٦٥ – ٦٦).

**ت- رۆبارین:** سەبارەت ڕامانا رۆبارینا هندەك دبێژن ژ رۆبار هاتیە، ئەشقا سۆفی و دیندارا رۆبارەکی ئاڤا زەلال و شرینە قەت چکبون لێ نینە ( هەکاری، ١٩٩٩، ل ١٤٧). هندەك ژی دبێژن مەبەست پێ (رێبوارین)ە ب واتایا (هاتن و چون) ئانکو (رێڤنگی) (حەسەن، ٢٠١٣، ل٦٦). ئەڤ ڕامان پتر نێزیکی ڕاستییێە، ژبەرکو ئەڤ رووبارین ب سلامەتیا گەهشتنا خەلکی و خلمەتکارا بۆ گەلیێ لالش دهێتە گوتن.

**رۆبار رۆبارێت ب زینەتن**

**نیشانێت جێشێ مەلک فەخرەددین و خلمەتکارێن شیخادی چینە؟**

**نیشانێت جێشێ مەلک فەخرەددین و خلمەتکارێن شیخادی**

**رست و کەشکولن، تزبی و وەکازن، ساف و هەیبەتن** (هەکاری، ١٩٩٩، ل ١٤٦ - ١٤٨).

هەر ئێك ژ خزێموك و پاییزۆك و رۆبارینا دئالیێ ناڤەرۆکێدا نێزیکی هەڤن، ب تنێ ناڤ وئەو دەمێن کو تێدا دهێنە گوتن ژهەڤ د جودانە، ئەگەر نە ٌ هەر هەموو بەحسێ پیرۆزیی و سەمبولێن ئێزدییان و خلمەتا خلمەتکارا د دەمێ قوب سپیکرنێ و خلمەتێن دیتر دهێنە گوتن. "خزێموك و پاییزۆك و رۆبارین، ل رۆژێت جەژن و توافا و سپیکرنا قوبا ل گەلیێ لالش و گوندێت ئێزدییا و ل سەفەرێت ماستا، ژئالیێ قەولزان و سترابێژاڤە دهێنە گوتن و هەروەسا دەمێ کومێت ئێزدییان دگەهنە گەلیێ لالش و دگەهنە دەرێ گەلی یان سلاڤگەهێ ب عەشق و دل و ب ئاوازەکە پر خوش دبێژن" (رەشۆ، ٢٠١٣، ل ١٠٩). هەر دبەر کارێ خلمەتا ئولیدا، جارجاران خلمەتکارا دەردەدلیا خۆ ژی تەڤی ناڤەرۆکا ئەوان دکەن، ب رێیا عەشقەکا ساف و دەروێشی دەردبرن واتە حەزا دلی و خلمەتا یا ئۆلی تێکەل دبت، ئەڤەژی ناڤەرۆکا ئەوان دوو ئالی دکەت، کو بریتینە ژ عەشقا خودا و دلا .

**هەیی باکەنە هوستا عەلی بلا بێتە دەرێ دکانێ،**

**بلا خزێمەکێ چێ بکێ نە قوتیی چاکوچی، نەکێشایی خەرگەمانێ،**

**ب خێر و خۆشە جەمایێت مالا شیخادی هاتن،**

**دا بگەهتە خەملەکە ژخەملێت خودان ئیمانێ.** (حەسەن،٢٠١٦، ل٨٤).

تێکستەکە نێزیکی هەمان ڕامان ناڤەۆرک د گوڤارا هاوارێ دا بەلاڤبوویە:

...

**یا هوستا من دڤی تو خزێمەکێ چێکی ژ دوستێ ڕا....**

**تو لێنەخی ب چاکوچانە ....**

**تو ب کێشی ب مژگولێ چاڤانە.** .... ژبۆخواندنا تەمامیا تێکستێ، بنێرە: (dautomne,1941, L779).

**١-٦-٢سترانێن فولكلۆری:**

د ئاستێ سترانا كوچ و دیواناندا، واتە ئەو سترانێن ب ئەڤینیێ، شەر و شۆر، دەردەسەری، قارەمان و قوربانییێن ئێزدییان هاتینە گوتن، دەربڕینێ ژ كوكا ئێزدیاتیێ. ئەو نموونە ستران ژی پرن، مینا سترانا شێخ میرزایێ ئاقونسی، سەرهاتی و سترانا ئێزدی میرزا، سترانا حەسەن و غەزالێ، دەروێشێ عقدی، سترانا لاڤێژی پیرێ و غەریبوو، میر مح..... هتد . ئەگەرێ هەبوونا بیروباوەریێن ئێزدییان د ناڤەرۆكا ئەڤان ستراندا بۆ هندێ دزڤرت كو ل سەر بنەمایێ هەمان بیرباوەرا ئەو ستران و قارەمان دورستبووینە.

**١- سترانا ئێزدی میرزا** (بۆ وەرگرتنا زانیاریان ل سەر كەسایەتی و چیرۆكا ئێزدی میرزا، بنێرە: شنگالی، ٢٠١٢).

د تێكستا ئەڤێ سترانێدا كومەكا باوەریێن ئێزدییان دهێنە دیتن، ئەڤا باوەریان، ب هەبوونا ئەوان باوەریان گوهدار و خوانەڤان دەربازی ئەوان هورگلییێن دناڤ كەلتوورێ ئێزدییاندا دبت.

**- ڕەنگڤەدانا باوەریین ئێزدییان د سترایزدی میرزادا:**

**١- سوندخوارن ب جدێ شێخ و پیران ( مالا ئادیان):**

د ناڤ كەلتوورێ ئێزدییاندا سووند خوارن یا كێم بوویە، ئەگەرێ كێمبوونێ ژی بۆ هەبوونا ئەوێ باوەریا د ناڤ جڤاك و ئاخفتنا خەلكێدا هەی دزڤرت، ل جهێ سووند خوارنێ ب تنی د گوتن و باوەریا تە بهێت، هەر كەسەكی تێكەلیا كەسێن گوندی و دان عەمرا كربت، هەست ب كێم سووند خوارنێ كریە، پتریا جارا كەسێن مەزن و قارەمان بۆ جێبەجێكرنا سۆزەكێ سووند دخۆن، یان ئەگەر كارەكی ل سەر خۆ بكەنە مال، ئێزدی میرزا ئێك ژ ئەوان كەسایە یێن ب پیرۆزیێن ئێزدییان سوند خواری، جێبەجێكرنا ئەوێ سوندێ ل سەر خۆ كریە مال، هەر وەكو د سترانێدا دیاردبت، دەمێ دبێژت:

**ئێندادەكە ما دی نەمابوو**

**ژ غێنجە مالێت ئادیا**

**منێ سوندەكا خواری،**

**ب جدێ شێخان و پیرە،**

**ب كولكێت فەقیرا**

**ب وان دیوانێت میرا،.....**

دەمێ دبێژت: من سوندەكا خواری (ب جدێ شێخان و پیرا) واتە سووند ب ئەوان خاس و بابچاكان یێن دناڤ ئێزدییاندا ب (خودان) دهێنە ناسكرن، كو خودانێن شێخ و پیرانە، هەر هەمان خودان دبنە خودانێن هەموو مریدا، كو چینا گشتی یا ئێزدییانە، چینێن



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

ئێزدییان ل سەر بنەمایێ هەبوونا ئەوان خاس و چاکان د دابەشکرینە، واتە هەر چەند بنەمالەك ژ ئەوێ چینا مریدا سەر ب بابچاکەکێ شێخ و پیرا ڤەنە، ل سەر ئەڤی بنەمای هەموو ئێزدی دبنە خودان شێخ و پیر، و هەتاکو شێخا ژی شێخ و پیرێن خۆ هەنە. ئەڤە ژی بۆ ئەوی سیستەمێ چیناتیا ئۆلی دزڤرت، ئەوێ کو د سەردەمێ شیخادییدا بۆ ئێزدییان هاتیە دانان یانژی هاتییە رێکخستن. ئەڤجا گەلەك جاران وەکو رێزگرتنا بۆ ئەوان خاس و چاکێن ئێزدیان یێن ب رێیا خودێ، دەروێشیێ کەد و خلمەتا خۆ یا ئۆلی و زانستی بووینە چاک، ئێزدی رێزێ ددەنە ئەوان و کەدا ئەوان ب پیرۆزی دبینن، لەوما ژی پێ سوند دخون. کورت و کورمانج دەمێ د بێژت: **ب جدێ شێخان و پیرا واتە سووند ب هەموو خاس و بابچاکێن ئێزدییان.** بۆ زانین هەر بابچاکەك دناڤ ئێزدییاندا خودانێ تشتەکێ دیارکریە، ئەڤجا چ دیارۆکێن سروشتی بن مینا شێخ عەبروس کو خودا وەندێ برق و بروسیایە، یان ژی خوداوەندێن رۆژ و هەیڤا بن، وەکو مەلەك فەخردین و شێشمس. (بۆ وزانیارێن زێدەتر ل سەر خوداوەنێن ئێزدییان بنێرە: جندي، ١٩٩٨، ص ٢٦ – ٣٠).

**٢- سوند خوارن ب کولکێت فەقیران:** فەرە ئەم بزانین کو چینا فەقیرا ئێك ژ تەخێن ئێزدییانە، سەر ب چینا مریداڤەنە چونکە د بەربنیاتدا ئێزدی سێ چینن ( شێخ و پیر و مرید) بەشەك ژ ئەڤێ تەخێ دخەرقە پوشن، **خەرقە** جلکەکێ تایبەتە ب تنێ ئەو کەس ل بەرخو دکەن یێن د ئالیێ ئولیدا د شارەزابن بەشەک یان هەموو ژیانا خۆ بۆ خزمەتا ئۆلی تەرخان دکەن و دبنە دەروێشێن خلمەتێ، کەسێ خەرقە پوش دناڤ ئێزدییاندا خودان رێزەکا تایبەتن. د باوەریا ئێزدییاندا خەرقە گەلەکی کەڤنە، خودان پیروزیەکە تایبەتە، ب تنێ هندەك کەس د بەر خو دکەن، ئەو دبەر خوکرن ژی یا مەرجدارە ب درێژی بنێرە:( حەسەن، ٢٠١٠، ل ٢٥-٣٦ و سلیمان، ٢٠١٢ ص ١٨٦-١٩٥). " خەرقە نیشانەیە بۆ خۆ ستارەکرن و ڤەشارتن، شکاندنا خۆ مەزنکرن و بلندبوونێ، ل گوری باوەریا ئێزدییان هەر کەسەکی خەرقە د بەرخۆکر دبتە دەروێش و زاهد حەژێکەرێ ئاخرەتێ پتر ژدنیایێ" (قاشا، ٢٠٠٣، ص ٨٢).

کولکێن فەقیرا (کوم – کولاڤ) کولك ب هەفت پلەیا د سەر خەرقەی دایە، وات ژ خەرقەی پیرۆزترە، هەرکەسەکی بێ کولك بت، خەرقە ب کێر ئەوی ناهێت و نابت د بەر خۆ بکەت، ژبەرکو کولك تاجا خەرقەیە، بۆ زانین کولك ب کێر هەموو فەقیرا دهێت، کو بێ خەرەقە دبەرخۆبکەن، بەس ئەگەر فەقیرەکی خۆ ب خەرقە کر گەرەکە کولك دبەردا بت. واتە کەسێ خەرقەپوش مەرجە یێ ب کولك بت و یێ ب کولك نە مەرجە یێ ب خەرقە بت. ل نیڤەکا کولکی کونەك هەیە و ل دەستپێکێ ئەو کون دهێتە چێکرن ئەو کون ب( هلێلا کولك) دهێتە ب ناڤکرن. چێکرنا کولکی فەرە ل جهەکێ پاقژبت و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەو کەسێ کولکی چێدکەت فەرە یێ دەست و دل پاك بت و خاس وچاکا ژبیرنەکەت و یێ قەلەم گرتی بت، واتە یێ زانا و علمداربت. (پەیوەندیەکا دەنگی یا تومارکری ل گەل (فەقیر اسماعیل قولو) ل ڕێکەفتی ٢٠٢١/١٢/٣ ).

ئەڤە هەمــوو پێــزانین دپشــت ســووند خوارنــا ئێــزدی میــرزادانە دەمــێ دبێــژت: ب (کولکێت فەقیرا) واتە سووند ب تاجا خەرقەی و پیرۆزیا وی، یێکو ب سەمبولێ کەسانێن چاك بێ گونەه و شارەزا د بوارێ ئولیدا دهێتە هەژمارتن، ب تایبەت ئەو کەسێن ب کولك و خەرقە پوش، ژبەرکو ئەو پتریا ژیانا خۆ بۆ خزمەتا ئۆلی و شیرەت و خێرخوازیێ تەرخان دکەن.

**٣- سووند خوارن ب دیوانێت میرا:** واتە سووند ب دیوانا شیخادی و جڤاتا روحانی ژی پێرا، ژبەرکو میرێ ئێزدییان ب وەکیلێ شیخادی د هێتە هەژمارتن، سەروکێ جڤاتا روحانی یا ئێزدییـانە، واتە سـوند ب دیوانـا شـیخادی هـاتییە خـوارن، کەسێن ئەڤێ دیـوانێ ژی د ئـولا ئێزدییانادا هەموو د پایە بلندن، بۆ نموونە بابێ شێخ کو ئێك ژئەندامێن جڤاتا ڕوحانییە، ب بابێ هەموو ئێزدییان د هێتە هەژمارتن، نوێنەرلتیا شێخ فەخرێ ئادیان دکەت یێ کو پتریا ئەدەبێ دینێ ئێزدییان ب کەدا وی هاتییە نڤێسین و دارێتن. هەروەسا پتریا ڕێوڕسمێن ئێزدییان ئەوێن ل لالشێ دهێنە ئەنجامدان ژ ئالیێ ئەڤێ جڤاتێڤە دهێنە ب رێڤەبرن.

ئەگەر ئەم ب سەرڤەی بەرێ خۆ بدەینە کوپلە سترانێ، دێ بینی ب تنێ سووند خورانەکە، بەلێ د ئەڤێ سووند خوارنێدا ئەم ل سەر کۆمەکا بیرباوەر و پیرۆزیێن ئێزدییان هەلبووین، ئەو پەیڤێن گرێدای و سوون خوارن و باوەریان بۆ پتر گوهدار و خوانـدەڤانا نە د روونە و ئاشکرانە، کا مەبەست پێ چییە و چ و رەهەند و بیرباوەرییێن کەلتوورێ ئێزدییان ب خۆڤە دگرن، ب ئەگەرێ هەبوونا ئەوان سووندا ئەم دەربازی فەرهەنگا کەلتوورێ ئێزدییان بووین، ئەو سووندخوارن دەربڕینە ژ فەلسەفەیەکێ و ئەو فەلسەفە گرێدای کەڤناتیا باوەری و هزرەکا کوردییە د ئەوێ هزر و باوەریا کوردیدا کو خودان ئەدەبیاتەکا فولکلۆری ئۆلییە هەر تشت درحەق و ژیان و هەبوون و تێگەهشتنا گەردوونیدا هاتییە گوتن، ب رێیا ئەڤێ سترانێ هەم تو پشکەک ژ کەلتوور باوەری و پیرۆزییێن ئێزدییان دبینی و هەم ژی فەلسەفەیا ل پشت ئەوان پیرۆزیا.

**ب- سترانا دەرویشێ عەڤدی**

**- پوختەیا ناڤەرۆکا سترانێ:** سترانا دەروێشێ عەڤدی ب گەلەك تەرزا هاتیە گوتن، هەموو ژی ل سەر زارێ عەدولا ئەڤینـدارا وی هـاتینە ڤەگێـران د ئەوان هەمـوو تەرزانـدا دەربڕین ژ حەژێکرنا دوو ئەڤینـدارا و ئەوان رووداـنێن شـەری دهێنەکرن ئەوێ دناڤبەرا عەشیرا (ملا و شەرقیا و دنا) وە کو هەڤپەیمان ل گەل (عەشیرا گێسا و تورکا ) ب سەر کرداتیا (هوێت

و بەگی و چلێ براهیم). (بۆ خواندنا بنیاتێ چیرۆکێ و هەموو شاخێن سترانا دەروێشێ عەڤدی بنێرە شنگالی، ب ۱، ۲۰۱۱، ل ۲۷۳ – ۳۷۳. جەلیل، جەلیل، ۲۰۰۸، ل ۱۱۸ - ۱۳۹.)

دەوریشێ عەڤدی ل سەر خاترا نان و خوێ دناڤبەرا عەشیرا خۆ (عەشیرا شەرقیا) و عەشیرا ملا دا و ئەوێ حەژێکرنا د ناڤبەینا خۆ عەدولا کیژا زور تەمر پاشێ ملی دا، فنجانا قەهوێ یاکو ب فنجانا نامووس و بەرڤانیکرنێ دهێتە ناسکرن ب سەر خۆ ڤەکر، شەرێ نەهێلانا گەفێن عەشیرێن (گێسا و تورکا ) ل سەر عەشیرا ملا کرە بەهرا مێرانیا خۆ و برایێن خۆ، ئێدی شەر روودان دەست پێ دکەن ئەگەرێ ئەڤێ هاریکارێ پتر ژبەر هندێیە، ژبەرکو عەدول چوویە داخوازا هاریکاری ژ بنەمالا عەڤدی کریە یان داخوازا هاریکاریێ ل سەر پێشنیازا ئەوێ بوویە، ژبەرکو د بەندەکا سترانێدا دیاردبت عەدول چوویە داخوازا هاریکار ژ بنەمالا عەڤدی کریە،تێدا بەحس ل ئوچاغ و بیرباوەرییێن ئێزدییان دکەت.

**خوە باڤێن وجاغێ مالێ بابا**

**<u>وجاغێ مالا ئادیا</u>**

**<u>دەڤ زیارەتا شیخادی و قەوالا</u>**

**بلا ل بانگیا بابێ م وەرن، ......** (شنگالی، ب ۱، ۲۰۱۱، ل٣٤٤ – ٣٤٥)

**- ڕەنگڤەدانا باوەری و پیرۆزیین ئێزدییان:**

(**مالا ئادییا، زیارەتا شیخادی و قەوال**) ئەڤ پەیڤ گرێدای باوەرییێن ئێزدییانە، دیسان هەر پەیڤەك ژ ئەڤان پەیڤێن د سترانێدا هاتین ڕەهەند و ڕامان باوەرییێن ئێزدییان د ناڤ خۆدا هەلدگرن، بۆ نموونە:

**۱- مالا ئادییان:** ئەڤ مالە کو ژ ( شێخ و پیران) ب خۆڤە دگرت ب رێبەرێن ئۆلی یێن ئێزدییان دهێنە هەژمارتن، دئێزدییاتێدا خۆدان ئەرکێن دیارکری یێن ئولی و جڤاکینە، شیرەت و ڕاسپاردین ئولی پێشکیشی مریدێن خۆ دکەن، ئاریشێن ئەوان یێن جڤاکی ب رێیا خێرخوازیێ و ئێزدییاتێ چارە دکەن، ژبۆ جێبەجێکرنا ئەڤی ئەرکی سالێ جارەکێ قەستا ناڤ مریدێن خۆ دکەن، ل بەرامبەر ئەڤێ خلمەتێ مریدێن ئەوان کوژمەکێ سەمبۆلیک وەکو ڕسما خۆ یا سالانە پیشکێشی شیخ و پیرێن خو دکەن. هەر ئەڤە بنەمالا دبنە برایێن ئاخرەتێ یێن مریدان و یێن ئێکدوو ژی، دباوەریا ئێزدییاندا برایێ ئاخرەتێ دشێت ل روژا ئاخرەتێ بەرەڤانیێ ژ برایێ خۆ یێ ئاخرەتی بکەن و بارێ گونهەێن ئەوان ب رییا چاکێن خودی سڤك بکەن.( جعفر، ۲۰۰۹، ل ۹۶ -۹۷).د قەولێ هەسەدێ ئال تەوری، قەولێ شیری ڕاستیی و قەولێ قەرەفرقان دا ئەرکێن شێخ و پیران ب سەبەقە هاتینە دەستنیشانکرن، ژڤەولێ هەسەدێ ئال تەوری:

**دبێژمە وە شێخان و پیر**

**هون دعلیم بن ددلگیر**



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**دا ل ئاخرەتێ بێژنە وە هەی پیر** (دنانی،ب ٢، ٢٠١٣، ل ١٦).

ڕاستە (مالا ئادیان)د سترانێدا ب تنێ وەکو گوتن و پەیڤەك دەربازبوویە، پیشتر مە ئاماژە پێدایە، بەلێ دیارە دناڤ ئەڤێ پەیڤێدا گەلەک پیرۆزی و باوەری و نەریتێن ئۆلی و جڤاکی یێن ئێزدییان د حەواندینە. ژبەر خاترا ئەرکێ ئەڤێ بنەمالێ و خودانێن ئەوان رێز حورمەتەکا بلند ل ئەوان دهێتە گرتن. ل سەر بنەمایێ ئەڤێ قەدرگرتنێ ئێزدی دگوتنەکا خۆ یا مەزنادا دبێژن: **ئەگەر مالا ئادیا بوو ئاڤ نەدە ناڤ.** ئەڤ گوتن پتر ئالیێ رێزگرتنە ل خودانێن بنەمالا ناڤبری کو ب چاکێن هەموو ئێزدییان دهێنە هەژمارتن، ب ئەڤێ گوتنێ جڤاکا ئێزدییان ئەو نامە گەهاندیە کەسێن ئەڤی بنەمالێ کو هوون خودان ئەرکین ئۆلینە و گەرەکە ل سەر ئەنجامدانا ئەرکێن خۆ ب هەگەربن. واتە بەرپرسیارا ئەوان ب ئەڤێ گوتنێ زێدەترلێکریە.

**٢- زیارەتا شیخادی، لالشە**، هەلبەت لالش سەر بەهرە د پیرۆزیێن ئێزدییاندا، د باوەریا ئێزدییاندا لالش هێڤنێ عەردیە و جهێ خاس و چاك و شکەستیێن ئێزدییانە، د چەند قەولێن بەیتێن ئەواندا پیرۆزیا و لالشێ وەکو جهەکێ و خۆش و بەهشتی یێ خاس و چاکان دیاردبت دقەولێ (شیخادی شێخێ شارا ) هاتییە:

**لالش و بەهشت د خۆشن**

**خودان ئیمان، خودان ئەرکان، ل ناڤدا دمەشن**

**ئەون قەدەمگەها شێخ فەخرێ ڕەشن.** (دنانی،ب ١، ٢٠١٢، ل ١٤٠).

**٣- قەوال**، زەلامێن ئۆلینە، ب گوتنا قەول و بەیت و لێدانا دەف و شبابا (مۆزیکا ئۆلی) دجەژن و مەراسیمێن ئێزدییاندا ڕادبن، هەروەسا ب ئەرکێ تاووس گێرانێ ل ناڤ گوندێن ئێزدییان ڕادبن، د ئەوان گەرێن خۆدا کو هەر گوندەکی شەڤەکێ لێ دمینن، شیرەت و نەسیحەتا پێشکیشێ خەلکێ گوندی دکەن. (بۆ زانیارێن زێدەتر بنێرە: هاشم،٢٠١٩، ل ٨٠ – ر ٨١). واتە هەر پەیڤەکا دسترانێندا هاتی یان هەر پەیڤەکە ل سەر زارێ عەدولا ئەڤیندرا دەروێشێ عەڤدی هاتی، زانییە کار هەر ئێک ژ ئەوان پەیڤان خودان چ سەنگ و ڕامان و ڕەهەندێن پیرۆزن د بیرباوەریێن ئێزدییاندا. واتە عەدولێ زانییە چاوا داخوازیا ب رێکا ئەوان پەیڤا بکەت، ژبەرکو پێشوەخت دزانت کا ئێزدی خودان چ پیرۆزی و باوەرینە د کەلتوورێ خۆدا و رێز و حورمەتێ د دەنە چی.

د کوپەلەکا سترانێدا دیاردبت کو دەروێشێ عەڤدی، ب مەرەما رێکپێدانێ کو عەدولێ ژ خۆرا بکەتە هەڤژین قەستا لالشا نوورانی کریە. بەلێ ژبەرکو ئەڤیندار دەرویشێ عەڤدی کوردە لێ نە ئێزدیە، لەوما گەهشتنا ئەوان ب ئێکدوو وەکو هەڤژین دکەفتە بەر زەحمەتی و ئاستەنگێێن بیرباوەریێن هەردوو ئۆلا، ب تایبەت ژی ئۆلا ئێزدیاتیێ، لەوما عەدول



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ژچوونا دەرویشێ عقدی بۆ لالشا نورانی یا بێ هیڤیە، ژبەرکو ئەو دزانت ئێزدیاتی رێکێ نادەت، ژبەهندێ دبێژتێ نەچە لالشێ. هەروەکو د سترانێدا ئەڤ چەندە دیاردبت:

**م گۆ دەلال نەچە حەجێ،**

**حەج ل مالا بابێ دەلێل نایێ،**

**دەلال مەچە حەجێ**

**حەج ل مالا بابێ دەلێل نایێ** (شنگالی، ب ١، ٢٠١١، ل ٣٣٦).

ئەڤ ستران ئەوان پێزانینا د پرنسیپ کەلتوور باوەریین ئێزدییاندا د گەهینتە مە، کو ب تنێ ئێزدی ئەوە یێ ژ دایک و باب ئێزدی بت، واتە ئێزدییاتی نە ئولەکا تەبشیریە هەتاکو کەسەکێ دی بکارت ببتە ئێزدی، بەلێ دەرویشێ عەڤدی بۆ هندێ ب گەهتە مرادا خۆ، بکارت عەدولا کیژا تەمەر پاشاێ ملی ژخۆرا بخوازت، قەستا لالشا نوورانی کریە، هوەسا هزرکریە کو دێ بابێ شێخ (ئێختیارێ مەرگەهێ) شێت حەژێکرنا ئەوی و عەدولێ بۆ پێکئینانا هەڤژینێ حەلالکەت، بەلێ بابێ شێخ ئەڤ چەندە نەکریە، ئەو دەستهەلات ژێ نینە کو ئەڤێ یەکێ بکەت.

**ئەنجام:**

١- ئەدەبیاتافولکلۆری یائێزدییان دگشتیبوونا خۆدا، ب مولکێ کوردان دهێتە هژمارتن، د تایبەتیا خۆدا ب یا ئێزدییان، ژبەرکو ئەو ئەدەبیات دەربرینێ ژ بنەکوکا هزر و باوەری و پیرۆزییێن ئەوان یێن ئۆلی و جڤاکی دکەت.

٢- ئێزدییان پتریا پشکێن ئەدەبیاتا خۆ یا فولکلۆری، ئێخستیە د خزمەتا ناسکرنا پیرۆزی و بیرباوەرییێن خۆدا، ئەڤە چەندە د ئەوان ئەفسانە و داستاندا ژی خویادبت یێن کو دناڤبەرا کورداندا هەڤپشکن و دناڤبەرا کوردا و گەلێن دیدا ژ هەڤپشکن.

٣- ب رێکا ئەدەبیاتا فۆلکوری یا ئێزدییان و ئەوان پەیڤێن کلیلی یێن د تێکساندا هاتین، مروڤ دکارت دەربازی هەموو هورگلی کەلتوور و پیرۆزی و باوەریین ئەوان ببت.

٤- فولکلورێ کوردی ب تنێ نە ب تنێ دیالێکت و ناوچەیین خۆ یێن جوگرافی زەنگین نەبوویە، بەلکو ب هەبوونا باوەرییێن جودا دناڤ ئێک زمان و نەتەوەدا، ئێزدییان وەکو باوەریەکا جودا بەهرا شێری وەرگرتییە.

٥- پیرۆزیا موزیکی و هەبوونا ئەوێ د فەلسەفە، جەژن و نەریتێن ئێزدییاندا وەکریە، ڤیان و پەیوەندییەکا رۆحی د ناڤبەینا ئەوان سترانێدا پەیدابت، لەوما جارنا خلمەتکارا د سترانادا دەردەدلی و خلمەتا خۆ یا ئولی تێکەل کرینە ب تایبەت د خزێموک و پایزۆک و رووبارینادا.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٦- د ناڤبەینا ئەدەبیاتا فولکلۆری و ئەدەبیتا ئۆلی یا ئێزدییاندا تێکەلیەک هەیە، ژبەرکو پشکەک ژ قەول و بەیتێن ئەوان یێن ئۆلی ل سەر بنەمایێ ئەفسانەیا ئاڤابووینە دەربڕینێ ژ کورتیا ئەوان دکەن.

## چاڤکانی:

### پەرتوک: ب کوردی


١- ئدریس فارقینی (٢٠١٢)میسکێ زازا - چیرۆکا و سەرهاتی ژدەڤەرێن ئێزدیان،چاپا یەکەم، سلیمانی.

٢- پیر خەلات و زهیر عەرەب، (٢٠١٣)ژپیروزییێن ئێزدیان، چاپا ئێکێ، ژ وەشانێن بنگەهێ لالش دهوك.

٣- تارق شوکری خەمۆ، (٢٠٠٨) خوناسین و کۆچەك زان (سەرهاتیێن دێرین)چاپا ئێکێ دەزگەهێ سپیرێز، دهوك.

٤- جەلیلێ جەلیل و ئوردیخانێ جەلیل(٢٠٠٨) زارگوتنا کوردا، ڤەگوهاستن ژ تیپێن سریلی: بایز ئەفروزی، چاپا ئێکێ، ژوەشانێن ئەنستیتویا کەلەپورێ کوردی، دهۆك .

٥- حەمە هاشم،(٢٠١٩) هونەری پیرۆز، چاپ یەکەم، رێکخراوی رۆژا شنگال.

٦- حجی جعفر،(٢٠٠٩) چەند ڤەکولین ل دۆر مەم و زینا خانی، چاپا دووێ، ئەنستیتویا کەلەپوورێ کوردی – دهوک.

٧- خەلیل جندی رەشۆ (٢٠١٣): پەرن ژئەدەبێ دینێ ئێزدی یان، ،چاپا دووێ، دەزگەهێ سپیرێز یێ چاپ و وەشانێ- دهۆك .

٨- خەلیل جندی(٢٠١٦)، داستانێت حەژێکرنێ ژ چیایێ شنگالێ، چاپا ئێکێ، دەزگەهێ سپیرێز، یێ چاپ و وەشانێ، دهوک.

٩- خێری شنگالی( ٢٠١١) ل چیایێ شنگال قەبقەبا کەوێ نێرە ب ١ - ٢چاپا ئێکێ، ژوەشانێن ئەنستیتۆیا کەلەپورێ کوردی، سلیمانی. ب

١٠- داود مراد ختاری (٢٠١٠) هەر سترانەکێ چیرۆکەك ژ وەشانێن ئەنستیتویا کەلەپورێ کوردی، چاپا ئێکێ، دهۆك.

١١- (٢٠١١)مەم و زین- سێ ڤەرسیونێن وێ ژدەڤەرێن ئێزدیان، ژوەشانێن ئەنستیتۆیا کەلەپورێ کوردی،، سلیمانی

١٢- ( ٢٠١٣) ژ چیرۆك و سترانێن دەڤەرا شێخان، ژ وەشانێن ئەنستیتویا کەلەپورێ کوردی، چاپا ئێکێ، دهۆك.

١٣- رێسان حەسەن بەستامی،(١٩٩٩)، سەرهاتێو غەریبیا خەنسێ و ڕەشو، دهوک.

١٤- سیروان رەحیم (٢٠٢١). یاشار کەمال.. سترابێژی رووناکی ١٩٢٣ – ٢٠١٥، چاپی یەکەم، تۆڕی میدیایی رووداو، هەولێر.

١٥- سالح جاسم ئوسمان(٢٠٠٨) شەڤبێر، صیرۆک و سەرهاتیێت دەڤەرا شاریا، چاپا ئیکێ، ژ وەشانێن ئەنستیتویا کەلەپوورێ کوردی و دەزگەهی ئاراس.هەولێر

١٦- شەمو قاسم دنانی (٢٠١٢ - ٢٠١٣) چەند تێکستێن پیرۆز یێن ئولا ئێزدیان، بەرگێ ئێکێ و دووێ، ژوەشانێن بنگەهێ لالش، دهوك.

١٧-عەبدوللا عەلی شنگالی،(٢٠١٠) گوتنێن مەزنان و ئیدیەم ل چیایێ شنگالێ، چاپا ئێکێ، ژ وەشانێن ئەنستیتویا کەلەپوورێ کوردی، سلێمانی، ٢٠١٠.

١٨-عەلائەددین سەججادی(١٣٩٥). شورەشەکانی کورد و کورد کوماری عێراق، بەلاوکردنەوەی کوردستان، سنندج: کردستان.

١٩- فەریاد فازیا عومەر،(١٩٨٦) ئەدەبی کوردی چاپی دووەم، ئەلمانیا.

٢٠- كوڤان ريسان حەسەن: (٢٠١٦)هزر و فەلسەفە دقەولێن ئێزدییان دا و كارتێكرنا وان لسە هوزانا كەڤن و نوی یا كوردی، چاپا ئێكێ، ژ وەشانێن بنگەهێ لالش، دهوك.
٢١- كوڤان خانكی، (٢٠١١)، سێدەرا شێشمس، سەرهاتی و ئەفسانە ژفولكلورێ ئێزدی یان، چاپا ئێكێ، ژوەشانێن ئەنستیتۆیا كەلەپورێ كوردی، سلیمانی.
٢٢- (٢٠٢٠) پەژن و گوتنێن مەزنان (یێن ئێزدییان) چاپا ئێكێ، دهۆك.
٢٣ -(٢٠١١)گاستانا گلگامش و میر مح، ڤەكولینەكا بەراوردكاری یە، چاپا ئیكێ، ژ وەشانێن رێڤەبەریا گشتی یا كاروبارێن ئێزیدیان، هەولێر.
çapa êkê dihok ،24-bedelê feqîr hecî(2002) baweî û mîologiya êîzdyan
- ب عەرەبی:
٢٥. ب لرخ: (٢٠٠٨) دراسات حوله الكرد الايرانيين و اسلافهم الكلدانيين و الشماليين، ت من الفرنسية د. عبدي حاجی، الطبعه الثالثة، من منشورات بنكەی ژين.
٢٦. د. خليل جندي(١٩٩٨) نحو معرفة حقيقة الديانة الايزيدية، الطبعة الاولى منشورات رابوون، اوبسالا، سويد.
٢٧. سهيل قاشا( ٢٠٠٣) مذهب اليزيدية، الطبعة الاولى، مراجعة : جوزيف أ . قزي، دار لاْجل المعرفة، ديارعقل – لبنان.
٢٨. عزالدين سليم باقسري(٢٠٠٣) مەرگەهـ، الايزيدية الاصل، التسمية، المفاهيم، الطقوس، المراسيم و النصوص الدينية، الطبعة الاولى، دهوك
٢٩. علي الجزيري،(٢٠١٢) الادب الشفاهي الكوردي، من مطبوعات وزارة الثقافة و الشباب، اربيل.
ج - گوتار ب كوردی و عەربی:
٣٠. مەروان شێخ حەسەن رەشكانی(٢٠١٠)خەرقە و پیرۆزی و سوند و باوەری دئێزدیاتیێ دا، گوڤارا مەحفەل ژ٢، دهوك.
31- Chant dautomne،govara hawar j 24 sal1934, JI Weşên Kombenda Kaw abo Canda Kurdnî, Capa yekem, capxana perwerde,Hewlêr,2001, L779.
٣٢. م.س.هەكاری(١٩٩٩)سەبەقە و زنجیرا رۆبارینا، گوڤارا لالش، ژمارة ١٠، دهوك.
٣٣.- خدر پير سليمان (١٩٩٥) القمص (تناسخ الارواح) مجلة لالش، عدد ٥، من اصدرات مركز لالش، دهوك
٣٤. عزالدين سليم لالش (١٩٩٩)، اعياد الايزديه فى معبد لالش، مجلة لالش، العدد، ١٠.
٣٥. قاسم ميرزا الجندي، ٢٠١٢، القباب و تاريخها و دلالاتها في الديانة الايزدية، مجلة لالش، العدد٣٥، دهوك.
پەیوەندی وڤێپێكەفتن:
٣٦. پەیوەندیەكا تەلفونی یا تومارکری ل گەل (فەقیر اسماعیل قولو) ل رۆژا ئینیێ رێكەفتی ٢٠٢١/١٢/٣ ل دەمژمیر ٣:١٥ خولەك ئێڤاری.

## دور المعتقدات الايزدية في ثراء الفولكلور الكوردي

**الملخص:**

يشهد الكتاب الاجانب الكورد معا على ان الفلكلور الكردي غنى في حضوره، هذا الغنى يرجع الى اسباب منها منع تكلم اللغة وعدم وجود الدراسة بها وكذلك الى ظروف الحياة و الطبيعة و تنوع اللهجات الكوردية، ومهما كانت اسباب هذا الغنى الفلكور الكوردي فان



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكولینێن كوردی

معتقداتهم  و خاصة المعتقدات الايزدية قد اسهمت  في غنى الفلكور من جوانب مختلفة، ما عدا وجود انواع و اقسام  فولكورية خاصة باليزيدية فانهم مميزون في الوقت نفسه  بسردهم الخاص من خلال اساطير و ملاحم .. مشتركة بين الكورد من جهة و بين الكورد الشعوب الاخرى من جهة ثانية، بمعنى ان الايزيدية ربطت بين اقسام الفولكور و معتقداتهم و بنوها مجددا و لدينا امثلة حول ذلك والهدف نفسه تمثل في تصنيفينا لاكثر الاقسام الفولكلورية تلك التي تتميز الممتعقدات الايزدية بها  والتي اصبحت مصدر ثراء الفولكلور الكوردي عموما و بهذا التحديد فان الفولكلور الكوردي لايعبر بمفرده عن الكورد في مختلف انشطتهم انما تشكل في الوقت نفسه قاموسا للتعريف بمعتقداتهم.

**الكلمات الدالة:** *الفولكلور، الايزدية، الاعتقادات الدينية.*

**The Role of the Yazidis' (Ezidis') Beliefs in Enriching the Kurdish Folklore**

**Abstract:**

Foreign and local researchers witness and agree that Kurds have an incredibly rich and diverse folklore. There are numerous reasons that have led to richness of the Kurdish folklore including banning the Kurdish language, lack of study opportunities, nature, topography, and various Kurdish dialects. The diverse traditions and beliefs of Kurds particularly those of Yazidis have further enriched the folklore in different aspects. Despite the fact that Yazidis have their distinct traditions and beliefs, they also have their specific interpretations to the legendary stories that are not only shared by Kurds but with other nations as well. In other words, Yazidis have linked their beliefs to those aspects of the literature but have also reconstructed them. There are numerous examples that display such linkages. As such, we have researched the various parts of the folklore literature particularly those that include the distinct interpretations of the Yazidis and have contributed to the expansion and enrichment of the Kurdish folklore. The research explores that the Kurdish folklore is not only *a mirror of traditional way of living of Kurds, but it also serves as resource for defining their various faith and beliefs.*

**Key words:** *Folklore, Yazidis religious beliefs.*

# تێکستی فۆلکلۆریی سۆرانی و کورمانجیی کۆکراوەی پیتەر لێرخ (١٨٥٦)

**پ. ی. د. هێمن عومەر ئەحمەد**
زانکوی سوران- هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە:**

یەکێك لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە کاری لەسەر زمان و ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی کردووە، پیتەر لێرخ (١٨٢٧-١٨٨٤) ی زمانناسی ڕووسە. تێیدا وێڕای توێژینەوەیەکی ورد لەبارەی نەتەوەی کورد، لەگەڵیشیدا چەند تێکستی جۆراوجۆری زارەکیی تۆمارکردووە. ئەم تێکستانە کە ئێستا نزیکەی ١٧٠ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، وێڕای گرنگییەکەی بۆ فۆلکلۆری کوردیی، بۆ پەرەسەندنی باری زمان و فەرهەنگ و ئاستی ڕێزمان گرنگیی تایبەتی هەیە. لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە وێڕای جیاکردنەوەی هەموو ئەو تێکستانەی کە بە سۆرانی و کورمانجی نووسراون و هێنانەسەر ڕێنووسی ئێستا، بەرهەمەکەی ناساندووە و بونیادی هونەری تێکستەکانی شیکردۆتەوە و لەسەر ئەو بنەمایە کرۆنۆلۆژیای پەخشانی خۆماڵی و وەرگێڕدراوی کوردی دەستنیشانکردووە.

**پەیڤێن سەرەکی:** *فۆلکلۆر، تێکستی زارەکی، کورمانجی، سۆرانی، پیتەرلێرخ.*

**١.١ پێشەکی:**

لەبەر ئەوەی مێژووی نووسراوی کوردی، مێژوویەکی دووری نییە، بۆیە لەنێو کورددا بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان گرنگییەکی لەڕادەبەدەریان هەیە، بەتایبەتی لەو بوارەدا کە دەبنە بناغەی پەرەسەندنی زمان و نیشاندانی مێژوو و جیاوازیی زار و دەڤۆکی ئاخاوتن. لەو سۆنگەیەوە کاری هەموو ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە لەسەر کورد بەگشتی و کولتوور و مێژوو و فۆلکلۆری کورد کاریان کردووە، بایەخێکی گرنگیان هەیە و تا ئێستا بەشێك لەو کارانە بە کورد ناسێنراوە و توێژینەوەیان لەبارەوە کراوە.

یەکێك لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە زۆر بە وردی کاری لەسەر مێژوو و بەرهەمەکانی نەتەوەی کورد کردووە، پیتەر لێرخی زمانەوانی ڕووسە. ئەو جیا لە ڕۆژهەڵاتناسانی تر بە هۆی ئەو دەرفەتەی کە بۆی ڕەخساوە کە دیداری دیلەکانە و لەوێ تێکستی زازاکی، کورمانجی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

و سۆرانی کۆکردۆتەوە، لەگەڵیشیدا توێژینەوەیەکی زۆر وردی لە بارەی نەتەوەی کوردەوە بە هەموو لایەکانیەوەکردووە.

ئەم توێژینەوەیە تەنیا لەسەر ئەو تێکستانە سەنگراوەتەوە کە بە زاری سۆرانی و کورمانجین، چونکە بەشە زازاکییەکە پێشتر ساغکراوەتەوە و چاپکراوە. بەڵام بەتایبەتی سۆرانییەکە هیچ توێژەرێك باسی نەکردووە و بۆ یەکەم جارە لەم توێژینەوەیەدا دەخرێتەڕوو. گرنگی ئەم تێکستانە لەوەدایە دوای نزیکەی ١٧٠ ساڵ بەرێنووسی ئێستا دەخرێنەوە ڕوو، تێیدا ناوەڕۆکی مێژوویی میری کوردی، بارودۆخی سیاسی ئەوسا، هزری کۆمەڵایەتی، ڕوانینی ئەفسانەیی، پەندی پێشینان، بنەمای وەرگێڕان و مێژووی پەخشانی کوردی نیشان دەدەن. لەو بارەدا لانی کەم سەرەتاکانی هەوڵی وەرگێڕان لای کورد و دۆزینەوەی چەند تێکستێکی شیعری بە زاری سۆرانی بۆ جاری یەکەم نیشان دەدرێن.

توێژینەوەکە وێڕای ئەو کارانەی کەلەسەر ئەو بەرهەمەی پیتەر لێرخ کراوە ناساندویەتی، لەگەڵیشیدا کورتەی ژیاننامەی لێرخ و بنەمای کارکردنەکەی لە سەر تێکستەکانی سۆرانی و کورمانجی نیشان دەدات. هەروەها پێگەی تێکستە شیعرییەکان لەنێو مێژووی شیعری زاری سۆرانی و هەوڵدانیان بۆ وەرگێڕانی شاکارێکی وەك گولستانی سەعدی و کۆکردنەوەی پەندی پێشنیان بە کورمانجی و پۆلێنی ئەو تێکستانە لە ڕووی ژانری ئەدەبییەوە خستۆتەڕوو. لە کۆتاییشدا نمونەی تێسکتەکانی بە ڕێنووسی ئێستای ئارامی نووسیوەتەوە.

### ٢.١ ناساندنی بەرهەمەکە:

پیتەر لێرخ زمانەوان و نووسەری بە ڕەگەز ڕووس، لە ساڵانی نێوان ١٨٥٣-١٨٥٦ ئەو کاتەی شەڕی ناسراوی قرم دەست پێدەکات، بەشداری شەڕەکە دەکات، ئەو دیلانەی کە لەنێو لەشکری عوسمانی بوون دەبینێ و لە ئەنجامی دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا کۆمەڵێکی زۆر هەقایەتی فۆلکلۆری و ستران و پەندی پێشینان و وەرگێڕان و پەخشان و فەرهەنگی وشان کۆدەکاتەوە. ئەو کوردانەی کە ناوبراو دیداریان لەگەڵ سازدەکات کوردیی کورمانج، زازا، سۆرانن. نمونەی لە هەر سێ دیالێکت لای خۆی تۆماردەکات. بەرهەمەکەی وێڕای لێکۆڵینەوە لە کوردان و شوێنی جوگرافی و دەڤۆك و ئاخاوتنیان بەشی کۆکردنەوەی تێکستیش لەخۆدەگرێت. لەو بارەدا دوو بەرگ کتێب بە ناوی Bericht über eine im Auftrage der hist.-philol. Classe d. Kaiserl. Akademie d. ) Wissens. unternommene Reise zu den kriegsgefangenen Kurden in Roslawl', im Gouvernement Smolensk, in: Mélanges Asiatiques, Tom II, St. Petersburg 1856,) دەنووسێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەنێو ئەو دوو کتێبەدا باسی کلدان و بابلییەکان دەکات، واتە لەسەر ئەو نەتەوانە ڕادەوەستێت کە نیشتەجێی خاکی کوردستان و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەوروبەرینە، وەك فارس و ئاشوور و عەرەب و تورك. تا ئێستا ئەو بەشەی کە تێکستی زازاکی/ کردکین زیاتر کاریان لەسەر کراوە و ئەو تێکستانەی کە کورمانجی و سۆرانین هیچیان لەبارەوە نەنووسراوە. تەنانەت بەشە سۆرانییەکە بۆ یەکەم جارە لەم وتارەدا باس دەکرێت.

**٣.١ پیتەرلێرخ:**

پیتەر ئیڤانۆڤیچ لێرخ (١٨٢٧-١٦ی ئەیلولی ١٨٨٤) ڕۆژهەلاتناس، شوێنەوارناس، زمانناس، گەریدە و ئەسنۆگراف لە بنەماڵەیەکی ئەڵمان لە ڕووسیا لەدایك بووە. هەر لە قۆناغی ئامادەییەوە کەڵکەڵەی زانست و زمانی کەوتبووە کەللە، لە ساڵی ١٨٥٠ لە زانکۆی پترسبۆرگ لە کۆلیژی فەلسەفە بەشی فەلسەفەی ڕۆژهەلات وەردەگیرێ. لە ساڵی ١٨٥١ یەکەم کتێبی دەربارەی شیعری فارسی نووسی. لە ساڵی ١٨٨٠ دا خانەنشین دەبێ، ناوبراو بە زمانەکانی ئەڵمانی، فرەنسی نووسین و وتاری نووسراوی زۆرە.

لێرخ وەك لێکۆڵەرێك لە بواری کولتووری میللەتانی ڕۆژهەلات بە فەرمانبەر دامەزراوە. بۆیە لە ساڵی ١٨٥٦ چۆتە ناوچەی رۆسلۆ، لەوێ لە نێوان ساڵەکانی ١٨٥٣-١٨٥٦ شەڕی عوسمانی-قرم هەبووە، چۆتە نێو دیلەکان و لەنێو ئەو دیلانەشدا نزیکەی سەد کەسیان کورد بوونە. کە تێیاندا سۆران، کورمانج و زازا هەبوونە. نزیکەی یازدە هەفتە لەنێویاندا ماوەتەوە و لە ڕێگەی ئەو دیلانەوە شارەزای ئایین، نەریت، مێژوو و کولتوری کوردی بووە.

لە ساڵی ١٨٥٨ دەچێتە بوخارا و لەوێ بە کۆمەڵێك دەستخەتەوە دەگەڕێتەوە ڕووسیا. لێرخ لە ساڵی ١٨٧٣ دەبێتە ئەمینداری لیژنەی شوێنەوار و دواتر لە ساڵی ١٨٧٧ دەبێتە ئەمینداری کتێبخانەی سانپترسبۆرگ و هەموو کاتی خۆی بۆ توێژینەوە تەرخاندەکات. لە ساڵی ١٨٨٤ لە شاری هامبۆرگ کۆچی دوایی دەکات. بەرهەمەکانی بریتین لە:

- ئەستێرەی ئاسمان، شیعری فارسی. ١٨٥١
- کورد و باپیرە ئێرانییەکانیان و کلدانی باکوور، پترسبۆرغ، ١٨٥٦-١٨٥٨.
- ڕێزمانی کوردی، ئەکادیمیای زانستەکان، پترسبۆرگ، ژمارەکانی ١٤ و ١٥.
- کتێبێك لەبارەی میژوو و جوگرافیاوە، پترسبۆرگ، ١٨٧٨.
- چاخی بەردینی و برۆنزی لە ئەوروپا، پترسبۆرگ، ١٨٦٥.
- کەرەستە کۆنەکانی پێش مێژوو لە باکووری ڕووسیا، پترسبۆرگ، ١٨٦٥.
- گەشتێکی شوێنەواری بۆ تورکستان. ١٨٦٧.
- فەرهەنگی قوتابخانەی پیشەیی ئاسیایی ڕووسیا. ١٨٧٣[1] .



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

**٤.١ چی لەبارەی بەرهەمەکەوە نووسراوە:**

ئەگەر چی ئەم بەرهەمە نزیکەی ١٧٠ ساڵ بەسەر چاپبوونیدا تێپەڕیوە، بەڵام زۆر زوو بە کوردان نەناسێنراوە و کورد خۆیشی درەنگ ناساندوویەتی و تویژینەوەی لەبارەوە کردووە. تا ئێستا لەبارەی ئەو بەرهەمە ئەوەی نووسرابێ بریتین لەمانەی خوارەوە:

- لە گۆڤاری هێڤی کە ئینستیۆتی کوردی لە پاریس دەریدەکرد چەند تێکستێکی زازاکی لەلایەن مالمیسانژەوە لە دوو ژمارەی گۆڤارەکە بە ڕێنووسی لاتینی بڵاوکرانەوە.[٢]
- د. عەبدی حاجی کتێبەکەی لێرخ کە تویژینەوەیە لەبارەی کوردان و پاشماوەی خالیدییەکانی باکوورە، لە ساڵی ١٩٩٤ لە وڵاتی سوریا وەریگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی، ئەگەر چی هیچ لە تێکستەکانی تێدا نییە، بەڵام وەك ناساندنێك هەوڵێکی باش بوو[(٣)].
- سەیدخان کوریژ لە ساڵی ٢٠١١ بۆ کۆنفرانسی کوردۆلۆژی زانکۆی هەکاری بابەتێکی بەناوی (خەباتێن پیتەر لێرخ د وارێ کوردناسیدا)[(٤)] نووسیوە، کە زیاتر لەسەر تێکستەکانی زازاکی وەستاوە بێ ئەوەی ئاماژە بە تێکستەکانی سۆرانی بکات و هەر ئەم بەرهەمە بە شێوەی فراوانتر و بە شێوەزاری زازاکی لە ساڵی ٢٠١٧ وەك کتێب بەناوی (مەتنی ڤەرێنەیێ کردکی، خەباتێ کوردۆلۆژیێ پەتەر لێرخ)[(٥)] تەواوی ئەو تێکستانەی بە زازاکی نووسراون، لە کتێبەکەدا جێگەیان دەکاتەوە.
- محەمەد ئەسلان ئۆغلۆلەر لە ساڵی ٢٠١٤ تویژینەوەیەك وەك بەشێك لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر پێشکەشی زانکۆی بینگۆل دەکات و تەواوی ئەو تێکستانەی بە زازاکی بوونە بە شێوەی ڕێنووسی لاتینیی نزیك لە تورکی دەیاننووسێتەوە و تێزەکەش بە زمانی تورکییە[(٦)].

بۆیە تا ئێستا هیچ لەو هەوڵانە تێکستەکانی کورمانجی نەگرتۆتەوە و لەو نێوانەشدا سۆرانییەکە هەر نەدۆزرابوویەوە، چونکە لە هیچ کامیاندا ئاماژەی بۆ نەکراوە.

**٢. بەرنامەی کارکردنی لێرخ لەسەر سۆرانی و کورمانجی:**

لێرخ پێش ئەوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ دیلە کوردەکان بکات، زۆر بە وردی ئاگاداری ڕەوشی کوردان بووە و بەشی زۆری ئەو نووسینانەی کە لەسەر کورد نووسرابوون خوێندبوونیەوە، هەروەها ئاگاداری کارەکانی ڕۆژهەڵاتناس و نووسەرانی ئینگلیز، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیتاڵی و ڕووسی وەك گارزۆنی و ئەلیکساندەر ژابا و کەسانی تر بووە کە دەربارەی کورد خەباتیان کردووە و کاری بەرهەڤکاریان کردوە. بۆیە هەر زوو ئەو کاتەی لە (ڕۆسلۆ) دەگەڕێتەوە کار لەسەر ئەو کەرەستانە دەکات و لە دوو بەرگدا چاپیان دەکات.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەرگی یەکەمی لە ڕاپۆرتێکی دوورودرێژ پێك دێت کە بۆ سەرۆکایەتی ئەکادیمیای شاهانەی ڕووسیا بەشی مێژوو و زمانەوانی ئامادەی کردبوو، لەو بەرگەدا باسی ئەو میتۆدانەی خۆی دەکات کە لە بواری کوردناسیدا کاری لەسەریان کردووە.
سەرەتا لە ڕۆسلۆ هەوڵ دەدا کە دیالێکتەکانی زمانی کوردی (زازا، کورمانجی و سۆرانی) فێرببێ، دیارە لە هەر سێ دیالێکتەکەش دیل لەو شارەدا هەبوونە. گرانایی زیاتریش دەداتە سەر کورمانجی و لەنێو کێشەی ئەلفابێش کە کورد و عەرەب و فارس ئەلفابێی ئارامیان بەکارهێناوە، نووسینی ئەو ئەلفابێیەش بۆ کەسێکی وەك لێرخ ئاسان نەبووە، بۆیە ئەلفابێی (سزۆگرەن)ی بەکارهێناوە و بۆ فێربوون و دڵنیابوونەوەش لە نووسینەوەی کورمانجییەکە، پرس و ڕای بەو کوردانەی قەفقاز کردووە، کە بە مەزەندەی ئەو زیاتر لە دەهەزار کەس دەبن[٧].

### ٣. بونیادی بەشی سۆرانی لەنێو بەرهەمەکەدا:

ئەگەر چی لێرخ زۆر بە ئاگادارییەوە مامەڵەی لەگەڵ کەلەپوور و مێژووی کورد کردووە، تەنانەت ئاگاداری شاعیر و نووسەرەکانیشیان بووە، لەم ڕووەوە لە کتێبەکەی (توێژینەوەیە لەبارەی کوردان و پاشماوەی خالیدییەکانی باکوور) ئەم وردەکارییانە باس دەکات و تەنانەت ئاگاداری هەموو ئەو سەرچاوانەیە کە لەسەر کوردیان نووسیوە، لە بوارەکانی ئەدەبیات، عەشیرەت، مێژوو، جوگرافیا و زۆر بواری تر. بۆیە لەو کتێبەدا بۆچوونی هەموو ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی هێناوەتەوە کە باسی کوردیان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا باسی کۆمەڵە شیعرێکی سۆرانی دەکات کە لە گەریدەی تورکی بەناوی ئیغلی بینویەتی[٨].
ئەمە بەڵگەیەکە کە لەگەڵ ئەوەی لێرخ لەگەڵ زۆرترین کوردی کورمانج و زازا دیداری سازداوە، بەڵام لە بەشی تێکستەکاندا دەقی سۆرانی بەرچاو دەکەوێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

### ١.٣ بەشی شیعر:

بێگومان بەشی هەرە زۆری ئەو تێکستانەی لێرخ تۆماری کردوون، ڕاستەوخۆ بە لاتینی نووسیویەتیەوە، تەنیا ئەوانەی کە سۆرانین ڕێنووسە عەرەبییەکەیشی داناوە، پێدەچێ دەستخەتەکەی لەو دیلانە وەرگرتبێ و پێی خوێندبێتەوە بۆیە وێنەی ڕێنووسە عەرەبییەکەی داناوە. لە بەشی شیعردا بە ناوونیشانی کلام عبدالله کە ئەمە نیشانەی دەستخەت و شیعری کلاسیکییە پارچە شیعرێکی داناوە سەرەتاکەی نزیکە لە کورمانجی و دواتر دەبێتە سۆرانی، ئەگەری ئەوەی هەیە هی ناوچەی ورمێ بێ کە لەوێدا سۆرانیەکەیان تێکەڵێکە لە وشەی کورمانجی لەبەر دراوسێیەتی عەشیرەتەکانی هەرکی و شکاك. شیعرەکە بەمە دەست پێدەکات:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەلئەمان شەكوا ل كی كەم ئەز ل دەست دێم كەوكەبێ

مەســـت و مەســـتانە دنـــالم هاتـــە ســـەر لای غـــەزەبێ

تا دەگاتە ئەوەی سۆرانییەكە زەقتر دەبێتەوە كاتێك دەڵێ:

پـێ بزانـی جوملـە عالـەم موبتـەلام عاشـق بـە تـۆم

گـەر هـەزار لـەومان بكـەن لـێم یـار و ئـەحبابێ دە خـۆم

لە بەشێكی دیكەی شیعرەكاندا پێنجخشتەكی بڵاوكردۆتەوە و لە كۆتایی هەر بەندێكدا هەمان سەروای بەندی یەكەم دووبارە بۆتەوە:

هاتمـە سـەر مامـات بـە ڕووحـی بۆسـەكی سـەودا بكـەم

دەست بـەهام كـەم بۆ دەبی هێنـدی تـریش پـەیدا بكـەم

یـان دەبـێ سـەر ڕوو بنـێم و سـەعی زۆر تێـدا بكـەم

یـــان بەرمـــدە دوازدە بـــەیعی خـــۆم ماجـــەرا بكـــەم

ئـەز بـە حـوكمی قـازی و مـوفتی و مـەلا و مەكتـەبێ

لە كۆتایی شیعرەكەدا و لە پەراوێزدا نوسویویەتی بەشێك لە وشەكان باش نەخوێنراوەتەوە، چونكە دەستخەتەكە مەرەكەبی بەسەردا ڕژابوو.

هەر لە نێو شیعرەكاندا لێرخ بێ ئەوەی ئاماژە بە شاعیرەكە بكات، شیعرێكی تری هێناوەتەوە لەسەر شێوەی شیعرێكی حافزی شیرازی:

ئەگـەر جارێـك دڵـم شـادكەی بـە دائیمـی نـە هـەم جـارا

بخـــال هنـــدویش بخشـــم ســـمرقند و بخـــارا را

بـدە سـاقی لـەوێ جـامێ كـە نـووری لـەیلێی تێـدا جـا

مـەڵێ ئیـرۆ لـە دەسـت جـەوری دونیـای هـەمی ئامانجـا(٩).

**٢.٣ بەشی پەخشان:**

**وەرگێڕانی گولستانی سەعدی:**

ئەگەر چی لێكۆڵەر سەیدخان كوریژ ئاماژەی پێكردووە، بەڵام نەیزانیوە بە چ زمانێك نووسراوە. لێرخ ئەمەیشی هەر بە ڕێنووسە عەرەبییەكە داناوەتەوە، بۆیە كەم توێژەر لێی تێگەیشتوون. لە تێكستەكەدا ئەگەر چی ناوی سۆرانی نەهێناوە، چیرۆكەكەی بە ئەلفبای عەرەبی نووسیوە، هەر بۆیەش ئەوانەی لەسەر تێكستەكانی نێو بەرهەمەكەی لێرخیان نووسیوە، هەر وایانزانیوە ئەمە عەرەبییە و بیریان بۆ سۆرانی نەچووە، ئەگەر چی لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

ناوونیشانەکەیدا بە زمانی ئەڵمانی تەنیا نووسیویەتی وەرگێڕانی گولستان بۆ سەر زمانی کوردی. چیرۆکەکە ئاوا دەست پێدەکات:

بسم الله الرحمن الرحيم

نیعمەت بۆ خودایەکە غالیب و گەورەیە کە تاعەت کردنی ئەو باعیثی نەزدیکییە و لە نێو شوکری ئەوابوون سەبەبی زیادی نیعمەتە، هەر هەناسە کە دەڕواتە ناوەوە طولی دەهەندەی زیندەگانییە و وەختێ دێتە دەرەو کەیف خۆش کونەندەی زاتە[١٠] .

لەم بەشەی سۆرانیدا چەند خاڵێکی گرنگ هەن دەتوانین ئاماژەی پێبدەین:

١- لە بەشی شیعردا چەند تێکستێکی گرنگی شیعری کلاسیکی سۆرانیی داناوە، کە بۆ مێژووی شیعری کلاسیك بە زاری سۆرانی زۆر گرنگن، چونکە بنەمای دانانەکەی دەستخەتن و ئاماژەی بە دوو ناو داوە، یەکێکیان عەبدوڵلا ناوێك و ئەوەی تر ئەحمەدی کۆر، کە ئەگەر وردتر لەو بارەوە توێژینەوە بکرێ زۆر لەگینە کە ئەحمەدی کۆری شاعیری موکریان بێت، کە حاجی قادری کۆیی دەرهەقی دا دەنووسێ:

ئەحمەدی کۆر لە شاری سابلاغە

بەیتێکی داخە بەیتێکی باغە[١١]

هەروەها ئەو تێکەڵیی و لێکنزیکییەی کورمانجی و سۆرانی لە تێکستە شیعرییەکەی سەرەتادا نیشانەی ئەوەیە کوردی سۆران ئەو کاتە وێڕای ئەوەی لەنێو دیلەکاندا بوونە، لێرخ ئاماژە بە نیشتەجیبوونی ئەو کوردەی سۆران دەکات لە ناوچەی ئەرزەڕۆم، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کورمانجەکان ئاگاداری شیعری سۆران بووینە و لانی کەم لەنێو دەستخەت و بەیازەکانیاندا شیعری زاری جیاواز بینراوە.

٢- بەشی وەرگێڕانەکەی دەسپێکی کتێبی گولستانی سەعدی شیرازی، کە تەنیا سەرەتاکە و نیازی کتێبەکە و دوو چیرۆکی تێدایە، وەك لە شێوازەکە دیارە وەرگێڕ بە نیازی وەرگێڕانی هەموو گولستانەکە بووە، واش پێدەچێ لەسەر داوای لێرخ ئەمەی وەرگێڕابێ و لە شێوازی زمانەکەشی دیارە سۆرانییەکەی موکرییە و کاریگەری وشە و دەربڕینی فارسی بەسەردا دیارە. لەگەڵ ئەوەشدا گرنگییەکەی لەوەدایە لەنێو مێژووی چیرۆکی کوردی بۆ وەرگێڕان و مێژووی وەرگێڕانی گولستاندا دەبێتە دەسپێك و دەکەوێتە پێش وەرگێڕانی در المجالسی مەلا موساى هەکارییەوە.

## ٤. بەشی کورمانجی:

ئەگەر چی بەشە کورمانجییەکە لە بەشی زازاکی و بەشی سۆرانی زۆر زیاترە، بەتایبەتی لە هەمەجۆری تێکستەکانیشەوە بە پلەی یەکەم دێت. ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆرترین دیلەکان کورمانج بوونە. دەتوانین بناغەی کۆکردنەوەکەی تێکستەکانی کورمانجی لەلای لێرخەوە بۆ ئەم جۆرانە دابەش بکەین:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**یەکەم: لە بواری وەرگێڕاندا:**

لێرخ هەوڵی داوە شەش چیرۆك لە زمانی فینلەندییەوە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی کورمانجی، کە ئەمە گرنگییەکەی لەوەدایە بۆ بزاڤی وەرگێڕان لە زمانی بیانییەوە بۆ کوردیی کورمانجی سەرەتایەکی باشە، بەتایبەتی لە بواری پەخشان و چیرۆکدا.

**دووەم: وەرگێڕانی مەتەڵۆك:**

لەمەشدا لێرخ زۆر کاریگەر بووە بە زمانی تورکی، ڕەنگە ئەمەش لەوەوە هاتبێ کە لەنێو دیلەکاندا لێرخ کەسی تورکیشی زۆر دواندووە، بۆیە هەر لەوێدا بەراوردی کردووە و ئەو مەتەڵۆکانەی کە لە تورکەکانی بەرهەڤکردیە ڕاستەوخۆ بەهۆی کوردەکانەوە وەریگێڕاوەتە سەر کورمانجی، لەمەشدا هەژدە مەتەڵۆکی لە تورکییەوە وەرگێڕاوە.

**سێیەم: وەرگێڕانی پەندی پێشنیان:**

لێرخ بایەخێکی تایبەتی بە پەندی پێشینان داوە، تێیدا ٢٥ پەندی پێشینان یان وەك ئەو بە تەرجەما ضرب المثلان بزمانێ کورمانجی نووسیویەتی، تێیدا لەژێر هەر ضرب المثلێك وێڕای ڕێنووسە عەرەبییەکە، لاتینییەکەیشی نووسیوە و لەژێرەوە تورکییەکەیشی نووسیوە، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی کە ئەمانە لە تورکی وەرگێڕدراون. ژمارەی یەکەمی بریتییە لە:

١- یار هەزار ببە هندکە، دژمن یەك ببە زەحفە.

**چوارەم: لە بواری چیرۆکدا**

لێرخ بەشی زۆری گرانایی کارەکەی کردۆتە بەشی چیرۆکان و لەوێدا دەتوانین دابەشی سەر ئەم بەشانەی بکەین:

ئەلف: وەرگێڕانی چیرۆك:

لێرخ حەوت چیرۆکی وەرگێڕاون و نازانرێ لە چ زمانێکەوە وەریگێڕاون، بەڵام زیاتر بۆ ئەوە دەچێ کە لە تورکییەوە وەریگێڕابن.

بێ: کۆکردنەوەی چیرۆك وەك بەشێك لە مێژوو:

ئەمەش زیاتر خۆی لە چیرۆکی واقیعی نێو کۆمەڵگەی کوردی دەبینێتەوە، تێیدا سەرپێهاتیی عەبدوڵڵا بەگی میری پالۆ بە درێژی دەگێڕێتەوە. دواتر چیرۆکی ئەڤینی سەرۆکی عەشیرەتی ڕۆمیش باس دەکات، وەك چۆن لە دەمی کوردەکانی وەرگرتووە بە هەمان شێوەی نووسیونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دوو چیرۆك و مەتەڵۆکێکی کردۆتە بەشێکی سەربەخۆ.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لە هەموو ئەمانەدا هەست بە زمانێکی زەلال و ڕەوانی کوردیی کورمانجی دەکرێ و بۆ ئەمڕۆی زمانی کوردیی کورمانجی گرنگییەکی لەڕادەبەدەری هەیە، چونکە وێڕای پاراستنی ئەو سامانە فۆلکلۆرییە، بۆ ئاستی ڕستەسازی و فەرهەنگ و وشەسازیی کوردیش زۆر گرنگە، بەتایبەتی لەمەڕ پرسی تویژینەوە لە شێوەزار و دەڤۆك و زاراوەکانی کوردی و ئاستی گەشەکردنی زمان و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر زمانەکە هاتوون، دەکاتە دەرفەتێك بۆ گەیشتن بە چەند ئەنجامێك.

**٥. ئەنجام:**

لەم توێژینەوەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- توێژینەوەکە وێرای ناساندن و دەستنیشانکردنی بونیادە هونەرییەکەی کارەکەی لێرخ، بە ڕێنووسی ئێستای ئارامی و باشوور بەشی هەرە زۆری تێکستە کورمانجی و سۆرانییەکانی وەك نموونە داناوە.
- لێرخ زۆر بە ئاگادارییەوە کارەکەی کردووە و وێڕای ئاگادارییەکەی لە هەموو زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی، مێژوو و ئەسنۆگرافیا و کولتوور و بارە کۆمەڵایەتییەکەی کوردیشی لەبیرنەکردووە.
- بۆ یەکەم جارە تێکستە سۆرانییەکانی نێو بەرهەمەکەی لێرخ ئاشکرادەکرێن و وەرگێڕانەکەی گولستانی سەعدی شیرازی بە کوردیی سۆرانی، مێژووی وەرگێڕانی پەخشانی کوردیی دەباتە پێشتر و دەبێتە یەکەم هەوڵی وەرگێڕانی بەرهەمێکی فارسی بۆ کوردیی سۆرانی.
- تەنیا بەشە سۆرانییەکەی کارەکەی لێرخ گرنگی بە شیعری کلاسیکیی نووسراوی سۆرانی داوە و لەم ڕووەوە شیعری عەبدوڵلا ناوێك لەگەڵ ئەحمەدی کۆر بە شێوەی شیعری ئاسایی، پێنجین و تێکهەڵکێشی شیعری حافزی شیرازی هێناوەتەوە. شێوازی شیعرەکانیش ئەوە دەسەلمێنن کە شاعیر خەڵکی موکریان بووە.
- هەوڵەکانی لێرخ بۆ بەشە کورمانجییەکە هەمووی لە چوارچێوەی پەخشاندا خۆی دەبینێتەوە و شەش چیرۆکەکەی کە لە فنلەندییەوە وەریگێڕاون دەبنە یەکەم چیرۆکی کورمانجی کە لە زمانانی ئەوروپییەوە وەرگێڕابن.
- بەشێك لە چیرۆکەکان چیرۆکی واقیعی و سەرپێهاتی کەسایەتییەکانی کورد بووە، لە شێوەی عەبدوڵلا بەگی میری پاڵۆ و چیرۆکی ئەڤینداری سەرۆکی عەشیرەتی ڕۆمی، دەرخەری ئەوەن کە بەلای لێرخەوە تێکەڵکردنی مێژوو و فۆلکلۆر گرنگ بووە و ژان و ژواری دیلەکانیش لەو بارودۆخە دەروونییەی کە تێیدابوونە باری ڕەخساندووە کە گوزارشت لە باری دەروونی خۆیان بکەن و وێنەی واقیعی ژیانی کۆمەڵی کوردەواری بکێشن.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- لێرخ بایەخی بە وەرگێڕی چیرۆك، وەرگێڕی پەندی پێشینان، مەتەلۆك، بەراوردی زازاکی و کورمانجی و تۆمارکردنی چیرۆکی فۆلکلۆری داوە.

## ٦. سەرچاوەکان:


- حاجی قادری کۆیی (دیوان)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە: سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا، بەغدا: ١٩٨٦،
- ب.لیرخ، دراسات حول الاكراد واسلافهم الخالديين الشماليين، ترجمة:د.عبدى حاجى، منشورات مكتبة خانى، حلب، الطبعة الاولى، ١٩٩٤.
- ASLANOĞULLARI, Mehmet, Lerch'in Zazaki Derlemelerinin Çevrimyazımı Ve Türlerine Göre Sözcüklerin Tahlili. Yüksek Lisans Tezi, Bingöl Üniversitesi, 2014.
- Kurij ,seyîdxan, Metnî veren yê kirdikî xebatê kurdolojiyê Peter Lerchî, weşana lîs,2017.
- Kurij ,seyîdxan, xebatên peter j.A.Lerch di warê kurdnasîyê de, gotarên konfransa kurdolojiyê, zanîngeha Hekarî, editör: îbrahîm seydo aydogan, 2011.
- LERCH, Peter, Forschungen über die Kurden und die Iranischen Nordchaldaer, III, Rusya Bilimler Akademisi, St Petersburg, 1857.
- Peter.I.Lerch, Qawxê nêrîb û sîwanî, latînîkirin: malmîsanj, kovara hêvî, hejmar 3, sebat 1985.
- Peter.I.Lerch, Textes dumilî recueillis par ,latînîkirin: malmîsanj, kovara hêvî, hejmar 5, mai 1986.


## ٧. تێکستەکان

### بەشی سۆرانی:

کلام عبدالله

ئەلئەمان شەکوا ل کی کەم ئەز ل دەست دێم کەوکەبێ

مەســـت و مەســـتانە دنـــالم هاتـــە ســـەر لای غـــەزەبێ

عاشـــقان ب خێـــر دکـــاە دا دەبیـــە نـــاو ســـێچوبێ

قـــەت ب هـــەر دوو عالـــەمان نـــادم هەمـــەن وێ مەنصـــەبێ

گـــەر خـــودێ بـــاری بکـــا دیســـان نەیـــۆ لـــەم ئاشـــتو بـــێ

حەلقە حەلقە چین ب چین زولف هاتنە سەر ڕووی ماهتاب

کۆ ب کۆ دێن صەف ب صەف کەوتینە پێش جوتەك جەلاب

دێنـــە جـــەنگی عاشـــقان دکـــرن هـــەزار جـــەور و عیتـــاب

وان ب جوملە قەصدی جان کر و هاتنە سەر من بێ حیجاب



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هـــان ســـەروكردن ل بۆتـــە قـــاتلی جـــان مەتلـــەبێ

دلبـەرا ب شـەوق خـودێ جـارێ ل پـێش مـن ڕوو مـەپۆش

هـەر وەكـی كـوورەی خـودا و جـان و دل بـۆت هاتیـە جـۆش

مـــن ب داغـــی دەردی تـــۆم كەلپۆســـت عەبـــدالیم ل دوش

موبتـــەلام بـــۆ زەوقـــی دوو لـــەعلی لـــەبانێ مـــەی فـــرۆش

تەشـــنەیێ ئـــابێ حـــەیاتم ئـــەز ل چـــاهێ غەبغـــەبێ

ڕەونـــەقی بـــاڵات نوانـــد بـــۆی و وەهـــابم خـــاك بەســـەر

داغـــی زۆرم زۆر ئـــەوا زولفـــان ل خـــاڵان كـــرد چەپـــەر

هـــەر وەكـــی بـــەدری تـــەمام..... (١٢)خـــۆ دایـــە بـــەر

یـــاڕەب جـــارێ لـــەبۆم بـــێ نەشـــتەنی صـــوبحێ ســـەحەر

كامـــــەرانێ بۆســـــییان بـــــم ئـــــەز ژ ئـــــەترافا بـــــێ

پـــێ بزانـــی جوملـــە عالـــەم موبتـــەلام عاشـــق بـــە تـــۆم

گـەر هـەزار لـەومان بكـەن لـێم یـار و ئـەحبابێ دە خـۆم

مـــن لـــە دوای قاتـــل تـــۆم كـــرد بـــە مەوتـــەنی ئـــەرزەڕۆم

خـــۆ چـــی نـــابێ گـــەر بنێـــری مەشـــقەیێ وەســـلێ لـــە بـــۆم

گـەر چـی كـوردم دوور وەڵاتـم مـەیلی تـۆم لـێ كـەم نـەبێ

چونكـــە كـــورد و كوردســـتان هـــەموو یەكســـەر فـــوڕات

زێـــدەتر قاجـــار و ئەفشـــار هـــەردوو پایەنـــد ئـــەز پـــات

نامـــەوێن ئـــەو تومـــوخ و بەش و مەوتـــەن و مولـــك و وەڵات

تـۆش مەبـە نامەرحەمـەت چەمـەن وەك ئەسـیران هاتمـە لات

هـەروەها نـەبوو نییـە خـۆت وەك دەبـوونی پـێش مـەغربی

ئـــەو عـــەیار و عیشـــقبارزی تـــۆ هەمیشـــە كـــردە خـــۆت

ڕەمزێـــك بـــۆ مـــن بەســـە بـــۆچ غرنـــەكت كردنـــە جـــۆت

نـــە زەڕانـــی نـــەبووە قـــەت دڵـــت بـــۆ مـــن نەســـۆت

تـــو بـــە ئینســـاف بكـــە تـــەرحی نیقـــاب بـــاوێ لـــە ڕووت

كـــردنم فـــەرمان بـــەرە بـــۆ حەلقـــەیێ گێســـوو شـــەبێ

هاتمـە سـەر مامـات بـە ڕووحـی بۆسـەكی سـەودا بكـەم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

دەست بەهام کەم بۆ دەبی هێندی تریش پەیدا بکەم

یان دەبێ سەر ڕوو بنێم و سەعی زۆر تێدا بکەم

یان بەرمەدە دوازدە بەیعی خۆم ماجەرا بکەم

ئەز بە حوکمی قازی و موفتی و مەلا و مەکتەبێ

هەر لەوێ ڕۆژێ من دی قافیێ تۆ وەك چنار

موبتەلا بووم ئەز بە تۆ قەت ناگرم صەبر و قەرار

پێم دەڵێن سەوداسەری وەڵڵا نییە بۆم ئیختیار

خۆ چە نابی گەر بە خەلوەت جارەکی بێیە کەنار

وابکەم ئەحیایی عومری خۆم لە زەوق و مەشرەبێ

زوبدەیی عالەم لە ئەمثال و قران و هەمسەران

بۆچ دەکەن لەومان ل **عەبدوڵڵا** لە سەودای دلبەران

شێت و شەیدا و ماڵ خەراب و نیشکا و سەرگەران

کێ وەفای دیوە لە ناز و عیشق و سیمینێ سەران

شاهو سولتان ڕوودەنێن بۆ چاه و تەخت و مەرتەبێ

لەم شیعرەدا نوسویەتی بەشێك لە وشەکان باش نەخوێنراوەتەوە، چونکە دەستخەتەکە مەرەکەبی بەسەردا ڕژابوو.

شیعرێکی تری هێناوەتەوە لەسەر شێوەی شیعرێکی حافزی شیرازی:

ئەگەر جارێك دڵم شادکەی بە دائیمی نە هەم جارا

بخال هندویش بخشم سمرقند و بخارا را

بدە ساقی لەوێ جامێ کە نووری لەیلێی تێدا جا

مەڵێ ئیرۆ لە دەست جەوری دونیای هەمی ئامانجا

خۆشا شیراز و ئەسفەهان ل هەفت ئیقلیم و تاجا

لە جەننەت خورد هەنەم عەلمان بە دیداری تۆ موحتاجا

کەناری ئابێ روکناباد گلگشت موصەللا را

بە ناز و غەمزە بووم حەیران و سەرگەردانی چاوانی

وەك ئیسماعیل دەبم دەر هەر هەزار جاران بە قوربانی (بەرگی دووەم)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**وەرگێڕانی چیرۆکێکی نێو گولستانی سەعدی بۆ سەر کوردیی سۆرانی:**

ئەگەر چی ناوی سۆرانی نەهێناوە، چیرۆکەکەی بە ئەلفبای عەرەبی نووسیوە، هەر بۆیەش ئەوانەی لەسەر تێکستەکانی نێو بەرهەمەکەی لێرخیان نووسیوە، هەر وایانزانیوە ئەمە عەرەبییە و بیریان بۆ سۆرانی نەچووە، ئەگەر چی لە ناوونیشانەکەیدا بە زمانی ئەڵمانی تەنیا نووسیویەتی وەرگێڕانی گولستان بۆ سەر زمانی کوردی. چیرۆکەکە ئاوا دەست پێدەکات:

**بسم الله الرحمن الرحيم**

نیعمەت بۆ خودایەکە غالیب و گەورەیە کە تاعەت کردنی ئەو باعیثی نەزدیکییە و لە نێو شوکری ئەوابوون سەبەبی زیادی نیعمەتە، هەر هەناسە کە دەڕواتە ناوەوە طولی دەهەندەی زیندەگانییە و وەختێ دێتە دەرەو کەیف خۆش کونەندەی زاتە. لەپاش ئەمە هەرگا وا بوو لە هەر نەفسێکا دوو نیعمەت مەوجوودە و لەسەر نیعمەتی شوکری واجیب لە دەست و زوان کە دێتە دەرێ کە لە عەودەی شوکری ئەو دەربێت، عەمەل بکەن. ئەی داود بشوکر، کەم هەیە لە عیبادی شوکرکونەندە بەندە هەروەها چاکە کە لە گوناهی خۆی عوزربەدرەکی خودا ببینێت، ئەگەر نەلایقی گەورەی ئەو کەس ناتوانی کە بەجێ بینیت. بارانی رەحمەتی بێ حسێو ئەو بە هەموو جێیەك گەیشتووە و خوانی نیعمەتی بێ درێغی ئەو بۆ هەمووی گوشادە. پەردەی پیاوەتی بەندە گەلی خۆی بە گۆنای ظاهیر نادرێت و وەزیفەی ڕۆژی خۆرکەل بە خەتای ئینکاری کیشری ئەو نابڕێت. ئەی کەریمێك کە لە خەزێنەی غەیب گەورە و تەرسات، وەزیفەی خەوەرە دۆستان لە کوێ نائومێد دەکەیت، تۆ کە لەگەڵ دوشمنگەل نەزەرت هەیە بە فەرانسی بای صەبای فەرموو کە تا کە فەرش زومەرەدین دا نەجات وە بە دایانی هەوری بەهاری فەرمووکە تا کەژ گوڵ و گیا لە بێشکەی زەوینا پەروەرمەش بدات، وە دارانی بە خەلات، نەورۆزی کەوای سەوز گەڵا کردۆتە بەر و منداڵگەل شافی بە قدووم وەهاتن فەسڵی بەهار کڵاوی شکۆفەی لەسەرداناوە و شیرەنەیجە بە قودرەتی ئەو هەنگوینی زۆر ئاوەرە و تۆمی خورما بە مەیمەنەت تەربیەتی ئەو بووە بە دار خورمایەکی بڵند، هەور و باد و مانگ و ڕۆژ هەموو لە کاران تا گە تو نانی بەدەس بێنێت و بە غەفڵەت نەیخۆیت، هەموو بۆ تۆ سەرگەشتە فەرمانبەردارن، شەرت ئینساف نییە گەر تو فەرمان نەبەیت. لە حەدیسایە لە گەورە مەوجووداتەوە خولاصەی مومکینات و صەفای ئادەمیگەل و تەواوی دەور و ڕۆژگار یانی محمد المصطفی نزوولی ڕەحمەت بکا خودا لەسەر ئەو و لەسەر ئەهلی ماڵی شەفاعەتکونەندەی ئیتاعەکێشی ئەو ئاگادارە و کونەندەی چشت دەهەندە بە بێ سوئالی قیسمەتکونەندە گەورە بین خۆش نیشانەدار بە مۆری پێغەمبەری گەیشتووە بە بڵندی بە کەمال و تەواوی خۆیەوە لاچووە تاریکی، بە جەمالی ئەوە دە چاك بووە، هەموو خەسڵەتی ئەو نزوولی رەحمەت بێت لە سەر ئەو و لەسەر ئالی چە غەم هەیە بۆ دیواری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئوممەت کە پشتیوانی وەکو تۆی هەیە! چە خەوف هەیە لە مەوجی بەحر کە هەیەتی نوح کەشتیوان هەرگاه یەکێ لە بەندگەلی گوناهکار پەرێشانی ڕۆژگار دەسهەلکرانەوە بە ئومێدی قبووڵ بوون بە دەرکی حەق گەورە و بڵند بکاتەوە، خوداوەندی بڵند نەظەر ناکات ئەو باز بیخوێنێت دووبازە دورستی دەکات، دووبازە بە زاری بیخوێنێت، حەق پاك و مونەزەه و بڵند ئەفەرموێت: ئەی مەلائیکەی من بە دروستی قبووڵم کرد لە بەندەی خۆم وەنیە بۆ ئەو غەیری من یانی بەخشیم بۆ ئەو وەکاری ئەوم دەرهێنا کە لە زۆری دوعا و زەلیلی بەندە شەرمم هەیە، کەرەم بوێنە لوتفی خوداوەندکار گوناه بەندە کردوویە ئەو صاحێب شەرمە، عاکفگەل کەعبە جەلالی بە کۆتایی عیبادەت ئیقرار دەکەن کە عبودییەت ناکەین بە موافیقی عیبادەتی تۆوە وەصفکونەندەکان خەتلێ جەمالێ ئەو بە تەحەییور نیسبەت دراون، کە ئێمە نەمان شناسێك سەحیق شناسین، ئەو ئەگەر کەسێ وەصفی ئەو لە من بپرسێت بێدڵ لە بێ نیشانەوە چ بڵێت عاشقان کوژراوی مەعشووقن دەرنایەت لە کوژراوان ئاوازەیەکی لە ساحێب دڵان سەری بێخە موراقەبەدا ڕابردوو و لە نیوەی بەحری کەشفا غەرق بوو وە وەختێ کە لەو حالەتە هاتەوە یەکێ لە رەفیقان بە تەریقی کەیف خۆشی پێی وت لەم باغە کە بوویت بۆ من چ سۆقاتت هێنا، وتی لە خاطرما بوو کە وەختێ بەدار گوڵ بگەیم داینە پڕیکم بۆ سەوقات رەفیقات، وەختێ گەیشتم بۆی گول وەها مەستی کردم کە داینێم لە دەست ڕووی، ئەی باڵندە سبحەینێ عیشق لە پەروانەوە فێر بە کە ئەو سووتاوە گیانی ڕووی و ئاوازی نەهاتەدەرێ ئەم موددەعیانە لە تەڵەبی ئەوا بێ خەبەرن، کە ئەو کەس خەبەری بوو خەبەری لێ نەهاتەوە.

(كیربورتر)یش كە هەر لە ساڵی (١٨١٨)دا چووەتە كەركووك ناونیشانی (لە كوردستانی خواروو)دای بۆ چوونە ناو شاری كەركووك داناوە و راشكاوانەش دەڵێت: (كەركووك بە گەورەترین ناوچە دادەنرێت لە كوردستانی خواروودا)، دەربارەی دانیشتوانەكەشی دەڵێت: (لە كوردو تورك و عەرەب و ئەرمەن لەگەڵ كەمینەیەك جوولەكە پێك هاتووە (Porte، 439، 1822)

كەواتە پرسیار ئەوەیە ئەی بۆ (شیل) باسی لەوە كردووە كە كورد لە كەركوكدا نەبووە؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە، با سەرەتا بە وردی ئەو بەشە لە نووسینەكەی بخوێنینەوە كە ئەو بۆچوونەی تێدا هاتووە و تیایدا دەڵێت: (پێش گەیشتنمان بە كەركوك بە سێ كیلۆمەترێك بەلای چەند بیرە نەوتێكدا تێپەرین كە هەر لە دوورەوە بۆنێكی ناخۆشیان بڵاودەكردەوە، نەوتەكەش بۆ رووناكی و ئاگركردنەوە بەكاردەهێنرێ ... كەركوك شارێكی گەورەی كراوەیە لە دەشتاییدایە، وەك هەر شارێكی تری ئەم بەشەی جیهان ئەویش بەهۆی نەخۆشی تاعون و كولێراو بەهۆی برسێتییەوە لە دۆخێكی كاول بووندایە. لە نزیكیەوە قەڵایەك هەیە كە بەسەر گردێكەوە بنیاتنراوە، ئەگەرچی بەرز نییە بەڵام گەلێ لێژە، دەوترێت پیشەسازییەكی وای لێ نییە جگە لە دروستكردنی قاڵی زبر، بەڵام جوڵانەویەكی بازرگانی باشی لە هێنانی (گوێز)دا هەیە كە لە چیاكانی كوردستانەوە دەبهێنن رووبارەكەی كەركوك كە پێی دەڵێن (خاسەچای) ئێستا وشكە، هەر لەوێش بۆ یەكەمجار دارخورمامان بینی كە بیری ئەوەی خستینەوە ئێمە ئێستا لە كەش و هەوایەكی زۆر گەرمداین. دانیشتوانەكەی عەرەب و عوسمانیین لەگەڵ هەندێ مەسیحی و جوولەكە، بەڵام كوردی لێ نییە، ژنەكانی سەرو پێچێكی گەورە دەبەستن، ئەمەش دەبێتە دیمەنێكی سەرنج راكێش بۆ كەسێ كە لە رۆژهەڵاتدا ئافرەتی بە سەروبەستی وا گەورەوە نەبینیبێ (Shiel 1838، 100) لێرەدا دەتوانین، هیچ نەبێ، دوو بەڵگە بخەینە بەردەست كە دەریدەخەن بۆچوونەكەی (شیل) دەربارەی نەبوونی كورد لە كەركوك، سەرچاوەكەی بیستن بووە نەك بینین، بەڵگەی یەكەمیش ئەوەیە كە دەڵێت: ((لە نزیكیەوە قەڵایەك هەیە كە بەسەر گردێكەوە بنیاتنراوە ئەگەرچی بەرز نییە بەڵام



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

گەلێ لێژە)، لێرەدا راشکاوانە ئەوە دەردەکەوێت کە (شیل) لە دوورەوە قەڵای کەرکوکی بینیوە کەم و زۆر، نە ئاگاداری دانیشتوانی ناو قەڵاو خوار قەلاش بووەو نە ئەو زانیارییەشی لەلا بووە کە کەرکوک لە پێشدا بریتی بووە لەو بەشەی رۆژهەلاتی کە قەڵای تێدا بووە و بەشی رۆژئاواکەی کە لە سەرەتاوە سەراو ماڵێ کاربەدەستانی تێدا دروستکراوە مێژووی ئاوەدان کردنەوەکەی لە چەند دەیەیەکی پێش سەردانەکەی ئەو تێنەپەریوە، بەڵگەی دووەم ئەوەیە کە دەڵێت: (دەوترێت پیشەسازییەکی وای لێ نییە جگە لە دروستکردنی قاڵی زیر بەڵام جوڵانەویەکی بازرگانی باشی لە هێنانی گوێزدا هەیە کە لە چیاکانی کوردستانەوە دەبهێنن) لێرەشدا بە سەرنجدان لە وشەی (دەوترێت) ئەو راستییە روونتر دەردەکەوێت کە نە قەڵای بینیوەو نە گەرەک و ناوبازارەکەی خوار قەلاش، کە ئەگەر سەرجەمیان کورد نەبووبن ئەوا زووربەیان کورد بوون لەگەڵ رێژەیەکی کەم لە تورکمان و کەمینەیەک لە عەرەب و مەسیحی و جوولەکە

بەم رەنگە نەک هەر دەتوانرێ زاستانە ئەو بۆچوونە هەڵەیەی (شیل) راسکرێتەوە بەڵکو وەڵامی ئەوانەشی پێ بدرێتەوە کە دەیکەن بە بەڵگەی نەبوونی کورد لە کەرکوک.

**٣- کوردو رووس:**

تا ئیستاو هێندەی ئێمە ئاگاداربین، هیچ لێکۆڵینەوەیەکمان بەرچاو نەکەوتووە کە باس لە هۆێ بوونی سەربازانی رووسیا بکات لە ساڵانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەی خوارووی کوردستاندا بە گشتی و لە ویلایەتی شارەزووری ژێر دەسەلاتی بابانییەکان بە تایبەتی، ئەمە لەکاتێکدا لە چەند سەرچاوەیەکدا ئەو باسە دەبینرێ . یەکێ لەو سەرچاوانە کتێبی (سەفەرنامەی ولیەم هیوود بۆ کوردستان ساڵی ١٨١٧) کە (د.نەجاتی عەبوللا) لە فەرەنسییەوە وەریگێراوە بۆ کوردی . سەرچاوەیەکی تر یاداشتنامەکانی (خاتوو ریچ)ی ساڵێ (١٩٢٠)ە کە لە گەڵ (مستەر ریچ) هاتوونەتە کوردستان و (حەمەی حەمە باقی) لە عەرەبییەوە وەریگێراوە بۆ کوردی

جارێ پێش ئەوەی ئاور لە باسەکانی لای (هیوود) و گەشتیارانی تریش بدەینەوە، ئەوەی دەبێتە جێگای سەرنج ئەوەیە کە باسکردنی بوونی سوارەی رووسی لە سلێمانیدا لە یاداشتەکانی (خاتوو ریچ)دا دەبینرێ، بەڵام لە گەشتنامەکەی (ریچ)دا بە هیچ شێوەیەک ناویان نەهاتووە، ئەمەش بۆخۆی دەبێتە جێگای پرسیارو پێویستە مێژوونووسانمان ئاوری لێ بدەنەوە چونکە لە باسەکەی (خاتوو ریچ)دا وا باسکراوە کە بوونی سوارەی رووسی لە سلێمانیدا فەرمییانە بووە، ئەوەتا دەڵێت: (پێشوازی کەران زۆر بوون و جل و بەرگیشیان هەمە رەنگ بوو، خۆپیشاندانێکی مەزن بوو، بەشداربووەکان لە کوردو ئەورووپییەکان پێکهاتبوون، هەمووشیان لە جل و بەرگی جوان و رەسمیدا بوون، چونکە سەربازە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هیندییەکان بە تەپڵ و زورنایانەوە، سوارە رووسەکان بە کەرەناکانیانەوە، ئەفسەرە تورکە دیانەکان و تەنانەت جوولەکەکان و خزمەتگوزارەکانی سەر بە بارەگای نشینگەیی ئێمەش، هەموویان نیشانەیەکی مەزنایەتییان پێکهێنا بوو) (باقی(ورگێر)، ١٩٩٢، ٣٧٦)

هەر لێرەوە کاتێ ئاور لە گەشتەکەی (هیوود)ی ساڵی (١٨١٧) یش دەدەینەوە، راستەوخۆ ئەو بۆچوونەمان لا دروست دەبێت کە بوونی سەربازانی رووس لە سلێمانی، دەگەرێتەوە بۆ ساڵانێکی پێش(١٨١٧)ش، بەو پێیەی لەو ساڵەشدا لەلای خەڵکی سلێمانی بێزراو بوون و جێگای مەترسی بوون، ئەوەتا پاش ئەوەی (هیوود) دەگاتە ناو شاری سلێمانی کە بە (پایتەختی کوردستان) ناوی دەبات دەڵێت: (لە (سەرا)دا جێگایان بۆ ئامادەکردین و پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردین و شەوخوانێکی جۆراوجۆریان بۆ ئامادەکردین ........باسی ئەوەیان بۆ کردم کە چۆن ئەسکەندەر وڵاتەکەیانی داگیر کردووەو لەو رووەوە کۆمەڵێ چیرۆکیان بۆ گیرامەوە کە لە زووربەیان نەدەگەیشتم، بەلاشیانە تەنها دەوڵەتێ کە ترسیان لێی هەیە داگیریان بکات هەر روسیایەو پێشبینی ئەو داگیرکردنەش دەکەن، هەر بۆیە دەیانویست بزانن ئایا ئینگلیزەکان دۆستیانن تا بەرگرییان لێ بکەن، دیاریش بوو لە ناو گەلانی ئەوروپادا تەنها ئینگلیزو فەرەنسای ناپلیون بۆناپارت و رووسیایان دەناسی و تا رادەیەک ئاشناش بوون بە زمانی ئینگلیزی لەرێگای ئەو گەسانەی کە سەردانی بەغدایان کردبوو، لە راستیشدا ترس لە داگیرکردنی رووسیا، یەکێ لەو باسانە بوو کە لە گەڵێ شوێنی ئەم وڵاتە باسی لێوە دەکرا و بەردەوامیش دەیانویست بزانن هەڵوێستی ئینگلیزو بۆناپارت چییە لەو رووەوە، ئەوان چاویان لە چ بەشێکی ئەو وڵاتەیە، کاتێکیش پێم وتن رزگارمان بووە لە ناپلیۆن بوناپارت و ئێستە دەستبەسەرە لامان، بروایان نەدەکرد و پێشیان ناخۆش بوو، چونکە بە تاکە پارێزگاریکەری خۆیانیان دادەنا لە رووسەکان) (HEUDE، 1819، 201)، کەواتە دەکرێ بڵێین، دەستوەردانی رووسیا لە کوردستاندا، بەو رادەیەی کە خەڵکەکی ترسیان هەبوو بێت لەوەی وڵاتەکەیان داگیر بکات، دەگەرێتەوە بۆ مێژوویەکی پیش ساڵێ(١٨١٧)و بۆ ساڵانی دواتریش، هەروەک لە گەشتنامەی دوو گەشتیاری تریشدا باسیان لێوە کراوە کە ئەوانیش گەشتنامەی گەشتیارێکی بەریتانییە بەناوی (میگنان )و لە نیسانی (١٨٣٠)دا دەچێتە سلێمانی، لەگەڵ گەشتنامەکەی (فریزەر)ی ساڵێ (١٨٣٤) بۆ خوارووی کوردستان

(میگنان) دەربارەی سلێمانی کە ئەمیش هەر بە (پایتەختی کوردستان) ناوی دەبات دەڵێت: (حکومەتی سلێمانی لە لایەن پاشایەکی کوردەوە بەرێوە دەبرێت، نە سەر بە تورکەکانەو نە سەر بە فارسەکانە، لە پێناو رازی کردنی رووسەکانیش ناوبەناو پارەیەک وەک دیاری بۆ شازادەی فارس و سەرکردەی مەیدانی ( فیلدمارشاڵ پاسکۆڤیچ) دەنێرێ بۆ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوە کوردی

ئەوەی بیخاتە ژێر سایەی تایبەتی  خۆی و بیپارێزێ و یارمەتی بدات تا هێزێکی سوارە پێک بێنێت لە پێناو خۆ پاراستن لەو وڵاتانەی هاوسنوووریانن) (MIGNAN، 1839، 285 )

(فرەیزە)یش لە باسی کانی و ئاوێکی نزیک (قەرەداخ)، دەڵێت: ((لە پەنگاوەکەیدا گەلێ ماسی تێدا بوو مەلەیان دەکردو دەسوورانەوە بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئێمە، چونکە خەڵکی دەستکاریان نەدەکردن، ئەو سەبازە رووسیانەی لە ئازەربایجانەوە نێررابوونە ئێرە، هەندێکیان لێ راوکردبوون و ژمارەیان کەم بووبووەوە، ئەگەرچی خەڵکەکە ئاگاداری کردبوونەوە کە شتی وا نەکەن تووشی بەڵا دەبن، بەڵام ئەوان گوێیان نەدابوویەو وەک ئەڵێن ئەوانەی لە ماسیەکانیان خواردبوو مردبوون)) (ئاشتا، ١٩٩٨، ٥١) دیارە بوونی ئەو سەربازە رووسیانە لەو ناوچانە، هەر دەگەرێتەوە بۆ دەورووبەری ساڵێ ١٨٣٠ کە (میگنان)یش باسی لێوە دەکات و هۆی بوونیشیان بۆ ئەو رێککەوتنە دەگەرێنتەوە کە (سلێمان پاشای بابان) لەگەڵ (فیلدمارشاڵ پاسکۆڤیچ)ی سەرلەشکری سوپای رووسیا، کە لەو کاتەدا و لە ئەنجامی شەری ساڵێ (١٨٢٨)ی نیوان ئێران و رووسیادا، دەستی گرتبوو بەسەر ئازربایجاندا، بە بۆچوونی ئێمەش خودی ئەو رێکەوتنەی پاشای بابان لەگەڵ رووسەکاندا ئەگەر لە ناچاریشدا بوو بێت، رێکەوتنێکی زیرەکانە بووەو لەلایەک توانیویەتی میرنشینیەکەی لە هێرشی رووسەکان بپارێزێ و لە لایەکی ترەوە پارێزگاریشی لەو دۆخی سەبەخۆیی خۆیانیان پێ کردووە

**٤- کوردستان ئامێزیکی ئاسوودەی کەمە ئاینی و نەتەوەییەکان:**

یەکێ لە سیما جوانەکانی کوردستان، ئەوە بووە کە بە درێژایی مێژوو، کوردەواری ئامێزێکی ئارام بووە بۆ کەمە نەتەوەیی وئاینی و ئاینزاکانی کوردستان، ئەم راستییەش لە زووربەی گەشتنامەی گەشتیارەکاندا  بەدی دەکرێت، دیمەنی بوونی دێی تایبەت بە خویان و نیشتەجێ بوونیشیان لە شارو شارۆچکەو گوندەکانی کوردستاندا سیماو شەقڵێکی جوانیان بە کوردستان و کوردەواری پۆشیوە، بە تایبەتیش لەو رووەوە کە ئازادانە رێ و رەسمی ئاینی خۆیان جێ بە جێ کردووە، ئەوەتا (گرۆفس) باس لەوە دەکات کە لە کاتێ سەردانەکی(ریچ)دا بۆ سلێمانی داوای مەسیحییەکانی گەیاندووە بە (مەحموود پاشی بابان) تا کەنێسەیەکیان بۆ بنیات بنێت، ئەویش هەر زوو ئەو کەنیسەیەی دروست کردووەو گەرەکێکیشی بۆ تەرخان کردوون کە تا ئێستاش  بە گەرەکی گاوران دەناسێنرێ، هەروەک چۆن جوولەکەکانیش گەرەکی تایبەت بە خۆیان هەبووە بەناوی جوولەکانیەکێ لەو دیمەنانەی رادەی پەیوەندی کوردی موسوڵمان و ئەرمەنییەکانیشمان پیشان دەدات، دیمەنی گوندی(کوللی) نزیک (وان)ە کە لە بنەرەتدا گوندێکی ئەرمەنی بووە لە دَاتی گەشتەکەی.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(میللنگن)دا، کۆمەڵێ کوردی کۆچەری تیا ژیاوە و (میللنگن) لەو رووەوە دەڵێت: (بە قسەی مام عمر سی ساڵ لەوە پێش ئەو گوندەیان داگیر کردووەو لە پێش ئەوانا ئەرمەنی تیا بووە کە بۆ ناو قەفقاس کۆچیان کردووە و ئەو گۆرستانە کە لەو دیو گوندەکەیە هی ئەرمەنییەکانە، وە وتی: (بەڵێ زەوی و شاخەکانی پادشایان بە تەنگ زانی و کەوتنە دووی کافرەکان ) زانیم کە عمر ئەیەوێ باسی شەری مارشاڵ (باسکویچ بکا سالی ١٨٢٨) گۆڤاری دەنگی گێتی تازە ژمارە ٦ بەرگی ٢ ئەیلوول ١٩٤٤ ل ٧٣-٧٤)، ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە (میللنگن) بەناهەق وشەی (داگیرکردن)ی دێکەی لەلایەن کوردەکانەوە بەکارهێناوەو دەبوو وشەی (نیشتەجێ بوون)ی بە کاربهێنایە، چونکە نەک هەر لە وتەکەی مام عومەری سەرۆکی کۆچەرەکاندا، ئەوە بە روونی دەردەکەوێت کە نیشتەجێ بوونی ئەوان لەو گوندەدا، دوای ئەوە بووە کە ئەرمەنەکان خۆیان کۆچیان کردووەو گوندەکەیان چۆل کردووە، بەڵکو پێشیان ناخۆش بووە کە ئەرمەنەکان گوندەکایان چۆڵ کردووەو چونەتە ناو رووسەکان کە مام عومەر ئەوانی بە کافر داناوە نەک ئەرمەنییەکان  هەر دەربارەی ژیانی کمینە ئاینییەکان لە کوردستاندا، هەندێ جار لێرەو لەوێ، زانیاری  نادروست و چەواشەکارانە دەربارەی رەوشی خراپی کەمینە ئاینیەکان خراونەتە بەردەست لەوانە و دەربارەی جوولەکەکانی کوردستان وتراوە کە: (کوردەکان لە عیراقدا کەمینەیەکی نەتەوەیین زوربەیان سوننەن و لە سەروی عیراقدا دەژین، لەسەردەمی عوسمانییەکاندا جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی نافەرمیان هەبووەو سەربەخۆ بوون و لە زۆر کاتدا دەسەڵاتی ناوەند نەیتوانیوە کەمینە ئاینییەکانی ناو کوردەکان بپارێزێ، چونکە دەسەڵاتی راستەقینە بەدەست سەرۆک عەشیرەتە بەهێزەکانەوە بووە و عەشیرەتە بچووکەکان و جوولەکەکانیش ناچار بوون پەنا ببەنە بەر عەشیرەتە بە هێزەکان و بۆ پاراستنیان باج بدەن بە سەرۆک عەشیرەتەکان یان بێ بەرامبەر کاریان بۆ بکەن)(مجلة الگاردینیا جامعة الاحبة، ٢٠٢١).

دیارە دەشێ هەندێ جارو لە هەندێ کات و شوێدا، جوولەکەیەکیش وەک هەر کوردێک لە لایەن ئاغایەک یان دەرەبەگێکەوە چەوسێنرابێتەوە، بەڵام هیچ کاتێ لەسەر ئاینەکەی رووبەرووی چەوساندنەوە نەبووەتەوە، چونکە ئەگەر ژیانیان لە ناو کوردەواریدا لەژێر مەترسیدا بوایە، ئەوا زۆر ئاسان بوو بۆیان کە کوردستان بەجێبهێڵن و بچنە شوێنێکی تر بژین، تەنانەت لە راستی لانادەین ئەگەر بڵێین، کوردستان و کوردەواری بەتایبەتیش لەسەردەمی میرنشینەکاندا، باوەشێکی ئارام بووە بۆیان و ئازادانە کارو کاسپی خۆیان کردووە، بەو بەڵگەیەی کە لە یاداشتنامەی ئەو گەشتیارانەی پیش نەمانی میرنشینەکان هاتوونەتە کوردستان، دیمەنێکی ئەوتۆی خراپی مامەڵەی کوردیان لەگەڵ کەمینە نەتەوەیی و ئاینیەکاندا پیشان نەداوە، تەنها رووداوێک کە ئێمە لای



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

گەشتیارەکان بینیبێتمان ئەو رووداوەیە کە (کلیمنت)ی فەرەنسی باسی دەکات، لە کاتی گەشتەکەیدا لە ساڵی ١٨٥٦ دا بۆ سلێمانی روداوێک کە لە قەردەغ رووی داوەو دوو جوولەکەی تیادا کوژراوە، رووداوەکەش هەر وەک (کلیمنت) خۆی باسی دەکات، بەهۆی ئەوەوە بووە کە لە ساڵی ١٨٥٥دا قەشەیەکی سەر بە کەنیسەی ئەنگلیکانی چووەتە ناو جوولەکەکانی قەرەداخەوەو بەو مەبەستەی بیانپارێزێ لە مامەڵەی خراپ دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵیاناو ئەوباجە زۆرەیان لەسەر کەم بکاتەوە کە خرابووە سەریان بەوەش ئاژاوەیەک بەرپا بووە کە تا ساڵی ١٨٥٦ ی خایاندووەو بووەتە هۆی بەریەککەوتنی جوولەکەکان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەداو کوژرانی دوو جوولەکەی لێکەوتووەتەوە . دیاریشە ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێ، ئەوەیە کە کیشەکە لە بنەرەتدا بەیوەندی بە جوولەکەکان و دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە هەبووە، (کلیمنت) روونی نەکردۆتەوە بۆچی گواستراوەتەوە بۆ نیوانی جوولەکەکان و خەڵکی ناوچەکە، هەرچۆنی بێت ئەو رووداوە ناتوانێ لەو راستییە بگۆرێ کە کوردستان و کوردەواری ئامێزێکی ئارام بووە بۆ کەمینە ئاینییەکان هەر بۆیە مێژووشیان بەشێک بووە لە مێژووی کوردستان.

**٥- کوردستان لە دوو دیمەنی نامۆدا:**

لە ناو گەشتنامەی گەشتیارەکاندا دوو دیمەنمان بەرچاو کەوت کە نامۆ هاتنە پێش چاومان و بە پێویستم زانی لێرەدا ئاوریان لێبدەینەوە

دیمەنی یەکەم دیمەنی رۆژێکی سەرەتای مانگی نیسانی ساڵی ١٨٣٠ی ناو شاری سلێمانییە کە میگنان پیشانمانی دەدات و دەڵێت: (رۆژێ پێش جێهێشتنی سلێمانی، بایەکی بەهێز لە خوارووەوە هەڵێ کردو کوللەیەکی بێشوماری لەگەڵ خۆیدا هێنا، بەرادەیەک کە بەری هەوایان گرتبوو، جووتیارەکان هەرایان دەکرد تا نەیەڵن لەسەر کشتوکاڵەکانیان بنیشنەوە، ژنان و مناڵانیش بە کیسەوە روویان کردە دەرەوەی شار تا بۆ خواردن بیانگرن، کوللە لەم وڵاتەدا خواردنێکی سەرەکی نیەو لە هەندێ بۆنەدا دەخورێت، پاش ئەوەی قاچەکانی لێدەکرێتەوەو کەمێک ئەکوڵێنرێ و ئینجا وشک دەکرینەوەو پاشان سووردەکرێنەوە) (MIGNAN، 1839، 311 )جا هێندەی ئێمە ئاگادار بین، خواردنی کوللە لە کوردەواریدا باو نەبووە، وەک چۆن لە خوارووی عیراقدا باو بووە، بۆیە بەدانانی نیشانەیەکی پرسیار لەسەری بە جێی دێڵێن تا زانیاری ترمان دەربارەی دێتە بەردەست

دیمەنی دووەمیش لە گەشتنامەکەی (هنری بندییە)ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٥ دا دێتە بەرچاومان کاتێ لەسەر رێگای نێوان ئامێدی و دهۆک لە نزیک زاوێتە، کۆمەڵە رەشماڵێک دەبینێ و دەربارەیان دەڵێت: (بەلای چەند رەشماڵێکی کۆچەرەکاندا تێپەرین کە نیوە کێوی یوون، پیاوو ژن و منألیان بە رووت و قووتی، وەک ئادەم و حەوا، لە گۆمێکدا مەلەیان دەکرد، بە بینینی ئێمەش هیچ خۆیان تێک نەداو خەریکی مەلە کردنی خۆیان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بوون و ئێمەش نەختێک دوور لەوان لەسەۆ کانییەک لاماندا بۆ نان خواردن) (بندییە، هنری، ٢٠٢٠، ٤٤). دیارە ئەم دیمەنەش هەر دیمەنێکی نامۆیە بە کوردەواری، بەتایبەتیش لەو رووەوە کە گرنگ نەبووە لایان کەسانی تر بە رووتی بیانبینن، زانیاری ئەوەشمان ناخاتە بەردەست کە سەر بە چ نەتەوەو ئاینێک بوون تا بتوانین قسەیەک دەربارەی ئەو دیمەنە لێرەدا بکەین، بۆیە بۆ ئەمیش ناچارین بە جێی بێلین بۆ کاتێ زانیاری ترمان لەو رووەوە دێتە بەردەست.

**پاری دووەم: گەشتنامەی بیانییەکان لە بازنەی وەرگێران و خوێندنەوەدا**

ئەوەی دەربارەی گەشتنامەی گەشتیارەکان، بە تایبەتیش ئەوروپییەکان، سەرنج رادەکێشێ ئەوەیە کە تایێستاش زووربەیان وەرنەگێرراونەتە سەر زمانی کوردی و خوێنەرانی کورد تەنها ئاگاداری ئەوانەن کە لێرەو لەوێ، نووسەران و لێکۆڵەرەوەکانمان دەقیان لێ وەرگرتوون و وەریان گێراونەتە سەر زمانی کوردی، ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە هەندێ لەوەرگێرانەکان جگە لەوەی هەڵەی وەرگێرانیان تێدایە، لە زۆر شوێندا گەڵێ لایەرەو پەرەگرافیان پشت گوێ خستووەو وەریان نەگێراون، بێگومان ئەمەش بۆخۆی دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانرێ سوودی تەواویان لێ ببینرێ و لە بواری تیشک خستنە سەر رەهەندە کلتوورییەکانمان، زانیاری پێویستیان لێ هەڵێنجین، ئەمە سەرباری ئەوەی کە هەندی لە نەیارانی کورد بە مەبەست دەستکاری دەقەکانیان کردووەو چەواشەکارانە وەریان گێراوەن، هەر بۆیە ئێمە لێرەدا بە پێویستی دەزانین هەندی نموونە بۆ ئەو راستیانە بخەینە بەردەست،

لە وەرگێرانی گەشتنامەکەی (هیوود)ی ساڵی (١٨١٧)دا کە (د. نەجاتی عەبوڵڵا) لە فەرەنسیەوە وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی، تێبینی ئەوە دەکری کە لە هەندێ شوێندا چەند رستەیەک فەرامۆش کراون، لەوانە کاتێ (هیوود) دەگاتە سەر لوتکەی شاخی (سەگرمە) دەڵێت: (گەیشتینە دیوارو قەڵاو شورایەک لە سەر لوتکەکە، پاش ئەوەی بە دەرگایەکی داروخاودا شووراکەمان بری بە رێگایەکی سەختدا و بەناو بەفردا بەرەو خوار شۆربووینەوە) وەک دەبینرێ ئەم زانیارییە لە بواری شوێنەواردا گەڵێ گرنگەو نەدەبوایە فەرامۆش نەکرایە

دیسان هەر لەو لاپەریەدا ئەو رستانە فەرامۆش کراون کە (هیوود) باس لە بوونی پردێکی کەوانەیی دەکات لە ناو گەروی دەربەندەکەداو باس لەو (سکێچ)ەش دەکات کە بۆ پردەکەو پەرینەویان کێشاویەتی و وەک خۆی دەڵێت: (ئاوی چەمەکەش لە هاتنە خوارەوەی بە گوریدا بە ژێر پردێکی کەوانەیدا تێدەپەری کە رێگاکانی دۆلەکەی پێکەوە بەستبووەوە، بەڵام رێرەوەکەی ئێمە ناچاری کردین کە بە لاپاڵی پشت پردەکەدا سەرکەوین لەو هەوڵەشماندا دوو ئەسپمان گلان و ئەسپێکیشمان ون بوو، ئەو سکێچەش بە نیوەناچڵێ ئەو رێگا برینە چاوەرێ نەکراوو نائاساییە پیشان دەدات)، جا راستە لە کتێبە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

وەرگێڕراوەکەدا (سکێچ)ی دەربەندەکەو پردەکە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بێ ئەو زانیارییە ڕەنگە زۆر خوێنەر نەزانێ ئەوە سکێچی دەربەند سەگرمەی دوڵێ قەرەداخە، چونکە لە ژێریا نووسراوە (چوون بۆ ناو دۆڵی سلێمانی).

لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی گەشتنامەکەی (فرەیزەر)یشدا، لە بری ناوی(قەرەداخ ) بە هەڵەی ڕێنووس (كَـرَداة) نووسراوەو وەرگێڕە کوردییەکەش لە بری چاککردنی ئەو هەڵەیە ئاڵۆزتری کردووە بەوەی (كَرَداة)ە عەرەبییەکەی کردووە بە (کەرادە)، بەوەش ناوی (قەرەداخ) کە لەسەرچاوە ئینگلیزییەکەدا بە ڕوونی (Karadagh) نووسراوە ون بووە، لە لایەکی ترەوە وەرگێڕە عەربییەکەو لەگەڵیدا وەرگێڕە کوردییەکەش، دوو لاپەڕەیەکیان پەڕاندووە کە (فرەیزەر) تیایاندا باس لە ڕێگای ناو دەربەند سەگرمە دەکات و وەسفێکی جوانی سروشتی ناوچەکە دەکات و تیایدا دەڵێت: (جوانی ناوچەکە سەرسامت دەکات ئەو شاخانەی کە بوونەتە سنوورێکی سروشتی نێوان بەرزاییەکانی کوردستان و دەشتاییەکانی ئاشور لە خوارووی ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو سەرووی ڕۆژئاوا درێژدەبنەوە سیمای دیاری ئەم زنجیرە چیایە لەوەدایە کە لوتکەکانیان بە شێوەیەکی تیژ بەرزبوونەتەوە و ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی بە شێوەی جیاجیای جوان دەرکەون، ئەگەر سەرنج لەو زنجیرەیەش بدەین دەبینین لە هەندێ شوێنداو بەهۆی ئاوی ئەو کانییە زۆرانەی کە تیایدان و شۆڕ دەبنەوە، گەلێ کەلەبەری تێکەوتووە، ئێمە لەبەردەم یەکێ لەو چەمانەدا وەستاوین تا پشویەک بدەین و ئاو بدەین بە ئەسپەکانمان و بارەکانمان توند کەینەوەو خۆمان ئامادەکەین بۆ سەرکەوتن، لاپاڵی ئەو زنجیرە چیایەی کە باسم کرد لێرەدا هێندە لەیەکتر نزیکن کە نێوانیان هەر چەند یاردەیەکی کەم دەبێت و لە پشتیشەوە تابلۆیەکی شاخاوی گەورە دەبنرێ کە پانیەکەی زیاتر لە سەد یاردە دەبێت بەڵام لە داوێندا هێندە بەرتەسکە کە هەر جێگای چەمەکەی تیادا بووەتەوە، پردێکیش هەردوو لێوارەکەی پێکەوە بەستووەتەوە کە ئاوی چەمەکە بە ژێریدا دەرواو کاروان و ڕێبوارانیش بەسەریدا دەپەڕنەوە، ئەگەر سەیری ئەو دۆڵەش بکەین کە چەمەکەی پیادا دەڕوات وەک تابلۆی هونەرمەندێکی بەتوانا دەبینرێ، ئەو تابلۆیەش سەدان پێ بەرەو سەرەوە درێژدەبێتەوە، ڕاستەوخۆش لە پشت پردەکەشەوە هەندێ چینی تر دەبینین کە بە هەمان شێوە دارماون، هێندە هەیە تیژی لێوارەکانیان کەمترە، لەگەڵ ئەوەشدا وەک ئەوانەی پێشتر بە داربەرووەکانییەوە کە بەرگی پایزەیان پۆشیبوو، تابلۆیەکی هونەری ڕازاوەیان دەنواند، سەرتاپای ناوچەکە زیاتر وەک تابلۆیەکی هونەری دەبینرێ نەک دیمەنێکی سروشتی، من پێخۆشحاڵ بووم بەو وچانە کورتەمان، چونکە بواری ئەوەی بۆ ڕەخسانم کە سکێچێک بۆ ئەم دەروازە سروشتییە بێ هاوتایە بکێشم کە لای خەڵکی ناوچەکە بە ناوی (دەربەند) ناسراوە) (16، 1840، FRASER)، بە داخەوە ئەو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سێکچەمان دەست نەکەوت کە (فرێزەر) بۆ ناوچەکەی کێشاوە هیوادارم لە داهاتوودا ئەویشمان دەست کەوێت

دیارە بۆ کاری وەرگێرانیش ئەو وتەیەی کە دەڵێ (بینین وەک بیستن نییە) لە گەڵێ لایەنەوە هەر راستە، ئەوەتا هەر لە وەسفی ناوچەی قەرەداخدا (ئەدمۆنس) بە بینینی جوانی ناوچەکە هێدە کاریگەر بووە شاعیرانە وەسفی کرووەو دەڵێت ((دار بەروەکان وەک نەقشی رازاوەی دۆلە سەوزی پۆشەکەی قەرەداخ دەبیینێ، کە لیرەو لەوێ، ئاوی روونی فەرش رێژکراو بە چەو (زیخ)ی کانیاوی سەرچاوە هەڵگرتوو لە شاخەکانەوە بە ناویاندا رێ دەکەن) (فتح الله، ٢٠١٢، ٤٨١).

ئەم وەسفە جوانەی (ئەدمۆنس) بۆ خۆی دێرە شیعرەکەی (گۆران)ی شاعیرمان دێنێتەوە بیر کە دەڵێ: (کانییەکی روونی بەر تریفەی مانگە شەو ** لە بنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو)، تەنانەت بۆ ئەوە دەچین کە لەو کاتەدا(ئەدمۆنس) ئەو بەیتەی (گوران)ی هاتووەتەوە یاد بۆیە زیخ و چەوی ناو ئاوەکانیشی بە جوانی بینیوە، جا ئەو دووسێ دێرە جوانەی (ئەدمۆنس) لە کتێبە وەرگێرراوەکەیدا بۆ کوردی وای لێکراوە : (شیوێکی شین و دڵگیریشیان لە ناودایە کە تاک تاکە دار بەرووی تێدایەو جۆگەلە ئاوی روونی چیاشی پێدا دەروا) (گەوهەری، ٢٠٠٤ ٤٣٠) کە وەک دیارە جوانی دەقەکەو جوانی ناوچەکەشی تیادا شێوێنراوە هەر لە بواری وەرگێرانی گەشتنامەکاندا، بە تایبەتیش لە کاتی دەق وەرگرتن لێیان و راڤە کردن و لێکدانەوەیاندا، رووبەرووی گەلێ کاری چەواشەکارانە دەبینەوە بە تایبەتی لەلایەن نەیارو دوژمنەکانمانەوە، کە بە داخەوە تا ئێستا لێکۆڵەرانمان هەڵوەستەیان لەسەر نەکردوون و وەڵامیان بۆ ئەو کاری چەواشەکارانییە نەبووە، ئەوەتا لە گەشتنامەکەی (ریچ)داو لەو شوێنەدا کە باس لە دێی (دەرگەزێن)ی نزیک دەربەند بازیان دەکات، بە دیوی سلێمانیدا، بەوەی دانیشتوانەکەی تورکمانن و بە تورکی قسە دەکەن) نووسەرێک دەڵێت: (ریچ) دەگاتە ناوچەی دەرگەزێن و وا وەسفی دانیشتوانی هەموو گوندەکانی ئەو ناوچەیە دەکات کە لە ئەسڵا تورکانن و تا ئێستا پارێزگاری زمانەکەیان و سیمای خۆیان کردووە) http://www.turkmen.nl/1-journal5/3.html 23-8-2020، 14)

جا وەک دەبینرێ لە کاتێکدا (ریچ) بە تەنها باسی لە دێی (دەرگەزێن) کردووە، کەچی ئەو نووسەرە لە پێناو ئەوەی گوایە بیسەلمێنێ کە کوردستان لە بنەرەتدا هەر تورکمانی لێبووەو کوردی تیا نەبووە، هاتووە ئەو درۆیەی بە ناوی (ریچ)ەوە نووسیوە، گوایە وتوویەتی هەموو دێیەکانی ئەو ناوچەیە تورکانن و بە تورکی قسەدەکەن، ئەمە لە کاتێکدا دەبوو بوونی دێیەکی تورکماننشین لە ناوجەرگەی کوردستاندا، ببوایەتە بەڵگەی مرۆڤ دۆستی کورد بە گشتی و روانینی برایانەیان بۆ تورکمانەکان بە تایبەتی،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

نەک دژایەتی کردنی کورد لە ڕێگای شیواندنی مێژووییانەوە، ئەوەتا هەر ئەو نووسەرە هێندە پێی لێ ڕاکێشاوە کە بڵێت: (زۆر لە مێژوو نووسانی هاوچەرخ و پسپۆران کەوتوونەتە هەڵەوە لە بەکارهێنانی زاراوەی (شارەزوور) داو شارەزووری ساسانی و شارەزووری عوسمانیان تێکەڵ بەیەک کردووە کە دوو ناوچەی جیاوازو لەیەک دابراو بوون و بە ئاوردانەوە لە نووسینی گەشتیارە عەرەبەکاندا کە وەسفی کوردبوونی شارەزووری ساسانیان کردووە گەلێ لە نووسەران شارەزووری عوسمانیان بە کوردنشین داناوە) http://www.turkmen.nl/1-journal5/3.html 23-8-2020

دیارە ئەم نووسەرە وای بیرکردووەتەوە کە عوسمانییەکان لە سەردەمی ساسانیەکانەوە لە ناوچەکدا بوون، سەیر لەوەدایە هەر خۆی دەلێت: (ولایەتی شارەزووری عوسمانی، پێکهاتبوو لەم پارێزگا عیراقییانەی ئێستا: کەرکوک و ئەربیل و سلێمانی و (مەدحەت پاشا) هەریەکە لە کەرکوک و ئەربیلی تورکمانی لەم ویلایەتە جیاکردەوەو تەنها بۆ سلێمانیان بەکار دەهێنا)، دیارە ئەم نووسەرە لە خۆی نەپرسیوە کە دەولەتی عوسمانی بۆ لە پاڵ هەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرەدا، ویلایەتێکی بە ناوی شارەزوور داناوەو لە ناو ۆیلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا، تەنها والی شارەزوور کورد بووەو والی ویلایەتەکانی تر زیاتر هەر تورک بوون ، هەرچۆنێ بێت ورووژاندنی ئەو باسە چەواشەکارانە لێرەدە بەو مەبەستە بووە کە کاتی ئەوە هاتووە لێکۆڵەرانمان نەک هەر زانستانە وەڵامیان بدەنەوە، بەڵکۆ خوێنەرانی ئەو نووسەرانەش ئاگادارکەنەوە لەوەی کە نووسەرەکانیان چۆن درۆیان لەگەڵ دەکەن و بە مەبەستی چاندنی تۆوی دووبەرەکی نەک هەر کلتووری کورد، بەلکو کلتووری تورکمانەکان خۆشیان دەشێوێنن و ئەو ڕاستییەیان لێ دەشارنەوە کە هەر هیچ نەبێ بۆ شاریکی وەک کەرکوک و شارو شارۆچکەو گوندەکانی، بەردەوام ڕێژەی دانیشتوانی تورکمان تیایاندا لەگەل دابەزاندنی ڕێژەی کورد تیایاندا، بەهۆی بە عەرب کردنیان، ڕووەو دابەزین چووە، بۆیە بەرژەوەندی ئەوان لە دۆسایەتی کردنی کورددایە نەک لە دوژمنایەتی کردنیان

**بەشی دووەم: کوردەواری لەنێوان تاڵانکەرو تاڵانکراودا:**

لێرەدا دەمانەوێ هەندێ لەو دیمەنانەی کوردەواری پیشاندەینەوە کە لە ئاوێنەی گەشتیارەکاندا دەبینرێن، بەو مەبەستەی ڕوونی و تەڵخی سەر ڕووی ئاوینەکانیانمان بۆ دەرکەوێ و زانستانەش بتوانین هەندێ لەو تەڵخیانە بسریینەوە کە لەسەریانن و بوونەتە هۆی ئەوەی زۆرجار خوێنەری کورد بە چاوی گومانەوە لە مێژووی خۆی براوانی وتەنها لاپەرە ڕەشەکانی تیا ببینێ، ئەو لاپەرە ڕەشانەی کە ئینکاری لە بوونیان ناکرێ، بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین کە هەندێ لەو لاپەرانە، بە مەبەست بێت یان لە نەشارەزایی و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوە کوردی

سەرپێیی روانینەوە  بوویێت بێت، رەشکراون و سپێتیەکەیان شاراونەتەوە، وەک ئەو لاپەرانەی کوردیان بە دزو جەردەو تالانچی و چەقۆ وەشێن و کێوی ناساندووەو کوردستانیشیان بە ولاتیکی پر مەترسی پیشانداوە، بە تایبەتی بۆ گەشتیارانی بیانی، بەشێوەیەک کە دەبێ لە هەر هەنگاوێکدا چاوەرێی ئەوە بێت، ئەگەر نەکوژرێ ئەوا رووت دەکرێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا گەشتیارێکی بیانی نابینین کە خوێن لە لووتی هێنرا بێت

هەر لێرەوەو بە مەبەستی هەڵێنجانی راستییەکان، ئاور لە گەشتنامەی چەند گەشتیارێک دەدەینەوە، بەتایبەتیش ئەو گەشتیارانەی کە خوێنەری کورد ئاگاداریان نین یان گەشتنامەکانیان لێرەو لەوێ بە پچرپچری خراوەنەتە بەردەست، ئەو باسەشی کە لێرەدا ئاوری لێ دەدەینەوە باس و خواسی تالانکردن و دزی و جەردەیی و راورووتە کە زووربەی گەشتیارەکان، ئەگەر سەرجەمیشیان نەبێت، وەک دیاردەیەک باسیان لێوەکردووەو لە ئاوێنەی گەشتنامەکانیاندا بە زەقی پیشانیان داوە، ئەوەتا (کیربۆرتەر) کە لە ساڵی (١٨١٨) هاتووەتە کوردستان بە نەریتێکی کوردی داناوەو دەڵێت: (میوان دۆستییان یەکێکە لە نەریتە کۆنەکانیان و هەرکەسێ بچێتە ناویان میوانداری دەکەن لەگەڵ ئەوەشدا تالانی کردن لەلایان وەک یاسایەکی بۆماوەیی دەبینرێت لەناویاندا) (PORTER، 1822، 453)

بێگومان لێرەدا نامانەوێ نکوڵی لە بوونی ئەو دیاردەیە بکەین، بەڵام دەبێ پەردە لەسەر رووی ئەو راستیانەش هەڵدەینەوە کە لە هەناوی دیاردەکەدا بوون و تا ئێستا پەیان پێ نەبراوە یان فەرامۆش کراون، گرنگترینیان ئەو راستییەیە کە کوردەواری بۆخۆی لە نێوان دوو بەرداشی تالانکەردا بوون، لەلایەک بەرداشی سوپای داگیرکەرانی کوردستان و کاربەدەستەکانیان و لەلایەکی ترەوە بەرداشی کورد خۆی، جا با بپرسین چۆن ؟!!!

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە سەرەتا روو لەو دیمەنانە دەکەین کە (هیوود) لە گەشتەکەی ساڵی ١٨١٧دا پیشانمانی دەدات، سەرەتاش لە یاداشتی رۆژی ٢ی مارتی ١٨١٧ داو پیش ئەوەی بگەنە (کفری)، دەڵێت: (کاتێ بەناو پێدەشتێکا رێمان دەکرد کەلاوەی سێ گوندمان بینی، لە کاتژمێر دە لە شارۆچکەیەکدا وەستاین کە بە نزیکەی هەموو دانیشتوانەکەی چۆڵیان کردبوو، وا دیار بوو ئاستەم بوو ئازووقەمان لێوەگیر بکەوێ، بەڵام هاورێکانم لەو کەسانە نەبوون کە هەروا بە ئاسانی و پۆزشت هێنانەوەی چەند کلۆڵێکی نیمچە برسی کە تووشیان دەبوون دەستبەردار بن، ئێسترەکانمان کردنە ناو حەوشەی یەک لە ماڵە چۆڵەکانی بەردەممان بۆ وەگیر خستنی ئازووقەش، کاتێک پارانەوە بێهوودە بوو، قامچی بە ئازادی بەکار هێنرا، یەکێک لە تورکەکان ئەو مۆڵەتەی کە درا بوو بۆ رایکردنی داواکارییەکانی ئەو، هێندە توورە بوو پەتی قامچییەکەی لە ملی بەدبەختێکی بندەستی ئاڵاندبوو و شمشێرەکەشی دەرهێنا بوو تا سەری پەلبدات خۆشبەختانە لەم کاتەدا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

خزمەتکارە تەتەرەکەم گەیشت و لەسەر داوای من نفووزی خۆی بە قازانجی ئەم بێگوناهە بەکارهێنا کە ژیانی گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو تا داوای کەسێکی وەک ئەو رەتبکاتەوە، چووینە ماڵێکی دیکە قامچی لە لایەک و نیشاندانی چەند پیاسەتەرێک لەلایەکی دیکە، بەوە گەیشتین کە بەشێکی ئەوئازووقەیە وەگیر بحەین کە دانیشتوانەکەی توانیبوویان لە دەست درەندەیی ئەو لەشکرگەلە بیشارنەوە کە ماوەیەک پێشتر وڵاتی راماڵی بوو) (عەبدوڵلا، ٢٠١٢، ٣٩ ).

پاش ئەوەی لە (کفری)ش وەک خۆی دەڵێت: (بە زەبری هێز دەستمان بەسەر مەریکدا گرت)، کە دەگەنە دێی (کچان)ی نزیک دەربەند سەگرمەش، دیمەنێکی تری تاڵانکردنی جووتیارە لادێنشینەکانمان پیشان دەدات و دەڵێت: (لە کچان وەستاین ئەمیش ئاواییەکی چکۆلەی پەرپووت بوو ....نەمانتوانی هەتا تاقە کوخێکی لێبدۆزینەوە کە لەو سەرماو سۆڵەو بارانە سەختەی ئاسمان بمانپارێزێ کە هەرەشەی لێدەکردین، تەنها بە گەیشتنی تەتەرەکان کە بە قامچی، پیاو ژن و منداڵەکانیان داپاچی، ئەو کاتە رەشماڵێک و برێک خواردنیان پێداین، وا دیار بوو قامچی بۆ تەتەر هەموو شتێک بوو ...کورت و کرمانج قامچی لە هەموو دەرفەتێکدا چەکی سروشتی تەتەرو یەرچاوەی تاقانە بوو، جا ئەگەر شتێک هەبوایە سەراسیمەی بکردبوومایە، ئەوە بوو بینیم ئەم کلۆڵانە کە بە تاقیکردنەوە دەزانن چ مامەڵەیەک چاوەروانیان دەکات بۆیە هەرگیز نایانەوێ بە هیچ شێوەیەک داوایەکانیان بە جێنەگەێنن پێش ئەوەی ببینن بەوەی بە زەبری قامچی ناچار بکرێن) (عەبدوڵلا، ٢٠١٢، ٤٦).

دیارە ئێمە لێرەدا ناچار بووین ئەو دەقانە بخەینەوە بەردەست بۆ ئەوەی خوێنەر راستەوخۆ ئەو ترجیدییایە ببینێ کە کوردی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان بە گشتی و جووتیاری کوردی هەژار بە تایبەتی تیایدا ژیاون، تراجیدیایەک کە خودی (هیوود)ی بزواندووەو دەربارەی زوڵم و زۆری تورکە قامچی بەدەستەکان بەرامبەر مرۆڤی هەژاری نەتەوەو گەلانی ژێر دەسەڵاتی ئیپراتۆریەتەکەیان دەڵێت: (هەر بۆیە دەبینین ئەم گەلانە رقێکی ئەستووریان لە ستەمکاران هەڵگرتووە کەچی شمشێرەکانیان لە تاو کێلانەکان هەڵناکێشن و کالانەکانیان فرێ نادەن، ئەمە پاشماوەی خەمساردییەکی گشتییە کە وای کردووە هەموو کەسێک هەرچەندە هەستیاری بەرانبەر بە ئێش و ئازاری کەسی خۆی هەبێ، کەچی هیچ ترووسکەیەکی روحی گشتی دانەگیرسێنێ، بەڵام ئەگەر چاوێک بۆ دوارۆژ بگێرین دەبینین هەزاران لەو هۆزگەلە شەرکەرانە وەڵامی بانگەوازی یەکەمین ئازادیخواز دەدەنەوە کە بانگەوازیان لێدەکات و ئەوکاتە چەک بە رووی ستەمکاران بەرز دەکەنەوە، دەشێ پێشبینی رووخانی ئەم هێزە لە بنەشکاوە خۆسەپێنەرە بکەین کە هەردوو دیوی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جیهانی بە فرمێسک و خوێن ژیاندووە و بە خێرایی بەرەو وێرانە بوونی خۆی هەنگاو دەنێ)
(عەبدوڵلا، ٢٠١٢، ٤٦)

دیارە ناکرێ لێرەدا راگوزەرانە بەسەر ئەو تێروانینەی (هیوود)دا تێپەرێین، بێ ئەوەی قسەیەکی لەسەر نەکەین، با کەمێکیش لە کرۆکی باسەکە لامان بدات، جا وەک ئاشکرایە ئەو پێشبینییەی (هیوود) بۆ رووخانی دەوڵەتی عوسمانی، دوای نزیکەی سەد ساڵێک هاتە دی، ئەوەش وەک دەزانرێ لە ئاکامی شەری جیهانی یەکەم و لەشکر کێشی بەریتانیاو فەرەنسا بوو بۆ سەری نەک لە ئاکامی بەپا بوونی راپەرینێکی ئازادیخوازانەی ناوخۆ، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەو راستییەش فەرامۆش نەکرێ کە شمشێری هیچ میللەتێک لە میللەتانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان هێندەی شمشێری کورد لە کێلان دەرنەهاتووەو لە پێناوی پاراستنی خاک و نەتەوەکەیاندا خوێنیان نەرژاوەو نەرشتووە، جا با لە سنووری ناوچەییشدا بووبن، چونکە ئەگەر شمشێرەکانیان هەر لە کێلانەکانیاندا بهێشتایەتەوە، ئەوا هەر زوو دەبوون بە ژێر پێی فارسەکان و عوسمانییەکان و دەوڵەتانی پێش ئەوانیشەوەو نەتەوەیەک نەدەما بە ناوی کورد، خۆ ئەگەر بانگەوازکەرێکی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانیش هەڵبکەوتایەو هەمووان بە دەگییەوە بچوونایە، ئەوا دەکرا کورد لە ژێر پێی داگیرکەراندا دەربهێنرایەو لە ژێر دەستەیی رزگاریان بوایە، ئەمەش هەر ئەو راستییەیە کە (ئەحمدی خانی) پێش (هیوود) بە دوو سەدەیەک خستوویەتە بەردەست و راشکاوانە وتوویەتی (ئەگەر ئێمەش پاشایەکمان هەبوایەو لە خەمی دروستکردنی دولەتێکی کورادانە دا بووایە، ئەوا نە دەبووین بە ژێر دەست و پێی فارس و تورکەکانەوە)، هەر ئەو دیمەنی تاڵانکارییەی کە تورکەکان، بێ سڵمینەوە دەستیان دابوویە و ئەو تێروانینەی لای(هیوود) گەڵاڵە کردبووە، ئەیگەێنێتە ئەو راستییەش کە بڵێت: (هاورێکانم زۆرجار نەفرەتیان لەو وڵاتە دەکرد کە پیایدا تێپەر دەبووین، وەک ئەوەی ئەم وڵاتە تەنها تاڵانچی و رێگری تێدا بژی، بەڵام من دەمەوێ ئەوە بسەلمێنم کە ئێمە خۆمان لە هەر کوێیەک خۆمان بەهێزتر بینیبووایە گەورەترین تاڵانچی بووین) (عەبدوڵلا، ٢٠١٢، ٤٧).

دیارە لە راستی لانادەین، ئەگەر بڵێین ئەو دیمەنی بە زۆر ملکەچ کردنەی گوندنشینانی کورد بە هێزی قامچی و شمشێر، لە پێناو خزمەت کردنی پیاوانی دەوڵەت و گەشیارەکانیشدا، لە هەموو ئەو گوندانەی کوردستاندا بینراون کە پیایاندا گوزەریان کردووە، ئەوەتا لە گەشتەکەی (میلنگن)ی ساڵی (١٨٦٥) داو لە باکووری کوردستاندا، نەک هەر هەمان ناچار کردنی گوندنشینان بە خزمەت کردنیان دەبینین، بەڵکو شمشێرەکەی دەستیشیان بە شمشێری عەدالەت ناو دەبات کاتێک لە گوندێکی نێوان ئەرزرووم و وان دا لادەدەن دەڵێت: (دێیەکە بریتی بوو لە کۆمەڵە کوخێکی بچووک،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خەڵکی گوندەکە کە بریتی بوون لە چەند پیاوێک و ١٠-١٢ منداڵێک بە گەرمی هاتنە پیریمەوەو تکای میوانداری و و خزمەتیان کردو لادێیەکان بە بەرگ و نیشانەکانم و پیاوەکانم بە پاشایەکیان زانیم، کورد وەکو هەموو نەتەوەیەکی شەرانی ئەهمیێتێکی زۆر بە سەرباز ئەدەن و یەکێک کە شیری عدالتی پێ نەبێ ئیتر گوێی نادەنێ) ناجی عباس گۆڤاری دەنگی گێتی تازە ژمارە ٦ بەرگی ٢ ئەیلوول ١٩٤٤ ل ٥١٦، بێگومان لێرەشدا دەبێ ئەو راستییەش بخەینە بەر دەست کە ئەو چەشنە مامەڵە کردنەی گەشتیاران و پاسەوانەکانیان، تەنها لەو گوندە هەژارانەدا بۆیان چووەتە سەر کە بێ هێز بوون و چەکداریان نەبووە، ئەوەتا هەر (هیوود) خۆی لە دوو دیمەندا باس لەوە دەکات کە چۆن لە هەندێ شوێندا دانیشتوانەکەی ئامادە نەبوون ملکەچیان بن و بە زۆر خزمەتیان بکەن، یەکێکیان دیمەنی گەیشتنیانە بە کۆمەڵە رەشماڵێکی کورد و دەربارەیان دەڵێت: (هەر وەک ئەوەی خانە خوێکەمان رەتیکردەوە کە نەوایەکمان لە ژێر رەشماڵەکەی خۆیدا بداتێ وا دیار بوو زیاتر ئامادەیی ئەوەیان بوو تاڵانیمان بکەن لەوەی بەهانامانەوە بێن، بۆیە ناچار بووین لە هەوای ئازاد لە ناو ئەواندا رەشماڵ هەڵ بدەین، لەگەڵ وریایی ئەوەی کە هەمیشە چەند پیاوێک پاسەوانی بکەن لە ترسی ئەوەی نەوەکا لە ناکاو بەسەرماندا بدەن) (عەبدوڵلا، ٢٠١٢، ٣٩).

دیمەنەکەی تریان بەرەنگار بوونەوەی دانیشتوان و چەکدارەکانی دێی(سوسێ)یە بەرامبەریان کاتێ دەیانەوێ بە قامچی و شمشێری تەتەرەکان ناچاریان بکەن خزمەتیان بکەن و دەڵێت: (بێ ویستی خەڵکەکەی، دەستمان بەسەر جۆرە تەویلەیەکدا گرتبوو، هەر چەند داوایان دەکرد چۆڵی بکەین بەڵام ئێمە دەرنەدەچووین، ئەوانیش رەتیان دەکردەوە کە کەمترین شتمان پیشکەش بکەن، تەنهاش پیرەمێردو ژن و منداڵمان دەبینی، ئێمە سی کەسێک دەبووین تەتەرەکانمان پەنایان بۆ رێگەچارەی ئاسایی برد و قامچییەکانیان راکێشاو ئەزموونی پەسەند کراوی خۆیان بە ئازادی پیادە کرد، دەم و دەست بینیمان گروپێک سوارەی تەواو ساز لە پێ دەشتەکەوە گوێبیستی شەقەی قامچی بوو بوون، بە هەڵە داوان بەرەو لای ئێمە هاتن ..... بیستم تەتەرەکان هاواری جەنگ دەکەن و ئاورم بەلایانا دایەوە بینیم هەموویان شمشێرەکانیان هەڵکێشاوە، لە کاتێکدا دوژمنەکان پەلاماریان دەدایـن، خەڵکی گوندەکەش دەم و دەست لە دواوە بەردبارانیان دەکردین، دوژمنەکان ژمارەیان لە ئێمە زیاتر بوو بەڵام چەکەکانیان لە ئاست چەکەکانی ئێمەدا نەبوو .....یەکێک لە پیاوەکانی ئێمە بە شمشێر ناو لەپی بریدار بووبوو یەکێکی دیکەش بە قەرسی شانی بریندار بوو ...دوژمنەکانمان کشانەوە ناو شەقامێکی تەسک و تریسک کە پەلاماردانیان مەتریسدار بوو... هەموو ماڵەکانی داخراوو چۆڵکراو بوون، بۆیە دەبوو واز لە نەواو ئازووقە بێنین ... رێبەرە کوردەکانمان گرێبەستێکی شێوە ئاگربریان لەگەڵ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دانیشتوانەکە بەستبوو کە قەتاعەتیان بەوە هێنا بوو کە ئێمە ئامادەین داکۆکی لە خۆمان بکەین و هیچ شتێکی ئاوەها لە دەست نادەین، بۆیە ئەوان رازی بوون لەسەر ئەوەی هەموو چەشنە تەق و تۆقێکی دوژمنکارانە رابگرن، بەڵام سەرسەختانە بە هەموو شێوەیەک رەتیان کردەوە کە هیچ چەشنە ئازووقەیەکمان پێ بدەن) (عەبدوڵلا، ٢٠١٢، ٥٤)

لێرەدا هەر هێندە بوارمان لە بەردەمدایە کە بڵێین ئەو گیانی بەرگری گردن و بەرەنگار بوونەوەو ملکەچ نەکرنەی دێی (سوسێ) بۆخۆی نموونەیەکە لەو گیانە هەمیشە زیندووەی کورد کە کۆیلایەتییان قبول نەکردووە هەر ئەو گیانە سەربەخوییخوازەشیان بۆتە هۆی ئەوەی بە درێژایی مێژوو بیانپارێزێ، گیانێک کە گەڵێ لە گەشتیارەکان باسیان لێوە کردووە، ئەوەتا (کیر بۆرتەر) دەڵێت: (سروشتی شانازی کردن و گیانی سەربەخۆیی دانیشتوانە رەسەنکەی وای کردووە کە بابلعالی ناچار بێت فەرمانرەواکەیان لە خویان بێ[illegible]ی پاشا) PORTER، 1822، (4)

گەشتیارێکی تری بیانی کە (ئینسۆرس)ەو ساڵی١٨٣٧ هاتووەتە کوردستان باس لە هەمان گیانی سەربەخۆخوازی کورد دەکات و دەڵێت: (نموونەی وڵاتێکی شاخاویە کە دانیشتوانەکەی شەرکەرو ئازان بەڵام خێلەکی و شەرخوازن و مل بۆ هیچ فەرمانرواییەکی دەسەڵاتدار کەچ ناکەن) ( AINSWORTH 1888 300).

هەر لێرەوە، کاتێ ئاوریش لە هارینی کوردی هەژارو چەوساوەی بێ دەسەڵات دەدەینەوە، لەژێر بەرداشی کورد خۆیدا. ئەوا دەکرێ هەر لە ناو گەشتنامەی گەشتیارەکاندا گەلێ دیمەنی ناهەموار ببینین، لەوانە ئەم دیمەنەی کە (فرەیزەر) پیشانمانی دەدات، کاتێ دەگەنە دێی (ژاڵە)ی دامێنی چیای سەگرمە کە لە سنووری دەسەڵاتی بابانەکاندا بووە و دەڵێت: (لەم شەوەدا لەو دێیە هاوارو گریان بڵاوبووەوە، شەش حەوت خێزان بێبەش کرا بوون لە دابەش کردنی دانەوێلە بەسەریادا، ئافرەتێکیش بە پرتاو بە شوێن مریشکە تاقانەکەیدا رای دەکرد کە بە زۆر لێان زەوت کردبوو، دەبوایە پەرەکانی بکرایە بە سەرین بۆ من، لەو کاتەدا خەریک بوون سەری ببرن، بەچەند (بەنس)ێک توانرا مریشکێکی دیکەی بۆ بەدەست بێت، بەڵام میواندار هاتە ناو کارەکەوە، چونکە شەرەفی ئەو لەکەدار بووە، ئەو لە هەموو روویەکەوە لە گوزەرانم بەرپرسیار بوو، جگە لەو قازانجەی بۆ خۆی چاوەڕێی بوو، لەبەر ئەمە ئەو پارەیەی دابوومە پیەژنەکە بەزۆر لێی سەندەوە) (ئاشنا ١٩٩٨ ٥٥) ، لێرەداو بمانەوێ و نەمانەوێ ئەم دیمەنانەو سەدان دیمەنی باس نەکراوی تری رووتاندنەوەو چەوساندنەوەی لادێنشینە هەژارەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان و تەنانەت میرنشینییە نیمچە سەربەخۆکانیش، پرسیاری ئەوەمان لەلا دەوروژێنێ کە دەبێ سەرچاوەی ئەو زوڵم و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ستەمە لە کوێوە هەڵبەسترابێ و بەو جۆرە ڕێچکەی گرتبێ ؟ بە تایبەتیش لەو شوێنانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی میرنشینییەکاندا بوون

وا باشترە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەو ئاوردانەویەکی وردتر لەم دیاردەیە بە گشتی و لەو دیاردەیەی کە تاڵانکەرو تاڵانکراو هەر کورد بوون و لەژێر دەسەڵاتی کوردیشدا بوون، بگەڕێینەوە بۆ گەشتنامەکەی (فرەیزەر)، بەو پێیەی هەندێ زانیاری باشی لەم ڕووەو خستووەتە بەر دەستمان.

سەرەتاو ئەوەی تێبینی دەکەین (فرەیزەر) ئەو دیاردەیە بە چەشنە نەریتێک ناو دەبات و لەو ڕووەوە دەڵێت: (دوێنێ شەو زۆر بێزار بووین بە تایبەت لەوماڵەی لێی دابەزیبووین بەهۆی ئەو دەمەقاڵێیەی نێوان میواندارەکەمان و دانیشتوانی هەر دوو دێیەکە( مەبەستی ژالەی سەروو و خواروو بووە)، لەسەر ئەو کاو جۆیەی پێویست بوو بدرێ بە ئەسپەکانمان و ئەو خواردنەش کە دەبوا بۆ ئێمە دابنرێ، لە بارەی ئەم نەریتە بڵاوەوە زیاتر لە جارێک ئاماژەم پێ کردووە ئەویش ئەوەیە کەسانی پایەداری بێگانەو دەست ڕۆیشتووەکانی ناوخۆ، پێویستە لەلایەن هەموو خەڵکیەوە میوانداری بکرێن و تایبەت نین بە تەنها کەسێک، لە بەر ئەوە ئەوانە لە ڕێگاکاندا لەسەر ئەرکی میری ئەرکی خواردن و نووستنیان دەکێشرێ) ( ئاشنا ١٩٩٨ ٥٥) بەم پێیە و وەک دەردەکەوێ هەموو ئەرکی میوانداریەکە شۆڕبووەتەوەو لە کۆتاییدا کەوتووەتە سەر شانی ئەو لادێنشینانەی کە لەسەر ڕێی کاروانەکان بوون ڕەنگە لێرەدا بووترێت کەواتە ئەو نەریتی میوانداریەی کورد کە زووربەی گەشتیارەکان بە ڕەوشتێکی جوانی کوردەواری دادەنێن، لە بنەڕەتدا بە زۆر بووە نەک بە خواهشت، بێگومان و بە دڵنیایشەوە، دەڵێین نەخێر، ئەو ڕووبەڕوو بوونانەی نێوان لادێنشینانی کوردو گەشتیارەکان کە (فرەیزەرە)و(هیوود)یش چەند دیمەنێکیان پیشانداوین، لە کاتێکدا بووە کە بە زۆر سەپێنرا بێت بەسەریاندا، چونکە هەروەک زووربەی گەشتیارەکان خۆیان تێبینیان کردووە، کورد بۆخۆی بەشیوەیەکی سروشتی دژی هەموو دەسلاتێکی خۆسەپێن بوون، جا ئەو دەسەڵاتە بێگانە بوو بیت یان دەسەڵاتێ کورد بوو بێت، ئەگینا لە گەشتنامەی گەشتیارەکاندا دەیان دیمەنی میواننەوازی کوردمان خراوەتە بەر دەست (سندی، ٢٠٠٢، ٣٦٥ ) و لێرەدا تەها دوو دیمەن لە گەشتنامەکەی (میللنگن)دا دەخەینەوە بەردەست، لە دیمەنی یەکەمدا (میللنگن) دەڵێت (لە گەڵ سپیدەی بەیانا هەموو هەلسا بووین شیرو قەیماغیان بۆ هێناین و قاوەڵتییەکی باشمان کرد، بارو بارخانە ڕێکخرا و دوعاخوازییەکی گەرمی ئەم گوندە هەژارەمان کرد کە شەوێک پەنای پێداین، کوردە بەستەزمانەکان لە پێش وڵاخەکانەوە ڕێگایان پیشان ئەداین و بە ڕێیان ئەخستین، من گەڕاندمنەوە دواوە و چەند درهەمێک بەخشیشم پێدان، ئەم جووتیارانە زۆر کەم بەخشیشی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

وایان بە دەس ئەکەوێ و ئەو موسافرانە کە لەوێوە تێئەپەرن بە دەگمەن شتێکیان ئەدەنێ، من وا بەچاکی ئەزانم کە لەم بابەتەوە هیچیان نەدرێتێ، تاوەکو ئەم چەشنە بەخشیشانە خوویان خراپ نەکاو بەسیتی رەوشت و عادەتیان بزرنەکا) گۆڤاری دەنگی گێتی تازە ژمارە ٦ بەرگی ٢ ئەیلوول ١٩٤٤ ل ٥١٨، دیارە مەبەستی (میللنگن) لە سادەیی رەوشت و عادەتی کورد، میواننەوازییەکەیانە، بەتایبەتیش کە لە کاتی ماڵئاوایی کردنی میوانەکانیاندا لە پێش وڵاخەکانیانەوە رۆشتوون و رێگایان پیشان داون و بە رێیان کردوون.

هەرچی دیمەنی دووەمە ئەوا لە دێی (کوللی) نزیک رووباری ئاراس دەبێت کە تیادا (مام عمر) ناوی سەرداری دێیەکە پاش ئەوەی خواردنیان بۆ دێنی و لای (میللنگن) دادەنیشێ و باسی خویانیان بۆ دەکات( میللنکن) دەڵێت: (بەم جۆرە لەگەڵ ئەم کوردە پیرەمێردە قسەم ئەکرد کە قسەکانی زۆر تەبیعی و سەیر بوو لە پرێکا مام عمر هەلساو پێڵاوەکانی لە پێ کردوو بە بێ قسەو دوعاخوازی رۆیشت پاش چەند دەقیقەیەک لەگەڵ قاپێکا گەرایەوە کە هەنگوینی تیا بوو هەندی قەیماغی بەسەرەوە بوو قاپەکەی نایە بەردەمم و پێی وتم کە نەختێکی لێ بخۆم من بەم حەرەکەتەی زۆر مەمنوون بووم)) گۆڤاری دەنگی گێتی تازە ژمارە ٦ بەرگی ٢ ئەیلوول ١٩٤٤ ل ٥١٩

دیارە ئەو رەفتارەی (مام عمر) نەک هەر لە ترسی قامچی و شمشێری تورک نەبووە بەڵکو وەک کۆچەرییەک زۆر بێ منەتانە لە دەسەلاتی روانیوە ئەوەتا کاتێ لەگەڵ بازرگانێکی (لازەری) بە ناوی (بارام بەگ) کە لەگەڵ کاروانەکەی (میللنگن) بووە و لووت بەرزانە لە مام عمری روانیوەو بە چاوێکی سووکەوە لە کوردی روانیوە، مام عمر رووبەرووی دەبێتەوەو وەک (میللنگن) دەڵێت: (مام عمر بە تەماشاکردنی بەهرام هەستی ئەوەی کرد کە چی لە دڵیا هەیە لەبەر ئەوە لە پرێکا دەمی کرایەوەو وەک ئاگر دەستی کرد بە قسە کردن و پیشاندانی ئەوە کە بەهرام و لازستان لەوانە نییە کە ئینسان فەخری پێوە بکا، شەرە قسە هەندێ جار خۆش ئەبوو جارێکی مام عمر بە بەهرامی وت: ئەتوانی پارێزگاری ئەو باغ و باغاتە بکەی کە فەخری پێوە ئەکەی هەتا پۆلیس و قۆڵچی و تەحسیلدارەکان ماون و تۆیان فرێ نەداوەتە دەرەوە، بەلام ئێمە وانین باغی وامان نییە کە لێی دەرکرێین ئەو لەوەرو پاوەنانە کە مێگەلەکانمانی تیا ئەلەوەرێ نەهی پۆلیسەکانە نە هی من بەڵکو هی هەمووانە و ئەمە دووهەزار ساڵە هەر وابووە، بەڵێ ئەتوانی دێیەکانمان لێ داگیرکەی بەلام لە زەرفی هەفتەیەکدا لە کوێ بمانەوێ ئەتوانین دیهاتی تازە دروست بکەین گۆڤاری دەنگی گێتی تازە ژمارە ٦ بەرگی ٢ ئەیلوول ١٩٤٤ ل ٥١٩

لێرەدا ئەو کەشی ئازادی و سەربەستییەی ژیانی کوردی کۆچەریی کە مام عمر وێنای کردووە، وتەی کۆچەرییەکی کوردمان لە باشووری کوردستاندا دێنێتەوە یاد کە لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سالێ ١٨٣٠دا بە (میگنان)ی وتووە (باشتر وایە جلەکانت بگۆری و بێیتە لای ئێمە، تۆ نازانی ئێمە چەند کامەرانین لە ناو ئەم چیایانەدا، ئێمە لیرە ئازادین و ناچەوسێینەوە، تەنانەت ئەگەر پاشاش بێتە سەرمان ئەوەندە کون و کەلەبەرمان بۆ خۆشاردنەوە لەو شاخانە هەیە کە ناتوانێ بمان دۆزێتەوە) MIGNAN، 1839، 294

لە جێی خویدایە ئەگەر لێرەدا ئەو پرسیارەش بکرێ کە ئەو باسی تالانی و دزی و جەردەییەی زووربەی گەشتیارەکان وەک دیاردەیەکی باوی ناو کوردستان پیشنیان داوە، چون بووەتە دیوێکی تری ژیانی میللەتێک کە هەڵگری گیانێکی ئازادانەی ملکەچ نەکردووە بۆچەوساندنەوە ؟ کورد کە هێندە تامە زرۆی ئازادی بوو بێت و چەوساندنەوەی رەت کردبێتەوە چۆن دەبێت لە رێگای دزی و جەردەییەوە خەڵکی تر بچەوسێنێتەوە ؟

بۆ وەلامی ئەو پرسیارە و هەڵێنجانی راستییەکان هەر روو لە گەشتنامەی کەشتیارەکان خۆیان دەکەینەوە چونکە نەیارانی کورد هەر هەڵەوەستە لەسەر دیاردەکە دەکەن نەک راستییەکانی دەوروبەری دیاردەکە، لە پێش هەمووشیانەوە راستی بارودۆخی نالەباری سیاسی و نائارامی و پشێوی ناوخۆی کوردستان، کە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ دەستی داگیرکەرانی کوردستنانی لە پشتەوە بووە

جا بۆ دەرخستنی ئەو راستیەو لەگەڵیدا داماڵینی ئەو بۆچوونەی کە دیاردەی تالانی و دزی و جەردەیی لە کوردستاندا بە نەرێتیکی کوردەواری بینیوە، سەرەتا دەگەرێینەوە لای گەشتنامەکەی (فرەیزەر) و لەو باسەیدا کە لەنێوان (ژاڵە)و(کفری)دا، دەبنە میوانی (سلێمان ئاغا)یەک و (عەولی خدر ئاغا)ی یاوەری (فرێزەر) بەو جۆرە باسی (سلێمان ئاغا) دەکات کە: (لە کاتی پێویست نانت لە تەکدا دەخوات، چونکە میوانی لەلای، دوای ئەوە بە وشەی (خۆش ئامەدی و خوا حافیز) بەرێت دەکات، خۆی دەپێچێتەوەو چەفتەکەی دەگۆرێ و... ئینجا سوار دەبێ و رێگات پێ دەگرێ و تەواو رووتت دەکاتەوەو بە جێت د'ێلێت، ئەم پیاوە خراپترین و ترسناکترین جەردەیە لە کوردستاندا بێێ وۆژدانترین ئوباشە، ئەم پیاوە تەنانەت پەلاماری ئافرەتی داوەو لە چۆڵەوانیدا بە رووتی فرێی داوە) (ئاشنا، ١٩٩٨، ٥٩ ).

کاتێکیش (فرەیزەر) دەپرسێ: (ئایا ئەمە لە کوردستاندا شتێکی ناشیرین نیە؟ ... پاشا بەرامبەر ئەمانە ئەڵێ چی ؟)، (عەولی خدر ئاغا)ی یاوەری دەڵێت: (ئەم کارە لای ئێمە ئەمەندە ناشیرینە نازانم بە کام وشە یاسی بکەم ...بەڵام گەورەم چی بڵێم پاشا بەشی خۆی گیروگرفتی هەیە لە وڵاتی خوێدا، ئێمەش ناهێلین هیچ فەرمانرەوایەک لە جێگەی خۆیدا ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە هەتا بەهێز بێت و بتوانێ پارێزگاری هێمنی و ئاسایش بکات ...ئەمانە لەسەردەمی (عبدالرحمن پاشا)ی باوکی(سلێمان پاشا)و(مەحمود پاشا)دا نەبوو،


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكولینێن كوردی

لەســەردەمی ئەودا ئەم شــتانە رووی نەئەدا، لەو رۆژگــارەدا گەوهەرت بەسەرســەرەو بــوایە و ئاڵتونت بەدەستەوە بوایە، بە سەرانسەری وڵاتدا برۆیشتیتایە، واتە لە (سەردەشت)بۆ (کفری)و لە کــۆیە)وە بــۆ (بــانە)، بە بــێ ئەوەی کەســێ بڵــێ بۆکــوێ ئەچــی، بەڵام نــاکۆکی و بەربەرەکــانی ئەم دوو بــرایە ویرانــی بەســەر وڵاتــدا هێنــاو بەڵای بەســەردا بــاران، جارێــک (مەحمــوود)و جارێک(ســلێمان)، بە بــێ ئەوەی هــیچ کامیــان بتــوانن لە ســێ ســاڵ زیــاتر فەرمــانرەوایی بــکەن، لە دوای ئەمە عەجەم هــات و ناکۆکییەکەیــانی نەهێشــت و وڵاتیــان داگیر کرد و خەڵکەکەشیان رووتاندەوە، ئینجا بە دوایدا تاعوون و برسێتی هات بە جارێ خەڵکــی دارزان و دوژمنــی بــۆ هێشــتینەوە، بە جۆرێــک کــاتێ دزی دەکــرا هەر کــۆمەڵە تۆمەتەکەی دەخستە پاڵ ئەوی تر ...راستیش پاشا ئەو تواناو دەسەڵاتەی نەبوو سزای تاوانباران بدات، لەبەر ئەوە هەرچی مرۆڤی پاک و راست هەیە سەری خۆی هەڵگرت و وڵاتیش بۆ ئەم دزانە مایەوە) (ئاشنا، ١٩٩٨، ٦٠)

لێــرەدا بە راشــکاوی ئەوەمــان بــۆ دەردەکەوێــت کە دیــاردەی دزی و راوورووت، لێکەوتەی ئەو پشێوی و بارودۆخە نالەبارە بووە کە ئێخەی میرنشینەکانی دەگرت و بۆ خــودی فەرمانرەوایــانی میرنشــینیەکانیش بــوونی دزی و جەردەیــی لەو ناوچــانەی لە ژێــر دەسەڵاتیاندا بوون، دەبووە مــایەی لەکەدار کردنی شان و شــەوکەتیان، ئەوەتا هەر (فرەیــزەر) باس لەوە دەکات کە لە میرنشینیەکەی سۆراندا (بە دەگمەن باس لە بوونی رووداوی دزی و جەردەیــی دەکــرا ) چــونکە (میــر مــحەمەد _پاشا کــۆرە) نەک هەر چاو پۆشــی لە کــاری جەردەیی نەکردووە بەڵکو توندترین سزای ئەو کەسانەشی داوە کە ئەو کارەیان کــردووە، لەوانە وەک (فرەیــزەر) باســی دەکــات و دەڵێــت: (رۆژێــک لە رۆژان شــێخێک لە شــێخەکانی هــۆزی (تەی) خــۆی و هــۆزەکەی پەنــا ئەبەنە بەر میــر، دوای ئەوەی هــۆزی (جەربــا) ناچاریــان ئەکەن زێــدی خۆیــان جێبــێلن، لێــرەش لە ژێــر ئەو یاســاو دەســتوورانەدا کە میــر کــار پــێ دەکــردن گــوزەرانێکی خــۆش و ژیــانێکی ئاســوودەیان دەســتکەوتبوو، بەڵام رۆژێــک کە کاروانێــک بە دڵنیــاییەوە بە ناویانــدا رێ دەکەن، پەلامــاری کــاروانەکە دەدەن و هەرچییــان پــێ دەبــێ لێیــان زەوت دەکەن و تاڵانیــان دەکەن، بــۆ رۆژی دوایــی کە شــەو دادێ، نیــو دەرزەن کورد دەچنە خێمەی شێخەکەو بێ قسەو چەندوچون سەری لێدەکەنەوەو لەبەر خێمەکەیدا هەڵی دەوا ن و بە بێ دەنگي دەگەرێنەوە) (فريزر، الخياط، جعفر، ٢٠٠٦ ل ٢٣).

کەواتە کوردســتان هەمــوو کــاتێ ئەو وڵاتە پــر مەترســییە نەبــووە کە گەڵــێ لە گەشــتیارەکان باســیان لێــوە کــردووەو دەســتیان لەســەر دڵیــان بــووە کــاتێ کە ســەردانیان کردووە، بە تایبەتی بۆ ئەوانیش کە بە پێی رێورەسمی میوانداری کردنیان هەمیشە پارێزراو بــوون و رێزیــان لێگیــراوە هەبــۆیە وەک پێشــتر وتبوومــان هیچکــام لەو گەشــتیارانە لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کوردستاندا خوێن لە لووتیش نەهاتووە، هەر ئەو ڕەوشە ئاسوودەییەش بووە کە گەشتیارێکی وەک (میگنان) کە یەکەم جار لە ساڵی ١٨٢٨ دا بە کوردستاندا سەفەر دەکات، لە ساڵی ١٨٣٠یشدا لە ڕوسیاوە لەگەڵ خێزانەکەیدا، بۆ چێژ وەرگرتن و لە جوانی سروشت، ڕوو لە کوردستان دەکەن و لە بانەوە دێنە سلێمانی و لەوێوە دەچنە بەغداو دەشلێت: (دەشێ لەم وڵاتەشدا وەک هەر وڵاتێکی تری ڕۆژهەڵات ژیانی گەشتیار بکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە باشتر وایە بە جل و بەرگی فەرمییەوە گەشت بکرێت، ئەگەرچی بە جلی فەرمییەوە بواری ئەوەی نابێت کە تێکەڵاوی خەڵک بن و زانیارییان لێ بەدەست بێنێ، بۆ یەکەمجار کە بە کوردستاندا تێپەریم تووشی هەندێ ڕووداو بووین، بەڵام لە گەشتی ئەمجارەمدا، ئەوەندە هەست بە ئەمینی ئەکەم وا ئەزانم بە ناوچەکانی ئێرلەندەدا هاتوچۆ دەکەم)(MIGNAN، 1839، 294).

بەم پێیە لە ڕاستی دوور ناکەوینەوە ئەگەر بڵێین، لەگەڵ بوونی دیاردەی دزی و جەردەیی لە کات و شوێنی جیاجیای کوردستانی سەدەی نۆزدەدا، هێشتا هەر لە چاو هەندێ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دیاردەیەکی هێندە بەربڵاو نەبووە لە کوردستاندا تا وەک نەریتێکی کوردەواری دابنرێ تێی بڕوانرێ ئەوەتا (د.علی القاسمی) لە وتارێکیدا کە بە ناونیشان(چەمکی دزی لە ئەقڵی عەرەبدا..)یە، ڕاستگۆیانەو ڕاشکاوانە باس لەو دیاردەیە دەکات کە تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیش یەکێ بووە لە دیاردە بەربڵاوەکانی خوارووی عیراق و دەڵێت: (لە کۆتایی سالی ٢٠٠٢دا ئەدیبی عراقی (فیصل عبدالحسن) کۆمەڵە چیرۆکی (مامە دزەکانم)ی بڵاوکردەوەو دانەیەکی بۆ منیش نارد، خوێندمەوەو ئەوەشی سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو کە باس لە حەوت مامی دەکات کە لەپاڵ کاری ئاسایی ڕۆژانەیاندا هەموو شەوێ هەل دەکوتنە سەر عەرەبە کۆچەرییەکان و مەڕو ماڵاتیان تاڵان دەکەن و ئەوەی ئاسان و گرانبەهایە دەیدزن، ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بردمیەوە ناو هەندێک لە یادگارییەکانی منداڵیم لە شارۆچکەیەکی پارێزگای (قادسیە)کەتیایدا گەورە بووم، حەڵکی عەشیرەتە عەرەبییەکەی دراوسێمان کە خەریکی کاری کشتوکاڵی بوون، نزیکەی هەموو شەوێک دزیان لە ماڵێک یان چەند ماڵێکی شاروچکەکەمان دەکرد، لە کاتێکدا پاسەوانی شەویشمان هەبوو کە شارەوانی مووچەی دەدایێ، پەیوەندیم بە بەرێز (فیصل)ەوە کرد، ئەوەم لێ پرسی کە چیروکی (مامە دزەکانم) هیچ پەیوەندییەکی بە واقعەوە هەیە؟ پێی ڕاگەیاندم کە ڕاستەقینەیەو واقعیەو دوورە لە هەر خەیاڵێکی خودیەوە، لە کاتێکیشدا عەشیرەتەکەی چیرۆکنووس یەکێکە لە عەشیرەتە کۆنە بەناوبانگەکان و عەشیرەتەکەی دراوسێی ئێمەش بەناوبانگ و(ڕێزدارن) (القاسمي، علي (د)، ٢٠٢٠)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

بەم پێیە دەكرێ بێ دوودڵێ بڵێین كە كوردستان و كوردەواری لەچاو وڵاتانی تردا ئامێزێكی ئاسوودە بووە بەتایبەتی بۆ گەشتیاران خۆ ئەگەر وانەبوایە ئەوا ئەو هەموو گەشتیارە روویان تێ نەدەكرد و ئازادانە تیایدا نەدەگەران

**ئەنجام:**

- تا ئەمرۆش، گەشتنامەی گەشتیاران، سەرچاوەیەكی دەوڵەمەندنی ئاشناكردنی كوردو كوردستانن بە خۆی بە میللەتانی ترو هەگبەیەكی بەهاداری پڕ زانیاریشن دەربارەی ژیانی كوردەواری، بۆیە ئاگادار بوون لێیان و خوێندنەوەیان بە چاوێكی زانستانە، دەبێت ببێتە ئەركی لێكۆڵەرانمان، لە هەموو ئەو بوارەنەی پەیوەندیان بە كوردو كوردستانەوە هەیەو تا ئێستا بە پێی پێویست بە دی نەهاتووە
- لەگەڵ ئەوەی ئەو دیمەنانەی كە گەشتیاران پیشانمانی دەدەن، دەبێ جێگای بروا بن بەو پێیەی بینراون نەك بیستراو، بەڵام هێشتا هەر وا پێویست دەكات كە وردتر لێیان بروانین، چونكە لە گەلێ شوێنی گەشتنامەكانیاندا دیمەنەكان نەك هەر راستییەكانمان پیشان نادەن، بەڵكو زانیاری نادروستیشیان پێ گەیەنراوەو راستییەكانی تیا شێوێنراوە
- تا ئێستاش، خوێنەری كورد ئاشنا نەكراون بە گەلێك لە گەشتنامەكان، چونكە وەرنەگێرراونەتە سەر زمانی كوردی، هەندێ لەوانەش كە وەرگێرراون، هەڵەو كەم و كوریی زۆریان تێدایە، بۆیە وا پێویست دەكات هەوڵێ ئەوە بدرێ هەموو گەشتنامەكان وەربگێررێنەوە سەر زمانی كوردی و ئەركی وەرگێرانەكەش بە لیژنەیەكی پێكهاتوو لە پسپۆرییە جیاجیاكاندا بسپێررێ نەك هەر بە شارەزایانی زمان
- لە كەشتنامەكاندا رووبەرووی گەلێ باسی گرنگ دەبینەوە كە جێگای هەڵوەستە لەسەر كردنن و پێویستیان بەوە هەیە كە زانستانە لێیان بكۆڵێنەوەو بیانخەینەوە بەردەست، بەتایبەتی ئەو باسانەی كە نەرینیانە ژیانی كوردەواری و كلتووری كوردەوارییان پیشان داوەو لە زۆر كاتدا نەیارانی كورد لە بەرژەوەندی خۆیان دەیانخەنەوە بەردەست
- دیاردەیەك لەو دیاردانەی كە زووربەی گەشتیاران، ئەگەر سەرجەمیشیان نەبێت، باسیان لێوە كردووە دیاردەی تاڵانی و دزی و جەردەیی بووە لە كوردستانداو وەك نەریتێكی كوردەواری تێیان روانیوەو كوردستانیان وەك وڵاتێكی پڕ مەترسی وێنا كردووە، ئەمە لە كاتێكدا كوردستان بە بوونی ئەو دیاردەیەشەوە لە كات و سەردەم و شوێنی جیاجیادا هێشتا هەر لە چاو گەلێ لە وڵاتانی تردا، هێندە ئارام بووە كە خودی گەشتیاران خۆیان ئازادانە تیایدا گەراون، بێ ئەوەی یەكێكیان تووشی رووداوێكی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

ئەوتـۆ مەترسـیدار بووبـووبێتەوە کە راسـتی تێروانینەکەیـان بسـەلمێنێ، چـونکە وەک میوان هەمیشە پارێزگارییان لێکراوە

- ئەو دیاردەی تـاڵانیەی کە گەشـتیاران تیشـکی دەخەنە سـەر، دیـاردەیەکی فـرە رەهەنـد بووەو هێندەی کورد خۆی تـاڵانکراو بووە، هێنـدە تـاڵانکەر نەبووەو تەنانەت هەندێ لە گەشتیارەکان خۆیان بوون بە بەشێک لەو دەستەو تاقمانەی کە گوندنشینانی هەژاری کوردیـان رووتانـدۆتەوە، سـەر بـاری ئەوەی کە لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکـانی کوردسـتان و جەردەو دزی نـاوخۆوە، لە کـاتی پشـێوی و لاوازی دەسـەلاتی کـورد خۆیـدا، رووتێنراونەتەوە

## سەرچاوەکان:


- ئاشنا، ئومێد (وەرگێر)، گەشتەکەی فرەیزەر بۆ کوردستان و میسوپوتامیا سالَی ١٨٣٤ چاپی یەکەم، پاپخانەی تیشک سایمانی ١٩٩٨
- ئیدموندس، وەرگێرانی حامید گەوهەری، کورد تورک عەرەب، لە بلاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر ٢٠٠٤
- جەعفەر، حەجی(وەرگێر) دەربازبوونەک دکردستانا کیڤی را، چاپخانا زانکویا دهوک، دهوک، ٢٠١٠

رەسوول، عیزەدین مستەفا(دکتۆر) . سەرنجێ لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، چاپخانەی سلمان الاع؟می، بەغداد ١٩٧١

هەروەكی مە بەری نوكە دیاركری دڤێت خوارن و ڤە خوارنەكا باش بو مێهڤانی بهێتە ئاما دە كرن. ئەڤە ددەمەكی دا ئە گەر د هەیڤا رەمەزانێ ژی دابیت. سە رەرای هندێ پتریا كوردان موسلمانن و دهەیڤا رەمەزانێ دا روژیان دكرن بەلێ دناڤ كوردان دا دڤێ مەهێ ژی دا رێزكرتنەكا زور ل مێهڤانی دهێتە كرتن خو ئە كەر مێهڤانێ بێ روژی بیت. هەی ئە ڤێ چەندێ بومە دیاردكەت و دبێژیت دەمێ ئە ز ل هەولێری، هەیڤا حوزەیران و تیرمەهێ دا من سەرەدانا پتر ژ حەفتێ گوندان كر. سەرەرای هندێ سەرەدانا من دهەیڤا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەكولینێن كوردی

رەمــەزانێ دادەســتپێكر بــەس تشــتێ خــوش ل دەڤ كــوردان ئــە وە رەمــەزان رێكريــێ ل مێهڤانــداريێ ناكريت و ل هــەمى جهــان ب شــەڤ و روژ وەكــى ئێــك خزمــەتا مــن دكــر . (Hay,1921, 269)

هەروەسا تشتێ ژ هــەميان سە رنجا هاملتون راكێشاى ئە و بوو، ئە گە ر مێهڤان دوە ختەكێ نە يێ گونجاى ژى دا بهێت دڤێت هە مان رێ و رە سمێن بخێرهاتنێ دگە ل بهێنە كرن و دبێژيت پشتى مە رايات بجهـ هێلاى و مە بە ردەوامى دا رێكا خو هەتا ئە م گەهشتينە گوندەكێ درەنگى شە ڤ بو. مــن پــێ باشبونە چوينە دگوندى دا، چونكى درەنگى شە ڤ بوو. بەلێ يونس ئە فە ندى دگەل مە بوو كەسەكێ كوردبوو، كوتە من "ل كوردستانێ ولدەڤ كوردان مێهڤاندارى تشتەكێ پيروزە". ئــە م بــە رە ڤ گونــدى ڤــە چوين و خە لكێ گوندى دخەوەكا شرين دابوون و هندەك رابوونە ڤە دا بزانن كا ئە ڤە كى نە. يونس ژى پرسيارا مالا سە روكێ گوندى كر، وان ژى كوت ل مال نينە بەس مروڤە كێ خول جهێ خودانا يە. ئە وى زەلامى ئە م برينە كوچكا وى و گەلەكا سار بو وئە وێ بەرپسيار ژى كوتە مە ئە گەرهە وە بڤێت هين دشێن لڤێرە بمينن. بومن تشتە كێ سروشتى بوو چونكى درەنگى شە ڤ بوو، چاوا وێ شە ڤا درەنگ دێ ئارامیا وان تێك دەين. بە لێ بو كوردان ئە ڤە تشتە كێ نە دروستە ژبە ر هندێ يونس ب توندو تورە يى ڤە كوتێ ئە رێ دێ مەزنێ تە چ بێژيت ئە گەر بزانيت بو ڤێ رەفتاراتە دگەل مێهڤانێت وى كرى : مانە ئە ڤە كوردستانە؟ئاگرى هەلكە، خوارنێ بينە، جهان بدانە و بلەز، ئە گەر ئە م؟ لڤێرە نامينين ودڤێت بێژينە خەلكى كا تە چاوا رە فتار دگەل مە كر. ئە ڤە تشتە كێ گەلەك سەيربوو لدەڤ من چونكى ئە ڤ ئاخفتنە گەلەك درە ق بوون دگەل خەلكێ گوندەكێ تو نەنياسى ، بە لێ چونكى يونس بخو كورد بو داب و نەرێتێت خە لكێ خو دزانين. كابراى ژى ب سە ر شوريڤە داخوازا لێبورينێ ژمە كرو هەمى پێدڤيێن مە ئامادە كرن داكو ئە م بێهناخوڤەدەين.(هاملتون،٢٠١٣، ١٥٢-١٥٣)

لڤێرە دياردبيت، دڤێت جهەكێ خوش و خوارن وگە ش و هوايەكێ گونجا بو مێهڤانى بهێتە ئاما دە كرن ئە ڤە سەرەراى هندێ ئەگەر بارودوخێ وان يێ لاوازبيت يان ژى هەيڤا رەمەزانێ دابيت .

**تەوەرێ چوارێ: كەيف خوشيا كوردان بەرامبەر مێهڤانان**

ئێك ژ دا ب و نەرێتيت مێهڤانداريا كوردان ئە وە دڤێت خودانێ مالێ كەيف خوشيا خو بەرامبەر مێهڤانى دياركەت و جورە ئا راميە كێ لدەڤ مێهڤانى پەيدا كەت دا هەست بكەت يێ ل مالاخو. گەلەك سياسەتمەدارو گەروكان ئا ماژە بهندێ دايە، داب و نەرێتێن كوردان و رێزكرتنا وان ل مێهڤانان بويە ئەكەرێ هندێ هزركەن يێ لمالا خويا دووێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەكولينێن كوردى

وهەست ب دلگرانیەکا مە ز ن دکرن دەمێ کوردستان بجهـ دهێلا. بە لگە لسە ر ڤێ چەندێ، دەمێ ریچ بو وەختەکێ کێم سەرەدانا ئیرانێ کری دبێژیت من هە ست ب دل تەنگیەکێ دکر لوێرێ. بە لێ ددەمێ زڤرینا مە دا بو باژێرێ سلێمانیێ زەلامێن من زانی پشتی دەمژمێرەکادی ئە م دێ گەهینە باژێرێ سلێمانیێ گەلەك كەیف خوش و شاد بوون، ومن بخوژی هەست ب ئارامیەکێ کر، وەکی کا چاوا مروف هەست پێدکەت دێ چیتە مالاخو، چونکی دراستی دا ئە و مێهڤانداریا جوان یا ل سلێمانیێ دگەل مە کری ئێك ژوان ئە گەرا بوو من هەست پێدکر ئە ڤە وەلاتێ من یێ دووێ یە. (ریچ،٢٠١٢، ٢٤٣)

ئە ڤە دگەل هندێ دا میهڤانداری و قەدرکرتنا کوردان وەل مێهڤانی دکەت دەمێ وی جهی بجهـ دهێلیت خەمەکا مەزن ل دەڤ پەیدا دبیت. وباشترین نموونە ژی ریچ دیاردکەت، دبێژیت دەمێ دهاتە بیرامن دەمێ نزیك بووی ڤی خەلکێ دلسوز بجهـ بهێلم، ئە ز گەلەك پێ تێك دچووم چونکی من دزانی گەلەك وەخت پێ دڤێت هەتا من بە خت هەبیت بچمە دناڤ هندەك كەسێت دی یێت وەکی وان دا، چونکی ب دلوڤانی هەمی شیانێت خو دئیخستنە بە ربو پەیداکرنا خوشی و بەختەوەریامن. ( ریچ، ٢٠١٢، ٢٧٧)

ریچ دبێژیت : ئە ڤرو ل ٢١ چریا ئێکێ ب خەمەکا مەزن ڤە دێ کوردستانێ بجهـ هێلم و من چ جارا باوەرنەدکر، خەلکەکێ هوسا یێ باش یێ ل روژهەلاتی هەی. چ جهێ ئە ز چو بامێ گەلەك ب دلسوزی پێشوازیامن دکرو مێهڤانداریەکا بێ سنور دگەل من دکر. هە ر ژبە ر هندێ هەتا ئە ز دمرم ئە ڤ بیرهاتنە دێ دناڤ ناخێ من دامینن.(ریچ،٢٠١٢، ٢٩٣)

هەر دڤی بیاڤی دا سون لدەستپێکا گەشتا خودا ئاماژە ب باشی و رێزکرتنا کوردان دکەت و دبێژیت ، من دناڤ ڤی مللەتی دا هەست ب دلوڤانی و ئارامیێ دکرپتر ژهەرمللەتەکێ دی یێن ئە ز دناڤ دا ژیایم و دبێژیت ئە ز قەرداری باشیێت وانم (Soane,1926,2)

هە ی ژی ئە ڤێ چەندێ بومە ب نموونە ڤە رون دکەت و دبێژیت دەمێ من کۆیە بجهـ هێلای و ئە ز بەرەڤ بەغداد چویم خەمەکا مەزن ئە ز کرتم ، چونکی حەژێکرنا من بو وی باژێرکی و خەلکێ وێ یێ سەیر روژ بو روژێ پتر لێ دهات هەتا وی رادەی کو ئێدی داب و نەرێتێن وان ببونە داب و نەرێتێن من، ئە و تشتێن وان حەژێدکر من ژی حەژێدکر، شەرێن وان ببونە شەرێن من، و ئێدی من هەست ب ڤالاهی و دل تەنکیێ کر و جارەکا دی من خو ل دونیایەکا دی دا دیت .Hay,1921, 158) (هەر وەکی مە بەری نوکە ژی ئاماژە پێدای ریچ ژی دەمێ کوردستان بجە هێلای هەمان هەست هەبوویە.

هە ر دکەڤندا هەتا نوکە لێڤ شوری بەرامبەر مێهڤانی نە ژ داب و نەرێت و رە وشتێ کوردان بوینە، هەر ئەڤێ چە ندێ وەل مێهڤانی کریە هەست بکەت نەکەسەکێ

بیانی یه، میجر نوئێل ئه ڤێ چەندێ بومە ب نموونە ڤەروندکەت و دبێژیت دەمێ ئە م گە هشتینە گوندێ (پالوت) بومن دیار بوو، تورک گەلەک دجودا نە ژ کوردان. تشتێ سە رنجامن راکێشای ئە و بوو تورک دبێ دەنگ و لێڤ شورن و دەمێ مروڤ وان دبینیت مروڤ هەست ب فشارێ دکەت ژلایە کێ دیڤە کورد دکەیف خوشن، وەل مروڤی دکەن مروڤ هەست ب ئارامیێ بکەت.( نوئێل، ١٩٨٤، ٥٣-٥٤)

بڤی رەنگی رێزکرتن و ڤیانا کوردان بە رامبەر مێهڤانێ وان ناهێتە وەسفکرن. هەتا ددەمێ خاتر خواستنێ ژی دا مێهڤانێ خو ب کەیف خوشی دەنە رێ. دڤی بیاڤی دا، میجر نوئێل دبێژیت دەمێ من خاترا خو ژ پیرە مێرە کێ هوزا سینا میللی خواستی ژ ڤی رە خی و رە خێ دی ئە ز ماچیکرم، ما چە کا پری حەژێکرن و دل ساخی( نوئێل، ١٩٨٤، ٤١)

یا گرنگە بێژین کا چاوا ب رێز ڤە پێشوازیا مێهڤانان دکر، وە سا خاتر خواستن ژی لدەڤ کوردان ب رێزو ڤیانەکا مەزنە. تشتە کێ ئاشکرایە ژ لایێ هەمی گەرووکێت ئینگلیز ئە وێت هاتینە کوردستانێ، ب گیانە کێ مەزن ژ لایێ کوردان ڤە هاتینە پێشوازی کرن، هەمی لسە ر هندێ رێکەڤتینە کوردان مێهڤانێت خو گە لەک خوش دڤێن و پێشوازیە کا مەزن لێ دکەن.

**تەوەرێ پێنجێ: دیاری دمێهڤاندارێن کوردا دا**

مێهڤانداریا کوردا جورە کەیف خوشی و رێزکرتنەک دگە ل هەیە و گەلەک جارا دیاریا پێش کێشی مێهڤانی دکەن. بە لێ دبەرامبە ر دا حەزناکەن ج دیاریا ژ مێهڤانی وەرکرن. ل دویڤ داب و نە رێتێت کوردان دڤێت ب هەمی شیان خزمەتا مێهڤانی بهێتە کرن و ئە ڤە ژی بێ بە رامبە ر. ژبە ر هندێ دێ بینین کەلەک جارا دەمێ مێهڤان حەزدکەت دیاریەکێ پێش کێشی خودانێ مالێ بکەت جورە نە ئارامیە ک لدەڤ خودانێ مالێ چێدبیت وئە وهزردکەت ئە ڤە وە کی دانا بە رتیلە کێ یە بە رامبەر وێ خزمە ت و رێزکرتنا وی کری بو مێهڤانێ خو و ئە ڤە ژی دژی داب و نە رێتیت کوردەواری بوینە. بو وێنە:

ریچ بەحسێ پاشایێ سلێمانیێ کریە، دەمێ سەرەدانا وی ل بارەگایێ وی کری، گەلەک دیاری و خوارن و پەزو هندەک کەرەستێت دی ێت خوارنێ دگەل خودا بو بربوون، و بریار دا هندی ل دەڤەرا وان بمینیت نەهێلیت چ تشتان بکریت. (ریچ ٢٠١٢ ٨٦)

دهەمان دەمدا، برانت دبێژیت کورد گەلەک دڤەدرگرن وبەحسێ شەریف پاشا دکەت سەروکێ (بتلیس) بوو، دبێژیت گەلەک ب گەرمی پێشوازییا مە کرو رێزەکا مەزن ل مە کرت و چ تشتێ ئەم پێدڤی بوین هەمی بومە دابین کرن. دەمێ من ڤیا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

دیارییەکێ پێشکێشی وی بکەم ئەز گەلەك وەستییام هەتا مـن رازی کـری (Brant,1841,382-383)

میلینکن ئاماژە بهندێ دەت، دەمێ کورد هاریکاریا مروڤی دکە ن حەزناکەن پاراو بەخشیشا وەرکرن و دبێژیت دەمێ ئە ز گوندێ ئەیوبلەر ل روژادیڤ دا پشتی تێشتێ مە ڤیا ئە م بەردەوامیێ برێکا خوبدەین و من سوپاسیا بارام ئاغا کربو مێهڤانداریا وان. وان رێك نیشا مەدا. زەلامێت وی ئە م داینە رێکێ و من ژێ هندەك دەرهەم وەك بەخشیش دانێ و ئە ز وەسا تێگەهشتم ئەڤ مللەتە حەزناکەن مروف بەخشیشی بدەتێ چونکی دا ئەڤ بەخشیشە سادەیا رەوشت و داب و نەرێتێن وان بەرزە نەکەت. (میلینکن،٢٠٢١، ٢٥)

هەروەسا میلینگن نموونەکادی دئینیت دەمێ دڤیا ژ رووبارێ توگوت دەربازبیت دبێژیت ئە م پێدڤی ب بەلەما بجویك بوین. پشتی هندەك کوردان هاریکاریا مە کری و ئە م دەربازکرین، ئە ز چووم دا کریا وان بدەمێ و من ٦٠ قرش دانێ، نزیکی ١٠ شیلەنك بوون. من کوتێ ئە ڤە کریا هەوە، چونکی وە ئە م دەرباز کرین. تشتێ سەیر ئەو بوو وان کوردان ب بێزاری ڤە پشتا خو دامە و رەت کر ئە وێ کریێ وەرکرن. ئە ز ژێ سیاری دەوارێ خو بووم و من کوتە وان ئە و پارە من ل وێرێ دانان ئە گەر هوین نەراکەن دێ ئێکێ دی هێت ول شوینا هە وە راکەت. (میلینگن،٢٠٢١، ٥٢)

پارە وەرکرتن بەرامبە ر خزمەتا مێهڤانی نە ژ رەوشتێن کوردەواری نە و برانت ب شێوەیەکێ نەراستەوخو بەحسێ هەلویستێ کوردان دگەل هەلویستێ گوندێ (کارزیت) گوندەکێ ئەرمەنیا بوو دکەت وبەراورد دکەت ودبێژیت، دەمێ مە ڤیا ببنە مێهڤانێت وان گوتنە مە ئەوێت لبەری وە چووین داخواز ژ مە کر بێژینە هەوە بەردەوام بن لسەر رێکا خو دا زی بگەهنە وان. دبێژیت ئەڤ جورێ درەوێ ل چەندین گوندان دگەل مە کر ژ بو هندێ دا دەرگەهێن خو لبەرمە نەڤەکەن ومێهڤانداریيا مەنەکەن چونکی نە دپشت راست بوون کا ئەکە ر وان خوارن وخزمەتا مە کر،کا ئەم دێ دبەرامبەر دا پارا دەینێ یان نە (Brant, 1841,385)

### تەوەرێ شەشێ: مانا مێهڤانی و چاڤدێریکرن و پاراستناوان ژلایێ کوردان ڤە

ژ نەرێتیت میهڤانداریا کوردان ئە وە هەولدەن مێهڤانێ خو رازی کەن پتر لدەڤ وان بمینیت وچاڤدێریکرنا وان ژێ ب ئە رك دبینن باشترین نموونە، دە مێ هەی بەرەڤ شە قلاوە دچیت ل گوندێ (کۆرێ ) هەی وەسا دیاردکەت هندی ل کوردستانێ ب کێمی گوندەکێ وەکی کورێ یێ جوان دیتیە و وەکی بحەشتەکێ یە بو وان رێڤینکێن ژ دەشتێن هشك یێت هەولێرێ دهێن. لڤێرە موستەفا ئاغا پێشوازیا من کر و لبن دارەکا مەزن

دا ل نزیك جوكەكێ جهەك بومن دانا. موستەفا ئاغا گرنگیەكا ئیكجار زور بمن دا و هەر ج تشتێ ئە ز پێتڤی بومن كر و كەلەك بزەحمەت ئە ز شیام وی رازیكەم رێكێ بدەتە من ئە ز گە شتا خو بەرەڤ شەقلاوە بكەم (Hay,1921, 176 )

ریچ دبێژیت میری هەمیا لسە ر ملێت خو راكر دائە ز پتر بمینم و زوری لمن كر، سوزێ بدەمێ هەمی سالا جارەكێ سەرەدانا سلێمانیێ بكەمو ئە گە ر ئە ز رازی بووم دێ خانیە كێ خوش بومن دروست كە ت.( ریچ،٢٠١٢، ١٢٩)

هەروەكی بە ری نوكە ئاماژە پێ هاتیە دان، كورد حەز دكەن مێهڤانێ وان پتر لدەڤ بیت وچەند بمینیت بەرپرسیارەتی و پاراستنا وی دكەڤیتە سە ر ستویێ خودانێ مالێ. پاراستنا مێهڤانی ئێك ژ یاسایێت مێهڤانداریا كوردانە ودائە ڤ چەندە پتر بهێتە رونكرن، برانت بەحس ل گەشتاخو دكەت دەمێ ل گوندێ (بوكلام) مای، ژ شێست مالێت كورد پێك دهێت دبێژیت مەزنێ گوندی بومە خارنەكا خوش ئامادەكر وهەردوو كورێت خو ژی هنارتنە دەف مە دا خزمەتا مە بكەن وچاڤێ وان لمە بیت(Brant, 1841,373)

هەروە سا هاملتون بە حس ل مێهڤانداریا شێخ تەها دكەت دەمێ سەرەدانا وی كری ل هاڤینگەها وی ل كانی جندیان و دبێژیت دشیانێت مندا نین ستایشا باشیا شێخی بكەم كا چاوا وی پێشوازی ل مێهڤانان دكر. ل روژا دویڤ دا دەمێ مە خاترا خو ژێ خواستی دوو زەلامێت خو دگەل مە هنارتن، دا رێكێ نیشا مە بدەن و چا ڤێ وان لمە بیت. ( هاملتون،٢٠١٣، ١١٥-١١٦)

ژ لایەكێ دیڤە لیچ ژی دیاردكەت، ئە كەر مێهڤان خودان پلەیەكا بلند یا جڤاكی بیت، ئاغا بخول كوچكێ ل دە ڤ وی دنفیت یان ژی ئێك ژ كورێت ئاغای، ئەوژی ب مەرەما وێ یەكێ دا بو دیاركەن پاراستنا مێهڤانی ئەركێ وان( Leach, 1940,29)

ئەڤا سەری وێ چەندێ راگەهینیت، د وەلاتێت روژهەلات دا ولناف كوردان ژی دا دزی ورێگری وتالان كرن هەبوویە بەلێ هندەك ژ وان ژی هەبوینە خەون بهندێ ڤە د دیتن ئێك بێتە مێهڤانێ وان وقەدرێ وی بگرن وژیانا وی بپارێزن. ژبەر ڤێ چەندێ دەمێ ئەڤ گەروكە دهاتنە كوردستانێ ڤێ چەندێ سەرنجاوان راكێشایە. هە ر ژبە ر هندێ گەلەك ژ وان بەراوردی دناڤبەرا كوردان و نەتەوێت دی یێن روژهەلاتی دا كرینە بو نموونە :سون دبێژیت كورد ژ عەرەبان وئەرمەنا وتوركا پتر رێزێ ل مێهڤانا دگرن وئەڤەژی یا گرنگە چونكی سون بو ماوەیەكێ درێژ دناف كوردان دا ودناف مللەتێت دی دا ژیایە ودبێژیت رێزگرتنا وان نەرێتەكێ كەڤنێ كومەلگەها كوردەواری یە(Soane,1926,24) .



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخو بو ڤەكولینێن كوردی

دهـەمان دەمـدا نوئێـل ژی وەکـی گـەروکێت دی دبێژیـت مێهڤانـداری و قـەدرکرتنا کوردان دگەل مللەتێن دی ناهێتە بەراورد کرن وئە ڤێ چەندێ ژی ب بە لگەڤە بو مە روون دکەت، دبێژیت ئەز دگەلە ك گوندێن کوردا رابوریم وئە وان رێز لمە دکرت و دە وارێن مە ب جـەهی و ئالیکـەکێ گـەلـەك گـران تـژی دکـرن. بـە لـێ ل گـونـدێ (ئـالوت) ب لێڤ شوری ڤە پسیارا مە دکر کامە چەند دەوار دگەلن. هە روەسا دەمێ سپێدێ ئە م ل گوندێن کوردان دەر دکەفتین دا خوارنەکا بە رفرەهـ ویا ب تێرو تەسـە ل بومـە ئاما دە کـەن، ژ دەهـ جورێن خوارنا پتر پێك دهات وهە رژبەر ڤان خوارنا ئە م چەند دەمژمێرا گیرو دبوین. بەلێ ل گوندێن تورکان چە ند پسیارە کێن بێ رامان ژ مە دکرن بو نموونە هە ر ل وێ شە ڤا ئە م دگەهشتین دابێژنە مە دێ سپێدێ زوی دەنە رێ یان درەنـگ ؟ ئە ڤە ژی ژ بـە ر هـندێ بـە س دا تێشتا سپێدێ نەکەڤیتە سە ر مللێت وان. (نوئێل، ١٩٨٤، ٥٣-٥٤). هەر ژبە ر ڤێ چە ندێ ژی میجر نوئێل ئاماژە ب گەلە ك کوتنێت مەزنان ددەت لسە ر مێهڤانداریێ بو نموونە:

مێهڤان مێهڤانێ خودێ یە.

رزقێ مێهڤانی لسە ر خودێ یە. (نوئێل ١٨١،١٩٨٤)

ژلایەکێ دیڤە هاملتون دبێژیت بو من وەسا هاتبو بە حس کـرن کـورد ژ عـەرەبان رەزیلتـرن بـە لـێ بـومن وەسا دەرکـەڤت ئـە ڤ چەنـدە نەراستە. بـو وێنـە دەمـێ مـن سـەرەدانا رەواندز کری پێشوازییە کا باش لمە کرو خوارنەکا باش ژی بومـە ئاما دە کربوو ئـە ڤە سـەرەرای هـندێ بـارودوخـێ وان یـێ داری یـێ لاواز بـوو و دهـەژاربوون بـە لـێ خـەلـکـەکێ سـە ر بلندن و قە درگرن (هاملتون٢٠١٣، ١١٤-١١٥)

**دەرئەنجام:**

پشتی دویڤ چوون لسە ر بابـەتێ مێهڤانداریا کوردان هاتیـە کرن و ڤـە کولین لسـە رهاتیـە ئـەنجامـدان چـەنـدین دەرئـە نجام ژلایـێ ڤـەکولـەری ڤـە هاتینـە ڤـەدیتن و بڤـی رەنگێ ل خوارێ::

١. پێشوازی کرن و رێزکرتنا مێهڤانی ئە رکە لسە ر خودانێ مالێ بـەری بگـەهیت و پشتی دچیت ژی.

٢. جهـ، خـوارن و ڤـە خـوارن و گـە ش و هوایـە کـێ گونجـای بـو مێهڤـانی دهێتـە ئامادەکرن. ئە ڤە دگەل هندێ دا ئە گەر بارێ دارای یێ وان یێ باش ژی نەبیت.

٣. ئـەگـەر خودانێ مـالێ ل مـال نـەبیت ئـەرکـێ مێهڤانـداریێ لسـەر ملێـت وێ مـالێ نارابیت و ئەندامێت دی یێت خێزانێ یان ژی ژن دێ بەر پرسیاەتیا مێهڤانی ب ستوێ خوڤەکرێدەت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٤. هەمی روژهەلاتناس و گەروکان بەحسێ مێهڤانداری و قەدرکرتنا کوردا کرییە و هندەك ژ وان ژی داکوکی لسە رهندێ کریە، کورد ژ مللەتێت دی ێت جیران پتر قەدر و رێزێ ل مێهڤانی دکرن. هندەك ژ وان گەروکان بشێوەیەکێ راستەوخو یان نەراستەوخوبەراوردی دناڤبەرا گوندێت کوردا و غەیری کوردا کرینە ولسە ر هندێ رێکەڤتینە کوکورد پتر ژعەرەبان و تورکان و ئە رمەنا رێزێ ل مێهڤانی دگرن.

٥. پاراستنا مێهڤانی ئە رکە لسە ر ملێت خودانێ مالێ. ژبە ر هندێ دەمێ ل گوندی و پشتی دچیت ژی هندەك کەسان دگەل وان فرێدکەن دا چاڤدێریا وان بکەن هەتاوان دەرباز دکەن.

٦. هە و لدان مێهڤان بو ماوەیەکێ پتر بمینیت ودەمێ مێهڤان ب رێدکەڤیت دا خواز ژێ دکەن جارەکا دی سەرەدانا وان بکەتە ڤە.

٧. مێهڤانداریا کوردان ژی جورەکێ کەیف خوشی و رێزکرتنێ دگەل هەیە هەتا وی رادەی کەل و پەلێت ئە و دگەشتا خودا پێدڤی دبیتێ بو ئامادە دکەن و دگەل هندێ ژی هندەك جاران دیاریە کێ پێشکێشی مێهڤانێ خو دکەن .


## لیستا ژێدەران

### بزمانێ کوردی

– فردریك میلینگن، گەشتەك لە کوردستان هەشتا سال لە مەو بەر، ژیانی کێوییانە لە ناو کوردەکاندا، و: پ.ی. د. سامان حسین ئەحمەد و توانا رەشید کەریم،(هەولێر:٢٠٢١)
– مێجە ر نوئێل، یاداشتەکانی مێجە ر نوئێل لە کوردستان، و: حسین احمد جاف و حسین عسمان نێرکسە جاری، (بغداد :١٩٨٤)
– کلودیوس جەیمس ریچ، گەشتنامەی ریچ بو کوردستانێ١٨٢٠، و: موحەمەد حەمە باقی، ( هەولێر:٢٠١٢)
– هاملتون، رێگایەك بە کوردستان، و: د. عەلی عەبدولرەحمان عەسکەری، (هەولێر:٢٠١٣)

### بزمانێ انگلیزی

– Brant, J.(1841). Notes of a Journey Through a Part of Kurdistan , in the summer 1838. London: John Murray.
– Edmonds, C.J.(1957). Kurds, Turks and Arabs: Politics, travel and research in North-Eastern Iraq, 1919-1925. Oxford: University Press.
– Hay,w. R. (1921), Two years in Kurdistan Experiences of a Political Officer 1918-1920. London: Sidgwick& Jackson.
– Leach, E.R.(1940) Social and Economic Organization of the Rowanduz Kurds Monographs on Social Anthropology. London School of Economics.
– Kinnane, Derk. (1970). The Kurds and Kurdistan. Oxford: University press

- Porter, K. (1822). Travels in Georgia, Persia, Arminia and Ancient Babylonia. London.
- Soane, E.B. (1926). To Mesopotamia and Kurdistan in Disguise; With Historical Notices of the Kurdish Tribes and the Chaldeans of Kurdistan. 2d edition, London: John Murray.

## ضيافة الكرد في اراء الرحالة والسياسيين البريطانيين

**الملخص:**

تعتبرالعادات والتقاليد عند الكرد احدى ابرز الموضوعات التي كانت محل انظار المستشرقين البريطانيين المهتمين بتاريخ الكرد، وحاول البريطانيين معرفة جميع الامور المتعلقة بعادات وتقاليد الكرد ومنها الضيافة،وان تلك المسائل المتعلقة بالكرد من حيث العادات والتقاليد الاجتماعيةالتي كان يمارسهاالشعب الكردي سواء كانت ايجابية او سلبية فهي جزء من حياتهم الاجتماعية كغيرها من الامم، واصبحت تلك العادات والتقاليد محل اهتمام الرحالة والمستشرقيين الذين زاروا كردستان، واشاروا اليها في مذكراتهم.

نظرا لقلة اهتمام الباحثين بموضوع الضيافة فحاول البحث التركيز على اراء وتحليل المستشرقين البريطانيين على هذا الموضوع المتعلقبعادات وتقاليد الكرد، وينقسم البحث الى مقدمة وستة محاور مع ذكر لاهم الاستنتاجات التي تم التوصل اليها، وفي المقدمة توضيح لاهمية الموضوع واهدافه مع الصعوبات التي واجهت الدراسة، والمنهج المتبع فضلا عن ذكر لأهم المصادر المستخدمة في البحث.

ركز البحث في المحور الاول على عادات وتقاليد استقبال الضيف عند الكرد، وفي المحور الثاني يوضح تحليل موضوع متعلق بعادات الكرد على ان الضيافة دين، على صاحب البيت ان يهتم بضيفه كأنه دين عليه ان يسدده، اما المحور الثالث يلقي الضوء على الاستعدادات اللازمة لاستقبال الضيف عند الكرد، وفي المحور الرابع يشير الى الترحيب والتعامل اللطيف للضيف من قبل الكرد، وفي المحور الخامس يذكر تقديم الهدايا للضيف عند الكرد، أما في المحور السادس والاخير يوضح صفة الكرم عند الكرد في حراسة وخدمة الضيف، وفي الخاتمة ذكر لاهم الاستنتاجات التي توصلت اليها الدراسة.

**الكلمات الدالة:** *العادات والتقاليد، الضيافة، المهتم بدراسة الكرد، المجتمع، قوانين الضيافة عند الكرد*

## Hospitality of the Kurds in the opinions of British travelers and politicians

**Abstract:**

The customs and traditions of the Kurds are one of the most prominent topics that caught the attention of British orientlists, who became interested in the social life of the Kurds. Therefore, the British aimed to learn all matters related to the customs

and traditions of the Kurds, including hospitality. The Kurds like any other nation had their positive and negative characteristics which made the British orientalists interested in learning them all. These Characteristics became the main reason for the travelers and orientalists to visit Kurdistan, and referred to them in their memoirs.

Due to the lack of interest of researchers in the subject of hospitality, this researches main focus is on the opinions and analysis of British orientalists on this topic related to the customs and traditions of the Kurds.

The research begins with an introduction followed by the body which is divided into six parts and ends with a conclusion. As well as, mentioning the most important sources used in the research. In the first part the research focuses on how the guests were received among the Kurds. In the second part, it explains that hospitality is a debt, which means the owner of the house should take care of his guest as if he had to pay the debt off. While the third part sheds light on the necessary preparations done to receive the guest. The fourth part refers to the welcoming and gentle treatment of the guest by the Kurds. The fifth part mentions the gifts presented to the guests. Finally the sixth part explains the character of generosity among the Kurds in guarding and serving the guest. The conclusion is summarizes the most important results reached by the study.

**Keywords:** *Customs and traditions, hospitality, society, Manners*

# گۆڕانی کۆمەڵایەتی؛ هۆکارێک لە پاشەکشەی بەکارهێنانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆردا

پ. ی. د. هەڵمەت بایز ڕەسووڵ
بەشی کوردی- فاکەڵتیی ئاداب- زانکۆی سۆران- هەرێمی کوردستان/ عیراق

پوختە:

ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان چالاکە و پەیوەندی بە ژیان داب و نەریتی کوردەوە هەیە، بۆیە چالاکی و زیندوویەتییەی خۆی پاراستووەوە، بەڵام هاوکاتی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ئێستادا لە ئاستی جیهانی ڕوودەدەن، وردە وردە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی لە ناو ئەو شەپۆڵە گۆڕانکارییەی جیهانی و بەجیهانی بووندا چیتر ئەو چالاکی و زیندوویەتییەی خۆی پێ ناپارێزێت، بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ بە کۆمەڵێک هۆکارەوە پاشەکشەی ئەو ئەدەبیاتە بەپێی کات و سەردەم گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. لەژێر ڕۆشنایی ئەو تێگەیشتنەدا ئەو تویژینەوەیە بەناونیشانی (گۆڕانی کۆمەڵایەتی؛ هۆکارێک لە پاشەکشەی بەکارهێنانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆردا) دەبەسترێتەوە بەو هۆکارانەی کە ئێستا ڕوودەدەن، وەکوو گۆڕانکاریی ژیانی خێزانی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی شوێنگرتنەوەی تەکنەلۆژیا و دیاردەی کلتووری هاوبەشی جیهانی..هتد ئەو توێژینەوەیە ئامانجی دەستنیشانکردنی گرنگترین ئەو هۆکارانەیە کە لە ئێستادا دەبنە مایەی کزبوون و پاشەکشەی ئەدەبی فۆلکلۆری.

**پەیڤێن سەرەکی:** کزبوون و پاشەکشە، ئەدەبیاتی فۆلکلۆر، گۆڕانی کلتووری، جیهانگەرایی، کات و سەردەم.

## پێشەکی:

ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی وەک یەکێک لە ئەدەبیاتە هەر دەوڵەمەند و فرە چەشنەکانی ڕۆژهەڵاتە. بەبەردەوامی زیندوویەتی و مانەوەی خۆی لەگەڵ خۆیدا بووە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژ بە ڕۆژ لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی گۆڕانی بەسەر دادێت. بەتایبەتی لە گۆڕانی کات و سەردەمدا ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیی زیندوویی خۆی وردە وردە بەهۆی دیاردە و کردەی بەجیهانی بوون و جیهانگەرایی و ئاڵوگۆڕە خێراکانی تۆڕی پەیوەندییە گشتییەکان و پچڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لە زیندوویەتیی بەرەو پوکانەوە دەچێت، واتە کاریگەریی ڕاستەخۆیان لە کردەی گۆڕانی ئەدەبیاتی سەرزاریدا هەیە.



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ناونیشانی توێژینەوەکە (گۆڕانی کۆمەڵایەتی؛ هۆکارێک لە پاشەکشەی بەکارهێنانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆردا) پەیوەستە بە مامەڵە کردن لەگەڵ هۆکارگەلێکی گرنگ لە ناو گۆڕانکارییەکانی کات و سەردەمدا دەردەکەون.

سنووری ئەو توێژینەوە بژاردەیەکی هەڕەمەکی چەند نموویەکە لە چەشنی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر بە پێی ئەو خاڵانەی لە توێژینەوەکەدا وەک هۆکاری گۆڕانکارین، واتە وەرگرتنی نمونەکان زیاتر بەپێی خاڵە تاوتوێکراوەکانی ناو هۆکەرەکەی پشتی گۆڕانکاریی و کزبوونی ئەدەبیاتی سەرزارین، زیاتر وەرگیران و نموونەهێنانەوەش بە نموونەی چەند پەند و مەتەڵ و ئیدیەم و گۆرانی خراونەتەڕوو، کە زیاتر پەیوەستن بە ژیانی ڕۆژنە و کەم تا زۆر خەڵکی بەگشتی لەو دەربڕینانەدا هاوبەشن. خەڵک بەگشتی بۆ قسەکردن و نموونەهێنانە شتێکی لێ دەزانن. هەر لەو ڕوانگەیەشەوە لەو توێژینەوەیەدا هەردوو زاراوەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری و ئەدەبیاتی سەرزاریش لە بری یەکتر بەکاردەهێنرێن.
ئامانجی ئەو توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارە جۆراوجۆرانەیە، کە تایبەتن بە چۆنییەتی لە دایکبوون و مردنی ئەدەبی فۆلکلۆری، لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریی و پێشهاتانەی لە ئەمڕۆدا ڕوودەدەن و لەگەڵ خۆیاندا کۆمەڵک دیاردە سەرهەڵدەدەن، بەرەو وەستاویی و کزی دەبەن و پاشەکشە بە چالاکی ئەدەبی فۆلکلۆری دەکەن. ئەو توێژینەوەیە ئامانجی دەرخستنی ئەو هۆکارانەیە دەبنە هۆی ناچالاکی و پاشەکشەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر، جا چ هۆکاری جیهانی، یان هۆکاری ناوەخۆیی بن. پرسیاری توێژینەوەکەش ئایا لە ناو پرۆسەی جیهانگەرایی یان بەجێهانی بووندا ئەدەبیاتی فۆلکلۆر لە ناو ئەو گۆڕانکارییانەدا داهاتووی چییە؟ ئایا ئەو ئەدەبیاتە سەرزارییە دەوڵەمەندە لە ناو کایەی ئەو گۆڕانکارییانەدا کە بەپێی کات و سەردەم ڕوودەدەن، ڕۆڵیان لە ناچالاکی و نازیندوویەتیی ئەدەبیاتی سەرزاریدا هەیە؟ چۆن ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی لە جیهاندا ڕوودەدەن لەگەڵ ئەو کرانەوەیەی کۆمەڵگای کوردی و کاریگەرییە خێراکان لە کوردستاندا ئاوێتە دەبن و پاشەکشە بەچالاکی و زیندوویەتی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر دەدەن؟
بایەخی ئەوتوێژینەوەیە وێڕای دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی لە پشتی پاشەکشە و ناچالاکی ئەدەبیاتی سەرزارین، ئەو توێژینەوەیە پاساوێکی گرنگیشە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو میکانیزمانی کە لە سەردەم و کاتی ئێستادا بۆ پارستن و تۆمارکردن ئەدەبی فۆلکلۆر گرنگن، تا ئاستی مەترسییەکانی لەناوچوونی ئەدەبیاتی دەوڵەمەندی سەرزار کوردی کەمتربکاتەوە.

توێژینەوەک لە دوو تەوەرە پێک دێت تەوەرەی یەکەمیان کردەی گۆڕانی کلتووری لە ناو کۆمەڵێک چەمک زاراوەی جهانگەرای و سیتەمی نوێی جیهانیدا خراوەتەڕووە، لە تەوەرەی دووەمدا لایەنی پڕاکتیکی لەسایەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكولینێن كوردی

سەردەمی ئێستا بەهۆکاری جۆراوجۆر بە دوای خۆی داهێناون، بەمەش هۆکاری کزی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری دەخاتەڕوو.

## گۆڕانکاریی کلتووری لە کایەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا:

لە ئاستی گشتی و جیهانیدا کلتوورێکی هاوبەش و کاڵبوونەوەی کلتوورە جیاوازەکان سیمایەکی دیاری ئەمڕۆی مرۆڤایەتییە. بەشێوەیەک جیهان لە ناو ئاڵوگۆڕی کلتووریدا ئامادەییەکی هاوبەشی ئەوتۆی هێناوەتەوە کایەوە، تەنها بە دواندن و پرسیارکردن، جیاوازیی سیمای مرۆڤەکان و بیرکردنەوە و زمانیان دەردەکەون، بە واتایەکی تر لە ڕووکەش و هەڵسوکەوت و ڕەفتارکردندا جیاوازییەکی ئەوتۆ بۆ ناسینەوە و کلتووری جیاواز بەدی ناکرێت، چونکە جیهان لە ڕواڵەتی یەک کلتووری هاوبەشدا دەردەکەوێت. لەپاڵ ئەمەشدا بەپێی ئەو سیستەمە نوێیەی جیهان، ئاستی گۆڕانکاریی کلتووری زۆر خێرایە و ڕێژەی جیاوازبوون و کاڵبوونەوەشیان وەک نییە. هەر نەتەوەیەک ئاستی مامەڵەکردن و پارێزگاریی کلتووری و ڕووبەڕووبوونەوەی پێشهاتەکان، جیاوازییان هەیە، بەڵام هیچ نەتەوەوە و قەوارەیەک لەو ئاڵوگۆڕە کەلتوورییە و سیمای هاوبەشبوون و گۆڕانکارییە خێراکان بەدەر نین. بەو پێیە کۆمەڵێک فاکتەر ڕۆڵیان لەبەریەکەوتنی کلتوور و گۆڕانکاریی کلتووری و پێشهاتەکاندا هەیە. بەردەوامی سیمایەکی هاوبەش دروست دەکەن. هەمیشە هێزێکی زاڵ ئاڕاستەیەک بۆ کلتوورێکی هاوبەش ئامادەیی هەیە. ((کلتووری زاڵ بەردەوام هەوڵدەدات بەها تایبەتییەکانی خۆی وەکوو تاکە بەهای بایەخدار بەسەر سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگا بسەپێنێ. لەبەرئەوە پارێزگاران بەردەوام حەزدەکەن کەمترین ئەندازەی گۆڕان بە دان نەریتەکانەوە بنێن. لیبڕالەکان بە زۆری لایەنگری بەدیهێنانی گۆڕانکاری هێواش و سنووردارن و لەبەرامبەر ئەوانەدا ڕادیکاڵەکان بەردەوام لە خەمی بەدیهێنانی گۆڕانکاریی بنەڕەتیدا)) (موحسنی، ٢٠٠٢، ل١٣٥) بۆیە گۆڕانکاری خەسڵەتێکی هەمیشەییە و بەپێی کات و سەردەم لە گۆڕان دایە.

بیرمەندان و کۆمەڵناس و تیۆر داڕێژەران چ لە سەدەی بیستەم چ لە سەدەی نۆزدەمدا لە کانت و ماکسەوە تا دەگاتە مارکسیستەکانی سەدەی بیستەم و لیبڕالیەکانیش پێیان وایە بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی کۆمەڵگە مرۆییەکان ڕۆڵ و کاریگەرییە کلتوورە جۆراجۆرەکان کەمتر دەبنەوە، بەرەو کۆمەڵگایەکی جیهانی بێ کەلێنە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان دەچێت. لیبراڵەکان و تیۆرداڕێژەرانی نوێکردنەوەش ئەو جۆرە نیشانە کلتوورییانە بە دیاریەکی کلتووری دادەنێن، لە (کۆتایی مێژوودا) لە کامڵبوونی قۆناغەکانی نوێکردنەوە وردە وردە لەناودەچن. لەناو ئەو پرسگەلە هاوبەشە جیهانییەدا، کەسایەتی دادەڕێژرێن، نەک لەسەر بنەمای هۆگری و پەیوەستییە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کلتوورییەکان (گوڵمحەممەدی، ٢٠٠٧، ل١). ((فێربوونی کلتوور لە ڕێگای مرۆڤەکانی ترەوە دەبێت. فێرکردنشی بەهۆی پەیوەندییە بەرامبەرەکان لە نێوان مرۆڤەکاندا شێوە وەردەگرێت. کلتوور بە ڕێگای بۆماوەیی ناگوازرێتەوە، بەڵکوو بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە. کولتوور بەرهەمێکی پاشماوەی کۆمەڵایەتییە و لە دروستبوونیدا چەند هۆکارێک وەکوو زانیاریی زانستانەی کە لە ناو کۆمەڵگادا هەن، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هۆکارەکانی پێکگەیشتنی دەستەجەمعی دەور دەبینن)) (موحسینی، ٢٠٠٢، ل١٠٤) حەتمیەتی گۆڕان و گۆڕانکاریی کردەیەکی بەدی هاتووە، لەو پەیوەندییەشدا دیاردە و وردە باتە کلتوورییەکانی دیکەش دەکەونە ژێر ئەو هەژموونە گۆڕانکارییانەوە.

دنیای پاش حیکایەتە گەورەکان وەک قۆناغی پۆست مۆدێرن گۆڕانێکی خێرا و بەرچاوە، ئەوە جێگای هەڵوەستە و لێکدانەوە بووە، بەردەوام ئەو پێشهات و گۆڕانکارییانەی سەدەی ڕابردوو بەخێرای بازیان دەدا، لەو بازدانەشدا هەردوو قۆناغبەندی مۆدێرن و پۆست مۆدێرن وردەکاری و شۆڕبوونەوەی تیۆری زیاتر بۆ ئەو گۆڕانکاریی و ڕووداوانە کران، کە هەژموونی گۆڕانکاری لە پرۆسەی کاتدا هەمەلایەن و بەرفروان دەبێت، بۆیە کۆی کایە و کەرەسەی ماددی و نامادی و هزرییەکان دەگۆڕێن ((ئاشکرایە ئەوڕۆکە هەر ئەو کەرەستانەیە لە عەقڵێکی مۆدێرندا بەکار دەبرێ و لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی و کلتووری و نەتەوەیی و ئابووری و سیاسی بەهێزدا وەک ئاستێکی ژیاری و تەکنەلۆژی بەکاردەبرێ و کەوتۆتە نێو تۆڕێکی گەورەی سیستماتیکی بەرفراوانەوە هاوکات سەرلەبەری ڕیتمی ژیانی ڕۆژانەی تاکە کەس و کۆمەڵ و گروپەکان گۆڕانکاریی و وەرچەرخانی گەورەیان بەسەردا هاتووە، تەواوی ئەو زەمەن و سەروەخت و شوێن و بونیاد و سیستمانە گۆڕانکاریی ڕەگوڕیشەییان بەسەرداهاتووە)) (جەبار، ٢٠١٠، ل١١-١٢) بۆیە کاریگەری بۆتە دیاردەیەک لە دەرەوەی ویستی کۆمەڵگا و تاکیش دایە. یەکێک لەو هەژموونی گۆڕانکارییانە هەژموونی تەکنەلۆژیا و ماس میدیا و کاریگەریی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە، بە تایبەتی بینراو زۆرتر ئەو پانتاییە داگیر دەکات. هەمان ئەو هەژموونە لە کۆمەڵگای کوردیدا کاریگەرییەکی خێراو بەرفراوانی لەسەر کورد هەیە و پێشبڕکێی داب و نەریتەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، بەشێوازێکی مۆدێرنیش موتربەیان دەکات، لە هەموو تەمەنێک و ڕەگەزێکدا کاریگەری زۆری بەسەر دیاردە کۆمەڵایەتی و ژیانی ڕۆژانەوە هەیە. تەنانەت ئەو گوندانەش کە مۆرک و ڕەسەنایەتی خۆیان پاراستووە، ناتوانن لەو کاریگەرییە دەربچن (شاسواری، ٢٠٠٨، ل٥٦).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**جهانگەرایی و کاریگەریی کاڵبوونەوەی کلتووری ناوچەیی:**

جیهـــانگەرایی (Globalism) و بەجیهـــانیبوون (globalization) لە چوارچێـــوەی زاراوەی جۆرواجۆری وەک گەردوونی و سیستەمی نوێی جیهانی و ئیمپریالیزمی نوێ، لە ناو کۆمەڵێک چەمکی جۆراوجۆردا خۆی دەنوێنێت، هاوکاتیش بڵاووبونەوەی تەکنەلۆژیا و تێکەڵاوی کلتووری و نزیکبوونەوەی جیهان و بچووکردنەوەی جیهان، مانای بەرفراوان بەجیهانی بوون دەدەن. هەندێجار ڕەهەندێکی ئایدۆلۆژی لە چوارچێوەی هەوڵی بە ئابووری و سیاسەت و کلتوورێکی جیهانی بۆ مرۆڤایەتی هەڵدەبژێرن، لەژێر ناونیشانی جۆراوجۆر لە ڕێی بازاڕی ئازاد و تەکنەلۆژیا و پەیوەندیکردن، دەیان کەناڵی جیاواز بۆ کردەی بەجیهانیبوون دەرکەوتووە و وەک هێز و کاریگەرییەک لە زۆربەی کایەکانی ژیان خۆی نواندووە. لە سایەی ئەم دەرکەوتەیەش زیاتر ئاستی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەوڵەت و بازاڕ و خوێندن و بیرکردنەوە و گۆڕانکاری هزری ڕوویداوە. یەکێک لەو لایەنانە بریتییە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کزی بەها کۆمەڵایەتییەکان و کلتوورییەکان، تا ئەو ئاستەی ئەدەبی فۆلکلۆریش لەژێر تێگەیشتن و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و کلتووریدا، وەک برەوی کۆمەڵاییەتی و ئاستی بەکارهێنان و کزبوون و پووکانەوە، زۆر گۆڕانی ڕویانداوە، بۆیە یەکێک لەو تێگەیشتنانەی ئەمڕۆ، لە سایەی دیاردەی جیهانگەرایی و هەژموونی یەک ئاڕاستەییە، هەروەها کاریگەریی و دیاریکردنی ئاڕاستەکانی ئەو کۆمپانیا زەبەلاح و زۆر و زەوەندەکان حەزی تاک و گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئاڕاستە دەکەن، لەگەڵ خۆیاندا خەسڵەتی کلتووریی جیاواز یەک دەخات، بە جۆرێک هیچ شەپۆلێک لەبەردەم ئەو مێدیا و پاوانخوازیی و ئاڕاستەکراوانەدا ناوەستێت. ئەو شەپۆلە بەرفراوانە و فرە لایەنە ئەمڕۆ مرۆڤ بەرەو سەلیقە و ئارەزووێکی هاوبەش گرێ دەدات.

زۆربەی بیرمەند و تیۆرستانی سەردەم بۆ ڕوانین و پرسەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کلتووری و جیهانگەرایی پێیان وایە لە سایەی ئەو سیستەمە نوێیەی جیهان یەک نیشتمانی بێ دەوڵەت، وەک سیستەمێکی پارێزگاریی لە بری سیستەماکانی دیکەی سەدەی بیستەم، دروست دەبێت. (گمبڵ، ٢٠٠٦، ل١٥) ئەگەرچی خوێندنەوەی ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و کلتوورییانە وابەستن بە ئاڕاستەی جیهانگەرایی، لە هەمانکاتدا ئاڕاستەی پێچەوانەش هەر جێی مشتومڕە. یەکێک لەو بەڵگانە پرسی جیهانگەرایی لە سەردەمی کۆڕۆناشدا هەڵوەستەیەکی دروست کرد، کە هەموو شتێک بەو خێراییەوە بچووکبوونەوەی جیهان و سیما و تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان وەلا نانرێت. بەتایبەتی لە گوتاری ئێستادا ئەو ئاقار بەندییە خاوتر کراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری جیهانگەرایی بەردەوامی هەیە ئەگەر لە هەندێ پرس و بابەتی تایبەتدا وەک بەریەکەوتنی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

کلتوورەکـان و پرسـەکانی فێمینیـزم و کـاری ڕێکخراوەیـی و پرۆسـەی دیموکراسـی هەنـدێک ئاراسـتەی ئەرێنـی وەرگرتـووە، بەڵام بەدیـوێکی دیـکەش لە ڕووی ئەو بەهـا کلتوورییانەوە وەک ئەدەبیاتی سەر زاری و تایبەتمەندی ئەدەبی فۆلکلۆری کاڵبۆتەوە، بـۆ نمـوونە لە کـۆی ئەو ڕوانیـیە هاوبەشـەی وەک بەشـێک لە پرۆسـەی نووسـین و گوتـاری ڕۆشـنبیری هەیە، جیهـان چڕکراوەی تێگەیشتنێکی هاوبەشـە بـۆ ئەو ئەگەر و ڕووداوانەی کە لە جیهـــان ڕوودەدەن، وەک یەکەی تێگەیشـــتن ڕاڤە دەکـــرێن، ســـەر لەبەری ئەو تێگەیشـتنە جیهـانییە، بـۆیە پرسـەکانی وەک ڕەڤەی کلتووریش لە ڕووە گشـتییەکەی دەکەوێـتە ژێـر تیشـکی ئەو تێگەیشـتنە. ((جهـانگەرایی و ڕامـاڵینی سـیمای کلتـووری نەتەوەکان وەک هۆکاری دەرەکی کاریگەری بەسەر هەموو جیهاندا هەیە، بەتایبەت ئەو نەتەوانەی میکـانیزمی خۆپارێزیـان بـۆ شـەپۆلە جیهـانگەراییە کـزە و هەر خەریکـی لاسایکردنەوەن))(بایز، ٢٠١٩، ل١١).

ئەگەرچی سیستەمی نوێی جیهان لە ناو کۆمەڵێک ڕوانگەیی تیۆری جیاواز و دژبەیەک و نـاکۆک قسـەیان هەیە بـۆ پرسـی ئـابووری و سیاسـی کـاری ڕێکخراوەیـی و ئافرەت و ژینگە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ئاستی تێگەیشتنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، لەگەڵ ئەوەشـدا بەهـا کلتـووری و چێـژە کلتوورییەکـان لە نـاو ئەو هاوکێشـە سیسـتەمە نـوێیەی جیهـان گۆڕانکـاریی بەسـەرداهاتووە ((لە ڕووی کلتـوورییەوە گۆڕانکـاری لە بونیادی کۆمەڵگا بەگشتی دروستبووە، وایکردووە بونیادی خێڵ و بونیادی خێزان و بەها کۆمەڵایەتییەکـانیش بگـۆڕدرێن، ئەمەش لە هەنـدێ بـاردا ئەم بونیـادانە بەرەو نوێبـوونەوە هەنگاویـان نـاوە، ئەگەرچـی لە هەنـدێ بـاری تـردا، بەرەو دژایەتـی و لێکـترازان هەنگاویـان نـاوە)) (یەحیـا، ٢٠٢١، ل١٨٥) لەنێـو ئەو هاوکێشـەدا ئەو گۆڕانکارییـانە وەک تۆڕێـک بە هەموو دیوە هزری و گـۆڕانی ڕەفتار و ئاکار دەگرێتەوە، بۆیە بەردەوام لەناو کردەی کاتـدا گۆڕانکـاریی وەک هەرەمێـک لە کلتـووری بیرکـردنەوەدا ڕوودەدات. بەتـایبەتی ئەگەر دەسـەڵات لە میکانیزمی بەرگری و خاو کردنەوەی شەپۆلەکانی جیهانگەرایی هـارمۆنی ئەو سیستەمەدا ڕۆڵ نەبینێت، پرۆسەی داماڵینەکە خێراتر دەڕوات. ئەو تایبەمەندییە نەریتی و گوندییەی لە کوردسـتاندا هەیە دیوێکی بەرەنگاریی و خەسـڵەتی لۆکاڵی هەیە، خێـرا دەکەوێتە ناو تۆڕە گشـتییەکە ((لە ئاکامی ئەو غەمساردی وێرانکردنەوەی دێهاتەکاندا کولتووری ڕەسەن، بەروبوومی کشتوکاڵی زەنگین، زمان، ئەخلاقی کورد..هتد، خەریـکە سـەرتاپا نغـرۆ دەبـن و لە بـری ئەوەش تێکەڵاویـیەک لە کلتـورێکی شـێواو و بـۆدەڵی داگیرکـاران و بیـانی پەرەدەسـێنێ))(هەندرێن، ٢٠١٧، ل١٦٠) بەتـایبەتی ئەگەر ئەو بەهـا کلتوورییەی کوردی نەنرخابێت، چونکە پـێش ئەو شـەپۆلە بەرفـراوانە، گـرنگە بەهـای



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کلتووری ڕەنگرێژی خۆ هەبێت، تا ئاستی دامالینی کلتوورییەکە خاوتر بێت و میکانزمی بەرگری ئامادەیی هەبێت.

کارگەری جیهانگەرایی لەسەر ناسنامەی کلتووری بەردەوامی هەیە، کەم تا زۆر لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ئەو کاریگەرییە دەرکەوتووە. وەک (جۆن لۆک) پێی وایە هۆشیاریی یادەوەری وەک پایە و پێکهاتەی ناسنامەی تاکەکەسین، چونکە هۆشیاریی تاکەکەس لە پەیوەندی ژیانی ڕابردوو بە ئێستاوە دەردەکەوێت. لە هەر کۆمەڵگایە ئەو شێوازە ژیانە بە دوایەکدا هاتووە بەهۆی هونەر و باوەڕ و داب و نەریتە، کە تاکەکانی کۆمەڵ باوەڕیان پێی هەیە، لە سایەی ئەو دامەزراوەوە، بەو ئاکار و داهێنانە هزری و زمانی و فۆلکۆرییانەوە و بەها و چالاکییەکانی نێوان خۆیان بەرهەم دێت. ناسنامەی کلتووری لە کۆمەڵێک خەسڵەتی ئاکاری و بەهای کۆمەڵایەتی تاکەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر لە سەرەتای ژیانییەوە پێیەوە کاریگەر دەبێت، هەروەها هەلومەرجە جوگرافی و مێژووییە لە سەردروستکردنی ناسنامەی کلتووری کاریگەری خۆیان هەیە. (الزدجالي، ٢٠١٤، ص٢١٣-٢١٤)، ئەو ناسنامە کلتوورییە، بەپێی نەتەوەکان دەگۆڕێت، کاریگەریی بەجیهانیبوونیش ڕێژەییە، ڕێژەی کارتێکردن دەگۆڕێت. ((هەموو بیرمەندانی تایبەت بە دیاردەی بەجیهانیبوون لەسەر ئەوە کۆکن، ئەو دیاردەیە لە ئێستادا گەشەی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، کە دەوڵەتە لۆکاڵییەکان بەرەو لاوازی دەچن وکولتووری لۆکاڵی لەبەردەم لەناوچوون، یان هیچ نەبێت لاواز بوون دایە،لە جێی ئەوان کولتوورێکی جیهان بەڕێوەیە، کە هەڵگری پەیام و دونیابینی تایبەت بە خۆیەتی، ئەمەش لە سایەی سیستمی سەرمایەداری لیبڕالی بوو)) (یەحیا، ٢٠٢١، ل٧٢).

**ئەدەبیاتی سەرزاری لە گۆڕانکاریی کلتووری و سیاسیدا:**

کوردستان بەو دابەشبوون و پەرچەبوونە سیاسییەی هەیەتی ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاوازی وەرگرتووە، هۆکارە گشتتیەکانی ئەو توێژینەوەیە هەموو پارچەکانی کوردستان دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەوڵانەی بۆ پەرۆشی و کۆکردنەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری دراون، بەپێی پارچەکانی کوردستان دەگۆڕێن و ئاستی مەترسییەکانی کزبوون و لەناوچوون جیاواز و جۆراوجۆرن. لە باشووری کوردستان ئەو هەوڵانەی لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابرووادا دراون، زیاتر و بەرچاوترن. هەوڵەکانیش لە چاپ و چاپەمەنییەکانی ساڵانی هەشتاکان، زیاتر هەوڵەکان تاکەسی بوون. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار کەمتەرخەمی و هەوڵەکانیش وەک پێویست نەبوون، ئامادەکارانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری سەرزاری، لەپێش ڕاپەڕین ئاماژەیان بە وکەمتەرخەمیانە کردووە، هاوکاتی ئەو هەوڵە تاکەکەسییەی باشووری کوردستان هەوڵی پارچەکانیتریش هەیە، بەتایبەتی لە بەریڤان و کوردانی یەکیەتی سۆڤیەتی جاران لە ساڵانی سییەکان هەوڵی باش و

کاریگەربوون، لە ماوەی دە پازدە ساڵی ڕابردووشدا لە ڕۆهەڵاتی کوردستان هەوڵی تاکەکەسی باش بۆ کۆکردنەوە و چاپ لە ئارادان. لەگەڵ ئەوەشدا وێڕای ناتەواویی پچڕانی پەیوەندی پارچەکان، لە باکوور کوردستان تاوەکوو ئێستا بەهۆکاری سیاسی ئەو دەرفەتە بەرفراوانە لە ئارادا نییە. (( لە کوردستانا ترکییێ ژبەر ڕەوشا سیاسی ژبەردەستی قەدەغەتی تورەبوونا ئیمکانان نمونەیێن فۆلکلۆرا کوردی، هەم نەهاتنە بەرەڤکرن، هەم ژی ل سەر ڤان بەرهەمان کار، خەبات و لێکۆڵینێن زانستی نەهاتییە پێکئانین، ژبەر ڤان دوورییان فۆلکلۆرا کوردی ئیرۆ باش نایێ ناسین))، (ڕۆهات ، ٢٠٠٦، ل٢)، شایەنی باسە لەو هەوڵەی توێژەران بەشە کوردییەکانی باکوری کوردستان لەو چەند ساڵەی دوایدا بەرنامەی کاریان بۆ ئەدەبیات و کلتوور زمانی کوردی دەستپێکردووە، گۆڕانکارییەکیش بۆ ئەو پرسە لە باکوور دێتەکایەوە.

کلتوور وەک چەمکێکی بنەڕەتی زانستی کۆمەڵایەتی، پەیوەست بەتەواوی کایەکانی زانستە مرۆییەکان و هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە سەروسەودایان بەهەڵسوکەوت ڕەفتاری مرۆڤەکانەوە هەیە، لە تێگەیشتنی جیاواز و جۆراوجۆرەکاندا، شتێکی هاوبەشی مرۆیی لە پیوەندییەکانی مرۆڤدا دەردەکەوێت، بەو واتایەی بەهایەکی کلتوورێک لەگەڵ بنەماکانی دیکەی پێکەوە ژیان کۆیان دەکاتەوە، هەروەها لە ناو ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەشدا، کلتوور خەسڵەتێکی گوێزراوەی هەیە. ((گۆڕان لە بەشێکی کولتووردا دەبێتە هۆی گۆڕان و ململانێ و گوشار لە بەشەکانی تریشدا)) (موحسنی، ٢٠٠٢، ل١٢٢) لە ناو ئەدەبیاتی سەرزاریدا بەپێی کات و هۆکارە ناوەخۆییەکان دەستاو دەست دەکات. هەر کۆمەڵگایەکیش خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە ئەو بەهایانەی کە لەناو ئەدەبیاتی سەرزاریدا هەن، هەمان ئەو بەها کلتوورییانەن لە هەناوی تاکەکانی کۆمەڵدا سەرچاوەیان گرتووە ((وەختێك تاکەکانی سەر بە کولتوورێك بەهەر هۆکارێك دێنە ناو کولتوورێکی ترەوە، کولتووری هاتوو دەست دەکات بە فشار خستنەسەر تایبەتمەندیەکانی کلتووری یەکەم و هێواش هێواش گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەم پرۆسەیە بە لێدانی کولتووری ناو دەبرێت)) (ڕەشید ، ٢٠١٦، ل٢١). ئەوەی لە گۆڕانە کلتوورییە ڕۆڵ دەبینێ کلتووری زاڵ و هێزی شوێنگرەوەی کلتوورە بەسەرئەوەی تردا، ئەو کلتوورە نوێییە لە هێزەوە سەرچاوەی گرتووە، بە کۆمەڵێک هۆکارەوە گرێدراوە. ((کولتووری نوێ بەشێوەیەکی توند خۆی دەخزێنێتە ناو کولتوورەکەی تر و دووچاری لاوازی و بێتوانایی دەکات، ئەم لێدانەش زۆرجار هۆکارەکەی کۆچکردنە. هەتاکو جیاوازییەکان لە نێوان کولتوورەکاندا زۆرتر بێت، هێزی لێدان و بەریەککەوتنەکە زۆرتر دەبێت. کولتوور دیاردەیەکە دەگۆڕێت، ئەزموونی مێژوویی ئەوە دەردەخات، کە کولتووری کۆمەڵگەیەکی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دیاریکراو لە کات و ساتی جیاوازدا یاخود لە شوێن و جوگرافیای جیاوازدا گۆڕانی بەسەردا دێ)) (هەمان سەرچاوە، ل٢١).

ئەو کلتوورە دەستاو دەست و خێرایانەی ئەمڕۆ ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو ڕوودا و گۆڕانکارییانەن لە کایەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕوویان داوە. لە سایەی ئەو سیستەمە جیهانییەدا سیمای کلتووری نەتەوەکان ڕادەماڵێت و مۆدێلی و کلتوورێکی دیکە ئاڕستە دەکات. بۆیە لە ناو ئەو گۆڕانکارییە خێراییانەی ئەمڕۆ ئەدەبیاتی فۆلکلۆر کە پەیوەستە بە بیرکردنەوە و کلتووری نەتەوە، هاوپەیوەندە بە کلتووری قۆناغێکی دیاریکراوەوە کە تێیدا کات و شوێن و کلتوور لە بەکارهێان و لە دایکبوونی ئەدەبیاتی فۆلکۆریدا ڕۆڵ دەگێڕن و دەبنە بنەمایەکی گرنی بنیاد و پێکهاتەی چەشنەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر. ئەوەی جیاوازە لە سەردەمی ئێستادا کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی و کات و شوێن و کەرەسەی ماددی و نامادەی وەک پێکهاتەی کلتوور گۆڕانی بەسەر داهاتووە. لە سای ئەو گۆڕانە کلتوورییدا ئەدەبیاتی فۆلکلۆریش وەک بەشێک لەو کلتوورە دەگۆڕێت و کلتووری دیکە شوێنی دەگرێتەوە و لە چالاکی دەخات. ((وەستاوی و بۆ هەمیشە وەك خۆی نامێنێتەوە، سەقامگریی بۆ ماوەیەکی کاتی دروست دەبێت لە پەیوەندیدا بە هەندێك بنەما و ڕەگەز لە کولتووردا، بەڵام ئەم سەقامگرییە هەمیشەیی نییە، بەڵکوو بە کات و دیاردە کولتوورییەکانەوە پەیوەستە، هەر کاتێك پێویستیی نوێ و دیاردەی کولتووری نوێ سەریان هەڵدا. گۆڕان لە کولتووردا سەرهەڵدەدات، ئەم بنەمایە بۆ کولتووری کۆمەڵگەی کوردیش ڕاستە و چاوەڕوانکراوە، بە تایبەتی گۆڕانە کولتوورییەکان لە چواردەورمان و لە جیهانی دەرەوە خێرا و بەرچاون)) (ڕەشید، ٢٠١٦، ل٢٢) دەکرێت ئەو شەپۆلە بەهێزەی وەک ڕاماڵین و داماڵین خەسڵەت و بەهای کلتووری کاڵ دەکاتەوە، بەلایەنی کەم تۆمارکردن و چاپکردن دەبێتە میکانیزمێکی بەرگری بۆ خاوکردنەوەی ئەو شەپۆلە، چونکە دیوێکی گرنگی ئەمڕۆی قەوارەی نەتەوەیی زمان کلتوورە، وەک پایەکی سەرەکی بۆ ماوەنەوە ئامادەیی هەیە، هەروەک چۆن لە ڕابردوودا کوردستان لە ناو ئەو هەموو هێزە داگیرکارییەدا توانیویەتی قەوارەی نەتەوەیی خۆی لە ناو ئەو جوگرافیا پەرتەوازە و داگیرکارییەدا پارێزگاریی لێ بکات.

## کاریگەری تەکنەلۆژیا لەسەر گۆڕانی بەهای ئێستاتیکی و هونەریدا:

تەکنەلۆژیا وەك یەکێك لە دەرهاویشتە و پێدراوەکانی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی، هەروەها وەك دەرکەوتەیەکی گرنگ و خێرای پرۆسەی مۆدێرنە، نەخشی زۆری هەیە لەسەر کایە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتورییەکان، بەرهەمی فۆلکلۆری ئەدەبی وەک بەرهەمێکی گەل و نەتەوە و میراتی نەتەوەیی دادەنرێت، ئەو زیندوویەتییەی هەیە وابەستەیە بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بە ژینگە و دەوروبەر، وەک مێژوویێکی ڕاستەقینە و

کۆمەڵایەتی دادەنرێت (عومەر، ٢٠١٨، ص٣٨) ئەم پەیوەستبوونە مێژوویی و ژینگەییە بەپێی گۆڕانی کات، گۆڕانی بەسەر دادێت. کۆمەڵگای کوردی هاوکاتی مانەوەی هەندێک داب و نەریتی کۆن لەگەڵ کلتووری نوێشدا مامەڵە دەکات و کاریگەری لە دەرەوەی خۆی هاتۆتە ناوی و لە زۆر باردا کلتووری نوێ جێگای گرتۆتەوە، بەجۆرێک لە ناو ئەو کلتوورە هاوبەشە جیهانییەدا ئامادەیی هەیە، لە ژێر ڕۆشنایی تێزەکەی (ولیام ئۆگبێرن) بۆ پرسی گەشەی ماددی و نامادی کلتوور، ئەو گۆڕانکارییە مادییانەی ڕوویانداوە لە ڕووی تەکنەلۆژی و گەشەی ئابووری و دیجیتاڵی، کلتووری کۆمەڵایەتی وەک کلتوورێکی نامادی کەمتر گۆڕانی بەسەرداهاتووە و خاوترە، سەرەڕای ئەوەی هەندێک بەهای مرۆیی کۆمەڵێک دیاردەی گرفتئامێزیش وەک بێ پێوەری کۆمەڵایەتی و ترازانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ترازانی پەیوەندییە گەرمەکان و پەرتبوونی بەها مرۆییەکان و هاوردەی درۆینە و بەرژەوەندیخواز کە هەر یەکێک لەوانە لەگەڵ تێزی (ئیمیل دۆرکایم) پێوەری کۆمەڵایەتی دنیای نوێ و (زگمان باومان) لە پەیوەندی نوێگەریی شل ئاماژەیان بۆ کراوە و کاریگەری خۆیان نواندووە. بەدیوێکی دیکەشدا مۆدە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی کات و شوێن ڕۆڵیان لە دیاریکردن و نەخشاندنی کەسێتی مرۆڤەکاندا هەیە، ئەو مۆدە کۆمەڵایەتییانەی ڕۆڵیان لە دروستبوونی چینایەتیشدا هەیە و لە دروستکردنی پەیوەندی خزمایەتی و هاوڕێیەتیدا بەشدارن، هەروەها دروستکردنی دەستی سیاسی و شارستانی وهونەریش دەگرنە خۆیان. ئەو مۆدە کۆمەڵایەتییانە دیاردەی ئابووری و کۆمەڵایەتین، لە پرسی چینایەتی‌یدا مەودای دورستکردووە و زەقتری کردووە، ئەمەش لەگەڵ هەر یەکێک لە تێزەکانی (جۆرج زیکیل و مارکس ڤبلن) دەگونجێت. تەنانەت جیهانی نوێ لە دیوی سەرمایەدارییەوە کاریگەری لەسەر هونەر و کلتوور هەبووە، لە ناویشیاندا کاریگەری تەکنۆلۆژیا لەسەر چێژ و جوانی هونەری موزیک بەرچاوە. گۆرانی کوردی وەک نمونەیەکی کلتووری و هونەری کاریگەریی موزیکی نوێ لەسەرە و بە کاڵا کراوە وەک سەرگەرمکردن و بۆ پارە و سامان بە ئامانجگیراوە، ئەمەش ئەو پاشەکشەیەی کلتوور و چێژی گشتی لێیەوە چاوەڕوان دەکرێت، ئەگەرچی لە ڕووی موزیکییەوە کلتووری کوردی زیاتر لە هەموو کایەکانی دیکەی کلتووری توانیویەتی وەک شوناس و زیندوویەتی خۆی لە پرۆسەی بەجیهانیبوون ببینێت (ڕەشید، ٢٠١٦، ل١٢٥- ل١٢٦).

ئەو تێگەیشتنە تیۆرییەی بۆ گۆڕانی کلتووری لە ئارادان کلتوور بەگشتی و لەناویشیدا کلتووری بیرکردنەوە وگوێگرتن و وەلانانی شێوازی دەربڕینی زمان و کەرەسەکانی زمانیش گۆڕانییان بەسەرداهاتووە بەپێی ئەو چینایەتییەی مۆدە کۆمەڵایەتییەکان و تەکنەلۆژیا بەرهەمی هێناوە ئەدەبیاتی فۆلکلۆر لەپرسی ئەو مۆدەکۆمەڵایەتیانەدا پەراوێزخراوە، چونکە بەشێوەیەک بەکارهێنانی کەرەسەی ماددی و

نامادییەکان لەگەڵ ئەو مۆدە کۆمەڵایەتیان و چینە کۆمەڵایەتییانە پاشەکشەی کردووە و ناچالاکە، چونکە کەرەسەکانی زمان و دەستەواژە و کەرەسەی نامادییەکان هەماهانگیان لەگەڵ ڕەوتە جیهانییەکەدا هەیە، لە ناو ئەو چینە کۆمەڵایەتیەشدا وەک دابەشبوونی چینایەتی زمان و میراتی کلتووری بیرکردنەوەی ڕابردووش گۆڕانی بەسەرداهاتووە. تەنانەت چینی مۆدە کۆمەڵایەتییەکان بۆدەرچوون لە چینە گشتییەکە پێویستە زمان و بیرکردنەوە و کەرەسەی بەکارهێنانی ئەدەبیاتی ڕۆژانەشیان جیا بێت.

**ئەدەبی فۆلکلۆری لە نێوان لێکەوتەکانی کات و سەردەمدا:**

هەموو ئەو ڕووداوە کۆمەڵایەتیانەی و گۆڕانکارییانەی ڕوو دەدەن هاوپەیوەستن بە کات و سەردەم، بۆیە لە چوارچێوەی کات و سەردەمدا پێویستە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، لە کاتی جیاواز جیاوازدا گۆڕانکاریی بۆ چالاکی و زیندوویی ئەدەبیاتی سەرزاری بە پێی هەلومەجە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەم قسە هەڵدەگرێت، چونکە بەرجەستەکردنی کلتووری تایبەت بەپێی کات لەگەڵ ئەو هەلومەرجە دەگۆڕێت کە لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاوازن. لە قۆناغی منداڵیدا گۆشکردن و ڕاهاتنیان بە وتنەوەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر سروشتی بوو، بەشێوەیەکی خۆکرد و ئاسایی درێژەی هەبووە، بەڵام لە نەوەی ئێستادا وردە وردە بەپێی گۆڕانی سەردەم هۆکارەکانی پەیوەستبوون گوێزانەوەکە نامێنێت. لە ئێستا منداڵان لە دەرەوەی بازنەی فێرکاریی و پەروەردەی کلتوورین، هەر ئەوان دەبنە نەوەیەک و هۆکارێک بۆمانە و زیندووی ئەدەبی فۆلکلۆری. ((منداڵانی ئالودەبوو بە شاشە زیرەکەکان (نەوەی ئایپاد) زۆر کەم شارەزای کلتوور و کەلەپور و فۆلکلۆری نەتەوەکەیانن و فەرهەنگی زاراوە ڕەسەنەکانی زمانی دایکیان زۆر کەم و لاوازە بەبەراورد بە نەوەی کۆن و ئەو منداڵانەی دوورن لە شاشە زیرەکەکان و ئەنتەرنێتەوە)) (ڕەسوڵ، ٢٠١٦، ل١٦٢) بەرجەستەبوونی کات لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتی و هەلومەرجەی ئێستا دەتوانرێت ناچالاکی ئەدەبیاتی سەرزرای تاوتوێ بکرێت، بە واتایەکی دیکە کاتی زستانە و پێکەوە ژیان و پیشەوەری لە سەردەمی باپیرانی ئێمەدا لەگەڵ جیاوازییەکانی ژیانی ئێستادا جیاوازییەکانی ئاستی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەردەکەون، بەجۆرێک زمان و بیرکردنەوە و کلتووری قسەکردن و پێکەوەژیانیش گۆڕانی بەسەرداهاتووە، کەواتە ئەو پەرتییە کۆمەڵایەتی و ناکۆمەڵایەتی بوون دوورکەوتنەوەی پەیوەندییەکان یان پچرانی کات و سەرقاڵی ئەندامەکان و گۆڕانی ڕێڕەوی ژیان و گۆڕانی خەو ژەمەکانی خۆراک و کۆنەبوونەوەی خوان وایانکردووە گۆڕانی دیاردەی ئەدەبیاتی سەرزرای، لەگەڵ سەردەمدا گۆڕان لەخۆیدا دروست بکات. دەکرێت بڵێین لە ناو ئەو کاتە فیزیکییەدا ئاستی زیندوویەتی و ناچالاکی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر لەسەر ئەو شێوە ژیانە بەندە، کە سەردەم بۆ سەردەمێکی دیکە فۆرمی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بیرکردنەوە و کەرەسەکانی دەگۆڕێت. بۆیە ئاساییە ئێستا ئەو مەترسی پاشە کشەیەی ئەدەبی فۆلکلۆری هەستپێکراو بێت. تا ئاستی کزی و پاشەکشەی بێ بەهایی نەوەکانی ئێستا بەرامبەر ئەو ناسنامە هزرییە.

**فۆلکلۆری ئەدەبی کوردی لە گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا**

**- گۆڕانکاری لە کاریگەریی ژینگەی کۆمەڵایەتیدا**

لە نێو سەدەی ڕابردوودا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی گەرموگوڕی ئەوتۆی هەبوو، تا کردەی زیندوویی و چالاکی ئەدەبی فۆلکلۆری بەردەوامی هەبێت، چونکە هەبوونی پەیوەندییەکان و نەبوونی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیا وایکردبوو ئەو پەیوەندییە گەرمگوڕە ئاراستەی بیکردنەوە و کاتبەسەربردن لە ئەزموونکردن و گێڕانەوە و هزراندن فۆرمێکی گشتی وەربگرێت، بە جۆرێک بەردەوام ئەو بزاوتە کلتوورییە سەرزارییە بەردەوامی پێ بدات و گۆڕانکاریش بە دوای خۆیدا وەک میکانیزمی زیندوویەتی تەکان بدات. لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانکارییەکانی قۆناغی مۆدێرنی سەدەی ڕابردوو، وردەوردە و ڕۆژبە دوای ڕۆژ چێژ و زەروڕەتی زمان و کلتوور جێی پێ لەق دەبێت. کۆی ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەی لە ژێر چەمک و هەژموونی جیاوازەوە دێن سیما و خەسڵەتی ئەو ئەدەبیاتە سەر زارییە ڕادەماڵێت، لە ناو کردەی کاتدا لە جوڵە دەکەوێت، چونکە ئەو دابەشبوونە چینایەتییەی کە پێشتر هەبوو شتێکی هاوبەش لەو ئەدەبیاتە سەرزارییە کۆی دەکردنەوە، لێ ئەو ئەدەبیاتە سەرزارییە جوڵە و ئاراستەی هاوبەش و گوێزانەوەی هەبوو، هەروەها پێشوازی لێ کراوبوو. بۆ نموونە ژیانی کۆچەری کوردی لە کوێستان و گەرمێندا بەهۆی هاتوچۆکردنیان زۆر داب و نەریت و ئەدەبی فۆلکلۆری ئەوان بە تایبەتی گۆرانی، ڕۆڵی لە پەرەسەندنی ناوەڕۆک و بابەتی حەیران و لاوکدا هەبوو. لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەدا ڕەوەندەکان گەشت و گەڕانی کوێستانەکانیان دەکرد، زۆر بەرهەمی هونەری و ئەدەبی لەو پەیوەندییە کلتوورییەدا لە دایک دەبوو. ((لەو سەرەوە کە بەهار لە هیچ شوێنێک نەدەما، ئەوانیش دەستیان بە گەڕانەوە دەکرد، لەم جێگۆزی و هەوار گواستنەوەیەدا داونەریت و هونەرەکانیشیان جێگۆزی دەکرد، و شەقڵ و مۆرکی خۆیان بەسەر خەڵکی ناوچەکە و ڕێپێڵگەکانەوە بەجێ دەهێشت)) (مەخمووری، ٢٠٠١، ل٩)، لە شوێنی چیا و دۆڵەکانی نزیک و کوێستانەکانی سەر سنوور دەمانەوە. لە ئێستادا بەهۆی گۆڕانی جەمسەری پەوەندییەکان و گۆڕانی ژینگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانی ڕێگاو بان و پاوانکردنی زەویوزار، لە زۆر لایەنەوە ئەو کاریگەرییە وەک ئاڕاستەیەکی گشتی لاوازە و نەماوە. سەرەڕای ئەوەش بەشێک لەو دابەشبوونە چینایەتییە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە شێوازی ژیانکردنی گشتیدا نابینرێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

یەکێک لە لایەنانەکانی دیکە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی ئایینی لە کوردستادا، وایکردووە ئەدەبی فۆلکلۆری دەوڵەمەند بێت، ئەو جۆرە پێکەوە ژیانە لە ئەدەبی فۆلکلۆری ڕەنگبداتەوە، بەتایبەتی جوەکانی کوردستان لە ناو فرە خێڵی و ناوچەی جۆراوجۆری کوردستان و هاوپیشە لەگەڵ خەڵکی کوردستان پێکەوەژیان، وایان کردووە لە ئاستی هونەری و ئەدەبیاتی نووسراودا، ئەدەبیابی فۆلکلۆر لەو پەپەیوەندییە ڕەنگ بداتەوە، بەتایبەتی لە ئیدیەم و پەند و گۆرانی فۆلکلۆریدا زۆر دووپات دەبێتەوە. خەسڵەتی جوەکانی کوردستان و پیشەوە بیرکردنەوەیان لە ڕێی ئەدەبیاتی سەرزارییەوە دەرکەتووە، بە جۆرێک دەکرێت ئێستا بەهۆی ئەو ئەدەبیاتە سەرزارییە ژیانی ئەوان و پێکەوە ژیان لە کوردستان بناسرێتتەوە، بەڵام ئەو ناوەرۆکەی کە پەیوەندی بە ژیانی جووەکانەوە هەیە، لە ئێستادا وەک دیوێکی مێژووییە، نەک ڕاستەوخۆ وابەستە بێت بە ژیانی واقیعی ئێستا بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە مانای ئەوەنییە کەهەرچی وەک دیاردەی مێژووی بەرچاوبوو لەگەڵ ڕۆیشتنی دیاردەکە و تێپەڕینی قۆناغی مێژووی، ئیتر کەرەسەکان و ئەدەبیاتی فۆلکلۆرییەکەش ونبێت، بۆ نموونە دەڵێن (هەیی بە، کوڕی جی بە، جوو پێنج لیرە دەدات منداڵەکەی لە کۆڵانان نەخەوێت) (ڕەسوڵ، ٢٠١٦، ل١٧٧-١٨١)، بەپێچەوانەوە هەندێک لەو پەندانە لە ڕووی بەکارهێنانەوە پەیوەندییان بەو تێگەیشتنەوە هەیە، پێویستە کەم تا زۆر ئاگاداری ژیان داب و نەریتی جووەکان بیت، هاوکاتی ئەو نەشارەزایی بوونەش وا دەکات ئەو دەربڕینە سەرزارییە بواری بەکارهێنانی کەمتر بێتەوە، وەک لەهەندێک پەند و ئیدیۆمدا دەردەکەوێت (جی ئەگەر موحتاج بوو، دێ ل قەردێن کەڤن گەڕێت - پیاو ئەگەر مەجبوور بوو بە جوو دەڵێت بەڕدێنی موبارەکت - جوو کە ڕۆیشت، لە دووی مەچوو، فەلە کە غەزری وێی ڕامەچوو - لە ماڵی جووی نانی بخۆ، لە ماڵێ دیانی بمێنەوە)، کۆمەڵێک دەستەواژە چەمکی ئاینی تایبەت بەجووەکان هەن زیاتر ئەگەر واتایان بەرجەستەنەبێت لەهزری گوێگر و بەکارهێنانیاندا، ئەوا ناتوانرێت وەک چالاکی بەکارهێنان خۆ دووپات بکاتەوە، چونکە ((پەیوەستیی جووەکان بە داب و نەریتی ئاینی خۆیان، وەك (ڕۆژی شەممە، چلەشۆر، کەپرەشینە)، لە پەندی کوردیدا دەرکەتووە. وێڕای ناساندنی باوەڕی ئاینی جووەکان، بۆ هەڵوێستی جۆراوجۆری ژیانی خەڵکیش وەك ئاماژە بەکاردێن)) (هەمان سەرچاوە، ل١٨٢)، هەروەک دەڵێن (وەک جوولەکە شەمووی بۆ دەگرم، وەک جوولەکە چلەشۆرەی بۆ دەکەم... یان لە گۆرانی فۆلکلۆریدا هاتووە:

هاتن، هاتن دووبەدوو

کەڵەگەت و خاڵ لە ڕوو

لەبەر خەوفی خودا نەبی

وەك جوو بۆی ئەگرم شەموو (مەجید، ل٢٦).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەو بەکارهێنانانە لە ڕیردوودا چالاکتر و ناسراو بوو، بەتایبەتی تا نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو و چەند ساڵێک دوای ڕاگواستنی جووەکان بۆ ئیسرائیل، ناسین و خەسڵەتی ئەوان و بەکارهێنانیان لە ئەدەبی فۆلکلۆری ئاسایی بووە، بە پێچەوانەوە ئاساییە ئێستا بەهۆکاری ناوبراو ئەو بەکارهێنانانە کەم بێتەوە.

ماوەی نیو سەدەی ڕابروودا لە ناو جوگرافییایەکی دیاریکراوی گوندێک، جوگرافیای پێکهاتەی خێزانی هاوبەش و پێکبەستراو هەبوو. لە کارکردندا هەرەوەزی و هاوبەشیان هەبوو، هەروەها هاوبەشی زەوی و زار و خزمایەتی و پێکەو ژیان وهاموشۆ و بەشداری ڕێوڕەسمە نەریتەکانی یەکتریان دەکرد، ئەمەش کاریگەریی لەسەر کەمبوونی جیاوازییەکان و ئاڕاستەی هزرینی هاوبەش و کلتووری هاوبەش هەبووە. لە هەردوو باری ئەرێنی و نەرێنیدا، یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی پەیوەندی توندوتۆڵی نێوانیان دەبووە زادەی خەیاڵ، بەچەندین شێوە ژیانی ئەوان ئەدەبیاتی لێیەوە بەرهەم دەهات. ((مرۆڤ نکارە فۆلکلۆرێ وەک چەند بەرهەمێن هونەری بحەسبینە فۆلکلۆر سەربۆریا جفاتەکێ یا دیرۆکی، جفاکی و هونەری و پێشکەوتنا وێ زمانێ جفاتێ نیشا ددە، هەموو ئەڤ یەکان دناڤ فۆلکلۆرێ دە هاتنە هۆناندن، رستن، د دواییێ دە دەڤینەکا چاندنی پێک ئانینە، بوونە چاڤکانییێن پۆتانسییەک)) (ڕۆهات، ٢٠٠٦، ل١) ئێستا ئەو ڕووداو و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە بوونە بە نستالژیای تاک و کۆمەڵگا، بەتایبەتی لە کۆچکردن بۆ شارەکان و گۆڕانکاری لە ژیانی گوند و پەیوەندییەکانیان، ئەو ئەدەبیاتە سەرزارییە بەردەوام لە ناچالاکی و پاشەکشە دایە. بەهۆی بەکارنەهێنان، ئاستی بەکارهێنانی کەمبۆتەوە و پێ دەچێت ئەوەی کە ماویشە لە بیست ساڵی داهاتوو وەک بوونەوەرێکی زیندوو، ئەگەر یاداشت نەکرێت لە ناو بچێت. چونکە یاداشتکردن و دەستاودەستکردن لەناو ئەدەبیاتدا گرنگە. دەکرێت لە داهاتوودا هەماهەنگ لەگەڵ تەکنەلۆژیا و شێوازەکانی دیکەی داهێنان بکرێنە مۆدێک بۆ گوزارشتکردن لە کلتووری نەتەوەیەک.

**- جیهانبینی ئەدەبیاتی زارەکیی بۆ ئەدەبی نووسراو:**

ئەدەبیاتی فۆلکلۆر بەشێک بووە لە کلتووری ڕۆژانەی ژیانی خەڵکی شار و گوندەکان. بۆیە مانەوە و زیندویەتیشی بەردەوام بووە. تا هاتنی ڕادیۆ، گوێگرتن لە کۆڕ و مەجلسیی ئەدەبی فۆلکلۆری لە شارەکانیشدا هەبووە، بەڵام دواتر وورده ورده گوندەکانیشی گرتەوە (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٠٩، ل١٦) تا پەنجایەکانیش لە سلێمانی شەوانە لە قاوەخانەکانی شاری سلێمانی حیکایەتخوان لە ڕێوڕەسمی میللی تایبەتدا حیکایەت بۆ ئامادەبووان خوێندراوەتەوە، وەک زنجیرەی تەلەفزیۆنی لە شوێنی هەستیار و پەرۆشبوونی ڕووداو بۆ شەوی داهاتوو دەستیان لێ هەڵدەگرت (حەسەن، ٢٠١٠، ل٢٢-٢٣) پەیدابوونی گرامافۆن لە قاوەخانی شار و دیوەخانی ئاغا جێی بە خۆشخوانان لەق کرد، بۆ



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دواتر گۆشەی مزگەوت و زەماوەند و شایی دێهاتییان بەدەستەوەما، یان کەسابەتی دیکەیان گرتە دەست. (ئۆسکارمان،٢٠١١، ل١٢)، کەواتە شایەری و حیکایەتخوانی پیشە بووە. ئێستا نەهەلومەرجی کات و نەهەلومەرجی شوێن و نەحەوسڵەی جاران نەماوە، خەڵکی سەرقاڵی و شوێنگرەوەی چێژی دیکەی یارییە ئەلیکترۆنییەکان و ماس مێدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن، ئیتر ئاسان نییە گەلەکۆمەکییەکی دیکە ببێتە زادەی بیر و زمان، بەڵکوو ئەو تۆزە زیندوییەتییە ڕۆژ بە ڕۆژ لە پاشەکشە دایە. تەلەفزیۆن نموونەی شوێنگرەوەی حیکایەتخوان و کۆڕی خانەخوێیە، ((سەتەلایت کرانەوەیەکی زۆری بۆ ئێمە هێنا، لە دوای هاتنی سەتەلایتەوە پەیوەندییەکانی ناو ماڵی گۆڕی، پەیوەندییە گەرمەکان گۆڕان بۆ پەیوەندی سارد، پەیوەندی ڕاستەوخۆ بوون بە پەیوەندی ناو میدیا)) (ڕەشید، ٢٠١٦، ل٦٦).

ئێستا پرسی ئەدەبی فۆلکلۆری وەک نستالژیاییەک زیاتر ماوەتە، نەک وەک بەها و زیندوویەتی و بەردەوامی هەبێت. لە ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکانی ئێستادا کەمدووی لە ناو خێزان و ژووری تەنها و کاتی تەنها و یاری تەنها، بازنەی ژیانی ڕۆژانەیە، بۆیە ئەوەی پێشترهەبووە بەشێکە لە یادەوەرییان، ئەوەی کە ماویشە تەنها بەهۆی ئەو بیرەوەرییانەوەیە، ئێستای خۆیان بەو ڕۆژانە جۆش دەدەن، ئەگەر چاوێک بەو پێشەکی نووسەرانی کۆکەرەوەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆردا بخشێنین وەک هەوڵی تاکەکەسی ورد، هەست بەو بەرپرسیارییەتییە دەکەین، خەمخۆرانی ئەو بوارە بەهۆی پەیوەندییان بە ژیانی ڕابردوو دنەی ئەو کارەیان دەدات: (( لەبیرا منە دەمێ ئەم زارۆک، هندەک جاران ل جێهەکێ و پشتی یاریکرنا درێژ، یان د شەڤبرێن زڤستاناندە، ل دۆر ئاگری یان هاڤینان پشتی شیڤێ ل سەربانێ مالەکێ، ئەم چەند هەڤالەک لێک خردبوون و هەر ئێک ژمە ب دور، دەستەواژەیەکا لێک ئینایییا ژ بەرکری وەک پسیار ڕابەری کۆما هەڤالان دکر، و ل هێڤییا هندێ دما، کا کێ د ب سەر وێ مەرەم مەخسەدا دناڤڕا ڤەشارتی هلبت))( شاهین، ٢٠١١، ل٧). ئەوەی ئێستا تۆمار نەکراوە بە نەبوو هەژمار دەکرێت، چونکە لەسەردەمەدا ئەو نەوەیە بە هۆکاری گۆڕانکارییەکان و سەردەمی جیاواز ئەو نەوەیە، توانی گواستنەوەی ئەو ئەدەبیاتە سەرزارییەی نییە. بۆیە ئەو قۆناغەی ئێستامان زۆر هەستیارە، دوا دەرفەتە لەو بیست سی ساڵەی داهاتوودا بتوانرێت ئەوەی ماوە تۆمار بکرێت، چونکە کورد زیاتر پشت بە گێڕانەوە و وتن دەبەستێت. ناتوانێت بێ نووسینەوە و جارێکی دیکە لەشێوەی بەرهەمهێنانەوەی هونەری بیناسێنێتەوە.

ئەگەر هۆکارێکی سەرەکی تا ئێستاش بەردەوامی داوەبە ماناوەی زارەکییەکە، زیاتر جیهانبینی زارەکییەتی ڕووبەرێکی فراوانی ژیانی کوردی گرتووە، بەپێچەوانەی ئەوەوە کورد لە قۆناغە جیاوازەکان کەمتر سوودی لە سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیای نووسین



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

وەرگرتووە، لە گەشەکردنی زمان و چاند و شوناسیدا لەپاڵ هۆکارەکانی دیکەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئایینی و فەرهەنگی و جوگرافی ئەو دەرەفەت قۆستنەوەی کەمتر بووە، کە لەبەرامبەردا جیهانبینی نووسەریەتی خاوەن تایبەتمەند گەلێکی جیاوازە ئامادەییەکی لاوازە (سەجادی، ٢٠١٠، ل٥)، کەوایە ئەگەر جیهانبینییەکی زارەکی پێشتر ئامادەبووبێت، ئەوا لە ئێستادا ئەوەشیان نائامادەیە، بۆیە بە هەردوو باردا ئائامادەیی جیهانبینی نووسراو و زارەکیش پێکەوە ئەو بەها کلتوورییە لەدەست دەدەن.

لە شاکار و بەرهەمی ئەدەبیی جیهانیدا بەپشت بەستن بە چەشنەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری و چەشنی ئەفسانە وایکردووە ئاستی داهێنان بەرز ببێتەوە. شاکارە ئەدەبییەکانی جیهان سوودیان لە هی خۆیان و خەڵکی دیکەش وەرگرتووە، بە بەهاو بایەخەوە دەڕوانتە ئەو میراتە نەتەوەییە گرنگە. ڕۆشنبیرانی کورد هەر لە زووەوە وەک خانی و حاجی قادر دەرکیان بەو بەها و گەوهەرە کردووە، بۆیە وەک بەشێک لە میراتی کلتووری و نەتەوەییان هەژمار کردووە، لە پال ئەو دەرکپێکردنەشدا، ڕێڕەوی ئەو بەردەوامییەی ڕۆشنبیری کوردی وەک ئاستی داهێنانی ئەدەبی لەپشت بەستن بەزیندووییەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر ئاستێکی لاوازە (حەسەن، ٢٠٠٦، ل٩-١٢) ئەو زیندووییەتییەی کە نەتوانرا بنوسرێتەوە و یان نەهێتە نووسین و دەقاوێزانی شاکاری ئەدەبی نەبێت، ئەمە بەرهەم و بەهایەکی لەدەستچووە.

تۆمارکردن زۆر گرنگە لە وتنەوە، ببێتەوە بە نووسین، چونکە هەندێک لەو ئەفسانانەی وێڕای ئەوەی لەگەڵ زانست تەبان دێنەوە، ئێستا لە پەیوەندییەکانی ئەفسانە و زانستدا تاوتوێ دەکرێت، لە دیوێکی دیکەشدا هەندێک لەو ئەفسانانەی کە باس دەکرێن حەقیقەتی مێژووی و سەرداوای زانستی بەدەستەوە دەدەن، سوودی هەمەلایەنەیان دەبێت، وەک ڕووداوەکانی هەندێک لە ئەفسانەکانی ئۆسکارمان کۆی کردۆتەوە و لە توحفەی موزەفەرییەدا بلاوی کردۆتەوە، لەگەڵ ڕووداوە مێژوویی و شوێنەوارییەکانی بەردەقارەمانی سلێمانی و دەربەند ڕانیە و ئەفسانەی جۆڵەندی لە باسی فەرمانڕەوایەکی کۆنی قەڵای جۆڵەندی ئاغ جەلەر یەکدەگرنەوە (یوسف، ١٩٨٥، ل٥٢-٥٥) کۆنی مرۆڤ لە کوردستان و ژیان جۆراوجۆری جوگرافیای کوردستان و ژینگە و کێشە و تێکەڵی و فرەخێڵی و هاوسێیەتی و پێکەوەژیان لەگەڵ میللەتانی دیکەدا ئەدەبیاتی فۆلکلۆریان دەوڵەمەند کردووە. لەگەڵ ئەو تایبەمەندییە زۆرە و دەوڵەمەندییەشدا سەرنجی بەشێک لە خوێندەوار و توێژەری کورد لە پەیوەندییەکانی ئەفسانە و گێڕانەوەدا بەشی پروپوچ و خورافە سەیری ئەفسانە دەکەن، وەک پێویست ئەوەی لە نەتەوەکانی دیکەدا هەیە، لە ئەدەبیات وتوێژینەوەی کوری ڕەنگی نەداوەتەوە (حەسەن، ٢٠٠٦، ل ٩-١٢).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**- گۆڕانی فەرهەنگی کەرەسەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری**

لە ئەدەبیاتی سەرزاریدا فەرهەنگی زمان تایبەتە، وشەنامەی جۆراوجۆر لە ناو ئەو فەرهەنگەدا هەیە، بەتایبەتی چەشنی پەندپێشینان، زیاتر سروشتێکی ڕوودا و یان ئامۆژگاری هەیە، بەندە بە ژینگە و سەردەمێکی دیاریکراوەوە پەیوەستن، تەنانەت ناسنامەی هەندێک لەو پەندانەش دیاریکراوە و دەگەڕێنەوە سەردەمێکی دیاریکراو. بەدیوێکی دیکەشدا کەرەسەکانی ناو پەندەکانیش هەڵگری ئەو تایبەتمەندییانەن کە لەو ژینگەیدا هەن، بۆیە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە هەردوو دیوی ماددی و ناماددی گۆڕان دروست دەکات. دەکرێت ئەو پەندانەی، کە مێژوویان دیاریکراو نییە، لە هەمانکاتیشدا کەرەسەکانیشیان لە ئێستادا نامۆن و بەکارنایێن، وەک کەرەسە ماددییەکان بەرچاونین. دەبێتە مایەی نامۆیی لە بەکارهێناندا بەتایبەتی کاتێک ئەو فەهەنگە بۆ گوێگر ئاشنا نەبێت، لەوانەیە ببێتە پرسیار بۆ واتای پەندەکە، ئەمەش پێکهاتەی پەندەکە وا دەکات ئاستی بەکارهێنانی لاوازبێت، بەهۆی گۆڕانی زمانەکە پاشەکشە دەکات. یەکێک لەو کەرەسانەی کە تێئاخنینن، زۆر دوپات دەبنەوە وەکوو جۆڕک و تورکە و جەوار و کوندە و شەربە و دیزە و و ئاخوڕ.... هتد. ((لەگەڵ هاتنەکایەی شێوازی نوێی ناوماڵ و پێداویستییەکانی وەکو تاقمی میوان و نان خواردن و ئامێرە میکانییکییەکانی ناوماڵ و تەلەفیزیۆن و پێداویستیە تەکنەلۆژیەکانی دیکە، شێوازی ژیانی تاکی کورد گۆڕانێکی کاریگەر و بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. بۆ نمونە، لە دانیشتنی لەسەر زەوی و دۆشەك و پاڵدانەوە لەسەر سەرین و پشتی، گۆڕاوە بۆ دانیشتنی لەسەر قەنەفە، لەناو خودی مۆدێلەکەشدا مۆدێلی قەنەفەی کلاسیکی بەسەرچووە و مۆدێلی نوێی قەنەفەی تورکی و فەرەنسی و تەپڵەکی هێلکەیی و شێوازی نوێی دیزاین لە نوێترین شێوەیدا بەرچاودەکەون و بەکاردێن)). (ڕەشید، ٢٠١٦، ل٦٥) بەهۆی گۆڕانی کەرەسە و شێوازی ژیانەوە، ئەو کەرەسە و ئامراز و پێویستییانە وەک وشەی فەرهەنگی ناچالاک و بۆ گوێگر نامۆیە، یەکێک لە کەرەسانەی کە لەم پەندەدا هاتوو:

ئەوەی لەمشکێ جەواڵ ئەدڕێ (خاڵ، ٢٠٠٠، ل٦٢).

بەهۆی ئەوەی جەوڵ لە ئێستادا نە کەرەسەیە نە دەبینرێت، بۆیە ئەو وشەیە نامۆیە و بەکارهێنانیش وردە وردە پاشەکشە دەکات. کاتێک ئەگەر کەسێک ئەم پەندە ببیستێ و کەرەسەکە لای ئەو نامۆ بێ، دەپرسێ و دەڵێ: جەواڵ واتای چییە؟ بۆیە بەدیوێک ئاستی بەکارهێنانی نامۆ دەبێت وردە وردە نامۆیی کەرەسەکان بە پێی کات زیاتر دەبێت، چەند هەڵوێستی بەکارهێنان زانراو بێت، و کەرەسەکانیان نامۆ نەبێت و چیرۆکەکەیان ڕوون بێت، چالاکیی دەستەواژە زمانییەکە زیاتر دەستاو دەست دەکات. ((فێربوونی کلتوور لە ڕێگای مرۆڤەکانی ترەوە دەبێت، فێرکردنیشی بەهۆی پەیوەندییە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەرامبەرەکـان لە نێوان مرۆڤەکـانـدا شـێوە دەگـرێتەوە. کلتـوور بە ڕێگـای بۆمـاوەییەوە نـاگوازرێتەوە، بەڵـکـوو بەرهەمێکـی کـۆمەڵایەتییە و لە دروسـتبوونیدا چەنـد هۆکـاری وەکـوو زانیـاری و زانسـتییانەی نـاو کۆمەڵـگـادا هەن، گۆڕانکـارییە کۆمەڵایەتییەکـان، پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان، هۆکارەکـانی پێگەیشـتنی دەسـتەجەمعی دەور دەبیـنـن)) (موحسـنی،٢٠٠١، ل١٠٤) بـۆ نمـوونە ئەو ئیـدیەم پەنـدانەی کەلەگەڵ دۆخـی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی هـارمۆنی هەیە، وەکـوو (ئەوەی حەق بڵـێ، کـڵاوی دەپەڕی) ئەو ڕووداوە چیرۆکیشـی هەیە، بەڵام بەهـۆی دۆخـی نـادادپەروەری کـۆمەڵایەتی و سیاسـی بەردەوامـی بەخـۆی دەدات. ئەگەر خەڵـکـی چیرۆکەکەشـی نەزانـن، بەهـۆی پەیوەنـدی تونـدوتۆڵی بە ڕووداوەکـان، بەردەوامـی بە خـۆی دەدات. لەبـاری تـردا لە دەرەوەی زمـان، سیاقی دەرەوەی زمـان ڕۆڵ دەبینـن. ((بێگومـان دەق لەسـەر زانینی لایەنی کۆمەڵایەتی و توخمە سـەرەکییەکانی وەک: دەنگ و مۆرفیم و وشە یاسا ڕێزمانییەکان کە فۆرم و پێکهاتەی زمانی پێکدێنن، بنیـاتنراوە، بەڵام ئەمـانە بەتەنیـا پەیـامی دەق دیـاری نـاکەن، بەڵـکـوو پەیوەنـدی نێـوان بەشـەکانی دەق و هۆکـارە نازمانییەکـانی وەک: کـات و شـوێن و کلتـوور... تـاد ڕۆڵـی سەرەکی لە گەیاندنی پەیامی دەق دەبینن)) (حەسەن و ڕەسول، ٢٠١٦، ل٣٤).

بەشـێک لەو زانیارییـانەی کە دەگـوازێتەوە بەهـۆی ژینـگەی تـایبەت و ئەزمـوونی ئەوانـی پێشـترە. وەک زانیـاریی سروشـت و گـژو گیـا و باڵنـدە و خەسـڵەتی ژینگە....هتـد دەستاودەستی دەکرد بەشێکی ئەو زانیارییانە لە ڕێی گفتوگۆوە بوون، بەڵام زانیارییەکـان ئەگەر چالاک نەبوون، ئەو بابەتە نامۆدەبێت وەکو دەڵێن:

کوندێرە بەشەو ماندی، بەڕۆژ شێرە (دەشتەکی، ل١٠٨)

زستان سەپانە، هاوین تێلە کێش ( دەشتەکی، ل٢٣)

ئاش بە چەقەنە و مەسۆیی بە چەنە (خاڵ، ٢٠٠٠، ل١٧)

**- خاسیەتی گوێزانەوە لە بنیادی گێڕانەوەدا:**

یەکێک لە خاسییەتەکانی فۆلکلۆری ئەدەبی گێـڕانەوەیە، گێـڕانەوە بەهەردوو بـاری هەلـومەرجی دەرەوەی تێکسـت و گێـڕانەوەی نـاوەی تێکسـت، گێـڕانەوەی دەرەوە واتە هەلومەرجی گوێگر و قسەکەر هەماهەنگن لەگەڵ ڕووداو و دەربڕینی کەرەسە ئەدەبییە فۆلکلـۆرییەکە. مەتەڵ و پەنـد وەک تەرزێکـی ئەدەبـی فۆلکلـۆری تـوخمی گێڕانەوەیـان تێـدا زاڵ نیـیە، بەڵام فەزای دەورووبەر و کۆنتێکسـتەکەی فەزای گێـڕانەوەییە، واتە ئامـادەبووان و گـوێگران دەبـنە فەزای گێـڕانەوەوە، لە دەرەوەی تێکسـتەوە دەچێـتەوە نـاو تێکسـت، بـۆ نمـوونە وتنـی پەنـد و مەتەڵهەڵێنـان گـوێگر و بەشـداربووان بە خاسـیەتی گێـڕانەوە و گفتوگـۆ بەشـداریی بڕیـار و هەڵێنـانی پەنـد و مەتەڵەکە دەکەن. تەنانەت



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

زۆرجار جێناوەکانی کەسی گوێگر و ئامادەبووانیش بەشار دەبن (شتێکە هی خۆتە خەڵک بەکاری دەهێنێ - سەوزە لە بازاڕ سوورە بۆ دایکت - باوکی کوڕی مامت چ کوڕی باوکتە) یان بەجێناوی نادیار باسی دەکات، خۆی قسەکەرە و گوێگریش دەدوێنێت. یان لە پەندا هاتووە: (چی بچێنی ئەو دەدوریتەوە،) دەکرێت پەندی (دەستێک کە نەتوانم بیبڕم ماچی دەکەم) دەکرێ بەجێنای کەسی دووەم و کەسی سێیەمیش بوترێ، کە لەگەڵ هەڵوێست و ڕووداو بگۆڕێت، بۆیە ئەو بارەی کە گێڕانەوە تێیدا ڕوودەدات، ئەو دانیشتن و پەیوەندیی ڕووداو و هەڵوێستەکان وادەکەن گێڕانەوە لە ئەدەبی فۆلکلۆریدا ئامادەیی هەبێت، وەکوو حیکایەت و پەند و گۆرانی و بەیت و داستان... بەدیوێکی دیکەش هەموو چەشنەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری تایبەتمەندی گێڕانەوەیان تێدا هەیە، چونکە چەشنەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری بەگشتی لە ڕوودا و پەند وەرگیراون، توخمی گێڕانە لە زمان و کەرەسەکانیدا ئامادەییان هەیە.

ئەو گێڕانەوەی کە لە هەردوو دیوی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ناوەی تێکستە فۆلکلۆرییەکان و توخمە پێکهێنەرەکانی دەرەوەی تێکست ئامادەییان هەیە، لە هاو پەیوەندی دروستبوونی ڕووداوەکانی سەردەمی ئێستا ئەو ئەدەبیاتە سەرزارییە وەک جاران دروست نابێت، چونکە نەفەزای دەرەوەی تێکست و نەفەزای ناوەی تێکست لەم سەردەمەدا ئامادەییەکی ئەوتۆی نییە. بەهۆی ئەو هۆکارانەی کە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەون، چالاکییەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری ئەو زیندوویەتییەی نامێنێت، چونکە کۆنتێکستی ئەدەبی فۆلکلۆری هەبوونی دانیشتن و پەیوەندییە گەرمەکانە، لایەکی دیکەشەوە هۆکاری بوونە ئەدەبی فۆلکلۆری لێکەوتی ڕووداوەکان و ئەزموونی ژیانی کۆمەڵایەتی وەک دیاردەیەکی کلتووری ڕۆڵی لە دایکبوونی ئەدەبیاتی سەرزارییان هەیە. ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت، پێچەوانەی ژیان و بەسەربردنی کاتەکانی ڕابردوون. ژیانی دیجتاڵی و سەرقاڵی پچڕانی پەیوەندییەکان وایان کردووە، جگە لە هەندێ زاراوەی تایبەتی کۆمەڵایەتی و ئیدیۆم چەشنێکی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری بەو جۆرەی ژیانی ڕابردووی کوردەواری، نە لەدایک دەبێت و نە زیندوو و چالاکیش هەبێت. یەکێک لەو پەندانەی کە چیرۆک و ڕووداوی هەیە و کەسی گێڕەوە ئەگەر ڕووداوەکەی نەزانێت ناتوانێ بیگێڕێتەوە، بۆیە ئەو پەندە پێویستی بە گێڕانەوە هەیە، تا زیندوویەتی خۆ بمێنێت، بۆ نموونە لە چیرۆکی ئەو خوشک و برایەک تەڕدەبن و لە کاتی خۆوشککردنەوە، کچەکە لە بەرخۆی دەڵێ (نە ئاگر و نە دوو هیچی نابێ بەشوو)، هاوکاتی ئەوە، براکەی تووڕە دەبێت. کچەکە بە برایەکەی دەڵێ (من دەمتوانی دەرپێکەم وشکبکەمەوە، ئەگەر لای مێردم بام، شەرمم نەدەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا بە براکەی دەڵێ (خۆشە ئاگر خۆشە دوو، برا خاسە نەوەک شوو)(خاڵ،٢٠٠٠، ل٤٠٤).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**- دیاردەی گۆڕانی بەها کۆمەڵایەتی و پاشەکشەی تێگەیشتنە کلتوورییەکان:**

ئەوەی لە ئەدەبیاتی سەرزاریدا دەگوزرێت بەشێکە لەو شێوەبیرکردنەوە و میراتی نەستی کۆ (لاشعور جەمعی)یەی لە ڕابردوودا بەرامبەر دیاردەکان و بەهاکان لە ئارادابوون، واقیعی ژیانی خەڵکەکە دەخەنەڕوو، بۆیە ناکرێت ئەو تێگەیشتنانە چەق بەستوو بن و گۆڕانیان بەسەر دانەیێت، بۆ نموو یەکێک لەو کایانەی گۆڕانی بەسەر داهاتووە، پێگە و بەهای ئافرەتە لە کۆمەڵگادا، بە تایبەتی بزوتنەوەی ژنان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کردەی بەجیهانی بوون ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە مامەڵەکردن لە تێگەیشتن و پرسی ئافرەت هەیە، بەتایبەتی ئێستا لە بەرامبەر ئەو شەپۆلە بەربڵاوەی ڕاگەیاندن و کاری ڕێخراوەیی دامەزراوەی سیاسیی کارگێڕی و مەعریفییەکان، ناتوانن بەشێک لەو تێگەیشتنە کلتوورییە پەسەند بکەن کە بە دیوێکی نەرێنی لە پایەی ئافرەتیان ڕوانیوە. دیوێکی دیکەی وەلانانی کلتوور برتییە لە مۆد و تێگەیشتنە جیاوازە، ئەو تێگەیشتنەش ئاوەژوو دەکاتەوە، کە ڕوانینێکی سلبی بۆ ئافرەت باس بکرێت. بەواتایەکی تر یەکێک لەو لایەنە ئەرێنییانەی سیتەمی جیهانی و بەجهانیبوو پرسی ئافرەتە بەتایبەتی وەک ماف و ئەرکیان کەم تا زۆر گۆڕانکاریی ڕوویداوە، بۆیە لە کردەی کاتدا ڕێزی ئافرەت بوو بە پرسێک بەشێک لەو بەرهەمە کلتوورییەی یان ئەدەبییە سەرزارییەش گۆڕانی بەسەرداهات کە چیتر وەکوو تێگەیشتنی دوێنێ ناگوازرێتەوە و بەکارهێنانیش بەنەگی هەژمار دەکرێت. بەکەم سەیرکردنی ئافرەت لە چەشنە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆردا هەیە، وەکوو حیکایەت و پەند ئەفسانە و ئافرەت وەکو جادوکەر و فێڵباز هەیە. ((پەندەکان دوو جەمسەرن جەمسەرێکیان ئەرێنیەی و لە بەرژەوەندی ژندا وتراون و ئەرک و کار و ڕەوشتیان و هەڵسوکەوتی ژنیان بەرز نخراندووە و جیاوازییان لەگەڵ پیاودا پێ نەکردووە و وەکو مرۆڤێکی بە توانا ستایشیان کردووە، جەمسەرەکەی تر وەکو دروستکراوی نامۆ و سەیر مامەڵەیان لەگەڵ ژندا کردووە و پەراوێزیان کردوون، وەک ئەوەی تەنیا سەرچاوەیەک بن بۆ خۆشی و ڕابواردن، کەسایەتییەکی لاوەکیان لە ژیاندا هەبێت، بەڵام جەمسەرە ئەرێنیەکە فراوانترە لە نەرێیەکە)) (سابیر، ٢٠١٠، ل٥٧)، بۆ نموونە لەو چەند پەندەی خوارەوەدا دیوە نەرێنییەکەی کەسایەتی ژن باسی لێوە کراوە:

ژن عەقڵی لە کۆشە هەستا لێی دەکوی

دارێک لەسر سەگ یەکیان لەسەر ئافرەت

ژنی جوان بزنە خوا

بەختی تیژە نۆبەرەی کیژە (جەمال، ٢٠٠٨، ل٣٤.).

جاران بە هۆی ژیانی تایبەتی خەڵک، نێرینە لە کلتووری کوردیدا بۆ کارکردن و میراتگری و خاوەن پلە پایەی خێڵ و هەڵگری ناوی باوان بە ئەرزش بوو. هەمیشە وەک

نزاخواستن چەند دەستەواژەیەكیان بەكاردەهێنان وەكوو (بەداكی كوڕان بی، بەختیی هەیە و بەس كوڕان دینی، نۆبەری كوڕە...)، بەڵام ئێستا بەهۆی گۆڕانكاری زۆر شت پێچەوانەیە، (وەك یەك كچ هەزار كوڕدێنی، خۆزییە بەس كچم هەبان، سەد كوڕ بە قورانی كچەكی بی، كیژ لۆمارە باوا باشترن...).

**- پاشەكشەی بەكارهێنان بەهۆی تابۆە:**

لە ڕابردوودا هەندێك لە وشە و پەند و جوێن بەهۆی كرانەوە و بەرفروانبوونی بازنەی كۆمەڵایەتی و هەلومەرجی ژینگەیی و دڵسافی خەڵكەكە بووە، زۆر جار كەرەسەی وەك مەتەڵ و پەند و قسەی نەستەق جۆراوجۆر و دوور لە سانسۆر و ئەتەكێت، قافی قسە قسەكردنی هەبووبا، ئەو وشە تابۆیانە بۆ هەڵوێستی قسەكردن بەتایبەتی لە چوارچێوەی پەند قسەی نەستەق و مەتەڵ و گۆرانی دەوتران.دەوتران، بۆیە بەشێك لەو ئەتەكێتە تایبەتانەی ئێستا هەن، لە شوێنی فەرمی و نافەرمی خۆیان لەو دەربڕین و ئەدەبیاتە بەدوور دەرگرن. بەهۆی مۆدە كۆمەڵایەتییەكانەوە هەموو قسەیەك ناكرێت، یان بۆ چوونە ژێرباری كەسانی ڕۆشنبیر و ئەوانەی كە خودان ئەتەكێتن، وەك بەشێك لەو شەپۆلە لاسایكردنەوە یان گۆڕانی ئاستی هۆشیاری خەڵك، بۆ ڕووێكی مەدەنی، وایكردووە كەرەسە و چەشنەكانی ئەدەبی فۆلكلۆری هەموویان ڕووی مەجلیان نەبێت و شیاوی گوتن نەبن وەكوو:

ئاش بمیزێ، لە حیزی ئاشەوانییە (خاڵ، ٢٠٠٠، ل١٧)

نامگۆڕێتەوە بە ئێستر، نایگۆڕمەوە بەكەر (خاڵ،٢٠٠٠، ل٦٢)

كەر بە جۆ بمری، شەهیدە (خاڵ،٢٠٠٠، ل٣٠٠)

كەرە كۆڵ تری، نانی خۆی بڕی (خاڵ،٢٠٠٠، ل٣٠٤).

زۆر جار لە چوارچێوەی گاڵتەجاڕی و قسەی نەستەقدا یان پرسیاری مەتەڵەكان، لە ناوبردنی كەرەسەكاندا بەدەربڕینێكی ئیرۆتیكیانە دەردەبڕدران، كە لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە ڕاستەخۆ نەدەوتران، ئێستا هەروەك باسمانكرد بەهۆی گۆڕانی كۆمەڵایەتی و ئەتكێتی جۆراوجۆر و مۆدە كۆمەڵایەتییەكان ئەو دەبڕینە سەرزارییە ئەدەبیانە پاشەكشە دەكەن. وەك لەم چەند مەتەڵەدا دەردەكەوێت، ئاماژە بەدەستاڕ دەكات دەیبەستێتەوە بە بارێكی سێكسی:

تەپ لەسەر تەپی، دەستت لە ڕەپی - چوومە دەشتێ ژێر، مێم دیت لەسەر نێری (ئەبوبەكر، ٢٠٠٥، ل٥٣١)

پانكێ لەسەر پانكێ، دەستت بە لكێ - سندریكا ل سەر سندریكێ، كلیل ل دەستێ بیكێ- چوومە ئۆدا ژێری، من دیت ژنا سەر مێری (ئاكرەیی، ٢٠١١، ل١٠٨).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

**نەنگی و پاشەکشەی بەکارهێنان:**

دیاردەی نەنگی بەشێکە لەو گۆڕانە کلتوورییەی زیانێکی گەورەی لە بەکارهێنان و لە ناوچوونی ئەدەبی فۆلکلۆری داوە، بەجۆرێک ڕیشەی ئەو گۆڕانکارییە هەر لە زووە هەستی پێ دەکرێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت. ئەگەر چاوێک بە بەشێک لەو پێشەکی و پێشباسە کتێب ونووسراوی تایبەت بە ئەدەبیاتی سەرزاری سی چل ساڵی ڕابردوودا بگێڕین، زۆر بە ڕوونی لەو ساڵانەدا زیاتر درک بە هەوڵی کۆکردنەوە و نووسینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کراوە، بەتایبەتی لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانە خێراییانەی کە ڕوویانداوە، دەرکپێکردنەکە زیاترە، لەگەڵ ئەوەشدا نیگەرانی دەرکپێکردنەکەش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی ڕوودەدەن مەترسی و پاشکشەی ئەدەبیات سەرزاری زیاتر کردووە. بۆ نموونە لە یەکێک لە پێشەکی کتێبە کۆکراوەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لە جیهانگەرایی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی ڕوویانداوە نووسەر دەڵێ: ((لە کۆتاییدا ئەڵێم: ئەی خوێنەری بەڕێزی دڵفراوان، بزەی گاڵتەپێکردن نەتگرێ و مەڵێ " چۆن لە سەدەی چوونە ئەستێرەکاندا تازە باسی دێو و درنجمان بۆ ئەگێڕێتەوە..." چونکە لەوە دڵنیام لە ناو گەلاندا نەبوایە ئێستا نەئەتوانرا نهێنی ئاسمان و گەردوون ئاشکرا بکرێت...هەر ئەو چیرۆکانەشن کە مردنیان بۆ نییە و لە هەموو بەرهەمێکی تر پتر بەرگەی کۆسپی ئەم گەردوونە نەگرن! )) (تەقی، ٢٠٠٦، ل٨)ئەو هۆشیارییەی کە لای کەسانی تویژەر و پەرۆشن بە کۆکردنەوە و پاراستنی ئەدەبی فۆلکلۆری زووتر دەرک بەو کاریگەریی هۆشیارییە کراوە، کە لە بەرامبەر شەپۆلێکی گۆڕانکاری، مەترسییەکان خێراتردەبن، بۆیە ئەوەی ئێستا بەرچاوە هەستی پێ دەکرێت، لەناو هیچ یەکێک لەو کایە و بەرنامەی کاری حکوومەت و بەرنامەی مێدیایی، بەها و بایەخێکی ئەوتۆ بەو ئەدەبیات و کلتوورە نادرێت، تا ببێتە مۆدێک، یان بەلایەنی کەم بەکارهێنانی وەک شوناس و مۆرکێکی نەتەوەیی هەژماربکرێت. لە ئێستادا توێژنەوەی ئەکادیمی لە ناوەندە ئەکادمییەکان ئاڕاستەی قوتابییان بۆ ئەو بابەتانەی ئەدەبی فۆلکلۆری زۆر دەگمەنە، لە کاتێکدا دەیان تیۆر و خوێندنەوەی ڕەخنەیی جۆراوجۆر لەسەر ئەدەبی فۆلکلۆری هەیە، سەرەداوی لەگەڵ دەیان بابەتی زانستی دیکەدا هەیە و دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت.

**ئەنجام:**

- جیهانگەرایی و پرۆسەی بەجیهانی بوون کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر گۆڕانکاریی کلتووری هەیە، ئەو کلتوورە هاوبەشەی کە بەهۆی جهانگەرایی ڕوودەدات سیمای کلتووری گەلان کاڵ دەکات، ئەدەبیاتی فۆلکلۆریی کوردیش لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییە کلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی هەن، پاشەکشەی کردووە و کزبووە.

- کۆمەڵگای کوردی لە کزبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هۆکارەکانی بەسەربردنی کات لەگەڵ تەلەفزیۆن و ئەنتەنێت و کاریگەرییان لە کزبوونی ئەدەبی فۆلکلۆری هەیە، بەتایبەتی نەوەی ئێستا بەهۆی ئەو کات و سەردەم لە ناو پرۆسەی گۆڕانکارییە ئێستاییەکاندا دەژیت و هیچ پەیوەندییانەکی ئەوتۆ نابەستێتەوە بە بەکارهێنان و مانەوەی لە ناو کلتووری باوانیدا.
- هۆکاری نەگی بەکارهێنان و بێ بەهاکردن و نەنرخاندنی بەهای ئەدەبی فۆلکلۆری، هەروەها گۆڕانکارییە هزرییەکانی وەکوو پرسی ژن، ژیانکردن و پەروەردەی مۆدێرن وایان کردووە ئەو هزراندنەی ناو ئەدەبیاتی سەرزراری بە زیندووی و کارپێکراوی وەک جاران نەمێنێتەوە.
- نەمان و نا بەرچاوی کەرەسەکانی ناو ئەدەبی فۆلکلۆری وەک کەرەسەی ماددییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و پێداویستییەکان، گۆڕانیان بە کەرەسەی مۆدێرن، هۆکارن بۆ کەمتر چالاکبوونی ئەدەبی فۆلکلۆری.
- لە کزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ نەبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و نەبەستنەوەی ڕووداوە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و نەگێڕانەیان و دەستاودەست نەکردنیان، ئیتر بوار بۆ دروستبوونی ئەدەبی فۆلکلۆری ناڕەخسێت، چونکە ئەو کۆنتێکستە کۆمەڵایەتییەکان کزە و ڕووداوەکان پەندەکانی ژیان و هزراندن ناتوانێت لە ئەدەبی فۆلکلۆری دەربکەون.

## لیستی سەرچاوەکان:

### کتێبە کوردییەکان


- ئەبوبەکر، سەدرەددین نورەددین - بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی (لێکۆڵینەوە و ڕەخنە)، بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥.
- ئۆسکارمان- توحفوە موزەفەرییە، پێشەکی و ساغکردنەوەو هێنانەسەر ڕێنووسی کوردی هێمن، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، ٢٠١١.
- تەقی، جەلال - شەوانی گوێ ئاگردان، چوارچرا، چاپی دووەم ، ٢٠٠٦.
- جەبار، ئاسۆ - مۆدێرنە و حیکایەت"دنیای پاش حیکایەتە گەورەکان"، نێوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی مۆدێرن، ٢٠١٠.
- جەمال، ڕێبوار - پەندی پێشینان لەناوچەی پشدەر، چاپی یەکەم، ئینستیتوتی کەلەپوری کورد، چاپخانەی ئاراس هەولێ، ٢٠٠٨.
- حەسەن، مولود ئیبراهیم - هێلکەی نامێ، کۆمەڵێک ئەفسان و حیکایەتی جۆراوجۆری فۆلکلۆری کوردەوارییە، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، ئینستیتیوتی کەلەپوری کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦.

- حەسەن، محەمەد فەریق - مەملەکەتی ماسی "حیکایەتی فۆلکلۆری" دەزگای ئاراس ، چاپی سێیەم، هەولێر.
- ئاکرەیی، خالد جاجی، هزار مەتەلۆك بۆ مرۆڤێن ژیرکۆك، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١.
- خاڵ، شێخ محەمەدی- پەندی پێشینان، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٠.
- دەشتەکی، عومەر شێخەڵا - پەندی کوردی و چیرۆکەکەی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦.
- رۆهات- د فۆلکلۆرا کوردی دە سەردەستیەکە ژنان، دەزگای توێژنەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپی دووەم، ٢٠٠٦.
- سەجادی، سەید عەبدولحەمید حیرەت - پەندیپێشیان"پند پێشینان"، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس هەولێر، ٢٠١٠.
- شاسواری، عادل - کاریگەری سەتەلایت لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان تەوێڵە وەک نموونە، ٢٠٠٨.
- کۆمەڵێک - سەرنجێک لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردییەوە، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، ٢٠٠٩.
- گمبل، ئەندرۆ - سیاسەت و چارەنووس، و/ محەمەد سالح عەبدوڵا ، سلێمانی ٢٠٠٦.
- گوڵمحەمەدی، ئەحمەد - "بەجیهانیبوون، کلتوور، شوناس"، وەرگێرانی عەولا بەهرامی، دەزگای توێژینەوەوە بڵاوکردنەوەی موکریان، ٢٠٠٧.
- مەخمووری، غەفور- حەیران، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١.
- مەجید، محەمەد مەردان - رۆژەکانی حەفتە، گۆڤاری کەلەپووری کورد، ژ١٢.
- موحسنی، مەنۆچهر- دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێرانی کۆمەڵێک نووسەر، دەزکاتی چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر. ٢٠٠٢.
- شاهین، ئیسماعیل تاها - مامکێ منۆ مامامی، دەزگای سپیریز بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، دهۆک، ٢٠١١.
- هەندرێن- دوناودۆنی فەلسەفیی، پرۆژەی چاپی مێخەک، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٧.
- یوسف، عەبدورەقب- بانگەوازێک بۆ روناکبیرانی لە پێناو زیندوکردنەوە و کۆکردنەوەی کەلەپووری کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوسەر، چاپخانەی کامەرانەی، سلێمانی، ١٩٨٥.

**سەرچاوەی عەرەبی:**

- عومەر، حید ر- أدب الفولكلور الكردي، ب. د، استنبول، ٢٠١٨.
- لزدجالي (د)، زهرا أحمد ا - العولمة و تأثيراتها على التراث الشعبي العماني، جمعية أمسيا مصر (التربية عن الطريق الفن)، ٢٠١٤.

**گۆڤارە ئەکادیمییەکان:**

- بایز (د)، هەڵمەت - وەسیەتی پیرە باو، چاپخانەی زانکۆ سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٩.
- حەسەن (م. ی)، محەمەد ئەحمەد و رەسوول (د)، بابا نوری رەسووڵ – پێکهاتەی زمانی و هونەرییەکانی دەقی مەتەڵ، گۆڤاری پۆلۆتەکنیکی، ژمارە ٦، ٢٠١٦.
- رەسوڵ (د)، هەڵمەت بایز - رەهەندەکانی کەلتووری جوەکانی کوردستان لە پەندی پێشینانی کوردیدا، ، گۆڤاری زانکۆی دهۆک، پەربەندا ١٩، ژمارە ٢، ٢٠١٦.
- سابیر (د)، پەخشان - کەسایەتی ژن لە پەندی پێشینانی کوردیدادا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە ٢٩، بەشی بی، ٢٠١٠.

- ڕەسوڵ (د)، عەبدوڵا حوسێن - زمانی منداڵ لەنێوان فۆلكلۆری دەڤەری ڕواندز و شاشەی زیرەكدا، پرۆسیدینگی یەكەمین كۆنفرانس نێودەوڵەتی ڕواندز پێگەییێكی ژیاری بەدەوڵەتبوون لە مێژووی كورددا، ٢٠١٦.

**نامە ئەكادیمییەكان:**

- ڕەشید، شەماڵ لەتیف - نوێگەری و گۆڕانی كولتووری، زانكۆی سلێمانی، سكوڵی زانستە مرییەكان، بەشی كۆمەڵناسی، ٢٠١٦.
- یەحیا، نزار ئەحمەد - كاریگەری بەجهانی بوون لەسەر پێگەی ئافرەت لە نێوكایەی سیاسیدا" توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە هەرێمی كوردستاندا"، دكتۆرانامە كۆلێژی ئاداب زانكۆی سەلاحەددین، ٢٠٢١،.

## (التغيير الاجتماعي كعامل التراجع لاستخدام الأدبيات الفولكلورية)

**الملخص:**

يوجد نشاط الأدب الفولكلور الكردي في كثير من مناطق كردستان، وقد حافظ على نشاطه وحيويته؛ لأنه متعلق بالحياة والآداب الكردية، ولكن بسبب التغييرات التي تطرأ على العالم جمعاء في الآونة الأخيرة، سيفقد الأدب الفولكلور الكردي بين هذه الأمواج من التغييرات حيويته ونشاطه وعالميته رويدا رويدا، ولذلك فإنه تطرأ عليه التغييرات المصحوبة بالعوامل المتنوعة حسب الزمان والعصر، ولذا يربط هذا البحث الموسوم بـ(التغيير الاجتماعي كعامل التراجع لاستخدام الأدبيات الفولكلورية) بالأسباب التي تحدث في وقت الحاضر، مثل التغييرات في حياة العائلة و العلاقة الاجتماعية، واستبدال التكنولوجيا، وظاهرة الفولكلور العالمي المشترك... إلخ، ويهدف البحث إلى تحديد العوامل الرئيسة التي تجبر الأدب الشفوية بالتراجع والانكماش في الوقت الراهن.

***الكلمات الدالة: التراجع والانكماش، الأدب الفولكلور، التغير الاجتماعي، العصر و الزمان***

## Social Changes: A Reason for Withdrawal in Using Literary Folklore

**Abstract:**

Kurdish Literary Folklore is common in most of the Kurdistan areas, and it refers to Kurdish traditions and culture. Kurdish folklore could preserve its commonality and activeness through many periods of time; but due to the fast changes of world and globalization Kurdish folklore cannot be preserved anymore. Hence, the changes are regularly happening due to different reasons depending on time and periods. This study is entitled (Social Changes: A Reason for Withdrawal in Using Literary Folklore). The reasons are related to the recent phenomena such as: family life changes, social relations, technology growth, and globalization. The aim of this study is to identify the essential reasons behind the withdrawal of oral literature.

**Keywords***: Regression and deflation, Folkoreliterature, social change, time and era*.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكولینێن كوردی

# ڕۆڵی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لە پەروەردەکردنی منداڵانی سەردەمی ئەمڕۆدا

**د. مزەفەر مستەفا ئیسماعیل**

بەشی زمانی کوردی- فاکەلتی پەروەردە- زانکۆی سۆران

**پوختە:**

ئەدەبی فۆلکلۆری هەموو نەتەوەکان ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان لە پەروەردەو پێگەیاندن و تێگەیاندنی ڕۆڵەکانی خۆیان هەیە.
ئەدەبی فۆلکلۆری پانتاییەکی گرنگی ئەدەبی هەر گەل و نەتەوەیەك پێکدەهێنێت، ڕۆڵی ئەم ئەدەبە لە وشیارکردنەوەو ئامۆژگاریکردنی ڕۆڵەکانی بە گەورە و بچووکەوە دیار و بەرچاوە. هەموو ژانرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری وەك(حەکایەت، پەندی پێشینان، مەتەڵ، ئەو دەقانەی لەگەڵ یارییەکاندا گوتراون...هتد) لەکۆڕ و مەجلیسەکاندا گوتراون و گەورەو بچووك چێژ و سوودیان لێ بینیوە.

بەشێك لە شارەزایان و توێژەرانی بواری ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی پێیان وایە، کە ئەدەبی فۆلکلۆری تایبەت بە منداڵ نییەو ئەوەی هەیە بۆ گەوران گوتراوە و منداڵیش لە پەراوێزی گەورانەوە چێژ و سوودی لێ وەرگرتووە، بەڵام ئەگەر بە وردی و زانستییانە لە هەندێك دەقی فۆلکلۆری کوردی ڕابمێنین بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو جۆرە دەقانە بۆ منداڵان گوتراون وەك(حەکایەتی زۆر کورت، هەندێك لە مەسەلۆك، ئەودەقانەی لەگەڵ یارییەکاندا گوتراون، گاڵتەو گەپ یان ترانە.)

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین کە ڕۆڵی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لە پەروەردەکردنی منداڵانی کورد ڕوون بکەینەوە، لەبەرئەوەش گوتومانە منداڵانی ئەمڕۆ، چونکە منداڵانی ئەم سەردەمە بە نەوەی تەکنەلۆجیا و ئایپاد ناسراون لە تەمەنێکی زۆر بچوکدا تێکەڵاوی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و ئینتەرنێت دەبن و لە چالاکی و وەرزش و جووڵە دوور کەوتونەتەوە و لە دنیای فۆلکلۆری باب و باپیرانیان دابڕاون.
ئێمە مەبەستمانە کە دەقی فۆلکلۆری کۆبکرێتەوە و لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە پۆلین بکرێت و لە زۆر ڕەنگ و شێوەی تردا سوودی لێ ببینرێت، بۆنموونە حەکایەتە خەیاڵییەکان بکرێن بە ئەنیمەیشن، فیلم کارتۆن، درامای منداڵان و منداڵی ئەم سەردەمە سوودی لێ وەربگرێت بۆنموونە: لەجیاتی سەیری فیلمەکانی(ئاڤاتار، بێن تێن، جومونگ، کۆمبۆ) و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

چەندین فیلم و ئەنیمەیشنی تر بکات، سەیری فۆلکلۆری خۆی بکات و لەم ڕێگەیەشەوە چوار گریمانەی ئامانجدار دەپێکین:

**یەکەم:** منداڵ شارەزایی لە مێژووی نەتەوەکەی پەیدا دەکات و لەم ڕێگەیەوە خۆشەویستی نیشتیمان و پیرۆزییەکانی بۆ ڕوون دەبێتەوە.

**دووەم:** لەڕێگەی دەقە فۆلکلۆرییەکانەوە منداڵ پەروەردە دەکرێ و لە ئامۆژگاری وشك دووری دەخەیتەوە.

**سێیەم:** زمانەکەی پاراو دەبێت، چونکە دەقی فۆلکلۆری بەزمانێکی سادە و ئاسان دەنووسرێت و منداڵیش لاساییان دەکاتەوە و بەمشێوەیەش لەلایەك زمانەکەی پاراو دەبێت و لەلایەکی تریشەوە فەرهەنگی مێشکی دەوڵەمەند دەبێت.

**چوارەم:** منداڵ لەڕێگەی ئەم دەقانەوە ئاشنای وشە و زاراوەی زارەکانی تریش دەبێت و لە دواڕۆژدا سوودی لێ دەبینێت و ڕەنگە لە داهاتوودا بۆزمانی ستانداردیش سوودی لێ ببینرێت.

لەلایەکی تریشەوە دەتوانرێت ئەو دەقانەی لەگەڵ یارییە فۆلکلۆرییەکانی منداڵان گوتراون بۆ فێرکردنی پیت و ژمارەکان بکرێنە گۆرانی و ئاوازیان بۆ دابنرێت و بەشێوەیەکی پەروەردەیی و زانستی منداڵانی کوردیش بەتایبەتی منداڵانی قۆناغی باخچەی ساوایان بەزمانی خۆیان فێری ژمارەو پیتەکانی زمانی کوردی بکرێن.

لە توێژینەوەکە دا ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێنراوە.

لە کۆتاییدا پێمان وایە کە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی بە ئەدەبی گەوران و منداڵانەوە ڕۆڵێکی تەواوی هەبووە لە پەروەردەکردنی منداڵانی ئێمەدا، بەڵام پێویستە بەو ڕێگایانەی ئاماژەمان پێدا لەگەڵ حەز و ئارەزووی منداڵانی ئەم سەردەمە بیگونجێنین و سوودێکی گەورەی دەبێت بۆ کۆمەڵگای کوردی.

**پەیڤێن سەرەکی:** *منداڵ، فۆلکلۆر، فۆلکلۆری منداڵان، پەروەردە، ئامانج.*

---

**بەشی یەکەم:**

**١-١ چییەتی فۆلکلۆر:**

**١-١-١ زاراوە:**

فۆلکلۆر جیهانێکی فراوانە و هەموو پێداویستییەکانی وەك کەل و پەل و ئەدەبی سەرزاری تێدا دەست دەکەوێت، وەکو بازێرێکی فراوان وایە دڵت چ بخوازێ لەو بازێڕە دەیدۆزیتەوە. فۆلکلۆر وەکو زاراوە(( وشەی فۆلکلۆر زاراوەیەکی زانستییە لە ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، زانا ولیەم تۆمس W.G.Thoms بۆ یەکەمجار لەگەڵ زاراوە زانستییەکان لە ساڵی ١٨٤٦ز بەکاری هێناوە، بە وەرگێڕانی پیتیی بۆ وشەکە واتای (دانایی گەل یان زانیاری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

گەل) دەگەیەنێت))(ســــــــوكولوف،١٩٧١: ١٧)، ئەم زاراوەیەی فۆلكلــــــــۆر لە دوای ئەم شیكردنەوەیەی ولیەم جۆن تۆمس بوو بە زاراوەیەكی تا ڕاددەیەك جیهانی، واتە دانایی و زانایی گەل بەهەموو لقەكانییەوە هەر لە كەل و پەلی فۆلكلۆری و ئەدەبی سەرزاری و بۆنە و دابو نەریتەكان هەموویان وشەی فۆلكلۆریان بۆ بەكار دێت و كۆدەنگییەكی باشی لەسەرە.

لەسەرەتادا ئەم وشەیە تەنها بۆ كەل و پەل و دەقە زارەكییەكان بەكار دەهات، بەڵام دواتر گواسترایەوە بۆ بارێكی تر، كە زانستی فۆلكلۆرە(( ئەڵمانەكان وشەی volksdichtung بەكار دەهێنن واتە فۆلكلۆر وەك زانست یان بە واتایەكی تەسكتر وشەی volksdichtung شیعری گەل، داهێنانی گەل). بەڵام فەرەنسییەكان ئاماژە بە بابەتی توێژینەوە دەكەن و وشەی populaires traditions بەكار دێنن بە واتای شوێنەواری گەل، حەكایەتەكانی گەل. هەرچی ئیتاڵییەكانن زاراوەی(popolari traditional) بەكار دەهێنن و بەمشێوەیە))(سۆكۆلۆف،١٩٧١: ١٧). كەواتە لە هەر وڵاتێك و لای هەر گەلێك زاراوەكە زیادی و كەمیی لەگەڵ كراوە و بۆ مەبەستی تەواوی خۆی بەكار هاتووە، لای ئێمەش ڕوونە، كە خودی بابەتەكە ماددەكەیە، بەڵام توێژینەوە لە بابەتەكە دەچێتە بواری زانست لەم ماددەیەدا.

(( ئەم زاراوەیە لە سەرەتادا دەربارەی بابەتەكە واتە فۆلكلۆر بەكارهێنرا، ئەمجا بەرە بەرە وای لێهات كە بۆ زانستی فۆلكلۆر بەكار بهێنرێ، واتە ناوەكە لەو زانستە بنرێ كە لەبابەتی فۆلكلۆر ئەكۆڵێتەوە))(موكری،١٩٨٤: ٢٩) بەمشیوەیە نووسەری ئەم ڕایەش پێی وایە كە یەكەم جار زاراوەی فۆلكلۆر بۆ ماددەكە بەكار دەهات، بەڵام دواتر وای لێهات كە بۆ زانستی فۆلكلۆر بەكار بێت.

**١-١-٢- چەمك:**

ئەگەر لە ڕووی چەمك و پێناسەوە لە فۆلكلۆر بڕوانین ئەوا دەبینین بە زۆر شێوە و بە چەندین جۆر و لە لایەن چەندین زانا و كەسایەتییەوە پێناسە كراوە. سروشتی زانستە مرۆڤایەتییەكانیش وایە، كە پێناسەیەكی گشتگیر و یەكدەنگ بۆ ئەم جۆرە بابەتانە نایەتە بەرهەم(( ئارتەر تایلور بەم شیوەیە پێناسەی فۆلكلۆر دەكات: فۆلكلۆر ئەو ماددەیە یە، كە لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر دەگوازرێتەوە جا چ لە ڕێگەی زارەكی بێت یان داب و نەریت. بەم شێوەیەش لەوانەیە لە شێوەی حەكایەت و گۆرانی و پەند...هتد بێت))(مرسی،١٩٧٥: ٤٣). ئەم پێناسەیە پێمان دەڵێت، كە فۆلكلۆر وەستانی نییە و هەمیشە لە گواستنەوە و جووڵەدایە، منداڵ لە دایك و باوكی فێر دەبێت و ئەویش بۆ نەوەیەكی تر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

دەیگوازێتەوە، لەم گواستنەوەیەدا زیادی و کەمیی بەسەر دا دێت، بەڵام ناوەرۆکەکەی خۆی دەپارێزێت.

سنووری نێوان زانستی فۆلکلۆر و زانستەکانی تر و بوارە جیاوازەکانی لە نێوان زانا و توێژەرانی ئەو بوارە دا مشتو مڕی زۆری لەسەرە و نەگەیشتونەتە کۆ دەنگییەکی تەواو لەسەر یەك پێناسەی گشتگیر بۆ فۆلکلۆر، لەبەر ئەوەی فۆلکلۆر کار و چالاکی مرۆڤە، بۆیە(( هەندێ لە توێژەران لەوانە ڤان جەنپ(Van Gennep) و چەند توێژەرێکی تری ئەوروپای ڕۆژئاوا فۆلکلۆر بە (ئەتنۆگرافیا) دائەنێن))(موکری،١٩٨٤: ٣٠). دیارە ئەم توێژەرە بەرهەمی فۆلکلۆری چ کەرەسە و چ ئەدەبی سەرزاری وەکو بەڵگەنامە سەیر دەکات، چونکە ئەتنۆگرافیا مەبەستی سەرنجدان و تۆمارکردنی ماددەی ڕۆشنبیرییە بە بەکارهێنانی بەڵگەنامەی مێژوویی، ئەو بەرهەمانەی دەستی مرۆڤیش، بۆ نموونە دەقەکانی ئەدەبی سەرزاری وەك بەڵگەنامەی مێژوویی چاو لێکراون.

هەندێك کەس پێیان وایە، کە فۆلکلۆر تەنها پاشماوەی ژیانی باب و باپیرانی ئێمەیە، واتە شتێکە پەیوەندی تەنها بە ڕابردوو هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا فۆلکلۆر و ((ئەدەبی فۆلکلۆری دەنگدانەوەی ڕابردوومان و دەنگی بە نرکەی ئێستامانە، ئەم ئەدەبە جاران و ئێستاش نوێنەری گەلە و لە زۆر لایەندا و لە زۆر کاتدا نوێنەر و چەکی شەڕی چینایەتییە))(موکری،١٩٨٤: ٣٠)، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ئەدەبی فۆلکلۆری جاران و ئێستاش سوود و ئیستاتیکای خۆی لە دەست نەداوە و کاریگەری لەسەر مرۆڤەکان هەر بەردەوامە، بەڵگەش بۆ ئەوە کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ دەقێکی ئەدەبی فۆلکلۆری ئەوا لە ڕووی زمان و وشەی ڕەسەن و دابو نەریت گرنگیی و مەزنیی ئەدەبی فۆلکلۆریمان بۆ دەردەکەوێت.

**١-١-٣- بەشەکانی فۆلکلۆر:**

فۆلکلۆر وەکو چەندین بابەتی تر لە چەندین بەش و ژانر پێکهاتووە، ئەم بەش و ژانرانە هەر یەکەیان گرنگیی و بابەخی خۆیان هەیە((بەشەکانی فۆلکلۆری کوردی بە هەموو شیوەکانییەوە دەریایەکی گەورەی ئایین و سیاسەت و میوانداری و سوارچاکی و شادی وناسازی خۆیان روون دەکاتەوە))(ئیسماعیل،٢٠٠٦: ٢٩)، فۆلکلۆر بە هۆی زۆری لقەکانی و بلاوبوونەوەی خێرای لە ناو خەڵکدا، بۆیە هەر زوو ڕەگی خۆی دادەکوتێ و بە جیهاندا بلاو دەبێتەوە. لەبەر ئەوەی دەقەکانی فۆلکلۆر لە کەسانی بە تەمەن و نەخوێندەوارەوە سەرچاوە دەگرێ، بۆیە زمانێکی سادە و ڕەسەن دەبێتە پیناسەی ئەدەبی فۆلکلۆری.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بابەتی ئێمە فۆلکلۆرە و ئەدەبی فۆلکلۆری لقێکی گرنگە لە فۆلکلۆر، بەشەکانی فۆلکلۆر وەك کەرەستە یەگجار زۆرن و لە ژمار نایەن وەك: کەلوپەل خۆراك، جل و بەرگ، کەلوپەلی ڕاوکردن، جووتکردن، دروێنە و کاری ڕۆژانە، هەرچی ئەدەبی فۆلکلۆرییە ئەویش بۆ چەند ژانرێك دابەشدەبێت وەك: شیعر، یاری، مەتەڵ، گۆرانی، پەند، قسەی نەستەق، حەکایەت و نوکتە...هتد.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین باسی ئەو بەشانەی ئەدەبی فۆلکلۆری بکەین، کە پەیوەندی بە توێژینەوەکەی ئێمەوە هەیە.

**١-١-٣-١ یاری و دەقەکانی:**

یاری بەشێکی گرنگی ژیانی منداڵ پێکدەهێنێت و لە کۆندا مندالان و گەوران یارییان کردووە، چونکە ژیانی جاران وەکو ئێستا نەبووە. خەڵك لە زستاندا زیاتر خەریکی یاریکردن و کات بەسەربردن بوون، چونکە زستان وەرزی کارکردن نییە و شەوەکانیشی درێژن ز زۆربەی خەڵکیش بێکار بوون.

بەشێکی ژیانی منداڵ یاریکردنە دەرکەوتووە، کە یاریکردن سوودی جەستەیی و دەروونی بۆ منداڵ هەیە، هەموو منداڵێکی ساغ و تەندروست حەزی لە یاریکردنە و یاری و منداڵ دوو تای یەك تەرازوون،((یاری و یاریکردن لە گەشەی منداڵدا بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە منداڵ خۆی پارچەیەکە لە یاری. یەکەمین بنەما لەو بنەمایانەی دنیای منداڵ پێك دەهێنن یاریکردنە))(ئێرتوغرول،٢٠١٨: ١٥٣)، کەواتە یاریکردن پارچەیەکە لە ژیانی منداڵ و بنەمایەکی زۆر گرنگی دنیای منداڵ یاریکردنە.

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دانی بەوەدا ناوە کە یاریکردن بۆ منداڵ زۆر گرنگە((کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٩ گەلاڵەی کرد)) (کۆمەڵێك نووسەر،٢٠٠٥: ٦٥) واتە نەتەوە یەکگرتووەکانیش دانی پیداناوە کە یاریکردن بۆ منداڵ وەکو بەشێکی ژیانی ئەو منداڵەیە و جگە لە لایەنی خوێندن و تەندروستی بۆ منداڵان لە جاڕنامەی مافی منداڵاندا لە بڕگەی حەوتەمدا هاتووە ((پێویستە هەموو توانایەك بۆ منداڵ بخریتە کار، بۆ ئەوەی یاری بکات و چالاکی نوێ بنوێنێت و بەرەو ئامانجی پەروەردەیی دیاریکراو ئاراستە بکرێت، لەسەر حکومەتیش پێویستە بۆ ئەو مەبەستە کار بکەن)) (کۆمەڵێك نووسەر،٢٠٠٥: ٦٥). تواناکانی منداڵ لە هەر تەمەنێکدا جۆرێکە واتە بڕێکی دیاریکراوە، ئەوەی گرنگە دایك و باوك و پەروەردە کاران بیکەن ئەوەیە، کە بە پێی پێویست وابکەن منداڵەکانیان یاری بکەن و چالاکی تازە پێشکەش بکەن و ئامانجی پەروەردەیی بپێکن.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

منداڵ لە ڕێگەی یاریکردنەوە ئاشنایەتی کەرەستەکان دەبێت و خەڵکی تر دەناسێت و  بەرەو ژیانی کۆمەڵایەتی هەنگاو دەنێت. یاری و یاریکردن تەنها بۆ کات بەسەر بردن نییە و  لە دواڕۆژدا کاریگەری لەسەر کەسایەتی ئەو منداڵە دەبێت، (( چۆن پێگەیشتوویەك لە ڕێی ئەو ئەزموونانەوە کە بە دەستیان دەهێنێت کەسیتی گەشە دەکات، گەشەی کەسێتی منداڵیش لە ڕێی ئەو یاریانەوەیە، کە خۆی بە تەنها یان لەگەڵ کەسانی تر دەیانکات)) (ئێرتەغرول،٢٠١٨: ١٥٥)یاریکردن بۆ منداڵ وەك ئەزموونی گەورەیەك وایە، کە ئەو کەسە پێگەیشتووە بە دەستی هێناوە، کەسێتییەکەی زیاتر بەرەو پێش دەچێت و گەشە دەکات، منداڵیش لە ڕێی یارییەکانییەوە کەسیتییەکەی گەشە دەکات.

یاریکردن چالاکییەکی بێ ڕکابەرەربۆ منداڵ، لە میانەی یاریکردندا منداڵ هەم چێژ وەردەگرێ و هەم سوود جگە لەوەش (( منداڵ لە میانەی یاریکردنەوە جیهانێکی خەیاڵاوی و ئەفسوناوی بە چێژ بۆ خۆی دەخوڵقێنێ و خۆی دەبێت بە پاڵەوانی ئەو جیهانە و ئەسپی خۆی و خەیاڵی خۆی تیایدا تاو دەدات و گشت ئەو خەو و خەیاڵ و حەز و ئارەزوو داخوازیانەی کە لە ژیانی واقیعیدا بۆی تێر ناکرێت. لەم جیهانە پان و پەرینەدا بە ئارەزووی خۆی بەبێ ترس و سانسۆر تێریان دەکات.)).

ئەوەی بۆ توێژینەوەکەی ئێمە گرنگە و دەمانەوێت جەختی لەسەر بکەینەوە، ئەو دەقانەیە، کە لە کاتی یاریکردنەکەدا منداڵان دەیڵێن و دەیڵێنەوە. ئەو دەقانەش پڕن لە وشەی ناسك و جوان و پەروەردەیی بۆ منداڵان بە هەر دوو ڕگەزەوە. هەر لە پەروەردەی ئایینی و کۆمەڵایەتی و زانستییەوە.

لە ڕووی تیۆرییەوە تا ئێستا لە ئەدەبی فۆلکلۆری ئێمەدا کەس ئەو کارەی نەکردووە، کە لە ڕووی تیۆرییەوە چەمك و پێناسەکانی ئەو دەقانە ڕوون بکرێتەوە، کە منداڵان لە کاتی یاری کردندا دەیڵێن و دەیڵێنەوە. دەتوانین بلێین ئەو دەقانە بریتین لە کۆمەڵێك وشە و ئاواز لە کاتی یاری کردنەکەدا لە لایەن منداڵانەوە بریتین لە کۆمەڵێك وشە و ئاواز، کە لە کاتی یاریکردنداەکەدا گوتراون و هەلومەرجی یارییەکەی خۆشتر کردووە و پەیامێکی پەروەردەیشی لە پشت بووە. بۆ ئاراستەکردنی منداڵان بەرەو پەروەردەیەکی باش و تەندروست وەك پەروەردەی ئایینی، پاکوخاوێنی، خۆشەویستی بۆ ئاژەڵ و پەلەوەر و خۆشەویستی ژینگە و...هتد.

هەندێك لە یارییەکان بە تاك ئەنجامدراون و هەندێك دوان و هەندێك بە کۆمەڵ، هەندێکیان تایبەت بە کوڕان و هەندێك تایبەتە بە کچان و هەندێکیشیان بەیەکەوە ئەنجام دەدرێن، یارییەکانیش بە پێی تەمەنی منداڵەکان و ڕەگەزیان دەگۆڕێت،((لە تەمەنی شەش تا نۆ ساڵی منداڵ بوێر و چاونەترسە و لە هەمان کاتدا هەست بە مەترسیش دەکات، کە لە میانەی جموجۆلی خۆی دوچاری دەبێتەوە. لەبەر ئەوە ئەم جۆرە یاریانەی لا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خۆشەویستە: شەمەندەفەر، بووکەڵانەی ئاڵۆز، یارییەکانی زیرەکی وەکو: مار و پەیژە، دووچەرخە، یارییەکانی نەخۆش و پزیشك))(کۆمەڵێك نووسەری ئەمەریکی، ٢٠٠٥: ٣٨).

لەڕووی دەروونناسییەوە دەرکەوتووە، کە منداڵان لە یەك قۆناغدا نین و جیاوازن، بۆیە یارییەکانیشیان جیاواز دەبن. ئەو منداڵانەی لە نێوان تەمەنی شەش تا نۆ ساڵین منداڵی پارێزکارن، واتە هەم چالاك و بوێرن و هەمیش دەترسن لە هەندێك شت، بۆیە ئەو یارییانەشیان خۆشدەوێت، کە جووڵە و ڕۆیشتنی تێدایە و هەڵبەز و دابەز دەکەن.

**١-١-٣-٢ حەکایەت:**

حەکایەت ژانرێکی زۆر گرنگ و سەرنجڕاکێشە لە دنیای ئەدەبی فۆلکلۆریدا. ئێمە مانان بە منداڵ و گەورەوە حەز لە حەکایەت دەکەین، کاتێك کەسێك حەکایەتێك دەگێڕێتەوە بە سەرنجەوە گوێی بۆ شل دەکەین و لێی ڕادەمێنین تا کۆتایی لێ دەگرین پیمان خۆشە بزانین کۆتاییەکەی  بە کوێ دەگات، بۆیە حەکایەت پەند و ئامۆژگاری زۆر گەورە و پەروەردەیی تێدایە، کە مرۆڤ دەتوانێت سوودی بێ وەربگرێت.
ژانرێکی وەکو حەکایەتی فۆلکلۆری کوردی بە زۆر شێوە پێناسە کراوە و یەك پێناسەی گشتگیری نییە، هەندێك کەس پێی دەڵێن حەکایەت و هەندێکی تریش پێی دەڵێن چیرۆك، هەقایەت((چیرۆك کەلە ناو کورد دا حیکایەت یا نەقڵیشی ئەڵێن و لە ناو کوردی لوڕ دا مەتەڵۆکیشی پێ ئەوترێ بەشێکی گەورەیە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی))(ڕەسول، ١٩٧٠: ١٨). نووسەر لێرەدا زاراوەی چیرۆکی بەکارهێناوە لە بری حەکایەت، گەیشتۆتە ئەوەی لە ناو لوڕ دا مەتەڵۆك و لە ناو کورد بە\شتی نەقڵیشی پیدەڵێن.

نووسەر لەم پیناسەیەدا زیاتر لە سەر زاراوە دواوە لە بەشێکی دیکەدا دەڵێت(( چیرۆك بەرەو پێشچوونێکی مێژوویی و ئەفسانەیە و لە ڕووی فۆرم و داڕشتنەوە لەو ئەچێت. هەرچەندە لە ڕووی کەرەسە و ناوەڕۆکەوە هەندێ جیاوازییان هەیە))(ڕەسول،١٩٧٠: ١٨)، حەکایەت لە رووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە هەڵقوڵاوی بیر و زەینی کۆمەڵگایە، لە رووی داڕشتن و تەکنیکەوە لە ئەفسانە جیاوازە. ئەفسانە دنیایەکی پڕ لە خەیاڵ و پڕوپوچییە، بەڵام کەرەسەکانی حەکایەت لە ژیانەوە سەرچاوە دەگرن.

لە ناو فۆلکلۆری کوردیدا زۆر لە شارەزایان بڕوایان وایە، کە حەکایەتی فۆلکلۆری تایبەت بە منداڵان نییە و ئەوەی هەیە حەکایەتی گەورانە و بۆ گەورانە، منداڵانیش لە پەراوێزی گەوراندا گوێیان لێگرتووە و چێژ و سوودیان لێ بینیوە، بەڵام لە ڕاستیدا بە بڕوای ئیمە حەکایەتی فۆلکلۆری تایبەت بە منداڵانیش هەیە، کە زۆربەیان بە


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەقایەتی بەرگوێ ئاگردان ناویان دەرکردووە. کاتێك داپیرە لە دەوری ئاگرداندا منداڵانی کۆدەکردەوە و هەقایەتی(مشك و کەستە خۆر، مەڕۆکە و بزنۆکە و ژەنگ و بەنگ)[1]

**٣-٣-١-١ مەتەڵ:**

مەتەڵ یان مەسەلۆکە بەو دەقە دەگوترێت، کە لە شێوەی دێرە شیعرێك یان هەندێك جار بە پەخشان پرسیارێك ئاراستەی بەرامبەر دەکرێت و ئەویش دەبێت وەڵام بداتەوە((مەتەڵیش بەشێکە لە ئەدەبی فۆلکلۆری گەلان. واتە بەشێکە لەو ئەدەبەی نەنووسراوەتەوە دەماودەم لە ناو خەڵکدا پشتاوپشت ئەمێنێتەوە و بڵاو ئەبێتەوە))(ڕەسول،١٩٧٠: ١٥٩)، واتە مەتەڵ هەر تایبەت نییە بە کورد، بەڵکو هەموو گەلانی دنیا مەتەڵیان هەیە و ژانرێکی بە نرخی ئەدەبی فۆلکلۆرییە و لە باوانەوە بۆمان ماوەتەوە و دەگوازرێتەوە.

((مەتەڵ ئەو کورتە وتارە پرسیار ئامێزانەن، بە ڕەمز باس لە شتێك دەکەن، دواتر دەپرسن: ئەو شتە چییە؟ ئەوتا بۆنموونە: ئەمە چییە؟ بنوێ گایە؟هەڵستێ چیایە؟ وەڵام: (ڕەشماڵ)ە.)) (عەبدوڵڵا،٢٠٠٥: ٢٧١)، مەتەڵ بۆ جوڵاندنی مێشك و زاخاودانی زۆر گرنگە و ئەو کەسەی یان ئەو منداڵەی مەتەڵەکەی ئاراستە دەکرێت، کە هەڵی بێنێت، ناچارە بیر بکاتەوە هزری خۆی وەگەڕ بخات و وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە. دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول مەتەڵ بۆ دوو جۆر دابەشدەکات، ((یەکەم: ئەم مەتەڵی کوردییانە وەك مەتەڵی خەڵکی تر بکەین بە دوو بەشەوە: مەتەڵی مەبەستدار و مەتەڵێك کە تەنیا بۆ زاخاوی مێشکە. هە دوو مەتەڵەکەش وردی و تێبینی و ژیریی و بە وریایی و قووڵی تەماشاکردنی نەتەوەی ئێمە دەرئەخا)) (ڕەسول،١٩٧٠: ١٦١)، مەتەڵێك، کە مەبەستێکی تایبەتی هەیە و مەرامێکی لە پشتە، مەتەڵێکیش کە تەنها بۆ کات بەسەربردنە و زاخاودانی مێشکە. لە ڕاستیدا ئەوەی دووەمیش هەر مەبەستدارە، چونکە زاخاودانی مێشکیش کارێکی باشە و مێشکی مرۆڤ ئەبدەیت دەبێتەوە و بیر و هۆشت فراوان دەکات.

((مەتەڵ گوتەیەکە یەکێك بە شێوەی پرسیار لە کەسێك یان چەند کەسێکی دەکات و لە ناوەرۆکەکەیدا نهێنییەك یان شاراوەیەکی تێدا هاتووە، کە بیر و توانای مرۆڤی تێدا تاقی دەکرێتەوە)) (جەمال،٢٠٠٦: ٥)، هەروەك پێشتریش باسکرا مەتەڵ یان مەسەلۆکە دەبێت پرسیارێکی ڕاستەوخۆی تێدابێت و ئاراستەی بەرامبەر بکرێت، جا ئەوەی ئاراستەی دەکرێت کەسێك بێت یان چەند کەسێك بن.

مەتەڵ بە بڕوای ئێمە زیاتر بۆ منداڵانە، بۆ ئەوەی مێشکیان زیاتر بکرێتەوە و هزریان بە هێز بێت و بیر و باوەڕی نەتەوەکەش دەردەخات، ((مەسەل ومەتەڵ وپەندی هەر گەلێ نیشانە و دیاردەی بیر وباوەڕی ئەو نەتەوەیە و بە بەرزی پلەی ڕووحییاتی دەژمێردرێ))

---

[1] ئەم حەکایەتانەم لە دایکم بیستووە، دواتر لە بڕاکتیکدا دەیانخەمە ڕوو.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(ئەفخەمی،١٣٦٢: ٦)، واتە لە ڕێگەی مەتەڵەوە دەتوانیت بیر وباوەڕ و بۆچوونی ئەو گەل ونەتەوەیە بخوێنیتەوە، نووسەری ئەو چەند دێرەی سەرەوە پەند و مەتەڵ پێکەوە باس دەکات هەر بۆیە ئەو پێی وایە کە هەندێك دەق وەك پەند و قسەی نەستەق وان چیرۆکی پشت ئەو دەقانەی هێناون و باسی کردوون و دەڵێت ئەوانە مەتەڵن بۆ نموونە ((پشیلەکەی ڕەجەبە شێتە، کاڵەکەم دڕا و هیچم پێ نەبڕا، بانێکەو دوو هەوا...هتد)) بەمشێوەیە ئەو دەقانە بە مەتەڵ دادەنێت، کە ئێمە پێمان وایە ئەوانە قسەی نەستەقن و هەر یەکەیان چیرۆکێکیان لە پشتە.

ئەوەی زیاتر مەبەستی ئێمەیە مەتەڵی منداڵانە، بە واتای فۆلکلۆری منداڵان ((لە نێو مەتەڵی کوردیدا بەشی منداڵانیش دەبینرێ و گرنگیی زۆری پێدراوە ئەو مەتەڵانەش بابەتی جۆراوجۆر فێری منداڵان دەکەن)) (عەبدوڵڵا،٢٠٠٥: ٢٧٩)، بۆنموونە بابەتی ئایینی، کۆمەڵایەتی، دابونەریت...هتد. منداڵ فێردەکات مێشکی بەکار بهێنێت وزیرەك و وریا بێت.

**١-١-٣-٣-١ زمانی مەتەڵی منداڵان:**

زمان بۆ دەربڕینی بابەتەکان گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە و لەکاتێکدا مەتەڵیش لە کەسێك دەکەین پێویستە بە زمانیکی وا بێت کە لای منداڵەکە ئاسان بێت.((زۆربەی مەتەڵی کوردی، یان هەمووی بە زاری ناوچەیی گوتراون بۆنموونە لە بادینان دەگوترێ: پێنج د ساغن نا ئاخڤن، ئێك مرییە د ئاخڤیت. مەبەست قەڵەمە کە لە نێو پەنجەکانی مرۆڤدایە))(عەبدوڵڵا،٢٠٠٥: ٢٨٥). زمان بۆ هەموو گوتنێك گرنگە و بە پێی شوێن و ئاستی گوێگر دەگۆڕێت.

هەرچی داڕشتنی مەتەڵە شێوەکەی یان وەکو دەقێکی پەخشانی بێ سەروایە یان پەخشانی سەرواداره، کە وەك دێره شیعرێك وایە و هێمایەکی تێدایە کە وێکچوونێك لە نێوان مەتەڵەکە و خودی شتەکە هەیە بۆنموونە:(خڕە وەکو گۆ، سپییە وەکو دۆ) مەبەست لێی هێلکەیە.

مەتەڵ لەبەر گرنگییەکەی و سوودی پەروەردەیی بەتایبەتی بۆ منداڵان، شاعیرانی کورد لەبەر ڕۆشنایی مەتەڵی فۆلکلۆری هاتوون مەتەڵیان نووسیوە و لە شێوەی هۆنراوەدا پێشکەشی منداڵانی کوردییان کردوون. ئەو شاعیرانەش وەك گۆران، بێکەس و چەندانی تریش بۆنموونە مەتەڵێکی گۆران دەنووسین:

((مەتەڵێکە سەر لێ تێکدەر
کێواو کێو دەشت ئەداتە بەر
دووجار بێتو ناوی بەری
باوکی مناڵ هەڵئەدا سەر)) (کەریم،١٩٨٠: ٥٣٢)
هەڵهێنانی ئەم مەتەڵە(با) یە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**١-١-٣-٤ گۆرانی فۆلكلۆری:**

گۆرانی دەربڕینی هەست وسۆزی گۆیندەیە، ئەو ئازار و خەون و خەیاڵەی لە دەروونی كەسەكەدا هەن و لە ڕێگەی دەنگ و ئاوازەوە دەریان دەبڕێت. گۆرانی فۆلكلۆری ژانرێكی گرنگی ئەدەبی فۆلكلۆرییە و لە مێژە سەرنجی ڕۆژهەلاتناسان و شارەزایانی ئەم بوارەی ڕاكێشاوە و (گۆرانی)یان كۆكردۆتەوە و توێژینەوەیان لە بارەوە كردووە، ((لە ناو فۆلكلۆری كوردیدا گۆرانی بە دەوڵەمەندترین بەش ئەژمێردرێ لە ڕووی زۆری بلاوبوونەوە وە )) (ڕەسول،١٩٨٤: ٨٧)، لە ئەدەبی فۆلكلۆری كوردیدا گۆرانی خزمەتێكی بەرچاوی كراوە بەوەی، كە لەلایەن خەڵكی بیانی و توێژەرەكانی كوردەوە بایەخی پێدراوە و بەشێكی باشی كۆكراوەتەوە و لە فەوتان ڕزگار كراوە. ئەوەی گۆرانی فۆلكلۆری لە گۆرانی دانراو یان نووسراو جیادەكاتەوە، ئەوەیە گۆرانی فۆلكلۆری لە دانان و ئاواز و گوتنی هەر شایەرەكە خۆی بووە و ڕەسەنایەتی و سۆزێكی ڕاستەقینەی تێدایە.

((گۆرانی كۆنترین بەشی ئەدەبی فۆلكلۆرە هەروەك بەشێكی دیاری هۆنراوەی لیریكە. ئەم هونەرە لە زۆر كۆنەوە پەیدابووە، هەر لەوكاتەوە، كە هێشتا هۆشیاری گەل لە ڕادەیەكی نزمدا بووە)) (ڕەسول،١٩٧٠: ٥٩)گۆرانی دەربڕی ئێش و ئازارەكانی گەل بووە، بۆیە زۆر كۆنە و لەگەڵ سەرەتاكانی ژیاندا پەیدا بووە. گۆرانی ڕەنگدانەوەی ڕەوشی ژیانی خەڵك بووە و خەڵكیش بە ئاسانی دەستی پێی گەیشتووە.

ڕۆژهەلاتناسانیش لە بارەی گۆرانی كوردی رای خۆیان هەیە هەروەك ئاپۆڤیان دەڵێت: ((لە هەر كوردێكدا هەست و بەهرەی شاعیری بەدی دەكرێت و زۆر بە ساز و ئاواز گۆرانی بەسەر چیا و دۆڵ و ڕووبار و تاڤگە و گوڵ و چەك و ئەسپ و قارەمانییەتی و جوانیاندا دەڵێن)) (رەسول،١٩٨٤: ٨٧) واتە تەنها گۆرانی بێژ و شایەرەكان گۆرانیان نەوتووە، بەڵكو زۆربەی خەڵكی كورد دەنگیان خۆشە و گۆرانی بەسەر ئاو و خاك و سروشتی وڵاتەكەیان هەڵدەدەن.

ئەوەی زیاتر مەبەستی ئێمەیە لەم توێژینەوەیەدا باسی بكەین ئەو گۆرانیانەیە، كە گەوران بۆ منداڵانیان گوتووە و منداڵانیش گوتوویانە. مەرج نییە هەموو گۆرانییەكی منداڵان لەگەڵ یاریكردندا بگوترێت لەوانەیە گۆرانی هەبێت تایبەت بێت بە منداڵ و بەبێ بۆنەش بگوترێت بە تاك یان بە كۆمەڵ گۆرانییەكە بڵێن.

**٢-١ پەروەردەو قۆناغەكانی منداڵیی:**

منداڵ لە كاتی لەدایكبوونەوە تا دەگاتە تەمەنێكی دیاریكراو پیویستی بە چاودێریكردنی دایك و باوك و پەروەردەكارانە، بۆیە زانایانی بواری دەروونناسی و كۆمەڵناسی و تەندروستی بایەخێكی تەواویان بە منداڵ داوە و ڕێزیان لێگرتووە و وەك دیارییەكی خودا چاو لە منداڵ كراوە. منداڵان لە هەموو قۆناغەكاندا گۆرانی و ئاوازیان بۆ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكولینێن كوردی

گوتراوە هەر لە لایلایە بگرە هەتا دەگاتە گۆرانی فێرکردنی ژمارە و رۆژەکانی حەفتە و مانگەکان و وەرزەکان و مەسەلە پەروەردەییەکان بە گشتی.

بە پێی ڕای شارەزایانی بواری دەروونناسی منداڵان، هەموو منداڵێك لە قۆناغە جیاوازەکان وەك یەك نین و بیر و ڕا و خەون و حەز و ئارەزووەکانیان وەك یەك نییە، هەرچەندە بە هەموو منداڵێك دەڵێن منداڵ و لە هەندێك خولیا و حەز و ئارەزوو دا لە یەك نزیکن، بەڵام جیاوازیشن. لە میانەی گەڕانمان بە دوای ئەم بابەتەدا بۆمان دەرکەوت کە زانایان هەرەکە و بەڕای خۆی قۆناغەکانیان دابەشکردووەبۆنموونە (ئەریکسۆن) (Erickson) بەمشێوەیە دابەشی دەکات ((لە لەدایکبوونەوە هەتا ١٨ مانگی/ لە ١٨ مانگی هەتا ٣ ساڵیی./ لە ٣ ساڵیی هەتا ٦ ساڵیی/ لە ٦ساڵیی هەتا ١٢ساڵیی/ لە ١٢ساڵیی هەتا ١٨ساڵیی)) (مەحمود، ٢٠٠٤: ٣١).

بەپێی بیر و ڕای ئەو زانایە بێت منداڵ هەتا دەبێتە ١٨ ساڵیی هەر بە منداڵ دادەندریت، بۆیە لە ئەوروپا و ڕۆژاوا لە تەمەنی ١٨ ساڵیی ئیتر منداڵ ئازادە بۆ خۆی بە تەنیا دەژیت یان لەگەڵ خیزانەکەی دەمینێتەوە . زانایەکی تر کە قۆناغەکانی منداڵی دابەشکردووە جان پیاجیە (Gean Piaget)ە کە بەمشێوەیە قۆناغەکانی منداڵیی دابەشدەکات((لە لەدایکبوونەوە هەتا ٢ساڵیی/ لە ٢ ساڵیی هەتا ٧ ساڵیی/ لە ٧ ساڵیی ١١ساڵیی/ لە ١١ ساڵیی هەتا ١٤ ساڵیی) (یاسین واخرون،٢٠٠٢: ١٢٣) دابەشکردنەکەی جان پیاجیە لە دابەشکردنی ئێمەی ڕۆژهەلاتی نزیکە، چونکە بەپێی یاساکانی ئیسلام منداڵ لە ١٤ ساڵیدا بالق دەبێت و قەپێلکی منداڵیی فڕێ دەدات، بۆیە دەتوانین بڵێین کە مندالان لە گشت قۆناغەکاندا پێویستییان بە چاودێریکردن و بایەخپێدان هەیە، ئەوانەشش تەنها بە خواردن و جلوبەرگ نییە، بەڵکو لایەنی ڕۆحی و بایەخدان بە لایەنی دەروونیی و تێرکردنی حەز و ئارەزووی منداڵ ئەرکێکی گرنگیی کۆمەڵگایە بەتایبەتی خێزان.

لەبەرئەوەی بابەتەکەی ئێمە پەیوەستە بە دەق و پەیوەندی بە زمان و وشە و ڕستە هەیە، بۆیە لە قۆناغێك دەستپێدەکەین، کە منداڵ چێژێکی سەرەتا لە ئەدەبێکی سەرەتا وەردەگرێت. کۆمەڵێك مامۆستا و شارەزا لە ناو کورد و عەرەبیشدا ئەو قۆناغانە بەمشێوەیە دابەشدەکەن:

### ١-٢-١ قۆناغی ڕیالیستی(٣-٥ ساڵیی)

ئەم قۆناغە بریتییە لەو کاتەی، کە منداڵ لە ژینگەیەکی تەسکی ماڵدایە و لەگەڵ خێزانەکەی دەژیت و پەیوەستە بە دایك و باوك و خێزانەکەی، بۆیە ناویشی لێنراوە ڕیالیستی، چونکە شتەکان بە ڕاست دەزانێت.(( منداڵ لەو قۆناغەدا پەیوەستە بە دایك و خێزان و ئەو شتانەی لە دەوروبەریدان وەك: ماڵ، باخچە، شەقام، گیاندارە ماڵییەکان. بۆیە ئەو ئەدەبەی بۆ ئەو قۆناغە دەگونجێت حەکایەت و چیرۆکە واقیعییەکانە، کە دەربڕی ئەو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ژینگە سنووردارەیە)) (ئەبو مەعال،٢٠٠٥: ٥٣). واتە چیرۆك و شتی واقیعی بۆ منداڵانی ئەو قۆناغە باس بكرێت، كە لە ژینگەی بیر و هزری ئەودا هەن وەك ئاژەڵی ماڵی بۆ نموونە پشیلە، مریشك، پەپوولە، چۆلەكە...هتد.

منداڵی ئەم قۆناغە زۆر حەزیان لەو یاری و بەسەرهاتانەیە، كە بە كۆرس ئەنجام دەدرێن و شێوەیەكی شانۆییان هەیە و نواندنیان تێدایە وەك مەڕە زمزمانێ، چەفیە خەجێ و چەندی تریش لە بەشی پراكتیكدا زیاتر باسیان دەكەین.

## ١-٢- ٢ قۆناغی ئەندێشەی فراوان(٦-٨ ساڵیی)

لەم ئەم قۆناغەدا منداڵ لە ژینگەی ماڵ دەچێتە دەرەوە و ڕوو لە قوتابخانە دەكات و دنیایەكی فراوان و گەورە پێشوازی لێدەكات، لە قوتابخانە دەبینێت، كە جگە لە دایە و بابە و خوشك و براكانی خەڵكانێكی زۆر هەن و كەسیش خەمی ئەوی نییە و لەناو كۆمەڵگایەكی فراوان و خەڵكدا ون دەبێت بۆیە مێشكی پڕ لەپرسیار دەبێت ((زۆربەی پرسیارەكانی منداڵ لەم تەمەنەدا بە هۆی ترسەوەیە، لە زۆر شت دەترسێت، ترس لە مرۆڤی خراپ، ئاژەڵی دڕندە، پرسیارەكەش بۆ ئەوەیە، كە لە میانەی وەڵامەكاندا هەست بە ئارامییەك و ئاسایشێك بكات بەرامبەر مەترسییەكی نادیار)) (الهیتی،١٩٧٧: ٣٣). ئەو مەترسییەش ڕەنگە هەر خۆمان بۆمان دروست كردبێت لە میانەی پەروەردەیەكی نادروست، بەهۆی ئەوەی منداڵ لەم قۆناغەدا تیكەڵاوی كۆمەڵ دەبێت، بۆیە زۆر شت فێر دەبێت كە، پێشتر نەیدەزانین لەبەر ئەوە گرنگە دایك و باوك منداڵەكانیان فێری هەڵس و كەوت و ئەتەكێتی ژیان بكەن و هەوڵ بدەن لێیان تێبگەن و داخوازیەكانییان جێبەجێ بكەن، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە منداڵ فێر بكرێت كە، چی پێویستە نەك حەزی لە چییە.
((ئەم قۆناغە منداڵ زانیاری پشت  دیاردە سرووشتییەكان فێر دەبێت، وا دێنێتە پێش چاوی خۆی، كە لە دوای ئەو شتێك هەیە، لەم پێناوەشدا بە خەیاڵی خۆی دەفڕێت بۆ بیستنی چیرۆكی قەزەم و چیرۆكی سندیباد و ئەوانەی بە ئەم دەچن لە ئەدەبی خەیاڵی))(ئەبو مەعال،٢٠٠٥: ٥٣). منداڵی ئەم تەمەنە زۆر شت فێر دەبێت، كە پێشتر نەیدەزانین. لە ڕووی یاساكانی زمانیش هەر وایە لە قۆناغی پێشتر ڕەنگە هەندێك ئامراز و وشەی بە هەڵە بەكارهێنابن، بەڵام لەم قۆناغەدا یاسا و ڕێساكانی زمان بە تەواوی بەكاردەهێنێت، بۆیە منداڵ لە تەمەنی شەش ساڵیی دەچێتە قوتابخانە و ئەم تەمەنە ستانداردێكی جیهانییە و لە زۆربەی وڵاتانی دنیا پەیڕەو دەكرێت.

## ١-٢-٣    قۆناغی پاڵەوانێتی(٨-١٢ ساڵیی)

منداڵ لەم تەمەنەدا تەواو پیگەیشتووە لە ڕووی بەكارهێنانی زمان و تەنانەت لەم تەمەنەدا منداڵ بەرەو خوێندنەوەش دەڕوات واتە شتی دیكە بخوێنێتەوە. منداڵ لەم تەمەنەدا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

نیشانەکانی ڕەگەزی نێر و مێی تێدا دەردەکەون و هەستی ڕەگەزی بەرامبەری دەجوڵێت بەتایبەتی لە دوا ساتەکانی ئەم قۆناغە واتە دوازدە ساڵی لە هەڵس و کەوتی ڕۆژانەیدا وەك پاڵەوان خۆی نیشان دەدات((ئەدەبی گونجاو بۆ ئەم قۆناغە چیرۆکی پاڵەوانێتی و سەرکێشین))(ئەبومەعال،٢٠٠٥: ٥٣). سەرکێشی و پاڵەوانێتی بۆ هەردوو ڕەگەز وەکو یەك نییە بۆنموونە کوڕان گرووپ دروست دەکەن و شەڕە بەرد دەکەن یان تۆپێن دەکەن یەکێك سەرکردەیانە و ئەوانی تریش سەربازەکانی ئەون، بەڵام کچەکان زیاتر لەگەڵ دایکیان دەبن لە چێشتخانە خۆیان فێری چێشت لێنان دەکەن و خۆیان پێ هەڵدەکێشن و لەلای هاوڕێکانی دەڵێت من دەزانم چێشت لێبنێم.

هەردوو ڕەگەز لەم قۆناغە یان زۆر لەیەکتر نزیك دەبنەوە یان لەیەکتر دوور دەکەونەوە، ئەو کۆمەڵگایانەی ڕێگری ئایینی و کۆمەڵایەتی هەیە ئەوا منداڵەکان بۆ هەمیشە لە یەکتری جیادەبنەوە، چونکە دەڵێن منداڵەکان گەورە بوون و ڕەگەزی نێر ومێیان لێ بە دیار کەوتوون ئیتر عەیبەیە لەگەڵ یەکتر بگەڕین بەتایبەتی کچان لە کوڕان جیادەکەنەوە، بەڵام ئەو کۆمەڵگایانەی کە هیچ ڕێگرییەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی نییە لەبەردەمیان ئەوا هەردوو ڕەگەز زیاتر لەیەکتر نزیك دەبنەوە و بۆ هەمیشە لە یەکتری دانابڕێن.

ئەو دەقانەی، کە بۆ ئەم قۆناغەی منداڵ دروست و گونجاوە ئەوانەن، کە لە شێوەی پرسیاردان و مێشکی منداڵەکە دەکەنەوە، وەك مەتەڵ و حەکایەتی پاڵەوانێتی و جوامێری و سەرکێشی.لەبەر ئەوەی منداڵ لەم قۆناغەدا بووەتە کەسێکی کۆمەڵایەتی ڕەنگە لە زۆر کۆڕ و مەجلیسان دابنیشی و گوێی لە حەکایەت و بەسەرهاتی سەرنجڕاکێش بێت و لە دەرەوە بۆ هاوڕێکانی بگێڕێتەوە و دڵیان خۆش بکات.

هەندێك لە نووسەرانی ئەم بوارە پێیان وایە، کە ئەم قۆناغە تەواو جیاوازە لە قۆناغەکانی پێشوو((منداڵی ئەم قۆناغە لە تەمەنی(٨-١٢) ساڵی دەستپێدەکات، دەتوانین بڵێین، کە منداڵ دەکەوێتە جووڵەیەکی بێشومار و لە شوێنێك بە تەواوی ئارام ناگرێت، چونکە هەوڵ دەدات خۆی لە جیهانێکی تر بدۆزێتەوە و جیاواز بێت لە جیهانی قۆناغەکانی پێشووی. لەم قۆناغەدا زیاتر حەز لە کۆمەڵ بوون دەکات))(ئەحمەد،٢٠٠٦: ١٨) مەبەستی نووسەر ئەوەیە، کە منداڵی ئەم قۆناغە چالاکی جەستەیان زۆرە و لە شوێنێك ئۆقرە ناگرن و هەمیشە دێن و دەچن وەك ئەوەی بە دوای شتێکدا بگەڕێن، هەروەها چالاکی زەین و دەرونیشیان زۆرە بە دوای جیهانی خۆیاندا دەگەڕێن، کە جیاواز بێت لە قۆناغەکانی پێشوو.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**٢- بەشی دووەم:**

**٢-١ کاریگەری ئەدەبی فۆلکلۆری منداڵان لە پەروەردەکردنی منداڵانی قۆناغی ڕیالیستی:**

منـداڵانی قۆنـاغی ڕیالیسـتی وەك باسـمان کـرد لە ژیـنگەی ماڵـدان، جـگە لەوەش لەم سەردەمەدا بەشێکی زۆر لە منداڵان لە تەمەنی ٤-٥ساڵی دەچنە باخچەی ساوایان بەتایبەتی لە شارەکاندا. بێگومـان ژیـنگەی شار لەگەڵ هـی گـوند جیـاوازە، فەرهەنگـی مێشـکی منـداڵانی ئێسـتا جیـاوازە لە فەرهەنگـی مێشـکی منـداڵانی هەشـتاکان ونەوەدەکـان، فەرهەنگی مێشکی منداڵانی شار لە هی منداڵانی گوند قەرەباڵغترە بەهۆی ئەو شتانەی کە لە شار هەن و لە گوند نین بە پێچەوانەشەوە ئەو کەلوپەلانەی لە گوند هەن و لە شار نین منداڵانی گوند دەیانزانن و هی شار نایزانن.

بە بـڕوای ئـێمە ئەو ژانـرانەی ئەدەبـی فۆلکلـۆری منـداڵان، کە کـاریگەری لەسـەر منـداڵانی قۆنـاغی ڕیالیسـتیدا هەیە هەقـایەتی بەرگـوێ ئـاگردان و گـۆرانی یـارییە فۆلکلۆرییەکانی منـداڵانە. بە پێـی شـارەزایی و گەڕانی خۆمـان هەنـدێك لە هەقایەتەکانی بەرگـوێ ئـاگردان دەخەیـنە ڕوو، کە زۆربەیـان بـڵاو نەکـراوەن و لە کەسـانی بە تەمەن بیستوومە.

**٢-١-١ هەقایەتەکان:**

**- هەقایەتی یەکەم: مشك و کەستە خۆر:**

(هەبوو نەبـوو کەس لە خـوای گەورەتـر نەبـوو مشـکەك و کەسـتە خـۆرەك هەبـوون. مشـکی گـۆتە کەسـتەخۆرێ وەرە پازپـازانێ بکەیـن. مشـکی پـازدا چـۆ ئەوبەری جـۆگەی. کەستەخۆریش پازدا کەتە ناو ئاوێ مشك هەند پێکەنی.... هەند پێکەنی هەتا کشتەکێ قـونێی پسـا)(ئەم هەقـایەتەم لە بـاوکم مسـتەفا ئیسـماعیل بیسـتووە)دیارە ئەم هەقـایەتە لە فۆرمێکـی گاڵتەوگەپ دایە و خۆشییەك بە منداڵ دەبەخشێ و لە کورتیی و ڕووداوی کەم و تەکنیکەکەشی دیارە بۆمنداڵانی قۆناغی ڕیالیستی دەگونجێ. پەیامە پەروەردەییەکەشی ئەوەیە، کە منداڵان فێر دەکات هەموو کات بە قسەی برادەرەکانیان هەڵنەخەڵەتێن.

**- هەقایەتی دووەم: مەڕۆکە و بزنۆکە:**

(هەبـوو نەبـوو کەس لە خـوای گەورەتـر نەبـوو مەڕۆکەك و بزنـۆکەك هەبـوون. ڕۆیشتن هە ڕۆیشتن شەویان لێ بەسە داهات. بزنێ گۆ وەرە با خانییەکی بکەیـن. مەڕێ گۆ ئەمن خانی ناکەم ئەمن خوریم گەرمە سەرمام نابی. بزنۆکەی هەندەك بەرد و داری هینان و خـانیلۆکەکی دروسـتکرد و چـوو لە نـاوی پـارداوە. شـەوێ هەریـکردە بەفـر و بـارانێ مەڕۆکەی سەرما بـوو چـوو گـۆتییە بزنـۆکەی جێمکە بزنـێ گـۆ جێت نـاکەم. مەڕێ گـۆ: جێ لاقەکم کە. گـۆتی: جێت نـاکەم. گـۆتی: جێ دەسـتەکم کە. گـۆتی: جێت نـاکەم. گـۆتی: جێ نینـۆکەکم کە. گـۆتی: جێت نـاکەم. مەڕۆکە بەنابەدری چـۆ دەرێ، خـۆی ڕێك



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەرینا و شەوێ لە برسان مرد)(ئەو هەقایەتەم لە دیکم هەمین حەسەن بیستووە). پەیامی پەروەردەیی ئەم هەقایەتەش لەوەدایە، کە مرۆڤ دەبێت چوست و چالاك بێت و یەدەگی خۆی وەربگرێت و تەمبەڵی نەکات زۆر کەس پێی وایە ئەم پەندە هەر لەو هەقایەتە هاتووە کە پەندەکە دەڵێت: بزن لۆ شەوەکێ جێ خۆ خۆشەکا.

**- هەقایەتی سێیەم: ژەنگ و بەنگ:**

هەبوو نەبوو کەس لە خوای گەورەتر نەبوو بزنەك هەبوو دوو کارۆکەی هەبوون ناویان ژەنگ و بەنگ بوون. هەموو ڕۆژێ داکیان ئەچۆ چیای ئەلەوەڕا و هێوارانیش دەهاتۆ ئەیگۆ: ژەنگ و بەنگێ داکێ.. دەرکەی وەکەن لە ماکێ..شیری سپیم دەگوانادا..گیای شینم دەبن درانادا. ژەنگ و بەنگاش دەرکا کردۆ. ڕۆژەکی گورگی دیت، کە بزن دێتۆ مارێ خۆ بەو نەوعەی. ئەویش چۆ پێش دەرکەی مارێ بزنێ گۆتی: ژەنگ و بەنگێ داکێ دەرکەی وەکەن لە ماکێ شیری سپیم دە گوانادا گیای شینم دەبن درانا دا. گۆتیان بڕۆ ئەتو داکێ مە نی داکێ مە سۆرە چوو خۆی دە قوڕەسۆرێ وەردا و هاتۆ گۆتی: ژەنگ و بەنگێ داکێ.. دەرکەی وەکەن لە ماکێ.. شیری سپیم دە گوانا دا گیای شینم دەبن درانادا. گۆتیان داکێ مە شینە. چوو خۆی دە قوڕەشینێ وەردا و هاتۆ بەو دەستوورەی دەرکەیان لێ نەکردۆ. قۆچەکی لە دەرکەی دا و دەرکەی کردۆ وەژۆرێ کەت و ژەنگ و بەنگی خواردن.

بزن هاتۆ مارێ لە پێش دەرکەی گۆتی: ژەنگ و بەنگێ داکێ..دەرکەی وەکەن لە ماکێ شیری سپیم دە گوانادا..گیای شینم دەبن درانادا. دەرکە نەکراوە بزنێ قۆچەك لە دەرکەی دا وە ژۆرێ کەت تەماشەی کردێ ژەنگ و بەنگ نەماینە. بزن وەناو گوندی کەت چۆ سەربانێ هەرسێ بە پێیان لە بانی دا هەرسێ گۆ: ئەوە کێیە تەپەتەپێ کا... کاسەو کەوچکام پڕی خۆرەکا..مێوانم شەرمەزارەکا.

بزنێ گۆ: ئەوە منم من منۆکێ... دووچاوم هەنە بزبزۆکێ... کێ خواردیتی ژەنگ و بەنگێ من...بێتە شەڕە جەنگێ من.

هەرسێ گۆ: نەمخواردییە ژەنگێ توو.. نەمخواردییە بەنگێ توو. نایێمە شەڕە جەنگێ توو.

بزن وەسە بانێ گورگی کەت بەپێیای لەسە بانی دا.

گورگی گۆ: ئەوە کێیە تەپە تەپێ کا... کاسەو کەوچکام پڕی خۆرەکا.. مێوانم شەرمەزارەکا.

بزنێ گۆ: ئەوە منم من منۆکێ.. دوو چاوم هەنە بزبزۆکێ..کێ خواردیتی ژەنگ و بەنگێ من بێتە شەڕە جەنگێ من.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

گورگی گۆ: خواردیتم ژەنگێ توو.. خواردیتم بەنگێ توو دێمە شەڕە جەنگێ توو. وێکڕا ڕۆیشتن گۆتیان ئەچین بە شەرعەکەین.چوونە کن مەلای بە شەرع بکەن. مەلای درانێ گورگی دەرینان هەویری لۆ لێنان. قۆچێ بزنێی دەرینان ئێ پۆرای لۆ دانان. ئێجە گۆتی شەڕی بکەن. گورگی دەوێ خۆ لێکەکردۆ درانی پێك وانووسان. بزنێ قۆچەك لە هورگێ گورگی دا ژەنگ و بەنگ هاتنە دەرێ. بزنێ گۆ ئۆ لەکێ بوون. گۆتیان چووبووینە مارێ خارێ شیون خوارد بە مراکێ قوتۆ قوتۆ. هەقایەتم بڕا و هیچیشم پێ نەبڕا)(ئەم هەقایەتەشم هەر لە دایکم هەمین حەسەن بیستووە).

پەیامی پەروەردەیی ئەم هەقایەتە لەوەدایە منداڵ فێردەکات، ئەگەر کەسیان لە ماڵ نەبوو نابێت دەرگا لە کەس بکاتەوە، بیر تیژی منداڵ زۆر گرنگە کە وا پەروەردە بکرێ هەڵنەخەڵەتێ و کەسی نزیکی خۆی بناسێتەوە. لە لایەکی ترەوە فێڵبازی گورگەکە دەردەخات کە وا ڕەنگی خۆی گۆڕی و دواتر کە خواردنی دەرگاکەی وەکو خۆی لێ کرۆتەوە بۆ ئەوەی بزن زوو نەزانێت. هەروەها ڕاستگۆیی و چاونەترسی پەیامێکی تری چیرۆکەکەیە، ورچ نەیخواردبوون گوتی نەمخواردوون. گورگ خواردبوونی گوتی من بووم و بە مەردیش دێمە جەنگی تۆ. مەلا کە شەرعی بۆ کردن لای حەق و ڕاستی گرت. بەمەش پەیامێکی تری ئایینی دێتە دەست ئەویش ئەوەیە کە منداڵ فێر دەکرێت کە پیاوانی ئایینی هەمیشە لەگەڵ حەق و ڕاستی دان بۆیە مەلا لای بزنەکە دەگرێت و کارێکی وا دەکات کە بزن لە شەڕەکە بەسەربکەوێت. لەبەر هەبوونی ئەو دەقانی کە وەکو شیعرن لە ناو هەقایەتەکە ئەوە شیعییەتێکی جوانی بە هەقایەتەکە داوە و منداڵی ئەم قۆناغە حەزی پێدەکەن.

**٢-١-٢ یاری و گۆرانییەکانی**

یاری و یاریکردن بەشێکی گرنگیی ژیانی منداڵ پێکدەهێنێت، ئەوەی لەویش گرنگترە ئەو دەقانەی، کە لەگەڵ یارییەکاندا گوتراون و پەیامی پەروەردەییان پێبووە. هەروەك لە بەشی تیۆرییەکەش باسکرا و ڕوون کرایەوە. یارییەکان دابەش دەبن بۆ سێ جۆر:

**١- یاری کچان.**

**٢- یاری کوڕان**

**٣- یاری کوڕان و کچان پێکەوە.**

١- **یاری کچان:** چەندین یاری کچانە هەیە، کە لەم تەمەنەدا ئەنجامی دەدەن، لە هەر دەڤەرێك و شوێنێك بە جۆرێکە. بە پێی زانیارییەکانمان زۆربەی یارییەکانی منداڵانی ئەم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

قۆناغە دەقی لەگەڵدا نییە، چونکە منداڵەکان بچوکن و دەقیان پێ لەبەر ناکرێت، یارییەکانیش وەك:

أ- **بوکانێ**: یاری بە بووك دەکەن و دەیرازێننەوە و گەلێك جاریش نان و ئاوی پێدەدەن، ب- **یاری خانیلۆکانێ** یان خانۆچکانێ: کۆمەڵێك کچ کۆ دەبنەوە و هەریەکە و خانیۆکەیەك بە بەرد دروست دەکەن و دەچنە ماڵی یەکترو خواردن دەخۆن واتە زیاتر شێوەی شانۆگەری هەیە و نواندنی تیدایە.

٢- **یاری کوڕان**: ئەویش بە هەمان شێوە یارییەکانیان لە شێوەی شانۆگەری دایە و جولانەوە و نواندنی تێدایە و دەقیشی زۆر کەم تێدایە بۆ نموونە:

أ- **یاری ترومبێلانێ** یاری بە ئۆتۆمبێلی منداڵانە دەکەن و دێن و دەچن بە بێ ئەوەی دەقی لەگەڵدابێت،

ب- **(کاروان و کاشی)**: کۆمەڵێك کوڕ پێکەوە لە شێوەی بازنە دایە، پشتی یەکتر دەگرن. ئەوە دەقێکی کورتی تێدایە و دەڵێن: **کاروان و کاشی........ ئاسکەم بلباشی**(لە منداڵانی خۆم وەرم گرتووە).

٣- **یاری کوڕان وکچان**: لەم تەمەنەدا یاری کوڕان و کچان پێکەوە کەم بەرچاو دەکەوێت ئەوەی هەیە گەورەکان یارییان لەگەڵ دەکەن یان پێیان دەکەن وەك:

أ- **(فڕی فڕی قەل فڕی)**، کە شێوەی ئەنجامدانی بەم شێوەیەیە: باپیرە گۆچانەکەی دێنێت و منداڵان لە دەوری کۆدەبنەوە و باپیرە پەنجەی شەهادەی لەسەر گۆچانەکە دادەنێت و منداڵەکانیش وادەکەن. باپیرە دەڵێت فڕی فڕی قەل فڕی. دەبێت هەموویان پەنجەی شەهادەیان بڵند بکەن ئەگەرنا تێدەکەون. جا باپیرە جاری دووەم دەڵێت فڕی فڕی (کۆتك) فڕی ئەوەی پەنجەی بڵند بکات تێدەکەوێت، چونکە کۆتك واتە جام نافڕێت. با بڵێین یەکێك تێکەوتووە با بزانین سزاکەی چییە؟ باپیرە پێی دەڵێت: گاڕانێ خۆت هاویشتە کێندەر؟ ئەویش دەڵێت: **گاڕانێ خۆم هاویشتە دۆرێ**. باپیرە پێی دەڵێت: **کیری مندارات دە زەندۆرێ**، یان دەڵێت: **گاڕانێ خۆم هاویشتە تیشی** باپیرەش دەڵێت: **گووت بە ئیشی دەگە ڕیشی تێت وە کیری مام دەروێشی**. بێگومان مەرج نییە هەموو دەقێکی فۆلکلۆری منداڵان دەقێکی پەروەردەیی ڕاست بێت ئەوەتا لەم دەقەدا باسی ئەندامی نێرینە دەکرێت ئەوەش بۆ ئەم منداڵانە شتێکی ڕاست و پەروەردەیی نییە. بە ڕای ئێمە ئەوە بۆ چەپاندنی سێکسی دەگەڕێتەوە لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان ڕێگری ئایینی و کۆمەڵایەتی و دابونەریت ڕێ بە ئازادی سێکسی نەداوە، بۆیە لەو جۆرە یارییانەدا دەری دەبڕن. لە مەتەڵیشدا ئەوە بەرچاو دەکەوێت دواتر باسی دەکەین. ئەوەی لەم یارییە فێری منداڵ دەکرێت ئەوەیە، کە منداڵان فێری وردیی و سەرنجدان دەکات، کە باپیرە چ دەڵێت، فێریان دەکات کە زەین و هۆشیان لای باپیرە بێت، ڕەنگە ئەوەش



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سوودی هەبێت و منداڵ فێر بکات کە سەرنج بداتە مامۆستاکەی لە کاتی ڕاڤە کردنی وانەدا، کە چی دەڵێت.

ب- **هەللوور بەللور:** ئەم یارییە لە نێوان کوڕ و کچان دەکرێت. دوو منداڵ یان چەند منداڵێك بەرامبەر یەك دادەنیشن و پێیەکانیان بەرامبەر یەك دادەنێن و بە پەنجە نیشانە بۆ پێیەکان دەکەن بە ڕیز و ئەو دەقەی لەگەڵ دەڵێن:

**((هەللوور بەللور تەکامە**

**زەرد و سۆر و شەمامە**

**ئارنجی بر بارنجی**

**سلێمان قنجی**

**عەیشێ ماوا**

**لە خۆشناوا**

**ئەگری چاوا**

**چاوێ بە گوو**

**پێم تێڕاچوو**

**هەستە ئەتوو))**

لەو کاتە یەك لە پێیەکان دەبێت هەڵبگیرێ جا هی کامەیان بێت. (ئەم دەقەم لە منداڵانی خۆم بیستووە و خۆشم لە بیرم ماوە).پەیامی پەروەردەیی ئەم دەقە ئەوەیە، کە باسی ڕەنگ و ئاڵ و واڵایی دەکات ئەمەش بۆ منداڵانی ئەم قۆناغە چێژ بەخشە و فێری یاریشیان دەکات. دەکرێت منداڵانی ئەمڕۆش سوود لەم یارییە وەربگرن بۆ فێربوونی ڕەنگەکان.

ت- **خارخارۆکە:** ئەم یارییە منداڵی بچووك کچ و کوڕ دەیکەن. یارییەکە بە تەنهایە خارخارۆکەیەك لەسەر دەستی خۆی دادەنێت و قسەی لەگەڵدا دەکات و پێی دەڵێت:

**خارخارۆکە ماری خارم لە کێیە؟** ئەوە زۆر دووبارە دەکاتەوە هەتا خارخارۆکە دەفڕێت، بەرەو کام لا ڕۆیشت منداڵەکە پێی وایە ماڵی خاڵی لەوێیە. پەیامی پەروەردەیی لەم یارییەو دەقە کورتەدا خۆشەویستی خاڵە بۆ منداڵەکە، ئەمەش لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە گرنگە. منداڵ فێری خۆشەویستی خێزان و فامیلی دەکرێت.

## ٢-٢- کاریگەری ئەدەبی فۆلکلۆری منداڵان لە پەروەردەکردنی منداڵانی قۆناغی ئەندێشەی فراوان.

ئەم قۆناغە وەك باسکرا لە تەمەنی شەش ساڵی دەستپێدەکات تا دەگاتە تەمەنی هەشت ساڵی، سەرەتای چوونە دەرەوەی منداڵە لە چوارچێوەی ماڵ و ژینگەکەی فراوان دەبێت. لە ڕووی دەروونیشەوە خەیاڵیان فراوان دەبێت و لە چوارچێوەی تەسکدا نامیننەوە. کۆمەڵێك یاری و حەکایەت و مەتەڵ کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر پەروەردەکردنی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

منداڵانی ئەم قۆناغە. بەپێی هەبوونی زانیاری و شارەزایی خۆمان چەند یاری و مەتەڵ و حەکایەت و دەقەکانیان پێشکەش دەکەین: سەرەتا یارییەکان باس دەکەین و لە یاری کچانیش دەستپێدەکەین:

**٢-٢-١ یاری کچان:**

١- **پێنجوکانێ**: یارییەکە لەنێوان دوو کچ دەکرێت و بە پێنج بەردی وەك کڵۆی شەکر دەکرێت و بەشەکانی بریتین لە(**پاتۆکە، قلینچك، ناوەندۆك، کەربی کەرێ، فتێ گۆلکێ، پفوبا، پانەقۆچ، شاخی سۆر، قۆچێ بزنێ، گاڕانێ گچکە، گاڕانێ گەورە، مەللا، گوێ کەرێ، ناوەندۆك، پەنجە تووتە، پەنجەڕیخ، قەبرێ جووی، قەبرێ ئیسلامی**).

ئەم یارییە زۆر دەقی لەگەڵدانییە و لە هەر شوێن و دەڤەرێك جۆرێکە و هەنگاوەکانیش دەگۆڕدرێن، لە سەرەتای دووهەزارەکان کچەکەی خۆم بینی یاری پینجوکانێی دەکرد، بەڵام هەنگاوەکانی ئەوەندە زۆر نەبوون. ئەمەش واتای ئەوەیە کە یاریەکە لەگەڵ سەردەمی پڕ کاریی و سەردەمی تەکنەلۆجیا خۆی گونجاندووە. جاران چونکە خەڵك بێ کار بوو کاتیان زۆر تر بوو بۆیە یارییەکەش دوور و درێژتر بوو. لە بادینان لە قۆناغی مەللا دەقی لەگەڵ دەگوترێ لە بەشێکی دەقەکە دەڵێن:

**((دارا زێدە**

**خرەك لێدا**

**چوو دگەڕێ دا**

**کەر گەڤزی**

**شەیتان ڕزی))** (سالح،٢٠٠٩: ٥٩)

لەم دەقەدا پەیامی پەروەردەیی ئەوەیە، پەیامێکی ئایینی پێیە ئەویش ئەوەیە، کە دەڵێن کەر و شەیتان پێکەوە باس دەکات کەر گەڤزی واتە خۆی لە خۆڵ وەردا و گەوزی، شەیتان ڕزی واتە بۆ منداڵ ڕوون دەبێتەوە کە شەیتان خراپە و خراپەکاری دەکات و بۆیە با بڕزێت و لەناوبچێت.

٢- **مۆریانێ**: ئەم یارییە لە نێوان دوو کچدا ئەنجام دەدرێت. ئەگەر لەدەرەوە بیکەن چاڵێکی بچووك دروست دەکەن و ئەگەر لە ژوورەوەش بیکەن لەسەر فەرشی ماڵ گوڵێك بە نیشان دەکەن و دەیکەن بەشار یارییەکەش وایە مۆرییەك دادەنێن لە دووری نیو مەتر لە شارەکە ئینجا بە نۆرە بە پەنجەی ئەسپێ کوژە پاڵی پیوە دەدەن کە بیخەنە چاڵەکەوە و دەبێت بە ژمار بیان خەنە چاڵەوە. ئەم یارییەش دەقی لەگەڵدا نییە.

٣- **ساپ ساپانێ**: ئەم یارییە لە نێوان دوو کچدا دەکرێت و لە شێوەی لاکێشەدا خەتێك دەکێشن و دواتر سێ خەت بە ئاسۆیی و خەتێکیش بە ستوونی دەکێشن واتە هەمووی دەبێتە شەش خانە. ئینجا ساپەکە، کە بەردێکی پانە و بە قەد کفتەیەك دەبێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سەرەتا بۆ دەستپێکردنی یارییەکە تەڕ و هیشکانێ دەکەن بزانن کێ یەکەمجار دەستپێدەکات، دواتر کامەیان بردییەوە دەست بەیارییەکە دەکات و دەبێت ساپەکە بەیەك پێ لە هەموو خانەکان دەربچوێنێ لە کوێ کەوت ئەوەی تر دەستپێدەکات و بەمشێوەیە بەردەوام دەبێت. وەکو بزانم ئەم یارییەش دەقی لەگەڵدا نییە.

٤- **حەبلانێ:** دوو کچ یان هەندێك جار یەك کچیش بۆ خۆی دەیکات. حەبلێك دێنێت، کە بەقەد بالای خۆی بێت و هەڵبەز و دابەزی لەسەر دەکات و دەقیشی لەگەڵدا نییە. ئەم یارییە سوودی جەستەیی بۆ منداڵ زۆرە و وەك وەرزشێك وایە.

**- یاری کوڕان لە قۆناغی ئەندێشەی فراوان:**

لەم قۆناغەدا منداڵانی کوڕ کۆمەڵێك یاری ئەنجام دەدەن وەك:

أ- **کەلایانێ (هەڵماتێن):** کەلایانێ یارییەکی کوڕانەیە، بە دووکەس یان زیاتر دەکرێت، بە زۆر شێوە و بەپێی دەڤەرەکە دەگۆڕێت. لە لای ئێمە(دەشتی هەریر)بەم شێوەیە دەکرێت: بۆ نموونە ئەگەر یاریکەرەکان چوار کەس بوون، هەر یەکە و تاکەیەك دادەنێت زۆر جار پارەی ئاسن بوو بە ڕیز دایان دەنان و بە دووری سێ مەتر بەردێکیان دادەنا وەك شار کەلایەکانیان دەهاویشتە بەردەکە کامە لە هەموویان نزیکتر بوو دەبووە مەرە، ئەوەی لە دوای ئەو دوومەرە بوو، ئەوەی تر سێ مەرە، ئەوەی کۆتایی دەبووە قارە. ئینجا یەکەمجار مەرە کەلایەکەی بۆ ناو تاکەکان دەهاویشت، ئینجا دوو مەرە، پاشان سێ مەرە دەیتوانی تاکەکان بخوات ئەگەر لێی بدابوایە، بەڵام مەرە و دوو مەرە نەیان دەتوانی تاکەکان بخۆن ئەگەر لێشیان بدابوایە، پاشان قارە کەلاکەی خۆی دەهاویشت ئەگەر لە تاکەکی بدابا یەکسەر دەیتوانی بەرامبەرەکەی بکوژێت واتە لە کلاکەی ئەوی دەدا و دەکوژرا و بەمشێوەیە بەردەوام دەبوو. ئەوەی من بزانم ئەم یارییەش دەقی لەگەڵدا نییە.

ب- **پەلیکانێ(هەلوکێن):** ئەم یارییە لە نێوان دوو کوڕ ئەنجام دەدرێت پێکهاتووە لە پەلیك واتە دارێکی کورت بە قەد بستێك و دار پەلیك بەقەد هەشتا سانتیمەتر. ئەم یارییەش بە زۆر شێوە دەکرێت و بە پێی دەڤەر و ناوچە دەگۆڕێت. لە دەڤەری ئێمە بەمشێوەیە دەکرێت: چاڵێکی بە قەد مشتە کۆلەیەك لێدەدرێت، پەلیکەکەی لەسەر دادەنێن وبە دار پەلیکەکە لە بنی هەڵدەدەن، بەرامبەرەکەشی دار پەلیکێکی تری پێیە و دەتوانێ لە پەلیکەکە بدات بۆ ئەوەی زۆر نەڕوات دواتر ئەوەی یەکەمجار لە پەلیکەکەی داوە بە دار پەلیکەکەی هەنگاوەکان دەژمێری لەو شوێنەی پەلیکەکەی لێکەوتووە هەتا شاری چەند بی بە بەرامبەرەکەی دەڵێت ئەوەندە کرمەت تێدایە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- **یاری کوڕان وکچان:** کۆمەڵێك یاری هەن کوڕان و کچان پێکەوە ئەنجامی دەدەن و لەم تەمەنەشدان. بەپێی زانیاری خۆمان و وەك بیستوومانە هەندێك یاری باس دەکەین.

أ- **هەیـاران و مەیـاران:** ئەم یـارییەش بەپێـی دەڤەرەکە دەگۆڕێـت و ناوەکەشـی لە هەمـوو شـوێنێك وەك یەك نییە.منـداڵەکانیش لە تەمەنـی جیـاواز دان واتە مەرج نیـیە تەنهـا منـدالانی ئەم قۆنـاغە ئەم یـارییە ئەنجـام بـدەن. لەلای ئـێمە بەمشـێوەیەیە: کـوڕ و کـچ پێکەوە ژمارەکەی دیار نییە، دەکرێت زۆر بن، یەکێـك دەکەنە شەمووله دەم و چاوی بە خەڵـووز ڕەش دەکەن و شـەوانی پـایز کە کـاتی بـارانە و بەڵام دواکەوتـووە منـداڵان پێکەوە دەچنە پێش ماڵان و پێکەوە دەڵێن:

**(( هەیاران و مەیاران**

**یاخوا بکاتە باران**

**بۆ فەقیر و هەژاران**

**دەغری حەسەن و حوسێنان**

**هەمـوو قـڕ بـوو لە تێنـان))(ئەم دەقەشـم هەر بەبیـر مـابوو)**. دوای ئەوە لە پـێش ماڵەکـان ڕادەوەستن و دوو کەس شەمولەکە هەڵدەپەڕێنن و دەڵێن:

**شەمووله شەکری دەوێ**

**پارە نەبی نایهەوێ.** ئینجا خاوەن ماڵ شتیان دەداتێ وەك(شەکر، مێوژ، لەتکە هەنجیر...هتد بەم دواییانە پارەشیان دەدانێ. پەیامی پەروەردەیی ئەم یارییە ئەوەیە، کە منداڵەکان پێکەوەن کـوڕ و کچـیش بەیەکەوەن هەم چێـژ دەبیـنن و هەم ئەرکێکـی کـۆمەڵایەتیش بەجـێ دەگەیەنن و پێیان وایە دوای ئەوە باران دەبارێت. دەپاڕێنەوە و باسی حەسەن و حوسێن دەکەن بە واتای ئەوەی ئەم دوو برایە غەدرێکی گەورەیان لێکراوە و خودا لەبەر خاتری ئەوان بـاران دەبارێنێت، یـان خەڵـك هەمووی وەکـو حەسـەن وحوسـێنانی لێهـاتووە و زۆر بێتـاوانن و خـودایە بارانیان بۆ ببارێنی.

**ب- یاری هە ڕێوی ڕێوی:**

ئەم یـارییەش هـی کـوڕان وکچـانە بەیەکەوە دەسـتی یەکتـری دەگـرن و لەشـێوەی هەڵپەڕکێ(داوەت) وەکو بازنە دەسوڕێن و ئەم گۆرانییە دەڵێن:

هە ڕێوی ڕێوی هێ

ڕێوی بێ ئیمان هێ

سەرۆکی شەیتان هێ

قاقەز ئەنووسم لۆ هێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**٢-٣ کاریگەری ئەدەبی فۆلکلۆری منداڵان لە پەروەردەکردنی منداڵانی قۆناغی پاڵەوانێتی:**

ئەم قۆنـــاغە تەواو پێشـــکەوتووە و لەنـــاو جەرگەی کۆمەڵگـــادایە، بەرەو کۆمەڵایەتیبوون و هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی هەنگاو دەنێ، بۆیە ئەو جۆرە دەقانەی فۆلکلۆری، کە باسی ژیان و ئازایەتیی و سوارچاکی دەکەن ئەوانە کاریگەرییەکی تەواویان لەسەر ژیانی ئەو منداڵانە هەیە. بە ڕاددەی هەبوونی زانیاری خۆمان و ئەو سەرچاوە و گەڕانەی کردوومانە هەندوێك لەو دەقانە دەخەینە بەرچاو.

**٢-٣-١ حەکایەت:**

أ- هەبوو نەبوو کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، مارە ڕەوەندەك هەبوو مریشکەکیان هەبوو، مریشك کورك ببوو. مارە ڕەوەند باریان کرد و هەواریان گواستەوە. مریشکیان لەبیر کرد. مریشکێ جووچکە دەرینان و هاتۆ سە هەواری جێیەکی چۆل و هۆل کەس دیار نەبوو.

مریشك ڕۆیی، هە ڕۆیی، هە ڕۆیی هەتا گەیشتە مارێ مام حەیدەری شاوری، مام حەیدەری شاوری تاژی و توولەی هەبوون ڕاویەکرد.

ڕیوی هات  بە مریشکێی گۆت: فەرخاتە خۆم.

مریشکێ گۆ: جارێ جوچکەم گچکەنە، وکی گەورە بوون ئێجە وەرە بیانخۆ.

ڕیوی گۆ: باشە. فەترەك پێچوو ڕیوی هاتۆ

گۆتییە مریشکێ: ئێجە ئەوە فەرخەت گەورەبووینە هاتیمە بیانخۆم.

مریشکێ گۆ ڕاوەستە ئەلعان دێمۆ، بە دزی چوو وەیگۆتە مام حەیدەری: خۆت حازرکە ڕیوی هاتییە ئەرێ فەرخاتە خۆم وکی وەمگۆ لۆم بگرە ئێجە بتبینم تاژی و تولانی تێبەردە.

مام حەیدەری گۆ: باشە بەسەرچاو خەمت نەبی.

مریشك چۆوە کن مام ڕیوی گۆتی: وەرە با هەندەك داوەتێ بکەین ئیجە فەرخەکان بخۆ

ڕیوی گۆ: باشە

دەستیان بە شاییێ کرد ئەو بەندانەیان لۆ ئێك ئەگۆتن

ڕیویە گۆ: **مریشکێ مریشکە لانێ**

**سینگت خۆم سیقەدانێ**

**وەرە با بکەین دیلمە و دیلانێ**

مریشکێ گۆ وەڵڵا مام ڕیوی قسەکی وەت کرد کورتژنم کەتە دری.

مریشکێ گۆ:  **مام حەیدەری شاوری**

**مریشکە قوندەت دەبە مری**

**لۆم بگرە ڕیوێ چەقەری**



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئێجە مام حەیدەری شاوری گۆ: دۆیهە، تاژی و تووله کەتنه دوو ڕێوی و لێك و پێكیان دەرینا. مریشكیش ڕزگاری بوو، كارەكم دڕا و چم پێنەبڕا.))(ئەم حەكایەتەم له خوشكم عەتیه مستەفا وەرگرتووە).

پەیامی پەروەردەیی لەم حەكایەتە ئەوەیە، كە مندال دەزانێت ڕێوی ئەو ئاژەڵەیە كە دوژمنی مریشكە و لەهەمان كاتیشدا فێڵبازە و نابێت باوەڕی پێبكەیت، هەروەها زۆرزانی و تاكتیكی مریشك فێری ئەو مندالانە دەكات، كە ئەگەر مرۆڤ كەوتە ناو داوێكەوە بتوانێت تاكتیك بەكار بهێنێت و خۆی ڕزگار بكات. لەلایەكی ترەوە منداڵی ئەو تەمەنە وێناندن بۆ شتەكان دەكات ئەو وێنەیەی، كە تاژی و توولەكان هێرش بۆ ڕێوییەكە دەبەن چێژێكی زۆر بەمنداڵەكان دەبەخشێت و خۆیان له جێی مام حەیدەر دادەنێن.

## ٢-٣-٢ مەتەڵ(مەسەلۆك، مەتەرۆك):

مەتەڵ یان مەسەلۆكە بۆ زاخاودانی مێشك بە سوودە و لێزانیی گەل و تاكەكانی دەردەخات، وەك لە بەشی تیۆری باسمان كرد مەتەڵ تەنها لە فۆلكلۆر باس نەكراوە، بەڵكو شاعیرانیش مەتەڵیان هەیە و لە شێوەی شیعردا مەتەڵەكەیان دارشتووە، بە بیر و ڕای ئێمە مەتەڵ یان مەسەلۆكە بۆ مندالانی ئەم قۆناغە زیاتر گونجاوە، چونكە گەیشتوونەتە تەمەنێك پێویستیان بەوەیە زیاتر مێشكیان فراوان بێت وئامادەبن بۆ هەنگاوی زیاتری ژیان و بابەتەكانی.

مەتەڵ لەسەر هەموو بابەتەكانی ژیان هەیە، بۆیە منداڵ زانیاری لەسەر هەموو بابەتەكانی ژیان پەیدا دەكات و بە ڕێگایەكی سەرنجڕاكێش، كە پرسیارێكی خۆش و هەندێك جاریش ناوەرۆكێكی گاڵتەئامێزی هەیە.

**١- سەرەتا ئەو مەتەڵانە دەهێنینەوە كە بە شێوەی پەخشانن:**

- **قەسری سپی سواندێ كەسك. (پیاز)ە.** (ئەم مەسەلۆكەیەم لە باوكم بیستووە)، واتە منداڵ فێردەبێت بیر بكاتەوە و مەتەڵەكە هەڵبهێنێ. لە زۆربەی مەتەڵەكان وێكچوونێك هەیە بۆنموونە زۆربەی قەسرەكان سپین، پیازیش سپییە. سواندەی جاران زۆریان كەسك بوون گەڵای پیازیش كەسكە.
- **مردی كیر ڕەپ.(مەسینەیە)**(ئەو مەسەلۆكەشم لە باوكم بیستووە). وەك گوتمان ناوەرۆكی مەسەلۆكەكان وەكو نوكتە هەندێكیان مەسەلە سێكسییەكان دەوروژێنن. ئەمەش لەبەر چەپاندنی سێكسە لە كۆمەڵگای ئێمەدا. لەم مەسەلۆكەیەش وێكچونێك هەیە لە نێوان لوولەی مەسینەكە و ئەندامی نێرینەی مرۆڤ.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێكۆڵینێن كوردی

- **کەر مردی بار زندی.(لانك)ە**(ئەم مەسەلۆکەیەشم لە باوکم بیستووە)، واتە لانکەکە مردووە و وەکو کەریش وایە، کە خەڵك سوودی لێوەرگرتووە، بارەکەشی منداڵە، لێرەدا ڕەوانبێژییەکە وەکو دژیەك وایە.
- **یەکە و لە هەزار گەورەترە.(خودا)یە**.(عەبدوڵلا،٢٠١٤: ٢٨٠). پەیامی پەروەردەیی لەم مەتەڵە پەیامێکی ئایینیە و منداڵان ئاشنای بنەماکانی ئایین دەکات، کە یەکەم جار مرۆڤ دەبێت خودای خۆی بناسێت.
- **لە زگێ داکێ دێتە دەرێ، پشتێ بابیە خورینی.(شقارتە)یە**(ئەم مەسەلۆکەشم هەر لە باوکم بیستووە). هەندێك لە مەتەڵەکان شێوەیەکی کۆمیدییان هەیە، منداڵ بیر دەکاتەوە چۆن، کە منداڵ بوو یەکسەر پشتی باوکی دەخورێنێ، بۆیە مێشکی دەجوڵێنێت و ئەگەر زانی ئەوە دیارە زیرەکە، ئەگەر نەیزانی کاتێك بۆی ئاشکرادەکەیت زۆری پێ جوان دەبێت و لەبیری ناکات.

**٢- ئەو مەتەڵانەی لە شێوەی یەك دێڕە شیعردان:** بێگومان ئەوانە شیعر نین دەتوانین بڵێین ئەوانە پەخشانی سەروادارن واتە (النثر المسجع). چەند نمونەیەکیش لەم جۆرە دەهێنینەوە.

- **بووك لە خانی........... کەزی لەسەر بانی.(پیفۆك)**(ئەومەتەڵەم لە باوکم بیستووە). پیفۆك جۆرە خواردنێکی بەهارییە لە تیش و ناو زەوییان شین دەبی، خۆی لە بن زەوییە هەڵیدەقەڵێنی و وەکو کەلایەکی شووشەی بچووك وایە بەرگێکی وەکو گوێز هیندی لەسەرە و پاکی دەکەیتەوە و دەیخۆی گەڵاکانیشی لەسەر زەوین بەوە دەیدۆزیتەوە و دەیناسیتەوە، واتە دیسان وێکچوون هەیە.بەمجۆرە منداڵ ئەو جۆرە گیایە دەناسێت.
- **تەپ لەسەر تەپی......... دەستت لە شینە ڕەپی.(دەستاڕ)ە**(ئەم مەتەلەشم هەر لە باوکم بیستووە).ئەم مەتەڵەش شیوە و دەربڕینێکی سێکسی پێوە دیارە، بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستی دەستاڕە، کە دوو بەردی خڕی گەورەن، هەردووکیان لەسەر یەك دادەنێن هەردوکیان لە ناوەڕاستدا کونن، ئەوەی سەرەوە لە لایەکی کونێکی تری تێدایە و دارێکی بە قەد ناولەپی مرۆڤ و بەقەد بستێك درێژی تێدەکوتن و دەستاڕگێڕەکە دەستی خۆی تێدەگرێت. منداڵ هەم کەرەسە فۆلکلۆرییەکە دەناسێت و فێریش دەبێت، کە بۆچی بەکاردێت.
- **سپی سپی پەریخان.......... دایمە دەچتە دیوەخان.(برنج)ە**.(جەمال،٢٠٠٦: ٥٧). ئەوەش واتای ئەوەیە، کە منداڵ فێربێت و بزانێت برنج ئەو خواردنەبووە زیاتر بۆ دیوەخانان چووە، واتە مرۆڤی هەژار و نەدار پارەی برنج کڕینی نەبووە و برنج تەنها خۆراکی دیوەخان و ئاغاکان بووە.


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

- **بە گەرمایێی جلەکەم........ بەسەرمایێی ڕووتەکەم.(سێری نان(ساج).**(ئەم مەتەڵەشم هەر لە باوکم بیستووە). لێرەشدا وێکچوونەکە هەر بەردەوامە کاتی نانکردن گەرمەو ئەو سێرە ئاگری لە بنە، نانیشی لەسەر دروست دەکرێت واتە وەکو ئەوە وایە حلی پێدا بدەی، کاتی کارەکەش تەواو بوو ئەوا ڕووتە و هیچی لەسەر نییە. منداڵ فێری ناوی کەرەسەکە دەبێت و بیرکردنەوەشی تیژ دەبێت.
- **فەرشی سەوزە لە دەم حەوزە.......... نەسلقە نە کەرەوزە(فریز)ە.**(جەمال،٢٠٠٦: ٦١). مەبەست لێی چیمەن و فریزە، کە حەزی لە دەم ئاو و حەوزە، کە سەوزە و لێرەدا بە گەڵای سڵق و کەرەوز چوێنراوە.
- **مامەکم هەیە لە دەشتێ....... سی و سێ کونی دە پشتێ.(داوە کا).**(ئەم مەسەلۆکەیەشم لە باوکم بیستووە). لە مەسەلۆکە یان مەتەڵی کوردەواری ئەوە زۆر دووبارە دەبێتەوە مامەکم هەیە یان خارەکم هەیە. منداڵ لەم مەتەڵە فێری کەرەسەیکی تری فۆلکلۆری دەبێت، کە باب و باپیرانی ئێمە بەکاریان هێناوە بۆ کاکێشان لە هاویناندا و بەپشتی وڵاغ کارەکە ئەنجامدراوە.

**٣- ئەو مەتەڵانەی لە یەك دێرە شیعر زیاترن:** بۆ ئەم جۆرەشیان چەند نموونەیەك دەهێنینەوە.

- **ئەگەر دێ پیرە**

**دادەنیشی دەڵێی میرە**

**دەڕوا فەقیرە...(بەفر)ە.**(جەمال،٢٠٠٦: ٨). واتە کە بەفر دێت وەکو پیرێك وایە و سەری سپییە، کە هات و دنیای سپی کرد وەکو میر وایە و گوێ بە کەس نادات، کە ڕۆیشتیش بە هەژاری دەڕوات. منداڵ فێر دەبێت، کە پیر واتە سەری سپی و میر یان ئاغا وەکو خەڵکێکی ئاسایی نییە و فەقیریش دەناسێت، کە کێیە و ڕەنگە پیویستی بە یارمەتی بێت.

- **چوومە سەر گردەکی**

**پێم کەتە کووپەکی**

**هەموو هات لە ڕەنگەکی..(شارە مێروولە).**(ئەم مەتەڵەم لە باوکم بیستووە). پەیامی پەروەردەیی ئەم مەتەڵە ئەوەیە، کە منداڵ خۆشەویستی بۆ مێروولە دەجوڵێت و بە پێیەکانی ئازاری نادا.

- **یەك دەبێ بە هەزار**

**دەچێنرێ لە دەشت بە بار**

**بە کاروان دەبرێ بۆ شار..(گەنم)ە.**(جەمال،٢٠٠٦: ٣٦). ئەم مەتەڵە زانیاری بە منداڵ دەدات، کە گەنم چۆن دەچێنرێت و یەك دەنکە گەنم زیاد دەبێت و دەبێتە هەزاران دەنك وڕەنگە پرسیار لە بەیار بکات و پێی دەڵێن ئیتر زانیارییەکی تەواو وەردەگرێت.



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

– جۆرە دەقێکی تر هەیە وەکو شیعر وایە و پەیامێکی پەروەردەییشی پێیە. بۆنموونەکاتێك پەرەسێلکە دێت و لەسەر پەنجەرەی ماڵان هێلانە دەکات و لەسەر زمانی پەرەسێلکە گوتراوە: **ئاوێ دینم لە مەدینێ**

**قوڕێ دینم لە قوڕە شینێ**

**ئەوەی هێلانۆکەم لێ تێکدا**

**ئێکی لە ماڕێ بابی نەمینێ**.(بەمنداڵیی بیستوومە).

ئەوە پەیامێکی پەروەردەیی جوانی پێیە، کە منداڵ هێلانە تێك نادات، چونکە پێی گوتراوە کە مەدینە شوێنێکی پیرۆزە و ئەو باڵندەیەش پیرۆزە و زۆر ماندووە، نابێت ئەزیەت بدرێت. جا کە منداڵ ئەزیەتی پەرەسێلکەی نەدا ئەزیەتی چۆلەکەش نادا و بەمشێوەیە ئاژەڵیشی خۆشدەوێت و ئەزیەتی نادا.

– نەریتێکی تری پەروەردەیی ئەوەبوو، ئەگەر منداڵ هەناری بخواردبا پێیان دەگوت دەنکێکی لە بەهەشتەوە هاتووە، بۆیە منداڵەکە هەوڵی دەدا یەك دەنك هەنار نەڕێژێت، چونکە دەیگوت لەوانەیە ئەو دەنکە هی بەهەشت بێت. بەوەش منداڵەکە پاك و خاوێنی خۆی و شوێنەکەی ڕادەگرت.

**ئەنجامەکان:**

- ئەدەبی فۆلکلۆری منداڵانی کورد دەوڵەمەندە، بەڵام وەکو پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە.
- هەموو ژانرەکانی ئەدەبی منداڵان، بۆ تەمەنی منداڵان چێژبەخش نییە، بۆیە ڕەچاوکردنی تەمەن هەنگاوێکی زانستییە.
- گۆرانی یاری بۆ منداڵانی قۆناغی ئەندێشەی ئازاد(٦-٨)ساڵیی و قۆناغی(٨-١٢)ساڵیی زۆر گونجاوە و بنەمای پەروەردەیی زۆری تێدایە.
- مەرج نییە هەموو دەقێکی فۆلکلۆری منداڵان پەروەردەیی بێت.
- ناوەڕۆکی مەتەڵەکان لە بیر و زەینی منداڵان نزیکن مێشکیان دەبزوێنێت.
- هەندێك لە مەتەڵەکان شێوازێکی سێکسیان هەیە، ئەویش لەبەر چەپاندنی سێکسە لە کۆمەڵگای ئێمەدا.

**– پێشنیاز و ڕاسپاردەکان:**

- پێشنیاز دەکەین لە هەموو زانکۆکانی کوردستان سەنتەرێکی کۆکردنەوە و توێژینەوە و پۆلێنکردنی فۆلکلۆر بە گشتی و ئەدەبی فۆلکلۆری هەبێت.
- مامۆستا و قوتابیانی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا هان بدرێن بۆ کۆکردنەوەی کەرەسە و ئەدەبی فۆلکلۆری.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- هەوڵ بدرێت ئەرکی کۆکردنەوە ی فۆلکلۆر لەسەر شانی تاکەکەس نەبێت و حکومەت ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ.
- دەکرێت ئەو حەکایەت و گۆرانی یاری و مەتەڵانە وەك ئەنیمەیشن و بەرنامەی ئەلیکترۆنی داخیلی ئەنتەرنێت بکرێن و منداڵی کورد سوودی لێ ببینێت.

## سەرچاوەکان:


- ئەحمەد، نەوزاد عەلی، منداڵ و ئەدەب، چاپخانەی ڕوون، هەولێر، ٢٠٠٦.
- ئەفخەمی، ئیبراهیم، بنەڕەتی مەتەڵی کوردی، چاپخانەی هادی، تبریز، ١٣٦٨.
- ئورتوغرول، خالد،و/ پەیام عوسمان، پەروەردەی منداڵ لە نێو خێزان و قوتابخانەدا، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٨.
- ئیسماعیل، مزەفەر مستەفا، ڕوخسار و ناوەرۆکی چیرۆکی منداڵان لای لەتیف هەڵمەت، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١.
- ڕەسول، شوکریە، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،١٩٨٤.
- رەسول، عیزەددین مستەفا، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغدا، ١٩٧٠.
- سالح، خالد، شمشالۆکانێ(هندەك یارییێن ل دەڤەرا بادینان)، ئینستیوتی کەلەپوری دهۆك، دهۆك،٢٠٠٩.
- سوکولوف، یوری، الفولکلور،ت/ حلمی شعراوی-عبدالحمید حواس، الهیئة المصریة العامة للتألیف والنشر،القاهرة،١٩٧١.
- عەبدوڵڵا، ئیدریس، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆریی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٥.
- فەخری، نەسرین، یاری لە کوردەواریدا(پێکهاتنی لە ڕووی زمانەوە و کاری بۆ سەر کۆمەڵ)، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- قەرەچەتانی، کەریم شەریف، سایکۆلۆژیای گەشە(منداڵ و هەرزەکار)، چاپخانەی پەیوەند، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.
- مەحمود، فازل مەجید، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- مەلا کەریم، محەممەد، دیوانی گۆران، کۆڕی زانیاری عێراق، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٠.
- موکری، کامەران، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی-بەشی یەکەم- چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٤.
- کۆمەڵێ پسپۆری ئەمەریکی، گەمە لە ژیانی منداڵدا،و/ کەمال فاروق، دەزگای وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە ٢٢، هەولێر، ڕووناکی، ٢٠٠٦.

# دور الادب الشعبي في تربية الاطفال في العصر الراهن


**الملخص:**

يلعب الأدب الشعبي دورا مهما في تنشئة الأطفال وتأهيلهم. يعطي الفلكلور مساحة واسعة في الأدب القومي وله دور بارز في رفع الوعي الاجتماعي للمجموعات المختلفة. هناك العديد من العناصر الأدبية مثل (الحكايات الشعبية ، والأمثال ، والحكم ، والنصوص الشعريه فى الالعاب، وما إلى ذلك) التي لها دور فعال وممتع للصغار وللكبار.

ويرى بعض الباحثين في الأدب الشعبي الكوردي أنه لا يوجد مؤلفات فلكلورية للأطفال بين الكورد، فهي تخص الكبار فقط، ويستمتع بها الأطفال بشكل هامشى من خلال الكبار. لكن إذا نظرنا علميا، نجد أن هناك نصوصا تتعلق بالأطفال، مثل القصص القصيرة والنصوص الشعرية في الألعاب.

نسعى من خلال هذا البحث إلى إظهار دور الأدب الشعبي في مجال تربية الأطفال الكورد اليوم، لأن أطفال هذا العصر هم جيل التكنولوجيا والآيباد.

نحن بصدد جمع النصوص ودراستها من قبل المختصين والاستفادة منها بطريقة حديثة ، على سبيل المثال تحويل القصص الخيالية إلى أفلام كرتونية ليستفيد منها أطفالنا اليوم.

من خلال هذا العمل يمكن تعين الهدف من خلال أربع فرضيات:

أولا: يتعرف الطفل على تاريخ شعبه ويرتبط من خلال هذه المعرفة بحب وطنه ومقدساته.

ثانيا ، تتم تربية الأطفال من خلال نصوص ممتعة بعيدة كل البعد عن الأساليب التقليدية المملة.

ثالثا: له اثر ايجابي على التربية الجيدة للغة القومية ويؤدي الى اثراء المعجم العقلي للاطفال.

رابعا: من خلال هذه النصوص يتعرف الطفل على اللهجات المختلفة أملا الاستفادة منها مستقبلا لخلق لغة موحدة.

ومن ناحية أخرى يمكن الاستفادة من النصوص الشعرية في مجال التعليم المدرسي والفني وخاصة في مرحلة رياض الأطفال في مجال تعليم الحروف والأرقام.

تم البحث من خلال المنهج الوصفى فى تحليل النصوص.

وأخيرا نعتقد أن الأدب الشعبي له دور فعال في تربية الأبناء ، ولكننا نعتقد أنه من الضروري الاستفادة منه في الوقت الحاضر وفي المستقبل بأساليب جديدة وأكثر إفادة.



**الكلمات الدالة:** *طفل، فلكلور، فلكلور أطفال، تعليم، هدف.*

**The Role of Folklore in The Raising Children in The Contemporary Age**


**Abstract :**

Folk literature plays an important role in educating children and their social behavior. Folklore constitutes a wide space in national literature and has a prominent role in raising the social awareness of different groups. There are many literary genres and such as (folk tales, proverbs, wisdom, poetic texts in games, etc.) that have an active and enjoyable role for young and elder.

Some researchers in Kurdish literary circle believe that the Kurds lack folkloric books particularly for children and that the folk literature is limited to adults only. The children may enjoy this type of literature through the adult perspective. . However, if we explore the Kurdish literary texts, , we will find that numerous folk texts have been narrated and dedicated to children, such as short stories, poetic expressions that are concomitant folk games, sayings, and various literary anecdotes. .

In this research, I will try to explain and highlight the role of folk literature in raising and educating the Kurdish children in our modern time. Speaking of the modern time I want to emphasis the modern time because our children live in the era of technology in which the children are not only experiencing little physical activity and exercise, but also, they have limited time to listen to the story of our ancestors.

We tend to collect folk texts and introduce to literary specialist in order to categorizes them under certain categories for the sake of literary benefit. . For example, fairy tales can be transformed into cartoon films for the benefit of our children today instead of letting them to watch: Avatar, Ben Ten, Jomong, Komo For this purpose, I would like to present four hypotheses in this regard.

First: a child would learn about the history of his or her people. This makes the child to create a sense of belonging to his homeland and society.

Secondly, social and moral instruction can be introduced to children within folk tale better than its abstract form.

Third: folk tale helps children to acquire language and imitate its explicit and simple forms of expressions located in the folk tale. The folk tale has pedagogical impact on the children in terms of enriching personal vocabulary and purify cognitive lexicons.

Fourth: Through these texts, the child would learn the different dialects, benefiting from its vocabulary which ultimately contributes to the creation of a standardized language in the future. This is on the one hand. On the other hand, the folk text can be utilized for games and used in the school textbooks for teaching letters, alphabet and numbers , especially in the kindergarten, in the.

This methodology of this research is based on descriptive analyzes

Finally, we believe that folk literature has an effective role in raising children, but we believe that it is necessary to make it work better for children and their desires at present and in the future.



**Keywords:** *Child, folklore, children's folklore, education, goal.*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# ڕەنگدانەوەیبەسەرهاتی(سیوەخان) لە شیعری هاوچەرخی کوریدا
## شیعری ئەنوەر قادر محەمەد و ڕەفیق سابیر وەك نموونە

م. ی. نێچیروان جاسم ولی
زانکۆی سەلاحەدین- هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە:**

شیعری هاوچەرخی کوردی سوودی لە داستان و بەیت و بەسەرهات و بابەتە فۆلکلۆرییەکان وەرگرتووە و شاعیرانی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی لەپاڵ گرنگیدان بە پرس و بابەتە سەردەمییەکان، فۆلکلۆریشیان لە دەقەکانیان تەوزیف کردووە، بەڵام تەوزیفکردنێک نا دەقاودەق دووبارەکراوی فۆلکلۆر بێت، بەڵکوو شاعیران گیانێکی دیکەیان بەبەریاندا کردووە و هونەرییانە تەوزیفیان کردوون. بەسەرهاتی (سێوەخان) لەو بەسەرهات و دەقە فۆلکلۆرییانەیە، وەك فۆلکلۆر چەند دەقێک و گێڕانەوەیەکی هەیە، ئەم دەقانە و گێڕانەوانە بوونەتە بناغەیەك بۆ ئەوەی شاعیران (ئەنوەر قادر و ڕەفیق سابیر) سوود لە بەسەرهاتە وەربگرن و لە شیعرەکانیاندا باسی بکەن. ئاستی ڕەنگدانەوە و جۆری تەوزیفکردن و شێوەی مامەڵەکردنی ئەم بەسەرهاتە لای ئەو دوو شاعیرە لە یەکتر جیاوازە و لە شیعری هەریەکێکاندا بە جیا ڕەنگی داوەتەوە. تەرخانکردنی ئەم توێژینەوەیەش بۆ ئەوەیە تا چەندێتی و چۆنیەتیی ڕەنگدانەوەی ئەو بەسەرهاتە و جۆری تەوزیفکردنی لای ئەو دوو شاعیرە بخاتە ڕوو.

**پەیڤێن سەرەکی:** *سیوەخان، شیعری هاوچەرخ، ئەنوەر قادر محەمەد، ڕەفیق سابیر.*

**پیشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر بەسەرهاتی (سێوەخان) و ئاستی ڕەنگدانەوەی بەسەر شاعیرانی هاوچەرخی کوردی (بەتایبەتی ئەنوەر قادر محەمەد و ڕەفیق سابیر) و ڕادەی کارتێکردنی ئەو دوو شاعیرە بەو بەسەرهاتە و ئەو دەقە فۆلکلۆرییە و چۆنیەتیی تەوزیفکردنی لە شیعرەکانیاندا. هەروەها مەبەستییەتی جۆرێک لە بەرانبەریی لەنێوان دوو دەقیی(سێوەخان) بکات و جیاوازیی و وێکچوونیان بخاتە ڕوو.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** بۆ ئەوەیە ئاستی کاریگەریی ئەم بەسەرهاتە تراژیدیایە (سێوەخان) لە شیعری هەردوو شاعیر پیشان بدات و جۆری مامەڵەکردنی شاعیران لەگەڵیدا پیشان بدەین.

**میتۆدی توێژینەوە:** شیکاریی بەراوردیی پراکتیکە.

**سنوور و کەرەستەی توێژینەوە:** بریتییە لە دوو دەقی (سێوەخان) و شیعرەکانی هەردوو شاعیر ئەنوەر قادر محەمەد و ڕەفیق سابیر.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** بەشی یەکەم: بەسەرهاتەکە لەنێوان هەردوو دەقە فۆلکلۆرییەکەدا.

بەشی دووەم: ڕەنگدانەوەی (سێوەخان) لە شیعری هەردوو شاعیردا.

**بەشی یەکەم: لە نێوان هەردوو دەقە فۆلکلۆرییەکەدا**

ئەو دوو دەقە فۆلکۆرییەی، کە لەبارەی (سێوەخان)ەوەیە و بوونەتە کەرەستەی توێژینەوەکەمان بریتین لە دەقی (محەمەد و سێوێ)، کە تاریق جامباز لە دووتوێی کتێبی (محەمەد و سێوێ و سورمێ خان و قورشیدێ چاوبەخار) بە چاپی گەیاندووە و بڵاوی کردووەتەوە و وەك خۆی دەڵێت: ((تێکستەکە چۆن وتراوە لەسەر کاسێت و بە دەنگی حەسەن ڕەسولاً سیساوەیی بەبێ دەستکاری نووسراوەتەوە))(تاریق جامباز، ١٩٨٣، ٤). ئەم دەقە لە لاپەڕە (٧_٤٦)ی کتێبەکەی گرتووەتەوە. هەرچی دەقەکەی دیکەیە بە ناوی (بەیتی سێوەخان)ە و لە لاپەڕە (٢٨_٣٣)ی کتێبی (چیرۆك و بەیتی کوردی) بلاّو کراوەتەوە، کە (عەزیز شارۆخ) کۆی کردووە و ئامادەی کردووە و دەڵێت: ((ئەو بەیتە لە زمانی ((حەسەن ڕەسوڵی))ڕا نووسراوەتەوە)) (عەزیز شارۆخ، ٢٠٠٢، ٣٣).

بەر لەوەی بچینە ناو وردەکارییەکانی ئەو دوو دەقەوە، بە پوختی بەسەرهاتی سێوەخان دەخەینە ڕوو:

محەمەد و سێوەخان ئامۆزای یەکدی دەبن، باوکی سێوەخان، کە مامی محەمەدیشە، بەڵێن بە محەمەد دەدات، ئەگەر حەوت ساڵ ڕەنجبەری و خزمەتکاری بۆ بکات، ئەوا سێوەخانی لێ مارە دەکات و پێی دەدات. دوای ئەوەی سێوەخانی لێ مارە دەکات و حەوت ساڵەکە تێدەپەڕێت، باوکی سێوەخان فێڵ لە محەمەد دەکات و سێوەخانی ناداتێت و لەو لاشەوە ئەو دووە یەکتریان زۆر خۆش دەویست و دڵیان زۆر پێکەوە دەبێت. سێوەخان بە محەمەد دەڵێت با بڕۆینە ماڵی شێخ مەحموود و ئەوێ جێگەی غەریبانە. محەمەد ڕازی نابێت و بە پاساوی ئەوەی سلێمانی لێیانەوە دوورە و پێشنیاز دەکات بچنە ماڵی حسێن ئاغای ناو تورکان. سێوەخان پێی وایە نەچنە لای حسێن ئاغای تورکان و تورك جێگەی متمانە نین. هەر چۆن بێت محەمەد بە قسەی سێوەخان ناکات و ئێوارەیەك هەڵدێن و دەچنە لای حسێن ئاغای تورکان. حسێن ئاغا هەرچەندە دوو ژنیشی هەیە، بەڵام کە چاوی بە سێوەخان دەکەوێت، عاشقی دەبێت و محەمەد قۆڵبەست و پێبەست



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەکەن و لە تەویلەی ئاژەڵ دەیبەستنەوە و سێوەخان دەبن بۆ کۆشکەی حسێن ئاغا. سێوەخان چەند لێی دەپاڕێتەوە بێ سوود دەبێت. دوا جار حسێن ئاغا بۆی دەردەکەوێت تا محەمەد زیندوو بێت ناتوانێت بە سێوەخان، بۆیە داوا لە ڕەشیدی کوڕی دەکات بە خەنجەر محەمەد بکوژێت. دوای ئەوەی جلە خوێناوییەکەی محەمەد بۆ سێوەخان دەهێنن و ئەویش لە کوژرانی محەمەد دڵنیا دەبێتەوە، دەیەوێت لە سەربانی کۆشکەکەی حسێن ئاغاوە خۆی فڕێ بداتەوە و خۆی بکوژێت، بەڵام ئەو کات هاوین دەبێت دەبینێت حسێن ئاغا لە دەوەرە نووستووە و دەمانچەی لە ژێر سەری داناوە، ئەویش بە پێدزە دەچێت دوو گوللە لە حسێن دەدات و دەیکوژێت و ڕەشید بەئاگا دێت و دەیەوێت سێوەخان بگرێت و بیکوژێت، بەڵام سێوەخان فریوی دەدات، کە ڕەشید دەیەوێت لێی نزیک بێتەوە دوو گوللە لەویش دەدات و ئەویش دەکوژێت و دواتر خۆیشی دەکوژێت. لەو کاتەدا ئەحمەدی پەریخانێی کوڕە بچووکی حسێن ئاغا بەسەر ئەو ڕووداوەدا دێتەوە و دایکی لە ڕووداوەکە ئاگاداری دەکاتەوە و ئەویش زۆر داخدار دەبێت بەو ڕووداوە و لە تۆڵەی سێوەخان و محەمەد خزمەتکارەکانی باوکی دەکوژێت، کە دەستیان لە کوشتنی ئەو دڵدارەدا هەبووە.

ئەم دوو دەقە لە ڕووی فۆرم و زمانەوە هەریەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بە جۆرێک ئەو دەقەی (تاریق جامباز) نووسیویەتییەوە و بڵاوی کردووەتەوە لە ڕووی زمانەوە بە شێوەزاری هەولێرییە و تا ڕادەیەك لە شێوەزاری باڵەکایەتی نزیکە و لە ڕووی فۆرمەوە لە دەقی دووەم درێژترە. هەرچی ئەو دەقەی (عەزیز شاڕۆخ) کۆی کردووەتەوەبە شێوەزاری موکریانییە و لە دەقەکەی دیکە کورتترە.

لە لایەنی چۆنیەتیی خستنە ڕووی ڕووداوەکانی نێو هەردوو دەقەکە، دەقەکان جیاوازییان لەگەڵ یەکدا هەیە، بە جۆرێک دەقەکەی (تاریق جامباز)دا گرنگیی بە دیالۆگ دراوە، بۆ نموونە لە دەقەکەدا هاتووە: ((ئەیگۆ: ((ڕەشید کوڕێ من وەرە تەکبیرەکی لە سێوێ بکەین)).

ئەیگۆ: ((بابۆ چ تەکبیرە؟))

دگۆ: ((کوڕێ من هەتا سێو بزانی محەممەدێ وی مایە ب حارێ من قایل نابی)) )) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ٢١). سەبارەت بە دەقەکەی (عەزیز شاڕۆخ)، ئەوا گێڕانەوە زیاتر بەسەر ڕووداوەکاندا زاڵە و گێڕانەوە لە کۆنەوە ((وەك شێوازێکی تەکنیکی حیکایەت دەوری سەرەکیی لە نێوان حیکاتخوان و گوێگردا بینیوە)) (شوکریە ڕەسوڵ، ٢٠٠٥، ١٧). بۆ نموونە وەك لە دەقەکەدا هاتووە: ((...بانگی ڕەشیدی کوڕی دەکرد و دەیگوت وەرە ڕەشید تەگبیرێ لە محەمەدی و سێوەخانی بکە، دەیگوت تەگبیری من لەسەر مەسڵەحەتی تووە، هەتا سێوەخان محەمەدی شک بەری لووت بە مندا ناهێنی بە من قایل نابێ)) (عەزیز شاڕوخ، ١٩٨٣، ٣٠).

دەکرێت لەم چەند خاڵانەدا بەراورد لە نێوان دوو دەقەکەدا بکەین:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

١. **سەرەتای هەردوو دەقەکە:** لە دەقەکەی (تاریق جامباز)دا بەم جۆرە دەست پێدەکات:

((ئامان، ئامان، ئامان  هاوارە برا مانگۆ نزانن؟ محەمەدی گۆ: سێوێ ئەمن وا حەفت سارە ڕێنجبەر و ڕێنجبەرێ بابی توومە، بە قەول و بڕی توو،تووی دا من، مارە کردیە من و کچێ مامێ منی دوایی بابێ توو چ زاڵم و غەددار بوو، توی لە من زەفت کر حومرێ من بە خەساری چوو لە مارە بابێ،  دە وەرە تەکبیرەکی لە حارێ خۆ و من بکە ڕێ بچێ)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ٧).
هەرچی دەقەکەی (عەزیز شاڕوخ)ە بەم جۆرە دەست پێدەکات:

((بابی سێوەخان کوڕێکی برازای خۆی هەبوو بە ناوی محەمەد، پێی گوت: محەمەد وەرە هەتا حەوت ساڵآن خزمەتی من بکە ئەو دەمی لە پاش ئەوەی شەرتت پەڕی ئەمن سێوەخانت لێ مارە دەکەم، پاشان ئەگەر کەیفت لێ بوو لێرە بمێنەوە، کەیفت لێ نەبوو ئەوا سێوەخانیش دەگەڵ خۆت بەرە، ئەو جار هێنای سێوەخانی لە محەمەدی برازای مارە کرد. محەمەدیش ساڵآن خزمەتی بە بابی سێوەخان کرد)) (عەزیز شاڕوخ، ٢٠٠٢، ٢٨). سەرەتای هەردوو دەقەکە باسی ئەوە دەکەن محەمەد حەوت ساڵ ڕەنجبەری و خزمەتکاری بۆ باوکی سێوەخان کردووە، بەڵام باوکی سێوەخان بەڵێنەکەی خۆی بەجێ نەهێنا و سێوەخان بە محەمەد نادات.

٢. **سەرهەڵگرتنی سێوەخان و محەمەد:** دوای ئەوەی ئەو حەوت ساڵە تێدەپەڕێت و باوکی سێوەخان، سێوەخان بە محەمەد نادات هەردووکیان سەرهەڵدەگرن و دەڕۆن. لە دەقەکەی (تاریق جامباز)دا هاتووە: ((سێوێ گۆ: محەمەدێ من مادام بابێ من ئەز نەدامە توو دێ ڕابە دەستی من بگرە و بچین مالآ شێخ مەعموود ڕەئیس سولەیمانیێ.. بابێ لەتیفی مەشهورە ل کوردستانێ..)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ٨). لە دەقەکەی (عەزیز شاڕۆخ)یشدا ئەوە هاتووە: (( سێوەخان بە محەمەدی دەگوت وەرە دەستم بگرە تا بڕۆینە ماڵی شێخ مەحموودی بابی لەتیف حاکمی سولەیمانییە)) (عەزیز شاڕوخ، ٢٠٠٢، ٢٨). لە هەردوو دەقەکەدا دوای ئەوەی ڕوون دەبێتەوە باوکی سێوەخان لە بەڵێنەکەی پاشگەز دەبێتەوە، سێوەخان پێشنیاز بۆ محەمەد دەکات ئەوێ جێ بهێڵن و بچنە لای شێخ مەحموودی باوکی شێخ لەتیف لە سلێمانی، تا لەوێ داڵدەیان بدەن. واتە سێوەخان دەیەوێت ڕەدووی محەمەدی بکەوێت، ئەمەش لە کۆندا بەشێک بووە لە کولتووری کوردیدا، بۆیەش پێشنیازی ماڵی شێخ مەحموود بۆ محەمەد دەکات، چونکە ئەوێ (( ماڵی مەسڵەتکەر و ژن هەڵگرانە، قۆناغی غەریبانە)) (عەزیز شاڕوخ، ٢٠٠٢، ٢٨) و متمانەیان پێیان و لێیان دڵنیان.

٣. **نەچوونە لای شێخ مەحموود و چوونە لای حسێن ئاغای تورکان:**محەمەد بە پاساوی ئەوەی ماڵی شێخ مەحموود دوورە و لە دوژمنان دەربازیان نابێت. لە دەقەکەی (تاریق جامباز)دا هاتووە ((محەمەدی گۆ.. سێوێ مارێ شێخێ سولەیمانیێ دوورە دەرباز نابم لە دەستی دوژمنان)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ٨). لە دەقەکەی (عەزیز شاڕوخ)دا بەو جۆرە هاتووە: ((ئاخر سێوەخان ماڵەشێخ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

مەحموودی ئەوەندە دووره لە چنگی دوژمنان دەربازمان نابیّ)) (عەزیز شاڕوخ، ٢٠٠٢، ٢٨). محەمەد لە جیاتی سلێمانی، پێی باشە بچنە لای حسێن ئاغای تورکان لە بازاڕی سیلتی، بۆیە محەمەد بە سێوە خان دەڵێت: ((وە باشە دەستی توو بگرم بچمە _بازارا سیلتی_ مالیٚ عوسێناغاییٚ قوماندارێ ترکا)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ٨). هەرچی دەقەکەی (عەزیز شاڕوخ) محەمەد ئەوە بە سێوەخان دەڵێت: ((ئەگەر ئەتو دەگەڵ من بێی دەستی تۆ دەگرم و دەرۆینە خوارێ لەبۆ بازاڕی (سیلکیٚ) لەبۆ ماڵی حوسێن ئاغای لەناو تورکان)) (عەزیز شاڕوخ، ٢٠٠٢، ٢٨). سەبارەت بە ناوی شوێنەکەدا جیاوازییەك لەنێوان هەردوو دەقەکەدا هەیە، لە دەقەکەی (تاریق جامباز) دا بە (سێلتی) و لە دەقەکەی دیکە بە (سیلکیٚ) ناوی هاتووە.

سێوەخان ترسی خۆی لە چوونە لای حسێن ئاغای تورکان دەخاتە ڕوو و ڕوو دەکاتە محەمەد دەکات و وەك لە دەقەکەی (تاریق جامباز)دا هاتووە، دەڵێت: ((سێوی گۆ.. محەمەدیٚ من ئەتوو ناوبانگی عوسێناغات نزانیا ڕەئیسەکی بێ بەختە لە بازارا_ سێلتی_ و_ بسیٚ دینیٚ_ و عوسێناغایی قوماندارێ ترکانە بەختە.. نەویژدانە و نەچییە مالا عوسێناغای نەکوچاو وەمن بکەوی تەمایم پیٚ لە من وەکا و ئەمن لۆ خۆ بگێڕینەوە تە بکوژن لە غەریبیا. ترسێم پاشی توو ئیٚمن لۆ عوسێناغای بە یەخسیری.. بمینم کوڕۆ نەچیینە مالیٚ عوسێنی..)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ٨). هەمان تێڕوان لە دەقەکەی دیکەشدا هاتووە: ((کوڕە ناچینە ماڵە حوسێن ئاغای بازاڕی (سیلکیٚ) ئەمن دەزانم تورك بەدبەختن، ئەگەر بچینە قەسری دیوەخانی حوسێن ئاغای، بێتوو چاوی بە من بکەوێ تەماعم تێدەکات و ئەتۆ دەکوژن لە وڵاتی غەریبان، ئەمن بە بەندەواری و بەیەخسیری لەناو تورکان بەجیٚ دەمێنم)) (عەزیز شاڕوخ، ٢٠٠٢، ٢٩). لێرەدا دەردەکەوێت سێوەخان متمانەی بە تورکان نییە و پێشبینیی ئەو مەترسییەی کردووە.

**٤. بەڕێکەوتنی سێوەخان و محەمەد بۆ لای حسێن ئاغای تورکان:** هەرچەندە سێوەخان هەوڵ دەدات محەمەد پەشیمان بکاتەوە، بەڵام بێ سوود دەبێت، بۆیە بۆ لای حسێن ئاغا بەڕێ دەکەون و وەك لە دەقەکەی (تاریق جامباز)دا دەڵێت: ((نوێژی مەغریبیٚ ڕابوو،

دەستیٚ کچیٚ مامیٚ خۆ گر،

هێنایە دەریٚ لە مارە بابیٚ.

ڕیٚ دوازدە ڕۆژان ڕۆیشتن سیٚ عەشیرەت هێلان)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ٩).

لە دەقەکەی (عەزیز شاڕوخ)دا ئەوە خراوەتە ڕوو ((ئەوە نوێژی مەغریبیٚ بوو محەمەد پیلی سێوەخانی دەگرت و دەرۆینە خوارێ لەبۆ لای بازاڕی (سیلکیٚ). دوازدە شەو و دوازدە ڕۆژان بەڕێوە بوون)) (عەزیز شاڕوخ، ٢٠٠٢، ٢٩). لە هەردوو دەقەکەدا ئەوە خراوەتە ڕوو بە ئێوارە بە ڕێ کەوتوون و دوازدە شەو و دوازدە ڕۆژ بە ڕێوە بوون.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

٥. **پێشوازیی حسێن ئاغای تورکان:** دوای ئەوەی دەگەنە لای حسێن ئاغای تورکان و حسێن ئاغا لە کۆشکەکەیەوە لێیان دەیانبینێت، وەك لە دەقەکەی (تاریق جامباز)دا هاتووە: ((وەکی حوسێناغایە، قوماندارێ ترکان دەرکێ دیوەخانێ چاو وە سێوێ کەت دین لەسەری نەما، ئەشقی سێوێ بوو، عوسێنی گازی ڕەشیدێ کوڕێ خۆی کر، ئەیگۆ ڕەشید کوڕم تەماشا بکە مێوانەکن هاتیە چ سێوێ خانێیە. ئەو سێوە لەو مێوانەی خەسارە)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ١٠).

هەمان وێنە لە دەقەکەی دیکەشدا هاتووە ((حوسێن ئاغا لە سەرێ، لە قەسر و دیوەخانێڕا دەنوڕێ ئەوە محەمەد هاتووە سێوەخانی پێیە. دەگەڵ چاوی بە سێوەخان دەکەوت عاشقی سێوەخان بوو. کوڕێکی هەبوو نێوی ڕەشید بوو، دەیگوت ڕەشید بڕۆ میوانان بەئەدەب دابەزێنە، نازانی محەمەد هاتووە؟ ئەمما ئەمن سێوەخانی بە قابیلی محەمەد نابینم، بڕۆ دای بەزێنە)) (عەزیز شارۆخ، ٢٠٠٢، ٢٩). لە هەردوو دەقەکەدا حسێن ئاغا، کە سێوەخان و محەمەد دەبینێت، ڕەشیدی کوڕی بۆ پێشوازییان دەنێرێت. هەر کە چاوی بە سێوەخان دەکەوێت عاشقی دەبێتو بە شایستەی خۆی دەزانێت.

٦. **دەستبەسەرکردنی محەمەد:** کە حسێن ئاغا عاشقی سێوەخان دەبێت، پیاوەکانی حسێن ئاغا خۆیان لە محەمەد نزیک دەکەنەوە و دەستبەسەری دەکەن، بۆیە لە دەقەکەی (تاریق جامباز)دا هاتووە: ((هەر کەس بەدزی خۆ لە محەمەدی کەن، دەستانی لێ گرێدەن بە کندری، پێیانی لێ قەید و سندم بکەن، محەمەدی لۆ من بە سێ خولاما برند کەن، بیهاوێنە حەپس و زیندانا سێلتێ سێوێ لۆ من لێ بسێنن لەوی خەسارە)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ١٠_١١).

لە درێژەی ئەم دەقەدا هاتووە ناوی پیاوەکانی حسێن ئاغای تورکان هاتووە: ((گازی هەر سێ خورامێ بابێ خۆ کردن، خورامێ وا چی بوون؟ چی نەبوون؟
مووسایی فاتمێ، عەلیێ خارندێ، ئەحمەدێ ڕۆمی بوو)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ١١).

هەروەها لەو دەقەدا باس لەوە دەکات پیاوەکانی حسێن ئاغا داوا لە محەمەد دەکەن تفەنگ و ڕەختەکەی لای ئەوان دابنێت وەك لە دەقەکە باس کراوە ((دەبی تفەنگ و سیلاعێ خۆ تەسمیل بکەن هەنگینێ کەرەم بکەن لۆ دانیشتنێ و محەمەد نەیزانی لێی لەبەر فێرن دەستی هاویشتە هەردوو ڕەختێ ئەڵەمانێ،لە پشتی خۆ وەکردن تەسمیلی دەستی ڕەشیدی کردن)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ١٢).

لەبارەی دەقەکەی دیکە ئەوە ئەو دیمەنە بەم جۆرە هاتووە: ((چوار پیاو هاتن خۆیان لە محەمەدی زی کرد. محەمەدیان بە چوار دەستان بڵیند کرد، فەوری دەستی محەمەدیان گرێ دەدان بە کەندری، لاقیان سندم کردینە، دەیان بردە تەویلەی ولاغان دەرگایان لەسەر گاوك دەدا)) (عەزیز شارۆخ، ٢٠٠٢، ٢٩). دەبینین لە دەقی دووەمدا باسی چوار پیاوی حسێن ئاغا دەکات و وەك دەقی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پێشووش ناویان نەهاتووە، هەروەها ئەوەش باس نەکراوە پیاوەکانی حسێن ئاغا داوای چەك و ڕەخت لە محەمەد بکەن.

٧. **تکاکردنی سێوەخان بۆ بەردانی محەمەد:** دوای محەمەد دەستبەسەر دەکەن و سێوەخان بە ڕاکێشان دەبەن بۆ لای حسێن ئاغا و لە دەقەکەی (تاریق جامباز) ئەو دیمەنە بەم جۆرە پیشان دراوە: ((بووە هات و هاواریٚ سیۆیٚ لەناو دەستیٚ خوراما هەموو بازنیٚ زەندیٚ سیۆیٚ شکاند هەنووی خورام ڕابکێشن، سەروکراویٚ زێڕ لەسەریٚ سیۆیٚ کەتنە بن دەست و پیٚی خوراما هەندیٚ ڕابکێشن)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ١٥).

ئەم دیمەنە لە دەقەکەی دیکەدا نییە. سێوەخان بۆ بەردانی محەمەد زۆر تکا لە حسێن ئاغا دەکاتوەك لە دەقەکەی (تاریق جامباز)دا ئەوە خراوەتە ڕوو، کە ((سیۆیٚ دگۆ: عوسێناغا با خاتری خودیٚ بی، لیٚ لیٚ لیٚ و نزانی محەمەدیٚ خۆم لەناو سەد محەمەدا لۆ دریٚ خۆ لیٚ گرتیە دەرباز کردییە و محەمەدیٚ من تاقانیٚ دوو دایکا، برایێ چار خوشکانە، حەفت سارانی ڕێنجبەریٚ بابی من کردییە)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ١٦). هەمان دیمەن لە دەقەکەی دیکەدا هاتووە کە تێیدا هاتووە: ((نازانی ئەمە لە دووی قۆناخ و مەنسووریەتی تۆ هاتووینە. حەوت سالآن محەمەد کوڕیٚ تاقانەی دوو تاقە برا و چوار خوشکە، لە ولآتی غەریبیانە، حەوت سالآنی خزمەتی ماڵەبابی سێوەخانی کردییە)) (عەزیز شاڕوخ، ٢٠٠٢، ٢٩). لە دەقی دووەمدا دەبووایە بگوترابا تاقانەی دوو دایک نەك دوو برا. ئەم تکاکردن و داواکردنەی سێوەخان بیٚ سوود دەبیٚ و وەك لە دەقەکەی (تاریق جامباز)دا حسێن ئاغا دەڵێت: ((سیۆیٚ مەگرییٚ مەنارە و بیٚ فایدەیە و تە نزانی محەمەدیٚ تۆم وەکی ماسییٚ دەرمانخواردی لیٚ کر، کەتە بنیٚ بەحرا لۆت قورتار نابی و سێوە خان ئەتوو کەو و کەوباڕی کەتیە دەستیٚ من خەلاس نابی)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ١٩). هەمان دیمەن لە دەقەکەی دیکەدا هاتووە: ((نازانی محەمەدی تۆم وەك ماسی دەرمانخوارد کردووە و کەوتووەتە بن و چۆم و ڕووباریٚ. تازە لەبۆ تۆ نابیٚ، ئەتۆ کوتریٚکی زەمانی وەدستم کەوتووی لە دەستی من خەلآست نابیٚ)) (عەزیز شاڕوخ، ٢٠٠٢، ٣٠). دوای ئەوە سێوەخان بە حسێن ئاغا دەڵێت تۆ دوو ژنت هەیە و ژنەکانت بۆ محەمەد تەلآق بدە و من بکە حەلآڵی خۆت: ((سێوەخان ئەیگۆ: عوسێناغا ساعێبی دوو ژنانی, وەرە هەردوو ژنی خۆت ,هەردوو ژنی خۆت لۆ کوڕیٚ مامیٚ تەراق دە, پێشکێش محەمەدیٚ من بکە،هەنگێنیٚ سێو با توو بکەم حەراری)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ١٩_٢٠).

لە دەقەکەی دیکە بەم جۆرە هاتووە: ((مادام ناموست وا بی بێنە لە پێش چاوی من ژن و نامووسی خۆت لەبۆ محەمەد تەلآق بدە ئەوجار لە دوایە ئەمن بکە حەلآڵی خۆت)) (عەزیز شاڕوخ، ٢٠٠٢، ٣٠). لەم دەقەدا باسی دەکات کە حسێن ئاغا ژن بۆ محەمەد تەلآق بدا و ئاماژە بەوە ناکات حسێن ئاغا دوو ژنی هەیە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٨. **كوشتنی محەمەد:** حسێن ئاغا بەو قسەیەی سێوەخان زۆر تووڕە دەبێت. لە دەقەکەی (تاریق جامباز)دا ئەوە هاتووە کە ((وەکی سێویٚ قسێ خۆی گوتە عوسێناغای، عوسێنێ دین ل سەریٚ نەما و، نە بەخت ما نە ویژدان ما، گازی ڕەشیدیٚ کوڕیٚ خۆی کر)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ٢١).

لە دەقەکەی دیکەدا هەمان دیمەن پات بووەتەوە: ((ئەو جار کە ئەو قسەی حوسێن ئاغا دەگوت دین لەکن حوسێن ئاغای نەما. بانگی ڕەشیدی کوڕی دەکرد و دەیگوت وەرە ڕەشید تەگبیریٚ لە محەمەد و سێوەخانی بکە)) (عەزیز شاڕوخ، ٢٠٠٢، ٣٠). حسێن ئاغا داوا لە ڕەشیدی کوڕی دەکات محەمەد بکوژێت، چونکە بەمە نەبێت ناتوانێت بە سێوەخان بگات. بۆیە لە دەقەکەی (تاریق جامباز)دا هاتووە، کە ((کوڕیٚ من هەتا سێو بزانی محەمەدیٚ وی مایە ب حاریٚ من قایل نابی، دیٚ ڕا بە دەستیٚ خۆ باویٚ خەنجەریٚ، هەڕووە ناو حەپس و زیندانا سیلتیٚ و،محەمەدی دەست لیٚ بەسترانە پیٚ لیٚ قەید و سندم کراینە. ,جووتیٚ خەنجەرا لۆ من بدە سینگ و سەدمێ محەمەدیٚ,جلکیٚ بە خوین لۆ سێویٚ بینە)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ٢١).

لە دەقەکەی دیکەش هەمان دیمەن پات بووەتەوە: ((هەتا سێوەخان محەمەدی شک بەریٚ لووت بە مندا ناهێنی بە من قایل نابیٚ. دەیگوت باوکی من تەگبیری تۆ چییە؟ دەیگوت محەمەدی دەرکەی لەسەر گاڵە و گریٚ دراون دوو دەستی بەستراون بە کەندری، لاقی سندم کرانە، هەڕۆ خەنجەری ڕووتم بۆ لە دەستی بگرە محەمەدی لە تەویلەی ولاغاندا دەرگای لەسەر گاڵە و گریٚ دراون هەڕۆ جووتیٚ خەنجەرانم بۆ لە سینگ و سەدەفی محەمەدی بدە... ئەو جار جلکی دەخوێناوی محەمەدی بۆ سێوەخان بێنە)) (عەزیز شاڕوخ، ٢٠٠٢، ٣٠).

کە ڕەشید بە خەنجەری ڕووتەوە دەچێتە لای محەمەد، وا دەزانێت بۆ بەردانی هاتووە، بەڵام ڕەشید ئاماژە بەوە دەدات بۆ کوشتنی هاتەوە: (( ڕەشیدی دگۆ: محەمەدا ئەمریٚ بابیٚ منە دەرباز نابی، حیزرایلیٚ ڕۆحیٚ توومە و خەلاس نابی،سێویێ بابیٚ منە و لۆ توو نابی)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ٢٤).

لە دەقەکەی دیکەشدا ئەوە هاتووە، کە ((ڕەشید دەیگۆت: نازانی ئەمن ئیزرائیلی قەبزی ئەڕواحی تووم، ئێستا لێرە ئەتۆ دەکوژم، خەنجەرم بۆیە لە دەستی خۆ گرتووە)) (عەزیز شاڕوخ، ٢٠٠٢، ٣١). وەك دەبینین هەمان دیمەن لە هەردوو دەقەکەدا پات بووەتەوە، بەڵام لە دەقەکەی (تاریق جامباز)دا ئەوە هاتووە، محەمەد داوا دەکات لە ڕەشید دەکات بەو جۆرە نەیکوژێت، بەڵکوو دەڵێت: ((ڕەشید مادام هەر ئەمکوژی بە نامەردیم مەکوژە ، وەکی مێردانم بکوژە ب ڕەزیلیم مەکوژە دەستیٚ من وەکە لە کندری پێی من وەکە لە قەید و سندمێڕا)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ٢٤). ئەمە لە دەقەکەی دیکەدا نییە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**٩. كوشتنى حسێن ئاغا و ڕەشیدی کوڕی و خۆکوشتنی سێوەخان:** دوای ئەوەی ڕەشید بە خەنجەر محەمەد دەکوژێت و جلکە خوێناوییەکەی بۆ سێوەخان دەهێنێت تا بە کوشتنی محەمەد بزانێت وەك لە دەقەکەی (تاریق جامباز)دا هاتووە: ((وەکی سێویٚ ئاوڕیٚ خۆ داوە جلکیٚ کوڕیٚ مامیٚ خۆی ل دەستیٚ ڕەشیدیٚ خوینا ڕەشی لیٚ دیٚ و سێویٚ دەست کردە گریانیٚ)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ٢٦_٢٧). هەمان وێنە لە دەقەکەی (عەزیز شاڕوخ)یشدا هاتووە: ((ئەگەر سێوەخان جلکی لە دەستی ڕەشیدی وەردەگرت لەسەر دەستی خۆی دادەنان، هەموو کەلێن کردبوون بە خەنجەران)) (عەزیز شاڕوخ، ٢٠٠٢، ٣٢). سێوەخان بۆی دەردەکەوێت محەمەدیان کوشتووە و بۆ ئەوەی نەکەوێتە ژێر دەستی حسێن ئاغا بڕیار دەدات خۆی لە سەربانی کۆشکی حسێن ئاغاوە فڕیٚ بدات و خۆی بکوژێت. لە دەقەکەی (تاریق جامباز) هاتووە ((سێویٚ مار خرابۆ گوتی: باشە بچمە بانیٚ قەسریٚ،سەبانا سێلتیٚ خۆ فڕە بدەم خۆ لە دەستیٚ عوسێناغای دەرباز کەم)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ٣١).

لە دەقەکەی (عەزیز شاڕۆخ)دا ئەوە هاتووە، کە ((تازە ئەمن هەر چەندی دەکەم لە دەستی تورکان دەرباز نابم مەسڵەحەتم وایە لەسەر قەسریٚ دیوەخانیٚ ئاغای خۆم فڕیٚ بدەم، خۆم بکوژم با وەدەستی تورکان نەکەوم)) (عەزیز شاڕوخ، ٢٠٠٢، ٣٢).

سێوەخان کە دەیەوێت خۆی فڕیٚ بدات، کەش هاوین دەبێت و دەبینێت حسێن ئاغا دەمانچەی لە ژێر سەری داناوە ئەویش بە پێدزە دەچێت بۆ جێخەوەکەی حسێن ئاغا، وەك لەو دەقەی (تاریق جامباز)دا ئەوە هاتووە: ((سێویٚ دەریٚ دەڤانچیٚ سووڕاندیٚ، جوتیٚ گوللانی دا ئو لە جامیٚ سەریٚ عوسێناغای پڕژاندی دەناو لیٚف و دۆشەکا و جامیٚ سەریٚ عوسێناغای پڕژان)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ٣٣). لە دەقەکەی دیکە هەمان وێنە پات کراوەتەوە☹(دەمانچەی لە بن سەری حسێن ئاغای دەکرد، ناوی خودا و ڕەسولاٚنی هێنا، دەرکەی دەمانچەی سووڕاند و دوو دەمانچەی دەدا لە سەری حوسێن ئاغای. ئەو حسێن ئاغای لەناو دۆشەگ و بالیفاندا دەکوشت)) (عەزیز شاڕوخ، ٢٠٠٢، ٣٢).

ڕەشید بە ئاگا دێت و دەیەوێت سێوەخان بکوژێت، سێوەخان ڕەشید فریو دەدات، وەك لە دەقەکەی (تاریق جامباز)دا هاتووە: ((سێویٚ گۆ: ڕەشۆ مەمکوژە، بە بابیٚ توو سەرگران بووم، پاشی محەمەدی، قابیلی توومە لە خۆم حەرار کە)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ٣٤) و هەروەها لە دەقەکەی (عەزیز شاڕوخ)یشدا هاتووە سێوەخان بە ڕەشید دەڵێت: ((ڕەشید نازانیئەمن بە باوکی تو سەرگرانم، قابیلی نیم و نابم)) (عەزیز شاڕوخ، ٢٠٠٢، ٣٢). سێوەخان دوو گوللە لە ڕەشیدیش دەدات و ئەویش دەکوژێت. سێوەخان ئەوە دەزانێت ناتوانێت لە پیاوەکانی حسێن ئاغا دەرباز بێت بۆیە وەك خۆی دەڵێت: ((تازەش دەرباز نابم لەبە حوکمیٚ عەشیرەتیٚ عوسێن قومانداریٚ ترکا و ئێجا پاشی محەمەدی حەیفە ڕیوی بێنە جیٚ دەستی شێرا ماین بێنە سە ئاخوڕی کحێلا و حەیف



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جارەكی دی سێو بمینێلەسەر حەیاتا وێ دنیایێ  دەچ مار و مێرداو.  سێوێ هەردوو چاوێ خۆی قووچاندن و  برام جۆتێ گوللانیشی دا لە بەینی حەردوو مەمكێ خۆ دا)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ٣٦_٣٧).

لە دەقەكەی (عەزیز شارۆخ)یشدا ئەوە هاتووە: ((لەو دونیایەدا ڕێوی بێ لە جێی شێران، گۆڵە بارگین بێتە سەر ئاخوڕی كەحێلان، دەستی هەتیوچە و بێ ناموسان بێتە نێو باخەڵانم لەبۆ شەمامەگرتنێ. جا ئەو جار دەمانچەی هەڵدەكێشا و دوو دەمانچەی لە زاری سەری خۆی دا)) (عەزیز شارۆخ، ٢٠٠٢، ٣٢_٣٣). لە دەقی یەكەمدا سێوەخان گوللە لە سنگی خۆی دەدات، بەڵام لە دەقەكەی دووەمدا گوللە لە زاری دەدات. لە دەقی یەكەمدا سێوەخان نامرێت، بەڵام لە دەقی دووەمدا سێوە خان دەمرێت.

١٠. **هاتنەوەی ئەحمەدی پەریخانێ و كوشتنی پیاوانی حسێن ئاغا:** دەقەكەی (عەزیز شارۆخ) بە خۆكوشتنی سێوەخان كۆتایی دێت، بەڵام دەقەكەی (تاریق جامباز) بە ئەوەندە كۆتایی نایەت، بەڵكوو لە كاتی خۆكوشتنی سێوەخان، ئەحمەدی كوڕە بچووكی حسێن ئاغا لە بازرگانیی كوتاڵ دێتەوە و تەرمی باوك و ڕەشیدی زڕبرای دەبینێت و دایكی هەموو ڕووداوەكەی بۆ دەگێڕێتەوە، كە چۆن باوكی و زڕبراكەی ستەمیان لە میوانەكانیان كردووە، بۆیە بڕیار دەدات دەست و پێی باوك و زڕ براكەی ببەستێتەوە و فڕێیان دەداتە دەریاوە و وەك لە دەقەكەدا هاتووە: ((باب و برایێ خۆ گرێدان  كێشانی هاویتنیە بەحرێ وانێ)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ٤١). پاشان دەچێتە لای سێوەخان، كە هێشتا گیانی تێدا و دوا هەناسەكانی ژیانی دەدات و هەڵیدەگرێت و دەیباتە لای تەرمی محەمەد و لەوێ گیانی دەردەچێت. ئەحمەد لە دایكی دەپرسێت كێ هاوكاریی باوك و زڕبراكەی كردووە لە كوشتنی ئەو سێوەخان و محەمەد، دایكیشی ناوی هەرسێ بەردەست و پیاوی حسێن ئاغا دەدات و وەك لە دەقەكەدا هاتووە ئەحمەد ((گازی هەر سێ خوارمێ بابێ خۆ وەكردن دەركێ قەسر و قەراتێرا گرێدان دەست ئاوێشتە لوولیێ ئەلەمانێ و هەر سە خوارمێ بابێ بەوێ هێوارێ ئای كرنە نیشانێ كارخانە لەباتی خوینێ محەمەد و سێوێ)) (تاریق جامباز، ١٩٨٣، ٤٦).
ئەحمەد ئەو سێ خزمەتكارە لە جیاتی سێوەخان و محەمەد كوشت.

**بەشی دووەم: ڕەنگدانەوەی (سێوەخان) لە شیعری هەردوو شاعیردا:**

**ئەدەبی** فۆلكلۆر بە هەموو بەشەكانییەوە كاریگەریی بەسەر شاعیرانی قۆناغە جیاوازییەكانی ئەدەبی كوردییەوە هەبووە. لە شیعری كۆنەوە تا شیعری هاوچەرخ كەم تا زۆر فۆلكلۆر بووەتە سەرچاوەی داهێنان و داڕشتنی شیعری بەرز بەپێز و بەتایبەتی زۆربەی شاعیران



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

سوودیان لە ناواخن و ناوەڕۆکی ئەدەبی فۆلکلۆر وەرگرتووە. ڕەنگدانەوەی ئەدەبی فۆلکلۆر لە شیعری هاوچەرخ بە چەند شێوەیەك بووە، لەوانە سوودوەرگرتن لە بابەتە فۆلکلۆرییەکان و بەکارهێنیان وەك ڕەمز یان تەرخانکردنی تەواوی شیعرێک بۆ بەیت یان داستان یان بابەتێکی فۆلکلۆری یاخود سوودوەرگرتن لە بابەتێکی فۆلکلۆری و تەوزیفکردنی لە بەشێکی شیعرێکدا و ...هتد.

ئەنوەر قادر محەمەد و ڕەفیق سابیر وەك دوو شاعیری هاوچەرخ سوودیان لە بابەتە فۆلکلۆرییەکان وەرگرتووە و لە دووتوێی شیعرەکانیان سەرکەوتووانە مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون. بۆ نموونە ئەنوەر قادر محەمەد کەڵکی لە داستانی فۆلکلۆریی (شیرین و فەرهاد) وەرگرتووە و لە شیعرێکدا بە ناوی (وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد) تەوزیفی کردووە و دەڵێت:

فەرهاد!... فەرهاد!

قوڵنگەکەت بوەشێنە

لە دڵی ڕەقی بێسووتا

بۆ شارێکی برسی و تینوو

ئاو دەربێنە.. گوڵ بڕوێنە (ئەنوەر قادر محەمەد، ٢٠١٨، ٢٤).

ڕەفیق سابیر لە شیعری (وەرزی سەهۆڵبەندان) سوودی لە چەمکی (کوولەی ڕۆح) وەرگرتووە، کە چەمکێکی ئەفسانەییە و شاعیر دەڵێت:

ئەوە کوولەکەی ڕۆحەکەم بیشکێنە (ڕەفیق سابیر، ٢٠١٤، ٥٩٢)

سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی بەسەرهاتی (سێوەخان) لە شیعری ئەو دوو شاعیردا دەکرێت لە چەند لایەنێکەوە ئەو ڕەنگدانەوەیە پیشان بدەین:

١. **ئاماژەدان بە سەرچاوە فۆلکلۆرییەکە:** ڕەفیق سابیر لە شیعری (وەرزی سەهۆڵبەندان) ئاماژەی بەوە کردووە، کە سوودی لە بەسەرهاتی فۆلکلۆریی (سێوەخان) وەرگرتووە

بۆ کوێت بەرم سێوەخانێ؟

ئەم ڕۆژگارە

(نە جێی فیرارانە

نە جێی ژنهەڵگرانە

نە جێی خۆشمێرانە) (ڕەفیق سابیر، ٢٠١٤، ٥٩١)

ئەم ئاماژە پێدانەش لە دیوانی ئەنوەر قادر محەمەدیشدا هاتووە وەك خۆی دەڵێت: ((بێگومان بۆ تاقیکردنەوەیەکی تازە سوودم لە داستانە فۆلکلۆرییەکەی "محەمەد و سێوێ" وەرگرتووە)) (ئەنوەر قادر محەمەد، ٢٠١٨، ٢٩٧).



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**٢. ناساندن و وەسفی‌سێوەخان:** ئەنوەر قادر محەمەد شیعرێکی درێژی بەناوی (داستانی ئەڤینی سێوەخان) تەرخان کردووە بۆ باسکردن و گێڕانەوەی سەرهاتی سێوەخان و محەمەد. لە سەرەتای شیعرەکە ئەنوەر قادر محەمەد دەڵێت:

دێیەك چ دێ؟!

دێی قەد چیای کوردستان بوو!

لەم دێیەدا کچێک هەبوو،

لە ئاست جوانی و ژیریی ئەودا،

زمان لاڵ بوو،

سێوەخان چی! هەر تەنیا خۆی سێوە خان بوو،

مێوژی ڕەش لە سای گەردنیەوە دیار بوو(ئەنوەر قادر محەمەد، ٢٠١٨، ١٨٤)

شاعیر لەم دێڕانەدا وەسفی سێوەخانمان بۆ دەکات، بەوەی کچە گوندییەکی کوردستانە، کچێکی ژیر و جوانە. بەم چەشنە سێوەخانمان پێ دەناسێنێت.

ئەم جۆرە ناساندن و وەسفکردنە لای ڕەفیق سابیر بەرچاو ناکەوێت.

**٣. سێوەخان و ئامۆزاکەی:** ئەنوەر قادر محەمەد ئاماژە بەوە دەدات سێوەخان و ئامۆزاکەی یەکیان زۆر خۆش ویستووە سێوەخان زۆر زوو بە تاڵان،

دڵی ئامۆزاکەی فڕاند،

عەشقی سێوێ و جوامێر بوو بووە،

ڕازی کوڕ و گوێ ئاگردان (ئەنوەر قادر محەمەد، ٢٠١٨، ١٨٤).

لەم دێڕانە جگە لەوەی شاعیر پەیوەندیی خزمایەتیی نێوان ئەو دوو دڵدارە دەخاتە ڕوو، شاعیر ناوی محەمەدی کردووەتە جوامێر، تا کەشێکی کوردییانە بە ئەوینی نێوان دوو دڵدارە ببەخشێت.

ئەم جۆرە مامەڵەکردنە شیعرییانە لای ڕەفیق سابیر نابینرێت.

**٤. حەوت ساڵ خزمەتکاری و نەدانی سێوەخان بە ئامۆزاکەی:** شاعیر باسی ئەو ماوەیە دەکات، کە جوامێر کاری بۆ باوکی سێوەخان کردووە.

جوامێر حەوت ساڵی ڕەبەقی شوانکارەیی تەواو دەکا و

مامە دەچێتە کەلی شەیتان و نایەتە خوار،

دەستی سێوێی ناداتە دەست (ئەنوەر قادر محەمەد، ٢٠١٨، ١٨٥)

لێرەدا شاعیر پشتی بە بەسەرهاتە فۆلکلۆرییەکە بەستووە، بەڵام حەوت ساڵ ڕەنجبەری کردووەتە حەوت ساڵ شوانی.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٥. **كاتی سەرهەڵگرتنی دوو دڵدارەکە:** ئەنوەر قادر محەمەد باسی ئەو کاتە دەکاتە ئەو دوو دڵدارە سەر هەڵدەگرن و دەڕۆن

شەو درەنگیٚ، کە گوند لە باوەشی خاکدا دەنویٚ،

جوامیٚر چووە لای سیٚوەخان،

گرتیە ئامیٚز، باڵای توند لە باڵای ئاڵاند،

هاواری دەکرد، دەیناڵاند...

هۆ سیٚوە خان!

گوڵەکەی تەڕبووی بەر باران،

بۆت دەبم بە تیشکی هەتاو،

گیانت گەرم دادەهیٚنم،

سەیری، سەیری پەنجەی من کە!

ئاوا دەڕۆین! (ئەنوەر قادر محەمەد، ٢٠١٨، ١٨٩)

ڕەفیق سابیریش لەو بارەیەوە دەڵیٚت:

سیٚوەخانیٚ!

ئەم شەو لە گەردوونی چاوتا لەنگەر دەگرم

هاتووم لە ماچانت بگرم

سیٚوەخانیٚ!

ئەم شەو بروسکە زین دەکەم

هەڵت دەگرم. (ڕەفیق سابیر، ٢٠١٤، ٥٨٨)

شاعیر خۆی خسووەتە جیٚگەی دڵدارەکەی سیٚوەخان و خودییانە باسی ئەو ئەوینە دەکات و بەردەوام دەبیٚت

بۆ کویٚت بەرم سیٚوەخانیٚ؟

بە شەوی باوبۆرانیٚ

ناگەمە کوردستانیٚ. (ڕەفیق سابیر، ٢٠١٤، ٥٨٩).

٦. **چوونە لای حسیٚن ئاغای تورکان:** ئەنوەر قادر محەمەد باسی چوونی ئەو دڵدارە دەکات بۆ لای حسیٚن ئاغای تورکان و لەسەر زاری سیٚوەخانەوە دەڵیٚت:

ناچارییە.. بیٚکەسییە...

دەڕۆین بۆ لای حسەین ئاغا،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

_ جوامێرەکەم حسەین ئاغا مارێکە و هیچ کەس ناناسێ،

منی بینی، بڵێسەکەی زمانی پیسی

ئارەزووی ڕەش و گلاوی دەردەهێنێ! (ئەنوەر قادر محەمەد، ٢٠١٨، ١٨٩)

باسکردنی حسێن ئاغای تورکان لە شیعری ڕەفیق سابیر نەهاتووە.

٧. **وەسفی ڕێگەی چوونە لای حسێن:** ئەنوەر قادر محەمەد لە وەسفی ئەو ڕێگەیەدا دەڵێت:

سێوەخانم، گیانی گیانم!

هەزار کێوی سەخت و سەرکەش،

دەیان ڕووباری بێ بوار،

لە ڕێمانە و ماڵی دوورە،

ڕێ تەندراوی هەزار دوژمن و سنوورە.. (ئەنوەر قادر محەمەد، ٢٠١٨، ١٩٠)

ڕەفیق سابیر لەو لایەنەوە دەڵێت:

_ دوو دڵداری بێ وڵات

چەپەری چەقۆ دەبڕن

دوو دڵداری یاخی و لات

لاوکی مەحاڵ دەچڕن (ڕەفیق سابیر، ٢٠١٤، ٥٩٠).

٨. **وەرگرتنی تفەنگ لە دڵدارەکەی سێوەخان و دەستبەسەرکردنی:** ئەنوەر قادر محەمەد باسی ئەوە دەکات، کە پیاوانی حسێن ئاغا تفەنگ لە دڵدارەکەی سێوەخان وەردەگرن

نۆکەرانی حسەین ئاغا!..

بە زمانی شیرینی وەك هەنگوینەوە،

بە ڕێزێکی سەنگەینەوە،

تفەنگەکەت، میوان دەبێ چەك و ڕەزنی،

بکاتە بارمتە لامان! (ئەنوەر قادر محەمەد، ٢٠١٨، ١٩٢)

ئەم لایەنە لە شیعری ڕەفیق سابیر دا نییە.

یەکسەر هەموو هەڵمەتیان بردە سەر گرتیان

تووڕیان تاریی زیندان (ئەنوەر قادر محەمەد، ٢٠١٨، ١٩٤).

٩. **کوشتنی دڵدارەکەی سێوەخان و سێوەخان:** ئەنوەر قادر محەمەد بەم جۆرە باسی ئەو کوشتنە دەکات

ئاغای تورکان، کەوتە فێڵ و پیلان دانان،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەگەڵ دوو سێ خزمەتکاردا،
کوڕەکەی نارده ناو زیندان،
بە دەست و پێی بەستراوەوە،
جوامێریان دایە بەر نووکی تیژی خەنجەر،
کراسی لە خوێن خلّتانیان،
هێنایەوە بۆ سێوەخان (ئەنوەر قادر محەمەد، ٢٠١٨، ١٩٢)

ڕەفیق سابیر دەڵێت:
سەرداری ڕوحە شێتەکەم
بۆ کوێت بەرم؟
ئەو کەرنەڤاڵی کوشتنە
بۆ ئێمەیە؟

١٠. **هاتنەوەی ئەحمەدی پەریخانێ:** ئەحمەدی کوڕی حسێن بەسەر ئەو ڕووداوەدا دێتەوە و ئەنوەر قادر محەمەد دەڵێت:
ئەحەی کوڕی حسەین ئاغا،
کە لە سەفەر گەڕایەوە،
سەری لە ئاستی کارەساتی، خوێنی باوکی،
ڕەشەی برای، داستانی سێوێ و جوامێردا،
کاس و وڕ بوو، پەشۆکا بوو
تەوارەی شانازیی باوکت با نەمێنێ و
فڕێی دەرە گۆلی "وان"ێ (ئەنوەر قادر محەمەد، ٢٠١٨، ١٩٨)

ئەم خاڵەش لای ڕەفیق سابیر نابینرێت.

**ئەنجام:**

١. ئەو دوو دەقە فۆلکلۆرییەی لەم توێژینەوەدا تیشکی خراوەتە سەر لێی توێژراوەتەوە، لە بنەڕەتدا بە دەنگ و لە هێڵە گشتییەکانیاندا هاوشێوەن و لە هەندێک وردەکاریی کەمدا جیاوازیی لەنێوانیاندا هەیە.
٢. هەردوو شاعیر سوودیان لەو بەسەرهاتە فۆلکلۆرییە وەرگرتووە و ئاماژەی پێ داوە.


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٣. ئەنوەر قادر شیعرێکی درێژی بۆ ئەو بەسەرهاتە فۆلکلۆرییە تەرخان کردووە، هەرچی ڕەفیق سابیر لە چەند کۆپلەیەکی شیعری وەرزی سەهۆڵبەندان ئەو بەسەرهاتە فۆلکلۆرییەی تەوزیف کردووە.

٤. ئەنوەر قادر بەگشتی بەسەرهاتەکەی لە قاڵبی شیعردا داڕشتووەتەوە، هەندێک گۆڕانکاریی بەسەر بەسەرهاتەکەدا هێناوە، لەوانە ناوی دڵدارەکەی سیوەخانی لە محەمەدەوە کردووەتەوە جوامێر، بەڵام ڕەفیق چەند دیمەنێکی ئەو بەسەرهاتەی پیشان داوە و بە شێوەیەکی خودی گوزارشتی لێ کردووە.

٥. ئەو گێڕانەوە شیعرییەی ئەنوەر قادر محەمەد لەگەڵ بەسەرهاتە فۆلکلۆرییەکە هاوتەریبە و لە هێڵە گشتییەکان و ناوەکانی (سێوەخان، حسێن ئاغا، ئەحمەدی کوڕی حسێن ئاغا...هتد) وەك بەسەرهاتە فۆلکلۆرییەکەیە.

**سەرچاوەکان:**


١. ئەنوەر قادر محەمەد (٢٠١٨)، زریان و زایەڵە و زنار و نسار، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی

٢. تاریق جامباز (١٩٨٣)، محەمەد و سێوێ و سورمێ خان و قورشیدێ چاو بە خار، بەغدا

٣. ڕەفیق سابیر (٢٠١٤)، دیوانی ڕەفیق سابیر، چایخانەی تاران

٤. شوکریە ڕەسول (٢٠٠٥)، حیکایەتی فۆلکلۆریی گیانداران، سلێمانی

٥. عەزیز شارۆخ (٢٠٠٢)، چیرۆکی و بەیتی کوردی،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر

## الإنعكاس الواقعة (سيوةخان) في الشعر الكوردي المعاصر_اشعار انور قادر محمد و رفيق صابر نموذجا

**الملخص:**

هذا البحث الموسوم ب (الإنعكاس الواقعة (سيوةخان) في الشعر الكوردي المعاصر_اشعار انور قادر محمد و رفيق صابر نموذجا)يتكون من المقدمة و فصلين و نتائج البحث و قائمة المصادر.

حاول الباحث في الفصل الأول لهذا البحث أن يتقارن بين نصان فلكلوران في نقاط العديدة، نص الاول المنشور لكاتب (طارق جمباز) و نص الاخرى المنشور لكاتب (عزيز شاروخ) هذان نصان كان أساسا متينا لإنعكاس الواقعة في شعر الشاعران (انور قادر محمد و رفيق صابر). بعد ذلك تسلطنا ضوء على نقاط المتشابهة والاختلاف بين نصين.

في الفصل الثاني بحثنا على كيفية ومدى الإنعكاس الواقعة (سيوةخان) في شعر الشاعرين و تناولنا هذة مسألة بدلائل الشعرية، مع بيان الاختلاف الشاعران في توظيف تلك الواقعة في اشعارهما.

وفي اخر البحث شيرنا الى أهم نتائج البحث التي حصلنا عليه خلال هذا البحث و بعد ذلك يأتي قائمة المصادر.

**الكلمات الدالة:** *سيوةخان، الشعر المعاصر، انور قادر محمد، رفيق صابر.*

## The Reflection of the Incident (Sewakhan) in Contemporary Kurdish Poetry_ the Poetry of Anwar Qadir Muhammad and RafeeqSabir as an example

**Abstract:**

This research is entitled (The Reflection of the Incident (Sewakhan) in Contemporary Kurdish Poetry_ the Poetry of Anwar Qadir Muhammad and RafeeqSabir as an example) consists of an introduction, two parts, results and a list of sources.

In the first part of this research, the researcher tried to compare two folklore texts on several points, the first published text by (Tariq Jambaz) and (Aziz Shahrukh). Then we shed light on the similarities and difference between the two texts. In the second part, we discussed the way and extent of the reflection of the incident (Sewakhan) in the poetry of the two poets

At the end of the research, we referred to the most important results of the research, and after come the list of sources.

**Keywords:** *Sewakhan, Contemporary Poetry, Anwar Qadir Muhammad, Rafeeq Sabir.*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# کەسایەتی دمەمێ ئالانا فۆلکلۆری و مەم و زینا مەلا مەحموودێ بایەزیدیدا

رەبیع ئیسماعیل خالد
پشکا کۆمپیوتەر- کۆلیژا زانست- زانکۆیا نۆلج- هەولێر- هەرێما کوردستانێ/ عیراق
بفرین رشید حسین
کولیژا زمانان- زانکۆیا دهوک- هەرێما کوردستانێ/ عیراق

پوختە:

مەم و زین یەک ژ داستانێن بناڤ و بانگە دئەدەبیاتا کوردیدا، ئەڤ داستانە ب سە دان سالان دناڤا گەلێ کورد دا ب زیندی مایە هەتا ئیرۆ، ئەڤ داستانە بۆ ئێکەمین جار ژ لایێ هەلبەستڤان ئەحمەدێ خانی هاتیە نڤیسین، پاشان بۆیە هێڤێنێ بەرهەمێن نڤیسکلران یەک ژ وان مەلا مەحمودێ بایەزیدی بوو، ئەوان ژبۆ نڤیسینا(مەم وزینێ) مفا ژ مەمێ ئالانا فۆلکلۆری وەرگرتیە، کو ئێک ژ چیرۆکا داداری یا ناڤدارە دجڤاتا کوردیدا.
ئەم دئەڤێ لێکۆلینێدا دێ بەحس ل کەسایەتیێ دمەم و زینا خانی و مەلا مەحموودێ بایەزیدی دا کەین، ئەرێ خانی و مەلا مەحموودێ بایەزیدی دمەم و زینێدا بەحسێ کێ کریە؟ چ جوداهی و وەکهەڤی دناڤبەرا کەسایەتیێن مەم وزینا خانی و مەم وزینا مەلامەحموودێ بایەزیدیدا هەیە؟ ... هتد. ئەڤ پرسیاروچەندین پرسیارێن دیتر دەربارەی ڤی بابەتی دڤێ لێکۆلینێدا دێ روونبن.

**پەیڤێن سەرەکی:** *کەسایەتی، مەم وزین، مەمێ ئالان، ئەحمەدێ خانی، مەلا مەحموودێ بایەزیدی.*

## ١ - چیرۆك و داستان

### ١- ١ داستان وەک زاراڤ

وەکو یا دیار هەر رەگەزەکێ ئەدەبی ژلایێ چەمک و واتایێ ڤە، چەندین زاراڤ بو دهێنە بکارئینان، (( داستان ژی وەکو جورەکێ ئەدەبی زورێ کەڤنارە و پەیوەندی یا ب عەقلیەتەکا تایبەتا مرۆڤی ڤە هەی بۆ ڤە گێرانا دیاردێن دەوروبەری وێ ))[1] (نعمت الله حامد نهێلی، ٢٠١٠: ٧) هەتاکو هەر رەگەزەکی واتایا وی یا دروست بهێتە زانین و تێکەل نەبیت ل گەل زاراڤێن دی یا پێدڤی یە ب شێوازەکێ هویر ل چەمک و واتایا وی زاراڤەی بکۆلین، هەروەکی یا دیار داستان ژلایێ زمانیڤە ب واتایا ((گوشتاگەر))[2] دهێت (سەنگەر

قادر شێخ محەمەد حاجی، ٢٠٠٩: ١٥) یاخویایە ئەڤێ پەیڤێ دزمانێن جودادا چەندین پەیڤ و زاراڤ بو دهێنە بکارئینان، هەروەکی د زمانێ یونانیدا (پەیڤا epos دهێتە بکارئینان کو ب واتایا پەیڤ و چیرۆک دهێت)٠[٣] (هەمان ژێدەر: ١٥) بنچینەیێ ئەڤێ پەیڤێ ژی هەر بو زمانێ گریکی دزڤریت کو ژ دبنچینەدا ژ پەیڤا (epic) هاتیە وەرگرتن [٤] (هەمان ژێدەر: ١٥) داستان دکوکا خودا بەحسێ سەرهاتی و زیرەکیا قارەمانەکی دکەت، کو هەمی شیان و هێزا ل جەم مروڤی هەی بو وی قارەمانی دزڤرینن، ژبەرکو ئەو کەسایەتیێ سەرەکی و پالەوانێ دیارێ چیرۆکێ یە، خویایە هەر ملەتەکی ژی چەندین داستانێن قارەمانی دناڤ دا هەبووین و ملەتێ کورد ژی یەک ژوان نەتەوانانە یێن کو ب قارەمانی و دلێریێ دبەرنیاس. دیسان دزمانێ عەرەبیدا هەروەکی یا دیار بۆ ئەڤێ پەیڤێ (( وشەی (لحم) یش کە چاوگی (ملحمە)یە بە مانای حوکم بەسەردان ))[٥] (هەمان ژێدەر:١٥) دهێتە بکارئینان، دیسان ملەتێ فارس ژی بو داستانێ (( وشەی (حەماسە) یان بوکارهێناوە، چونکە(حماسە) بەمانای شوێنی سەخت و دژوار بۆ پاراستنی ئایین و دلێری لەشەردا دێت))[٦] (هەمان ژێدەر:١٥) ژبەرکو فارسان ژی وەکو ملەتێن دیترێن جیهانێ ب داستانێن خو دهێنە نیاسین ژوان ژی (شاهناما فیردەوسی) کو ب بەرهەمەکێ مەزنێ ئەدەبی دهێتە هژمارتن. دناڤ ملەتێ کورد ژی دا بۆ ئەڤی بەرهەمی گەلەک ناڤ دهێنە بکارئینان ژوان ژی ((چیرۆکی شیعری و بەیت بەکاردێن، بەلام بەکارهێنانی وشەی داستان لەوانەی دیکە باوترە. داستان بەمانای بەسەرهات و گوزەشتە یە، بەڵام لەنا و کوردانددا کارێک هەیە پێ دەگوترێ داستان کە ئازایەتی و چەلەنگییەکی زۆر ل لایەن رۆلەکانی ملەت نوێنرابێت)) [٧] (هەمان ژێدەر:١٦) ل ڤێرێ بومە ئەو چەندە دیاردبیت، کو ئەڤ رەگەزێ ئەدەبی وەکی هەمی رەگەزێن دیتر دناڤ هەمی ملەت و گەلێن جیهانێدا سەرهلدایە، بێگومان ملەتێ کورد ژی ئێکە ژوان ملەتان کو رێژەیەکا زور یا داستانێن قارەمانی تومارکرینە، لێ هەروەکی یا دیار ژ مەرج و تایبەتمەندێن ئەڤێ جورێ ئەدەبی پێدڤێیە زیرەکی و نەمەردی و هێزوشیانێن قارەمانێ داستانێ تێدا دیاربن، نەوەکی کارەکێ ئاسایی داکو ب داستان بهێتە هژمارتن و ئەو دیرۆک و دلێریا ئەوان پالەوانێن داستانێ تێدا بهێتە تومارکرن، ژبەرکو ئەو روویدانێن پالەوانێن داستانێ توماردکەن جورە تایبەتمەندیەکا تایبەت هەیە کو هەمی کەس نەشێن ب ئەوان کاران رابن، هەر ژبەرهندێژی دیرۆک ناڤێ وان تومار دکەت، ئانکو داستان(( چیرۆکێکی شیعری، مللی، پالەوانییە. رووداوی لەتوانابەدەر دەگێرێتەوە کو کەسانی ئاسایی ناتوانن ئەنجامی بدەن))[٨] (هەمان ژێدەر: ١٩).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**١- ٢ چیرۆک وەک زاراڤ:**

چیرۆک ژی وەکو هونەرێن دی یێن ئەدەبی سەرهلدانا وێ بو مێژوویەکا دویرو درێژ دزڤریت، گومان تێدا نینە کو ئەڤ هونەرە ژی ب چەندین زاراڤێن جودا جودا دناڤ زمانێن جیهانێدا دیاربوویە، کو هەر زمانەکی چەندین پەیڤ و زاراڤ بو بکارئینایینە، ژبەرکو چیرۆک (( وەک چالاکی بۆ سەردەمێن کەڤن دزڤریتەڤە، ئانکو ل گەل سەرهلدانا مرۆڤایەتیێ پەیدابوویە. د بنیاتدا بۆ حەزو ئارەزوویەکا مرۆڤی ڤەدگەریتەڤە، کو ل سەر بەهرەیا مرۆڤی راوەستایە ب مەبەستا ڤە گێرانا رووپدانێن دەورووبەرێن خو و بزاڤکرن بۆ پشکداریکرنا جڤاکی ژ ئەوێ چەندا ڤەگێر ڤەدگێریت و هەست پێ دکەت))[٩] ( رێژین جەمیل خەلیل: ١٧) کەواتە ئەم دشێین بێژین کو (( رەخنەگرێن ئەدەبی ئەڤ جورە ڤەگێرانە ب زاراڤێ (conte) ناڤکریە)). [١٠] (هەمان ژێدەر: ١٧).

**٢- چەمک و پێناسێن کەسایەتیێ:**

کەسایەتی ب رەگەزەکێ سەرەکی دناڤ بەرهەمێن ئەدەبی یێن ڤەگێرانکی دهێتە هژمارتن، ب شێوەیەکێ گشتی و دناڤ چیرۆکێ و داستانێ ب تایبەتی، ژبەر ئەو روولێ سەرەکی یێ پالەوان د رووپدانان دا دگێریت، ژبەرکو گەلەک جاران ئەو روولێ کەسایەتی دگێرن دناڤ رووپداناندا دبیتە مایێ گرنگی پێدانا نڤیسەری بڤی رەگەزی، ژبەرکو رول هەمی بو کەسایەتی دهێتە ڤەگەراندن، و ئەڤی رەگەزی پەیوەندی ب هەمی توخمێن دیترێن رووپدانێن چیرۆکێ ڤە هەیە، ئانکو (( مێژووی شتەکان پەیوەستە بە مێژووی کارەکتەرەکانەوە))[١] (سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، ٢٠٠٩: ١٧٣). کەواتە هەبوون و روولێ کەسایەتیان دناڤ داستان و چیرۆکێدا ژ رەگەزێن دیتر بهێزترە هەتا ئەوی رادەی ئەگەر ئەم بەحسێ رووپدانان بکەین دڤێت ئێکسەر ئەوان رووپدانان ب کەسایەتیانڤە گرێ بدەین، ئەگەر ئەوان رووپدانان هیچ بوهایەکێ خو نابیت، خویایە ل دویڤ هەبوونا رووپدانان و ئامادەبوونا کەسایەتیان ژی کەسایەتی دابەش دبنە سەر دوو جورێن سەرەکی، ئەوژی کەسایەتیا سەرەکی و کەسایەتیا لاوەکی، ئەوژی هەروەکی دهێتە زانین کو نڤیسەر یان چیرۆک نڤیس یان داستان نڤیس لدویڤ پێدڤیاتیا رووپدانان و جورێ چیرۆکێ یان داستانێ یان هەر بەرهەمەکێ دی یێ ڤەگێرانکی کەسایەتیان دابەش دکەت، (( لێ گرنگترین جورێن کەسایەتیان ل دویڤ ئەرک و پێکهات و گرنگیا ئەوان ددەقیدا، ب سەر کەسایەتییێن سەرەکی و لاوەکی دابەش دبیت))[٢] ( رێژین جمیل، ٢٠١٣: ٥٩) کەواتە ئەم دشێین بێژین هەر رووپدانەکا ڤەگێرانکی پێدڤی ب کەسانڤە هەیە داکو ب روولێ سەرکردایەتیا ئەوێ رووپدانێ رابن، ژبەرهندێژی کەسایەتیا سەرەکی ب ئەڤی روولی رادبیت و ڤەگێر هەمی هێزو شیان و رولی پێشکێشی ئەڤێ جورێ کەسایەتیێ دکەت، ئانکو ( کەسایەتیا سەرەکی ژ هەمی جورێن دی یێن کەسایەتیان زالترە و رولەکێ کاریگەر و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

ئەكتیف دئاڤاكرنا بنیاتێ كورتە چیرۆكێدا دگێریت)[3] (هەمان ژێدەر: ٦٠) ئانكو ژبلی هندێ كو ئاڤاكرنا روویدان ب كەسایەتی ڤە هەیە، دیسان پالەوانێ سەرەكی یێ روویدانا ژی هەر ئەو كەسایەتیا سەرەكی یە ئەوا ب رولێ گوهورین و لڤاندنا روویدانێن چیروكێ و داستانێ رادبیت، هەرچەندە ئەڤ چەندەژی ل دویڤ بیروبوچونێن زانا و فەیلەسوفان دهێتە گوهورین، ئانكو مەرەم ژێ ئەوە كو ل دویڤ بیروبوچونێن هندەك فەیلەسوفان هەبوونا روویدانا دناڤ چیرۆكێدا ژ هەبوونا كەسایەتیان گرنگترە، لێ هەروەكی (ئەرستو) دبێژیت كو (( دبیت هندەك چیرۆك هەبن بێ سیمایێن كەسایەتی، لێ چ سیمایێن كەسایەتی بێ چیرۆك نابن))[4] ( شڤان جرجیس عبدالرحمن، ٢٠١٣: ١٦٢-١٦٣) ئانكو بومە ئەو چەندە خویا دبیت، كو بیروبوچونێن جودا ل دور گرنگی و هەبوونا كەسایەتیان دناڤ بەرهەمێن ڤەگێرانكی دا دهێتە دیتن، لێ پێدڤیە بێژین كو كەسایەتی و روویدان دوو رەگەزێن گرنگێن ئاڤاكرنا بەرهەمێن ئەدەبی یێن ڤەگێرانكی دهێنە هژمارتن، ئەگەر كەسایەتی نەبن ئانكو روویدانان ژی چ هەبوونا خوە بێ كەسایەتیان نینە و هەردوو تەمامكەرێن ئێكن، هەروەكی (( جورج لوكاشی وەرچەرخانەك دڤی بواری دا كر دەمێ هاوسەنگی دناڤبەرا كەسایەتی و روویدانێدا كری، نەمازە پشتی ئەو سەردەم ب سەدێ بـرژوازی یێ ناڤكری، یا كو دەربرین ژهەمی پێشكەفتنان دهەمی لایەنەكی دا دكەت))[5] (نیهایەت محەمەد سالح عزەت، ٢٠١٢: ٨٦). هەر ئەڤ چەندەژی بو ئەگەرێ هندێ كو ئەڤ بووچونە (( كارتێكرن لسەر بیرو بۆچوونێن تیۆرناسێن كلاسیكی كر و كەسایەتی دانا د بازنەكێ گرتی دا و وەك بكەرەكێ بێ كاریگەر بو كاری هژمارت))[6] ( ئەمین عبدولقادر عومەر، ٢٠٠٨:ل ١١٥)

كەواتە ئەم دشێین بێژین بها و رووڵ و گرنگیا كەسایەتیان ژ بەرهەمەكی بو بەرهەمەكێ دی یێ ڤەگێرانكی دهێتە گوهرین، لێ چ روویدان بێ كەسایەتی نابن، دیسان كەسایەتیان ژی بێ هەبوونا روویدانان چ گرنگیا خوە نینە، هەروەكی (محمد غنمی هلال) پێناسا كەسایەتیان دناڤ چیرۆكێدا بڤی رەنگی دكەت دەمێ دبێژیت((كارەكتەر لە چیرۆكدا خولگەی واتاكان و تەوەری هزرو بۆچوونە گشتیەكانە))[7]. ئانكو ئەڤەژی رولێ سەرەكی یێ كەسایەتیان د بنیات نانا هەر چیرۆكەكێدا دیاردكەت.

**٢-١ رولێ كەسایەتیان دناڤ داستان و چیرۆكێدا:**

هەروەكو یا دیار كەسایەتی ئێك ژ رەگەزێن گرنگێن هەر ئێك ژ داستانێ و رومانێ دهێتە هژمارتن و ب خالا سەرەكی یا ئاراستەكرنا روویدانێن ڤەگێرانكی یێن ئەڤان بەرهەمان رادبیت، ژبەركو روویدان بێ كەسایەتی نابیت، دیسان ژبەر ئەو رولێ سەرەكی یێ كەسایەتی دگێریت دناڤ داستانێدا ئەگەر بەحسێ كەسایەتیێ نەهێتە كرن وەكو خالەكا لاوازیێ دهێتە زانین، ژبەركو كەسایەتی ب توخمەكێ سەرەكی و گرنگ دهێتە


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

هژمارتن دناڤ پێکهاتا بنیاتنانا هەر کارەکێ ئەدەبی ب گشتی و داستانێ ب شێوەیەکێ تایبەتی، ژبەرکو کەسایەتیێ پەیوەندی ب هەمی رەگەزێن دیترێن داستانێ ڤە هەیە، ئانکو دەمێ مە بڤێت ئەم بەحسێ دەمی یان روویدانێن داستانێ بکەین، دڤێت دەستپێکێ بەحسێ کەسایەتیێ بکەین وەک رەگەزەکێ سەرەکی دداستانێدا. چونکی (( ئەو رووداوە مەزنە هەر لە خۆیەوە دروست نەبووە و پێویستی بە یەکێک هەبووە بۆ ئەوەی دروستی بکات یا رۆلی تێدا بگێریت کە ئەویش پالەوانی داستانەکەیە، بۆیە لە داستاندا بوونی پالەوان لەبوونی رووداو گرنگترە و پالەوان هوکاری دروستبوونی رووداوە))[٨] (سەنگەر قادر شێخ محەممەد حاجی، ٢٠٠٩: ١٧٧) ل ڤێرێ بومە ئەو چەندە دیاردبیت کو بنەمایێ سەرەکی و هەرە گرنگ دداستانێدا پالەوان و کەسایەتیا داستانێ یە، ژبەرکو ئەو رولێ پالەوان دداستانێدا دگێریت بەرامبەر هەمی روویدانێن دیترێن داستانێ دهێتە هژمارتن، هەر دیسان ئەو رول و بهایێ پالەوان دداستانێدا دگێریت بلندترە ژ وی بهایێ د ناڤ رەگەزێن دیترێن ئەدەبیدا دگێریت، ژبەرکو (( پالەوانی داستان پالەوانێکی بێکەم و کورییە و لە هەموو لایەکاندا باشترین سیفەت و ئاکاری پێبەخشراون هەتا ئەو کەرەستانەی پالەوان بەکاری دێنێ جورێک لە تایبەتمەندی پالەوانەیان پێوە دیارە))[٩](هەمان ژێدەر: ١٧٧) . بڤێ چەندێ بومە دیار دبیت کو کەسایەتی ب توخمەکێ سەرەکی و کاریگەر یێ ئاڤاکرنا رویدانێن داستانێ دهێتە هژمارتن، ژبەرکو ئەڤی رەگەزی پەیوەندیەکا ئێکسەر ب رویدانێن دیترێن داستانێ ڤە هەیە و هەمی رول بو کەسایەتێن رویدانێن داستانێ دزڤریت، ژبەرکو ئەو رولێ کەسایەتێن دناڤ داستانێ دگێرن ژ هەمی بابەتێن دیترێن داستانێ گرنگترە، ژبەرهندێژی هەمی هێزو شیان و ئەکتەری بو کەسایەتیێن داستانێ دزڤریت و هەر کارەکێ پالەوانێ داستانێ بڤێت دشێت ئەنجام بدەت بێ هیچ قەیدو بەندەکی، کەواتە ئەم دشێین بێژین بتەمایێ سەرەکی یێ هەر بەرهەمەکێ ڤەگێرانکی کەسایەتی یە (ژبەرکو کەسایەتیێ پەیوەندیەکا ب هێز دگەل رویدانێ هەیە و ئەڤ هەردوو رەگەزە ب بنەمایێن سەرەکی یێن ڤەگێرانێ دهێنە دانان، ژبەرکو چ کەسایەتی بێ رویدان نابن و دیسان چ رویدان بێ هەبوونا کەسایەتیان ناهێنە ئەنجام دان) [١٠] ( حسن بحراوي، ١٩٩٠: ٢١٨) هەر ژبەر هندێژی (جون برین) د پەرتوکا خودا ئەوا بناڤێ (نڤێسینا رۆمانێ) دبێژیت:(( من لە یەک شتدا دڵنیام ئەگەر کارەکتەرت هەیە، ئەوا دەکرێ چیرۆکێکت هەبێت))[١١] (جەوهەر محەممەد مەولود شێخانی، ٢٠١٣: ٧) ئانکو دئەڤێ گوتنێ دا بومە گرنگی و رولێ کەسایەتیێ دیاردکەت دناڤ بوویەرێن چیرۆکێدا کو بێ هەبوونا کەسایەتیان چ رویدان نابن(Rabeea Ismael Khalid ZEBARI and Dr. Mehmet Veysi BABAYİĞİT, 2021: R.6.).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

### ٣- مەلامەحمودێ بایەزیدی ژیان و بەرهەم

### ٣-١ مەلا مەحمودێ بایەزیدی

مەلا مەحمودێ بایەزیدی، زانیار، دیرۆکناس، چیرۆک نڤیس، وەرگەڤان، نڤێسکارەکێ کوردە، ل چەرخێ (١٩) دەست ب نڤێسینا بەرهەم و چاپەمەنیا کوردی کریە( Fehmî Kareem Hamad Salim, 2020, R.6)ئاسۆ زاگرۆسی دەربارەی(مەلامەحمودێ بایەزیدی) دا دبێژیت: (( ئەز هەرجارا مەلا مەحمودێ بایەزیدی دخوینم، شاش دبم، کو وی وەکو نڤێسکار تێخم کیژان بواریدا، ژبەرکو مەلا مەحمودێ بایەزیدی ب سەرێ خو وەکو پەرتەکخانەیەکا کوردی بوو، گەلۆ مەلا مەحمودێ بایەزیدی دیرۆکزان بوو، چیرۆکنڤیس بوو، زمانزان بوو،یەکەمین چیرۆکنڤیسێ کورد بوو، وەرگەر بوو، دیرۆکناسێ ویژەیی بوو، سیاسەتمەدار بوو))( Aso Zgrosî, 2012 R.1) مەلا مەحمودێ بایەزیدی ل سالا(١٧٩٩) ل بایەزیدێ هاتیە سەر دونیایێ، هەر ل وێرێ دەست ب خواندنا خو یا خوێندگەهێ کریە، پشتی تەمامکرنا خاندنا خو چویە (تەبریزێ) هەر ل وێرێ فێری زمانێ فارسی بوویە، مەلا مەحمود یەک ژوان زانا و رۆشەنبیرێن کورد سەدسالا(١٩)ێ تێر بەرهەمە، و سەد سالا (١٩)ێ پرانیا رۆشەنبیر و زانایێن کورد بەرهەمێن خو زمانێ فارسی و عەرەبی نفێسینە، لێ مەلا مەحمودێ بایەزیدی هەموو بەرهەمێن خۆ ب زمانێ کوردی نڤێسینە EvînBîlgî,2013,R.12 ).

ئەلکسەندەر ژاپا (١٠٨٣-١٨٩٤) ل سالا(١٠٨٤) ل پۆلۆنیایێ هاتیە سەر دونیایێ، کەسەکێ جوهییە، زمانێن روژهەلاتی دزانین، یەک ژوان زمانێ کوردی بوو، کو ل سەر دەست[ مەلا مەحمودێ بایەزیدی فێری زمانێ کوردی ببو، هەروەسا ئەلکسەندەر ژاپا دنیڤا چەرخێ(١٩) وەکو بالیوزێ روسیا دهێتە ئەرزرومێ، کەیفا وی ب صاند، وێژە، دیرۆکا کوردان دهێت، ل ئەرزرومێ دگەل مەلا مەحمودێ بایەزیدی پەیوەندیان ددانیت، هێدی هێدی هەڤدوو ناسدکەن وکار و خەباتێن وان دگەل هەڤدوو دەستپێدکەن وخەباتا ل سەر دیرۆک ، چاند، وێژە، رێزمانا کوردی دکەن، مەلا مەحمود ل پەرتوکحانەیا خو گەلەک پەرتووکان ددە ئەلکسەندەر ژاپای، دناڤا ڤان پەرتووکان، هندەک ژ پەرتوکێن ئەلکسەندەر ژاپای وەکو جامیعەیا ریسالەیان و حیکایەتان ب زمانێ کورمانجی و(( ئاداب و روسوماتنامەیا کوردان )) ئەڤ پەرتووکە ب رێیا ئەلکسەندەر ژاپای دگەهنە ئەرشیفخانەیا پترسبۆرگێ(Fehmî Kareem Hamad Salim, 2020, R.15)

### ٣-٢ بەرهەمێن مەلا مەحمودێ بایەزیدی:

مەلا مەحمودێ بایەزیدی ئێک ژ نڤێسکارێن کوردانە، ل چەرخێ(١٩) بەرهەمێن خو ب زمانێ کوردی نڤێسینە، بەرهەمێن وی ل سەر دیرۆک، فۆلکلۆر، ئەدەب، زمان،..هتد هەنە، ئەڤێن ل خوارێ بەرهەمێن وی نە:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**٣-٢-١ شەرەفنامە:**

مەلا مەحمودێ بایەزیدی یەکەم کەسە، کو بەرگێ ئێکێ ژ شەرەفنامێ میر(شەرەفخانێ بەدلیسی) ژ ئورژینالا وێ یا فارسی و ل بەر ئەو نوسخەیا ژلایێ(زێموڤ) ڤە هاتیە ئامادەکرن، هندەک بابەتان را چوویە بەحس نەکریە، ئانکو وەرگەراندینە کوردی وەکو میرگەها ئەیوبیان، بەشەک ژ میرگەها هەکارێ، هەروەسا بەشەک ژ میرگەها بەدلیسێ وەرنەگەراندین، دسالا(١٩٨٦) ژڤێ وەرگێرێ، ژلایێ(قەناتێ کورد و و ج.سی. موسەلیان) پێشگوتنەکا هێژا هاتیە نڤێسین و ئەو وەک دەستخەت بخو هاتیە چاپکرن، دسالا(٢٠٠٧) ئەو دەستخەت ژلایێ سەعید دێرەشیڤە هاتیە ئامادەکرن و ژلایێ وەشانخانەیا سپیرێز ل بازێرێ دهۆک هاتیە وەشاندن (Zîya Avcî, 2010, R.1).

**٣-٢-٢ پەرتووکا تاریخا جدیدا کوردستانێ:**

ئەڤ پەرتووکە ژلایێ مەلا مەحمودێ بایەزیدی هاتیە نڤێسین، لێ مخابن ئەڤ پەرتووکە هەتا نۆکە وندایە، هەتا نوکە گەلەک هەول هاتینە دان بەلێ بێ ئەنجام ماینە، ل گۆر ئەو ئاگەهدارییێن ژلایێ ئەلکسەندەر ژاپایڤە هاتینە داین، ئەو پێشگۆتنا ژلایێ مەلا مەحمودێ بایەزیدیڤە ژبۆ پەرتووکێ هاتینە نڤیساندن و ئەلکسەندەر ژاپایی ئەو وەرگەراندیە فەرەنسی و هەتا نوکە هاتیە پاراستن و گەلەک کەسێن دیتر دەربارەی پەرتووکێدا نڤێساندینە، ئەم ب ئەگەرێ ڤێ پێشگوتنێ دەربارەی پەرتووکێدا دبینە خودان زانیاریی(Zîya Avcî, 2010, R.1).

**٣-٢-٣ عادات و رسوماتنامەی ئەکرادیە:**

ئەڤ پەرتووک ژلایێ مەلامەحمودێ بایەزیدی بخوڤە هاتیە نڤێسین، کو دناڤا بازێر و گوندان‌دا گەریایە و داب و نەریتێن کوردان کومکرینە و نڤسینە، ژلایێ ئەلکسەندەر ژاپایڤە وەرگەرا وێ ژ بۆ فەرەنسی هاتیە کرن، پاشان ل سالا(١٩٦٣) ژلایێ رودینکۆیڤە، ل موسکویێ وەرگەرا وێ یا روسی هاتیە کرن و ل مۆسکویێ هاتیە وەشاندن، وەرگەرا وێ ژبۆ زمانێن دیتریش هەنە، ئەڤە دبیتە یەکەم پەرتووک ل سەر ئەتنۆلوژی و ئەتنوگرافی یا ل سەر کوردان ب کوردی هاتیە نڤێساندن(Zîya Avcî, 2010, R.1).

**٣-٢-٤ مەم و زین، یوسف و زۆلیخا، لەیلا مەجنون، شێخێ سەنعان و زومبیل فروش:**

مەلا مەحمودێ بایەزیدی بەرهەما هێژا و گرانبەها یا ئەحمەدێ خانی و مەم وزین(١٨٥٩)، یا سەلیمێ سولێمان(یوسف و زولەیخا)، یا حارسێ بەدلیس(لەیلا مەجنون)، یا فەقیێ تەیران(شێخێ سەنعان و بەرسیسێ عابد و قەولێ هەسپێ رەش و زەمبیل فروش) وەکو چیرۆک نڤێساندینە، پاشان ئەلکسەندەر ژاپای کرینە لاتینی و وەرگەراندینە فەرەنسی و پێشگۆتنەک بۆ وان نڤێسیە، پاشان هنارتینە ئەرشیفخانەیا (پترسپۆرگێ) ل رۆسیا( Fehmî Kareem Hamad Salim,2020,R.21).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

### ٣-٢-٥- فەرهەنگا کوردی- فەرەنسزی:

مەلا مەحمودێ بایەزیدی دنڤێسین و ئامادەکرنا ڤێ فەرهەنگا(کوردی-فەرەنسزی) ئالیکاریەکا مەزن دایە ئەلکسەندەر ژاپای، ئەڤ فەرهەنگ هاتیە چاپکرن، ئەڤە یەک ژ کارێن مەلا مەحمودێ بایەزیدی و ئەلکسەندەر ژاپای، کو پێکڤە ئەنجامدای( Zîya Avcî, 2010, R.1).

### ٣-٢-٦- فەرهەنگا کوردی دیالێکتا هەکاری- رەواندی:

فەرهاد پیربال دپەرتوکا خودا یا ((یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشانووس مەلا مەحمودێ بایەزیدی)) ل لاپەرە(٩) دا، ژبۆ ڤێ فەرهەنگا مەلا مەحمودێ بایەزیدی دبێژیت، مەلا مەحمودێ بایەزیدی د پێشگوتنا ڤێ فەرهەنگێدا گۆتیە:((ئەڤ ریسالەیەکە د بەحسا هنەک فرق و جوداهیێن دناڤا لۆغاتێن ئەکردان..هتد)) ئەڤ فەرهەنگە ل سالا (١٨٥٨) هاتیە نڤێسین، مەلا مەحمودێ بایەزیدی پێشگوتنەک بۆ نڤێسیە دبێژیت: ب دیالێکتا کۆرمانجی بەحسا هندەک تایبەتمەندیێن زمانێ کوردی دکەت)) ئەڤ دەستنڤێسە هاتیە رێکو پێکرن ، ل سالا (١٩٨٤) ژلایێ(مارف خەزنەدار) هاتیە چاپکرنFehmî Kareem Hamad Salim,2020, R.22).

### ٣-٢-٧- کلام، بێریتە، گوتنێن پێشیان:

مەلا مەحمودێ بایەزیدی گەلەک بابەت ئازراندینە و ل سەر نڤسینە ویەک ژوان(کلام، بێریتە، گوتنێن پێشیان) وی هەمی کەلامێن میرخاسی ئەڤینی دناڤا کوردان‌دا هەین نڤێسینە و تەسلیمی ئەلکسەندەر ژاپای کرینە، ب ڤی ئاوایی گەهشتینە ئەرشیفخانا(پترسپورگێ) ل رۆسیا (Fehmî Kareem Hamad Salim,2020, R.24). ل گوری ئاخفتنا فەرهاد پیربال مەلا مەحمودێ بایەزیدی گەلەک بەرهەمێن هۆزانڤانێن عوسمانیان و عەجەمان وەرگەراندینە سەر زمانێ کوردی وەکو دەستخەت، دگەل وان بەرهەمان(داستانا کەلا دمدم) دناڤا بەرهەمێن مەلا مەحمودێ بایەزیدیدا دیاردبیت، بەلێ نڤیسکارێ ڤێ نەدیارە، هەروەسا(گۆلستانا سەعیدێ شیرازی) ب ئاوایەکێ پەخشان وەرگەراندیە سەر زمانێ کوردی، نها ژی ل ئەرشیفخانا(پاریسێ) یە (فەرهاد پیربال،٢٠٠٠:ل١٧-١٩).

### ٣.٣ جهێ مەم وزینا مەلا مەحمودێ بایەزیدی د ئەدەبیاتا کوردیدا:

مەلا مەحمودێ بایەزید یەکەم رۆشەنبیرۆ وزانایێ کوردانە، هەر وەکو ئەم دزانین، ب تایبەتی ل چەرخێ (١٩)دا، زمانێ فارسی و عەرەبی دناڤا زاناو روشەنبیرێن کوردان‌دا گەلەک د رەواجێدا بوو، نزیکی تەمامێ زانا و رۆشەنبیرێن کورد دکارێن خوێن نڤیسینێدا، ئەڤ هەردوو زمان بکارئینانە، لێ مەلا مەحمودێ بایەزیدی بەروڤاژی ڤێ یەکێ دنڤیس و خەباتێن خودا و ئەو پەرتوکێن ژلایێ وی هاتینە نڤیسین ب زمانێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کوردینه(EvînBîlgî,2013,R.28-29). چیرۆکا مەم وزینا مەلا محمودێ بایەزیدی وەکو یەکەمین چیرۆکا کوردی دهێته هژمارتن، ئەڤ چیرۆکە ل چەرخێ(١٩) ژلایێ مە لا مەحمودێ بایەزیدی هاتیە نڤیساندن، ئەم ب رێیا پەرتوکا فەرهاد پیربالی یا بناڤێ (مەلا مەحمودێ بایەزیدی) یاکو دسالا(٢٠٠٠) هاتیە وەشاندن، ل سەر هندەک شاشیێن خو هەلبوون، چونکو بەری بەرهەما فەرهاد پیربالی چیرۆکا (لەخەوما) یا جەمیل سائیب کو ل سالا(١٩٢٥) وەکو یەکەمین چیرۆکا کوردی هاتە هژمارتن ، بەلێ پشتی ب دیتنا چیرۆکا (شەویش) یا فوئاد تەموی کو دسالا(١٩١٣) ل گوڤارا روژی کورد بەلاڤبوو ، ئیدی ئەو چیرۆک ب (١٥) سالان پاشدابربوو، نها دەما چیرۆکا مەلا مەحمودێ بایەزیدی ، کو دسالا(١٨٥٦) نڤیسیبوو هاتە دیتن و ساخکرن، ئێدی دیرۆکا کوردی ب (٥٧) سالان ب پاشداچوو، رووپەلەکا نوو ژبۆ ئەدەبا کوردی هاتە نەقشاندن(فەرهاد پیربال،٢٠٠٠، ل ١١-١٤).

هەروەسا مەلا محمودێ بایەزیدی پشتی عەلی تەرەماخی ب یەکەم پەخشانڤیسێ کورد دهێتە هژمارتن، هەروەکو رەشید فندی دەربارەی یەکەمین پەخشان نڤیسێ کورد دبێژیت: ((هەتا پەرتوکا عەلی تەرەماخی ب ناڤێ (تەسریفا کوردی) یان ژی(دەستورا زمانێ عەرەبی ب کوردی دگەل هندێ نموونەیێن فارسی و کوردی)نەهاتیە چاپکرن، مەلا مەحمود ب یەکەمین پەخشانڤیسێ کورد دهاتە پەژراندن، پشتی کو د. مارف خەزنەدار پەرتوکا غەلی تەرەماخی چاپکر ئەم فێربووین، کو یەکەمین پەخشانووس عەلی تەرەماخی یە )). (رەشید فندی،١٠٨٥، ل ٧) کەواتە نڤیسینێن مەلا مەحمودێ بایەزیدی ب دەستپێکا پەخشانا کوردی دهێنە هژمارتن، کو گە هشبنە رۆژا ئیرو، هەروەکو رۆماننڤیسێ کورد دبێژیت: " وەکی دهێتە زانین ل رۆژهەلات ب گشتی گرنگی ب هەلبەستێ ددەن، لێ روژئاڤا پتر گرنگی ب فەلسەفێ و لێکۆلینێ ددەن، ئەڤ هەردووکە ب پەخشان دهێنە نڤیسین، لەورا تێکەلیا ئەلکسەندەر ژابای و مەلا مەحمودێ بایەزیدی قوناغەکا نوو دەستپێدکەت، بایەزیدی بەرهەما تێکهەلبوونا روژئاڤا و رۆژهەلاتێیە....." (56 EvînBîlgî,2013,R.)،

تێکهەلبوون و کاریگەربوونا بایەزیدی ب ئەلکسەندەر ژابای یەك ژ ئەگەرانە، کو بایەزیدی پتر گرنگی ب پەخشانێ بدەت، دبیتە یەك ژ پێشەنگێن نڤیسینا پەخشانا کوردی.

مەلا مەحمودێ بایەزیدی یەك ژ پێشەنگێن نڤیسکارێن کوردان بوو، کو ل چەرخێ (١٩) بەرهەمێن خو ب زمانێ کوردی نڤیسینە، چونکی دوی سەردەمیدا نزیکی تەمامی زانا و رۆشەنبیرێن کورد دکارێن خوێێن نڤیسینێدا، ئەڤ هەردوو زمان کارئینانە، لێ مەلا مەحمودێ بایەزیدی بەرۆڤاژی ڤێ یەکێ د نڤیس و خەباتێن خودا و ئەو پەرتووکێن ژلایێ وی هاتینە نڤیسین ب زمانێ کوردینە( EvînBîlgî,2013,R.28-29).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**٣- مەم و زینا مەلا مەحمودێ بایەزیدی:**

بێگۆمان چیرۆکا مەم و زین یا مەلا مەحمودێ بایەزیدی، بەرهەما نەمر هەلبەستڤانێ مەزن ئەحمەدێ خانی تینە بیرا مە، بێگۆمان مەلا مەحمودێ بایەزیدی دبن باندورا ئەحمەدێ خانیدا مایە، ئەڤ یەکە نە کێماسیە، هەروەکو مەلا مەحمودێ بایەزیدی بخو د دەسپێکا( مەم و زینێ) خودا دا بەحسێ ( ئەحمەدێ خانی ) دکەت ودبێژیت: " بزمانێ کۆرمانجی، د تاریخا هزار و شیستێدا، د قەسەبا بایەزیدیدا، حەزرەتی (ئەحمەدی خانی)، پەرتووکا کو تەلیفکریە ب وزن بناڤێ (مەم و زینێ) عشق و مەعشوق، ل وجهێ موختەسەر بەیانا وان دکە" مەلا مەحمودێ بایەزیدی ئەڤ بەرهەمە ب ئاوایێ پەخشانکی نڤیساندیە، نەك ب ئاوایێ هەلبەستێ نڤیساندیە، دەردا ژی هەر چەندە مەلا مەحمود ب شاگردێ ئەحمەدێ خانی بهێتە خویاکرنیش، لێ وی موهرا خو ل چیرۆکێش دایە.

ل گۆری چاڤکانییێن ددەستێ مەدانە، ئەڤ بەرهەم، یەکەمین چیرۆکا هونەریە، کو ل چەرخێ (١٩) نڤیسیە، مەلا مەحمودێ بایەزیدی بەرهەما هێژا و گرانبەها مەم و زینا ئەحمەدێ خانی کریە فورما چیرۆکێ و وی وەکو بەرهەمێن دیتر رادەستی ئەلکسەندەر ژابای کریە، رەشید فندی ژبۆ ڤێ چیرۆکێ دبێژیت: " نوسخەیەك ژڤێ چیرۆکێ د پەرتووکخانەیا (پترسبورگێ= روسیا) و نووسخەیەکا دیتریش ل پەرتووکخانەیا لونگەزێ ل پاریس– فەرەنسایێ، رودینکۆ ل سالا (١٩٦٠) جارەکا دیتر ل مۆسکویێ دووشینەڤە.

**٤- داستانا مەمێ ئالانا فۆلکلۆری:**

ئەڤ ئێك ژ چیرۆکێن بناڤ و بانگە دناڤ هەموو کوردان دا، هەروەکی نورەدین زازا بخو دبێژیت: " ژچیاییێن دێرسمێ هەتا لۆرستانێ، مەمێ ئالان ل هەر دەرێ بناڤ و بانگە، بچیك و خورت و پیر و کال، ژن و مێر، نەمازە ل شەڤێن زڤستانێ بەحسا ڤێ چیرۆکێ دهاتە کرن"(Nûredîn Zaza,1981 R.1)، ئەڤێ داستانا گرنگ بنگەکا کەڤن د ئەدەبیاتا مەدا هەیە، ئەم دزانین جارا پێشین د بەیتا مەلا جزیریدا، ئەم ل راستی ناڤێن قارەمانێن ڤێ داستانێ دهێن، دەما دبێژیت:

*موویەکێ ئەز ژ تە نادەم ب دوو سەد زین و شرینان*

*چ دبیت گەر تو حسێبکەی من ب فەرهاد و مەمێ* (سلێمان دلۆڤان، ٢٠١٢ : ل ٤٢)

داستانا مەمێ ئالان ئێك ژ داستانێن هەری بناڤ و بانگە د ئەدەبێ کوردیدا، لەورا گەلەك نڤیسکاران ئەڤ داستانە کریە هێڤێنێ بەرهەمێن خو، پشتی مەلایێ جزیری، ئەحمەدێ خانی داستانەکا تەواو ل سەر مەمێ ئالا دنڤیسیت و ناڤێ بەرهەمێ خو دکەتە مەم و زین (Parviz JAHANY- Hasan ÇİFTECİ, 2020, R.11 )



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەورووپیان بەری مە ل سەر ڤێ چیرۆکێ نڤیساندیە، ئەو رۆژهەلاتناسێن ئەورووپی ب ( مەمێ ئالان )را مژوولبوونە، ئەوژی:

ئا. سۆسن (A. Socin) ل سالا (١٨٩٠ز) ل باژێرێ پترسبۆرگێ ( لینینگراد) ب ئەلمانی و ب زاراڤەیێ بۆتانی ئەو نڤیساندیە و ل ئەورۆپایێ ئەو بەلاڤکریە، هەروەها پشتی وی ئا. ڤون لی جوق (A. Von Le Coq) ل ئەلمانیا د سالا (١٩٠٣) مەمەکێ ئالان دن چاپکریە، هەروەها د سالا (١٩٠٦-١٩٠٩) هەر ل ئەلمانیا رۆژهەلاتناسەکێ ب ناڤێ ئۆسکارمان ل بەرلینێ ب زارێ مۆکری و ب ئەلمانی ب تەڤی چەند چیرۆکێن کوردیێن دن وەکی " خان دمدم " مەمێ ئالان دایە چاپێ و ئەو خستیە بەرچاڤێن مللەتێ خو، هەروەها کوردناسەکێ دن هۆگۆ ماکس ( Hugo Mkas ) ل سالا (١٩٢٦) ل ( لینینگرادێ) ل لینینگرادێ دیسان مەمێ ئالان پێشبەری خواندەڤانێن ئەورۆپی کریە(Hikmettin ATTI,2013: R.83)، ل سالا (١٩٣٦) ل ئەرمنستانێ پایتەختێ وێ (یەریڤان) چەند ئەرمەنیێن کوردیزان سێ گوهەرتوییێن مەمێ ئالان ب کوردی چاپکرنە، پاشان دوماهیا هەمیان ل سالا ( ١٩٤٢) کوردیزانەکێ فەرەنسی رۆژێ لێسکۆ (Roger Lescot ) پشتی خەباتا چوار سالان ب هاریکاریا رەحمەتی میر جەلادەت بەدرخان (مەمێ ئالان) دگەل وەرگەرا وێ ب فەرەنسی، ل بەیرۆتێ چاپکریە، ئەڤ پەرتووک دناڤ کوردان‌دا بەلاڤنەبوویە، بتنێ ل جەم چەند کەسان پەیدا دبیت، گەلەك لێکۆلەر و نڤیسکار دگەل ڤێ بۆچوونێنە، کو ئەڤ مەمێ ئالانا (رۆجەر لیسکۆی) ژ هەموویان دروسترە و تەکەزترە، چونکو رۆجەر لیسکۆت ژبۆ نڤیساندنا مەمێ ئالان گۆهداریا چەندین دەنگبێژا کریە، هەر تشتێ ژ دەڤێ وان دەرکەتیە نڤیساندینە، پاشان دوو دەنگبێژێن دیتر ئینان ، ئێك ذژوان میشۆیێ بەرازی و ئەوێ دیتر سەبریێ مهاجرێ ل بەیروتی، ئەڤ هەردوو دەنگبێژێن ل دۆماهیکێ پتر ژ هەمیان کەتینە د عەقلایێ ویدا، پشتی دیفچوونەکا باش ل سەر هەموو چیرۆکێن مەمێ ئالان ژ بال خەلکی و لێکۆلەران، یا ژ هەمیا باشتر و دروستر (مەمێ ئالانا) رۆجەر لیسکۆتیە(Volkan KORKMAZ,2019, R.101).

داستانا مەمێ ئالان کو ژبۆ مەم و زینێ ئیلهام دابوو ئەحمەدێ خانی، ئەڤ داستان ل سالا (١٩٩٧) دا دوو هزار دانە هاتبوونە چاپکرن، ئەڤ چەند سالبوون چاپا وێ نەمابوو، هەروەکی مە ئاماژە ب وێ یەکێ کربو، کو داستانا مەمێ ئالان ژلایێ رۆجەر لیسکۆت (Roger Lescot) هاتبوو بەرهەڤکرن و چاپکرن ژهەموویا باشترە ( Volkan KORKMAZ , 2019, R.101 ) جەلادەت عەلی بەدرخان د گۆڤارا هاواردا ژبۆ ڤێ ڤاریەنتا مەمێ ئالان دبێژیت: " فۆلکلۆرا کوردان ئەو چەند مەزن و فرەهە کو ئەم ئێدکارین شانازی بکەین و دناڤ خەلکیدا سەرفرازبگرن، دناڤا فۆلکلۆرێ کوردان ژی داستانا مەمێ ئالان" ئەحمەدێ خانی پێشی (٣٠٠) سالان ل سەر ڤێ چیرۆکا مەمێ ئالان مەم و زینا خو ل



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سەر ئاڤاکر پاشان کەسی گوە نەدا مەمێ ئالان و هەتا رۆژا کو کوردیزانێ بلندپایە رۆجەر لیسکۆت (Roger Lescot) ئەو دگەل تەرجمەکا فەرەنسی گەهاندە چاپێ (رۆجەر لیسکۆت، ٢٠١٣: ل١)، ئەڤ ژلایێ وەشانخانا ئاڤیستا دوبارە هاتە وەشاندن و ژبۆ ڤەکۆلینا خو مە مفا لێکریە.

**١-٥ داستانا مەمێ ئالانا فۆلکلۆری و چاپا رۆجەر لیسکۆت(Roger Lescot):**

ل گۆری داستانا مەمێ ئالانا فۆلکلۆری چاپا رۆجەر لیسکۆت (Roger Lescot)، کو وەشانخانا (ئاڤێستا) ل دیاربەکرێ وەشاندەڤە، کومە ژبۆ ڤەکۆلینا خو مفا ژێ وەرگرتیە زین کچا میر زەنگینە و خوشکا میر ئەزینیە، میر زەنگین میرێ باژیرێ جزیرا بۆتانبوو، پشتی مرنا وی دەسهەلات کەڤتە دەستێ کورێ وی (میر ئەزین) دبیتە میرێ جزیرا بۆتان، زین خواستیا پسمامێ خو (چەکو) یە، کود بیتە پسمامێ میرێ جزیرا بۆتان.

هەروەها ل گوری چاپا ناڤبری میر ئەزین میرێ جزیرا بۆتان سێ پسمام هەوون ب ناڤێ (حەسەن، چەکۆ، قەرەتاژدین) هەرسێ برا بوون، دەستە براك ژی (مەم)بوو، برایێ ژهەمیان مەزنتر (حەسەن)بوو، بەلێ دهندەك چاپێن دیتر دا ل جهێ ناڤێ (حەسەن) ناڤێ (عارف) دهێت، هەتا د مەم و زینا ئەحمەدێ خانیش ( عارف، تاژدین، چەکۆ) دهێن، برایێ ژ هەمیان مەزنتر (تاژدین)ە، هەروەکو د داستانا مەمێ ئالانا فۆلکلۆریدا هاتیە و دبێژیت:

بەکۆیێ شەیتان چوو چەم میر ئەزین، دگوت: میرۆ دلێ من لیانە!

خوە بپارێزە ل پسمامێ خوە حەسەن، چەکۆ و قەرە تاژدین، هەر سێ برانە

(رۆجەر لیسکۆت، ٢٠١٣: ل ١١٢)

هەروەها هەر ل گۆری داستانا مەمێ ئالانا فۆلکلۆری چاپا رۆجەر لیسکۆت (Roger Lescot) بەحسێ (مەمی ئالان) دکەت، بەری کو بگەهیتە جزیرا بۆتان، کچا بەکۆی دبینیت، هەولددەت مەمێ ئالان ب خاپینیت، خو ب (زین) ژبۆ (مەمێ ئالان) دەتە ناسین، بەلێ (حەزرەتی خدر) پێش وەخت ئامۆژگاری ل مەمی کربوون، دەربارەی ڤێ یەکێ ئاگاداری دابوونە (مەمێ ئالان)، ئانکو ب واتایەکا دیتر ل گۆری ڤێ چاپا رۆجەر لیسکۆت، کو (بەکۆیێ عەوان) دزانیت پادشاهێ کوردان ( مەمێ ئالان) دێ هێتە جزیرا بۆتان بۆ خوشکا میری ئەوژی ( زینا زێدان)ە، ژبەر ڤێ یەکێ ئەو کچا خو دهنێریتە بەر چەمێ جزیرێ، داکو مەمی بخاپینیت، بەلێ (حەزرەتی خدر) مەمێ ئالان ل سەر ڤی بابەتی هشیارکربوو، لەورا ب کچا بەکوی ناخاپیت، ڤیشان مەم دچیتە ناڤا جزیرا بۆتان و گەلەك کەسان دبینیت و (بەکۆیێ عەوان) دبینیت، دوماهیێ دچیتە مالا سێ برایان (حەسەن، چەکۆ، قەرەتاژدین)، هەروەکو مە ل دەستپێکێ دابیە ناسین، کو چەکۆ پسمامێ (زینێ)یە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

و زینیش خواستیا ویه، هەروەکو د داستانا مەمێ ئالانا فۆلکلۆریدا هاتیه، کو بەحسێ هاتنا ( مەمێ ئالان) ژبۆ مالا هەرسێ برایان دکەت و دبێژیت:

*مەم دناڤا خەلکیدا ئاژوت، گەها بەر دەرێ جەلالیانە*

*نێهری هەر سێ برا ژی هازرن، ب سەرێ خوە دا بداردا کرنە جەنگەلێ سلهانە*

*مەم پەیا بوو، سلاڤ دا سەر هەرسێ برانە*

*هەرسێ برا بهەڤرا هاتن ئێشیا مێڤانێ غەریب، سەکنین ل سەر ئینگانە*

*بالا خوە دانە رەوش و تەڤگەرا ڤی مێڤانی، کونە مینا تو کەسانە*

*هەر حالێ وی مینا یێ پادشانە*

*مەری لێدنێری، دزانە کو ژ باڤ و کالان دا ژمالا مەزنانە*

(رۆجەر لیسکۆت، ٢٠١٣: ل ٥٠)

د داستانا مەمێ ئالانا فۆلکلۆریدا هاتیە کو هەر سێ برا (حەسەن و قەرەتاژدین و چەکۆ) گەلەك میڤانپەروەرن، ئەڤ یەکە د داستانا مەمێ ئالانا فۆلکلۆریدا دیاردبیت، دەما مەمێ ئالان ژبۆ خاترا ئەڤینا دلێ خو دچیتە جزیرا بۆتان، کو د داستا مەمێ ئالانا فۆلکلۆر ب ڤی شێوەیێ خوارێ هاتیە بەحسکرن، دەما دبێژیت:

*نها ل سەر مالا من بخوەبە، کو دلکەتیا وی ستیا ژنا من بە، کو دایا زارۆکانە*

*هەیا نها حەلالا من بوو، ل ئیرۆ شوندا وەکو خوشکا منە*

*هوون هەردوو برا رونشتینە، شاهدبن، من بکەیفا دلێ خو میرێ مغربیان*

.......

*گوت: بڤی شۆری، بڤی هێملیێ، ژ هێلا منڤە ژی، هاتنا ڤی لاوکی ئەگەر سەر چوار گۆشەیا باژێربە ژی، قەتیانە*

*نا کو سەر مالێ مەبە و نەفسێ مە، هەر سێ برانە*

*ئەگەر هاتبە ژی ژبۆ زینێ، قەلەندەیا من یا سێ سالانە*

*خوەدیا بسکێ و قەتەرێن گۆلیانە*

زاری کرمانجیی خوارووش لە *ڕشتەی مرواری*دا چەند گەواهێکی بۆ خۆی هەیە. یەکێ لەم نموونانە بە شێوەزاری کەڵهوڕی هاتووە. ئەویش خاڵێکی سەرنجڕاکێشی لە خۆیا ڕاگرتووە؛ ئەوەی کە بەندێک لە نێو گێڕانەوەکەدایە، ئەو بەندە بەم شێوەزارە هاتووە: «ژنێکی کورد منداڵێکی کۆرپەی هەبوو، هەڵێئەپەڕاند و ئەم بەیتانەی بە سەرا هەڵئەدا: خوا بیدا نیازم/حەو **ژنەڕات** بخوازم/یەکی تورکی تەماشا/یەکێکی داودپاشا/یەکێ **ڕایسەر** سینە/یەکێ **ڕای** پەڕۆ پینە/یەکێکی **ڕای** دەرکۆڵێن» (هەمان: ١٤٦/٥). ئەم نموونەیە دەکرێ لە ژێر ناونیشانی زاری «گۆرانی»شدا پۆلێنبەندیی بکەین. بەتایبەت کە لە بەیتێکیدا هاتووە: «یەکێکی **پەی** تیکە گلین/یەکێکیش ڕای چڵمەڵقوڕین» (هەمان). لەم چەند بەیتە فۆلکلۆرەدا کە دەتوانین بڵێین بە شێوەرزارێکی تێکەڵ تۆمار کراوە، «ڕا» بە واتای «بۆ»، نەهاتنی «ی» لەپاڵخستن لە «سەر سینە» لە جێی «سەری سینە» گرنگترین ئەدگار و تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوەزارەی لە خۆیدا هەڵگرتووە. لە دوو توێی حیکایەتێکی تردا کە لە شاری کرماشان ڕوویداوە، گێڕانەوەیەکی کورتی کەڵهوڕیی تۆمار کردووە: «ڕا وا کەی؟» (هەمان: ١٣٤/٤)، واتە: «بۆ وا دەکەی؟». هەروەها: «خەلیل ژنەکەی هەر **دویتئەهاورد** تا **بیووە** هەشت. کاورا لە گیان خوەی عاجباتی هات؛ **ژنەی** تەڵاق دا و **دوتێکی** تری **هاورد**. **ئەی** کەشە ماشەڵڵا **ئەیە** دوو دوو **دوت** ئەهاورد؛ بە گشتی کار خواس ئەیەم **نییەوود** دەس لە کار خوا با» (هەمان: ١٣١/٤). لەم گێڕانەوەیەدا هاتنی «دویت» لە جێی «کچ»، «ژنەی» لە جێی «ژنەکەی»، «نییەوود» لە جێی «نابێ» لە ئەدگارەکانی شێوەزاری کەڵوڕین و هەندێ تایبەتمەندیی تری وەکوو «ئەهاورد» لە جێی «دەهێنا» و «س» لە «کار خواس»دا لەگەڵ ئەردەڵانیدا هاوبەشە.هەروەها وەکوو: «دەروێشی کەڵوڕ لەو کوردەوارییە بە گوندەکانا ئەسووڕێنەوە... بە دەم دەفلێدانەوە گوایە زیکر ئەکەن، ئەڵێن: هۆ عەباس! تەیرێ مەیرێ کاینات! هۆ دایە گەورە ئەمە بە دەرکی گونات، چیزێ میزێ ڕای دەروێش بنێرە!» (هەمان: ٧٣/٦). لەم بەشەدا بەس «چیزێ میزێ» و «ڕا» بە واتای «بۆ» نیشانەی شێوەزاری کرمانجیی خواروە.

«... دوکتور تووڕە بوو وتی: کاورا! تو هیچ شەرم ناکەی؟! من **یەی** سەعات ... **وازیکردم** چوار قڕان **وە پێم دەی**؟» (هەمان: ٧١/٦). لە نیشانەکانی کرمانجیی خوارو لەم قسەیەدا «یەی» لە جێی «یەک»، «وازی» لە جێی «بازی» و «وە پێم دەی» لە جێی «پێم دەدەی» دەبینرێت.هەروەها وەکوو: «... <u>ئەی قەرە</u> ئەو کارە مەکە، لەو دنیا <u>ڕای</u> جواو وە زەحمەت <u>کەفی</u>...» (هەمان: ٦٣/٦). ئەو بەشانەی دیاری کراون بە ڕاشکاوی ئەدگاری شێوەزاری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کرمانجیی خواروویان پێوەیە. یا لە چەشنی:«... ناچار دۆسە بە دایەکەی (دایکی منداڵەکەی) وت: هەستە نان و چایەک **ڕایئەیداڵکخیزە** بکە. ئەمجا لە بەر خۆیەوە ئەیوت: من لە **کوو** هووهوو لە کوو! لک لە کوو ڕەوزە لە کوو! دەسا داوو هەقم لە خوا **بسەنیڕای** ئەی کەتنە!» (هەمان: ٢٧/٧)؛ دیسان «ڕا» لە جێی «بۆ»، «داڵک» لە جێی «دایک»، «کوو» لە جێی «کوێ»، «بسەنی» لە جێی «بسێنی» لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوەزارەیە.

### هەورامی

کەسایەتی و خەڵکی هەورامیش لە *ڕشتەی مرواری*دا ئامادەییان هەیە؛ وەکوو: «کابرایەکی هەورامی وتی: هەنی فرەم واردەن. کابرای هاوڕێی وتی: کۆگە یانەت وێران بۆ؟ وتی: جە ماڵوو سانی؛ سان جەباڵەخانەیەکی مەواردش تویکڵەکەش فڕێ مەدا، زۆرابوو خزمەتکاری مەکڕانەوە، منیچ کڕناوکڕناوم کەردەن!» (هەمان: ٦١/١). شێوەی دەرکەوتنی کردارەکان وەکوو «واردەن» و هەندێ وشەی تایبەتیی هەورامی وەکوو «جە» لە جێی «لە»، «وو» لە جێی «ی» ئیزافە و بەتایبەت پاتبوونەوەی وشە بۆ جەختی زیاتر (لە «کڕناوکڕناوم»دا) لە تایبەتمەندییەکانی هەورامییە کە لەم گێڕانەوەیەدا دەرکەوتووە. بە گشتی لە *ڕشتەی مرواری*دا ئەوی دەرکەوتەی هەورامییە، لە سەرەتای گێڕانەوەکەیەوە ئاماژە بە «کابرا» یا «پیاو» یا «کەس»ێکی «هەورامی» دەکرێ. وەک لەو نموونەی سەرەوە و لە نموونەیەکی تردا دەڵێ: «کابرایەکی هەورامی لە شوێنێک دانیشتبوو، ...» (هەمان: ١٤٤/٣). ئینجا دەمەوڕاوێژ و زارەکەشی وەک خۆی گواستۆتەوە: «ئێستا بابەتیی خاس ئەمەنەن، من باوکم خواش بیامەرزۆ کراسێکیش جە متقاڵش کەردەن ...» (هەمان)؛ «بیامەرزۆ» لە چەشنی «بیامەرزێ: بیبەخشێ»، «جە» و «کەردەن» لە ئەدگارەکانی هەورامین. خاڵێکی سەرنجڕاکێش لەم گێڕانەوەیەدا ئەوەیە کە عەلائەدین سەجادی یا ئەو کەسەی گێڕاویەتەوە، گۆڕانێکی بە سەریدا هێناوە و «باوک»ی لە جێی «تاتە» و «کراس»ی لە جێی «گجی» داناوە. (هەروەها بۆ هەورامی: ٤٩/٥، ٤٥/٥، ٣٧/٥).

### گۆرانی

زاری گۆرانی وەکوو یەکێ لە مەزنترین و بەربڵاوترین زارە کوردییەکان دێتەئەژمار. خاڵی هاوبەشی نێوان هەورامی و کەڵوڕی و لقەکان تری کرمانجیی خواروو لە گۆرانیدا کۆدەبنەوە. وەکوو: «... ئەگەر مەواچۆ چێش مەوانی....» (هەمان: ٦٦/٦). لە گۆشەنیگایەکی ترەوە دەکرێ لە گەڵ کرمانجیی خواروودا پێکەوە باس بکرێن.

### هەندێ شێوەزاری عەشرەت و هۆزەکان

لە نێو شێوەزارە کوردییەکاندا هەندێ هۆز و عەشرەت هەن کە لە چەند خاڵێکی دیاریکراودا دەمەوڕاوێژێکی تایبەت دەنوێنن. لە ڕشتەی مرواریدا بە چەندان نموونەی لەم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

چەشنە بەر چاو دەکەوێت. وەکوو کەسێکی خۆشناوەتی کە لە باسی خوێندندا دەڵێ: «هەر **دەخینم**، هەر **دەخینم** تا دەگەمە شەرحی**حەقیدان**، چم زانی، زانی، چم نەزانی دەگەڕێمەوە سەر **حەوامەلان**. دیسان هەر **دەخینم** هەر **دەخینم** تا ....» (هەمان: ٢٧/٥)؛ شێوەی تایبەتیی بێژەکردنی «خوێندن» لەم زارەدا و جێگۆڕکێی «ح» و «ع» لە ئەدگارەکانێتی. دیسان خۆشناوەتییەک دەڵێ: «کابرا (ی خۆشناوەتی) زۆر بەمە دڵی خۆش بووو، وتی: ئەی لە **حەمری** منت کەوێ ئەوەتە دە با بچین» (هەمان: ١١٧/٤). شێوە ئاخاوتنی ناوچەی سیوەیلیش لەم بەرهەمەدا دەرکەوتووە: «... ئەویش ئەڵێ: دە چاکە بە قوربانی **حەمرێت** بم، یا ڕەبی **حەمرت** درێژ بێ و خوا **حەفوت** بکا!» (هەمان: ١٢١/٦)؛ دیارە ئەمانە نێزیکن پێکەوە. یا لە چەشنی:«کابرایەکی (گەڕووسی)ی تلیاکی ... ئەیوت: **بەد مەسەو بەوە بیروون، قوربوونت بووم بەوە بیروون**، خوێنم وە ئاوی **کردیبەوە بیروون**... **ئەپەرسەمەت بەوە بیروون**، نماز ڕات **ئەکەم بەوە بیروون**...» (هەمان: ٧١/٦)؛ ئەم شێوەزارەش تا ڕادەیەک لەگەڵ کرمانجیی خواروودا هاوبەشییان هەیە.

### ئاستبەندی شێوەزار بە پێی بێژەر

دەربڕین و شێوەی قسەکردن یا نووسین، ئاستی قسەکەر و نووسەر پیشان دەدات. ئەم تایبەتمەندییە لە *ڕشتەی مرواری*دا بە جوانی دەرکەوتووە. واتە دوو کەس کە پێکەوە قسە دەکەن، بە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە و دەربڕینەکانیاندا ئاست و چین و توێژی کۆمەڵایەتییان هەست دەکرێت. وەکوو لە حیکایەتی «بازگەردانی»دا دەبینین کە دوو سەپانی هاوڕێ یەکیان باز بە سەریەوە دەنیشێ و دەبێ بە شا، ئەوی تر هەر بە سەپانی دەمێنێتەوە: «کابرای هاوڕێ پێی وت: برام! تۆ ئێستا پادشای وڵاتێکی زلیت، من هەر کابرا سەپانەکەی جارانم» (هەمان: ٥٨/١). لەم دێڕەدا بەکارهێنانی وشەی «زل» ئاستی بێژەرەکە دەنوێنێت.

پوختەی ئەم بابەتە بە شێوازی نوێنە لە ژێرەوەدا دەبینین:






Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## ئەنجام:

*ڕشتەی مرواری* بەرهەمێکی گرنگی عەلائەدین سەجادی و تیکڕای ئەدەبی کوردییە. لەم بەرهەمەدا زۆرێک لە شێوەزارە کوردییەکان خاوەنی سیما و دەنگ و ڕەنگی خۆیانن. ئەم شێوەزارانە بە چەندین شێواز و لە چەندین ئاستدا لەم بەرهەمەدا دەرکەوتوون. گرنگترینی ئەم شێوەزارانە کە لە *ڕشتەی مرواری*دا دەقێکیان پێ تۆمار کراوە، بریتین لە: ئەردەڵانی، هەولێری، جافیو شارەزووری، موکریانی، کرمانجیی سەروو، کرمانجیی خواروو، هەورامی و گۆرانی. گشتییەتی بەرهەمەکە بە کرمانجیی ناوەڕاست نووسراوەتەوە؛ ئەم شێوەزارە لە پێشەکی و سەرەتاکاندا، لە نێوەندی گێڕانەوەکان و هەروەها لە پاشەکییەکاندا بە شێوەیەکی سەقامگرتوو دەبینرێت. هەندێ جار نووسەر دەکەوێتە ژێر کارتێکەریی ئەو شێوەزارەیەوە کە لە گێڕانەوەکاندایە و هەر بۆیە ئەو شوێنانەی کە لە دۆخی ئاساییدا خۆی بە کرمانجیی ناوەڕاست تۆماری دەکرد، بەو شێوەزارە تایبەتە نووسیویەتەوە. زۆرێک لە ئەدگار و تایبەتمەندییەکانی شێوەزارەکان لەم بەرهەمەدا دەرکەوتووە و تۆمار کراوە؛ وەکوو هاتنی «گ» لە ئەردەڵانیدا لە جێی «و/وو»، «س» لە جافی و شارەزووریدا لە جێی «ت»، «ر» سووک لە هەولێریدا لە جێی «لام»ی قەڵەو. هەروەها لەم بەرهەمەدا بە پێی دەمەوڕاوێژ و شێوەی قسەکردنی کەسایەتییەکان چین و توێژ و تاقمی کۆمەڵایەتیی کەسایەتییەکان دیاریدەکرێت و سیماکانی ئەو تاقم و چین و توێژە دەردەکەوێت. جگە لەمانەش هەندێ شێوەدەربڕین و دەم-وراوێژی چەند عەشرەت و هۆزی گەورە وەکوو خۆشناوەتی و سیوەیلی لەم بەرهەمەدا دەرکەوتووە و سیمای خۆیان نواندووە.

## سەرچاوەکان:


- ئەحمەدی، ئیبراهیم (١٣٩٩). ڕاسی ناوچەی لەیلاخ. سنە: زانکۆی کوردستان، چاپی یەکەم.
- جندی، حەجیێ؛ عەڤدال، ئەمینێ (٢٠٠٨). فۆلکلۆرا کورمانجا. هەولێر: ئاراس، چاپی یەکەم.
- حەسەن، حەمەحەسەن (٢٠٠٥). هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا. هەولێر: ئاراس، چاپی یەکەم.
- حەسەن، شێرزاد (٢٠٠٥). سەرجەمی بەرهەم، ڕۆمانەکان. بەرگی٢، هەولێر: ئاراس، چاپی یەکەم.
- خەزنەدار، مارف (٢٠٠٦). مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی ٧. هەولێر: ئاراس، چاپی یەکەم.
- سەجادی، عەلائەدین (٢٠١٥). ڕشتەی مرواری. ٨ بەرگ. [بێ شوێنی چاپ].
- سەجادی، عەلائەدین (٢٠٠٠). مێژووی پەخشانی کوردی. هەولێر: ئاراس، چاپی یەکەم.
- سەجادی، عەلائەدین (٢٠١٨). نرخشناسی. سنە: کوردستان، چاپی یەکەم.
- شێخ وەسانی، فەقێ (٢٠١٥). خۆشناو و دۆ و دۆشاو. هەولێر: ئاودێر، چاپی یەکەم.
- عوسمان، ڕەئووف (٢٠١١). ئاسۆیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی. بەغدا: دارالصحافە.
- کۆمەڵەوتاری کۆنفرانسی گەرمیان (٢٠٢١). «ژیان و بەرهەمەکانی نووسەر و ڕووناکبیری گەورەی کورد عەلائەدین سەجادی».
- گەنجەیی، شێرکۆ (٢٠١٦). «کورتەمێژوویەک لەسەر ژیانی مامۆستا عەلائەدین سەجادی»، ماڵپەڕی «مێژووی کورد».
- هەژار، عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (٢٠٠٧). چێشتی مجێور. نوویسیار ماجد مەردۆخڕۆحانی. سنە: میهرەگان، چاپی دووهەم.





Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## جلوه های سیمای گویش های مختلف کردی در کتاب رشته ی مرواری


**چکیده:**

علاءالدین سجادی چونان ستونی نستوه برای ادبیات و فولکلور کردی، با گردآوری کتاب رشتة مرواری، گنجینه ای پربار از زبان، فرهنگ و میراث ملی کردی را فراهم آورد. در این اثر بر مبنای واقعیت دنیای شخصیت ها، رنگ وبو، لحن و سیمای قاطبة مردم کرد بروز یافته است. رشته ی مرواری به مثابة بوستانی است که اغلب طبقات و قشرهای گونه-گون مردم کرد در آن عضوی دارند. مهمترین نشانة این حضور در این اثر در محور ادبیات گویش های کردی نمود یافته است. این جستار با بازخوانی تحلیل گرایانة اثر بر آن است که مبانی و جلوه های این گویش ها و نقش و جایگاهشان در تکوین سیمای کلی ادبیات کردی در کتاب را به بوتة بحث و بررسی بکشد. نتایج پژوهش حاکی از آن است که این اثر شکل و شمایل سالم و دست نخوردة فراوانی از زبان و ادب کردی را در خود محفوظ داشته است. هنر و قدرت آفرینشگری علاءالدین سجادی در تنظیم و آراستن ادیبانة متن های گونه گون آن است.



**کلیدواژه:** *علاءالدین سجادی، رشته ی مرواری، ادب عامه، فولکلور کردی، گویش های کردی.*


## The appearance of different Kurdish dialects in the Reshte-y Merwari


**Abstract:**

AlaaddinSajjadias a pillar of Kurdish literature and folklore, collected a rich treasure trove of Kurdish language, culture, and national heritage by compiling a Reshta-y Merwari.In this work, based on the reality of the world of characters, figures, the tones and images of the Kurdish people have been revealed.It is a garden in which most of the different classes and cortex of Kurdish people are members. The most important sign of this presence in this work is reflected in the literature of Kurdish dialects.This research whit analytical re-reading of the work aims to discuss the principles and effects of these dialects and their role and position in the formation of the general image of Kurdish literature in the book.The results of the research indicate that this work has preserved many lucid and intact forms of Kurdish language and literature.The art and creative power of AlaaddinSajjadi is in the literary arrangement and decoration of its various texts.



**Keywords:** *AlaaddinSajjadi, Reshta-y Merwari,Public literature, Kurdish folklore, Kurdish dialects.*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

# دەقئاوێزانی کلتووری لە چەند شیعرێکی (لەتیف هەڵمەت)دا

**د. سروشت جوهر حوێز**

بەشی کوردی- کۆلێژی پەروەردە-زانکۆی کۆیە- هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە:**

ئەدەب دیاردەیەکە لە ژێر کاریگەری دایە،دەقئاوێزانیش لە ڕێگەی کاریگەری نوسەران لەسەر یەکتری جا بە ئەدەبی پێش خۆیان بێت یا سەردەم و کاریگەری مێژوو و کلتور و ئەدەبیاتی بێگانەو .... لە دەقەکانیان ڕەنگدانەوەی دەبێت،نوسەر وێنای هەستە ناوەکیەکانی دەکات و ڕەنگدانەوەی پێدەدات لە دەرەوە بە شێوەیەکی هونەری بەرز. دەقئاوێزانی ئەدەبی گەڕانە بەدوای پەیوەندی نێوان دەقە ئەدەبییەکان و دۆزینەوەی ئەو کاریگەری و کارلێککردنەی لە نێوانیاندا هەیە. دەقئاوێزان لە سەرەتادا لە ئەوروپا سەریهەڵداوە دواتریش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەدەبی عەرەبیدا و دواتریش لە ئەدەبی کوردیدا،هەرچەندە ئەم زاراوەیە لە ئەدەبی کوردیدا چەمکێکی نوێیە و دەتوانین بڵێین تا پێش ڕاپەرین زۆر بەکەمی شت لەسەر ئەم بابەتە دەبینرێت،دیارە دەق بەبێ دەقئاوێزان نابێت لە ڕووی وەرگرتن و داهێنان و توانای نوسەرەوە،لەمەوە بایەخی نوسەرت بۆ دەردەکەوێت. لێرەدا دیاردەکانی دەقئاوێزان و دەقئاوێزانی کلتوری لە شیعرداو لە چەند شیعرێکی (لەتیف هەڵمەت) بەنموونە ڕاستەوخۆ ئەو بوارەی لەبەردەم لێکۆلینەوە کەماندا دەکاتەوە. ئەمەش هەوڵێکە بۆخوێندنەوەی شیعرەکانی ئەو شاعیرە بەپێی دەقئاوێزان. سنوری لێکۆڵینەوەکەشمان تایبەتە بە چەمکی دەقئاوێزانی کلتوری لای(لەتیف هەڵمەت) چەند نموونەیەکی شیعریمان وەرگرتووە. لە نوسینی ئەم لێکۆلینەوەیەدا پەیڕەوی ڕێبازی مێژوویی،وەسفی شیکاری پراکتیکی کراوە. بنیادی لێکۆڵینەوەکەشمان بەمجۆرە داڕشتووە،جگە لەم پێشەکییە لە دوو بەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمك و زاراوە و کورتەیەك لە مێژووی دەقئاوێزان و جۆرەکانی دەقئاوێزان خودی - ناوەکی - دەرەکی و جیاوازی نێوان دەقئاوێزان و دزی ئەدەبی کراوە. لە بەشی دووەمیشدا باس لە دەقئاوێزانی کلتوری شیعری لەتیف هەڵمەت لەگەڵ ئەفسانە و کلتور و داستان و پەندی پێشینان و حیکایەتی فۆلکلۆری و گۆرانی فۆلکلۆری کراوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**پەیڤێن سەرەکی:**

**پێشەکی:**

ئەدەب دیاردەیەکە لە ژێر کاریگەری دایە، دەقئاویزانیش لە ڕێگەی کاریگەری نوسەران لەسەر یەکتری جا بە ئەدەبی پێش خۆیان بێت یا سەردەم و کاریگەری مێژوو و کلتوور و ئەدەبیاتی بێگانەو .... لە دەقەکانیان ڕەنگدانەوەی دەبێت، نوسەر وێنای هەستە ناوەکیەکانی دەکات و ڕەنگدانەوەی پێدەدات لە دەرەوە بە شێوەیەکی هونەری بەرز، بەمەبەستی جوڵاندنی لایەنە پێکراوەکان لە وەرگردا. دەقئاوێزانی ئەدەبی گەڕانە بەدوای پەیوەندی نێوان دەقە ئەدەبییەکان و دۆزینەوەی ئەو کاریگەری و کارلێککردنەی لە نێوانیاندا هەیە. یەکێ لەو دیاردانەی کە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر نوسەران و شاعیراندا هەیە کلتوورو ئەدەبیاتی فۆلکلۆرە،کە ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لەدەقی شاعیراندا هەیە. کلتوور ڕەگوڕیشەیەکی لە مێژینەی مێژوویی هەیە،ڕەنگدانەوەی لەژیانی مرۆڤدا هەبووە،لە قۆناغەجیاجیاکاندا و دەستەبەر کردنی پێداویستییەکانی ژیانی ڕابردووی بووە،بۆیە زۆربەی شاعیران سودیان لە کلتوورو ئەدەبی فۆلکلۆر وەرگرتووە جا لە شیعرەکانیاندا لە شێوەی ئاماژەکردندا بووبێ یا مەزراندنیانە بە شێوەیەکی بابەتیانە و هونەرییانە لە شیعرەکانیاندا،واتە بابەتەکان و ڕەگەزەکانی فۆلکلۆر هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی شیعرەوە تا ئەمڕۆ بە ئاگاییەوە بوبێت یا بە نائاگاییەوە بەکاریان هێناوە،ئەمەش دەبێتە خاڵێکی وەچەرخانی گرینگ بەرەو ڕەسەنایەتی،دەکرێ ئەدەبی فۆلکلۆر و بەشەکانی وەک پێویستییەک لە پێویستییەکانی دەقی ئەدەبی سەیربکرێت،ئەدەبی کوردیش لەو سامان و گەنجینە دەوڵەمەندەی بێ بەهرە نییەو بەکەرەستەیەکی بە پێزی شیعر لەقەڵەم دەدرێ. دیارە دەق بەبێ دەقئاوێزان نابێت لە ڕووی وەرگرتن و داهێنان و توانای نوسەرەوە،لەمەوە بایەخی نوسەرت بۆ دەردەکەوێت. لێرەدا دیاردەکانی دەقئاوێزان و دەقئاوێزانی کلتووری لە شیعرداو لە چەند شیعرێکی (لەتیف هەڵمەت)دا بەنموونە ڕاستەوخۆ ئەو بوارەی لەبەردەم لێکۆڵینەوە کەماندا دەکاتەوە. دەقئاوێزانی کلتووری لای ئەم شاعیرە بەهەڵبژاردەی چەند نمونەیەك،هەوڵێکە بۆخوێندنەوەی شیعرەکانی ئەو شاعیرە بەپێی دەقئاوێزان. سنوری لێکۆڵینەوەکەشمان تایبەتە بە چەمکی دەقئاوێزانی کلتووری لە شیعردا بەتایبەتی،چەند شیعرێکی (لەتیف هەڵمەت)یشمان بە نموونە وەرگرتووە،لێکۆڵینەوەکەمان بەو چوارچێوەوە بەندکردووە تا بتوانین بەچڕی گشت لایەنەکانی ڕوون بکەینەوە. لە نوسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیڕەوی ڕێبازی مێژوویی،وەسفی شیکاری پراکتیکی کراوە. بنیادی لێکۆڵینەوەکەشمان بەمجۆرە داڕشتووە،جگە لەم پێشەکییە لە دوو بەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمك و زاراوەی دەقئاوێزان و کورتەیەك لە مێژووی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەقئاویزان و جۆرەکانی دەقئاویزان خودی - ناوەکی - دەرەکی و جیاوازی نێوان دەقئاویزان و دزی ئەدەبی کراوە. لە بەشی دووەمیشدا باس لە دەقئاویزانی کلتووری شیعری (لەتیف هەڵمەت) لەگەڵ ئەفسانە و کلتوور و داستان و پەندی پێشینان و حیکایەت و گۆرانی فۆلکلۆری کراوە.

**بەشی یەکەم:**

**تەوەری یەکەم: چەمک و زاراوەی دەقئاویزان**

زاراوەی دەقئاویزان وەک زاراوەیەکی ڕەخنەی ئەدەبی سەرەتا لای فەرەنسییەکان بەکارهاتووە (intertextualite) بۆ بەکارهێنراوە،لە زمانی ئینگلیزیشدا (intertexuality) بۆ بەکارهاتووە،(الزغبی، ١٩٩٥، ٩)، بەواتای تێکەڵاوبوون یا بەیەکداچوونی دەق دێت. لە زمانی عەرەبیشدا لە ڕەخنەی نوێی عەرەبیدا زاراوەی (التناص)ی بۆ بەکاردێت، لە زمانی فارسیشدا (امیختن)ی بۆ دانراوە واتە (امیختە کردن)تێکەڵاوبوون ئاوێتەبوونی دوو دەق یا زیاتر دێت(محمود،١٩،٢٠١٢ – ٢٣).لە زمانی کوردیشدا زاراوەی دەقئاویزان بەرامبەر (التناص) ی عەرەبی و (امیختن)ی فارسی دانراوە، گوتەیەکی لێکدراوە لە (دەق+ئاوێزان) پێکهاتووە،بە واتای ئاوێتەبوونی دەق دێت، جگەلەم زاراوەیە لە زمانی کوردی زاراوەی تریشی بۆ بەکارهاتووە لەوانە نێودەقی یا بەناویەکداچوونی دەقەکان...کە بۆ دەربڕینی پەیوەندی دوو دەق یان چەند دەق ،کەلە دەقێکی تر ئامادەدەبن،یا ڕەنگدەدەنەوە (ئەسوەد،٢٠١١، ٧٨). دەقئاویزان واتە تێکەڵاوبوون و ئاوێتەبوونی دوو دەق یازیاتر لە دەقێکی تازەدا واتە ((کۆکردنەوەی چەند دەقێکی جیاواز لە دەقێکی نوێدا،کە دەقەجیاوازەکان دەکەونە گفتوگۆو دیالۆگ لەگەڵ یەکتردا بەمەش دەقە نوێکە لە دایک دەبێت بە مژین و فراوانبوونی لە دەقەکانی تر،جا هەندێجار دەقەکانی پێشتر دژ بەیەکیشن،کە هەڵمژینیان تێدادەکرێت، بەڵام شاعیر بە پێکهاتەی واتاو دەلالەتی نوێ لە دەقە نوێکەدا واتە لە دەقی دەقئاویزانەکەدا کۆیکردونەتەوە)).(محمود،٢٥،٢٠١٢). گەر بێینەسەر پێناسەو چەمکی دەقئاویزان ئەوا نوسەرو ئەدیبان هەریەکەیان لە گۆشەنیگای خۆیەوە دەڕوانێتە ئەم پرۆسەیە و دەیناسێنێت. لێرەدا چەند پێناسەیەک دەخەینە ڕوو: (جولیاکرستیڤا) لە پێناسەی دەقئاویزاندا دەڵێت((دەقئاویزان کۆچی دەق و بەناویەکداچوونی دەقەکانە،لە فەزای دەقێکی دیاریکراودا چەند دەستەواژەیەک یەکتر دەبڕن کەلە دەقەکانی ترەوە وەرگیراون))(تشاندلر،٣٣٨،٢٠٠٨)لێرەدا سەرچاوە جیاوازەکانی دەقمان بۆدەردەکەوێت کە جەخت لە پەیوەندی نێوان دەق و سەرچاوەکانی دەکاتەوە بەواتای ئەوەی گواستنەوەی دەستەواژەکانە لە دەقێکەوە بۆ دەقێکیتر بە بەرگێکی نوێوە دەقێکی تازە بەرهەم دێت. دەقئاویزان((یەکێکە لە سیما بنەڕەتیەکانی دەق کە ئیحالەی دەقەکانی پێش خۆی یان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

هاوچەرخیمان دەکات)). (مەحمود،٢٠١٢، ٢٧) واتە دەقئاوێزان ئەو کردارەیە، کە دەق بەڕووی دەقەکانی تردا دەکاتەوە، وەکو خاسیەتێکی گرنگ لە نێو دەقدا کاردەکات و دەقێکی تازە بەرهەمدێت بە فۆرم و واتاو شوازێکی تازە. هەروەها جولیا کریستیڤا پێی وایە ((دەقئاوێزان جۆرێکە لە سوود وەرگرتن لە دەقێکی دیکە، کە ئەمەش زۆر جار بە دوو شێوە دەبێت :١. دەقئاوێزانی دیار: ئەم جۆرە لە دەقئاوێزانی هەریەک لە (وەرگرتن) و (تێئاخنین) لە خۆ دەگرێ، هەروەک بە دەقئاوێزانی بە ئاگایی، یان هەستیش دەناسرێتەوە. ٢. دەقئاوێزانی نەستی: پێی دەگوترێ دەقئاوێزانی شاراوە، ئەوەیانە کە نووسەر بێ ئاگایە لە ئامادەی دەقێکی تر، لە نێو ئەو دەقەی خەریکی بەرهەمهێنانیەتی )). (خەیات ،٨٧، ٢٠١٢)واتە شاعیران و نوسەران کاریگەریان بەسەریەکترییەوە جێهێشتووە ،ئەوکاریگەریەش لە نەستدایە بەبێ ویستی خۆت بێ یا بەویستی خۆت بێت،لە دەقەکەیدا بەواتاو فۆرمێکی جیاواز لە دەقی پێشتر دای دەڕێژێتەوە.(مارک ئەنجینۆ)ش بەمجۆرە پێناسەی دەقئاوێزان دەکات و دەڵێت:((ئەو دیالەکتیکی بیرهێنانەوەیەی کە دەقێک بەرهەمدێنێت هەڵگری شوێنەواری دەقە یەک لە دوای یەکەکانە ))(الصکر،١٨٤،١٩٩٨)لێرەدا ئاماژە بەکرداری بیرهێنانەوە کراوە لە سەرچاوەی ڕۆشنبیری بەرهەمهێنەری دەق کە مەبەستمان نوسەرە بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی تر پێک دەهێنن،ئەو وەبیرهاتنەوەیە دەبێتە هۆی لەدایکبوونی دەقێکی تازە لە ڕێگەی دەقئاوێزانەوە،بەم کردارەش دەقەکان بەڕووی دەقێکی تردا دەکرێتەوە بۆ ڕاکێشان و ئامادەبوونی واتاو دەلالەتەکانی بە بەرگێکی نوێوەو بۆ لەدایکبوونی دەقێکی تازە، ئەم کردارەش لە بەهای داهێنانی نوسەر و ئەفراندنی دەقێکی ڕەسەن کەم ناکاتەوە، واتە دەقئاوێزان تەنها گواستنەوەو وەرگرتن نییە،بەڵکو گۆڕان و دابڕینی نوێبوونەوەو فراوانبوونی تێدا دەکرێت بەوەی(دەقێک چەند دەقێکی پێش خۆی لە شێوەی وەرگرتن و تێهەڵکێشکردن و ئاماژە لە خۆ دەگرێت، کەلە سەرچاوەی ڕۆشنبیری و باگگراوندی نوسەر و دەقەکەی ئاوێتە دەبن و دەقێکی نوێ بەرهەم دێت)(الزغب،١٩٩٥، ٩).

(باختین) دەڵێت: ((خودی یەک وشە دەقئاوێزانی تێدا دەردەکەوێ، چونکە دەقئاوێزان ناوەندێکی هەمیشە زیندوو، هەمیشە گۆڕاوە و ئالوگۆڕی گفتوگۆی تێدا ڕوو دەدات))(کرسطیفا،٢١،١٩٩١). گەر سەرنج بدەین بۆمان دەردەکەوێ کە یەک وشەش بۆی هەیە دەقئاوێزانی تێدا بکرێ، چونکە بابەتێکی چالاکە و هەمیشە لە نوێبونەوە دایە لە تێکەڵاوبوونی لەگەڵ دەقدا لە ڕێگەی فرەواتایی و فرەدەنگی و فرە سەرچاوەکانی دەق لە وشەیەکدا،کە بە دانوستان وفرە دەنگی و فرەواتایی وشە لە دەقەوە هەیە،کە ئەمەش وا دەکات بەردەوام دەق لە نوێبونەوە دابێت. ئەمەش ئەوە دەگەێنێت،کە دەق فرەواتایە بە چەند لا یەنێک دەتوانین دەقەکان شیبکەینەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی،کە نووسەر دەقێک بخوێنێتەوە لە چەند لایەنێک بیرۆکەیەک وەردەگرێ و دەقئاوێزانی دەکات لەگەڵ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەرهەمەکەی خۆی، ئەمەش سەرکەوتنی نووسەر دەردەخات، چونکە هیچ نووسەرێک نییە سەد لە سەد خۆی بێت. (ڕۆلان بارت)یش پێی وایە (دەقئاوێزان قەدەری هەموو دەقێکە،تەنیا بە مەسەلەی سەرچاوە یان کاریگەرییەوە ناوەستێت،دەقئاوێزان بوارێکی گشتی شێوازە نادیارەکانە،کە بەدەگمەن ئەسڵەکەی دەزانرێت)).( جوف،١٢٢،٢٠٠٤) واتە هەموو دەقێک بە شێوەیەک لە شێوەکان دەقئاوێزانی تێدایە جا بە کاریگەربوون بێت یا بەهەر شێوەیەک بێت،شتێکی بچوکیش بێت ئاماژەی تێدایە کە لە دەقێکی ترەوە وەردەگیرێت،بەمەش دەقئاوێزان کاری خۆی لەدەقدا دەکات،هەندێجار نوسەر خۆشی بەمە نازانێت و داهێنانی تێدادەکات. بەگوێرەی ئەم پێناسانە بۆمان ڕوون دەبێتەوە،کە هەر دەقێک لە ئەنجامی یەکتربڕی دەقەکانی دیکەوە بەرهەم دەهێنرێت و دەق نییە دەقئاوێزانی لەگەڵ دەقێکی دیکەی پێش و هاوکاتی خۆیدا نە کردبێت. واتە دەقئاوێزان بەناو یەکداچوونی دەقەکان دەگەێنێت،بەکردەی دەقئاوێزانیش دەقێک بە فۆرم دەلالەتێکی تازەوە لە دایک دەبێت. کەواتە دەقئاوێزان کرداری بەناو یەکداچوونی دەقەکانە و ئەوەش پیشان دەدات،کە دەق لە دەقی ترەوە لە دایک دەبێت وپاشان سیما و فۆرمی تایبەتی خۆی وەردەگرێت و واتاو دەلالەتێکی تایبەتیدا خۆی دەنوێنێت،بێ ئەوەی پیوەندیەکانی لەگەڵ دەقی پاش و هاوکاتی خۆی کۆتایی پێبێنێت. لە پێناسەیەکی تردا بۆ دەقئاوێزان (دەقئاویزان بەو پەیوەندییە دەوترێ، کەلە نێوان دوو دەقدا هەیە ئەم پەیوەندییەش لەسەر چۆنیەتی تێگەیشتنی دەروونی دەق کاریگەرە، دەروونی دەقیش دەقێکە،کە دەقی تر لە خۆیدا جێ دەکاتەوە یاخود ڕەنگدانەوەی بوونی ئەوانە،بەو واتایەی دەقە بنەڕەتییەکە،لە پەیوەندی دایە بە دەقەکانی ترەوە،ئەم دەقانەش کاریگەری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆیان لەسەر دەقە بنەڕەتییەکە لە قۆناغێکی مێژووی دیاریکراودا هەبووە،ئەمەش هەندێ جار لە دەروونی دەقەکەدا دەردەکەوێت، جاریش هەیە هەستی پێناکرێت)(مقدادی،١١٢،١٣٧٨) واتە لە ئەنجامی یەکگرتن و ئاوێتەبوونی پەیوەندی دەقەکانی تر دەقێکی تازە بەرهەم دێت. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە دەڵێین لە ئەنجامی یەکگرتن و ئاوێتەبوونی پەیوەندی دەقەکانی تر و کاریگەربوون بە دەقێکی تر دەقێکی تازە بەرهەم دێت،مەبەست ئەوەیە دەقئاوێزان جوینەوە یادووبارەی دەقەکەی تر نییە بەو ئاوێتەبوون و کاریگەرییە،یا هەمان ڕوانین و درێژەپێدەری ئاسۆی دەقەکەی تر نییە،بەڵکو توانەوەو سەرلەنوێ دارشتنەوەی ئەو دەقانەیە کە کاریگەرە پێی و وەریان دەگرێت،واتە کردنەوەی دیالۆگ و لەگەڵ ئەودەقەی کاریگەرە پێی بە ئامانجی سەرلە نوێ دارشتنەوەو تەوزیفکردنێکی نوێ بە جیهانبینیەکی نوێ و جیاواز،بە شێوازی نوێو جۆراوجۆرو واتاودەلالەت و بەرگێکیی نوێوە دای دەرێژێت و بەمەش داهێنانی تێدا دەکات. کەواتە دەقئاوێزان بوارێکی فراوانی هەیە بۆ پەیوەندی کردن بە دەقەکانی ترو تێکەڵاوبوونی دەقەکان،بەمەبەستی سەرلەنوێ دارشتنەوە بەواتاو دەلالەتی جیاواز دەقێکی تازە لەدایک بێت و داهێنانی تێدا دەکرێت،ئەمەش بەڵگەی زیندویەتی نوسەر دەردەخات.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**تەوەری دووەم: کورتەیەك لە مێژووی دەقئاوێزان**

مێژووی دەقئاوێزان بەوشێوەیەی کە باسمان کرد، هەروەکو لێکۆڵەرانی تیۆری ئەدەبیش،پێیان وایە دەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری((بەراورد کارەکان ئەم چەمکەیان وەک ئامرازێکی شیکاری لە ژێر ناوی پەیوەندی (کاریگەری وکارتێکەری- Influences) بەکار هێناوە))(خمری،٢٠٠٧، ٢٥٣) واتە دەقئاوێزان وەکو زاراوەیەکی ڕەخنەی ئەدەبی لەدوای ئەدەبی بەراوردکاری دەرکەوتووە لە سەدەی بیستدا،بەڵام لەگەڵئەوەشدا ئەوە ناگەیێنێت کە دیاردەی دەقئاوێزان لە کۆندا نەبووە،بەڵکو هەر وەکو (جیرار جنێت) دەڵێت: ((شایانی ئامـاژە پێـدانە کە دەقئـاوێزان دیـاردەیەکی دەقـی گشـتیە و هـیچ جـۆرێکی ئەدەبی،کۆن یان نوێ، نییە کە ئەم دیاردەیەی تێدا بەرچاو نەکەوێت. بۆ نموونە ئەدەبی فەرەنسی بۆ ماوەی چەندین سەدەی بەدوای یەکداهاتوو، بوارێکی چالاک بوو بۆ ئەم دیاردەیە لە نێـوان ئەو و ئەدەبـی یۆنـانی و لاتینیـدا. خـوێنەری ئەو کـاتە،لە شـیعرێکی ڕۆژارد دا،سـیماکانی کـۆپلەیەکی ڤێرجیـل و یەکێکـی هـۆراس یـان پینـدار ی بەدی دەکـرد ))(بەرزنجی،٢٧،٢٠٠٦ - ٢٨) واتە دەقئاوێزان لە کۆنەوە هەبووە بەڵام بەوشێوەو زاراوەی ئێستانا بەڵکو بەناوی کاریگەری و کارتێکردن و ..... هتد،چونکە لەکۆنەوە کاریگەر بوون و کارتێکردن هەبووە،ڕەسەنایەتی و سەرکەوتوویی و زیندویەتی نوسەریش لەو کاریگەربوون و کـارتێکردن و هـەڵمژینی دەقەکانەوە دەردەکەوێت. لەلایـەکی تـرەوە دەقـی پـێش سـەردەمی نوسەر و هاوسەردەمی خۆی و هەموو ڕووداو و هەرشتێک لەوانە کەدەبنە سەرچاوە بۆ نوسەر دەقێکـی تـازە لـەدایک دەبێـت و بـەواتاو دەلالـەت و فـۆرم و چـەمکی واتـایی جیاواز. دواتـر دەقئـــاوێزان وەکـــو زاراوەیـــەکی ڕەخنـــەی ئـــەدەبی ســـەرەتا ((لەلای ئەدیـب وڕەخنەگـرە ڕۆژئاواییەکان لە چەرخی نوێدا سەریهەڵداوە، یەکێک لەو ڕەخنەگرو ئەدیبانەی کە درکی بەم شێوە پەیڕەوکـردنە کردبێـت، ڕەخنەگـر و ڕۆمـان نووسـی فەڕەنسـی (مـوریس بلانشـۆ) بـووکە لە کتێبـی (لـوتر ئیمونـت و سـادید) لە سـاڵی ١٩٦٣باسـیکردووە)). (قـادر، ٢٠١١، ١٣) دواتـر لای ((جولیـا کریسـتیڤا لە سـاڵی (١٩٦٦-١٩٦٧) لە چەنـد تـوێژینەوەیەکی زانسـتی دەرکەوت. ئەم تـوێژینەوانەش لە هەردوو گۆڤـاری (تیـل کویـل-Tel Quel) و (کریتیـک-Critic) دا بڵاوبـوونەوە، دواتـریش لە کتێبێـکدا بە ناونیشـانی (سـیمیوتیک- Semeioteki) دا))(الرباعی،٢٠٠٦: ٢٠٣) هەرچەندە پێش کریستیڤا باختین لە لە کتێبەکانی دەقی ڕۆمان و پێشـەکی کتێبـی دیسـتۆفیسـکی دا ئامـاژەی بـە گفتوگـۆو فرەیـی و بەیەکـداچوون و هەڵمژینی کردووە لە بەرهەمهێنانی ئەدەبیدا،پێی وایە بنەمای بەرهەمهێنانی دەق وەرگرتنی گوزارشتەکانی پێش خۆیەتی لەڕێگەی دابڕینەوە داهێنانیش دەکات،نوسەریش کاتێک سەرکەوتوو دەبێت خۆی بە وشەی کەسانی تر دەوڵەمەند بکات و لەڕێگەیەوە دەتوانێت زیاتر گوزارشت لە هزری بکات،لە شوێنێکی تریش ئاماژە بەوەدەکات هەموو گوتارێک



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بریتییە لە گوتاری تر جا بەشێوەی ئاشکرابێت یا شاراوە، ئەم ئاماژەدانەی (باختین) بە گفتوگۆ و کاریگەربوونە دەبێتە سەرەتایەک و بۆ چەمکی دەقئاوێزان لای کرستیفا بەوشێوەیەی ئامـاژەی پێـداوە.(ناظم،١٨،٢٠٠٤ - ٢٠) . مێژووی دەقئاوێزان لە ئەدەبیاتی عەرەبیشدا لە پێش سەردەمی ئیسلام هەبووە بەڵام بەو زاراوەو دەرکەوتنەو سیما تازەیەی ئێستا نا،بەڵکو لە ئەدەبی بەراورد دا لە کتێبە کۆنەکانی ڕەخنەی عەرەبیدا باسی دزی ئەدەبی و تێهەڵکێشکردن و وەرگرتن و کاریگەری و ...هتد کراوە ،واتە لە ڕەخنەی عەرەبیدا ئاماژە بە هەندێ هاوواتاکانی دەقئاوێزان کراوە،بەڵام بە زاراوەی دەقئاوێزان (التناص) نە بووە،دواتر زاراوەی دەقئاوێزان لە چەمکە تازەکانی ڕەخنەی عەرەبیشدا ئەو کاتە پەیدا بووە،کە گوتاری نوێی ڕەخنەی عەرەبی کەوتە ژێر کاریگەری تێز و جیهانبینی ڕەخنەگرە ئەوروپییەکانەوە،دواتر ڕەخنەگران و نوسەرانی عەرەب لە ژێر کاریگەری جیهانبینی ڕەخنەگرانی ڕۆژئاوا لە سەدەی بیست زاراوەی (التناص)یان بەکارهێناو لە توێژینەوەکانیان بۆچوون و ڕاو سەرنجی خۆیان خستەڕوو.(محمود،٥١،٢٠١٢).

مێژووی چەمکی دەقئاوێزان لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیشدا کۆن نییەو نوێیە،ئەگەر سەرنجی مێژووی ڕەخنەی کوردی بدەین (لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، تا پێش ڕاپەڕین، هیچ وتارو نوسینێک لەسەر ئەم بابەتە بەرچاو ناکەوێ،بەڵام زیاترئەوەی بەرچاو بکەوێت و باسی لێوە کرابێ دزین و وەرگرتن و تێهەڵکێشکردن بووە،ئەمەش بۆ بارودۆخی ئەوسای کوردستان دەگەڕێتەوە بەهۆی نەبوونی دەزگایەکی وەرگێران و نەبوونی کتێبی وەرگێردراو دەربارەی ئەوبابەتەو لەلایەکی ترەوە نەبوونی پەیوەندی ڕۆشنبیرو نوسەران بەدەرەوە هۆکارێکی ترە،بۆیە ئەم بابەتە لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەرنگ دەرکەوت،تا دواتر لە دوای ڕاپەڕین گۆڕانکاری و وەچەرخانی گەورە لە ئاست کوردستان و ناوچەکە و جیهان دا ڕوویدا ،وردە وردە پردی پەیوەندی ڕۆشنبیری لە نێوان کوردستان و جیهاندا کرایەوە،ڕەوتی جیهانبینی و بزوتنەوەی وەرگێڕان و کردنەوەی پێشانگای کتێب لە ئاست کوردستان و عێراقدا ڕۆڵی کاریگەریان لەسەر ڕەوتە ڕۆشنبیرییەکە داناوە. لێرەو و لەوێ لە ڕۆژنامە وگۆڤارەکاندا بابەتی وەرگێڕان و ڕەوتی لە سەر دەقئاوێزان دەبینرا).(مەحمود،٦٤،٢٠١٢-٦٥) کەواتە دەقئاوێزان لە ڕەخنەی نوێی ئەدەبی کوردیدا،لە پێش ڕاپەڕیندا زۆر بەکەمی یان هەر هیچ نووسینێک یان وتارێک لە سەر ئەم چەمکە بەرچاوناکەوێت،تا دواتر لە دوای ڕاپەڕین لە ئەدەبی کوردیشدا جێگیربووە،لە ڕۆژنامە وگۆڤارەکاندا، دوا بە دوا باسی ئەم چەمکە کراوە، پەرەی سەندووە و لە کتێبەکاندا بڵاوبۆتەوە.

**تەوەری سێیەم: جۆرەکانی دەقئاوێزان**

**١- دەقئاوێزانی خودی:**

بریتییە لەو دەقئاوێزانەی کە لە بەناو یەکدا چوونی دەق دروست دەبێت،واتە ((کاتێک ڕوودەدات کە نوسەرێک لەدەقی ئێستای یان پێشتری خۆی دالێک یان چەند وشە و دەستەواژەو بیرێک وەردەگرێت و دەقێکی نوێی لێ بەرهەم دێنێت،ئەمەش بەپێی یاساکانی دەقئاوێزان ڕوودەدات وەک جوینەوە مژین دیالۆگ))(مەحمود،١٠٠،٢٠١٢-١٠١)واتە دەقئاوێزانی خودی لە بەیەکداچوونی دەقەوە دروست دەبێت و بەوەی دەقێک دەقێکی تر ڕادەکێشێت و بە هەڵمژین گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات. واتە ئەو هاوبەشیانەی،کە لە بونیادی چەند دەقێکی نوسەردا لە دەستەواژە و بیرۆکەی دەقەکاندا بەرجەستە دەکرێ ئەوا دەبێتە دەقئاوێزانی خودی،ئەمەش بە پێی یاسا و ڕێسای هەڵمژین و دیالۆگ لە هزرو بنیادی دەقدا وەردەگیرێ و دەقێکی تازەی لێ بەرهەم دێت،بەو واتایەی شاعیر دووبارە بەرهەمەکەی خۆی دادەڕێژێت، بە فۆڕم و هزرو دەلالەتێکی جیاواز و شێوازێکی نوێ کەلە ناخی نووسەر سەرهەڵدەدات. نووسەر خودی خۆی دەخاتە ناو دەقە ئەدەبیەکەوە بەم جۆرە خودی شاعیر یان نووسەر دەگرێتەوە، بۆیە پێدەوترێ دەقئاوێزانی خودی.

**٢- دەقئاوێزانی ناوەکی**

ئەو جۆرە دەقئاوێزانە(پەیوەندی نوسەرە بە دەقەکانی سەردەمی خۆی،لەبەرئەوەی دەق لە چوارچێوەی سیستمێکی ڕۆشنبیری پێکهاتووە لە ئەدەب و هونەرو ئایدۆلۆجیاو مێژوو...هتد بەرهەم دەهێنرێت،دەقیش بەگوێرەی ئاستی ڕۆشنبیری نوسەر بە دیالۆگ کردن پەیوەندی دەبەستێ لەگەڵ دەقەکانی تردا)(ئەڵوەنی،١١٢،٢٠١٣).واتە ئەو دەقئاوێزانەیە کە لە نێوان دوو دەقدا ڕوودەدات کە هاوسەردەمن،واتە لە نێوان نەوەیەکی هاوچەرخدا،ئەمەش بەهۆی نزیکی ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئایدۆلۆژی و هزرو بیرکردنەوەی دوو شاعیر یا داهێنەر، تەنانەت ئینتیمای هەردوو داهێنەر بۆ لایەنێکی ئەدەبی دیاریکراوە،لەگەڵ ئەوەی یەک زمانیشیان هەیە پێشینەشیان لێک نزیکە لەبەرئەوەی لەکاتێکی دیاریکراوی یەک سەردەمدا ژیاون واتە هاوسەردەمن.دەقی نوسەری یەکەم پەیوەندی بەدەقەکەی تری سەردەمی خۆی دەکات بە هۆی نزیکیان لەیەکترییەوە لە زمان و هزرو ئایدۆلۆجی بە دیالۆگ و هەڵمژین پرۆسەی دەقئاوێزانی ناوەکی ئەنجام دەدات. واتە لەم جۆرەدا نووسەر دەقئاوێزان لەگەڵ بەرهەمێکی سەردەمی خۆیدا دەکات وەک ئەوەی وشەیەک یا بیرۆکەیەک یا کارەکتەرێک یاخود بابەتێک لە لەدەقەکەی ترەوە بهێنێت و لە ناو دەقییێکی تازە بە بیرو واتاو دەلالەت و شێوازێکی جیاواز دایبمەزرێنێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوە کوردی

### ٣-دەقئاوێزانی دەرەکی:

ئەم جۆرەیان بریتییە لە پەیوەندی نوسەر بە دەقەکانی سەردەمی خۆی،یا دەقی پێش سەردەمی خۆی،کە بۆ سەردەمە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە،لەڕووی ئینتیماو هزرو شێوەوە لەیەکتری جیاوازن،بەڵام بەهۆی پەیوەندی کردنی دەقەکە بەوانەوە پرۆسەی دەقئاوێزانی دەرەکی ڕوودەدات و پەیوەندی نێوان دەقی ئێستاو پێشتر ڕێکدەخات ،واتە(( لە نێوان چەند گوتارێکی سەر بە چەند کێڵگەیەکی گوتاری جیاواز دادەمەزرێت. وەک لە نێوان گوتارێکی لاهوتی و گوتارێکی زانستیدا)). (ئەڵوەنی،٢٠١٢، ٥١). واتە دەقئاوێزانی دەرەکی گفتوگۆیەکە لە نێوان دەقێک و دەقەکانی تردا، کە خاوەن سەرچاوەی ئەرکی جیاوازن،بەشێوەیەکی گشتی لە دەقئاوێزانی دەرەکیدا نوسەر زۆرجار بۆ ئەفسانەو فۆلکلۆرو بابەتە مێژووییەکان و ئایین و دەقی ئەدەبی و بیروبۆچوونەکان دەگەڕێتەوە (مەحمود،٩٥،٢٠١٢)، کە بۆتە سەرچاوە بۆی،واتە لەوانەوە بیرۆکەکەی بۆ هاتووەو سەرچاوەی گرتووە،دەقە نوێیەکەی بە فۆرم و دەلالەتێکی تازەوە بەرهەم هێناوە،واتە بیرۆکەی دەقەکە لە دەرەوەی دەقی نوسەرەکەوە هاتووە، هەرچەندە ئەو بابەت و بیرۆکەیەی هاتووشە لەگەڵ بیرو ئینتیماو ئایدۆلۆژیەتی نوسەرەکە خۆی جیاوازیشە،بەڵام پەیوەندی پێوەکردووەو بە گفتوگۆو هەڵمژین لێی دەقێکی تازە بە بیرو واتاو دەلالەت و شێوازێکی نوێ بەرهەم هێناوە،واتە لەبنەڕەتا دەقەکان خاوەن واتای جیاواز و سەرچاوەی ئەرکی جیاوازن،چونکە نوسەر ئەو بابەتەی وەری دەگرێت وەکو خۆی بەهەمان واتاو دەلالەت دای نارێژێتەوە بەڵکو بەواتاو دەلالەتی ترو ئەرکی جیاوازەوە لەدەقەکەیدا دایدەڕێژێت،بەمەش دەڵێن دەقئاوێزانی دەرەکی.

### تەوەری چوارەم: جیاوازی نێوان دەقئاوێزان و دزی ئەدەبی:

ئەگەر ئێمە سەیری هەردوو چەمکی دەقئاوێزان و دزی ئەدەب بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە جیاوازیەکی زۆر لە نێوانیان دا هەیە، و پێچەوانەی یەکترن. لە زۆر لایەن باسیان لێوە کراوە، کاتێک نووسەر یان شاعیردەقێک دەنوسێت چەندین دەق و ڕووداو و بارودۆخ و.... هۆکار هەن کە دەبنە سەرچاوە بۆی و دەبنە هۆکارێک بۆ دەوڵەمەندبوونی دەقەکەی،واتە دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی جیاواز و باگگراوندە ڕۆشنبیریەکەی،بەکارهێنانی دەق و سەرچاوەکانیش ئەوە ناگەیێنێت کە دەقاو دەق کۆپی بکرێت،بەڵکو تەنها بەشێکی کەم یان تەنها بیرۆکەیەک لە دەقەکە وەردەگرێ، نووسەرەکە وەک پاڵپشتییەک ووتەکەی پێ دەردەبڕێت و ئاماژە بە سەرچاوەکەش دەکا،ئەمەش دەبێتە دەقئاوێزان،واتا تێکەڵاوکردنی دەقەکان بە لەباوەشکردن و بەیەکداچوون لە نێوان دەقەکاندا. بەڵام ئەگەر هاتوو نووسەر ئاماژەی بە دەقە وەرگیراوەکە نەکردو وشەو هزرو وتەی کەسانی تری برد و لە نێو دەقەکەی بەکاری هێنا بەدەر لە چەمکە ئاکارییەکان،ئەوا بە دزی ئەدەبی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

دادەنرێ، کە ئەمەش ئاکارێکی دوورە لە ڕەوشتی مرۆڤانە. واتە دزی ئەدەبی هیچ پرۆسەیەکی داهێنانێکی تێدا نیە، بەڵکو تەنها کۆپی کردنە. بەڵام دەقئاوێزان بەهۆی تێکهەڵکێشان و بەیەکداچوونی دەقەکان و دەقێکی نوێ بەرهەم دەهێنێت بە واتاو دەلالەت و شێوازێکی تازە،پرۆسەی داهێنان ئەنجامدەدات، کە ئەمەش پێویستی باگگراوندی ڕۆشنبیری و توانا و زانیاری گشتگیرهەیە. دەقئاوێزان بابەتێکی فراوانە و زۆربەی دەقەکان دەقئاوێزانی تێدایە،کە ئەمەش گرنگی دەقئاوێزان دەردەخات لە نێو ئەدەبدا، واتە دەقئاویزان لە یەک چوارچێوەدا نامێنێتەوە،بەڵکو بەردەوام لە بەرەو پێشچوون دایە،چونکە لە دەقئاوێزاندا دەق دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ دەقەکانی تردا جا بە لادان یا جێگرتنەوە یا بەر هەرشتێکی تربێت،کەجەخت لە بنیادی قوڵ و دەلالەتە شاراوەکانی دەق دەکات،بەمەش نوسەر داهێنان دەکات بەوەی ئەو وشەیە یا بیروهزرە،کە پێشتر بەبێ ئاگایی وەریگرتوە و لە یادگەی ماوەتەوە سەرلەنوێ لە دەقەکەیدا بە واتاو دەلالەتی نوێ دادەڕێژێتەوە داهێنانی تێدا دەکات و بەردەوام دەبێت. بەڵام دزی ئەدەبی هەر لە ناو یەک چوارچێوە دایە و هیچ بەرەو پێشچوون بەخۆیەوە نابینێت و هیچ پرۆسەیەکی نوێ لەبواری ئەدەب و داهێنانی تێدا نابێت و دەقەکان ناکەونە ململانێ دەکەوێتە بنیادی رووکەشی دەقەوەو بە ئاگایی و هۆشمەندانەوە ئەو کاردەکات. (مەحمود،٧٥،٢٠١٣-٧٦)واتە تا خۆمان لە دزی ئەدەبی بەدوور بگرین، ئەوا زیاتر داهێنان لە نێو دەقەکان دەکەین و دەگەین بە ئاستێکی هونەری و ڕۆشنبیری بەرز. ئەمەش لای ڕەخنەگران بەڕوونی دەردەکەوێت،چونکە ڕەخنەگر لە دەقئاوێزاندا ڕەهەندی داهێنەرانەی بەرهەمەکە دەردەخات و دیاری دەکات ،بەڵام لە کاری دزی ئەدەبیدا کاری دزییەکە دیاری دەکات و هەوڵی سەر زەنیشت کردنی دزیکارەکەش دەدات.

**ئەوەی جێگای سەرنجە**، هەندێ جار جۆرە تێکەڵبونێک لە نێوان دەقئاوێزان و بەراوردی ئەدەبیدا ڕوودەدات. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە هەر یەک لەو دوو بوارە کار لە سەر بابەت و خاڵە هاوبەشەکانی نێوان دوو دەق دەکەن. بەڵام لە ڕاستیدا هەریەک لە بەراوردی ئەدەبی و دەقئاوێزان دوو بواری جیاوازن لە یەک. (د.زاهیر لەتیف کەریم) لە توێژینەوەیەکی لە ژێر ناونیشانی (ئارگیومێنتی نێوان ئەدەبی بەراورد کاری و دەقئاوێزان)دا، چەند جیاوازیەکی لە نێوان ئەدەبی بەراوردکاری و دەقئاوێزان دەستنیشان کردوە لەوانە:

١. دەقئاوێزان بە کاری جیاوازیەکان هەڵناسێت،بەڵکو تەنها لێکچوونەکان دەکات بە چەقی نوسینەکان،کە ئەمە پێچەوانەی بەراوردکارییە، بەراوردکاری لە یەک کاتدا بەکاری لێکچوون و جیاوازیەکان هەڵدەستێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٢. ئامانجی دەقئاوێزان دەستنیشانکردنی خەسڵەت و کەسیتی و ڕۆشنبیریەتی ئەدەبی نەتەوایەتی و جیهانییە کە پێچەوانەی ئەدەبی بەراوردکارییە.

٣. بەراورد لە پێناو کارنامەکانیدا پشت بە چەندین ڕێبازی ڕەخنەی دەبەستێت،بەڵام دەقئاوێزان خۆیی بۆ خۆی ڕێبازێکی ڕەخنەییە و لە کارەکانیدا تەنها پشت بە خۆی دەبەستێت.

٤. بەراوردکاری لە ڕێگای کارەکانیەوە مەسەلەی کارتێکردن و کار تێکراو مان بۆ دەست نیشان دەکات،بەڵام لە دەقئاوێزان باس لەو مەسەلەیە ناکرێت لەجیاتی ئەمە باس لە پەیوەندییەکانی دەقی یەکەم و دووەم دەکرێت.

٥. لە ئەدەبی بەراوردکاری پێوستە سنوری بەراوردەکان دیاری بکرێت ،بەڵام لە دەقئاوێزاندا ڕێدەکەوێت لە یەک کاتدا چەند دەقێکی جیاواز بێنە نێو دەقەکەی ئێستاوە.

٦. بەراوردکاری بەکاری گۆڕینی ئاستەکان هەڵدەستێت وەک گۆڕینی ئاستی توانایی تاکەکان بۆ. ئاراستەیەکی گشتگیری هەروەک چۆن «نالی»ئەنجامی دا لە تاکێکەوە گۆڕا بۆ قوتابخانەیەک .بەڵام لە دەقئاوێزاندا تاکەکان یان دەقەکان بەکاری پتەوکردن یان بە ڕۆشنبیرکردنی دەقەکان هەڵدەستن.

٧. بەراوردکاری بە بەراوردکردنی دوو جێنەر یان ڕێبازێک هەڵدەستێت کە لە چەند ئەدەبێکدا بەکارهاتوە، بەڵام دەقئاوێزان مانای مەبەستێتی چەند دەقێک لە دەقێکدا کۆدەکاتەوە وەک ئەوەی هیچ دەقێک بەبێ دەقێکی تر لە دایک نابێت.

٨. کاری کارتێکردن و کارتێکراو لە ئەدەبی بەراوردکاریدا کارێکی زۆر قوڵی جدییە ،بەڵام لە دەقئاوێزاندا هەندێک جار ئەم کاریگەرییە دەبێتە ڕواڵەت و ڕێککەوتنێکی فکری ئادیایی و ڕێبازی لە پشتەوە نیە(کەریم،٢٠١٦،https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=22841&type=farhang).

بەکورتی دەقئاوێزان مێژوویەکی تازەی هەیە،بەڵام مێژووی بەراوردکاری کۆنترە. لە ڕاستیدا هەریەک لەم دووبوارە لانکەی سەرهەڵدان و گەشەکردنیان فەرەنسا بووە،بەڵام هەریەک لە سەردەم و کاتێکی جیاوازدا بووە و مەودا یەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە. هەریەکیشیان ئامانج و بنەمایی تایبەت بە خۆیان هەیە .دەقئاوێزان زیاتر لە گفتوگۆ و بەیەکداچوونی نێوان دەقەکان دەکۆڵێتەوە،بەڵام هەرچی بەراوردکارییە لە بەرهەم و ئەدەبیاتی گەلانی جیاجیا دەکۆڵێتەوە. واتە بە کورتی لە نێوان تێوری دەقئاوێزان و بەراوردکاریدا سنورێکی تۆخ و ئەستور بوونی هەیە.

## بەشی دووەم

### - ڕەنگدانەوەی دەقئاوێزانی کلتووری لای (لەتیف هەڵمەت)

دیارە (لەتیف هەڵمەت) خاوەنی ئەزموونی شیعری خۆیەتی و ناوبانگێکی هەیە و چەند دیوانی هەیە،کاریگەر بووە بە ئەدەبیات و فۆلکلۆر و کلتووری کوردی پێش خۆی و سەردەمی خۆی،کە بۆتە سەرچاوەی ئەدەبی پێشین بۆی،هەموو ئەو بەرهەمە ئەدەبییە کلتووری و فۆلکلۆرییە کوردییە نوسراوانەی پێشتان وەک کەرەستەیەکی بە نرخ لە بەردەستیدا بووەو بیر و بەهرەی لێ هەڵمژیوە،بە فۆرم واتاو دەلالەتی جیاواز لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیداوەتەوەو دایرشتووە،بووە بە سەرچاوەیەکی گرینگ بۆی،هەر بۆیەش شاعیری ڕەسەن ناتوانێت واز لە کلتوورو ئەدەبیاتی فۆلکلۆر بێنێت،لەبەرئەوەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر دەبێتە بناغەی ئەدەبیات و شیعری تازە و تەنانەت داهێنانیش،چونکە شاعیری نوێخواز بە بیری نوێو سەردەمیانە سوود لە بەرهەمە کۆنەکان وەردەگرێت، هەر بۆیەشە هیچ شاعیرێک ناتوانێت ببێ بە شاعیرێکی باش بەبێ ئەوەی گرینگی بە ئەدەب و کلتوور و فۆلکلۆری ڕابردووی نەدابێت. (لەتیف هەڵمەت)یش جگە لە ئەدەبیاتی گەلانی دەوروبەر و جیهان،لە نێو ئەدەبی نەتەوایەتی خۆیدا قاڵبوەتەوەو کاریگەری ئەدەبی فۆلکلۆرو کلتووری کوردی بەسەرەوەیەو وێنەی شیعری بە دەستکارییەوە وەرگرتووەو ڕەهەندی تری پێ بەخشیوە،واتە لە ئامێزی وێنەیەکدا وێنەیەکی تری هێناوەتە بەرهەم. لێرەدا چەند نمونەی شیعری دەهێنینەوە کە بە بابەتە کلتووری و فۆلکلۆریەکانی وەک ئەفسانەو داستان و پەندی پێشینان و حیکایەت و گۆرانی کاریگەر بووەو دەقەکان دەخەینە ڕوو دەیان دوێنین و بۆ ئەوەی ڕەنگ و ڕووی یەکتری پیشان بدەن بە واتاو فۆڕمی جیاواز و تازە دای ڕشتۆتەوە.

### تەوەری یەکەم: کلتوور

کلتور یەکێکە لە بابەتە پڕ بایەخەکانی شاعیران، سەرچاوەیەکی فراوانی والایە لە بەردەم شاعیراندا،نەتەوەی کوردیش لەم ڕووەوە خاوەن سامانێکی کەلەپوری فراوانەو گەڕانەوەشە بۆ مێژوو ((ئەوانەی کە شۆڕش لەسەر کەلەپور بە ئەنجام دەگەیەنن،درك بەو ڕاستیە دەکەن،کە بوونی ڕابردوو چ ئاسۆیەکی لە شارستانیەتی نوێ دا هەیە هەرچەندە ئەو ڕەمزانەش کە ڕیشەیەکی مێژوویان بەخۆوەگرتووە،لە ڕێگای ئەو مێژووەش بەتاقیکردنەوەی شێوازی بنچینەیی پەیوەندی دارن))(مەعروف،١٠٩،٢٠٠٨) جا شاعیرانی هاوچەرخیش لە پێناو دانانی بنەمایەکی پتەو بۆ ئەزموونێکی سەرکەتوو پێویستە پشت بەسامانی نەتەوە و کەلەپوری نەتەوەکەی ببەستێ،هەر وەکو ئەدۆنیس دەڵێ: (( ئەوەی ڕابردوو نەناسی ئایندەش ناناسێ و ئێستاش ناناسێ ئەمەش مانای ئەوەیە ئەفراندنی شیعری بە داهێنانی مێژووییەوە نەبێت تەواو نابێت ))(غەمبار،١٣،١٩٩٦)،بەکارهێنانی کەلەپوری نەتەوەیی هۆیەکیشە بۆ زیندووکردنەوەو گرینگی پێدان و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لە ئێستادا،بۆیە شاعیرانی هاوچەرخ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

گەڕاوەنەتەوە بۆ ڕابردووی کەلەپوری نەتەوەکەیان و بۆتە سەرچاوەیەك بۆیان و سوودیان لێ وەرگرتووە،بە پێی پێویستی سروشتی مەبەستی شیعرەکە و زەمینە ڕۆشنبیریە کەلەپوریەکەیان ئاوێتەی بەرهەمەکانیان دەکەن. جا شاعیری ڕەسەنیش کە پەنا دەباتە بەر سامانی نەتەوایەتی هۆشمەندانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات،نەك بەشێوە تەقلیدی و ئاسایی یەکەی،بەڵکو،بەپێی تێروانینی ئایدۆلۆژی خۆی لەوان تێپەر دەکات و ڕەمزەکە دەخاتە ژێر توێکاری لێکدانەوەیەکی نوێ .

بۆنمونە یەکێ لەو دیاردە کلتووریانەی کە لە فۆلکلۆری کوردیدا هەیە(گوڵاڵە)یە،یەکێکە لەو دەلالەتە پڕ بایەخانەی کە ڕەنگدانەوەیەکی فراوانی لە نێو شیعری هاوچەرخی کوردیدا هەیە، (گوڵاڵە) ڕەمزی ئازادی و ئەوین و بەرەنگارییە. ئەوەتا **(لەتیف هەڵمەت)** لە بنیادێکی درامیدا گوڵاڵەی ئاوێزان کردووەو وێنەیەکی تازەی خوڵقاندووە،کەتێیدا (پاشا) ڕەمزی دەسەڵات و هێز و چەوسانەوەیە،(منداڵ)یشی وەکو ڕەمزی پاکی و بەرائەت و هەڵگری ڕاستییەکان خستۆتەڕوو، جادوبازیش وەک پێشبینیکەر خراوەتەڕوو:

پاشایەک نوست منالێکی برسی لەسەر
یاقوتی تاجەکەی نوسی ڕۆژێ دێ هەر
پاشا دەمرێ ................
خەڵکی دەڵێن جادوو بازێک وتی ئەگەر
تکێ خوێنی ئەم مندالە
برژێتە سەرچاکی زەوی
سەرانسەری زەوی دەبێ بەگوڵاڵە ....... (هەڵمەت ،٢٠١٤، ٢٣-٢٤).

لێرەدا شاعیر لە پەیوەندی کردنیدا بەو دیاردە کلتوورییە لە گفتوگۆکردنیدا (گوڵاڵە)ی ئاوێزانی دەقەکەی کردووە،کە ڕەمزی ئازادی و ئەوین و بەرەنگاریە،وێنەیەکی تازەی بەهۆیەوە خولقاندووە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە گۆڕینی سیما و ئاراستە کردن و مەبەستە فۆلکلۆریەکان بەندە بە ئاستی ڕۆشنبیری شاعیر و بیرکردنەوەو تێڕوانین و لێکدانەوەی بۆ دیاردەو بابەت و لایەنەکانی نێو کۆمەڵگا و باردۆخە سیاسەکەی بە تایبەتیش ئاراستەکردنی لە خۆشیەوە بۆ ناخۆشی، لێرەدا شاعیر داهێنانی تێدا ئەنجام داوە، بەوەی ئاراستەکەی گۆڕیوە لە ناخۆشیەوە بۆ خۆشی،بەهۆی ئەو چەوساندنەوەیەی کۆمەڵگای کوردی،کۆتایی پێ دێنێ و سەرانسەری زەوی دەکاتە گوڵاڵە،بۆ بەرەنگاربونەوەی دوژمنان و گەیشتن بە ئازادی،شاعیر بە پێشبینی جادوبازێک لە ڕێگەی منداڵێکەوە گوڵاڵەی ئازادی و ئەوین و بەرەنگاری چەوساندنەوە لەسەر زەوی دەسەبەر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەکات یەکێکی تر لە دیاردە کلتوورییەکان کە بۆتە سەرچاوە بۆ شاعیران ئەویش (خەنجەرە)لە کلتووری کوردەواریدا وەکو چەکێک ڕەمزە بۆ دەسەڵات و توانا،لەلایەکی ترەوە ڕەمزە بۆ ڕەسەنایەتی.

**لەتیف هەڵمەت** یش (خەنجەری)ئاوێزانکردوەو کردویەتیە چەکێک بۆ بەرگری کردن لە مافخوراوانی گەلەکەی و دەڵێت:

چونکە شیعرم بە دەس هەموو

مافخوراوانی

زەوی یەوە .. خەنجەرە (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٥٦).

دیاردەیەکی تری کلتووری لە نێو نەتەوەی کورددا بوونی هەیە مەسەلەی جادووگەری و سیحر و فاڵچییە ،کەلە ئەدەبیاتی جیهانیشدا بوونی هەیەو ڕەنگیداوەتەوە،ئەم دیاردەیەش لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوەو شاعیران ئاوێزانی دەقەکەیانی کردوەو بیرو بابەتێکی تازەیان پێ داڕشتووە.

لەتیف هەڵمەت یش لە شیعری(سێ تێبینی\ تێبینی سێیەم) ئەم دیاردەیەی ئاوێزانی دەقەکەی کردووەو ڕێڕەوێکی سیاسی پێ گرتووە،کە پەیوەستە بە بارودۆخی وڵاتەکەی و دەڵێت:

من فاڵچی نیم،بەڵام ئەڵێم من ئەزانم

چۆن ئاو دەگەڕێتەوە بۆ ڕووبار

من فاڵچی نیم،بەڵام ئەڵێم من ئەزانم

کەی کەی مەهدی ئەگاتە شار

من فاڵچی نیم بەڵام ئەڵێم من ئەزانم

کەی کەی ئەڕۆی یەکەم بەهار (هەڵمەت، ٢٠١٤،١٠٨).

ڕووبار وشک ناکات ڕەمزە بۆ شۆڕشی کورد مەهدی چاوەڕوانکراویش ئەو سەرکردە ڕزگار کەرەیە کە بە هانای ئەم نەتەوەیە دێت و بەهاریش ڕەمزی سەرکەوتن و بەدیهێنانی پێشبینی شاعیرە.

### تەوەری دووەم: ئەفسانە

ئەفسانە یەکێکە لە بەشە گرینگەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر، ئەفسانە بەرهەمی کۆن و زادەی بیری مرۆڤە .هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە ناواقیعین،بەرهەمێکی خەیاڵ ئامێزە و ناواقیعی زۆری تیدایە،ئەویش بۆ گەورەکردنی ڕووداوەکان و جوانکردن بووە یان بۆ هەرمەبەستێکی تر بێت ((ئەفسانە بە نسبەت مرۆڤی دێرینەوە باشترین وەسیلە بووە بۆ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

تێڕامـان بە مەبەستی تێگەشتین لە سروشت ودیاردە و نهێنیەکانی و وەڵامیک بوو بۆ ئەو پرسە پڕ لە سەرسامییە زۆرانەی لای مرۆڤ لەوکاتانەدا دروستبوون ،واتە ئەفسانە پەیوەستە بە بیـری سـەرەتایی مـرۆڤ و یەکەم قۆنـاغی بیرکـردنەوەی فەلسـەفی)) (ئەحـمەد،٢٠١٩، ٢١٢) ئەفسـانەکان هەرلـە زووەوە کەوتـوتنە سـەر زار پـێش ئەوەی مـرۆڤیش فێـری نوسـین بێـت .ئەفسـانەکان بەوەناسـراون کە کارەکتەرەکـانی لە مـرۆڤ دوورن،بـۆ نمونـە خواوەنـدەکان. شـاعیرانی هاوچـەرخیش گرینگیەکـی زۆریـان بە ئەفسـانە داوە. وەکـو ڕەمزێـک بـۆ گوزارشـتکردن لـە مەبەسـت و ئـارەزووە کپبووەکانیـان ،کەلـە ناخیـان پـەنگی خواردۆتـەوە دەربڕیـدەبڕن دیوەشـاراوەکەی خۆیانیـان تێداکۆدەکەنەوە،واتـە پەیوەندییـەکی نـوێ و کرۆکێکـی نـوێ بـە ئەفسـانەکان دەدەن و بـە زینـدویی دەیهێڵنەوە،بۆیـە دەوترێت((ئەفسـانە جـۆرە ئـەدەبێکـە بەسـتەڵەک بـەلاوەدەنێ و بـەرەو پێشـکەوتن و گـۆڕان هـەنگاودەهاوێژێ، دەوڵەمەنـدی جیهـانی ئەفسـانە بۆتـە هـۆی مانـەوەی وەک سـەرچاوەیەکی ڕەنگین بەدەسـت شاعیرانی نوێخوازەوە تەنانـەت وەک پێویستییەکی لێهاتوو))(مەعروف،٩٧،٢٠٠٧)جگـە لـەوەش شـاعیران وەکـو ئـامرازێکی هونـەری بەمەبەسـتی خوڵقانـدن و لایـەنی ئیسـتاتیکی شـیعر بـەکاریان هێنـاوە بـۆ دەوڵەمەنـدکردنی دەقەکـە بەکەرەسـتەی ئەفسـانەو زیندووکردنـەوەی ڕابردوو و خستنەڕووی هێزی ڕابردوو لە ئێستادا،بە شێوازێکی نوێ خوڵقاندنێکی تازەیان لێ ئەنجامداوە،کەئەمـەش پەیوەسـتە بـە لێهـاتوویی شـاعیرەوە لـە بـەکارهێنانی کەرەسـتەو بابەتەکان و چۆنیەتی دەربڕینی ڕەگەزەکانی ئەو ئەفسانەیە .

یەکێ لەو بابەتە ئەفسانە خۆماڵیانەی کە لە شیعری هاوچەرخدا ڕەنگی داوەتەوە ئەفسـانەی (ئەژدیهـاک و کـاوە)یە .ئەژدیهـاک بەهـۆی ئەوەی کەسـێکی نەگـریس بـووە نەخۆشیەک دەگرێت و دووماز لە سەر شانەکانی دەروێت .چارەی مارەکانیش تەنها پێدانی مێشـکی لاوانە ڕۆژێ سـەربازانی زوحـاک دوو کـوڕی ئاسـنگەرێکی لادێـی بە نـاوی (کـاوە)،دەگرن ودەیـدەن بە مارەکان ،بۆیە کـاوە شـۆڕش دەکـات و لە کۆتاییـدا زوحـاک دەکوژێت.

لە تیـف هەڵـمەت لە ئەفسـانەی «زوحـاکەوە»ئیلهـامی ئەفسـانەیەکی نـوێیی بـۆ هـاتووە،کە پـاڵەوانی ئەفسـانەکە «نەیـزۆن»زوحـاک دوو مـاری لە سـەر شـانی هەبـوو،بەڵام (نەیرۆن)دوو برین لە سەر شانی هەیە. وەک دەڵێت:

**دەڵین دوو برین لە سەر شانی نەیرۆن ڕوواوە**

**بە خۆڵەکەوەی زەیتوون نەبێ**

**کەف و کۆڵی ژان و سوێ ی دانامرکێ...!** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٩٦٠)

لەتیف لە شیعری (ئەمە دوا هەڵبەستم نییە) دا باس لە ئەفسانەی (ئەژدیهـاک و کـاوە )دەکات.ئاماژە بەوە دەکات کە بیری سەرکەوتن بە هەمان شێوەی جەکوشەکەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەستی کاوەیە ،واتا بۆ سەربەستی و سەرکەوتن دەبێت هەموومان جەکوشێکی جەشنی کاوەمان هەبێت.

**بیرەوەری سەرکەوتن**

**جەکوشەکەی کاوەیە**

**مەقەستی کۆتی گەردن**

**دوو پارچە هۆندراوەیە** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٦٢)

(دێو درنج) ئەمانەش جۆرە دەعبایەکی ئەفسانەین و لە ئەفسانەی کوردیدا بوونی هەیەو زۆرجار پێکەوە ناویان دێت. شاعیرانی هاوچەرخیش ئاوێزانی دەقەکانیان کردووەو بیرو وێنەی تازەیان پێداڕشتووە.

لەتیف هەڵمەت لە (دیوانی ئەم هۆندراوەی کە تەواو دەبێ و نابێ)دا باس لە ئەفسانەی دێو درنج دەکات و دەڵێت :

**کە منداڵ بووم هەر نیوەشەوێک**

**لە دەرگاکەمانیان بدابووایە ..دەم وتت :**

**- دایە گیان مەیکەرەوە ..دێو درنج هاتوون من بدزن..** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٨٢)

لێرەدا شاعیر بە سود وەرگرتن لە بونەوەرێکی ئەفسانەیی کە ئاوێزانی دەقەکەی کردووەو بیری سەرەکی دەقەکی پێ دەبڕیوە،بە گفتوگۆو هەڵمژین لێی وێنەیەکی تازە بە دەلالەتێکی نوێی بەرهەم هێناوە،شاعیر لە ناو تاریکیشدا گەشبینە،چونکە ڕێگە بە دوژمنان نادات نیشتمانەکەی بدزن .

«سیمرخ» باڵندەیەکی ئەفسانەییە و دەتوانی مەودایەکی زۆر ببرێت و بەرز هەڵبفرێت تا دەگاتە حەوت تەبەقەی ئاسمان،لە هەمان کاتیشدا دەنگێکی خۆشی هەیە.

لەتیف هەڵمەت ئاماژە بە بونەوەرە ئەفسانەیەکان دەدات لە وێنەی (سیمرخ)و ئاوێزانی کردووە،بۆ نموونە لە شیعری (پەیکەرێکیتر ) دا دەڵێت:

**بڕۆم ..بڕۆم..وەها هەڵفرم بۆ بەرز**

**هیچ سیمرخێ نەم هێنێتەوە بۆ سەر ئەرز** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٠٥)

یا لەشیعری (گۆرانی پاشەرۆژ)دا دەڵێت:-

**گوڵەکانیش دەبن بە سیمرخ و**

**دڵم بۆ وولاتێ هەڵدەگرن** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٤٧٤)

لێرەدا شاعیر لە پەیوەندیکردن و بە گفتوگۆو هەڵمژین لە ئەفسانەی باڵندەی سیمرخ،وێنەیەکی تازە بە بیرو واتاو شێوازێکی نوێی بەرهەم هێناوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوە کوردی

**لەتیف هەڵمەت** جگە لەوەی سودی لە ئەفسانەی خۆماڵی و ڕۆژهەڵات بینیوە لەهەمان کاتیشدا سودی لە ئەفسانەی میللەتانی جیهانیش بینیوە،وەستایانە لە شیعرەکانی تەوزیفی کردووە بە شێوەیەک،بۆ ئەوەی داهێنانی تێدابکات،درامایەکی زیندوی پێشکەشکردووە،بۆنموونە ئەفسانەی(سیزف)یەکێکە لە ئەفسانەکانی یۆنان،کەبە ئەفسانەی ئازاری مرۆڤایەتی دادەنرێت،بۆیە(خواوەندەکان) لەعنەت لە(سیزیف)دەکەن و سزای دەدەن،بە هەڵگرتنی بەردێک تا لوتکەی شاخەکەی بیبات،بەڵام کە نزیکی لوتکەکە دەبێتەوە لە وێوە بەردەکە غلۆر دەبێتەوە تاوەکو وای لێدێت ئەم بارودۆخە دەبێت بە قەدەرو چارەنوس. لە تیف هەڵمەت یش یەکێکە لەو شاعیرە هاوچەرخانەی کە ئەفسانەی سیزیفی دەقئاوێزان کردووەو دەڵێ:

**سیزیف**

**تاشە بەردەکەی تۆڕداوە**

**خەمێکی داوە باکۆڵی دا**

**لەوانەیە عاشق بوو بێ** (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٣٥٢)

لێرەدا لەتیف تاشەبەردەکەی فرێداوە،مەبەستیش لەم تاشەبەردە ئەوەیە کە سیزیف کوری پاشای یولولسی یۆنانییە،لەلایەن باوکییەوە سزادرا بەوەی بەردێک بگوازێتەوە بۆ لوتکەی چیایەکی بەرز،کەدەگاتە لوتکەکە هەردووکیان غلۆر دەبنەوە. بەڵام لەتیف بەردەکە تورِدەدات و فرێی دەدات و لە جیاتی بەردەکە خەمی لەکۆڵناوە،کە هێمای عاشقبونیەتی،ئەمەش تەواو پێچەوانەی ئەفسانەکەیە، چونکە ئەو سیزیفەی یەکەم کەلەگەڵ تاشەبەردەکە غلۆر دەبنەوە ،ئەمە بۆ سزا و عەزابی تۆڵەیە لە سیزیف،مەبەستی شاعیر لێرەدا دوژمنانی کوردە توریان دەدات و تۆڵەدەکاتەوە، بەڵام لەو سیزیفە نوێیەی کە شاعیر خوڵقاندویەتی ئەو کۆڵە خەمەی کە داویەتی بەشانیدا ئەوا عاشقبونیەتی و چێژو خۆشی لێ دەبینێت،ئەمەش پێچەوانەی ناخۆشیەکانی عەشقە،چونکە لەپێناو خۆشەویستەکەی لە هەموو ناخۆشییەکانیش چێژ وەردەگرێت،لەبەرئەوەی شاعیر بە بڕواوە تێدەکۆشێت و بەرەنگاری ناخۆشییەکان دەبێتەوە لە پێناو نەتەوەکەی،بەمەش چێژ دەبینێت ،چونکە هەنگاو دەنێ بەرەو سەکەوتن.

**تەوەری سێیەم: داستان**

داستان یەکێکە لە بەشە نەمرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر،بریتیە لە ((بەرهەمێکی چیرۆک ئامێز،سەرگوزشتەیەکی ڕووداو یا ڕاستەقینە دەگێڕێتەوە،کە بە ژیانەوە بەستراوە ڕاستی ژیان لە دەروونی خاوەن بەرهەمەکەوە دەهێنێتە دەرەوە،وێنەی قارەمانی و ئازایەتی مرۆڤ پیشان دەدات))(رەسول،٢٤،١٩٧٠) واتە ناوەرۆکی داستان قارەمانی و دڵدارین،زۆرجاریش



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دڵدارییەکـە قارەمانیـەتیش بەخۆیـەوە دەگرێـت. ئـەم هونـەرە چیـرۆک ئـامێزە لەگـەڵ پێشکەوتنی ژیان هەنگاوی ناوە. داستان بنەما و دەستوری خۆیی هەیە،ڕووداو و کەسایەتی و شوێن و .... بونیان هەیە، تێیدا باس لە ئازایەتی و دەسەڵاتی پاڵەوانان دەکرێت، بە شێوەی شیعری درێژ هۆنراوەتەوە، بە زمانێکی سادە و ڕەوان گێڕدراونەتەوە((ڕووداوەکان بە شێوەی پەخشانە شیعر و دارێژراون، ناوە ناوە دیالۆگی شیعری بە کێشی تایبەتی،خۆی دەکات بە نێو گێرانەوەی داستانەکە، ئەو کێشەی، کە داستانە فۆلکلۆریەکانی پێ گێردراوەتەوە ،کێشی ڕەسەنی کوردییە بە کێشی بڕگەی ناسراوە .))(ئەحمەد،٢٠١٩، ١٨٧)واتە بە کێشی بڕگەیی خۆماڵی و سەرواى مەسنەوی یا ئازاد،بەشێوەیەکی هونەریانە نوسراوە. لێرەدا ئێمە تیشک دەخەینە سەر دەقئاوێزانکردنی ئەو داستانە کوردیانەی کەلە ئەدەبی کوردیدا هەمانە:

**ـ داستانی قەڵای دمدم**

ڕووداوێکی مێژوویی ڕاستەقینەیە،قەڵای دمدم لەسەر دەستی (خانی لەپ زێڕین)دروستکراوە شای ئێران کەوتە ململانی کردنی خانی لەپ زێڕین. دوای چوار مانگ لە بەرگری کردن بەهۆی برینی سەرچاوەی ئاوی قەڵاکە لە لایەن داگیر کەرەوە نزیکەی ٢١ڕۆژ سەرباز و دانیشتوانی قەڵاکە بێ ئاو بوون ،قارەمانەکانی قەڵای دمدم بە سەرکردایەتی خانی لەپ زێڕین تا دوا هەناسە جەنگین و بە کۆمەڵ مردنیان لە داگیرکاری و سەرشۆڕکردن بە باشتر زانی. بەمەش داستانی قەڵای دمدم دەبێتە ڕەمزێکی دلێری قارەمانیەتی بۆتە هەوێنی چەندین شیعر. شاعیرانی هاوچەرخ چەندین شیعریان لە خۆڕاگری و قارەمانیەتی خانی لەپ زێرین هۆنیوەتەوەو ئاوێزانی دەقەکەیانی کردووە.

ـ لەتیف هەڵمەت لە شیعرێکی دا ئاوێزانی داستانی (قەڵای دم دم )ی کردووە. (لەتیف هەڵمەت) وەکو شاعیرێکی شۆرشگێر بڕوای بە سەرکەوتنی ئەو ڕێبازە هەبووە کە کورد خەباتی بۆی کردووە،شاعیر بە ئاوێزانکردنی داستانی قەڵای دمدم،لەگەڵ بیری سەرەکی دەقەکە دەگونجێ،بە گیانێکی یاخییەوە باس لە زۆری تاوانەکانی دوژمنان دەکات،چونکە بە درێژایی مێژوو پەلاماری کوردیانداوە،بۆیە بە ئیلهام وەرگرتن لە داستانی دمدم پەیوەندییەکی نوێ و وێنەیەکی تازەی خوڵقاندووە. ئەوەتا لە شیعری (دووەم هاتنی لەپزێرین)دا دەڵێت:-

ئەو خەنجەرەی کە شاعەباس بە نامەردی
لە پشتەوە...لە ناو جەرگەی
یەکەم خانی لەپزێرین دا شەوێ چاندی
ئەمە تانێ..لە لای منە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

هێشتا خوێینی لەپزێرینی لێ دەتکێ

لەپزێرینی ئەم جارە .. وەک رمێ..

وەک سەد ڕم          هەزار ڕم

ناو جەرگی شاعەباس دەسمێ......... (هەڵمەت،٢٠١٤ ،٦٠٢-٦٠٤)

لێرەدا شاعەباس کە ڕەمزێکە بۆ ئەو دوژمن و داگیرکەرانەی پەلاماری کوردیان دەدا،ئەوخەنجەرەی کە خانی لەپ زێڕینی کوشت هێشتا خوێنی لەپ زێرینی لێ دەتکێ ئاماژەیە بۆ بەردەوامی ستەم و زوڵم لەسەر میللەتی کورد،بەڵام شاعیر گەشبینەو ورە بەرزە بۆیە وەکو شۆڕشگێرێک لە خەبات بەردەوامە دژی دوژمنان و تێدەکۆشێ و ئەمجارەیان (لەپ زێرینێ وەک ڕمێ بە هەزاران ڕم جەرگی شاعەباس و دوژمنان دەسمێ،لێرەدا شاعیر توانیویەتی قەڵای دم دم ئاوێزانی دەقەکەی بکات و هونەریانە بە ئەمڕۆوە ببەستێتەوە،گەشبینە بڕوای بە سەرکەوتن هەیە .

بەردەوام دەبێت و دەڵێت:-

هەموو ڕۆژێ شا عەباس

با دەیبا وەک پووش و پەڵاش

لەپزێرینیش هەموو وەرزێ

لە تروپێکی حەسارۆست دا...دادەبەزێ

بنەڕەتی دمدمێ تر هەڵدەکەنێ..

شا عەباس لە خوێندا..دەگەوزێ..!                (هەڵمەت،٢٠١٤، ٦٠٠)

لێرەدا شاعیر گەشبینە بڕوای بە سەرکەوتن هەیە،توانیویەتی هونەریانە بە ئەمڕۆوەی ببەستێتەوە،بەوەی شاعەباسی کە ڕەمزە بۆ دوژمن و داگیرکەرانی کورد،کردویەتییە ئەو پوش و پەڵاشەی کە با دەیبا،لەلایەن لەپزێڕینەوە وەک هەڵۆیەک لە هەموو وەرزێکدا لە حەسارۆست دادەبەزێ و وەکو قەڵای دمدم شا عەباس لە خوێن دەگەوزێنێ،شاعیر گەشبینەو ورە بەرزە بۆیە وەکو شۆڕشگێرێک لە خەبات بەردەوامە دژی دوژمنان و تێدەکۆشێ .

**- داستانی مەم و زین**

ئەمە داستانێکی کۆنە باس لە خۆشەویستی دوو عاشق دەکات و (مەم و زین). میری بۆتان دوو خوشکی هەیە بە ناوی (زین و ستی) .(تاجدین) پیاوی ژێردەستەی میرە و زۆر لای جێگەی باوڕە،تاجدین برادەرێکی هەیەبە ناوی (مەم )ە .تاجدین و مەم دەیانەوێ پێکەوە بڕۆنە داوای زین و ستی ،مەم و تاجدین بڕیار دەدەن سەرەتا تاجدین بڕواتە خوازبێنی.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

میری بۆتان بە هاوسەرگیری تاجدین و ستی خۆشحاڵ دەبێت و زەماوەند دەکەن .دوای ماوەیەک مەم و زین لە باخی میردا یەکتر دەبینن بەڵام (بەکۆ)یان (بەکری مەرگەوەر) وەزیری زاڵمی میر دەیان بینێت و ڕازەکەی لای میر ئاشکرا دەکات .دوای ئەمە مەم دەستگیر دەکرێت بەڵام پێش ئەوەی هەواڵی بەخشینی میر بگات بە مەم،بەکۆ ئاوی ژەهراوی پێدەدات .کاتێک زین هەواڵەکە بۆ مەم دەبات،مەم گیانی تێدا نە ماوە،زین لە شینی مەمدا خۆی دەکوژێت و تاجدین بەکۆ دەکوژێت ئەم داستانە فۆلکلۆریە لە شیعری شاعیراندا ڕەنگی داوەتەوە

- لەتیف هەڵمەت دەڵێت:-

بابە سواری ئەسپی برین

بچین بۆ زەماوەندی مەم و زین

گرەی ئەو دوو دڵدارە

بکەین بە چرا بۆ دێو چین

گولێ یەکەم پەژارە

بخەینە ناو گوڵدانی ژین (هەڵمەت ،٢٠١٤، ٧٠ )

شاعیر لە گفتوگۆکردنی دەقەکەیدا لەگەڵ داستانی مەم و زین بە شێوەیەکی هونەریانە ئاوێزانی دەقەکەی کردووە،بە واتاو وێنەیەکی تازەوە،بەشێوەیەک وێنەکەی لە سەرچاوە بنەرەتییەکە پێچەوانەکردۆتەوە بەوەی مەم و زینی پێک گەیاندووە،گرەی دڵداریەکەشی کردۆتە ڕووناکی و چرایەک بۆ ژیان.

لەتیف هەڵمەت لە شیعری (ڕەنگی باران)دا دەڵێت :-

**لەرەیەک بۆنی پشکۆی بۆ هێنام**

**وام زانی ئیتر نەورۆزی ساڵە**

**زەماوەندە ڕەز دەبەن بۆ خەیام**

**ئاگر بە ر ئەبێ لەم شەوەلاڵە**

**دیاری کە ژاوەی مەم بۆ خاتو زین**

**چەپکێ نێرگز و وەنەوشەی ئاڵە** (هەڵمەت ،٢٠١٤، ٩)

شاعیر وای زانیوە بۆنی بەهارو نەورۆزی بۆ هاتووە.خۆشی و شادی و زەماوەندە .دیاری مەمیش بۆ زین چەپکێک نێرگزو وەنەوشەییە.

**- داستانی شیرین و فەرهاد**

ئەمەش داستانێکی تری نەمرو بەرزە ،کەرەستەیەکی زیندووی نێو کەلەپوری کوردییە ئیحای بە زۆربەی شاعیرانی کورد بەخشیوە،خەسرەوی میری ساسان شیرنی زۆر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خۆش دەویست،بەڵام شیرین لە داوی خۆشەویستی فەرهادە، ئەندازیارێکی بە توانا بوو،کە خەسرەو بە مەی زانی زۆری پێ ناخۆش بوو،بۆیە لە شیرینی دوورخستەوە داوای لە فەرهاد کرد تونێلێک بە ناو شاخی بێستوندا دروست بکات.فەرهادیش بەر لەم کارە هەڵسا بە کێشانی وێنەی شیرین لە سەر تاشە بەردێک .میر خەسرەو تەڵەی بۆ فەرهاد دانابوو ،هەواڵی مردنی شیرنی بڵاو کردەوە ،کاتێک فەرهاد گوێی لەم هەواڵە بوو خۆیی کوشت بە و کەرەستانەی کە وێنەی شیرنی پێ نەخشاند بوو.

لەتیف لە شیعری (بۆ ئەو رۆژەی کە هالی ئەکشێ)جەخت لە فەرهاد بوونی خۆی دەکاتەوە بەڵام چۆن فەرهادێک،کە رێچکەی فەرهادی گۆڕیوە بۆ رێچکەیەکی پیرۆزترو باڵاتر کردوویەتی بە پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر لە پێناو گەیشتنی نەتەوەکەی بە ئازادی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی نەتەوەکەی واتە ئامانجەکەی فراوان کردووە:

منم فەرهاد .. گیانە .. گیانە منم فەرهاد
بەڵام هاتنی من بۆ تاشینی بێستون نییە
هاتنی من لەبەرچاوی شیرین نییە
من ئەمجارە بەزەبری کینەی پاچی داد
ئەرووخێنم دوا بناغەی کۆشکی شەداد
لاواندنەوەی زۆردارەکان ئەنوسم (هەڵمەت،٢٠١٤،٣٥)

لێرەدا شاعیر لە گفتوگۆکردنی دەقەکەی لەگەڵ داستانی شیرین و فەرهاد دا کۆمەڵێ رەمزی تری هێناوە بەمەبەستی خستنەرووی ئەو هێزو دەسەڵاتەی هەیەتی،فەرهادی کردۆتە پاڵەوانێک تا پێی بگاتە سیستەمێکی رێک و پێکی ژیان لەسەر بناغەی دادپەروەری و نەهێشتنی چەوسانەوە.

- لەتیف هەڵمەت لە شیعری (گۆرانی پاشە رۆژ)دا ،لە بەشی کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێ:-
من فەرهادم
بە لام دڵدارەکەم شیرین نییـــە
دڵدارەکەم وڵاتەکەمە وڵاتەکەم
من فەرهادم.
بەڵام ئەمجارە بێستون
هەڵناکۆڵم.
نەخشەی زەوی دەگۆڕم (هەڵمەت،٢٠١٤، ٤٩١)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لێرەدا شیرین هەر خۆشەویست و دڵدارەکەی فەرهاد نییە،بەڵکو ڕەمزی نیشتیمان و کێشەکانی کوردە، شاعیر لە ئاوێزان کردنەکەدا لەسەر بونیادی لێکچوون وێنەکەی دروست نەکردووە، بەڵکو لەسەر بنەمای جیاوازی پێکیهێناوە، لە بنەڕەتا فەرهاد بۆ دڵدارەکەی شیرین کێوی بێستون هەڵدەکۆڵێت، بەڵام شاعیر ئەرکی فەرهادی گۆڕیوە بۆ گۆڕینی نەخشەی زەوی، واتە گۆڕینی ئامانجی فەرهاد کە بۆشیرین بوو واتە تاکەکەسی بوو بۆ ئامانجێکی کۆمەڵی،کە گۆڕینی نەخشەی زەوییە بۆ گشتە لە پێناو خۆشەویستەکەی. لێرەدا گفتوگۆیەکی هونەری لە نێوان هەردوو دەقەکەدا ڕوویداوە.

**تەوەری چوارەم: پەندی پێشینان**

پەندی پێشینان بەشێکی گرنگی فۆلکلۆرە و تایبەتمەندی خۆیی هەیە،بەو وتە جوانانە دەوترێت کەلە ئەنجامی تاقیکردنەوەو ئەزموونی ژیان هاتوونەتە بوون لە چەند وشەیەکی کورت و سەروادارا.((بریتیە لە کۆمەڵێک وشە و زاراوە یان ڕستە یەکی کورت و پوختن،کە بە شێوەیەکی جوان و سادە و ساکار لە ڕووی زمانەوە ڕێکخراون و دراونەتە پاڵ یەکتری،بەڵام لە ڕووی واتا و ناوەڕۆکەوە واتایەکی زۆر و بەرفراوانی هەیە))(ئەحمەد،٢٠١٩، ٧٣)واتە بە زمانێکی سادەو جوان لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕامیاری و فەلسەفی ژیانی کۆمەڵمان بۆ دەردەخا،لە باس و ڕووداوەکان و پێشهاتەکان خۆی دەبینێتەوە،چونکە پەندی پشینان کۆمەڵێ تاقیکردنەوەی خۆشی و ناخۆشی چینەکانی گەل دەردەبڕێ. پەندی پێشینان(( بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵکە،ئەو پەندە هەمیشە لە لایی گەلانی سەرەتایی و سادە فەلسەفەی ڕاستەقینەو لە کاری ڕەوشت و خوەوە،هەموو ڕووداوێکی ژیانی ئادەمیزاد،هەموو کردارێک ،چاک یان خراپ ،هەموو گەیشتنە ئامانجێک کە میللەت گەیشتبێ ،دەچێتە تەرازوی پەندی پێشینانەوە)) (ڕەسوڵ،١٩٧٠، ٧٨). بۆیە پەند قسەی ڕۆژانەی سەر زاری خەڵک بووە،خاوەنەکەی دیار نیە و بەرهەمی گەلە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر پشتاو پشت دەگوازرێتەوە، لەوانەشە گۆڕانکاری بەسەر فۆرمی پەندەکاندا بێت،بەڵام گۆڕانکاری بەسەر ناوەڕۆکەکەی دا نایەت .هەر بۆیە لە لای زۆرێک لە میللەتان پەندی هاوبەش هەیە. پەندی پێشینانی کوردیش لە ئەزموون و دنیا دیدەنی گەلی کوردە ،ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو نەهامەتیانە و تاڵی و شیرینی ژیانی گەلی کوردە کە سیمایی خۆماڵی و ڕەسەنایەتیان پێوە دیارە،شاعیریش دەیەوێت بیر و ئیلهامی خۆیی لەم پەندە جوانانە وەربگرێت و شیعرەکانی پێ بڕازێنێتەوە .

- **لەتیف هەڵمەت** یەکێکە لەو شاعیرانەی کە سوودی لە پەندی پێشینان وەرگرتوەو لێزانانە ئاوێزانی شیعرەکانی کردووە بۆ زیاتر بە پێزکردن و ڕازاندنەوەی شیعرەکانی وێنەیەکی جوانی نیشانداوین.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(**گۆشتی ڕانی خۆت بخۆ،لە منەتی قەساب باشترە**)ئەم پەندە بە واتای ئەوە دێت سەر شۆڕ نەکەی بۆ ناحەزانت و خۆت شەرمەزاری کەس مەکە ،یان زۆر جاران بۆ منەت نەزانیت ئەو قسەیە دەکرێ. لەتیف هەڵمەت لە شیعری (شاری گوڵ)دا ئەو پەندەی بە هەمان واتا و مەبەستی خۆیی بەکارهێناوە و پێمان دەڵێن منەتی کەس هەڵنەگریت و سەر بۆ کەس شۆڕنەکەین و دەڵێیت:-

**مەڕۆن مەڕۆن**

**تینوتان بوو میزی خۆتان بخۆنەوە**

**برسیتان بوو قوڕی زەوی بکەن بە نان**

**گۆشتی لەشی خۆتان بخۆن**

**بەڵام مەڕۆن**

**پەنجەکانتان**

**هەموو یەسقانەکانتان**

**بۆ شەڕی تر بکەن بە تیرو کەوان** (هەڵمەت،٢٠١٤، ٢٤٦)

(**بەرد لە جێ خۆی سەنگینە** )، ئەم پەندە ئاماژە بەوە دەدات زۆر کەس هەیە لە کاتی ئاساییدا خزم ودۆستی خۆی لە بیر دەچێت ،بەڵام کە دەڕواتەوە جێگەیەکی تر سەیردەکات خەڵکی بە چاوەکی کەم سەیری دەکەن ناچار دەگەڕێتەوە شوێنی خۆیی و ناو خزمان .واتا پیاو یان ژن لە ناو کەس و جێگەی خۆیدا سەنگینەو ڕێزی هەیە. (لە تیف هەڵمەت)یش لە دەقەکەی دا لە دیوانی(ئەو هۆنراوەیەیی کە تەواو دەبێ و تەواو نابێ)ئاماژە بەم پەندە دەکات و ئاوێزانی دەقەکەی دەکات و جەخت لە سەر هەمان مەبەست دەکات و دەڵێت:

**بەرد لە هەر شوین و جێگەیەکدا خۆیی دۆزیەوە**

**جێی خۆی دەکاتەوە**

**توند توند پێوەی دەلکێ ..!**

**بەرد هەرگیز یادێ جێ ڕابردووی خۆیی**

**ناکاتەوە و**

**خەمی بۆ ناخوا......** (هەڵمەت،٢٠١٤، ٢٩٦)

(**دیوار بە گوێیە** )ئەمەش پەندێکی پێشینانە گوزارشت لەوە دەکات کە لە هەموو جێگایەک دەبێت وریا بیت چی دەڵێت،چونکە ئەو کەسانە زۆرن کە گوێ هەڵخەرن و قسە ئەهێن و ئەبەن و ناپاکن.

لەتیف هەڵمەت لە شیعری (لاوکانی منالانی ئەم سەردەمە )دا بە سود وەرگرتن لەم پەندە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دایکی مندالەکەی ئاگەدار دەکاتەوە کە بێدەنگ بێ نە بادا یەکێک گوێ بیست بێ .

**ئەی دایە گیان منیش لاڵ بم هیچ سەیر نیە**
**ئەگەر چلێ داری سوتاو**
**زمان بگرێ و لەگەڵ خۆرو خودا بدوێ**
**هیچ سەیر نیە لە بابەتی گوڵ**
**لەم خاکەدا برین بروێ...!**
**«ڕۆڵە بنوولەم شارەدا چی زۆرە.**
**گوێ.....!** (هەڵمەت ،٢٠١٤، ٤٥٧)

لەتیف هەڵمەت ڕەخنە لە دەسەڵاتی زۆردار دەگرێت و کە چۆن بە زمانێکی ڕەق و ئاگر و ئاسن ڕەفتاریان لەگەڵ کۆمەڵی کورد دا کردووەو مافەکانیان پێشێلکراوە:

هێندە ئاگر
لەم زەوییە .. بەردراوە
هیچ سەیر نییە
لوتکەی داری ئاگر بگرێ (هەڵمەت،٢٣١،٢٠١٤)

شاعیر بە سود وەرگرتنی لەوپەندەی دەڵێ(چی بچێنیت ئەوە دەدوریتەوە) بە ئاوێزانکردنی بەدەقەکەی ڕەهەندێکی سیاسی بە دەقەکەی داوە بەوەی دەسەڵاتدارن هێندە ستەمیان لە خەڵکی کردووە،ئیتر چی چاوەروان دەکرێ،تەنیا بە گژداچونەوەو ڕق و بێزاری نەبێ،کە خەڵکی پیادەی دەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان.

(لەتیف هەڵمەت) وابەستەیە بە ڕابردوەوە،ئەو ڕابردووە ڕەسەنەی کە ڕەگی داکوتاوە و بوونی نەتەوەو شارستانیەتی میللەتان دەردەخا،بۆیە دیاردە فۆلکلۆریەکان زیندو دەکاتەوەو بە ژیانی ئەمرۆی دەبەستێتەوە،وەک لە سودوەرگرتنی لەو پەندەی دەڵێ(کوتەک لە بەهەشتەوە هاتووە) دەڵێت:

مەنون کوتەک دەزانێ چۆن
سەهۆڵ بەندان دەسمرێت و دەتوێتەوە (هەڵمەت،١٦٧،٢٠١٤)

**تەوەری پێنجەم: حیکایەتی فۆلکلۆری**

حیکاتیش بەشێکی گرینگی فۆلکلۆر پێکدەهێنێت ((حیکایەتەکان بریتین لە ڕووداوی کورت کورت ،کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە دوای سەرهەڵدانی ئەفسانە و لە بەر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەوە زیاتر ڕووی لە جیهانی واقیع کردووە و کەرەستەکانی لە ڕووداوەکانی ژیانی واقیعیی وەردەگرێت.)) (ئەحمەد ،٢٠١٩، ٧١) هەموو حیکایەتەکان ئامانجی دیاریکراویان لە پشتە جا بۆ کات بە سەر بردن و چێژ بەخشین بێت ،یاخود بۆ ئامۆژگاری و سوود وەرگرتن بێت. هەروەها حیکایەت((یەکێکە لە ژانرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری ،بریتین لە بیرۆکەیەکی کورت بە پەخشان دارێژراون .))(ئەحمەد،٢٠١٩، ٧١) ڕووداوەکانی ناو حیکایەتەکان دەشێت ڕوداوێکی ڕامیاری یان کۆمالآیەتی یان دەروونی بن.هەروەها پاڵەوانەکانیش لەوانەیە گەنجێکی پێشکەوتوو بێت،یان منداڵێک ،یان پاڵەوانێکی مێژووی و نەتەوەیی بێت .واتا تەمەنی پاڵەوان و جۆری ڕووداو گرنگی نییە ،تەنها ئەوە نەبێ وێنەیەکی جوان و بەرز نیشانبدات. لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیش دا خەرمانێکی گەورەی حیکایەتی فۆلکلۆریمان هەیە .سەردەمەکەشی بۆ مێژوو دوور و درێژ و دێرینی نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە .شاعیرانیش هاتون سودیان لەم بەشە گرنگەی فۆلکلۆر وەرگرتوە و بەرهەمە شیعریەکانیان پێ بە پێزکردووەو دەڤاوێزانی شیعرەکانیان کردووە.

لەتیف هەڵمەت سودی لە حیکایەتی فۆلکلۆری (کوڕە کەچەڵ)وەرگرتووە،کەچۆن وەک بچووکترین برا دەبێتە پاڵەوان،هەرچەندە لە روخسارەوە ناتەواوی کەموکوریەکی هەیە،بەڵام لە ناوەڕۆکدا بە پێچەوانەوە هەڵگری هێزێکی زۆرە،لە پاڵ ئەوتێروانینەی،کە دەوروبەری هەیانە بۆی. (لەتیف هەڵمەتیش) بە مامەڵەیەکی زیرەکانەی لەگەڵ ئەم حکایەتەدا کردووە،ئەم ڕووداوە لە بیری شاعیردا ماوەتەوە،بەوەی لە سەرەتادا بەوە دەست پێدەکات و دەڵێت:(مناڵ بووم بۆیان دەگێرامەوە) کە ئەمە بۆتە کلیلی چونە نێو مەبەستی سەرەکی شاعیر،ئەویش مەبەستی لایەنە ڕامیاریەکەی سەردەمی خۆیەتی و دەڵێت:

چەندم حەز دەکرد گەورەبم وەکو کوڕە کەچەڵە
وەک پاڵەوانی ئەو گشتی مەتەڵە
پێ لە ئاوزەنگی هەر بەتەنها خۆم
چەم و بیابان پەی کەم و بڕۆم
چل چرای شەوان
لە قەڵای دێوان
بێنم بۆ ماڵە تاریکەکەمان ....... (هەڵمەت،٢٠١٤،٥٦)

شاعیر بە گیانێکی یاخی بووانە ئەو هەستەی دەربڕیوە،کە پاڵەوانی کوڕە کەچەڵ هۆکارێکی سەرەکی ئەم حەزەیەتی کە هەر لەگەڵیدایە تا بەدی دێت، کە قەڵای دێوان مەبەستی دوژمنی کوردە و چل چرای شەوان مەبەستی مافەکانیەتی و ماڵی تاریکیش مەبەستی کوردستانە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**تەوەری شەشەم: گــــۆرانی**

گۆرانی شێوەیەکی کۆنی فلکلۆرە،کە دەڵێن گۆرانی واتا شیعری بچوک و کورت .((گۆرانی کۆنترین بەشی ئەدەبی فولکلۆرە .هەروەک بەشێکی دیاریکراوی هۆنراوە ی لیریکە،ئەم هونەرە لە زۆر کۆنەوە پەیدابووە ،هەر لەو کاتەوە کە هێشتان هۆشیاری گەل لە ڕادەیەکی نزم دابوو .)) (ڕەسوڵ،١٩٧٠، ٥٩) واتە مرۆڤ هێشتان بەو ڕادەیە پێشنەکەوتبوو، بەڵکو هەر خەریکی کۆکردنەوەی بەروبوم و درەوکردن و ڕاو وشکاری و مەڕماڵات بوو ،هەر لەو کاتەدا لەبەر خۆیەوە شتێکی وەک و ئاواز و گۆرانی گوتووە .هەروەها گۆرانی ((بریتیە لە هۆنراوەیەکی کورتی لیریکی (ئاوازدار)،کە سەردەم و کات و شوێن و خاوەنەکەی دیار نییە، کۆمەڵگە بە خاوەنی دادەندرێت.)) (ئەحمەد ،٢٠١٩، ٨٥) شیعری فۆلکلۆری کاتێک بە گۆرانی و ئاوازەوە گوترایەتەوە بە زمانێکی سادە و ساکار بووە ،بە جۆرێک هەمیشە گوزارشتی ناخی کۆمەڵگە کەی بووە ،خۆشی و ناخۆشی و خەم و ئازادی سەردەمیان دەربڕیوە، گۆرانیەکان بە کۆمەڵ دەوترێت ،یەکێک گۆرانیەکە دەڵێت و ئەوانی تر تێکرا بە دوای دەڵێنەوە،یانیش هەمووان پێکەوە گۆرانیەکە دەڵێن. گۆرانی لە سەردەمی ئێستا و ڕابردووشدا لە کاتی بۆنەکان و کارکردندا،بە تایبەتی لە کاتی کارکردن بە کۆمەڵ و هەرەوەزدا هاوبەشیانە وتراوە .بۆ نموونە کاتی جوتیار زەوی کێڵاوە یان لە کاتی دوورێنە و ساوار کوتانەوە..... هتد،لە هەریەک لەو بۆنانەو کارکردنانەدا گۆرانی تایبەت وتراوە تا ئەمرۆش ماوەتەوە .هەریەک لەو جۆرە گۆرانیانە دەرخەری ڕەوشت و دابونەریت و ژیانی گەل نیشاندەدات. ئەمەش کاریگەری لەسەر شاعیران هەبووەو ئاوێزانی دەقەکانیان کردووە.

- لەتیف هەڵمەت دەقئاوێزانی لەگەڵ گۆرانی فۆلکلۆری دا کردووە،بۆنمونە دەقێکی فۆلکلۆری هەیە دەڵێت: **( ئامۆزا تۆ باڵا بەرزیت ئامۆزا تۆ بۆ من فەرزیت)**

لەتیف یش لە شیعری (ئامۆزا گیان)دا دەڵێت:

تۆ دووریت و ڕێگا دوورە ئامۆزا گیان
هەزارەها چەتەی برسی
لەنێوان سنوورە ئامۆزاگیان
ئەگەر دەستم نەگاتە تۆ
گەر مژی ماچی خەستم نەگاتە تۆ
ئەگەر چۆلەکەی هەڵبەستم نەگاتە تۆ
لێم ببورە...
ڕێگا دوورە ئامۆزا گیان (هەڵمەت، ٢٠١٤،٣٠١)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لە تێکرای شیعرەکەدا (ئاموزا گیان ) دووبارە دەبێتەوە ،لە ناونیشان و وێنە و ڕستەی شیعرەکەدا ڕەنگدانەوەی گۆرانییە فۆلکلۆریەکە بەدی دەکرێت.

لە نمونەیەکی تردا (لەتیف هەڵمەت) سودی لەم گۆرانییە فۆلکلۆرییە وەرگرتووە، کە دەڵێ :

«ئەمبەر و ئەوبەر دەکەم  بە بێستان

شەمامە بگرێ لە بۆ کوردستان  »

لەتیف هەڵمەت دەڵێت:-

ئا ئەوە تا من ئەم زەوییە دەکێڵم

بە برژانگی چاو

هەمووی دەکەم بەبێستان

گوڵە سوورە و هۆنراوەی  زۆر جوان

بگرێ بۆ

منداڵانی داهاتووی جیهان        (هەڵمەت ،٢٠١٤، ٤٠٦)

لێرەدا لە تیف هەڵمەت تەنها لە سنوری کوردستان نامێنێتەوە،بەڵکو هۆنراوەکانی بۆ منداڵانی جیهانیشە.

لەتیف هەڵمەت لە شیعری (لاوانەوەی باخچە هەڵواسراوەکانی بابل)دا دەڵێت:-

بۆ بـــــاران

گریاین.......گریاین

بۆ ئاو بۆ ناو

هاوارمان کرد وەکو جاران

«هەیاران و مەیاران

خوایە بیکەیتە باران

بۆ فەقیرو هەژاران »          (هەڵمەت ،٢٠١٤،٤٨)

لێرەدا ( لەتیف هەڵمەت) دەقێکی فۆلکلۆری تێهەڵکێش و ئاوێزانی شیعرەکەی کردووە و ئیلهام بە خشی بووە. ئەویش ئەو دەقە فۆلکلۆریە لە کاتێکدا  لە کۆندا وتراوە کە باران نە باریوە دەغڵ و دان پێوستیان بە ئاو بووە  جوتیارو هەژاران بژێوی ژیانیان لەسەر ئەوە بووە بۆیە تێکرا ئەم گۆرانییەیان وتووە .((هەیاران و مەیاران ،خوایە بیکەیتە باران ،بۆ فەقیرو هەژاران)).

لەتیف هەڵمەت لە شیعرێکی تریدا سودی لەم گۆرانییە فۆلکلۆریە وەرگرتووە کە دەڵێت:

(نامە دەنوسم بۆ خوێنی دڵم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ فەکۆلینێن کوردی

دەیدەم بە شەماڵ بیبا بۆ گوڵم )

شاعیر ئەم دێرە هۆنراوە فۆلکۆریەی ئاوێزانی دەقەکەی کردووەو بە هێماو ڕەهەندێکی تر دەربیرپیوەو دەڵێت:

بەڵام من بە دڵۆپەی خوێنی جەرگی خۆم
شیعر بۆ چاوی ئەو کچانە دەنوسم
کە خۆشیان دەوێم و
خۆشیان ناوێم ... (هەڵمەت،١٩، ٢٠١٤)

**ئەنجام:**

١- لە چەمکی دەقئاوێزاندا ئەوەی بەدی دەکرێ لە دەقدا ئاستی داهێنان دەبێتە پێوەر بەتایبەتی بیرۆکەو شێوازەکان،جا چ بەئاگایی یا بێ ئاگایی بێ،لە نەستی نوسەر لە دەقی ئەدەبی ڕەنگ دەدەنەوە،بۆیە لە دەقئاوێزاندا لێکچوونی بیرۆکەو شێوازی دەقی ئەدەبی ناکەوێتە خانەی دزی ئەدەبییەوە.

٢- چەمکی دەقئاوێزان سەرەتا لە ڕەخنەی ئەدەبی ئەورووپاوە سەریهەڵداوە، لە ئەدەبی کوردیشدا درەنگ سەری هەڵدا،سەرەتا نامۆ بووە تا دوای ڕاپەرین،لەدوای ڕاپەرینەوە باسی لێوەکراوە.

٣- سەبارەت بە پەیوەندی ئەدەبی بەراوردکاری و دەقئاوێزان،ڕاستە نزیکایەتی لە نێوانیاندا هەیە،بەڵام هەریەک لەمانە خاوەنی یاساو سیما و پرنسیپ و میکانیزمی تایبەت بە خۆیانن لە دیاریکردنی پەیوەندی نێوان دەقەکاندا.

٤- لە نێو یاساکانی دەقئاوێزاندا لە ئاست هەرسێ یاسای جوینەوەو هەڵمژین و گفتوگۆدا،لە شیعرەکانی شاعیردا زیاتر لە یاسای هەڵمژین و گفتوگۆدا دەردەکەون،بەجۆرێک کە هەردووکیان تێکەڵ دەبن بەمەش پلەی ناروونی بەدەقەکە دەبەخشن و ناسینەوەی بیرۆکەکان دەقئاوێزانییەکە زەحمەت دەبێت بەرەو کاری تازەو دەڕوات،هەندێ جاریش پلەی ڕوونی دەردەکەوێت،بەڵام بەشێوازی جیاوازو تازە. لە کۆی شیعرەکانیشدا دەقئاوێزانی دەرەکی و خودی و ناوەکی بەدیدە کرێن،زیاتریش دەرەکی دەردەکەوێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاشخانە ڕۆشنبیرییە بەرفراوانەی شاعیر لە بارەی فۆلکلۆرو کلتوورو مێژوو ... هەیەتی کەلە ڕێگەی دەقە ئەدەبییەکانەوە خستویەتیەڕوو.

٥- دەقئاوێزان لەگەڵ کلتوورو کەلەپوری نەتەوەدا بەشێوەیەکی بەرفراوان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوەو (لەتیف هەڵمەت) سەرلە نوێ بە شێواز و یاساو میکانیزمی جیاوازەوەدای ڕشتۆتەوە، کە زیاتر مۆرکێکی کلتووری و فۆلکلۆری نەتەوەییان پێوەدیارە،بیرۆکەکانی وەک خۆی وەرنەگرتووە،بەڵکو گفتوگۆیان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوە کوردی

لەگەڵدا کراوەو بە واتا فەلسەفییە جۆراوجۆرەکان و نزیک لە بیرۆکەکەش و بەستراونەتەوەو مانای تریشیان لێ دروستکراوە.

٦- لەتیف هەڵمەت زۆر وەستایانە توانیویەتی بیرو بەهرەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و کلتوری کوردی هەڵمژێ و قوڵبێتەوە لە نێو ئەفسانەو فۆلکلۆرو کلتورو داب و نەریت و حکایەت و داستان و گۆرانی و پەندی پێشینان،بەشێوەیەکی زۆر جوان لەگەڵ شیعرەکانی خۆی ئاوێتە بکات،بەرچاوکردنی یاساکانی دەقئاوێزان،خۆی زیاتر لە تواندنەوەو هەڵمژین و دیالۆگ نزیککردۆتەوە،هەندێجاریش دەقئاوێزانەکە لە دەقدا بە ڕوونی دیارە و هەندێجاریش پێویستی بە وردبینییەکی قوڵ هەیە،چونکە نادیارو تەمومژاوییە.

## سەرچاوەکان


### کتێب بە زمانی کوردی

- دیوانی لەتیف هەلمەت،ناوەندی غەزەلنوس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە،چاپی یەکەم،چاپخانەی تاران، ٢٠١٤.
- شنۆ محمد محمود،دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بە نمونەی پیرەمێرد،گۆران،لەتیف هەڵمەت، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلیمانی ،٢٠١٣
- عیزەدین مستەفا رەسول،ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ،بەغدا،١٩٧٠.
- عومەر مەعروف بەرزنجی،گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی،لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە،چاپخانەی شیڤان، سلیمانی،٢٠٠٦.
- د.کەمال مەعروف،رەخنەی نوێی کوردی ،وەزارەتی ڕۆشنبیری –بەرێوبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوە،سلیمانی،٢٠٠٧.
- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی،بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلیمانی،٢٠١١.
- نەجم خالید ئەڵوەنی،جۆرەکانی دەقئاوێزان لە ڕۆمانی پێنجەمین کتێب ی جەبار جەمال غەریب دا،بەرێوبەریەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلیمانی،سلێمانی، ٢٠١٢.

### - نامەی ماستەر

- ئاوارە فەرەیدون قادر،دەقئاوێزان لە شیعرەکانی (ئەنوەر قادر محمەد)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی،کۆلێژی زمان،بەشی کوردی،٢٠١١.

### - گۆڤار

- ئاری عوسمان خەیات (کفری) ،دەقئاوێزان،گۆڤاری ڕامان،ژمارە ١٧٨ ،هەولێر، ٢٠١٢ .
- کەمال غەمبار،ئەنوەر مەسیفی و هەنگاونان بەرەو نوێخوازی،گۆڤاری ڕامان،ژمارە١، هەولێر،١٩٩٦.

### - پێگەی ئەلیکترۆنی

-https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=22841&type=farhang

### - کتێب بە زمانی عەرەبی

- احمد ناظم،التناص فی شعر آلرواد،دار الشون الثقافی العامە،بغداد-العراق، ٢٠٠٤.
- حسین خمری،نظریە النص،الدار العربیە للعلوم ناشرون،بیروت-لبنان،٢٠٠٧.

حاتم لاصكر،ترويض النص، الهيئه المصريه العامه للكتاب سلسله دراسات ادبيه ١٩٩٨.
- جوليا كرطيفا،علم النص،ترجمهفريد الزاهى،دار توبقال للنشر، الدار البيضاء ،المغرب،١٩٩١
- دانيال تشاندلر،اسس السيميائيه،ترجمه د.طلال وهبه، المنظمه العربيه للترجمه،مركز دراسات الوحده العربيه،بيروت، ٢٠٠٨.
- فانسان جوف،الادب عند رولان بارت، ترجمهد.عبدالرحمن بو على،دار الحوار للطباعه والنشر والتوزيع سوريا-لاذقيه، ٢٠٠٤.
- بهرام مقدادى،فرهنگ اصطلاحات نقد ادبى از افلاتون تا عصر حاضر انتشارات فكر روز،تهران،١٣٧٨.

## التناص التراثى فى بعض اشعار (لطيف هلمت)

**الملخص:**

الأدب ظاهرة تحت تأثير مباشر و بشكل مستمر،و من تلك الظواهر التي ظهرت متأثراً بتلك التغييرات هي التناص،و قد جاءت تلك الظاهرة نتيجة تأثير الشعراء بمن سبقوهم أو بالتراث الثقافي الموروث أو الأجنبي،لأن الكاتب أو الشاعر يصور المشاعر الداخلية و يعكسهُ في أعماله بطريقة فنية عالية الجودة،التناص يبحث عن علاقة التأثُر بين النصوص الأدبية و يظهره و ذلك بقصد تحريك الجوانب الأدبية بحس فني للنصوص المنقولة لدى الأديب،و يُظهر مدى تأثُره في نقل تلك النصوص و توظيفه. التناص في بداياته ظهرَ في أوروبا و بعد ذلك في الشرق الأوسط و بالتحديد في الأدب العربي و بعدها انتقل إلى الأدب الكوردي،لهذا يعتبرُ هذا المصطلح حديث الإستخدام في الأدب الكوردي،لأنه لم يظهر إلى بعد الإنتفاضة. التناص يُظهر براعة الشاعر في أخذ النص الأصلي و توظيفه في أعماله دون أن يحس به المتلقي بشكل مباشر،و في بحثنا هذا نأخذ ظاهرة التناص التراثي في بعض اشعار (لطيف هلمت) و هذا يعتبر محاولة لقراءة أشعار الشاعرو إظهار ظاهرة التناص في أشعاره،و بالتحديد التناص التراثي عن طريقة أخذنا لبعض النصوص الشعرية التي تعكس التناص التراثي بالتحديد. و في بحثنا قد سلكنا الطريقة التاريخية التحليلية،و يتضمن البحث من المقدمة و قسمين رئيسيين و النتائج،و قائمة المصادر و المراجع،في القسم الأول تحدثنا عن المصطلح و تاريخ ظهوره و أنواعه بشكل مختصر،و بينا الفرق بين التناص و السرقة الأدبية،و في القسم الثاني تحدثنا عن التناص التراثي في بعض اشعار (لطيف هلمت) في كل أنواع التأثر الذي أخذ منه النص من التراث و الملحمة و الخرافة و الأمثال و القصص التراثية و الأغاني الشعبية التراثية.

**الكلمات الدالة:**



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

## Traditional intertextuality in some of (Latif Helmet) s poems


**Abstract**

Literature is a phenomenon under direct and continuous influence, and one of those phenomena that appeared affected by these changes is intertextuality. High-quality artistic, intertextuality searches for and shows the relationship of influence between literary texts with the intention of moving the literary aspects with an artistic sense of the texts transmitted by the writer, and shows the extent of his influence in the transfer and employment of those texts. Intertextuality in its beginnings appeared in Europe and later in the Middle East, specifically in Arabic literature, and then moved to Kurdish literature, so this term is considered a recent use in Kurdish literature, because it did not appear until after the uprising. Intertextuality shows the poet's ingenuity in taking the original text and employing it in his works without being directly felt by the recipient. Traditional intertextuality by the way we took some poetic texts that specifically reflect traditional intertextuality. In our research, we have taken the historical-analytical method, and the research includes the introduction, two main sections, results, and a list of sources and references. In the second section, we talked about the traditional intertextuality in the poetry of Latif Helmet in all kinds of influence from which the text was taken from heritage, epic, myth, proverbs, heritage stories and traditional folk songs.



**Keyword:**

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

# بەهای فۆلکلۆر لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا

پ. د. محەمەد دلێر ئەمین محەمەد
هەرێمی کوردستان/ سلێمانی

**پوختە:**

ڕۆژنامەنووسی کوردی تۆمارێکی گرنگ و پڕ بایەخە بۆ مێژوو و ئەدەبی کوردی بەهەموو لق و ژانرەکانییەوە فۆلکلۆر ، ئەدەبی میللی ، ئەدەبی نووسراو. لەدووتوێی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەنووسی و گۆڤارە دێرین و نوێیەکاندا بەشێکی دیار و بۆ ئەدەبی فۆلکلۆری تەرخانکراوە، ئەم هەوڵە پردی پەڕینەوەیی لە ئەدەبی زارەکییەوە بۆ تۆمارکردن و پاراستن و کەرەستەی بەپێز بۆ توێژینەوەی زانستی و گشتی . ئەم توێژینەوەیە دوو ئامانجی هەیە ، یەکەم بایەخی فۆلکلۆر وەك ئاوێنەی بێگەردی ژیاننامەی نەتەوەیەك کە جوگرافیا پەرتی کردووە و مێژوو و ئەدەب و زمانەکەی بەیەك ڕەنگی هێشتۆنەتەوە، بوونەتە پێناسەی نەتەوەیی و هۆکاری جیاکردنەوەی لەنەتەوەیەکانی تر. بەشێکی تیشك دەخاتە سەر چالاکی ئەو قەڵەمانەی لەڕۆژنامەنووسیدا، بە دڵسۆزی هەوڵیان داوە چەردەیەك لەو سامانە بژێننەوە و بەرچاوی بخەن و نەوەی نوێ و ئەادیمی بەو گەنجینەیە ئاشنابکەن، دیارە بەپێی مەودای توێژینەوەکە زیاتر ڕۆژنامە و گۆڤار تەمەن درێژەکان بەسەربکاتەوە و ڕووناکی بخاتە سەر.

**پەیڤێن سەرەکی:** *بەهای فۆلکلۆری، ڕۆژنامەنوسی کوردی، پەند، چیرۆك.*

**پێشەکی:**

فۆلکلۆر ئەو گەنجینە دەوڵەمەندەیە کە کەڵەکەبووی ئەزموونی پێشینانە و دەنگ و هاواری کپکراوی چین و توێژەکانی خوارەوەیە، لەناو میللەتاندا بایەخی زۆری پێدراوە لە سەدەکانی ڕابردووەوە هەوڵی کۆکردنەوە و شیکاری ئەو بەرهەمە زارەکیانە دراوە کە ئاوێنەی قۆناغ و سەردەمی خۆیانن، لەناو هەر بەیت و پەند و شیعر و ئاوازێکدا نهێنییەکی شاراوە هەیە، لەبەر سانسۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی بەناوی دەستە و گروپەوە وتراون و مۆرکی تاکە کەسیان پێوە نییە، کورد وەك میللەتێکی ژێردەست و چەوساوە، خاوەنی فۆلکلۆر و کەلەپورێکی دەوڵەمەندە و مەخابن بەشێکی زۆری نەنوسراوەتەوە و بەخاوی ماوەتەوە، هەرچەندە لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە چەندین



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەولی تاکەکەسی هەیە بۆ بایەخدان و کۆکردنەوەی ئەوسامانە نەتەوەییە، بەڵام ئەم کارە پێویستی بەدامودەزگا و گروپی شارەزا و دڵسۆز هەیە کە کێومالی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بکات و لەزاری کەسانی بەتەمەن و پیرێژنەوە تۆماری بکەن و بەشێوەزاری ناوچەکە بینووسنەوە و دواتر چاپی بکەن، تاکو نەوەی ئێستا و ئاینده شارەزای بن و دەیان ئیدیۆم و وشەی کوردی ڕەسەن بدۆزنەوە و فەرهەنگی زمانی کوردی پێ دەوڵەمەند بکەن جارێکی تر بەرگێکی نوێ و قەشەنگ بە بەرزمانی کوردیدا بکەن، ئەو زمانە مالی هەمووانە و ناسنامەی نەتەوەیی و شیرازەی پتەوبوونی گیانی برایەتی و تەباییە .

ڕۆژنامەنووسی کوردی کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم (کوردستان) (١٨٩٨/٤/٢٢) و سالانی دواتری سەدەی بیستەم . ئەگەرچی بەبەراورد بە میللەتانی دراوسێی درەنگ سەری هەڵداوە و وەك چارەنووسی نەتەوەکەی لە ئاوارەییدا چاپ و بڵاوبۆتەوە، بەڵام پردی پەڕینەوە لەتاریکییەوە بۆ ڕووناکی هەر لەو لاپەڕانەوە ژانەر شیعر گواسترایەوە بۆ نووسراوو پەخشانی هونەری بەهەموو جۆرەکانییەوە گەشەی کرد و سەلماندی کە زنانی کوردی جگە لە شیعر توانای نووسینی پەخشانی هونەری هەیە و زمانێکی زیندووی هەموو سەردەمەکانە، لەپاڵ بایەخدان بە شیعری کلاسیك و ڕۆمانتیك و جۆرەکانی گوتار و کورتەچیرۆك نووسەر و خاوەن گۆڤار و ڕۆژنامەکان درکیان بە کەرەستەی پێشتر داوە وەك بەشێکی گرنگی ئەدەبیات ناس سەیری فۆلکلۆری کردووە و بڵاویان کردۆتەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستیانەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو وتار و بەرهەمە دێرینانە کە لە ناو لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەوردییەکاندا بڵاوکراونەتەوە و سەرەنجی خوێنەری کوردییان بۆ بایەخی ئەو گەنجینە دەستلێنەداوە ڕاکێشاوە .

ئەم توێژینەوەیە لە دووبەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم خستنەڕووی گرنگی و بایەخی فۆلکلۆر و کاریگەری لەسەر گەشەی ئەدەب نووسراو و زمان و هەروەها ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسیی کوردی وەك دیکۆمێنت و بەڵگەی بەرز ڕاگرتنی ئەو سامانە نەتەوەییە و هێنانەوەی چەند نموونەیەکی لەماو لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بەتایبەتی ئەو بڵاوکراوانەی لەڕۆژانی سەخت و دژواری خەباتی نەتەوەییدا بە هزر و قەڵەم خەباتیان ئەکرد و هەوڵی پاراستن و ناساندنی زمان و کەلەپوری سەردەم یان ئەدا و بەرگری یان لە شالاوی دڕندانەی دوژمن دەکرد، کە جگە لەئامانجی داگیرکردنی خاك و نیشتیمانی کورد بووە، هەوڵی نەزۆکینەی داوە هەژموونی کلتوری خۆی بەسەر کوردا بسەپێنێت و دابڕان لەنێوان سەردەم و ڕابردووی نەتەوەی ژێر دەستدا، دروست بکات .

مەودای ئەم توێژینەوەیە سنوردارە، توێژەر ناچارە چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێکی دیاریکراو هەڵبژێرێت و نموونەی لێ هەڵهێنجێنێت، هەورەها زەمەنی کاتی ڕۆژگارەکە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بخەینە نێو یەکەمی سەدەی بیستەمەوە (١٩٢٠-١٩٥٠ز)، دیارە ساڵانی دواتری ئەو مێژووە ژمارەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان ڕوو لە هەڵکشان بوون بەتایبەت دوای ڕاپەڕین لە باشوری کوردستاندا، ئەوەش بەهۆی زۆربوونی چاپەمەنی و نەمانی سانسۆر و تاڕادەیەك ئازادی بیروڕا، هەر بەوهۆیەوە گۆڤاری تایبەت بەفۆلکلۆر و کەلەپوور دەرچوون و چەندین بەرنامەی تایبەت لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بەمەبەستی زیندووکردنەوە و ناساندنی فۆلکلۆر پەخشکراون، بەتایبەت گۆرانی فۆلکلۆری، دەبێت ئاماژە بەڕۆڵی بەشە کوردییەکانی زانکۆکانی کوردستان بدەین کە وانەی فۆلکلۆر لەپرۆگرامی خوێندنی ساڵانەیاندا جێگیرکراون.

وێڕای چەندین کتێب و نامەی ئەکادیمی کە شیکاریان بۆ کەرەستەکانی ئەم سامانە نەتەوەییەکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی ئەو گەنجینەیە بەزارەکی ماونەتەوە و لەهزری خەڵکە بەتەمەن و ئەزموونداره‌کاندایە، پێویستە پەلە بکرێت لە تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەیان، هەروەها تیمی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە پێك بهێنرێت تا کێومالی ناوچەجیاجیاکانی کوردستان بکەن و لەڕێگای تەکنەلۆژیای سەردەمەوە بەجیهانی بناسێنن.

**بەشی یەکەم:**

**بایەخی فۆلکلۆر:**

لەناو زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، ئەدەبیاتناسی شوێن و پێگەیەکی گرنگی هەیە، بەتایبەتی لەم سەردەم و ڕۆژگارەدا، لەڕۆژئاوادا، دوای ئەوەی لەسەدەی پازدەهەمدا ئامێری چاپ داهێنرا و لێشاوی چاپەمەنی هەموو شارو شارۆچکەیەی گرتەوە، هەوڵی بایەخدانی بەزمانی نەتەوەیی، بووە خولیایی نووسەر و بیرمەندە نەتەوەییەکان، پێویست بوو بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەی زمانی پاکژو دایەلۆگی نەوەکانی پێشوو، ئەوانەی ئەزموون و دیمەنی ژیانیان بەسادە و ساکاری مابۆوە و ڕووناکی چاپخانە بەریانەنەکەوتبوو، ئەو ململانێیەی چاپەمەنی دروستکرد لە نێوان میللەتانی ڕۆژئاوادا، بوە هۆی سەرهەڵدانی لەو سامانە نەتەوەییە، لەناو ریبازە ئەدەبیەکاندا ڕێبازی ڕۆمانتیکی وەك ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەری کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا سەریهەڵداوەتا کۆچی دوای فەیلەسوفی ئەڵمانی (هیگڵ) بەردەوام بوو . (پ.د.حەمید عەزیز، ٢٠٢٠:١١).

فەلسەفەی ڕۆمانتیك وەك ناوەڕۆکی ئەم ڕێبازە داهێنەر و سەرئامادەی بایەخدان بوو بە فۆلکلۆر، ڕابەری ئەم ڕێبازە ئەگەرچی لەڕووی شێوازو ئاراستەی ژیان و کرۆکی بەرهەمەوە جیاوازبون، بەڵام بەگشتی پێداگیریان دەکرد لەسەر هەستی نەتەوەیی، بایەخدان بەئەدەبی میللی و کەلەپووری نەتەوەیی و دابونەریتی ئاسایی کە ئەم کەرەستانە دەبنە هۆکاری هۆشیاری نەتەوەی . (پ.د.حەمید عەزیز، ٢٠٢٠:١٩).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەو سەرەتاوە بەربڵاوە، بایەخدراو بەو بەرهەمە خوڵقێنەرانەی کە دەماودەم و پشتاوپشت زارەکی دەگێڕێتەوە و بەرهەمی تاکەکەسی دانانرت مۆرکی دەستەجەمعی پێوەیە، فۆلکلۆر چ لەڕووی سادەی و چ لەڕووی زمان و دەربڕینەوە، شەقڵی تایبەتی ئەو گەلە یان ئەو زەمان و دەروەی خۆی پێوەیە، بەتایبەتی لەو وێنە و بیردا . (عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ،١٩٧٩:٨).

لای کورد هەرچەندە چەندین هەوڵی دڵسۆزانە هەیە بۆ کۆکردنەوە و شیکاری ئەم سامانە، بەڵام لەئاست ئەو گەنجینە پڕ بەهایەدا، کەمە و مافی تەواوی خۆی پێنەدراوە، دیارە هەوڵی تاهەکەسی یان چەند نامەی ئەکادیمی ناتوانن هەموو کونج و پانتایە جوگرافیەکانی کوردستان بەسەر بکەنەوە و کێومالّی بکەن، ئەم ئەرکە نیشتیمانییە پێویستی بە کارێکی دەستەو گروپ هەیە و دامەزراوە ئەدەبی و زانستییەکان بە پاڵپشت و هاندانی دەسەڵاتی سیاسی و بکەونە خۆ و لەناوچوونو لەبیرچوونەوە ڕزگاری بکەن. جگە لە نەتەوە سەردەست و دەسەڵاتدارەکان، هەمیشە ژێر دەستە و پەراوێزخراوەکان، هەڕەشەی تواندنەوە و ڕاگوێزان و سڕینەوەی زمان و کەلەپوور و شوێنەوارە دێرینەکانیان لەسەربووە، نووسەرێك ڕای وایە کە ئەو گەنجینە شاراوەیە بۆتە هۆکاری پاراستنی زمانی کوردی، لەبەرئەوەی دوژمن دەستی نەگەیشتوێتی و پەی پێ نەبردوە، تا سانسۆر بخاتەسەر وەك چاپەمەنی و داهێنەرانی سزاو ئەشکەنجە بدات. (ڕامیار مەحمود ،٢٠٢٢/٢/٧).

زمان ناسنامەی نەتەوەییە، زمانی کوردی فاکتەری سەرەکی مانەوەی کورد بووە، کە لە هەموو قۆناغەکانی ژیان و دەورانی ڕۆژگاردا پاراستوویەتی، هزری خۆی تێدا کۆکردووەتەوە و نەوەکانی پێ گۆشکردوە، زمان لە فۆلکلۆردا ڕەگەزێکی بنەڕەتیە، جیهانی و پوختی و ساکاری زمانیش، ڕووخساری دیاری ئەم زمانەیە، زۆرجار لەپاڵ جوانی ناوەڕۆکدا پەندێك وەك پەیکەرێکی جوان دێتە بەرچاو (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ١٩٧٩:١١٥).

ململانێی سیاسی، پانۆرامای کێشەکۆمەڵایەتییەکان، هەوڵی یەکخستنی تەبایی، گیانی هاوکاری و کاری هەرەوەزی لەناو بەشەجیاجیاکانی فۆلکلۆردا دەردەکەون کە مەبەست و ئامانج لەو پەیامە، ئامۆژگاری و سوود وەرگرتنە لەئەزموونی پێشینان . بەهایەکی تری فۆلکلۆر کە زیاتر درەوشاوەتری دەکات و دەیپارێزێت ئەو خاڵەیە کە دەکەوێتە ناو پرۆسەی ڕاگەیاندنەوە، پسپۆڕانی ڕاگەیاندن لە زووەوە، پەیامی ڕاگەیاندنیان بەسەر چوار جۆردا دابەشکردووە بە تایبەت قوتابخانەی (میونیخ) ی ئەڵمانی . ڕاگەیاندنی هەر نەتەوەیەك بەپێی ئاستی هۆشیاری و درك پێکردنی دەکەوێتە ناو چوارچێوەی یەکێك



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

یان زیاتر لەم جۆرانە کە بریتیین لە: ڕاگەیاندنی خۆڕسکی و ڕاگەیاندنی ڕۆژانە و ڕاگەیاندنی سۆزدار و ڕاەیاندنی هزری (هۆشیار) (د.عبدالطیف حمزە، ٣١).

فۆلکلۆر لەناو ئەم دابەشکردنەدا دەکەوێتە بازنەی خۆڕسکی وسۆزدارەوە ڕاگەیاندنی خۆڕسکی ئەو زانیاریانەیە کە تاك لەناو خێزان و و کۆمەڵ و نەتەوەدا لەدایك بوونەوە وەریدەگرێت و دەبێتە ناسنامەی ئایندەی وەك ئەوەی سەر بە چ نەتەوە و زمان و دابونەریتێکە، ئەم زانیارییانە بۆ بۆماوەن و نەوە بە نەوە پشت دوای پشت دەگوێزرێتەوە، بەشێك لە کەسایەتی تاك دروست دەکەن، فۆلکلۆر پشکی شێری هەیە لەم ڕاگەیاندنەدا، مرۆڤی کورد کە دێتە دنیاوە تا مێردمنداڵی گەشەدەکات، هەنگاو بەهەنگاو بەم زانیاریە ئامادەیە، ئاشنا دەبێت، وەك ئەوەی باوك و دایك و خزم و خێڵ و نەتەوە و زمانەکەی دەزانێ و پرسیاریان لەبارەوە دەکات و وەڵام بەدەست دەهێنێت . ئەم بەگوێدانە دەبێت زیاتر پەیوەست بوونی تاك بەکۆمەڵ و نەتەوە و خاکەوە، بەشێك لە چیرۆکی فۆلکلۆر و داستان و شیعر، ئەم شێوەیە لەخۆدەگرن، هەر لەبەر ئەوە گرنگی پێ دراوە پیویستی بە زیندوو کردنەوە هەیە.

ڕاگەیاندنی سۆزداری، ڕەگی لەناو ڕاگەیاندنی خۆڕسکی دا داکوتاوە مەیلی تاك زیاتر بەرەو سۆز دەبات و هەستی بوون و پێداگیری لەسەر مانەوە زیاد دەکات.

ڕاگەیاندنی ڕۆژانە، زیاتر پەیوەستە بەکاری ڕۆژنامەنووسیەوە، ڕۆژنامەنووسی دەتوانێ کە ئەم جۆرە بە دووبارەبوونەوە و دیاریکردنی جۆرەکانی فۆلکلۆر بخاتە بەرچاو، لەڕێگای قەڵەمی نووسەرانەوە، چێژی زیاتر بەکەرەستەکانی فۆلکلۆر بدات.

دیارە ئەم شێوازە لە قۆناغی فێربوونی خوێندن و خوێندەوار بەر دەست دەبێت، هەر بەوهۆیەوە کە ڕۆژنامەنووسی بە قوتابخانەیەکی گەڕۆك ناوبراوە و چاپەمەنی بە خاڵی وەرچەرخان ئەژماردەکرێت کە زمانی نەتەوەیی دەچەسپێنێت و گەشەی پیدەدات، سود لەو هەزاران وشە و ئیدیۆمە وەردەگرێت کە لە ناو گەنجینەی پێشیندا ماون و پارێزراون.

ڕاگەیاندنی هزری (عەقڵی) دوا پلەی گەشەی زانیاری دروستە کە تاك لەڕێگای هۆشیاری و بەراورداری و جیهانی بینییەوە پێ دەگات، کە مەخابن ئەم حاڵەتە لەناو ئێمەدا وەك پێویست گەشەی نەکردووە و زیاتر پڕوپاگەندە و خۆ بەکەمزانین کاریگەری هەیە. نابێت لەو دیاردەیە ڕۆڵی شەڕانگێزانەی دوژمنان لەبەرچاونەگرین کە لە پاڵ هێرشی سەربازیدا ڕاگەیاندنی دژ (الاعلام المضاد) یان کردووەتە کەرەستەی سەرەکی بۆ گەمارۆی عەقڵی تاکی کورد و بەپێشکەوتووترین کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، دژ بەو شێوازەکانی ڕاگەیاندنی کورد بوونەتەوە و هەموو جۆرە سانسۆر و قەدەغەی دەرچوون و گرتن و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ڕاوەدوونانی نووسەر و ڕۆژنامەنووسان بەکارهێناوە و دەیان نموونە لەناو مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا بەرچاو دەکەون.

بایەخدان بە فۆلکلۆر لای نووسەرانی کورد زیاتر مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێشوو لەناو پەڕەی ڕۆژنامەکاندا سەرەتا و دواتر وەك کتێب و نووسینی سەربەخۆ، هۆکاری ئەمەش ئاشکرایە دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی نووسین کە لە ئاستی نەتەوەکانی تر کورد درەنگتر پێ رأگەیشتووە، بۆ نموونە یەکەم کتێبی کوردی کە خاوەنەکەی کورد بێت و بەزمانی کوردی چاپکرابێت (ئەنجوومەنی ئەدیبان) ی (ئەمین فەیضی) یە کە ساڵی (١٩٢٠) دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ڕاستە پێش ئەم مێژووە چەند کتێب هەن لەسەر کورد نووسراون بەڵام یان بەزمانی بێگانە بوون وەك (شەرەفنامە) یان نووسەرەکەی کورد نییە .
لەم سەرەتایەوە بایەخ بەئەدەب و ژانرە و جۆرەکانی دراوە.

کۆکردنەوەی فۆلکلۆر و کەرەستەکانی لەسەرەتاوە (هەوڵی جوامێرانەی تاکە کەسین، زۆرتریش تاکە کەسی ئەوتۆ کە هەلی وایان بۆ هەڵنەکەوتووە کە لەلێکۆڵینەوەی ئەدەبی و زمانەوانی، بە شێوەی زانستی تازە، شارەزای پەیڕەوی گەلانی تر، بەتایبەتی گەلانی ڕۆژئاوا.

ئەو هەوڵە تاکە کەسیانە، بەکەرەستەی خاوی، نرخ و بایەخی خۆیان هەیە و مایەی سەرفرازی خاوەنەکانیانن، بەڵام وردە وردە خوێندەواری کوردیش توانا و هەلی ئەوەیان بۆ هەڵکەوتووە کە ئەم لێکۆڵینەوانە لەو سنوورە بێننەدەرێ و ئاسۆیەکی زانستی تازەی فراوانی بۆ دروست بکەن. (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ،١٩٧٩:٣).

ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر جیهاندا هاتن بەتایبەت لەکۆتایی سەدەی پێشووەوە بە دیاردەی جیهانگیری و گەشەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و شۆڕشی زانیاری ناودەبرێت، زۆر ئاکار و دیمەنی نوێی لەهەموو چەمکەکانی ژیان و کلتوردا، هێنایە ئاراوە، کە لەم ناوەندەدا کەلەپوور و بەگشتی فۆلکلۆر بەتایبەتی، بەرکەوتەی ئەم گۆڕانکارییانە بوون.
((بەجیهانیبوون بریتییە لە پرۆسەی پەستێوترانی بەرزە ڕووی زەمەن و فەزا کەلە ریگای ئەوەوە خەڵکی دنیا کەم تا زۆر بەشێوەیەکی وشیارانە ئاوێتەی کۆمەڵگەی جیهانی تاقانە دەبن )). (ئەحمەد گوڵمحەمەد ،٢٠٠٧:١٢).

ئەم وەرچەرخانە جیهانی خستەبەردەم قۆناغ و سەردەمێکی نوێ، لێشاوی زانیاری و بە ئاسان دەستەبەرکردنی بەدوو ئاراستەدا کار دەکەن، ئاراستەی جیهانی پێشکەوتوو کە داهێنەری ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا نوێن بەردەوام گەشەی پێ دەدەن، هەوڵی زاڵ بوونی کلتور و ڕۆشنبیری خۆیانن بەسەر نەتەوەکانی تردا، بەجۆرێك ببنە رابەر پێشەنگی جیهان، کە ئەمە تاڕادەیەك شوینی خۆی گرتووە، دیاردەی مۆدێل و لاسایی کردنەوەی ڕووکەش،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

کۆمەڵگای پەراوێزخراو کەنارگرتۆتەوە، کە ئەمە دیوی نەرێنی بەجیهانیبوون و مەترسیدار، لەلایەکی ترەوە تەکنەلۆژیای نوێ، هەلی خۆناسدنی بۆ میللەتە بێ دەوڵەت و فرامۆشکراوەکان ڕەخساندووەکە خۆیان لەناو ئەم فەزایەدا نمایش بکەن و بەجۆرێك لەجۆرەکان شوناس و کلتورو فەرهەنگی خۆیان بخەنە بەرچاو ،((ئێمە لەکۆمەڵگەیەدا دەژین کە مەعریفە بەهەردوو شێوەی (دەق چاپکراو و ئەلیکترۆنی و زارەکی،لەڕێی میدیاکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی جەماوەرییەوە زۆر بەربڵاوە و کاریگەری گەورەی لەسەر ژیانی ڕۆژانە و ڕێکخستنی دەزگا و بیروبۆچوون و دیدمان بۆ جیهان هەیە، ئەوەتا لەهەموو دەزگایەکی نوێو هاوچەرخدا دەزگایەکی میدیا دەبینین، کە بیروبۆچوون و بەها و کلتوری تایبەت بەدەزگاکە بڵاودەکاتەوە، کەواتە کاری شارەزایان پسپۆڕانی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئاراستە و بیروبۆچوونە کلتوری و بەهاکان لەودامەزراوانەن مامەڵەکەرانە بەو بیروبۆچوون و بەهایانە و هاوکات بۆ چەسپاندنی کلتوری دامەزراوەیی و پێوەرەکانیشی چەند بایەخدارە (پ.د.سەمیر ئیبراهیم حەسەن،٢٠١١:١١)، یەکێك لەخاڵە گرنگەکانی سوودوەرگرتن لەو ڕووە ئەرێنییەکەی شۆڕشی زانیارییەکان، پەیوەندنی بەهۆشیاری تاکەوە هەیە، تێگەیشتنی تاکەکان لەپرسە جۆراوجۆرەکان و شوێن و ئاکاری گەشەی نەتەوەکانیتر، دەبێتە هۆی ئەوەی تاك بەخۆدا بچێتەوە و جارێکی تر خۆی پێناسە بکاتەوە، ئەم هۆشیارییە لایەنی کلتوری وکەلەپوور دەگرێتەوە، بۆ خۆناسینی زیاتر و پێشبڕکێ لەناو ململانێی کلتورەکاندا لەماو جیهانێکی فراوان و دنیای مرۆییدا، پێویستمان بەگەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو دەرخستنی تایبەتمەندی و جیاوازی لەگەڵ ئەوانی تردا، تا لەلایەك زمان و کەلەپور و بژێنینەوە و لەلایەکی دیکەوە مەیلی ڕۆژئاوایی و سەرسامی بەبێگانە کاڵبکەینەوە، یەکێك لەهەڕەشەکانی ئەم شەپۆلی چوارەمەی کە جیهانی گرتۆتەوە مەترسی لاوازبوونی زمانی نەتەوەیە، بەهۆی ئەوەی ڕۆژانە دەیان وشەی بێگانە دێنە ناو زمانی دایکەوە، ناوی سەرەکی داهێنراوەکان وەکو (ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر و بەشی بەرنامەکانی... هتد کەبەزمانی وڵاتر داهێنەر بڵاودەبێتەوە و ڕووخسارێکی جیهانی وەرگرتووە، ئەم مەترسیە بۆ ئەو نەتەوانە نییە کە سەربەخۆ نییە قەوارەی سیاسی خۆیان هەیە و گەشەبەزمانەکەیان دەدەن لەڕێگای قوتابخانە و و زانکۆ و میدیاکانەوە، ئێمەی کورد بەتایبەتی نوسەر و ئەکادیمییەکان وەك ئەرکی نەتەوەیی پێویستە بەزمانێکی پوخت و ڕەسەن بنوسن و سوود لە فۆلکلۆر وەربگرن و بۆ پتەوی ڕایەڵی زمانەکەمان، دەبێت ئەو ڕاستیە بڵێین، زمانی فۆلکلۆر لەهەموو کات و سەردەمێکدا بەکاردێت و ڕێگا لەڕامان و وێناکردن ناگریت، لەڕێگەی ئەو زمانەوە باوەڕمان بەتوانای دەربڕین و نوسین زیاتر دەبێت، هەر لەوناوەڕۆکەدا سێ کۆچکەی لە (ڕابردوو، هەنووك، ئایندە) خۆی دەردەخات، ڕاستیە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دوورەکان تاڕادەیەك نیشاندەدات (ئازاد ئەحمەد مەحمود، بونیاتنانی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردی (١٩٨٥-٢٠٠٥)،٢١).

زۆر لەشاعیر و ئەدەبیاتی جیهان باسیان لە فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی کردووە، لەبەرئەوەی شەقڵی تایبەتی ئەوگەلایانە زمان و دەرەوەی خۆی پێوەبۆ نموونە : ماکسیم گۆرکی دەڵێت : ((بناغەی ئەدەب لەفۆلکلۆر واتە لەئەدەبی خەڵکدا فۆلکلۆر کەرەستەیەکی خاوی مەزن و کان و سەرچاوەیە بۆ هەموو شاعیران و نووسەران، گەر بەباشی لەڕابردوو بگەین، بەرهەمی ئەمڕۆمان زۆر ڕەنگین ئەبێت و ئەو زۆر بە وردی لەگرنگی فۆلکلۆر دەگەین (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ،١٩٨٩: ٩).

**بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی:**

لەسەردەمی یۆنانەوە، تاڕادەیەك ئەدەب پۆلێن کراوە و بەشەکانی جیاکراونەتەوە، میسۆلۆژیای یۆنان بەبناغەی هونەر و ئەدەب و ئەو نەتەوانە دادەنرێت، کە دواتر شانۆنامە و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی ئەدەبی لەڕوانگەی فەلسەفە بۆتە بابەتێکی گرنگ کە هەتا ئەمڕۆ قسەیان لەبارەوە دەکرێت و دید و بۆچوونە فەلسەفیەکان (ئەفلاتوون و ئەرستۆ) بوونەتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو کە بە زیندوویەتی ماوەتەوە، بەشەکانی فۆلکلۆر گەر نەڵێین هەموو لای زۆربەی میللەتانی جیهان بەمشێوەیە دابەشکراون کە ڕەچاوی زنجیرەی مێژووی کۆن و نوێ و کاریگەری لەسەر یەکتر ڕەچاوکراون.

بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر بریتیین لە (ئەفسانە، داستان، چیرۆك سەرگزوشتە، گۆرانی و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و مەتڵ و ..زهتد

دیارە ئەم بەشە بەشیعر و پەخشان وتراون، بەو دیالێکت یان زارە وتراون، بەڵام لەمەبەست و پەیامدا لەهەموو ناوچەکانی کوردستاندا یەکن و پێشخانێکی کوردانەیان هەیە.دیارە ئەدەبی فۆلکلۆر بەچەند تایبەتمەندییەك لەئەدەبی میللی و ئەدەبی نووسراو جیادەکرینەوە کە بریتیین لە:

١- دیارنەبوونی خاوەنی بەرهەم، شەقڵی بەکۆمەڵ نووسین و بەرهەمهێنان بەو چەشنە ئەدەبیەوە کە دیاربیت، (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ١٩٨٩:٣).

خاڵێکی تر کە وەك توێژەر بۆی زیاد بکەین، ڕاستگۆییەو کەمتر خۆی لەزیادەڕۆیی و کەرەستەی ڕەوانبێژی دەدات و دژ بە پرۆسەی چەپاندن و خەفەکردنی دەنگی ناڕازی دەوەستیتەوە، پیویستە ئەماژە بەو نوسەر و شاعیرانە بدەین کە بەهەوڵی تاکەکەسیان بەشێکیان لەپەند و گاڵتەوگەپ و چیرۆکی فۆلکلۆری کۆکردووەتەوە و بەچاپیان گەیاندوە، وەك قسەی پیشینان و مەتەڵ **(ئیسماعیل حەقی شاوەیس ،١٩٣٨)** تەنانەت پیرەمێرد پەندەکانی بەشێوەی چوارینە دارشتۆتەوە و لەهەر ژمارەیەکی (ژین)دا لەلاپەڕەی یەکەمدا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بڵاوکردوونەتەوە، بەمەش لەلایەك پەندەکەی زیندوو کردووەتەوە لەلایەکی ترەوە ٠ەرگێکی ڕازاوە و موزایکی بەبەردا کردووە.

فۆلکلۆری کوردی بەشێکی بۆ منداڵان تەرخان کردووە، لەناو ئەو سامانەدا هەوڵدراوە بابەتی منداڵان بەپێی ویست و ئارەزووی ئەوان بوترێت، کە دیارە گەورەکان هەستیان پێکردووە کە منداڵی ئەمڕۆ نەوەی دوارۆژەو فاکتری گەشەی کۆمەڵ و نەتەوەن منداڵ کاتێ گوێ لەدایك و باوکی دەگرێت، چیرۆکی کۆنی پڕچێژو ئەزموونی بۆ دەگێڕێتەوە، خەیاڵی لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەڕوات و لەیادەوەریدا دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو چیرۆکانە، ڕیتم و ئاوازی جوان و سەرەنجراکێشان هەیە، دیارە لەناو ئەوبەرهەمانەدا، بابەتی نەشیاو و پڕ لەترس و سەرسوڕهێنەر هەیە کە منداڵ دەخاتە دۆخێکی خراپەوە، زۆر لەچیرۆکەکانی منداڵان لەلای نەتەوەکانی دیکە بوونیان هەیەو دەماودەم یان لەڕێگەی سەرچاوەی گوزارشتەوە وەك (عەزیزگەردی) دەڵێت: ((چیرۆکەکانی ئیزۆب بەرهەمی بیری هەموو مرۆڤایەتین لای هەموو نەتەوە و میللەتێك هەن هەموو بەشداری داهێنان و پەرەپێدانی ئەم حەقایەتانەیان کردووە)) (عەزیز گەردی، چیرۆکەکانی ئیزۆب، بەغدا،١٩٨٢)
دیارە ئەم چیرۆك و سەرگوزشتانە بەزمانی گیانەوەرانەوە، وتراون و مەبەست لێیان شاردنەوەی ئەو پەندو ئامۆژگارییانەیە کە لە واقیعدا بۆ مرۆڤ وتراون، بەڵام دەسەڵاتداران ڕێگەنادەن ڕاستەوخۆ باس بە جەوری دەسەڵاتیان بکرێت.

شیعر و گۆرانی و داستان و یاری منداڵان، لەناو هەموو نەتەوەکانی سەر زەویدا هەن، بەتایبەتی لەناو ئەو نەتەوانەدا کە تێکەڵاون، بەهۆی شەڕ و داگیرکاری و بازرگانی و گەشت و گەڕان و سەردانی زانایان بۆ دوورەو وڵات و تاراوگە، بەڵام ئەو دیاردە سەرەنجراکێشە لەناو ئەو بەرهەمە گوازراوانەدا، ئەوەیە کە هەر نەتەوەیەك بەپێی زمان و دیالێکتی ناوچەکەی و سەلیقە و ژیری، مۆرکی ئەو نەتەوەی بەبەردا کردووە و دەستکاری شێوە و ڕووخساری کردووە بەهەندێ باردا ناوەڕۆکەکەی گۆڕیوە بەڵام پەیامی سەرەکی وەك خۆی ماوە و هەموویان بۆیەك مەبەست ئاراستە کراون کە فراوانکردنی خەیاڵی منداڵ و ئامۆژگاریکردنیەتی .وەك ئاماژەی پێدرا، مەرج نییە هەموو ئەو بابەتە فۆلکلۆرییانەی بۆ منداڵ وتراون، چاك و سوودبەخش بن، لەناو ئەو چیرۆك و هەقایانەدا، دیمەنی توندوتیژی و دڵڕەقی و ستەمی مرۆڤ بەرامبەر مرۆڤێکی تر دەبینرێت . کە دەکرێت چەندین نموونە دەستنیشان بکەین.

((ئەوچیرۆکانەی کە دێوەزمە و جنۆکە و دێو دەوری تێدا دەبینن، ڕەنگە منداڵ بەترسنۆك ڕابهێنێت و تووشی گرێی دەروونی و سڵەمینەوە بکات)). (هادی نعمان ،١٩٧٧:١٦٤).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

زۆر لەبۆچوونە باوەکان بەتایبەت لەکۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا، ئەوەبووە کە مێژوو لە فۆلکلۆر داببڕن و وەکو دووکایەی مەعریفی جیاواز سەیریان بکەن، زانستی نوێ ئەم پرسەی بەهەڵە زانیوە و پەیوەندی توندوتۆڵ لەنێوان مێژووی نەتەوە و کلتورەکەیدا هەیە، مێژوو دەتوانێت سوود لە فۆلکلۆر وەربگرێت و بەدوای سەردەم وقۆناغی بابەتەکانی فۆلکلۆردا بگەڕێت بە تێڕوانینێکی زانیستیانە هەڵیان سەنگێنێت. ((پرسی جیاکردنەوەی کەلەپوور، لەمێژوو، کەلەپوور مێژوو بەکۆتایی ناهێنێت، بەڵکو بەردەوامی مێژوو لەهۆشیاری دەستەجەمعی هاوچەرخماندایە، یان بەروپێشمان دەبات یان بۆ دواوەمان دەگەڕێنێتەوە، یارمەتیدەرمان دەبێت لە ئاوێتە و هەمامەنگ بوونمان لەگەڵ ژیاری سەردەم یان گۆشەگیریمان دەکات دەبێتە ڕێگر لەتێکەڵبوون و بەشداریکردنمان لەم ژیاری سەردەمەدا (پ. ی. سەمیر ئیبراهیم حەسەن،٣١٦:٢٠١١) مێژوو کەلەپوری نەتەوە بەردەوامییە بە ژیان و ئایندە و نەتەوەی بێ مێژوو فۆلکلۆر و کەلەپور مەحکومە بە لەناوچوون، ئەو هێڵە زەمەنییەی ڕابردوو بەئێستاوە دەبەستێتەوە و یادەوەری لەچوارچێوەی گشتیدا دەپارێزێت، پیش مێژوو دەبێت فۆلکلۆر و کەلەپوور وەك دەوڵەمەندترین سەرچاوەی شوناسی دادەنرێت، دواتر مێژووی نەتەوە و هاوکاری دەبێت زیاتر شوناس پتەودەکات و دەیچەسپێنێت لەبەرئەوەی تاکەکان و گروپەکان بەردەوام بەهۆی بەش و توخمە کەلەپورییە جۆراوجۆرەکانەوە، شوناس بەدەست دەهێنن، چونکە ئەم بەش و توخمانە توانایەکی بەرچاویان بۆ دابینکردنی پێویستی مرۆڤەکان بەجیاوازبوون و ئاوێتە بوون لەخۆدا هەیە بەوتەیەکی دیکە کلتور هەم جیاوازی خوڵقێنە، هەم یەکگرتووکەرە . هەرکەسێك کاتێك کە ژیان بەشێوەیەکی تایبەت ڕێکدەخات، لەڕاستیدا خۆی دەخاتە چوارچێوەی دنیایەکەوە کە بەهۆی ئەوەوە سنورەکان و جیاوازییە کلتورییەکان لەدنیاکانی دیکەدا جیادەبنەوە .(ئەحمەد گوڵمحەمەد، ٢٣٨:٢٠٠٧).

نەك هەر شاعیرو نوسەرانی کورد، بەڵکو پسپۆڕانی بواری زمانەوانی، خۆماڵی و بێگانە لەسەر ئەوە کۆکن کە زمانی کوردی زمانێکی زیندووی دەوڵەمەندە، هەروەها لەڕیزبەندی خێزانە جیهانییەکاندا لەگروپی خێزانە ئەوروپییەکان لەچوارچێوەی دیالێکتی سەرەکی و چەندشێوەزار دروست دەبێت، زمانی دایك لە چوار سەرچاوە دروست دەبێت و گەشەدەکات کە ئەوانیش:

١. ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی.
٢. ئەدەبی میللی.
٣. ئەدەبی نووسراو (باڵا)
٤. ئەدەبی ڕۆژنامەنووسی کە لەنێوان ئەدەبی فۆلکلۆر و میللی نوسراودا پیکدێت و کەرەستەکانی ڕۆژنامەنووسی پی دادەڕێژرێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

((بازنەی فۆلكلۆر لەبازنەی ئەدەبی زارەكی فراوانترەو گشتی ترە، فۆلكلۆر جۆرێك سونەتە كە هەم ئەدەبێكی داهێنەر و هەم ڕەگەزی ناوەوەدا لەجۆری دابونەریت و شتی لەم چەشنەیە، نەك لەچەشنی ئەدەب . كەواتە باشترە بڵێین فۆلكلۆر دابەشكردنێكی لەم چەشنەی هەیە: ئەدەبی فۆلكلۆری، نەریتی فۆلكلۆری)). (كۆمەڵێك نووسەر،٢٠٢٠:١٦٦).

جارێكی دیكە دەڕێتەوە سەر باسی هەزارەی سێیەم و كاریگەری داهێنانەكانی لەسەر ((فۆلكلۆر و كلتور)) لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەكانی ئەم گۆڕانكارییە مەزنەی هەموو سوچێكی جیهانی تەنییوە.

زمانی كوردی بۆ ئەوەی زیاتر خۆی و تایبەتمەندی و ئەدەبیاتی بناسێنێ پێویستە زانایان و نووسەرانی ئەو ڕاستیە بزانن كە ((كلتور و زمان لەپەیوەندییەكی دانووسانئامێزی بەردەوام و گۆڕاندان، گەشەسەندنی هەر لایەنێك لەم پەیوەندییە بەواتای گەشەسەندنی ئەو كۆمەڵگایەی كە پێویستی هەمیشەیی بەم دوو دیاردە گرنگەی ژیانی مرۆڤ هەیە . وەكو هەركۆمەڵگایەك كۆمەڵگای كوردیش پێویستی بەپێداچوونەوەی بەردەوام بەسەر كولتور و زمانی خۆیدا هەیە)) (عەبدالخالق یەعقوبی، ٢٠٠٨).

بەواتایەكی تر دەبێت لایەنی ئەرێنی فۆلكلۆر بەسیمایەكی شارستانی و نوێ نیشانبدرێت و بەجیهان و دەوروبەر بناسێندرێت.

كەلەپور و فۆلكلۆر كە ناسنامە و هەوێنی ناسیۆنالیزمن، نەك هەر ئامراز بەڵكو ئامانجی بەشداریكردن لە مۆدێلی نوێی جیهانیدا، ئەگەر بەپێی جۆرەكان ناسیۆنالیزم دابەشبكرێت وەك (سەمیر ئەمین) دابەشیكردوون كە بریتیین لە ناسیۆنالیزمی نەتەوەسازی، كە بنچینەی ئایدۆلۆژیكی نەتەوەمێژووییە مۆدێرنەكان دەژمێردرێت و زیاتر وڵاتانی سەربەخۆ دەگرێتەوە، هەروەها ناسیۆنالیزمی دژ ئیمپریالیزم و داگیركەران كەلە بزوتنەوە شۆڕشگێڕەكانی نەتەوەكانی جیهانی سێیەمدا دەركەوتووە، كە دەتوانین بەتوخمی بەرگری، نارەزایی، سەركێش لەبەرامبەر ڕەوتی ئێستای جیهانیكردندا دەبەستنەوە، وەك جۆری سێیەمی ناسیۆنالیزم پێناسەیان دەكات و لای ئەو بیمەندە پرۆسەی بەجیهانی بوون وەك سیستەمێكی سەرمایەداری نایەكسانی و جیاوازی دروست دەكات و دژایەتی ئیتیكی دروست دەكات. (ئەحمەد گوڵمحەمەد ،٢٠٠٧:٢١٣) كەواتە میللەتی كورد وەك جۆری سێیەمی ناسیۆنالیزم، كە بەر شاڵاوی بەهێزی زمان و كولتوری نەتەوە سەردەستەكان كەوتووە و دەكەوێت، دەبێت زیاتر بایەخ بەكۆكردنەوەی نوسینەوەی فۆلكلۆر و زمان و ئەدەبیاتی بدات و شوناسی پتەو بكات، ئەمرۆ سەردەم و ڕۆژگارێكە كە خێرایی بڵاوكردنەوە هەنگاوە خاو و لەسەرخۆكان بەجێدەهێڵێت، كە زیاتر لەسەردەمانی زوو كاریگەرییەكە بەهێز، لاواز داگیردەكات و هەژموونی سیاسی و سەربازی و ڕووناكبیری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

خۆی زاڵ دەکرد. هێشتا سامانێکی زۆر و زەبەند لەناو هزری نەتەوەکانی جیهانی سێیەمدا ماوەتەوە و ڕووناکی چاپ و بڵاوکردنەوەیان بەرنەکەوتووە کە کورد یەکێکە لەو نەتەوانە، ئەمڕۆ بەهۆی فراوانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و سۆشیال میدیاوە، هەر تاکێك بووەتە نووسەر و لەبری خۆ سەرقاڵکردن بە بابەتی بێ بایەخ و توانج و وتاری بێ سوودەوە، پەل بۆ کۆکردنەوەی بەشێك لەو سامانە بهاوێت و لەڕێگەی خۆیەوە لە فەوتان و لەناوچوون قوتاریان بکات، دواتر لەڕێگەی دەزگای تایبەتەوە کۆبکرێتەوە و کێوماڵ بکرێت و زیندو بکرێنەوە، دەتوانێت دەیان و سەدان وشەی ڕەسەن بۆ خەرمانی فەرهەنگی نەتەوەیی زیاد بکرێت، زمانی کوردی لەوشەی بێگانە و وەرگیراو پاك بکرێتەوە لەناو فۆلکلۆردا، بەهۆی مانەوەی بەپاکی و ڕەسەنی و زمان و شاکار و داستان و سەرگوزشتە پەند و مەتەڵ و قسەی نەستەق ...هتد سوودیان لێ وەربگیرێت و ڕایەڵەکانی پەیوەندی تاکەکان بەناوچەو دەڤەر و نیشتیمانەوە گرێ بدرێت. یان بەشێوەیەك ئەو کەسانە ببنە هەوێنی چەندین کورتە چیرۆك و ڕۆمانی نوێ وەك لای چەند نووسەرێك پەیڕەو کراون. ناو پاڵەوان و هێمای ململانێی کورت لەگەڵ داگیرکەران و ئەڤین و ڕێزگرتن لەژنان و گیانی هاوکاری و مرۆڤدۆستی و بایەخدان بەژینگە و پەیوەندی خۆشەویستی و ڕێز لەناو خێزانی کوردداا، بخرێتەبەرچاو، تابتوانین ڕێگە لە هەژمونی شەپۆلی چوارەم بگرین کە هەوڵ دەدات لەنزیکەکانمانەوە دووربین و لەدوورەکانەوە نزیك بین.

ئەم ئازادی ڕادەربڕینەی کە تەکنەلۆژیای نوێ بۆ نەتەوە داخراوە نەریتییەکانی (تەقلیدی) فەراهەمکردووە، سوودی زۆری هەیە و دەرفەتی باشی لەبەردەمدا خولقاندووە، کە پێویستە دەستەبەری بکەین و هەنگاو بەرو کۆمەڵگای جیهانی بنێین.

**بەشی دووەم:**

**فۆلکلۆر و ڕۆژنامەنووسی:**

دیارە مەبەست ڕۆژنامەنووسی کوردییە کەیەکەم خۆناساندنی بە دوونیایی ڕووناکبیری لە (کوردستان ١٨٩٨/٤/٢٢) مەوە هەنگاو دەنێت و وەك بەڵگەی زیندووی ئەدەب و زمانی نەتەوە پەخش و بڵاودەبێتەوە، ئەم ڕۆژنامەیە و بەشێکی تر لەبڵاوکراوەکان لەتاراوگە دەردەچوون و ملیان بۆ سانسۆر و چەپۆکی قەدەغەکردن و خۆ سەپاندنی دوژمن نەدەوە، هەر ئەو شانازییەیە کە لە ڕۆژنامەنووسی نەتەوەکانی دەوروبەری جیادەکاتەوە.
لەژمارەکانی کوردستان بەهەردوو خولەکەیەوە یەکەم و سییەم (١٨٩٨-١٩٠٢) (١٩١٧-١٩١٨) گوتار و چیرۆکی فۆلکلۆری بڵاونەکراوەتەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەو بارودۆخە سەختە دەگەڕێتەوە کە ڕۆژنامەکەی تێدابووە، زیاتر جەخت لەسەر وتاری سیاسی کراوەتەوە و پێداگری بووە لەسەر مافەکانی کورد و ناساندنی وەك نەتەوەیەکی بێبەش لەئازادی و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ڕادەربڕین و زمان و ئەدەبی خۆی، هەروەها بۆ ئەو ڕۆژگارە بابەتی سەردەم و ئاڵوگۆڕە جیهانییەکان لەپێشەوەی ئەرك و ڕۆژنامەنووسی بوون، هاندانی نەوە تازە پێگەیشتووەکان بۆ خوێندن و فێربوونی پیشەو بایەخدان بە خود و ناسینی دۆست و دوژمن، ئەمانە هەموو لەگەڵ زۆر بابەتی تر وەك نامەی ڕاستەوخۆ و کراوە بۆ گەورەترین دەسەڵاتی عوسمانی (سوڵتان عەبدولحەمید) و داوای مافی نەتەوەیی موسڵمانی بێبەش لەهەموو چێژێکی ژیان و گوزەران، هەروەها پەنابردنە بەر زمانی تورکی وەك زمانی فەرمی دەسەڵات بۆ دەربرینی خواستی نەتەوە، لەو ڕۆژگارەدا بەهاوسەنگی خۆی هەیە.

(کوردستان) لە (٣١) ژمارەی خولی یەکەمدا، بایەخی بە (مەموزینی) خانی داوە، هەر جارەی بەشێکی لێ بڵاوکردووەتەوە، هەروەها دیاریکردنی ساڵی کۆچی (حاجی قادری کۆی) ی و ناساندنی بەرهەمەکانی، مەبەست لەبایەخدانی سەرنووسەر و بەرێوبەرانی ڕۆژنامەکە بەم دوو شاعیرە ناسراو و پێشەنگە دیارکردنی نەخشەو پلانی ڕزگاری و سەربەخۆی نەتەوە بووە و هاندان و هۆشیارکردنەوەی لەسەردەمی ڕابوون و نەتەوە ژێردەستەکان.

دەوڵەتی عوسمانی، سەرتای بایەخدانی بە چیرۆکی فۆلکلۆری لەڕۆژنامەنووسیدا، لە گۆڤاری (ڕۆژی کورد) ەوە دەست پێدەکات، (١٩١٣) و زمانحاڵی جڤاتی (هێڤی) ی قوتابیانی کورد لە ئەستەمبوڵ دەرچووە و چوار ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە.

(فوئاد تەمۆ* کە ڕووناکبیرێکی کوردە، لەژمارەی یەك و دووی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) دا چیرۆکێکی بڵاوکردەوە، هەرچەندە ئەم چیرۆکە بە ناتەواوی ماوەتەوە و کۆتاییەکیە دیارنییە، بەڵام وەك سەرەتا و دەسپێکی چیرۆکی کوردی ئەژماردەکرێت، نووسەر سوودی لە دیمەنێکی لادێ و گوندی کوردستان وەرگرتووە و کردوویەتییە هەوێنی چیرۆکەکەی، ئەم کارەش تۆمارێکی شایستەی نەریت و ئاکاری گوندنشینانی دەگێڕێتەوە، ئەم قەڵەمە و سەرئامەد و پێشەنگی ئەو کەسانەیە کە کەرەستەی فۆلکلۆر دەکاتە بابەتی ڕۆژنامەنووسی و دەبێتە هاندەری نووسەرانی دوای خۆی کە لەم جۆرە کەسانە بکەونەوە، دیارە پێشتر (مەولوودنامەکەی شێخ حسێنی قازی) دەرکەوتووە، بەڵام جیاوازییەکی زۆری هەیە لەنێوانیاندا، مەولوودنامە بابەتێکی ئاینییە و سەدەی پێشوو بەدەستنووس ماوەتەوە و دواتر چاپکراوە، بەڵام (شەویش) ی (فوئادی تەمۆ) شێوازێکی سادە و ساکاری هەیە و کاریگەری لاسایکردنەوە و شەقڵی نووسەران، ئەگەرچی شارەزای هونەری چیرۆکنووسین بووە و بەوریاییەوە زانیوویەتی چیرۆك دەبێت لەبابەت و پاڵەوان و ڕووداودا بەشێوازی هونەری مامەڵەبکات، (فۆئادی تەمۆ) لە نەریتی بەشێك لە داستان و چیرۆکی ئەو قۆناغە ڕۆژهەڵات شارەزا بووە کە پاڵەوان کاری توندوتیژی کردووە و هەموو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ڕووداوەکانی لەخزمەتی گەورەیی ئەو دا کاریان کردووە، نوسەر گرنگی بە پاڵەوانێکی منداڵی ئاسایی داوە (شەویش) کە هاوکاری باوکی دەکات و شوانە:
((شەویش منداڵێکی دە ساڵێە، باوکی شوانە، هەموو ڕۆژێ باوکی دەچێتە بەر مەڕ و ئێوارە پێش ڕۆژئاوا دێتەوە، ئێوارەیەك باوکی دواکەوت (شەویش) بەدوایدا چوو، تا تاریك داهات چاوەڕێی کرد، کەوتە بانگ کردنی، باوکی دۆزییەوە، باوکی بۆیە دوا کەوتبوو چونکە پەزتێری نەخواردبوو، باوك و کوڕ گەڕانەوە دێ، چوونەوە ناو ماڵێکی چۆڵ و هۆڵ، بێکەس وکار، بێ خواردن و پێخەف، سەریان بەیەك کر و خەوتن ...هتد )). (عەزیزگەردی ،٢٩٨٧:٦٣)
ئەو قۆناغبەندییەی نووسەر و لێکۆڵەران بۆ چیرۆکی کوردیان کردوە، شەش سەردەم جیادەکەنەوە و تایبەتمەندی و ناوی ئەو چیرۆکنووسانە دیاری دەکەن کە لەو قۆناغەدا ڕۆڵیان هەبووە، کە بەشێکی زۆری ئەو گەشەکردنە هۆکارەکەی ڕۆژنامەنووسی بووە، ((قۆناغی چەکەرەکردن، قۆناغی پەیدابوون و دەرکەوتن، قۆناغی پەرەسەندنی چیرۆکی کوردی (١٩٣٩-١٩٥٠)، قۆناغی گەشەکردن و چەسپاندنی چیرۆکی کوردی (١٩٥٠-١٩٦١)، قۆناغی نەهات (کزی و لاوازی)، قۆناغی تەقینەوە و تەکنیکی نوێ (١٩٧٠-بەدواوە). (عەزیزگەردی ،٢٩٨٧:٥٤) ئەگەر بەوردی و شەقڵی لەم قۆناغانە ورد بینەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕۆژنامەنووسی چەند ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی فۆلکلۆری و هونەری نوێدا، جارێکی تر ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵە دەردەخات کە لەنێوان ڕۆژنامەنووسی و ئەدەبدا هەبووە، تاڕادەیەك و تا ئەمڕۆش بە ڕادەیەکی کەمتر بەردەوامە، ((ڕۆژی کورد، ژیانەوە، ژیان، گەلاوێژ، ..هتد . ئەو ناوانەن کە چیرۆك و چیرۆکنووسانیان ناساندووە بەخت یاوەریان بووە کە ئەرکی چاپکردن و کێشەی سانسۆر و کزی بازاڕی کتێبی کوردیان لەکۆڵ بووەتەوە و ڕاستەوخۆ و لەژیانی خۆیاندا چاویان بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان ڕوونبۆتەوە.

تائێستا دوو بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر گەشەی چیرۆکی هونەری کوردی، کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم، ڕای یەکەم دەڵێت : ((ئەم جۆرە چیرۆکە بنەماکەی لە حیکایەت سەرگزوشتەی لە فۆلکلۆرەوە وەرگیراوە و فۆلکلۆر بناغەی چیرۆکی هونەرییە، ڕای دووەمیش پێی وایە چیرۆکی هونەری کوردی کاریگەری ڕۆژئاوای بەسەرەوەیە و لەڕێگای زمانی تورکی و عەرەبییەوە هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، توێژەر دوای هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی نموونەکان دەکرێت بڵێین لە سەرەتاوە واتە قۆناغی سەرهەڵدان و چوزەرەکردن، چیرۆکی هونەری سوودی زۆری لە فۆلکلۆر وەرگرتووە و دواتر تەکنیکی نوێی ڕۆژئاوایی بەکارهێناوە خەمڵیوە وەك ( شەویش) ی (فۆئادی تەمۆ) و چیرۆکەکانی (پیرەمێرد و عەلادین سەجادی). (حسێن عارف، ١٩٧٧)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

ناکرێت نکوڵی لەوە بکەین کە کاریگەری قوتابخانە ئەدەبیەکانی ڕۆژئاوا و بایەخدان بەفۆلکلۆر و کۆکردنەوەی، کاریگەری لەسەر نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات هەبووە و بەردەوامە بەتایبەتی لەکۆتایی سەدەی پێشوو سەرەتای هەزارەی سێیەم و تا ئەمڕۆ.

ئەمرۆ بە هەموو جۆر و ژانرەکانیەوە، کەوتووەتە ژێر هەژموونی شۆرشی زانیاری تەکنەلۆژیای سەردەمەوە . ئەم گەشەخێراییەی تەکنەلۆژیا بەخۆیەوە بینی سنوری هزر و پێشبینی زانایانی بڕیوە، ئینتەرنێت بەگرنگترین دەستکەوتی تەکنەلۆژیا دادەنرێت، مرۆڤ لەڕێگای ئەم داهێنانەوە دەتوانێت جیهان وەك وێنەیەکی ئەلیکترۆنی ببینێت دەرگای زانیاری و هەواڵ والابکات، کات و شوێنی کورتکردەوە بەشێوەیەك کاریگەری بەسەر هەموو تاکێکی سەر ئەم زەوییەوە هەیە.

پرسیارەکە لێرەدایە، ئەدەب بەهەموو جۆرەکانییەوە چ پانتاییەکی لەشۆڕشی زانیاری و پەیوەندی نوێدا گرتووە؟

هەموو نەتەوەیەك شانازی بە فۆلکلۆر و ئەو سەرمایە کۆکراوە و کۆنەکراوەوە دەکات، کە وەك ئەوەی بەرهەمێکی خوڵقێنەرەو پشتاوپشت گوازراوەتەوە.

(د.جیهان ئەحمەد ڕشتی) لەمبارەیەوە دەڵێت : ((دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵگای پێش فێربوون (نووسین)، بەهۆی لەبەرکردنەوە کلتوری لەنەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر دەگواستەوە، بەڵام ئەم شێوازی پاراستن و کۆکردنەوەی زانیاری و ئەزموونە، بەهۆی پیتی نووسینەوە تۆماردەکرا، بەمەش چاو شوینی گوێی گرتەوە، لەبەر ئەوەی چاو بووە ئەندامێکی لەشی گرنگ کە بەهۆیەوە تاك دەتوانێت زانیاری وەربگرێت لەڕێگەی خوێندەوە )). (د.جیهان ئەحمەد ڕشتی ،١٩٧٨: ٣٧٤) کاتێ دەگەڕێینەوە بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پیشین، ناوی (پیرەمێرد) وەك خەمخۆرێکی زیندووکردنەوەی پەند و چیرۆکی فۆلکلۆر، دەردەکەوێت، کە تا دوا هەناسەی لە حوزەیرانی (١٩٥٠)دا، بە بەردەوامی لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی (ژین) دا، هەفتانە پەندەکوردییەکانی بە چوارینەی جوان و سادە و وشەی ڕەسەن و پەتی کوردی دادەڕشتەوە و بڵاویدەکردنەوە، ئەمە جگە لەچیرۆکەکانی کە سەرجەم پاڵەوانەکانی کە کارەکتەری کورد و بەسەرهاتی پێشینان پێکدەهێنا و مەبەستی بوو ئەو مێژووە دێرینە زیندوو ڕابگرێت.

پەند و چیرۆك و شانۆگەرییەکانی پیرەمێرد کە سەرچاوەیان فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردییە، هەوڵی ئەو عەقڵە گەورەیە یەکە پلانی بۆ پرۆژەیەکی گەورە داڕشتبوو، ژیان و قەڵەمی بۆ خستبووە کار، ڕابردوو ڕۆژگارەکەی و ئایندەی کردوبووە ئامانج، بڕوای وابوو


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەوەی ڕابردووی نەبێت، ئایندەی نارۆشنە و مەحکومە بە دووبارەبوونەوەی ئەزموونی تاڵ و سەرگەردانی.

فیکری پیرەمێرد ئاشکراو ڕوونە، هەوڵی یەکریزی و دژە ناکۆکی و نەخوێندەواری و نەزانینە، عاشقی سەوداسەری کوردستان و میللەتی کوردە. هونەری بەبیرهێنانەوە، یادەوەری و گەڕانەوە بۆ عەقڵی دەستەجەوەمعی پێشین، کە سەرچاوەکەی فۆلکلۆرە، کە خەمی شاعیران و نووسەرانی کورد بووە، ((چیرۆکەکانی (پیرەمێرد) بەشێکن لە هەوڵی (پیرەمێرد) بۆ بەرهەمهێنانی فنتازیایەکی نەتەوەیی یەکگرتوو و دروستکردنی هەستێکی بەرفراوان بۆ سەروەری و خوڵقاندنی فەخرێکی تایبەت بە ڕابردوویەکی دێرینی پڕ لە قارەمانێتی)). (مەریوان وریا قانع ،٨٢:٢٠٠٠) لەناو پەند و لاوك و حەیران و بەیتەفۆلکلۆریەکاندا، نموونەی تێکستەکانی یەستای ئاڤێستان کە زۆر پێش شیعری عەرووز کەوتوون، و ڕیشەیان لەم کوردستانەدا هەبوو، ئەم تێکستانە زۆربەیان حەماسی و میللین و بەسەرهاتی ڕووداو و ئەزموون و قارەمانێتی کوردن، (محمد حەمە باقی،١٦٩:٢٠٠٢) بایەخدان بە پەندی پیشینان بۆ ئەوەیەکە کە (بەشێکی گرنگ و زیندووی ئەدەبیاتی فۆلکلۆرە بێبەش نییە لە بۆچوونی ئەفسانەیی (د.عیزەدین دەڵێت : ((پەندی پێشینان بریتییە لە بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵك ئەم پەندە هەمیشە لای گەلانی سەرەتایی و سادە فەلسەفەی ڕاستەقینە ئاکاری ڕەوشت و خووە، هەموو ڕاستییەك، هەموو ڕووداوێکی ژیانی ئادەمیزاد، هەموو کردارێك، چاك یان خراپ، هەموو گەیشتنە ئامانجێك کە میللەت پێی گەیشتبێت، دەربارەی هەرچیەك بێت دەچێتە خانەی پەندی پێشینانەوە)) (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ١٩٨٩:٧٨) (گۆڤاری زاری کرمانجی) لەڕێگای (٢٤) ژمارەوە کە لە شارۆچکەی ڕەواندز بەهیمەتی (حسێن حوزنی موکریانی) چاپ و بلاوکرایەوە، ئەم گۆڤارە بایەخی داوە بە بلاوکردنەوەی چیرۆك و مێژووی دێرینی کورد، چیرۆکەکان زیاتر مۆرکی خۆماڵی نەتەوەییان پێوە دیارە کە ڕەگەزیان دەچێتەوە ناو فۆلکلۆر، خاوەنی گۆڤارەکە خۆی بە بەرپرسیار زانیوە بەرامبەر دۆزی ڕەوای نەتەوەکەی و هەوڵی داوە بەهەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی بابەت بلاوبکاتەوە ،کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی ژووروو، گۆران (هەورامی) کە وەك ئاراستەیەك بۆ یەکخستنی زمانی کوردی نزیککردنەوەی دیالێکتەکان و ئاشنای خوێنەواری کوردی بە بەرهەمی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، ((گۆڤاری زاری کرمانجی زمانی خەڵك بوە داواکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لەچاککردنی باری ئابوری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و بەکارهێنانی زمانی کوردی لەناوچەی کوردستاندا، بگرە هەتا ڕامیاری بوێرانە خستۆتەڕوو، بۆیە بەدەسەلاتی چوارەم دراوەتە قەڵەم. ئەم هەڵوێستە مەردانەی زاری کرمانجی بەرامەر بە کێشەی نەتەوەیی کورد وای لەمیری عێراق کردووە کە لە (١٩٢٩/١/٢٨) دا نوسراوی ژمارە (١٠٧) ی ئاراستە بکات و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئاگاری ئەوەی بکاتەوە کە لە ژمارە (١٦) دا بابەتێکی سیاسی بڵاوکردۆتەوە و ئەمەش لەگەڵ ڕەوتی گۆڤارەکەیدا ناگونجێت)). (د.کوردستان موکریانی ،٢٠٠٢: ٥) بۆنموونە چەندین لاپەڕەی بۆ ئەدەبی فۆلکلۆری تەرخانکردووە، ((گۆڤاری گەلاوێژ وەك بەشداریکردنی ئەو هەوڵانەی لەپێناوی کۆکردنەوەی ئەدەبی فۆلکلۆریدا دراون، توانیویەتی مشتێك لە خەرواریێك بیرو فەلسەفەی دێرینی نەتەوەییتێهەڵکێشی لاپەڕەکانی بکات. چیرۆك، پەندی پێشینان وشەی نەستەق) ی کوردی ڕەسەن، بەهەر بێچووە زار و دیالێکتێکی زمانێك وترابن. یەکێك لەو بابەتانە نەبوون کە گۆڤارەکە بە کوڵ و دڵ هەوڵی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی داون ڕێز و تێڕوانینی پیرۆزی (گەلاوێژ) بۆ پەندی پێشینان لەو بانگەوازەدا، دەردەکەوێت لەپێناوی پاراستنی ئەو سامانەدا بەگوێی خوێنەرانی کوردیدا داوە، دەنوسێت: ((هەموو کەس ئەیزانێت کیمیا و جەوهەری زمان پەندی پێشینانییەتی، ئیجگارخزمەتکردن و زیندووکردنەوەی ئەو بەندانە بۆ زمانێك کە کۆڵەوار بووبێت، لەهەموو شت پێویسترە، جا بەو بۆنەیەوە تکا دەکەین هەرکەس هەر بەندێك دەزانێت بەهەر شێوەیەکی کوردی بێت بەبێ ئەوەی تێکی بدات بینێرێت بۆ گەلاوێژ)). (گەلاوێژ، ژ(٤-٥)،١٩٤٤: ٤٨).

هەروەها بڕوانە (محەمەد دلێر ئەمین محەمەد) ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماستەری زانکۆی سلاحەدین. ئابی (١٩٨٩ز).

سەرجەم ئەو پەند و قسە ڕەسەنە کوردییانەی گۆڤارەکە، خۆیان لە (چوارسەد دەدەن کە لەژێر ناوی پێشینان وتوویانە، یان کورد دەڵێت...) (بڕوانە سەد و شازدە ژمارەی گۆڤاری گەلاوێژ ،لە (١٩٣٩-١٩٤٩).

سەرنووسەر و خاوەنی (گەلاوێژ) بەژێرییەوە پەندەکانیان بڵاوکردووەتەوە و لەڕووی ناوەڕۆکەوە هەڵیان بژاردوون، زانیویانە چی لەگەڵ سەردەم و قۆناغەکەدا دەگونجێت و کاریگەری لەسەر خوێنەر و کۆمەڵگا هەیە . بۆنموونە بالەم چەند پەند بڕوانین:

نوێژکەری نووریني، ئیشکەری شیرینی.

ڕاستبە، لەڕێی شێران بڕۆ.

تەمەڵ ئەڵێ هەمووی ئەخۆم، دوای ئەڵێ چیم کرد بەخۆم.

چاوێك دوژمنی خۆی پێنەناسرێ، بۆ کوێربوون چاکە.

پیاوی چروك پاسەوانی پارەکەیەتی. (بڕوانە گۆڤاری گەلاوێژ، ژ:(٤،٦،٩تا ١٢).

لەناو هەریەك لەو پەندانەدا، پەیامێکی ئاینی، سیاسی، ڕەوشتی جوان و هاندانی کارو چالاکی دەبینین، کە تاکی کورد دەبێت لەگەڵ خۆی و دەوروبەریدا ڕاستگۆبێت و دوژمنی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خۆی باش بناسێت، دەوڵەمەند پێویستە دەست واڵابێت و هاوکاری هەژاری نەتەوەکەی بکات، نەك هەر لەخەمی پارە کۆکردنەوە و گردکردنەوەی سامان بێت بەریگای نایاسایی ((لەباسی قسەی نەستەقدا دەبێت وتە بەنرخ و پڕ مەغزاکانی، ئوستاد (بەشیر موشیر)ی خەیات بەسەریکەینەوە وەك (سەرە مەقەست، جارجارە، لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ژین و گۆڤاری گەلاوێژ، ڕازاندۆتەوە) بۆنموونە ئەم قسە خۆشەی حیکمەتەکەی دەهێننەوە کە دەڵێت : (فەیلەسوفێك لە ئەسراری ژنی پرسی، وەڵامی دایەوە، کە ژن بەرامبەر بە پیاو لەشەڕدایە تا ئەبەد بەبێ هودنە) (محەمەد دلێر ئەمین ،گەلاوێژ، ژ: ٣، ١٩٤٩) مەتەڵ وەك پ. د. عیزەدین دەڵێت: ((بەشێکە لە ئەدەبی فۆلکلۆری گەلان، واتە بەشێکە لەو ئەدەبەی نەنووسراوتەوە، دەماودەم لەناو خەڵکدا پشتاوپشت ئەمێنێتەوە و بڵاوئەبێتەوە، مەتەڵ لەڕیزی فۆلکلۆر و بەرهەمی زاری یادەمی خەڵکدا سنوور بۆ دانانێکی کورت ڕووداوێك یا کەرەستە یاخود دەماو دەم یەکە بەڵام بەپێچەوانەی قسەی نەستەق خەڵکی ئەم سنوور بۆ دانانە بە ئەنقەست لەشێوە نادیار (تەماویدا) دەرئەخەن و ڕاستی وتنی قسەکە ئەخەنە شێوەیەکەوە کە خەڵکی تر بیلێت یا هەڵبێنن. وەك ئەڵێن (هەر ئەرۆیت و نایگەیتی، کە سێبەرە، یاخود بایی پوولێکە پڕ لەژوورێکە کە مۆم یا چرایە)). (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ١٩٧٩:٢١٠)

مەتەڵەکانی ناو لاپەڕەکانی (گەلاوێژ) لەمەتەڵی فۆلکلۆری سەرزارەکی و نووسراوەکانی ئەو سەردەمە جیاوازن، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی هۆنراوە دانەرێژراون. دەتوانین بڵێین مەتەڵە بڵاوکراوەکانی ناو گۆڤارەکە بەسەر سێ چەشندا دابەش بکەین، بەشێکیان پرسیاری ژمارەی پیت بۆ خوێندەوار دەست دەدەن، بەشەکەی تریان بیرکردنەوەیان دەوێت بۆ خوێندەوار و نەخوێندەوار دەشێت، هەندێکی تریان ناوی گەورە پیاوان و شار و ناوچەی کوردستانن بەهۆی ژمارە و لەیەکدانی تیپەکانیانەوە دەدۆزرێنەوە و ناساندن و بەیادهێنانەوەی کەسایەتی و ناوچەکانی کوردستان.

دەتوانین بڵێین (گەلاوێژ) توانی مەتەڵی کوردی بەرەوپیش ببات و جۆری نوێ و زانستیانە بهێنێتەکایەوە کە لەوە پێش لەناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکوردییەکاندا بەرچاوناکەون، یان زۆر دەگمەنن. (محەمەد دلێر ئەمین، ١٩٨٩:١٨٤).

ئەو بڵاوکراوانەی لەماوەی دیاریکراوی ئەم توێژینەوەدا، تەماشاکراون و بەسەرکراونەتەوە، زۆر کەم وتاری ئەدەبی فۆلکلۆری لەخۆدەگرن، ئەو وتارانەی تایبەتن بە بواری فۆلکلۆر و بایەخ بەلایەنە فۆلکلۆرییەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەدەن، ((لەگەڵ ئەوەی کورد خاوەن گەنجینەیەکی دەوڵەمەندە لەبواری فۆلکلۆردا، کەچی وتاری ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لەئاست ئەو گەنجینە دەوڵەمەندەدا نییە، تا دێش ڕەوا چ بایەخی ئەم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جۆرە وتارە لەنێو بزاڤی نووسین و ئەدەبیات و تەنانەت میدیای کوردیشدا ڕوو لەکزبوون دایە))، (سالار عوسمان ،۲۰۰۹:۱۰۷).

دیارە ئەم ڕایەی نووسەر بەو شێوەیە نییە و لەئێستادا لەناو کەناڵەکاندا بەرنامەی تایبەت بە فۆلکلۆر هەیە بەتایبەت گۆرانی ڕەسەنی کوردی و نمایشی جل وبەرگی کوردی، بەڵام ئاشکرایە کەناڵی بینراو بیستراو درەنگ هاتۆتە کوردستان و پەخش کراون، بەڵام مێژووی ڕۆژنامەگەری کۆنترە.

ئەفسانە یان (میثۆلۆژیا) زانستێکی تایبەتە، بە خەیاڵی گەردوونێك دروست دەکات و بەشێوەیەکی سادە و ساکار دیاردە سروشتییەکان لێك دەداتەوە، یۆنانی کۆن، بناغەی هونەری ئەفسانەیە و هەر لەئەفسانەوە هونەرەکانی شیعر وەرگیراون و شیکارییان بۆ کراوە، لە ئەفسانەی یۆنانی کۆندا هەر دیاردەیەك هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ خواوەندێك وەك (خوای جوانی، خوای شیعر، باران و هونەر ...هتد، دیارە ئەو قۆناغەی مێژووی مرۆڤایەتی پێش هاتنی ئاینییەکانە کە هێشتا سەردەمی یەکتاپەرستی نەهاتووە، ترسی مرۆڤ لەئایندە وای کردووە پەنا بۆ زۆر شت بەرێت کە نەیتوانییوە بەسەریاندا زاڵ بێت . ئەفسانەی یۆنان دواتر کە بەشێکی کۆکراوەتەوە و کاریگەری بەسەر ئەفسانەی نەتەوەکانی تردا پەیداکردوە بەتایبەت ڕەمز و هێماکانیان چۆتە ناو شیعر و پەخشان و چیرۆکەوە ) وەك پرۆمیسۆس، زیۆس، ڤینۆس ...هتد ). ئەم جۆرە وێنەیەی ئەفسانەی کۆنی یۆنان لەئەفسانەی کوردیشدا زۆر بەدی دەکرێت، زۆرجاردەبینین ئەفسانە کەلە ئادەمیزادە ئەکەونە دوای دێو و درنجەوە هەر ئادەمیزاد و پیاوچاك ڕزگار ئەکەن.

ئەفسانەی کوردی وێنەی کێشەی نێوان دێو درنج و ئادەمیزاد ئەکات بە نیشانەی ئەو کێشەیەی لە زۆرکۆنەوە لە کۆمەڵی ئادەمیزاد لەنێوان هزی چاکە و خراپەدا . (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ۱۹۷۹:۱۸) ئەفسانە کوردییەکان زۆرتر بەشێوەی کتێب کۆکراونەتەوە و بایەخیان پێ دراوە کەمتر لەناو لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا دەیان بینین، ئەم کەم گرنگیپێدانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەفسانەی کوردی و بێگانەکان درێژن بۆ ڕۆژنامە دەست نادەن هەروەها بابەتی خەیاڵ و دوورکەوتنەوەی لەواقیع، ڕۆژنامەنووس و شاعیران، هەوڵیانداوە ئەو بابەتانەی بڵاوی دەکەنەوە زیاتر لەواقیعی تاڵی ڕۆژگارەکەوە نزیك بێت و جۆرێك لەهۆشیاری بڵاوبکاتەوە لەناو میللەتی کورددا کەتا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ڕێژەی نەخوێندەواری زۆر بووە و دەستەبژێر و دەرچووی قوتابخانەی کەمینەبوون، ڕۆژنامەنووسیی زیاتر ڕووی لەچیرۆك کردووە و بایەخی پێداوە، وەك دەبینین و ئاماژەمان پێدا چیرۆکی (شەویش)ی فوئادی تەمۆ، هەروەها لە (خەوما) ی جەمیل سائیب کە لەڕۆژنامەی (ژیانەوە) دا بەزنجیرە بڵاوکراوەتەوە، پەیامێکی سیاسی و دژە دەسەڵاتی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەخۆگرتووە و زۆر نزیکە لەسەردەمی ژیانی نووسەر و ناوچەکەوە، (عەلادین سەجادی) کە دەستی بە کەرەستەی ئەدەبی کرد بەو وتار و چیرۆك و قەڵەمی خستەکار و توانای خۆی تاقیکردەوە، بەتایبەتی ئەوکاتەی وەك بەڕێوبەر گۆڤاری گەلاوێژ بوو، دواتر کەوتۆتە کۆکردنەوەی بەسەرهات و ڕووداوی بابەتی گاڵتەوگەپ و ئامۆژگاری و لە (ڕشتەی مرواری) دا بە هەشت بەرگ بڵاوکراونەتەوە . (سەجادی و پیرەمێرد) کارەکتەر و دیمەنی چیرۆکەکانیان کوردانەیە و کەرەستەی فۆلکلۆریان تێکەڵ کردووە، تەنانەت ناونیشانی چیرۆکەکان، بۆ نموونە : چیرۆکی (شاییەکی ڕەشەی خەجەلاو) کە لایەنێکی تری ڕەوشتی سیستمی دەرەبەگایەتی دەخاتەڕوو تەنانەت لەناو چیرۆکەکاندا پەند و قسەی نەستەقی کوردی ڕەسەن بەکارهاتون، کە ئەمەش جارێکی تر بایەخدانە بە فۆلکلۆر و تێهەڵکێشینە لەگەڵ هونەری پەخشاندا، یان (ڕۆنە زەنگی حەمە حەسەن) کە لایەنێکی تری ژیانی جوتیاری کوردی ئەو ڕۆژگارە وێنە دەگرێت و وەك بەشێك لە ڕابردوو قوتاردەکات، ئەمەش گرنگی خۆی هەیە لەڕووی کەلەپوورەوە. (سەجادی :گەلاوێژ، ژ:٧، ١٩٤٦)

(دەنگی گێتی تازە) کە گۆڤارێکی گشتی باڵوێزخانەی بەریتانیا لەبەغداد، لەسەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانیا دەریکردوە، کە وەك ئامرازێکی ڕاگەیاندنی کوردی بوو بۆ کوردانی عێراق، تا ئینگلیز لەڕێگەی ئەم گۆڤارەوە سەرکەوتنەکانی خۆی نیشان بدات و کورد بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و دژ بەنازی و بیری بەلشەفیك بێت، ئەم گۆڤارە بەچەند خوول دەرچووە، هەر خولێك چەند بەرگێك دەگرێتە خۆی لە تشرینی ەکەمی ١٩٤٣ تا ئابی ١٩٤٧ ناو بەناو بڵاوکراوەتەوە.

ئەم گۆڤارە وەك دەستەی نوسەرانی پلان و ئامانجی گۆڤارەکەیان دیاری کردووە، ئامانجی (دەنگی گێتی تازە بڵاوکردنەوەی ئاگای ڕاستە لەبارەی هەموو کردار و قەومانێکی ئەم جەنگە گێتی گرتەوە، ئەم گۆوارە زانیاری بڵاوئەکاتەوە، لەبارەی ئەو کۆششە جەنگییە مەزنە بێ مافەندانەوە کە نەتەوە دیموکراتەکان گەورانە کە نەتەوە دیموکراتەکان بۆی تێئەکۆشن کە وەکو ئازادی و بەختیاری و خوێندەواری مەردومە)). (دەنگی گێتی تازە، بنکەی ژین، ٥).

ئەمە بەئاشکرا ئامانجی گۆڤارەکەیە کە سیاسەتی ئینگلیز و هاوپەیمانەکانە دژ بە ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤیەت، هەروەها مژدەی ئەوە دەدات بە نەتەوەکانی تر کە دەیانەوێت دیموکراتی و ئازادی بۆ ئەو نەتەوانە بەدی بهێنن، کە لەگەڵ بەریتانیا هاوسۆزن، بەلام ڕاستیەکەی ئەم ئامانجە دوای برانەوەی شەڕ وەك قسەی ڕووت مایەوە و کاری پێ نەکرا، زیاتر مەبەستی ئینگلیز کارکردنە سەر خوێنەوارانی کورد و لەڕێگای ئەوانەوە کاربکاتە سەر سۆزی خەڵك، ئینگلیز دەیزانی، لەو کاتەدا بیری سۆشیالیزم لەناو خەڵکدا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

بڵاوبۆتەوە و دژەبە سیاسەتی ئەوانە هەرچەندە سۆڤیەتی ئەو کاتە دژ بە نازییەکان بوون ئەوان ساڵی ٩٤٥ شاری (بەرلین) یان گرت و کۆتاییان بە جەنگ هێنا و سەرکەوتنیان بەسەر هیتلەر دا ڕاگەیاند، بەڵام ئینگلیز نەیدەویست ئەو پڕوپاگەندەی سۆڤیەت گەشبکات و کورد لایەنگیریان بگرێت، لەو سەردەمەدا باشترین کەناڵی ڕاگەیاندن ڕادیۆ و ڕۆژنامەنووسی بوو، سیاسیەتی بەریتانیا لەساڵانی (١٩١٨ تا دوای شەڕی جیهانی دووەم، سوودیان لە ڕۆژنامەنووسیی وەرگرتووە بۆ مەرامی سیاسی خۆیان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم گۆڤارە خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی کردووە و سەرنووسەر و وتارنووسەکانی کەسی شارەزابوون و پسپۆڕ بوون لەزمان و ئەدەبدا وەك (تۆفیق وەهبی) و شاعیر و نوسەرانی تر.

هەر ئەو گۆڤارە دەنووسێ (ئەم گۆوارە بەشی لەلاپەڕەکان تەرخان دەکات بۆ زانیاری دیرۆك و یاسا، وەك پەندی پێشینان، شیعر، ئەدەبیات، داستان، ستران، چیرۆك، گۆوارێکە کەڵکی بەرزکردنەوەی خوێندەواری هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا تێدەکۆشێت بۆ بەرزکردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و شارستانیەتی، وە زانیاریش بڵاودەکاتەوە بۆ چاککردنی تەندروستی کشتوکاڵ و ئابوری و بازرگانی). (دەنگی گێتی تازە، بنکەی ژین، ٥)

ئەم گۆڤارە گرنگی زۆر بە زانستی کەلەپوور و قسەی پێشینیان داوە، لەسەرچاوە بێگانەکان سوودی وەرگرتووە، بۆ نموونە لە کتێبی (ئۆسکارمان) بەیتی (باپیر ئاغای مەنگوری) وەرگرتووە کە هۆنراوەی (ئەوڕەحمان بەکری موکری) یە و بڵاوکردۆتەوە:

هەر هاوار و لێدانە

بێ سەردار و خێزانە

دەڵێی مەڕی بێ شوانە

پەخشی بوون لە زەویانە

دوولابی بەگ زادانە

سەرکردەی موکریانە ...هتد. (گۆڤاری دەنگی گێتی تازە، بەرگی پێنجەم، ژ:١١)

بایەخی پەندی پێشینان زۆر دیارە لەلاپەڕەی گۆڤارەکەدا، دەیان نموونە بەرچاو دەکەون کە ئەم کارە شیاوی سەرەنج دانە و خەمی نووسەرانی گۆڤارەکەیە بۆ پاراستنی ئەو سامانە زارەکییە، خوێنەوارانی گۆڤارەکە لەم لایەنەوە زۆر هاوکاری گۆڤارەکە بوون، ئەوەتا (خالید سەعید) لەسلێمانیەوە چەندین لەو پەندانەی بۆ ناردوون . (بڕوانە ژمارەکانی ئەو گۆڤارە) گۆڤارەکە هەوڵی داوە لەهەموو دیالێکتەکان پەندی پێشینان بڵاوبکاتەوە، ئەمەش کارێکی دروستە بۆ بایەخدان بەشێوەزار و دیالێکتەکوردییەکان لەناوچەجیاجیاکاندا، نەك تەنیا خۆی بەیەك ناوچە و دیالێکتەوە ببەستێتەوە، بۆ نموونە ئاماژە بەچەند پەندێك دەدەین:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ فەکۆلینێن کوردی

١. سڵاو لەمەهایە، نە لە ڕەهایە.
٢. عەقڵی سووك و باری گران.
٣. بەهارا پاشین، بەهاران مروڤان.
بەهارا پێشین، بەهارا هەیوانان
٤. دیتن چاوان کارێزی دڵان.
٥. هەتا هەوراز نەکەوێتە بەر تۆ، قەدری بەر ژێری نەزانی. (دەنگی گێتی تازە، ١٩٤٦: ١١).

زۆر لەو پەند و سەرگوزشتە و ڕووداوە کۆکانەی گۆڤارەکە بڵاویکردووەتەوە، کەم بیستراون و کەرەستەی زۆر نوێیان تێایە و نەك بۆ ئەو ساڵانە تا ئەمڕۆ کۆنەکراونەتەوە، هەم ساردی خوێندەوار و نووسەر و ئەکادیمیای ئێمە لەوەدایە کە بەوردی کێومالی لاپەڕەکانی ڕۆژنامە نووسی کوردی ناکەن و ئەو بابەتانە لە کتێبی سەربەخۆدا چاپ و بڵاوبکەنەوە، تا دواتر شیکردنەوەی بۆ بکەن و پشتی ئەو پەندانە و چیرۆك و هۆکاری گوزارشتکردنیان ڕوون بکەنەوە.

لەکۆتاییدا و دوای گەشتێکی خێراو گشتگیر بەناو چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکی ئەو قۆناغەی توێژینەوەکە دەیخوازێ، زۆر کەرەستە و بابەتی گرنگ بەرچاو ئەکەون کە هێشتا قەڵەمی توێژەران قسەیان لەسەر نەکردوون، ڕەنگە لەکۆندا هۆکاریەکەی دەگمەنی ژمارەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بووبن کە لە ئەرشیفی تایبەتدا نەپارێزراون و پەرتەوازە بوون و میللەتی کورد بەهۆی بار و دۆخی سیاسیەوە گرنگی پێ نەدراوە و دوژمنان هەوڵی قەلاچۆکردنی هەموو سەرچاوەیەکیان داوە ە باسی کەلەپوورو ڕابردووی نەتەوەکەی کردوە و بۆ ئەمەش پلانی تۆکمەیان دارشتووەو هەوڵیان زۆر داوە کورد لەیادەوەری داببڕن.

بەڵام ئەمڕۆ خۆشبەختانە بەهیمەتی نووسەرانی چالاك و دڵسۆز، بەشێکی زۆر لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە کۆکراونەتەوە و بەتیراژی باش چاپ و بڵاوکراونەتەوە وەك (تێگەیشتنی ڕاستی، پێشکەوتن، ژیان، ژیانەوە، ژین، گەلاوێژ، دەنگی گێتی تازە، هیوا، نیشتیمان و کوردستانی ڕۆژهەلات و گروگالی منالان و بڵێسەو نزار...هتد . (بڕوانە هەوڵەکانی بنکەی ژین، دەستگای ئاراس، بەڕێزان سدیق صالح، ڕەفیق صالح، عەبدوڵلا زەنگەنە و کەسانی تر).

ئێستا کاتی ئەوەیە زانکۆکانی کوردستان و بەتایبەتی بەشەکوردییەکان، ئەم هەوڵانە بەرز ڕابگرن و توێژینەوەی ئەکادیمیان لەسەر بکەن و هەوڵبدرێت لەڕێگای وەرگێڕانەوە بۆ زمانەکانی تر، ڕابردوو و ئەزموونی نەوەکانی پێشوو کە ئەم زمان و


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەدەبەیان بۆ ئێمە پاراستووە، بە گەلانی تر بناسێنین و بەرامبەر شاڵاوی دژە ڕاگەیاندنی دوژمنان بوەستینەوە.

**ئەنجام:**

١. ڕۆژنامەنووسی کوردی هەر لەیەکەم سەرهەڵدانییەوە، هۆکاری گواستنەوەی زمانی زارەکی بووە بۆ زمانی نووسین، بەم کارەش ئەرشیفێکی دەولەمەندی زمانی بۆ پاراستووین و گەشەی پێداوە.

٢. لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕۆژگاردا ئەم بڵاوکراوانە زمانی کوردییان نوێ کردۆتەوە و دەیان و وشەی سەردەمییانەیان هێناوەتە لاپەڕەکانیانەوە، بەمەش زمانیان دەوڵەمەندکردووە.

٣. ڕۆژنامەنووسین کوردی هەوڵی داوە هەموو ژانرە ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەکوردی بنووسرێن و زمانەکەمان لە لۆکاڵیەوە بەرو بەجیهانی بوون ببات و سەنگەری بەرەنگاری بووە دژە بە پڕوپاگەندەی دوژمنان.

٤. فۆلکلۆر و کەلەپوور بەهەموو بەشەکانیەوە، جێی بایەخی شاعیر و ئەدەیب و ڕۆژنامەنووسان بوون، و ئەو سامانە نەتەوەییەکە یان وەك ڕابردوویەکی پرشنگدار سەیرکردووە و هەوڵ زیندووکردنەوەیان داوە.

٥. هەروەك چۆن ڕۆژنامەنووسی خزمەتی بەزمان و ئەدەبی کردووە، هەروەها زمانی کوردیش خزمەتی بەڕۆژنامەنووسی کردووە، لەناو وتارەکاندا دەیان و سەدان پەند و ڕووداو و سەرگوزەشتە دەبینرێت، کە ڕۆژنامەنووسان سوودی زۆریان لەوشەی ڕەسەن و پاراوی کوردی بینیوە لەناو هزری پێشینان، پارێزراوبوون و دوژمن و ڕۆژگاری سەخت و دژوار پەی پێ نەبردوون.

٦. تا ئەمڕۆ هەوڵی زانستیانەی کەم و پچڕپچڕ بۆ کۆکردنەوەی ئەو فۆلکلۆر و کەرەستە دێرینانە دراون کەلە دوو توێی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە، کەمتر سوودیان لێ وەرگیراوە بۆ نووسینی فرەهەنگێکی کوردی تۆکمە و گشتگیر بەهەموو دیالێکتەکانی زمانەکەمان.

٧. بابەت و کەرەسە فۆلکلۆرییەکان دیمەنی ژیانی خەڵکی بەش مەینەتی کورد دەخەنەڕوو، پانۆرامای ڕۆژنامەی سەخت و دژوار و بەگژداچوونەوەی زۆرداری و چەوساندنەوەیە، دەکرێت لەهەموو ڕوویەکی زانستییەوە (سیاسی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، زمانەوانی، ئەدەبی، ...هتد) سوودیان لێ وەربگیرێت و ببنە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ نووسینەوەی ژیانی هەمەلایەنی تاکی کورد، دیارە بەبێ شارەزابوون

لەڕابردوو، ئایندەیەکی گەش و ڕووناك بەدی نایەت . مێژوو زنجیرەیەکی دانەبڕاوە و شوناسی نەتەوەیەك پێك دەهێنێت.

٨. لەئەمڕۆدا بەشێکی زۆری لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بەشێوەیەکی مۆدێرن و شێوازی جوان، دووبارەچاپ و بڵاوکراونەتەوە، بەمەش هەوڵی توێژەران ئاسان بووە و پاساوی ئەوە نەماوەتەوە کە دەستناکەون و بەر دەست نین.

٩. بەشێکی زۆر لەو بابەتە فۆلکلۆریانەی لەناو ڕۆژنامەنووسی کوردیدا بڵاوکراونەتەوە لەناو ئەو کتێب و توێژینەوانەدان کە لە کتێبخانەی کوردیدا بەردەست نین، ئەمەش هاندەرە بۆ کۆکردنەوەیان و چاپکردنیان لەناو کتێبی سەربەخۆ.

١٠. دەکرێت سۆشیال میدیا و تەکنەلۆژیای نوێ هاندەری توێژەران بێت و بتوانن لەماڵپەڕی تایبەت بەفۆلکلۆری کوردی بەخش و بڵاویان بکەنەوە و شیکاریان بۆ بکەن و بەجیهانیان بناسێنن کوردانی نیشتیمان و تاراوە سوودمەند بن لەو گەنجینە ڕەسەن و دێرینە.

١١. ڕۆژنامەنووسی کوردی سۆز و هەژانی خودی شیعری کرد بە فیکر و بەراورد و وەرگێڕان سوود وەرگرتن لە ئەزموونی گەلانی ژێردەستە و پێشکەوتوو، بەمەش گوتاری مانەوەی کوردی سەلماندو دژ بەو قەڵەمە دژەکوردانە وەستایەوە کە پێیان وابوو زمانی کوردی جگە لەزمانی شیعر و لاواندنەوە هیچ هۆکارێکی تری دەربڕین و گوزارشت نییە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: زمانی کوردی:

#### أ-کتێبە کوردییەکان:


١. ئەحمەد گوڵمحەمەدی، بەجیهانیبوون، کلتوور، شوناس، و.عەبدوڵڵا بەهرامی، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٧.

٢. حسێن عارف، چیرۆکی هونەری کوردی (١٩٢٥-١٩٦٠)، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧.

٣. پ.د.سەمیر ئیبراهیم حەسەن، کلتور و کۆمەڵگە، و. عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك، ٢٠١١.

٤. عەزیز گەردی، چیرۆکەکانی ئیزۆب، بەغداد، ١٩٨٢.

٥. پ.د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩.

٦. د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، بەڕێوبەرایەتی چاپخانەکانی فێرکردنی باڵا، هەولێر،١٩٨٩.


#### ب-نامەی ماستەر:


١. محەمەد دلێر ئەمین محەمەد، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لەگەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩.

ج: گۆڤار و ڕۆژنامە:

١. مەریوان وریا قانع، گۆڤاری ڕەهەند، ژ: (٩-ژ٠)، ٢٠٠٠ .

٢. گۆڤاری گەلاوێژ، هەموو ژمارەکان، (١٩٣٩-١٩٤٩) .

٣. گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ١:٥، ١٩٦٠ .

٤. ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ: ١٥١-١٧١، ١٩٧٣.

٥. گۆڤاری دەنگی گێتی تازە، هەموو ژمارەکانی لە (١٩٤٣-١٩٤٧) .

٦. گۆڤاری ڕۆژی کورد، ئامادەکردنی و لێکۆڵینەوەی، عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

دووەم : زمانی عەرەبی:

١. د.جيهان احمد رشتى، الاسس العلمية لنظريات اللاعلام، ط٢، قاهرة، ١٩٧٨.

٢. د.عبدالطيف حمزة، الاعلام له تاريخ و مذاهبه، دارالفكر العربى، قاهرة، ١٩٦١.

٣. هادى نعمان الهتيى، ادب اللاطفال، فلسفة، فنونة، وسائطة، بغداد، ١٩٧٧.

## قيمة التراث الشعبي في الصحافة الكوردية

**الملخص:**

صحافة جزء مهم من التراث الوطني حيث تعنى بأحياء اللغة والآدب و التراث الوطني و تنميته . التراث كنز شفهي نملكه الشعوب، وقد حفظته و توارثته جيل بعد جيل. سعت الصحف و المجلات الكردية كثيرا لنشر جزء من هذا الارث في صفحاتها ، و بالتالي اسطاعوا تحويله من نموذج شفهي الى نموذج مكتوب و جمعه.لذللك لفت هذا الموضوع الانتياه وأصبح موضوعا مهما للبحث و التحليل ومعجم اللغة الكردية. يسعى هذا البحث الى تذكر الكتاب الذين اهتموا بموضوعات التراث و نشرها في الصحف و المجلات.

**الكلمات الدالة:** *قيمة الفلكلور، الصحافة الكردية، الامثلة، القصص.*

## The value of folklore in the kurdish press

**Abstract:**

The press is an important part of the national heritage as it is concerned with reviving and developing the language,literature owned by the peoples, which has been preserved and passed on, generation after generation. Kurdish newspapers and magazines sought a lot to publish part of this legacy in their pages, and accordingly they were able to convert it from an oral from to a written from and collect it. Therefore , this topic brought attention and became an important subject for research, analysis and the kurdish language dictionary .this research seeks to remember the writers who were interested in heritage topic and published them in newspapers and magazines.

**Keywords:** *Important of Folklore, Kurdish Ioumalism, Stories, Proverbs.*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

# ڕەنگڤەدانا ئەفسانێ د هۆزانێن جزیریدا

م. هـ . وحید نعمت رمضان

پشکا زمانێ کوردی- فەکۆلتییا زانستێن مرۆڤایەتی-زانکۆیا زاخۆ- هەرێما کوردستانێ/ عێراق.

**پوختە:**

بابەتێ (ڕەنگڤەدانا ئەفسانێ د ناڤ هۆزانێن مەلایێ جزیریدا) ئێک ژ بابەتێن ڤەکۆلینە ل سەر دیوانا مەلایێ جزیری و زانینا ئالیێ ئەفسانەییە د ناڤ دیوانا ناڤبریدا، جزیری ئەڤ بابەت ب ڕەنگەکێ باش د ناڤ هەلبەستا خودا بکارئینایە، ئەو ژی دابەشی سەر کەساتی، کەل و پەل، جە، بالندە و بوونا نەتەوەیی وەکو پێکهێنێن ئاڤاکرنا چەند ئەفسانێن جودا جودا بکارئینناینە، بەلێ ئەڤ بکارئینانا مەلای ژی ژ قالبێ وێ یێ ئەفسانەیی بەرەڤ قالبێ عیرفانیڤە چوویە، نەکو وەکی هندەک چیرۆکێن بێ بنەما و دویر ژ واقعیەت و ڕاستیێ.

پرسا جهێ گرنگی پێدانێ د ناڤا ڤێ ڤەکۆلینێدا، ئەو ژی: ئایا مەلایێ جزیری ل چ ئاستی مفا ژ ئەفسانێ دیتیە؟ ڤەکۆلین ل سەر بنەمایێ وەسفی – شرۆڤەکاری هاتییە ئەنجامدان و تێدا پشتبەستن ل سەر چەند دێر ژ هەلبەستێن مەلایێ جزیری هاتییەکرن، ل دوماهیێ ژی کۆمەکا ئەنجامان هاتینە دیارکرن.

**پەیڤێن سەرەکی:** *ئەفسانە، ئەفسانە و ئایین، ئەفسانە و مێژوو، ئەفسانە و ئەدەبیات، مەلایێ جزیری،*

**پێشەکی:**

ئەفسانە ئێک ژ بابەتێن گرنگە، وەکو دەستپێکەکا هزرا مرۆڤاهیێ دهێت زانین، ئەو هزرا مرۆڤایە یا ل هەمبەری دیارێن مینا ژیان، مرن، ڕووح، سرۆشت، جیهان، گەردوون...هتد، ب تایبەت د دەما هاتنە پێشا هەر پیشهاتەکا نوی یا د ناڤ ژیارا جڤاکێ دەستپێکیدا، مرۆڤی ب هزر و نەرینا خوە بەرسڤ ل سەر هەر تشتەکێ هاتییە پێشیا وی دایە، ڤێجا ئەڤ هزر بۆ وی سەردەمی گۆنجایی بوویە، بەلێ دبیت پشتی بورینا دەمەکێ ئەو هزر ب ئەفسانە و جهێ وەرنەگرتنێ هاتبیت نیاسین.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەفسانە ژ ڕوویێ زاراڤیڤە ب ڤێ یەکێ دهێت نیاسین کو ژ پەیڤا (Myth,Mythology) هاتییە وەرگرتن و د زمانێ عەرەبیدا پەیڤا (اسطورة) و د زمانێ فارسیدا ژی (اسطوره، افسانه) بکاردهێن و د زمانێ کوردیدا پەیڤا ئەفسانە دهێت بکارهینان. دهێتە گۆتن (ئەفسانە- اسطوره) ژ بنیاتێ خوە یێ یونانی و ژ پەیڤا (Higtoria) ب ڕامانا لێگەریان و ڤەکۆلین، ئاگەهی د داستانێدا، ژ چاووکێ (Historian)ب ڕامانا ڤەکۆلین و شرۆڤەکرن هاتییە (بهار، ١٣٥٢: صفحه بیست و دوم).

ئەفسا د پێناسەیا خوەدا ب ڕەنگێن جودا جودا هاتییە و چەندین نەرینێن جودا ل سەر ئەفسانێ هەنە، د نەرینەکێدا هوسا هاتییە دیارکرن: ((چیرۆکەکا خورافی یان کەڤنارە، ب ڕەنگەکێ گشتی بابەتێ وێ دەربارەی هندەک بوونەوەرێن شیانێن دەرڤەیی چارچووڤێ مرۆڤی و سەیرە، ڕوودانێن وێ ژی ئەم نەشێین ب تەفسیرەکا سرۆشتی ل قەلەم بدەین))(فتحی، ١٩٨٦: ٢٧). ئەفسانە نیشاندانا بابەتەکێیە مرۆڤێن ئاسایی نەشێن ببن خودانێن وێ و ئەو ڕوودانێن د ناڤ وێدا ژی دهێنە باسکرن نابن جهێ وەرگرتن و پەژراندنێ ل دەڤ کەسێن ئاسایی د جڤاکێ مرۆڤاهیێدا، ب گۆتنەکا دی ئەم دشێن بێژین: ئەو بابەتێ ئەفسانە سەرەکانیا خوە ژێ دگرت، ئەو نە دشیانا مرۆڤیدایە، چونکی ئەو کەس دڤێت هندەک شیانێن دەرڤەیی چارچووڤێ مرۆڤان بیت. ئەفسانە دشێن بێژین: چیرۆکەکا ب چێژ و خوەشییە هاتییە دروستکرن، مەرەم ژێ گەهاندنا هزرەکا مەزنترە ژ چارچووڤێ مرۆڤان و د سەر شیانا واندایە. بابەتێ ئەفسانە دئازرینت، پتر خوە د قالبێ دانا کاری یا هەستێن مرۆڤیدایە (انفعال)ە، نەکو د چارچووڤێ عەقلیدا، چونکی ئەفسانە بۆ سەردەمێن کەڤنار ڤەدگەرت، ئەو سەردەمێن تەفسیرا عەقلی هێشتا بۆ گەلەک ژ بوویەران نەهاتبوو دیارکرن، یان ژی نەببوو خاستەکا مرۆڤاهیێ(فتحی، ١٩٨٦: ٢٨). نیاسینا ئەفسانێ ب چیرۆکەکا میتافیزیکی و سەرویا سرۆشتێ مرۆڤی و خەیالییا وێ، بوویە ئەگەرەکا ب هێز بۆ وێ یەکێ زۆر جاران باوەریا خوە ژ دەست بدەت و هەر کەسی باوەری پێ نەمینت، ئەو ژی د ناڤ شارستانیەتێن کەڤناردا پەیدابوویە، د وی دەمیدا باوەرەکا تەمام دایە ئەفسانێ و ب پیرۆز زانییە (ئەسوەد، ٢٠١١: ١٧٧).

ئەفسانە د جوداهییا خوەدا ژ تێگەهێ خورافە (Legend)، ئەوە کو خورافە زێدەتر گرنگیێ ب دیرۆکێ ددەت ژ ئەفسانێ، هەروەسا کێمتر ژ خورافەیەکا ئەخلاقی (Fable) خوە ب بابەتەکێ پەروەردەییڤە دگرت، بەلێ ل گەل ئەڤێ یەکێ ژی هەر سێ تێگەهێن بوری خودان چیرۆکەکا تژی ژ خەیالێ نە، ئەو جۆرێ چیرۆکێ ژی مانا وێ هەتا نها هەر ل سەر بنەمایێ ڤەگێرانەکا شەفەهی بوویە(فتحی، ١٩٨٦: ٢٨). ئارمانجا ئەفسانێ ئەوە خوە ل کۆمەکا بابەتێن جڤاکی بکەت خودان، ئەو بابەتێن مرۆڤ د ڕۆژانەیا خوەدا تێکەلی ل

گەلدا دکر، ئەو ل وێ باوەرێ بوو، دڤێت ئەڤ بابەتێن هە بهینە شرۆڤەکرن، ڤێجا ئەوی ژی ب نەرینا خوە یا سادە و تێگەهشتنا وی دەمێ دەستپێکا مرۆڤاهیێ ژ بۆ ڕوودانێن گرنگێن ژیانێ بوو.

ڕەنگڤەدانا ئەڤی بابەتێ د ناڤ ئەدەبیاتێ ب گشتی و هۆزانێ ب تایبەتیدا نە تشتەکێ نوی و دەستکەڤتەکێ سەردەمە، بەلکو ب ڤی بەلگێ ئەم دبێژین: ئەفسانە، چیرۆکا ژیارا سەردەمێ کەڤنارە و هزرا وانایە ل هەمبەری ژیان و مرنێ و گەردوونی...هتد، هوسا ئەم دشێن بێژین: ئەدەبیات ژ ئەڤێ هزرێ ناهێت خالیکرن، هەر ژ هۆزانا فۆلکلۆری بگرە هەتا ئەڤی سەردەمی ژی، هەبوونا وێ ژی د ناڤ ئەدەبیاتا کلاسیکا کوردیدا جهەکێ ب هێز هەیە، ئەڤ بابەت ب ڕەنگەکێ بەرفرەه ژ لایێ مەلایێ جزیریڤە هاتییە باسکرن، چەندین بابەتین ئەفسانەییێن سەرویا شیانێن مرۆڤی د ناڤ هۆزانێن خوەدا بکارئینایینە. ئەڤ یەک ل مەلایی جزیری ب تنێ ڕانەوەستایە، بەلکو هۆزانڤانێن مینا: (ئەحمەدێ خانی، مەلایێ باتەیی، نالی، مەحوی...هتد) هاتینە بکارهینان، پتریا ئەڤ هزرێن ئەفسانەیی، وەکی کا چەوا بەشەکێ نەکێم ژ ڕۆخسار و ناڤەرۆکا هەلبەستا خوە ژ ئەدەبیاتا دەولەتێن جیران وەرگرتییە، وەسان ئەفسانە ژی، وەکو بەشەک ژ پێکهاتا ناڤەرۆکا هۆزانی ئینایە د ناڤا بەرهەمێن خوەدا.

مەلا ئەحمەدێ جزیری (٩٧٥-١٠٤١م)، ئەڤێ ژ کەسانێن دەستپێکا کاروانێ هەلبەستا کلاسیکا کوردی و ب پیشەنگەکێ ب هێز بۆ مەلا و چاڤلێکەرێن پشتی خوە دهێت، کۆمەکا هزرێن ئەفسانەی د ناڤا هەلبەستێن خوەدا ئازراندنە، بەرهەمێ خوە ل سەر وان هزران ئاڤاکرینە، ژ وان چیرۆک و هزرێن ئەفسانەیی ژی: (چیایێ قافێ، بالندێ سیمۆرغ، جام جەم، ئاڤا ژیانێ، حەزرەتێ خدر...هتد)، مەرەما ئەڤێ ڤەکۆلینێ ژی (ڕەنگڤەدانا ئەفسانێ د ناڤ هۆزانێن جزیری)دا، دیارکرنا ئەڤێ گۆتنێ یە ب ڕەنگەکێ زانستی و دیارکرنا بەلگایە ژ دیوانا هۆزانێن هەلبەستڤانی، هەروەسا ل گەل وێ یەکێ ئەگەرێن هاتنا ڤان ئەفسانان بۆ ناڤ ئەدەبیاتا کوردی و دیارکرنا خالێن نوی و ئەفسانێن نوییە د ناڤ هۆزانێدا.

ڕەنگە تا نها بەشەک ژ ڤەکۆلەران ب ڕوویێ سەرڤە ئاماژە ب ڤی بابەتی د هۆزانێن چەند هۆزانڤانەکاندا کربیت، لێ ئەگەرا سەرەکی یا هەلبژاردنا ئەڤێ ئەو یەکبوو: تا نها ب ڕەنگەکێ تێر و تەسەل و د بابەتەکێ ئەکادیمیدا باس ل بابەتێ ئەفسانێ د هۆزانێن مەلایدا نەهاتییەکرن، ئەڤ ڤەکۆلین ب شێوەیەکێ وەسفی – شرۆڤەکاری دێ خوە ل ئەڤی بابەتی کەت خودان و نموونین خوە ژ دیوانا مەلایێ جزیری وەرگرت، پاشان ئەوان نموونان ل دۆر ئالیێ ئەفسانەیی شرۆڤەکەت، چونکی گریمانە دهێتەکرن بکارئینانا ڤان ئەفسانێن جیهانی و ڕۆژهەلاتا کەڤنار بۆ مەرەما عیرفانی بکارئینابن.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

### ١- گرنگی و پەیوەندیا ئەفسانێ:

ئەفسانە وەکو پێکهاتەکا هزری یا جڤاکێ دەستپێکی –ئەگەر دروست بیت بێژین- جهێ خوە د ناڤ خەیالا مرۆڤیدا کرییە، ئەرکێن وێ ژی جودانە، هندەک ژ ڤەکۆلەران ئەرکێن وێ ب سەر دوو ئالیاندا دابەش دکەن، ئێک: بەرسڤدانا پرسیارێن مرۆڤی، بۆ نموونە: کێ جیهان دروستکرییە؟ ئێکەم مرۆڤ کی بوو؟ گیانێن مرۆڤان پشتی مرنێ بۆ کیڤە دچن؟ ئەرکێ وێ یێ دوویێ ژی: ئینان و گرتنا هیجەتێن مرۆڤییە بۆ سیستەمێ جڤاکی و بەرقەراربوونا ئەوان نەریت و تەقلیدێن بەربەلاڤێن د ناڤ جڤاکیدایە (عەباس، ٢٠٢١: ٦). جودا ژ ئەڤێ نەرینێ، ڤەکۆلەرێ ئالیێ میتۆلۆژیایێ (جزێف کامبل) چار ئەرکێن دی بۆ ئەفسانێ دیاردکەت، ئەو ژی: (ئێک: تێگەهشتن ژ جیهانا مرۆڤی کو چەند جهێ حێبەتیێ یە، هەروەسا تاقیکرنا حورمەتێ ل هەمبەری ئەوان نهێنیان، دوو: بوارێ گەردووناسییە، شێوازێ گەردوونی پێشچاڤدکەت، سێ: ئەرکێ سۆسیۆلۆژی، بریتیە ژ سیستەمەکێ جڤاکیێ دیارکری و گرنگیدان ب وی جڤاکی، ئەرکێ چارێ: ئەرکێ پەروەردەیی، ئەڤە ژی رۆلەکە ئەفسانە پێ ڕادبت و جڤاکان ل سەر هندەک هزرا فێردکەت) (عەباس، ٢٠٢١: ٦). ل دویڤ ئەڤێ تیگەهـا کامبلی بۆ ئەرکێن ئەفسانێ، ئەم دشێین وەسا خۆیا بکەین، دوو ژ ڤان ئەرکان ڕۆلێ خوە د هزرا کەسیدا دبینن و دوویێن دی ژی دەرڤەیی چارچووڤێ عەقلێ مرۆڤینە، ب گۆتنەکا دی، دوو ئەرکێن ئێکێ (تێگەهشتن ژ جیهانێ، بوارێ گەردووناسی) دیتن و سیستەمێ هزر و نەرینا مرۆڤییە ل هەمبەری ڤان هەردوو هزرێن ژێ گۆتی، ئانکو دانا کارا عەقل و هەستێن مرۆڤییە ل هەمبەری ڤان ڕوودانان، دوو ئەرکێن دوماهیێ ژی (سۆسیۆلۆژی، پەروەردەیی) ئەڤ هەردوو ئەرکێن ژێگۆتی دەرڤەیی کەسوکینە و دچن چارچووڤێ جڤاکی و ژ سنۆرێ تاکی دەردکەڤن، لێ خالا سەرنجڕاکێش ل ڤێرێ ئەڤەیە– ئەگەر ئەفسانە ب خورافە و دویرە زانست بیت-، بەلێ د دەمەکێدا هەر چار ئەرکێن وی د ئاستێ عەقلیدا دگەرن و مەرەم ژێ ئاڤاکرنا هزرا کەسی و جڤاکییە.

ل بارا گرنگییا ئەفسانێ، ڤەکۆلەر ل وێ باوەرێنە، مرۆڤێ سەردەم ژ هەر ئالیەکێ ژیانێڤە بڤێت ڤەکۆلینەکا زانستی ئەنجامبدەت، دڤێت هەر زوی دەستێ خوە بۆ ئالیێ ئەفسانەیی ببەت و بزانت مرۆڤان د ڕۆژگارێن خوە یێن کەڤندا چەوا هزر ل وی ئالی کرییە (حەسەن، ٢٠٢٠: ١٥).

ل دویڤ ناڤەرۆکێ د جیهانا سەردەمدا چەندین دابەشکرن بۆ ئەفسانێ ژ لایێ ڤەکۆلەرانڤە هاتینەکرن، ژ وان بسپۆرێ هۆنەرێ داستانێ (جمال میرصادقی١٩٣٣- ):(ئەفسانا نمایشگەری Fable، ئەفسانا پەریان Fairyn Tale ، ئەفسانا پەهلەوانی Heroes Tale)( میرصادقی، ١٣٧٧: ٢٤). ئەفسانێن پەریان، ئەو جۆرێ چیرۆکێ یە یێن دەربارەی پەریان، ئەجنان، ئەژدەهایان، دێوان، ساحران و بوونەوەرێن دی یێن خەیالی، ڕوودانێن وێ ژی جهێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

حێبەتیێ نە، پتریا جاران بابەتێ وێ دەربارەی خرابیا سێکسی و هندەک جاران ژی دەربارەی دلوڤانی و ڤیانێ یە، ئەڤ جۆرە پتریا جاران د دوماهییا خوەدا خوەشە، ئەفسانا پەهلەوانان؛ بابەتێ ئەڤی جۆرێ ئەفسانێ پێکدادانا د ناڤبەرا پەهلەوانێن ئەفسانەی یان واقعی و دیرۆکییە ل گەل هێزێن شەیتانی و خراپ و کەساتییێن شەرخاز. ئەفسانەیێن نمایشی ژی؛ ئەو جۆرێ ئەفسانێ یە یێن کورت و یێن ڤەهینۆکی چ ب شعر یان پەخشان دەربارەی گیانەوەران، خودان تایبەتمەندیەکا ئەخلاقییە (احمد، ١٣٩٧: ٣٤- ٣٥). جۆرێ ئەفسانا نمایشی، ب رەنگەکێ گشتی خودان دوو تایبەتمەندییە، ئێک: بابەتەکێ پەندئامۆز و عیبرەتییە، دوو: چیرۆکەکە کارێ وێ لەشدارکرنا ڤان جۆرە پەند و ئامۆژگارییایە د لباسەکێ مرۆڤی یان گیانەوەریدا(میرصادقی، ١٣٧٧: ٢٤). ب رەنگەکێ گشتی ئەفسانێ دەمەکێ نەدیار د بوریدا هەیە، پترین دەمان، ئەم دشێین دیارکەین ئەو ژ ئەگەرا ڤەگێرانا هندەک چیرۆکێن ئەفسانەی یێن سەردەمێن کەڤنار هاتییە، ژ سەدەمێن گۆهۆرینێن ماددی و مەعنەوی د جڤاکیدا، ل گەل دەرکەڤتنا سەردەمێ دینی، نەخشێ خوە یێ پیرۆز ژ دەستدایە و ب رەنگێ ڤەگێرانێن نەپیرۆز د ناڤ جڤاکیدا رۆلێ خوە گێرایە (احمد، ١٣٩٧: ٣٤). د گۆتنەکا دیدا ئەم دشێین بێژین: ئەفسانە ئەو جۆرێ چیرۆکێ یە یێ ب رەنگێ نەواقعی و دەرکەڤتی ژ شیانا مرۆڤان، هەروەسا کارێن وان ژی عەقلێ مرۆڤی ب راوەستایی دهێلن.

**٣-١- ئەفسانە و دین:**

ئەگەر ئەم ئەفسانێ ب وێ یەکێ بدەین نیاسین، هزرا مرۆڤێ دەستپێکییە ل هەمبەری بوویەرێن رۆژانە وی د ژیانا خوەدا ددیتن، یان هەستپێدکر، هەروەسا ئەو هزرێن خەیالی نە، یێن ژ چارچووڤێ شیانا مرۆڤان دەرکەڤتی، گەلەک جاران رووداونەکا تێدایە ب چ قیاسێن عەقلی ناهێتە پیڤان، ئانکو ژ دەرڤەیی چارچووڤێ میتافیزیکێ یە، وی دەمی دێ ئەفسانێ جۆرە پەیوەندییەک ل گەل ئایینی هەبیت، بەلێ ئەڤ پەیوەندییە ژ هەمی روویەکێڤە نابیت، بەلکو پەیوەندییا وێ ژ روویێ هەبوونا هێزا میتافیزیکییە، چونکی رەنگە هندەک بابەت د ناڤا دینی ژی دا دەردکەڤن و بابەتێن سەرەکینە، ئەو ژی دبیت ب قیاسێن عەقلێ مرۆڤی نەهێنە پیڤان، یان ژی هەمی سەردەمەکێ مرۆڤ ب عەقلێ خوە نەشێت بگەهت وی پیڤەری، هوسا دێ هەردوو تێگەهێن ئەفسانە و دین چنە د ئێک قالبدا.

ئیمان، ژ وی روویڤە د قالبێ خوەدا وەکی ئەفسانەیەکێیە و سەرەکانییا خوە ژ دینی وەردگرت، لەورا پتریا دینداران ل جیهانێ د خەیالا خوە یا دینیدا پەهلەوانسازیێ دکەن، ئەو پەهلەوانێ وان د ناڤ جڤاکێ مرۆڤیدا ژ دوژمنکارییێن وی و شەرێ وی ل گەل خەلکێن نەیار، وەکی جۆرە خودایەکێ لێ دهێت، یان نزیکی ڤێ هزرێ دبیت (فاطمی،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

١٣٤٧: مقدمه هفت). بۆ نموونه ئەگەر ئەم بەرێ خوەدانێ ل دینێ (مەسیحی)بکەین، ڕەنگە کەساتیا حەزرەتێ مەسیح ل دەڤ کۆمەکا پیرەوکارێن وی دینی چوویە د قالبێ خودێ دا، هەروەسا کەساتییا ئیمام (حوسین) ل دەڤ کۆمەکا کەسان چوویە د قالبەکێ هند مەزن دا، هەتا گەلەک جاران ئەو چیرۆکێن ل سەر وی دهێنە ڤەگێران خوە د قالبێ تمامێ ئەفسانەیدا دبینن. دینێن دی ژی ژ ئەڤان جۆرێن هزران ناهێن جوداکرن.

هزرا دینی ژی وەکی ئەفسانێ خوە د قالبەکێدا دبینت، ئەو قالبێ مرۆڤ هەست ب (چنەبوون)ێ دکەت، چونکی د هزرا دینیدا ب تنێ مرۆڤ خوە د بازنەیەکا (هیچ بوون)ەکا ڕەهادا دبینت، مرۆڤ هەستپێدکەت (ژ بلی وێ یەکێ ئافریدەیە، چ دی نینە)(الیاده، ١٣٨٦: ١٢٠). ب ڤێ جۆرێ هزرکرنێ ریشەیەکێ خوە یێ ئەفسانەی وەردگرت، بەردەوام ل هزرا وێ یەکێ یە هێزەکا میتافیزیکی وی دلڤینیت و کاریگەریی ل سەر دکەت.

ئەرێ ب ڕاستی ئەفسانە چیە؟ ل سەدێ نوزدەڤە ئەڤ پێناسە د ناڤ خەلکێدا بەربەلاڤبوویە: (هەر تشتەکێ دژی واقعی بیت، دبێژنێ ئەفسانە... ئەنترۆپۆلۆژیێن مەسیحی هاتن و پشتی ڤی دەمی ڕەخنە ل ڤێ نەرینێ گرتن، ئەو ل وێ باوەرێبوون ئەفسانە ئاشکەراکریا حەقیقەتا ڕەهایە، چونکی دیرۆکا پیرۆز دووبارە دکەت، ئانکو ئیلهامی و میتامرۆڤی د دەرکەڤتنا زەمانێ مەزندا (Great Time)، د دەمێ دەستپێکی یێ پیرۆزدا ( In Illo Tempore)، روودایە. هوسا دهێتە گۆتن: ئەفسانە واقعیەتەکا پیرۆزە و هەر ژ ڤی ئەگەری دبیتە سەرمەشقەکا مرۆڤی و د ئەنجامدا دووبارەدبیت) (الیاده، ١٣٨٦: ٢٣). هەر ژ ڤی ئەگەرییە ڤەکۆلەرێ بەرنیاسێ ئالیێ ئەفسانەناسیێ یێ ئیتالی (میرچا ئیلیاد)ی ژی ئەڤێ یەکێ ب پەسەند دبینت و ئەو دیاردکەت، ئەفسانە دیرۆکەکا ڕاستییە، د دەمێن دەستپێکیدا ڕوودایە و یاسایا ڕەفتارا ژیانا مرۆڤێ دەستپێکی نیشان ددەت. مرۆڤێ جڤاکێ کەڤنار ب چاڤلێکرنا کریارێن سەرمەشق یێن خودایان یان پەهلەوانێن ئەفسانەیی یان ژی ب تنێ بڤەگێرانا چیرۆکێن وان، خوە ژ دەمێ ژ ناڤبچیت (زمان فانی) دویرکرییە، ب ڕەنگەکێ سیحرئامێزی خوە دگەهینت ناڤا سنۆرێن دەمێ مەزن، دەمێ پیرۆز (زمان مقدس) دا (الیاده، ١٣٨٦: ٢٤).

ئەگەر ئەفسانە د سادەترین پێناسا خوەدا ب ڕامانا سەرهاتی یان داستانەکە یا تایبەتە ب خوداوەند و خودایێ جۆران و بوونەوەرێن ئیلاهیڤە، ب ڤی ڕەنگی تێگەهێ وێ تایبەت ب سەردەمێن کەڤنێن کلتۆرێ جیهانیڤە (ستاری، ١٣٧٤: ١٠١). ئەگەر ئەڤە بیت پێناسا سادە یا ئەفسانێ، ئەڤ یەک بەلگەیە ل سەر وێ چەندێ پەیوەندیەکا کویر د ناڤبەرا ئەفسانە و دینیدا هەیە، ڕەنگە ئەڤ یەک وەکی دوو تێگەهێن د ناڤ ئێکدا چووی بهێن ل قەلەمدان. دهێتە گۆتن ئەفسانە داستانا سەردەمێن کەڤنارە، بەلێ دڤێت ئەڤێ یەکێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ژ بیرنەکەین، ئەو ب تنێ داستانەک بۆ ڤەگێرانێ نینە، بەلکو داستانەکە بەشەک ژ تایبەتمەندییێن جڤاکێن پێشین د ناڤ خوەدا هەلگرتینە و ئەفسانە ب وانڤە هاتییە گرێدان.

### ٣-٢- ئەفسانە و مێژوو:

هەر مللەتەکێ دیرۆکا تایبەتا خوە هەیە، ئەڤجا هندی مللەت کەڤنتر بیت، دیرۆکا وی ب هێزتر بیت، ب تایبەت چارچووڤێ چ هۆزان چ ژی جۆرێن دی یێن ئەدەبیاتێ، ژ بەرکو نڤێسین د سەردەمێن کەڤناردا نەبوویە، تاکە رێکا ڤەگێرانا ڤێ دیرۆکێ ژی هەر ب رێکا ئەدەبیاتێ بوویە، هوسا ڤەگوهاستنا چیرۆکان ژ کەسەکێ بۆ ئێکێ دی و وێ دیرۆکا هەی، ئەڤ یەک دبیت ئەگەر چەندین جاران کێم و زێدەهی بۆ بهێن کرن، هەتا گەلەک جاران ئەو دیرۆک رویەکێ ئەفسانەی ب خوەڤە دگرت و پەهلەوانێن مللەتی دبن کەسانێن ئەفسانەی.

ئەفسانە د بەرگەکێ ئەدەبیدا هاتییە نڤێسین، لێ دڤێت ئەم ڤێ یەکێ ژ بیرنەکەین، ئەو دیرۆکا مللەتێن پێشینە، ژ ناڤ جڤاکی هاتینە هەبوونێ، جۆرە دیرۆکەک بۆ مللەتی خوە تومارکرییە، بەلێ دڤێت بزانین، ئەو روودانێن ئەفسانێ ڤەگێرایی نەهەمی روودانێن سادەنە، بەلکو ئەو روودانێن دیرۆکەکا پیرۆزن ژ مللەتێن بوری، هەروەکی دیرۆکنڤێس (هیرودۆت ٤٨٤-٤٢٥ب.ز) دبێژت: ئەفسانە ژ دەرئەنجاما گوهۆرین و روودانێن چارەنڤێسسازێن مەزن گەشەدکەت (عەباس، ٢٠٢١: ٢٨).

زانایێ سوێسری و دامەزرێنەرێ دەروونناسییا شرۆڤەکاری (کارل گۆستاڤ یۆنگ ١٨٧٥-١٩٦١ز) ل وێ باوەرێ یە، ئەفسانە دیرۆکا هۆزایە... هەروەسا ئەفسانە پێکهاتەکا دوو ئالییا د ناڤبەرا دیرۆک و نەدیرۆکییدا (پێکڤە)یە (حەسەن، ٢٠٢٠: ١٩٦). نە ب تنێ یۆنگی ئەڤ هزر پەسەند کرییە، بەلکو چەندین زانایێن جیهانی هەمان هزر پەسەندکرییە، ژ وان ژی (تەیلۆر ئەستیۆنسن).

ژ رویێ دیرۆکیڤە، ئەفسانە دبت بەشەک ژ سەردەمێن کەڤنار، هوسا تێکەلیا وێ ب دیرۆکێڤە پەیدادبت، لەورا دهێتە گۆتن: ئەفسانە بەحسا سەردەمێن هەری کەڤنار یێن دەستپێکا مرۆڤاهیێ دکەت، ئەو سەردەمێ خوداوەندا، گەردوون و مرۆڤ و بوونەوەرێن دی و ئافراندین، لەورا مرۆڤێ کەڤن ژی ڤیایە ب رێکا گرنگیدان ب وێ پیرۆزیێ و تەمامکرن و بەردەوامبوونا دیرۆکا خوداوەندا، دیرۆکا خوە دروست بکەت (عەباس، ٢٠٢١: ٢٩). قوتابخانا دیرۆکی، ئەڤ قوتابخانە ب گرنگی بەرێ خوەدانێ بۆ ئەفسانێ دکەت، هەروەسا گرنگیێ ب دیرۆکێ ژی ددەت، ئەو ل وێ باوەرێنە ئەفسانە قۆناغەکا پێش مێژوویە، ئەو ل وێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

باوەرێنە: ئەو ڕوودانێن د ئەفسانێدا دهێن د بنەرەتدا ژ واقعەکێ مرۆڤاتیێ هاتینە، نوکە د شێوازەکێ ئەفسانەیدا بۆ مە ماینە. بەلێ ئەو ڕەخنا دهێتە ئاراستەکرن بۆ ڤێ قوتابخانێ ئەو ژی، ئەو نەشێن چ سنۆرەکێ دیارکری د ناڤبەرا ئەفسانێ و دیرۆکێدا دیاربکەن، هەتا ب وی سنۆری هەردوو ئالی ژ هەڤ بهێنە جوداکرن، ژ ڤێ گۆتنێ ئەڤ پرس سەرهلددەت: ئەرێ ئەفسانە ل کیڤە ب دوماهی دهێت؟ مێژوو ل کیڤە دەستپێدکەت؟د ناڤ وی زانستێ دیرۆکێدا یێ سەردەم چ بەلگەیەکێ ئیکلاکەر د ناڤبەرا واندا نینە، ب تنی ڤەگێرانان ڕوودانێن شەفەویە و بانگەشا وێ یەکێ ژی دهێتەکرن هەر ئەو ب خوە ژی دیرۆکە (استراوس، ١٣٨٠: ٤٢).

**٣-٣- ئەفسانە و ئەدەبیاتا کوردی:**

تاکە ڕێکا ڤەگێرانا ئەفسانان ژ بەری سەردەمێ نڤێسینێ، ئەو ژی بەرهەمێن ئەدەبێ سەرزاری بوویە، ئەڤجا چ چیرۆکەکا خەیالی بیت یان ژی هۆزان یان هەر جۆرەکێ دی یێ هەبیت، کەواتە ئەدەبیات دبیتە ماکا زیندووبوون و مانەڤەیا بەردەواما ئەفسانێ.
ئەفسانە ب ڕەنگەکێ گشتی – د ناڤ ئەزموونا کەسیدا- خوە د ناڤ خەونێن وی بۆ بوریێ وی، بۆ فیردەوسا بەرزەکری د ناڤ جەژنێن گەلی و ئاهەنگێن فۆلکلۆریدا دەردکەڤن، هوسا جهێ خوە د ناڤ بێ ئاگەهیا مرۆڤێ نویدا ژی گرتییە (مبروک، د.س: ٦٧). هوسا دیاردبیت ئەدەبیاتا فۆلکلۆری دبنت بنەکۆکا ژ دایکبوونا ئەفسانێ و ملەتان ئەو د ناڤ سینگێ خوەدا هلگرتییە، هەتا ل ڤێ دوماهیێ گەهاندیە چەرخێ نڤێسینێ. ئەگەر ئەم بەرێخوەدانێ بۆ ئەفسانێ بکەین، دێ بینین (ڤیکتۆر شکلۆڤسکی) نە ب تنێ ئەفسانی ب هۆزان ددەت زانین، بەلکو ل دەڤ وی ئەفسانە شێوێ ئێکێ یێ هۆزانێ یە (حەسەن، ٢٠٢٠: ٦٠). هەردیسان لێکۆلەرێ ئەلمانی (ئولاند) ل بارا دروست تێگەهشتنا ئەفسانێ، ئەو ل وێ باوەرێ یە، هەر شاعێرن ژ ڕاستی دشێن د ئەفسانێ بگەهن (حەسەن، ٢٠٢٠: ٦٠).

